بیرەوەری



# ڕۆژگارم ئاوا تێپەڕی

فەرهاد عەونی

فەرهاد عەونی

# ڕۆژگارم ئاوا تێپەڕی

بەرگی دووەم

چاپی یەکەم
٢٠١٦

- **ناوی کتێب**: ڕۆژگارم ئاوا تێپەڕی-بەرگی دووەم
- **نووسەر**: فەرهاد عەونی
- **نەخشەسازیی بەرگ و ناوەڕۆك**: عمر شهاب
- **چاپی یەکەم** ٢٠١٦
- **تیراژ**: ١٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان**
**ژمارەی سپاردنی (٥١٥)ی ساڵی (٢٠١٦)ی پێدراوە**

**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**

لە قۆناغی دوای هاتنەوەمان بۆ هەولێر لە پاش ٣١ی ئابی ١٩٩٩٦ ماوەیەکی باش سەرقاڵی دامەزراندنەوە و رێکخستنەوەی بارەگای دەزگای رۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات بووین لە هەموو بارێکەوە کە بریتی بوو لە نۆژەنکردنەوەی بارەگای پێشوو و کۆکردنەوەی رۆژنامەنووسان و رێکخستنەوەی بەشەکان کە ماوەیەکی باش پێویست بوو تا بێینەوە سەر هێڵ و ئیش و کارەکان بەئاسایی بەڕێوە بچێت، دەمێکیش بوو هەر لە ساڵی ١٩٩٤ بیر لە دامەزراندنی رێکخراوێك بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکرایەوە، بەڵام بارودۆخی شەڕی برایان و دەرهاویشتەکانی ئەم شەڕە رێگربوون، بەڵام دیسان پاش دامرکانەوەی کڵوکۆی ئاگرەکە جارێکی دیکە ئەم بابەتە هاتەوە بەر باس و خواس.

من هەر لە سەرەتای لاویەتیمەوە خولیای کارکردنم هەبوو لە کاری رێکخراوەیدا، ئەوەبوو پاش گەڕانەوەم لە ماوەت لە ساڵی ١٩٦٤دا کاتێ ئاگربەستی نێوان شۆڕشی ئەیلوول و حکومەتی عبدالسلام عارف لە ١٠ی شوباتی ئەم ساڵەدا هاتە ئاراوە، ئیدی کاتێ لە پایزی ساڵی ١٩٦٤ چومە قۆناغی ئامادەیی لە قوتابخانەی سانەوی کۆیەی کوڕان کە تێیدا سەرەڕای رێکخستنەوەم لە یەکێ لە شانەکانی پارتی لە کۆیە کە ساڵی پێشوتریش لە ماوەت لە شانەیەکی رێکخستنی پارتی دادگای بەرزی شۆڕش رێکخرابوم کە لە هەمان کاتدا لەم قۆناغە زیاتر ئارەزووی ئیش کردنم هەبوو لە رێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، بەڵام ئەوەی جێگای داخە لەم سەروبەندەدا لەتبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان روویدا کە بەندە بە تەواوی قەناعەتەوە خۆم لەو بەرەیەدا دیتەوە کە بارزانی نەمر سەرکردایەتی دەکرد، پاش ئەو دوو ساڵەش لە قۆناغی زانکۆشدا ١٩٦٦ – ١٩٧٠ هەر لە ئەندامی شانە تاکو ئەندامیەتی مەکتەبی رێکخستنی ناوەندی یەکێتی کوردستان هەڵکشام و لە کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی قوتابیانی کوردستانیش کە لە ناوەڕاستی مانگی

تەموزی ساڵی ١٩٧٠ لە ناوپردان بەسترا بە سکرتێری گشتی ئەم رێکخراوە دەستنیشان کرام تاکو کۆتایی کۆنگرەی حەفتەم کە لە ١٩٧٢/٥/٢ کۆتایی بە کارەکانی هێنا و منیش خۆم هەڵنەبژاردەوە سەرەڕای داخوازییەکی زۆر.

لە نێوانی ساڵی ١٩٧٢ – ١٩٧٤ بۆ دوو جار بە ئەندامی لیژنەی باڵا کۆمەڵەی ئابوریناسانی عێراق – سەنتەری گشتی (جمعية الاقتصاديين العراقيين – المركز العام) وەکو نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرام، لەکاتی رۆژانی شەڕی داسەپاوی حکومەتی بەعسیش لە ئازاری ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥ بە هۆی دروست بوونی بۆشایی لە مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان خوالێخۆشبوو دارای شێخ نوری و بەندە بۆ ئەندامیەتی مەکتەبی سکرتاریەتی ئەو رێکخراوە تەکلیف کراین بەو ئیعتیبارەی بەندە و خوالێخۆشبوو کاکە دارا بەڕێوەبەری گشتی لاوان و جێگری بەڕێوەبەری گشتی لە ئەمانەتی گشتی راگەیاندن و رۆشنبیری و لاواندا بووین، پاش راپەڕینیش هەر لە سەرەتاوە بەهۆی پاشخانی سیاسی و رێکخراوەییم هەر زوو خزامە ناو رێکخراوی مافی مرۆڤ لە کۆیە و لە کۆنگرەی سێیەمدا لە ساڵی ١٩٩٣ هەڵبژێردرام بۆ دەستەی سەرۆکایەتی لەگەڵ بەڕێزان جمال عەبدول و د. دارا جاف سەرەڕای ئەندامی دەستەی کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد و عەرەب، بەڵام لە راستیدا پاش ئەزموونی یەکێتی قوتابیانی کوردستان سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە دووەم رێکخراوی کاریگەری و خاوەن جێگە و پێگەی پڕ لەمانای دەزانم بەهۆی ئەو کار و چالاکی و بەرهەم چلۆنایەتی و چەندایەتیەی کە پێشکەشی رۆژنامەنووسانی کوردستانی کردووە کە مەبەستمە لێرەدا مافی خۆی بدەمێ. لێرەدا کە دەڵێم یەکێتی قوتابیانی کوردستان و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان زیاتر لە هەموو ئەو رێکخراو و نیمچە رێکخراوانەی کە لە ژیانمدا کارم تێدا کردووە زیاتر بەلای ئەو دوانەدا دەگەڕێم، چونکە هەر لەسەرەتاوە تێیدا شانم داوەتە بەری، لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسم لە چۆنیەتی و رۆژانی یەکێتی قوتابیانی

کوردستان کردووە کە تێیدا لە کۆنگرەی حەوتەم کە لە کۆتایی مانگی (٤)ی ساڵی ١٩٧٢ تاکو ١٩٧٢/٥/٢ لە سلێمانی بەسترا خواحافیزیم لێ کرد و تاکو رۆژانی ئەمڕۆ سۆزی تایبەتیم بۆی هەیە و هەر لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە لە مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە تەکلیف کرام بە ئامادەکردنی دیراسەتێك لە سەر رێکخراوە جەماوەرییەکان لە رۆژانی دامەزراندنیانەوە تاکو ساڵی ١٩٩١، ئەوەبوو دیراسەتەکەم ئامادەکرد و چاپ کرا، بەڵام دابەشکردنەکەی مەحدود بوو بۆیە جارێکی دیکە لە ساڵی ٢٠١٥ چاپی دووەم لێ بڵاوکردەوە لەگەڵ زیاد و پوختەکردنی.

وەکو ئیشارەتم پێداوە، دەمێك بوو لە هەندێ رۆژنامەکانی کوردستان و ئەم مەسەلەیە دەوروژا کە لە بەرژەوەندی رۆژنامەنووسانی کوردستاندایە رێکخراوێکی تایبەتییان هەبێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لەبەر هۆکاری دوو ئیدارەیی بیرۆکەکە زۆر باسی لێ نەدەکرا تاکو ئەو رۆژەی کە رۆژنامەی "دەنگی میللەت" کە د. کەمال غەمبار سەرپەرشتی دەکرد بانگەوازێکی لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٧ بڵاوکردەوە کە تێیدا داوای دامەزراندنی سەندیکایەکی تایبەت بە رۆژنامەنووسان دەکات، رۆژی ١٩٩٧/١/١٧ کۆبونەوەیەکی فراوان لە بارەگای هەفتەنامەی دەنگی میللەت ئەنجام درا کە تێیدا ٣٦ رۆژنامەنووس ئامادەبووین، لە ئاکامی کۆبوونەوەی یەکەم پاش گفتوگۆیەکی تێروتەسەل و را گۆڕینەوە لیژنەیەکی کاتی ئەرکی ئەنجامدانی کۆبونەوەیەکی فراوانتری خستە ئەستۆی خۆی و بەمەبەستی ئامادەبوونی نوێنەری هەموو ئەو رۆژنامە و گۆڤارانەی کە لە وکاتە لە هەرێمی کوردستان دەردەچوون و مۆڵەتی رەسمییان هەبوو، چونکە بەپێی یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣ کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە تا رادەیەکی باش کاری رۆژنامەنووسی رێکخستبوو.

کۆبونەوە فراوانەکە لە ١٩٩٧/١/١٩ ئەنجام درا لە بارەگای دەزگای گوڵان کە داوا لە نوێنەری سەرجەم ئەو رۆژنامە و گۆڤارانە بە داوەتی رەسمی بانگهێشت

کرابوون و ڕۆژی ١٩٩٧/٢/١٤ دەستنیشان کرا بەمەبەستی ئەنجامدانی کۆبونەوە فراوانەکە، زۆرم مەبەست بوو کە ڕۆژنامەنووسانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش ئاگادار بکەین بەمەبەستی بەشداریکردن لە دامەزراندنی سەندیکا، کاتێ ڕۆژی ١٩٩٧/٢/١٤ کۆبوونەوە فراوانەکە ئەنجام درا کە تێیدا سەرجەم نوێنەری ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی کە بە نوسراوی ڕەسمی ئاگادارکرابوون هەموویان ئامادەبوون تەنها برایانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان نەبێت، لە جیاتی هەموویان ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە نامەیەکی بە فاکس لە ڕۆژی ١٩٩٧/١/٢٦ بۆ ناردین کە ئەمە دەقەکەیەتی:

## کام سەندیکای ڕۆژنامەنووسان؟

ڕۆژی ١٩٩٧/١/١٧ بە ئامادەبوونی (٣٦) ڕۆژنامەنووس لە هەولێری پایتەختی کوردستان کۆبونەوەیەك کراوە. دواتریش بانگەوازێك بڵاوکراوەتەوە و (کوردستانی نوێ)شیان دەعوەت کردووە. کە لە کۆبونەوەی فراوانی ڕۆژی ١٤ی شوبات ئامادەبێ بۆ هەڵبژاردنی لیژنەیەکی ئامادەکاری فراوان بۆ دامەزراندنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

سەبارەت بەم کۆبونەوە و بانگەوازە و هەڵوێستی ئێمە دەڵێین: هەر کۆبونەوەیەك لەلایەن ڕۆژنامەنووسان لە هەولێری پایتەختی کوردستان کرابێ بۆ ئەوە بێ کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان دابمەزرێ خۆخزاندنە ناو ئەو سەنگەرەیە کە پیرۆزبایی لە داگیرکردنەوەی هەولێر دەکا وئەو سەندیکایەی کە

لەو کەش و هەوایەشدا لەدایك دەبێ هیچ جیاوازییەکی نابێ لەگەڵ هەر سەندیکایەکی تری ڕۆژنامەنووسان کە لە بەغدا دادەمەزرێ.


ئەگەر ئەو سەندیکایە دەیەوێ بە ئازادی لەدایك بێت و چاوی ئەمن و ئیستخبارات و سیخوڕەکانی ڕژێمی لەسەر نەبێ کە ئێستا لە ژێر پەردەی جۆراوجۆر لە هەولێردان دەبێ لە پارچەیەکی ئازادکراوی کوردستان لەدایك بێت، نەك لە ژێر سێبەری زنجیری دەبابەکانی ڕژێم و حیمایەی تۆپ و سەربازەکانیدا.

کۆبونەوەیەك کە (تجاهلی) یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی بکات و بانگەوازێك کە ناوی دەیان گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی بەتایبەتی ئەوانەی لەلایەن دەزگا حزبییەکانی (ی. ن. ك)وە بە شێوەیەکی ڕەسمی دەرچوون پشتگوێ بخا دەبێ چە مصداقیەتێکی هەبێ و چ ڕاستگۆییەك ببەخشن؟ لە کاتێکدا ١٥ بڵاوکراوەی حزبێکی دیکە بڵاوبکاتەوە!!

بۆیە ئێمە نەك هەر بەشداری کۆبونەوەکە ناکەین بەڵکو دروستکردنی هەر سەندیکایەك لە ژێر ئەو پەردەیە بە پڕۆژەیەکی ئامادەکراوی پێشوەختی دەزانین کە ڕێگا لە دروستکردنی یەك سەندیکای هاوبەش بۆ هەموو ڕۆژنامەنوسانی کوردستان دەگرێ.

١٩٩٧/١/٢

**کوردستانی نوێ**



## کام سەندیکای ڕۆژنامە نووسان ؟

ڕۆژی ۹۷/۱/۱۷ بە ئامادە بوونی ٣٦ (ڕۆژنامەنووس) لە هەولێری پایتەختی کوردستان کۆبوونەوەیەک کراوە . دواتریش بانگەوازێک بڵاو کراوەتەوەو دەعوەتی کوردستانی نوێ شیان کردووە ، کە لە کۆبوونەوەی فراوانی ڕۆژی ۱٤/شوبات ئامادەبێ بۆ هەڵبژاردنی لیژنەیەکی ئامادەکاری فراوان بۆ دامەزراندنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان .

سەبارەت بەم کۆبوونەوەو بانگەوازەو هەڵوێستی ئێمە دەڵێین:

هەر کۆبوونەوەیەک لەلایەن ڕۆژنامەنووسان لەهەولێری پایتەختی کوردستان کرابێ و بۆ ئەوە بێ کەسەندیکای ڕۆژنامەنووسان دابمەزرێ ، خۆ خزاندنە ناو ئەو سەنگەرەیە کە پیرۆزبایی لە داگیرکردنەوەی هەولێر دەکاو ئەو سەندیکایەی کەلەو کەش و هەوایەش دا لەدایک دەبێ هیچ جیاوازی یەکی نابێ لەگەڵ هەر سەندیکایەکی تری ڕۆژنامەنووسان کە لە بەغدا دادەمەزرێ .

* ئەگەر ئەو سەندیکایە دەیەوێ بە ئازادی لەدایک بێت و چاوی ئەمن و ئیستخبارات و سیخورەکانی ڕژێمی لە سەر نەبێ کە ئێستا لەژێر پەردەی جۆراو جۆر لە هەولێر دان ، دەبێ لە پارچەیەکی ئازاد کراوی کوردستان لەدایک بێت . نەک لەژێر سێبەری زنجیرەی دەبابەکانی ڕژێم و حیمایەی توپ و سەربازەکانی دا .

* کۆبونەوەیەک کە (تجاهل) یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژنامەی کوردی بکات و بانگەوازێک کە ناوی دەیان گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردی بەتایبەتی ئەوانەی لەلایەن دەزگا حیزبیەکانی ی ن ک ـەوە بە شێوەیەکی ڕەسمی دەردەچوون ـ پشت گوێ بخا دەبێ چ مصداقیەتێکی هەبێ و چ ڕاستگۆییەک ببەخشێ ؟ لەکاتێکدا کەناوی ١٥ بڵاوکراوەی حزبێکی دیکە بڵاوبکاتەوە !!

بۆیە ئێمە نەک هەر بەشداری کۆبوونەوەکە ناکەین، بەڵکو دروست کردنی هەر سەندیکایەک لەژێر ئەو پەردەیە ، بە پرۆژەیەکی ئامادەکراوی پێش وەختی دەزانین کەڕێگا لەدروست کردنی یەک سەندیکای هاوبەش بۆ هەموو ڕۆژنامەنووسان دەگرێ .

ـ کوردستانی نوێ ـ

۱۹۹۷/۱/۲٦

**وەڵامی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ۱۹۹۷/۱/۲٦**

**وەکو وەڵامدانەوەیەک بۆ هەوڵی دامەزراندنی سەندیکایەکی سەرتاسەری لە کوردستان**

# بانگەوازێک بۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

ڕۆژی هەینی ڕێککەوتی ١٩٩٧/١/١٧ کۆبوونەوەیەکی فەرەوان بۆ دامەزراندنی سەندیکاییێک بۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان سازکرا کە ٣٦ ڕۆژنامەنووس بەشدارییان تێدا کرد پاش وتوویژو لێکۆڵینەوەو ڕاگۆڕینەوە، لیژنەیەکی ئامادەکردنی کاتی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانەی پێی سپێردرابوون پێکهات، لەیەکەم کۆبوونەوەیدا ڕۆژی ١٩٩٧/١/١٩ ،لیژنەکە بەپەسندی زانی کە کۆبوونەوەیەکی فرەوانتر ساز بکرێت بۆ ئەوەی نوێنەری هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان کە تا ئێستە لە کوردستان دەردەچن و مۆڵەتی ڕەسمیان هەیە بەشداری لەو کۆبونەوەیەدا بکەن و لەناو خۆیاندا لیژنەیەکی ئامادەکاری فرەوان هەڵبژێرن کە ئەرکی گەلاڵەکردنی بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ئامادەکردنی کۆنگرەی دامەزراندنی پێ بسپێردرێت و بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم کارە بانگی کارمەندانی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی کە لەخوارەوە ناویان هاتووە دەکەین کە بە سەرنووسەر یا باوەڕپێکراوێکی ڕەسمی بەشداری لەو کۆبوونەوەیەدا بکەن.

بۆ ئەوەی کە ئەم هەنگاوە بەڕێکوپێکی مەیسەر بێت، بەپێویست زانرا کە ڕۆژی ١٤/ شوبات /١٩٩٧ لەهۆڵی تەندروستی بەرامبەر سینەمای سەلاحەدین لەهەولێردا سەعات ٩،٣٠ی سەر لەبەیانی ئامادەبن.

## ناوی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان:

الاتحاد
ئاڵای ئازادی
برایەتی
بهرا
بیت النهرین
پاڵە
پەیمان
پێشکەوتن
پەیامی مامۆستا
جەماوەر
دەنگی میللەت
دوارۆژ
دەنگی ئافرەت
دەنگێ
هەرێمی کوردستان
وڵات
وطن الشمس
یەکگرتوو
یاسا پارێزی
یەکسانی

کاروان العربی
کاروان
کوردستانی نوێ
کەلەپوری کورد
گوڵان
گوڵان العربی
گازی
لالش
مەتین
ماف
میدیا
نیشتمان
نجم بین النهرین
ڤەژین
ڕامان
ڕێگای کوردستان
تورکمان ایلی
هەنگ
خەبات

**دەقی بانگەوازی کۆبوونەوە فراوانەکەی دامەزراندنی**

**سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**

**کە ڕۆژی ١٩٩٧/١/١٧ ئاراستەی سەرجەم ڕۆژنامە و گۆڤارەکان کرا**

لەڕاستیدا وەڵامنامەکەی (کوردستانی نویٚ)مان لا سەیر بوو چونکە بەداخەوە ئەوان لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیاوە تەماشای مەسەلەکەیان کردبوو کە لەلای ئێمەی ڕۆژنامەنووسانی ئامادەبووی یەکەم و دووەم و سێیەم و تادوایی کۆبونەوەکان هەرگیزاوهەرگیز حیسابی مەسەلەی حزبیەت و شتی لەم جۆرە نەکراوە و برادەرانی دەستەی دامەزرێنەر کە بە جیاوازی ئینتیمای نەتەوەیی و ئایینی و حزبی پێکهاتبوو رەچاوی بەشدارییپێکردنی سەرجەم نوێنەرانی دەزگاکانی راگەیاندن کرباوو تەنانەت لە بانگەوازەکەش بەپێی (تیپی ئەبجەدی) ناوەکان ریزکرابوون کە تێیدا رۆژنامەی (الاتحاد) کە زمانحاڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو لە ژمارە (١)ی ئەو زنجیرە ناوی تۆمارکرابوو و (کوردستانی نویٚ)ش ژمارە (٢٣)ی وەرگرتووە و رۆژنامەی (خەبات)ی پارتی دیموکراتی کوردستان دواناوە لەم زنجیرەیە.

لەلایەکی دیکەشەوە بانگەوازەکە ئاڕاستەی ئەو رۆژنامە و گۆڤارانە کراون کە لەوکاتەدا دەردەچون و مەبەست لە بانگهێشتکردنەکەش تەنها بۆ راوێژ و گفتوگۆ (تداولی) بوو نەك هەڵبژاردن یاخود شتێکی دیکە کە حیسابی ژمارەی بۆ بکرێت.

لەلایەکی دیکەشەوە برادەرانی دەزگاکانی راگەیاندنی لایەنەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان شاهیدحاڵی راست و دروستی هەوڵەکانی بەدواداچوونی کارەکان بوون کە چۆن هەر هەموومان بەئاڕاستەی دروستکردنی سەندیکایەك بووین کە دوور بێت لە (هەیمەنەی حزبی بە هەموو شێوەیەك، (ئێستاکە کە ئەو لاپەڕانەی بیرەوەرییەکان دەنووسم کە ماوەی (٤) ساڵە سەندیکام بەجێهێشتووە چەندی بیردەکەمەوە دوور و نزیك پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو حزب ئاگاداری قۆناغەکانی دروستکردنی ئەو سەندیکایە نەبووە تەنانەت لە یەکێ لە کۆبونەوەکانی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن کە تێیدا سەرۆك مەسعود بارزانی سەرپەرشتی دەکرد لەو کات و ساتەی کە خەریکی ئامادەکاری دامەزراندنی سەندیکا بووین، بەندە لە دەرەوەی بەرنامەی


کۆبونەوەکە لە سەر مێزی کۆبونەوەکە باسم لە ئامادەکاری سەندیکا کرد کە دەبێتە ماڵی رۆژنامەنووسانی کوردستان، لەوکاتەدا عبدالسلام بەرواری کە لە پاش خوالێخۆشبوو کاك سامی کرا بە لێپرسراوی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن بەپێی میزاجی خۆی هەڵیدایە ناو بابەتەکە و گوتی (ئێستا کەی باوی سەندیکا ماوە؟) بەرامبەر بەو قسەیەی عبدالسلام بەرواری بەڕێز سەرۆکی پارتی کاك مەسعود بارزانی هاتە قسە و گوتی (رووی لە عبدالسلام کرد) تۆ خۆت ماوەیەکی باش ژیانت لە ئەوروپا بەسەربردووە، ئێستاکە دەبینی سەندیکا و ئەو جۆرە رێکخراوانە لە حزبەکان زیاتر رۆڵ دەبینن لە ناو خەڵك) لە ئەوروپا.

مەبەستی من لێرەدا راستکردنەوەی هەڵەیەکە کە زۆر جار لەم و لەولا باس لە حزبیبوونی سەندیکا دەکرا، لێرەدا راستیەك هەیە کە ناشاردرێتەوە کە ئەویش ئەوەیە زۆربەی هەرەزۆری، یاخود تێکڕای ئەو رۆژنامە و گۆڤارانە و ئێزگە و تەلەفزیۆنەکان سەر بە لایەنێکی سیاسی لە گۆڕەپانی کوردستان بوون، رۆژنامەیەك یاخود گۆڤارێك یان ئێستگەیەکی رادیۆیی یاخود تەلەفزیۆنی نەبوو کە سەربەخۆ بێت کە لام وایە تاکو ئێستاکە ئەو کەناڵە یاخود ئەو رۆژنامەیە لەدایك نەبووە، چونکە بە حوکمی کار و پیشەم لەم بوارەدا بەتایبەتیش لە پاش ساڵی ١٩٩٩١ تاکە رۆژنامەیەکم نەدیت سەربەخۆ بێت، ئەوانەی بانگەشەی سەربەخۆبوونیش دەکەن ناتوانن تەنانەت یەك ژمارەش لەسەر حیسابی شەخس دەربکەن، ئەمە راستییەکی حاشا هەڵنەگرە، ئەمە واقیع و حاڵ و بارودۆخی کوردستانە، ئەوجا ئەگەر سەندیکایەك نوێنەری هەموو دەزگاکانی راگەیاندنی کوردستان کۆبکاتەوە بە هەموو جیاوازییە نەتەوەیی، ئاییتی، سیاسی، دەتوانی مۆرکی حزبێکی ناو ئەو هەموو حزبانەی کوردستانی لێ بدا، لەلایەکی دیکەشەوە مەبەست لە دامەزراندنی سەندیکا بەپێی دروشمە سەرەکیەکەی (لەپێناو چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووس و دابین کردنی ماف رۆژنامەنووسان لە کوردستان)، کە بێگومان ئەوە دەگەیەنێ تۆ شەڕێکی شارستانی و ململانێ لەگەڵ دەسەڵات دەکەیت کە ئاشکراشە

دەسەڵاتەکەی کوردستان بە چە پێناسەیەك هاتۆتە گۆڕەپانی دەسەڵات و ناشکریێ لە هەندێ لایەنی نەرێنی بێدەنگ بیت، بەڵام دیسان سەرەڕای ئەو هەڵوێستە نەرێنیەی برایانی کوردستانی نوێ بەڵام لە کۆبونەوەی ١٩٩٩٧/٢/١٤ کە تێیدا لیژنەی ئامادەکار هەڵبژێردرا بڕیار درا کاك یۆنان هۆزیا سەرنوسەری رۆژنامەی (بەهرا)ی بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری و کاك تەحسین محمد خلیل (ابودلشاد) سەردانی سلێمانی بکەن، بەڵام کاتێ دیداریان لەگەڵ برادەران لە سلێمانی ئەنجام دابوو هەمان هەڵوێستی پێشوویان دووبارە کردەوە لە بایکۆتکردنی ئامادەکاری بۆ دامەزراندنی سەندیکا، جارێکی دیکەش پاش ئامادەکردنی پرۆژەیاسای سەندیکا لەلایەن دەستەی دامەزرێنەر ئامادەکرا پێش ئەوەی پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت لە رێگای وەزارەتی رۆشنبیری بەمەبەستی دەربڕینی را و بۆچونی حکومەتی هەرێم پێش ناردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان دیسان جارێکی دیکە ئەو جارەیان زیاتر لەسەر پێداگری بەندە پێشنیاری سەفەری شاندێکی دیکە کرا لەو دەستەیە (دەستەی دامەزرێنەر) بەمەبەستی دیدارێکی تازە لەگەڵ برایانی راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ ئەوەی لە دواجاردا پێش دەستپێکردنی کاری رەسمی لەگەڵ حکومەتی هەرێم بەشداری لە دەستەی دامەزرێنەری سەندیکا بکەن کە پێکهاتبوو لە رۆژنامەنووسانی ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر خوالێخۆشبوو پارێزەر فیکرەت عیزەت و رۆژنامەنووس و نووسەر مامۆستا کەمال غەمبار رۆژنامەنووس کاك حامد محەمەد عەلی و شەوێك لە میوانداری برادەران بوون لە سلێمانی- سەرچنار و لەلایەن برایان کاك مستەفا ساڵح کەریم و کاك ئازاد جوندیانی و کاك ستران عبداللە پێشوازییان کردبوون و گفتوگۆیەکی (٦) قۆڵی هاتبووە ئاراوە، بەڵام دیسان بەداخەوە برادەران وەڵامیان نەرێنی بوو.

لە نێوانی ١٩٩٧/٢/١٤ - ١٩٩٧/٥/٢٦ (١٠) کۆبونەوە ئەنجام درا لە هۆڵی میقداد بەدرخان لە بارەگای رۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات بە بەشداری

هەندێ لە ڕۆژنامەنووسانی هەولێر، هەروەها لە دهۆکیش چەند کۆبونەوەیەك لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان کرا هەمووی بەمەبەستی گەڵاڵەکردنی پڕۆژەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان کە لە کۆتاییدا پاش تاوتوێکردنی تێروتەسەل ڕۆژی ١٩٩٧/٧/١ لیژنەی ئامادەکار کە بریتی بوون لە ڕۆژنامەنووسان: ١- عبدالکریم فندی ٢- حامد محەمەد عەلی ٣- ئازاد عەبدولواحێد ٤- فەرهاد عەونی ٥- فەیسەڵ دەباغ ٦- ئیبراهیم حاجی ساڵح ٧- رادوق ئادەم ٨- یۆنان هۆزایا ٩- کامەران جەلال.


الى / وزارة الثقافة في حكومة اقليم كوردستان - العراق الموقرة

م/مشروع قانون نقابة صحفيي كوردستان

تحية طيبة

نقدم لكم نص مشروع قانون نقابة صحفيي كوردستان المعد من قبل لجنتي الاستشارية والتحضيرية، راجين رفعه الى الجهات المعنية حسب الاصول.

مع التقدير

اللجنة التحضيرية
لتأسيس نقابة صحافيي كوردستان
١٩٩٧/٧/١

١. عبدالكريم فندي
صحفي

٢. حامد محمد علي
صحفي

٣. آزاد عبدالواحد
صحفي

٤. فرهاد عوني
صحفي

٥. فيصل دباغ
صحفي

٦. ابراهيم حاجي صالح
صحفي

٧. زادوق آدم
صحفي

٨. يونان هوزايا
صحفي

٩- كامران جلال
صحفي

**هەرێمی کوردستانی عێراق**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

ژمارە: ح-٥١

بەروار: ١٩٩٨/٣/١٥

// ئەنجومەن //

بو / سەروکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق

ب / پروژە یاسا

-------------------------

بەهاوپێچ دوو پروژەی یاسای داواکاری گشتی و یاسای سەندیکای روزنامەنووسانی کوردستانتان بو دەنیرین کە لەکوبونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی ژمارە ٣٦ لە ٤/ ٣/ ١٩٩٨دا پەسند کراون ٠٠

تکایە بخرێتە بەردەم ئەنجومەن بو بریاردان لە سەری ٠٠ لەگەل ریزماندا ٠٠

هاوپێچ

---

دوو پروژە

د ٠ روز نوری شاویس

سەروکی ئەنجومەنی وەزیران

وینە یەک بو/ـ

---

وەزارەتی داد / نووسراوتان ژمارە ١٠٢ و ١٢٢ لە ١٨/ـ ٢١ / ١/ ٩٨ بو ئاگاداری لەگەل ریزدا ٠٠

ئەنجومەن ٠

بەڕێز جەنابی سکرتێری ئەنجومەن

فنحیە / ١٠/٣/١١

پرۆژەکە رەوانەی وەزارەتی رۆشنبیری کرا لەویشەوە بۆ وەزارەتی داد لە وەزارەتی دادیشەوە بە نووسراوی ژمارە (١٠٢، ١٢٢) لە ١٨ – ١٩٩٨/١/٢١ بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە ئیمزای د. رۆژ نوری شاوێس بە نوسراوی ژمارە (٢٠٥١) لە ١٩٩٨/٣/١٥ پرۆژەکەی ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (پەرلەمان) کرد بەمەبەستی تاوتوێکردن و بڕیارلێدانی. لەو ماوەیەدا چەند جارێك سەردانی خوالێخۆشبوو کاك (جەوهەر نامیق سالم)مان کرد بەمەبەستی پەلەکردن و تاوتوێکردنی لەلایەن لیژنەی یاسایی پەرلەمان، ئەوەبوو لەسەر داوای کاك جەوهەر دواجار لە رۆژانی ١٩ و ١٩٩٨/٤/٢٠ کۆبونەوەی هاوبەشی لیژنەی ئامادەکار و لیژنەی یاسایی پەرلەمان لە پەرلەمان ئەنجام درا، ئەوەی پێویستە لێرەدا بگوترێ لیژنەی یاسایی پەرلەمان لە یەك دوو تێبینی زیاتریان نەبوو، چونکە کاتی خۆی پاش گەلاڵەکردنی پرۆژەکە پێشنیاری ئەوەم کرد کە دەقەکەی بدرێتە بەڕێز دادوە نازم حەوێزی کە یاساناسێکی ناسراوی کوردستانە بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکە، ئەوەبووو بەڕێز حەوێزیش راوبۆچوونی خۆی لەسەر پرۆژەکە دەربڕی و ئامۆژگارییەکانیمان بەڕێزەوە وەرگرت.

لەگەڵ خوالێخۆشبوو سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کاك جەوهەر نامیق رێککەوتین کە پرۆژەکە لە یادی سەد ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردستان (١٨٩٨/٤/٢٢ – ١٩٩٨/٤/٢٢) بەیاسا دەربچێت چونکە ئەو رۆژە لای سەرجەم رۆشنبیرانی کوردستان گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوەبوو کاتژێمر (١٢)ی نیوەڕۆی رۆژی ١٩٩٨/٤/٢٢ پرۆژەکە بە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨ لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوو، پاش نیوەڕۆی هەمان رۆژ لەگەڵ خوالێخۆشبوو سەرۆکی پەرلەمان کاك جەوهەر نامق دیمانەیەکی رۆژنامەنووسی هاوبەشمان ئەنجام دا دەربارەی گرنگی یاساکە و پیرۆزی رۆژی دەرچوونی.

ئێوارەی رۆژی دەرچوونی خوالێخۆشبوان فکرەت عیزەت و تاریق ئیبراهیم شەریف کە هەردوکیان دوو برای دڵسۆز و بەوەفا و بە هەڵوێست بوون سەردانیان کردم لە رۆژنامەی برایەتی، خوالێخۆشبوو کاك فیکرەت هەر لە دەرگاوە هاتە قسە و گوتی (ئافەرین بۆ خۆت و برادەرەکانت کە سەروەرییەکی مێژوتان دروست کرد بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان، کاك تاریق ئیبراهیم شەریفیش گوتی "چاوەکەم فیکرەت گوێت لەو قسەیە نەبووە کە دەڵێ (أهل مکە ادری بشعابها).

پاش دەرچوونی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨ کە بە یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ناسراوە لە ژمارە (٣٦)ی رۆژی ١٩٩٨/٤/٣٠ بڵاوکراوەی (پەرلەمان) بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکرایەوە.

هەنگاوی دووەمی ئێمە بریتی بوو لە هەندێ رێککاری یاسایی بەمەبەستی وەرگرتنی مۆڵەت لە وەزارەتی ناوخۆ و ئەوسا خۆئامادەکردن بۆ بەستنی کۆنگرەی دامەزرێنەر (یەکەم) کە دەیخواست داوایەك پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ بکرێت بەناوی دەستەی دامەزرێنەر کە دەبوایە ژمارەیان لە (١٥) رۆژنامەنووس کەمتر نەبێت، لە کۆبونەوەی نێوان هەردوو لیژنەی ئامادەکار و لیژنەی راوێژکار بڕیاردرا کە هەردوو لیژنەکە هەڵبوەشێننەوە بەمەبەستی پێکهێنانی لیژنەیەکی تازە بەناوی (دەستەی دامەزرێنەرانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان) لە ئەندامانی هەردوو لیژنە و چەند رۆژنامەنووسێکی دیکە کە لەوێ گەیشتە (١٩) رۆژنامەنووس کە بریتییە لەو رۆژنامەنووسە بەڕێزانە بە پێی زنجیرەی پێشکەشکراو:

١- کەمال حوسێن ئەحمەد غەمبار ٢- ئیبراهیم ساڵح ئیسماعیل ٣- تەحسین محەمەد خەلیل (أبودلشاد) ٤- فەرهاد عوسمان عەونی ٥- فەیسەڵ نورەدین عەبدولڕەزاق (دەباغ) ٦- عەبدولکەریم فەندی یەحیا ٧- فکرەت عزەت شەفیق ٨- تاریق محەمەد سەعید جامباز ٩- هیمداد محەمەد سابیر

١٠- حامد محەمەد عەلی حاجی ١١- زادوق ئادەم باوید ١٢- ئازا حەسیب عەلی قەرەداغی ١٣- مومتاز حەیدەر عاصم حەیدەری ١٤- دیار محەمەد سەعید دۆسکی ١٥- ئازاد عەبدولواحێد حەمەسدیق ١٦- یۆنان مرقس حەنا ١٧- محەمەد خدر مەولود ١٨- سدیق حامد خالید ١٩- رومیل شمشون شموئیل.

پاش پێکهێنانی دەستەی دامەزرێنەر لەو (١٩) رۆژنامەنووسە، رۆژنامەنووسانی سەرجەم دەزگاکانی راگەیاندن لایەنە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستانی لەخۆگرتبوو تەنها رۆژنامەنووسانی دەزگاکانی راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان نەبێت کە لە لاپەڕەکانی پێشوتر چە هەولْ و چە ئاکامەکانیم خستۆتە روو، بەڵام دیسان بیْ هیوا نەبووین سەرەڕای ناردنی سیْ جاری شاندی هەمەلایەنە بۆ سلێمانی، دەستەی دامەزرێنەری سەندیکا بەتێکڕای دەنگ (بەندە)یان هەڵبژارد بۆ سەرۆکی دەستەی دامەزرێنەر لە هەمان کاتیشدا (٥) لیژنە سەرەکی پێکهێندرا لەو (١٩) رۆژنامەنووسەی دەستەی دامەزرێنەر کە لیژنەکان بریتی بوون لە لیژنەی (١- ئامادەکردن بۆ کۆنگرە ٢- پەیڕەوی ناوخۆ ٣- وەرگرتنی ئەندامان ٤- لیژنەی راگەیاندن و پەیوەندییەکان ٥- لیژنەی دارایی) کە سەراپای ئیشەکان بەرەو ئەو ئاستە گوزەری دەکرد کە بتوانین کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو و نمونەیی بەدەست بهێنین کە بەمانای وشە ئیئتیلاف و کارامە بێت، پاش راوێژکردن لەگەلْ ئەندامانی لیژنەی دارایی راپۆرتێك ئامادەکرا دەربارەی خەرجییەکانی کۆنگرە و پاشان نامەیەکم بۆ بەڕێز نێچیرڤن بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نووسی پاڵپشت بە راپۆرتەکەی لیژنەی دارایی ئەویش (سەرۆکی حکومەت) درێغی نەکرد و ئەو بڕە پارەیەی کە لەلایەن لیژنەی ناوبراوەوە تەخمین کرابوو بۆی دابین کردین. تاکو رۆژانی پێش کۆنگرە لیژنەکان دەتوانم بڵێم رۆژانە کۆبونەوەیان لە هۆڵی میقداد بەدرخان لە برایەتی ئەنجام دەدا و مۆڵەتی یاساییش لە وەزارەتی ناوخۆ بەناوی ئەو (١٩) رۆژنامەنووسە وەرگیرا.

# لیستی ناوەکانی دەستەی دامەزرێنەری سەندیکای ڕۆژنامەنووسی کوردستان

| ژمارە | ناوی تەواو | شوێن و ساڵی لەدایک بوون | پیشە | کار | ناونیشان | ژمارەو مێژووی ناسنامە | پلەی خوێندن | ئیمزا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ـ١ | کمال حسین احمد غەمبار | هەولێر ـ کۆیە/١٩٣٧ | ڕۆژنامەنووس | مامۆستای پەیمانگای مەڵبەندیی مامۆستایان | هەولێر - شۆڕش | ٩٧٧٣١٣ لە١٩٨٠/٨/٧ | بکالوریوس زمان و ئەدەبی-عربی | |
| ـ٢ | ئیبراهیم سالح اسماعیل | هەولێر/١٩٦٨ | ڕۆژنامەنووس | بەڕێوەبەری نووسین/هەرێم TV | هەولێر - ڕەنگین | ٢١٧١٥٨- ١٩٩٨/٤/٢٩ | بکالوریوس-ڕاگەیاندن | |
| ـ٣ | تحسین محمد خلیل (ابو دلشاد) | دیانا/١٩٤٢ | ڕۆژنامەنووس | ئەندامی م.س)پارتی کارسەربەخۆ | هەولێر -عربی نوێ | ١٢٨٩٦١- ١٩٩٦/٦/٤ | ناوەندی | |
| ـ٤ | فرهاد عوسمان عەونی | کۆیە/ ١٩٤٦ | ڕۆژنامەنووس | سەرنووسەری ڕۆژنامەی برایەتی | هەولێر - منتکاوە | ٣٤٥٠.-١٩٨٠/٨/٢٠ | بکالوریوس-اقتصاد سیاسی | |
| ـ٥ | ئەیسەل نورەدین عەبدولرەزاق(دەباغ) | هەولێر/١٩٥٣ | ڕۆژنامەنووس | بەڕێوەبەی نووسین/گولان العربی | هەولێر - صلاح الدین | ٢٥٢٥٧- ٩٧٩..٩ | دبلوم عالی-احصاء سکانی | |
| ـ٦ | عەبدوالکەریم فندی یحیی | دهۆک/١٩٤٤ | ڕۆژنامەنووس | بەڕێوەبەری‌گشتی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری | دهۆک -ئاشتی | ٨٤٦٩٦٣- ١٩٨٢/٥/٥ | کولیژی ئاداب-ئینگلیزی | |
| ـ٧ | فکرت عزت شەفیق | کۆیە/١٩٥٣ | ڕۆژنامەنووس | ارێزەر لە هەولێر | هەولێر -ڕووناکی | ١٩٩١/٧/١٢-٤٣١.٩٨ | بکالوریوس-یاسا | |
| ـ٨ | طارق محمد سعید جامباز | هەولێر/١٩٤٨ | ڕۆژنامەنووس | سەروسەری یاساپارێزی | هەولێر-زانیاری | ١٩٨١/٧/١١-٤٧٧٢٧٣ | بکالوریۆس-یاسا | |
| ـ٩ | هیمداد محمد صابر | هەولێر/١٩٦٧ | ڕۆژنامەنووس | ەرنووسەری میدیا | هەولێر-زانیاری | ١٩٦٦/٥/٥-٢٦٤١٧ | بکالوریۆس-علوم | |
| ـ١٠ | حامد محمد علی حاجی | خانەقین/١٩٦٤ | ڕۆژنامەنووس | بەڕێوەبەری‌نووسین/ڕۆژنامەی یەکگرتوو | هەولێر - زانکۆ | ١٩٩٥/٥/١٤ -.٥٢٣٩٥ | بکالوریوس-ڕاگەیاندن | |
| ـ١١ | زادوق ئادەم باوید | دیانا/١٩٥٣ | ڕۆژنامەنووس | سەرنووەر/ڕۆژنامەی بیت نهرین | هەولێر -عینکاوە | ١٩٧٩/١١/٥-٢٧٢٤٨. | بکالۆریۆس-کوردی | |
| ـ١٢ | ئازا حەسیب علی قەرەداغی | سلێمانی/ ١٩٦٠ | ڕۆژنامەنووس | سەرنووسەرڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان | هەولێر - شۆڕش | ١٩٩٠/٦/١٦-٤١٥٨.٥ | دبلۆم ئیدارە | |
| ـ١٣ | مومتاز حەیدەر عاصم حەیدەری | هەولێر/١٩٤٢ | ڕۆژنامەنووس | ڕۆژنامەنووس | هەولێر -ئازادی | ١٩٩٨/٥/٢٤-٩٢٣٣.٦ | ئامادەیی | |
| ـ١٤ | دیار محمد سعید دوسکی | دهۆک/١٩٤٧ | ڕۆژنامەنووس | سکێری نووسین/ مەتین | دهۆک-گری باصێ | ١٩٨٨/١١/١.-٨٥٢.٢٦ | ئامادەیی | |
| ـ١٥ | ئازاد عبدوالواحد حەمە صدیق | هەولێر/١٩٥٨ | ڕۆژنامەنووس | سنێری نووسین/ڕامان | هەولێر-صلاح الدین | ١٩٩٤/١./٣-٣٦٤٤٢٤ | ئامادەیی | |
| ـ١٦ | یونان مرقس حنا | زاخو/١٩٥٥ | ڕۆژنامەنووس | سەرنسەر/ڕۆژنامەی بەهرا | هەولێر-عینکاوە | ١٩٨٠/٤/١١ -٩٦٧٧.٦ | بکالوریوس هندسە | |
| ـ١٧ | محەمەد خدر مولود | هەولێر/١٩٥٩ | ڕۆژنامەنووس | سەرنووەری هەفتەنامەی هەرێم | هەولێر-تەیراوە | ١٩٨٨/٦/٢١-٩٢٣١٩٣ | بکالوریوس کوردی | |
| ـ١٨ | صدیق حامد خالد | دهۆک/ ١٩٥٠ | ڕۆژنامەنووس | مامۆا لە پەروەردەی دهۆک | دهۆک-نزارکی | ١٩٧٩/١٢/٢٦-٣٣١١.٢ | دەرچووی پەیمانگای مامۆستایان | |
| ـ١٩ | رومیل شمشون شموئیل | دهۆک/١٩٥٨ | ڕۆژنامەنووس | سەرنەری ڕۆژنامەی قریامن | دهۆک-نزارکی | ١٩٩٧/٢/٧ -١٥٥٤٣٣ | بکالۆریۆس-هندسە | |

پاش تەواوبوونی هەموو وردەکارییەکان کە ماندوبوونێکی زۆری چەند مانگەی ویست رۆژانی ٢٧ و ٢٨ و ١٩٩٨/١٢/٢٩ دەستنیشان کرا بۆ بەستنی کۆنگرەی یەکەم (دامەزراندن). کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی رۆژی ١٩٩٨/١٢/٢٧ کۆنگرەکەمان لە ژێر چاودێری و بەئامادەبوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و گەورە بەرپرسانی لایەنە سیاسییەکان و کەسایەتیە نیشتمان پەروەرەکانی کوردستان و بە بەشداری (٥٤٦) ئەندامی کارا کۆنگرە دەستی پێکرد بە وتاری بەخێرهێنانی ئامادەبوان و پاشان بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وتاری خۆی خوێندەوە کە جەختی لەسەر بوونی ئەو سەندیکایە کرد کە ئازادی رۆژنامەنووس لە کوردستان بپارێزێ و ماف رۆژنامەنووسان دابین بکات، بەندەش بەپێی ئەوەی سەرۆکی دەستەی دامەزرێنەری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانم راپۆرتی گشتی چۆنیەتی دامەزراندنی سەندیکام لە هەموو بارێکەوە لە رۆژی یەکەمەوە تا رۆژی بەستنی کۆنگرە خستە روو، پاش خوێندنەوەی وتارەکان چەند لیژنەیەك لە کۆنگرە هەڵبژێردران بەمەبەستی تاوتوێکردنی راپۆرتی لیژنەکان پێش کۆنگرە کە (٥) لیژنە بوون کە لە نێوان ماوەی دەستنیشانکراودا راپۆرتەکانیان تاوتوێ و پەسەندکرد و لەلایەن کۆنگرەش پاش گفتوگۆیەکی تێروتەسەل پەسەندکران.

پاش تەواوبوونی کارەکانی کۆنگرە لە دانیشتنی دووەمی رۆژی سێیەمدا بەپێی یاسای سەندیکا و بە سەرپەرشتی دادوەر (عەلی عەولا ئەحمەد) و نوێنەری وەزارەتی یاسایی عەمید یاسای (دلێر ئەحمەد ئاکۆ) و لیژنەی سەرۆکایەتی کۆنگرە پرۆسەی هەڵبژاردنی نەقیب و ئەنجومەنی سەندیکا و هەردوو لیژنەی چاودێری (المراقبة) و لیژنەی بەرزەفتکردن (الانظباط) بەڕێوەچوو کە لە ئەنجامدا ئاکامی هەڵبژاردن بەم جۆرە بوو:

أ- فەرهاد عەونی: نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان

ب- ئەندامانی ئەنجومەن بریتی بوون لە:

١- ئازا حەسیب قەرەداغی ٢- مومتاز حەیدەری ٣- تەحسین محەمەد خەلیل (أبودلشاد) ٤- یۆنان هۆزایا ٥- ئازاد عەبدولواحێد ٦- حامد محەمەد عەلی ٧- فەهیم عەبدوڵڵا ٨- محەمەد خدر مەولود.

ج- ئەندامانی یەدەگی ئەنجومەن بریتی بوون لە:

١- غازی حەسەن ٢- هودا ئەحمەد سەبری ٣- ئەکەد موراد.

د- لیژنەی چاودێری بریتی بوون لە: ١- سۆلاڤ ئەحمەد ٢- سالم سلێمان حاجی ٣- رزگار نوری شاوێس.

ه- لیژنەی بەرزەفت بریتی بوون لە:

١- کەمال غەمبار ٢- زادوق ئادەم ٣- بەهزاد چەلەبی

لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەندیکا بەکۆی دەنگ رۆژنامەنووس ئازا حەسیب قەرەداغی کرا بە جێگری نەقیب و رۆژنامەنووس مومتاز حەیدەری بە سکرتێری سەندیکا.

پێکهاتەی ئەنجومەنی سەندیکا و لیژنەکان پێکهاتەیەکی هەمەلایەنە بوو وەکو لە پێشەوە ئیشارەتم بۆ کردووە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا (رێککەوتنێکی جەنتلمان)نانەمان راگەیاند کە بە هیچ شێوەیەك كاریگەری سیاسەت و لایەنە سیاسییەکان نەخرێتە بازنەی ئیش و کار و بۆچونە رەسمییەکانی سەندیکا، لەڕاستیشدا ئەم رێککەوتنە جەنتڵمانیە تا رادەیەکی زۆر پەیڕەوکرا و بە هیچ شێوەیەك نەمدەهێشت ئەم چوارچێوەیە ببەزێندرێ، بۆیە ئەگەر چاودێرێك یاخود لێکۆڵەرێك بە وردەکاری کار و چالاکیەکان و بەیاننامە و راپۆرتەکانی لیژنەی داکۆکی لە ماف و ئازادی رۆژنامەنووسان بکۆڵێتەوە راشکاوانە بۆی بەدیاردەکەوێ کەوا سەندیکا لە سەرجەم بوارەکاندا چەند سەربەخۆ و راستگۆ

بووە و لە لاپەڕەکانی دیکەدا هەندێ نموونەی زەقی ئەو ڕۆژگارەی سەندیکا دەخەمە سەر کاغەز.

ئەگەر نووسینی ئەم بیرەوەریانە تەنها تایبەت با بە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە تێیدا هەر لە سەرەتاوە کە لە ١٩٩٧/١/١٧ هەنگاوی یەکەممان بۆ هاویشت و پاشان لە ١٩٩٨/١٢/٢٩ هەڵبژێردرام بە نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان تاکو کۆتایی کۆنگرەی سێیەم کە لە نێوان ڕۆژانی ٢١-٢٠١١/٧/٢٣ لە هەولێر بەسترا، لە ماوەی ئەو ١٤ ساڵەدا کە تێیدا (٢) کۆنگرەمان بەست بەبێ بەشداری ڕۆژنامەنووسانی دەزگاکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پاش یەکگرتنەوە و ڕێکخستنی ماڵی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە نێوان سەندیکا و یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان (٣) کۆنگرەی گشتیمان بەست یانی کۆنگرەی (١) و (٢) و (٣) گشتی سەرەڕای کۆنگرەی یەکەم و دووەمی سەندیکا لەو ماوەیەدا دەتوانم بڵێم ئەم سەندیکایە یەکگرتووە سەرانسەریە لە پێشەوەی هەموو سەندیکا و ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستان تەنانەت لە پێش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێری حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکی گرتەوە دڵسۆزانە و بەبێ ئەملا و ئەولا تاکو ئەو ڕۆژەی خۆم و برا دڵسۆزەکانم لە پەیڕەوخوازەکانی (لە پێناو چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی و دابینکردنی مافی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان) لەم سەندیکایە بووین دەستبەرداری ئەم ڕێبازە نەبووین کە دواتر باسی لێوەدەکەم.

خوێنەری بەڕێز گلەییم لێ مەکە کە لە هەندێ شوێن درێژدادڕی دەکەم و هەندێ جاریش وردەکارییەکانی هەندێ ڕووداو دەخەمە بەر دیدی ئێوە، چونکە لە ڕاستیدا پاش ئەو تەمەنە زۆر جار باسی ڕووداوێك یاخود کەسایەتیەك لە مێژوودا دەکرێت زۆر بە ناکامڵی زانیاری دەربارەی ئەو ڕووداو و کەسایەتیانە باس لێوەدەکرێ، چونکە پاڵەوانانی ئەم ڕووداوانە وەکو پێویست وردەکارییەکانیان تۆمار نەکردووە یاخود ئەو کەسایەتیانە وردەکاری

بیرەوەرییەکانی خۆیان نەنوسیوەتەوە بۆیە زۆرجار لێکۆڵەران و مێژوونووسان ناتوانن ماف تەواو بەو رووداو و کەسایەتیانە بدەن، بۆیە لێرەدا کە باس دێتە سەر مێژووی دامەزراندنی سەندیکا، یەکگرتنەوەی هەردوو رێکخراوی رۆژنامەنووسان، گواستنەوەی ئەو سەندیکایە لە کوردستانەوە وەکو رێکخراوێکی ناوچەیی بۆ گۆڕەپانی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان و گەڵاڵەکردنی یاسای سندوقی خانەنشینی رۆژنامەنووسان و یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ کە پاشان دێمە سەری و وەرگرتنی نزیك بە (١٠٠٠) پارچە زەوی و راپۆرتی (٦) مانگانەی سەندیکا دەربارەی رەوشی رۆژنامەگەریی و یارمەتیدانی رۆژنامەنووسانی داواکار بە پارە و ئەمجا دامەزراندنی لقی سەندیکا لە هەرچوار پارێزگای کوردستان (کەرکووك، هەولێر، سلێمانی، دهۆك و بەغدا)، سەرەڕای نووسینگەکانی سۆران، زاخۆ، هەڵەبجە، کەلار، خانەقین و دروستکردنی لیژنەی باڵای رۆژنامەنووسانی مێینە و لیژنەی باڵای رۆژنامەنووسانی وەرزشی و بەشداریکردن لە (٣) کۆنگرەی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی (IFJ) و بەرز راگرتنی رۆژی رۆژنامەگەریی کوردی و دەرکردنی دوو گۆڤاری سەرنجڕاکێش یەکیان بە زمانی کوردی (رۆژنامەڤانی و رۆژنامەنووس و ئەوی دیکەیان بە زمانی عەرەبی (الصحفی)، لەگەڵ هەندێ کار و چالاکی دیکە، هەموو ئەوانە وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە بۆچی درێژدادڕی بەم بابەتانەوە دەکەم.

لێرەدا بەپێی مێژوو و مێژووی کۆنگرە و دەرئەنجامەکانی کۆنگرەکان بەکورتی و بەخزمەتی مێژوو باس لێوە دەکەم لەگەڵ هەندێ وردەکاری ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بەو چالاکی و دەرئەنجامانە هەیە کە لە کۆتایی کۆنگرەی یەکەمەوە دەست پێدەکات.

یەکەم هەر لە سەرەتاوە دەرچوونی گۆڤارێکی وەرزی تایبەت بە کەلتوری هەمەلایەنەی کاری رۆژنامەنووسی باسی لێوەدەکرا، بەڵام هەر لە دوای کۆنگرەوە لە ئەنجومەنی سەندیکا لە یەکەم دانیشتنیدا پاش دابەشکردنی

ئەرك و بەرپرسیاریەتیەکان بە تێروتەسەلی باس لە دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بە کەلتوری رۆژنامەنووسی سەربەخۆ دوورلە هەموو ئایدلۆجۆیا و بۆچوونی حزبایەتی کرا، پاش مشتومڕێکی ئەرێنیانە بڕیارمان دا گۆڤارێکی وەرزی بەناوی (رۆژنامەڤانی) دەربچوێنین کە تێیدا بەندە وەکو نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان ببمە خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارەکە و رۆژنامەنووس مومتاز حەیدەری کە بە سکرتێری سەندیکا دەستنیشان کرابوو وەکو رۆشنبیرێکی بێ لایەن ئەرکی سەرنووسەری پێدرا بۆ مێژوو دەیڵێم کاك مومتاز و بەندە کە یەکی وتارێکمان لە بەرگی یەکەمی ناوەوە و دوابەرگی ناوەوەی گۆڤارەکە دەنووسی کە لە چوارچێوەی کار و ئامانجەکانی سەندیکا دەرنەدەچوو، بەڵام لەڕاستیدا کاك ممتاز زۆربەی هەرەزۆری کاری گۆڤارەکەی لە ئەستۆ گرتبوو، کە بریتی بوو لە کۆکردنەوەی بابەتەکان و رێنمایی بۆ بەشی هونەری و تەنانەت خۆی نەخشەسازی بۆ دەکرد.

دووەم لە سەرەتای بەهاری ساڵی ٢٠٠٠ کە سەندیکا چەند مانگێك بوو کۆنگرەی یەکەمی بە سەرکەوتووی ئەنجام دابوو بەفەرمی بەندە و کاك مومتاز حەیدەری سەردانی بەڕێز د. رۆژ نوری شاوێسمان کرد کە ئەوکاتە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو کە تێیدا چەند داواکارییەکی رۆژنامەنووسانمان خستە بەردەمی کە لە پێشەوەیان دابینکردنی (٢٥٠) پارچە زەوی لە هەولێر بۆ رۆژنامەنووسانی نیشتەجێی هەولێر بەبێ هیچ جیاوازییەك، ئەوەبوو دوای چەند رۆژێك بڕیاری لەسەر درا و ئێمەش لە کۆبونەوەیەکی ئاشکرا (قورعەمان بۆ ناوەکان کرد) و دابەشکرا، کە زۆربەی هەرە زۆری رۆژنامەنووسان لێی سودمەند بوون، لەم رۆژگارەدا بەبێ بەرامبەر کە تێیدا سەندیکای رۆژنامەنووسان یەکەم رێکخراوی مەدەنی کوردستان بوو کە زەوی لە حکومەتی هەرێم وەربگرێ و بێ بەرامبەر دابەشی بکات، پاشان دەمبیستەوە کە هەندێك لە سودمەندەکان ئەرزەکانیان

فرۆشتۆتەوە چونكە لە شوێنێكی باش بوو، بەشێكیان خانویان پێ كڕیوە و بەشێكیشیان ژنیان پێ هێناوە و بەشێكی دیكەشیان ئۆتۆمبێلیان پێ كڕیوە.

دەبێت لێرەدا ئەوەش بڵێم بەپێی ئەو بڕیارەی لە ئەنجومەنی سەندیكا پەسەندمان كردبوو هیچ یەكێك لە نەقیب و جێگر و سكرتێر و ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیكا و لیژنەكان سوودمەند نەبوون، بەپێی بڕیارەكەی خۆمان.

سێیەم: وەكو ئاشكرایە رۆژنامەنووسانی كوردستان لەو رۆژگارەدا یانی ساڵی (٢٠٠٠) زۆربەیان فەرمانبەری دەوڵەت نەبوون و پاشەڕۆژی ژیانیان لە رووی داراییەوە نادیار بوو، بەپێی بڕیار و راسپاردەكانی كۆنگرە لیژنەیەكمان دروست كرد لە ئەنجومەن و دەرەوەی ئەنجومەن كە بریتی بوون لە (فەرهاد عەونی، مومتاز حەیدەری، حامد محەمەد عەلی خوالێخۆشبوو فیكرەت عیزەت، تاریق جامباز)، بەمەبەستی گەڵاڵەكردنی (پڕۆژەیاسای سندوقی خانەنشینی رۆژنامەنووسانی كوردستان، ماوەی (٣) مانگێك لە چەندین كۆبونەوەی تایبەتی ئەم لیژنەیە پڕۆژەیاسایەك ئامادەكرا و لە ٢٠٠٠/٩/٣ لە رێگای وەزارەتی رۆشنبیرییەوە پێشكەش بە سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران كرا و لەوێشەوە بۆ پەرلەمانی كوردستان تاكو بەیاسا دەربچێت، پەرلەمانی كوردستانیش لە دانیشتنی ٢٠٠١/١٠/١٣ بەیاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠١ لە ژێرناوی (سندوقی خانەنشینی رۆژنامەنووسانی كوردستان) دەركرد، لەڕاستیدا ئەم یاسایە بە یاسایەكی گرنگ دەژمێردرێ چونكە بەپێی یاساكە كە لەوكاتەدا دەرچوو بژێوی ژیانی رۆژنامەنووسان دوای خانەنشینبوونیان دابین دەكرد، بەپێی یاساكە كە چەند بابەت و بڕگە و خاڵێكی لەخۆگرتووە كە تێیدا بڕی (٧٥٠) دیناری چاپی سویسری ئەوكاتەی بۆ رۆژنامەنووسانی خانەنشین دابین دەكرد كە (٣) بەرابەری موچەی خانەنشینی فەرمانبەرانی دەوڵەت بوو، بەڵام پاش سەرنگوم بوونی رژێمی سەدام حوسێن و یەكخستنی پارەی چاپی سویسری لەگەڵ چاپی بەغدا بڕی پارەكە كە بەراورد بە (١٠٥) هەزار دینار كرا كە لەڕاستیدا بۆ رۆژنامەنووسانی خانەنشین مەغدوریەتی زۆری تێدابوو، بەڵام

لەپێناوی چارەسەری ئەم مەغدوریەتە چەند جارێك پرۆژەی هەموارکراومان پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستان کرد، ئەوەبوو لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٤) لیژنەیەك بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پێکهات بوو لە بەڕێزان (حاجی یوسف بەڕێوەبەر لە سەرۆکایەتی و د. عیزەت بەڕێوەبەری دیوان و حامد محەمەد عەلی ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکا و بەندە) لە دوو دانیشتنی چڕوپڕدا گەیشتینە گەڵاڵەکردنی پڕۆژەی هەموارکردنی یاسا بە خوێندنەوەیەکی بابەتیانەی ئەو رۆژگارە لە هەموو بارێکەوە کە تێیدا (٥٠٠) سەد هەزار دینار وەکو موچەیەکی خانەنشینی بۆ ئەو رۆژنامەنووسانەی کە بەپێی یاسا خانەنشین دەکرێت، بەڵام ئەوەی جێی داخە پاش چەندین نووسراوی جۆراوجۆر بۆ هەردوو سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران ئەم یاسا گرنگەی خانەنشینی رۆژنامەنووسان هەموار نەکراوە، تاکو رۆژی بەجێهێشتنم لە سەندیکا لە کۆنگرەی سێیەمی گشتی کە لە مانگی تەموزی ساڵی ٢٠١١ لە هەولێر ئەنجام درا تەنها (٧) رۆژنامەنووس سوودمەند بوون لەم یاسایە.

چوارەم: لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو کە سکرتێری گشتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووم کە تێیدا چەند جارێك بەشداریم لە کۆنگرەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا و فیدراسیۆنی خوێندکارانی ئێرانی بەرهەڵستکارانی رژێمی شای ئێران (مانگی یەکی ساڵی ١٩٧١) و بەشداری لە دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کورد لە لوبنان ئاسۆی پەیوەندییەکانی دەرەوەم زیاتر لا ئاشکرا بوو کە چەند بۆ ئێمەی کورد و شۆڕشی کوردستان گرنگە کاتێ مرۆڤ لەو تەمەندا و لە رۆژگاری حەفتاکانی سەدەی رابردوو کە تێیدا سەفەرکردن و بەشداری شاندی کوردی لە کۆنگرە و بۆنەکان کە لە ئەوروپا دەبەستران زۆر دەگمەن بوو لە چوارچێوەیەکی زۆر تەسك بەڕێوە دەچوو بە سەرسوڕمانەوە تەماشای ئەوروپا دەکرا کە چە جیاوازییەکی زێدە گەورە لە نێوان ئەوان و ئێمەدا هەیە لە هەموو لایەکی

ژیانەوە بەتایبەتی ئەوروپا زیاتر ئەو کاتە ئەو جا بە هەردوو لایەنی (سۆشیالیستی و سەرمایەداری) چەند گرنگە بۆ میللەتێکی بەشخوراو و پارچە پارچەکراوی وەکو کورد کە لە سەرەتا هەر لە سەرەتا و ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی راردوو کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد و چەند کەسایەتیەکی وەکو خوالێخۆشبوان (د. کامەران بەدرخان و د. نورالدین زازا و د. عیسمەت شەریف و شەهید د. عبدالرحمن قاسملو، د. کەمال فوئاد، دارا تۆفیق و چەند مرۆڤێکی دیکە) لەو دەرگا فراوانە چوونە ژوورەوە و پەیامی کورد و کوردستانیان بەپێی کات و بارودۆخ و ئیمکانیاتی سنوورداریان گەیاندە ئەو وڵاتانەی کە تێیدا ماڤ مرۆڤ و چارەنووسی میللەتانی بەشخوراو باس لێوە دەکرا کە تا رادەیەکی گەورە سەرەتای زیاتر ناسینی کورد وەکو میللەتێکی بێ ماف دەستی پێکرد لە کۆمەڵگاکانی ئەوروپا لە دەرەوەی سەرژمێری سیاسەتمەدارانی ئەو وڵاتانە.

ئەمانە هەمووی پاشخانی بیروبۆچوونی بەندە بوو کە هەمیشە لە قۆناغەکانی پاشتردا بیرم لێ دەکردەوە و دەمزانی پەڕینەوە لە کوردستانەوە بۆ دەرەوە بەتایبەتیش بۆ ئەوروپا چەند گرنگە، لەوانەیە گرێ (عقدە) کێشەی نێوان کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لەگەڵ یەکێتی قوتابیانی جیهاندا لە کۆنگرەی شەشەمیان (یەکێتی قوتابیانی جیهان – اتحاد الطلاب العالمي) کە لە بەغدا لە هاوینی ساڵی ١٩٦٠ ئەنجام درا کە تێیدا بەهۆی هەڵوێستی سەرۆکی یەکێتی گشتی قوتابیانی عێراقی (مهدی الحافظ) کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ئەوکاتە بە ئەندام وەرنەگیرا لەو یەکێتیە جیهانیە کە لەو رۆژگارەدا ئەم بابەتە بوو بە رووداوێکی پڕ لە شەرمەزاری بۆ (مهدی الحافظ) تەنانەت تا ساڵانێکی درەنگیش لەسەر دیواری دائیرەی بەریدی کۆنی سلێمانی نزیك لە بەر دەرکی سەرا دروشمی سەر دیوارێك نووسرابوو مردن بۆ حەقیر (مهدی الحافظ) رەش نەکرابووەوە. ئەم بابەتە لە هزری مندا هەمیشە بە پەنگخواردووی مابووەوە تەنانەت لە گەشتێکم بۆ وڵاتی سویسرا (کە پاشتر باسی لێوە دەکەم) و لە دیداری خوالێخۆشبوو عیسمەت شەریف

دانلی ئەم بابەتەم لەگەڵ باس کرد، ئەویش بابەتەکەی پشتڕاستکردەوە چونکە ئەو و خوالێخۆشبوو (د. کەمال فوئاد) نوێنەری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بوون لە ئەوروپا، ئەوجا وەکو گوتم مەبەستم گواستنەوەی سەندیکا بۆ بازنەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان چونکە گواستنەوەی ئەو جۆرە سەندیکا و رێکخراوە ناحوکمییانە بۆ ناو رێکخراوی نێودەوڵەتی و وەرگیرانیان وەکو ئەندام تێیدا کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر پێگەی ئەو رێکخراوەی کە دەبێتە ئەندام لە نێو ئەو بازنە نێودەوڵەتیەدا کە دەیان و سەدان رێکخراوی لەم شێوەیەی تێدایە کە تا رادەیەك وەکو وەرگیرانی حکومەتی وڵاتێکە لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (الامم المتحده)، سەرەڕای ناسینی وڵاتی تۆ لە نێو ئەو کۆمەڵە رێکخراوەدا کە زۆربەی رێکخراوی رۆژنامەنووسانی سەرتاسەری جیهانی گرتۆتەوە.

شێرکۆ عومەر حەبیب کە ئامۆزای حەقی منە و لە ساڵانی دوایی ناوەندی هەشتاکان لە وڵاتی بەریتانیا دەژی وەکو پەناهەندە ئارەزووی نووسین و کاری رۆژنامەنووسی هەبوو و لە ماڵەکەی خۆیدا لە لەندەن و لەسەر گیرفانی خۆی گۆڤاری (ژینۆ)ی دەردەکرد لە ساڵی ١٩٩٤یشەوە بوو بە پەیامنێری رۆژنامەی (برایەتی)، کاتێ من سەرنووسەری بووم و لە زۆر بواری دیکەشدا وەکو بردنە ناوی برایەتی بۆ تۆڕی ئەنتەرنێت و چاپکردنەوەی برایەتی لە لەندەن وەکو چاپی دەرەوە سەرەڕای ناردنی بابەت و هەواڵی جۆراوجۆر بۆ برایەتی، من ئەو لە سەفەرێکی بۆ هەولێر لە ساڵانی ١٩٩٨ و ١٩٩٩دا پاش دامەزراندنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان باسمان لە رێکخراوێکی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان کرد کە ئەویش (فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی)یە کە بە (IFJ) ناسراوە لە ساڵی ١٩٤٦ دەستی بە کار کردووە و لە ساڵی ١٩٥٢ بە شێوەیەکی سەرەکی لە کارەکانی بەردەوامە و ئەوکاتە (١٣٠) رێکخراوی رۆژنامەنووسی لە سەرتاسەری جیهاندا ئەندام بوون کە تێیدا (٤٥٠) هەزار ئەندامی هەبووە، هەوڵ و کۆشش لە پێناوی ئازادی رۆژنامەنووس و عەدالەتی

کۆمەڵایەتی و بێلایەنی سەندیکاکانی رۆژنامەنووسان دەکات و دژی ئەوە رادەوەستیٚ کە میدیا بۆ کاری رەگەزپەرستی و ناکۆکییەکان بەکاربێت، بۆیە پاش باسکردنی بابەتەکە لە کۆبونەوەیەکی ئەنجومەندا بە ئامادەبوونی شێرکۆ و رێککەوتین کەوا نامەیەك ئاڕاستەی ئەو رێکخراوە بکەین کە بارەگاکەی لە (برۆکسل)ی پایتەختی ولاٌتی بەلجیکایە، ئەوەبوو لە سەرەتای مانگی نیسانی ۲۰۰۰دا نامەیەکم بەناوی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە ئاڕاستەی (IFJ) کرد کە تێیدا هاوپێچ لەگەڵ یاسای سەندیکا بە زمانی ئینگلیزی و لەگەڵ پێکهاتە و ژمارەی ئەندامانی و ئەو کار و چالاکیانەی کە لە ماوەی دروست بوونیەوە ئەنجاو دراون بەمەبەستی وەرگرتنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان وەکو ئەندام لەو فیدراسیۆنە، لە ناوەندی مانگی تەمموزدا بەهۆی شێرکۆوە ئاگادارکراینەوە کەوا داواکاریەکەی سەندیکا بڕیاری لەسەر دراوە و خراوەتە بەرنامەی کاری لیژنەی راپەڕاندن کە لە ناوەڕاستی مانگی کانونی یەکەمی ۲۰۰۰ کە فیدراسیۆن کۆبونەوەی گشتی لە (سیدنی) لە ولاٌتی ئوستراليا ئەنجام دەدات و لە داواکارییەکەی سەندیکا دەکۆڵنەوە. لە کات و ساتی دیاریکراودا فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی کۆبونەوەی خۆی ئەنجام دا کە تێیدا کۆمەڵێك بڕیاری وەرگرتبوو و نامەیەکی ئاڕاستەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کردبوو کە لێرەدا دەقەکەی بلاٌو دەکەمەوە.

# بۆ/ سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

هەروەک ئاگادارن کۆمیتەی جێ بەجێکردن (اللجنة التنفیذیة)ی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێو دەوڵەتی کۆبوونەوەی لە سدنی ساز کرد. داواکاری رێکخراوەکەتان تاوتۆکرا. کۆمیتەی جێ بەجێکردنی فیدراسۆنی رۆژنامەنووسانی نێو دەوڵەتی رەزامەندی خۆی لەسەر ئەم بڕیارانە دا:

**١ـ فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێو دەوڵەتی پشتگیری و یارمەتی ئازادی رۆژنامەگەری کوردی دەدات لە عێراق و هەر وڵاتێك و شوێنێك کە رۆژنامەنووسانی کورد کاری لێ دەکەن.**

**٢ـ ئەندامانی یەکێتی رۆژنامەنووسان لەبەریتانیا و ئەڵمانیا کە هەردووکیان ئەندامی فیدراسیۆنن پشتگیری لە کاری رۆژنامەنووسانی کورد دەکەن لە هەندەران.**

**٣ـ ناتوانین وەك ئەندام لە فیدراسۆن قەبوڵتان بکەین لەبەر هۆی یاسایی و دەستووری.**

**لە هەمان کاتدا هیوادارین کە پەیوەندی بکرێت لەگەڵ هەردوو یەکێتی لای سەروە کە ئەندامی فیدراسیۆنن، بۆ ئەوەی هاوکاری و پەیوەندییەکی بەتین لە نێوان رۆژنامەنووسانی کورد و ئەوان دروست ببێ.**

ئێمە ئامادەین بۆ هەموو هاوکارییەک لە کاتی داواکردنت.

**لەگەڵ ئەو پەری رێزماندا**

**کریستیان دینز**

**سکرتێری کۆمیتەی جێ بەجێ کردن**

٢٠٠٠/١٢/٢٠

## هەندێ زانیاری لەبارەی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێو دەوڵەتییەوە

فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێو دەوڵەتی گەورەترین رێکخراوی رۆژنامەنووسانە لە جیهان بیرۆکەی دامەزراندنی دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٦، لەساڵی ١٩٤٦ دەستی بەکار کردووە، لەساڵی ١٩٥٢ بەشێوەیەکی سەرەکی لەکارەکانی بەردەوامە تاکو ئەمڕۆ.

ئەمڕۆ فیدراسیۆنی ناوبراو نزیکەی ٤٥٠ هەزار ئەندامی هەیە کەسەر بە ١٣٠ وڵاتن.

ـ فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان دەزگایەکی جیهانی‌یە هەوڵ دەدات بۆ ئازادی رۆژنامەگەریی، و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و سەربەستی و بێ لایەنی سەندیکاکانی رۆژنامەنووسان.

ـ فیدراسیۆنی نێو دەولەتی دەزگایەکی سیاسی نی‌یە، و کاری سیاسی ناکات، بەڵام پشتگیری لە مافی مرۆڤ و دیموکراسی و بۆ چوونە مەزهەبییەکان دەکات.

ـ فیدراسیۆنی ناوبراو دژی ئەوەیە کە میدیا بۆ کاری رەگەزپەرستی و ناکۆکییەکان بە کاربێت.

ـ فیدراسیۆنی نێو دەوڵەتی باوەری بە کاری ئازادی سیاسی و کەلتوری و بەرگری کردنی رێکخراوەکانی تر و یا هەر رێکخراوێک پەیوەندی دار بێت بە مافی مرۆڤ.

## سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
## هەولێر ـــ کوردستان

*FAX: 001 212 890 3307*
*TEL: 001 212 890 336*

**بەڕێز/ کریستیان دینز**
**سکرتێری کۆمیتەی جێبەجێ کردن**

**سـلاو و ریـز...**

نامەکەتان لە رۆژی (٢٠/١٢/٢٠٠٠) کە بەهۆی رۆژنامەنووس و نوێنەری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە لەندەن بەڕێز شێرکۆ حبیب ناردبوو، لە پێشەوە سوپاستان دەکەین بۆ ئەو هەڵوێستەی فیدراسۆنی رۆژنامەنووسانی جیهان بەرامبەر سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە تایبەتی خاڵی دووەم و خاڵی سێیەمی نامەکەتان بۆ هاوکاری هەردوو یەکێتی رۆژنامەنووسانی ئەڵمان و بەریتانیا و دەربڕینی هاوکاریتان بۆ رۆژنامەنووسانی کورد لە هەندەران، بەڵام ئەوەی جێی داخە وەرنەگرتنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە لە فیدراسۆنی رۆژنامەنووسانی جیهان لەبەر ئەو دوو هۆیەی کەلە نامەکەتان باسی لێوە کراوە کە ئەویش ئاستەنگی دەستوری ویاساییە..!

ئەوەی لێرەدا ئێمە دەیزانین فیدراسۆنی رۆژنامەنووسانی جیهان نزیکەی (٤٥٠)هەزار ئەندامی هەیە، کە سەر بە (١٣٠) وڵاتن، لە ئامانجەکانی (داکۆکی کردنە لە مافی مرۆڤ و دیموکراسی و باوەر بەکاری ئازادی سیاسی و کەلتوری سەرەڕای ئەوەی کە (فیدراسیۆنی نێو دەوڵەتی رۆژنامەنووسان دەزگایەکی جیهانی‌یە هەوڵ دەدات بۆ ئازادی رۆژنامەگەریی، عەدالەتی کۆمەڵایەتی و سەربەستی و بێ لایەنی سەندیکاکانی رۆژنامەنووسان). ئەو خاڵانە بە گشتی زیاتر ئێمەی هاندا داواکاری بوونە ئەندامێتی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە فیدارسیۆنی رۆژنامەنووسانی جیهانی بکەین.

لێرەدا دەمانەوێ جارێکی دیکەش بۆتانی روون بکەینەوە کە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەسەر بنەمایەکی یاسایی لەساڵی (١٩٩٨) وە دروست بووە بەپێی یاسای ژمارە(١١)ی پەرلەمانی کوردستان کە لە ١٩٩٨/٤/٢٢ لەیادی سەد ساڵەی دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی کە ناوی (کوردستان)بوو راگەیاندرا.

کۆنگرەی یەکەمی لەرۆژانی (٢٧ـ١٩٩٨/١٢/٢٩) لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی (٥٥٠) رۆژنامەنووس گرێ دا.

لە کۆتایی ئەم مانگەشدا (کانونی دووەمی/٢٠٠١) کۆنگرەی دووەمینی خۆی لە ژێر دروشمی (لە پێناو چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی و دابین کردنی مافی رۆژنامەنووسان

لە کوردستان) دەبەستێ، کە ئێستا تێکڕای ئەندامانی تاکو ٢٠٠٠/١٢/٣١ گەیشتۆتە (٧٩٢) ئەندام

**بەڕێز/ کریستیان دینز**

بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە بارودۆخی کوردستانی عێراق کە ماوەی دە ساڵە وەکو ئاشکرایە بارودۆخێکی تایبەتی هەیە و بۆتە ئەمری واقیع و لەپاش هەڵبژاردنی گشتی کە لە هەرێمی کوردستان لە ١٩٩٢/٥/١٩ ئەنجام دراو پەرلەمانی کوردستان وەکو نوێنەری شەرعی گەلی کوردستان هاتە کایەوەو حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێ دامەزرا، ئێستا هەموولایەک بەوپەڕی ئازادی ڕۆژنامەو گۆڤار و ئێستگەو تەلەفزیۆن بەڕێوە دەبەن بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە سانسۆرێک هەبێت، دەتوانین بڵێین کوردستان بۆتە ناوچەیەکی نموونەیی لە بەشێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە زیاتر شارەزای بارودۆخی ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان بن، ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە بارەگاکەی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانە داوەتتان دەکات کە خۆتان یاخود نوێنەرێکی ئێوە سەردانی کوردستان بکەن، هەروەک پێتانی ڕادەگەیەنین کە ئێمە لە سنووری کوردستانەوە تەحەمولی مەساریفو دابین کردنی جێگاو ڕێگاو هاتووچۆ کردنتان دەکەین، بۆ زانیاری زیاتری ئێوە لەم بارەیەوە، هیواداریـن پەیوەندی بە نوێنەری حکومەتی کوردستان (بورهان جاف)ەوە بکەن لە یەکێتی ئەورووپی کەبارەگاکەی لەشاری (برۆکسل)ە ئەمەش ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆن و فاکسیەتی:

**Kurdistan Regional Government**
**European Union Representation**
**Burhan JAF**

*TEL: 02 513 72 28*
*FAX: 02 513 36 79*

**لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمان**

**فەرهاد عەونی**

**نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**

**کوردستان ــ هەولێر**

**٢٠٠١/١/٢**

*Kurdistan Journalists' Syndicate*
*Hawler – Kurdistan*
*Fax: 001 212 896 3307*
*Tel: 001 212 896 3306*
*January the 22nd, 2001*

*To Christiane Denis*
**The Secretary of the Executive Committee**

*Greetings,*

*Dear Christiane Denis,*

Your letter dated (December 20th, 2000) which you sent via Mr. Sherko Habeeb the representative of Kurdistan Journalists' Syndicate in London.

At first, we must thank you for the positive attitude, which the World's Journalists' Federation took towards Kurdistan Journalists' Syndicate.

In particular, I refer to points number two and number three, in your letter, which call for assisting both German Journalists' Union and Britain's Journalists' Union, and Iam thankful as you expressed your willingness to assist Kurdish Journalists abroad, overseas. Yet, what is regrettable is the non-admission of Kurdistan Journalists' Syndicate in the World's Journalists' Federation because of the two reasons you mentioned in your letter: these two reasons are a constitutional and a legal obstacle!

What we know is that the World's Journalists' Federation has about (450000 four hundred and fifty thousand) members who come from (130 one hundred and thirty) countries, and that among the Federation's objectives is "to emphasize human rights, democracy, belief in free political and free cultural activity, and, moreover, this international Federation for journalists is a universal institution which aims at free press, social justice, freedom for all journalists' syndicates, and the impartiality or non-alignment of these said syndicates." It was our awareness of the points that encouraged us to request membership for Kurdistan Journalists' Syndicate in the World's Journalists' Federation.

Here, we are willing to clarify once again to you that the Kurdistan journalists' Syndicate was founded on a legal basis in 1998 and it came into existence as an outcome of law N. 11 issued by Kurdistan National Assembly (that is the Parliament of Kurdistan) on 22 of April, 1998, in the centennial anniversary of Kurdish Journalism which started a century earlier than that date with a newspaper called "Kurdistan".

The first congress was convened on 27th-29th of December 1998 in Hawler (that is Erbil) the capital city of Kurdistan Region, and this congress was attended and convened by (550 five hundred and fifty) journalists.

At the end of this month (January 2001), the second congress will be convened under the motto (For the sake of confirming journalistic freedom and achieving

the rights of journalists in Kurdistan). Till 31/12/2000, the total number of members has grown into (792 seven hundred and ninety two) members.

*Dear Christiane Denis,*

In order that you get more acquainted with the conditions of Iraqi – Kurdistan (which for ten years, as is well-known, has had its own particular situation as a de facto status; and, after the general elections on May 19th, 1992, the Parliament of Kurdistan came into being as the legitimate representative of Kurdistan's people. It formed the government of Kurdistan Region. Now, every side have their own newspapers, magazines, periodicals, Radio and TV stations, and run them with utmost freedom, without any censorship, and we can therefore say that Kurdistan has turned into an optimal example in part of the Middle East), and in order that you get a closer acquaintance with the conditions of journalism, press, and journalists in Kurdistan, the Kurdistan Journalists' Syndicate Council, which is situated in Hawler the capital city of Kurdistan region, invite you or your representative to visit Kurdistan. We also would like to inform you that we shall be responsible for all your expenses and expenditure, including accommodation and transportation, from the moment you cross the borders into the Kurdistan Region. For more information in this respect, please contact MR. Burhan JAF, who is in the European Union which, is situated in Brussels, Belgium, and here is his full address with his Telephone and Fax numbers:

Kurdistan Regional Government
European Union Representation
Mr. Burhan JAF
Tel: 02 513 72 28
Fax:02 513 36 79

*With our best regards and profoundest respect,*

***Farhad Awni***
***Kurdistan Journalists' Syndicate Secretary***
***January the 22nd, 2001.***

**نامە و بڕیارەکەی فیدراسیۆن سەرەڕای ئەوەی کە بە ئەندام وەرنەگیرابووین لەم کۆبونەوەی فیدراسیۆن بەڵام دیسان سەرەتایەکی باشی بۆ ئێمە دروست کرد کە تێیدا چەندین خاڵی ئەرێنی لەخۆگرتبوو وەکو لە نامەکەیاندا هاتووە لە هەردوو خاڵی دووەم و سێیەمی نامەکە بەڵام ئێمەش بەوە نەوەستاین وەکو دەڵێن (کاروانی هەزار میل بە هەنگاوێك دەست پێدەات)، نامەیەکی سوپاسگوزاریم بۆ (کریستیان دینیز) سکرتێری کۆمیتەی جێبەجێکردنی**

**فیدراسیۆنی (IFJ) نارد وێڕای سوپاس و پێزانینی خۆمان جارێکی دیکەش وەکو لە نامەکەمدا هاتووە پێشنیاری میوانداریەتی نوێنەرێکی ئەوانم کردووە بۆ کوردستان تاکو لە نزیکەوە کوردستان و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان هەڵبسەنگێنن کە ئەمەش دەقی نامەکەمانە:**

**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**ئەنجوومەنی سەندیکا**

رۆژ: ١٧/٢/٢٠٠١
ژمارە:

**بەرێز/ سەندیکای رۆژنامەنووسانی بەریتانیا**

**بەرێز/ جیم بوملیج**

**سلاوێکی گەرم**

هەڵوێستی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێو دەوڵەتی کە لە کۆبوونەوەی سیدنی لە دوا مانگی ساڵی ٢٠٠٠ ئەنجام درا کە یەکێ لە خاڵەکانی دروستکردنی کۆمیتەیەکی هاوبەش لە نێوان هەردوو سەندیکای رۆژنامەنووسانی بەریتانیا و ئەڵەمانیا بە مەبەستی هاوکاری رۆژنامەنووسانی کورد لە هاندەران سەرەڕای پشتگیری و یارمەتی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێو دەوڵەتی بۆ ئازادی رۆژنامەگەری کوردی لە عێراق و هەر وڵاتێک و شوێنێک کە رۆژنامەنووسانی کورد کاری لێ دەکەن، مایەی سوپاس و پێزانینی رۆژنامەنووسانی کوردستانی عێراقە.
بە هیوای پشتگیری ئێوەی بەرێزین لە ئێستاو ئایندەدا و هاوکاری کردنتان لەگەڵ رۆژنامەنوسانی کوردستان دەبێتە هۆکاری بەرەو پێشەوە چونی کارو چالاکیەکانمان کە بە هەموو تواناوە هەوڵی بۆ دەدەین، وە دەمانەوێ پێتانی رابگەیەنین کە رۆژنامەنووس شێرکۆ حەبیب ئەندامی سەندیکاکەمانە لە دەرەوەی کوردستان بەمەبستی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ فیدراسیۆن وسەندیکای رۆژنامەنووسان لە بەریتانیا ئاواتە خوازین هاوکاری بکەن بەمەستی پێناسینی رۆژنامەنووسانی کوردستان لەگەڵ ئێوەی بەرێز.

**تێبینی:**

لەگەڵ ئەم نامەیە دەقی ئەو نوسراوەتان بۆ دەنێرین کە لە ٢٠٠١/١/٢٢ ئاراستەی بەرێز کریستیان دینز سکرتێری لیژنەی راپەراندنمان کردووە دەربارەی ئەو خالآنەی کە لە نامەی لیژنەی راپەراندنی فیدراسیۆنی نێو دەوڵەتی رۆژنامەنووسانی وە دەست نیشان کراوە بەرامبەر رۆژنامەنووسانی کورد و داواکاری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بۆ بوونە ئەندام لە فیدراسیۆنی رۆژنامەنوسانی نێو دەوڵەتی

فەرهاد عەونی
**نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان**

**بەڕێز جیم بومیلا/ ڕاوێژکاری فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێو دەوڵەتی ــ لندن**

سڵاو ورێز

نوێنەرو ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان شێرکۆ حەبیب پێی ڕاگەیاندین کە دوێنێ ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٢/٦/٢٤ دیدارێکیان لەگەڵ بەڕێزتان ئەنجام داوە دەربارەی پەیوەندی ئێمە لەگەڵ فیدراسیۆن و دوا هەوڵەکانمان دەربارەی وەرگرتنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێو دەوڵەتی ئەوەی لێرەدا مایەی خۆشحاڵیمانە ئەو بەڵێنەی بەڕێزتانە کە بە شێرکۆ حەبیب ــی نوێنەری ئێمەتان داوە کە تێیدا هەوڵتان بەردەوام دەبێت بە قەبوڵ کردنی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان ئێستاکە وەکو ئەندامی بەشدار لە فیدراسیۆندا. لێرەدا دەمانەوەی سوپاسی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و سەندیکاکەتان پێ ڕابگەیەنین بۆ ئەو هەوڵ و کۆششەتان لە هەمان کاتیشدا خوازیارین کە ئەو کۆمیتە هاوبەشەی کەلە نێوانی هەردوو سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی بەریتانیا و ئەڵمانیا دروست بووە بە مەبەستی هاوکاری ئێمە زیاتر بایەخ بە بارودۆخی ڕۆژنامەنووسانی ئەو ناوچەییەی ئێمە (کوردستان) بدەن کە سەرەڕای ئەو هەموو تەگەرەو ئاستەنگانەی کەل پێشیانە کارو چالاکیەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن کە تێیدا چەسپاندنی ئازادی ڕادەربڕین و دابین کردنی مافی ڕۆژنامەنووسان بە پاڵپشتی یاساو سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان هەنگاوی گەورەی ناوە و ئومێدەوارین وەرگرتنمان بە ئەندامی بەشدار ئێستاکە لە فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێو دەوڵەتی هۆکارێکی دیکەی بەرەو پێشەوە چوونی ئەو ئەزموونە بێت کە ئاواتی تێکڕای گەلی کوردستانە.

دووبارە ڕێز سوپاسمان قەبوڵ بکەن

فەرهاد عەونی

نەقیبی

ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

کوردستان ـ هەولێر

٢٥/٦/٢٠٠٢

له هەمان کاتیشدا دوو نامەی دیکەم بۆ (جیم بومیلا) کە ئەوکاتە راوێژکاری فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی نارد و کاریگەریەتی لەسەر سەندیکای رۆژنامەنووسانی بەریتانیا کە ئەوکاتە لێپرسراوی دارایی سەندیکای رۆژنامەنووسانی بەریتانیا بوو لەگەڵ شێرکۆ حەبیب چەند جارێك یەکتریان دیبوو کە تێیدا هەڵوێستی موبیلا بەرامبەر ئەندامیەتی ئێمە لە IFJ زۆر ئەرێنی بوو بۆیە بەپێویستم زانی کە نامەیەکی سوپاسگوزاری بۆ ئەویش بنێرم.

بۆ زانینی خوێنەری بەڕێز جیم بومیلا کە عەرەبەکان بە (جیم بوملحە) ناویان دەبرد (خەڵکی وڵاتی مەغریبە و بەڕەگەز جولەکەیە و جارێك سەردانی کوردستانی کردووە وەکو پاشتر باسی لێوە دەکەم.

له ٢٠٠٢/١١/٢٦ نامەیەکم بۆ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نارد کە تێیدا باس لە وردەکارییەکانی نامە گۆڕینەوە لە نێوان ئێمە و فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی (IFJ) دەکەم و ئاگادارم کرد چونکە پێشوتر لە کۆبونەوەیەکی نێوان ئەنجومەن و ئەودا پێی راگەیاندین کەوا بەمەبەستی یارمەتی و کارئاسانکردنی سەندیکا لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە حەز دەکات ئاگاداری هەنگاوەکانمان بێت، لەڕاستیشدا تا من نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان بووم ئەو جوامێرە دەتوانم بڵێم زۆربەی داخوازییەکانی بۆ جێبەجێ دەکردین بەتایبەتی دەربارەی بودجە و مەسروفاتی کۆنگرە و سەفەری شاندەکانی سەندیکا بۆ ئامادەبوونی کۆنگرە و سیمینارە عەربی و نێودەوڵەتییەکان، کاك نێچیرڤانیش لە ٢٠٠٢/١٢/٤ وەڵامی نامەکەی دامەوە کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

Kurdistan Region
Council of Ministers
Prime - Minister

هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆك وەزیران

**بەڕێز کاک فەرهاد عەونی**

**نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**

سڵاوێکی گەرم

هەوڵ و کۆششی بەردەوامی سەندیکاکەتان لە پێناوی بەئەندام بوونی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتیدا مایەی پێزانینە. ئەو زانیاری و هەواڵانەی کەلە نامەی ڕۆژی ٢٠٠٢/١١/٢٦ تان دا باستان کردوون جێگەی خۆشحاڵین و بەڵگەی ئەوەن کە ماندووبوونی چەند ساڵی ڕابردووتان سەرئەنجام خەریکە ئەنجامی باشی لێ دێتە بەرهەم. دەستخۆشیتان لێ دەکەین و ئومێد دەخوازین کە ئەم بابەتە تا بەتەواوی دەگاتە ئەنجام و بەڕەسمی بڕیاری بەئەندام بوونی سەندیکاکەتان ڕادەگەیەنرێت و دەگاتە دەستتان، زۆر بە بایەخەوە موتابەعە بکرێت و لە هەموو هەنگاوێکیش ئاگادارمان بکەنەوە.

ئەوەی لە ئێمەش پێویست بێت بۆ پشتگیری کردنی سەندیکاکەتان و سەرکەوتنی ئەو هەنگاوە گرنگە کە دەسکەوتێکی مەزنە بۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەخۆشحاڵیەوە ئەنجامی دەدەین.

هەر شادو سەرکەوتوو بن.

**نێچیرڤان بارزانی**

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**٢٠٠٢/١٢/٤**

**لێرەدا دێمەوە سەر باسی دیدارێکی جیم موبیلا و بەندە لە لەندەن کاتێ لە ڕۆژانی پاش بەکۆتاهاتنی کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی عیراقی (مؤتمر المعارضة العراقية) کە لە نێوان ڕۆژانی ١٤ – ٢٠٠٢/١٢/١٧ کە لە ئوتێل (هیلتون) بەسترا**

و تێیدا بەندەش وەکو ڕاگەیاندنکار و نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە نێوان شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداریم تێدا کرد (لە شوێنی خۆی باس لەو سەفەر و کۆنگرەیە دەکەم)، ئەوەی لێرەدا دەمەوێ باسی لێوە بکەم پێشوتر بە حوکمی ئەوەی شێرکۆ حەبیب لێپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا بوو و لە وڵاتی بەریتانیاش نیشتەجێ بوو کاری ڕۆژنامەنووسیشی دەکرد و لەگەڵ جیم موبیلا و کۆمیتەی ڕاپەڕاندنی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی پەیوەندی هەبوو توانیبوی (موعد)ێکم لەگەڵ جیم موبیلا بۆ دابین بکات لە نێوان ئەو ڕۆژانەی کە (لەندەن) بووم.

کاتژمێر (٥)ی ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٢/١٢/٢٤ لە ریستۆرانتی (هاڤانا)ی ئوتێلە گەورەکەی وێستگەی شەمەندەفەری (فکتۆریا) جیم موبیلا و بەندە و شێرکۆ ماوەی کاتژمێر و نیوێك پێکەوە دانیشتین کە تێیدا بەوردی باسی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانم بۆ کرد لە هەموو بارێکەوە تێمگەیاند کە تاڕادەیەك کوردستان بووەتە دورگەی ئازادی کاری ڕۆژنامەنووسی، چونکە عێراقی سەدام حسێن بەهیچ شێوەیەك بواری بۆ هیچ کارێکی ئازادی ڕۆژنامەنووسی نەهێشتۆتەوە کە (عودەی) کوڕی دیکتاتۆر نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی عێراقە، بەڵام چە سەندیکایەك کە (عودە) سەرۆکایەتی بکات و سەرەڕای سوپاس و پێزانینمان بۆ هەوڵ و کۆششی ئەو داوامان لێکردەوە کە مەسەلەی وەرگرتنی سەندیکاکەمان بەجدی تر هەوڵی بۆ بدا، ئەویش باسی وردەکارییەکانی وەرگرتنی سەندیکا و ڕێکخراوەکانی کرد لە IFJ لەهەمان کاتیشدا باسی هەندێ لایەنی نەرێنی برای بەڕێز حوسێن سنجاری کرد کە ماوەیەك پێشوتر بەندە تەکلیفم لێکردبوو لەکاتی سەردانی بۆ بەلجیکا لەگەڵ هاوسەرە بەلجیکیەکەی کەوا پەیوەندی بە کۆمیتەی ڕاپەڕاندنی IFJ بکات بەمەبەستی کاریگەری بۆ ئەندام بوونمان لە IFJ ڕەخنەی جیم موبیلا لە کاك حوسێن سنجاری ئەوەبوو گوایە کاك حوسێن زۆر چووەتە ناو لایەنی سیاسی

که IFJ خۆی لێ بەدوور دەگرێ، منیش لە وەڵامی تێبینییەکەی جیم موبیلا لەسەر کاك حوسێن سنجاری گوتم (خۆتان دەزانن کوردستان لە ئاکامی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقییەوە لە ساڵی ۱۹۲۱ تووشی چەندین کارەساتی خوێناوی جەرگبڕ و ئەنفال و کیمیاباران و تەعریبکردن هاتووە سەرەڕای ئەمیشیان نیوەی کوردستان خاپور و چۆڵ کراوە و شۆڕش و راپەڕینەکانی کوردستانیش بە بەردەوامی دژی دەوڵەتی عێراقی زۆردار راوەستاوە و خەباتی کردووە، لە بارودۆخێکی ئاوادا چۆن تاکێکی کورد دەتوانێ کاتێ لەگەڵ کەسایەتی و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان قسە بکات باسی سیاسەت نەکات، راست وەکو ئەوە وایە مرۆڤێکی زۆر زێدە برسی و زگ بەتاڵ باسی خواردن نەکات، لەو روانگەیەوە کاك حوسێن سنجاری کە دیداری ئێوەی کردووە باسی وەرگرتنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی کردووە و ئەو خودی خۆشی ئێستا خاوەنی (پەیمانگای دیموکراتی عێراقیە) و لە پێناو دابینکردن و سەقامگیری دیموکراتیەت کاردەکا.

جیم بوبیلا لە دانیشتنەکەدا کە زۆر خۆشحاڵ بوو و هەستم کرد قسەکانی من و شێرکۆی بەهەند وەرگرت و پەیمانی پێداین لە هەوڵ و کۆششەکانی بۆ بەرژەوەندی ئێمە بەردەوام بێت لە پێناوی ئەندامیەتی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، چونکە پێشوتر لە کۆبونەوەی رۆژانی ١٦-٢٠٠٢/١١/١٧ کە کۆمیتەی ڕاپەڕاندنی IFJ لە برۆکسل ئەنجامی دابوو تێیدا سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی بە ئەندامی بەشدار وەرگرتبوو کە لێرەدا نامەیەکی من بۆ سەرۆك و ئەندامانی کۆمیتەی راپەڕاندنی IFJ ئاڕاستە کراوە، لەگەڵ هەواڵێکی رۆژنامەنووس کە (یونایتد پرێس انترناشنال) U. P. I لە ٢٠٠٢/١١/٢٧ بڵاوکردۆتەوە.

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

ئەنجوومەنی سەندیکا

ڕۆژ:

ژمارە:

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان
Kurdistan Journalists' Union

**زملاؤنا المحترمين**

**رئيس وأعضاء اللجنة التنفيذية لإتحاد الصحفيين العالمي**

**تحية طيبة...**

أعلمنا الزميل حسين سنجاري مضمون قراركم بالأعتراف بنقابة صحفي كوردستان في أجتماعكم المنعقد يومي (١٦- ١٧) نوفمبر الماضي في بروكسل تمهيداً للعضوية الكاملة مستقبلاً.

لايسعنا هنا إلا أن نبدي شكرنا وتقديرنا لكم لهذه الخطوة ونأمل أن تنال نقابة صحفي كوردستان العضوية الكاملة من المستقبل القريب لما لها من أهمية في الناحية المعنوية للصحفيين الكوردستانيين الذين يعدون بالمئات و ويساهمون في تحرير عشرات من الجرائد والمجلات ومحطات الإذاعة والقنوات التلفزيونية حيث ينقصهم الخبرات اللازمة بالنظر لظرف كوردستان المعقد والقاس حيث يأمل الصحفيين الكوردستانيون بأن تكون عضويتهم في الأتحاد العالمي حافزاً لتطوير كفائاتهم العملية وعاملاً لترسيخ حرية الصحافة وضمان حقوق الصحفيين في كوردستان، آملين أن يساهم إتحادكم (الإتحاد العالمي للصحفيين) في أي مجال تستطيعون تقديم الدعم لنا كألقاء المحاضرات، فتح الدورات، زمالات دراسية لحملة شهادات البكالوريوس في مجال الإعلام لتطوير معهدي الصحافة في كل من السليمانية وأربيل (داخل كوردستان العراق) مسقبلاً، ونؤكد حاجتنا إلى دعمكم وإعترافكم بنقابتنا وعضويتها الكاملة في إتحادكم لأننا نشعر بأن الماضي لم يكن في صالحنا بسبب الغبن والتخلف الذي ألحق بشعبنا جراء السياسات الخاطئة والحروب التي كانت مفروضة على شعبنا منذ زمن بعيد.

ونأمل أن يكون الحاضر والمستقبل يعوضنا عن ما فات عنا وهذا لايتحقق إلا بجهود الخيرين في المنظمات والإتحادات العالمية وفي مقدمتها الإتحاد العالمي للصحفيين.

**تقبلوا شكرنا**

فرهاد عوني

نقيب صحفي كوردستان

كوردستان- أربيل

٢٠٠٢/١٢/٢

www.Roshnamavani.com
Elmail: roshnamavani@hotmail.com

Fax: +44 162 84 77322

Tel:

Address:

تەلەفۆن:

ناونیشان:

# الفيدرالية العالمية للصحفيين تعترف
# بنقابة صحافيي كردستان العراق

يونايتدبرس انترناشنال / ٢٧ نوفمبر / يو بي آي :

اعترفت الفيدرالية العالمية للصحافيين التي تتخذ من العاصمة البلجيكية " بروكسل " مركزا لها بنقابة صحافيي كردستان العراق ومقرها الرئيسي في مدينة اربيل مركز البرلمان الكردي الموحد الخارج عن سيطرة حكومة الرئيس العراقي صدام حسين. واستلمت يونايتدبرس انترناشنال نص قرار الفيدرالية التي وجهت لنقابة صحافيي كردستان في خطوة تمهيدية لبينما يتم قبول النقابة عضوا دائما في الفيدرالية العالمية للصحافيين.

وفي اتصال هاتفي صرح سنجاري مؤسس معهد العراق للديمقراطية وصاحب امتياز جريدة الأهالي المستقلة النصف شهرية التي تصدر باللغة العربية في مدينة اربيل ان الفيدرالية العالمية اعترفت رسميا أمس بنقابة صحافيي كردستان العراق مشيرا الى ان القرار اتخذ على ضوء اجتماع اللجنة التنفيذية للفيدرالية التي اقرت توصية الاعتراف.

واضاف سنجاري بان الفيدرالية العالمية أقرت الالتزامات التي أوصتها اللجنة التنفيذية وذلك بتقديم العون اللازم للصحافيين الاكراد عن طريق نقابتهم من اجل تطوير كفاءاتهم وقدراتهم وتطوير وادامة العلاقة بينهم وبين الفيدرالية العالمية، مشيرا الى ان الفيدرالية سوف تقرر موضوع العضوية الكاملة اثناء تطوير علاقاتها مع نقابة كردستان.

واوضح سنجاري بأنه سيلتقي بالسكرتير العام للفيدرالية العالمية للصحفيين يوم ٣ من شهر ديسمبر/كانون الأول القادم لبحث الخطوات القادمة من ضمنها تدريب الصحافيين الاكراد ، وامكانية تقديم مساعدات لتطوير كفاءاتهم وسد جانب من احتياجاتهم ، ومساعدتهم من اجل المحافظة نشر مبادئ حرية الصحافة وحرية عمل الصحافي في مجاله العملي.

يذكر ان نقابة صحافيي كردستان تشمل جميع الصحافيين في كردستان العراق في إدارتي اربيل والسليمانية برئاسة الصحفي الكردي فرهاد عوني.

لەڕاستیدا ئەوەی پێویستە بگوترێ ڕۆژنامەنووس شێرکۆ حەبیب ڕۆڵێکی کارای هەبوو چە لە پەیوەندیکردن لەسەرەتادا بە لیژنەی ڕاپەڕاندنی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی چە وەکو نوێنەری سەندیکا لەگەڵ ئەو فیدراسیۆنەدا کە بە بەردەوامی پەیوەندی نێوان ئێمە و فیدراسیۆنی ڕێك دەخست و کارئاسانی بۆ سەندیکا دەکرد لەڕووی هێنانی پێناسەکانی فیدراسیۆن و گەیاندنی داخوازییەکانی ئێمە و چارەسەری هەر کێشەیەك کە دەهاتە پێش، بەڵام ئەوەی جێی داخە کاك حوسێن سنجاری کە تەنیا بۆ جارێك لە ڕێگای خۆیەوە کە بە سەردان دەچوو بۆ بەلجیکا لەسەر داوای بەندە کە لە ساڵی ١٩٦٨ەوە کە قوتابی زانکۆ بووین لە بەغدا و من عەبدولمەوجود تەها کە براگەورەی (حوسێن)ە و لە یەك شوقە لە شەقامی (شێخ عومەر) دەژیاین کاك (حوسێن)م ناسی و بووینە دۆست و برا و برادەر تاکو چەند ڕۆژێك پێشت بەستنی کۆنگرەی گشتی یەکەم کە ئەوەی لە یادم مابێت ڕۆژی ٢٠٠٣/١٢/٨ کە تێیدا کاك حوسێن تەلەفۆنێکی بۆ کردم و بەتوڕەییەوە گازندە و گلەییەکی زۆری لێکردم کەوا گوایە لەو بابەتە ناوم نەهێناوە، منیش زۆر لەسەرخۆ و بەهێمنییەوە پێم گوت (کاکەگیان ناوت لە سیاقی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە سەرەڕای بوونی ناوی تۆ لەو نامەیەی کە بۆ کۆمیتەی ڕاپەڕاندنی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی IFJ نێردراوە لە ٢٠٠٢/١٢/٢ سەرەڕای ئەو هەواڵەی کە وەکالەتی یونایتدا پرێس ئەنتەرناشناڵ ڕۆژی ٢٠٠٢/١١/٢٧ بڵاویکردۆتەوە ناوی تۆی تێدا هاتووە، وابزانم مەسەلەکە لەوە زیاتر هەڵناگرێ، باشە ئەگەر شتێکت بۆ سەندیکایەکی کوردستانی کردبێت کە بریتی بووە لە سەفەرێکی خۆت بۆ برۆکسل کە تێیدا سەردانی بارەگای ئەو فیدراسیۆنەت کردبێت و دوو قسەی خێریشت بۆ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کردبێت ئەو هەموو هەڵایەی دەوێ؟ لە وەڵامدا کە قەت ئەوەم لەو برادەر و دۆستە دێرینە چاوەڕوان نەدەکرد کە پێم بڵێت بە دەق (من حازر دەبم لە موئتەمەرەکەتان و شکایەتت لێ دەکەم لەبەرچاوی هەموو ئەندامان).

منیش له وەڵامدا گوتم (کاکی برا یەکەم تۆ ئەندامی کۆنگرە نیت و دووەم دەرگا واڵایە له هەر شوێنێك شکایەتم لیٚ بکەی)، لەو رۆژەوە تاکو رۆژانی نووسینی ئەم بیرەوەرییانە که رێککەوتی شەوی پێنج شەممه لەسەر هەینیە ۲۷ لەسەر ۲۰۱٥/۸/۲۸ بەندە و کاك حوسێن سنجاری (قاوەی یەکتر ناخۆینەوە).

به وەرگرتنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان وەکو ئەندامی بەشدار له فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی که IFJ ناسراوە وەکو سەرەتایەك بوو بۆ گۆڕینی جۆری ئەندامیەتیەکە له بەشدارەوە بۆ کارا که وابزانم سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان یەکەم رێکخراوی کوردستانیە که بەم سەنگ و رەنگە له فیدراسیۆنێکی بەناوبانگ و کارامەی نێودەوڵەتی دەبێتە ئەندام که تێیدا له قۆناغە جیاجیاکاندا چ رۆڵێکمان گێڕا که پاشان دێمەوە سەری.

## فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی کوردستان

لەلاپەڕەکانی پێشوتردا باسم له هەوڵ و کۆششەکانی ئێمه له لیژنەی ئامادەکاری دامەزراندنی سەندیکا هەر له سەرەتاوە له قۆناغی دووەمیش یانی له پاش دەرچوونی یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان له ۱۹۹۸/٤/۲۲ بۆ سیٚ جار وەکو باسم لێوەکردووە شاندی تایبەتیمان دەنارده سلێمانی بەمەبەستی بەشداربوونی برایانی رۆژنامەنووسانی دەزگاکانی راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان له دروستکردن و دامەزراندنی سەندیکای سەرتاسەری بۆ هەموو رۆژنامەنووسانی کوردستان، بەڵام بەداخەوە هەوڵ و کۆششەکان ئەوکاته نەگەیشتنه ئامانج، له کۆتایی ساڵی ۲۰۰۲دا کاتیٚ ئامادەی کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی عێراقی که له مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ۲۰۰۲ بەسترا بووین له (لەندەن) چەند جارێك لەگەڵ برایان عادل موراد و مستەفا ساڵح کەریم لەنێوان رۆژانی کۆنگرەدا یەکتریمان دەبینی قسه و

باسمان زۆر لە یەکتریەوە نزیك بوو بەتایبەتیش ئەو دوو برایە (کاك عادل و کاك مستەفا) برا و برادەری دێرینی دەیان ساڵی رۆژانی پێشوتریش بووین و هەمیشە سەرەڕای جیاوازی بیروڕاشمان لە پاش ساڵی ١٩٧٥ بەڵام دیسان برا و دۆست و برادەر بووین، یەکێ لەو باسانەی کە هاتە نێوان یەکگرتنەوە و رێکخستنی ماڵی سەرتاسەری رۆژنامەنووسانی کوردستان بوو کە هەردوولا لەناخەوە ئارەزوو و ئاواتمان ئەوەبوو کە رێکخراوێکی سەرتاسەری لە کوردستان بێتە ئاراوە و هەموو رۆژنامەنووسانی کوردستان بە هەموو جیاوازییەکەوە لەباوەش بگرێت.

بابەتەکەش زیاتر لەگەڵ برای بەڕێزم کاك مستەفا ساڵح کەریم باسکرا کە ئەویش ئەوکاتە جێگری نەقیبی (یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان) بوو کە لە ٢٠٠١/٤/٢٢ دامەزرابوو، کاك مستەفا و بەندە زۆر بەجدی مەسەلەکەمان تاوتوێ کرد چونکە لە قەناعەتەوە باوەڕمان بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی رۆژنامەنووسانی کوردستان هەبوو لە یەك رێکخراوی سەرتاسەریدا، خاڵێکی ئەرێنی کە لە مەسەلەکەدا وجودی هەبوو ئەویش ئەوەبوو کە (بەندە) لە ١٩٩٨/١٢/٢٩ بە نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە هەولێر هەڵبژێردرابووم کاك (مستەفا ساڵح کەریم)یش لە ٢٠٠١/٤/٢٢دا لە کۆنگرەی (یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان) لە سلێمانی بە جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان هەڵبژێردرا کە ئەم خاڵە بووە جێگای رێخۆشکەری هەوڵی یەکگرتنەوەی هەردوو رێکخراوی رۆژنامەنووسان لە کوردستان، لەو ماوەیەدا تاکو روخانی رژێمی سەدام نامە و نامەکاری سەرزارەکی لە نێوانا هەبوو، بەڵام لە ناوەڕاستی مانگی مایسی ساڵی ٢٠٠٣ رۆژنامەنووس کاك زیرەك کەماڵ کە ئەوکاتە (دەورەی دووەم) سکرتێری سەندیکا بوو لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە نوێنەرایەتی ئێمە لە ئەنجومەنی سەندیکا نێردرایە سلێمانی تاکو لە نزیکەوە قسە لەگەڵ برادەرانی یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان

بکات (خاڵی ئەرێنی لەو مەسەلەیدا ڕۆژنامەنووسانی حزبی شیوعی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان) لە هەردوو ڕێکخراوەکەی ڕۆژنامەنووسان لە هەولێر و سلێمانی نوێنەریان لە هەردوو ئەنجومەنەکە هەبوو، کاتی خۆشی برادەرانی ئەنجومەنی سەندیکا لە هەولێر پێشنیاری ئەوەیان بۆ کردم کە من ڕاستەوخۆ بچم بۆ سلێمانی و قسە لەگەڵ برادەرانی سلێمانی بکەم، بەڵام من لە وەڵامدا پێم گوتن (کاك مستەفا و بەندە) لە لەندەن یەکترمان دیوە و باسمان لەو مەسەلەی کردووە و ناشمەوێ مەسەلەکە وا لێکبدرێتەوە کە کێشەکە لە نێوان پارتی و یەکێتیە، باشتر وایە وەکو دوو جاری پێشوو برادەرێکی ئەنجومەن لە ئاڕاستەیەکی دیکەدا سەردانی سلێمانی بکات، ئەوەبوو کاك زیرەك کەمال دەستنیشان کرا بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە کە تا ڕادەیەکی باش پرۆسەکە بەرەو پێشەوە چوو و لێکتێگەیشتنی زیاتر خۆی فەرز کرد و بە ڕواڵەت یەکگرتنەوەکە بوو بە مەسەلەی کات کە هەنگاوی عەمەلی بۆ بکرێت، پاش ماوەیەك شاندێکی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە ٢٠٠٣/٦/١٥ لە سلێمانییەوە هاتن بۆ هەولێر بەمەبەستی تەواوکردنی هەنگاوەکانی پێشوو، پاش گفتوگۆ و تاوتوێکردنی بابەتەکە دەرئەنجام گەیشتنە ئەو خاڵە کە لە سەرەتادا فیدراسیۆنێك بەناوی (فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان) پێکبهێندرێ و ئەنجوومەنێکیشی بۆ دیاری بکرێت لە هەردوولا بەمەبەستی کارکردن بۆ تەواوکردنی هەنگاوەکانی یەکگرتنەوەکە، ڕۆژی ٢٠٠٣/٦/١٥ لە هەولێر ئەنجوومەنی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پێکهات.

دواتر ڕاگەیاندراوێك دەربارەی ئەم کۆبونەوەیە گرنگ و مێژووییە بڵاوکرایەوە کە تێیدا سەراپای ناوەڕۆکی کۆبونەوەکەی ڕۆژی ٢٠٠٣/٦/١٥ی لەخۆگرتووە بەمەبەستی نیشاندانی قۆناغەکانی یەکگرتنەوەی هەردوو ڕێکخراوەکە کە لە ڕاستیدا کارێك و هەنگاوێکی گەورە بوو لەوانەشە تارادەیەك یەکێ لەو هۆکارانە بووبێ کە هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی پەرۆشانەتر

**و خێراتر بیر لە یەکگرتنەوەی هەردوو ئەو ئیداریەی هەرێمی کوردستان بکەنەوە، بۆیە لێرەدا تیشك دەخەمە سەر وردەکارییەکانی هەموو قۆناغەکان ئەوا لێرەدا راگەیاندراوەکانی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی کوردستان بڵاودەکەمەوە وەکو خۆی:**

## راگەیەندراوی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی کوردستان

بە مەبەستی زیاتر پتەو کردن و، کارا کردنی رۆڵی رۆژنامەنووسانی کوردستان لە نێو کایەو مەیدانە جۆربەجۆرەکانی کوردستان و، بەشداری کردن لە سڕینەوەی ئاسەوارەکانی دابەشبوون و پارچە پارچە بوونی نێوەندە کۆمەڵایەتی و پیشەییەکان، رۆژی (٢٠٠٣/٥/٣١) لە شاری سلێمانی کۆبوونەوەیەك لە نێوان ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەنجومەنی یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان بەڕێوەچوو.

دواتر بە مەبەستی جێبەجێ کردنی ئەو خاڵ و بابەتانەی کە لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاریان لەسەر درابوو، هەروەها زیاتر هەنگاونان بەرەو پراکتیزە کردنی ئامانجەکان، کە خۆی لە یەکخستنی هەردوولادا دەبینێتەوە، رۆژی (٢٠٠٣/٦/١٥) لە شاری هەولێر کۆبوونەوەیەکی دیکە لە نێوان هەردوولا ئەنجامدرا، کە نزیکەی دوو کاتژمێرو نیوی خایاند.

لەم کۆبوونەوەیەدا دوای ئەوەی هەردوولا بەشێوەیەکی بابەتییانە تاوتوێی کۆمەڵێك مەسەلەی گرنگی تایبەت بە رەوشی کاری پیشەییان کرد، کۆمەڵێك بڕیاری گرنگ و چلۆنایەتییان دا، کە بریتی بوو لە دروست کردنی نێوەندێکی هاوبەش بۆ هەردوو رێکخراوەکە بە نێوی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی کوردستان و دواتر لیژنەیەك بەنێوی ئەنجومەن بۆ فیدراسیۆنەکە هەڵبژێردرا، کە ژمارەیان بریتی بوو لە (١٢) ئەندام. هەروەها هەر لەم کۆبوونەوەیەدا ئەرکەکانی ئەم ئەنجومەنە دەست نیشان کرا، کە بریتی بوو لەم خاڵانە:

١- خۆ ئامادە کردن بۆ کۆنگرەی سەرتاسەری رۆژنامەنووسانی کوردستان، کە تاکو کۆتایی ساڵی (٢٠٠٣) ئەنجام بدرێت.

٢- یەکخستنی هەڵوێست و بۆچوون دەربارەی ئەرکە نیشتمانی و پیشەییەکانی کوردستان لەم قۆناغەدا.

٣- هەوڵدان بە مەبەستی دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوە رۆژنامەوانییە نێودەوڵەتییەکان.

هەروەها بڕیاردرا، هەردوو یەکێتیی و سەندیکا لەسەر ئاستی نێوخۆیی و هەڵسووڕاندنی کاروباری رۆژنامەنووسیی لە هەرێمی کوردستان بەردەوام بن، تاکو بەستنی کۆنگرەی سەرتاسەری.

شایانی باسە کۆبوونەوەکە بە گیانێکی بەرزی نیشتمانپەروەرییەوە، زیاتر جەختی لەسەر یەك خستنەوەی هەردوو نێوەندی رۆژنامەنووسی و زیاتر گەشە پێکردنی رەوشی رۆژنامەنووسی لە کوردستان و، پاراستنی پێکهاتەی مۆزائیکیی سەندیکاو یەکێتییەکە کردەوە.

| | |
|---|---|
| **ئەنجومەنی** | **ئەنجومەنی** |
| **سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان** | **یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان** |

**هەولێر/٢٠٠٣/٦/١٥**

**ڕۆژی یەك شەممە ڕێککەوتی (١٥/٦/٢٠٠٣) ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و، ئەنجومەنی یەکێتیی ڕۆژناموسانی کوردستان، لە شاری هەولێر کۆبوونەوە. سەرەتای کۆبوونەوەکە بەم شێوەبوو:**

- فەرهاد عەونی، نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، کورتە باسێکی لەسەر ڕەوشی ڕۆژنامەنووسان و بوونی دوو نێوەند بۆ ڕۆژنامەنووسان، لە هەرێمی کوردستان و چۆنیەتی دامەزراندنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان کردو، دواتریش باسی گرنگی هەماهەنگی و یەکخستنی ڕاو بۆچوون و گوتاری ڕۆژنامەنوسی هەردوو سەندیکای کرد لە بەرامبەر دنیای دەرەوەو، هەموو ئەو ئەرك و پێشهاتانەی ڕووبەڕووی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەبنەوە.

- فەرید ئەسەسەرد، نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان- سلێمانی، سەبارەت بە بارودۆخی ڕۆژنامەنووسی و بوونی دوو سەندیکا بۆ ڕۆژنامەنووسان و گرنگی یەکخستنەوەی هەردوو سەندیکاو کارابوونی ئەم یەکخستنە لە ژیانی سیاسی و جەماوەری و ڕۆژنامەگەری باسێکی خستە ڕوو. هەروەها گوتیشی: دەکرێت یاساکانی پەرلەمان بکرێنە بنەمای یەکخستنەوەی هەردوو سەندیکاکە.

دواتر هەریەك لە بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی هەردوو سەندیکا لەسەر چۆنیەتیی ڕێکخستنەوەو هاوئاهەنگی و کاری هاوبەشی هەردوولا کۆمەڵێك بارو سەرنج و تێبینی و ڕاو بۆچوونیان خستە ڕوو. هەروەها هەمولایەك جەختیان لەسەر هەنگاونان بەرەو زیاتر پتەو کردن و کۆ کردنەوەی سەرجەم ڕۆژنامەنووسان لەیەك نێوەندو بازنەدا کردەوە. جێی باسە سەرجەم تێبینی و بوون و باس و خستنە ڕووەکان جۆرێك لە یەکبوون و هاوئاهەنگی و لەیەکتر چونیان هەبوو.

**بڕیارەکان**

**یەکەم:** بڕیار درا ناوی هەردوو نێوەند، واتە سەندیکاو یەکێتی بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری هاوبەش بکرێتە فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و، لیژنەکەش بکرێتە ئەنجومەن، واتە ئەنجومەنی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

**دووەم:** بڕیار درا ئەنجومەنەکە (١٢) کەس بێت.

أ- سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بریتین لە:

١- فەرهاد عەونی.
٢- زیرەك کەمال.
٣- عەبدولڕەزاق عەلی.
٤- ئەکەد مراد.
٥- حامد محەمەد عەلی.
٦- ئازاد حەمەدەمین.

ب- یەکێتیی ڕۆژنامەنوسانی کوردستان بریتین لە:

١- فەرید ئەسەسەرد.
٢- مستەفا ساڵح کەریم.
٣- کەژاڵ ئەحمەد.
٤- ئەحمەد حامد.
٥- ئەهرۆ هەینی.
٦- ئەبوبەکر عەلی.

**سێیەم:**

أ- خۆ ئامادە کردن بۆ بەستنی کۆنگرەی سەرتاسەری ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.
ب- یەکخستنی هەڵوێست و بۆچوون، دەربارەی یەکسختنی ئەرکە نیشتمانی و پیشەییەکانی کوردستان.
جـ- ئەنجومەنی فیدراسیۆن کات و شوێنی کۆنگرە دیاری دەکات، بە مەرجێك سەقفە زەمەنییەکە تاکو کۆتایی ساڵی (٢٠٠٣)بێت و، لەم ماوە دیاریکراوەدا تێنەپەڕێت.
د- هەوڵدان بۆ دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە ڕۆژنامەنوسییە نێودەوڵەتییەکان.

**رۆژی دوو شەممە رێککەوتی ( ٢٠٠٣/٦/١٦ ) ئە نجومەنی هەردوو سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و یەکێتیی رۆژنامەنووسانی کوردستان، بەردەوامبوون بۆ رۆژی دووەم لەسەر کۆبوونەوەی خۆیان، هەر لەم کۆبوونەوەیەدا، ئەم بڕیارانە درا :**

١- بەلاغی کۆتایی کۆبوونەوەکە دوای خوێندنەوەو تاوتوێ کردنی، بڕیاری لەسەر درا.

٢- هەواڵێکی هاوبەش سەبارەت بە کۆبوونەوەکە نووسراو، بڕیاری لەسەر درا.

٣- بڕیار درا (٣) لیژنە پێك بهێندرێ:

أ- لیژنەی هەموار کردنی یاساو پەیڕەوی ناوخۆ.

ب- لیژنەی ئامادەکاریی بۆ کۆنگرە.

جـ- لیژنەکانی تایبەت بە پەیوەندی و وردەکارییەکانی کۆنگرە، وەکو پێشوازی و بەڕێوەبردن.

٤-

أ- رێژەی سەندیکای رۆژنامەنووسان (٢١٠) دووسەدو دە ئەندام بێت بۆ کۆنگرە.

ب- رێژەی یەکێتیی رۆژنامەنووسانی کوردستان (١٣٥) سەدو سی و پێنج ئەندام بێت بۆ کۆنگرە.

٥- سەبارەت بە لیژنەی ئامادەکاریی کۆنگرە، لیژنەیەك پێك بهێندرێت و بریتی بێت لە:

أ- فەرهاد عەونی.

ب- فەرید ئەسەسەرد.

جـ- زیرەك کەمال.

د- مستەفا ساڵح کەریم.

هـ- ئەکەد مراد.

و- ئاکۆ محەمەد.

٦- لیژنەی هموار کردنی یاساو پەیڕەوی نێوخۆو بڕیاردرا ئەندامانی ئەم لیژنەیەش بریتی بن لەم بەڕێزانە:

أ- ئازاد حەمەدەمین.

ب- حامد محەمەد عەلی.

جـ- سامان فەوزی.

د- نەهرۆ هەینی.

هـ- عەبدولواحید عەللاف.

و- ئەبوبەکر عەلی.

٧- لیژنەی پرۆتۆکۆل، واتە پێشوازی و بەڕێوەبردنی کاروباری کۆنگرە بڕیار درا، بریتی بن لەم بەڕێزانە:

أ- کەژاڵ ئەحمەد.

ب- فەهیم عەبدوللا.

جـ- زادۆق ئادەم.

د- د.موەفەق دەرگەڵەیی.

هـ- عەبدولڕەزاق عەلی.

و- ئەحمەد حامد محەمەد.

٨- بڕیار درا کۆبوونەوەی داهاتوو (٢٠٣/٧/٢٠) لە شاری سلێمانی ببەسترێت.

شایەنی باسە کۆبوونەوەکە بە سەرکەوتووانە کۆتایی هات و، نزیکەی (٢) کاتژمێری خایاند.

**فەرهاد عەونی** **فەرید ئەسەسەرد**

٢٠٠٣/٦/١٦

## راگەیەندراوێکی رۆژنامەنوسی دەربارەی
## کۆبونەوەی فیدراسیۆنی رۆژنامەنوسانی کوردستان

رۆژانی ٢٠ و ٢١-٧/٢٠٠٣ ئە نجومەنی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی کوردستان دووەمین کۆبوونەوەی خۆی بەبەشداری سەرجەم ئەندامانی ئە نجومەنەکە ئە نجامدا.

لە دانیشتنەکەدا وێڕای پێداچوونەوە بەکاروبارەکانی ڕابردوو هەروەها بەدواداچوونی بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆبوونەوەی پێشووتر، سەبارەت بە چۆنیەتی خۆئامادەکردن بۆ بەستنی کۆنگرەی سەرانسەری و دابینکردنی میکانیزم و پێداویستیەکانی کۆنگرەش کۆمەڵێك لیژنەی تایبەتی دروست کردو بڕیاریش درا تاکو ٢٠٠٣/٩/١٥ لیژنەکان سەرجەم ئەرك و کارەکانی خۆیان جێبەجێ کردبێت و زەمینەی ئە نجامدانی کۆنگرەیان رەخساندبێت و هەر لەم کۆبوونەوەیەشدا بڕیار درا کە کۆنگرەکە لە شاری هەولێر ببەسترێت.

هەروەها ئە نجومەن هەر لەم کۆبوونەوەیەدا هەڵوێستی خۆی لە بەرامبەر سەندیکای ڕۆژنامە نووسانی عێراق لەحاڵەتی دروست بوونیدا دیاری کردو لە ڕێگای ڕاگەیەندراوێکی تایبەتیشدا ئەم هەڵوێستەی خۆی ڕونکردەوە.

سلێمانی

٢٠٠٣/٧/٢١

# راگەیێندراوێك لە
# ئەنجوومەنی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی کوردستان

دوای ئــەوەی هــەردوو ئەنجوومــەنی ســەندیکای رۆژنامەنووســانی کوردســتان لــە هــەولێر و یــەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان لە سلێمانی لە ناوەراستی حوزەیرانی ٢٠٠٣ بــە مەبەســتی یەکخســتنەوەی هەردوو رێکخراو ژمارەیەك دیـدارو کۆبوونــەوەی هاوبەشـیان لــە هــەردوو شـاری سـلێمانی و هــەولێر ئەنجامدا و دواتریش ئەنجوومەنی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووســانی کوردســتانیان راگەیانـد، دوای ئەمــەش ئەنجوومەنی فیدراسیۆن بەردەوام بوو لەسەر کۆبوونەوە و چالاکیەکانی خۆی بــە مەبەســتی خۆشـکردنی زەمینە و دابین کردنی میکانیزمەکانی بەستنی کۆنگرەیەکی گشــتی سەرانســەری بــۆ رۆژنامەنووســانی کوردستان و وەرگرتنی هەڵوێستێکی هاوبەشانە لەسەردەرکەوتەو پێشهاتەکان لەسەر ئاســتی سیاســی و پشەیی. هەر لەم چوارچێوەیەشدا فیدراسیۆن لە رۆژی ١و٢-١٠-٢٠٠٣ لە شـاری دهـۆك ســێ یــەمین کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا و لە میانەی ئەم کۆبوونەوە یەشدا ژمارەیــەك بریــارو راســپاردەی گــرنگ و بابەتی لەمەر کۆمــەڵێك مەســەلەی گــرنگ وەرگــرت، کۆبوونەوەکــە دەســپێکی کارەکـانی خــۆی بــە پێداچوونەوە بە ئەرك و چالاکی ئەو لیژنانەدا دەستی پێکرد کە ئەنجوومەن بە مەبەســتی ئامـادەکردنی ئالیەت و رەخساندنی زەمینەی بەستنی کۆنگرە دروســتی کــردوون و هەرلــەم کۆبوونەوەیەشـدا لیژنــەی ئامادەکردنی کـۆنگرە لیســتی نوێنــەرانی کـۆنگرەی خســتە بــەردەمی ئەنجوومــەن، کــەوا دەزگاکـانی راگەیاندن و نێوەندەکانی رۆژنامەگەری لە سلێمانی و دهۆك و هــەولێر لــە رێگـای بەســتنی کۆنفراســی تایبەتی خۆیان لەسەر بنەمای بۆهەر پێنچ رۆژنامــەنووس نوێنــەرێك هەڵیانبــژاردبوون، دواتــر لیژنــەی دارایی راپۆرتی خۆی خوێندەوە کەوا تیایدا خــەملانی خــۆی لەســەر ئــەو پێداویســتیانەکرد بــوو کــەوا کۆنگرە بۆ بەستنی خۆی پێویستی پێیەتی، ئینجا ئەنجوومەن سەیری ئەو ئارمانەی کرد کەژمارەیەك لە هونەرمەندانی کوردستان بۆ دروشمی کۆنگرە ئامادەیان کردبوون، داتریش هەڵبژاردی یەکێك لەو نموونانە دواخرا بۆ ماوەیەکی تر، ئەنجوومەنی فیدراسیۆن هەرلەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاریدا کەوا کـۆنگرەی گشــتی خۆی لە مانگی کانوونی یەکەمی ئەمساڵ ببەستێت و ناوی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کۆنگرەکــەش بــەو پێی ئەلف و بیّ لە دەزگاکانی راگەیاندن لە ناوەراستی ئەم مانگەدا بلاوبکرێنەوە و بۆئــەم مەبەســتەش ئەنجوومەن داوا لەسەرجەم ئەندامانی هەڵبژێدراو بۆ کۆنگرەی گشــتی دەکـات کــەوا وێنەیــەکی خۆیــان بدەنە هەریەك لە بارەگاکانی ئەنجوومەن لە دهۆك و هــەولێر و ســلێمانی بەمەبەســتی دروســت کردنــی باجی تایبەتی خۆیان.

لەتەوەرەیەکی تری کۆبوونەوەی خۆیدا ئەنجوومەنی فیدراسیۆن تاوتوێی ئەو نامانەی کرد کــەوا لەلایــەن هەریەك لە لیژنەی ئامادەکاری سەندیکای رۆژنامەنووسان و یەکێتی رۆژنامەنووسانی عێراقی ئاراستەی کرابوو، جارێکی تریش ئەنجوومەن جەختی لەسەر ئەو هەڵوێست و مەبدەئە بنچینەییەی خــۆی کــردەوە

کەوا لەمانگی تەمووزی رابردوو لەسەر ئەم مەسەلەیەدا خستبوویە روو کە تیایدا راشکاوانە سەر بەخۆیی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی کوردستانی راگەیاندبوو کە نوێنەرایەتی سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەو رۆژنامەنووسانەی کوردستانیش دەکات کە لە بەغدا خەریکی کاری رۆژنامەوانین، هەروەها فیدراسیۆن بەمافی رەوای خۆی دەزانێت کە قەوارەی خۆی بەسەر بەخۆیی بهێڵێتەوەوە رێگا بەهیچ ئەندامێکی خۆشی نادات ببێتە ئەندامی هیچ سەندیکاو یەکێتەیەکی رۆژنامەنووسی کە لە بەغدا دادەمەزرێت.

هەر لەم گۆشە نیگایەشەدا هیچ ئەندامێکی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی کوردستان بە شداریی هیچ لیژنەیەك و هەڵبژاردنێکی ئەوان ناکات و هەرکەسێکیش لە ژێر هەترناوێك بێت بەهیچ شێوەیەك نوێنەرایەتی ئێمە ناکات.

چونکە ئەنجومەنی فیدراسیۆن بریاریداوە ئەگەر لە ئایندەدا نێوەندێکی رۆژنامەنووسان لەسەر بنەمایەکی دیموکراسیانە لە بەغدا دامەزرا پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ئەو نێوەندە لە رێگای لیژنەیەکی تایبەتی خۆیەوە دەبێت، کەئەم لیژنەیە ببێتە پردی نێوان هەردوولا بۆ هاوکاری کردنی یەکتری لەرووی پیشەیی و مەعنەوی، جیّ ی باسە ئەنجوومەنی فیدراسیۆنی هەرلەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاریدا دوای بەستنی کۆنگرەی گشتی خۆی لقێکی لە شاری بەغدا بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەو لقە سەرجەم ئەو رۆژنامەنووسانەی کوردستان بگرێتەخۆی کەلە شاری بەغدان و خەریکی کاری رۆژنامەنووسین.

هەروەها کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی فیدراسیۆن جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کەوا هەرچی زووە لیژنەکان پەلە بکەن لە خۆ ئامادەکردن و دابینکردنی میکانیزم و پێداو یستەکانی بۆ ئەوەی کۆنگرەی گشتی رۆژنامەنووسان و لەسات و کاتی دیاریکراوی خۆی ببەسترێت.

دواتر کۆبوونەوەکە لە کۆتایی کارەکانی خۆیدا سوپاسی گوزاری خۆی ئاراستەی لقی دهۆکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی کرد کەوا شوێن و پێداویستەکانی بە مەبەستی کۆبوونەوەیان گرتبووە ئەستۆی خۆیان و هەروەها بریاریش درا ئەنجوومەنی فیدراسیۆن کۆبوونەوەی داهاتووی خۆی لە شاری هەڵەبجەی شەهید ئەنجام بدات.

**ئە نجوومەنی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی کوردستان**

**دهۆك** ٢٠٠٣/١٠/٢

2

# ڕاگەیەندراوی چوارەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

ڕۆژانی ٢٣-٢٤/١٠/٢٠٠٣ ئەنجومەنی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان چوارەمین کۆبوونەوەی خۆی لەشاری هەڵەبجەی شەهید ئەنجامدا. سەرەتا ئەنجومەن بەر لەدەستپێکی کارەکانی خۆی سەردانی یادگاری هەڵەبجەو مەزاری شەهیدانی کارەساتی هەڵەبجەی کردو چەپکەگوڵی ئەنجومەنی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی لەسەر مەزاری شەهیدان دانا، دواتر ئەنجومەن لەهۆڵی یادگاری هەڵەبجە دەستی بەکۆبوونەوەکانی خۆی کردو سەرەتای کۆبوونەوەکەش پێداچوونەوە بوو بەئەرك‌و کارەکانی ئەو لیژنانەدا کەئەنجومەن بۆ مەبەستی ئامادەکاریی بەستنی کۆنگرەی گشتی دروستیکردوون.

لەپاشاندا ئەنجومەن دوای گفتوگۆیەکی بابەتیانە بڕیاریدا کۆنگرە لەژێر دروشمی (لەپێناو چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی‌و دەستەبەرکردنی ماف‌و گوزەرانی ڕۆژنامەنووسان)دا بەڕێوەبچێت، هەروەها بابەتێکی‌تری کۆبوونەوەکە قسەکردن‌و تاووتوێکردنی ئەو فۆڕمانەبوو کەژمارەیەك لەهونەرمەندانی کوردستان بۆ ئارمی کۆنگرەی گشتی ئامادەیان کردبوو، دواتریش ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە ئارمەکەی هونەرمەند محمد فەتاح-یان پەسەندکردو باجی ئەندامانی کۆنگرەش بڕیاری لەسەر درا، هەروەها تەوەرێکی‌تری سەرەکی کەچوارەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەن بەشێوەیەکی بابەتیانەو تێروتەسەل هەڵوەستەی لەسەرکرد لەدوایشدا بەوردی گفتوگۆی لەبارەوەکرد، ئەو پرۆژەیە بوو کەلیژنەی پێداچوونەوە بەیاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئامادەی کردبوو، دوای شیکردنەوەو هەڵوەستەکردنی لەسەر بڕگەو بابەتەکانی ئەم پرۆژەیە پەسەندکرا.

جێی باسە کۆبوونەوەکە بڕیاریدا کۆنگرەی گشتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەڕۆژی (١٣و ١٤و ١٥/١٢/٢٠٠٣)دا لەشاری هەولێر بەڕێوەبچێت.

لەکۆتاییشدا ئەنجومەنی فیدراسیۆن سوپاس‌و پێزانینی خۆی ئاراستەی تەی ئیداریی یادگاری هەڵەبجەو بەرپرسانی حکومی‌و حزبی شارەکەکرد بەوپەڕی گەرمی‌و دڵسۆزییەوە لەپێشوازی ئەنجومەنی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی کوردستاندا بوون‌و بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەکە هەماهەنگی‌و ئاسانکارییان کرد.

هەڵەبجەی شەهید

٢٠٠٣/١٠/٢٤

## ئه نجوومه نی فیدراسیۆنی

## رۆژنامه نووسانی کوردستان پێنجه مین کۆبوونه وه ی خۆی ئه نجامدا

رۆژی پێنج شهممه رێکه وتی ٢٠٠٣/١٢/٤ ئه نجوومه نی فیدراسیۆنی رۆژنامه نووسانی کوردستان پێنجه مین کۆبوونه وه ی خۆی گرێدا.

کۆبوونه وه که له ده سپێکی کاره کانی خۆیدا تاووتۆێ ی نه خشه و پرۆگرام و بڕیاره کانی تایبه ت به به ستنی کۆنگره ی گشتی رۆژنامه نووسانی کوردستان کرد، که وا ئه نجوومه ن له کۆبوونه وه کانی رابردوو بڕیاری له سه ر دابوو، هه روه ها ئه نجوومه ن له ته وه رێکی تری کۆبوونه وه ی خۆیدا ژماره یه ك لیژنه ی نوێ ی دروست کرد، که وا هه ریه ك له م لیژنانه کارو ئه رکێکی تایبه تی پێ ده سپێردرێت و له رۆژانی به ستنی کۆنگره که جێ به جێ ی ده که ن، هه روه ها له م کۆبووه نه وه یه شدا ئه نجوومه ن جارێکی تر جه ختی له سه ر ئه وه کرده وه که وا به ستنی کۆنگره ی گشتی رۆژنامه نووسانی کوردستان که وا رۆژی ٢٠٠٣/١٢/١٣ ده بێت و بۆماوه ی سێ رۆژیش به رده وام ده بێت له شاری هه ولێر، هه روه ها ئه نجووومه نی فیدراسیۆنی رۆژنامه نووسانی کوردستان جه ختی له سه ر پاراستنی ئه و ئیئتیلافه به رفراوان بابه تیه کرده وه، که له رێڕه وی خۆیدا په یڕه وی کردووه، ئه مه ش له لایه ك له ده ره نجامی درك کردنه به و هه ول و مه رجه سیاسیه بابه تیه ی که وا گه لی کوردستان و بزووتنه وه ی رۆژنامه گه ری پیایدا تێ ده په ڕێت و له لایه کیش گوزارشت کردنه له و پێکهاته نه ته وه یی و ئاینی و سیاسیه ی که وا کۆمه ڵگای کوردستانی پێکهێناوه.

ئه نجوومه نی
فیدراسیۆنی رۆژنامه نووسانی کوردستان
٢٠٠٣/١٢/٥
هه ولێر

الزمان
www.azzaman.co
عربية يومية دولية مستقلة
AZZAMAN.COM
...spaper Vol. 6 Issue 1544 -Mon. 30/6/2003
العدد 1544 الاثنين 30 ربيع الثاني 1424 هـ - 30 حزيران (يونيو) 2003 م

### مراسلات ولقاءات بين الجانبين استمرت ثلاثة اعوام

## قبول نقابة صحفيي كردستان العراق عضوا في اتحاد الصحفيين العالمي

اربيل - طارق ابراهيم شريف

قرر اتحاد الصحفيين العالمي الذي يتخذ من العاصمة البلجيكية بروكسل مقرا له قبول نقابة صحفيي كردستان العراق (تأسست عام 1998 ومقرها في مدينة اربيل) عضوا مشاركا في الاتحاد المذكور. وتم ابلاغ مجلس النقابة بمضمون هذا القرار عبر رسالة تحريرية بعثت بها قبل ايام كريستيان دينز السكرتيرة التنفيذية لاتحاد الصحفيين العالمي الى فرهاد عوني نقيب صحفيي كردستان ذكرت فيها ان اتحاد الصحفيين العالمي اتخذ القرار المذكور خلال اجتماعه الاعتيادي المنعقد في بروكسل يومي السابع والثامن من شهر حزيران (يونيو) الحالي.

واضافت دينز في رسالتها انه يحق للنقابة منذ الان حضور الاجتماعات السنوية لاتحاد الصحفيين العالمي وفرصة سماع صوتها خلال تلك الاجتماعات وكذلك يحق لها المشاركة في انتخاب اللجنة التنفيذية لاتحاد الصحفيين العالمي والذي يتم عادة خلال مؤتمر يعقد مرة كل ثلاثة اعوام وان المؤتمر القادم للاتحاد والذي ستشارك فيه نقابة صحفيي كردستان لاول مرة سيعقد في العاصمة اليونانية اثينا خلال شهر ايار (مايو) عام 2004.

وقال فرهاد عوني نقيب صحفيي كردستان في حديث خاص لـ (الزمان): ان قرار قبول النقابة كعضو مشارك في اتحاد الصحفيين العالمي جاء نتيجة جهود حثيثة بذلتها النقابة منذ عام 2000 عبر تبادل الرسائل التحريرية بين النقابة واللجنة التنفيذية لاتحاد الصحفيين العالمي وكذلك خلال المباحثات التي اجريتها شخصيا في لندن مع جيم موبيلا مستشار رئيس اللجنة التنفيذية لاتحاد الصحفيين العالمي خلال لقائنا معا في اواخر شهر كانون الاول (ديسمبر) من العام الماضي اضافة لقيام عضو النقابة حسين سنجاري بمتابعة نتائج هذه الاتصالات مع المعنيين في الاتحاد خلال زيارته لبروكسل العام الماضي ولاشك ان اصدار هذا القرار يعد مكسبا مهنيا كبيرا للاسرة الصحفية في اقليم كردستان العراق وسيساهم في تطوير ودعم اساليب العمل الصحفي وترسيخ حرية الصحافة وضمان حقوق الصحفيين وسلامتهم في اقليم كردستان بصورة خاصة وفي العراق بصورة عامة.

واضاف نقيب صحفيي كردستان قائلا وبموجب هذا القرار سيحق لاعضاء نقابة صحفيي كردستان حمل الهوية الصحفية الصادرة من اللجنة التنفيذية لاتحاد الصحفيين العالمي. وقد كلفت النقابة احد اعضائها وهو شيركو حبيب المقيم في لندن حاليا للقيام بمراجعة مقر اللجنة التنفيذية للاتحاد في بروكسل يوم العاشر من شهر تموز (يوليو) المقبل لغرض استلام الاستمارات الخاصة المتعلقة بتنظيم الهوية الصحفية العالمية لاعضاء النقابة الذين سيترتب عليهم الايفاء بالتزاماتهم المالية لاتحاد الصحفيين العالمي وذلك بدفع مبلغ دولار واحد كبدل اشتراك سنوي ودفع مبلغ عشرة دولارات لمرة واحدة مقابل حصولهم على هوية اتحاد الصحفيين العالمي

---

الزمان
AZZAMAN.COM

١٣٠٠ صحفي كردي يعدون لعقد مؤتمر موحد

أربيل ـــ طارق ابراهيم شريف:

قرر التنظيمان المهنيان الصحفيان الموجودان في اقليم كردستان العراق وهما نقابة صحفيي كردستان التي تأسست عام ١٩٩٨ وتتخذ من مدينة أربيل مقراً لها واتحاد صحفيي كردستان الذي تأسس عام ٢٠٠١ ويتخذ من مدينة السليمانية مقراً له توحيد نشاطهما المهني ضمن فيدراسيون صحفي لجميع الصحفيين الكردستانيين الذين يبلغ عددهم حالياً ١٣١١ صحفياً وصحفية بما يعزز دورهم في المجتمع بعد التطورات السياسية التي شهدها العراق اثر سقوط النظام في التاسع من نيسان (ابريل) الماضي. جاء ذلك خلال اجتماع مشترك عقده مجلسا النقابتين امس في مدينة اربيل عاصمة الاقليم اتخذت خلاله قرارات عدة مهمة منها انتخاب مجلس يضم اثني عشر عضواً، وتم كذلك تحديد مهام وواجبات المجلس المذكور وتضمنت التهيئة لعقد مؤتمر عام لجميع صحفيي كردستان العراق في أواخر العام الحالي والعمل الجاد لاقامة قنوات الاتصال مع المنظمات الصحفية العالمية.

وشكلت أيضاً ثلاث لجان فرعية هي لجنة الاعداد للمؤتمر العام المقبل ولجنة تقديم المقترحات لتعديل قانون النقابة ونظامها الداخلي ولجنة الاستقبال والتشريفات أثناء انعقاد المؤتمر.

كما تقرر خلال الاجتماع المشترك لمجلسي نقابة صحفيي كردستان واتحاد صحفيي كردستان مواصلة التنظيمين المهنيين الحاليين بأداء أعمالهما الاعتيادية لحين عقد المؤتمر العام المقبل.

يذكر ان هذا الاجتماع هو ثاني اجتماع يعقده المجلسان المذكوران للنقابة والاتحاد حيث سبق لهما ان عقدا اجتماعهما الأول في الحادي والثلاثين من شهر ايار (مايو) الماضي في مدينة السليمانية وبحثا خلاله الخطوات التمهيدية لتوحيد صفهما المهني.

ڕۆژنامەی (ئەلزەمان) هەواڵی گرێدانی کۆنگرەی گشتی یەکەمی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پاش یەکگرتنەوەی هەردوو ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان (سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان) لەژمارەی (١٥٣٣) ڕۆژی ٢٠٠٣/٦/١٧ بڵاوکردۆتەوە، لەژێر ناونیشانی (١٣٠٠ ڕۆژنامەنووسی کورد ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی یەکگرتووی یەکەم دەکەن)

کار و هەنگاوەکانی کۆنگرەی یەکگرتنەوەی هەردوو ڕێکخراوەکە (سەندیکا و یەکێتی ڕۆژنامەنووسان) زۆر بە ڕێکوپێکی دەچووە ڕێوە، ئەنجوومەنی فیدراسیۆنەکەش کە بریتی بوون لە (١٢) ڕۆژنامەنووس، هەردوو ڕێکخراوەکە کە تێیدا سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و سیاسی و ئایینیەکانی کوردستانی لەخۆگرتبوو، لێرەدا نامەوێ باسی یەکەیەکە لە برادەرانی ئەندامی ئەنجومەنی فیدراسیۆن بکەم کە هەندێکیان دۆست و برادەری دێرینم بوون سەرەڕای هەڤاڵیەتی پارتایەتیمان لە ساڵانی رابردوو لەگەڵ هەندێکیان، بەڵام لێرەدا دەمەوێ ڕۆڵ و بۆچوونی برای بەڕێز کاك فەرید ئەسەسەرد لەم یەکگرتنەدا بکەم، من پێشوتر کاك فەریدم هەر بە ناو ناسیبوو، وەکو ڕۆشنبیرێکی دیاری سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا لە ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەڵام ئەوەی لە کاك فەریدم بەدیکرد لە نێوان ئەو (٦) مانگەی کە تێیدا پێکەوە سەرۆکایەتی فیدراسیۆنەکەمان دەکرد کە خەمخۆری و هەوڵدانی جدی بوو بەمەبەستی تەواوکردنی پڕۆسەی یەکگرتنەوەکە جوامێرانە دەهاتە بەرچاو، پاشانیش کاتی، قسە هاتە سەر دیاریکردنی نەقیب و جێگری نەقیب لە کۆنگرەدا، دیسان زۆر جوامێرانە و راشکاوانە گوتی (من بەش بە حاڵی خۆم تاکو ئێرەم هێناوە، پاشانیش ئەرك و کاری دیکەم زۆرە، باشترین کەسیش بۆ پۆستی نەقیب کاك (فەرهاد عەونی)یە کە وابزانم زۆر بێلایەنانە هەڵسوکەوت دەکات بەتایبەتیش لەوکاتەی کە ئەم فیدراسیۆنەمان دامەزراندووە، ئەوەی دەشزانم کاك مستەفا ساڵح کەریم و کاك فەرهاد دەمێکە برادەری یەکترین و زۆریش گونجاون، بۆیە من کاك مستەفا بە گونجاوترین کەس دەزانم بۆ جێگری نەقیب، باقی مەسەلەکانی دیکەش لە بچوکترینەوە تا گەورەترین بەرنامەڕێژیمان بۆ کردووە) بۆیە (الشیء بالشیء یذکر) کاتێ (ئایدان وایت) سکرتێری گشتی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی IFJ لەگەڵ وەفدێکی گەورەی سەندیکاکانی بەریتانیا، فەڕەنسا، تونس، میسر و یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب، سەردانی کوردستانیان کرد لە ڕۆژانی ٢١، ٢٠٠٤/١/٢٢ لەکاتی پێشوازییاندا لە بارەگای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی

کوردستان کاك فەرید ئەسەسەردم پێشکەش بە ئایدان وایت کرد و گوتم (کاك فەرید نەقیبی یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان بوو بەلام لە کۆنگرەی گشتی یەکەمدا ئەو تەنازولی بۆ من کرد و هەڵبژێردرام بە نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان)، (ئایدان وایت)یش بە تەعلیقێکی کورت گوتی (پیرۆزبایی لێ دەکەم کە زۆر ژیرانە مامەڵەی لەگەڵ بابەتەکە کردووە)، بەپێی بڕیارەکانی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی کوردستان کە لە لاپڕەکانی پێشوودا باسی لێوەکراوە هەردوو رێکخراو (سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان) لەژێر دروشمی (لەپێناو چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی و دابینکردنی مافی گوزەرانی رۆژنامەنووسان لە کوردستان) لە رۆژانی ١٣-٢٠٠٣/١٢/١٥ کۆنگرەی گشتی خۆیان (یەکەم) ئەنجام دا (لێرەدا جێی وەبیرهێنانەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان پێشوتر دوو کۆنگرەی خۆی بەستبوو لە سالانی ١٩٩٨ - ٢٠٠٠ (٢٠٠٠-٢٠٠٢))دا و یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستانی کۆنگرەی یەکەمی خۆی لە ٢٠٠١/٤/٢٢ ئەنجام دابوو، بەلام ئێمە هەردوولا پاش راگەیاندنی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی کوردستان بڕیارمان دا کەوا کۆنگرە پێکەوە دەبەستین لە رۆژانی ١٣-٢٠٠٣/١٢/١٥ ناوی لێ دەنێین کۆنگرەی گشتی یەکەم، چونکە کۆنگرەیەکی گشتی سەرتاسەرییە کە تێیدا (٤٧٥) رۆژنامەنووسی ئەندامی کۆنگرە لەبری نوێنەرایەتی سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان بەشدارییان تێداکرد و رۆژی ٢٠٠٣/١٢/١٣ لە کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی لە رێورەسمێکی شکۆداردا ئاهەنگی دەستپێکردنی دانیشتنی یەکەمی کۆنگرە دەستی پێکرد بە ئامادەبوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی هەولێر) و نوێنەری بەڕێز د. بەرهەم سالح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی سلێمانی) کە بەڕێز (فتاح زاخۆیی) وەزیری رۆشنبیری (ئیدارەی سلێمانی) نوێنەریان بوو لەگەڵ چەندین کەسایەتی و ئەندامی سەرکردایەتی لایەنە سیاسییەکان.

ڕێوڕەسمی دانیشتنە مێژوییەکەی یەکەمی کۆنگرە بە وتاری فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەلایەن ڕۆژنامەنووس زیرەك کەمال خوێندرایەوە، کاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی هەولێر) وتاری خۆی خوێندەوە ئەوجا وتاری د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی سلێمانی) لەلایەن کاك فەتاح زاخۆیی خوێندرانەوە، ئەوجا وتاری یەکێتی ڕۆژنامەنووسان و سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لەلایەن کاك فەرید ئەسەسەرد و بەندە خوێندرانەوە، بەکۆتاهاتنی دانیشتنی یەکەم، دانیشتنی دووەم پاش بەجێهێڵانی میوانان دەستی پێکرد، چەند لیژنەی جۆراوجۆر بە مەبەستی پێداچوونەوە و دەوڵەمەندکردنی سەرجەم ڕاپۆرتەکان و یاسای سەندیکا و پەیڕەوی ناوخۆ دروستکران، سەرەڕای لیژنەی دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرە کە لە نێوان چوار دانیشتن ماوەی ئەو سێ ڕۆژە دانیشتنی لیژنەکان ئیش و کارەکان زۆر بە هێمنی و ڕێکوپێکی بەڕێوەدەچوو، دەتگوت ئەو ٤٧٥ ڕۆژنامەنووسە ئەندامی یەك لایەنی سیاسی پارتێکی کوردستانین، تەنها (٨) ڕۆژنامەنووس نەبێت کە پاشان دوانیان پاشگەز بوونەوە بایکۆتی دواڕۆژی هەڵبژاردنیان کرد و ڕازی نەبوون بە ئیرادە و بڕیاری ٤٦٧ ئەندام لە کۆی ٤٧٥ ئەندام، کە بەسەرپەرشتی دادوەر (عبدالباسط فەرهادی) و نوێنەری پارێزگای هەولێر (دانا عوزێری)، لەکۆتاییدا لەدوادانیشتنی ڕۆژی ٢٠٠٣/١٢/١٥دا لیستی ئازادی کاری ڕۆژنامەنووسی بەکۆی دەنگ و بەبێ بوونی لیستی بەرامبەر دەرچوو کە لە سەرەتادا (بەندە) بە کۆی دەنگ بە نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان هەڵبژێردرام، ئەوجا ئەندامی ئەنجومەن و یەدەگەکانی ئەوانیش بەکۆی دەنگ هەڵبژێردران کە بریتی بوون لەو بەڕێزانە (مستەفا ساڵح کەریم، فەهیم عبدالله، خالد بکر ایوب، زیرەك کەمال، حامد محەمەد عەلی، ئەکەد موراد، سۆزان مامە، ئەنوەر حوسێن) و هەردوو ئەندامی یەدەگیش (خەیری بوزانی و شوان هەورامی) هەڵبژێردران، پاشان ئەندامانی لیژنەی چاودێری کە بریتی بوون لە (شەوقی حوسێن و نەوزاد پۆلص و عوسمان دەشتی و اسماعیل

عبدالكریمیش بە ئەندامی یەدەگ و لیژنەی بەرزەفت کە بریتی بوون لە (ئاکۆ محەمەد، نەوزاد مەحمود، ئومێد خەلیفە و ئۆسکار ئیسماعیل)یش بە ئەندامی یەدەگ هەڵبژێردران، لە یەکەم دانیشتنی ئەنجومەن کە بەندە راستەوخۆ سەرپەرشتیم دەکرد، بەڕێز مستەفا ساڵح کەریم بە جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و زیرەك کەمال بە سکرتێری سەندیکا هەڵبژێردران، کۆنگرە بە سەرکەوتویی کۆتایی بە کارەکانی هێنا و چەندین بڕیار و راسپاردەی هەمەجۆری راگەیاند کە دەبوایە یەکە یەکە کاری بۆ بکرێ تاکو رۆژانی بەستنی کۆنگرەی دووەم.

شایانی باسکردنە لێرەدا کە بۆ یەکەم جار لە کۆنگرەیەکی ناوخۆیی رێکخراوێکی کوردستانی پاش روخانی رژێمی سەدام حوسێن لە ٢٠٠٣/٤/٩دا فەرماندەی گشتی هێزەکانی هاوپەیمانان لە کوردستان ئامادەبێت کە ئەویش بەڕێز (هاری شوت) بوو کە تێیدا وتارێکی خوێندەوە کە لەسەرەتادا گوتی (رۆژنامەنووسان دەبێ پابەندبن بەوەی کە بە شوێن راستیدا بگەڕێن و راپۆرت لەسەر راستییەکان بنووسن).

لەنێوان رۆژانی کۆنگرەدا (کۆنگرەی گشتی یەکەم) چەند رووداوێك کە ناکرێ باسی لێوە نەکەم روویدا کە یەکەمیان دەستگیرکردنی دیکتاتۆر سەدام حوسێن بوو کە رۆژی ٢٠٠٣/١٢/١٤ لە ناو چەی دۆرە لە نێو (کونە جاڵجاڵۆکەیەکدا) لەلایەن هێزی هاوپەیمانانەوە دەستگیر کرابوو و رۆژی ١٢/١٥ش کاك سەربەست بامەڕنی دۆستی دێرینی ئازیزم هەواڵەکەی لەسەر شانۆی هۆڵەکە راگەیاند، بەچەپڵەڕێزانەوە پێشوازی لەو هەواڵە یەکجار خۆشە کرا و کۆنگرەش بەکۆی دەنگ دەقی ئەو راگەیاندراوەی پەسەند کرد کە بەبۆنەی دەستگیرکردنی دیکتاتۆری سەردەم (سەدام حوسێن) ئامادەکرابوو.

رووداوی دووەم کە تایبەتە بە خودی خۆمەوە ناکرێ لێرەدا باسی لێوە نەکەم، چونکە لەناخەوە برینداری کردم، لەبەر دوو هۆکار کە یەکەمیان

پەیوەندی بە را و بۆچوون و هەڵسەنگاندنی خۆمەو هەیە و تێیدا ئازادم لە را دەربڕین ئەوجا ئەگەر زەرەر و زیانی بۆ کەس نەبێت، دووەم کات و ساتی رووداوەکەیە کە قەت رۆژێك لە رۆژان نەمدەزانی و بە خەیاڵمدا نەدەهات ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بەم شێوەیە مامەڵەم لەگەڵ بکات و موحاسەبەم بکات کە ماڤ ئەو نەبوو، ئەم بابەتەشم لە چوارچێوەیەکی زۆر تەسکدا باس کردووە کە لێرەدا وەکو خۆی دەیگێڕمەوە:

لەکۆتایی مانگی (١١)ی هەر ئەم ساڵە (٢٠٠٣) تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان و رۆژنامەی کوردستانی نوێ دیمانەیەکی تایبەتیان لەگەڵ کردم دەربارەی بەڕێز جەلال تاڵەبانی کە لە مانگی (١١)دا بە سەرۆکی ئەنجوومەنی حوکم هەڵبژێردرا بەپێی ئەو سیستەمەی کە بۆ ئەو سەرکردە عێراقیانە دەستنیشان کرابوو کە هەر مانگە سەرکردەیەکی عێراقی ئەوجا چە کورد چە عەرەب، بە جیاوازیی بیروڕای سیاسی، نەتەوەیی، ئایینی رێکخرابوو، لەڕاستیدا هەڵبژاردنی دوو کەسایەتی کورد و دوو سەرکردەی لێهاتووی وەك بەڕێزان کاك مەسعود بارزانی و مام جەلال جێگای رەزامەندی و دڵخۆشی سەرتاسەری گەلی کوردستان بوو، چونکە ئاشکرایە ئەو دوو سەرکردەیە کارێزمایە چە رۆڵێکی بەرچاو و گرنگیان لە بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان دیتووە، بۆیە من هەمیشە هەر لە سەرەتای ژیانی سیاسیمدا رۆڵی ئەو دوو کەسایەتی و سەرکردانەوەم بەرز نرخاندووە، کاتێ رۆڵی ئەرێنییان لە بزوتنەوەکەدا دیتووە، زۆرجاریش تاکو رۆژانی ئەمڕۆش لە رەخنەگرتن نەوەستاوم ئەوجا بەرامبەر هەر دیاردەیەکی نالەبار، هەر هەڵەیەکی سەرکردەکان ئەگەر بە بڕوای من لە بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستاندا نەبێت، عەبدولمەوجود تەهای برادەری دێرینم زۆرباش لە بیرە کاتێ لە پاییزی ساڵی ١٩٦٦وە لە کۆلێژی ئابووری و زانستە سیاسییەکانی زانکۆی بەغدا یەکترمان ناسی کە هەردووکمان لە ریزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کارمان دەکرد، زۆرجار دەمگوت (ئەگەر مائیدە

نەزهەتی گۆرانیبێژی ئافرەتی عێراقی گۆرانییەك بۆ كورد بڵێ من وێنەكەی هەڵدەواسم و رێزی لێ دەگرم).

بەو شێوەیە زۆر نەتەوەییانە بیرم لە مەسەلەكان دەكردەوە و هەڵم دەسەنگاند چ جای سەركردەكانی بزوتنەوەی گەلی كوردستان كە هەر لە منداڵیمەوە گوێم بەناویان پڕبووە.

پرسیارەكەی تەلەفزیۆنی گەلی كوردستان و رۆژنامەی كوردستانی نوێ دەربارەی هەڵبژاردنی مام جەلال بوو بۆ سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی حوكم لە عێراق لە مانگی ١١ی ساڵی ٢٠٠٣دا (ئێستاكە من دەقی وەڵامەكانی خۆم لەبەردەست نییە لە كاتی نووسینی ئەم چەند لاپەڕەیە، بە ئومێدی خودا لە ئاییندەدا پەیدای دەكەم) بەڵام ئەسڵی مەبەست ئەوەیە لەو رۆژەدا (٢٠٠٣/١٢/١٤) سەرقاڵی كارەكانی رۆژی دووەمی كۆنگرەی رۆژنامەنووسانی كوردستان بووم كە سەد و یەك حیسابم بۆ دەكرد بەمەبەستی سەركەوتنی ئەم كۆنگرەیەی كە ماڵی رۆژنامەنووسانی كوردستانی رێكدەخست، پێش یەكگرتنەوەی ئیدارەی سلێمانی و هەولێر، ئا لەو رۆژەدا (میرخان)ی سكرتێری كاك ئازاد بەرواری تەلەفۆنی بۆ كردم كەوا كاك ئازاد داوام دەكات بەپەلە بمبینێ، منیش لە وەڵامدا گوتم (كاكی برا من سەرقاڵی كۆنگرەم ناتوانم كۆنگرە بەجێ بهێڵم با بۆ دوو رۆژێكی دیكەی دوابخات، بەڵام میرخان گوتی كاك ئازاد دەڵێ كارێكی بەپەلەیە هەر ئەمڕۆ دەبێت بمبینێ) لەڕاستیدا منیش وام لێكدایەوە كەوا كاك ئازاد بەرواری كە ئەندامی مەكتەبی سیاسی دەست رۆیشتووی پارتی دیموكراتی كوردستانە دەزانێ كۆنگرەی یەكگرتنەوە لە ئارادا هەیە كە زۆر گرنگە و هەستیارە لەوانەیە دركی بە هەندێ كێشەی ناو كۆنگرە كردبێت كە دەیەوێ یارمەتیم بدات بۆ ئەوەی كۆنگرە هیچ ئەشكالێكی تێدا نەكەوێ و سەركەوتوانە كۆتایی پێ بێت، بۆیە لێرەدا بە (میرخان)م گوت لە نێوان كاتژمێر (١)ی پاش نیوەڕۆ تاكو دانیشتنی دووەمی ئەو رۆژە كە كاتژمێر (٣) دەستپێدەكات ماوەم هەیە و دێم بۆ لای لە هاوینەهەواری

سەلاحەدین، کاتژمێر (١)ی پاش نیوەڕۆ بەپەلە بەرەو سەلاحەدین ڕۆیشتم لە کاتژمێر (١,٣٠) دەقیقە خۆم لە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی و لە ژورەکەی میرخان سکرتێری کاك ئازاد بەرواری دیتەوە، یەکسەر فەرموی لێکردم و چومە نووسینگەکەی کاك ئازاد، پاش چاك و چۆنیەکی سارد ئەم گفتوگۆیەمان (حوار) لە نێوان روویدا کە خودا وەکیلە وەکو خۆی دەیگێڕمەوە:

کاك ئازاد و بەندە بەرامبەر یەك دانیشتین کە مێزێك لە نێوانماندا هەبوو، لاپەڕەی رۆژنامەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و گوتی:

کاك فەرهاد ئەم قسانەی کە لێرەدا نووسراون قسەی تۆیە؟

**بەندە**: کام قسە؟ من رۆژانە چەند جارێك بە حوکمی بەرپرسیاریەتیەکەم قسە بۆ رۆژنامەکان، رادیۆکان، تەلەفزیۆنەکان دەکەم.

**ئازاد بەرواری**: ئەو قسانەی کە بۆ رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)ت گوتوە.

**بەندە**: دیسان نازانم باسی کام لەو قسانە دەکەی.

**ئازاد بەرواری**: رووی لاپەڕەی دیمانەکەی (کوردستانی نوێ) کە لەگەڵ بەندەدا کرابوو نیشانی دام کە لە چەند شوێنێك بە قەڵەمی سور خەتی بە ژێردا کێشرابوو، ئەم قسانەی کە دەربارەی مام جەلال-م گوتوە.

**بەندە**: بەڵێ دەقی قسەکانی منن کە لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە، ماڵیان ئاوابێت کە تەنانەت فاریزە و خاڵەکانیشیان لە جێگای خۆیان داناوە.

**ئازاد بەرواری** (هەندێ بە گرژییەوە): مام جەلال سەرکردەیەکی لێهاتووە!؟

لێرەدا منیش ئەو رستەیەم بیرهاتەوە کە لە دیمانەکە گوتبوم (مام جەلال سەرکردەیەکی لێهاتووە)،

**بەندە**: بەڵێ سەرکردەیەکی لێهاتووە، ئەگەر لێهاتوو نەبوایە نەدەگەیشتە ئەم ڕۆژە کە نیوەی گەلی کوردستانی لەگەڵدایە.

**ئازاد بەرواری**: بە رابردوی ساڵی شەست و شەشیشەوە؟

**بەندە**: ئەو ڕۆژە ڕۆیشت، ئێستاکە لەگەڵ کاك مەسعود وەکو برا وانە و ئەوان ڕێککەوتوون کە چۆن پێکەوە گەمەکە بکەن، پاشان کێ لە ئێمە بێ گوناح و خەتایە؟

**ئازاد بەرواری**(نەختێ بە توندی و گرژییەوە): یانی ئەم را و بۆچوونی تۆیە؟

**بەندە**: کاك ئازاد وام دەزانی ئەمڕۆ بەپەلە بانگم دەکەی بۆ ئێرە هەستت بە کێشەیەك کردبێت و بتەوێ یارمەتیم بدەی تا کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان سەرکەوێ، نەمزانی بۆ بابەتێکی ئاوا بانگم دەکەی، بمزانیبایە بۆ ئەم مەسەلەیەیە نەدەهاتم و کۆنگرەم بەجێ نەدەهێلا، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە جەنابت لێپرسراوی من نیت تاکو موحاسەبەم بکەیت، بەندە ماوەیەکە ئەندامیەتیم لە مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن نەماوە، جەنابی سەرۆك ئاگادارە و ئەم بابەتەش بابەتی موحاسەبە نییە، چونکە ئێمەی کورد ئێستاش باسی کەسایەتیە کوردەکان بە ئەرێنی دەکەین کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕۆڵی کاریگەریان دژی رژێمەکانی پێشوو هەبووە.

**ئازاد بەرواری**: کاکە تەواو، ئەمە قسەی تۆیە بێ کەم و زیاد؟

**بەندە**: بەڵێ بێ کەم و زیاد.

یەکسەر تەماشای کاتژمێرەکەم کرد کە نزیکەی ٢,١٥ دەقیقە بوو و دەستم دایە جانتاکەم و هەڵسام و خواحافیزیم کرد.

دیسان هەر دەربارەی ئەم مەسەلەیە چەند ڕۆژێك پێشتر کاك (فەیسەڵ دەباغ) بە تەلەفۆن پێمی گوت (خار (خاڵ) پرسیارێکم هەیە دڵت هیچ نەکات،

دیمانەکەی کوردستانی نوێ کە بڵاوکراوەتەوە دەربارەی هەڵبژاردنی مام جەلال بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی حوکم، قسەکان بەدەق هی تۆیە؟)

منیش لە وەڵامدا گوتم (کاك فەیسەڵ خودا وەکیلە فاریزەشیان لێ زیاد نەکردووە ماڵیان ئاوابێت.

لێرەدا ناچمە نێو وردەکاری تەلەفۆنەکەی کاك فەیسەڵ دەباغ کە ئەوکاتە سکرتێری رۆژنامەنووسی بەڕێز سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لەگەڵ (موحاسەبە)کردنەکەی کاك ئازاد بەرواری، بەڵام ئەوەی دەمەوێ راشکاوانە بیڵێم، راپۆرتنووسانی بێویژدان کە هەمیشە لە ئاوی (لێڵ) مەلەدەکەن هیچ کاتێك سڵ لە کاری خراپ ناکەنەوە، چونکە بەم شێوەیە (گەورە) دەبن و دەچنە پێشەوە.

من لێرەدا گلەیی لەو راپۆرتنووسە بێ ویژدانانە ناکەم کە نانی پێوە دەخۆن، بەڵام رەخنە و گلەییم لەو جۆرە کەسایەتییانە هەیە کە تەنها لە رێگای ئەو (راپۆرتە نەشازانەوە) هەڵسەنگاندن بۆ کەسایەتی دڵسۆز و بەئەمەکی رێبازی کوردایەتی دەکەن و دەبێتە (پێوەری بەرزکردنەوە و چونە پێش)، ئەوجا ئەگەر رۆژانە بەپێی خودی ئەو راپۆرتانە چەندین دڵسۆزانی رێباز دوور بکەونەوە، زۆرجار خوێندمانەتەوە و گوێبیستی چیرۆکی ئەم چەشنە راپۆرتنوسانە بووین کە تەنها بۆ لاوازکردنی ئەم حزبە یاخود ئەو نێوەندە حکومییانە لەکارا بوون و کاریان تێدا کردووە کە لە بنەڕەتدا کارەکەیان لە خزمەتی نەیاران و دوژمنانەوە بووە.

بۆیە لێرەدا من رووی رەخنەی توندم لە کاك ئازاد بەرواری ئەوەیە ئاخۆ راستە ئەو کە ئێستا ئەندامێکی مەکتەب سیاسی دەستڕۆیشتووی پارتی دیموکراتی کوردستانە لە رۆژێکی ئاوا بانگهێشتی بەندە بکات بۆ لێکۆڵینەوە لە بابەتێکی رۆژنامەوانی لەسەر هەڵبژاردنی سەرکردەیەکی کورد بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی حوکم، لەکاتێکدا کاك ئازاد بەرواری باش دەزانێ و

چاکم دەناسیبێ کە تەمەنی فەرهاد عەونی لە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لەساڵی ١٩٦٣وە لە تەمەنی پارتایەتی ئەو کەمتر نییە و باشیش دەزانێ کە نەفەسی پارتایەتیم لەگەڵ ڕێبازی بارزانی نەمر چەند گەرم و بەتین بووە کە هەمیشە بەڕووی ئەوانەدا رووبەڕووبۆتەوە کە نەیاری ئەم ڕێبازە بوون و باشیش دەزانێ کە خۆم و خانەوادەکەم لە دواقۆناغی دەربەری پاش ساڵەکانی ١٩٦٣، ١٩٧٤ لە کۆیە و هەولێر تووشی چە کێشە و زەرەر و زیانێك بووین لەسەر ئەم ڕێبازە، بەڵام وەکو دەڵێن (کێ کردی و کێ خواردی!) بەنسبەت ئەوانەی کە رۆژێك لە رۆژان ئارەقەیان بۆ پارتی نەڕشتووە و بوونەتە وەزیر و بریکاری وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی و راوێژکار تیایاندا هەیە نە رۆژێك لە رۆژان مێژووی ئەو حزبەی خوێندووەتەوە یاخود باوەڕۆ ناکەم سەلیقەی خوێندنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پارتیش هەبێت و تاکە دڵۆپێکی ئارەقەی ماندوبوونیشی نەڕێشتبێ، بەڵام دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی و بۆ بازاڕکردن سەردانی ئەستەنبوڵ و دوبەی دەکات کە من تێناگەم ئەم دیاردە چ خزمەتکێکی پارتی دەکات چ مانایەك بە پارتی دەبەخشێ کە بە بەردەوامی کێرڤەکەی بەرەو خوار دەچێت، باوەڕ ناکەم رۆژێك لە رۆژان مەکتەبی سیاسی پارتی کۆبوونەوەیەکی تایبەتی بە گیانێکی پارتییانە لەسەر ئەو دیاردەیە کردبێت، لەکاتێکدا نیوەیان بەکاری حکومی سەرقاڵن کە لە بنەڕەتدا بە بۆچونی من ئەو دیاردەیە یانی تەفروغ نەکردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بۆ کاری حزبی هەڵەیەکی گەورەیە و زەرەر و زیان بە خودی حزبەکە دەگەیەنێ کە گوایە ئەوان سەرکردایەتی دەکەن و بەناو مەکتەبی سیاسی ئەو حزبەن.

وردەکارییەکانی پاش کۆنگرەی گشتی یەکەمی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان زۆر و بەربڵاوبوون کە ناکرێ هەمووی لێرەدا جێگای بۆ بکرێتەوە، بەڵام هەندێ بابەت هەیە دەبێت باسی لێوە بکرێت.

لە سەرەتای دامەزراندنی سەندیکا هەر لە رۆژانی یەکەم کۆبونەوە لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٧ کە تێیدا کۆبوونەوەکان هەمووی لە بارەگای

ڕۆژنامەنووسی برایەتی و خەباتدا ئەنجام دەدرا کە ئەرکی میوانداریەتیەکە لە ئەستۆی دەزگاکەدا بوو کە بەندە لێپرسراوی بووم، پاش کۆنگرەش کە بودجەی بەپێی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان لەی حکومەتی هەرێم وەکو (منحە) وەردەگرت کە ڕۆژانە لەلایەن ژمێریار و وردبین و لێپرسراوی ئیدارە خەرج دەکرا و تەسویە دەکرا.

لەسەرەتاشەوە کردومانە بڕیار لە ئەنجوومەن کە دەبێت نەقیب و جێگر و سکرتێری سەندیکا و ئەندامانی ئەنجوومەن و سەرۆك و ئەندامانی لیژنەکان وسکرتێری و ئەندامانی لقەکان خۆبەخشانە کارەکانیان ئەنجام بدەن بیٚ ئەوەی تاکە دینارێك وەربگرن تەنها بەڕێز کاك مومتاز حەیدەری نەبێت لەبەر ئەوەی بەتەواوی تەفەڕوغی بۆ کاری سەندیکا کردبوو ڕۆژانە پێش نیوەڕۆ و پاش نیوەڕۆ تاکو ئێوارە درەنگ دەمایەوە دەرماڵەیەکی مامناوەندیمان بۆ تەرخان کرد، چونکە وەکو ئێمە هیچ کار و موچەیەکی دیکەی نەبوو، لێرەدا پێش ئەوەی بپەڕمەوە بۆ قۆناغێکی دیکە دەمەویٚ باس لە وازهێنانی ڕۆژنامەنووس و برای بەڕێز کاك مومتاز حەیدەری بکەم، وەکو لە پێشەوە نیشانم داوە لە سەرەتاوە کاك مومتاز و کاك تاریق جامباز و خوالێخۆشبوو فیکرەت عیزەت و مامۆستا کەمال غەمبار دڵسۆزانە وەکو ڕۆژنامەنووسی سەربەخۆ هاتنە پێشەوە، بەتایبەتی کاك مومتاز کە ئەزمونێکی دوور و درێژی هەبوو لەگەڵ کاری ڕۆژنامەنووسی و نووسین و خوێندنەوە سەرەڕای ئەوەی کە خاوەن کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندە بە کتێبی دانسقە و بابەتی ئەرشیفی، هەر بۆیەش لەبەر ئەو هۆکارە هەر لەسەرەتاوە هەڵبژێردرا بە سەرنووسەری گۆڤاری (ڕۆژنامەڤانی) کە ژمارەی یەکەمی لە ١٩٩٨/٤/٢٢ دەرچوو کە تێیدا کاك مومتاز هەڵدەستا بە کۆکردنەوەی بابەتەکان و هەڵەچنکردن و تەنانەت هەر خۆیشی نەخشەسازی بۆ دەکرد، ڕۆژانە ئەو و بەندە چەند جارێك بەتەلەفۆن قسەمان لەگەڵ یەك دەکرد یاخود ئەو سەردانی دەکردم لە بارەگای ڕۆژنامەی خەبات و برایەتی، چونکە من تاکو ٢٠٠٠/٢/٢٠ چە وەکو سەرنووسەری

برایەتی و چە وەکو لێپرسراوی دەزگا زۆر سەرقاڵ بووم بەڵام ئێواران هەرچۆنێك بوایە یا من دەچوومە بارەگای سەندیکا یا کاك مومتاز سەردانی دەکردم، بۆ مێژوو دەیڵێم هیچ کاتێك کاك مومتاز و بیٚ رای بەندە کاری سەندیکای نەدەکرد و هەمیشە راوێژمان بەیەك دەکرد.

ئێمە لە ئەنجوومەنی سەندیکا (ئەنجوومەنی یەکەم) و لیژنەکانی تاکو بڵێی گونجاو بووین، هەریەك لە ئێمە رێزی بۆ برادەرانی یەکتری هەبوو کە تێیاندا هەبوو سەرنووسەر، ئەندامی مەکتەب سیاسی یاخود سەرکردایەتی لایەنێك لەو لایەنانەی سەر گۆڕەپانی کوردستان و کەسایەتی خۆیان دەپاراست و سەندیکایان تێکەڵی سیاسەت و بۆچوونی تایبەتی نەدەکرد و بەگیانێکی سەندیکایی سەربەخۆ کاریان دەکرد کە وەکو گوتم خۆبەخشانەش بوو، بەڵام لەپڕ رۆژنامەنووس ئازا حەسیب قەرەداغی کە ئەوکاتە سەرنووسەری هەفتەنامەی (رێگای کوردستان)ی حزبی شیوعی کوردستان بوو بابەتێکی لە ژمارە (٣٥٦)ی رۆژی ١٩٩٩/٦/١٦ بڵاوکردەوە لەژێر ناوی (ئەگەر کەسێك بەم سیفەتانە دەناسن ناوەکەی لای خۆتان بنووسن) کە تێیدا باسی (ئینتیهازیەتی) یەکێك دەکات بەو خەسڵەتانەی کە لە وتارەکەدتا باسی لێوە دەکات.

لەڕاستیدا وتارەکە پڕاوپڕ پەردە هەڵماڵینە لەسەر کەسایەتی مرۆڤێك لەو کوردستانە بیٚ ئەوەی ناوی بهێنیٚ کە تا رادەیەکی گەورە بە گیانێکی نەیارانە نووسراوە دەرحەق بەو کەسەی کە نوسەری بابەتەکە مەبەستیەتیٚ، رۆژنامەنووس کاك مومتاز حەیدەری کە وەکو بێلایەن سکرتێری سەندیکای رۆژنامەنووسان بوو دەقاودەق بابەتەکەی لەسەرخۆی حیساب کرد و بە منی راگەیاند کەوا وتارەکەی رێگای کوردستان بە وردی بخوێنمەوە و داوای هەڵوێستی لیٚ کردم، پاش خوێندنەوەی بابەتەکە یەکسەر تەلەفۆنم بۆ رۆژنامەنووس کاك ئازا حەسیب قەرەداغی کرد و باسی وتارەکە و توڕەبوونەکەی کاك مومتازم لەگەڵی کرد، کاك ئازاش لەسەرەتادا گوتی (من

مەبەستم کەسێکی تایبەت نییە، کراسێکم دووریوە بە سەر و جەستەی کێ بکا ئەوە دەگرێتەوە، کێ دەڵێ لەگەڵ ئەومانە. لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ بەشێك لە برادەرانی ئەنجومەن (تەحسین محەمەد خەلیل، یونان هوزایا، حامد محەمەد عەلی) قەناعەتمان بە رۆژنامەنووس (ئازا حەسیب قەرەداغی) هێنا کە پێکەوە سەردانی ماڵی کاك مومتاز بکەین و عوزرخوایی بۆ کاك مومتاز حەیدەری بهێنێتەوە.

کاتێ لەگەڵ ئەو برادەرانەی کە ناوم هێناون لەگەڵ کاك ئازاد سەردانی ماڵی کاك مومتازمان کرد و کەوتینە نێوان هەردووکیان کە تێدا کاك ئازا پاکانەی خۆی کرد کەوا مەبەستی کاك مومتاز نیە، بەڵام کاك مومتاز قەناعەتی بەم قسانە نەهات و داوای هەڵوێستی لە ئێمە دەکرد.

رۆژی ١٩٩٩/٧/٤ دوو نامەی بۆ من و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا نارد، لە یەکەمیان داوای هەڵوێست دەکا لە سەندیکا، چونکە وەکو ئەو نووسیویەتی کە دەڵێ (ئەو نووسینەی کە لە ژمارە (٣٥٦)ی رۆژنامەی رێگای کوردستان لە رێککەوتی ١٩٩٩/٦/١٦ بڵاوکراوەتەوە کە هەموو داب و نەریتێکی رەوشتی رۆژنامەنووس و ئەو ئازادییەی کە لەو ماوەیەدا لە کوردستاندا هەیە بەزاندووە)، لە نامەی دووەمیدا کە ئاڕاستەی بەندە و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا کردووە کە تێیدا هاتووە و دەڵێ:

تکایە لە ئەندامێتیی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بمبەخشن لەبەرئەوەی:

١- ئەمڕۆ بە رێککەوت شەش مانگ و شەش رۆژە کۆنگرەی سەندیکا تەواو بووە، من نەمتوانیوە هیچ خزمەتێك بە ئەندامانی بگەیەنم، واتە ویژدانم ئاسوودە نییە.

٢- جێگری نەقیب (مەبەستی رۆژنامەنووس ئازا حەسیب قەرەداغی)یە سەرنووسەری ئەو رۆژنامەیە کە زۆر بە نا رەوا لە

دەرەوەی رەوشت و دابونەریتی نەتەوەیی و رۆژنامەنووسی کوردی و... تا لە بارەی منەوە نووسیتەوە، بۆیە من ناتوانم کار لەگەڵ کابرایەك بکەم کە ئەمە هەڵوێستی رۆژنامەکەی بێ و نوێنەری بێ لە ئەنجوومەن و جێگری نەقیب بێ و بەم شێوەیە رەفتار بکات.

پاش ئەو مشتومڕە کاك ممتاز حیدری کە لە ناخەوە خۆی بە خاوەن هەڵوێست و نیشتمانپەروەر دەزانی (بریندار) کرابوو وەکو خۆی دەیگوت یانی کاك ممتاز (لەلایەن کێ؟! و بەرامبەر کێ؟! بەرامبەر رۆڵەی خێزانێك کە هەرهەموویان سالأنێك لە خزمەتی شیوعییەت و حزبی شیوعیی عیراقی دا بوون دوو رۆڵەی قارەمانیان (شەهیدان جەمال حەیدەری و مهیب حەیدەری) بەدەستی فاشستەکانی بەعسساڵی ١٩٦٣ لەدەست داوە و ئەوانی دیکەش مانگ و ساڵ و ساڵەها لە خەباتی ژێرزەمینی و بەندینخانەکانی رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عیراق لە خزمەتی دروشم و بۆچوون و رێبازی حزبی شیوعیی عیراقدا بوونە و سەر و ماڵیان لەسەر داناوە).

هەوڵێکی زۆرم خستە کار لەگەڵ هەردوو لا، یەکەم لەگەڵ ئازا کە روونکردنەوەیەك بنووسێ و پۆزش بۆ کاك ممتاز بهێنێتەوە کە تا رادەیەك کاك ممتاز بەم شێوەیە قەناعەتی دەهات، بەڵام کاك ئازا رازی نەبوو و دووبارەی دەکردەوە (کێ دەڵێ لەگەڵ ئەومانە) سەرەڕأی هەوڵی بێ وچانم لەگەڵ کاك ممتاز بە هاوکاریی برایانی ئەنجوومەنی سەندیکا، بەڵام بێ سوود بوو، بەڵام دیسان دەستلەکارکێشانەکەیمان قبووڵ نەکرد و کاك ممتاز کەوتە نووسینی بابەتێك وەکو وەڵامدانەوەی بابەتەکەی رێگای کوردستان، ئەوەبوو پاش یەك دوو مانگ پەرتووکێکی (١٢٨ لاپەڕەیی) بەناوی (داری بەبەر بەردی پێدەکەوێ (داری ماوەران رەگی لە خاکە، سەری لە ئاسمانە)، کە تێیدا بە چەندین بەڵگەی نووسراوەوە باس لە خەبات و تێکۆشانی خۆی و بنەماڵەکەی خۆی دەکات.

پاش بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی کاك ممتاز حەیدەری (داری ماوەران) رۆژنامەنووس کاك ئازاد حەسیب قەرەداغی نامەیەکی ناڕەزایی بۆ من و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا ئاراستەکرد کە تێیدا ئەویش زۆر بە توندی کتێبەکە (بە کارێکی نائەمینی نووسەرەکەی) وەسف دەکا، تێیدا بە پێشێلکارییەکی گەورەی دەزانی و بە هەڕەشەیەکی پۆلیسیانەی دەداتە قەڵەم و داوا دەکات کەوا نووسەرەکەی بدرێتە لیژنەی (ئینزیبات) بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لەگەڵی.

لێرەدا لەوانەیە بۆچوونی تایبەتیی خۆم هەبێت دەربارەی ئەو مەسەلە کە ئەویش بریتییە لەوەی:

**یەکەم**: (البادئ أظلم) لەو رووانەگەیەوە هیچ هۆکارێك نەبوو کە کاك ئازا بەم شێوەیە (شەنوکەوی) کاك ممتاز بکات لە حاڵەتێکدا ئەگەر نوسینەکەی لەسەر کاك ممتاز بێت گەرچی کاك ئازا بەتوندی رەتیکردەوە کە لەگەڵ کاك ممتاز حەیدەری بێت، بەڵام دیسان مادام مەبەستی کاك ئازا وەکو خۆی گوتی لەگەڵ ممتاز نەبووە دەبووایە لە ژمارەی پاشتردا روونکردنەوەیەك بنووسێ، کە نەشی نووسی سەرەڕای پەیوەندیی کاك ممتاز بە سەرکردایەتیی حزبی شیوعی کە مێژوویێکی دووروودرێژی ئەو خانەوادە لەگەڵ ئەم حزبە هەیە بابەتەکەی زیاتر شێواند و بووە هۆکاری هەڵچوون و تووڕەبوونی کاك ممتاز حەیدەری بەرامبەر هەڵوێستی حزبی شیوعی بە کاك ئازا و رێگای کوردستانیشەوە، بەڵام دیسان کاك ممتاز نەدەبووایە (دۆ و دۆشاو) تێکەڵ بکات و لەسەرەتادا بەگوێرەی عورفی رۆژنامەنووسی دەیتوانی روونکردنەوەیەك بنووسێ بۆ خودی هەفتەنامەی کوردستانی نوێ و چاوەڕوانی بکردایە بزانێ بۆی بڵاودەکەنەوە یان نا.. و ئەگەر بۆشیان بڵاونەکرایەتەوە ئەوا دەیتوانی لە رۆژنامەیەکی دیکە بڵاوی بکاتەوە، بەهەرحاڵ بەندە وەکو نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و دۆستی هەردوو لا لە لایەك و لە لایەکی دیکەوە یەکێکیان کە کاك ئازایە جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان بوو و کاك

ممتاز حەیدەریش سکرتێری سەندیکا بوو، ڕۆژێك لە ڕۆژان هەستم بە حەساسیەتێکی نێوانیمان نەکردبوو، پاش ڕوودانی ئەو بەزمەش کاك ئازام ناچارکرد لەگەڵ برادەران سەردانی ماڵی کاك ممتازمان کرد، بەڵام هەوڵەکانم سەری نەگرت و بووە هۆکاری لێکترازانی دوو جەمسەری ئەنجوومەنی سەندیکا کە لەکۆتاییدا بوە هۆکاری دەستلەکارکێشانەوەی کاك ممتاز حەیدەری پێش کۆنگرەی دووەم کە لە ٣٠-٢٠٠١/١/٣١ لە هەولێر بەسترا، لێرەدا ڕاشکاوانە دەیڵێم بەجێهێشتنی سەندیکا لەلایەن کاك ممتازەوە جۆرە بۆشاییەکی بۆ من درووستکرد چونکە ئەو سەردەمە پێش ٢٠٠٠/٢/٢٠ کە تاکو ئەوکاتە بەندە سەرنووسەری برایەتی بووم کەمتر دەپرژامە سەر کاروباری سەندیکا، لێرەدا وەکو خۆی بۆ ئەمانەتی مەسەلەکە یاداشتەکانی هەردوولا دەخەمە ڕوو بۆ مێژوو.

پاش بەجێهێشتنی کاك ممتاز وەکو سکرتێری سەندیکا کە لەهەمان کاتیشدا سەرنووسەری گۆڤاری (ڕۆژنامەڤانی) بوو بە حوکمی وازهێنانەکەی کە تاکو ژمارە (٧) کە لە زستانی ساڵی (٢٠٠٠) دەرچوو خایاند پاشان ئەرکەکە لە ژمارە (٨)ەوە  بە کاك زیرەك کەمال سپێردرا چونکە پێشووتریش لەگەڵ (٦) ڕۆژنامەنووسی دیکە ئەندامی دەستەی نووسەران بوو، لێرەدا لە ژمارە (٨)ەوە ڕۆژنامەنوس کاك عبداللە زەنگەنە بووە سکرتێری نووسینی گۆڤارەکە تاکو ژمارە (١٢) کە لە دوا ڕۆژەکانی مانگی ١٢ی ساڵی ٢٠٠٣ دەرچووە، قورساییەکە لە ٩٠٪ کەوتە ئەستۆی کاك عبداللە زەنگەنە کە چەند بە گیانێکی لەخۆبوردەوە کارەکانی ئەنجام دەدا، کە دواتر لەپاش کۆنگرەی گشتیی یەکەم کە لە ١٣-٢٠٠٣/١٢/١٥ لە هەولێر بەسترا کە تێیدا هەردوو ڕێکخراوەکەی ڕۆژنامەنووسان خۆیان لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کۆکردەوە، پێشووتر تاکو ڕۆژی کۆنگرە گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی (١٢) ژمارەی لێ دەرچوو بوو کە پێشووتر باسی لێوەکراوە لە لایەن سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە هەولێر، یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی

کوردستانیش لە سلێمانی گۆڤارێکیان بەناوی (رۆژنامەنووسان) کە (٣) ژمارەی لێ دەرچووە بۆ پاش کۆنگرەی یەکگرتووی هەردوو رێکخراوەکە هەردوو گۆڤارەکە کە جارێکی دیکە ئەوانیش کەوتنە بەر رێکخستنەوە کە لەئاکامدا بەپێی بڕیای ئەنجوومەنی تازە ناوێکی تازە بۆ گۆڤارەتاقانەکە بڕیاری لێدرا کە ئەویش (رۆژنامەنووس)ە کە ژمارە (١)ی لە ٢٠٠٤/٤/٢٢ دەرچوو کە تێیدا لەسەر پێشنیار و پێداگریی من رۆژنامەنووس و خاوەن ئەرشیفی رۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان و نووسەری ئەو بووارانە (بوواری رۆژنامەنووسی) کە ئەویش کاك عبدالله زەنگەنەیە بە سەرنووسەری ئەو گۆڤارە دانرا کە دیسان بەندە خاوەن ئیمتیازی بووم.

رۆژنامەنووس عبدالله زەنگەنە تاکو بڵێی مرۆڤێکی بەسەلیقە و دڵسۆزە بۆ ئەم کارە کە هەندێ کەس بە خەیاڵیاندا نایەت کەوا ئەو مرۆڤە (ئەندازیار) بێت چونکە زۆربەی کاتی ژیانی بۆ ئەو بووارە تەرخان کردووە و کاری زۆر گەورەشی کردووە و یارمەتیدەرێکی بێ بەرامبەر بووە بۆ زۆر لەو رۆشنبیرانەی کە وێڵی ئەو بوارەن، زۆر جار کە خۆم پێویستیم بە گۆڤارێك یان رۆژنامەیەك یاخود بابەتێکی رۆژنامەوانی دەبێت یەکسەر پەنا بۆ رۆژنامەنووس و نووسەر عبدالله زەنگەنە دەبەم کە بەداخەوە لە کۆمەڵگای ئێمە ئەو جۆرە دڵسۆزانە (رەنج بە خەسار) دەردەچن، بە رای من دەبووایە زەنگەنەی خۆشەویست (وەکو دکتۆر کەمال مەزهەر بەو ناوە بانگی دەکرد) لێپرسراوی دەزگایەکی رۆشنبیریی تایبەت بە ئەرشیفی رۆژنامە و گۆڤار و کلتووری کوردی بووایە، بەڵام داخی گرانم وەکو دەڵێن ئەو وڵاتە ئێمە (کوردستان) لە هەندێ بواردا شتەکان وا تێکەڵ و پێکەڵ دەکرێن نە نان بۆ نانەوایە و نە گۆشتیش بۆ قەساب.

لەنێوان هەردوو کۆنگرەی گشتیی یەکەم و دووەمدا بەپێی بڕیارەکان و راسپاردەکانی کۆنگرەی یەکەم کۆنفرانسی ئەنجوومەن و لیژنەکان لە (سلێمانی، کەرکووك، دهۆك و بەغدا)، ئەنجامدرا بەڵام لە هەولێر پێویستیمان

به لق نەبوو چونکە بارەگای ئەنجوومەن و لیژنەکانی لە هەولێر بوون (سەرجەمی ئەو بابەتانە لە بڵاوکراوەیەکی تایبەت بەناوی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان تەمەنێکی کەم، بناغەیەکی پتەو.. بەرەو دواڕۆژێکی گەشتر) لە ئامادەکردنی (فەرهاد عەونی، مستەفا ساڵح کەریم، حامد محەمەد عەلی) لە ساڵی ٢٠١١ بڵاوکراوەتەوە، کە تێیدا لە ناوەڕکیدا باس لەو وردەکارییانە کراوە، بەڵام گرنگترین بابەت کە پێویستە باسی لێوە بکرێ کە لە بواری کاری ئەنجوومەنی سەندیکا کە پێویستە بە قەڵەمی ئاڵتوون بنووسرێ ئامادەکردنی سێیەم پڕۆژەی یاسایی بوو کە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان گەڵاڵەی کردبوو پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کرا و بە بڕیاری یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوو کە بریتی بوون:

**یەکەم**: یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨.

**دووەم**: یاسای سندووقی خانەنشینی رۆژنامەنووسانی کوردستان، ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠١.

**سێیەم**: یاسای ژمارە (٣٥) کە گەڵاڵەکردنی پڕۆژەکە لەلایەن لیژنەی تایبەتی لە ئەنجوومەن و دەرەوەی ئەنجوومەن کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان (د. کەمال سەعدی، تارق جامباز، حسام الدین سەرداری، خوالێخۆشبوو فکرەت عزەت، ئازاد حمدأمین، مەسعود مستەفا، أحمد عبدالله)، لە ئەنجوومەنی سەندیکاش (کاك حامد محمد عەلی و بەندە) بەشداربووین و سەرپەرشتیی کۆبوونەوەکانمان دەکرد کە تێیدا بە مەبەستی گەڵاڵەکردنی پڕۆژەیاسایەکی نوێی چاپەمەنی بۆ رێکخستنی کار و ژیانی رۆژنامەنووس و دەستەبەرکردنی ئازادیی رۆژنامەنووسی و رادەربڕین و پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە یاساییانەی لەم رووەوە بەدی دەکرێن، لیژنەکە لە بارەگای سەندیکای رۆژنامەنووسانی

کوردستان له رۆژی ٢٠٠٥٦/٦/٨ دەستی بە کارەکانی کرد بە سوود وەرگرتن لەو رەشنووسەی کە پێشتر لە سلێمانی لەلایەن یەکێتیی رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە گەڵاڵەکرابوو سەرەڕای یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣.

دانیشتنەکانی ئەم لیژنەیە (١٦) مانگی خایاند و لە ٢٠٠٦/١٠/١٦ گەورەترین سیمیناری بۆ سازکرا کە (١٥٠) رۆژنامەنووس لە هەموو پارێزگاکانی کوردستان بانگهێشت کرابوون، تێیدا لەنێوان دوو دانیشتنی شەش کاتژمێری تاوتوێی پرۆژەکە کرا، ئەوجا لە قۆناغی دووەمدا پاش گەڵاڵەکردنی پرۆژەکە چەندین جار بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە گۆڤاری (رۆژنامەنووسان) و (الصحفی) بڵاوکرایەوە و دیسان لەسەر رۆشنایی پێشنیارەکانی رۆژنامەنووسان لیژنەکە کۆبوونەوەی چەندجارەی ئەنجامدا، کە لە ئاکامدا دەقی پرۆژەکە لە ٢٠٠٦/١٠/١٧ پێشکەش بە بەڕێز (عەدنان موفتی) سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کرا، بە حزووری نەقیب و جێگری نەقیب و سکرتێری سەندیکا و هەندێ لە ئەندامانی ئەنجوومەن لە رۆژی ٢٠٠٧/١٠/٢٨ لەگەڵ لیژنەی یاسایی پەرلەمان کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان ئەنجامدا بە مەبەستی لێك تێگەیشتن و دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکە، دیسان جارێکی دیکە لیژنەکەمان لەگەڵ لیژنەی رۆشنبیریی پەرلەمان لە ٢٠٠٧/١١/٢٥ کۆبوونەوەیەکی دیکەی ئەنجامدا بۆ هەمان مەبەست، پەرلەمانی کوردستانیش لە چەندین دانیشتنی خۆیدا پاش تاوتوێ کردن و وەرگرتنی سەرنجەکان رۆژی سێ شەممە رێککەوتی ٢٠٠٧/١٢/١١ بڕیاری لەسەر (یاسای کاری رۆژنامەنووسی لەکوردستان) دا، بەڵام لەڕاستیدا یاسای ناوبراو کە لە پەرلەمان دەرچوو لە هەندێ بڕگە و خاڵدا لەگەڵ خواست و ئامانجەکانی ئێمە کۆك نەبوو، چونکە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بەڕاستی ئەوکاتە لە ئێمە دووربینتر بوون کە لە هەندێ بڕگە و خاڵی پرۆژەکەی ئێمەیان گۆڕی و لە راستیدا ئێمە (یانی لیژنەکە و ئەنجوومەنی سەندیکا) لە روانگەی بڕوابوون بە

ئازادیی رەهای کاری رۆژنامەنووسی (کە لەگەڵ ئاستی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی ئاستی کوردستان) گونجاو نەبوون، بەڵام ئێمە وەکو گوتمان ئەم هۆکارە و فشاری رۆژنامەنووسانی خوێن گەرمی هەندێ دەزگا وامان بە باش زانی کەوا بە یاسایەکە رازی نەبین و بەپەلە کۆبوونەوەیەکی فراوانی لیژنەکە و ئەنجوومەنی سەندیکا و چەند رۆژنامەنووسێکی بەرهەڵستکار ئەنجامدرا لە هۆڵی رۆشنبیریی بارەگای حزبی شیوعیی کوردستان کە تێیدا سەرنج و تێبینییەکانی خۆمان گەڵاڵەکرد، لێرەوە من وەکو نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و سەرۆکی لیژنەی گەڵاڵەکردنی پڕۆژەکە دەبووایە رۆڵی خۆم ببینم چونکە هەمیشە کەسی یەکەم زیاتر دەکەوێتە بەر رەخنە و توانج، بۆیە هەر زوو تەلەفۆنێکم بۆ سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێم کاك (فوئاد حسێن) کرد و رێکەوتین کە بۆ بەیانی رێککەوتی ٢٠٠٧/١٢/١٣ سەردانیان بکەین بۆ ئەو مەبەستەی کە پەیوەندیی بە یاسای ناوبراوەوە هەیە، ئەوەبوو دیدارەکەمان (ئەنجوومەنی سەندیکا) لەگەڵ سەرۆکی دیوان لە رۆژی ٢٠٠٧/١٢/١٣ بەرێوەچوو کە تێیدا بەندە بە هاوکاریی برایانم لە ئەنجوومەنی سەندیکا نیگەرانیی خۆمان پێ راگەیاند دەربارەی یاسای کاری رۆژنامەنووسی و بەپەلە داوای دیدارێکی کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانمان کرد، رۆژی ١٢/١٦ سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی پێی راگەیاندم کەوا رۆژی دواتر ٢٠٠٧/١٢/١٧ جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی دەمانبینێت، کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆی رۆژی ١٢/١٧ بە یاوەریی ئەندامانی ئەنجوومەن کە ئەوکاتە لە هەولێر بوون (حامد محمد علی، زیرەك کەمال، ئەکەد مراد، خالد بکر أیوب) لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دانیشتنێك کە لە کاتژمێرێك و (١٥) دەقەی خایاند، لە سەرەتادا بەڕێز بارزانی بەخێرهاتنێکی گەرمی کردین و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستین لە کارەکانماندا، بەتایبەتیش لەپێناو چەسپاندنی ئازادیی رۆژنامەنووسی لە کوردستان...، بەندەش پاش بەخێرهێنانەکەی سەرۆك بە دوور و درێژی باسی پڕۆژەکەی سەندیکام کرد کە چۆن لەسەرەتاوە گەڵاڵە کرا ئەوجا چەندین جاری بڵاوکردنەوەی بە هەردوو

زمانی کوردی و عەرەبی و سازدانی دەیان سیمینار و کۆڕ و کۆبوونەوەی هەمە لایەنە، لە سەرجەم پارێزگاکانی کوردستان و هەندێ لە شارەکانی دیکەی کوردستان بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی پڕۆژەکە، ئەوجا وەرگرتنی تێبینی و گفتوگۆی چڕوپڕ لەگەڵ هەردوو لیژنەی یاسایی و رۆشنبیریی پەرلەمانی کوردستان لە کۆتاییشدا بەڕێز دادوەری بە ئەزموون و ناودار (نازم حەوێزی) و بە وردی بە پڕۆژەکەدا چووەوە و ئەویش تێبینییەکانی خۆیی بۆ دیاری کردین، بەلاّم بەداخەوە لە پەرلەمانی کوردستان یاساکە لە هەندێ بڕگە و خاڵدا لەگەڵ پڕۆژەکەی ئێمە یەك ناگرێتەوە کە دەقەکەی لەلای ئێمەوە پێشکەش بە پەرلەمان کرابوو، پاشان بە دەق بۆ جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستانم روونکردەوە و گوتم (بەڕێز یاساکە لە پەرلەمان دەرچووە، بەپێی یاسا رەوانەی لای ئێوە دەکرێت بە مەبەستی ئیمزاکردنی کە ئەوسا دەبێتە یاسای کارپێکراو لە رۆژی ئیمزاکردنی جەنابتان، بەلاّم داواکارییەکەی ئێمەی ئەنجوومەنی سەندیکا لە بەڕێزتان ئەوەیە کە ئێوە یاساکە بۆ پەرلەمان بگەڕێننەوە، ئێمەش خاڵ و بڕگە لاوازەکانمان دەستنیشان کردووە و پێشکەشی پەرلەمانی دەکەین و جارێکی دیکە لەگەڵ لیژنەی یاسایی کۆدەبینەوە بە مەبەستی هەموارکردنی، ئێمە نامانەوێ بە هیچ شێوەیەك گلەیی رۆژنامەنووسان لەسەر یاسای کاری رۆژنامەنووسی لە بەڕێزتان بکرێت با ئەم بابەتە ببێتە بابەتی ئێمەی رۆژنامەنووسان بە سەندیکاکەیانەوە لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەرانی گەلی کوردستانن). جارێکی دیکە بەڕێز سەرۆکی هەرێم هاوسۆزیی خۆی دەربڕی بەرامبەر داواکەی ئێمە (ئازادیی کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان) و بەدەق گوتی (من بەهیچ شێوەیەك ئیمزا لەسەر یاسایەك ناکەم کە ببێتە هۆکاری تەسکبوونەوەی ئازادیی رۆژنامەنووسی لە کوردستان و یاساکە دەگەڕێنمەوە پەرلەمان بۆئەوەی گفتوگۆی زیاتری لەسەر بکرێت، کە لەدواییدا لەگەڵ پێداویستییەکانی ئازادی کوردستان رێك بکەوێت)، پاشان یاساکە لەلایەن سەرۆکەوە ئیمزا نەکرا و گەڕاندرایەوە پەرلەمان، ئەنجوومەنی سەندیکا بە نووسراوی رەسمی ژمارە (٥٣) لە ٢٠٠٨/٢/١١ دیسان لە ٢٠٠٨/٩/٢١

جەختی لەسەر خاڵ و بڕگەکانی پێویست بە هەموارکردن کردەوە، ئەوەبوو ڕۆژی ٢٠٠٨/٩/٢٢ پەرلەمان پاش گفتوگۆ و تاوتوێکردنی یاساکە و خوێندنەوەی هەردوو ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی و ڕۆشنبیری بە زۆرینەی دەنگ یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ پاش هەموارکردنی پەسەند کرد.

دەرچوونی یاسای ژمارە (٣٥) لە ٢٠٠٨/٩/٢٢ بووە هۆکاری ئەوەی ئەنجوومەنی سەندیکا لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتدا بڕیاری دا بەیاننامەیەی بەم بۆنە گرنگە دەربکات کە تێیدا سەرەڕای هەڵسەنگاندنێکی پۆزەتیڤانەی یاساکە کە بە دەستکەوتێکی نیشتمانی و مێژوویی وەسف کرد، کە دەبێتە بنەما و مەرجەعییەتی کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان و لە هەمان کاتیشدا بەیاننامەکە سوپاسی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئاراستەی بەڕێز (مەسعود بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد کە پاڵپشتی ڕاستەوخۆی لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کرد بۆ دەرچوونی یاساکە بەم شێوەیە سەرەڕای دەستخۆشیش لە پەرلەمانی کوردستان کرد کە یاساکەی هەموار کردەوە.

لە سەرەتای گەڵاڵەکردنی پڕۆژەکە و پێشکەشکردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ شاندێکی (پەیامنێری بێ سنوور) کە ئەوکاتە (ڕۆبەرت مینار) سکرتێری گشتیی ئەو ڕێکخراوە بەناووبانگە بوو سەردانی پەرلەمانی کوردستانمان کرد لەگەڵ شاندی ناوبراو کە ڕۆژی پێشووتر باسی خاڵ و بڕگەکانی پڕۆژەکەمان بۆیان کردبوو، ڕۆبەرت منیار لە دانیشتنەکەدا لەگەڵ بەڕێز عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی ئەوکاتە ڕووی لە سەرۆکی پەرلەمان کرد و گوتی (پاڵپشتی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور بۆ ئەو پڕۆژە یاسایەی کە لەلایەن سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە پێشکەشتان کراوە دەکەین، هیوادارم کەوا پەرلەمانی کوردستانیش ئەو سەروەرییە بۆخۆی تۆمار بکات بە دەرکردنی ئەم یاسایە، من ڕۆبەرت منیار

پاش خوێندنەوەی پرۆژەکە دەڵێم ئەگەر هاتو ئەم پرۆژەیە بە یاسا دەربچێت و کاری پێ بکرێت کوردستان بەچەندین هەنگاو پێش فەرەنسا دەکەوێت).

شاندێکی دیکە کە لەپێناو چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی کار دەکات و بارەگاکەی لە ئەمەریکایە لەسەردانی نوێنەرێکیان دەستخۆشیی رێکخراوەکەیان بۆ سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەربڕی.

پاش دەرچوونی یاسای رۆژنامەنووسی ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ تاکو رۆژانی ئەمڕۆ (٢٠١٥/٩/٤) هەشت ساڵ بەسەر دەرچوونی ئەم یاسایە تێپەڕیوە، کە بەندە تاکو هاوینی ٢٠١١ وەکو نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان مابوومەوە، لەو رۆژەشەوە تاکو رۆژانی ئەمڕۆ کە وەکو چاودێر تەماشای بارودۆخی کاری رۆژنامەنوسی دەکەم، کە تێیدا دەخوێنمەوە یاخود لە رێگای ئەنتەرنێت دەیانبینم و سەیری تەلەفزیۆنەکان دەکەم هەست بە (ئەزییەتی ویژدان–تأنیب الضمیر) دەکەم کە ئێمە زۆر بەپەلە بووین لە تێپەڕاندن و سوتاندنی قۆناغەکان (تجاوز المراحل وحرقها)، چونکە هەندێ دیاردەی ناشایستە دەبینم لەسەر رووی لاپەڕەکانی هەندێ لە گۆڤار و رۆژنامەکان و بۆچوونی هەندێ لە تەلەفزیۆنەکان کە پاڵپشت بە بڕگە و خاڵەکانی ئەو یاسایەی کە ئێمە نزیکەی دوو ساڵ کارمان تێدا کرد و کارمان بۆ بوونی بە یاسا و هەوڵی زۆرمان بۆ دا، بەڵام ئەوەی جێگای داخە هەندێ لەوانەی باسم لێوە کردوون بوونەتە هۆکاری لێکترازانی کۆمەڵگای کوردستان بە شێوەیەك خەڵکی شەقام بە ئاشکرا تووەڕیی و بێزایی خۆی دەردەبڕێ و جارێکی دیکە ئەگەر تەمەن و موناسەبەت رێگام پێ بدەن (رۆبەرت منیار) ببینمەوە راشکاوانە پێی دەڵێم (قوربان یاساکەمان دەرچوو، خۆشبەختانە کاریشی پێ دەکرێ، بەڵام بەوپەڕی داخەوە ئێمە پێش وڵاتی ئێوە (فەرەنسا) کەوتین، بەڵام نەك لە پانتایی ئازادیی کاری رۆژنامەنووسی بەڵکو لە شێواندنی تێگەیشتنی ئازادی رۆژنامەنووسی لە کوردستان).

وەکو لەپێشەوە باسم لێوەکردووە لە مانگی شەشی ساڵی ۲۰۰۳ پاش سێ ساڵ لە نامە و نامەگۆڕینەوە لەگەڵ لیژنەی ڕاپەڕاندنی فدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵتی (IFJ) سەندیکاکەمان بوو بە ئەندامی بەشدار لەم فدراسیۆنەدا کە تێیدا ئابوونەی ساڵانە بەرامبەر هەر ئەندامێك کە پێناسەی فدراسیۆنی نێودەوڵەتی وەردەگرێ کە بریتیە لە دۆلار و نیوێك، ماف تەواومان هەبوو لەم فدراسیۆنە وەکو هەر سەندیکایەکی دیکەی ئەم جیهانە تەنها چونکە ئەندامی بەشدار بووین کە ئەوکاتە نەماندەتوانی لە هەڵبژاردنی سکرتێر و لیژنەی راپەڕاندن دەنگ بدەین، لە سەرەتای ساڵی ۲۰۰٤ لیژنەی راپەڕاندنی فدراسیۆن لە ڕێگەی (شێرکۆ حەبیب) سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا ئاگادار کراینەوە کەوا سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان وەکو ئەندام دەتوانی لە کۆنگرەی (۲۵)ـەمینی IFJ کە لەنێوان ۲۵-۲۰۰٤/٥/۳۰ بەشداری بکات کە لە (ئەسینا)ی پایتەختی وڵاتی یۆنان دەبەسترێ و هەر سەندیکایەك دەتوانێ بە یەك نوێنەر بەشداری بکات چونکە خەرجییەکەی لەسەر فدراسیۆنە، بەڵام ئەگەر سەندیکایەك ویستی بە زیاتر لە یەك نوێنەر بەشداری بکات ئەوا هەموو خەرجییەکانی ئەو نوێنەرانە دەکەوێتە سەر ئەستۆی خودی سەندیکایەکە.

لە ڕاستیدا ئەم بابەتە لای من زۆر گرنگ بوو کە بۆ جاری یەکەم سەندیکا بەشداری لە کۆنگرە IFJ بکات و بوونی خۆی ڕابگەیەنێ لەکاتێکدا سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عیراق درووست نەببوو پاش ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێن، بۆیە ئەم مەسەلەیەم بە هەند هەڵگرت و لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بابەتەکەم بۆ کاك مستەفا ساڵح کەریم جێگری نەقیب شیکردەوە، ئەویش لە هەمان بۆچوونی من بوو بۆیە هاتینە ئەو ڕایە کە بەندە و کاك مستەفا و شێرکۆ شاندەکە پێك بهێنین و سەفەری یۆنان بکەین، بەڵام کێشەی پارەمان بۆ درووست ببوو، چونکە سەندیکا نەیدەتوانی خەرجیی سێ کەس دابین بکات، بۆیە نامەیەکم بۆ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی

کوردستان نارد و بابەتەکەم لەرووی بەشداریی شاندی کوردستان بۆ ئەم کۆنگرەیە روونکردەوە، ئەویش ماڵی ئاوابێت بڕە پارەی داواکراوی بۆ دابین کردین، لێرەدا دەبووایە بچینە ئەنقەرە بۆ وەرگرتنی ڤیزەی یۆنان، شێرکۆ لە لەندەن بوو لەوێوە دەهات بۆ یۆنان، بەندە و کاک مستەفا ساڵح کەریمیش زمانی تورکیمان نەدەزانی، لەلایەکی دیکەوە برای رۆژنامەنووس خوالێخۆشبوو (تارق ئیبراهیم شەریف) ئارەزووی بەشداریکردنی هەبوو لەم سەفەرە دەیگوت (لەسەر حسیابی خۆم دێم)، بەڵام ئێمە (بەندە و کاک مستەفا) وامان بە باش زانی کەوا خوالێخۆشبوو کاک تارقیش لەگەڵ خۆمان ببەین کە هاوکاریمان دەکات لە ئەنقەرە بە حوکمی زانینی زمانی تورکی، هەمیش وەکو برادەرێکی خۆشەویست کە لەو سەفەرە لەگەڵ بێت، بەڵام من رەتم کردەوە کەوا لەسەر خەرجیی خۆی بێت، بۆیە ئەو بڕە پارەیەی کە بۆ ئەم سەفەرە وەرگیرابوو دابەشی (٤) کەسمان کرد کە بریتی بوو لە (کاک مستەفا، شێرکۆ، خوالێخۆشبوو تارق و بەندە)، رۆژی ٢٠٠٤/٥/٢١ لە رێگای ئیبراهیم خەلیلەوە بۆ دیاربەکر (ئامەد) بە ئۆتۆمبێلێکی تاکسی بەڕێکەوتین، لەوێشەوە بە تەیارە بۆ ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا رۆژی ٢٢-٢٣-٢٠٠٤/٥ لە ئەنقەرە بە ڤیزە وەرگرتن سەرقاڵ بووین، هەندێ کێشەمان بۆ درووست بوو، بەڵام بە تەلەفۆن شێرکۆمان ئاگادار کردەوە، ئەویش لەگەڵ (برۆکسل) کە بارەگای IFJای تێدایە ئاگاداری کێشەکەی کردن کە دواتر کێشەکە چارەسەر کرا، ئێوارەی ٢٣ی مانگ گەیشتینە (ئەسینا).

فڕۆکەخانەی ئەسینام گەورە نەهاتە بەرچاو، ئێمە هەرسێکمان کاک مستەفا و بەندە و خوالێخۆشبوو تارق لە فڕۆکەخانە بەرەو ئوتێلەکەی کە بۆمان تەرخان کرابوو بەسواری تەکسییەك بەرەو ئوتێلەکە چووین کە ناوی (دیڤانی کەرەفیلۆ) بوو، بە گەیشتنمان هەر لە پرسگەی پێشوازییەوە ناوەکانمان هەبوون و هەریەکەو ژووری تایبەتییان بۆ دابین کردین، ئوتێلی دیڤانی یەکێکە لە ئوتیلە خۆشەکانی ئەسینا، تا بڵێی جوان و پاك و دڵگیر بوو و شوێنەکە لە

چوار لاوە دەیڕوانییە سەر گۆڕەپان و شەقامی بەرین، ئەو ڕۆژە کەشوهەوا فێنك بوو و ئێوارەش شێرکۆ گەیشت، پاشان هەرچوارمان لە هەمان ئوتێل شوێنمان بۆ دابین کرابوو، ڕۆژی ٢٤ی مانگ هەندێ بەناو شاری ئەسینای پایتەخت کە لە ڕاستیدا لە هەندێ شوێن بۆنی ئاسەواری فەلسەفەی و ئەرستۆ و سوکرات و ئەفلاتون لێدەهات، پەیکەرەکان وەکو بڵێی مێژوو دەگەڕێننەوە کە لە زۆربەی شەقام و ناوچەکانی ناوشار شوێنی شایستەی بۆ ڕێکخرابوو، پەیکەرەکەی بەهەشتی (حاجی قادری کۆیی)م بیرکەوتەوە کە ئەویش تەنها (کەللەی سەرە) کە تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆ دەسەلاتی کوردستانی نەیتوانیوە بۆ ئەو شاعیرە هەست بەرزەی کوردایەتی کە تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆش شیعرەکانی ڕێگا نیشاندەرن پەیکەرێکی بڕۆنزی گەورەی بۆ دروست بکات کە شایەنی کەسایەتی و شیعرەکانی ئەم شاعیرە هەست بەرزەی کوردایەتی بێت، لێرە (ئەسینا) هەست دەکەی کورد ناسراوە و خۆشەویستە چونکە کێشەی نێوان وڵاتی یۆنان لەگەڵ تورکیا کۆنە و تا ڕادەیەك هاوسۆزی لەگەڵ ئێمەی کورد بە ئاشکرا دیارە، ئێوارەی هەمان ڕۆژ سەرقاڵی وەرگرتنی باج و ئەوراقی کۆنگرە بووین کە بۆ یەکەم جار سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەشداریی کۆنگرەیەکی وا گرنگ بکات.

کاتژمێر (٧)ی ئێوارەی ٢٠٠٤/٥/٢٥ لە یەکێ لە هۆڵە بەناووبانگ و مێژووییەکانی ئەسینا کە ناوی (زیبۆ) بوو، کە بریتی بوو لە باڵەخانەیەکی گەورە کە هەمووی بە بەردی مەڕمەڕی سپی داپۆشرابوو کە لە ناوەڕاستدا هۆڵێکی هاوینەی سەرکراوە کە هەرچوارلای بە ستوونی (مەڕمەڕی سپی) دەورەدرابوو، ئاهەنگی کردنەوەی کۆنگرەی (٢٥)ەمینی IFJ دەستپێکرد، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری کەسایەتیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و پەرلەمانی و وەزیرانی وڵاتی یۆنان، ئایدن وایت سکرتێری گشتیی فدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی IFJ کۆنگرەکەی بە وتارێك کردەوە، کە تێیدا لەسەرتادا سوپاسگوزاری حکومەتی وڵاتی یۆنانی کرد کە

میوانداریێتیی ئەو کۆنگرەیەی کردووە سەرەڕای هەوڵ و کۆششی بەرچاویان بۆ سەرکەوتنی ئەو کۆنگرەیە، لە روانگەی درووشمی ئەو کۆنگرەیە دەڵێ (رۆژنامەگەری هەمیشە لە بزووتنەوەدایە لەپێناوی پەیوەندیی توندوتۆڵ بە بەردەوامی لەگەڵ گۆڕانکارییە جیهانییەکاندا)، لە هەمان کاتیشدا جەختی لەسەر ئازادیی رۆژنامەنوسی و ئازادی رادەربڕینی لەو وڵاتانەی کە تاکو ئێستاکە بەربەست لەبەردەم ئازادیی رۆژنامەنووسی دادەنێ و لە هەمان کاتیشدا لە وتارەکەیدا رەوشی ئازایی لە وڵاتی یۆنان بە بەرز نرخاند، پاشان نوێەری حکومەتی یۆنان و سەرۆکی شارەوانیی ئەسینا (عمدە) بەڕێز (زانیکوس) و سەرۆکی فیستیڤاڵی ئۆڵۆمپیادی ئەسینای (٢٠٠٤) و وەزیری گەشتوگوزار و نەقیبی رۆژنامەنووسانی یۆنان و سەرۆکی فدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی هەریەکە و وتاری خۆی پێشکەش کرد کە تێیدا هیوای سەرکەوتنیان بۆ کۆنگرە دەخواست لەو بارە هەستیارەی ئەوکاتە (٢٠٠٤) کە جیهانی پێدا گوزەر دەکات.

دوابڕگەی ئاهەنگی کردنەوەی کۆنگرەی (٢٥)ـەمین بە بڕگەیەکی یەگجار خۆش و سەرنجڕاکێش کۆتایی پێ هات کە بریتی بوو لە ئاهەنگێکی نیو کاتژمێری مۆسیقا کە تێیدا چەند پارچە مۆسیقایەکی یۆنانی پەخشکرا کە تێیدا رۆژانی کۆتایی حەفتاکانی بەبیرهێنامەوە کاتێ لە هۆڵی سینەماکانی (النصر، غرناطة، سمیرامیس) لە بەغدا لەکاتی نمایش کردنی فیلمەکانی (ابنتي الاشتراكية، زوربا...)، ئەوانی تر گوێبیتی ئاوازی مۆسیقای یۆنانی دەبووین کە تا رادەیەکی زۆر هەستمان بە نزیکیی ئەو جۆرە ئاوازانە دەکرد، لەگەڵ میزاجی کوردەواریماندا، پاشان چەند گۆرانیبێژێکی بەناووبانگی یۆنانی هەریەکەو بۆ سێ دەقە گۆرانییەکی چڕی، پاشان لە هەمان شوێن و لە هۆڵێکی دیکەی داخراوی هۆڵی (زیبۆ) سەرۆکی لیژنەی باڵای فیستیڤاڵی ئۆڵۆمپیادی ئەسینا بۆ ساڵی ٢٠٠٤ داوەتێکی زێدە گەورە و رازاوەی بە

چەندین جۆرە خواردن و خواردنەوەی نایاب کردین، کە تێیدا وەکو برای بەڕێز کاك مستەفا ساڵح کەریم گوتی (تەنها قوبڵیی سلێمانی تێدا نییە).

بەڵام لێرەدا ئەوەی شایەنی گوتنە ئێمەی شاندی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کاتژمێر (٤)ی ئێوارەی هەمان ڕۆژی (یانی سێ کاتژمێر پێش ئاهەنگی کردنەوەی کۆنگرە) دیدارێکی تایبەت لەگەڵ سکرتێری گشتیی فدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان IFJ ئایدن وایت-مان بۆ ڕەخسا لە شوێنی حەوانەوەی خۆی لە ئۆتێلی (دیڤانۆ)، لەسەرتادا ئایدن وایت خۆشحاڵیی خۆی بەگەرمی دەربڕی بە بەشداریکردنی شاندی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، کە سەندیکاکەیان توانیویەتی سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کۆبکاتە لە یەك سەندیکادا، سەرەڕای گرنگیدانی سەندیکاکەمان بە کێشە پیشەییەکانی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان، پاشان هەریەك لە ئێمە بە بابەتی جیاواز کە لەنێوان خۆمان لەسەری ڕێککەوتبووین قسەمان دەربارەی سەندیکا و کارەکانی کرد، بەڵام ئەوەی زیاتر قسەمان لەسەری کرد دوو بابەتی زۆر گرنگ بوون کە بریتی بوون لە:

**یەکەم:** بەرزکردنەوەی ئاستی ئەندامێتیی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە ئەندامیی بەشدارەوە بۆ ئەندامی کارا، کە بەلای ئێمەوە زۆر گرنگ بوو، ئایدن وایت سکرتێری گشتیی لە وەڵامدا گوتی (من لە خواست و ئارەزووی ئێوە دەگەم، پەیمان بێت پاش بەکۆتاهاتنی کۆنگرە کاتێ لیژنەی ڕاپەڕاندنی تازە هەڵدەبژێردرێت ئەم مەسەلەیە دەخەمە بەردەم لیژنەکە و من بە تەواوی پشتگیریتان لێدەکەم، و پشت ئەستوور بن بە هەوڵ و کۆششی من لەم بارەیەوە).

**دووەم:** بەنسبەت ئەم خاڵەوە کە دیسان بە جدی قسەمان لەسەرکرد بابەتی (هەڵوێستی شۆڤێنییانەی یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب) بوو کە تێیدا زۆربەی سەندیکا و ڕێکخراوەکانی وڵاتانی عەرەب تێیدا ئەندامن و ئەم

یەکێتییە هەمیشە گوزارشت لە سیاسەتی ئەو وڵاتانە دەکات کە ڕژێمەکانیان بەهیچ شێوەیەك بە ئاقاری دیموکراتییەتدا تێناپەڕن، گەرچی لەنێوانیاندا چەند ڕێکخراوێکی نیمچە سەربەخۆی تێدایە، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر ئەوانیش لەژێر کاریگەرییەتیی زۆربەدان، یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب (اتحاد الصحفيين العرب)، لە کۆبوونەوەی لیژنەی باڵایان کە لەنێوان ڕۆژانی ٢١-٢٠٠٤/٤/٢٣ لە دیمەشقی پایتەختی وڵاتی سووریا ئەنجامیان دابوو کە تێیدا یەکێ لە خاڵەکانی باسی لێوە کرابوو داوای هەڵواسینی (تعليق) ئەندامێتیی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بوو) لە فدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی کە ئەویش بووە مایەی توڕەبوونێکی گەورەی ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس و مامۆستایانی کوردستان کە لێرەدا دێمەوە سەری.

ئایدن وایت بە زەردەخەنەیەکی نەرمەوە گوتی (ئەم بابەتە تەدەخولێکی بێ مانای یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی عەرەبە لە ئیشوکار و بۆچوون و هەڵوێستەکانی IFJ، من قبووڵی ئەو دەستێوەردانە ناکەم و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئەندامی فدراسیۆنە و هەر شتێك بەرامبەر بە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بکرێت یانی بەرامبەر فدراسیۆنی نێودەوڵەتی دەکرێت و هیوادارم ئەم مەسەلەیەتان لەبیر بچێتەوە چونکە هیچ جۆرە گرنگییەکمان پێ نەداوە. لە درێژەی قسەکانی دا گوتی (ئەو سەردانی کوردستان دەکات لەنێوانی دوو مانگدا بە مەبەستی چارەسەری کێشەکانی ڕۆژنامەنووسانی عیراق)، ئێمەش شاندی سەندیکا بەرامبەر بە قسە و هەڵوێستی ئایدن وایت ڕوو بە ڕوو پێمانگوت (سوپاسی هەڵوێستتان دەکەین، ئێمە پشت ئەستوورین بە تۆ و بە ئەندامانی لیژنەی ڕاپەڕاندن، ئێمە ئەم مەسەلەیەمان بە هەند هەڵنەگرتووە، بەڵام دەبێت خەڵکی خۆمان بە تایبەتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە دۆست و نەیارانی خۆمان ئاگادار بکەینەوە سەرەڕای ئەوەش ئێمە پیشنیارێك پێشکەش بە بەڕێزتان دەکەین ئەویش بریتییە لەوەی کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئامادەیە لە

پایتەختی هەرێمی کوردستان میوانداریی بەڕێزتان و نوێنەرانی ڕۆژنامەنووسانی عیراق بکات بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانیان)، بە پێشکەش کردنی ئەم پێشنیارانە ئایدن وایت سکرتێری گشتی سوپاسی بێپایانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کرد و بۆ ئەورۆحییەتەی کە هەیەتی بەرامبەر ڕۆژنامەنووسانی عیراق کە لە ڕاستیدا بۆچوون و هەڵوێستێکی برایانەی پیشەییە، لە کۆتایی دانیشتنەکەدا ئایدن وایت داوای لە شاندەکەمان کرد کەوا پرسە و سەرەخۆشیی خۆی بگەیەنینە خانەوادەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لە کارە تیرۆرستییەکەی ڕۆژی ١ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٤ لە هەولێر شەهید بوون.

لەنێوان ڕۆژانی کۆنگرە سەرەڕای ئامادەبوونی تەواومان لە دانیشتنەکانی بەیانیان و ئێواران، شەوانەش کە هەرجارە ناوەندێك و دەزگایەکی حکومی یان ڕۆشنبیریی یۆنانی داوەتی دەکردین ئێمە ئەم جۆرە میوانداریيانەمان بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ شاندەکانی بەشداربووی کۆنگرە ڕێکدەخست، کە تێیدا بە گشتی باسی ڕەوشی کوردستان و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانمان بۆدەکردن کە تا ڕادەیەکی باش دەتوانم بڵێم لەو شاندانەدا بووین کە جموجۆڵیان لەنێو شاندەکان دەبیندرا، هەندێ جار لە کاتی پشوودان یاخود کۆتایی هاتنی دانیشتنێك (جلسە) شاندەکان بە تێکڕایی سەردانی هەندێ شوێنی مێژوویی ناو ئەسینامان دەکرد وەکو شوێنەواری (ئەکرۆبۆڵسی مێژوویی)، بەڵام یەکێ لە سەرنجڕاکێشترین ئامادەبوونمان لە شانۆی بەناووبانگی (مودەڕەجاتی ئەکرۆپۆڵس) کە لە ڕاستیدا شوێنێکی سەرنجڕاکێشی ئەم وڵاتە بوو کە بریتییە لە شانۆیەکی بەردینی مێژوویی خڕ کە لە هەموو لایەکەوە لە خوارەوە تاکو ریزەکانی سەرەوە سەد مەترێك دەبێت لەو ئاهەنگە و لەو شوێنە مێژووییەدا چەند گۆرانیبێژێکی یۆنانی لەگەڵ تیپە مۆسیقاژەنەکانیان ئامادەی ئەو ئاهەنگە شکۆدارە بوون کە لە بنەڕەتدا بۆ ڕێزلێنان لە هونەرمەندی بەناووبانگی یۆنانی (مایکس تیودوراکس)ی

بەرهەمهێنەری گۆرانییەکانی فیلمی (زۆربا)ی یۆنانی ئامادەکرابوو کە تاکو درەنگانێکی شەوماینەوە کە لە راستیدا ئارەزوومەند بووین تاکو بەرەبەیان بخایەنێت، لە شەوێکی دیکەی ئەو جۆرە جموجۆڵییانەدا گەشتێکی دەریایی بوو بە (سەماکاری) کە تیپێکی میللی یۆنانی کە لە دورگەی (کریت)ـەوە هاتبوون بەتایبەتی بۆ ئەم بۆنە کە تا رادەیەکی زۆر جلوبەرگیان لە جلوبەرگی کوردەواری دەچوو.

لەنێو هۆڵی کۆنگرەدا ئاشنایەتیمان لەگەڵ شاندی سەندیکای رۆژنامەنووسانی یۆنان پەیداکرد و رێککەوتین کە دوو لایەنە دیدارێك ساز بکەین، ئەوەبوو سەرلەبەیانیی رۆژی ٢٠٠٤/٥/٢٧ لەکاتژمێر (١٠)دا بەپێی رێککەوتنێکی پێشوەختە سەردانی بارەگای رۆژنامەنووسانی (یۆنان)ـمان کرد و لەلایەن نەقیبی رۆژنامەنووسانی یۆنان کە یەکێکە لە گەورەترین سەندیکای رۆژنامەنووسانی وڵاتی یۆنان چونکە لەم وڵاتەدا (٣) رێکخراوی رۆژنامەنووسان هەیە و بەناوی جیاجیا کاردەکەن، لە دانیشتنی دیدارەکەمان بە کورتەیەك لە مێژووی سەندیکاکەمان بۆ باسکردن پاشان لەنێوانی قسەکانمدا باسمان لە رەوشی کوردستان و بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان کرد، سەرەڕای کارو چالاکی و ئامانجەکانی سەندیکاکەمان بۆ نەقیبی رۆژنامەنووسانی یۆنان باسی کرد ئەویش زۆر خۆشحاڵیی خۆی بۆ ئەم دیدارە دەربڕی و تێگەیشتنێکی باشی هەبوو لەسەر کێشەی کورد، ئەوجا بە کورتەیەك باسی سەندیکایەکەی خۆیان و مافی رۆژنامەنووسانی ئەندامانی سەندیکایەکەی کرد، لە کۆتاییدا شاندی ئێمە (لۆگۆ)ی سەندیکای پێشکەش بە نەقیبی رۆژنامەنووسانی یۆنان کرد و ئەویش لە شوێنێکی دیاری تەنیشت خۆیەوە داینا و گوتی (هەر میوانێك بێتە ئەم ژوورەوە باسی ئاڕم و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی بۆ دەکەم)، پاشان ئەویش سومبولی سەندیکای خۆیان و باجی درووشمی فیستیڤاڵی ئۆڵۆمپیادی ئەسینای ساڵی ٢٠٠٤ی پێشکەش بە ئێمە کرد، لە کۆتاییشدا بە رەسمی داوەتی سەندیکای یۆنانمان

کرد بۆ کوردستان و بە خۆشحاڵییەوە قبووڵی داوتەکەیان کردین، سەرەڕای ئەو دیدارەش دیدار و کۆبوونەوە و دانیشتنمان لەگەڵ شاندەکانی ڕۆژنامەنووسانی (ئەمەریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، رووسیا، یابان، هیند، پاکستان، ئەندەنوسیا، ئێران، بولگاریا، ئوستوڕالیا، مەنگۆلیا، تایوان، مالیزیا، هۆڵەندا، کامبیا) ئەنجامدا، سەرەڕای کۆبوونەوەی چڕوپڕ لەگەڵ هەندێ لە سەندیکایەکانی وڵاتانی عەرەبی وەکو (فەلەستین، جەزائیر، مەغرب، تونس) کە تێیدا قسەوباسەکان (کورتەیەك لە رۆڵی سەندیکاکەمان لە چەسپاندنی ئازادیی رۆژنامەنووسی و دابینکردنی مافی رۆژنامەنووسان و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد)، بەڵام ئەوەی زیاتر شاندە عەرەبەکانی تووشی سەرسوڕمان کرد جموجۆڵی ئێمە بوو لەناو کۆنگرە و دابەشکردنی لۆگۆ و ئاڕمی سەندیکا و پەیوەندی و کۆبوونەوە لەگەڵ دەیان شاندی رێکخراوەکانی رۆژنامەنووسی بەشدابوو لە کۆنگرەی (٢٥)ـەمینی IFJ دا.

یەکێ لە جموجۆڵە بەرچاوەکانی شاندی ئێمە لەم کۆنگرە نێودەوڵەتییەدا پەردە هەڵماڵین بوو لەسەر روو و رۆڵی شۆڤێنییانەی یەکێتیی رۆژنامەنووسانی عەرەب کە بەداخەوە لە کۆبوونەوەی رۆژانی ٢١-٢٢/٤/٢٠٠٤ لە دیمەشق ئەنجامیان دابوو کە تێیدا هەڵوێستێکی ناحەزانەیان بەرامبەر ئێمە ئەنجام دابوو کە بریتییە لە (ئەمانەتی گشتیی یەکێتیی رۆژنامەنووسانی عەرەب-الأمانة العامة لأتحاد الصحفيين العرب) لە کۆبوونەوەی خۆیدا کە لە رۆژانی ٢١-٢٣/٤/٢٠٠٤ لە دیمەشقی پایتەختی وڵاتی سووریا ئەنجامیان دابوو لە بڕگەی (٥)ی کە تایبەتە بە عیراق دەڵێ (قررت الأمانة العامة لأتجاد الصحفيين العرب متابعة موقف الأتحاد الدولي في مؤتمره العام المقبل الذي ينعقد في أثينا في الفترة ٢٤-٣٠/٥/٢٠٠٤ في قبول أو عدم قبول العضوية الكاملة لنقابة الصحفيين الأكراد والتأكيد على أعتراض أتحاد الصحفيين العرب على قبول عضوية النقابة الكردية في الأتحاد الدولي لأن ذلك يهدد وحدة الصحفيين

ادانة المحاصصات الطائفية لبناء المؤسسات العراقية - اتحاد الصحفيين العرب يقرر استمرار تعليق عضوية نقابة الصحفيين العراقيين

دمشق ـــ الزمان
عقدت الأمانة العامة لاتحاد الصحفيين العرب اجتماعاتها بدمشق من الفترة ٢١ ـ ٢٣ نيسان (ابريل) الحالي، وذلك برئاسة الأستاذ إبراهيم نافع رئيس الاتحاد وبدعوة اتحاد الصحفيين السوريين.
فيما تضمنت التوصيات والقرارات الصادرة عن اجتماع الأمانة العامة فقرة عن العراق جاء فيها:
درست الأمانة العامة بكل دقة التقرير الكامل حول أوضاع الصحافة والصحفيين بالعراق تحت الاحتلال، والمقدم من وفد الاتحاد برئاسة الأستاذ محبوب علي وعضوية الأستاذين سفيان بن حميدة ويحيي قلاش، والذي زار العراق في كانون الثاني (يناير) ٢٠٠٤ بالاشتراك مع وفد الاتحاد الدولي
وبعد إشادة الأمانة العامة بالتقرير الموضوعي قررت:
1 ـ استمرار تواصل اتحاد الصحفيين العرب وحواره المفتوح مع كل الأطراف الصحفية بالعراق، والعمل علي إعادة توحيد صفوفهم في تنظيم نقابي وطني ديمقراطي موحد رغم معرفة الظروف المعقدة التي يمر بها العراق تحت الاحتلال.
2 ـ تأكيد استمرار تعليق عضوية نقابة الصحفيين العراقيين بالمكتب الدائم حتي المؤتمر العام العاشر بالاتحاد.
3 ـ تشكيل لجنة ثلاثية من الأساتذة محبوب علي وسفيان بن حميدة ويحيي قلاش لمتابعة تنفيذ برنامج النقاط الخمس الواردة في تقرير الوفد المشترك حول مساعدة الصحفيين العراقيين وذلك بالتنسيق مع الأمين العام للاتحاد ومع الاتحاد الدولي للصحفيين.
4 ـ دانت الأمانة العامة محاولات قوات الاحتلال الأمريكي تفتيت صفوف الصحفيين العراقيين علي أسس عرقية وطائفية ودانت استمرارها في تعمد قتل الصحفيين العرب والأجانب كما دانت سياسة هذه القوات في فرض قوانين ومشروعات إعلامية تتناقض مع السيادة الوطنية للعراق ومع مبادئ حرية الصحافة والإعلام.

1

ـ قررت متابعة موقف الاتحاد الدولي في مؤتمره العام المقبل من 5
قبول أو عدم قبول العضوية الكاملة لنقابة الصحفيين الأكراد
والتأكيد علي اعتراض اتحاد الصحفيين العرب علي قبول عضوية النقابة
الكردية في الاتحاد الدولي لأن ذلك يهدد وحدة الصحفيين العراقيين
وسعيهم لتنظيم نقابي ديمقراطي موحد.

العراقيين وسعيهم لتنظيم نقابي موحد) یانی (ئەمانەتی گشتیی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب بڕیاریدا بەدواداچوون بۆ هەڵوێستی فدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی IFJ بکات لە کۆنگرە گشتیی خۆی (٢٥)ـەمین کە لە ئەسینا لەنێوان ٢٤-٢٠٠٤/٥/٣٠ دەبەسترێ دەربارەی وەرگرتن یاخود وەرنەگرتنی ئەندامێتیی تەواوی (کارا)ی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردەکان لە فدراسیۆنی نێودەوڵەتی لەبەرئەوەی ئەم هەنگاوەی فدراسیۆنی نێودەوڵەتی هەڕەی یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی عیراق دەکات کە دەیانەوێ سەندیکایەکی دیموکراتیی یەکگرتوو درووست بکەن). بەرامبەر ئەم هەڵوێستە شۆڤێنییانەی یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب شاندەکەمان دەقی ئەو نامەیەی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە لە ڕۆژی ٢٠٠٤/٤/٢٩ ئاراستەی (ابراهیم نافع) ئەمینداری گشتیی یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب کراوە دەربارەی هەڵوێستی نادیموکراتییانە و شۆڤینییانەی یەکێتییەکەیان بەرامبەر سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان،

**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان** | **Kurdistan Journalist's Syndicate**

ئەنجومەنی سەندیکا | نقابة صُحفيي كوردستان

ڕۆژ: | بەروار:

**بەڕێز ئیبراهیم نافع ئەمینداری گشتیی**

**یەکێتی رۆژنامەنووسانی عەرەب**

**سڵاوو رێز**

لەکاتێکدا رۆژنامەنووسانی کورد خەریکی ئاهەنگ گێڕان بوون بەبۆنەی (٢٢)ی نیسان رۆژی رۆژنامەنووسی کوردی کە ئەویش یادی دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردییە کە لە (٢٢)ی نیسانی ساڵی (١٨٩٨) لە قاهیرە بە چاپ گەیێندراوە، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەداخ و نیگەرانییەکی زۆرەوە ئەو هەواڵەمان بیست کە یەکێتی رۆژنامەنووسانی عەرەب لە کۆبوونەوەی ٢١-٢٣/٤/٢٠٠٤ کەلە دیمەشقی پایتەختی وڵاتی سوریا گرێدراوە داوای رەتکردنەوەی ئەندامێتی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکات لە فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی کە ئێستا ئەندامی بەشدارە لەم فیدراسیۆنەدا بەبیانووی ئەوەی کە ئەم ئەندامبوونەی سەندیکاکەمان هەڕەشە لە یەکێتی رۆژنامەنووسانی عێراق دەکات، هەربۆیەش دەمانەوێت جەخت لەسەر ئەم راستیە بکەینەوە کە ئێمە وەکو چۆن لە رابردوودا وابووین لە ئێستاش و داهاتووش سووردەبین لەسەر یەکێتی عێراق و باشترین بەڵگەی گەواهیدەریشمان ئەوەیە کە ناسنامەکەمان بریتییە لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی عێراق هەروەها سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان هێزەکانی ئەمریکا دروستیان نەکردووە وەکو لە بەلاغەکەتاندا هاتووە، بەڵکو ئەم سەندیکایە بەپێی بڕیاری ژمارە (٤)ی ساڵی (١٩٩٨)ی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان لە کۆنگرەیەکی گشتی خۆیدا دامەزراندنی خۆی راگەیاندووە لەوکاتەی کوردستان دوور لە دەسەڵاتی رژێمی ئەوسای عێراق بە ئازادی دەژیا

ئەدرێس: شەقامی شەست مەتری- زانیاری | Tel: 2221875 - 2220367

Fax: 2294800

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
ئەنجومەنی سەندیکا

Kurdistan Journalist's Syndicate
نقابة صحفيي كوردستان

رۆژ: بەروار:

هەروەها هیچ جۆرە پەیوەندییەکی گشتی لەگەڵ سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق نەبووە ئەو سەندیکایەی عودەی سەدام حوسێن سەرۆکایەتی دەکرد کە چەندین کەسی لە رۆژنامەنووسانی عێراقی راپێچی زیندانی رەزوانیە کرد و ئەوانی تریشی ناچار بەهەڵاتن کران یاخود بەزۆر کردنی بە (فدائی صدام)، بەڵام بەداخەوە لەبەرامبەر ئەم هەموو کارە ناڕەوایانە گوێ بیستی ئەوە نەبووین کە یەکێتی رۆژنامەنووسانی عەرەب بچووکترین داکۆکی لە رۆژنامەنووسانی عێراق بکات لە کاتێکدا لەم قۆناغەی کە عێراق گوزەری پیادا دەکات بەبێ هیچ بیانوویەکی رەوا گونجاو ئێوە ئەم هەڵوێستە لە بارەی ئێمەوە دەخەنەروو بۆیەش ئەمە لای رۆژنامەنووسانی کوردستان بریتییە لە دەستخستنە نێو کاروباری نێوخۆی عێراق.

بەڕێز ئەمینداری گشتی رۆژنامەنووسانی عەرەب

دەمانەوێت ئەوە بەبیر بەڕێزتان بهێنینەوە کە لەوکاتەی بەڕێز (ئایدن وایت) سکرتێری گشتی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی بە یاوەری شاندێکی رۆژنامەنووسانی عەرەب لە رۆژی ٢٢–٢٣/١/٢٠٠٤ سەردانی کوردستانی کرد بە ئاشکرا پێمانی راگەیاند کە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان هەموو جۆرە مەرجێکی یاسایی و رێکخراوەیی تێدایە و دەکرێت ببێتە نموونەیەک بۆ سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق لە داهاتوو.

هەروەها لە بەشێکی تری بەلاغەکەتاندا ناوی سەندیکای ئێمەتان وەکو سەندیکای رۆژنامەنووسانی کورد هێناوە، بۆیەش دەمانەوێت بڵێین کە ئێمە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانین نەک کورد بەتەنیا، چونکە جگە لە کورد هەموو ئەو رۆژنامەنووسە عەرەب و تورکمان و کلد و ئاشورەشی لە باوەش گرتووە کە دانیشتووی هەرێمی کوردستانی عێراقن.

ئەدرێس: شەقامی شەست مەتری– زانیاری
Tel: 2221875 - 2220367
Fax: 2294800

**سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**
**ئەنجومەنی سەندیکا**

**Kurdistan Journalist's Syndicate**
**نقابة صحفيي كوردستان**

ڕۆژ:                                                    بەروار:

لەکۆتاییدا داوا دەکەین سەبارەت بەو هەڵوێستەتان لەبەرامبەر سەندیکاکەمان چاو خشاندنەوەو پێداچوونەوەیەك بکەن، چونکە ئەم بڕیارەتان خزمەت بە یەکێتی عێراق ناکات و هەروەها پێچەوانەی یاساکانی بەڕێوەبردنی ئیدارەی دەوڵەتی عێراقیشە کە ڕێگای بە گەلی کورد داوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا هەموو جۆرە مافێکی خۆی بەدەست بهێنێت.

هەڵبەت سەندیکاکەمان بریتییە لە ئاراستەو ڕێبازێکی دیموکراسیانە نەك ئەوەی کە بەداخەوە ژمارەیەك لە ئەندامامەکانی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب خەیاڵی بۆدەکەن و جارێکی تر ئێمە جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە ئێمە پێمان وابوو یەکێتییەکەتان بەبۆنەی ڕۆژی ڕۆژنامەنووسی کوردی بروسکەی پیرۆزباییمان بۆ دەنێرن وەکو ئەو بروسکە پیرۆزباییەی کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق بە ئیمزای بەڕێز (شەهاب تەمیمی)بۆی ناردین، کەچی بەداخەوە لەبەرامبەر ئەمەدا بەم بڕیارەتان نیگەران و سەرسامتان کردین هەربۆیەش سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و هەروەها لە گەڵیشیاندا هەموو ڕۆشنبیرانی وڵاتەکەمان ئەم بڕیارەی ئێوە بەپێ شێل کردنی ماف و ئازادی کارکردن و بیروڕا دەربڕین بۆ سەرکار کە بواری ڕۆژنامەنووسی خۆیان لەقەڵەم دەدەن، دواجار چاوەڕوانی وەڵامتان دەکەین لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێز و سڵاومان.

**ئەنجوومەنی**
**سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**
**٢٠٠٤/٤/٢٩**

ئەدرێس: شەقامی شەست مەتری– زانیاری
Tel: 2221875 - 2220367
Fax: 2294800

لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەو یاداشتەی کە (١٤٣) کەسایەتیی عیراقی بە هەموو پێکهاتەکانییەوە لەگەڵ چەندین کەسایەتیی عەرەب کە ئاراستەی ئیبراهیم نافع و یەکێتیی رۆژنامەنووسانی عەرەبیان کردبوو کە لەبەر زۆریی ناوەکانیان ناتوانم ناوی ئەو بەڕێزانە بڵاوبکەمەوە.. بەناوونیشانی (صمتكم كان جريمة.. وتصريحاتكم اليوم جريمة أكبر يا اتحاد الصحفيين العرب)، یانی (بێدەنگیتان تاوان بوو، بەڵام راگەیەندراوەکانتان ئەمڕۆ تاوانێکی گەورەترە ئەی یەکێتیی رۆژنامەنووسانی عەرەب)، کاتێ ئەندامانی کۆنگرەی (٢٥)ـەمینی فدراسیۆنی نێودەوڵەتی لە ناوەڕۆکی یاداشتنامەکەی (١٤٣) کەسایەتییەکە و بەیاننامەکەی ئاگاداربوون روو بە رووبوونەوەیەکی توند لەنێوان شاندی ئێمە و (حميده بن سفيان)ی ئەندامی شاندی تونس و ئەندامی ئەمانەتی گشتیی یەکێتیی رۆژنامەنووسانی عەرەب روویدا، ئینکاریی ئەوەی کرد کە ئەوان داوای هەڵپەساردنی ئەندامێتیی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانیان کردبێت، بەڵکو ئەوان.. (لێرەدا دانی پێدانا) کە ئەوان دژی بەرزبوونەوەی ئەندامێتیی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کردووە لە ئەندامی بەشدارەوە بۆ ئەندامی کارا، هەڵوێستی نەرێنیمان نەبووە کاتێ ئەو قسەیەی لە دەم هاتەدەر هەرسێکمان بە یەکجار رووبەرووی بووینەوە و گوتمان (درۆیە ئەم داوایەتان پێچەوانەی هەڵوێستەکان نییە و ئێوە بە چ حەقێك یەکێتیی رۆژنامەنووسانی عەرەب ئەم هەڵوێستە شۆڤێنیانە بەرامبەر ئێمە رادەگەیەنن، ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان لەگەڵ ئێوەدا نییە و ئەندامی ئێوە نین و ئێمە کوردستانین، شەرمە بۆ ئێوە ئەو جۆرە هەڵوێستە شۆڤێنییە هەرزەکارانەتان هەبێت، شەرم لە خۆتان بکەن کاتێ سکرتێری گشتیی فدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی IFJ دەڵێت "سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ئەهلییەتی تەواوی هەیە، بۆیە بۆ ئەم کۆنگرەیە داوەت کراوە لە کاتێکدا چەندین رێکخراوی عەرەبیی رۆژنامەنووسی بانگی ئەم کۆنگرەیە نەکراوە).

لێرەدا دەقی ئەو نامەیەی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە ئاراستەی ئیبراهیم نافع ئەمینداری گشتیی یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب کراوە لەگەڵ دەقی یاداشتنامەکەی (١٤٣) کەسایەتییە عیراقی و عەرەب کە ئەویش ئاراستەی هەمان شوێن کراوە ئەوجا ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیەمان لە کۆنگرەی ئەسینا لەگەڵ شاندە عەرەبییەکان و پشتگیریی ئایدن وایت و زۆربەی شاندە نێودەوڵەتییەکان سەرەڕای ئەو هەڵمەتە گەورەیەی کە لە کوردستان و یاداشتنامەی (١٤٣) کەسایەتییەکە وای لە شاندە عەرەبەکان کرد کەوا بەخۆیاندا بچنەوە دەرەبارەی ئەو بڕیارە ناڕەوایەی کە لە دیمەشق دابوویان، هەندێ لەو شاندانەی وەکو شاندی فەلەستین، مەغریب، دانیان بەوەدا نا کە ئەو بڕیارەی یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب بڕیارێکی بەپەلە و هەڵە بووە و بەسەر ئەواندا تێپەڕیوە و ئەوان (یانی ئەو دوو شاندە) ئەم بڕیارە ڕەت دەکەنەوە و ئامادەییان نیشاندا کە بە هەموو شێوەیەك یارمەتیی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بکەن، بەڵام سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی تونس لە بارودۆخێکی ناهەمواردابوو لە کاتێکدا ئەندامێتیی لە فدراسیۆن هەڵواسرابوو، بەڵام پاش گفتوگۆ و پاڕانەوە لە کۆتایی کۆنگرەدا بڕیار درا ئەندامێتییەکەیان بۆ بگێڕنەوە بە مەرجێك بۆ ماوەی ساڵێك لەژێر چاودێری دابن، بەڵام ئەوانیش شاندی سەندیکای (تونس)یش لەو هەڵوێستە شۆڤێنییانە پەشیمان بوونەوە و پەیمانیان دا کە ئەم جۆرە هەڵوێستە دووبارە نابێتەوە، لەکۆتاییدا بڕیارەکەی یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب بێ مانا دەرچوو و لە شەرمەزاری زیاتر هیچیان بۆ نەمایەوە.

ڕۆژی شەممە ڕێککەوتی ڕۆژی پێنجەمی کۆنگرە کە لە ئوتێلی (دیڤانی) بەڕێوەدەچوو بەرنامەکانی کۆنگرە ئاسایی بەڕێوەدەچوو، دوا قۆناغەکانی هەڵبژاردنیش بە مانەوەی ئایدن وایت لە شوێنی خۆی وەکو سکرتێری گشتیی فدراسیۆن کە مایەی خۆشحاڵیی ئێمە بوو، بەم بۆنەیەوە شاندی سەندیکای

رۆژنامەنووسانی کوردستان پاکەتێك گەزۆی کوردستانی (تۆفیقی حەڵواچی)مان پێشکەش بە ئایدن وایت کرد و هیوای سەرکەوتنمان بۆ کرد لە ئەرکەکانی.

## صمتكم كان جريمة

## وتصريحاتكم اليوم جريمة اكبر يا اتحاد الصحفيين العرب

كان لصدى سقوط صنم الدكتاتور في ساحة الفردوس أثراً كبيراً على الصمت العربي الرسمي والمؤسساتي على جرائم النظام الفاشي المقبور بحق شعبنا العراقي وجيرانه، وفي إتخاذهم مواقف اقل مايمكن القول عنها انها كانت عدائية وشوفينية مقرونة بالحنين الى النظام المقبور وكوبوناته. فسلسلة الحروب العدوانية مع ايران والكويت والتوزيع" العادل " للمقابر الجماعية في ارجاء العراق والحرب الشوفينية ضد الشعب الكوردي والتي يمكن اعتبارها حرب ابادة ضد الجنس البشري بما رافقها من حملات الانفال وقصف مدينة حلبجة وقرى وقصبات أخرى بالسلاح الكيمياوي وعمليات الترحيل والتسفير القسرية التي لم تكن موضوعات تهم النقابات والمؤسسات العربية الرسمية منها وغير الرسمية يوماً ما، في حين اعتبرت سقوط الصنم ومحاكمته وانتهاء عصر النقابات والمؤسسات المحكومة بادوات فاشية موضوعات تحرك الاصوات والاقلام وتثير الكثير من الضجيج المفتعل حولها.

فبعد قرارات المؤتمر القومي العربي في دورته ال ١٥ ورفضه الفيدرالية بالرغم من كونه مطلبا عراقيا، وتشكيل اتحاد المحامين العرب جيشا من المرتزقة للدفاع عن الدكتاتور، ورفض اتحاد الادباء العرب مشاركة الوفد العراقي في مؤتمره في الجزائر وتعليق عضويته، يطل علينا اتحاد الصحفيين العرب واستمراراً لمواقفه المعادية لشعبنا العراقي عامة والكوردي خاصة بموقف شوفيني متشنج يهدف إلى عرقلة التوجه الديموقراطي والفيدرالية في العراق. وفي بيان للاتحاد المذكور بعد عقد دورته في دمشق مليء بالاكاذيب وتشويه الحقائق لتبرير قرار الاتحاد برفض طلب نقابة صحفيي كوردستان في الاتحاد الدولي للصحفيين الذي يعقد دورته في العاصمة اليونانية اثينا خلال الاسابيع المقبلة اننا مجموعة من الكتاب والصحفيين والمهتمين بالشأن الثقافي العراقي نورد الحقائق التالية:

١- ان تشكيل نقابة صحفيي كوردستان جاء وفق القانون رقم ٤ لعام1998 الصادر من قبل برلمان كوردستان المنتخب وهي نقابة تضم صحفيين من كل القوميات في كوردستان ولم يأت تشكيلها بقرار اميركي كما ادعى بيان الاتحاد.

٢- ان اسم النقابة هو ( نقابة صحفيي كوردستان ) وتضم الصحفيين الكورد والعرب والتركمان والكلدو اشوريين وليس " نقابة الصحفيين الاكراد " كما ذكر بيان الاتحاد لغاية في نفس يعقوب ومن اجل تمرير الموقف الشوفيني والانضمام الى الجوقة المعادية للحقوق المشروعة لكورد العراق.

٣- ان السيد ايدن وايت السكرتير العام للاتحاد الدولي للصحفيين اشاد بنقابة صحفيي كوردستان خلال زيارته كوردستان بتاريخ ٢٢-١-٢٠٠٤ والتي رافقه فيها وفد من الاتحاد العام للصحفيين العرب ، واعتبر السيد وايت ان نقابة صحفيي كوردستان نقابة رصينة ومستوفية لجميع الشروط النقابية، بل وأعتبرها نموذجا يمكن الاستفادة منه والإقتداء به على صعيد نقابة الصحفيين العراقيين

٤- ان الشعب الكوردي في العراق ومن خلال برلمانه ومؤسساته يتمسكون بشكل اكبر بالبديل الديموقراطي للعراق الفيدرالى لكوردستان العراق امام كل التوجهات الشوفينية التي تهدف الى خلق روح العداء

وتعمل على نسف الاخوة العربية الكوردية في العراق من اجل تشتيته وتقسيمه.
اننا نحن الموقعون ادناه من كتاب وصحفيين ومن جميع المهتمين بالشان الثقافي ندين موقف اتحاد الصحفيين العرب والاتحادات والنقابات العربية التى اشرنا اليها ونطلب منهم ان يقدموا وبشكل رسمي اعتذاراً خطيا عن مواقفهم المعادية للشعب العراقي وخاصة كتابه وصحفييه، كما ونطلب من نقابة صحفيي العراق اتخاذ موقف واضح وعلني من الموقف الشوفيني للاتحاد المذكور، و نتفهم اي قرار يتخذه كتاب وصحفيو كوردستان من الموقف الشوفيني لاتحاد الصحفيين العرب المشار إليه أعلاه.

نرحب بمساهمتكم على هذا الدعم ويرجى ارسال التأييد على العنوان التالي مع تحياتنا:-

shukri@kdp.info        info@pukonline.com

شەوی کۆتایی کۆنگرە و لەسەر شەرەفی ئەندامانی کۆنگرە فدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی ڕۆژنامەنووسانی یۆنان بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتیی شارەوانیی ئەسینا لە سەرەوەی دوا قاتی سەرەوەی ئوتێلەکە ئاهەنگێکی زێدە دەوڵەمەند و داوەتێکی ڕازاوەی بە هەموو جۆرە خواردنێکیان ئامادەکردبوو کە تێیدا لە دەوروبەری (مەلەوانگە)ی سەربانی دواقاتی ئوتێلەکە ئاهەنگێکی قاپ شکاندن دەستپێکرد کە بریتییە لە جۆرە پێشبڕکێیەك کە هەریەك بتوانێ چەند قاپ بەیەکەوە لەناو ئەو حەوزە بشکێنێ، بەدەم خواردن و خواردنەوە و قاپ شکاندن کاتێکی خۆشمان بەسەربرد، کە تێیدا دیمەنی چراخانی ئەسینا دیمەنێکی دڵڕفێنی دەهێنایە بەرچاو.

لە کۆتایی کۆنگرە دەبووایە ئوتێلی دیڤانی کەرەڤیللۆ بەجێبهێڵین، لەناو خواحافیزیی شاندەکانی بەشداربووی کۆنگرە کە هەریەکەو بۆ وڵاتی خۆی دەگەڕایەوە، ئێمەش بەهۆی چەند برادەرێکی دیکەی دانیشتووی ئەسینا کە

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
ئەنجومەنی سەندیکا

Kurdistan Journalist's Syndicate
نقابة صحفيي كوردستان

رۆژ:
بەروار:

**بەڕێز/ ئایدان وایت سکرتێری گشتیی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی**

**بەڕێزان/ ئەندامانی لیژنەی را پەڕاندنی فیدراسیۆن**

سڵاوی گەرمی سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان بە جیاوازی نەتەوە، ئایین، رەگەز، بیروڕای سیاسی تان ئاراستە دەکەین ئەو رۆژنامەنووسانەی کە بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە پێشوازی لێکردن لەکاتی سەردانە سەرکەوتوانەکەتان لە رۆژانی ۲۱-۲۲/۱/۲۰۰٤ بۆ کوردستانی ئازاد ئەنجامتاندا لەگەڵ ئەو وەفدە یاوەرەی کە لە بەڕێزان:

١- جیم موبیلا: راوێژکاری فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی و سەندیکای رۆژنامەنووسانی بەریتانیا.

٢- ئولیفر دالاکی: لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی فەرەنسی.

٣- مەحبوب عەلی جێگری سەرۆکی یەکێتی رۆژنامەنووسانی عەرەب.

٤- سفیان بن حمیدە: لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی تونس.

٥- یەحیا کلاش لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی میسر.

پێکهاتبوو کە بووە مایەی لێکحاڵبوونێکی تەواو لەنێوانداو راشکاوانە بیروڕاکان لەلایەن هەموانەوە گۆڕدرانەوە چ دەربارەی پێکهاتەو مێژووی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، کە ئێستاکە نوێنەرایەتی و چوارچێوەی زیاتر لە ١٥٠٠رۆژنامەنووسەو بەرنامەی کاریش ئەو دروشمە ناوەندییە کە هەر لەسەرەتاوە بە هەموو شێوەیەك کاری بۆ دەکا کە دەڵێ (لەپێناو چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووس و دەستەبەرکردنی ماف و گوزەرانی رۆژنامەنووسان لە کوردستان).

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کە پاش هەوڵو ماندووبوونی رۆژنامەنووسانی کوردستان بەپێی یاسای ژمارە (٤)ی پەرلەمانی کوردستانی هەڵبژێردراو بەبڕیاری ژمارە

١١ لە ١٩٩٨/٤/٢٢ دروست بووەو تاکو رۆژانی ئەمڕۆ چەندین کۆنگرەی گشتیی بۆ ناوەند و کۆنفرانسی ناوخۆ بۆ لقەکانی سـ کا لە پارێزگاکانی کوردستان گرێدراوەو بۆتە تاکە سەندیکای سەرانسەری کوردستان کە تێدا رۆژنامەنووسانی کورد و کلد و ئاشووری و تورکمان و تەنانەت ئەندامی هاوڵاتی عەرەبیشی تێدایە و هەموو بنەمای یاسایی و دەستووری تێدا کۆبۆتەوەو تاکە سەندیکاشە نەك هەر لە کوردستان بەڵکو لە سەرانسەری عێراقیشدا بەو شێوەیە یاسایی و دیموکراتیە هاتۆتە سەر گۆڕەپانی پیشەیی و لە رێڕەویشدا چەندین ئەندامی کارای لەکاتی جێ بەجێ کردنی ئەرکی رۆژنامەنووسی شەهید بوون کە دواتری رووداوو کارەساتەکەی ١ی شوباتی ئیمساڵ بوو کە لە ئەنجامی کارێکی تیرۆریستی (٩) رۆژنامەنووسی ئەندامی کارا شەهید بوون و (٤) بریندارbوون.

بەڕێز: سکرتێری گشتیی فیدراسیۆن

بەڕێزان: ئەندامانی لیژنەی راپەڕاندنی فیدراسیۆن

Tel: 2221875 - 2220367
Fax: 2294800
ئەدرێس: شەقامی شەست مەتری- زانیاری

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

ئەنجومەنی سەندیکا

Kurdistan Journalist's Syndicate

نقابة صحفيي كوردستان

ڕۆژ:

بەروار:

ئێمەی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەکاتێکدا سەرقاڵی ئاهەنگ گێڕان بووین بەبۆنەی یادی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە مێژوودا کە ئەویش ڕۆژنامەی (کوردستان)ە کە لە ١٨٩٨/٤/٢٢ لەلایەن ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسی خوالێخۆشبوو میقداد بەدرخان) لە قاهیرەی پایتەختی وڵاتی میسر دەرچووە دوور لە وڵاتی پان و بەرینی کوردستان بەهۆی ئەو زوڵم و زۆردارییەی کە لەگەلی کوردستان کراوە لە مێژوودا بەڵێ لەو کات و ساتەدا بەوپەڕی سەرسوڕمان و نیگەرانییەوە ئاگاداربووین کە لە ئاکامی کۆبوونەوەی (الامانة العامة لأتحاد الصحفيين العرب) کە ڕۆژانی ٢١-٢٣)نیسان لە دیمەشق ئەنجام دراوە لە بڕگەی (٥)دا کە تایبەتە بە (العراق) دەڵێ:

**(قررت الامانة العامة لأتحاد الصحفيي العرب متابعة موقف الاتحاد الدولي في مؤتمره العام المقبل (الذي ينعقد في اثينا في الفترة ٢٤/٥-٣٠/٥/٢٠٠٤) في قبول او عدم قبول**

**ا[illegible]وية الكاملة لنقابة الصحفيين الاكراد والتأكيد على اعتراض اتحاد الصحفيين العرب على قبول عضوية النقابة الكرديه في الأتحاد الدولي لأن ذلك يهدد وحدة الصحفيين العراقيين وسعيهم لتنظيم نقابي ديمقراطي موحد).**

بەڕێزان:

هەڵوێستی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب وەنەبێ لەلای ئێمە شاردراوەبێت، چونکە لەکاتی سەردانی بەڕێزتان لەگەڵ وەفدی یاوەر کە چواریان نوێنەرایەتی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عەرەبیان دەکرد بە ئاشکرا هەڵوێستی شۆڤێنیانەی خۆیان ڕادەگەیاند لە ڕوانگەی بیروباوەڕی نەتەوەیی دوژمنکارانەدا نەك هەر بەرامبەر ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەڵکو بەرامبەر مێژووی گەل و نەتەوەیەك کە هەمیشە لە تێکۆشانێکی زۆر زەحمەتدابووە بۆ ئەوەی مافەکانی خۆی وەدەست بهێنێ و بەهیچ شێوەیەك نەیان دەتوانی باوەڕ بەوڕاستیە بکەن کە سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو سەندیکایە کۆبوونەتەوە کە نوێنەرایەتی ڕاست و دروستی ئەوان دەکات و هیچ کێشەیەکی پیشەیی و یاسایی نییە و ئازادانە داکۆکی لە (ئازادی ڕۆژنامەنووس و مافی ڕۆژنامەنووسان دەکات لە کوردستان) لەلایەکی دیکەشەوە ئەوان کاتێ بەراوردکردن لەگەڵ بارودۆخی (بنەماو پێکهاتەو چۆنیەتی نوێنەرایەتی (نقابة الصحفيين العراقيين) بۆ ڕۆژنامەنووسانی عێراق هاوکات لەگەڵ دروستبوونی (اتحاد الصحفيين العراقيين) لە ئاکامی ئەو کێشە و گیروگرفتەی کە لە نێوان ڕۆژنامەنووسانی عەرەب لە عێراقدا هەیە کە پێمان وایە وەکو بە ئێوەمان ڕاگەیاند لەکاتی سەردانەکەتاندا کە ئێمە لە ئایندەدا بەپێی بڕیاری کۆنگرەی گشتیی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە لە ڕۆژانی ١٣-١٥/١٢/٢٠٠٣ لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەسترا دەتوانین باشترین پەیوەندی لەنێوان سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەو سەندیکاییە کە لە بەغدا لە بارودۆخێکی دیموکراتی دادەمەزێ و نوێنەرایەتی زۆربەی ڕۆژنامەنووسانی عێراق دەکات

ئەدرێس: شەقامی شەست مەتری- زانیاری

Tel: 2221875 - 2220367

Fax: 2294800

Kurdistan Journalist's Syndicate

نقابة صحفيي كوردستان

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

ئه نجومه نی سه ندیكا

ڕۆژ: به‌روار:

دروست بکەین لەڕێگای (لیژنەیەکی باڵای تەنسیق) کە ئەمیشیان باشترین ڕێگایە بۆ پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و عێراق).

بەڕێزان: ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و سەندیکاکەیان بەوپەڕی جدیەتەوە چاوەڕوانی ئیشوکاری کۆنگرەی گشتی فیدراسیۆن دەکەن لە ئەثینا کە کۆتایی ئەم مانگە دەبەسترێ و بەو ئەومێدەن کە وەکو لە کوردستان پێمان ڕاگەیاندن کەوا ئەندامیەتیەکەمان لە بەشدارەوە بگۆڕدرێ بۆ ئەندامی کاراو تاکو چی دیکە هەست بەلاوازی ئەندامیەتیمان نەکەین و لەمپەڕێکیش دروست بکات بەرامبەر هەر بۆچوونێکی ناڕەوا کە یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب لەکۆبوونەوەی ڕۆژانی ٢١–٢٠٠٤/٤/٢٣ لە دیمەشق ڕایانگەیاند و ئێمە لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان گەشبینین بەرامبەر هەڵوێستی فیدراسیۆن کە لە حوزەیرانی ساڵی پارەوە تێدا ئەندامی بەشدارین، چونکە بەڕێزتان لە نێوان کۆبوونەوەکانماندا کە لە کو[illegible]ستان لەکاتی سەردانتاندا ئەنجامتان دا ڕاشکاوانە ئەوەمان بەدی دەکرد کە بۆچوون و هەڵوێستی ئێمە لەگەڵ هەڵویستی فیدراسیۆندا زۆر لێك نزیکین و ئێمەش بەهەمان ئاقاردا هەنگاو دەنێین کە فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی پیادەی دەکات لە ئازادی کاری ڕۆژنامەنووس و داکۆکی لە ڕۆژنامەنووسان و دژایەتی کردنی پێشێلکاری مافی ڕۆژنامەنووسان و دابین کردنی ماف و گوزەرانیان.

**جارێکی دیکە سڵاو و ڕێزی برایانی ئەنجوومەنی**
**سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانتان**
**پێشکەش دەکەم**

**فەرهاد عەونی**
**نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**
**هەولێر- کوردستان**
٢٠٠٤/٥/١

**کوردی لای خۆمان بوون (بیلال حەمە ساڵح، عادل محمد مەلا حسن) توانیمان بچین بۆ شوقەیەکی ناو بازاڕ بۆ ماوەی سێ ڕۆژ کە ڕۆژانە و شەوانە بە ئۆتۆمبێلەکەی کاك بیلال سەردانی زۆر شوێن و ئاسەواری ئەسینامان کرد و چاومان بە پەیکەرە نایابەکانی ئەو وڵاتە کەوت و سەردانی گۆڕەپانی (سەربازی ون) و مەمکی ئەسینا و شەوانەش لە یەکێ لە ڕێستورانتە دڵڕفێنەکانی ڕۆخی دەریادا کاتمان بەسەردەبرد، پاش (١٠) ڕۆژ ئەسینامان بەجێهێشت لە ڕێگای ئەستەمبۆڵەوە بۆ دیاربەکر و شەوێکیش لە دیاربەکر ماینەوە، ئەوجا بەرەو کوردستان گەڕاینەوە**

**خوێنەری هێژا**

لێرەدا بە باشی دەزانم لەسەر قۆناغی ناو سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەردەوام بم تاکو کۆتایی رۆژانی دوای کۆنگرەی گشتیی سێیەم لە ٢١-٢٣/٧/٢٠١١ کە لە هەولێر بەسترا کە بەپێی یاسا مافی خۆ هەڵبژاردنەوەم بۆ نەقیبی رۆژنامەنووسان نەبوو، لێرەدا نامەوێ بابەتەکان بچڕبچڕ بن و لەسەری نەڕۆم، بەڵام پاش بەکۆتا هاتنی قۆناغی سەندیکا، جارێکی دیکە دەگەڕێمەوە قۆناغی پاش بەجێهێشتنی برایەتی کە ئەویش لە ٢١/٢/٢٠٠٠ەوە دەستپێدەکات کە ئەویش لەو قۆناغەدا هەندێ بابەت و رووداوی گرنگی تێدایە کە پاشان بەپێی مێژووی بابەتەکان دێمەوە سەری چونکە ئەو بابەتەی ئێستا دەمەوێ پچڕ پچڕ نەبێت چونکە ئەو قۆناغە بەتەنها خۆی بابەتێکە کە لەوانەیە رۆژێك لە رۆژان مێژوونووسێك، لێکۆڵەوەرێك کاتێ بییەوێ لەسەر ئەو بابەتە بنووسی دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو بابەتانەی کە لەسەری نووسراون، بۆیە منیش چونکە هەر لە سەرەتاوە سەرۆکی دەستەی دامەزرێنەری ئەو سەندیکایە بووم کە لەگەڵ برایانی دەستەی دامەزرێنەر کە ناوەکانیانم لە لاپەڕەکانی پێشووتر هێناوە توانیمان بۆ یەکەم جار بەردێك لە بناغەی باڵەخانەی رۆشنبیری و کلتووری گەلی کوردستان دابنێین کە مافی خۆمانە شانازیی پێوە بکەین بۆ ئەو کار و پڕۆژانەی کە هەمووی لە خزمەتی (چەسپاندنی ئازادیی رۆژنامەنووسی و دابینکردنی مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان) بوو، لە ماوەی ئەو ١٤ ساڵە چ وەکو سەرۆکی دەستەی دامەرزێنەر و چ وەکو نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان لە کۆنگرەکانی یەکەم و دووەم و پاش یەکگرتنەوەی هەردوو رێکخراوی رۆژنامەنووسانیش لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان چ لە کۆنگرەی یەکەمی گشتی و دووەمی گشتی دیسان بە کۆی دەنگ هەڵبژێردرام، بە هەموو توانامەوە لە هەوڵی بەردەوامی ئەوەدابووم:

**یەکەم:** سەندیکا بپارێزم لە سەربەخۆیی بڕیارەکانی، ڕێڕەوی ئیشکردنی، پاراستنی سەربەخۆیی سەندیکا لەنێوان (دەریاچەی قوم و زیخی هەمیشە گۆڕاو (بحيره الرمال المتحركه) کە لە کوردستان دەگوزەرا) و ڕۆژێك لە ڕۆژان نەمهێشت بە یارمەتیی برایانم لە ئەنجوومەنی سەندیکا گەرچی هەندێ جار لێرەو لەوێ هەندێك دەیانەویست سەندیکا بۆ مەبەستێکی شەخسی بۆ لایەنێك یاخودد ئامانجێك گوزەر بکات، بەڵام بەندە و دڵسۆزانی پاراستنی سەربەخۆیی سەندیکا هەمیشە وەکو بەربەست و لەمپەرێکی بەهێز بەرامبەری رادەوەستاین، بۆ مێژوو دەیڵێم هیچ کاتێك لە ماوەی ئەو چواردە ساڵەدا ڕۆژێك لە ڕۆژان خودی سەرکردایەتیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیش بە هیچ شێوەیەك دەستیان نەخستە ناو ئیشوکاری سەندیکا و هەمیشە بەڕێزەوە لە سەندیکا و ئەنجوومەن و کارەکانیان دەڕوانی.

لە سەرەتادا پاش دامەزراندنی سەندیکا و کۆنگرەی یەکەم لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٨ بە ماوەیەك لقی دهۆکی سەندیکامان دامەزراند پاش یەکگرتنەوەی هەردوو ڕێکخراوەکەی ڕۆژنامەنووسان کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٣ کۆنگرەی گشتیی بۆ ئەنجام درا، ئەویش پاش ماوەیەك لقی سلێمانیی سەندیکا ئەوجا لە قۆناغی جیادا سەرقاڵی دامەزراندنی لقەکانی کەرکووك، موسڵ، بەغدا بەپێی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨ (یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان) و پەیڕەوی ناوخۆی سەندیکا کە دەبێت لە پارێزگاکانی کوردستان و بەغدا و موسڵ لقی سەندیکای لێ دابمەزرێت بە مەرجی یاسایی، پاشانیش بیر لە دامەزراندنی نووسینگە کرایەوە لەو شارانەی کە ژمارەی بەرچاوی دەزگای ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسیی تێدایە کە لەسەرەتادا بە نووسینگەی سوران پاشانیش کەلار، خانەقین، زاخۆ، کە زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژنامەنووسانی کوردستان تێیدا کۆبوونەوە و کار و چالاکییەکانی لەسەر ڕۆشنایی ڕێڕەوی یاسایی و بۆچوونی ئەنجوومەنی سەندیکا گوزەریان دەکرد.

له بڕیارەکانی کۆنگرەی گشتیی یەکەم کە لەنێوان ڕۆژانی ١٣- ٢٠٠٣/١٢/١٥ لە هەولێر بەسترا چەند بڕیارێکی گرنگی تێدا هاتە کایەوە کە پێویستە لەسەر هەندێکیان وەستەی لەسەر بکەم:

١- داوا لە هەردوو سەرکردایەتیی (پ.د.ك) و (ی.ن.ك) کرا بۆ کۆتایی هێنان بە حاڵەتی دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان (بۆ زانینی خوێنەر هەردوو ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پێش یەکگرتنەوەی ئیدارە لە کوردستان یەکگرتنەوەی هۆیی ڕاگەیاند و کۆنگرەی گشتیی خۆیی بۆ بەست)، لە هەمان کاتیشدا داوا لە سەرجەم ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانی دیکەی کوردستان کرا کە تاکو ئەو کاتە یەکیان نەگرتبۆوە سوود لە ئەزموونی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان وەرگرن (بۆ زانینی خوێنەر تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆ ٢٠١٥/٩/٩ چەندین ڕێکخراوی پیشەیی لە کوردستان ماون تاکو ئێستاکەش یەکیان نەگرتۆتەوە).

٢- ئاسانکاری یاخود یارمەتیدانی ئەندامانی سەندیکا بە مەبەستی وەرگرتنیان لە بەشەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری لە کۆلیژ و پەیمانگاکانی کوردستان.

٣- پابەندبوون بە هەڵوێستی سەربەخۆی سەندیکا لە بەرامبەر هەر سەندیکا و یەکێتییەکی ڕۆژنامەنووسان کە لە عیراق دادەمەزرێن و ڕەتکردنەوەی پاشکۆیەتی بۆیان و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا لەسەر بنەمای هەماهەنگی و پەیوەندی لەنێوان دوو ڕێکخراوی سەربەخۆدا.

٤- پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت لەلایەن سەندیکاوە بۆ داکۆکی کردن لە ڕۆژنامەنووسان لەبەردەم دادگا لەو کێشانەی کە پەیوەندیی بە پیشەکەیانەوە هەیە.

ئەو دوو خاڵەی دوایی هەڵوەستەی دەوێ چونکە دوو رووداوی گرنگی رێڕەوی سەندیکا بوون تاکو ئەو رۆژەی کە لە سەندیکا بووم بە هاوکاریی برایانم لە کات و ساتی خۆیدا کە بە هیچ شێوەیەك تەنازولمان لێ نەکرد.

بەنسبەت خاڵی سێیەمەوە (باپەند بوون بە هەڵوێستی سەربەخۆی سەندکیا بەرامبەر هەر سەندیکا و یەکێتییەکی رۆژنامەنووسان کە لە عیرقا دادەمەزرێن).

کاتی خۆی بەپێی خاڵی (٥)ی رێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ سەرۆکی رێکخراوە هاوچەشنەکانی کوردستانی دەبوونە جێگری سەرۆکی ئەو رێکخراوە عیراقییانە بۆ نموونە کاتێ بەندە سکرتێری گشتیی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان بووم دەبووایە سەرۆکی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان کە ئەوکاتە برای بەڕێز ئەنوەر عبدالله بوو ببێتە جێگری سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی قوتابییانی عیراق کە بەڕێز (کریم الملا) سەرۆکی یەکیتی نیشتمانی قوتابییانی عیراقی بوو سەرەڕای دوو ئەندامی دیکەی ئەندامی مەکتەبی سکرتارییەت بۆ ئەندامێتیی لیژنەی راپەڕاندنی یەکێتیی نیشاتمانیی قوتابییانی عیراق (المكتب التنفيذي للأتحاد الوطني لطلبة العراق) لەسەر بنەمای ئەم بڕگەیە سەرۆکەکانی یەکێتیی مامۆستایان و لاوان و ئافرەتان و کرێکاران بووون بە جێگری سەرۆکی ئەو رێکخراوانە، پاشانیش لە سالآنی دواییدا جێگر هەمیشە لە کوردان بوو کە تا رادەیەك پاش خیانەتنامەی ٦ی ئازاری ساڵی ١٩٧٥ی جەزائیر ئەم مەسەلەیە تەنها وەکو ناوی بێ ناوەڕۆك مایەوە کە تا رادەیەکی گەورە خزمەتکاری بوو بۆ حزبی بەعس و دەوڵەتی عیراقی کە تا رادەیەکی گەورە نە دەسەلآت و نە سەربەخۆیی و نە رێزیشی تێدابوو، تەنانەت وەکو ئاڵەت بۆ خزمەتی خۆیان بەکاردەهاتن، من لەو روانگەیە ئەم مەسەلەیەم لا باش نەبوو، لەوانەیە لە سەردەمی ئۆتۆنۆمی بابەتەکە کە تازەبوو ئاسایی بوو، بەلآم پاشی راپەڕین و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئیعلانی سیستەمی (فیدراڵییەت) ئەم بابەتە (بابەتی تێکهەڵکێشان و تێکەڵ کردنی رێکخراوە

پیشەیی و جەماوەرییەکانی کوردستانی لەگەڵ هاوشێوەکانی عیرقای چوبووە ناو لاپەڕەکانی مێژوو کە بەکەڵکی ئەو سەردەمە تازەیەی پاش راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ نەدەهات، لە راستیشدا ئەم مەسەلەیە هەتا کاتی خۆیشی لە سەردەمی رێککەوتنی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ سەرکەوتوو نەبوو بەتایبەتی ئێمە لە یەکێتیی قوتابییان رۆژانە تووشی گیروگرفت دەبووین چونکە لایەنی عیراقی لە روانگەی سیاسەتی حزبی بەعسەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئێمە دەکرد و هیچ کاتێك جێگرەکان نەیانتوانیوە تاکە یەك بڕیاریش بدەن بەبێ رەزامەندیی سەرۆك کە عیراقی بوو.

بەنسبەت خۆم هەر لە سەرەتاوە زۆر جەختم لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکردەوە، تەنانەت لە کاتی سەردانم بۆ بەغدا پاش رووخانی رژێمی سەدام بە ١٠ رۆژ سەردانی ناسیاوی دێرینم خوالێخۆشبوو شەهید (شهاب التميمی)م کرد لە بارەگای سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراقی کە تالآنکرابوو و هیچی لەسەر هیچ نەمابوو، ئەو (شهاب التميمی) بەتەنها لەسەر کورسییەکی رەق و تەق دانیشتبوو بەدیار بارەگایەکی چۆڵ و هۆڵ، کاتێ منی دیت هەڵسا و بەپیرمەوە هات و گوتی (الله جابك الی-یانی خوا تۆی بۆ من هێنا)، ماوەی زیاتر لە کاتژمێرێك لای دانیشتم لەنێوان قسەکانماندا گوتی (پێش رووخانی رژێم دەنگوباسەکانتان پەیتا پەیتا دەگەیشتن لە رێگای برا رۆژنامەنووسە کوردەکانی بەغدا)، کارێکی چاکتان کردووە و ئیشەڵا لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا بە هاوکاریی ئێوە (سەندیکایەکی عیراقیی تۆکمەی یەکگرتوو بە هەموو پێکهاتەکانی عیراق بەتایبەتیش کورد و عەرەب پێکدەهێنین و هەموومان پێکەوە بۆ خزمەتی رۆژنامەنووسان لە یەك رێکخراو کۆدەبینەوە و سەرۆك لە ئێمە و جێگری سەرۆك و دوو ئەندامیش لە لیژنەی راپەڕاندن بۆ ئێوە تەرخان دەکرێت، سەرکەوتنی ئەم پڕۆژەیە بە هاوکاریی ئێوە ئەنجام دەدەین).

خوالێخۆشبوو شهاب التميمی لە بنەڕەتدا لە چلەکانی سەدەی بیستەمەوە رێڕەوی چەپی گرتبوو و ئەندامی حزبی شیوعیی عیراقی بووە و لەپاش

سالآنی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ کاری رۆژنامەنووسیی کردووە و پاشان تێکەڵی کاروباری سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراقی بووە، پێش رووخانی رژێمی سەدام لە ٢٠٠٣ ئەو وەکو بەڕێوەبەری کارگێڕی بووە لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراق، بەڵام هەمیشە وەکو باسی لێوە دەکەن ئەو پیاوە بە پاکی ماوەتەوە.

کاتیَ قسەکانی تەواوکرد لە وەڵامدا گوتم (أبو ربیع، چونکە کوڕەکەی لە ژنی دووەمی بوو ناوی رەبیع بوو بۆیە زیاتر بە (أبو ربیع) بانگ دەکرا، گوتم لە کانگای دڵمانەوە ئارەزوومەندین کە بە زووترین کات سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراق دابمەزرێتەوە لەسەر بنەمای ئەو سەندیکایەی کە پاش شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ دروستبوو کە تێیدا خوالێخۆشبوو (محمد مهدی الجواهری) سەرۆکی ئەم سەندیکایە بوو کە خاوەن کەسایەتییەکی بەهێزی ئەو کاتە بوو بەو پێکهاتەیەی کە لەسەری دامەزرابوو، بەڵام پاش کودەتای ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ تاکو رووخانی رژێمی سەدام ئەو سەندیکایە سەربەخۆیی لیَ زەوت کرا کە لەدوا قۆناغدا (عودەی) کوڕەگەورەی سەدام بووە نەقیبی رۆژنامەنووسانی عیراق، تەنها ناوی وەکو سەندیکا مابوویەوە، ئێستا زەمانێکی دیکەیە و دونیا گۆڕاوە، گەلی کوردستان راپەڕینی ئەنجامدا، هەڵبژاردنمان کرد و پەرلەمان هاتە کایەوە و حکومەتی کوردستان دامەزرا و لە پەرلەمانی کوردستان فیدراڵییەتی بۆ هەڵبژاردەی گەلی کوردستان لەگەڵ عیراق ئەگەر پەیوەندییەکی رێکوپێك لەسەر بنەمای رێککەوتنێکی دەستووری دروستبوو، جارێکی دیکە گەلی کوردستان لە فیدراڵییەت کەمتر رازی نابێت و رێکخراوەکانیش جارێکی دیکە نایەنە ژێر رکێفی عیراقییەکان کە هەمیشە خۆیان بە براگەورە دەزانی، ئێمەش لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە کۆنگرەکانی خۆمان بڕیاری رەتکردنەوەی هەموو جۆرە تێکەڵبوونەوە و تێکهەڵکێشانمان داوە، لەمەولا

ئێمە ئەگەر هاتو سەندیکاتان درووستکردەوە تەنها بیر لە پیوەندییەکی دۆستانەی سەربەخۆی دوو لایەنە دەکەینەوە.

کاتێ قسەکانم کۆتایی پێهێنا بۆ مێژوو دەیڵێم خوالێخۆشبوو ٠شهاب التمیمی) هەڵسایە سەرپێ بە گۆپاڵەکەیەوە گوتی (أنا فرحان جداً بهذا الطرح فأنا من مؤيدي هذه العلاقة واعتبروني صوتكم داخل النقابة العراقية عند إعادة تشكيلاتها، فأنا منذ شبابي وعندما كنت معتقلاً في الموصل بسبب أفكاري اليسارية أواخر أربعينات القرن الماضي أشعر بمعاناة الكورد فأنا من مؤيدي حق تقرير المصير لشعبكم، وأتمنى لكم كل النجاح) یانی (خۆشحاڵم بەم بۆچوونەتان، بەندە لەگەڵ ئەم جۆرە پەیوەندییەم، بە نوێنەری خۆتانم دابنێن لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراق کاتێ کە درووست بوو، بەندە لە سەروبەندی لاوێتیمەوە کاتێ لە موسڵ حەپس بووم بە هۆکاری بیروباوەڕی چەپخوازیم لە کۆتایی چلەکانی سەدەی رابردوو لە موعاناتی کورد دەگەم و من لەگەڵ مافی چارەی خۆنووسینم بۆ کورد و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم).

ئەو کاتەی لە بەغدا بووم چەند جارێك نووسەر و رۆژنامەنووسی چەپی عیراقی (حسب الله يحيى) لە ئوتێل (السندباد) دەهاتە لام ئەوکاتە لەگەڵ کاك عارف تەیفور خەریکی رێکخستنەوەی لقی (٥)ی پارتی دیموکراتی کوردستان بووین ناسیاوەتیم لەگەڵ (حسب الله يحيى) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٧٢–١٩٧٤ کاتێ من بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی دەزگای (دار التآخي) بووم لە بەغدا ئەویش لای ئێمە (محرر) بوو، کوڕێکی باش و چەپ بوو و برایەکی حکومەتی بەعس ئیعدامی کردبوو، ئەوجا کە دەهاتە باسی جموجۆڵی رۆژنامەنووسە چەپەکان و دیموکراتەکان کە لە هەوڵی ئەوەدان سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراق درووستبکەنەوە و حەزی دەکرد کە چەند رۆژنامەنووسێکی دیاری (کورد)یش بەشداریی تێدا بکەن چونکە وەکو ئەو دەیگوت ئەو سەندیکا عیراقییە بەهێز و کامڵ نابێت ئەگەر کوردی تێدا نەبیت، منیش لە وەڵامدا دەمگوت وەکو کورد و گەلی کوردستان ئەوا سەندیکای

خۆمان هەیە و لە هەمان کاتیشدا رۆژنامەنووسان ئازادن کە لە چ سەندکایەك ببنە ئەندام، بەڵام ئێمە بڕیارمان هەیە کە (نابێ رۆژنامەنووس لە کوردستان لە دوو سەندیکای هاوشێوە لە یەك کاتدا ببێتە ئەندام).

لە سەرەتای مانگی (٧)ی ساڵی ٢٠٠٣ کە ئەو رۆژە لە هەولێر بووم نامەیەکی خوالێخۆشبوو (فلك الدین کاکەیی)م پێگەشت کە تێیدا دەڵێ:

**بۆ/ فەرهاد عەونی/ سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**

**لە/ فلك الدین**

سڵاو، رۆژنامەنووسانی بەغدا لە ٧/٢٥ بۆ دامەزراندنی سەندیکا کۆدەبنەوە، لە هەر رۆژنامەیەك داوای لیستی رۆژنامەنووسانیان کردووە، ئێمە لە (التاخی) لیستی خۆمان ناردووە چونکە لە ئێرەین، دۆستانمان حەز دەکەن ژمارەیەکی زیاد بەشداربن بۆ هەڵبژاردن، دەمێنێتەوە پەیوەندیی سەندیکای کوردستان لەگەڵ ئێرە، هەروەها ئایا رۆژنامەنووسانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك وەکو ئەندام بەشداریی بەغدا دەبن، چۆن، چونکە دەپرسن، بە پەسەندی دەزانم کە ٢-٣ ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکاکەمان، لەگەڵ جەنابت، یا هەر یەکێك دەنێرین، بەپەلە سەر لە بەغدا بدەن، تا ئەم مەسەلانە یەك لا بکەنەوە، سوپاس.

**فلك الدین کاکەیی**

**٢٠٠٣/٦/٣٠**

بۆ/ فرهاد عونی / سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

لە/ فلك الدين

سڵاو، ڕۆژنامەنووسانی بەغدا لە ٢٥/٧ بۆ دامەزراندنی سەندیکاکەیان کۆ دەبنەوە، لە هەر ڕۆژنامەیەک داوای لیستی ڕۆژنامەنووسانیان کردووە، ئێمە لە «التآخي» لیستی خۆمان ناردووە چونکە لە ئێرەین، دۆستانمان حەز دەکەن ژمارەیەکی زیاد بەشداربن بۆ هەڵبژاردن، دەمێنێتەوە بیروڕای سەندیکای کوردستان لەگەڵ ئێوە، هەروەها ئایا ڕۆژنامەنووسانی هەولێر و سلێمانی دەتوانن وەکو ئەندام بەشداری هەڵبژاردنی بەغدا بکەن، چۆن؟ چونکە دەپرسن، بە پێی بۆچوونم دەزانم کە ٢ - ٣ ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکاکەمان لەگەڵ جێنابتان بن یا هەر یەکێک دەنێرن، بە پەلە سەر لە بەغدا بدەن، تا ئەوا مەسەلانە یەک لا بکەنەوە، سوپاس.

فلك الدين كاكەيی

٣٠/٦/٢٠٠٣

# اسماء الوجبة الأولى من الذين تم قبولهم في اتحاد الصحفيين العراقيين

1.حسام الصفار
2.جهاد زاير
3.عبد الستار البيضاني
4.فلك الدين كاكئي
5.اسماعيل زاير
6.محمد البدري
7.حسب الله يحيى
8.عالية طالب
9.صافي الياسري
10.فلاح الخطاط
11.هيثم الجنابي
12.سيف الخياط
13.امير الحلو
14.باسم الشيخ
15.رياض شابا
16.سعد هادي
17.عبد الزهرة الهلالي.
18.ماجدة محسن
19.علي حسون شناوة
20.عبد الستار آل مهنا
21.ابراهيم عبد الرحمن
22.ابتهاج جبار جاسم
23.اسراء فائق
24.محمد جمال محمد
25.آلاء فائق
26.غانم حسن
27.باسم عبد الرزاق الربيعي
28.شهلاء ثابت شاكر
29.ماهر فيصل
30.جودت كاظم حميد
31.الدكتور حميد مجيد هدو
32.سيف الدين كاطع
33.حاكم جابر
34.تركي كاظم جودة
35.حسام الدين الانصاري
36.حسن صاحب
37.جاسم رمضان الهلالي
38.حسن فاضل الركابي
39.خليل جليل
40.مشرق عباس حسن
41.محمد عبد الخالق
42.نصير حسين علي
43.ناجي متعب محمد
44.هديل غانم حسن
45.سناء خليل النقاش
46.قحطان جاسم جواد
47.سكنة يوسف
48.سحر السامرائي
49.كريمة كاظم
50.سهيل داود الفلاحي
51.سهى الشيخلي
52.علياء طالب
53.عبد علي مناحي
54.عماد اسماعيل
55.عباس السامرائي
56.عبد الامير قاسم
57.عباس جبر
58.عبد الحسن حسين يوسف
59.عبد الكاظم الطائي
60.علي شمخي
61.عامر نوئيل داود
62.زين احمد النقسبندي
63.ظمياء الربيعي
64.صبيح الحافظ
65.فؤاد جاسم حمودي
66.صادق الازرقي
67.يونس ناصر عبود
68.حيدر عاشور حمودي
69.حسن حسين عيدان
70.حامد عبد سرحان
71.رياح جمال ناصر
72.رواء هادي صالح
73.عبد الرحمن ابراهيم عبد الرحمن
74.عمر حسين عبد الجبار
75.شذى الجبوري
76.ماجد البلداوي
77.طيف مهلهل زاجي
78.محمد طه محمد
79.محمد حمود حسن
80.يوسف ابراهيم حمدان
81.رزاق عويد عكار
82. رسلان سالم ناصيف
83.فؤاد حسام الصفار
84.غسان حامد عبد سرحان
85.عبد الرسول زيارة
86.كريم كلش
87.خليل الاسدي
88.وفاء هادي سعيد
89.عباس لطيف
90.الدكتور سامي الصفار
91.خالد عبود حمودي
92.هادي الجزائري
93.حصيل مراد حسين
94.مظهر الزهيري
95.نافع الفرطوسي
96.حسن عبد الهادي حلاوه
97.يوسف جابر المحسن
98.فاضل حبيب حسون
99.عارف شهيد كولي
100.عادل العتابي

**ليستی یەکەمی ئەو ناوانەی کە لە یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی عیراق وەرگیرابوون**

لە راستیدا ئەو نامەیەی خوالێخۆشبوو (فلك الدین) تووشی شۆکی کردم چونکە ئەو لەو کاتەی وەزیری رۆشنبیری بوو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێمە سەندیکامان دامەزراند، تا رادەیەك هەندێ نووسراوی ئێمە (دەستەی دامەزرێنەری سەندیکا) لە رێگای وەزارەتی رۆشنبیرییەوە ئاراستەی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە و بە حکومی سەرنووسەرێتیی هەفتەنامەی خەبات ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانیش بوو، بەڵام خوالێخۆشبوو هەندێ جار دەکەوتە ژێر کاریگەریی دەوروبەری چونکە کاك فلك و بەندە لە ساڵانی دوای رێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ یەکترمان ناسیوە و لە سێ قۆناغ پێکەوە کارمان کردووە، چ لە (التاخی ١٩٧٢-١٩٧٤) چ لە شۆڕش (١٩٧٤-١٩٧٥) و چ لە دەزگای برایەتی و خەبات (١٩٩٣-٢٠٠٠)، کاتێ نامەکەم خوێندەوە یەکسەر هەردوو برایانی ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکا کاك زیرەك کەمال سکرتێری سەندیکا و کاك ئازاد حمدامین ئەندامی ئەنجوومەن بوون رامسپاردن یەکسەر سەفەری بەغدا بکەن و هەڵوێستی سەندیکای بۆ دووبارە بکەنەوە کە ئێمە بە هیچ شێوەیەك تێکەڵی ئەم بەزمەی عیراقییەکان نابین و بڕیاری ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانیش بۆ دووبارەبکەنەوە، کە بە هیچ شێوەیەك (ئیزدیواجییەتێك) لە ئەندامێتیی دوو سەندیکا قابیلی قبووڵ نییە، پاش گەڕانەوەیان کاك زیرەك کەمال و کاك ئازاد حمدأمین پێیان راگەیاندم کەوا هەڵوێستی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانیان بۆ کاك فلك الدین روون کردۆتەوە و ئەو وازی لە بیرۆکەی بەشداریکردنی رۆژنامەنووسانی کوردستان لە سەندیکای عیراقی هێناوە.

لە ٢٠٠٣/٨/٣١ نەقیبی رۆژنامەنووسانی عیراق (عبدالله اللامی) (بۆ زانینی خوێنەر کاتی خۆی ئەم برادەرە لای ئێمە لە رۆژنامەی التاخی (محرر) بوو)، نامەیەکی بە ژمارە (٢٥٩) بۆ ناردم کە تێیدا داوام لێ دەکات کەوا رەزامەندی لەسەر هاتنی دوو لە نوێنەری ئەوان سەردانی کوردستان بە مەبەستی

(شێوازی هاوکاری و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانمان لەنێوان هەردوو سەندیکای کوردستان و عیراق) بکرێت.

بەندەش پاش راوێژکردن لەگەڵ برادەرانی ئەنجوومەنی سەندیکا نووسراوێکم ئاراستەی عبداللە اللامی کرد بە ژمارەی نووسراومان (٣١٢) لە ٢٠٠٣/٩/١٥ کە تێیدا بۆم روونکردۆتەوە کەوا جارێ ناتوانین پێشوازییان لێبکەین چونکە سەرقاڵی ئامادەکردنی کۆنگرەی گشتیی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانین لەگەڵ برایانمان لە سلێمانی.


IRAQI JURNALISTS UNION
HEADQUARTERS- BAGHDAD

نقابة الصحفيين العراقيين
المركز العام بغداد

بسم الله الرحمن الرحيم

No.: العدد : ٢٥٩

Date: التاريخ : ٢٠٠٣/٨/٢١

الأخ العزيز الأستاذ فرهاد عوني المحترم

رئيس نقابة صحفيي كوردستان

يسر مجلس نقابة الصحفيين العراقيين ان يتقدم اليكم ومن خلالكم الى جميع الزملاء الصحفيين في كوردستان بوافر التقدير والاحترام لما تبذلونه من جهود مخلصة لتعزيز وتجسيد وحدة الكلمة الملتزمة التي نعمل جميعا" على ارساء الأسس السليمة لها وبما يخدم الاسرة الصحفية •


وبهذه المناسبة يختتم مجلس نقابتنا بايفاد وفد من نقابتنا برئاستنا وعضوية الزميلين مؤيد عزيز وعثمان عبد الله عضوى مجلس النقابة لبحث أوجه التعاون والتنسيق بين نقابتينا وبما يحقق الاهداف السامية للاسرة الصحفية العراقية •

راجين تحديد موعد الزيارة والاتصال على هواتف الثريا / ٦٧١٠١٧٠ / ٢١٢٤٦٥٧٠ / ٦٧٧٧٤٤٤٩ مؤكدين في ذات الوقت اعتزازنا الكبير بجهودكم المهنية المخلصة لتفعيل اهدافنا المشتركة •

وتقبلوا فائق التقدير والاحترام •

عبد الله اللامي
نقيب الصحفيين العراقيين

صورة منه الى /
- مكتب السيد النقيب / للتفضل بالاطلاع مع التقدير
- امانة السر
- لجنة المراقبة
- الاضبارة العامة •



**سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**

**ئەنجوومەنی سەندیکا**

Kurdistan Journalists' Union

ڕۆژ: ١٥/ ٩/ ٢٠٠٣

ژمارە: ٣١٢

**الاستاذ عبدالله اللامي**

**نقيب الصحفيين العراقيين المحترم**

**تحية حارة**

وصلتنا رسالتكم المؤرخة في ٢٠٠٣/٨/٣١

ويسرنا باسم مجلس نقابة صحفيي كوردستان أن نتقدم بتحياتنا الحارة اليكم والى الزملاء الصحفيين الملتزمين بكلمة الحق في كل زمان و مكان و الذين كانوا لهم الدور الريادي في أرساء و تعزيز أُسس الصداقة بين الشعوب.

و فيما يتعلق بنية وفد من طرفكم بالمجئ الى كوردستان لبحث اوجه التعاون..... نود إعلامكم بأنه يتعذر علينا استقبال الزملاء في الوقت الحاضر نظراً لانشغالنا نحن و زملاؤنا في السليمانية بامور المؤتمر العام التوحيدي والذي يتطلب تكريس كل الجهود من اجل انجاحه.

**مع فائق تقديرينا**

**فرهاد عوني**

**نقيب صحفيي كوردستان**

**اربيل في ٢٠٠٣/٩/١٥**

Tel: تەلەفۆن:

Address: ناونیشان:

**ڕۆژی ٢٠٠٣/٨/٢٠ نامەیەك كە بە زمانی عەرەبی نووسراوە كە تێیدا خوالێخۆشبوو (محمد البدری) ئاراستەی خوالێخۆشبوو (عومەر بۆتانی) كە ئەوكاتە ئەو پۆستی لێپرسراوی لقی (٥)ی پارتی دیموكراتی كوردستانی پێ سپێردرابوو كە تێیدا باس لە لیژنەی ئامادەكاریی دامەزراندنی یەكێتیی**

رۆژنامەنووسانی عیراق دەکات لە ژمارەیەك لە رۆژنامەنووسی عیراقیی چەپ و دیموکراتخواز پێکهاتبوو کە تێیدا لەناویاندا کاك (محمد البدری)شی تێدابوو، خوالێخۆشبوو کاك عومەر بۆتانی لە مەسەلەکە گەیشتبوو وەکو سیاسەتمەدارێك هیچ هەڵوێستێکی لەسەر یاداشتەکەی محمد البدری نیشان نەدابوو، بەڵکو لەلای دەستەچەپی هەمان یاداشتەکەی البدری نووسیبووی کە بۆ منی نارد: (بەڕێز کاك فرهاد عەونی، تکایە بە برووسکە ئاگاداری کاك محمد البدری بکەن چی بکات)، بە گەیشتنی ئەو یاداشتنامەی البدری و نووسینەکەی کاك عومەر بۆتانی برووسکەیەکم بە رێگای لقی (٥)ـەوە بۆ کاك عومەر بۆتانی نارد کە تێیدا گوتوومە (ئێمە بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی سەندیکا بەهیچ شێوەیەك تێکەڵی دامەزراندنی سەندیکا یاخود یەکێتیی رۆژنامەنووسانی عیراق نابین، ئەوەی لە بەغدا ببێتە ئەندام لە کوردستان ئەندامێتیی نامێنێ، زەمانی پاشکۆیەتی و عیراقچییەتی بەسەرچوو.

(٢)

بەڕێز کاک فرهاد عونی
تکایە بە پەرۆشکە تا گادارەیب
کاک محمد بدری بکەن چی بکات
عمر بوتانی

الاستاذ الفاضل عمر بوتاني المحترم

تحية طيبة

●- إلحاقاً بمذكرتي الاولى التي ارسلتها لكم حول موضوع (اتحاد الصحفيين العراقيين) أود هنا اخباركم عن المستجدات.

١- اجتمعت الهيئة التحضيرية المؤلفة من سبعة عشر عضواً وانتخبت من بين اعضاء سبعة ليكونوا مكتباً للسكرتارية القيادية لوضع لائحة النظام الداخلي والاجراءات الضرورية الاخرى من السادة:

١- السيد اسماعيل زاير
٢- " مفيد الجزائري
٣- " محمد البدري
٤- " احمد صبري
٥- " عباس البدري
٦- " هادي جلو
٧- " حسام الصفار.


٢- كما وافقت الهيئة التحضيرية بكامل اعضائها على ان يكون السيد سجاد الغازي (وهو صحفي مخضرم) مستشاراً لاتحاد الصحفيين العراقيين

٣- تم تشكيل لجنة متابعة، تأخذ على عاتقها مهمة المراجعات القانونية بشأن النقابة غير الشرعية، وقبول الانتماءات.. من السادة:

١- السيد جهاد زاير
٢- " عبد الهادي مراد
٣- " ماهر فيصل
٤- " لؤي غالب
٥- " هادي جلو.

٤- تقرر ان تجتمع لجنة السبعة يوم السبت القادم في المقر السابق لجريدة الزوراء في الساعة الحادية عشرة صباحاً للتداول في شؤون العمل.

●- اليوم اطلعت على منشور للاجتماع الذي عقد في السليمانية لاتحاد صحفيي كوردستان بتاريخ ٢٠-٢١/٧/٢٠٠٢ وهو الاجتماع الثاني لغرض توحيد النقابتين اربيل - سليمانية



(٢)

حيث تقرر فيه وخاصة الفقرة الثالثة التي تنص على:
(كل صحفي عضو في اتحاد صحفيي كوردستان اذا ما انتمى
الى نقابة الصحفيين العراقيين المزمع تشكيلها يفقد عضويته
من اتحاد صحفيي كوردستان)..
وهذا يعني اننا سنخسر مقعداً في اتحاد الصحفيين العراقيين
وخاصة الصحفيين غير الاعضاء في نقابة كوردستان ..
الذين هم في بغداد او المحافظات الاخرى من الكورد.
وفي هذه الحالة لا ادري هل ننسحب من الهيئة التحضيرية
ام نبقى مستمرين في العمل معها ؟

مع التقدير

محمد البدري

١٦/٨/٢٠٠٢م

ملاحظة
واذا ما سمح لكم وقتكم فانني
مستعد لزيارتكم للتحدث حول هذا الموضوع لانه لا يقبل
التأجيل ..

**بەڵام واپێدەچوو خوالێخۆشبوو رۆژنامەنووس (محمد البدری) لە ناوەڕۆکی سیاسەتی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان وەکو بڵێی ئاگادار نەبوو گەرچی یەك دوو جار پێش رووخانی رژێم لە هەولێر سەردانی کردین لە سەندیکا کە ئەو ئەوکاتە لە بەغدا دەژیا، بەڵام وا پێدەچوو کاریگەریی کەشوهەوای سیاسیی عیراقی بەسەردا زاڵ بوو بۆیە وەکو ئەندامی (لیژنەی ئامادەکاریی یەکێتیی رۆژنامەنووسانی عیراق) هەڵسوکەوتی دەکرد و لە ٢٠٠٣/٩/٢٢ نامەیەکی ئاراستەکردم کە تێیدا لە ناوەڕۆکی نامەکەی رازی نەبووم بۆیە منیش ناچار بووم بە کوردی و بەو زمانە وەڵامی بدەمەوە.**

**الاستاذ فرهاد عوني نقيب صحفي كوردستان المحترم**
تحية طيبة ...
سمعنا ان هنالك علاقة بين نقابتكم ونقابة الصحفيين العراقيين اللاشرعية من الناحية القانونية، وقد قمنا كممثلين عن الاحزاب والاحزاب الوطنية بتأسيس اتحاد يسمى (اتحاد الصحفيين العراقيين) يضم في لجنتيه التحضيرية شخصيات صحفية معروفة وكذلك نتمنى ان يكون تنسيقكم معنا وننتظر منكم التعاون الجدي معنا للخروج باتحاد ديمقراطي يؤمن بالتعددية والفدرالية على عكس النقابة السابقة التي جاءت عن طريق تزييف الانتخابات وبشكل بعيد عن الشرعية والقانون وسوف يقوم وفد من الاتحاد الجديد بزيارتكم بغية التنسيق بين نقابة صحفيين كوردستان المستقلة واتحاد الصحفيين العراقيين.
ونحن بانتظار تعاونكم معنا بهذا الخصوص.

**محمد البدري**
**عن الهيئة التحضيرية لاتحاد الصحفيين العراقيين**
**٢٠٠٣/٩/٢٢م**

**ئاكامەکەی هەوڵ و تێکەڵبوونەکەی چەند برادەرێکی رۆژنامەنووسانی کورد لە درووستکردنەوەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراقی و دامەزراندنی یەکێتیی رۆژنامەنووسانی عیراق کە کۆمەڵێك رۆژنامەنووسی عیراقیی عەرەبی بەرەی چەپ و دیموکراتخوازە دەیانەویست هاوتەریبی سەندیکا کۆنەکەی عیراقی بهێننە کایەوە، بەڵام سەرەڕای درووستکردنی لیژنەی ئامادەکاری هەوڵەکانیان سەرکەوتوو نەبوو چونکە ئاراستەی حکومەتی عیراق ئاراستیەك بوو کە لە بەرژەوەندیی درووستکردنی ئەو جۆرە دامەزراوانەیان نەدەدا، بەڵام ئێمە لە روانگەی بێ لایەنی لەنێوان هەردوو لا مامەڵەمان لەگەڵ هەردوو لا دەکرد ، بەڵام لە کۆتاییدا سەرەڕای چەپخواز و دیموکرات خوازەکان و ئەوانەی لە هەوڵی دامەزراندنی یەکێتیی رۆژنامەنووسانی عیراقدابوون، سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراق توانیان لەسەر بنەما یاساییەکان کۆنگرە ببەستن و نەقیب و ئەنجوومەن هەڵبژێرن کە تێیدا خوالێخۆشبوو (شهاب التمیمی) بە نەقیب و (موئەیەد ئەللامی) بە ئەمینداری گشتی هەڵبژێردران، ئێمە لە ئەنجوومەنی سەندیکا لەسەر چەندین بنەمای پیشەیی پەیوەندیمان لەگەڵ درووستکردن و بە پرۆتۆکۆڵی ئاشکرا ئیمزامان لەسەر ئەو بنەمایانە کرد کە جۆری پەیوەندییەکانمان رێکدەخات کە تێیدا پابەند بوون بە هەڵوێستی**

برای بەڕێز کاك محمد بدری

سڵاو و ڕێز..

نامەکەتان کە مێژووی ٢٠٠٣/٩/٢٢ی لەسەرە بەدەستمان گەیشت، لێرەدا دەمەوێ پێتان رابگەیەنم کە دەستەواژەی (سمعنا إن هنالك علاقة بين نقابتكم ونقابة الصحفيين العراقيين اللاشرعية من الناحية القانونية):

١- لەجێگای خۆی نییە و حەق نییە ئەو مافە بە خۆت بدەی کە بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ خەڵکانی دیکە بکەی، چونکە تۆ ناتوانی ئەم مەسەلەیە یەکلا بکەیتەوە ئەوەی کە یەکلایی دەکاتەوە هەڵبژاردنی دیموکراتییانەی سەرتاسەری رۆژنامەنووسانی عیراقە دوور لە دەستێوەردانی ئەم و ئەو.

٢- سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان مامەڵە لەگەڵ ئەو سەندیکا عیراقییە دەکات کە بە پێی یاسا دێتە گۆڕەپانی داکۆکی لە رۆژنامەنووسانی عیراق.

٣- ئێمە لەسەر بنەمای رێزگرتن لە مافی رۆژنامەنووسانی کوردستان کە لە سەندیکایەکی سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستان ئەندامێتییان وەرگرتووە مامەڵە لەگەڵ هەر رێکخراوێکی عیراقی دەکەین.

٤- تاکو ئێستاکە دوو جار سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراقی بە نووسراوی رەسمی بە ئیمزای نەقیبی رۆژنامەنووسانی عیراق (عبدالله اللامي) داوای هاتنە کوردستانیان کردووە بە مەبەستی پەیوەندی و هەماهەنگی لەگەڵ ئێمە، بەڵام ئێمە جارێ رەزامەندیمان نیشان نەداوە کە پێشوازی لە هیچ لایەنێك بکەین (بە نوێنەرانی ئێوەشەوە) تاکو پاش کۆنگرەی گشتیی سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان کە لە ئێستادا سەرقاڵی ئامادەکردنین لە رێگای ئەو فدارسیۆنەی کە دامەزرێنراوە.

٥- بە هیچ شێوەیەك ئێمە قبووڵی ئەوە ناکەین کە خەڵکانی دیکە لەجیاتیی ئێمە بیر بکەنەوە و رێڕەوی پەیوەندیمان بۆ دیاری بکەن.

٦- تکایە ئاگاداری ئەو بڕگەی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بن کە دەڵێ (ئیزدیواجییەت لە ئەندامێتیی دوو سەندیکای هاوشێوە قبووڵ ناکرێت).

لەگەڵ رێزم

فەرهاد عەونی

نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان

٢٠٠٣/٩/٣٠

سەربەخۆیی سەندیکا لە بەرامبەر هەر سەندیکا و یەکێتییەکی رۆژنامەنووسان کە لە عیراق دادەمەزرێن و رەتکردنەوەی پاشکۆیەتی بۆیان و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا لەسەر بنەمای هەماهەنگی و پەیوەندی لەنێوان دوو رێکخراوی سەربەخۆدا.

ئەم ئاراستەیە بە تەواوی پەیڕەو کرا و هیچ رۆژنامەنووسێکی کورد لەم سەندیکا و رێکخراوانە نزیك نەبووەوە و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان تا ماوەیەکی باش بەتەنیا لە گۆڕەپانی کاری سەندیکایی لە کوردستان و عیراق شاسواری یەکەمی بوارەکە بوو، تەنانەت سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە چەندین ساڵ پێش سەندیکای عیراقی ببوو بە ئەندام و لە فدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی IFJ و بەتەنیاش لە کۆنگرەی (٢٥)ی IFJ لە یۆنان ساڵی ٢٠٠٤ و کۆنگرەی (٢٦)ی مۆسکۆ لە ساڵی ٢٠٠٧ ئامادەبوو تا کۆنگرەی (٢٧)ـەمین کە لە دورگەی (کادیز) لە ئیسپانیا کە لە ساڵی ٢٠١٠ ئەنجامدرا ئەوکاتە سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراق ئامادەی ئەم کۆنگرە بوون، تا رادەیەکی زۆریش (وۆرك شۆپ) و سیمینارەکانی IFJ کە بۆ سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان و عیراق دەکرا هەموو هەر لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچوو، ئەم دیاردەیە تاکو شەهیدبوونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی عیراق خوالێخۆشبوو (شهاب التمیمی) بەردەوام بوو کە بەڕاستی مرۆڤێکی راست و دیموکراتخواز و دۆستی کورد بوو کە پاشان لە شوێنی دیکە دێمەوە سەری.

لەنێوان کۆنگرەی گشتیی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان (کۆنگرەی یەکگرتنەوە) کە لە ١٣/١٥/١٢/٢٠٠٣ بەسترا تاکو کۆنگرەی دووەمی گشتی کە لە ٢٧-٢٩/١٢/٢٠٠٧ بەسترا چەندین جموجۆڵ و کاری سەندیکایی و بەشداری لە سیمینار و وۆرك شۆپی تایبەت بە کاری سەندیکا بەشداریمان تێداکرد کە لێرەدا بە باشی دەزانم باس لە گرنگترین ئەو چالاکییانە بکەن لەو قۆناغەدا.

**یەکەم**: فیستیڤاڵی بەدرخان بەبۆنەی رۆژی رۆژنامەگەریی کوردییەوە هەموو ساڵێك لە رۆژی دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی لە مێژوودا کە ئەویش رۆژنامەی (کردستان)ی دایکە کە لە ٢٢/٤/١٨٩٨ لە قاهیرەی پایتەختی وڵاتی میسر لەلایەن مقداد مدحەت بدرخان بەڕێوەدەچوو، سەرجەم

دەزگاكانی رۆشنبیری و رۆژنامەنووسی لە كوردستان بەڕێز و شكۆدارییەوە یادی ئەم رۆژنامە و شۆڕەسوارانی كوردستان پشتی ئەم پڕۆژە نەتەوەییەوە دەكرێتە، ئێمە لە سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان هەمیشە هەموو ساڵێ لەم بۆنەیەدا چەندین چالاكیی رۆژنامەوانی و سەندیكاییمان ئەنجامدەدا كە تێیدا زۆر جار خێزانی شەهیدانی رۆژنامەنووسانی كوردستان و یارمەتیدانیان و وەبیرهێنانەوەیان لە پێشەوەی ئەم چالاكییانە بووە سەرەڕای ئەنجامدانی وۆرك شۆپ و سیمینار و كردنەوەی خولی تایبەت بە رۆژنامەنووسان، وەكو لەپێشەوە گوتم زۆرێك لە دەزگا رۆشنبیری و رۆژنامەنووسییەكانیش لەم یادكردنەوەیەدا دەستی باڵایان هەبوو كە لەبەرچاوترینیان (دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی بەدرخان) بوو كە هەر لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە كەوتە ئەنجامدانی جۆرە چالاكییەكی بەرچاوی ساڵانە كە یەكەم فیستیڤاڵی بڕیار بوو لە بەغدا ئەنجام بدرێت، بەڵام بەهۆی بارودۆخی ئەوكاتەی بەغدا بڕیار درا بگوێزرێتەوە بۆ سلێمانی، برای رۆژنامەنووسی (حمید ابوبكر–بدرخان) لە ناوەڕاستی مانگی كانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٤ لە بارەگای سەندیكای رۆژنامەنووسان سەردانێكی كردم كە ئەویش ئەندامی ئەو سەندیكایە بوو باسی لە بیرۆكەی ئەنجامدانی (فیستڤاڵی بەدرخان)ی بۆكردم كە تێیدا چەندین كەسایەتیی كوردی ئەو رۆژگارە لەخۆ دەگرێ وەكو لیژنەی ئامادەكاریی فیستیڤاڵەكە لەگەڵ راسپاردەیەكی برای بەڕێز د. كەمال مەزهەر بۆ من بە مەبەستی بەشداریكردنم لە لیژنە ئامادەكارییەكە، لە راستیدا بەندە بێ گوێدانە پێناسەی برایانی پشتی بیرۆكەكە و جۆر و جێگای ئەنجامدانی یەكسەر بە خۆشحاڵییەوە قبووڵم كرد چونكە لە راستیدا یادكردنەوەی ساڵیادی دەرچوونی ئەم رۆژنامەیە (كردستان ١٨٩٨/٤/٢٢) و یادكردنەوەی مقداد مدحت بەگی بەدرخان بە ئەركێكی نیشتمانی و نەتەوەیی دەزانم لە كاتێكدا ئێمەی رۆنامەنووسانی كورد پێویستە بەوپەڕی شانازییەوە لە لەیادكرنەوەیان كەمتەرخەم نەبین، راستە هەندێ دەنگی شاراوەی ناڕەزا هەبوو لە دەوروبەردا، بەڵام من بەجدی هاتمە سەرخەت و ئەركەكەشم قووڵ كرد، لە

سەرەتادا سەرۆکی لیژنەی ئامادەکاریی فیستیڤاڵی بەدرخانی یەکەم (د. کەمال مەزهەر ئەحمەد لە ٢٠٠٤/٢/١ بەیانی ئامادەکاری بۆ فیستیڤاڵی بەدرخان لە بەغدا) بڵاوکردەوە کە تێیدا باسی لە ئامادەکردنی فیستیڤاڵەکە و ناوی ئەندامانی لیژنەی ئامادەکار دەکات کە لەژێر درووشمی (هەموومان قەرزاربارى بەدرخانییەکانین) کە لێرەدا بە پێویستی دەزانم دەقی بەیاننامەکە وەکو خۆی بڵاوبکەوەمە.

## بەیانی ئامادەکاری
## بۆ فیستیڤاڵی بەدرخان لە بەغدا

لەژێر دروشمی (هەموومان قەرزارباری بەدرخانەکانین) کە پێشەنگی چاخی رۆشنکەری رووناکبیری و سیاسی کورد بوون بەگشتی و رۆژنامەوانی کوردی بەتایبەتی دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی بەدرخان بەبۆنەی رۆژی رۆژنامەوانی کوردییەوە «٢٢ی نیسان» فیستیڤاڵێک لە بەغدا لە رۆژانی ٢٢و٢٠٠٤/٤/٢٣ سازدەکات کە لەلایەن لیژنەیەک لە روناکبیرانی کوردەوە ئامادە دەکرێ و هەڵبژاردەیەک لە کەسایەتی نیشتیمانی، فەرهەنگی و سیاسی هونەری بەشداری تێدا دەکەن لە ناوەوەو دەرەوەی عێراقدا و تێیدا چەندین لێکۆڵینەوە پێش کەش دەکرێت و گفتوگۆی کورتیان لەسەر دەکرێت، هەروەها لە پەراوێزی فیستیڤاڵەکەشدا پێشەنگای کاریکاتێری بۆ رۆژنامەوانی ئازاد دەکرێتەوە، هونەرمەندان (محەمەد فەتاح و زیرەک میرە) بەچەندین چالاکی بەشداری دەکەن . کورتە فیلمێکی دیکۆمینتار لەسەر بنەماڵەی بەدرخان نیشان دەدرێت کە لەدەرهێنانی هونەرمەند (جانۆ رۆژبەیانی)یە فیستیڤاڵەکە بەسرودێک کە تایبەتە بە فیستیڤاڵەکە دەکرێتەوە کە لەلایەن هونەرمەند (ئەنودر قەرەداغی)یەوە ئاوازی بۆ دانراوە.

لیژنەی ئامادەکار لەم بەڕێزانە پێکهاتووە:

١- د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، بەغدا، سەرۆکی لیژنە
٢- مامۆستا جەمال عەبدول، سلێمانی، ئەندام
٣- خاتو سینەم جەلادەت بەدرخان، بەغدا، ئەندام
٤- خاتو کوردستان کەتانی، بەغدا، ئەندام
٥- د.کەندال نزان، پاریس، ئەندام
٦- د.موفەق دەرگەڵەیی، سلێمانی، ئەندام
٧- د.فەرهاد پیرباڵ، هەولێر، ئەندام
٨- محەممەد ئۆزۆن، سوید، ئەندام
٩- فەرهاد عەونی، نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان، هەولێر، ئەندام
١٠- جەوهەر کرمانج، سلێمانی، ئەندام
١١- لەتیف فاتیح فەرەج، کەرکوک، ئەندام
١٢- هۆشەنگ دەروێش، سوریا، ئەندام
١٣- ئەنوەر محەممەد تاهیر، دهۆک، ئەندام
١٤- سەلاح سەعدوڵا، بەغدا، ئەندام
١٥- زیرەک کەمال، هەولێر، ئەندام
١٦- حەمید ئەبوبەکر، رۆژنامەی بەدرخان، سلێمانی، ئەندام

**ئەمەو دواتر لیژنەی ئامادەکار بەیانێکی دیکە سەبارەت بە شوێن و پرۆگرامی فیستیڤاڵەکە دەردەکات.**

**سەرۆکی لیژنەی ئامادەکاری**
**د.کەمال مەزهەر ئەحمەد**
**٢٠٠٤/٢/١ بەغدا**

مانگی سێ و چوار له كوردستان دەتوانم بڵێم جوانترین وەرزی ساڵ دروووست دەكەن، سەرما و بەستەڵەك نامێنێ گوڵ و گوڵزاریش بۆ جارێكی دیكه كوردستان دەڕازێنێتەوە، لەم كەشوهەوایەدا و له ٢٠٠٤/٤/٢١ له هەولێرەوه بەرەو سلێمانی لەگەڵ هاوڕێم ڕۆژنامەنووس عەبدوڵلا زەنگەنه بەرەو سلێمانی بەڕێكەوتین، سلێمانی لای من سمبوله له كوردایەتی، نیشتمانپەروەری، له كەسایەتییه زانا و ڕۆشنبیره بلیمەتەكانی له هەموو بوارەكاندا ئێمەی (كۆیی) هەمیشه به چاوی ڕێزەوه تەماشای سلێمانی دەكەین و له زۆر شت لێك نزیكین. بەنده له ساڵی ١٩٥٧ەوه هاتوچۆی سلێمانی دەكەم كه بۆ یەكەم جار لەم شاره شیرینه و له ساڵی ١٩٥٧دا شەوێك لێی ماینەوه، كاتێك لەگەڵ خوالێخۆشبووی باوكم من و خەسرەوی برام و بارام و ئازادی بن ئامۆزا و پورزام بۆ (پێنجوێن) دەچووین كه ئەوكاته مامی خوالێخۆشبووم (عومەر حەبیب) حاكم بوو لەوێ، ئەوجا لەوكاتەوه تاكو ڕۆژانی ئەمڕۆ مانگ و ساڵ نییه بەنده بەتەنها یا لەگەڵ خێزان كه له بنەڕەتدا (پەروینی هاوسەرم) خەڵكی سلێمانییه، یاخود له بۆنه جیاجیاكاندا لەگەڵ دۆست و برادەران سەردانی ئەم (دار الملك بابان)ـه نەكەم، به گەیشتنمان له ئوتێل (سلێمانی) شوێنمان بۆ ئامادەكرابوو كه تاكو ئێستاكەش بەناوی بەڵێندەرەكەی خوالێخۆشبوو (حسیب ساڵح) ناوزەد دەكرێت، ئوتێلێكی خۆش و له شوێنێكی دڵگیری شاری سلێمانییه، ئوتێل پڕبوو له میوانانی فیستیڤاڵ، به دیداری د. كەمال مەزهەر و خوالێخۆشبوو د. عبدالرحمن حاجی مارف و خوالێخۆشبوو سەلاّح سعدالله و سینەم خانی هاوسەری و دۆستان و برادەرانی دیكه شاد بووم چونكه ماوەیەك بوو بەهۆی شەڕی نەگریسی برایان له سلێمانی له دیداری چەندین برا دۆستانی خۆشەویستم بێبەش بووین، شەوی ٢١ لەسەر ٢٢ی/٤ لەسەر خوانی د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح كه ئەوكاته سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیرانی حكومەتی هەرێم بوو میوانداری كراین.

سەرلەبەیانیی رۆژی ٢٠٠٤/٤/٢٢ لە هۆڵی سەنتەری گەنجان لە سلێمانی فیستیڤاڵی یەکەمی بەدرخان لە یادی (١٠٦) ساڵەی رۆژنامەگەریی کوری بەڕێوەچوو کە تێیدا چەندین وتاری تێدا خوێندرایەوە کە لە راستیدا کەشوهەوایەکی تازەی خستە ناو هۆڵەکە و ئامادەبووانی بە یادکردنەوەی بنەماڵەیەك کە لە رۆژگارێکی زێدە دژواردا دوور لە وڵاتی پانوبەرینی کوردستان توانیان یەکەم رۆژنامەی کوردی چاپ و بڵاوبکەنەوە، بە ئامادەبوونی ئەندامێکی ئەو خێزانە تێکۆشەرە کە ئەویش خاتوو (سینەم جەلادەت بەدرخان) بوو، دانیشتنی رۆژی یەکەم تەرخان کرابوو بۆ سەرجەم ئەو وتارانەی کە لە بەرنامەکەدا جێگایان بۆ کرابۆوە لەگەڵ پەیامێکی بەڕێز مام جەلال کە لەلایەن کاك ئازاد جوندیانی پێشکەش کرا و کاك عارف تەیفوریش پەیامی بەڕێز مەسعود بارزانیی خوێندەوە کە ئاراستەی فیستیڤاڵی کردبوو، لەنێوان وتارەکاندا منیش کورتە وتارێکم هەبوو وەکو نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان کە تێیدا پرسیارێکم وروژاند کە ئەویش بریتی بوو لە (ئایا دەتوانین بەشێك لەو قەرزە بدەینەوە؟!)، کە تێیدا مەبەستم لەو قەرزە بوو کە لە ئەستۆی رۆشنبیر و رۆژنامەنووسان و رووناکبیرانی کورد بوو بەرامبەر بەم خانەوادە لەبیرکراوە وەك خەسڵەتێکی ناشرینی ئێمە کە بە دەگمەن ئەو جۆرە کەسایەتییە ماندوونەناسەمان دێتەوە یاد.



وتاری نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان بەڕێز فەرهاد عەونی

بەڕێزان ئامادەبوانی فێستیڤاڵی بەدرخان.. پرسیارێکەو لە هەموو لایەکی دەکەین: ئایا دەتوانیین بەشێك لەو قەرزە بدەینەوە؟

گومان لەوەدا نییە کە هەر هەموومان بە تایبەتیش رۆشنبیران و نووسەران و رۆژنامەنووسان تاکو وشەی کوردی مابێ (کە هەر دەمێنێ) قەرزاری شۆڕەسوارانی بنەماڵەی بەدرخانیانین، کە تێیدا رۆڵەی بەهەشتی وەکو جەلادەت و رەوشەن و میقدادو عەبدلرەحمان بەگ و کامەران و سورەیا بەدرخانی پێشکەش بەو نەتەوە ستەمدیدەیە کردووە، کە ستەم و جەوری زەمانەو رەفتاری رەش و نامرۆڤانەی عوسمانلییەکان رێگای بەوە نەدەدا کە لە و هەموو وڵاتە پان و بەرینەی کوردستان، کوردان رۆژنامەیەك چاپ و پەخش بکرێت بە زوبانی شیرینی کوردی، لە روانگەی ئەو بۆچوون و هەڵوێستە زێدە چەپەڵە رەش و نامۆیەی سەردەمی پێشودا کە تێیدا بە پێچەوانەی ئەو ئایەتە پیرۆزەی کە دەڵێ: (یاایها الناس جعلناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا ان اکرمکم عند الله اتقاکم) دەرگەیان لە سەر قسە کردن بە زوبانی کوردی داخستبوو چ جای پەخشکردنی رۆژنامەو گۆڤار، بەڵام چونکە هەوێنی کوردایەتی و کوردستان پەرستی لەگەڵ خوێن و هزری ئەم بنەماڵە پێشرەوە تێکەڵاو بووە، توانییان سەرەڕای غەدری زەمان (کوردستان) بکەنە دیاری و پێشەنگی ئەو کاروانەی کە سەدوشەش ساڵە بەرێوەیەو بەرێوەیە، کە تێیدا دەیان و سەدان رۆژنامەنووسی بە ئەمەك وەفاداری ئەو رێبازە پیرۆزە درێژە بە بەرەوپێشەوە چوونی ئەو کاروانە دەدەن تا کو ( کوردستان)ی نۆبەرە ببێتە پانتایی ئەو کوردستانە ئازادەی کە نەتەوە دابەشکراوەکەمانی تێدا بە یەکگرتوویی بحەسێتەوە ئەوساکە هەست دەکەین کە بەشێکی ئەو قەرزەمان داوەتەوە کە (کوردستان)ی بەدرخانییان پێیان بە خشیوین.

فەرهاد عەونی
نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان
هەولێر ٢٠٠٤/٤/٢٢

له ڕۆژی دووەمی فیستیڤاڵەکەدا بەڕێز مام جەلال له وتارێکی چڕوپڕدا باسی له (بنەماڵەی بەدرخان و خەباتی دوورودرێژیان له جووڵانەوەی کوردیدا سەرکردایەتییان کردووە)، که تێیدا باسی هەندێ له بیرەوەرییەکانی خۆی لەگەڵ بنەماڵەی جەلادەت بەدرخان و ڕەوشەن بەدرخانیانی گێڕایەوە ئەوجا بە دوورودرێژی باسی له ڕۆڵی ئەم بنەماڵەیە کرد که چۆن له ڕۆژگارێکدا سەرکردایەتیی جووڵانەوەی کوردییان کردووە ئەوجا له بەخێرهێنانێکی گەرمی میوانانی فیستیڤاڵ کۆتایی بە وتارەکەی هێنا، ئەوەی جێگای داخە بۆ من که نەمتوانی لەم فیستیڤاڵەدا ئەو پێنج خشتەکییەی باوکم که لەسەر شعرێکی مامەند کەرکووکی دایناوە بیخوێنمەوە که بریتییە له (١١٠) دێڕە شیعر که (٦٦) دێڕە شیعرەکەی سێیەکانی پێشەوە (عەونی) دایناوە بەناوی "بۆ خاوەنی هاوار" که مەبەستی له خوالێخۆشبوو جەلادەت بەدرخانە که له سەرەتای ساڵانی سییەکان گۆڤاری (هاوار)ی له دیمەشقی پایتەختی وڵاتی سووریا دەرکردووە و عەونیش ئەم شیعرەی له ژمارە (٣٣)ی ئەم گۆڤارە که له مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٣٣ دەرچووە بڵاوکردۆتەوە که تێیدا له کۆپلەیەکی سەرەتادا دەڵێ:

***هەر ئێوەن خـــــانەدانی موڵك و میللەت میر جەلادەت بەگ***

***هەر ئێوەن فەخری کورد ساحێبی غیرەت میر جەلادەت بەگ***

***لەپاش ئەو هەر تۆی ئەرکانی دەوڵەت میر جـــەلادەت بەگ***

***ئەمیری موحتەرەم ئەی فەخری میللەت میر جـــەلادەت بەگ***

***نەوەی شێری جەزیرە و قــــــــــارەمانی مــوڵکی بۆتانی***

پاش تەواوبوونی وتارەکەی بەڕێز مام جەلال ئامادەبووان لەسەر خوان و داوەتی بەڕێزی نانی نیوەڕۆمان خوارد له کەشوهەوایەکی بەهاریی تەڕوپەڕی

هاوینەهەواری دوکان، پاش نانخواردن چەندین وێنەی لەگەڵ ئامادەبووان گرت.

لە ڕۆژی سێیەمدا سەردانی شاری قوربانی (هەڵەبجە)مان کرد و لەسەر مەزاری ئەفسوناویی شەهیدانی کارەساتی کیمیابارانی ١٩٨٨/٣/١٦ میوانانی فیستیڤاڵ لەگەڵ خوێندنەوەی سوورەتی (الفاتحە) درووديان بۆ گیانی پاکی ئەو هەزاران شەهیدە غەدرلێکراوە نارد.

دووەمین فیتسڤاڵ کە لە دهۆك لە ٢٠٠٥/٤/٢٢ بەڕێوەچوو دیسان وەکو ئەندامی ئەو لیژنەیەی کە لە سەرەتای فیستیڤاڵی یەکەمەوە دروستبوو سەرەڕای ئەوەی وەکو نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەشدارییەکی تەواوی سەرکەوتنی فیستیڤاڵەکەی دووەمی بەدرخانم کرد کە تێیدا د. کەمال فوئاد سەرپەرشتیاری گشتیی لیژنەکەی دەکرد و لقی دهۆکی سەندیکام ڕاسپارد کە بە گوڕ و تینێکی تەواوەوە بەشداریی تێدا بکەن، هەروەها منیش ڕۆژی ٢٠٠٥/٤/١٦ نامەیەکم بۆ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نووسی دەربارەی فیستیڤاڵەکە و کۆمەك کردنی بە پارە و ئامادەبوونی خودی بەڕێزیان کە بەندە بەپێویستی دەزانیٚ.



سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

ئەنجومەنی سەندیکا

بەروار:

Kurdistan Journalist's Syndicate

نقابة صُحفيي كوردستان

ژمارە:

**برای بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی**

**سەرۆکی حکومەتی کوردستان**

سلاووڕێز

وەکو بەڕێزتان ئاگادارن فیستیڤاڵی دووەمی بەدرخانیان لە رۆژانی ٢١–٢٣/٤/٢٠٠٥ لە دهۆك ساز دەکرێت و لیژنەی باڵای فیستیڤاڵەکەش د.کەمال فوئاد سەرپەرشتی دەکات و بەندەش ئەندامی ئەو لیژنەیەم.

بۆ زانینی بەڕێزتان مەسروفاتی ئەم فیستیڤاڵە تاکو ئەمڕۆ ئیدارەی سلێمانی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ئەستۆیان گرتووە، لێرەدا بەپێویستی دەزانم کە ئەم دوو پێشنیارە بۆ بەڕێزتان بکەم:–

١–بەشێك لە مەسروفاتی فیستیڤاڵەکە لە ئەستۆی بەڕێزتان بێت واتا وەکو حکومەت، چونکە فیستیڤاڵەکە لە شاری دهۆك و میوانەکانیش لەسەرتاسەری کوردستان و لە دەرەوەی کوردستانیش ئامادە دەبن و باشتر وایە، کە مەسروفاتی ئوتێل و خواردنی ئەم سێ رۆژەی دهۆك حکومەتی ئێمە لە ئەستۆی بگرێ.

٢– لە فیستیڤاڵی یەکەم کە لە هاوینەهەواری دوکان بەڕێوەچوو بەڕێز مام جەلال ئامادەبوو وتاریشی پێشکەش کرد، لێرەدا بە چاك و پەسەندی دەزانم کە لە رۆژی کردنەوەی فیستیڤاڵ کە رێکەوتی پێنج شەممە ٢١/٤/٢٠٠٥ کاتژمێر ١٠ی بەیانی بەڕێزتان ئامادەبن وتاری خۆشتان پێشکەش بکەن.

بۆ زانینی بەڕێزتان من لەرۆژانی ٤/١٦ تاکو ٤/١٩ لە بەغدام رۆژی ٢٠/٤/٢٠٠٥ دەگەڕێمەوە و یەکسەر دەچمە دهۆك بۆ بەشداری کردن و سەرکەوتنی فیستیڤاڵەکە.

**لەگەڵ ئەوپەڕی رێزم**


**براتان**

**فەرهاد عەونی**

**هەولێر ١٦/٤/٢٠٠٥**

**فیستیڤاڵەکە لە دهۆکیش سێ رۆژی خایاند کە تێیدا کۆمەڵێك چالاکی و هەروەها رێز لە چەندین دەزگای راگەیاندن و رۆژنامەنووسی نرا.**

**بۆ فیستیڤاڵی سێیەمیش کە لە رۆژانی ٢١–٢٣/٤/٢٠٠٦ لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا کە تێیدا دیسان د. کەمال فوئاد سەرپەرشتیاری ئامادەکردنی فیستیڤاڵەکەی دەکرد کە لە راستیدا سەرەڕای ئەوەی کە بەندە لە ساڵی ١٩٦٣ ئەم پیاوە تێکۆشەر و پاك و رەوشت بەرزەم**




ناسیوە، بەڵام لەنێوان فیستیڤاڵەکانی بەدرخانیانی یەکەم ٢٠٠٤ و دووەم ٢٠٠٥ و سێیەم ٢٠٠٦ کە لە سلێمانی و دهۆك و هەولێر ئەنجامدرا زیاتر ئاشنای خەسڵەت و ڕەوشتی بەرزی ئەم کەڵە پیاوە بووم، کە بەداخەوە پاش ململانێیەکی زۆر ڕۆژی ٢٠١٤/١١/١٥ لە بەرلینی پایتەختی وڵاتی ئەڵمانیا کۆچی دوایی کرد، لیژنەی باڵای فیستیڤاڵەکە (سێیەم) سەرەڕای سەرپەرشتیاری گشتی لەو بەڕێزانە پێکهاتبوو (سینەم بەدرخان، فەرهاد عەونی، حەمید ئەبوبەکر، د. موەفەق دەرگەڵەیی، کەژاڵ ئەحمەد، عەبدوللا زەنگەنە، ئەنوەر محمد تاهیر، جەوهەر کرمانج، هەفاڵ زاخۆیی و مستەفا ساڵح کەریم)، فیستیڤاڵی سێیەم بە هاوبەشیی نێوان سەندیکا و دەزگای بەدرخان ئەنجامدرا و لەژێر دروشمی (لەپێناوی چەسپاندنی ئازادی و بەرز ڕاگرتنی ڕەوشی ڕۆژنامەنووسی) ئەنجامدرا، لێرەدا بە پێویستی دەزانم هەندێ لەو وردەکارییانە باس بکەم کە لە فیستیڤاڵی سێیەمدا ڕوویدا.

بەر لە دەستپێکردنی فیستیڤاڵەکە هەندێ لە ڕۆژنامەنووسانی دەزگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کە هەندێکیان پەیوەندییان لەگەڵ ڕۆژنامەنووس حەمید ئەبوبەکر خۆش نەبوو لە ئاکامی ئەو ململانێیە سەقەتەی کە پێشووتر لەنێوان پارتی و یەکێتی هەبوو کە حەزیان نەدەکرد کە گوایە (فەرهاد عەونی) سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە و پۆستی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی


فێستیڤالی بەدرخانتان پیرۆزبێت
مانگنامەیەکی هونەریی
رۆژنامەوانیی گشتیی ئازادە
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان دەریدەکات
هەموو ٢٢ی مانگێک وەک رێزو شکۆ
بۆ رۆژی ١٨٩٨/٤/٢٢لە شاری سلێمانی
بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی و
رێنووسی لاتینی دەردەچێت
بەدرخان
Bedîrxan
بەدرخان خەڵاتی سەندیکای رۆژنامەنووسان وەردەگرێت
ژمارە (٤٤) شەممە جۆزەردانی ٢٧٠٤ی کوردی بەرامبەر بە ٢٢/ ٥/ ٢٠٠٤ی زایینی
بەڕێز مام جەلال میدالیای فێستیڤاڵی بەدرخان وەردەگرێت
وتارەکانی
بەشداربووی
فێستیڤاڵی
بەدرخان
لەلاپەڕەکانی
ناوەوە
بخوێنەرەوە.

کوردستانی هەیە نابێت بەشداری لەم فیستیڤاڵەدا بکات، هەندێ لەو ڕۆژنامەنووسانە راشکاوانە دژی بە بەشداریی بەندە و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بوون، بەڵام بەندە مکوڕ بووم لەسەر بەشداریکردن و هەوڵدان لەپێناوی سەرکەوتنی وە هەروەها بەو برایانەم راگەیاند کەوا بەندە کاتی خۆی لەسەر راسپاردەی بەڕێزان د. کەمال مەزهەر و د. کەمال فوئاد و پێخۆشحاڵیی ڕۆژنامەنووس حەمید ئەبوبەکر بەرپرسی دەزگای بەدرخان ئەم بەشدارییەم قبووڵ کردووە، یەکەم لەبەرئەوەی ڕۆژنامەنووسم و ماف ئەوەم هەیە لە هەموو چالاکییەکی ڕۆژنامەنووسی بەشداری بکەم و بە ئەرکێکی نەتەوەییی رۆشنبیری دەزانم کە بەشداریی تێیدا بکەم و لە بەرز راگرتنی خانەوادەی بەدرخانییەکان کە تێیدا لە رێگای دوو شۆڕەسواری بواری رۆشنبیری و ئەرکی نەتەوەیی توانیویانە یەکەم بەرد لە بناغەی دیواری ڕۆژنامەگەریی کوردی دابنێن کە تێیدا بە ئەرکی ئامادەکردن و چاپکردن و دابەشکردنی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە مێژووی نەتەوەی کورد دا دابنێن کە ئەویش لەدایکبوونی ڕۆژنامەی (کردستان)ی دایك بوو لە ١٨٩٨/٤/٢٢، لە هەمان کاتیشدا رێزگرتنە لە ئەنجوومەنی سەندیکا کە بڕیاری هاوبەشکردنی ئەم فیستیڤاڵەی داوە و لە لۆگۆی فیتسڤاڵەکە درووشمی سەندیکای لەسەرە، لەلایەکی دیکەشەوە چ بەو برایانەوە و چ بە خەڵکانی دیکە بڵێم کە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان لە دیمانە تەلەفزیۆنییەکان گوتومە و راشکاوانە باسم لێوە کردووە کە بەندە (نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانم نەك بەتەنها ڕۆژنامەنووسانی پارتی دیموکراتی کوردستان)، بەڵام ئەوەی جێگای داخە هەندێ لەو برادەرانە کەوتنە چەواشەکردنی بابەتەکە بە نووسینی راپۆرتی بێ ویژدانانە بۆ بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کە وایان لە بەڕێزی گەیاندبوو کە بەندە بەشداری لە فیستیڤاڵێك دەکەم کە خاوەنەکەی کاتی خۆی ڕۆژنامەیەکی بەناوی (٣١)ی ئاب لە سلێمانی دەرکردووە و زۆر دژی پارتی دیموکراتی کوردستانە، یەکێ لە برادەرە نزیکەکانم بۆی گێڕامەوە کە ئەویش ئەندامێکی لەپێشی مەکتەبی ناوەندیی

راگەیاندنی پارتی بوو (والعهدة علی الراوي) کەوا (سەرۆك زۆر لەو مەسەلەیە تووڕە بووە و لە تۆش زۆر نیگەرانە و راپۆرتەکانیشی لای خۆی داناوە و گوتویەتی من خۆم پاشان موحاسەبەی فەرهاد دەکەم)، بەهەرحاڵ ئەم مەسەلەیە لە رۆژی یەکەمی فیستیڤاڵەکە رەنگی دایەوە، رۆژی پێشووتر د. کەمال فوئاد بە لیژنەی سەرپەرشتیاری راگەیاند کەوا بەڕێز مام جەلال وتارەکەی خۆی هەر ئەو شەوە دەگاتە دەستمان و داواشی لە من کرد کەوا لە رێگای خۆمەوە هەوڵی گەیشتنی نامەکەی بەڕێز مەسعود بارزانی بدەم، منیش چەند جارێك لە رێگای پەیوەندیکردن بە مەکتەبی سەرۆك و مەکتەبی سەرۆکایەتی و کاك سەرۆ قادر لە هەوڵی بەردەوام دا بووم، وەڵامەکەی هیچ شتێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتەوە، هەر ئەو شەوە خوالێخۆشبوو د. کەمال فوئاد بە برای بەڕێز کاك مستەفا ساڵح کەریم و بەندەی راگەیاند کەوا دەبێت کاك مستەفا ساڵح کەریم وتارەکەی سەرۆك مەسعود بارزانی بخوێنێتەوە و بەندەش وتارەکەی سەرۆك مام جەلال بخوێنمەوە..

رۆژی یەکەمی فیستیڤاڵ ٢٠٠٦/٤/٢١ پێش دەستپێکردنی فیستیڤاڵەکە هەر زوو کاتژمێر (٨)ی سەرلەبەیانی خۆم گەیاندە هۆڵی سەنتەری رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی زانکۆی سەلاحەدین بە مەبەستی هەواڵ و زانینی وتارەکەی سەرۆك مەسعود بارزانی، بەڵام هیچم دەستنەکەوت، چەند جارێك تەلەفۆنی د. فواد حسێنم کرد، کاتژمێر گەیشتە (٩)ی بەیانی، بەڵام نە وتار هەبوو نە کەسیش خۆیی لێ دەکردە خاوەن، کاتژمێر (٩:٣٠) د. فوئاد حسێن پەیدابوو، بەڵام ئەویش شتێکی ئەوتۆی پێ نەبوو بۆیە کاتێ لێی چوومە پێشەوە و هەواڵی وتارەکەم لێ پرسی گوتی ئێستا ئامادەی دەکەم، ئەوکاتە زانیم کە کاك مەسعود تووڕەیە و وتاری ئامادەکراوی نییە، بۆیە هەر زوو لەگەڵ د. فوئاد حسێن و یەکێکی دیکە کە بیرم نەماوە کێ بوو وتارێکی کورتمان بەپەلە ئامادەکرد (دەقی وتارەکەمان لە گۆڤاری رۆژنامەنووس ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٦ بلاوکردۆتەوە).

مەراسیمی فیستیڤاڵەکە لەژێر چاودێریی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو و ئامادەی ڕێوڕەسمەکە بوو.

به وتاری بەڕێز د. کەمال فوئاد سەرۆکی لیژنەی باڵای فیستیڤاڵ دەسپێکرد، ئەوجا وتاری بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری عیراق لەلایەن (بەندە)وە خوێنرایەوە، ئەوجا وتاری بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەڕێز مستەفا ساڵح کەریم خوێنرایەوە، بەڵام بەهۆی ئامادەنەبوونی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کاك عەدنان موفتی کە خۆی ئەوکاتە لە کوردستان نەبوو وتارەکەی لەلایەن بەڕێز جەوهەر کرمانج خوێنرایەوە، پاشان بەڕێز نێچیرڤان بارزانی وتارێکی لەژێر ناوی (لە کارەساتی دابەشبوونی دوای جەنگی چاڵدێرانەوە ئێمە تەنها خەریکی خۆ پاراستن و بەرگری و دوورخستنەوەی ئاگری شەڕی خەڵکی تر بووین) پێشکەش کرد، هەر لەم بۆنەیەشدا پەیامی فدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی لەلایەن شێرکۆ حەبیب سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا خوێنرایەوە، خوالێخۆشبوو شهاب التمیمی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی عیراق وتارێکی پێشکەش کرد، ئینجا دوایین وتار کە وتاری د. کەمال مەزهەر بوو کە خۆی لەو کاتەدا ئامادە نەبوو بەهۆی سەفەری بۆ دەرەوەی وڵات لەلایەن بەڕێز کاك محمد مەلا کەریم پێشکەش کرا کە تێیدا چەند زانیارییەکی نوێ لەبارەی ڕۆژنامەی (کردستان)ی تێدابوو، فیستیڤاڵی سێیەم تێروتەسەل و دەوڵەمەند بوو بە چەندین بابەت و پێشانگای منداڵان و شێوەکاری لەگەڵ چەندین لێکۆڵینەوە و بابەتی تازە دەربارەی ڕۆژنامەی (کردستان) و ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە مێژوو و کاری ڕۆژنامەوانییەوە هەبوو، بە کۆتا هاتنی فیستیڤاڵی سێیەم لەسەر پێشنیاری خوالێخۆشبوو د. کەمال فوئاد کە بە هەموو لایەکی ڕاگەیاندن بەتایبەتیش لیژنەی سەرپەرشتیاریی فیستیڤاڵ کە لەمەولا پێویستە هەر (١٠) ساڵ جارێك لە فیستیڤاڵێکی گەورە و قەشەنگدا ئەم یادە بەرز ڕابگیرێ، بۆیە لەوکاتەوە یانی (٢٠٠٦) تاکو دەرچوونم لە سەندیکای

رۆژنامەنووسانی کوردستان لە ساڵی (٢٠١١) هەموو ساڵێك خۆمان وەکو سەندیکا ئەم یادەمان بە بەرز رادەگرت کە بەپێی مێژووی ساڵەکان لە لاپەڕەکانی دیکەدا باسی لێوەدەکەم.

لێرەدا جارێکی دیکە دێمەوە سەر لاپەڕەکانی بیرەوەرییەکانم پاش جێهێشتنی رۆژنامەی برایەتی لە ٢٠٠٠/٢/٢٠ بەجێهێشتنەکەشم بە مەبەستی تۆمارکردنی قۆناغی دامەزراندنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بوو چونکە لە راستیدا دامەزراندنی ئەم سەندیکایە وەکو بیرۆکە و پاشان بەپێی مێژوو قۆناغەکانی کۆنگرەی یەکەم و دووەم ئەوجا رێکخستنی ماڵی رۆژنامەنووسان لە سەندیکایەکی سەرتاسەری لە هەموو کوردستان ئەویش بە یەکگرتنەوەی سەندیکا و یەکێتیی رۆژنامەنووسانی کوردستان لە یەك سەندیکادا و بەستنی کۆنگرەی گشتیی یەکەم و دووەمی سەندیکا و هەوڵی ئەندام بوون لە فدراسیۆنی رۆژنامەنووسان و ئامادەکردنی پڕۆژەی یاسای کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان کە پاشان بە یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ لە پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ دامەزراندنی لیژنەی داکۆکی لە ماڤی رۆژنامەنووسانی کوردستان کە هەر (٦) مانگ بڵاودەکرایەوە کە وابزانم یەکێکە لە کارە هەرە گەورە و دووبارەکانی ئەم سەندیکایە و سەرەڕای درووستکردنی لیژنەی باڵای رۆژنامەنووسانی مێینە و لیژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی، لەوانەیە خوێنەری بەڕێز لای سەیر بێت کە ئەم سەندیکایە توانیویەتی لەم ماوە کورتەدا ئەم هەموو کار و چالاکی و بوونە ئەندامی لە فدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان IFJ و ئامادەکردنی سێ پڕۆژە یاسا بۆ پەرلەمان کە پاشان بە یاسا دەرچوون لە لەپەرلەمانی کوردستان و دەرکردنی دوو گۆڤاری کوردی و عەرەبی (رۆژنامەنووسی و الصحفی) کە تایبەت بوو بە هەموو ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیی بە کار و مێژووی رۆژنامەگەریی کوردییەوە هەبوو، سەرەڕای دامەزراندنی لقی سەندیکا لە هەموو پارێزگاکانی کوردستان بە کەرکووکیشەوە، کردنەوەی نووسینگە لەو شارانەی کە زیاتر لە

١٥ رۆژنامەنووسی تێدایە، ئەوجا پێکهێنانی لیژنەی داکۆکی لە مافی رۆژنامەنووسانی کوردستان و ئامادەکردنی راپۆتی شەش مانگی کە دەتوانم بڵێم یەکێکە لە کارە گەورەکان و هەڵوێستە سەربەخۆکانی سەندیکا، کە تێیدا هەر دەست درێژییەك کرابێتە سەر هەر رۆژنامەنووسێك و رۆژنامە و گۆڤارێك یاخود دەزگایەکی راگەیاندن ئەوا بەبێ جیاوازیی رەها لەو راپۆرتانە تۆمارکراوە لەگەڵ سەدان چالاکی و یارمەتیی خێزانی شەهیدانی رۆژنامەنووسانی کوردستان، کە دەڵێم لاتان سەیر نەبێت ئەم کاروچالاکییانە تاکو کۆنگرەی گشتیی یەکەم لە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٣) بەسترا خۆبەخشانە ئەنجام دراوە، بەڵام پاش کۆنگرەی گشتیی یەکەم کە لە ١٣-٢٠٠٣/١٢/١٥ بەسترا لەسەر پێشنیاری برایانی ئەنجوومەنی سەندیکا دەرماڵەیەکی کەم بۆ هەریەك لە نەقیب و جێگری نەقیب و سکرتێری سەندیکا و ئەندامانی ئەنجوومەن بڕایەوە کە تێیدا دەرماڵەکەی بەندە (٣٥٠,٠٠٠) سێ سەد و پەنجا هەزار دینار مانگانە تێپەڕی نەدەکرد کە لە دەرماڵەی هەموو ئەندامان کەمتر بوو، ئەویشم بەزۆر قبووڵ کرد، چونکە من مووچەی خانەنشینی ئەندامێتیی پەرلەمانی عیراقم هەبوو، بەڵام لەبەر پێداگریی برادەرانی ئەنجوومەن بوو کە (مەعقول نییە ئەوان دەرماڵە وەربگرن و من هیچ وەرنەگرم، کە ئەمەشیان بەپێی بڕیاری کۆنگرەی گشتیی یەکەم بوو)، بەڵام دیسان بەندە رۆژانە (١٠) کاتژمێر دەوامی سەندیکام دەکرد بە دوو جار لە رۆژێکدا، دەوامی بەیانیان لە کاتژمێر (٩-١) و ئێوارانیش لە کاتژمێر چوارەوە تاکو نزیك (١٠)ی شەو، کە هەندێ جار نیوەڕۆیان و شەوان تاکو پاشی ئەوکاتەش دەمامینەوە، لە سەرەتادا کاك ممتاز حەیدەری بۆ (سەندیکا) موتەفەڕغ بوو و دەرماڵەیەکی دیاریکراوی پێ دەدرا، بەڵام دوای دوورکەوتنەوەم لە برایەتی لە ٢٠٠٠/٢/٢٠ بەندەش بە تەواوی تەفەڕوغم بۆ سەندیکا کرد و بەپلە یەك تەنها من موتەفەڕغ بووم، پاشانیش کاك حامد محمد عەلی کە بوو بە سکرتێری سەندیکا لەپاش کۆنگرەی گشتیی دووەم، ئەویش ٩٠٪ی کاتی خۆی بۆ سەندیکا تەرخان کردبوو، ئەوجا کاری سەندیکایی لە وڵاتی ئێمە کە هەمووی هەر کێشەیە چ

جای سەندیکای رۆژنامەنووسان کە رۆژانە هیچ کاتێك لەسەر مێزەکەی خۆم دانەدەنیشتم و هەمیشە لە ژووری کۆبوونەوە و لەسەر مێزی کۆبوونەوە پێشوازیم لە رۆژنامەنووسان و میوانان دەکرد کە هەندێك لەو میوانانە گرنگییەکی تایبەتی خۆیی هەیە کە لە شوێنی خۆی باسی لێوە دەکەم.

وەکو لە پێشەوە باسم لێوە کردووە کاتێ دەزگای برایەتی و خەباتم بەجێهێشت لە ٢٠٠٠/٢/٢٠ هەموو توانایەکم بۆ سەندیکا تەرخان کرد و بڕیاری کۆنم تازە کردەوە کە دەبێت ئەو سەندیکایە لە پاشکۆیەتی بپارێزم و ماوەی هیچ لایەنێکی سیاسی نەدەم کە دەست بخەنە ناو ئیشوکار و رێڕەوی سەندیکا، بەڵام دیسان بۆ مێژوو دەیڵێم تەنها (دوو جار نەبێت) کە داوای هەڵوێستم لێ کرا بەرامبەر نووسینێکی گۆڤارێك کە بەلای ئەو لایەنە خەتایەکی گەورەیە بەرامبەر بە مێژووی کورد کراوە، منیش پاش راوێژکردن لەگەڵ جێگر و سکرتێری سەندیکا و ئەندامانی ئەنجوومەن بە هەموومان هەڵوێستمان وەرگرت (کە نەدەبا سەرەڕای بابەتەکەی ئەو گۆڤارە ئێمە ئەو هەڵوێستمان وەربگرتایە) چونکە لە بنەڕەتدا کاری ئێمە نەبوو، کە پەشان تەنها من باجەکەیم دایەوە، کە تێیدا ئەم گۆڤارە لە زنجیرە بابەتێك ئەوەی خراپ و لە عورف و رەوشتی رۆژنامەوانیدا بەدوورە پێ کردم بێئەوەی ئەو لایەنەی کە بە ناچاری ئەم هەڵوێستەی پێ وەرگرتین بە تاکە وشەیەکیش داکۆکیم لێ بکات، جاری دووەمیش پاش بەستن و تەواوبوونی کۆنگرەی گشتیی دووەم کە لە ٢٧-٢٠٠٧/١٢/٢٩ لە هەولێر بەسترا لە ئاکامی کاری رۆژنامەوانیم وەکو نەقیبی رۆژنامەنووسان کاروچالاکییەکانی برادەرانی ئەنجوومەنم هەڵدەسەنگاند کە گومان لە دڵسۆزیی هیچمان ناکەم، بەڵام هەندێ کەس هەیە بە عادەت حەز لە دانیشتنی زۆر و کاری مەکتەبی ناکات، لەم روانگەیەوە بڕیارێکم لا درووست ببوو کە ئەوجارە پاش کۆنگرەی دووەم (٢٠٠٧) پێشنیاری گۆڕینی سکرتێری سەندیکا لە کاك زیرەك کەمالەوە بۆ کاك حامد محمد علی بکەم، ئاشکراشە کاك زیرەك لە رووی فکری و برادەرایەتی و

ئاشنایەتیم چ لەگەڵ خۆی و چ لەگەڵ خانەوادەکەی زۆر کۆنترە، بەڵام کاک حامیدم لە ساڵی ١٩٩٧ەوە لە ڕێگای سەندیکاوە ناسیومە کە لە دەزگای ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی کاری دەکرد، بەڵام ئاشکراشە کە کاک زیرەك کەمال کادرێکی لەپێشی حزبی شیوعیی کوردستان بوو و گەیشتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەم حزبە، وەکو گوتم شێواز و عادەتی هەریەك لە ئێمە جیاوازە لە یەکێکی دیکە، کاک زیرەك زۆر حەزی لە دانیشتن و کاری مەکتەبی نەدەکرد، سەرەڕای دڵسۆزی و خەمخۆریی بۆ سەندیکا، بەڵاك ئەوە عادەتی بوو، بەپێچەوانەوە کاک حامد محمد علی مرۆڤێکی خەسڵەت بەرز و ڕەوشت پاك و بە پشوو و حەزکردنی لە کاری مەکتەبی و دانیشتن دەکرد وای لێکردم بیر لەو پێشنیارە بکەمەوە کە بخرێتە پێش برایانی ئەنجوومەن وە لە پێشەوەش ئەم مەسەلەیەم لەگەڵ کاک زیرەك لەپێش بەستی کۆنگرەی دووەم باسکردبوو و لەو سەروبەندەدا ڕۆژێك مامۆستا (محمد مەلا قادر) کە ئەوکاتە ئەندای مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو تەلەفۆنێکی بۆکردم و پاشی چاکوچۆنی ئەم گفتوگۆیە هاتە ئاراوە:

**مامۆستا محەمەد**: کاکە فەرهاد بیستوومانە بیر لە گۆڕینی سکرتێری سەندیکا لە کاک زیرەك کەمالەوە بۆ کاک حامد محمد عەلی کراوە، وەکو پارتی لامان باشە کاک زیرەك وەکو سکرتێری سەندیکا بمێنێتەوە، هەم خۆی کوڕێکی باش و شیوعییە و هەم خانەوادەکەی دڵسۆزی پارتین، ئاشکراشە کاک حامید لە یەکگرتووی ئیسلامییە، جا دیسان وای بە باش و مەعقول دەزانین کاک زیرەك لەو شوێنە وەکو سکرتێری سەندیکا بمێنێتەوە.

**بەندە**: مامۆستا لام سەیرە ئەو داوایەمان لێ دەکەیت، لە سەندیکا جیاوازیی نێوان ڕۆژنامەنووسێکی پارتی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی یەکگرتوو یاخود هەر لایەنێکی دیکە ناکرێت، ئەم سەندیکایە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەبێ جیاوازی، بەنسبەت کاک زیرەك برادەر و خۆشەویستی خۆمە و هەمیشە لە سەرەتاوە پشتگیریم لێکردووە و

ماوەیەکیشە سکرتێری سەندیکایە، بەڵام ئەوەی لای من ئاشکرایە کاك زیرەك کەمتر حەز لە کاری مەکتەبی و دانیشتن دەکات کە زۆربەی کارەکانی سەندیکاش کاری مەکتەبی و کۆبوونەوەی دەوێ، بەڵام کاك حامد بە پێچەوانەوە لەو ماوەیەی کە کار پێکەوە دەکەین و هەر لە رۆژانی دامەزراندنی سەندیکا تاکو رۆژانی ئەمڕۆ زۆر بە رێکوپێکی و دوور لە سیاسەت کارەکانی خۆی ئەنجام دەدات، بۆیە لە راستیدا پێشنیارەکە پێشنیاری منە و لە ئەنجوومەن داوای پەسەندکردنی دەکەم.

**مامۆستا محمد**: کاکە فەرهاد دیسان دەڵێم ئێمە وەکو پارتی حەز دەکەین کاك زیرەك کەمال وەکو سکرتێری سەندیکا بمێنێتەوە.

**بەندە**: باشە مامۆستا چ پەیوەندییەك لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان هەیە، وەکو گوتم سەندیکا سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە، نەك سەندیکای رۆژنامەنووسانی پارتی، هۆکاری بیرۆکەی پێشنیارەکەشم بۆ روونکردیتەوە.

**مامۆستا محمد**: کاکە تۆ پارتی نیت؟!

**بەندە**: مامۆستا ئەمە پەیوەندیی بە پارتی بوون یا بە پارتی نەبوونی منەوە نییە، ئێمە لە سەندیکا بەتایبەتی من لە ئیشوکاری سەندیکادا تەرەفگیری لایەنی سیاسی ناکەم، هیوادارم هاوکارمان بن لە پاراستنی سەربەخۆیی سەندیکا.

ئەم نموونە هێنانەوەم کە یەکەم و دوا جار بوو سەندیکا تاکو ئەو رۆژەی منی تێدا نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان بووم بەوپەڕی سەربەخۆیی مایەوە و بەندە هەموو رۆژنامەنووسانی کوردستان بە یەك چاوم تەماشام دەکردن، بێ ئەوەی جیاوازی لەنێوان ئەم و ئەو بکەم، رۆژنامەنووسانیش ئەگەر بە ویژدان و بە حەق مامەڵەم لەگەڵ بکەن دەبێت ئەم شایەتییەم بۆ بدەن، کە سەندیکایەك لەو وڵاتە دروستبوو کە درووشم و کردارەکانی لەپێناوی

چەسپاندنی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان و دابینکردنی ماڤی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستانە، هەر بۆیەش بەوپەڕی داخەوە باجی پاراستنی ئەم سەربەخۆییەی سەندیکا بە نرخێکی گران لەسەر من کەوت، کە لێرەدا جێگای باس نییە.

کاری ڕۆژنامەنووسی و نووسینی بەردەوام خوێندنەوەی بەردەوام بۆ جگەرەکێش ئەوەیە کە زیاتر جگەرەت پێ دەکێشێ کە دەردێکە مرۆڤی جگەرەکێش بە زەحمەت لێی دەردەچێت، زیاتر وا دەکات جگەرە بکێشی، منیش دەمێك بوو جگەرەم لە کۆتایی ساڵانی شەستەکانی سەدەی پێشووە دەستم بە جگەرەکێشان کردووە، بەڵام پێشووتریش وەکو برادەرانی سلێمانی لە زانکۆ دەیانگوت بۆ (فین) ناوە ناوە لە یانەی کۆلیژ تاك تاك جگەرەمان دەکڕی و دەمانکێشا، ئەوجا بەرە بەرە یەك بوو بە دوو دوو بوو بە چوار تا وای لێهات دەستمان بە پاکەت کڕین کرد و زۆر جاریش لە کۆبوونەوە نهێنییەکانمان کاتێ قسەمان دەکرد و تووڕە دەبووین جگەرەمان زیاتر دەکێشا و زۆر جار هەبوو بە دوو ڕۆژ پاکەتێکم لە جگەرەی (دەنهێڵ) دەبڵ دەکڕی کە (٢٠) جگەرەی تێدابوو، بەشی سێ ڕۆژی دەکرد، ئەوجا گۆڕیم بۆ (ڕۆسمەن) و ناوە ناوەش بۆ (گرێڤن) ساڵی ناو شۆڕشیش (١٩٧٤-١٩٧٥)یش لە ڕێگای فرۆشگای شۆڕش لە چۆمان جگەرەی جۆری (دیموری) دەهات لە کوێتەوە کە بەڕاستی چێژم لێ وەردەگرت، چونکە تازە و بێ فرتوفێڵ بوو، ئەو عادەتەم لەگەڵ مایەوە گەرچی ناوە ناوە بۆ شەش مانگ بۆ ساڵ تەرکم دەکرد، بەڵام بارودۆخی پاش نسکۆی شۆڕش لە ئازاری ساڵی ١٩٧٥ ئەوەی لە کوردستان بژیایە ئەگەر جگەرەشی نەکێشایە تووشی جگەرەکێشان دەبوو، پاش ڕاپەڕینیش نەماتوانی خۆمانی لێ بدزینەوە، کاتێ بە سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕۆژانەی برایەتی و لێپرسراوی دەزگای برایەتی و خەبات دەستنیشان کرام جگەرەکێشانەکەم بەرە بەرە زیادی کرد، هەموو لایەکیش دەیزانین لە وڵاتی ئێمە هەمیشە تەنگوچەڵەمە و کێشەی هەمیشەیی هەیە کە زۆرجار بە

جگەرەکێشان خۆمانی لێ دەدزینەوە، کە لە راستیدا فێڵ لەخۆ کردنە، جگەرەکێشانەکەم وای لێهات بەرەو دوو پاکەت و پاشانیش بۆ (٣) پاکەت جگەرە هەڵکشا، ئەو زیادە رۆییە لە جگەرە کێشان لەگەڵم مایەوە و لەگەڵ کارەکانی رۆژانەی سەندیکاشم تێکەڵ بوو، دەستلەکارکێشانەوەی کاك ممتاز حەیدەری لە سەندیکا و سەرنووسەری گۆڤاری (رۆژنامەڤانی) ئەرکی بەندەی قورستر کردبوو، وای لێهات لەگەڵ ئەو ستافە بچووکە کە لەسەرەتادا بریتی بوون لە (چەتۆ فازڵ وەکو کارگێڕ و توانا جەمال و هەوار محەمەد عەلی وەکو تایپیێست و نەخشەساز و خاتوو زوڵێخای حزمەتگوزار) رۆژانە لە بەیانییەوە تاکو ئێوارە درەنگانێك دەوامەمان دەکرد، چونکە لە سەرەتادا رێکخستنی کاروباری سەندیکایەکی وەکو سەندیکای رۆژنامەنووسان کە پێشووتر سەندیکای لەم شێوەیە بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان نەبوو زیاتر هیلاکی دەکردین، سەرەڕای زەرەر و زیانی ئەو جگەرەکێشانەی رۆژانە و سەرەڕای زیادبوونی کێشیش کە هەمووی لەگەڵ ئەو ئازارە دەروونییەی کە پاش دەرچوونم لە برایەتی هەموو تێکەڵ بەیەك بوو، لە مانگی ئازاری ساڵی ٢٠٠١ سەفەرێکی سووریام کرد و دکتۆرێکی زێدە باشی کوردیان بۆ دەستنیشان کردم کە ناوی (د. زبیر فرحان) و دەرچووی وڵاتی نەمسا بوو، رێنمایی کردم (ئیکۆ و تەختیتی دڵ بکەم)، بەڵام لە ئاکامدا هیچ دەرنەچوو، بەڵام بۆ یەکەم جار رۆژی ٢٠٠٢/١/٣١ لە کاتژمێر (٤)ی ئێوارە تووشی ئازارێکی توندی سنگ بووم، بەڵام خۆم راگرت و بە هیچم نەزانی، تەنانەت بە ماڵەوەشم نەگوت و بەپێچەوانەوەش بۆ ئێوارەکەی کاتژمێر (٧) سەردانی ماڵی کاك (مستەفا ئیبراهیم)ی پارێزەری کوردی خەڵکی حەلەبی سووریامان کرد، کە کاتی خۆی لە حەلەب یەکترمان ناسیبوو.

رۆژی هەینی رێککەوتی ٢٠٠٢/٢/١ کە رۆژێکی خۆشی ئەم زستانە بوو کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی لە ئوتێل چوارچرا مەوعدم لەگەڵ دکتۆر نجدت و دکتۆر شێرزادی برای هەبوو کە یەکەمیان لە بەریتانیا دەژی و ولاش زاوای

شەهید سەردار عبداللە سەعیدی برای پەروینی هاوسەرمە و شێرزادیش کە براپچووکی ئەوە لە ئەمەریکا دەژی، بە سەفەر بەپێی مەوعیدێك لەگەڵ کاك نێچیرڤان بارزانی سەردانی کوردستانیان کردبوو بە مەبەستی گفتوگۆ لەسەر دابیکردنی وزەی کارەبا بە (با) لە کوردستان، ماوەی نیو کاتژمێرێك لایان مامەوە کە تێیدا سنگم دەستی بە ئێشان کرد، نەختێ خۆم راگرت کە تێدا ئارەقێکی زۆرم کرد، بەڵام پاش ئەوەی کە ئەوانیش هەستیان بە ناڕەحەتییەکەی من کرد داوایان لێکردم بگەڕێمەوەماڵەوە و ئیسراحەت بکەم، منیش هەرچۆنێك بوو سواری ئۆتۆمبێلەکەم بووم و بەرەو ماڵەوە گەڕامەوە، بەڵام لە ڕێگا هەستم بە ئازاری توندی سنگم کرد و هەرچۆنێك بوو گەیشتمەوە ماڵەوە، کە نێوان ئوتێل چوارچرا و ماڵی ئێمە تەنها (١٠) خولەکە، ئۆتۆمبێلەکەم لەبەردەرگا راگرت و هەر لە گەراجەوە دەستم بە داکەندنی کراس و چاکەتەکەم کرد، یەکسەر تووشی پەروین هاتم و هاوارم کرد کەوا سنگم خەریکە دەتەقێ، ئەویش زوو منی بردە ژوورەوە و لەسەر جێگا درێژی کردم و هاواری ڕێکانی کوڕمی کرد و گوتی باوکت هیلاکە و سنگی ئازاری هەیە، ئەوکاتە ڕێکان لە پۆلی چواری کۆلیژی پزیشکی بوو لە زانکۆی سەلاحەدین، کاتێ منی دیت بەم شێوەیە یەکسەر بە راکردن بەرەو ماڵی دایکم چوو چونکە پوورە عاسمەم کە ئەویش نەخۆشیی دڵی هەبوو (حەبی بن زمانی) بۆ ئەم جۆرە حاڵەتە بەکاردەهێنا، ڕێکان زوو حەبێکی بن زمانی پێدام، پاش ماوەیەك ئازارەکەم کەم بۆوە و خەوم لێکەوت، ئێستاش نازانم نە من نە پەروین نە ڕێکان بیری چوونە خەستەخانەمان نەکرد، ئێوارە کاتژمێر (٤) لە خەو هەڵسام و نانێکی سووکم خوارد و دیسان چوومە ناو جێگا و خۆم بە خوێندنەوە سەرقاڵ کرد، لە بەخت باشیم ئێوارە داوەتی برایان حەیدەر فەیلی و خوالێخۆشبوو دلمان ئامێدی کە ئەوکاتە هەردووکیان ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعیی کوردستان بوون، لە ئوتێل (هەورامان)، پەروین زۆری لەگەڵ کردم کەوا نەچمە ئەم داوەتە چونکە تەندرووستیم باش نەبوو، بەڵام چونکە من لە پاش هەڵسانم لە خەو کاتژمێر چواری ئێوارە هەستم بە ئازار نەدەکرد، وامزانی

ئەزمەیەکی بچووکی سەرمایە بۆیە قەناعەتم بە پەروین هێنا کە مەسەلەکە وەعدم داوە دەبێ بچم، بەڵام بێ ئەوەی خواردن یا خواردنەوە بخۆم و ئۆتۆمبێلیش لێناخورم، چونکە خوالێخۆشبوو شەهید (مەهدی خۆشناو) ئەویش لەگەڵ من بە جووتە داوەت بووین، کاک مەهدی خۆشناو کاتژمێر (٦)ی ئێوارە بەدواما هات بە ئۆتۆمبێلەکەی ئەو بەرەو هەورامان چووین، برادەران خوالێخۆشبوو دلمان ئامێدی و کاک حەیدەر فەیلی و کاک زیرەك کەمال لە چاوەڕوانیمان دا بوون، (١٠) خولەکێك دانیشتین ئەو پاکەتەکەم دەرهێنا کە جۆری (رۆسمان) بوو و جگەرەیەکم داگیرساند، لەگەڵ مژی یەکەم هەستم کرد دووکەڵی جگەرەکە وەکو خەنجەر سنگم دەبڕێ و ئازارێکی بەتینی دیکەم تووش هات و لەگەڵ ئەوەش ئارەقەیەکی زۆرم کرد، کاک حەیدەر فەیلی هەر زوو هەستی بە نەساغییەکەی من کرد چونکی خۆشی پێشووتر تووشی هەمان نەخۆشی ببوو، یەکسەر گوتی (کاک فەرهاد خێرە، چیتە؟) منیش گوتم ئەمە جاری دووەمە ئەمڕۆ سنگم تووشی ئازار دەبێت، بۆیە یەکسەر گوتی مەجووڵێ و بانگی حیمایەکانی کرد و لەگەڵ کاک مەهدی و کاک زیرەك منیان بە نیوە هەڵگرت بۆناو لاندکرۆزەرەکەی کاك حەیدەر و یەکسەر بە تەلەفۆنیش (مۆبایل) قسەی لەگەڵ دکتۆر قاسم مەجید کرد کە دکتۆری چارەسەری کاك حەیدرە بوو، دکتۆر قاسم گوتی من لە رێگام نەخۆشەکە ببەنەماڵەوە تاکو ئێوە دەگەن بە ماڵەوە دەڵێم ئامێری فەحس ئامادە بکات، رامەوەستن، بە گەیشتنمان بۆ ماڵی دکتۆر قاسم خۆشی گەیشت، خێزانەکەشی (ماڵی ئاوا بێت) ئامێری پێویستی ئامادەکردبوو، هەر زوو درێژی کردم و دەستی بە پشکنین کرد، پاشی پشکنینەکە یەکسەر گوتی (کاك فەرهاد تۆ پیاوێکی رۆشنبیری مەترسە، جەڵتەیەکی دڵی سووکت هەیە و فەرموو هەڵسە با بڕۆین بەرەو خەستەخانەی فریاکەوتن-کۆماری، بەشی بووژانەوەی دڵ) بە گەیشتنمان د. جەمال حەمید کە ئەوکاتە وەزیری تەندرووستی بوو هەر زوو کە زانی نەخۆشییەکەم چییە کاتێ دکتۆر قاسم بە زمانی ئینگلیزی هەموو شتێکی تێگەیاند یەکسەر (دەرزییەکی پێویستی) ئەم نەخۆشییەی لێدام و ستاف نەخۆشیی قاوشی

چارەسەری دڵی کۆکردەوە و دەستیان بە پشکنین کرد، بە پشکنین و بەستنی ئۆکسجین و چارەسەی پێویست گوتیان نابێت تاکو (٢٤) کاتژمێری دیکە بجووڵێ و دکتۆر زەردەشتی کوڕی کاك مەهدی کە ئەویش لە ڕووداوی دڵتەزێنی (١)ی شوبات شەهید بوو تاکو بەیانی لەگەڵ دکتۆرێکی دیکە بەدیارمەوە مانەوە و نەنووستن.

ڕۆژی شەممە ٢٠٠٢/٢/٢ کاتێ لەخەو هەڵسام هەستم کرد کە بەڕاستی نەخۆشم، لە چوارلاوە بە وایەری ئامێری چاودێریی دڵ و شلەی ئاوی خواردن (مغذي) و ئامێری دیکە بەستراومەتەوە، چاوم کە بە قورسی هەڵدەهات و هەردوو دکتۆرەکە و سستەرێکم بەسەرەوە راوەستابوون، ویستم قسە بکەم، بەڵام ئیشارەتیان بۆ کردم کەم قسە بکەم، دیسان خەوم لێکەوتەوە، کاتێ خەبەرم بوویەوە دیتم هەندێ لە برا و خوشك و پەروین و ڕێکان و ساسانم لە دەوروپشتە، خەڵکێکی زۆریش لە برادەر و دۆست و هاوکارانی کاری ڕۆژنامەنووسی ئەوناوەیان قەرەباڵغ کردبوو، دیاربوو رادیۆی دەنگی کوردستان لە بەرنامەی (بەیانیت باش کوردستان) بلاویکردبوویەوە، بەڵام کاتێ دکتۆری سەرپەرشتیار هات داوای لە خەڵکەکە کرد کە قەرەباڵغی پەیدا نەکەن چونکە بۆ نەخۆشەکە خراپە، ئێوارەش کاتێ دکتۆر قاسم مجید هات و جارێکی تر فەحس و پشکنینی دڵی بۆکردم گوتی (الحمد لله تەندرووستیت باشە، باش بوو زوو پێڕاگەیشتین لە ماوەی ١٢ کاتژمێر دوو جەڵتەی دڵت تووش هاتووە، نابێ جارێ بجووڵێیت و نابێت قەرەباڵغی لە دەورەت هەبێت).

ڕۆژی یەك شەممە ٢٠٠٢/٢/٣ لە دەفتەی یادەوەرییەکانم نووسیوە: ڕۆژی دووەمە لە بەشی (بووژانەوەی دڵ) لە خەستەخانی جمهوریم، ئەمڕۆ هەست دەکەم تەندرووستیم لە دوێنێ باشترە، ڕۆژنامەی برایەتیی ئەمڕۆ هەواڵەکەی بلاوکردۆتەوە، برادەران، دۆستان، پەیتا پەیتا تەلەفۆن بۆ ماڵەوە و بۆ خەستەخانە دەکەن، یان دەهاتنە لام، ناوە ناوە دڵتەنگی دایدەگرتم و نیگەران دەبووم، بەڵام ژیان هەر وایە و دێت و دەڕوا، لە مردن ناترسم چونکە دوا

قۆناغی ژیانی هەموو مرۆڤێکە، بەڵام مردنی پێش گەیشتن بە ئاوات زۆر زەحمەتە، بەتایبەتیش بۆ خەڵکانی وەکو ئێمە کە هەموو ژیانیان لە کاری سیاسی و کوردایەتی بەسەربردووە.

ئەمڕۆ خوالێخۆشبوو کاک جەوهەر نامق سالم کە ئەوکاتە سکرتێری مەکتەبی سیاسی بوو، بۆ جاری دووەم لەگەڵ نێرگزی خوشکم سەردانی کردم و گوتی (بە جەنابی کاک مەسعود بارزانیم راگەیاندووە و ئەویش ئەمری کردووە کە پاش جێگیر بوونی تەندرووستیم یەکسەر بگەیەندرێمە تاران بۆ چارەسەری پێویست).

دوو شەممە ٢٠٠٢/٢/٤، رۆژی سێیەمە لە خەستەخانەم، ئەمڕۆ زیاتر دۆستان و برادەران دێنە لام سەرەڕای قەدەغەکردنی سەردان، ساسانی برام بە فەرمانی دکتۆر لەبەردەرگای ژووی بووژانەوەی دڵ راوەستابوو بە مەبەستی پێشوازی لەو برادەر و دۆستانەی کە دەهاتنە لام و لەگەڵیان لە هۆڵەکە دادەنیشت.

سێ شەممە ٢٠٠٢/٢/٥، لە رۆژی چوارەمدا هەست دەکەم تەندرووستیم بەرەو باشی دەچێت، میوانم زۆرن، تەلەفۆنات دەکرێ، هەندێ لە برادەران بەزۆر دێنە ژوور سەرەڕای قەدەغەکردنی سەردان.

چوارشەممە ٢٠٠٢/٢/٦، ئەمڕۆ کاتژمێر (٥:٣٠)ی سەرلەبەیانی لەخەو هەڵسام، دڵم خۆشە چونکە وا پێدەچێت تەندرووستیم بەرەو باشتر دەچێت، پاشی نانخواردنی بەیانی کە بریتی بوو لە (کووپێك شیر و هێلکەیەکی کوڵاو)، پشکنینی هەمەلایەنەم بۆ کرا، دکتۆر قاسم مەجید ئەمڕۆ پاش دیتنی پشکنینەکە پێی راگەیاندم کەوای سبەی کە دەکاتە رۆژی پێنج شەممە لە خەستەخانە دەچمە دەرەوە، ئێوارەکەی کاک ممتاز حەیدەری هاتە لام بۆ جاری دووەم و گوتی (من دەزانم تۆ لە خەفەتی پارتی تووشی ئەم تەنگوچەڵەمەی دڵ هاتووی، من هەستی پێ دەکەم، خوا بتپارێزێت)، ئێوارە د. فەرهاد جەلیل

خەيات و د. جەمال عبدالحميد هاتنەوە لام، ئەوانيش بە رەهايی گوتيان (نابێ بە هيچ شێوەيەك لە جگەرە نزيك ببيتەوە، تەنانەت ئەو جێگايەی جگەرەشی لێ دەكێشرێ دەبێت لێی دووربكەويتەوە، جارێ نابێت خۆشت ماندوو بكەی، چەند رۆژێك لە ماڵ ئيسراحەت بكە ئەوجا سەفەری چارەسەر بكە).

پێنج شەممە ٢٠٠٢/٢/٧، دڵم خۆشە چونكە دەمزانی لە خەستەخانە دەچمەدەرەوە، كاتژمێر (١٠)ی بەيانی پاش پشكنين و حەب و دەرمانی چارەسەر بە عەرەبانە تاكو ناو ئۆتۆمبێلەكەی ساسانيان بردم، ئەوجا بەرەو ماڵەوە گەڕاينەوە، بە گەيشتنم برادەران، دۆستان، كارمەندانی رۆژنامەی برايەتی و خەبات، دراوسێكانمان پەيتا پەيتا دەهاتن، منيش لەسەر جێگا راكشابووم، رێكان و دلێر و ساسان بەواجب هەڵدەستان.

لەنێوان رۆژانی ٧-٢٠٠٢/٢/١٦ كە (١٠) رۆژی خاياند لە ماڵەوە بووم، لەسەر راسپاردەی د. قاسم مەجيد دەبووايە نەجووڵێمەوە تەنها بۆ كاری زۆر پێويست نەبێت.

رۆژی ٢٠٠٢/٢/١٦، لە مەكتەبی سەرۆك مەسعود بارزانی، پاشانيش كاك جەوهەر نامق پێيان راگەياندم كەوا دەبێت بۆ بەيانی ٢/١٧ سەفەر بكەم، بەڵگەم بۆ ئامادەكرابوو بۆ چوونە ئێران، شەو پەروين پێداويستی و ئەوراقی نەخۆشييەكەمی ئامادەكردبوو.

يەك شەممە ٢٠٠٢/٢/١٧، كاتژمێر (٧)ی سەرلەبەيانی بە ئۆتۆمبێلی خۆم كە كاك ئيسماعيل حەوێز شوفێری تايبەتيم بوو لێی دەخوڕی تاكو سەر سنووری بردين، لە سنووريش كاك (سەعيد عەقراوی) بە ئۆتۆمبێلەوە لە چاوەڕوانيماندابوو، ئەوجا لە رێگای خانە و شنۆ بەرەو (ورمێ) چووين و روومان لە فرودگای ورمێ كرد، لە سەرەتادا پێيان راگەياندين كەوا پليت نەماوە و دەبێ چاوەڕوان بين بەڵكو خەڵكانێك هەن لە دوا كاتژمێردا سەفەر دوا دەخەن، تاكو كاتژمێر (٥)ی ئێوارە ماينەوە، بەخت ياوەر بوو و دوو پليتمان

دەستکەوت، کاتژمێر (٧)ی ئێوارە گەیشتینە تاران، دکتۆر پیرۆت ئەحمەد کە ئەو سەردەمە لێپرسراوی مەکتەبی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو جوامێرانە لە چاوەڕوانیماندا بوو، زۆر دڵنەوایی کردم کە لە سایەی خوداوە (جەڵتەکەم) تێپەڕاندووە و گوتی (لێرە دکتۆری زێدە باشی هەیە و دڵ لە دڵ مەدە)، بە ئۆتۆمبێلی خۆی بەرەو ئوتێل (کوثر تهران) چووین، ئوتێلەکە جارێکی دیکە پێشووتر لەگەڵ شاندێکی لایەنە سیاسییەکان و کەسایەتییەکانی کوردستان لە یادی شۆڕشی ئیسلامی لێی دابەزیوم، ئوتێلێکی پاك و ڕێکوپێکە، دەزگای شەهیدی ئێران سەرپەرشتیی دەکات، پێنج ئەستێرەیە، لە دەستە ڕاستی خیابانی (وەلی عەسر)ە کە پێشووتر ناوی خیابانی پەهلەوی بوو، کە وابزانم درێژترین شەقامی تارانە و لە سەرەوەی تارانەوە لە گۆڕەپانی (تەجریش)ـەوە دەستپێدەکات تاکو خوارووی تاران کە هەردوو لای بە داری چناری زۆر گەورە ڕازاوەتەوە تێیدا هەمیشە بە جۆگەلەی ئاوی سەرووی تاران کە بەژێریا تێدەپەڕێ تێر ئاو دەبن، لە ئوتێل ماینەوە، بەڵام شەوەکەی لەگەڵ پەروین پاش ئەوەی خۆم باش داپۆشی بە قەمسەڵەیەکی ناو فەروو پیاسەیەکی ئەم شەقامەمان کرد کە کاتژمێرێکی خایاند.

ڕۆژی دوو شەممە ٢٠٠٢/٢/١٨، لەگەڵ هەستان لەخەو یەکەم شت کە بیرم لێکردەوە ساڵیادی یەکەمی شەهیدکردنی (فرەنسۆ هەریری) بوو کە ساڵێك بەر لە ئێستا و لەم ڕۆژەدا دەستی تاوان و تیرۆر لە شەقامی (٦٠) مەتری شەهیدیان کرد، پێش نیوەڕۆ کاك بارامی وەلید بەگی سەردانی کردین، کاتژمێر (٤)ی ئێوارە لەگەڵ کاك شێرزاد هەرکی کە لە ستاڤ مەکتەبی تارانی پارتییە و لێپرسراوی بردنی نەخۆشەکانی میوانی ئەم مەکتەبەیە کە لە کوردستانەوە لە لایەن مەکتەبی سەرۆك و مەکتەبی سیاسیی پارتی دەنێردرێن، کاك شێرزاد تاکو بڵێی کوڕێکی چاك و بە خزمەت و پشوودرێژە و شارەزایە، بە خۆی بە ماشێنی لە خزمەتی نەخۆشەکانی مەکتەبە، ئەم عەسرە ئێمەی بردە لای دکتۆرێکی باش کە پێی دەڵێن (فوق التخصص) بەنێوی د. پەروێزی

قابوس، كه دكتۆری چارەسەری دڵە، پاشی پرسیار و وەڵام پشكنینێكی وردی بۆ كردم لەگەڵ تەختیتێكی دڵ و رێنمایی كردم كەوا بەیانی هەندێ پشكنینی خوێن و شتی دیكە بكەم، شەو لە ئوتێل خوالێخۆشبوو كاك جەوهەر نامق سالم لە هەولێر لەگەڵ شێركۆی ئامۆزام كە لە لەندەن بوو بە تەلەفۆن لە ئەحواڵی تەندرووستیی منیان دەپرسی.

سێ شەممە ٢٠٠٢/٢/١٩، كاتژمێر (٧:٣٠) لە خەو هەڵسایین، لە پەنجەرەوە تەماشام كرد باران دەبارێ كە بەڕاستی دیمەنێكی جوان و دڵڕفێنی هەبوو، من هەمیشە گەشبینم بە باران بارین و زۆر جاریش كە باران دەبینم شیعرە بەناووبانگەكەی خوالێخۆشبوو (بدر شاكر السیاب)م دێتەوە یاد كە قەسیدەیەكی ویژدانیی زۆر بەرزە كە نێوی بارانە (المطر)، كاتژمێر (١٠) كاك شێرزاد هات و لەگەڵ پەروین بەرەو خەستەخانەی (میهرداد) چووین، كاری پێویستم بۆ كرا، كاتژمێر (١)ی پاش نیوەڕۆ گەڕاینەوە، لە رێگا بوین كە بەفر دەستی بە بارین كرد، داوام لە كاك شێرزاد كرد نەختێ لەم كەشوهەوا بەفراوییەدا بمانگەڕێنێ چونكە بەڕاستی دیمەنێكی جوانی هەبوو.

رۆژی چوار شەممە ٢٠٠٢/٢/٢٠، ئەمڕۆ دەبووایە زووتر لە خەو هەڵسین چونكە كاتژمێر (٧)ی بەیانی دەبووایە لە بیمارستانی (میهرداد) بین بۆ ئەنجامدانی (قەستەرە)، كاتژمێر (١:٣٠) چوومە ژووری نەشتەرگەری قەستەرەم بە نیو كاتژمێر بۆ كرا، دەرچوو سێ دەمار (شریان)م بە رادەیەكی ئێگجار زۆر گیراوە و قەستەرە و بالۆن و شەبەكە چارەسەری ناكات و پێویستیم بە نەشتەرگەریی گەورەی كردنەوەی سینگە، كاتێ دكتۆر ئەم نەتیجەیەی پێ راگەیاندم سەغڵەت نەبووم، شەو جارێكی دیكە كاك جەوهەر نامق و شێركۆ تەلەفۆنیان بۆ كردم، كاك جەوهەر پێی راگەیاندم كەوا ساسانیش لە رێگایە و بەرەو تاران دێت بۆلامان.

هەینی ٢٠٠٢/٢/٢٢، ئەمڕۆ پشووی سەرتاسەرییە لە ئێران، دکتۆر دانانیشیٚ، دکتۆر دوێنیٚ ڕێنمایی کردم کە تاکو ڕۆژی یەك شەممە دەبێت دوو جۆرە دەرمان (حەب) بخۆم تاکو لەو ڕۆژە دوا پشکنینم بۆ بکات پێش ئەوەی نەشتەرگەری بکەم.

ساسان کاتژمێر (١:٣٠)ی پاش نیوەڕۆ گەیشت، دڵم بە هاتنی خۆش بوو چونکە دەترسام لە کاتی نەشتەرگەری تووشی ڕووداوێکی نەخوازراو ببم کە تەنها پەروینم لەگەڵە، گەرچی دکتۆر پیرۆت ئەحمەد هەمیشە لە پەیوەندی و هاتوچۆدا بوو کاك شێرزادیش وەکو سێبەر وابوو.

لەگەڵ پەروین و ساسان پاش نیوەڕۆ بە پیاسەیەکی لەسەرخۆ چەند کاتژمێرێك لە شەقامەکاندا پیاسەمان دەکرد و ناوە ناوەش لە قاوەخانەیەك پشوومان دەدا، بیرم لە نەخۆشییەکەم نەدەکردەوە.

شەممە ٢٠٠٢/٢/٢٣، ئەمڕۆ لە سەرتاسەری کۆماری ئێران جەژنە (جەژنی قوربان)، لە جەژنیش بەتایبەتی یەکەم ڕۆژ پشووی تەواوە، پێشنیارم بۆ پەروین و ساسان کرد بچنە حوسێنییەی جەماران لە سەرووی تاران و ماڵی ئیمام خومەینی، بە پاس بەرەو شیمالی تاران چووین، کاتیٚ گەیشتین پۆلیسی ئێشکدار پێی ڕاگەیاندین کە ئەمڕۆ دەرگا ناکرێتەوە چونکە جەژنە، لەسەرخۆ و هێواش هێواش بە پیٚ گەڕاینەوە تاکو مەیدانی تەجریش، لە ڕێگادا دەرمانخانەیەکمان تووش هات بە ناوی (دەرمانخانەی شەمس) خاوەنەکەی دیاربوو خەڵکی نەجەف بوو و لە ساڵی ١٩٧٢وە لە عیراق لە دەستی زوڵمی حکومەتی بەعس هەڵاتبوو، زۆر پەرۆشی عیراق و عیراقییەکان بوو، ستایشی گەلی کوردی کرد و گوتی (ئێوە لە سایەی شۆڕش و تفەنگەکانتان ڕزگارتان بووە، بەڵام داخ بۆ برایانی ئێمە)، هەندیٚ موجامەلەمان کرد و پێم گوت (بۆ نایەی لە کوردستان دەرمانخانەیەك بکەیتەوە)، ئەویش بە زمانی عەرەبی گوتی (حەق نییە ئێوە عەرەب بحەوێننەوە چونکە غەدرتان زۆر لێکراوە).

ئێوارە گەڕاینەوە ئوتێل چونکە ماوەیەکی زۆر لە مەیدانی تەجریش ماینەوە و لە یەکێ لە چێشتخانەکانی نانی نیوەڕۆمان خوارد.

شەو کاك جەوهەر نامق و کاك سەعید یحیا و شێرکۆ تەلەفۆنیان بۆ کردم و لە تەندرووستیی منیان دەپرسی.

یەك شەممە ٢٠٠٢/٢/٢٤ دووەم رۆژی جەژن، کاتژمێر چواری ئێوارە هەرسێکمان لەگەڵ کاك شێرزاد چووینەوە لای د. قابوس و بڕیاری کۆتایی خۆی پێ راگەیاندین، پاش ئەوەی سەرجەم پشکنین و ئاکامی (قەستەرەکەی) بە وردی تەماشا کرد پێی راگەیاندم کە نابێت نەشتەرگەرییەکە دوا بخەم چونکە سێ دەمارم ٩٠٪ی گیراوە، بەڵام هەڵبژاردنی دکتۆری نەشتەرگەرییەکەی دایە ئیختیاری خۆم، شەو کاك جەوهەر نامق و رێکان و لانە تەلەفۆنیان بۆ کردم.

دوو شەممە ٢٠٠٢/٢/٢٥، ئەمڕۆ دوا رۆژی جەژنە لەگەڵ پەروین پاش نانخواردنی بەیانی بە پیاسە بەرەو شەقامی (نجاة الله) چووین کە شەقامەکە بریتییە لە کۆگا و شوێنی کاری ئەنتیك و سنعەتی دەستی، مرۆڤ سەری سوڕ دەمێنێ لەو هەموو کارە جوانانە، بەڕاستی ئێران وڵاتێکی دەوڵەمەندە بەم جۆرە کارانە.

کاتژمێر (٦)ی ئێوارە لەگەڵ پەروین و کاك شێرزاد سەردانی (بیمارستانی دی-مان کرد کە دکتۆر محمد حسن ماندگار) لێبوو چونکە دکتۆر ماندگار لە بیمارستانە نەشتەرگەریی دڵی دەکرد و یەکێکە لە دکتۆرە هەرە بەناووبانگەکانی ئێران و تەنانەت لەسەر ئاستی جیهانیش بەناووبانگە، پاش فەحس و وردبینی پێی راگەیاندم کە چارە نییە دەبێت نەشتەرگەری بکەم، چونکە ئاستی گیرانی دەمارەکان زۆرە و بە دەرمان و شەبەکە و بالۆن چارەسەر ناکرێ، هەروەها گوتی دەبێ لە سبەینێ زووتر نییە داخڵی ئەم خەستەخانە بیت و هەر بەیانی بەتەمای یەزدانی گەورە نەشتەرگەرییەکەت بۆ دەکەم، منیش

هەر زوو رەزامەندیی تەواوی خۆم نیشان دا و بە دکتۆر ماندگارم گوت (تکایە ئەگەر دەمارە بچووکەکانیش کەمێ گیرابوون ئەوانیشم بۆ ببڕە و پاکی بکەرەوە)، ئەویش پێکەنی و گوتی (دیارە تۆ پیاوێکی ئازای)، کاك جەوهەر نامق کاتژمێر (١٠)ی شەو کە زۆر بە تەنگمەوە بوو تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی (لێرە رای د. فەرهاد جەلیل خەیات وایە کە لە تاران عەمەلیات نەکەم بەڵکو بەرەو لەندەن سەفەر بکەم لەوێ عەمەلیاتەکە بکەم چونکە عەمەلیاتی دڵ گەمەی منداڵان نییە)، منیش گوتم (کاك جەوهەر لێرە زۆر باسی دکتۆر ماندگار دەکەن و بیمارستانی (دی)ش بەناووبانگە و ناوی خوامان لێ هێناوە و بەیانی کاتژمێر (٧:٣٠)ی سەرلەبەیانی ئیشەڵڵا لە ژووری عەمەلیاتم.

رۆژی سێ شەممە ٢٠٠٢/٢/٢٦، رۆژێکە دەڵێی بەهارە، زوو لە خەو هەڵسایین بە ئۆتۆمبێلەکەی شێرزاد بەرەو بیمارستانی دی چووین، شەقامەکانی تاران ئەو ساتە قەرەباڵغ نەبوو، کاتژمێر (٧:٣٠) گەیشتینە بیمارستانی دی، بە گەیشتنمان روومان لە شوێنی مەبەست کرد و سەراپای لەشیان بە شامپۆیەکی تایبەت شوشتم، ئەوجا سواری عەرەبانە (سدیە)یەکی رێکوپێکیان کردم، دوو سستەری گەنج عەرەبانەکەیان پاڵدەدا و پەروین و ساسانیش لەملا و ئەولا بە تەنیشتمەوە بوون، ئەوان زۆر غەمگین و ناڕەحەت دیاربوون، دەمەویست دڵیان بدەمەوە و قسەی خۆش و نوکتەم بۆ دەکردن و دەمەویست بە پێکەنینیان بهێنم، بەڵام بێ سوود بوو، تا دوا دەرگای ژووری بەنجکردن لەگەڵم بوون، خوداحافیزیمان کرد، دکتۆری بەنج لە کاتی لێدانی دەرزیی بەنج گوتی خەڵکی کوێی؟، گوتم کوردستان.. کوردستانی عیراق، گوتی ناوت چییە، ناوی خۆمم پێ گوت، لێرەوە کە بەرامبەر سەعاتێکی دیوارم بەرامبەر هەڵواسرابوو نیشانی دەدا کاتژمێر (٩)ی بەیانییە، ئیتر ئاگام لە خۆم نەما.

چوار شەممە ٢٠٠٢/٢/٢٧، کاتژمێر (١١) بەخۆ هاتمەوە، کاتێ چاوم کردەوە دیسان بەرامبەرم سەعاتێك هەڵواسرابوو، گەرچی چاوم رەشکە و

پێشکەی دەکرد، بەڵام زانیم کاتژمێر (١١)یە، هەردوو دەستەکانم بە ئامێری تایبەتەوە بەستراوە لەناو جێگەیەکی زێدە خاوین و سپی درێژ کراوم، (٨) نەخۆشی دیکەم لێوە دیاربوون کە ئەوانیش وەکو من بوون، یەگجار تینووم بوو، چەند جارێك بە دەنگێکی نزمەوە بە کوردی و بە فارسی داوای (ئاو–اب)م کرد، پاش نەختێ بە هەزار حاڵ بە پاڕانەوە (قوربانی شما) سستەرێك چارەکە پیاڵەیەك ئاوی دامێ، جاریکی دیکە خەوم لێکەوتەوە، بۆ جاری دووەم کاتژمێر (٣)ی دوای نیوەڕۆ بەئاگا هاتمەوە، لە پڕ دکتۆر پیرۆتم لێ بەدەرکەوت کەوا رێگەیان پێدابوو بۆ ماوەی دوو خولەك بمبینێ بۆ ئەوەی لە ئەحواڵم بپرسێ و هەواڵی سەرکەوتنی نەشتەرگەرییەکەم بە پەروین و ساسان بگەیەنێ و لە رێگای ئەوانیشەوە خزمانم لە هەولێر ئاگادار بکرێنەوە لە سەلامەتیم، گوتم دکتۆر پیرۆت هیممەتێك بکە تۆزێکم ئاو بدەنێ، پاش نەختێ نیو پەرداخ شەربەتی گێزەریان پێ دام، نەختێ ئارام بوومەوە، بۆ شەوی دووەمیش هەر لە ژووری (العناية المركزة) مامەوە، کارمەندانی ئەم ژوورە بە مانای وشە (میهرەبان) بوون، هەر کاتژمێرێك دەهاتن تەختیتێکی دڵیان بۆ دەکردم.

پێنج شەممە ٢٠٠٢/٢/٢٨، کاتژمێر (١٢)ی پاش نیوەڕۆ دکتۆر ماندگار سەری لێدام و تەماشای ئامێرەکانی کرد کە بە وایەر بە سنگ و دەست و قاچم بەسترابوونەوە، بە پێکەنینەوە گوتی زۆر باشە (خەیلی خوب) و رووی لە دکتۆری یاریدەدەری و سستەرێك کرد کە ئامادەباشیم بۆ بکەن بۆ گواستنەوەم بۆ ژوورەکەی دیکە، هەمان قەرەوێڵەی پزیشکی و ئامێری چاودێری و تەختیتی دڵی لێبوو، ژوورەکە جێگای دوو نەخۆش بوو، رۆژی یەکەم کچێکی فارسی تمەن ٢١ ساڵ کە ئەویش نەشتەرگەریی دڵی بۆ کرابوو لە هەمان ژوورەکەی من بوو، لەگەڵ گواستنەوەم پەروین و ساسان و کاك شێرزاد گەیشتە لام، پاشی کەمێ کاکە کاوەی کوڕی وەستا مستەفای ئاسنگەر کە لەپاش نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ لە شیراز لەگەڵ خانەوادەکەی نیشتەجێن لە رێگای خزمانەوە زانیبووی کەوا لە تاران نەشتەرگەریم بۆکراوە،

لە شیرازەوە هاتە لام و چەند شەوێك لام مایەوە، ئەویش لەم کاتە یارمەتیدەرێکی باش بوو چونکە بەهۆی بوونیان لە ئێران زانینی زمانی فارسیی، بە هاتنی ئەوان و بوونیان لە دەوروپشتم زیاتر ئاسوودەبووم، ئەوجا لە ڕێگای تەلەفۆنەوە لە هەموو لایەکەوە تەلەفۆنم بۆ کرا، بەڵام من نەمدەتوانی وەڵامیان بدەمەوە، پەروین و ساسان بەم ئەرکە هەڵدەستان، ژوورەکەم تەلەفزیۆنی تێدابوو، بەڵام بەداخەوە تەنها کەناڵەفارسییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی وەردەگرت.

هەینی ٢٠٠٢/٣/١، ئەمڕۆ ساڵگەری ٢٣یەمین یادی وەفاتی سەرۆکی نەمر مستەفا بارزانییە، لە ڕێگای کاك شێرزادەوە زانیم کەوا ئەمڕۆ لە تارانیش لە یەکێ لە هۆڵەکانی تاران یادەوەری بۆ دەکرێ، کاك جەوهەر نامق تەلەفۆرنی بۆکردم و دڵخۆشیی خۆیی نیشاندا بە سەرکەوتنی نەشتەرگەرییەکە، هەروەها شێرکۆش لە لەندەنەوە سەرەڕای چەندین تەلەفۆنی دیکە کە لە هەولێرەوە بۆم دەکرا، د. پیرۆت و برادەرانی مەکتەبی پارتی لە تاران سەردانیان کردم، ماڵی ئاوا بێت دکتۆر پیرۆت هەر خەریکمان بوو.

شەممە ٢٠٠٢/٣/٢، ڕۆژێکی ئاسایی بوو لە پەنجەرەی تەنیشتمەوە سەیری تارانم دەکرد، کەشوهەوا خۆشە، ناوە ناوە گوێم لە دەنگی ئاوازێکی مۆسیقا دەبێت، بەڵام بەداخەوە زۆری نەدەخایاند، پێش نیوەڕۆ کاك فازڵ میرانی و دکتۆر پیرۆت سەردانیان کردم، پاشان دکتۆر محمد ساڵح ئیبراهیمی (شەپۆل) کە نووسەر و ڕووناکبیر و ڕۆشنبیرێکی کوردی خەڵکی مهابادە و قورئانی پیرۆزی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کورد و هەمیشە سەرقاڵی خزمەتی ئەدەب و مێژوو و کلتووری کوردییە، و چەند ژمارەیەکی لە گۆڤاری (چرکە) بڵاوکردۆتەوە، مرۆڤێکی ڕەسەن و کوردپەروەرە، لە ئێران بڕوانامەی دکتۆرای لە زانستی ئیسلامی وەرگرتووە، بە قسە و گفتوگۆیەکانی زۆر دڵخۆش بووم و ماوەیەکی زۆر لەگەڵ کاك ئازادی کوڕی لام دانیشتن.

رۆژی یەك شەممە و دوو شەممەش بە هەمان شێوە، تەندرووستیم بەرەو باشی دەچوو، هەڵسان و دانیشتنم پێدەکرا، دەتگوت نەشتەرگەریم بۆ نەکراوە.

رۆژی سێ شەممە ٢٠٠٢/٣/٥، ئەمڕۆ یادی راپەڕینە لە کوردستان کە تێیدا گەلی کورد بە ورد و درشتییەوە راپەڕی و کوردستانیان لە بەعس پاك کردەوە، کاتژمێر (٩:٣٠) بڕیاری چوونەدەرەوەم لە لایەن دکتۆر ماندگارەوە درا، بە مەرجێك، پاشی هەفتەیەك لە عیادە سەردانی بکەم، کاتژمێر (١٠)ی بەیانی بەرەو ئوتێل کەوسەری تاران بە ئوتۆمبێلی کاك شێرزاد گەڕاینەوە، ساسان ئەمڕۆ پێش نیوەڕۆ سەفەری گەڕانەوەی بۆ کوردستان کرد چونکە پێویستیم پێ نەمابوو، سەرەڕای گەڕانەوەی بە مەبەستی دڵنەوایی منداڵەکان و دایکم و خزمەکان.

هەر هەمان رۆژ کاتژمێر (٢:٣٠) جارێکی دیکە گەڕاینەوە عیادەی دکتۆر ماندگار بە مەبەستی پێدانی چەند ئامۆژگارییەکی گرنگ دەربارەی جووڵانەوە و خواردن لەگەڵ وەرگرتنی چەند پەرتووکێك بە زمانی فارسی و ئینگلیزی کە پەیوەندیی بە رێنمایی نەخۆشیی دڵەوە هەیە، ئێوارەکەی دکتۆر پیرۆت و خێزانەکەی لە ئوتێل سەریان داین و تاوێکی باش دانیشتن، پاشی ئەوانیش دکتۆر محمد ساڵح ئیبراهیمی (شەپۆل) لەگەڵ خێزانی و ئازادی کوڕی بە خۆی و بە دیارییەکی نایاب کە بریتی بوو لە (چوار موجەلەدی رۆژنامەی (کوردستان) کە ساڵی ١٩٥٩ لە تاران دەردەچوو)، دڵم بەم دیارییە زۆر خۆش بوو چونکە دەمێك بوو گوێبیستی ببووم، بەڵام نەمدیبوو، کاك ئازادی کوڕی دەنگی زۆر خۆشە بەبۆنەی هاتنەدەرەوەم چەند گۆرانییەکی کوردیی خۆشی بۆ گوتین، بەم شێوەیە رۆژانە پەروین تیماری شوێنی هێنانەدەرەوەی دەمارەکانی دەست و قاچمی دەکرد، پاشان پێکەوە بە پیاسە و گۆپاڵەوە لە هەندێ لە شەقامەکانی وەکو (تالەقانی، جمهوری، کریم خانی زەند، نەجاتولا) دەگەڕاین لەسەر رێنمایی دکتۆر.

رۆژی ٣/١٢ کاتژمێر (٩)ی بەیانی بەپێی مەوعید سەردانی بیمارستانی (دی)مان کرد، پاش تەواوبوونی کاری بیمارستان لەگەڵ پەروین و شێرزاد بەرەو کۆشکی (سعداباد) چووین کە بریتییە لە کۆشکێکی سێ نهۆمی و ساڵی ١٩٣٦ پەیماننامەی سعداباد لەم کۆشکە ئیمزا کراوە کە ئەوکاتە لە عیراق جەنەڕاڵ بەکر سدقی پیاوی بەهێزی ئەم وڵاتە بوو پاشی ئەوەی حکومەتی یاسین الهاشمی رووخاند و حیکمەت سلێمان جێگەی ئەوی گرتەوە ئەم کۆشکە لە زەمانی رەزا شای باوکی دوایین شای ئێران گەورە کراوە و ئەو کەلوپەلانەی کە لەپاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٩ روویدا هەندێکی ماوە و تابلۆی زۆر گرانبەها و نایابی تێدا ماوە، ئەرزی کۆشکەکە بە بەردی مەڕمەڕی سپی و سەوز و شین تێکەڵ بە یەك داپۆشراوە، ئەو رۆژانەی کە تێیدا جەنەراڵ دیگۆلی سەرۆکی فەرەنسا و دواترین سەرۆك کە نانیان تێدا خواردووە بریتین لە کارتەری سەرۆکی ئەمەریکا و شا حەسەنی دووەمی پادشای وڵاتی مەغریب، ژووری شاژن فەرەح کە ژوورێکی خنجیلانەی رێکوپێکە، کەلوپەلەکەی ماوە، بەڵام لە هەمووی نایابتر کەلوپەل و فەرشی چەرخی سەدەی حەڤدەمین و هەژدەمین پارێزراوە بەپێی قسەی ئافرەتە وەرگێڕەکەی کە قسەی بۆ دەکردین، ناوی کۆشکەکە گۆڕدراوە بۆ (کۆشکی مۆزەخانەی میللەت) لەتەنیشت ئەویشەوە کۆشکی مۆزەی سەوزە کە لە زەمانی رەزا شا بونیادنراوە، بەڵام دەرگای پێشەوەی لە زەمانی پادشایەتیی قاجارەکان بونیادنراوە، ئەم کۆشکە سێ نهۆمە، کەلوپەلی رەنگی سەوزە، لەم کۆشکەدا (کۆنگرەی تەهران)ی تێدا سازکراوە کە ستالین و چەرچڵ و رۆزڤڵت پاش سەرکەوتنیان لە جەنگی جیهانیی دووەم تێیدا کۆبوونەتەوە، چەند کۆشکێکی دیکە لەو ناوەدا هەیە کە هەموویان لەنێوان دارودرەختێکی چڕوپڕ بونیادنراون.

پێنج شەممە ٢٠٠٢/٣/١٤، ئەمڕۆ رۆژی لەدایکبوونی رێکانی کوڕمە کە لە ١٩٧٦/٣/١٤ لەدایکبووە، ئێمە هەموو ساڵێك وەکو دابونەریت ئاهەنگێکی

خنجیلانەی خێزانیی بۆ دەکەین، بەڵام بەداخەوە ئەم ساڵە (٢٠٠٢) بەهۆی نەخۆشیی منەوە ئەم ئاهەنگە نەکرا، بە ئومێدی ساڵانی ئایندە لە کوردستان بۆی بکەین.

سەرلەبەیانی لەگەڵ کاک شێرزاد چووینە بیمارستانی دی بە مەبەستی وەرگرتنی (اشعە و تحلیل) بۆ دوایین جار، چونکە رۆژی دوو شەممەی دادێ دکتۆر ماندگار دەبینین.

ئێوارە کاتژمێر (٦) کاك ئازاد کوڕی دکتۆر ئیبراهیمی هاتە دوامان، ئەوجا هەرسێکمان بەپێ بەرەو ماڵی ئەوان چووین کە لەنزیك کۆشکی (کاخ مەڕمەڕ) بوو، تاکو کاتژمێر (١٠)ی شەو لە ماڵی مامۆستا دکتۆر ئیبراهیمی ماینەوە، پاشان شەو بە تاکسی بەڕێیان کردین.

شەممە ٢٠٠٢/٣/١٦، کەشوهەوا خۆشە، بەڵام هەور ئاسمانی گرتووە، لە ئوتێل ماینەوە، ئەمڕۆ یادی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهیدە کە بە کارەساتی سەدە دەژمێدرێ، بەداخەوە لە سەرەتادا دونیا بەتایبەتی ئەمەریکا نکوڵیی کرد لەوەی کە حکومەتی بەعس ئەم تاوانەی کردبێت، بەهەرحاڵ هەڵەبجە بوو بە ناوونیشانی گرنگی دۆزی کرد کە تێیدا بە هەزاران کەس بوونە قوربانیی ئەم تاوانە.

دوو شەممە ٢٠٠٢/٣/١٨، کەشوهەوا نەختێ ساردە و هەور و بارانە، لە ئوتێل ماینەوە، کاتژمێر (٦)ی ئێوارە لەگەڵ کاك شێرزاد چووینە عیادەی د. ماندگار، بەڵام خۆی لەوێ نەبوو، دکتۆری یاریدەدەری لێبوو، پاش پشکنین گوتی (دڵت زۆر باشە ئێستا کوڕێکی گەنجی)، هەندێ رینمایی کردم و گوتی دەبێت پاش (٦) مانگی دیکە سەردانی ئێمە بکەیتەوە و دەتوانی ئێستا بگەڕێیتەوە وڵاتی خۆتان، شەو خۆمان ئامادەکرد بۆ سەفەری بەیانی.

سێ شەممە ٢٠٠٢/٣/١٩، کاتژمێر (٧:٣٠)ی سەرلەبەیانی کاك شێرزاد بەدوامانا هات بۆ فرودگاه (فڕۆکەخانە)، کاتژمێر (١٠:٤٥) پاش ئەوەی پەروین

سنگمی بەو قەڵغانە پلاستیکە بەستم تاکو پەراسووە شکاوەکان کە بە لێزەر پاش نەشتەرگەرییەکە لەحیم کراون لە کاتی سواربوون و حەرەکەتی تەیارە نەجووڵێ، کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ گەیشتینە ورمێ، کاک سەعیدی شوفێر لە فڕۆکەخانە لە چاوەڕوانیماندا بوو، ئێمەی بردە ئوتێل (دەریا)، ئێوارە پیاسەیەکمان بە خیابانە گشتییەکەی ورمێ کرد کە ساڵی ١٩٧٤ زۆر جار بە سەردان هاتوومەتە ئەم شارە و ئەم شەقامە بە مەبەستی کەلوپەل کڕین بۆ راگەیاندنی شۆڕش لە ئەمانەتی راگەیاندن و رۆشنبیری و لاوان، ئەو شەوە باران بە خوڕ دەباری، بۆ بەیانی ٢٠٠٢/٣/٢٠ گەڕاینەوە کوردستان، کە تێیدا (٣٤) رۆژم لە تاران بەسەربرد لەگەڵ پەروین کە بە سەرکەوتوویی نەشتەرگەریی دڵیان بۆکردم کە تاکو رۆژانی ئەمڕۆ کە ئەم یادەوەرانە دەنووسمەوە (٢٠١٥/٩/٢٨) لە سایەی یەزدانی گەورەوە تووشی هیچ کێشەیەکی دیکەی دڵ نەبوومەتەوە، لەو رۆژەشەوە (٢٠٠٢/٢/٢) جگەرەم تەرک کردووە و بە هیچ شێوەیەك لەو بەڵایە نزیك نەبوومەتەوە.

پاش گەڕانەوەم کە تێیدا ماوەی هەفتەیەك لە ماڵەوە مامەوە بە مەبەستی پشوو و ئیسراحەت و لە هەمان کاتیشدا میوانێکی زۆر لە برادەر و دۆست و خزم سەردانیان دەکردم، پاش ئەم هەفتەیەش رۆژانە دەستم بە دەوامی سەندیکا کردەوە کە تێیدا چەندین چالاکی کە بریتی بوو لە وۆرك شۆپ و سیمینار و کۆبوونەوەی گشتی لەگەڵ لق و نووسینگەکانی سەندیکا ئەنجام دەدرا، کە تێیدا مامۆستای خوالێخۆشبوو رووناکبیر و رۆژنامەنووس و نووسەری رۆژهەڵاتی کوردستان کاک ئەحمەد قازی کە لە ساڵی (١٩٩٩)وە بووین بە دۆست و هەمیشە رێز و خۆشەویستیی تایبەتیم بۆ هەبوو، لە سەردانێکی بۆ هەرێمی کوردستان داوام لێکرد کە ئێوارە کۆڕێك لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ببەستێ دەربارەی کاری رۆژنامەگەری لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوەبوو کاتژمێر (٧)ی رۆژی ٢٠٠٢/٨/٧ بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە رۆژنامەنووس و رۆشنبیر مامۆستا

ئەحمەدی قازی سەرکەوتووانە کۆڕەکەی بە تاموچێژێکی تایبەتییەوە بابەتەکەی پێشکەشکرد.

له پایزی ئەم ساڵە (٢٠٠٢) بارودۆخی عیراق بەرەو خراپی دەچوو، ئابلۆقەی ئابووری و سیاسی سەرەڕای دژایەتیکردنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا بۆ عیراق لە هەموو بارێکەوە کەشوهەوای سیاسی لە بەرژەوەندیی گەلانی عیراق بەڕێوەدەچوو، ڕۆژانە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی زۆربەی وڵاتان دەنگوباسی عیراق لەپێشەوە بوو، پاشانیش دەنگۆی بەستنی کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی عیراق هاتە ئاراوە (مؤتمر المعارضة العراقية) کە تێیدا گەلی کوردیش لە ڕێگای لایەنە سیاسییەکانەوە بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پشکی باشی بەرکەوتبوو بەمەبەستی گرێدانی کۆنگرە کە لە لەندەنی پایتەختی وڵاتی بەریتانیا بوو، بەخت یاوەربوو لەو شاندە هەمەلایەنەی کە لە (زوومی زەرد) دیاریکرابوو، بەندەش ناوی لەگەڵ شاندەکە دانرابوو و بڕیاریش وابوو لە ڕێگای سووریاوە سەفەری بەریتانیا بکەین و ڤیزا لە سەفارەتی بەریتانیا لە دیمەشقی پایتەختی سووریا وەربگرین، بۆئەوەی تیشك بخەمە سەر ئەم کۆنگرە گرنگە جارێکی دیکە دەگەڕێمەوە بۆ ڕۆژانەی دەفتەری بیرەوەرییەکانم کە تێیدا هاتووە:

یەك شەممە ٢٠٠٢/١٢/٨، کەشوهەوا ساردە، ئەمڕۆ باران بەخوڕ دەباری، ئێوارە دەرنگ لە مەکتەبی کاك نێچیرڤان بارزانی ئاگاداریان کردم کە بەیانی پێویستە سەفەر بکەم لە ڕێگای فیشخابوورەوە بۆ سووریا، برادەرانی سەندیکام ئاگادار کردەوە و ڕێوشوێنی گونجاوم پێ ڕاگەیاندن دەربارەی ئیشوکاری سەندیکا، بەتایبەتیش کاك زیرەك کەمال و کاك حامد محمد عەلی و پێشم ڕاگەیاندن کەوا هەمیشە بە تەلەفۆن ئاگاداری یەك دەبین. شەوەکەی لە ماڵەوە خەریکی خۆ ئامادەکردن بووم.

دوو شەممە ٢٠٠٢/١٢/٩، کاتژمێر (٦) بەیانی لەگەڵ کاك جەودەت نەجاڕ و بە ئۆتۆمبێلی ئەو لە ڕێگای دهۆکەوە بەرەو سنوور و کاتژمێر (١:٣٠)ی پاش نیوەڕۆ گەیشتینە قامشلی و یەکسەر بەرەو بارەگای پارتی چووین و کاك محمد گەرگەریمان دیت و کارئاسانیی بۆکردین، ئۆتۆمبێلێکی بچووکی بۆ پەیدا کردین لە قامشلییەوە تاکو دیمەشق بە (٢٠٠$) دوو سەد دۆلار، کاتژمێر (٣:١٥) لە قامشلی دەرچووین لە ڕێگای تدمر-دیرالزور بەرەو دیمەشق چووین، لە ڕێگا هەندێ لەلای ئاسەواری تەدمری بەناووبانگ ماینەوە و زانیاریی ڕۆژانی قوتابخانەی پۆلی شەش ئەم قۆناغەم بیرکەوتەوە کە شاژنی تەدمر (زەنوبیا) حکومداریی ئەم ناوچەیەی دەکرد و پایتەختەکەشی (تەدمر) بوو، کاتژمێر (١١)ی شەو گەیشتینە دیمەشق و یەکسەر چووینە ئوتێل (القصر الفرنسی) کە شەوی بە (٧٥٠ لیرە) بوو، بە ڕێککەوت کاك عوسمان قازیش لە هەمان ئوتێل بوو، بۆ نانخواردنی ئێوارە چووینە چێشتخانەی (أبو کمال) و کاتژمێر (١)ی شەو گەڕاینەوە.

سێ شەممە ٢٠٠٢/١٢/٩، لە بەیانییەوە باران بەگوڕ دەباریێ، لەگەڵ کاك جەودەت نەجاڕ سەردانی (سەفارەتی بەریتانیا)مان کرد بۆ مەسەلەی ڤیزا، مامەڵەی قونسڵ زۆر وشك و ناپیاوانەبوو زۆر دووریش بوو لە هەڵوێستی دبلۆماسی، سەرەڕای هەوڵی کاك غازی زێباریش کە ئەوکاتە لێپرسراوی مەکتەبی پارتی بوو لە دیمەشق، بەهەرحاڵ تاکو کاتژمێر (١١) ماینەوە و گوتیان ڕۆژی پێنج شەممە وەڵامتان دەدەینەوە، ئەوڕۆژەمان بە گەڕان لە بازاڕی (حمیدیە) و مزگەوتی الاموی و بازاڕی (باب توما)مان بەڕێکرد، پاشان سەردانی کتێبخانەی (النوری)مان کرد و چەند کتێبێکم کڕی. ئەمڕۆش تاکو ئێوارە باران دەباری، شەو سەردانی فندق (الشام) کرد و نانی ئێوارەمان لەوێ خوراد.

چوار شەممە ٢٠٠٢/١٢/١١، ئەمڕۆ لە دوێنێ ساردتر بوو، لە چاوەڕوانیی ڤیزای بەریتانیاین بۆ بەیانی، ئەمڕۆشمان لەگەڵ کاك جەودەت نەجاڕ بە گەڕان

**و سووڕان بردەسەر، بەتایبەتیش لە (المرجە) و سالحیە، دیسان شەوەکەی چووین ئوتێل شام.**

**پێنج شەممە ٢٠٠٢/١٢/١٢، ئەمڕۆ رۆژێکی خۆشە بەتایبەتی کە هەردوو رۆژی پێشووتر بارانێکی باش باریوە، سەرلەبەیانی سەردانی قونسوڵییەی بەریتانیامان کرد، هیچی تازە نەبوو، لام سەیرە وڵاتێك کۆنگرەیەکی گەورەی بەرهەڵستکارانی عیراقیی تێدا ئەنجام بدریٚ و بەم شێوە نا دبلۆماسییەش مامەڵەی خەڵکانی شاندی عیراقی بکرێت، بە کورد و عەرەب و تورکمانەوە، گەڕاینەوە ناو بازاڕ، لە چێشتخانەی (طلیطلە) دانیشتین، ئەو شوێنەی کە دامەزرێنەرانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مام جەلال بەیانی دامەزراندنی یەکێتییان تێدا نووسی و بڵاوکرایەوە، کاتژمێر (١:٣٠) هەواڵی وەرگرتنی ڤیزامان پێدرا، یەکسەر چووینە مەکتەبی سەفەریاتی K.L.M و پلیتمان بڕی کە کاتژمێر (٢:٣٠)ی شەو لە رێگای دیمەشق–ئەمستردام–لەندەن تەیارەمان دەفڕیٚ، پاش نیوەڕۆی ئەم رۆژە بە گەڕان و خۆئامادەکردن بۆ سەفەری شەو کاتمان بەسەربرد، کاتژمێر (١٢:٢٥) بەرەو فڕۆکەخانە چووین و کاتژمێر (٢:٣٠) تەیارەمان فڕی بەرەو لەندەن، کاتژمێر (٧:١٥)ی بەیانیی رۆژی ١٢/١٣ گەیشتینە لەندەن.**

**٢٠٠٢/١٢/١٣ هەینی، کاتژمێر (٧:٣٥)ی بەیانی لە رۆژێکی باراناویدا گەیشتینە لەندەن، شێرکۆ حەبیب لە چاوەڕوانیماندا بوو و یەکسەر بەندە و کاك جەودەتی بردە ماڵەوە و نانی بەیانیمان لای ئەوان خوارد و پاشان چووینە ئوتێلی (هیڵتن) کە شوێنی بەستنی کۆنگرەکەی موعارەزەی عیراقی بوو، تاکو کاتژمێر (٧)ی ئێوارە سەرقاڵی وەرگرتنی باج و وەرگرتنی ئەوراقی کۆنگرە بووین، کاك ئەحمەدی شەفیق ئاغا هاوکارمان بوو لە وەرگرتنی باج و ئەوراقی پێویست، بۆ شەو من گەڕامەوە ماڵی شێرکۆ و لە ئوتێل نەمامەوە، شەو تاکو کاتژمێر (١) ماینەوە چونکە ماموژنم خوالێخۆشبوو (نعیمە علاءالدین) کە دایکی شێرکۆیە، شیرینی خوشکی شێرکۆ کە ئامۆزامن هاتنە لام.**

شەممە ١٢/١٤، ئەمڕۆ بە ڕۆژ بەدەرەوەیە و کەشوهەوا خۆشە، کاتژمێر (٩)ی بەیانی بەرەو ئوتێل (هێڵتن) چووین کە ئوتێلێکی (٥) ئەستێرەی گەورەی لەندەنە، کۆبوونەوەکان دەستپێکردن و وتارەکان زۆر بوون، مام جەلال و کاک مەسعود وەکو دوو ئەستێرەی درەوشاوەی ناو کۆنگرەکە بوون و هەڵوێستیان زۆر ڕێکوپێك و

یەکگرتوو بوو و دڵی هەموومانی خۆشکرد، تاکو کاتژمێر (٦) ئێوارەی خایاند، پاشان لەگەڵ کاك جەوهەر نامق و وشیار زێباری چووینە لیژنەی (البيان السياسي)، لە دانیشتنەکەدا ناڕێکیی پێوە دیاربوو، (بەرەی تورکمانی) بە ئاشکرا هەڵوێستی نەرێنی و دژە باو بوو، کچێکی لێبوو کە (الحمد لله) ناویم لەبیر نەماوە و تۆمارم نەکردووە لەبەرئەوەی زۆر خوێڕی بوو و قسەی ناماقوڵی دەکرد دەربارەی کەرکووك، بە ڕێککەوت لە تەنیشت منەوە دانیشتبوو، یان بە تورکمانی یان بە عەرەبی قسەی دەکرد، کاتێ لێم پرسی بۆ بەکوردیش قسە ناکەی خۆ کەرکووکیەکان زۆربەی هەرە زۆریان کوردی و تورکمانی دەزانن، بە عەرەبی و بە شێوازێکی زۆر ناشرین گوتی (الكوردية أعرفها، بس ما احكي بيها حتى لا يگولون علَيّ كوردية)، منیش لە وەڵامدا بە کوردی پێمگوت (حاڵتان بۆیە باشە ئەو ئەقڵە بچووکەتان هەیە) و لە تەنیشتی هەڵسام، دانیشتنی ئەو لیژنەیە زۆر بە کێشە بوو، قەناعەتی سەدا سەدم هات کە کەرەستە و درووشمی (برایەتیی کورد و عەرەب) درۆیە، بەداخەوە ئەم دروشمە لە ناوەندی چلەکانی سەدەی رابردووەوە و لە گۆڕەپانی سیاسیی عیراقدا لە ئارادایە، بەڵام تەنها دروشمە، کورد خۆی پێ هەڵخەڵەتاندووە، لەنێو عەرەبیشدا شیوعییەکانی عیراقی لە شیوعییە عیراقییەکانش زیاتر شیوعییە کوردەکان خۆیان بە گوتنەوەی ئەم دروشمە سەرقاڵ کردووە، وەکو مامۆستای خوالێخۆشبوو (مەسعود محەمەد) دەیگوت (بەبێ هەبوونی وەکالەت شیوعییە کوردەکان لە جیاتیی شیوعییە عەرەبەکان ئەم دروشمە دەجوونەوە–تكرار الترداد). شەو درەنگانێك گەڕاینەوە ماڵی شێرکۆ.

یەك شەممە ١٢/١٥، کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە ئوتێل (هیلتۆن) ئامادەبووین، ئەمڕۆ ڕۆژی دووەمی کۆنگرەیە، لە دانیشتنی سەرلەبەیانی کێشە زۆر بوون، وا پێدەچێت هەندێ لایەن خەریکی تێکدانی بارودۆخی کۆنگرەکە بن، لایەنی کوردستانی بە یەك هەڵوێست و یەك دەنگ هاتوونەتە مەیدان کە کاریگەرییەکی باشی هەیە، هاتووچۆی نێوان لیژنەکان بەردەوام بوون، بەندە و د. منذر الفضل زیاتر لەگەڵ کاك جەوهەر نامق بووین، ئەم شەوە تاکو (٥) بەرەبەیانیماینەوە چونکە ئەو جۆرە کۆنگرانە کە ئەو هەموو لایەن و بیر و سیاسەت و بۆچوونە جیاوازە کۆبکاتەوە بە ئاسانی تێناپەڕێ، چونکە لەوانە چەندان دەزگای موخابەراتی وڵاتانی دەوروبەری عیراق و زلهێزەکان وجودیان بەسەر را و بۆچوون لەو کۆنگرەدا هەیە، ئەوجا خودا یارمەتیی خەڵکی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز بدات.

دوو شەممە ٢٠٠٢/١٢/١٦، ئەمڕۆ ڕۆژی سێیەمی کۆنگرەیە، هەموو لایەك سەرقاڵی ئیشوکاری کۆنگرەکەن، کێشەی زۆر هەیە (المجلس الاعلی) هەڵوێستی توندە، ئاشکرایە تەعبیر لە چ سیاسەتێك دەکات، بە ڕێککەوت خاتوو (زەکیە اسماعیل حقی)م دیت چونکە دەمێکە دەیناسم، لە ساڵانی حەفتاکانیشەوە ئەو سەرۆکی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بوو ڕۆڵێکی کوردانەی دیاری هەبوو لە کۆنگرەی هەشتەمینی پارتی کە لە سەرەتای مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٧٠ بەسترا، خاتوو زەکیە وەکو ئەندامی لیژنەی مەرکەزی هەڵبژێردرا، بەندەش ئەو سەردەمە سکرتێری گشتیی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان بووم، کاتێ چوومە ڕۆژنامەی (التاخی) خاتوو زەکییە هەمیشە حزووری هەبوو لە التاخی و لاپەڕەی ئافرەتانی کوردستانی ئامادە دەکرد، بەڵام پاش نسکۆی شۆڕش لە ئازاری ساڵی ١٩٧٥ خاتوو زەکیە گەڕایەوە عیراق وەکو دەیان هەزاری دیکە، بەڵام وەکو باسیان لێوە دەکرد هەڵوێستی گۆڕابوو، کاتێ لە کۆنگرەی بەرهەڵستکاران دیتم لە کەلێنێکی ئوتێل چەند خولەکێك پێکەوە ڕاوەستاین، پێم گوت لە چ لایەنێکەوە هەڵبژێردراوی و

هاتووی، به شەرمەوە گوتی (له لایەن المجلس الاعلی)، گوتم خێرە.. ئەی ئەو هەموو مێژووە کوردایەتییە چیی بەسەرهات؟، به عەرەبی گوتی (لا أنكر كورديتي فأنا كوردية ولا تنسى أنا في نفس الوقت شيعية، فالكورد نبذوني وأبعدوني عن محيطهم فاضطريت إيجاد مخرج آخر لأنني منذ نعومة أظافري أعمل في السياسة). شەو درەنگانێك كه كاتژمێر (١)ی تێپەڕاندبوو بەڕێز كاك مەسعود بارزانیمان دیت و نەختێ من شێرکۆ لەگەڵی راوەستاین و هەندێ پرسیارمان کرد دەربارەی بارودۆخی کۆنگرە، ئەویش له وەڵامدا گوتی (ئەگەر لەسەر هەڵوێستەکان رێککەوتن نەبێت ئێمە شاندی کوردستان کۆنگرە بەجێدەهێڵین)، چونکە وەکو ئیشارەتم پێداوە (جیاوازیی زۆر بەدی دەکرا و لایەنە عەرەبییەکان سەرەڕای ئەوەی کە ئەوکات گوایە موعارەزەن و جارێ نەهاتوونەتە حوکم، بەڵام هەڵوێستیان هەڵوێستێکی شۆڤینییانە بوو و بە زەحمەت سیستەمی فیدراڵییەتیان پێ قەبووڵ دەکرا بۆ عیراقی ئایندە).

سێ شەممە ٢٠٠٢/٩/١٧، ئەمڕۆ دوایین رۆژی کۆنگرەیە، کاتژمێر (٩:٣٠) دەستیپێکرد، هۆڵەکە زۆر قەرەباڵغ بوو، سەرکردەکان کاك مەسعود بارزانی، مام جەلال تاڵەبانی، الحكيم، احمد چلبی، نوێنەری سیستەمی پادشایەتی ئەمیر عەلی حسێن، لەسەر شانۆی هۆڵەکە دانیشتبوون، له وەرەقەی سیاسیی سیستەمی فدراڵییەت بۆ عیراقی ئایندە لەژێر فشاری کورد جێگیر کرا بۆ عیراقی ئایندە، مام جەلال وەکو داینەمۆی کۆنگرە سەرقاڵی راپەڕاندنی کارە زەحمەتەکان بوو، کاك مەسعود بارزانی لەسەر مەسەلەی تورکمان چەند وتەیەکی ئەرێنیی پێشکەش کرد، له دوا بڕگەی دوا رۆژدا کاتژمێر (١)ی پاش نیوەڕۆ کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیی گەورە بۆ سەرکردەکان ئەنجام درا، بەندە له ریزی رۆژنامەنووسان له زنجیرە (١٢) راوەستابووم و پرسیارێکم وەکو نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان ئاراستەی سەرۆکی لیژنەی موتابەعە (ئەمیر عەلی) کرد و گوتم، ئایا چۆنێتیی بەدواداچوون بۆ بڕیارەکانی کۆنگرە چۆنە و لەکوێ دەبێت؟، (ئەمیر عەلی) وەڵامی دامەوە گوتی (بەدواداچوونەکان

له سەلاحەدین (کوردستان) و له لەندەن و هەر شوێنێکی دیکه که کاریگەریی لەسەر دۆزی عیراق هەبێت، بەڵام چۆنێتیی جێبەجێکردنی ئەوا میکانیزمەکەی بۆ دەستەی باڵا دەگەڕێتەوە پاشان بە وردی باسی لێوە دەکرێ و ئەوەی پێویست بێت رادەگەیەندرێت).

کاتێ ناوی ئەندامانی لیژنەی موتابەعە راگەیەندرا له کاتی خوێندنەوەی ناوەکان ناوی (وفیق السامرائی، مشعان الجبوری، سعد البزان) له هۆڵەکە دەنگی ناڕەزایی بەرز دەبووەوە چونکه ئەم سێ کەسە لەلای زۆربەی ئەندامانی کۆنگرە ئەوجا هەریەکەیان بە هۆکارێك (منبوذ) بوون.

مؤتمر المعارضة العراقية
١٤ – ١٦ كانون الاول ٢٠٠٢

" من اجل انقاذ العراق .. و الديمقراطية "

البرنامج

السبت ١٤ كانون الاول

الجلسة الافتتاحية — رئاسة الجلسة : السيد هشيار زيباري

١٢,٣٠ – ٩,٣٠

افتتاح الجلسة بتلاوة آيات من القرآن الكريم

قراءة تقرير اللجنة التحضيرية لمؤتمر المعارضة العراقية من قبل الدكتور فؤاد معصوم .

كلمات من قبل:
السيد عبد العزيز الحكيم
السيد جلال الطالباني
الشريف علي بن الحسين
الدكتور احمد الجلبي
الدكتور اياد علاوي
السيد عزالدين سالم
سماحة السيد محمد بحر العلوم
كلمة من قبل ضيف اجنبي
السيدة صفية السهيل
اللواء الركن حسن النقيب
السيد مسعود البارزاني

١٤,٠٠ – ١٢,٣٠ فترة الغذاء

" بسم الله الرحمن الرحيم "

# البيان السياسي لمؤتمر المعارضة العراقية

## 14-15 كانون الاول/ديسمبر 2002

عاش العراق ومنذ مايزيد على ثلاثة عقود أسوأ حقبة من تأريخه السياسي المعاصر بسبب تسلط النظام الدكتاتوري العنصري الطائفي وممارساته القمعية والارهابية ومغامراته وحروبه داخل الوطن وخارجه.

وطوال تلك الفترة، جرت سلسلة من المحاولات الجريئة التي استهدفت انهاء الحالة الشاذة التي فرضها النظام القمعي على شعبنا شاركت فيه شرائح واسعة من أبناء القوات المسلحة الشرفاء والقوى السياسية والشعبية ومن كل القطاعات القومية والدينية والمذهبية للمقاومة المشروعة بجميع الوسائل بما ذلك المقاومة المسلحة والتي توجت بانتفاضة آذار/ مارس المجيدة عام 1991 التي اسهم فيها الملايين من العراقيين من مدنيين وعسكريين من العرب والكرد والتركمان والاشوريين ومن الشيعة والسنة وكادت ان تلقي بالنظام الى مساقط التأريخ التي يستحقها. ورغم حجم التضحيات وغزارة الدماء التي قدمت الا ان ظروفاً معينة خارجة عن ارادة شعبنا الصابر حالت دون تحقيق تطلعات العراقيين وآمالهم لاعادة بناء وطنهم على اسس من الديمقراطية والعدل والسلام. واليوم اذ تتوفر الفرصة مجدداً امام شعبنا العراقي ومن خلال استثمار بعض معطيات العامل الدولي لاسقاط النظام الفاشي، وانجاز عملية التغيير.. تتولد آفاق جديدة ومشتركة تقوم على وجوب التمسك بحتمية تحقيق هذا الانجاز الوطني ودعم عملية التغيير لصالح شعبنا وبالدرجة الاساسية مع مراعاة المصالح المشروعة لدول الجوار الاقليمي العربي والاسلامي والمجتمع الدولي.

ومن اجل ذلك فان مؤتمر المعارضة العراقية الشامل لغالبية قوى وتيارات وشخصيات المعارضة الوطنية المنعقد تحت شعار "من اجل انقاذ العراق والديمقراطية" في الفترة 14-15 كانون الاول/ ديسمبر 2002 في لندن.. يؤكد المبادئ والمتبنيات الاساسية في المؤتمرات والاجتماعات السابقة التي عقدتها المعارضة العراقية وخصوصاً مؤتمر صلاح الدين 1992 ومؤتمر نيويورك 1999 و الخطاب السياسي لوفد المعارضة في واشنطن في آب /اغسطس 2002 ومن هذا المنطلق فقد اتخذ المؤتمر القرارات التالية:-

1

الرقابة عليها وعدم السماح باقامة الشعائر المذهبية وتدمير قرى وقصبات الشيعة وهدم بيوتهم وتجفيف مناطقهم و تهجيرهم واستقدام مواطنين من بلدان اخرى لتوطينهم في اراضيهم والتشكيك بانتماء الشيعة العرب العراقيين لامتداداتهم العربية وبلدهم العراق، وتهجير الشيعة العراقيين من غير العرب، من خلال التنكر لعراقيتهم و اسقاط الجنسية العراقية عنهم وحجز أبنائهم ومصادرة ممتلكاتهم. ويرى المؤتمر ان الدستور العراقي الجديد يجب ان يضمن عدم تكرار هذه الاعمال ولحماية جميع مركبات الشعب العراقي دون تفريق .

**ثامناً: حول حملات الابادة الجماعية وحلبجة والانفال**

يدين المؤتمر ما تعرض له شعب كردستان العراق من تمييز وقهر واضطهاد منظم من قبل نظام صدام العنصري وبصورة خاصة حملات الابادة الجماعية في حلبجة و عمليات الانفال سيئة الصيت وتدمير آلاف القرى والقصبات الامر الذي هز الضمير العالمي. واذ يدعو المؤتمر الى وضع نهاية لهذه السياسة الهوجاء فهو في الوقت نفسه يؤكد على ضرورة الكشف عن مصير الضحايا وتكريم ذكراهم وتعويض ذويهم عن الخسائر الفادحة التي لحقت بهم واعادة بناء ما دمره النظام.

**تاسعاً:حول التهجير والتطهير العرقي وتغيير الواقع القومي:**

يدين المؤتمر التهجير القسري والتطهير العرقي وماجرى من تغيير في الواقع القومي لمناطق كركوك ومخمور و خانقين و سنجار و الشيخان وزمار و مندلي وغيرها ويدعو المؤتمر الى ازالة آثارها وذلك عبر الأجراءات التالية :

أ. عودة المهجرين الى ديارهم وأعادة ممتلكاتهم وتعويضهم عما لحق بهم من خسائر.

ب. اعادة الوافدين الذين جلبتهم السلطة لأسكانهم في المناطق المشار اليها اعلاه الى اماكنهم السابقة.

ت. عودة الكرد الفيليين وجميع العراقيين المهجرين الى خارج البلاد بغض النظر عن اصولهم والذين جردتهم السلطة بدون وجه حق عن مواطنتهم العراقية الى العراق، وضمان تمتعهم بجنسيتهم العراقية واعادة ممتلكاتهم اليهم وتعويضهم عن الخسائر التي لحقت

بهم والكشف عن مصير المعتقلين الفيليين منذ نيسان 1980 والذين بلغ عددهم اكثر من خمسة آلاف مواطن.

ث. الغاء جميع الأجراءات الادارية التي قام بها النظام منذ سنة 1968 والتي استهدفت تغيير الواقع الديموغرافي في كردستان العراق.

**عاشراً: الفدرالية وحل القضية الكردية**

عند دراسة القضية الكردية وسبل الحل المنشود لها اكد المؤتمر حقيقة التنوع والتعدد في تركيبة المجتمع العراقي القومية والمذهبية والسياسية وأجمع على اهمية تعزيز وترسيخ الوحدة الوطنية الطوعية بتحقيق المساواة التامة بين جميع المواطنين. آخذين بنظر الاعتبار ما اقره مؤتمر صلاح الدين واجتماع المعارضة العراقية في نيويورك ولقاء قيادة المعارضة في واشنطن في آب 2002 وتبني المجلس الوطني لكردستان العراق مشروعاً فدرالياً متكاملا في جلسته المنعقدة بتاريخ 7/تشرين الثاني /2002 عبر المؤتمر عن احترامه للشعب الكردي وارادته الحرة في اختيار الصيغة المناسبة للشراكة مع ابناء الوطن الواحد، وتوقف المؤتمر عند تجارب النظام الفدرالي واعتبره يمثل صيغة مناسبة لحكم العراق ينبغي الاستناد اليها كاساس لحل المشكلة الكردية في اطار المؤسسات الدستورية العراقية بعد القضاء على نظام صدام الدكتاتوري واحداث التغيير المنشود.

وفي هذا الصدد اكد المؤتمر حرصه الشديد على وحدة العراق والتعايش بين قومياته على اساس الاتحاد الاختياري.

وشدد الاجتماع على تلبية المطامح المشروعة والعادلة لشعب كردستان وتصفية جميع مظاهر الاضطهاد والقمع على اساس المبدأ القانوني الذي يقر حقه في تقرير المصير وتاكيد روح الاخوة والاتحاد والشراكة في الوطن.

**الحادي عشر: حقوق التركمان**

تناول المؤتمر التميز والاضطهاد الذي تعرض له التركمان فأكد على اهمية ضمان مساواتهم مع الاخرين واحترام حقوقهم القومية والثقافية والادارية المشروعة وصيانة ذلك دستورياً.

**الثاني عشر: حقوق الاشوريين**

5

درس المؤتمر الاضطهاد والقهر الذي تعـرض لـه الاشـوريون فـاقر بضرورة ضمان مساواتهم مع الاخرين ووجوب تمتعهم بحقوقهم القومية والثقافية والادارية المشروعة وصيانة ذلك دستورياً.

**الثالث عشر: حول القوانين والقرارات الجائرة**

يدعو المؤتمر الى تجميد ثم الغـاء جميـع القـوانين والقـرارات والانظمة العنصرية الجائرة التي اصدرها النظام والموجهة ضـد الكرد والتركمان والاشوريين والطائفية الموجهة ضد الشيعة.

**الرابع عشر: حول تجربة اقليم كردستان العراق**

يقيم المؤتمر عالياً تجربة اقليم كردسـتان العـراق فـي الحريـة والديمقراطية والاعمار، وهي تدل بالواقع الملموس على مايمكن ان ينجزه العراقيون من اعمال بناءة ان هم تحرروا من الدكتاتوريـة، ويرى المؤتمر ان بالامكان الاستفادة من هـذه التجربـة الناجحـة باعتبارها خطوة متقدمة في طريق التغيير الديمقراطي المنشود في العراق، وحل الخلافات عن طريق الحوار الاخوي البنـاء ونبـذ العنف في العمل السياسي.

ويدعو المؤتمر الى صيانة التجربة ودعمها والتعامل مع مؤسساتها القانونية المنتخبة حتى يتم تشريع دستور ديمقراطي فدرالي جديـد للبلاد بما فيه اقليم كردستان العراق.

**الخامس عشر : الاجهزة الامنية:**

يدين المؤتمر سياسة النظام في القتل الجمـاعي لعشـرات الالاف مـن المواطنين والتصفيات الجسدية للآلاف من المواطنين والكوادر السياسـية والعلمية وضباط الجيش ويؤكد المؤتمر على ضرورة كشف الحقائق عن كل تلك الجرائم ومحاكمة المسؤولين عنها قانونياً.

**رۆژانی پاش تەواوبوونی کۆنگرە و گەڕانەوەی ئەندامەکانی، من لە لەندەن لە ماڵی شێرکۆ مامەوە بۆ ئەو مەبەستانەی کە پێویستیی بە مانەوە دەکرد کە گرنگترینیان چوونە لای دکتۆر و وردبینی دڵ بوو چونکە نزیکە (١٠) مانگێك بەسەر نەشتەرگەرییەکی کە بۆ (دڵ)م کرا لە تاران دەمەویست لە لەندەنیش خۆم پیشانی دکتۆر بدەم و دووەمینیش دتنی (جیم بومیلا)ی گەروە راوێژکاری فدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی IFJ بوو کە لە لەندەن دەژیا و لە هەمان کاتیشدا لێپرسراوی دارایی سەندیکای رۆژنامەنووسانی بەریتانیا بوو، مەبەستی سێیەمیش سەردانی هەندێ لە کەسوکار و خزم و**

برادەر بوو، کە لە لەندەن دەژیان سەرەڕای گەڕان و دیتنی شوێنە بەناووبانگ و مێژووییەکانی ئەم شارە.

شەوی پاش کۆنگرە لەگەڵ کاك جەوهەر نامق و شێرکۆ لە یەکێ لە کافتریاکانی لەندەن دانیشتین، قسەوباسەکانمان بابەتی کۆنگرە بوون، بەڵام کاك جەوهەر نامق زۆر ئاسوودە نەبوو لە را و بۆچوونی لایەنە عەرەبییەکان.

دوو شەممە ٢٠٠٢/١٢/٢٣، بەندە و شێرکۆ و ئەژی و دیداری کوڕی سەرلەبەیانیی ئەم رۆژە سەردانی بازاڕمان کرد پاشان چووینە وێستگەی ڤیکۆتریا کە ئوتێلێکی گەورەشی تێدایە، لە باری ناو ئووتێلەکە (هاڤانا) لەگەڵ جیم بومیلا دانیشتین بەپێی ئەو مەوعیدەی کە شێرکۆ رێکیخستبوو، قسەوباسەکان کە تێیدا من قسەم دەکرد شێرکۆ سەرەڕای قسەکردنی خۆی قسەکانی منی بۆ وەردەگێڕا کە هەمووی دەربارەی وەرگرتنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بوو لە IFJ، بۆمیلام بە مرۆڤێکی باش هاتە بەرچاو، ئەو خۆی لە بنەڕەتدا جوولەکەی خەڵکی وڵاتی مەغربە، هەستی بەرامبەر ئێمە زۆر باش بوو و وەعدی پێداین کە یارمەتیدەرمان بێت لە وەرگرتنی سەندیکا لە IFJ، تووشی کاك جەوهەر نامق هاتین کە ئەویش چاوەڕوانی کاك وشیار زێباریی دەکرد، کاك وشیار لە چێشتخانە (اشبیلیا) داوەتی کردین کە تێیدا سەرەڕای کاك جەوهەر و من و شێرکۆ و کوڕەکانی دارا یارە و دڵشاد میرانیشی داوەت کرد، (اشبیلیا) چێشتخانەیەکی لوبنیانیە خاوێن و رێکوپێك بوو، خواردنەکەشی خۆش و بەتام بوو، تاکو درەنگانێکی عەسر ماینەوە.

سێ شەممە ٢٠٠٢/١٢/٢٤، سەرلەبەیانی بە شەمەندەفەر بەرەو خەستەخانە چووین کە ماوەی (٧٥کم) لە سەنتەری لەندەنەوە دوور بوو، کە تێیدا د. ئیبراهیم کاری تێدادەکرد و تایبەت بوو بە چارەسەری نەخۆشییەکانی دڵ و هەناو، کە تێیدا چەند دکتۆرێکی پسپۆڕی هندیی لەگەڵ د. ئیبراهیم کاریان

تێدا دەکرد، ماوەی (٢:٣٠) کاتژمێر لەناو ئەو خەستەخانەیە مامەوە، کە هەموو وردبینییەکانم بۆ کرا، کە لە ئاکامدا لە سایەی خوداوە هەرهەمووی باش دەرچوون، د. کتۆرە هندییەکە ستایشی ئەو دکتۆرەی کرد (محمد حسن ماندگار) کە نەشتەرگەریی دڵی بۆکردبووم من هەموو ئەشیعە و ئەوراقەکانی تارانم پێبوو، لە ئاکامدا دکتۆرە هندییەکە تەنها حەبێکی بۆ زیاد کردم بە مەبەستی نەهێشتنی چەوری لە خوێن، لەگەڵ ڕێنمایی گشتی، دکتۆر ئیبراهیم دکتۆر و کوڕێکی زۆر باشە و خەڵکی قەڵادزێیە و ئەوکاتە لە لەندەن دەژیا لەگەڵ دکتۆرە مەهابادی خێزانی و بڕوانامەی پسیۆڕی هەیە، بەڵام چەند ساڵێکە گەڕاوەتەوە کوردستان، هێشتا لەگەڵ خێزانی د. مەهاباد لە سلێمانی دەژین.

چوار شەممە ٢٠٠٢/١٢/٢٥، ئەمڕۆ لە کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی تاکو ئێوارە کاتژمێر (٦) سەردانی ناوچە و خاڵی (گرینچ)مان کرد و لەسەر خاڵی (سفر) وێنەمان گرت، ناوچەیەکی خۆش و جوان و سەوز و بەرزاییە، شوێنی دانیشتنیان بۆ ڕێکخستووە، مرۆڤ دەتوانێ کاتێکی خۆشی لێ بەسەربەرێ، پاشان زێی (تایمس) و پردە بەناووبانگەکەی (التایمس)مان بەسەرکردەوە، بەڵام ئاوی زێی تایمس زۆر لێڵ و قوڕاو بوو وەکو ئاوی زێی گەورە و بچووکی لای خۆمان شین و سەوز نەبوو، ئەوجا هەر بە پیاسە سەردانی ناوچەی لای باڵەخانەی پەرلەمان (لوردات+عموم)مان کرد و چووینە نزیك سەعاتی (بیگ بن) کە لە سەرتاسەری دونیا لە ڕێگای BBCیەوە گوێ لێدەبێت، پاشانیش شەقامی اجورد رود و باخچەی بەناووبانگی (هایدپارك)مان بەسەرکردەوە.

بەداخەوە ئێوارە لە ڕێگای تەلەفۆنەوە کە بۆ سەندیکام کرد زانیم ڕۆژنامەی برایەتی کە تێیدا حەوت ساڵ سەرنووسەری بووم هەواڵەکەی کۆبوونەوەی (جیم بومیلا)ی گەورە ڕاوێژکاری IFJ لەگەڵ بەندە بەڵاونەکراوەتەوە کە شێرکۆ هەواڵەکەی ناردبوو، لە ڕاستیدا بڵاونەکردنەوەکە نیگەرانی نەکردم، چونکە دەمزانی چ دەروون نەخۆشێك ڕێگری لە بڵاوکردنەوەی کردووە، هەواڵەکە

هەواڵی من نەبوو، بەڵكو هەواڵی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی كوردستان بوو لەگەڵ جیم بومیلا، بە مەبەستی هەوڵدان بۆ وەرگرتنی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان لە فدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی، كە پاشان هەر ئەو (پاڵەوانانە)ی كە هەواڵەكەیان بڵاونەكردبۆوە لە هەوڵی جدی دا بوون تا پێناسەی IFJ وەربگرن و كەشخەیی پێوە لێدەن، لێرەدا لەم بابەتە و دەیان بابەتی لەم شێوەیە كە بە هەمان شێوە مامەڵەیان لەگەڵ دەكرا گلەیی لەم كەسانە ناكرێت، بەڵكو گلەییەكە ئاراستەی ئەو لێپرسراوانە دەكرێت كە ئەو جۆرە كەسە ناشایستانە لەم شوێنانە دادەنێن، كە لە جیاتیی ئەوەی دۆست بۆ ئەو لایەنە درووست بكەن نەیار و ناحەزی بۆ زیاد دەكەن، چونكە لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە نەخوڵقاون كە دۆست بۆ ئەم لایەنە درووست بكەن، قسە زۆرە لەم بارەیەوە، بەڵام هەڵیدەگرم بۆ كات و ساتی خۆی.

ڕۆژانی ٢٦–٢٠٠٢/١٢/٢٧، بە گەڕان و سووڕان بەناو لەندەن دا كە تێیدا سەردانی موزەخانەی مێژوو و مدام تیسو و باخچەی ئاژەڵان و شەقامی ئۆكسفۆرد و پیكادلی و الطرف الأنغر)مان بەسەربرد.

شەممە ٢٠٠٢/١٢/٢٨، پێش نیوەڕۆ لە ماڵ هاتینەدەر، نەختێ لە بازاڕ گەڕاین، بۆ نیوەڕۆیەكەشی لە ماڵی كاك عبدالجبار كە كوڕێكی دانیشتووی لەندەنە و خەڵكی (مریبیا)یە، داوەتی نانخواردنی نیوەڕۆ بووین، لەگەڵ كۆمەڵێك برادەرانی ئێرە (بابە شێخ تەیب، عبدالملك–ی برای كاك عبدالمجید، بڵند ئەتروشی).

ئێوارە كاتژمێر (٦:٣٠) بەرەو سەرنتەری كەربەلا بۆ لێكۆڵینەوە و توێژینەوە (مركز كربلاو للبحوث والدراسات) چووین چونكە ئەم سەنتەرە ماوەیەك بوو لەسەر داوای ئەوان وەعدم پێدابوون كە (كۆڕێك)ی تێدا ڕێكبخرێ و بەندە لەم ئێوارە كۆڕەدا بابەتێك بەناوی (ئەزموونی ڕۆژنامەگەری لە كوردستان–تجربە الصحافە فی كوردستان) پێشكەش بكەم، ئەوەبوو ئێوارە

کاتژمێر (٧) بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتیی رۆشنبیری لە کورد و عەرەب، بەندەش بۆ ماوەی یەك کاتژمێری تەواو قسەم لەسەر بابەتەکە بە زمانی عەرەبی کرد و پاشان بۆ ماوەی کاتژمێرێکی دیکەش بە پرسیار و وەڵام کۆڕەکە کۆتایی هات کە تێیدا (حمید الکافائی) کە رۆشنبیرێکی چەپی عەرەبی عیراقی بوو کۆڕەکەی دەگێڕا.

مركز كربلاء للبحوث والدراسات

**Karbala Centre For Research and Studies**

ضمن إطار برنامج

(( دراسات حول مستقبل العراق ))

**Studies on the Future of Iraq**

## الأستاذ فرهاد عوني

نقيب صحفي كوردستان – أربيل

في ندوة خاصة حول :

## تجربة الصحافة في كوردستان

نموذجاً لصحافة المستقبل في العراق

يسر مركز كربلاء للبحوث والدراسات أن يستضيف الأستاذ فرهاد عوني نقيب صحفي كوردستان للحديث عن تجربة الصحافة في كوردستان نموذجاً لصحافة المستقبل في العراق .

وبهذه المناسبة ندعوكم للمشاركة آملين إثراء هذه الجلسة بآرائكم ومداخلاتكم وما ترونه مناسباً لطرحه للنقاش .

وتفضلوا بقبول وافر الاحترام.

موعد الندوة الساعة السابعة مساء يوم السبت المصادف ٢٠٠٢/١٢/٢٨ في قاعة المركز على العنوان التالي:

Unit 1D,First Floor, 289 Cricklewood Broadway, LONDON NW2

P.O. Box 8292,
London W9 1WZ, UK

Tel: 44 (20) 8452 4053
Fax: 44 (20) 8452 3952

Email: *karbala_centre@mail.com*
Charity Registration No: 1079315

دوو شەممە ١٢/٣٠، ئەمڕۆ نیوەڕۆیەکەی لە شەقامی ئەجۆرد رۆد لای برادەری دێرینم (حسێن حاجی علی ئەحمەد فەیلی) داوەت بووین، کاك حسێن لە ساڵانی حەفتاکانەوە دەیناسم و ئەندامی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان بوو کاتێ خۆی لە ساڵی ١٩٧١ بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتیی قوتابییانی کورد لە لوبنان، کاك حسێن هاوڕێی سەفەرم بوو چونکە بە حوکمی ئەوەی ساڵی پێشووتری لەوێ خوێندبوو و شارەزای لوبنان بوو، لایەقەی خێزانیش کە دەکاتە کچی کچی پووری دایکم لەگەڵ حسێن کە ئێمە بە (أبو عەلی) ناومان دەبرد، کافتریایەکی بچووکیان هەبوو لە شەقامی (أجور رۆد) کاتێکی خۆشمان بە یادکردنەوەی رۆژانی ساڵانی حەفتاکان بەسەربرد، ئێوارەکەشی داوەتی ماڵی برای خۆشەویستم بابەشێخ تەیب بووین، کە بە رەگەز ئەترووشی و دانیشتووی هەولێرە، ئەوکاتە لە لەندەن دەژیا، ئەم ئێوارەیە خواردنێکی کوردانەیان بۆ ئامادەکردبووین.

سێ شەممە ٢٠٠٢/١٢/٣١، دوایین رۆژی ساڵی ٢٠٠٢ کەشوهەوا زۆر سارده، یەکەم رۆژە هەست بە سەرما دەکەم، پێش نیوەڕۆ لە ئوتێل هیڵتۆن لەگەڵ د. دارا جاف و کاك زەکیی ئاوەڵ زاوای، د. دارا دەمێکە هاوڕێمە و لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو لە رێگای یەکێتیی قوتابییانی کوردستانەوە ئاشنایەتی و دۆستایەتیمان پەیداکردووە، مرۆڤێکی بەوەفا و رەوشت بەرزە ماوەیەکی باش لە کافتریای ئوتێل دانیشتین، ئێوارەکەی ماڵی شێرکۆ لە ئامادەباشیدا بوون بۆ ئاهەنگی سەری ساڵی تازەوە (بەدیعە)خانی خێزانی (قەلێکی) گەورەی بۆ لێنابووین بە برنجی ئیتاڵییەوە کە زۆر لە برنجی کوردی دەچوو، خوشکەکانی شێرکۆ (شیرین، شەهناز، شلێر) و منداڵەکانیشی چیا و ئەژی و دیدار و تاڤگە ئامادەبوون، بەندە و شێرکۆ بەدیار TV و قاپێك شامپانیای بەریتانی ساڵی کۆنمان بەڕێکرد و پێشوازیمان لە ساڵی تازە (٢٠٠٣) کرد، بەڕاستی شەوێکی خۆش بوو، لە هەمان کاتیشدا تەلەفۆنم بۆ پەروین و رێکان و لانە کرد، بەم بۆنەیەوە.

رۆژانی یەکەمی ساڵی تازە و دواتریش بە گەڕان و سووڕان بۆ ناوچە جیاجیاکانی لەندەن (بازاڕ، شوێنە گشتییەکان، شەقامە سەرەکییەکان، کتێبخانەکانی دار الحکمە و دار الساقی، سەردانی ماڵی خزمان و داوەتی دۆست و برادەران)، یەکێ لەو رۆژانە من و شێرکۆ لەگەڵ کاك جەوهەر نامق دیسان بە شەمەندەفەر بۆ ماوەی کاتژمێرێك زیاتر بەرەو ماڵی دکتۆر ئیبراهیم عبدالله چووین کە ئەویش لە رۆژئاوای لەندەن بوو، ماڵەکەی نزیك بەو خەستەخانە بوو کە کاری تێدا دەکرد، رۆژی پشوو بوو دکتۆرە مهاباد خواردنی زۆر ئامادەکردبوو، تاکو درەنگانێك لە ماڵیان ماینەوە و کاتێکی خۆشمان بەسەربرد و ئێوارەش بە هەمان رێگا بە شەمەندەفەر گەڕاینەوە، مانەوەم لە لەندەن تاکو بەیانیی رۆژی ٢٠٠٣/١/١١ی خایاند، رۆژی ٢٠٠٣/١/١١ کاتژمێر ٣ی پاش نیوەڕۆ لەگەڵ مەلا سەدرەدین بەرەو دیمەشق هاتین، لە فڕۆکەخانەی هیثرۆ ئافرەتێکی هندیی رەزا قورس کێشەی لەسەر قەبارەی جانتا بۆ دروستکردین، خەریکبوو تەیارە جێمان بهێڵێت، بەڵام لە دوا خولەك کاتێ کە فڕۆکە بەگەڕهاتبوو ئێمە گەیشتین، بەڵام چونکە کێشەکەمان لەسەر جانتا بوو دیاربوو جانتاکانم لەگەڵمان نەهاتبوو، بۆیە کاتێ لە مەتاری دیمەشق چاوەڕوانی دابەزینی جانتاکانم دەکرد تاکو کۆتایی، دیاربوو جانتاکان پێڕانەگەیشتبوون کە سواری تەیارە بکرێت کە بووە هۆی دواکەوتنم و مانەوەم لە دیمەشق بۆ دوو رۆژی دیکە تاکو جانتاکانم گەیشتن، شەوی ١٤ لەسەر ٢٠٠٣/١٥ کاتژمێر (١١)ی شەو بە ئۆتۆمبێلێکی تایبەتی کە لە مەکتەبی پارتی لە دیمەشق بۆیان دەستنیشان کردبووین بەڕێکەوتین، و کاتژمێر (٧:١٥) گەیشتینە قامشلی و یەکسەر چووینە ئوتێل (الصحاری) بۆ ماندوو حەسانەوە و نووستن، پاش نیوەڕۆیەکەی چووینە بارەگای پارتی کە کاك محمود گەرگەری لێپرسراوی بوو، بۆ شەو گەڕاینەوە ئوتێل و لەپێشەو چووینە چێشتخانەکەی ئوتێل، کاتێ دانیشتین (مامۆستا نذیر) کە سکرتێری پارتی بوو و د. حبیب و مامۆستا سەعدون کە زانیبوویان ئێمە لەوێین هاتنە لامان، چونکە پێشووتر بەندە مامۆستا نذیر و د. حبیبم ناسیبوو، مامۆستا

نذیر مرۆڤێکی لێهاتوو و سەرکردەیەکی سیاسیی کوردپەروەری دیاری ناوچەکە بوو، بە هاتنیان زۆر دڵخۆش بووم و نەمهێشت بڕۆنەوە و داوەتی شەوم کردن و تاکو کاتژمێر (١٢)ی نیوەشەو دانیشتین کە تێیدا قسە و گفتوگۆیەکان هەرهەمووی باسی هەرێمی کوردستان و ئاسۆ رووناکی ئەو ئەزموونە بوو، سەرلەبەیانیی رۆژی ٢٠٠٣/١/١٦ بە ئۆتۆمبێلێك جۆری (ڤان) لەگەڵ سەدرەدین و عارف زێڕەڤانی و حسیب بەرەو سنوور و لەوێشەوە بۆ زاخۆ–دهۆك–هەولێر، گەڕاینەوە هەولێر پاش بەجێهێشتنی بۆ ماوەی ٣٥ رۆژ، لە راستیدا زۆر سوودم لەم سەفەرە بینی کە تێیدا ئامادەی کۆنگرەی موعارەزەی عیراقی بووم و ئاشنای بیروبۆچوونی کەسایەتییە سیاسییەکانی عیراقی بووین، لە نزیکەوە ئاگاداری هەڵسەنگاندنیان بووین دەربارەی ماڤی گەلی کورد و فیدراڵییەت لە کوردستان، سەرەڕای چاوپێکەوتنم لەگەڵ جیم بومیلا و ئامادەبوونم لە سەنتەری کەربەلا کە تێیدا کۆڕێکم دەربارەی کاری رۆژنامەگەری لە کوردستان گێڕا، ماڵی شێرکۆی ئامۆزام ئاوابێت کە لەو ماوەیەدا شوێنە گشتی و بەناووبانگەکانی گەڕاندم و شتی زۆر سەیر و سەمەرەشم دیت، هامونی کوڕی مجید فەقێ کە کوڕی کچی پورمە کە ئەویش چەند ساڵێکە لەوێ دەژی و ئێوارەیەك داوەتی کردین، زۆرم لەگەڵ خەریك بوو کە نەگەڕێمەوە و داوای پەناهەندەیی بکەم، بەڵام بەندە ئەوەم قبووڵ نەکرد چونکە کوردستان لای من لە هەموو دونیا خۆشترە و چەندین ساڵیشە بەش بە حاڵی خۆم و بەپێی ئیمکاناتم ئەوەی کە پێم کراوە هەوڵم بۆ ئەو رۆژە داوە، ئێستاکە لەبەر هەبوونی چەند ئاستەنگێك چۆنی بەجێدەهێڵم.

لێرەدا دەبێت باس لە هەندێ بابەت بکرێت کە لەنێوان رۆژانی کۆنگرەی موعارەزە روویدا سەرەڕای ئەو خاڵانەی کە باسم لێوەکردوون، دیتنی کاك سامی کە بە هێمنی ئاشتی کردمەوە پاشی ئەو دابڕانەی کە روویدا و باسم لێوە کردووە، بەڵام دیسان هۆشمەندیی ئەو پیاوە دەیسەلمێنێ کە لە دڵەوە ویستی بەندە ئاشتبکاتەوە چونکە هاتبووە ئەو قەناعەتە لە دەمێك زەمانەوە کە

من ئەو پیاوەم چەند خۆشویستووە و چەند ڕێزم لێناوە، هەر لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە تاکو ڕۆژانی کۆتایی، یادی بەخێر لە یەزدانی گەورە دەپاڕێمەوە کە بەهەشتی بەرینی پێ ببەخشێ.

لە ڕۆژانی کۆنگرە خۆشبەختانە چەند جارێك لەگەڵ برای ئازیز و دۆستی دێرینم کاك مستەفا ساڵح کەریم یەکترمان بینی، بەندە دەمێکە کاك مسەفا دەناسم، پێش ناسینیشم لە ڕێگای چیرۆکەکانی کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاویدەکردەوە دەمخوێندەوە و چێژم لێ وەردەگرت و لە پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ زیاتر یەکترمان ناسی و پاشانیش هەردووکمان خۆمان لە خێزانی ڕۆژنامەی (التاخی و برایەتی) دیتەوە و ساڵی شۆڕش ١٩٧٤-١٩٧٥یش دیسان هەردووکمان لە دەزگاکانی ئەمانەتی گشتیی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و لاوان یەکترمان گرتەوە و بە درێژایی ساڵانی پاش نسکۆش تاکو ڕاپەڕین یەکترمان دەدیت، پاشی ڕاپەڕینیش ئەو لە نووسینگەی کوردستانی نوێ و الاتحاد و منیش لە دەزگای ڕۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات کارمان دەکرد، گەرچی لایەنە سیاسییەکەی هەردوولامان (شەڕی برایان)یان نایەوە، بەڵام کاك مستەفا و بەندە هەر دۆست و هەر برا بووین، کاتێ لە یەکێ لە هۆڵەکانی ئوتێل هیلتۆن یەکترماندیت کە ئەوکاتە برایان عادل موراد و کامەران قەراغیش حزووریان هەبوو، من و کاك مستەفا قسەمان لەسەر ڕێکخستنەوەی ماڵی ڕۆژنامەنووسان کرد و ڕێککەوتین کە پاشی گەڕانەوەمان جارێکی دیکە تێهەڵبچینەوە و ئیش بۆ ئەم یەکگرتنەوەیە بکەین، مەبەستم لە گێڕانەوەی ئەو بابەتە ئەوەیە کە ئێمە هەردووکمان بە جیاوازیی ڕا و بۆچوونەکانمان، بەڵام هەموو کاتێك لەگەڵ خێر و قسەی چاك و کرداری چاك بووین، پاش ماوەیەك و پاش هەندێ هاتووچۆی نێوان سلێمانی و هەولێر کە لە سەرەتادا لە ٢٠٠٣/٥/٣١ لە سلێمانی کۆبوونەوەکە ئەنجامدرا و پاشانیش لە ٢٠٠٣/٦/١٥ لە هەولێر کە تێیدا هەردوو ئەنجوومەن بەیاننامەیەکی هاوبەشیان ڕاگەیاند بە مەبەستی یەکخستنەوەی هەردوو نێوەندی

ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان، ئەم بابەتە پێشووتر بە درێژی باسی لێوە کراوە کە لە کۆتاییدا کۆنگرەی یەکگرتنەوەی گشتی لەنێوان ڕۆژانی ١٣-٢٠٠٣/١٢/١٥ لە هەولێر بە ئامادەبوونی نوێنەرانی سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کۆتایی هات و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان وەکو سەندیکایەکی سەرتاسەری هاتە مەیدانی داکۆی لە مافی ڕۆژنامەنووسان و چەسپاندنی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان.

شەوی ١٣ لەسەر ٢٠٠٣/٢/١٤ کە ڕێککەوتی چوارەمین شەوی جەژنی قوربان بوو، سکرتێری د. شفیق قزاز ئاگاداری کردم کەوا داوەتنامەیەك بە ناوی منەوە هاتووە بە مەبەستی ئامادەبوون لە سیمینارێکی تایبەت دەربارەی ڕۆڵ و سیاسەتی ڕاگەیاندن لە عیراقێکی ئازاد دا، کە لە ڕۆژانی ١٨-٢٠٠٣/٢/١٩ بە ئامادەبوونی ١٥ ڕۆژنامەنووسی عیراقی لە واشنتۆن دەبەسترێ و داوەتنامەکەش لە لایەن ڕاوێژکاری وەزیری دەوڵەت بۆ پەیوەندییەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیك نێردراوە، لە نێوانی پێراگەیاندن و ڕۆژی سیمینارەکە (٤) ڕۆژ بوو کە نەدەکرا لە کوردستانێکی ئابلۆقەدراو کە تەنها لە ڕێگای زەمینییەوە بە وڵاتی تورکیا هاتووچۆ هەبوو ئەو سەفەرە ئەنجام بدرێت، گەرچی داوەتنامەکە لە ٢٠٠٣/٢/٨ نێردرابوو بۆ وەزارەتی (هاوکاری و یارمەتیی مرۆڤایەتی) کە د. شەفیق قەزاز وەزیری بوو، ئەگەر لە کات و ساتی خۆی نامەکەم بەدەست بگەیشتایە ماوەی (١٠) ڕۆژێکم دەبوو کە تێیدا سەفەری ئەمەریکا بکەم وەکو ڕۆژنامەنووسێکی کورد لەنێوان (١٥) ڕۆژنامەنووسی عیراقیدا، کە بێگومان کاریگەری لەسەر ئەو ئاستە ڕاگەیاندنە دەبوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەپاش ڕووخانی ڕژێمی سەدام دەیانگرتەبەر سەرەڕای گرنگی دانی ئەو ناوەندانە بە ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسی کورد لە عیراقدا.

پاش پەیوەندیکردن بە هەندێ ناوەند بە مەبەستی کارئاسانی، بەڵام وەکو پێم ڕاگەیەندرا دەبووایە سەفەری یان سووریا یان تورکیا بکەم و لەوێوە بۆ ئەمەریکا، بەهەرحاڵ سەفەرەکە نەبوو و ئەو دەرفەتە لەکیس چوو، ئەوەی پێم

کرا نەمەیەکم بۆ بەڕێز (تۆماس اس واریك) لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین کە بەرپرسی (پڕۆژەی دواڕۆژی عیراق)یان دادەڕشت نارد و هۆکاری نەچوونەکەم بۆ ڕوونکردنەوە، لە هەمان کاتیشدا نامەیەکم بۆ بەڕێز جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی نارد دەربارەی داوەتنامەکە و کەمتەرخەمیی هەندێ لە لێپرسراو و ناوەندەکانی پارتی و حکومەت کە کەمتەرخەمن لە ڕاپەڕاندنی ئەو جۆرە کارانە (بە پێویستی دەزانم داوەتنامەکە و وەڵامەکەی من و نامەکەی بەندە بۆ بەڕێز مەسعود بارزانی لێرەدا بڵاوبکەمەوە)..

United States Department of State
Bureau of Near Eastern Affairs
Future of Iraq Project
Washington, D.C. 20520
DATE \@ "MMMM d, yyyy"
February 8, 2003
Mr. Farhad Awni

Dear Mr. Awni :
The United States Department of State invites you to participate in a project on the Future of Iraq. We invite you to join with approximately fifteen other Iraqis to discuss the role and the policies of the media in a free Iraq. The meeting will take place in Washington D.C., on Tuesday and Wednesday, February 18, and 19, 2003.
Among the topics that some participants have expressed interest in is the role of the public and private sectors in the media, including organization, ownership and regulation; the freedom and responsibilities of media professionals; and media education.
If you need a visa to travel to the U.S., please check, as soon as possible, with the U.S. Embassy in your country of residence and allow sufficient time for processing. This office is not able to assist you with visas. However, we suggest that you present this letter when applying at a U.S. Embassy or Consulate and have it with you when you enter the United States. Entry procedures into the United States have changed under recent U.S. legislation. We ask your forbearance and cooperation with these new procedures.
Please let us know if you will be able to attend, and confirm your participation when you are contacted by ICF Consulting, which will arrange for your air travel and accommodation in accordance with applicable travel regulations. If you need any other information, please contact the Project Officer, Sahar Khoury-Kincannon at (202) 312-9845, email KincannonSX@state.gov, or me at 202-647-8125, email WarrickTS@state.gov.
We look forward to seeing you in Washington.

Sincerely,

Thomas S. Warrick
Special Advisor
to the Assistant Secretary of State
for Near Eastern Affairs

الولايات المتحدة- الدولة
مكتب علاقات الشرق الأدنى
مشروع مستقبل العراق
واشنطن D.C 20520
شباط/فبراير ٨-٣-٢٠٠٣
السيد: فرهاد عوني

عزيزي السيد عوني:

قسم الدولة في الولايات المتحدة الأمريكية تدعوك أن تشارك في مشروع حول مستقبل العراق نحن ندعوكم لتلتحق بما يقارب (١٥) عراقياً أخرى لمناقشة دور وسياسات الأعلام في العراق الحر إن الإجتماع سينعقد في واشنطن DCو يوم الثلاثاء والأربعاء في شباط (١٨-١٩/٢/٢٠٠٣) على التوالي، ومن ضمن المواضيع التي أظهر بعض المشاركين الأهتمام بها هو دور كل من الأعلام الخاص والعام وتتضمن كذلك التنسيق، الملكية والتنظيم، والحرية ومسؤوليات المحترفين في الوسط الأعلامي والتثقيف الأعلامي إذا كنت تود السفر إلى (USA) عليك مراجعة سفارتنا في بلدكم بالسرعة الممكنة لأتاحة الوقت الكافي للتحضير وأن مكتبنا هذا هو غير قادر لمساعدتكم للحصول على الفيزا وعلى كل حال عليك إظهار هذه الرسالة في سفارة الولايات المتحدة أو القنصلية، وأن تكون هذه الرسالة معكم عندما تدخلون الولايات المتحدة.

إن عملية الوصول إلى (USA) قد تغيرت في ظل التشريعات الأخيرة في الولايات المتحدة ونحن نطلب منك الصبر والتعاون مع هذه الأجراءات الجديدة الرجاء إعلامنا إذا كنت قادراً على الحضور وأن تؤكد مشاركتك عندما تصل بـ I.C.F في القنصلية والتي ترتب لك السفر بالجو وأسكانك طبقاً لترتيبات الرحلة.

وإذا كنت تريد معلومات إضافية الرجاء الأتصال بمدير المشروع (سهر خوري- كينكانون رقم التلفون ٢٠٢٣١٢٩٨٤٥. والبريد الألكتروني kincannonsx@state.gov.

أو الأتصال رقم التلفون ٢٠٢٦٤٧٨١٢٥. والبريد الألكتروني warrickts@state.gov

نحن نتطلع قدماً لرؤيتك في واشنطن

مع أخلاص

توماس أس واريك

المستشار الخاص

لمساعد وزير الدولة لعلاقات الشرق الأدنى

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

ئەنجوومەنی سەندیکا

رۆژ:

ژمارە:

کوردستان- العراق

نقابة صحفيي كوردستان

اربيل ٢٠٠٣/٢/١٧ .

السيد توماس اس واريك

عزيزي السيد واريك

كم كانت فرحتي كبيرة عندما تلقيت دعوتكم للمشاركة في مشروع مستقبل العراق ومناقشة دور وسياسات الأعلام في العراق الحر الذي سينعقد في واشنطن **DC**، يوم الثلاثاء والأربعاء (١٨-٢٠٠٢/٢/١٩) ولكن كان أسفي كان أكبر بسبب عدم تمكني في المجيء إلى الولايات المتحدة الأمريكية بسبب تأخر وصول دعوتكم، (تأريخ وصول الدعوة هو ليلة ٢٠٠٣/٢/١٢\١٣) وكان عليّ أولاً السفر إلى دمشق عاصمة الجمهورية العربية السورية والتي تحتاج إلى الموافقات الأصولية ومن ثم مراجعة قنصليتكم في دمشق نظراً لعدم وجود قنصلية للولايات المتحدة الأمريكية في إقليم كوردستان- العراق، وعدم وجود خطوط الطيران في بلدنا في الوقت الحاضر.

**عزيزي السيد واريك**

منذ مايقارب (١٢) عاماً بدأت تجربة جديدة للصحافة والأعلام في كوردستان بعد تحررنا من حكم صدام حسين حيث تمارس القنوات الأعلامية الثلاثة (صحافة، تلفزيون، إذاعة) العام والخاص ولكافة القوميات والأتجاهات السياسية في كوردستان دورها بحرية مطلقة وفي أجواء عدم وجود الرقابة على الأعلام وهناك العشرات في الصحف واالمجلات ومحطات الإذاعة والتلفزيون بالأضافة إلى وجود قناتين فضائيتين في كوردستان وأنشأت منذ ثلاث سنوات معهدين للأعلام في السليمانية وأربيل وتشكلت منذ (١٩٩٨/٤/٢٢) نقابة لصحفيي كوردستان كأطار يجمع الصحفيين وتحت شعار مركزي وهو (من أجل ترسيخ حرية الصحافة وضمان حقوق الصحفيين في كوردستان) وأعترف بها مؤخراً الأتحاد العالمي للصحفيين الذي مقره في بروكسل.

لنا الأمل والرغبة من المشاركة في مثل هذه المؤتمرات والاجتماعات والتي تعقد من أجل مناقشة دور وسياسات الأعلام في عراق المستقبل كوننا نمثل صحفيي ثاني أكبر قومية في العراق ولنا التجربة الحية تصلح كأساس لتجربة الصحافة والأعلام الحر في عراق المسقبل.

**تقبلوا منا فائق الشكر والتقدير**

**فرهاد عونى**

**صحفى- نقيب صحفيى**

**كوردستان- العراق**

Tel: تەلەفۆن:

Address: ناوونیشان:

**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**

**ئەنجوومەنی سەندیکا**

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

Kurdistan Journalists' Union

رۆژ:

ژمارە:

**بەڕێز/ جەنابی سەرۆک بارزانی**

**سلاوو رێز**

**هیوای سەکەوتن و لەش ساغیتان بۆ دەخوازم**

**جەنابی سەرۆك**

شەوی (١٣\١٤/٢/٢٠٠٣) کە رێکەوتی چوارەمین شەوی جەژن بوو سکرتێری د.شەفیق قەزاز ئاگاداری کردم کەوا داوەت نامەیەکم لە ئەمریکاوە بەناو بۆ هاتوە بۆ ئامادەبوون لە سمینارێکی تایبەت دەربارەی رۆلْ و سیاسەتی راگەیاندن لە عێراقێکی ئازاد کە لە رۆژانی (١٨-١٩/٢/٢٠٠٣) بە ئامادەبوونی (١٥) رۆژنامەنووسی عێراقی لە واشنتۆن دەبەسترێ و داوەتنامەکەش لە لایەن راوێژکاری وەزیری دەولْەت بۆ پەیوەندیەکانی رۆژهەلاتی نزیک ناردراوە.

**جەنابی سەرۆك**

ئەوەی جێگای داخە نەمانتوانی ئامادەی سمینارەکە ببین کە تێیدا رۆژنامەنوسێکی کورد بانگهێشتی بۆ کراوە لەمیانی (١٥) رۆژنامەنووسی عێراقی کە لێرە کەمترخەمیەکەش بۆ:

- کاک سیامەند بەنا دەگەڕێتەوە کە لە (٨/٢) داوەتنامەکەی پێگەیشتووە بەلاّم ئەو (١٣\١٤/٢) بۆ د.شەفیق قەزازی ناردووە.
- د.شەفیق قەزازیش نەیتوانی هیچم بۆ بکات ئەوجا نازانم لە بێ خەمی بوو یان هۆکاری دیکە هەبوون.

**لەگەلْ ئەوپەڕی رێزم**

**دلْسۆزتان**

**فەرهاد عەونی**

١٧/٢/٢٠٠٣

هاوپێچ:

داوەتنامەکەی ئەمریکا بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی

Tel: تەلەفۆن:

Address: ناونیشان:

که له گۆڤاری رۆژنامەڤانی ژمارە ١٠ کاتی خۆی بلاّومکردۆتەوە پاش گەڕانەوەمان لە لەندەن وەکو گوتم زیاتر سەرقاڵی کاری سەندیکایی بووین و لە هەمان کاتیشدا شەڕی راگەیاندن و شەڕی ساردی نێوان حکومەتی بەغدا و ولاّتانی رۆژئاوای و لەپێشەوەشیان ئەمەریکا و بەریتانیا رۆژانە گەرمتر دەبوو

لەسەر مەسەلەی چەکی کیمیایی کە تێیدا عیراق تاوانبار بوو بە شاردنەوە و حەشاردانی چەکی کیمیایی و ڕۆژانەش دەنگوباسی جۆراوجۆر بڵاودەکرانەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە ئاکامی گۆڕینەوەی بیروڕا گەیشتنە ئاکامێك کەوا پێویست دەکات لەسەر ئاستێکی بەرز کۆبوونەوەیەکی هاوبەش ئەنجام بدرێت لەنێوانیاندا بە مەبەستی یەکخستنی هەڵوێست بەرامبەر ئەو ڕووداوانەی کە پێشهاتنی بۆ دەکرێ، لە سەرەتادا بە کۆبوونەوەیەکی دوو قۆڵیی نێوان خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر نامق کە ئەوکاتە سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لەگەڵ نەوشیروان مستەفا ئەمین جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئوتێلە سیاحییەکەی دامێن شاخی هەیبەت سوڵتان ئەنجامدرا لەسەر ئاستی بەرز، پاشانیش چەند لیژنەیەکی فەرعی بۆ شارەکانی بەغدا و کەرکووك و موسڵ دامەزرا، لە کۆبوونەوەیەکی گشتی کە لە دوکان-ئوتێل ئاشوور ئەنجامدرا بەندە لەگەڵ کاك جەوهەر نامق و عارف تەیفور و حسن ساڵح ئاغا و یاوەر نامق ئامادەبووین کە لەگەڵ لایەنی یەکێتی بە سەرۆکایەتیی کاك نەوشیروان مستەفا، ئەوەی گرنگە بەنسبەت لیژنەی تایبەت بە بەغدا لەلایەن پارتییەوە (عارف تەیفور و بەندە و یاوەر نامق و حەسەنی ساڵح ئاغا) دەستنیشان کران، لەلایەن یەکێتیشەوە برایان (عادل موراد و د. خەسرەو گوڵ محەمەد) دەستنیشان کرابوون، بەداخەوە دەفتەری بیرەوەرییەکانی ساڵی (٢٠٠٣)م لێ ون بووە و تاکو ئێستا نەمدۆزیوەتەوە بۆیە ناوەکانم لە بیرەوەریی خۆم و کاك یاوەر نامق دۆزیوەتەوە بۆیە داوای لێبوردن لەو برادەرانە دەکەم کە ناویان نەهاتووە، ئێمە دوو جار لیژنەی بەغدا لە هاوینەهەواری سەلاحەدین و هاوینەهەواری دوکان کۆبوینەوە، کۆبوونەوەی سێیەمیشمان لە ماڵی برای بەڕێز کاك عادل موراد بوو لە سلێمانی، کە تێیدا سەرەڕای د. خەسرەو گوڵ محەمەد ئێمەش برایان (عارف تەیفور، عادل موراد، فەرهاد عەونی، د. خەسرەو گوڵ محمد، یاوەر نامق) وەکو شاندی یەکگرتووی کوردستانی لەگەڵ لایەنی شیعە کە پێکهاتبوو لە (د. عادل عبدالمهدی، نوری

الصاڤ، أبو لقاء، محمد الحيدری، عبدالكريم النقيب) كه له رۆژی ۲۰۰۳/۳/۲۷ له هاوینەهەواری دوكان كۆبووینەوه، باس و بابەتەكان خۆ ئامادەكردن بوو بۆ رووبەڕووبوونەوەی پێشهاتەكانی كەوتنی رژێمی سەدام كه تێیدا تەوەری كۆبوونەوەكه بریتی بوو له:

١- چۆنییەتیی بڵاوكردنەوەی ئەو بەیانه هاوبەشەی كه لیژنەی سەركردایەتی دەریدەكات له بەغدا و له دەزگاكانی راگەیاندنی هەرسێ لایەن (پارتی+یەكێتی+ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی).
٢- گۆڕینەوەی بیروڕا دەربارەی بارودۆخی گشتی و هەڵسەنگاندنی و چۆنییەتیی مامەڵەكردن لەگەڵ بارودۆخەكه لەسەر رۆشنایی بڕیارەكانی لیژنەی سەركردایەتی.
٣- تەواوكردنی ئامادەكارییەكانی مەیدانی و كاری هاوبەش هەر له ئێستاوه سەرەڕای چۆنێتیی مامەڵەكردن لەگەڵ (هێزەكانی هاوپەیمانان له بەغدا).

**پاش گفتوگۆیەكی تێروتەسەل ئامادەبووان گەیشتنه ئەو رێككەوتنەی خوارەوە:**

١- بارەگای (ژووری عەمەلییات) له سلێمانی دەبێت له كاتی ئێستادا، پاشان لەسەر رۆشنایی پێشهاتەكان له ئایندەدا جێگۆڕكێی پێدەكرێت.
٢- پێشنیار كرا هێزێكی شەڕكەر كه پێكهاتبێت له (٥٠٠)كەس بۆ هەر لایەنێك لەو لایەنانه و پێویسته تاكو رۆژی ۲۰۰۳/۳/۳۰ هەردوو لایەن وەڵامی پێشنیارەكان بدەنەوە.
٣- ئامادەكردنی پێناسه و بانگەوازی تایبەت به لیژنەی تەكلیفكراو لەگەڵ دۆسییەی بەغدا.

٤- چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان، لە کاتێکدا نوێنەرانی (المجلس الاعلى للثورة الإسلامية) راگەیندرا کە ئەوان زانیویانە کەوا (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) را و بۆچوونەکانیان دەربارەی مامەڵەکردن لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانا وەکو یەکن، بۆیە (المجلس الاعلى) داوا لەو دوو لایەنە (پارتی و یەکێتی) دەکات کە را و بۆچوونی خۆیان رابگەیەنن دەربارەی ئەم خاڵە لە کۆبوونەوەی رۆژی یەك شەممەی داهاتوودا.

دوا کۆبوونەوەی هاوبەش کە لەنێوان لیژنەی بەغدای پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە پێکهاتبوو لەو برایانەی کە لە پێشەوە ناویان هاتووە رۆژی ٢٠٠٣/٤/٩ ئەنجامدرا.

رۆژی رووخانی رژێمی سەدامی دیکتاتۆر کۆبوونەوەیەك ئەنجامدرا و لە هاوینەهەوار سەلاحەدین لەسەر ئەم خاڵانە رێککەوتین:

١- بەپەلە لەگەڵ هاوپەیمانان قسە بکرێت بۆ چۆنێتیی گەڕانەوەی هەردوو لا بۆ بەغدا.

٢- پێکهێنانی نووسینگەیەکی هاوبەش بەناوی (نووسینگەی پەیوەندییەکانی کوردستان-مکتب العلاقات الکوردستانیە) لە شاری بەغدا و ئەرکەکانی بریتییە لە:

أ- راگەیاندن و رێکخستنی هەڵوێستی سیاسی.

ب- پەیوەندییە سیاسییەکان

ت- کار و کێشەی کوردان.

مەحزەری کۆبوونەوەکەش لەلایەن کاك عادل موراد (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) و کاك عارف تەیفور (پارتی دیموکراتی کوردستان) ئیمزاکرا.

أيها الشعب العراقي ..

يامن ترزح تحت سطوة همجية وقساوة نظام صدام حسين الدكتاتوري المستبد الذي اغرق البلاد بالدماء ودمر الأقتصاد الوطني وجوع الشعب وبدد ثروات الوطن في حروب عبثية.

أننا نؤكد للجميع وبتصميم راسخ لا رجعة عنه باننا مع ضمان حقوقك الانسانية و تحرير ارادتك في الحرية وترسيخ اسس السيادة الوطنية العراقية على ارضية الاخوة العربية- الكردية- التركمانية- الآشورية - الكلدانية التاريخية والاخذ بيدك نحو تطالعاتك المشروعة لمواكبة العالم المتمدن وتطوراته المشهودة، وذلك بالقضاء التام والفوري على رأس النظام "صدام حسين"وحاشيته الملطخة أياديهم بدماء العراقيين وفي نفس الوقت نطمئن جميع أفراد القوات المسلحة والاجهزة الحزبية والامنية وباقي المسلحين من أبناء العشائر بعدم التعرض لهم والحفاظ على ارواحهم وعوائلهم وكرامتهم وممتلكاتهم في حالة عدم الدفاع عن النظام الزائل حتماً.

ونؤكد على اهدافنا في تحرير هذا الوطن من الظلم والاستهتار بمقدراته من قبل الطغمة الحاكمة، ومساعدته في استلام زمام الامور بيد ابنائه الوطنيين الاحرار وبناء عراق ديمقراطي حر ومسالم.

ايها العراقيون الاحرار نرجوكم الحفاظ على الامن الداخلي واحترام حقوق الانسان وعدم خرق القوانين او المساس بأرواح المواطنين وممتلكاتهم الشخصية والمحافظة على المؤسسات والشركات والدوائر الحكومية، التي هى ملك الشعب العراقي وليست مؤسسات تابعة لعائلة وازلام المجرم صدام حسين وعدم جعل المظلومين لانفسهم حكاماً لمحاسبة الاخرين ممن ارتكبوا الاخطاء في خضم سياسة النظام الهوجاء، لان الدولة العراقية الحديثة ستنشأ مؤسسات قضائية وتشريعية وتنفيذية كفوءة وعادلة ومنتخبة من الشعب.

ان النظام العراقي الديمقراطي البرلماني المستقبلي سوف يصون حقوق العراقيين كافة دون تمييز قومي أو طائفي ويحقق الرفاه والاطمئنان والحياة الكريمة للجميع كي يعيش العراقيون احراراً في بلادهم الموحد الديمقراطي المتسامح، يتمتعون بحرية الرأي والمعتقدات وستصدر قرارات عادلة بالعفو العام عن كل الذين ارتكبوا الاخطاء بحق الشعب والمجتمع.

ان يوم النصر وسيادة القانون لقريب.. واننا ندعوكم لمساندتنا لخلاصكم من الجلاد الدموي صدام حسين وحاشيته الظالمة.

يا ابناء القوات المسلحة العراقية

لقد كان الارهاب الداخلي والحروب الخارجية العبثية الوسيلة الوحيدة للمجرم صدام حسين للتشبث بالسلطة وتنصيب نفسه قائدا للجيش العراقي وهو الذي لم يخدم يوما واحدا في صفوف الجيش وعين اقاربه الجهلة المنبوذين قادة عليكم ومنحهم رتبا عالية للاستخفاف بكم وبالحياة العسكرية، واصدر مئات القرارات الدموية باعدام خيرة القادة العسكريين من المعارضين لحروبه الطائشة في ساحات القتال او السجون الرهيبة واستباح مقدسات الوطن.

لقد كانت اللغة الوحيدة التي يخاطبكم بها الطاغية صدام حسين هي لغة الارهاب والتصفية الجسدية وهدر الكرامات واستباحة الاعراض والاعتداء على شرف العديد من الضباط الشرفاء الذين لم يرضخوا لنزواته المجنونة.

هاقد دقت ساعة العمل، ساعة سحق الطاغية واخراجه من اوكاره، لاتطلقوا الرصاص على صدور اخوتكم المنتفضين على الطاغية ولاتطلقوا الرصاص على الذين جاءوا لنجدتكم.

وماعليكم الا الانتفاض عليه والانضمام الى صف الشعب لانقاذ البلاد من شروره وحروبه وطغيانه ونهجه الدكتاتوري الذي دمر العراق وارجعه الى القرون الوسطى وجوع الشعب واذله اشد اذلال.

ان مهمتكم الاساسية هي تحرير العراق وصيانة استقلاله والمساهمة في بناء حكم ديمقراطي برلماني والدفاع عنه وسيادته الوطنية ووحدة اراضيه، والوقوف مع ارادة الشعب العراقي بكافة قومياته وطوائفه المتآخية لاعادة العراق العزيز الى مكانه الطبيعي في المجتمع الدولي.

ايها الجنود الأشاوس والضباط الشرفاء . . .

لاتنصاعوا لأوامر الطاغية صدام حسين الذي أذلكم . . لاتطلقوا الرصاص على الذين جاءوا لتحريركم وانقاذكم من الجور والدكتاتورية.

لقد دفعكم الطاغية السفاح الى حروب مدمرة والى ابادة اخوتكم وابناءكم العراقيين بالاسلحة الكيمياوية المحرمة دوليا في مدينة حلبجة ودفعكم لذبح مئات الألوف من اخوتكم وابنائكم المنتفضين في جنوب العراق وشماله بعد هزيمته المنكرة في الكويت.

تطلعوا الى الغد المشرق السعيد . . تطلعوا الى عراق ديمقراطي مسالم يتمتع بثرواته الوطنية الوفيرة، عراق بلا حروب واسلحة دمار شامل ودماء ودموع وثكالى وايتام ومعوقين ومشردين واسرى . . رصوا صفوفكم لهدم عرش الطاغية صدام حسين.

**مەحزەری کۆبوونەوەی لیژنەی هاوبەشی بەغدای**
**یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان**

ڕۆژی ٢٠٠٣/٤/٩ لە صلاح الدین کۆبوونەوەی هاوبەشی لیژنەی بەغدای پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان گرێ دراو، لەسەر ئەم خاڵانە ڕێککەوتن:

یەکەم: لەگەڵ هاوپەیمانان قسە بکرێت بە پەلە بۆ چۆنیەتی گەڕانەوەی هەردوولا بۆ بەغدا.

دووەم: پێکهێنانی نووسینگەیەکی هاوبەش بە ناوی (نووسینگەی پەیوەندییەکانی کوردستانی) (مكتب العلاقات الكوردستانيه) لە شاری بەغدا و ئەرکەکانی بریتییە لە:

١ـ ڕاگەیاندن و ڕێکخستنی هەڵوێستی سیاسی.
٢ـ پەیوەندییەکانی سیاسی.
٣ـ کاروبار و کێشەی کوردان.

**یەکێتی نیشتمانی کوردستان**
**عادل مراد**

**پارتی دیموکراتی کوردستان**
**عارف طیفور**

٢٠٠٣/٤/٩

اجتمعت اللجنة الثلاثية المكلفة بالتعامل مع ملف بغداد في دوكان بتأريخ ٢٠٠٣/٣/٢٧ (الحزب الديمقراطي الكوردستاني، الاتحاد الوطني الكوردستاني، والمجلس الاعلى للثورة الاسلامية في العراق).

**وكان جدول الاعمال قد تضمن النقاط التالية:**

١ـ البيان المشترك للجنة القيادية وكيفية توزيعها في بغداد وكذلك نشرها في وسائل الاعلام التابعة للاطراف الثلاثة.

٢ـ تبادل وجهات النظر حول الوضع العام وتقييمه وكيفية التعامل معه على ضوء قرارات اللجنة القيادية.

٣ـ استكمال الاستعدادات الميدانية والعمل المشترك منذ الآن وكيفية التعامل مع قوات التحالف الاجنبية في بغداد.

**وقد توصل المجتمعون بعد مناقشات مستفيضة الى الاتفاق على ما يلي:**

١ـ ان يكون المقر في السليمانية في الوقت الحاضر (غرفة العمليات) وتحريكه مستقبلاً على ضوء المستجدات.

٢ـ الاقتراح بتحضير قوة مشتركة بحدود ٥٠٠ مقاتل لكل طرف على ان يكون يوم الاحد المصادف ٢٠٠٣/٣/٣٠ هو الموعد النهائي للاجابة على المقترح المذكور.

٣ـ تنظيم الهويات والنداءآت الخاصة باللجنة المكلفة بالتعامل مع ملف بغداد.

٤ـ طريقة التعامل مع قوات التحالف حيث اعلم ممثلي المجلس الاعلى للثورة الاسلامية في العراق بتوافق رأي الپارتي والاتحاد حول التعاون معهم وطلب منهم (المجلس الاعلى) ببيان رأيهم حول الموضوع في اجتماع يوم الاحد.

١

**حضر الاجتماع من جانب الپارتي:**

١ـ عارف طيفور.

٢ـ فرهاد عوني.

٣ـ ياور نامق.

**ومن جانب الاتحاد الوطني:**

١ـ عادل مراد.

٢ـ ولم يحضر د.خسرو گول محمد لانشغاله بأمور اخرى.

**واما ممثلي المجلس الاعلى فكانوا:**

١ـ نوري الصافي (ابو لقاء) معاون قائد فيلق بدر، عسكري سابق.

٢ـ محمد الحيدري.

٣ـ عادل عبدالمهدي.

٤ـ عبدالكريم النقيب.

وكانت اراءنا متطابقة مع الاخوة في الاتحاد الوطني الكوردستاني في النقاط المارة ذكرها اعلاه.

ياور نامق　　　فرهاد عوني　　　عارف طيفور

٢

دەربارەی خاڵی دووەمی کۆبوونەوەکە کە هەردوو لا لەسەری ڕێککەوتین کە بریتیبوو لە (پێکهێنانی نووسینگەیەکی هاوبەش لە بەغدا) پێشنیاری بەندە بوو کە زۆر بە گەرمی باسم لە زەروورەتی جدیی ئەم (نووسینگە هاوبەشە) کردووە، چونکە لە روانگەی بەرژەوەندیی باڵای گەلی کوردستان و کۆکردنەوەی کوردی بەغدا کە ژمارەیان ئەوکاتە (ملیۆنێك) تێپەڕی کردبوو، باشتر وابوو کە ئەو دوو لایەنە (پارتی و یەکێتی) بارەگای لاوەکی (فرعی) سەربەخۆیان هەبێت، بەڵام بارەگا سەرەکییەکەی بەغدا بریتی بێت لە بارەگایەکی سەرەکی کە تەنها ئیشوکاری ئەوە بێت کە (کورد کۆبکاتەوە و داکۆکییان لێ بکات)، بۆئەوەی نیشانی دۆست و نەیارانی کورد بدەین کە ئێمە سەرەڕای ئەوەی کە دوو لایەنی سیاسیی سەرەکیی نەتەوەخوازی کوردستانین، بەڵام بۆ داکۆکی کردن لە کورد و کوردستان و بەرژەوەندیی باڵایان ئێمە خاوەن یەك هەڵوێستین، کە بەداخەوە نە ئەم بابەتە گرنگە و نە بابەتەکانی دیکە ئاوڕیشی لێ نەدرایەوە، هەرلایەنە و ئەرکە حزبییەکانی کردە خاڵی پلە یەکی ئیشوکارەکانیان و نەیانزانی کە ئەم بۆچوون و هەڵوێستە سەقەتە نانەتەوەییە چ زەرەرێکی لە قەبارە و دەنگی کورد دا لە بەغدا و زۆربەی ئەو کوردانەی کە لە چلەکان و پەنجاکان و شەست و حەفتاکانی سەدەی رابردوو کۆڵکەی کوردایەتی بوون و زۆربەیان کەوتنە بەرەیەکی دیکە کە هیچ بەرژەوەندییەکی نەتەوەیی تێدا بەدی ناکرێ، کە ئەمەشیان دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار:

**یەکەم**: نەبوونی یەکڕیزی لە بەرەی کوردایەتی کە تێیدا وا دەهاتە بەرچاو و لێك دەدرایەوە کە تەنها مەسەلەکە لە بەرژەوەندیی حزبییە نەك کوردایەتی لەلایەن ئەو دوو حزبەوە.

**دووەم**: زۆربەی ئەو خەڵکەی کە دەیبینی وایدەزانی کە پاشی ئەو هەموو کارەساتانە ئێمە ئاقڵ بووین و تەنها بەرژەوەندیی کورد و کوردستانیان لەبیرە، بەڵام تاکو ئەو کاتەش نەیان دەزانی کە ئێمەی سەرکردایەتی و جەماوەری

هەردوو لا بە هەمان ڕێچکەی ناوەندی شەستەکانی سەدەی رابردوو مامەڵە لەگەڵ یەك دەکەین سەرەڕای ڕێککەوتن و ئیمزا کردنی دەیان ڕێککەوتنی هاوبەش، بەڵام کاتێ خەڵکی دوو بارەگا و دوو بۆچوون و دوو لێکدانەوە و دوو مامەڵەی جیاوازیان دیت وەکو برادەرێکی کۆنەپارتیی کوردی بەغدا ساڵانی حەفتاکان بۆی گێرامەوە گوتی (هاتمە سەر ئەو رایە کە مادام بەرژەوەندیی کوردایەتی خاڵی بنەڕەتیی بۆچوون و هەڵوێستی ئەو دوو لایەنە نییە، خۆم بە خۆمم گوت تۆش ئاقڵ بە و بیر لە بەرژەوەندیی خۆت بکەرەوە مادام لە بەغدا ژیاوی، چونکە لایەنەکانی کورد تەنها بیر لە بەرژەوەندیی تەسکی خۆیان دەکەنەوە بۆیە ئێمەش خوداحافیزیمان لێکردن). هەر بەمە وازمان نەهێنا بەڵکو لە هەندێ بواردا نەك لێك نزیك نەبووین بەڵکو زۆریش لەیەك دوور بووین.

ڕۆژی ٢٠٠٣/٤/٩ ڕۆژێکی مێژوویی بەنسبەت تێکڕای گەلانی عیراق، لێرەدا نامەوێ بە چەند دێڕێك باس لەو ڕژێمە فاشستە بکەم کە بە سەدان کتێب و نامیلکەی لەسەر نووسراوە، ڕۆژانی پێشووتریش هەموو لایەك بەدیار TVیەکانی عەرەبی و CNN و رادیۆکاندا بەدوای دەنگوباس و ڕووداوەکانەوە بووین و دەمانزانی دوارۆژی ڕژێمی سەدام نزیك بۆتەوە، خەڵکی لە کوردستان تووشی جۆرە ترسێك ببوون نەوەك ڕژێم لە ڕۆژانی پەلەقاژێیدا دیسان تاوانێکی دیکە ئەنجام بدات، ئەوەبوو خەڵك ڕووی لە دەرەوەی هەولێر و شارەکان کردبوو لەترسی کیمیابارانێکی دیکەی وەکو هەڵەبجە و شوێنەکانی دیکەی کوردستان.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٢٠٠٣/٤/٩ بەرەو هاوینەهەواری سەلاحەدین هەڵکشام بە مەبەستی ئامادەبوونی کۆبوونەوەی هاوبەشی پارتی و یەکێتی (لیژنەی هاوبەشی بەغدا) پاش تەواوبوونی کۆبوونەوەکە بەرەو ژوورەکەی خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر نامق سکرتێری مەکتەبس سیاسیی پارتی چووین، لە ژوورەکەی ئەو و لە ڕێگای تەلەفزیۆنە (شاشە ٤٨)ـەکەی ڕووداوەکانی ناو بەغدامان دەبینی، نازانم بڵێم چی، ئەوە خەون بوو یا واقیع،

ئەمە کۆتایی ئەو رژێمەیە کە خەڵکی (دەهاڕی) بیٚ ئەوەی بەقەدەر تۆزقاڵێك بەزەیی لە مێشکی ئەواندا هەبێت، رووداوەکان زۆر خێرا بوون، عەسرەکەی بە کەوتنی پەیکەری دیکتاتۆر لە گۆڕەپانی الفردوس کە پێشووتر گۆڕەپانی (سەربازی بیٚ ناو–الجندی المجهول) بوو کە لاپەڕەیەکی تازە هەڵدرایەوە.

لە راستیدا من زۆر بە عەجەلە بووم بۆ چوونە بەغدا، چەند جارێك لە رێی کاك جەوهەر نامقەوە داوام کرد چەند زووترە لیژنەکەی ئێمە بەرەو بەغدا بچین، چونکە دەمزانی هەردوو لایەنەکەی دیکە بیٚ ئەوەی ئێمە خەبەردار بکەن حزووری خۆیان لە بەغدا قایم کردبوو و ئەمەش مافی خۆیانە، بەڵام دەبووایە بەپێی رێککەوتنەکانی پێشوو هەنگاوەکانمان هەماهەنگیی تێدابووایە، بەڵام بەداخەوە سەرەتای کارەکان بە مردوویی لەدایکبوو، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە دەبووایە ئێمەش دەستپێشخەریمان هەبووایە بۆئەوەی حزووری خۆمان جێگیر بکەین، ئێمە کە لەسەرەتادا حزوورمان نەبێت گلەیی چی لە لایەنەکان بکەین.

پاش تێپەڕبوونی حەفتەیەك خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر نامق ئێمەی ئاگادار کردەوە کەوا کاك نێچیرڤان بارزانی سەرپەرشتیی کۆبوونەوەیك دەکات بۆ ئەو لیژنەیەی کە نیاز وایە بچنە بەغدا و پێشووتر هەندێکیان دەستنیشان کرابوون، لە کات و ساتی دیاریکراودا، لەگەڵ کاك جەوهەر نامق بەرەو سەری رەش بەڕێکەوتین بەرەو مەکتەبی کاك نێچیرڤان بارزانی، ئێمە سەرەڕای کاك جەوهەر نامق بریتی بووین لە برایان (عارف تەیفور، فەرهاد عەونی، حسن ساڵح ئاغا، یاوەر نامق سالم)، لە سەرەتادا کاك نێچیرڤان بارزانی باسی گرنگیی بەغدای کرد چ وەکو پایتەخت چ وەکو بوونی ئەمەریکییەکان و هاوپەیمانان کە دەبیٚ پارتیش حزووری فعلیی هەبێت، بۆیە داوای لێکردین کەوا را و بۆچوونی خۆمان رابگەیەنین دەربارەی چوون و ئیشوکارەکان، گفتوگۆیەکان بەم ئاقارەدا رۆیشتن:

**کاك نێچیرڤان بارزانی**: رووی لە کاك عارف تەیفور کرد و گوتی، کەی و چۆن دەچنە بەغدا؟

**عارف تەیفور**: کاك نێچیرڤان چوونم بەبێ حیمایە زۆر زەحمەتە تاکو حیمایە تەئمین نەکرێت ناتوانم بچم.

**نێچیرڤان بارزانی**: ئەوجارە رووی لە حەسەنی سالّح ئاغا کرد و هەمان پرسیاری لێکرد.

(بۆ زانین کاك حەسەنی سالّح ئاغا ئەفسەرێکی کۆنی سوپای عیراقە و پاشان بۆتە پێشمەرگە).

**حسن سالّح ئاغا**: بەخوا کاك نێچیرڤان منیش ناتوانم بەبێ حیمایە بچمە بەغدا.

ئەوجا کاك نێچیرڤان رووی لە من کرد و گوتی (ئەدی تۆ فەرهاد؟)، منیش لە وەڵامدا بە دەق گوتم (کاك نێچیرڤان زۆر درەنگە لایەنەکان لەگەڵ کەوتنی رژێم بارەگایان لە بەغدا کردۆتەوە و ئەوەی ماوە هەر ئێمەین، بەنسبەت خۆم حەز دەکەم بمخەنە ناو لوولەی مەدفەعێك و بەرەو بەغدا هەڵمدەن، بەڕاستی درەنگە، تکایە هەر ئێستا بە جەنابی کاك مەسعود بارزانی رابگەیەنە کە کات بە نسبەت پارتی درەنگە بۆ بەغدا، تکایە مشووری ئەم مەسەلەیە بخۆن).

دوا کەس کە کاك نێچیرڤان پرسیاری لێکرد کاك یاوەر نامق سالم بوو کە ئەویش رازی بوونی خۆی دەربڕی کە پەلە بکرێت لە چوون بۆ بەغدا.

پاش ئەوەی کاك نێچیرڤان بارزانی گوێی لە بۆچوونەکان بوو، هەڵسا و چوورە دەرەوەی ئەو ژوورەی کە ئێمەی لێ دانیشتبووین، پاش نزیکەی (١٠) خولەك گەڕایەوە گوتی (جەنابی کاك مەسعود سەرقاڵە، لەوانەیە لە کاتێکی زێدە نزیك بتانبینێ، بەڵام ئێوە خۆتان ئامادە بکەن، هەموو ئاسانکارییەکتان بۆ دەکەین).

پاش نیوەڕۆی رۆژی ٢٠٠٣/٤/١٨ جارێکی دیکە بانگهێشت کراین بە مەبەستی دیداری سەرۆك لە هاوینەهەواری سەلاحەدین لە کات و شوێنی دیاریکراودا لەگەڵ بەڕێز کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی و بە ئامادەبوونی کاك جەوهەر نامق سالم دیدارەکە بەڕێوەچوو.

لە سەرەتادا جەنابی سەرۆك بە وردی باسی ئەو گۆڕانکارییانەی کرد کە پاش رووخانی رژێمی سەدام هاتۆتە ئاراوە سەرەڕای رۆڵی مێژوویی رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە ساڵانی ١٩٤٦ لە بەغدا کە چۆن رۆڵی پیشەرەوایەتییان دیوە و بۆتە قوتابخانەی کوردایەتی و دیسان باسی لە گرنگیی سیاسی وەکو پایتەختی جێگای بڕیاری وەسف کرد و پێی راگەیاندین کە دەبێت زۆر بەجدی لە ماوەیەکی دیاریکراودا دیراسەتی بارودۆخی بەغدا بکەین و لەسەر رۆشنایی راپۆرتی ئێمە هەنگاوی پێویست دابڕێژرێ بۆ لقی (پێنج)ی بەغدا، جارێکی دیکە کاك عارف تەیفور باسی لە حیمایە کرد کە لەو بارودۆخە شاری بەغدا فەوزای تێکەوتووە و پێویستیی بە بارەگا و حیمایە هەیە، جەنابی کاك مەسعودیش پرسیاری لە کاك عارف کرد کەوا لەو شوێنەی کە لێیەتی (مەکتەبی رێکخراوەکان) چەند پێشمەرگە هەیە و ناوی یەکە یەکەی دا بە کاك مەسعود، ئەویش (یانی کاك مەسعود) گوتی (جارێ ئەو (٥) برادەرە بەسە، ئێمە خەڵکی دیکەشمان هەیە، ئەوانیش یارمەتیتان دەدەن و هەندێ ئیشیش کراوە، دەبێ سبە و دوو سبەی سەفەر بکەن، هەر ئەمڕۆ بڕیارەکەتان دەردەچێت و پێداویستیشتان بۆ دابین دەکەین و ناوی خوای لێ بهێنن).

رۆژی ٢٠٠٣/٤/١٩ پاش کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی بە سەرپەرشتیی سەرۆك مەسعود بارزانی کە تێیدا مەبەستی یەکلا کردنەوە و درووستکردنی (هەیئەتێك) بۆ دیراسەتکردنی وەزی بەغدا بڕیاری لەسەر درووستبوون و ناوی ئەندامانی هەیئەتەکە رەزامەندیی لەسەر درا، بڕیارەکەش بە ئیمزای سەرۆك

مەسعود بارزانی بە ژمارە (٤) لە ٢٠٠٣/٤/١٩ ڕاگەیاندرا کە لەو هەڤاڵانە پێکهاتبوو:

١- عارف تەیفور
٢- فەرهاد عەونی
٣- نەجم عەبد موراد
٤- جلیل کاکی

شەوی ١٩ لەسەر ٢٠٠٣/٤/٢٠ پاش دەرچوونی بڕیارەکە دەبووایە ڕۆژی ٢٠٠٣/٤/٢٠ سەفەری بەغدا بکەین، چونکە هەمان ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٣/٤/١٩ لەلایەن مەکتەبی سەرۆکەوە تەبلیغ کراین، بەڵام کاتژمێر (٩)ی شەوی ١٩ لەسەر ٢٠٠٣/٤/٢٠ خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر نامق سکرتێری مەکتەبی سیاسی تەلەفۆنی بۆکردم (تاکو ئەو ڕۆژە و ئەو ساتە کاك جەوهەر بەرپرسیارێتیی (مەلەڤ بەغدا)ی لابوو وەکو سەرپەرشتیاری ڕێکخستنەکانی لقی بەغدا (لقی ٥) لە تەلەفۆنەکەدا بەدەق پێی گوتم (کاکە فەرهاد من چی دیکە بەرپرسیارێتیی ڕێکخستنەکانی بەغدا و دەوروبەر ناکەم، ئەمڕۆ لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی ئەو (کاك مەسعود بارزانی) و من لەسەر چوونی ئێوە بۆ بەغدا و دەستبەکار بوونتان کە من پێداگریم دەکرد لە پەلەکردن بۆ سەفەر بەرەو بەغدا چونکە تاکو ئێستاکە هیچ لە بەغدا لەلایەن پارتییەوە نەکراوە، بەڵام سەرۆك مەسعود بارزانی بەرامبەر بۆچوونەکانی من گوتی (شت کراوە و خەڵکی ئێمەی لێیە و ئێوە بۆ هێندە (ئەنانین وادەزانن ئەگەر شتێك لە ڕێگای ئێوەوە نەکرابێ وادەزانن هیچ نەکراوە)، لەبەر ئەوە بەڕاستی لە کاك مەسعود تووڕە بووم و کۆبوونەوەم بەجێهێشت،

تۆش (مەبەستی بەندە بوو) کەیفی خۆتە، بەڵام من پەیوەندیم بەم مەسەلەیەوە نەما).

**لە وەڵامدا منیش بەم شێوەیە لە بەرامبەردا گوتم (کاك جەوهەر من لەگەڵ تووڕەبوونەکەت نیم لەوانەیە هەندێ شت کرابێت لە ڕێگای تایبەتەوە کە ئێمەی لێ بێئاگاین، ئەگەر شتێك کرابێت ئەوە کاری ئێمە ئاسان دەکات، هەر لە سەرەتاوە خۆت ئاگاداری لە هەمموان بەپەلەتر بووی کە چەند زووترە سەفەری بەغدا بکەین و هەڵوێستی من چ لای کاك نێچیرڤان بارزانی و چ لای سەرۆك بارزانی ئاشکرایە، لەبەرئەوە من بەیانی سەفەر دەکەم، ئەگەر پێشەکی بزانم لە ڕێگا دەکوژرێم، بەڵام دیسان هیوادارم تووڕەییەکەت سارد بێتەوە).**

الحزب الديمقراطي الكردستاني
الرئيس

پارتی دیموکراتی کوردستان
سەرۆك

ژمارە: ٦
ڕۆژی: ١٩/٤/٢٠٠٣

**بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان**

<u>بــڕیــار</u>

بڕیارمان دا بە پێکهێنانی هەیئەتێك لەم هەڤاڵانەی خــوارەوە بــە ســەرۆکایەتی کــاك عــارف تەیفور بۆ سەردانی بەغدا و دیراسەتکردنی وەزعی ئەوێ و لەسەر ئەنجامی دیراسەتەکەش بڕیــاری پێویست دەدرێ و بۆ ئەم مەبەستەش دەسەڵاتی تەواویان پێ دراوە :

١- هەڤاڵ عارف تەیفور
٢- هەڤاڵ فەرهاد عەونی
٣- هەڤاڵ نەجم عەبد موراد
٤- هەڤاڵ جەلیل کاکی

**مسعود بارزانی**

وێنەیەك بۆ/
- مەکتەبی سیاسی بەڕێز
- بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران
- مەکتەبی ناوەندی ڕێکخستن تێکۆشەر

**پارتی دیموکراتی کوردستان**
**مەکتەبی سەرۆک**

ژمارە/ ٨٥١
رۆژ/ ١٩/٤/٢٠٠٣

بۆ / هەڤالانی بەرێز کاك عارف تیفور و فەرهاد عەونی

سلاوێکی شورگێرانە

وا لەسەر ئەمری بەرێز جەنابی سەرۆك مەبلەغی (٢٦,٥٠٠) بیست و شەش هەزارو پێنج سەد دولار بۆتان دەنێرین بەم شێوەی خوارەوە :

١- (١٠,٠٠٠) دە هەزار دولار بۆ کرینی سەیارە بۆ راپەراندنی ئیش وکارتان لە بەغدا.
٢- (١٠,٠٠٠) دە هەزار دولار وەك سلفە بۆ راپەراندنی ئیش و کارەکان.
٣- (٤,٠٠٠) چوار هەزاردولار بۆ ئەم هەڤالانە هەر یەك و مەبلەغی (١,٠٠٠) یەك هەزار دولار بۆ مسااریفیان :
أ- کاك عارف تیفور
ب- کاك فەرهاد عەونی
ج- کاك نجم عبد مراد
د- کاك جلیل کاکی
٤- (١,٠٠٠) یەك هەزار دولار بۆ هەڤالان حیدر سایە میر و هەڤال ابراهیم سایە خان هەریەکەیان (٥٠٠) پێنج سەد دولار.
٥- (١,٥٠٠) هەزارو پێنج سەد دولار بۆ ئەم ناوانەی خوارەوە بۆ هەریەکەیان (٣٠٠) سێسەد دولار.
أ- شوکر عمر سعید
ب- سەرچل جلال
ج- علی احمد
د- خلف عثمان سعید
هـ- احمد عطار احمد
٦- بە گەیشتنی مەبلەغی دیاری کراو ئاگادارمان بکەنەوە.
٧- بۆ خالی (١ و ٢)ی نووسراومان پێویستە تەصفیە بکرێت بەهۆی کاك محمد شێخ یزدین.

ئیتر بۆ پێشەوە

مەکتەبی سەرۆك

وێنەیەك بۆ/
- بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران/ بۆ ئاگاداری.
- م.ن.ب. دارایی بەرێز/ بۆ ئاگاداری.
- دارایی مەکتەبەکەمان تێکۆشەر/ بۆ ئاگاداری.
- کاك محمد شێخ یزدین تێکۆشەر/ بۆ ئاگاداری و سەرف کردنی مەبلەغی دیاری کراو و تەسفیە کردن لەگەلیان.

به‌نا وی خوای گه وره‌و میهره‌بان

سه رۆکا یه‌تی‌ئه‌نجوومه نی وه‌زیران

وه‌زا ره‌تی رۆشنبیری

وه‌زیر

ژماره/ ٢٦

رێککه وت/ ٢٦-٥-

٢٠

به‌ڕێز هه‌ڤاڵ عارف ته‌یفور

سلاوێکی گه‌رم و هیوای سه‌رکه‌وتن

هونه‌رمه‌ند به‌همه‌نی قوبادی له‌گه‌ڵ کاك بارام وه‌له‌د به‌گی کاتێ جه نابی سه‌رۆك چاوی پێیان که‌وت ئه‌مریان کرد چه‌ند داخوازیه‌کیان هه‌یه بۆیان جێبه‌جێ بکه‌ن یه‌کێك له داخوازیه‌کان په‌یوه‌ندی به به‌ڕێزتانه‌وه هه‌بوو بۆیه‌ش به‌ڕێز سه‌رۆکی حکومه‌ت کاك نێچیروان بارزانی به باشی زانی ئه‌م نووسراوه بۆ به‌ڕێزتان بنووسرێ :

١- کاك به‌همه‌نی قوبادی فیلمێکی سینه‌مایی ته‌واو کردووه پێی باشه له به‌غدا بۆ ژماره‌یه‌ك هونه‌رمه‌ندو رۆشنبیر نیشان بدرێ، به‌ڵکو جه‌نابت ئه‌مر بکه‌ن هونه‌رمه‌ندان ورۆشنبیرانی دۆست و رۆژنامه‌نووسانی ناوخۆو ده‌ره‌وه بۆبینینی فیلمه‌که بانگهێشت بکرێن.

٢- له رووی جێگاو رێگای ئه‌و رۆژو شه‌وه‌یان بۆ چاره بکرێ و له رووی ئه‌منیه‌وه پارێزراو بن.

لێره وه‌ره‌قه‌ی ئه‌مریکایه‌کانیان بۆ کراوه بۆ ئاگاداری به‌ڕێزتان

له‌گه‌ڵ رێزمان دا

مه‌حمود محه‌مه‌د مه‌حمود

وه‌زیری رۆشنبیری

وێنه بۆ :

نووسینگه‌ی‌تایبه‌تی به‌ڕێز سه‌رۆکی ئه‌نجوومه‌نی وه‌زیران

/بۆئاگاداری تکایه

به‌ڕێز/ وه‌زیری کاروباری ئه‌نجوومه‌نی وه‌زیران / بۆئاگاداری تکایه

کاك فه‌رهاد

ئه‌م ناوه‌که‌یه زۆر سوپاس

ده‌که‌م بۆ هاوکاریان

عارف

٢٦/٥

بۆ محترم کاک فەرهاد

سڵاو و احترام

ئێمە بە سلامەتی گەیشتینەوە هەولێر.

کاکە - بەهمەن قوبادی و ئاغای ولوبەگی و چەند کەسێکی تر دێن بۆ بەغداد بۆ وەرزکردنی فیلم، نامەی وزارەتی رۆشنبیریان پێیە بۆمان کە هاوکاریان بکرێت، گوتم من لێرەم بەڵام کاک فەرهاد لە بەغدا کاروباری ئاسانیتان بۆ دەکات، ئایە بکو هاوکاریان بکرێت بۆ جێبەجێکردنی کارەکانیان و وەرزکردنی فیلم لەگەڵ چەند کەسێک هونەرمەندیان بۆ پەیدا بکرێت وا ئەزانم کە سێکیان لە چیچەی فیلمکاری هونەری زۆر باشە ئەوەیان لەگەڵ خۆیت بۆ هاوکاریان باشە.

جارێکی تر سلاوی زۆرم هەیە و احوالتان دەپرسم.

شکیر خوشیش

برا ...
عارف تەیفور
٥/٢/[illegible]

الجمعية الثقافية والاجتماعية
للكورد الفيليين
المركز العام

العدد/ ٢٥
التاريخ/ ٢ / ٦ /٢٠٠٢م

إلى/ مكتب تنظيم بغداد المحترم
م/ اعلان

تحية وأحترام......

نود ان نعلمكم بانه سيتم ترسيم الفاتحة على ارواح شهداء الاكراد الفيليين الذين تم اعدامهم من قبل الطاغية المندثر في تمام الساعة الرابعة مساءاً الى السابعة يوم الاربعاء الموافق ٤/٦/٢٠٠٢ في مقر حسينية الاحمدي في منطقة باب الشيخ عكد الاكراد.

يرجى ارسال مندوب عنكم لالقاء كلمة الحزب البارتي في هذه المناسبة مع ارسال مصور لتصوير ترسيم الفاتحة من قبل الاذاعة الفضائية بناءاً على طلب اهالي المنطقة ولكم مزيد الشكر والامتنان

theFailianKurds Association
الجمعية الثقافية الاجتماعية للكورد الفيليين
المركز العام

هەڤال خورشاد
ئاگادار تو بچيت
بكه يتاكه بچيت بو ... ئاگاداري اعلام

بەندە شارەزای كاك جەوهەر نامق بووم، دەمزانی مرۆڤێكە سەر راست و راستگۆ و دڵسۆز و بەوەفایە، مەبدەئییە و داكۆكی لەسەر مەبدەئی خۆی دەكات تەنانەت ئەگەر زەرەر و زیانیشی بۆخۆی تێدابێت، عینادە و كەللەڕەقە، بەڵام عینادی و كەللەڕەقییەكەی وەكو هەر مرۆڤێكی ئەم رۆژهەڵاتە بنەما و روانگەی خۆی هەیە، كاك جەوهەر چونكە خۆی بە بەڕاست و راستگۆ و دڵسۆز دەزانی لە رای خۆی نەدەهاتە خوارێ، بۆیە زۆر بەم رووداوی كۆبوونەوەی مەكتەبی سیاسی نیگەران بووم، بەڵام دیسان بێ ئومێد نەبووم، بۆیە لە دوا وتەمدا بە كاك جەوهەرم گوت (ئێمە بەیانی سەفەر دەكەین، هیوادارم تاكو دەگەڕێمەوە دەروونت سارد بێتەوە، چونكە كات و بارودۆخەكە زۆر ناسكە)، ئینجا خواحافیزیمان لەیەك كرد، (دەربارەی جەرەیانی ئەم بابەتە تاكو رۆژی كۆچی دوایی لە شوێنی خۆی لە لاپەڕەكانی ئەم بیرەوەرییانە جێگای شایستەی خۆی دەبێت كە ناكرێت بۆ مێژوو فەرامۆش بكرێت، جارێ تاكو ئێرە ئەوەندە بەسە).

كاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانیی رۆژی ٢٠٠٣/٤/٢٠ بە ئۆتۆمبێلی كاك عارف تەیفور (عارف تەیفور و بەندە و سەرچڵ جەلالی سكرتێری و سید شوكر عمر سعید كە بەرپرسیاری حیمایەكانی كاك عارف تەیفورە لە یەك ئۆتۆمبێلی لاندكرۆزەری سپی) و لە ئۆتۆمبێلێكی دیكەی هەمان شێوە كە سێ پێشمەرگەی حیمایەی تێدابوو كە بریتی بوون (عەلی ئەحمەد، خەلەف عوسمان سەعید، احمد عەتار أحمد) بەرەو بەغدا هەڵكشاین و دەوروبەری كاتژمێر (١) گەیشتینە بەغدا، رێگای كەركووك–بەغدا بە درێژایی ئەم ڕێگایە ئۆتۆمبێلی سەربازیی سووتاو، تانكی شكاو، تۆپ و دەبابەی لە كەڵك كەوتوو چونكە هەموو بەهۆی بۆردومانی تەیارەی هاوپەیمانانەوە هەمووی سووتاو و لێك هەڵوەشێندرابوو، هیچی لەسەر هیچ نەمابوو، بە هیچ شێوەیەك داخم بۆ نەدەخوارد و بەپێچەوانەوە لە دڵی خۆم دەمگوت (مادامەكی تێكشكانی سوپای عیراقیم بە چاوی خۆم دیت مردن هەقە ناهەق نییە)، وابزانم بە خەیاڵی هیچ

کەسێکدا نەدەهات کەوا سوپای عیراقی بەو هەموو تانك و تۆپ و زرێپۆش بەم شێوەیە تەفروتونا ببێت، بە خەیاڵدا دەهات سەدام حسێن بمرێت، تیرۆر بکرێت، بەڵام قەت بە خەیاڵدا نەدەهات ئێمەی کورد ئەو چارەنووسە رەشەی سوپای عیراقی بە چاوی خۆمان ببینین، لە رێگادا بێئەوەی هیچمان قسە بکەین لەگەڵ یەکتری ئەو دیمەنانە سەرسامی کردین، رۆژانی سەرەتای شۆڕشی ئەیلولم دەهاتەوە بەرچاو کە چۆن سوپای عیراقی بە پاڵپشتیی بۆردومانکردنی تەیارەی (میگ و ئەلیوشن) هاتنە سەر کۆیە و سەدان دیمەنی وەحشیگەریی سوپای عیراقیم بیرهاتەوە کە چۆن مامەڵەیان لەگەڵ کورد و کوردستان دەکرد، جەنەڕاڵە فاشستەکانی سوپای عیراقیم دەهاتەوە یاد ئەمسالی (زعیم صدیق مستەفا، تەها شەکرچی، غانم مصباح، عبدالعزیز عوقەیلی، سالم سوڵتان بصو، طارق حاجی حنطة، سوڵتان ئەحمەد، نزار خەزرەجی، ساڵح مەهدی عەماش، فتحی سقلی و سەدان هەزارانی وەکو ئەو فاشستانە) کە لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان چییان بەم گەل و وڵاتە زوڵم لێکراوە دەکرد، دە بیخۆن وەکو کورد دەڵێ (هەموو شت لە تەنکی، بەڵام زوڵم لە ئەستووری دەپسێ).

بە گەیشتنمان بۆ بەغدا یەکسەر بەرەو ئوتێل (السندباد) چووین کە خاوەنەکەی کوردێکی هەورامی بوو بەناوی (محمد حەمە کریم رەحمان–ناسراو بە حەمە قەتە)، بە گەیشتنمان دیاربوو کاك عارف تەیفوری دەناسی و جێگای بۆ دابین کردین، بەڵام بەغدا ئەوکاتە دەتگوت (بیابانی سینا)یە، نە ئاو نە کارەبا، شارێکی وێران و چۆڵ و هۆڵ، ٧٥٪ی دووکانەکان نەبوون، لە زۆر لاوە ئاسەورای بۆمباباران سووتان و کاولبوونت دەدیت، دەوروپشتی ئێمە لە شوێنەکانی دیکە باشتر بوو، کەشوهەوا گەرم بوو، بەڵام بەوە باش بوو کە ناوە ناوە بەڕۆژ مووەلیدی تایبەتی ئوتێل ئیشیان پێ دەکرد، پاشنیوەڕۆیەکەی سەردانی ئەو بارەگایەمان کرد کە پێشووتر برادەران لە بەغدا دەستیان بەسەردا گرتبوو، کە بریتی بوو لە (بارەگای سەرەکیی حزبی بەعس لە لقی بەغدا–رصافە کە ناوی لقی (رەشید)بوو) کە باڵەخانەیەکی گەورە و فراوان

بوو، لەسەر شەقامی گشتیی (٥٢) کە نزیك بە گۆڕەپانی (عقبە بن نافع) کە باڵەخانەیەکی گەورە و فراوان بوو، بەڵام هیچی لەسەر هیچ نەمابوو، کەلوپەلی کارەبایی و قەنەفە و کوردسیی نەمابوو، تەنها چەند کورسی و مێزێکی شکاوی تێدابوو، بەهەرحاڵ بە کارێکی هەرەوەزی و بە یارمەتیی پێشمەرگە و هەڤاڵانی بەغدا بارەگایەکە پاککرایەوە و مشووری موەلیدەکەمان خوارد کە لە گۆڕەپانی پشتی باڵەخانەکە دانرابوو، هەرچۆنێك بێت لە ماوەی دوو سێ ڕۆژدا رووی دانیشتنی لێ هاتە کایەوە، چەند ژوورێکمان ڕێکخست بۆ دانیشتن و کارکردن، پەیتا پەیتا برادەرانی بەغدا و مەندەلی و خانەقین و شارەبان و کووت کە نیشتەجێی بەغدا بوون دەهاتنە بارەگا، پێشنیارم بۆ کاك عارف کرد کە بە برووسکە داوای کاك سامی فەیلی بکات کە لە هەولێر دەژیا، چونکە پێشووتر من کاك سامی فەیلیم دەناسی و کادرێکی کۆنی پارتی بوو، گەرچی دوو کادری دیکەی کۆنی بەغداامان لەگەڵدابوو کە بریتی بوون لە کاك نجم عبد مراد–أبو شیرین، و کاك جلیل کاکی، ڕۆژانە پێش نیوەڕۆ و پاش نیوەڕۆ دەوامماں دەکرد، کاری ڕێکخستنەوەی ناوچەکانی بەغدا و دەوروبەری لەسەر شێوازی لقی (٥)ی کۆن ڕێکخرانەوە، چونکە شێوازی ڕێکخستنی پارتی لەپاش ساڵانی نسکۆی ١٩٧٥ بە شێوازە کۆنەکەی بەردەوام نەمابوو لە بەغدا، بەڵکو ببوو بە هێڵ (خطوط) کە لەناو بەغدا (٥) هێڵ و هێڵەکانی خانەقین بەعقوبە و مەندەلی و شەهرەبان و جەلەولا و سەعدیە ئەوانیش بەسەر (٥) هیڵ دابەش ببوون کە زۆربەی ئەندام و کادری ئەو هێڵانە بریتبوون لە خەڵکانی سەر بە عەشیرەت و خێڵەکانی (قەرەولوس، دەلۆ، مەلەك شاهی، ئەرکەوازی، باجەلان، سوورەمێری)، لە خانەقینیش سێ هێڵی ڕێکخستنی تێدابوو کە ئاگایان لە یەکتری نەبوو لەبەر هۆکاری ئەمنی، لێرەدا بە شانوباڵی خۆم هەڵنادەم گەر بڵێم زۆربەی کاری پێداچوونەوەی ڕێکخستن و ڕێکخستنەوەی ئەندام و لایەنگرانی پارتی لەسەر بنەمای درووستکردنەوەی لیژنە ناوچەییەکان لە ئەستۆی بەندە دا بوو کە ڕۆژانە چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ هەڤاڵانی ئەو هێڵانە دەکرا کە بێگومان هەڤاڵان جەلیل کاکی و نەجم عەبد

موراد و سامی فەیلی هاوکارم بوون، کاك عارف وەکو لێپرسراوی لق پوختەی کارەکانم نیشان دەدا کە لە زۆربەی هەرە زۆریان رازی بوو، ئەو زیاتر خەریکی پێشوازی بوو لە میوانان و کادیرانی کۆنی پارتیی سەردەمی حەفتاکان کە کاتی خۆی ئیشیان لەگەڵی کردووە و ناسیونی، چونکە ئەو (یانی کاك عارف) بڕوا و متمانەی بە من هەبوو وەکو جێگری لێپرسراوی لق و دەشیزانی بەندە چەند جدییە لەم جۆرە کارانە، لە ماوەی دوو مانگدا توانیمان زۆربەی ناوچەکانی دەوروبەر رێکبخەینەوە کە لەپێشەوە ناوم هێناون سەرەڕای درووستکردنی دوو ناوچەی بەهێزی ناو بەغدا، ناوچەیەك بۆ بەری (کەرخ) و ناوچەیەکیش بۆ بەری (رصافە) کە هەر چەند رۆژێك سەردانم دەکردن، بەرە بەرە بارەگای سەرەکی یاخود بە لقی (٥) ناوی دەهات قەرەباڵغ دەبوو، پاش رێکخستنەوەی هۆڵە گەورەکەی کە جێگای نزیکەی (٥٠٠) کەس دەبۆوە و شانۆی هەبوو، چەند جارێك کۆبوونەوەی گشتیی لێکرا، کە جارێکیان لە یادی لەسێدارەدانی لەیلا قاسم و هەڤاڵانی سەرۆك بارزانی و شەهید سامی عبدالرحمن هاتن، کە زۆر بە رێکوپێکی رێکخرابوو و نزیکەی (٣٥٠-٤٠٠) کەس لە ئەندامان و هەڤاڵانی بەغدا و دەوروبەری ئامادەبوون، بەندە بەناوی لقەوە وتارێکم پێشکەش کرد کە تێیدا بەخێرهێنانی سەرۆك و کاك سامی بەگەرمی کران و سەرۆك مەسعود بارزانیش وتارێکی بەم بۆنەیەوە پێشکەش بە ئامادەبووان کرد، ئەوەی لە یادم مابێت سەرۆك مەسعود بارزانی پرسیاری خانەوادەی خوالێخۆشبوو (حەمید حاجی شەفی) لێکردم کە خوالێخۆشبوو کاك حەمید کەسایەتییەکی کوردی ناوچەی مەندەلی بوو و پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بوو، برایەکی کاك حمید بە ناوی (محمود حاجی شەفی) و عەدنانی کوڕی کاك حەمیدیش ئامادەبوون، کاك مەسعود زۆر بە گەرمی لەگەڵ ئەوان و خانەوادەی شەهید لەیلا قاسم دوا و رێنمایی ئێمەی کرد کە زۆر ئاگاداری ئەوان بین. سەرەڕای ئیشوکاری رێکخستن بە دوو بابەتی دیکەوە سەرقاڵ بووم، رۆژێکیان سەرۆك مەسعود بارزانی بەدوای ناردم هەواڵی بارەگای رۆژنامەی التاخی و چاپخانەکەی التاخی لێ پرسیم، لە وەڵامدا منیش بە بەڕێزیانم

راگەیاند کە (هەر لە سەرەتای مانگی یەکەمی هاتنمان بۆ بەغدا بارەگای رۆژنامەی التاخی لە شەقامی کۆلیژی زانکۆی تەکنەلۆجیا لە گەڕەکی الوحدە وەرمگرتۆتەوە و پاککراوەتەوە، بەڵام کەلوپەلەکانی دزراون و تەنها یەك رۆژنامەنووسی عەرەبی لێبوو بە ناوی موحان الظاهر کە بەعسی بوو دەرمکرد (پاشان لە بەغدا تیرۆر کرا) ئێستا دوو پاسەوانی کوردمان لیٚ داناوە بۆ پارێزگاری لە باڵەخانەکە، بۆ مەسەلەی دووەم کە بریتی بوو لەو چاپخانەیەی کە کاتی خۆی لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٣ وەکو ئاگادارم بە فەرمانی بارزانی نەمر کرابوو، ئەو قسەیەم هەر لەبیر مابوو کە کاتی خۆی شەهید دارا تۆفیق سەرنووسەری التاخی بۆی گێڕامەوە کە تێیدا گوتی (بارزانی پێی گوتم دارا دەزانم حکومەتی بەعس شەڕمان لەگەڵ دەکاتەوە ئەمڕۆ یا سەبی، بەڵام بەو پارەیە چاپخانەیەك بکڕن بۆئەوەی خزمەتی کوردی پیٚ بکرێت)، بۆ ئەم مەسەلەیەش کاك دارا لە مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٧٣ سەردانی بەیروتی کرد و چاپخانەکەی کڕی، بەڵام تاکو گەیشت شەڕ دەستپێکردەوە و ئێمە بەجێمانهێشت و حکومەتی بەعس دەستی بەسەرداگرت و رۆژنامەی عیراق و شتی دیکەیان پیٚ چاپ دەکرد، بە سەرۆك بارزانیم راگەیاند کەوا پێش هەفتەیەك بەڕێوەبەری چاپخانەکە کە ناوی (أحمد شبیب)ـە کە پیاوێکی سەر راستی بەوەفا و دڵسۆز کە پاشخانی چەپ شیوعی بوو، هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠وە لەگەڵ ئێمە ئیشی دەکرد، کاتیٚ التاخی لە چاپخانەی (تایمس) چاپدەکرا لەناوچەی (سنك) لە شەقامی الرشید، خوالێخۆشبوو أحمد شبیب هەموو بەڵگە و وسوڵات کە بریتی بوو لە دۆسییەیەکی ٢٥ لاپەڕەیی تەسلیمی بەندەی کردەوە کە تێیدا خاوەندێتیی چاپخانەکە و کڕینی بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان کە وەکیلەکەی دارا تۆفیق ئێستا دۆسییەکە لای منە، کاتیٚ سەرۆك مەسعود بارزانی گوێی لەو قسانە بوو دەستخۆشیی لێکردم و داوای لێکردم کەوا هەر ئێستا بڕۆم دۆسییەکەی بۆ بهێنم، ئەوان (یانی سەرۆك مەسعود بارزانی و ئەو خەڵکەی لەگەڵی بوون) لە ئوتێل (برج الحیاه) دابەزیون کە بەتەك (تەنیشت) ئوتێلەکەی ئێمەوە بوو (السندباد) بۆیە لە ماوەی (١٠)

خولەك دۆسییەکەم بۆ هێنا و بە وردی تەماشای کرد و گوتی (باشە تۆ شوێنی چاپخانەکە دەزانی و کێ بەکاری دەهێنێ)، منیش لە وەڵامدا گوتم (کاک مەسعود شوێنی چاپخانەکە لە ناوچەی (باب المعظم)ـە و برادەرانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ماڵیان ئاوابێت دەستیان بەسەردا گرتووە و پاراستوویانە و بەکاری دەهێنن، پاش کەمێ بیرکردنەوە گوتی (هەر ئەمڕۆ بڕۆ بۆ بارەگای یەکێتی نیشتمانی لە وەزیریە و کاک نەوشیروان مستەفا ببینە و داوای گەڕانەوەی چاپخانەکەی لێ بکە و دۆسییەکەی نیشان بدە و لە هەمان کاتیشدا سڵاوی منی پێ رابگەیەنە و پێی بڵێ هەر ئیشێکیان بەو چاپخانەیە هەبێت بەبێ بەرامبەر بۆیان دەکەین).

ئێوارەی ئەو رۆژە بە ئۆتۆمبێلەکەی لق و کاک سامی فەیلیم لەگەڵ خۆم برد و بەرەو بارەگای یەکێتیی نیشتمانی چووم، کاتێ گەیشتم پاش ئەوەی خۆمم پێ ناساندن پرسیاری کاک نەوشیروان مستەفام کرد و گوتیان لە نهۆمی سەرەوەیە، کاتێ چوومە ژوورەکەی سەرەوە کاک نەوشیروانم دیت و چەند برادەرێکیش لە ژوورەکە دانیشتبوون کە تێیدا تەنیا بەڕێزان کاک کەمال محی الدین و کاک محسن علی ئەکبەرم ناسی، کاک نەوشیروان پاش بەخێرهێنان گوتی (فەرموو، خێرە)، منیش لەسەرخۆ لە پێشەوە سڵاو و رێزی کاک مەسعود بارزانیم پێ راگەیاند ئینجا باسی چاپخانەکە و گەڕانەوەیم بە ناوی کاک مەسعودەوە لەگەڵ کرد، کاک نەوشیروان لە سەرەتادا کە گوێی لەم قسەیە بوو بە هەندێ تووڕەییەوە گوتی (خۆ ئەم چاپخانەیە بە پارەی مەلا مستەفای بارزانی نەکڕاوە داوای چی ئەکەن)، منیش بەوپەڕی هێمنییەوە گوتم (کاک نەوشیروان من شاهێد حاڵم کە لە ساڵی ١٩٧٣ شەهید دارا تۆفیق لەسەر فەرمانی مەلا مستەفا سەردانی بەیروتی کرد و ئەو چاپخانەیەی کڕی، بەڵام پێ رانەگەیشتن بە کاریبهێنن چونکە لە ئازاری ساڵی ١٩٧٤ شەڕ دەستی پێکردەوە، فەرموو ئەوە دۆسییەی تەواوی کڕین و هێنانی چاپخانەکەیە و دۆسییەکەم دایە دەستی کاک نەوشیروان)، بۆ ماوەی چەند خولەکێك

دۆسییەکەی تەماشا کرد و پاشان بە زەردەخەنەیەکەوە دۆسییەکەی دایە دەستم و رووی لە کاك محسن علی ئەکبەر کرد و گوتی (کاك محسن سبەی لەگەڵ فەرهاد رێکبکەون چاپخانەکەیان تەسلیم بکەنەوە)، منیش سوپاسێکی گەرمم کرد و گوتیشم لەسەر راسپاردەی کاك مەسعود هەر ئیشێکتان هەربێت بەسەرچاو بۆتانی چاپ دەکەین بەبێ بەرامبەر. پاش چەند رۆژێك کاك نەوشیروان مستەفا نامەیەکی بەدەستی رۆژنامەنووس عبداللە عەباسی بۆ ناردم کە تێیدا داوای چاپکردنی ژمارەیەك لە رۆژنامەی (هاوکاری) کردبوو بێ بەرامبەر و تێیدا نوسیبووی (من حەز ئەکەم ئەم ژمارەیەی هاوکاری لە چاپخانەکەتان چاپ بکرێت بۆئەوەی رۆژێك لە رۆژان نەگوترێ کە ئێمە هۆکاری دەرنەچوونی رۆژنامەی هاوکاری بووین)، منیش یەکسەر بە خوالێخۆشبوو (ئەحمەد شبیب)م راگەیاند کە ئەو ژمارەیەی هاوکاری (چاپ) بکات بەبێ بەرامبەر).

ئیشوکارەکان زۆر بوون کە بریتی بوون لە کاری رێکخستنی شانە و لیژنەکانی پارتی لە سنووری بەغدا و دەوروبەری، پەیوەندی و پێشوازیی میوانان بەتایبەتیش لە برایانمان لە کوردانی دانیشتووی بەغدا، درووستکردن و پێدانی وەرەقەی (عدم التعرض) بۆ ئەو عەرەبانەی کە دەماننناسین یاخود بەهۆی برا کوردێکەوە پەنای بۆ دەهێنایین، سەردانی هەندێ لە کەسایەتییەکانی کوردی بەغدا کە هەندێکیان لەسەر راسپاردەی بەڕێز مەسعود بارزانی بوو وەکو (خوالێخۆشبوو فوئاد عارف، کاك ئیحسان شێرزاد، سەردار جاف، خەسرەو تۆفیق، د. کەمال مەزهەر)، سەرەڕای راسپاردەی تایبەتیی کاك مەسعود بە بەسەرکردنەوە و پاراستنی کتێبخانەی کۆڕی زانیاریی کورد کە بەداخەوە هەندێکیان تالان کرابوو و بەشێکی دیکەشی لە ماڵی هاووڵاتییەکی کورد نزیك لە کۆڕ پارێزرابوو، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی رۆشنبیریی کوردی، سەرەڕای ئیمکاناتی کەم لە هەموو بارێکەوە، بەڵام دیسان ئەرکەکان بە زیادەوە جێ بە جێ دەکران، لەو کات و رۆژانەدا بە دەیان هاووڵاتی لای خۆمان روویان

تێدەکردین کەوا وەرەقەی ئۆتۆمبێل بردن بۆ کوردستانیان بۆ بکەین (ئۆتۆمبێلی علوج)، بەڵام من بەهیچ شێوەیەك ئەم وەرەقانەم نەدەنووسی، تەنها لە حاڵەتێك نەبێت ئەگەر لە سەرکردایەتییەوە داوا بکرایە کە ئەویش زۆر کەم بوو، پاشان لەسەر بڕیاری سەرۆك مەسعود بارزانی ئەوەش لەلایەن ئێمەوە بەتەواوی راگیرا، من بۆخۆم لە رێگای چەند برادەرێکەوە ئۆتۆمبێلێکی (پرادۆ)ی رەنگ سەوز (مۆدیل ٢٠٠٠) کە ئەویش لە پێشانگای ئۆتۆمبیل کڕیبوویان بە (٢٧٠٠$) یانی (٢٧ وەرەقە) دەستم کەوت و پارەکەش لەو (١٠,٠٠٠$) دە هەزار دۆلارەی کە لە مەکتەبی سەرۆکەوە بە کاك عارف تەیفور درابوو بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل پارەکەی درا و کاك اسماعیل حەوێز کە شوفێری تایبەتیم بوو و هەمیشە وەکو برا مامەڵەم لەگەڵ دەکرد و لە ساڵانی ١٩٩٥ لە برایەتی لەگەڵم بوو، ئیدارەی ئۆتۆمبێلەکەی دەکرد، لەو ماوەیەدا دوو جار سەردانی بارەگای مەڵبەندی بەغدا یەکێتیی نیشتمانی کوردستانم کرد کە تێیدا برادەری دێرینم کاك سەعدون فەیلی کە لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکانەوە لەناو ریزەکانی یەکیتیی قوتابییانی کوردستانەوە دەمناسی کوڕە گەنجێکی چوست و چالاك بوو، پاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ دەرچوونی لە حەپسخانە چووە ریزی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بوو بە پێشمەرگە، ئەوکاتە ئەو لێپرسراوی مەڵبەندی بەغدا بوو و شەوێکیش لەگەڵ چەندین برادەری دێرینی کوردی فەیلی کۆیکردینەوە و داوەتێکی گەورەی لە ماڵەکەی خۆی بۆ کردین.

نزیکەی سێ مانگ لە بەغدا بووم ناوە ناوەش بۆ دوو رۆژ یاخود سێ رۆژ دەگەڕامەوە هەولێر بۆ راپەڕاندنی ئیشوکار و چالاکییەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، هەندێ جاریش بە تەلەفۆنی (ثریا) کە لە مەکتەبی سەرۆکەوە بە من و کاك عارف درابوو پەیوەندیم بە برادەرانی سەندیکاوە دەکرد و جاری وا هەبوو رۆژی دوو جارم تەلەفۆن بۆ دەکردن بە مەبەستی ئاگادار بوون لە ورد و درشتی کارەکانی سەندیکا، ئەو ئەرکەی کە لەلایەن سەرکردایەتیی پارتی پێمان راسپێردرابوو بە زیادەوە هەمووی

جێبەجێ کرا، لەو کاتەشدا برادەرانی (التاخی) کە لە ساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٤ کاریان لەگەڵ کردبووم ئومێدیان دەخواست کەوا ئەرکی سەرنووسەری ڕۆژنامەی (التاخی) لە بەغدا وەبگرم، تا جارێکیان خوالێخۆشبوو خەسرەو تۆفیق ئەو پرسیارەی لە کاك مەسعود بارزانی کردبوو (کە ئایا بیر لە دەرکردنەوەی التاخی بەم زووانە ناکەنەوە)، ئەویش لە وەڵامدا گوتبووی (فەرهاد خەریکی وەرگرتنەوەی چاپخانە و ڕێکخستنەوەی ئیدارەکەیەتی، ئەگەر حەز بکات ئەو ئەرکەی پێ ڕادەسپێرین)، بەڵام پاش ماوەیەك کە خوالێخۆشبوو فلك الدين کاکەیی هاتە بەغدا لە ڕێگای نامەیەکی پچووکەوە کاك سەرۆ قادر ئاگاداری کردم کەوا لیژنەیەك پێکبهێنرێ لە (فلك الدين، سەرۆ قادر، فەرهاد عەونی) بە مەبەستی تەسلیم کردنی مەوجوداتی ئیدارەی التاخی، ئەوەبوو هەر بۆ ڕۆژی دوایی لەگەڵ کاك سەرۆ قادر سەردانی بارەگای (التاخی)ـمان کرد، مەوجوداتی بارەگایەکەم دا بە کاك سەرۆ و من لێی هاتمە دەر، بەنسبەت چاپخانەکەشەوە خوالێخۆشبوو ئەحمەد شبیب هەموو شتێکی کۆنترۆڵ کردبوو بە پوختی تاکو ڕۆژی کۆچی دوایی بە ئەمانەتەوە مامەڵەی لەگەڵ کردبوو کە لە ڕاستیدا پاش ئەو هەموو ساڵ و ڕووداوە ئەو پیاوە ڕاستگۆیانە مابۆوە و بە دەستێکی پاکەوە ژیا و کۆچی دوایی کرد، من خۆشم لەو باوەڕەدابوم کەوا ئەرکی سەرنووسەری التاخی بە من دەدرێ، تەنها تەخمین بوو چونکە لەلای منەوە چەند جارێك (حسب الله يحيى)ی ڕۆژنامەنووسی چەپی عەرەب کە کاتێ کاری لەگەڵ ئێمە لە التاخی دەکرد دەهاتە لام و باسی ئامادەیی خۆی بۆ ئیشکردن لەگەڵمان دەکرد چونکە هەموو قەناعاتی ئەو و ڕۆژنامەنووس (حليم الاعرجی) کەوا بەندە ئەرکی سەرنووسەری (التاخی)م پێ دەدرێ، بەڵام من بە هیچ جۆرێك لە سایەی خودای گەورە و شایەد حاڵەکان ماون لە سەرکردە و بنکردەکان من نە ئەوکاتە و نە پێش ئەوکاتەش نە لەدوای ئەوکاتەش بە هیچ شێوەیەك نە کەم نە زۆر نە لە دوور و نە لە نزیك هەوڵی وەرگرتنی پۆست و بەرپرسیارێتیم نەداوە و سەرم بەرزە و تەنها بۆ خودای گەورە نەبێت سەرم نەوی نەکردووە و لەکەسیش نەپاڕاومەتەوە و لە کاتی زۆر

پێویستیشدا داوای هیچم له کەس نەکردووە و ویژدانم ئاسوودەیە چونکە تاکو پێم کرابێت چاکەم تەنانەت لەگەڵ نەیاریش کردووە، ئەزییەتی کەسم نەداوە، دوو روو و موتەمەلیق و چەواشەکار نەبووم، خودا وەکیلە هەموو دەم راستگۆیانە.. راشکاوانە روو بە رووی کێشە و ئاستەنگ و لەمپەر بوومەتەوە، لە هەمان کاتیشدا چاوم لە گوناح و نادەستپاکی و تەجاوزی زۆر کەس داپۆشیوە بۆئەوەی خۆم بپارێزم لە بریندار کردن و ملشکانی خەتاباران، بۆیە هەر کاتێك لەسەر هەر کورسییەك دانیشتبم رۆژی وازهێنان یاخود دەرکەنار کردنم لەبەرچاو بووە، هەمیشە کورسی و پۆستم لەخۆم بە کەمتر زانیوە و ئەوەی ورمگرتووە بە بازو و ماندووبوون و قوربانیی رۆژانی ژیانی سیاسیم بووە، هیچ کاتێك خێرم پێ نەکراوە و خێریشم لەکەس قبووڵ نەکردووە، ئەسیری قەناعاتی سیاسی و ویژدانیی خۆمم پاش لێکدانەوە و بەراورد کردن، رۆژێك لە رۆژانیش نەچوومەتە ژێر چەتری هیچ کەسێك بۆ تانە لێدان و رکابەرایەتی، لام شەرم و نەنگە تەرەفگیری لەسەر بنەمای خزمایەتی و برادەرایەتی کاری حزبایەتی بکەم، تفم لە هەمو کار و کردارێکی نا پەسەند و دژ بە کۆمەڵگا و دژ بە نەتەوە و دژ بە بەرژەوەندیی باڵای گەلی کوردستان و دژ بە ویژان و دژ بە خۆ بچووك کردنەوە، دژ بە خواری، دژ بە گەوادی کردن، دژ بە راپۆرتنووسانی بێ ویژدانی ناپاك و نا رەسەن کردووە و وا ژیاوم تا ماویشم وا دەژیم.

ئەم ماوەیەی لەگەڵ کاك عارف تەیفور کارمان پێکەوە کرد لە بەغدا لەسەر راسپاردەی سەرۆك مەسعود بارزانی کە ئێمەی نارده بەغدا بە مەبەستی دیراسەتکردنی بارودۆخەکە بۆئەوەی سەرکردایەتی لەسەر رۆشنایی هەڵسەنگاندنی ئێمە بڕیاری پێویست دەربکات، رۆژێکیان پاش ئەو ماوەیە بە کاك عارفم گوت (کارەکانمان تەواو بووە، راپۆرتێکی تێروتەسەل ئامادە دەکەم و دەیدەم بە سەرۆك من چی دیکە لە بەغدا نامێنمەوە)، کاك عارف ئەو قسەیەی منی لا ناخۆش بوو و بە دەق گوتی (ئەگەر تۆ بڕۆیت منیش لێرە نامێنم)، گوتم

کاك عارف تۆ ئەندامی مەکتەبی سیاسیت و لەوانەیە هەموو شت بە دڵی تۆ نەبێت، بەڵام بەنسبەت من ئەمە بڕیاری کۆتاییمە و تاکو سەری مانگ دەمێنم و سەرۆك دەبینم و داوای گەڕانەوەی لیٚ دەکەم.

پاش ئەوکاتە شەوانە راپۆرتێکی تێروتەسەلم لەسەر رێکخستنەکانی بەغدا و کاروچالاکییەکانی ئامادەکرد، بۆ رۆژی دوایی لە رێگای کاك (کەریم جمعە) سکرتێری بەڕێز کاك مەسعود بارزانی، ئەوەبوو هەر ئەو رۆژە جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانیم دیت و را و بۆچوون و پاشان داوای بەخشینم لێکرد لەو کارەی بەغدا، حوجەتەکەشم دوو خاڵ بوو، یەکەمیان وەکو بڕیارەکەی کە بە نووسراوی ژمارە (٦)ی رۆژی ٢٠٠٣/٤/١٩ بەڕێزی کە دەڵیٚ (بۆ دیراسەت کردنی وەزعی ئەویٚ (بەغدا) و لەسەر ئەنجامی دیراسەتەکەش بڕیاری پێویست دەدریٚ). دووەمیشیان مەسئولییەتی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کە بەندە وەکو نەقیب ئەو ئەرکەم لە ئەستۆدایە و بەتەمای یەکخستنی ماڵی رۆژنامەنووسانی کوردستانین، سەرۆك مەسعود بارزانی ئەوەی لێی تێیگەیشتم لە دڵەوە پێی ناخۆش بوو کە بەغدا بەجێدەهێڵم هەتا گوتی (دەتوانی بە نۆبە ئیشی ئێرە و ئیشی سەندیکاش بکەیت)، بەڵام بە پێداگرییەوە لەگەڵ داوای لێبوردن داوای بەخشینم لێکرد و ئەویش لە کۆتاییدا گوتی (مادام ئارەزووی خۆتە، رازیم) و پێش خوداحافیزیم راپۆرتەکەشم دایە دەستی بەڕێزیان و رۆژی گەڕانەوەمان لەگەڵ کاك سامی فەیلی وا رێککەوتین کە ئەو ئۆتۆمبێلی شەخسیی هەیە کە جۆری مارسیدس مۆدیل (١٩٩١) بوو پێشنیاری کرد بە ئۆتۆمبێلەکەی ئەو بگەڕێینەوە هەولێر، ئەوەبوو سەرلەبەیانیی ئەو رۆژە وابزانم رۆژێکی ناوەندی مانگی ٢٠٠٣/٧ بوو من کاك سامی فەیلی لەپێشەوە دانیشتبووین و کاك سامی فەیلی ئۆتۆمبێلەکەی لێدەخوڕی و کاك ئیسماعیل حەوێزیی شوفێرم لەپشتەوە بوو و لە رێگای بەغدا-خالص-عظیم-طوز-کرکوك گەڕاینەوە، پێش ئەوەی بگەینە عوزێم دیاربوو من خەوم لێکەوتبوو لەپڕ راوەستانی بەپەلەی ئۆتۆمبێلەکەمان و دەنگە دەنگە بەخەبەر هاتم گوێم

لێبوو کاك سامی فەیلی دەیگوت (استر یارب) لەو کاتە دیتم چوار چەکداری عەرەبی ناشرینی پێست رەشی دشداشە لەبەر بە خۆیان و کلاشینکۆفەوە هەرچوار دەرگای سەیارەکەیان کردەوە و بە دەنگێکی بەرز بە جنێودانەوە دەیانگوت وەرنەخوار (انزلو.. انزلو...) کاتێ ئێمەیان دابەزاند ئۆتۆمبێلێکی جۆری پیکابی نیو تەنی پێش ئۆتۆمبێلەکەی ئێمەی گرتبوو دوو چەکداری ریش هاتووی پیسوپۆخڵ لە پشتی پیکابەکە راوەستابوو و رووی کلاشینکۆفەکەیان لە ئێمە کردبوو، یەکێك لە چەکدارەکانی ناو پیکابەکە بە برادەرەکەی تەنیشتی گوت (شتگول أناوشهم صليه) یانی (دەڵێی چی یەك صەلییەیان لێ بدەین) ئەوەی تەنیشتی تەماشایەکی ئێمەی کردبوو و دیاربوو هەندێ لە ویژدانی تێدا هەبوو گوتی (لا خليهم كبار) یانی (نا وازیان لێبێنە ئەمانە بەتەمەنن)، ئینجا دووانیان سواری ئۆتۆمبێلەکەی کاك سامی فەیلی بوون و زۆر بە خێرایی لەگەڵ پیکابە نیو تەنییەکە کە چەکدارەکانی دیکەی تێدابوو بە خێرایی لێیانخوڕی و چەند فیشەکێکیشیان لەسەر ئێمەوە بە ئاسمانەوە نا بەلای رۆژهەلاتی شارۆچکەی (عوزێم) و رۆیشتن، لە راستیدا ئێمە لەو کاتە تووشی جۆرە (شۆکێك) ببووین، بەلام یەکسەر ئۆتۆمبێلێکی دیکەی دەبڵ قەمەرە گەیشتە لامان کە دوو کوڕی گەنجی تێدابوو، ئەوانیش هەر عەرەب بوون، یەکێکیان گوتی (تعالو صعدو ويانا حتى نوصلكم للمفرزة مال الأمريكان، هذولة نعرفهم من المنطقة، سرسرية، عصابة) یانی (وەرن زوو لەگەڵ ئێمە سواربن بتانگەیەنینە لای مەفرەزەی ئەمریکییەکان، ئێمە ئەوانە دەناسین سەرسەری و دز و رێگرن)، لە راستیدا ئێمەش بێئەوەی بیر بکەینەوە کە ئەمانە چین و کێن لەگەڵیان سواربووین، بەلام دەموچاویان بە دز و رێگر نەدەچوو، ئێمەیان بەسەر جادەکە بەرەو رووی بەغدا گەڕاندەوە لە دووریی (٢کم) لەسەر جادەکە چەند ئۆتۆمبێلێکی سەربازی و نزیکەی (٥٠) سەربازێك کە لە دەوری خێوەتێکی گەورە راوەستابوون، ئێمەیان دابەزاند، دیاربوو کوڕێکی عیراقییان وەکو وەرگێڕ لەگەڵدابوو کە گەیشتینە لایان کوڕە عیراقییەکە لەگەڵ ئەفسەرێکی ئەمەریکیی رەشپێست لێمان هاتنە پێشەوە، لەپێشەوە

سڵاومان لێکردن، کوڕە عیراقییەکە هەر زوو گوتی (خیر ان شاء الله)، ئێمەش بە عەرەبی ڕووداوەکەمان بۆ گێڕایەوە، ئەویش بە زمانی ئینگلیزی بۆ ئەفسەرە ئەمەریکییەکەی نەقڵ کرد، ئەفسەرەکەش یەکسەر چووە ناو خێوەتەکە، دیاربوو بە جیهازێکی وەکو لاسلکی قسەی لەگەڵ جێگایەکی دیکە دەکرد، لەنێوان (١٠) خولەك دا دوو دەبابە و ئۆتۆمبێلێکی پڕ لە سەرباز بەرەو شوێنی مەبەست ملی ڕێگایان نا چونکە دوو کوڕە عەرەبە گەنجەکان زانیارییان پێدان کە بۆ چ لایەك بچن، وەرگێڕە عەرەبەکە ئێمەی بردە ژێر خێوەتەکە و نەختێ ئاوی داینێ و گوتی چاوەڕوان بن ئێستاکە دەیانگرن، نزیکە کاتژمێرێك لەبن خێوەتەکە لە چاوەڕوانیدا بووین، کاتێ مەفرەزەکە گەڕایەوە پێیان ڕاگەیاندین کە چوونەتە ئەو گوندەی کە لەلایەن گەنجە عەرەبەکان بۆیان دیاری کردبوون کە گوایە دزەکان بەرەو ئەوێ چوبوون، بەڵام پاش گەڕان و پرسین هیچیان دەست نەکەوتووە بۆیە پێویستە ئێمە ئەو شوێنە بەجێبهێڵین، لەو کاتەدا ئۆتۆمبێلێکی تاکسییان ڕاگرت کە تاکە زەلامێکی عەگالْبەسەری تێدابوو و داوایان لێکرد ئێمە تاکو کەرکووك هەڵگرێ، من و سامی فەیلی سواربووین، بەڵام کاك ئیسماعیل حەوێزیی شوفێرم کە هەمیشە لەگەڵم بوو گوتی (ئێوە خواحافیزتان بێت، بەڵام من لەگەڵتان نایەم، گوندەکەم لێ دیارە دەچم سۆراغی ئۆتۆمبێلەکە دەکەم پاشان دەگەڕێمەوە)، بەڕاستی کاك ئیسماعیلم بە شێت هاتە بەرچاو، بۆیە خۆم لێ تووڕەکرد و گوتم (سواربە بەتەمای بۆ ئۆتۆمبێلێکی کۆن خۆت بە کوشتن بدەی)، بەڵام تووڕەیی و قسەکانم بێ ئاکام بوون و ئیسماعیل لەگەڵمان نەهات، ناچار بووین بەجێیبهێڵین، بەڵام پێش ئەوەی تاکسییەکە بجووڵێ گوتم (کاك ئیسماعیل ئەوا خوای گەورە و سامی فەیلی شاهیدن هەرچیت بەسەربێت من لێپرسراو نیم، کورە وەرە لە کەلی شەیتان وەرە خوارێ)، بەهەرحاڵ کاك ئیسماعیل لەگەڵمان نەهات. ئێمە بەرەو کەرکووك و پاشان بەرەو هەولێر گەڕاینەوە، بەڵام وڕ بووین و هیچ قسەیەکمان لەدەم نەهاتە دەرێ، لە ڕاستیدا من و سامی فەیلی خەمی سەیارەکەمان نەبوو بەڵکو هەموو کەلوپەل و جانتای دەستی بە پارەو و بە دەمانچەوە لەناو

ئۆتۆمبێلەکەدا بوو کە بردیان، کە گەیشتمە ماڵ یەکسەر پەروین دەموچاوی خوێندمەوە و گوتی (خێرە شتێك بووە.. بۆ وا دەموچاوت تێکچووە؟!) منیش لەسەرخۆ رووداوەکەم بۆ گێڕایەوە، کاتێ پەروین گوێی لە قسەکانم بوو کەوتە پەکو پۆك، منیش هاتمە قسە و گوتم (شوکری خوا بکە کە ئەو سەگبابانە نەیانکوشتین، خودا وەکیلە نێوان مردن و ژیانمان چاو ترووکاندنێك بوو)، پەروین و من هەر خەریکی شیکردنەوەی رووداوەکە بووین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا یەکجار خەمی کاك ئیسماعیلمان بوو دەترساین خوانەخواستە تووشی کارەساتێك نەبیت، بەڵام بە پەروینم گوت جارێ لای رێکان و لانە قسە نەکات و خەبەری ماڵی کاك ئیسماعیل نەدات، چونکە ماڵەکەی هەر بەرامبەر ماڵی خۆمان بوو کە پاشان بوو بە مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندنی پارتی پشتی بارەگای رۆژنامەی برایەتی و خەبات، پاش گەڕانەوەم دوو کاتژمێری پێچوو کاتێ کە لە تارمەکە ماڵەوە بەرامبەر گەراجی ماڵەوە دانیشتبووین دیتمان کاك ئیسماعیل دەرگای گەراجی کردەوە و ئۆتۆمبێلە مارسیدسەکەی سامی فەیلی هێنایە ژوورەوە، لە راستیدا بڕوامان نەکرد، هەر بە رووداوی فیلمێکم هاتە بەرچاو و یەکسەر هەستاین و بەرەو رووی کاك ئیسماعیل چووین گوتم (راستە ئەمە ئۆتۆمبێلەکەیە، چیتکرد و چۆنت پەیدا کردەوە؟!)، کاك ئیسماعیلیش بە نەرمە پێکەنیەوە گوتی (کاکە کە ئێوە رۆیشتن بە پیکابێکی فەلاحی بەرەو گوندەکە چووم کە دوو گەنجەکە ئیشارەتیان بۆ کردین، بە گەیشتنم پرسیاری ماڵی شێخی عەشائیری ئەو ناوچەیەم کرد، خێرخوازێك منی بردە ماڵەکەیان، کە گەیشتم سلاوم لێکرد و شێخ بەخێرهێنانی کردم و گوتی چای بۆ بهێنن، گوتم چا ناخۆمەوە تاکو وەعدم نەدەیتێ کە داوایەکم بۆ جێبەجێ دەکەی، شێخ گوتی چایەکەت بخۆرەوە و داوایەکەت بۆ جێبەجێ دەکەم، پێمگوت قوربان من هاوولاتییەکی کوردم و کاسبم، ئەمڕۆ جەماعەتێك لەسەر رێگا رایانگرتم و ئۆتۆمبێلەکەیان لێ سەندم، ئێستا منیش هاتوومەتە لای جەنابت و وابزانم جەنابت زوڵم قبووڵ ناکەی، ئەوجا شێخ گوتی من چی بکەم دوێنێ چەند کوردێك ئۆتۆمبێلێکی ئێمەیان بردووە و ئێمەش لەبری ئەو ئۆتۆمبێلەکەی

ئێوەمان بردووە، منیش گوتم قوربان من پیاوێکی کاسبم و هەژارم گوناحی من نییە کە دز و جەردە ئۆتۆمبێلی ئێوەیان دزیوە خودا قبووڵ ناکات تۆڵەی خەڵکی دیکە لە منێکی کاسب و هەژار بکەیتەوە، ئیتر دیاربوو شێخ ئەو قسانەی من غیرەتی جووڵاند و یەکسەر بانگی دوو پیاوێ خۆیی کرد و پێیانی گوت لەگەڵ ئەم برادەرە بڕۆن و ئۆتۆمبێلەکەی وەکو خۆی بۆ بگەڕێننەوە، ئەوجا منیش بە پیکابێکی ئەوان لەگەڵ دوو زەلامەکەی شێخ بەرەو چۆڵاییەکی ناو گەرد و هەرتوپەرت بۆ ماوەی چارەکە سەعاتێك ڕۆیشتین، کاتێ گەیشتینە شوێنێکی لاچەپ دیتم ئۆتۆمبێلەکەیان لەبن دارێك ڕاگرتووە و چەند زەلامێکیش لەولاترەوە خەرکی نانخواردنن، سڵاومان لێکردن و پیاوەکانی شێخ (فەرموودەی شێخی) پێ ڕاگەیاندن، ئەوانیش بە نابەدڵی و بە هەندێ جنێو بە کورد ئۆتۆمبێلەکەیان دامەوە و منیش یەکسەر لەگەڵ دوو زەلامەکە گەڕاینەوە ماڵی شێخ و سوپاسی بێ پایانم کرد و شێخ پێی گوتم بە کوردان بڵێ کە تەجاوزی ئێمە نەکەن ئێمە برای یەکین).

کاتێ کاك ئیسماعیل لە قسەکانی تەواو بوو، تەماشای ناوەوەی سەیارەکەمان کرد، زانیم جانتا چەرمەکەی دەستم کە دەمانچەیەك و نەختێ پارە و ئەوراقی تێدا بوو بردوویانە و کاتێ سامی فەیلیش سەیارەکەی دیت ئەویش لە دەشبولی سەیارەکە (١٠٠٠) دیناری چاپی سویسریی دانابوو ئەویشیان بردبوو، گرنگ ئەوەیە یەکەم ڕزگارمان بوو لەو بەڵایە کە نەکوژراین، چونکە ئەگەر بشکوژراینایە وەکو ئێستا دەبوو، لەوانەیە لۆمەشیان بکردینایە کە چۆن بەبێ حیمایە خۆمان لەو ڕێگایە دەدەین، لەکاتێکدا ئەگەر بڵێم مانگی هەر ئەو (٤٠٠$) چوار سەد دۆلارە بوو کە کاك عارف تەیفور دەیدامێ و حیمایەکانی خۆشی هەر لەگەڵ خۆی بوون و هاتوچۆی ئێمە تەنها بەتەمای خودای گەورە بوو کە پاراستینی، بۆ مەسەلەی حیمایە جارێکی دیکە دێمەوە سەری کاتێ بووم بە ئەندام لە کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراقی (الجمعية الوطنية العراقية) لەنێوان ساڵی (٢٠٠٥-٢٠٠٦).

پاش گەڕانەوەم لە بەغدا لە ناوەڕاستی مانگی تەممووزی ساڵی ٢٠٠٣ کە بە ئەرکێکی پارتایەتی (حزبی) چوبووین و لە لاپەڕەکانی پێشووتردا باسم لێوەکردووە کۆتاییم بە بە قۆناغێکی دیکەی (٤٠) ساڵی رەبەقی ژیانی (پارتایەتی) هات کە تێیدا بێگومان رۆڵی بەندە هاتۆتە بەرچاو کە چۆن و چیی کردووە و بە کورتی باسی لێوە کراوە، کە دەڵێم کۆتاییم بە ژیانی پارتایەتی هات بەو مانایەی لە هەموو ئەرك و پایەیەکی پارتی دابڕام و نزیك نەبووەمەوە، چونکە پاش ئەزموونی پارتایەتیم لە بەغدا کە تێیدا ئەو چەند مانگەی لە بەغدا ماینەوە لەپاش رووخانی رژێمی سەدام لەگەڵ کاك عارف تەیفور هاتمە ئەو قەناعەتە کە حزبایەتیش لەو سەردەمە تازەیەدا گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و وەکو پێشان نەماوە، گەرچی لەمەوپێشیش لە کەموکوڕی بەدەر نەبوو، بەڵام لەپاش راپەڕین و لەپاش رووخانی رژێمی سەدام هاتە ئاراوە بە بڕوای من نێوانی حزبایەتیی راست و درووست کە وەکو لە پەیڕەو و پڕۆگرامدا هاتووە لەگەڵ حزبایەتی سەردەمی ئێستا نێوانی ئاسمان و ریسمانە کە ئەم راستییەش وای لە ژیانی حزبایەتی کردووە کە وەکو فەرمانبەری کۆمپانیای تایبەت دێتە بەرچاو، کە دەڵێم فەرمانبەر مەبەستم لە جۆری فەرمانبەری دەوڵەت نییە کە ئەویش لەسەر بنەمای یاسا و رێسای خۆی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، لێرەدا مەبەستم لە فەرمانبەری کۆمپانیای کەرتی تایبەتە کە تێیدا بەڕێوەبەری کۆمپانیا دەست کراوەیە و بێ گوێدان بە دیسپلینی بنەڕەتیی کاری فەرمانبەری لە دەوڵەتدا مامەڵە لەگەڵ فەرمانبەرەکانی دەکات کە بێگومان تاکو خەڵکی نزیکی دڵسۆزی خۆی هەبێت ئەگەر بە زانیاری هەڵکەوتووش نەبن ئەوا زۆر لەپێشتر و بەڕێزترە لە خەڵکانی رەسەن و کارامە و لێهاتوو، لە ژیانی پارتایەتیم هیچ کاتێك پلە و پایەی حزبیم نەویستووە چونکە سرووشتی کەسایەتیم (گوێڕایەڵیی بێ بنەما و دوور لە قەناعەتی ویژدانی و سیاسی و خزمەتکاری قەتاوقەتم قبووڵ نەکردووە، هەر بۆیەش نەچوومەتە پێش یاخود پێش نەکەوتووم، چونکە ئەوەی دیومە و دەیبینم خەڵکی وەها هەبوو خودا وەکیلە لەوانەیە بۆ جارێکیش تەنها گوێی لە ناوی پارتی دیموکراتی

کوردستان نەبووە یاخود لە بنەڕەتدا کاری سیاسەتی نەکردبێت و بە هەموو شێوە و شێوازێك خۆی لە باسی سیاسەتیش بەدوور گرتووە، بەڵام کاتێ بارودۆخ گۆڕدرا وەکو قوتابییەکی (دەراخ) خۆی فێری گوتنەوەی وانەی ئینتیهازییەتی سیاسی کرد و بە هەموو شێوەیەك لەم و لەو نزیك دەبوەوە و ئینجا لێرەشەوە لەلایەن ئەو بەرپرس و ئەو لێپرسراوانە چونکە پێویستییان بەم جۆرە کەسانە (سی–ڤی و مەلەڤ درۆیان) بۆ ڕێکدەخستن و بەسەر دەکەوتن کە ئەم بابەتەش بۆتە دیاردەیەك کە کۆمەڵگای ئێمەی گرتۆتەوە، کەسێ نییە هەستی پێ نەکات، پارتایەتی لای من شتێکی پیرۆز بوو کە تێیدا لە ڕەحم و پێداویستیی ئەم کۆمەڵگایە لەدایکبووە، بەڵام کام پارتایەتی ئەوەی ئەمڕۆ لە هەندێ بواردا دەیبینین یان ئەو پارتایەتییەی کە بەدرێژایی دەیان ساڵەی ژیانی سیاسی دەیان و سەدان بگرە هەزاران تێکۆشەری ئەم بوارە شەونخونیان کردووە و ماندوو بوون و قوربانییان داوە و تەنانەت حزبیشیان دەژیاند لە ڕۆژگارێکدا نە پارە و نە دەسەڵات هەبوو، بەڵام عەقیدەی پارتایەتی لایان لە هەموو شتێك پیرۆزتر و پێویستتر بوو لە پێناوی بزووتنەوەی کوردایەتی، بەڵام وا پێدەچێت ئەو مۆدیلەی ئەو کاتەی حزبایەتی بەسەرچووبێ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لای خەڵکێکی زۆر مۆدیلە کۆنەکەی هەر لا ماوە کە بەندە یەکێکیانە، بەڵام چونکە ئەو مۆدیلە کۆن بووە و بەکەڵکی ژیانی حزبایەتیی ئەمڕۆ نایەت بۆیە خەڵکانێکی زۆر لە حزبایەتی دەرکەنار کراون یاخود خۆیان دەرکەنار کردووە و بە قەناعەتەوە ئەو مۆدیلە تازەیەی حزبیان لا قبووڵ نییە کە بە ڕا و بۆچوون و قەناعەتەوە لێی دوورکەوتمەوە و لێی پەیشمان نیم، بەڵام لێرەدا با ڕاستییەکی دیکە باس بکەم (دوورکەوتنەوەم ئەوجا بە هەر هۆکارێك بێت) وای لێ نەکردووم شانازی بە ڕابردووی (٥٠) ساڵی ڕەبەقی خۆم لە بزووتنەوەی نیشتمانی و کوردایەتی و پارتایەتی نەکەم، بەڵکو ئەو پەنجا ساڵە بە گەورەترین سامانی دونیای ناگۆڕمەوە کە تێیدا چیرۆك و بەشم (حصه وقصه)م تێدا هەیە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا مێژوو شتێکە و بارودۆخی ئێستاکەش شتێکی دیکەیە.

به گەڕانەوەم لە بەغدا وەکو نیشانم داوە هەموو توانایەکم بۆ سەندیکا و ئەرك و ئامانجەکانی سەندیکا تەرخان کرد کە هەمووی لە خزمەتی ڕۆژنامەنووسان و چەسپاندنی ئازایی ڕۆژنامەنووس بوو لە کوردستان.

لەو سەروبەندەدا لە ڕێگای شێرکۆ حەبیبەوە زانیمان کەوا شاندێکی گەورەی فدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی سەردانی بەغدا دەکەن بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە بەرۆکی ڕۆژنامەنووسانی عیراقی گرتووە و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عیراقیش لە پەلوپۆ کەوتووە و دەیانەوێ چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزنەوە بۆ ئەم مەبەستەش شاندێکی (یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب) لە هەمان کاتیشدا بڕیاریان دابوو کە سەردانی کوردستانیش بکەن و لە نزیکەوە لە ڕەوشی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئاگادار بن.

ڕۆژی ٢٠٠٤/١/٢٢ لەگەڵ خوالێخۆشبوو شەهید مەهدی خۆشناو سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی کورد و چەند ئەندامێکی ئەنجوومەنی سەندیکا و چەند ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسی هەولێر بەرەو ڕێگای کەرکەووك کەوتینە ڕێ بە مەبەستی پێشوازی کردن لەو شاندە گەورەیەی فدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی و یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب کە لە فدراسیۆن (ئایدن وایت سکرتێری فدراسیۆنی لەگەڵدابوو، لەبن سێبەری دارودرەختەکانی (پردێ) پێشوازییەکی گەرممان لە شاندی میوان کرد و بەڕێزەوە وەرگیران و ئەوجا لە بارەگای ئەنجوومەنی سەندیکاش پاش پشوێکی کورت و لەسەر مێزی کۆبوونەوە بەرامبەر یەکتری دانیشتین، ئەوجا کەوتم قسە و لەپێشەوە بەناوی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە بەخێرهێنانێکی گەرموگوڕم لێکردن و هیوای ئەوەم خواست کە هاتنی ئەوان هاندەرێکی ئەرێنی بێت لەسەر پشتیوانیکردنی زیاتری فدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی IFJ لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ڕۆژنامەنووسانی کوردستان سەرەڕای سوپاسێکی گەرمی بەڕێز

(ئایدن وایت) له ڕەخساندنی زەمینه و خۆشکردنی بوار لەبەردەم بەئەندامبوونی کارا (چونکه ئەوکات سەندیکا به ئەندامی بەشدار له IFJ وەرگیرابوو) سەندیکای کوردستان له IFJ له هەمان کاتیشدا به سوپاسگوزارییەکی زۆرەوە باسم له هەڵوێستی ئەرێنیی ئایدن وایت و جیم بومیلا و کریستیان دینیز، کرد به وەرگیرانی ئێمه له IFJ و گوتم هەرگیزاوهەرگیز ئەو هەڵوێستەی ئەوان و هاوڕێیانیان لەبیرناکەین، ئەوجا کەوتمه باسی چۆنێتیی دامەزراندنی سەندیکای له ساڵی ١٩٩٧ەوە و ئەنجامدانی دوو کۆنگره له سەرەتادا پاشان یەکگرتنەوەی هەردوو ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسان (سەندیکا و یەکێتی) له یەك ڕێکخراوی سەرتاسەری کوردستان که (سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانه) تێیدا کۆبوونەوە که ئەرکی سەرەکیی ئەو سەندیکایه (دابینکردنی ماڤی ڕۆژنامەنووسان و چەسپاندنی ئازادیی ڕۆژنامەنووسانه له کوردستان)، ئایدن وایت سکرتێری گشتیی IFJ زۆر به دیقەتەوە گوێی بۆ قسەکانم شل کردبوو و بەهیچ شێوەیەك قسەی پێ نەبڕیم و ناوه ناوەش لەسەر ئەو کۆمپیوتەرەی که لەپێشی بوو هەندێ سەرنج و خاڵی تۆمار دەکرد، پاش تەواوبوونی قسەکانم، ئایدن وایت هاته قسه و گوتی (سوپاس بۆ نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و سکرتێری پەیوەندییەکانی سەندیکا که له ڕێگای ئەوەوە داوەتنامەکەی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانمان قبووڵ کرد لەگەڵ ئەو شاندەی یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب تاکو له نزیکەوە ئاگاداری ڕەوشی کاری ڕۆژنامەنووسی و ڕۆژنامەنووسان و سەندیکایەکەیان بین، بەنده (ئایدن وایت) چەند کاتژمێرێکه گەیشتوومەته وڵاتی کوردستان و ئێستا له بارەگای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانین، بەڵام سێ جار زیاتره له ڕێگای نامەکانی فەرهاد عەونی که نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانه و سەردانەکانی شێرکۆ حەبیب که ئەویش سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوەیانه ئاگاداری ناو و پێکهاتەی ئەم سەندیکایەی کوردستانم، له ڕاستیدا پێش هاتنم وێنەیەکی جوانی ئەم سەندیکایەم له ڕێگای نامەکان و سەردانەکانیان لا

درووست ببوو و ئارەزووی بینینی ئەوان و کوردستانم دەکرد، بەڵام لەنێوان ئەو چەند کاتژمێرەوە کە گەیشتوومەتە کوردستان وێنەی ئەو سەندیکایە و وڵاتەکەیانم لا جوانتر و بە (هەیبەت)ترەوە دیت، ئێمە لە IFJ سەرەڕای بوونی نارەزایی لای هەندێ لە رێکخراوە رۆژنامەنووسییەکانی وڵاتانی دەوروبەر دەربارەی ئەندامێتیی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە IFJ، بەڵام ئێمە بە زۆرینەی دەنگ بە ئەندامی بەشدار قبووڵمان کردن و لە ئاییندەشدا پێشنیاری ئەندامێتیی بە (کارا) بوونیان دەخەمە بەردەم لیژنەی راپەڕاندن لە کۆبوونەوەی ساڵانەدا بەو هیوایەی بتوانین ئامانجەکەتان بەدی بهێنین (پاش ئایدت وایت)یش هەریەك لە جیم بومیلا راوێژکاری IFJ و یحیی قلاش لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی میسر، سفیان بن حمیده لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی تونس، محبوب علی جێگری سەرۆکی یەکێتی رۆژنامەنووسانی عەرەب، ئۆلیڤەر دالاکی لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی فەرەنسا راو بۆچوونی خۆیان دەربڕی و سوپاسی پێشوازی و میواندارێتیی ئێمەیان بە بەرز نرخاند، پاش کۆتایی هاتنی دانیشتنەکە کە پێشووتر بەرنامەڕێژیمان بۆ کردبوو سەردانی بەشێك لە دەزگا جیاجیاکانی راگەیاندنی کوردستانمان کرد لە هەولێر بە یاوەریی برایانی هەردوو لیژنەی چاودێری و بەرزەفتی سەندیکا کە تێیدا ویستم شاندی میوان گوڵە رەنگاورەنگەکانی کوردستان ببینن و سەردانەکانیش ماوەی (٣) کاتژمێری برد، بۆ پشوو و حەوانەوە چەند ژوورێکی تایبەتی ئوتێل (هەورامان)م بۆ دابین کردن بە پاسەوانیشەوە، لە هەمان کاتیشدا دیسان کە پێشووتر بەرنامەڕێژیی بۆکرابوو نزیکەی (٢٠٠) رۆژنامەنووسی کوردستان کە بریتی بوون لە ئەنجوومەنی سەندیکا و لیژنەکان و سکرتێری لقەکانی سەندیکا و لێپرسراوی دەزگاکانی راگەیاندن لە کوردستان بە جیاوازیی بیروڕای سیاسی و نەتەوەیی و چەندین رۆژنامەنووسی خاوەن قەڵەمی دیار، لە هەمان کاتدا داوام لە کاك فەرید ئەسەسەرد کرد کە نەقیبی یەکێتیی رۆژنامەنووسانی کوردستان بوو پێش یەکگرتنەوەی هەردوو رێکخراوەکە کە ئەویش ئامادەی ئەو پێشوازی و

کەرنەڤاڵە هەمەڕەنگە بێت، ئەم ئێوارەیە بۆ شاندی میوان ئامادەکرابوو لە ڕێستورانتی هەولێر لەسەر ڕێگای عەنکاوە کە ئەم شەوە بەتەواوی بۆ ئێمە (حجز)کرابوو بە ئامادەبوونی تیپی مۆسیقا و تیپی هەڵپەڕکێی میللی و چەند گۆرانیبێژێك، جوانترین و ڕێکوپێکترین کەرنەڤاڵی ئاهەنگ و مۆسیقای کوردستانیمان پێشکەش بە شاندی میوان کرد کە تێیدا دیسان ئایدن وایت لە ڕێگای مایکرۆفۆنەوە وتەیەکی ئاراستەی ئامادەبووان کرد و گوتی (یەکێ لە شەوە خۆشەکانی ژیانمە کە لەنێوان ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەسەردەبەم، هیوادارم وڵاتەکەتان پێشبکەوێت و نەهامەتییەکانتان لەبیر بچێتەوە و کارە ڕۆژنامەنووسییەکانتان بە ئازادی لە چوارچێوەی یاسا پەرەی پێ بدەن، سوپاسی سەندیکا و سەرۆکی سەندیکاتان دەکەم کە ئەم دەرفەتەی بۆ ڕەخساندین، بەهیوای پاشەڕۆژێکی باشتر بۆ هەموو لایەك). ئاهەنگ و نانخواردنەکە تاکو نزیکەی کاتژمێر (١١)ی شەوی خایاند و (مەی)ـی تێدا نەخورایەوە، لە گەڕانەوەشدا بۆ ئوتێل هەورامان تاکو ژووری نووستنەکانیان لەگەڵیان بووین، سەرلەبەیانیی ڕۆژی دووەمیش بەپێی بەرنامە سەردانی چەندین کەناڵی ڕاگەیاندنی دیکەی کوردستانمان کرد کە تاکو کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆی خایاند، دیسان بەپێی بەرنامە لە بارەگای ئەنجوومەن ڕێوڕەسمی ماڵئاواییمان بۆ ڕێکخستبوون کە لە سەرەتادا چەند دیارییەکی کوردەواری کە بریتی بوون لە (تابلۆی فەرشی هەڵپەڕکێی کوردی، گەزۆی سلێمانی)، ئەوجا بەوپەڕی ڕێزەوە بەڕێکران و تاکو لای قوشتەپە بە خۆم و هەندێ لە برایانی ئەنجوومەنی سەندیکا و لیژنەکانی، لێرەدا ڕۆڵ و ماندووبوونی برای خۆشەویستم خوالێخۆشبوو (تارق ابراهیم شریف) ئەندامی سەندیکا لەبیر ناکەم کە ڕۆژی ٢٠٠٤/١/٢١ ناردمانە بەغدا بۆئەوەی یاوەریی شاندی میوان و ئامادەکارییەکانی پێویستیی و ئۆتۆمبێل و ڕێگا لە ئەستۆ بگرێت کە زۆر سەرکەوتووانە کارەکەی ئەنجام دابوو، لە هەمان کاتیشدا ڕۆژنامەنووس کاك ئومێد کە ئەویش لە گەڕانەوەی شاندەکە یاوەرییانی کرد تاکو بەغدا، لێرەدا ئەو سەردانەی سکرتێری گشتیی IFJ و شاندی یاوەری لەسەر ئاستی سیاسی

و ڕۆژنامەگەری و نیشتمانی و نەتەوەیی بووە پاڵپشتییەکی مەعنەویی گرنگ بۆ گەلی کوردستان.

پاش چەند ڕۆژێك لە گەڕانەوەی شاندەکە ڕووداوێکی دڵتەزێن ڕوویدا لە شاری هەولێر بەهۆی ئەو تەقینەوە خۆکوژییەی کە لە مەڵبەندی هەولێری یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕوویدا کە بووە هۆی شەهید بوونی دەیان مرۆڤی دڵسۆز و تێکۆشەری کوردستان لە ئاکامی خۆتەقاندنەوەی خۆکوژی دوو تیرۆرستی سەر بە تاقمە تیرۆرستییەکان کە ئاینی پیرۆزیان کردۆتە ئامرازی کاری بەدەڕەوشتی و تیرۆر و تۆقاندن، پێش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە کە ڕۆژی یەکەمی جەژنی قوربان بوو بەسەردانێکی کۆمەڵایەتی بەبۆنەی جەژن پاش کۆچی دوایی دایکی هاوڕێی ئازیزم خوالێخۆشبوو (عیماد عەلی کەسرە) سەردانی ماڵی ئەوانم کرد، پاش کەمێ دەنگۆی تەقینەوەکانی لق و مەڵبەند بڵاوبوویەوە، بۆیە بە هەڵەوداوان دانیشتووانی ماڵی کاك عیماد هاتینە دەرەوە و من یەکسەر بەرەو لق دەچووم چونکە لەو شوێنەی ماڵی کاك عیماد نزیك بوو، بەڵام چ دیمەنێك قەرەباڵغییەکی زۆر، دەنگی ئۆتۆمبێلی اسعاف، گواستنەوەی بریندار و شەهید و گوێبستی ڕستەی براڕۆ و کاکەڕۆ و باکەڕۆ و ئەوی هاوار دونیای پڕکردبوو، نەت دەتوانی پرسیار بکەی، کەس ئاگای لە کەس نەبوو دەتگوت قیامەت ڕوویداوە، لە ڕێگاوە بە مۆبایل پەیوەندیم بە پەروینی هاوسەرم و ڕێکانی کوڕم کرد کە ئەوکاتە وەکو دکتۆر لە نەخۆشخانەی جمهوری دەوامی دەکرد، ڕێکان دەنگی نەبوو، بەڵام پەروین لە وەڵامی تەلەفۆنەکەی من شڵەژاویی پێوە دیاربوو، بەڵام مژدەی ئەوەی پێدام کەوا (ساسان)ـی برام سەلامەتە، ئەوکاتە ساسان ئەندامی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، ڕووداوەکە مرۆڤی تووشی شۆك دەکرد، لە سەرەتادا زانرا کە خوالێخۆشبووان کاك سامی عبدالرحمن و سعدالله عبدالله و مەهدی خۆشناو و ئەکرەم مەنتك و مەحمود هالۆ و شەوکەت شێخ یەزدین شەهید بوونە، خۆمم پێ ڕانەگیرا بەرەو

خەستەخانەی جمهووری چوم لەوێش قیامەت هەڵسابوو، هەر دەقیقەیەك و ناوێکی تازەت بەرگوێ دەکەوت کە شەهیدە یاخود برینداره ئەوجا بە تەلەفۆن دیسان لە رەوشی مەڵبەندم دەپرسی و لە سەرەتادا زانیم کەوا کادری پێشکەوتووی یەکێتی و پێشمەرگەی دێرین شاخەوان عەباس شەهید بووە، پاشان ناوی هاورێی دێرینم کاك عەدنان موفتی دەهات کە گوایە شەهید بووە، بەڵام لە خوا بەزیاد بێت رزگاری ببوو، بەڵام بە سەختی بریندار ببوو، بۆ رۆژی دواتر سەردانێکی تایبەتیم کرد، تاکو درەنگانی ئێوارە خۆم بۆ رانەدەگیرا لێرە بۆ زانینی زانیاری دەربارەی ئەو کارەساتە جەرگ برە.

پاش نیوەڕۆ ئاسمانیش فرمێسکی دەباراند، ئەوجا کەژاوەی هەڤاڵان و دۆستان و ناسیاوان و برادەرانی شەهیدان بەرەو گۆڕستانەکانی هەولێر دەچوون، من خۆم لە کەژاوەی بەڕێکردنی هاورێی دێرینم مەهدی خۆشناو و کاکە دکتۆر زەردەشتی کوڕی کاك مەهدی کە هەم برادەری گیانی بەگیانیی دکتۆر رێکانی کوڕم بوو کە هەردووکیان لەسەرەتادا بەهۆی شەڕی ناوخۆوە لە ساڵی خوێندنی ١٩٩٥-١٩٩٦ لە زانکۆی دهۆك لە کۆلیژی پزیشکی پێکەوە دەیانخوێند و بیریشم ناچێت کە زەردەشتی شەهیدی جوانەمەرگ کاتی کە تووشی جەڵتەی دڵ هاتم و گوێزرامەوە بەشی بووژانەوەی دڵ لە خەستەخانەی جمهوری کاکە زەردەشت تاکو بەیانیی رۆژی دوایی بەدیارمەوە ئێشکگربوو، بۆ کۆچی دوایی ئەو پەپوولە شەهیدە بەدڵ گریام.

وەکو سەندیکای رۆژنامەنووسانیش (پۆل)ێك لە ئەندامانی سەندیکایەکەمان شەهید بوون کە بریتی بوون لە شەهیدان (شەوکەت شێخ یەزدین، مامۆستا سعد عبدالله، کامەران محمد عومەر، سەلاح سەلیم سەیدۆك، مەهدی خۆشناو، عبدالستار کریم، ناسیح سەلیم حەمەد، ایوب محمد ساڵح، سەفیر نادر، غەریب محمد ساڵح)، لە بۆنە تایبەتییەکانی سەندیکادا ئەوەی پێمان کرا و لەدەستمان هات بۆ خێزانی شەهیدەکانی ئەندامانی سەندیکا کردمان، و لە هەموو بۆنەکانیشدا ئەم خێزانانەمان بە رێزەوە بەسەردەکردەوە و

هەوڵی جدیشمان دەدا کەوا یارمەتیی ماددی بۆ خێزانی رۆژنامەنووسانی شەهید پەیدا بکەین، ئەوەبوو بە هەوڵ و کۆششێکی بێ ووچان توانیمان لە رێگای سکرتێری پەوەندییەکانی دەرەوە برە پارەیەك کە بریتی بوو لە (٥٤٠٠$) لە رێکخراوی (رووری پیك)ی بەریتانی وەربگرین کە تەرخانی کردبوو بۆ خانەوادەی شەهید و بریندارانی رۆژنامەنووسی کارەستای ١ی شوبات کە تێیدا لەگەڵ هەندێ لە برادەرانی ئەنجوومەن و لیژنەکانی گردبوونەوەیەك لە بارەگای سەندیکا لە هەولێر لە رۆژی ٢٠٠٤/١٢/٢ رێکبخەین، کە تێیدا هەوڵ و کۆششی سەندیکا لە رێگای لقی ئەورووپاوەم بۆ ئامادەبووان روونکردەوە لە پیەدا کردنی ئەم یارمەتییە و دەستەبەرکردنی یارمەتیی دیکە بۆ خانەوادەی شەهید و بریندارانی رۆژنامەنووس، لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەو راستییە بۆ خوێنەری بەرێز روون بکەمەوە ئەوەی دەیەوێ لە کارو چالاکی و بەخشش و یارمەتیی رۆژنامەنووسان و بەدیهێنانی دستکەوت بۆیان و گەڵاڵەکردنی پرۆژەیاسای خانەنشینیی رۆژنامەنووسان و هەوڵی بێوچان لە پێناو چەسپاندنی ئازادیی رۆژنامەنووسی چ بە داکۆکی کردن لە مافی رۆژنامەنووسان لە دادگا و دەرەوەی دادگا (کە هەندێکیان قەناعەتیشمان پێ نەبووە) لەگەڵ هێنانەوەی ئەو دەسپێشخەرییەی کە خۆی لە بڕیار و ئامادەکردنی راپۆرتی شەش مانگی بە ناوی (راپۆرتی لیژنەی داکۆکی لە ئازادیی رۆژنامەنووسی و دابینکردنی مافی رۆژنامەنووسان) کە هەموو شەش مانگێك لە کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان بەرامبەر دەزگاکانی راگەیاندن لە کوردستان بڵاودەکرایەوە کە پێشووتر چاپکرابوو، ئەوجا لەسەرەتادا خۆم بەرامبەر رۆژنامەنووسان و دەزگاکانی راگەیاندن رامدەگەیاند کەوا ئەو راپۆرتە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتی ئەنجوومەنی سەندیکا ئامادەکراوە، بەڵام (بەرپرسی یەکەم بەندەیە بەرامبەر مێژوو و تەحەمولی هەموو کاردانەوەیەکی دەکەم)، پاشانیش وەکو لە شوێنێکی دیکە نیشاندراوە ئێمەی ئەنجوومەنی سەندیکا بە هاوکاریی هەندێ لە پسپۆران و مامۆستایانی زانکۆ و رۆژنامەنووسی بەئەزموون لەپشت گەڵاڵەکردنی پرۆژەی یاسای کاری

رۆژنامەنووسی لە کوردستان کە پاشان بە یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی ( ٢٠٠٧) دەرچوو کە ئەمەش چیرۆکێکی تایبەتیی خۆیی هەیە کە پاشان دێمەوە سەری لەبەر گرنگیی بابەتەکە، ئەوجا ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئەگەر خوێنەر بییەوێ لەو هەموو کارە گەورانەی سەندیکا ئاگادار بێت هەر لە رۆژانی کۆنگرەی یەکەم کە لەنێوان ٢٧-١٩٩٨/١٢/٢٩ بەسترا تاکو بەستنی کۆنگرەی گشتیی سێیەم کە لە مانگی تەممووزی ساڵی ٢٠١١ لە هەولێر بەسترا دەتوانی بگەڕێیتەوە بۆ بڵاوکراوەکانی سەندیکا لەو ماوەیەدا کە بریتین لە گۆڤارەکانی (رۆژنامەڤانی، رۆژنامەنووس، الصحفی، دۆسییەکانی هەر (٥) کۆنگرەی سەندیکا سەرەڕای پەرتووکی (سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، تەمەنێکی کەم.. بناغەیەکی پتەو.. بەرەو دواڕۆژێکی گەشتر) لە ئامادەکردنی فەرهاد عەونی، مستەفا ساڵح کەریم، حامید محمد عەلی-٢٠١١) کە دەتوانم بڵێم لە رۆژگاری ئەمڕۆ و لە ئایندەدا نامەی ماجستێر و دکتۆرای لەسەر بنووسرێ، چونکە لە راستیدا ئەزموونێکی دەوڵەمەند و بەخششتێکی زۆر سەرەڕای ئەو پڕۆژەیاسایانەی کە لە بەرژەوەندیی رۆژنامەنووسان و چەسپاندنی ئازادیی رۆژنامەنووسی کە ئامادەی کردوون.

پێش رووخان و پاش رووخانی رژێمی سەدام چەند بابەتێك هەیە کە پەیوەندە بە خۆم و دەمەوێ باسی لێوە بکەم، باسکردنەکەشیان بۆ هیچ مەبەست و ئاراستەیەك نییە بەڵکو گێڕانەوەی بابەتی رۆژگارێکە کە پەیوەندیی بە خودی منەوە هەیە و بە باشی دەزانم لە لاپەڕەکانی ئەم بیرەوەرییانە باسی لێوە بکەم وەکو خۆی، مەبەستیشم تەنها باسکردنە نە رەخنەیە و نە (خوانەخواستە) زڕاندنی ناو و پێگەی پەیوەندیدارانی ئەو بابەتانەیە.

لە سەرەتای پایزی ساڵی (٢٠٠٢)دا بەڕێز هۆشیار زێباری ئەندامی مەکتەبی سیاسیی (پ.د.ك) کە لەپاش راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ئاشنایەتیم لەگەڵ پەیداکرد و چەند جارێك لەنێوان ساڵانی (١٩٩٣-٢٠٠٠) لە رۆژنامەی برایەتی دیمانەی رۆژنامەنووسیم لەگەڵ کردووە و بە حوکمی ئەوەی

لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی بوو وەکو گوتم لە سەرەتای پایزی ساڵی ٢٠٠٢ لە ڕێگای تەلەفۆنەوە داوای لێکردم کە سەردانێکی بکەم، ئەوەبوو پاش دوو ڕۆژ سەردانی بەڕێزیانم کرد و لە گفتوگۆیەکی دۆستانە هاتە سەر ئەسڵی مەبەست و گوتی (من هەر لە سەردەمی ڕۆژنامەی برایەتی تۆم کەوتۆتە بەر دڵ و بەهۆی ڕێکوپێکی و ڕاپەڕاندنی ئەرك و کارەکانی ڕۆژنامەی برایەتی چەند جارێکیش لەگەڵ کاك جەوهەر نامق باسم کردووە وابزانم ئێستا ئیشوکارت کەمە تەنها نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی کە ئەویش کاتت زۆر نابات، ئێستاکە بیرۆکە و بڕیارێك هەیە بە فراوان کردن و کاراکردنی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە کە تێیدا سەرۆك مەسعود بارزانی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیی دەکات و منیش لێپرسراوی ئەو مەکتەبە دەبم، بەڵام خۆت دەزانی ئەم مەکتەبە پێویستیی بە کەسێکی دڵسۆز و ڕۆشنبیر و ئاگادار لە سیاسەت و لە کارگێڕی هەیە، وەکو پێم گوتی تۆم لە زەمانی کارکردنت لە ڕۆژنامەی برایەتی کەوتۆتە بەر دڵ، لەم مەکتەبە پێویستی بە (رئیس ارکان)ێك هەیە کە ئیدارەی ئەم مەکتەبە بکات بەتایبەتیش خۆت ئاگاداری جەنابی کاك مەسعود-ی هەمیشە سەرقاڵە و بەندەش زوو زوو سەفەری دەرەوەی سیاسی دەکەم، بۆیە ئەرکی ئیدارەکردنی ئەم مەکتەبە لە هەموو ڕوویێکەوە دەکەوێتە ئەستۆی تۆ، جەنابی کاك مەسعودیش (تۆی بەدڵە) هیوادارم ئەم ئەرکە قبووڵ بکەی کە لە بەرژەوەندیی مەکتەبە و بێگومان بەرژەوەندیی تۆشی تێدایە)، منیش لە وەڵامدا گوتم (زۆر سوپاس و پێزانینم هەیە بۆ جەنابی کاك مەسعود و ئەوجا بۆ جەنابیشت بۆ دەستنیشان کردنی بەندە بۆ ئەم کار و ئەرکە بەرچاو و گەورەیە کە ئەمەش مایەی دڵخۆشیی منە، بەڵام کاك هۆشیار لە ڕاستیدا ئەم ئەرکە بۆ پیاوێك دەشێت کەوا بە تەواوی (متفرغ) بێت چونکە ئیشەکە گەورەیە و ڕۆژانە هەموو کاتت دەبات، خۆشت دەزانی من وەکو نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئەرکێکی زۆرم لەسەرە و ڕۆژانە بە پێچەوانەی سەرجەم ڕێکخراو و یەکێتی و سەندیکایەکانی کوردستان دوو دەوامی تەواو دەکەین، سەرەڕای ئەوە جەنابت

دەزانی ڕۆژنامەنووسانی ئەمڕۆ چەند کێشەیان هەیە کە من بە تەواوی بۆ ئەم بەرپرسیاریێتییە (موتەفەرغ)ـم و هیچ ئیشێکی دیکەشم پێ ناکرێ، سەرەڕای ئەوەش لەگەڵ چەند مامۆستایەکی زانکۆ و ڕۆشنبیر و ئەندامی مەکتەبی دیراسات و لێکۆڵینەوەم لەبەرئەوە داوای لێبوردنتان لێ دەکەم و دەبێت بمبورن لە وەرگرتنی ئەم ئەرکە)، کاك وشیار لەسەرەتادا باوەڕی نەدەکرد کە بەندە ئەم لێپرسراویێتییە قەبووڵ نەکەم، بۆیە بە جۆرە سەرسوڕمانێکەوە گوتی (کاك فەرهاد خەڵکانێك لە ئاستی بەرز ئارەزووی ئەم شوێنە دەکەن، تۆ چۆن بە ئاسانی دەستبەرداری دەبیت، ئەم ئیشە ئیشێکی گەورەیە و دواڕۆژی باشی بۆ تۆ دەبێت)، منیش لە درێژەی گفتوگۆیەکاندا گوتم (ناتوانم سەندیکا بەجێبهێڵم سەرەڕای ئەوەی هیچ دەستکەوتێکی دارایی نییە، لێپرسراویێتییەکە کارێکی خۆبەخشە، بەڵام من لە کۆنگرە متمانەی ڕۆژنامەنووسانم وەرگرتووە، ناتوانم بەجێیبهێڵم)، ئەوجارە کاك وشیار بە جدیترەوە گوتی (کاکی خۆم ئەکید تۆ جێگر و سکرتێرت هەیە، ستافی ئیدارەت هەیە، ڕۆژانە دەتوانی سەعاتێك بۆ ڕاپەڕاندنی کاری سەندیکا تەرخان بکەیت ماعەدای ئەمە تەلەفۆن هەیە دەتوانی تەنها بە تەوجیهات ئیشوکارەکان بڕوێنی تاکو کۆنگرە ئەوجا بەتەواوی بۆ ئێرە تەفەروغ بکە)، منیش دیسان لە وەڵامدا گوتم (کاك وشیار زۆر سوپاس بۆ ئەم جەختکردنە، بەڵام وەکو خسڵەتێکی شەخسیم ناتوانم ئەگەر هەر ئیشێك لەئەستۆ بگرم بەتەواوی خۆمی بۆ تەرخان نەکەم، سەرەڕای ئەوەش ئەو لێپرسراویێتییەی ئەم مەکتەبە هەر هیچ نەبێت پێویستیی بە زانینی پێرفێکتی زمانی ئینگلیزی هەیە، منیش بایی ئەوەندە لەو زمانە دەزانم کە لە کاتی پێویستدا خۆمی پێ ڕزگار بکەم، ناشکرێ بە درێژایی کات (موتەرجم)ـت لەتەك بێت، جارێکی دیکە لەگەڵ سوپاس و پێزانینێکی زۆرەوە سوپاستتان دەکەم و هیوادارم برادەرێکی گونجاوی دیکە بدۆزنەوە بۆە ئەم ئەرکە گەورەیە، دیسان داوای لێبوردنتان لێ دەکەم)، کاتێ کە ویستم دوعاخوازی بکەم کاك وشیار بەدەم زەردەخەنەیەکەوە گوتی (کاك فەرهاد فرسەتێکی گەورە لەکیس خۆت دەدەیت)، لە ڕاستیدا سەرەڕای ئەوەی کە ئەندامی مەکتەبی توێژینەوە و

لێکۆڵینەوەی ناوەندی بووم لەوێش تەنها بەتەنگ ئامادەکردنی بابەت و کتێبی هەمەجۆری سیاسی، مێژوویی، جوگرافیای کوردستان، نەوت، ژیانی سیاسی لە عیراق و کوردستان کە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرابوو، هیچ ئەرك و کارێکی حزبیم نەدەکرد چونکە لە راستیدا وەکو لە پێشەوە باسم لێوەکردووە (بە جۆرێك لەم بڕیارە دیراسەت نەکراوە–بڕیاری دەرکەنارکردنم لە رۆژنامەی برایەتی) نیگەران بووم کە هیچ بابەت و لێپرسراوێتییەکی دیکە قەرەبووی نەدەکرد و نیگەرانییەکەشم لەوەدا خۆی بەرجەستەکردبوو کە هیچ هۆکارێکی مەعقول لە دوورخستنەوەکەم دا نەبوو، وابزانم زۆری پێنەچوو رۆژێکیان خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر نامق سالم لە رۆژێکی مانگی نیسانی ساڵی ٢٠٠٢ پێی راگەیاندم کەوا جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی و کاك نێچیرڤان بارزانی بە کاك جەوهەریان گوتووە کەوا بەندە تەبلیغ بکات کەوا خۆم ئامادە بکەم بۆ وەرگرتنی بەرپرسیارێتیی مەکتەبی پارتی دیموکراتی کوردستان لە (قاهیرە)ی پایتەختی میسر و دەبێت لە ماوەی (١٥) رۆژدا خۆم ئامادە بکەم، لە راستیدا ئەم ئەرکەم تا رادەیەکی گەورە بەدڵ بوو چونکە پێشووتریش هەر لە ساڵی (١٩٧٣)وە وڵاتی میسرم دیوە و ئە ئەرکەش لای من لەگەڵ ئارەزووم دەگونجا، کاتێ هاتە ماڵەوە لەگەڵ پەروینی هاوسەرم باسی مەسەلەکەم کرد و پێم راگەیاند بەتەنها سەفەر دەکەم، پاش ئەو ماوەیەش ئەویش لەگەڵ خۆم دەبەم، بەتایبەتی رێکان و لانە هیچ کێشەیەکی ئەوتۆی خوێندنیان نەبوو، لە هەمان کاتیشدا بڕیار وابوو تاکو کۆنگرەی سێیەمی سەندیکا (پێش یەکگرتنەوەی سەندیکا و یەکێتیی رۆژنامەنووسانی کوردستان لە یەك رێکخراودا) کە ماوەکەی نزیك بوو هەموو لێپرسراوێتییەکەی خۆم دابەش بکەم لەسەر جێگر و سکرتێری سەندیکا، کاك جەوهەر لە درێژەی قسەکانیدا گوتی لە ئایندەدا دەتوانی ستافێکی دوو سێ کەسی لە قاهیرە پەیدا بکەین بۆ یارمەتیدانت، ماوەی یەك دوو مانگی پێچوو هیچ خەبەر دەربارەی ئەم بابەتە نەبوو کە (جەنابی کاك مەسعود بارزانی و کاك نێچیرڤان بارزانی سەرەڕای ئاگادارکردنەوەم بەهۆی خوالێخۆشبوو کاك جەوهەرەوە و پیرۆزباییشیان

لێکردبووم)، بەڵام پاش ماوەیەك خوالێخۆشبوو عومەر بۆتانی کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو ئەو بۆ ئەم شوێنە (مەکتەبی قاهیرە) دانرا، بێئەوەی (عوزرخواییەك) بۆ بەندە بهێننەوە لە کاتێکدا ئەوان خۆیان بەندەیان لەسەرەتادا دەستنیشان کردبوو و لە ڕێگای خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر نامق ئاگادار کرام و من خۆم بە هیچ شێوەیەك بیرم لەم مەسەلەیە نەکردبۆوە و داوای هیچ جۆرە وەزیفە و ئەرك و لێپرسراوێتییەکی حزبیم نەکردبوو، کە دەڵێ (عوزرخواییەك)یشیان بۆ نەهێنامەوە مەبەست ئەوەیە تۆ کاتێ بابەتێکی لەم جۆرە بە کادرێکی خۆتی دەگەیەنی لە ڕێگای سکرتێری مەکتەبی سیاسی خۆ لە شان و شەوکەتی کەس کەم ناکات، ئەگەر هەر هیچ نەبێت لە نەبوونی ئاگادارت بکەنەوە و هۆکاری نەبوونەکەشت بۆ روون بکەنەوە، (لێرەدا ڕووداوێکی سەیروسەمەرەی ڕۆژگاری پاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ دەگێرمەوە کە حزبی شیوعیی عیراقی لە بەرەی نیشتمانی (الجبهة الوطنية) بوو لەگەڵ حزبی بەعس، لەو کاتەدا پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول بەهۆی خیانەتنامەکەی (٦)ی جەزائیرەوە ڕوویدا سەنگی حزبی شیوعی لەگەڵ بەعسییەکاندا لە کەمیدا بوو، لەو کاتەدا وابزانم هاوینی ساڵی ١٩٧٧ بوو ڕۆژنامەی (طريق الشعب) وەکو گلەییەك دەربارەی بەرنامەیەکی رادیۆی بەغدا کە بەناوی ڕۆژنامەکانی (أقوال الصحف) کە ڕۆژانە سەرلەبەیانی پەخش دەکرا تێکڕا باسی نووسین و هەواڵەکانی ڕۆژنامەکانی (الثورة، الجهورية، العراق) دەکرێ بێئەوەی ناوی ڕۆژنامەی (طريق الشعب) زمانحاڵی ئەو دەمەی حزبی شیوعی بهێنێ گلەییەکە وەکو لە ڕۆژنامەکەی حزبی شیوعیدا هاتبوو نووسیبووی (ڕۆژانە رادیۆی بەغدا لە بەرنامەی أقوال الصحف باسی هەواڵەکانی ڕۆژنامەکانی الثورة، المجهورية، العراق دەکات بێ بەلای ڕۆژنامەکەی ئێمە (طريق الشعب) تێپەڕێ کە ئەمەش گیانی بەرەی نیشتمانی ڕێك ناکەوێ بۆیە ئەگەر لاتان زەحمەتە هەواڵە گرنگەکانی ڕۆژنامەی (طريق الشعب) بە کورتی بڵاوبکەنەوە هیوادارین کە لەمەولا هیچ نەبێت لە بەرنامەکەدا بڵێن (دەرمانخانە ئێشکگرەکانی ئەمشەو لە شاری بەغدا وەکو لە ڕۆژنامەی (طريق الشعب) هاتووە ئەمانەن). برانیە خۆ

باسکردنەکە هیچی تێناچێت بۆ ئێوە، بەڵام بۆ ئێمە بە ناوهێنانەکە کەمێ دڵخۆش دەبین)، منیش کە دەڵێم هەر هیچ نەبا یان دیسان یان لە ڕێگای کاك جەوهەرەوە کە ئەو دەستنیشان کردنەکەی ئەوانی پێ ڕاگەیاندم کە عوزرخواییەکیان بۆ بهێنابامەوە یاخود دەیانتوانی لە ڕێگای تەلەفۆنەوە بە خۆمیان ڕاگەیاندبا چونکە بەش بە حاڵی خۆم ئەم مەسەلەیە کە کۆتاییەکەی بەم شێوەیە هات لە ڕاستیدا بریندارى کردم، بەڵام دیسان ئەمە یەکەم و دواجار نەبوو کە ڕووبەڕووی من دەبۆوە بێئەوەی ئاگادار بم یاخود بەهیچ شێوەیەك هەوڵم بۆ دابێت.

سەرلەبەیانیی ڕۆژێکی کۆتایی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠١ شەهید (شەوکەت شێخ یەزدین) کە بەڕاستی مرۆڤێکی دڵ فراوان، بەخشندە، دەم بە پێکەنین، ئاقڵمەند و وردبین (دەربارەی ئەو کەسایەتییە چەند بنووسرێ هەر کەمە) بە تەلەفۆن پێی ڕاگەیاندم کەوا لە ئەنجوومەنی وەزیران چاوەڕوانم دەکات بۆ کارێکی پێویست، ئەوکاتەش خوالێخۆشبوو بە گەیشتنم لە نهۆمی خوارەوە و لە مەکتەبی تایبەتیی خۆی پێشوازییەکی گەرمی لێکردم، ئەوجا پاش گفتوگۆیەکی زێدە دۆستانە هاتە سەر خودی ئەو مەسەلەیەی کە منی بۆ بانگ کردبوو و گوتی (کاك نێچیرڤان ڕێزێکی تایبەتیی بۆت هەیە و دەڵێ فەرهاد کادرێکی سەرکەوتووە بۆیە بڕیاری داوە کەوا ئەرکێکی تازەت بخاتە سەر شان، ئەرکەکەش بریتییە لە دامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵای وەرزش لە کوردستان و تۆی دەستنیشان کردووە بۆ سەرۆکی ئەو ئەنجوومەنە، هیوادارم قبووڵی بکەی)، لە ڕاستیدا بابەتەکە بۆ من موفاجەئە بوو چونکە ڕۆژێك لە ڕۆژان بیرم بۆ مەسەلەیەکی لەم جۆرە نەچووە، ڕاستە من لە قۆناغی قوتابخانەی سەرەتاییم لە تیپی دێدەوانی (کشافە) ئەندام بووم و لە قۆناغی ناوەندی زۆرم حەز لە وەرزش دەکرد بەتایبەتیش لە یاریی فتبۆڵ و لە ساڵانی ١٩٦١-١٩٦٣ لە هەڵبژاردەی تیپی تۆپی پێی سانەویی کۆیە بووم و زۆر جاریش لە پێکهاتەی تیپی هەڵبژاردەی کۆیە بەشداریم دەکرد و ساڵی ١٩٧٤یش لەناو

شۆڕشی ئەیلول بەڕێوەبەری گشتیی لاوان بووم کە تێیدا بۆ یەکەم جار لە مێژووی تیپی پیٚ هەڵبژاردەی کوردستانی تۆپی پێمان دامەزراند کە لە چەند یاریی دۆستانەدا لەگەڵ سیٚ تیپی ئێرانی ئەنجام دا، بەڵام سەرەڕای ئەمانە ماوەیەکە دوورم لەم بوارە، بۆیە بە کاك شەوکەتم گوت (من زۆر سوپاسی کاك نێچیرڤان بارزانی دەکەم دەربارەی ئەوەی کە ئەم کارەم پیٚ دەسپێریٚ، بەڵام من دوورم لەم بوارە)، ئەوجا خوالێخۆشبوو کاك شەوکەت کە هەمیشە دەم بەپێکەنین بوو گوتی (کاکە فەرهاد تۆ پیاوێکی ئیداری و پاکی، ئێمە ساڵانێکە دەتناسین، دەزانم ئەو برادەرانەی ئێمە کە لێپرسراوێتییان هەیە چۆن کار دەکەن، ئیشەکانی تۆمان بەدڵە و دیسان هیوادارم ئەم تەکلیفە ڕەت نەکەیتەوە)، خودا وەکیلە کاك شەوکەت قسەکانی هەندە شیرین و بەتام بوون کە نەدەکرا لەبەر خاتریی کاك نێچیرڤان و خوالێخۆشبوو کاك شەوکەت ئەم لێپرسراوێتییە ڕەت بکەمەوە، بۆیە پاش گفتوگۆیەکی تێروتەسەل ئەرکەکەم قبووڵکرد، کاتیٚ کاك شەوکەت گوێی لە ڕەزامەندیی من بوو بە وەرگرتنی ئەم لێپرسراوێتییە (سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای وەرزش) دەستی بۆ تەلەفۆنەکەی بەردەمی برد و یەکسەر پەیوەندیی بە کاك نێچیرڤانەوە کرد و گوتی (ئەزبەنی کاك فەرهاد ڕازییە بە وەرگرتنی ئەو کارە و ئێستا ئەوەتا لام دانیشتووە)، دیاربوو کاك نێچیرڤان گوتبووی هەر ئێستا پێکەوە وەرن بۆ سەرەوە، بۆیە کاتیٚ کاك شەوکەت تەلەفۆنەکەی دانا ڕووی تێکردم و گوتی (فەرموو با بچینە سەرەوە بۆ لای کاك نێچیرڤان). لەنێوان چوونمان بۆ نهۆمی سەرەوە چونکە مەکتەبی خوالێخۆشبوو کاك شەوکەت لە خوارەوە بوو بیرم لە مەسەلەکە دەکردەوە داخوا ئاکامی ئەم کارە بە کویٚ دەگات، بە گەیشتنمان بۆ لای کاك نێچیرڤان زۆر بە گەرمییەوە پێشوازیی لێکردم و یەکسەر چووین بۆ سەر ئەو مێزەی کە لە خوارەوەی ژووی ئۆفیسەکەی خۆی دانرابوو کە بریتی بوو لە مێزێکی مامناوەندی بە (١٥) کورسییەوە و یەکسەر هاتە قسە و گوتی (لام خۆش بوو کە ئێستاکە کاك شەوکەت ڕەزامەندیی تۆی پیٚ ڕاگەیاندم، مادام تۆ ئەم ئیشەت قبووڵ کرد با کاك شەوکەت شاهێد بێت وەزیرییەکەت لە ئەستۆی

من بێت تۆ مەغدووری و دەمێکە ئەم وەعدەم داوە، بەڵام تاکو ئێستاکەش ڕێك نەکەوتووە، چەند جارێکیش فرەنسۆ هەریری قسەی لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵم کردووە، بەڵام دیسان وەعد بێت وەزیرییەکەت عائیدی من بێت و لە دەرفەتێکی گونجاو بۆتی جێ بە جێ دەکەم)، لە وەڵامدا منیش گوتم (کاك نێچیرڤان من بە سوپاسەوە ئەو ئەرکە قبووڵ دەکەم، بەندە سەربازێکی پارتییە لە هەر شوێنێك کارتان بە بەندە هەبێت جێبەجێی دەکەم ئەگەر لەگەڵ توانا و ئارەزووی من ڕێك بکەوێت، بەنسبەت دەستنیشان کردنیشم بۆ پۆستی وەزیری کارێکە ئێوە بڕیاری لێ دەدەن بەنسبەت منەوە قەت خۆم داوام نەکردووە، بەڵام هەر لە ڕێگای بەڕێزتانەوە لە کابینەی یەکەمەوە ئەم وەعدەتان پێدابووم کاتی خۆی کە خوالێخۆشبوو فرەنسۆ هەریری ڕۆژی ١٩٩٢/٧/٢١ هاتە پرسەکەی باوکم ئەو ڕاسپاردەی بەڕێزتانی پێ ڕاگەیاندم کە ئایا ڕازی دەبم پۆستی وەکیلی ڕۆشنبیری وەربگرم، منیش ئەوکاتە بە کاك فەرنسۆم گوت کە من سەربازی پارتیم و ئامادەی هەموو ئەرك و لێپرسراوێتییەکم کە ئێوە تەکلیفم بکەن بە مەرجێ لەگەڵ توانا و ئارەزووی من بگونجێ، بەڵام پاش ماوەیەك کە کابینەی یەکەم دامەزرا برادەرێکی دیکەتان لەو شوێنە دانا و هەر بەڕێزتان ئەوکاتە بە منت گوت "کاك جەوهەر نامق حەزی نەدەکرد ئەم پۆستەت پێ بدرێ نەوەك نەتوانی لەگەڵ شەخسی کاك شێرکۆ بێکەس بگونجێی" ئەگەر لەبیرتان بێت ئەو کاتە بە جەنابتم گوت "من کاك شێرکۆ دەمێکە دەناسم لە قۆناغی ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ هەردووکمان پێکەوە لە ئەمانەتی گشتیی ڕاگەیاندن و لاوان و ڕۆشنبیری کارمان کردووە، باشە کاك جەوهەر چۆنی زانی من لەگەڵ کاك شێرکۆ بێکەس ناگونجێم"). کاك نێچیرڤان بارزانی کەمێ ڕاما و بە دەق گوتی (کاك فەرهاد (من شەرمندەم) بەڕاستی حەق بەتۆیە، بەڵام دیسان وەعد بێت، بۆ ئەم کارەش من دەزانم تۆم بۆ هەڵبژاردووە یەکەم تۆ بەڕاستی (کابانی) و لە کارەکانت سەرکەوتوویت، دووەم دەستپاکیی تۆم لا ئاشکرایە، سێیەم کە ئەویش زۆر گرنگە تۆ پیاوێکی کە جیاوازی لەنێوان دهۆك و هەولێر و سلێمانی ناکەیت، مەسەلەی سۆرانی و بادینی لای تۆ نییە، بۆیە من گەشبینم

کەوا تۆ لەم کارە تازەیەت سەرکەوتوو دەبیت). لەڕاستیدا قسەکانی کاك نێچیرڤان لای من بە هەموو قەناعەتەوە قبووڵ دەکرا، بەڵام چەند تێبینییەکم هەبوو کە نەدەکرا لەگەڵی باس نەکەم بۆیە دیسان پاش سوپاسگوزاریم گوتم (کاك نێچیرڤان لە مەجالی وەرزشدا ئێستاکە بۆتە دیاردەیەکی زێدە دیاری ئەم دونیایەی ئەمڕۆ بەرژەوەندیی سەیروسەمەرەی تێدایە کە بێگومان کوردستانیش لەم بوارەدا بێبەش نییە، بۆیە من هیچ کاتێك بڕوام بە ململانێی ناشەریف نییە و موناقەشە لەسەر ئەم بنەمایە لای من لە بنەڕەتدا مەقبول نییە و زانیاریی تەواویشم هەیە کە لەم بوارەدا چی دەگوزەرێ، من ناتوانم بە فلان و فلان (ناوی هەندێ کەسم هێنا کە لەم بوارەدا دەست درێژ بوون) لەم بوارەدا دەرکەنار بکەم، بەڵام لە هەمان کاتیشدا سەرکەوتوو نابم ئەگەر ئەو زاتانە وەکو ئێستاکە دەست بخەنە ناو ئیشەکە)، کاك نێچیرڤان هەر زوو لە وەڵامدا بە دەق گوتی (ئەمە ژمارەی تەلەفۆنی شەخسی منە و تۆ تەنها من دەناسیت و هەر ئەمڕۆ بە فلان و فلان دەڵێم کە بە هیچ شێوەیەك تێکەڵاوی ئیشی تۆ نەبن)، ئەوجا ڕووی لە خوالێخۆشبوو کاك شەوکەت شێخ یەزدین کرد و گوتی (کاك شەوکەت لە نزیکەوە ئاگاداری فەرهاد بە، هەرکاتێك من لێرە مەوجود نەبووم تۆ هەموو ئاسانکارییەکی بۆ دەکەی).

پاشی ئەو دیتن و گفتوگۆیەی کە لەگەڵ کاك نێچیرڤان بارزانی هاتە کایەوە ڕۆژێکیان بە ڕێککەوت سەردانی پارێزگای دهۆکمان کرد و لەگەڵ هەندێ لە برادەرانی لقی دهۆك و ڕاگەیاندن سەردانی کاك (نێچیرڤان ئەحمەد)مان کرد کە ئەوکاتە پارێزگاری دهۆك بوو و لەو سەردانەدا لەبەرچاوی ئەو برادەرانە پێی گوتم (پیرۆزە)، منیش گوتم (زۆر سوپاس، پیرۆزباییەکەت دەربارەی چییە (چونکە بەڕاستی ئەم مەسەلەیەم بیر نەبوو))، ئەویش گوتی (پێش چەند ڕۆژێك کاك نێچیرڤان بارزانی لێرەبوو و پێی ڕاگەیاندم کەوا پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای وەرزش بە تۆ (یانی بەندە) دەسپێردرێ، جارێکی دیکە پیرۆزە).

له ڕۆژێکی مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٢ یەکەم کۆنگرەی ئەنجوومەنی باڵای وەرزش لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا کە تێیدا (٦٠٠) ئەندامی لەخۆ گرتبوو لە هەموو پارێزگاکانی کوردستان بە پارێزگای کەرکووکیشەوە لە ئەنجامدا بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی وەکو سەرۆکی ئەنجوومەن و محمود محمد وەکو جێگری سەرۆك و جەودەت جەرجیس نەجار وەکو سکرتێری ئەنجوومەن هەڵبژێردران. لەڕاستیدا هەواڵەکەم بە فیلمێکی گاڵتەجاڕیم هاتە بەرچاو کە چۆن لە سەرەتادا کاك شەوکەت چیی پێ ڕاگەیاندم ئەوجا بە حزووری کاك شەوکەت کاك نێچیرڤان بارزانی چۆن (بەهاری بۆ هێنامە چۆکان) سەرەڕای پیرۆزباییەکەی کاك نێچیرڤان ئەحمەد لە ئۆفیسی خۆی لە پارێزگای دهۆك، بەڵام چونکە (کیسەم بۆ ئەم مەسەلەیە نەدووریبوو) زۆر نیگەرانی نەکردم، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانی و داخ بوو ئەو هەموو پەیمان و بەهار هێنانە چۆکان بوو کە لە کۆتاییدا (پێم ڕەوا نەبیندرا!!)، بەڵام دیسان لەم بابەتە بێدەنگ نەبووم چونکە بە ئیهانەم زانی وابزانم خوێنەری بەڕێزیش لەگەڵ بەندەدا هاوڕایە کە پەیمان شکێنی کارێکی پەسەند نییە، بڕیاریشم دا کە ڕاستەوخۆ ئەو گازاندەیە لە کاك نێچیرڤان بارزانی بکەم، بۆیە کاتێك بە ڕێککەوت لە بۆنەیەکدا تووشی هاتم پێمگوت (بۆ جەنابتان شیاو نەبوو کە ئەم پۆستە بەخۆتان ڕەوا ببینم، جەنابت سەرەڕای هەموو شتێك تۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی نەدەبوو لاسایی (... ...) ئەم زەلامە بکەیتەوە)، خوا هەڵناگرێ ڕەخنەکەی لێ قبووڵکردم گوتی (هەڵەبوو کەشوهەوای کۆنفرانسەکە پێ قبووڵکردم)، بەڵام هیچ پۆزشێکی بۆ من نەهێنایەوە کە نیگەرانییە گیانییەکەم (ڕۆحییەکەم) کەم بکاتەوە، بۆیە بڕیارم دا کە جارێکی دیکە هەر لە سەرەتادا هیچ جۆرە پێشنیارێکی لەم شێوەیە قبووڵ نەکەم.



١



٢



٣



٤



٥



٦



٧



٨



٩




١٠



١١



١٢



١٣



١٤



١٥





١٦



١٧




١٨



١٩



٢٠



٢١



٢٢


JOURNALISM ON THE MOVE
XXV World Congress
Athens, 25-30 May 2004
٢٣


٢٤



٢٥



٢٦




٢٧




٢٨



٢٩



٣٠



٣١

## سەرەقەڵەمێك دەربارەی وێنەكان

١، ٢، ٣. كۆبوونەوەكانی دەستەی دامەزرێنەری سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان، لە ساڵی ١٩٩٧ـەوە لە هۆڵی (مقداد بەدرخان) لە بارەگای رۆژنامەی برایەتی. (ناوەكانیان لە لیستی دەستەی دامەزرێنەر تۆمار كراوە).

٤. هەولێر–هۆڵی میدیا، ١٩٩٨/١٢/٢٧، سەرۆكی دەستەی دامەزرێنەری سەندیكا (نووسەر) راپۆرتی گشتی پێشكەش بە كۆنگرەی یەكەم (دامەزراندن) دەكات.

٥. هەولێر–هۆڵی میدیا، ١٩٩٨/١٢/٢٧، نێچیرڤان بارزانی لە گفتوگۆیەكی تایبەت بە كۆنگرە لەگەڵ سەرۆكی دەستەی دامەزرێنەر.

٦. هەولێر–هۆڵی میدیا، ١٩٩٨/١٢/٢٧، بەشێك لە میوانانی كۆنگرە، لە راستەوە: یونادم كنا، خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق سالم، خوالێخۆشبوو یوسف حنا یوسف (أبو حكمت)، خوالێخۆشبوو فرەنسۆ هەریری، فەرسەد ئەحمەد، دكتۆر رزگار.

٧. هەولێر–هۆڵی میدیا، ١٩٩٨/١٢/٢٧، لایەنێك لە بەشداربووانی ئەندامانی كۆنگرەی یەكەم، لە راستەوە: ئازاد عبدالواحد، سەرۆ قادر،... .

٨. هەولێر، ١٩٩٩/١/٣، یەكەم ئەنجوومەنی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان كە لە كۆنگرەی یەكەم (٢٧–١٩٩٨/١٢/٢٩) هەڵبژێردرا، راوەستاوانی ریزی پشتەوە لە راستەوە: فهیم عبداللە، خوالێخۆشبوو یۆنان هۆزایا، ممتاز حەیدەری، محمد خدر مولود. راوەستاوانی ریزی پێشەوە لە راستەوە: حامد محمد علی، ئازا حسیب قرداغی، ئازاد عبدالواحد، نووسەر، تحسین محمد خلیل (أبو دلشاد).

٩. هەولێر، ئەنجوومەنی سەندیكا لەگەڵ سكرتێر و ئەندامانی هەردوو لیژنەی چاودێر و بەرزەفتكردن، راوەستاوان لە راستەوە: سالم سلیمان حاجی، أكد مراد، كمال غەمبار، تحسین محمد خلیل، سۆلاڤ أحمد، فهیم عبداللە، خوالێخۆشبوو یۆنان هۆزایا، خوالێخۆشبوو دیار محمد سعید دۆسكی. دانیشتووان لە راستەوە: محمد خدر مولود، زادوق ئادم، ممتاز حیدری، نووسەر، ئازاد عبدالواحد، حامد محمد علی، ئازا حسیب قرداغی.

١٠. تاران–بیمارستانی دی، ٢٠٠٢، ئەو نەخۆشخانەی كە نەشتەرگەریی دڵمی تێدا كرا.

١١. تاران–بیمارستانی دی، ٢٠٠٢، پێش ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەكە لە ژووری چاوەڕوانیدا لەنێوانی ساسانی برام و پەروینی هاوسەرم دانیشتووم.

١٢. لەندەن–ئوتێل هلتن، كانوونی یەكەمی ساڵی ٢٠٠٢، كۆنگرەی بەرهەڵستكارانی عیراقی (مؤتمر المعارضة العراقية).

**١٣. لەندەن–ئوتێل هلتن، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢، کۆمەڵێك لە بەشداربووانی کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی عیراقی لەکاتی پشوودا، لە راستەوە: د. شفیق قزاز، نووسەر، خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق سالم، دکتۆر نجم الدین عومەر کریم، محسن دزەیی.**

**١٤. لەندەن–سەنتەری کەربەلا بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە، ٢٠٠٢/١٢/٢٨، نووسەر لە کۆڕێکدا کە سەنتەری ناوبراو رێکی خستبوو دەربارەی ئەزموونی رۆژنامەگەری لە کوردستان، لە تەنیشتییەوە کۆڕگێڕ حمید الکافائی دانیشتووە.**

**١٥. لەندەن–هەمان شوێن و رێککەوت، بەشێك لە ئامادەبووانی کۆڕەکەی نووسەر لە سەنتەری کەربەلا.**

**١٦. لەندەن–کافتریای وێستگەی شەمەندەفەری ڤیکتۆریا، ٢٠٠٢، کۆبوونەوەی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان (نووسەر) و شێرکۆ حەبیب سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا لەگەڵ جیم بومیلا راوێژکاری فدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی IFJ دەربارەی ئەندامێتیی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە IFJ، لە راستەوە: شێرکۆ حەبیب، جیم بومیلا، نووسەر.**

**١٧. هەڵەبجەی شەهید، ٢٠٠٣/٧/٢١، کۆبوونەوەی فدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی کوردستان، لە راستەوە: اسماعیل حەوێز (شوفێری سەندیکا)، نووسەر، (... ...)، زیرەك کەمال، ئازاد حمد أمین، کەژاڵ ئەحمەد، د. موفق دەرگەڵەیی، فەرید ئەسەسەرد، عبدالرزاق علی، أحمد حامد، أبوبکر علی، حامد محمد علی. دانیشتوو: فهیم عبدالله.**

**١٨. دهۆك–ئوتێل ژیان، ٢٠٠٣/١٠/٢، کۆبوونەوەی فدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی کوردستان، راوەستاوانی ریزی پێشەوە لە راستەوە: مستەفا ساڵح کەریم، کەژاڵ ئەحمەد، فەرید ئەسەسەرد، د. فوفق دەرگەڵەیی، ئازاد حمد أمین، حامد محمد علی. راوەستاوانی ریزی دواوە لە راستەوە: نووسەر، فهیم عبدالله، أکد مراد، عبدالرزاق علی، زیرەك کەمال.**

**١٩. دهۆك–هاوینەهەواری ئاشاوە، لە راستەوە: فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان–سەندیکا، فەرید ئەسەسەرد نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان–یەکێتیی رۆژنامەنووسانی کوردستان، پاش بەکۆتا هاتنی کۆبوونەوەی فدراسیۆن لە دهۆك.**

**٢٠. پردێ، هاتنی شاندی فدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی و یەکێتیی رۆژنامەنووسانی عەرەب، لە راستەوە: یحیی قلاش–مصر، ئایدن وایت–سکرتێری IFJ، شێرکۆ حەبیب، نووسەر، جیم بومیلا–راوێژکاری IFJ.**

**٢١. هەولێر–بارەگای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، ئایدن وایت لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا، پاش بەکۆتا هاتنی کۆبوونەوەیان لەگەڵ ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.**

٢٢. یۆنان–ئەسینا، ئوتێلی دیڤانۆ کەرەڤیللۆ، ئایاری ساڵی ٢٠٠٤، شوێنی حەسانەوە و گرێدانی کۆنگرەی ٢٥ـەمینی فدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی کە تێیدا بۆ یەکەم جار سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان وەکو ئەندامی بەشدار بەشداریی تێدا کرد.
٢٣. یۆنان–ئەسینا–هۆڵی زیبۆ، ئاهەنگی کردنەوەی کۆنگرەی ٢٥ـەمینی IFJ (٢٥–٢٠٠٤/٥/٣٠)، لە راستەوە: سکرتێری سەندیکای رۆژنامەنووسانی ئەسینا، ئایدن وایت، سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپیادی ئەسینای ٢٠٠٤ لە کاتی وتارخوێندنەوەی.
٢٤. یۆنان–ئەسینا، ٢٠٠٤/٥/٢٥، لە راستەو بەشێك لە ئەندامانی کۆنگرە، لە ناوەڕاستیشدا لە راستەوە چوارەمین کەس ئەندامانی شاندی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کە بریتین لە شێرکۆ حەبیب، مستەفا ساڵح کەریم، نووسەر.
٢٥. یۆنان–ئەسینا، ٢٠٠٤/٥/٢٥، هۆڵی ناوەندی کۆشکی زیبۆ، شاندی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە کۆنگرەی ٢٥ـەمینی IFJدا، لە راستەوە: نووسەر، شێرکۆ حەبیب، مستەفا ساڵح کەریم.
٢٦. یۆنان–ئەسینا، ٢٠٠٤/٥/٢٥، شاندی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە شوێنی حەسانەوەی سکرتێری گشتی IFJ ئایدن وایت، پاش کۆبوونەوەیەکی تایبەتی لەسەر داوای ئەو، لە راستەوە: نووسەر، ئایدن وایت، مستەفا ساڵح کەریم، شێرکۆ حەبیب.
٢٧. یۆنان–ئەسینا، ٢٠٠٤/٥/٢٧، بارەگای سەندیکای رۆژنامەنووسانی ئەسینا، شاندی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە کاتی پێشکەش کردنی ئاڕمی سەندیکا بە نەقیبی رۆژنامەنووسانی ئەسینا. لە راستەوە: شێرکۆ حەبیب، نووسەر، نەقیبی رۆژنامەنووسانی ئەسینا، مستەفا ساڵح کەریم.
٢٨. یۆنان–ئەسینا، ٢٠٠٤/٥/٢٩ ئوتێل دیڤانۆ کەرەڤیللۆ،پاش کۆبوونەوەی شاندی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەگەڵ کریستیان دینز سکرتێری کۆمیتەی جێبەجێکردن لە IFJ.
٢٩. هاوینەهەواری دوکان، ٢٠٠٣/٣/٢٧، کۆبوونەوەی نێوان نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عیراق، لای راست لە راستەوە: یاوەر نامق، نووسەر، عارف تەیفور، عادل موراد، لای چەپ لە چەپەوە: نوری الصافي، د. عادل عبدالمهدی، محمد الحیدری، عبدالکریم النقیب.
٣٠. هاوینەهەواری دوکان، ٢٠٠٥/٤/٢٢، لە راستەوە: ئەنوەر محەمەد تاهیر، حەمید ئەبوبەکر، مام جەلال تاڵەبانی، د. کەمال مەزهەر، خوالێخۆشبوو سەلاح سعدالله، نووسەر.
٣١. هەولێر–نووسینگەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، ساڵی٢٠٠١، لەراستەوە: خوالێخۆشبوو شەهید شەوکەت شێخ یەزدین، نووسەر، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت

له سەروبەندی ئەنجوومەنی نیشتمانی (المجلس الوطني) کە لە ساڵی (٢٠٠٤) دامەزرا لە سەروبەندی دامەزراندنی دا شەوێکیان کاک ئەحمەد کانی کاتژمێر (١٢)ی شەو تەلەفۆن بۆ ژمارەی ماڵەوەمان (٢٢٢٣٩٩٣) دەکات کە ئەوکاتە من نوستبووم، رێکانی کوڕم کاتێ تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێ کاک ئەحمە کانی پێی دەڵێ باوکت (یانی بەندە) لەکوێیە، رێکانیش پێی دەڵێ باوکم نوستووە خێرە، کاک ئەحمەدیش دەڵێ (بە باوکت رابگەیەنە کە بەیانی کاتژمێر ٧ ئامادەبێت بۆ سەفەری بەغدا لەگەڵ جەماعەت چونکە هەر ئەمڕۆ نوێنەرانی ئێمەی کورد دیاری دەکرێن لە ئەنجوومەنی نیشتمانی (المجلس الوطني) کە یەکێکیان باوکتە)، رێکانیش لە وەڵامدا دەڵێ (ناتوانم باوکم بەئاگا بهێنم، ئەگەر مەبەستتان بووایە زووتر ئاگادارتان بکردایەتەوە)، بەیانی کاتێ لەخەو هەڵسام رێکان لەسەر مێزی نانخواردن هەواڵی گفتوگۆ تەلەفۆنییەکەی نێوان خۆی و کاک ئەحمەد کانی پێ راگەیاندم منیش لە وەڵامدا گوتم (ئافەرین رێکان کوڕی باوکی خۆتی)، هەر ئەو رۆژە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی کاتێ لە ژوورەکەی خۆم دانیشتبووم لە سەندیکا کاک کرمانج عبدالله کە ئەوکاتە جێگری پارێزگاری هەولێر بوو لە رێگای تەلەفۆنەوە پێوەندیی پێوەکردم و گوتی (کاک ئازاد بەرواری دەڵێ بۆ فەرهاد ئەمڕۆ سەفەری بەغدای نەکردووە ئەو یەکێ لە نوێنەرانی ئێمە بوو)، منیش لە وەڵامدا بە کاک کرمانج عبدالله-م راگەیاند (با کاک ئازاد بەرواری خۆی تەلەفۆنم بۆ بکات، چونکە وەڵامەکەم پەیوەندیی بەوەوە هەیە نەك بە تۆ کاك کرمانج)، لەڕاستیدا کاک کرمانجیش وەڵامەکەی منی بەدڵ بوو چونکە ئەو (یانی کاک کرمانج) تەرەف نەبوو لەم مەسەلەیە گوتی راست دەکەیت من موبەلغم. پاش کاتژمێرێك کاك ئازاد بەرواری خۆی تەلەفۆنی بۆکردم کە شێوەی قسەکانمان بەم شێوەیە گوزەرا پاش چاك و چۆنی:

**ئازاد بەرواری:** خێرە ئەمڕۆ سەفەری بەغدات نەکردووە؟

**بەندە:** کاک ئازاد ئەگەر مانگ هەڵات پێویستی بە ئەنگوست نییە، ئەگەر ئێوە مەبەستتان بووایە من بچمە بەغدا دەبووایە هەر هیچ نەبێت پێش رۆژێك خەبەری منتان بدابایە، مەعقول نییە شەو کاتژمێر (١٢) تەلەفۆن بکرێت بڵێن

**کاتژمێر (٧)ی بەیانی لەگەڵ جەماعەت سەفەر بکات، لام سەیرە نازانم ئەم بڕیاری هەڵبژاردەیە بۆ ئەندامێتیی ئەنجوومەنی نیشتمانی و بڕیاری سەفەر بۆ بەغدا مەعقولە کاتژمێر (١١)ی شەو درابێت و ئێوە پێڕانەگەیشتوون کە پێشووتر خەبەردارمان بکەن، کاکی خۆم ئەم جۆرە بڕیارە سەیروسەمەرانە لەوە دەچێت جاران لە خوارووی عیراق (سەرکارەکان) دوو جۆرە (کەر)یان هەبوو، یەکێکیان کەری ئیش بوو کە پێیان دەگوت (حمار شغل) و کەرەکەی دیکەش بۆ زیارەتی میوانخانەی ئاغا بوو کە پێیان دەگوت کەری کەشخە (حمار کشخە)، من کەری ئیش (حمار شغل) نیم هەر کاتێك جەنابتان بتانەوێ لێمان بخوڕن ئامادەبم، جاران لە نەزانین و دڵسۆزییەوە ئەرکی جێبەجێ کردنی فەرمانی حزبیمان بە شەرەفێکی گەورە دەزانی، چونکە لەسەر بنەما و یاسا و رێسای خۆی بوو، بەداخەوە دیارە ئەم یاسا و رێسایە نەماوە، ئێستا دیاردەی (حمار شغل) لەئارادایە کە بەوپەڕی سەربەرزییەوە ئێمەی لێ دوور بین.**

**ئازاد بەرواری:** **ئەم قسانە چییە دەیکەیت، ئەمە ئەمری جەنابی سەرۆکە دەبووایە بچووبای.**

**بەندە:** **ئەگەر بەم شێوەیە بڕیاری سەرۆك ئەنجام بدرێت لەلایەن ئێوەوە دەبێ (فاتیحە) لەسەر ئە حزبە بخوێندرێ، باوەڕ ناکەم سەرۆك ئاگاداری ئەوەبێت کە کاتژمێر (١٢)ی شەو تەلەفۆنم بۆ بکرێت بڵێن کاتژمێر (٧)ی بەیانی سەفەری بەغدا بکەیت.**

**ئازاد بەرواری:** **باشە باشە خواحافیز.**

**بۆ ئەم مەسەلەیە من تاکو ئێستاکەش لەو قەناعەتەدام کە ئەم تەلەفۆنکردنە لە کاتژمێر (١٢)ی شەو (عمداً) بووە، چونکە مەعقول نییە ئەم بڕیارە بەم نیوەشەوە دەرچووبێت، من وای لێکدەدەمەوە کە تەلەفۆن کردنەکە بۆ لابردنی لێپرسراوێتی بوو چونکە کاك ئازاد و برادەرانی دیکە دەزانن بەندە شتی نا مەعقولی پێ قبووڵ ناکرێت و رۆژێك لە رۆژانیش (حمار شغل) نەبووە و نابێت، وەکو دەڵێن ویستویانە "دوو چۆلەکە بە یەك بەرد بکوژن"، ئەم جۆرە مامەڵەیەی هەندێ لە برادەرانی مەکتەبی سیاسیم لای شاراوە نییە چونکە**

هەركاتێ ئەم جۆرە مامەڵانە ورد دەكەمەوە قسەكەی كاك نێچیرڤان بارزانیم دێتەوە یاد كە لە وەڵامی قسەی داواكارییەكەی مندا گوتی (لە مەكتەبی سیاسی دۆستت هەر نییە!). بۆ مەسەلەی هەڵبژاردنیشم بۆ كۆمەڵەی نیشتمانیی عیراقی (الجمعية الوطنية العراقية) یانی یەكەم پەرلەمانی هەڵبژێردراو كە ئەمیش چیرۆكی خۆیی هەیە كە لێرەدا بە پێویستی دەزانم بێ زیاد و بێ كەم بۆ مێژوو بیگێڕمەوە.

پاش رەتكردنەوەی چوونم بۆ بەغدا بەو شێوە ناماقوڵەی كە پێی راگەیەندرام بووە هۆی تووڕەبوون و پاشان نەچوونم، پاش ماوەیەك كە چەند مانگێك تێپەڕی رۆژێكیان ساسانی برام بە رێككەوت لەماڵەوە بووین پێی گوتم (كاكە فەرهاد لە مەكتەبی سیاسیی پارتی داوای هەندێ زانیارییان دەربارەی تۆ ویستووە، وەكو ساڵ و شوێنی لەدایكبوون، دوا بڕوانامەی خوێندن، حاڵەتی كۆمەڵایەتی، بەڵام نازانم بۆ چی بوو)، منیش لەسەرخۆ بە پێكەنینەوە گوتم (لەوانەیە پارتی خەریكی گرنگی دان بێت بە مێژوو و ئەرشیف، دەنا چ كاری بە منە، باشە بۆ راستەوخۆ نایەن بە خۆم بڵێن، خۆ زانیاریی زیاتریان پێ دەدەم)، لە راستیدا ساسانیش نەیدەزانی بۆچی داوای ئەو زانیاریانەیان لێكردووە و بەڕاستی منیش بەهەندم وەرنەگرت.

كە دەڵێم بە هەندم وەرنەگرت مەبەستم لە مەسەلەكەم نەكۆڵییەوە و پشتگوێم خست تاكو ئەو رۆژەی (٢٠٠٤/١٢/٢٠) رێككەوتی ئێوارەی دووشەممەی ئەو رۆژە بەندە كە ئەوكاتە نەقیبی رۆژنامەنووسانی كوردستان بووم لەگەڵ برای بەڕێز كاك زیرەك كەمال (كە ئەویش ئەوكاتە سكرتێری سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان بوو) بە كارێكی سەندیكایی بۆ بەسەركردنەوەی لقی سلێمانیی سەندیكا و رەوشی كاری رۆژنامەنووس لەو دەڤەرە بەرەو سلێمانی دەچووین، بە گەیشتنمان بۆ سلێمانی و لای ئوتێل سلێمانی (كە بە حەسیب ساڵح ناوزەد دەكرا) كاك زیرەك بە مۆبایل تەلەفۆنێكی بۆ برای رۆژنامەنووس (ستران عبدالله) كە ئەوكاتە سەرنووسەری رۆژنامەی (ئاسۆ) بوو لەنێوان گفتوگۆی نێوانیاندا كاك زیرەك سڵاوی منی بە

کاك ستران گەیاند ئەویش (یانی کاك ستران) بە کاك زیرەك کەمالی گوت: (سڵاوی من لە کاك فەرهاد بکە و ئێستاکە ناوی پەرلەمانتارانی لیستی هاوبەشی پاڵێوراوانی کوردستان و عیراقم لەبەردەستە کە ناوی ئەو ژمارە (١٤)یە بۆ پەرلەمانی عیراق و پیرۆزباییەکی گەرمی لیٚ بکە)،


هەر زیادەیەک لەبودجەی عیراق، کوردستانیش دەگرێتەوە

سەرچاوەیەك لە نوسینگەی جێگری سەرۆك وەزیرانی عیراق بە ئاسۆی راگەیاند کە هەرزیادەیەك بێتە سەر بودجەی ساڵی (٢٠٠٥)ی عیراق، ئەوا بودجەی هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە. سەرچاوەکە ئەوەشی پیٚ راگەیاندین کە بەشێك لە بودجەی عیراق بەرەسمی بەناوی بەشی هەرێمی کوردستان تەرخانکراوە کە ١٧٪ی بودجە گشتییەکەیە.

وردەکاری زیاتر لەلاپەرە (٣)دا دەخوێنیتەوە

ئاسۆ

رۆژنامە، دروستکردنی نەتەوەیەکە لەسەر کاغەز
www.xandan.com

هیچ مووچەیەکی زیادە نادریٚ

چەند رۆژێکە لەناو فەرمانبەرانی هەرێم دەنگۆی ئەوە هەیە کە لەم مانگەدا مووچەیەکی زیادە دەدرێتە فەرمانبەرانی حکومەت.
لەمبارەیەوە (ئاسۆ) پەیوەندی بەدوو سەرچاوەی جیاواز لەکوردستانو بەغدا کردو هیچ لایەنێکی رەسمی ئەو دەنگۆیانەی پشتڕاست نەکردەوەو زانرا کە حکومەتی هەرێمو عیراق تا ئێستا بڕیاری لەو جۆرەیان نەداوە.
هەروەك زانراویشە کە لە هەرێمی کوردستان مووچەی هەر دوانزە مانگەکەی ئەمساڵ دراوەتە فەرمانبەران بەمووچەی مانگی کانونی یەکەمیشەوە.

24 لاپەڕە

زمارە ٣٦ سێشەممە ٢٠٠٤/١٢/٢١ نرخی ٥٠٠ دینارە
رۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە خەندان بۆ پەخش و وەشاندن دەریدەکات

هێشتا لیستە رەسمیەکان بڵاو نەکراونەتەوە

ئاسۆ لیستی هاوبەشی پاڵێوراوانی پەرلەمانی کوردستان و عیراق ئاشکرا دەکات


ژمارە (٣٦) سێشەممە ٢٠٠٤/١٢/٢١
Aso Tus. 21/12/2004

هەواڵ

ئاسۆ 3

لیستی سەرەتایی هاوبەش بۆ پەرلەمانی کوردستان

پەرلەمانی کوردستان:
بەرێزان:
١-عەدنان موفتی
٢-محمد تۆفیق رەحیم
٣-محەممەد قادر عەبدوڵڵا (مەلا محەممەد)
٤-چنار سەعد عەبدوڵڵا
٥-خورشید شێرە
٦-فرسەت ئەحمەد(سکرتێری پەرلەمانی کوردستان)
٧-عوسمان بانیمارانی
٨-کوێستان عەبدوڵڵا
٩-رەفعەت عەبدوڵڵا
١٠-موحسن عەلی ئەکبەر
١١-ئەدهەم بارزانی
١٢-د.ئاریان خالص شێخ جواد
١٣-شەعبان عەبدوڵڵا قاسم
١٤-شەهاب عەبدوڵڵا صدیق
١٥-لیوا سمکۆ دزەیی
١٦-گێلاس
١٧-باباتاهیر حەفید
١٨-تارق جامباز
١٩-د.ناصح غفور
٢٠-د.شوکریە رەسول
٢١-ئارام رسول
٢٢-شێخەڵا(لقی دووی پارتی)
٢٣-بەکر فەتاح

مستەفا
٣٨-فەتاح عەبدوڵڵا نەقشبەندی
٣٩-ئیسماعیل مەحمود
٤٠-گوڵناز عەزیز قادر
٤١-عەونی بەزاز
٤٢-بەرزان عەبدوڵڵا نەسروڵڵا
٤٣-دلێر حەقی شاوەیس
٤٤-فەخریە مستەفا محەممەد عەلی
٤٥-جەمال محەممەد قاسم
٤٦-محەممەد ساڵح ئیسماعیل
٤٧-عومەر عبدالرحمان
٤٨-خەرمان زرار ئەسعەد
٤٩-زرار تاهیر عەلی
٥٠-د.رەمەزان محەممەد رەزا
٥١-شەعبان محەممەد تاهیر صادق
٥٢-ڤیان سلێمان حاجی ستار
٥٣-سوارە محەممەد ئەمین رەشید
٥٤-جەعفەر مستەفا مەعروف
٥٥-محەممەدی حاجی مەحمود
٥٦-هاژە تاهیر عەلی والی
٥٧-د.نوری تاڵەبانی
٥٨-حسێن محەممەد رەشید لولان
٥٩-خزر سلێمان خەلیل
٦٠-مریەم حەسەن ئیبراهیم

٧٥-تەلعەت محەممەد ساڵح تۆفیق
٧٦-گەلاوێژ شابۆ جەجی
٧٧-عوسمان ئەحمەد ئەمین
٧٨-سەبریە غەفار ئەمین
٧٩-هیوا سابیر ئەحمەد
٨٠-سوهام ئەنوەر وەلی
٨١-جەمال یوسف سەیدا کاروان
٨٢-غەفور تاهر سەعید
٨٣-مامۆستا بایر مەلاسلێمان
٨٤-فەزیلە رەمەزان سەعدوڵا
٨٥-مەلا سەعدالدین مەلا مەولود
٨٦-ئایدن عوسمان ئیبراهیم
٨٧-فاروق کەریم فەتاح
٨٨-شوکریە خدر پیرۆت
٨٩-سەردار سەباح بۆزۆ هەرکی
٩٠-حیکمەت خدر سیف الدین
٩١-حاتم محەممەد
٩٢-چرۆ عەلی حەمەئەمین
٩٣-ئاخر جەمال ئەنوەر
٩٤-عیزەدین سەلیم خۆدێدە
٩٥-ئەنوەر محەممەد غەفور
٩٦-رەمزیە ئەحمەد رەشید
٩٧-عادل محەممەد ئەمین
٩٨-بەرزان محەممەد قادر(قالەی خەلۆز)
٩٩-ئاریز عەبدوڵا ئەحمەد
١٠٠-کوردستان یە داود قادر

لیستی سەرەتایی کوردستان بۆ پەرلەمانی عیراق

پەرلەمانی عیراق:
بەرێزان:
١-مام جەلال
٢-د. رۆژ نوری شاوەیس
٣-نەسرین بەرواری
٤-د. مەحمود عوسمان
٥-د. فواد مەعسوم
٦-کامیلا ئیبراهیم ئەحمەد
٧-د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح
٨-هۆشیار زێباری
٩-نەرگز محەممەد ئەمین
١٠-عارف تەیفور
١١-فەرەیدون عەبدولقادر
١٢-وداد حەمە غەریب فەرەج
١٣-حەسەن بالیسانی
١٤-فەرهاد عەونی
١٥-ئاڵا تاڵەبانی
١٦-سەعدون فەیلی
١٧-سالار دۆسکی
١٨-کوردە ئەحمەد فەرەج
١٩-سەعدی بەرزنجی
٢٠-خەسرەو مەجید سەعید
٢١-شلێر رەشید محەممەد ئەمین
٢٢-ئەهرۆ سەعید سۆقی
٢٣-رەئوف عوسمان
٢٤-زەهرە حجی تەها
٢٥-ئەکرەم ئەحمەد ئەجیب
٢٦-هیڤا (بەغداد)
٢٧-ئەوزاد ساڵح رەفعەت
٢٨-ئیسماعیل جەوەیدی

٤٢-سەلیم بگرس ئەلیاس
٤٣-عبدالاحد افرام ساوە
٤٤-جاکلین یوسف زامایا
٤٥-فاچل حەیدەر کاك ئەحمەد
٤٦-عومەر عەلی حەسەن
٤٧-ئەسمەر حسین ئەحمەد
٤٨-کامەران خەیری سەعید
٤٩-عادل ناصر
٥٠-نازەنین حسین فەیزڵا
٥١-فارس ناصر حسین
٥٢-فەرج میرزا حەیدەری
٥٣-سهەیلە جەعفەر
٥٤-حەیدەر قاسم شینۆ
٥٥-ئەحمەد ئیبراهیم فارس
٥٦-قسمەت هادی بەهرام
٥٧-عەبدلخالق محەممەد رەشید زەنگەنە
٥٨-سەربەست محەممەد حسین
٥٩-ئەرمین صدیق مەعروف
٦٠-عمران محەممەد یاوەر
٦١-تەلعەت محەممەد گلی
٦٢-ئیرۆس کاکە زیاد
٦٣-فایەق ئەحمەد شەعبان
٦٤- د. منذر فضل
٦٥- فایزە جەبار محەممەد بابە خان
٦٦-فریاد رەواندزی
٦٧-عەبدولعارف محەممەد ئەمین
٦٨-ئەوال حسین دەروێش

٨٣-مهاباد حەمە ئەمین
٨٤-فەیسەڵ کەریم خان
٨٥-عبدالباری محەممەد فارس
٨٦-جۆکۆ محەممەد کەلحی رێکانی
٨٧-شەرمین حەمەد بەگ
٨٨-محیدین رەشید
٨٩-عادل نوری محەممەد
٩٠-بەیان ئەحمەد حسین
٩١-عەلی حەمەکەریم
٩٢-جەلال ئیبراهیم حسین
٩٣-سەلیم ئەحمەد رەشید
٩٤-سیف الدین نوری محمود
٩٥-پەیام محەممەد ئەحمەد
٩٦-سەید تاڵیب سەید وەهاب
٩٧-شێرزاد عوزێری
٩٨-د.ژیان ئەنوەر رەشید
٩٩-جەلیل فەیلی
١٠٠-عەدنان عبدالکریم فەیلی
١٠١-الهام سەعد حەمە ئاغا
١٠٢-موەفق محەممەد جەوهەر
١٠٣-دەخیل سەمیر
١٠٤-عگو سلیمان خچر
١٠٥-ڤیان صدیق مستەفا
١٠٦-زادوق ئادەم
١٠٧-پۆلس مەلك خۆشابا
١٠٨-لەیلی سمایل حەمەسور
١٠٩-عەبدوڵڵا کەریم سەعید
١١٠-محەممەد صدیق



جريدة يومية
تصدر عن دار التآخي للطباعة والنشر-بغداد
www.altaakhi.net
www.altaakhi.com
رئيس التحرير
فلك الدين كاكه يي
falak-aldin@altaakhi.net

التآخي
AL- TAAKHI
تأسست عام ١٩٦٧

الكهرباء تعيد العمل بخطي ١٣٢ و٤٠٠ كي في

رؤية عربية من حركة الأستفتاء الكوردستانية
غداً
الباحث القانوني الدولي د.منذر الفضل

الدورة الثالثة العدد ٤٣٨٠ الاثنين ٢٧ كانون الأول ٢٠٠٤ م ١٥ ذي القعدة ١٤٢٥ هـ (١٢) صفحة (١٥٠) ديناراً No. (4380) Monday 27.12.2004

الاعلان عن أسماء (١١١) مرشحاً في القائمة الوطنية الديمقراطية الكوردستانية لاعضاء المجلس الوطني الكوردستاني و(١٦٥) مرشحاً في قائمة التحالف الكوردستاني للمجلس الوطني العراقي

خودا وەکیلە لەو کات و ساتەدا زانیم کە من بۆ ئەو ئەرکە پاڵێوراوم، لە هەمان کاتیشدا ئەگەر کاك ستران وەکو خۆی گوتی (لیستەکەی) لەبەدەست نەبووایە باوەڕم نەدەکرد جارێکی دیکە من تەرشیح بکرێم بۆ ئەو شوێنە چونکە وەکو لە چەند لاپەڕەی پێشوو باسم لێوە کردووە کە چۆن چوونم بۆ بەغدا بۆ کۆبوونەوە و هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی (المجلس الوطني) رەتکردەوە، رۆژی ٢٠٠٤/١٢/٢٥ لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عیراق ناوەکانیان بە فەرمی راگەیاند کە یەکێك لەوان بەندە بوو، لەنێوان بڵاوبوونەوەی ناوەکان بە رەسمی تاکو رۆژی ٢٠٠٥/٣/١٤ زیاتر سەرقاڵی ئیشوکاری سەندیکا و سەردانی لقەکانی سەندیکا بووم، کاتێکیش چوونە بەغدا نزیك بووە لەگەڵ برادەران د. منذر الفضل، دڵشاد چاوەشلی، عبدالرحمن علی کوردە، عارف تەیفور، سیروان کاکەیی، انتصار بکر ساڵح، وداد حەمە غەریب، رۆژیدە عبدالقادر شریف، نوری بترس و برادەران بڕیارمان دا کە کۆمەڵ کۆمەڵ بەرەو بەغدا بچین لەگەڵ پاسەوانەکانمان.

رۆژی ٢٠٠٥/٣/١٤ بەرەو بەغدا بەڕێکەوتین، یەکسەر چووینە ئوتێل (السندباد) چونکە پێشووتر لەگەڵ خانەوادەکە ئاشنایەتیمان پەیداکردبوو، لە رێگای برادەرانەوە زانیمان کە رۆژی ٢٠٠٥/٣/١٦ بڕیاری کردنەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی عیراقی (الجمعية الوطنية العراقية) دراوە و لایەنی کوردستانیش پێداگریی لەسەر ئەو رۆژە کردووە کە یادی رۆژی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهیدە (١٩٨٨/٣/١٦) کە تێیدا (١٧) ساڵ بەسەر ئەو کارەساتە

جەرگبڕە دا تێدەپەڕێ، سەرلەبەیانیی رۆژی ٣/١٦ بە ئۆتۆمبێل بەرەو كۆشكی كۆنگرەكان

چووین بۆ كۆشكی (الرشید) كاتی خۆی سەرۆكی پێشووی عیراق صەدام حسێن بۆ میوانداراانی كۆنگرەی ولآتە سەربەخۆیەكان (عدم الانحیاز) دروستی كردبوو، بەلآم بەهۆی شەڕی نێوان هەردوو ولآتی عیراق و ئێران كۆنگرەكە نەبەسترا، لەژێر ئەرزەوە كۆشكی الرشید و هۆڵی كۆنگرەكان بەیەكەوە بەستراونەتەوە. تا بڵێی باڵەخانەیەكی گەورە و رێكوپێیە، ئەو رۆژە كە رێككەوتی رۆژی چوار شەممە بوو دەتوانم بڵێم هەر (٢٧٥) ئەندامە هەڵبژێردراوەكانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی عیراقی ئامادەبوون، كە تێیدا (٧٥) ئەندامی لە لیستی هاوپەیمانیی كوردستانی دا بوون كە بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی لە سەرووی لیستی هاوپەیمانی دابوو، لە كۆبوونەوەی یەكەم (ضاري الفیاض) كە بەتەمەنترین ئەندامی كۆمەڵە بوو بە سەرۆكایەتی كاتی هەڵبژێردرا تاكو سەرۆكی هەمیشەیی هەڵدەبژێردرێ، سەرۆكی هەمیشەییش بە رێككەوتنی پێشوەخت لەنێوان لیستە جیاوازەكاندا رۆژی ٢٠٠٥/٤/٥ (حاچم الحسني) كە كەسایەتییەكی عەرەبی سوونە مەزهەب بوو بە زۆرینەی دەنگ هەڵبژێردرا، ئەم كەسایەتییە


الجمعية الوطنية

نشرة دورية يصدرها المكتب الاعلامي والصحفي في الجمعية الوطنية

العدد (صفر) التاريخ ١٦ آذار ٢٠٠٥

لنشر مساهماتكم على صفحات "الجمعية الوطنية" يرجى مراسلتنا على العنوان
webmaster@council-iraqi.com

١٦ آذار حدث تأريخي في حياة العراق و العراقيين

الجمعية الوطنية المنتخبة تعقد جلستها الأولى اليوم

أصدر د. فؤاد معصوم رئيس المجلس الوطني المؤقت بيانا حمل دعوة لانعقاد الجمعية الوطنية في يوم الاربعاء المصادف ٢٠٠٥/٣/١٦ و ذلك استنادا لأحكام القسم الاول من ملحق قانون ادارة الدولة للمرحلة الانتقالية. وفي مايلي نص الدعوة:

بسم الله الرحمن الرحيم
دعوة انعقاد الجمعية الوطنية
استناداً لاحكام القسم الاول من ملحق قانون ادارة الدولة للمرحلة الانتقالية، وبناءً على ما افرزته الانتخابات العامة الجارية يوم ٢٠٠٥/١/٣٠، المصادق عليها من قبل المفوضية العليا المستقلة للانتخابات في جمهورية العراق:

تقرر دعوة الجمعية الوطنية للانعقاد يوم الاربعاء الموافق ٢٠٠٥/٣/١٦ في بغداد.



## اسماء اعضاء الجمعية الوطنية

◆ الائتلاف العراقي الموحد

١- عبد العزيز الحكيم
٢- د. ابراهيم الجعفري
٣- عامرة الطائي
٤- علي الصافي
٥- جواد كاظم
٦- سميرة جعفر
٧- حسين الشهرستاني
٨- سامي المظفر
٩- د. اسماء الشبوط
١٠- د. احمد الجلبي
١١- د. خضير الخزاعي
١٢- التفات الفتلاوي
١٣- د نديم عيسى
١٤- علي الاديب
١٥- حنان سعيد
١٦- بهاء الاعرجي
١٧- د. عادل عبد المهدي
١٨- عامرة البلداوي
١٩- احمد صافي
٢٠- مجيد حمود
٢١- بتول قاسم
٢٢- علي العبودة
٢٣- عبد الكريم العنزي
٢٤- د. ميثاق جاسم
٢٥- خالد ابو ذر
٢٦- ميثم طالب
٢٧- ناجحة عبد الامير
٢٨- علي مهدي
٢٩- قيصر الله وردي
٣٠- سلامة الخفاجي
٣١- حسام باقر
٣٢- جاسم محمد العطار
٣٣- سعاد حميد
٣٤- فواز محمد ذياب
٣٥- نوري المالكي
٣٦- امال كاشف الغطاء
٣٧- محمد شعلان
٣٨- سلام عودة
٣٩- زهراء عباس
٤٠- محمد سعدون
٤١- عباس البياتي
٤٢- منى زلزلة
٤٣- عبد الكريم المحمداوي
٤٤- موفق الربيعي
٤٥- ثورة جواد
٤٦- حسن حلبوص
٤٧- عامر ثامر
٤٨- اسماء الموسوي
٤٩- ابراهيم بحر العلوم
٥٠- هادي فرحان
٥١- انتصار السراجي
٥٢- محمود احمد
٥٣- قاسم عطية
٥٤- ندى السوداني
٥٥- نصار زغير
٥٦- حبيب سلمان
٥٧- شذى الموسوي
٥٨- حسن حميد
٥٩- مضر شوكت
٦٠- عواطف المصطفى
٦١- محمد تقي المولى
٦٢- قصي عبد الوهاب
٦٣- انعام الجوادي
٦٤- حسين عذاب
٦٥- باسم شريف
٦٦- هبة الحسيني
٦٧- سامي ال معجون
٦٨- حيدر كعيد
٦٩- امال الجابري
٧٠- رياض عبد الحمزة
٧١- عبد الهادي الحكيم
٧٢- ميادة جاسم
٧٣- باسم جاسم
٧٤- علي مسعد
٧٥- باسمة حسن
٧٦- علي عبد الامير علاوي
٧٧- ضياء محمد تقي
٧٨- رغد هادي
٧٩- عبد الحسين الموسوي
٨٠- منصور التميمي
٨١- زينب ناصر
٨٢- فرياد عمر
٨٣- شروان كامل
٨٤- هناء تركي
٨٥- علي هاشم ال يوشع
٨٦- حسن راضي الساري
٨٧- اميرة كاظم
٨٨- سالم صدام
٨٩- كمال عبدالله
٩٠- باسمة لؤي
٩١- حنين محمود
٩٢- اسماعيل الركابي
٩٣- مريم طالب
٩٤- محمود محمد جواد
٩٥- مقداد علي
٩٦- كوكب محمود
٩٧- عمار طعمة
٩٨- جلال الدين الصغير
٩٩- نظيمة عبد القرعاوي
١٠٠- حسن طعمة كزار
١٠١- ضاري الفياض
١٠٢- بلقيس كولي
١٠٣- فالح فيصل الفياض
١٠٤- ابراهيم المطيري
١٠٥- بتول امين الخفاجي
١٠٦- محسن باقر القزويني
١٠٧- اكرم موسى الحكيم
١٠٨- سوريا عبد الكاظم
١٠٩- عبود وحيد العيساوي
١١٠- فلاح حسن شنشل
١١١- رشدة خزعل
١١٢- محمد باقر احمد
١١٣- سعد عبد الوهاب
١١٤- ايمان خليل
١١٥- محمد كاظم
١١٦- نبيل حسن
١١٧- عقيلة عبد الحسين
١١٨- مؤيد صابر
١١٩- منتصر عبد الامير
١٢٠- سهام كاظم سلمان
١٢١- محمد عريبود
١٢٢- عبدالله عبد الجليل
١٢٣- خديجة جابر
١٢٤- عبد الفلاح حسن
١٢٥- ضياء الدين محمد
١٢٦- اديبة موسى
١٢٧- عبد الرحمن سعيد
١٢٨- حميد علي
١٢٩- وجدان خليل
١٣٠- سالم ثعبان
١٣١- فعال نعمة ذهيب
١٣٢- سهام شنون العكيلي
١٣٣- نبيل عباس
١٣٤- حسن موسى
١٣٥- معزز عبد الهادي
١٣٦- تحسين عبد العزاوي
١٣٧- رزاق عباس الكاظمي
١٣٨- كريمة كاظم جاسم
١٣٩- جواد كاظم عيدان
١٤٠- عادل فهد الشرشاب
١٤١- زينب هادي الحمداني

◆ التحالف الكردستاني
١٤٢- جلال الطلباني
١٤٣- روز نوري
١٤٤- نسرين مصطفى
١٤٥- محمد علي عثمان
١٤٦- محمد فؤاد معصوم
١٤٧- حميد ابراهيم
١٤٨- برهم صالح
١٤٩- هوشيار محمود
١٥٠- نرجس محمد
١٥١- عارف تيفور
١٥٢- فريدون عبدالقادر
١٥٣- وداد حمه غريب
١٥٤- حسين محمد
١٥٥- فرهاد عوني
١٥٦- الاء نوري
١٥٧- سعدون عبدالله

البقية في الصفحة ٣

ڕێکوپێك و بە شەخسییەت بوو، لەگەڵ ئێمەی کورد پەیوەندیی زۆرباش و لە ئێمە حاڵی دەبوو، لێرەدا ناکرێت ڕۆژانە ئەو ١١ مانگەی ناو کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراقی (الجمعية الوطنية العراقية) بگێڕمەوە، چونکە لاپەڕەیەکی زۆری گەرەکە، بەڵام بەپێویستی دەزانم گرنگترین ڕووداو و قۆناغەکانی یەکەم پەرلەمانی هەڵبژێردراوی عیراقی باس بکەم کە بێگومان بۆ مێژوو گرنگییەکی خۆی هەیە.

یەکەم ڕۆژی چوارشەممە ڕێککەوتی ٢٠٠٥/٤/٦ بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی وەکو یەکەم سەرۆکی کۆماری عیراق بە زۆرینەی هەرە زۆری دەنگەکان هەڵبژێردرا کە ئەمەیان یەکەم جار بوو لەپاش شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ تاکو ساڵی ٢٠٠٥ سەرۆك کۆمار بە هەڵبژاردن بێتە سەر کورسی، ئێمەی تێکڕای ئەندامانی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان بە جیاوازیی نەتەوە و



منبر كل الصحفيين
الصحفي
تصدرها نقابة صحفيي كردستان

مجلس نقابة صحفيي كردستان
يدعو الى جعل علم كردستان
الرمز الحي في جميع المناسبات
التفاصيل ص٧

العدد (٣) ٢٠ نيسان ٢٠٠٥ ٨ صفحات (٢٥٠) دينار

# تحية للصحافة الكردية في يومها المجيد

الافتتاحية

## بعد ١٠٧ عاماً ماذا عن الصحافة الكردية ؟

لا نغالي إذا قلنا ونحن نحتفل بمناسبة مرور ١٠٧ عاماً على ميلاد جريدة "كردستان" الرائدة، إن الصحافة الكردية بخير، ونستطيع أن نضيف وبجانب الصحافة الكردية إن الصحافة الكردستانية كذلك بخير، والدليل على ذلك هنا إن الجميع من أبناء القوميات المختلفة وعلى اختلاف اتجاهاتهم السياسية يصدرون صحفهم ومجلاتهم بالإضافة إلى وجود محطات التلفزة والإذاعة الخاصة بهم دون وجود أي أثر للرقابة وبأي شكل كان، وتصطف معهم صحف القطاع الخاص أو الأهلية والتي تنافس الصحف الحزبية في السوق.

قبل ١٠٧ عاماً لم يكن بوسع الكرد إصدار صحيفة

نقابة صحفيي كردستان تهنيء الاستاذ الطالباني

## بمناسبة انتخابه رئيساً لجمهورية العراق

بعثت نقابة صحفيي كردستان بأسم مجلس النقابة وجميع صحفيي كردستان ببرقية تهنئة الى الاستاذ جلال الطالباني بمناسبة انتخابه رئيساً لجمهورية العراق فيما يلي نصها:

الاستاذ جلال الطالباني رئيس جمهورية العراق المحترم

بمناسبة تسنمكم منصب رئيس جمهورية العراق تقدم لكم باسم جميع صحفيي كردستان ومجلس نقابتهم أحر التهاني وأجمل التبريكات متمنين لسيادتكم التوفيق والسداد في مهمتكم الجديدة لقيادة عراق ديمقراطي تعددي فدرالي، وترسيخ روح المحبة والتآخي بين جميع الأطياف ومكونات الشعب العراقي، ونحن متأكدون بأن سيادتكم ستكونون عوناً وسنداً لترسيخ حرية الصحافة وضمان حقوق الصحفيين في العراق الجديد..

مجلس نقابة صحفيي كردستان
اربيل

## دهوك تشهد أوسع مهرجان بمناسبة يوم الصحافة الكردية

تحتفل الاسرة الصحفية والاوساط الثقافية والاعلامية في اقليم كردستان بيوم الصحافة الكردية الذي يصادف يوم الثاني والعشرين من نيسان الحالي حيث صدرت في مثل هذا اليوم قبل ١٠٧ عاماً وتحديداً في ٢٢ نيسان عام ١٨٩٨ أول صحيفة كردية بأسم(كردستان) في القاهرة على يد الصحفي الكردي الرائد مقداد مدحت بدرخان.

وبهذه المناسبة اعدت مؤسسة بدرخان للصحافة والنشر مهرجاناً كبيراً سيقام في مدينة دهوك خلال الايام ٢١-٢٣

ومراسيم اختتام المهرجان حيث يتم اصدار البيان الختامي للمهرجان وتوزيع الهدايا التقديرية على عدد من المؤسسات الصحفية والقاء الكلمة الختامية.

-واختم حديثه قائلاً:

- ان اللجنة العليا للمهرجان والتي سبق ان عقدت عدة اجتماعات تحضيرية متتالية في مدن السليمانية واربيل ودهوك لاعداد برنامج المهرجان، ستصدر

بیروڕای سیاسی و ئاینی زۆر بە گەرمی پیرۆزباییمان لە بەڕێزیان کرد و هیوای لەش ساغی و سەرکەوتنمان بۆ کرد.

**دووەم** پێکهاتەی کۆمەڵی نیشتمانی عیراقی کە ژمارەمان (٢٧٥) ئەندام بوو کە تێیدا (٧٥) ئەندام لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بوو کە تێیدا زۆرینەکە بەر عەرەبی شیعە مەزهەب کەوتبوو، چونکە ئەوکاتە لەو هەڵبژاردنەدا عەرەبە سوننەکان بایکۆتی پرۆسەی هەڵبژاردنیان کردبوو، تاك تاك عەرەبی سوننە لە کۆمەڵی نیشتمانی هەبوو.

**سێیەم** پێکهاتەی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان هەندێ خاڵی زۆر لاوازی تێدابوو کە دەتوانم بڵێم تا رادەیەکی زۆر (مەحسوبییەت و مەنسووبییەت)ـی تێدا رەچاو کرابوو، چونکە لەناو ئەندامەکانمان دا هەبوو زمانی عەرەبیی نەدەزانی و تەنانەت هەندێکیشیان بۆ یەك تاکە جاریش (موداخەلەیەك) یاخود یەك تاکە بەشدارییان تێدا نەکرد، زۆر جاریش بە شێوەیەك لە شێوازەکان خۆیان لە چاوی کامێراکان دەشاردەوە، کە ئەمەش (ئەم جۆرە دەستنیشانکردنی نوێنەران) گوناهێکی گەورەیە کە بەرامبەر بەم پرۆسەیە و دۆزی کورد دەکرێت کە پاشان بە جۆرێکی دیکە باسی ئەو خاڵە دەکەم کە جۆرە مشتومڕێکی نایەوە.

**چوارەم** ئێمەی ئەندامانی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی بە پێچەوانەی لیستی هاوپەیمانیی لیستی عەرەبە شیعەکان هەستمان بە تەبایی تەواوی ناوخۆ نەدەکرد، بەڕێزان د. فوئاد مەعسوم کە سەرۆکی لیست بوو و عارف تەیفور کە لەدوای ئەوەوە دەهات بۆ یەك جار نەبێت کۆبوونەوەیەکی گشتییان پێ نەکردین (من لەم بارەیەوە نامەیەکم بۆ بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نووسیوە)،

زۆر جاریش حەساییەتی حزبایەتیی سەقەت لەنێواندا بە شەرمەوە سەری هەڵدەدا، بەڵام من بەش بە حاڵی خۆم بەهیچ شێوەیەك هەستم بە پەرۆشی سەرکردایەتی لایەنە سیاسییەکان نەدەکرد و گرنگیی پێ نەدەدرا (حەواڵە بە خوایان دەکرد).

**پێنجەم** لە هەڵبژاردنی سەرۆکی لیژنەکانی ناو کۆمەڵی نیشتمانی دیسان مەحسووبییەتێك و رازیکردنێکی بەرژەوەندیی تاکە کەسی (زیاتر ئەوەی پەوەندیی بە ئەندامانی حیساب لەسەر لیستی پارتی) هەبوو بێئەوەی بەرژەوەندی و قابلییەت و لێهاتوویی و پسپۆڕیی تێدا رەچاو بکرێت، تەنها بە بڕیاری تاکە کەسیی فلان و فلان سەرۆك و جێگری لیژنەکان دادەنران.

**شەشەم** بە هیچ شێوەیەك بیر لە پاراستنی ئەندامان نەدەکرایەوە، هەر ئەندامەو بۆخۆی دەبووایە مشووری پاراستنی خۆی بخوات، باشە لێرەدا لێپرسراوان، مەکتەبی سیاسی، دەزگا تایبەتییەکان کاریان چییە ئەگەر نەخشە و پلان بۆ ئەو جۆرە مەسەلانە دانەنێ بە مەبەستی خۆیان بپارێزن، نەم بیستووە و نەمدیوە (گاڕان) بێ شوان بێت تەنها لای ئێمە نەبێت، لێپرسراوەکان کە پۆستی حزبی یان حکومیی پلە بەرزیان هەبوو بە حیمایە و چەك و شوێنی حەوانەوە هیچ کەموکوڕییەکیان نەبوو بۆیە (دیارە هەر وایە) کە وەکو بابە تاهیری هەمەدانی دەڵێ:

*دڵی شـــاد ئاگای لە دڵزار نییە*

*سپ و ساغ ئاگای لە بیمار نییە*

هەر وا بووە و هەرواش دەبێت خەڵکی دیکەش سەری بە قەبری باوکی (لە راستیدا دەبێت لەم رۆژگارە لێپرسراو لە ئاستی لێپرسراوێتی دا بێت!!).

**حەوتەم** هیچ بەرنامە و پلانێك بۆ جۆری ئیشکردن، موداخەلات، گفتوگۆ، رەتکردنەوە، هاوپەیمانێتی وجودی نەبوو و ئەوەی هەبوو رۆڵی تاك بوو لە روو بە روو بوونەوە و رەتکردنەوە و وەڵامدانەوە، راستە پێویستە ئاستی ئەندامانی پەرلەمان ئاستیان بەرز بێت، بەڵام دیسان (پلان و بەرنامە) جێگرەوەیان (بدیل) نییە، تەنانەت جارێکیان لە دانیشتنێك دا هاتمە دەنگ و قسەم لەسەر بابەتێك کرد کە پەیوەندیی بە کوردستانەوە هەبوو، بەڵام کاك عارف تەیفور کە جێگری سەرۆکی پەرلەمان بوو لەسەر مینبەر سەرۆکایەتی هەلێدایە و گوتی (قسەکانی فەرهاد تەعبیر لە را و بۆچوونی خۆی دەکات)، بەڵام دیسان بۆ جاری دووەم هاتمە وەڵام و گوتم (قسەکانی کاك عارف تەعبیر لە رای خۆی دەکات و قسەکانی من لە ویژدانی مرۆڤێکی کورد هەڵقوڵاوە)، پاشان کە دانیشتنەکە کۆتایی هات تووشی بەرێز د. فوئاد مەعسوم بووم و دەستخۆشیی لێکردم و گوتی (قسەکانی تۆ راست بوون).

**هەشتەم**، لە کاتی پێشکەش کردنی بەرنامەی سیاسیی حکومەتی عیراقی تازە لە لایەن ئیبراهیم جەعفەرییەوە لە رۆژی ٢٠٠٥/٥/٣١ پێشکەش کرا، بڕیار درا لیژنەیەك لە نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانەوە پێك بێت، بە مەبەستی گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو بەرنامە سیاسییە و هەڵسەنگاندنی و ئامادەکردنی پێشنیازی بەجێ لەسەر شێوازی راپۆرتێك پێشکەش بە سەرۆکایەتیی حکومەت بکرێت بە مەبەستی دەوڵەمەند کردنی بەرنامەکە و نەهێشتنی کەموکوڕییەکانی، رۆژی ٢٠٠٥/٦/١٤ دانیشتنی ئاسایی کۆمەڵی نیشتمانی گرێدرا کە تێیدا بەڕێز فەرەیدون عبدالقادر راپۆرتی ئامادەکراوی تایبەت بە بەرنامەی حکومەتی عیراقی خوێندەوە کە دیسان (٩) تێبینیی تێدا تۆمار

کرابوو کە هەرهەمووی لەسەر بارودۆخی کوردستان بوو، ئەوجا خوالێخۆشبوو د. سەعدی بەرزنجی جێگری سەرۆکی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی دەقی تێبینییەکانی هاوپەیمانیی کوردستانی پێشکەش بە سەرۆکایەتیی کۆمەڵی نیشتمانی (الجمعية الوطنية) کرد پاشان (٦٠) ئەندام ناوی خۆیان تۆمار کرد بە مەبەستی گفتوگۆ لەسەر بەرنامەی حکومەت کە لێرەدا (بەندە) یەکێك لەوانە بووم کە سێیەمین ئەندام بووم رێگام پێ درا بچمە سەر مینبەری هۆڵی کۆبوونەوە و ئەم دەقەم خوێندەوە کە کاتی خۆی لە رۆژنامەی الصحفي ژمارە (٧)ی ٢٠/حوزەیران/٢٠٠٥ کە بە زمانی عەرەبی دەردەچوو بڵاوکرایەوە کە ئەمەش دەقەکەیەتی بە زمانی کوردی:

(بەڕێز سەرۆکی کۆمەڵی نیشتمانیی عیراقی

یاداشتنامەکەی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی کە پێشکەش بە سەرۆکایەتیی کۆمەڵی نیشتمانی کراوە لە رۆژی ٢٠٠٥/٦/٧ کە تێیدا چارەسەری گونجاوی بۆ ئەو کەموکوڕییانەی کە لە بەرنامەی سیاسیی حکومەتی عیراقی کە د. ئیبراهیم جەعفەری سەرۆکایەتیی دەکات تێدایە هیوادارین جێگای شیاوی لە بەرنامەی حکومەتدا بۆ بدۆزرێتەوە.

(بەندە)ش وەکو جێگری سەرۆکی لیژنەی هەرێم و پارێزگاکان (بۆ زانینی خوێنەر دکتۆرەی پێست حنان فەتلاوی سەرۆکی ئەو لیژنەیە و بەندەش جێگری بووم) کەمتەرخەمی و گوێنەدانێکی ئاشکرا دەبینم و هیوادارم بە دەستی ئەنقەست نەبێت، لە بابەتی پەیوەندی نێوان حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێمی کوردستان کە کیانێکی سیاسییە و لەسەر پێگەی دیموکراسی و یاسایی لە ماوەی ١٣ ساڵی رابردوو درووست بووە، لێرەدا ئەوەی لە بەرنامەی حکومەتی جەعفەری دەبیندرێ نەبوون و باس نەکردنی جۆری پەیوەندیی نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێم کوردستانە کە

جۆره نیگەرانییەكی گەوره لە شەقامی كوردستاندا درووستكردووه، وە لە دەزگاكانی راگەیاندنی كوردستاندا بە جۆرێكی بەربلاو باسی لێوه دەكرێ، لە كاتێكدا كە ئەم بابەتەش (گوێنەدانە) پاشخانێكی هەیە كە ئەمیش بریتی بوو لەو (سوێندخواردنە ناتەواوەی كە لەلایەن وەزیرەكان راگەیەندرا) بێئەوەی باسی فیدراڵییەتی تێدا بێت كە ئەو بڕوایەی لا بەهێز كردین كە بڕوامان بەم حكومەتە نەبێت كە هیوادار بووین سەركەوتنی گەوره بەدەست بهێنین، ئەم بڕگە زیادكراوەی كە بەسەر بەرنامەكەدا هاتووه لە دوا وەرەقەی ئامادەكراو (وێنەی دووەم) لە بەرنامە سیاسیەكەی حكومەتدا كە پاش چەند رۆژێك لە خوێندنەوەی سەرۆكی حكومەت بلاوكرایەوە ئەو هێز و پێگەیەی تێدا نییە كە جێگای بڕوا و متمانە بێت و پێچەوانەی ئەو رێككەوتنەیە كە لە رۆژی ٢٠٠٥/٤/٨ لەنێوان هەردوو لایەنی كورد و شیعە لەسەری پێكهاتبوون كە تێیدا دەڵێ (بەهێزكردنی پێگە و رۆڵی حكومەتی هەرێم و ئەنجوومەنی پارێزگاكان و رێزگرتنی ئاكامی هەڵبژاردنەكان و پەرلەمانی كوردستان و بەرەوپێش بردنی رێكخستن و هاوكاری لەنێوان حكومەتی ناوەندی و حكومەتی هەرێمی كوردستان).

هیوادارین بەڕێز سەرۆكی حكومەتی ناوەندی هۆكاری نەبوونی بەرنامە سیاسییەكەی لە بابەتی پەیوەندی حكومەتی ناوەندی بە حكومەتی هەرێمی كوردستانەوه بخاتە روو كە بە گرنگترین بابەتی ئەو رۆژگاره لە گۆڕەپانی سیاسی كوردستان دادەنرێ، لە هەمان كاتیشدا باسنەكردن و تێپەڕبوون بەسەر ماددەی (٥٨) لە یاسای كارگێڕیی دەوڵەت لە قۆناغی گواستنەوەدا (قانون إدارە الدولە للفترە الانتقالیە) و گەڕانەوەی بارودۆخی كۆن (مەبەست پێش هاتنی حكومەتی بەعسە لە ١٩٦٨/٧/١٧) بۆ شاری كەركووك وە نەهێشتنی ئاسەواری تەعریب و داواكارین چارەسەر بكرێت و بە شێوەیەك كە ببێتە هۆكاری بڕوای گەلی كوردستان بە حكومەتی ناوەندی لەگەڵ جێگیر كردنی لە راپۆرتی لیژنەی تایبەت بە بەرنامەی سیاسیی سەرۆكایەتیی حكومەتی ناوەندی).

کوردستانی باسی لێوە نەکرد و وەکو بڵێی ئەم بابەتە پەیوەندیی بە کورد و کوردستانەوە نییە بەپێچەوانەی ڕۆژنامەکانی سەر بە لیستی شیعە کە ورد و درشتی بابەتەکانیان بڵاودەکردنەوە، لێرەدا تەنها ڕۆژنامەی (الاتحاد)ی ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لێ دەرچێت ئەویش بە حوکمی ئەوەی سەرنووسەرەکەی کە برای بەڕێز (فریاد ڕەواندزی) بوو کە لە هەمان کاتیشدا ئەندامی کۆمەڵی نیشتمانی بوو لەم خولەدا ڕۆژنامەی چاودێر-یش تەنها لەناو هەمو ڕۆژنامەکانی کوردستان لە ژمارەی ٣٣ی ڕۆژی دوو شەممە ڕێککەوتی ٢٠٠٥/٦/٢٠ بە درێژی و لەژێر ناوونیشانی (پەرلەمانتارانی کورد پاشەکشە بە جەعفەری و پەرلەمانتارانی "العراقیە"ش داوای عیراقی عروبە دەکەن) دەنووسێ کە ئەمەش دەقەکەیەتی:

(٢٠٠٥/٦/٤ دانیشتنی دوای نیوەڕۆی پەرلەمانی عیراق بە لێپێچینەوە لە د. جەعفەری سەرۆك وەزیرانی عیراق تەرخان کرابوو بەتایبەتی لەسەر پڕۆگرامی پێشکەش کراوی حکومەتەکەی، لیژنەکانی پەرلەمان ڕاپۆرتی خۆیان لەسەر پڕۆگرامەکە خوێندەوە و ڕەخنەیان لێ گرت، پاشان نوێنەرانی هاوپەیمانی کوردستانی (فەرهاد عەونی، عبدالمجید زەنگەنە، ئیبراهیم جەلال، وەلید شەریکە، خەسرەو جاف، د. نەوزاد ساڵح رفعت) یەك لەدوایەك ڕەخنەیان لە جەعفەری گرت بەتایبەتی لەسەر فیدراڵی و کێشەی کەرکووك. سەرەنجام د. جەعفەری پاشەکشەی کرد و بەڵێنی پێداچوونەوەی بەو پڕۆگرامە دا، لە میانەی قسەکانیشی باسی فیداکاریی کورد و سەرکردەکانی کرد، ئەم پاشەکشەیەی د. جەعفەری و گفت دانی بۆ پێداچوونەوە بە پڕۆگرامی حکومەتەکەی سەرەڕای ئەوەی پێشنیاز هەبوو جارێ پەرلەمان پەسەندی نەکات هەتا پڕۆگرامە تازەکەی جەعفەری دەبیندرێت).

لە زۆربەی دانیشتنەکانی پەرلەمان هەندێ لە نوێنەرانی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان بە جیاوازیی ڕەنگەکانیانەوە هەمیشە لەسەرخەت بوون بۆ ڕەتکردنەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەبوو، تا ڕۆژێکیان (نوری

المالكی) كە ئەوكاتە ئەندامی ئەو خولەی پەرلەمانی عیراق بوو لەگەڵ ئێمە سەرەڕای ئەوەی كە كەسایەتیی دووەمی حزبی (دەعوە) بوو خەریك بوو لە هۆڵی پەرلەمان لەگەڵی بیكەینە شەڕ چونكە لە راپۆرتەكەی ئەو رۆژەی لیژنەی بەرگری چەند جارێك لە راپۆرتەكەی دا كە ئەو سەرۆكی ئەو لیژنەیە بوو پێشمەرگەی كوردستانی بە (میلیشیا) ناوزەد كرد، بۆ پەرچدانەوەی ئەو تۆمەتە چەند ئەندامێكی پەرلەمان بەپێی ئوسولْ ناوی خۆمان بۆ گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە تۆمار كرد، بەڵام بۆ بەدبەختیی ئێمە ماوەی دانیشتنەكە تەواو بوو، ئێمەش (فەرهاد عەونی، ئیبراهی جەلال، عبدالمجید زەنگەنە، وداد حەمە غەریب، د. نەوزاد سالْح رفعەت) لە مالكی چووینە پێشەوە و بە تووڕەییەوە پێمانگوت (تۆ لە چ روانگەیەكەوە بە چ مافێك دەتەوێ ئیستفزازی هەستی نەتەوایەتیی ٤٠ ملیۆن كورد بكەیت، ئێمە نەلە تۆ و نە لەكەسێكی لەتۆ گەورەتر قبووڵ ناكەین جارێكی دیكە بەم شێوەیە پێشمەرگە بە (میلیشیا) ناوزەد بكەی) سەرەڕای هەندێ قسەی توندتر كە لەنێواندا روویدا پاشان مالكی هیچی بۆ نەمایەوە و ویستی خۆی لەم گوناحە رزگار بكات گوتی من چی بكەم د. رۆژ لەسەر ئەم ناوهێنانە بەم شێوەیە رازییە (اني یاهو مالتي د. روژ وافق علی هذه التسمیة) ئێمەش زانیمان درۆ دەكات لە وەڵامدا گوتم (ئەمە درۆیەكی گەورەیە كە تۆ بەناوی د. رۆژەوە دەیكەیت، ئەو خۆی (یانی دكتۆر رۆژ) پێشمەرگە بووە و قسەی وای لەدەم نایەتە دەر)، لە راستیدا من و برای بەڕێز ئیبراهیم جەلال دەستیشمان لێ بەرزكردەوە، بەڵام برادەرانی دیكە كەوتنە نێوان.

برای بەڕێز عبدالمحسن سعدون كە لەوساوە تاكو رۆژانی ئەمڕۆ بە ئەندامێتیی لە خولە یەك لە دوایەكەكان ماوەتەوە و سەرۆكی لیژنەی یاسایی پەرلەمانیشە بەو خولەی ئێستاشەوە (٢٠١٢) جارێك لە دانیشتنێكی بەندە و كاك محسین سەعدون و كاك كامەران برازای شێخ تەحسینی میری ئێزیدیان دا قسەیەكی ئاراستەی بەندە كرد و بە دەق گوتی (كاتێ تۆ موداخەلە یاخود

قسەیەك دەكەیت هەر زوو دەزانم چۆن دەچیتە ناو بابەتەكە و بە كوردستانەوە گرێی دەدەی).

لە ماوەی ئەم خولە كە نزیكی ساڵێكی برد رۆژانە دەوامی خۆمان دەكرد و باوەڕ ناكەم لە هیچ دانیشتنێك دا دواكەوتبم چونكە مەسەلەكە لای من زۆر بەهەند وەردەگیرا، یەكەم لەبەرئەوەی ئەم خولەی كۆمەڵی نیشتمانیی عیراقی یەكەم خولی هەڵبژێردراوی پەرلەمانی عیراقی سەرتاسەر بوو كە پێویستی دەكرد نوێنەرانی كوردستان بەشداریی جدی تێدا بكەن، دووەم لەم خولەدا سەرۆك كۆمار هەڵبژێردرا كە ئەویش بەڕێز مام جەلال بوو، سێیەم هەر لەم خولەدا دەستووری عیراقی دەنووسرایەوە كە هەموو ئەوانە پێویستی دەكرد كە ئێمەی ئەندامانی لیستی هاوپەیمانیی كوردستان ئامادە و ئامادەباشی بۆ بابەتەكان بكەین چونكە یەكەم جارە لە مێژووی درووستبوونی دەوڵەتی عیراق نوێنەرانی كوردستان بەم ژمارە و بە شێوەیە بەشداری لە پەرلەمانی عیراقیدا بكەن كە تێیدا بابەتە چارەنووس سازەكانی تێدا باس دەكرا و بڕیاری لەسەر دەدرا وەكو بابەتی فیدراڵییەت، بەڵام ئەوەی جێی داخە لایەنە سیاسییەكانی كوردستان بەتایبەتیش پارتی و یەكێتی لە هەڵبژاردنی نوێنەران زۆر سەركەوتوو نەبوون، تەنانەت هەندێ كەسیان ناردبووە نێو پەرلەمان كە دوور و نزیك ئاگای لە مەسلەكە نەبوو و تەنها رۆژی دەژمارد، بەڵام دیسان هەڵسەنگاندنەكان (التقییم) لەسەر بنەمایەكی راست و درووست و وردەكاریی لە هەڵویست و كاری رۆژانەی پەرلەمانتاران نەدەكرا، هەموو هەڵسەنگاندنەكان لەسەر بنەمای مەحسوبییەت و مەنسوبییەت بینا دەكرا، سپی و رەش تێكەڵ دەكرا، ئەمەش وەنەبێ لە بێئاگایی سەركردایەتیی سیاسی بووبێ بەڵكو من باوەڕی تەواوم هەیە كە هەندێ لە ئەندامانی سەركردایەتی بە دەستی ئەنقەست وایان دەكرد تاكو بتوانن پیا و مەحسوبەكانی خۆیان رەوانەی پەرلەمانی عیراقی بكەن لەسەر حیسابی مەبدەئییەت و راستگۆیی و ئازایەتی و رەوشت بەرزی و گیانی نیشتمان پەروەری و كوردایەتی، ئاشكراشە ئەم دیاردەیە كە چەند زەرەر و زیان بە بەرژەوەندیی باڵای كوردستان دەبەخشێ

(بەندە)ش پێش ئەوەی خولی پەرلەمانی قۆناغی (٢٠٠٥-٢٠٠٦) تەواو بێت لەلای هەندێ لە برادەرە نزیکەکان رامگەیاند کە من جارێکی دیکە هەوڵ نادەم بۆ پەرلەمان کاندید بکرێمەوە یاخود کە من داخوازیم نییە بمێنمەوە لەم شوێنەدا وە چەند جارێکیش لە ماڵەوە رامگەیاندبوو چونکە ئەوەی من مەبەستم بوو وا دەرنەچوو، ئایا تا چەند رەوایە تۆ یەکێك بۆ پەرلەمانی عیراق تەرشیح بکەی کە هیچ باگراوەندێکی سیاسیی نەبێت و یاخود رۆژێك لە رۆژان ئەندامی لایەنێکی سیاسی تێکۆشەر نەبێت ئەمەش با خاتری ئەوان بێت، ئایا دیسان رەوایە تۆ مرۆڤێك کە زمانی عەرەبی نەزانێ بنێری بۆ پەرلەمانی عیراق کە هەموو قسە و گفتوگۆیەکان بە زمانی عەرەبی دەگوزەرا لە کاتێك دا لە کۆی (٢٧٠) ئەندام (٢٠٠) عەرەبە ئەوجا زیاتر لەوەش رۆژنامەی خەبات لە ژمارە (١٩٥٤)ی رۆژی ٢٠٠٥/١٠/٢٣ پێش تەواوبوونی خولی یەکەمی پەرلەمانی عیراق بە زیاتر لە (٤) مانگ لە لاپەڕە (١)دا لەژێر ناوونیشانی "لە پەرلەمانی عیراقدا ٨٠٪ی ئەندامانی لیستی هاوپەیمانییەتی کوردستان دەگۆڕدرێن"


ژمارە (1954)
یەک شەمە 23ی تشرینی یەکەم 2005
2ی گەلاڕێزان 2705ی کوردی
(21)ی رەمەزان 1426ک
«16» لاپەڕە
«300» دینار

XEBAT

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان

## لە پەرلەمانی عێراقدا
## 80٪ی ئەندامانی لیستی هاوپەیمانیەتی کوردستان دەگۆڕدرێت

**ئاژانسەکان:** سەرچاوەکانی هەواڵ وا رادەگەیەنن کە گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر ئەندامە کوردەکانی کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراقیدا دێت و، ئەم گۆڕانکارییە رێژەی 80٪ی لیستی هاوپەیمانیەتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراقدا دەگرێتەوە، سەرچاوەکان هۆکاری ئەنجامدانی ئەم گۆڕانکارییەش بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە ئەندامانی کورد لە پەرلەمانی عێراقدا ئەرکی خۆیان بەباشی بۆ ل13

دەنووسێت (ئاژانسەکان سەرچاوەکانی هەواڵ وا رادەگەیەنن کە گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر ئەندامە کوردەکانی کۆمەڵەی نیشتمانی عیراقدا دێت و ئەو گۆڕانکارییانە ٨٠٪ی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عیراق دەگرێتەوە، سەرچاوەکان هۆکاری ئەم گۆڕانکارییانەش بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئەندامانی کورد لە پەرلەانی عیراقدا ئەرکی خۆیان بە باشی بەجیٚ نەهێناوە...). بەڕاستی هەواڵەکەی رۆژنامەی خەبات کە بڵاویکردبۆوە لای من هەواڵێکی ئیستفزازی بوو چونکە بەم شێوەیە ناوزڕاندن و هەڵوێست زڕاندن کارێکی بەجیٚ و لەجێی خۆیدا نییە چونکە لەوانەیە مادام رۆژنامەی (خەبات)ی پارتی دیموکراتی کوردستان نووسیویەتی لای هەندێك وا دەبینن کە خودی هەواڵەکە ١٠٠٪ راستە، بەڵام سەرکردایەتی یاخود مەکتەبی سیاسی نابێت خەڵکی خۆی بەم شێوەیە ناشرین بکات لەکاتێکدا هەواڵەکەی خەبات چاك و خراپی تێکەڵ کردووە چونکە خوێنەر کاتیٚ تەماشای ئەندامانی پەرلەمانی دەکات کە بەم شێوەیە لەسەریان دەنووسرێت خوێنەر لەوە ناکۆڵێتەوە کیٚ چاك و شۆڕەسوارە و کێش بێکەڵك و بیٚ بەرە و ئەوەی زیاتریش نیگەرانی کردم لە درێژەی هەواڵەکەدا خەبات لەسەر زاری بەڕێز فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی باس لەو بیٚ هەڵوێستییەی ئەو ٨٠٪ گۆڕانکارییە دەکات بێئەوەی ئەندامانی لیتسی هاوپەیمانی کوردستانی بە چاك و خراپ بە هەڵوێست و بیٚ هەڵوێست بە عەرەبی زان و عەرەبی نەزان ئاگاداری ئەم بابەتە بن لە کاتێکدا جاریٚ بۆ تەواوبوونی خولی پەرلەمان زیاتر لە چوار مانگی مابوو، وەکو گوتم بابەتەکەی خەبات هەم نیگەران و هەم ئیستفزازی کردم، وەکو عەرەبیش دەڵیٚ "سکوتي من رضايا" بۆیە دەبووایە بێمە دەنگ چونکە من خۆم لە هەموو کەس زیاتر بە خەمخۆر دەزانی، لە ماوەی چەند سەعاتێکدا وەڵامێکی پڕبەپێستی هەمەلایەنەم نووسی و ویستم لە سەرەتادا بۆ رۆژنامەی (خەبات)ی خاوەن هەواڵەکە بنێرم، بەڵام وەکو رۆژنامەنووس کە ماوەی حەوت ساڵی سەرنووسەری رۆژنامەی خوالێخۆشبوو رەحمەتی (برایەتی) بووم کە لە ٢٠٠٣/٥/١ زیندەبەچاڵ کرا کە دوا ژمارەی

(٣٩٨١) بوو و ئەو (خەبات)ـە جێی گرتەوە دەمزانی رۆژنامەی حزبی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو جۆرە بابەتانە دەكات كە لە بنەڕەتدا بڵاوی ناكەنەوە چونكە مەعقول نییە سەرنووسەرێك ئەگەر بڕوا و متمانەی بەخۆی نەبێت ناتوانێ لەم جۆرە بابەت (بڤە)یانە نزیك ببێتەوە، دەشمزانی رۆژنامەی خەبات بەو جۆرە بەربڵاو نییە كە بە دەستی خوێندەوارانی كوردستان لە هەموو ناوچەكان بگات، بۆیە رۆژنامەی (هاوولاتی)م هەڵبژارد كە رۆژنامەیەكی سەرنجڕاكێش و سەربەست بوو سەرەڕای حەزكردنی بە بڵاوكردنەوەی ئەو جۆرە بابەتانە، بۆیە بە نامەیەك بابەتەكەم بۆ سەرنووسەری رۆژنامەی (هاوولاتی) نارد و ئەوانیش بە سوپاسەوە پاش هەفتەیەك بڵاویان كردەوە، پاش بڵاوبوونەوەی لە هاوولاتی وەكو چەند برادەرێك پێیان راگەیاندم رۆژناەكە ئەودەست و ئەودەستی دەكرد و پاش بڵاوبوونەوەشی كەسێك لە بەرامبەردا نەهات جوواب چونكە نووسینەكەی خەبات لە بنەڕەتدا هەڵە و چەواشەكاریی پێوە دیاربوو، (دەقی نووسینەكەم لە كتێبی "ئەزموونی رۆژنامەنووسیم" كە لە ساڵی ٢٠١١ چاپكراوە و بڵاوكراوەتەوە جێگیر كردووە).

وەكو گوتم خوێنەری بەڕێز سوێندت لەسەرم نییە، بەڵام بە هەموو پیرۆزیی دونیا من بڕیاری كۆتایی خۆمم دابوو كە دوور و نزیك هەوڵی ئەوە نەدەم كە هەڵبژێردرێمەوە بەهیچ شێوەیەك سەرم بە بارەگای مەكتەبی سیاسی پارتی دا نەدا، تەلەفۆنی هیچ یەك لە ئەندامانی مەكتەبی سیاسیم نەكرد، الحمد لله هەموویان لە ژیان ماون، دەشمزانی ئەگەر ئیشەكە لە مەكتەبی سیاسی دا بێت ئەوا بە هیچ شێوەیەك من تەرشیح ناكرێمەوە بۆ ئەم شوێنە چونكە دەمزانی وەكو كاك نێچیرڤان بارزانی پێی گوتم (هیچ دۆستێكم لە مەكتەبی سیاسی نییە)، بەڵام ئەگەر مەكتەبی سیاسیش بڕیاری بە تەرشیح كردنەوەم بدابایە ئەوا خودا وەكیلە رەتم دەكردەوە چونكە لە جۆری مامەڵەی كاك عارف تەیفور رازی نەبووم، سەرەڕای ئەو تێكەڵ و پێكەڵییەی لە دەستنیشان كردن هەبووە و هەیە كە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئارەزوو و مەبدەئ و هەڵوێستی من ناگونجێ.

ڕۆژێکیان پێش تەواوبوونی خولی پەرلەمان بە چەند ڕۆژێك دانیشتنێك ئەنجام درابوو کە دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی تێدا بەشداربوون، مەکتەبی سیاسی وەکو خوالێخۆشبوو (د. سەعدی بەرزنجی) بۆی گێڕامەوە کە تێیدا هەندێ ناویان تاوتوێ کردبوو بۆیە کاتێ د. سەعدی بەرزنجی بە ڕێککەوت لە ئوتێل چوارچرام دیت بە دەق گوتی (بەداخەوە کاك فەرهاد ئەو ڕۆژە لە مەکتەبی سیاسی هەوڵی زۆرم دا لەبەر لێهاتوویت و هەڵوێستەکانت دووبارە تەرشیح بکرێیتەوە، بەڵام بەداخەوە هەندێ لە برادەرانی مەکتەبی سیاسی ڕازی نەبوون کە تۆ تەرشیح بکرێیتەوە!) منیش لە وەڵامدا بە د. سەعدی بەرزنجیم گوت (کاکە دکتۆر سوپاسی هەڵوێستی جەنابت دەکەم بەرامبەر بە من چونکە تۆش یەکێك لەوانە بووی کە ئاگات لە هەڵوێست و جموجۆڵی من بوو لە پەرلەمان، بلآم لە ڕاستیدا پێم ناخۆشە کە ناوی منت هێناوە بۆ دووبارە ئەندامێتیی پەرلەمان، جەنابت باش دەزانم گلەییەکانی من لەم خولە لەسەر چی و لەسەر کێ بوو واشبزانم ئاگاداری بڕیارە پێشوەختەکەی منیش بوویت بۆیە نەدەبووایە ناوی من بهێنی و ئەگەر ئەو دوو برادەرەی کە دژی تەرشیح کردنەوەم بوون خودا وەکیلە ئەگەر جێگایەکەی خۆشیانم بدەنێ ڕەفزی دەکەم سامحهم الله)، لێرەدا لە هەمووشی سەیرتر ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی کە گوتبووی (بۆیە فەرهادمان جارێکی دیکە تەرشیح نەکردەوە چونکە زیاتر دۆستایەتیی برادەرانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانی دەکرد و هەمیشە لەگەڵ فریاد ڕەواندزی پێکەوەن و هەندێ جاریش شەوانە دەچێتە ماڵی ئەوان بۆ خەوتن).

من نایشارمەوە ماوەیەکە هاتوومەتە ئەو قەناعەتە کە هیچ پاساوێك نییە هەردوو لا دوو حزبی (یەکێتی و پارتی) علمانی و نەتەوەیی و خەون بە دەوڵەتی کوردستانەوە دەبینن و ڕێککەوتننامەی ستراتیژیان لەنێواندا هەیە و دەبێت چ ئاقڵ و ئەقڵییەتێك بێت لەسەر دۆستاتیم لەگەڵ برا و ڕۆژنامەنووسێکی یەکێتی هەڵوێستم لەسەر وەربگرێ، سەرەڕای ئەوەی دۆستایەتیی من و فریاد ڕەواندزی بۆ ڕۆژانێکی دوورتر دەگەڕێتەوە، پاشان

ئەوكاتە كە لە پەرلەمانی بەغدا بووم من نەقیبی رۆژنامەنووسانی كوردستان بووم و كاك فریاد رەواندزیش سكرتێری لقی بەغدای سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان بوو كە هەفتانە جارێك لەگەڵ لقی بەغدا لە بارەگای رۆژنامەی (الاتحاد) كۆدەبووینەوە چونكە ئەو سەردەمە سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان لقی بەغدا بارەگای نەبوو بۆیە ژوورێكی رۆژنامەی (الاتحاد)مان كردبوو بە بارەگا، لە لایەكی دیكەشەوە من و كاك فریاد هەردووكمان ناومان بە پیتی (ف) دەستپێدەكات كە بەتەنیشت یەكەوە بەپێی پیتی ئەبجەدی دادەنیشتین، ئایا دەبێت ئەو ئەقڵییەتە چ ئەقڵییەتێك بێت كە بەم شێوە سەقەتە بیر بكاتەوە كە تێدا زەرەر لە حزبەكەی دەدا تاكو ئەوەی مەبەستیەتی زەرەرمەندی بكات، لە لایەكی دیكەوە ئەو برادەرە هێندە (كاڵفام)ە ئەگەر هاتو وای لێكبداتەوە كە فەرهاد عەونی بەو هەموو رابردووەی كە هەیەتی بە مەرحەبا یاخود بە چوونەماڵی برادەرێكی رۆژنامەنووسی وەكو كاك فریاد رواندزی واز لە هەموو قەناعاتی فكری و سیاسی خۆی بێنێ كە لەلای من وەكو لە ئاكامی ئەو چل.. پەنجا ساڵەی كە لەناو بزووتنەوەی سیاسی و كوردایەتی كارم كردووە نەمزانیوە مرۆڤی خاوەن هەڵوێست و مەبدەئی راستگۆ لەبەر خاتریی مەرحەبایەك یان دۆستایەتییەكی لەگەڵ ئەم و ئەو بگۆڕێ، بەڵام دیسان قەناعەتم وایە گۆڕان مەسەلەیەكی شارستانی كە لە ئاكامی كۆمەڵێك هۆكار درووست بێت، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە (سەنگەر گۆڕینەكانی ئەم رۆژگارە) دوورە لە هەموو بنەمایەكی راست و درووستی مەبدەئی كە لای من دیاردەی قێزەونن و لەعنەتی لێدەكەم.

پاش ئەو ئەزموونە دەوڵەمەندەی پەرلەمانی عیراق كە تێیدا وەكو هەندێ لە برادەرانی خاوەن ویژدان و مەبدەئی دەیانگوت من یەكێك بووم لەو كەسانە كە هەمیشە لە ریزی پێشەوەی ئامادەكاران بووم بۆ وەڵامدانەوە و رەتكردنەوەی (نەیارەكانمان) كە بێگومان لە هەموو لیستەكان (مەبەست لیستی دەرەوەی هاوپەیمانیی كوردستان) ژمارەیەكی بەرچاویان هەبوو كە دژایەتییان دەكردین، لە هەمان كاتیشدا فێری زۆر شتی دیكەی كردم بەتایبەتیش لە فڕوفێڵی

هەندێك كە بە قودرەتی قادر پلەی لە خۆیان گەورەتریان وەرگرتووە، بەڵام هەمیشە لە هەڵوێست و مامەڵەکردن بچووك بوون و هەموو شتێکیان بیرچووبۆوە تەنها بەرژەوەندیی خۆیان نەبێت، سەرەڕای لێنەهاتوویی و جەهالەتی بەرامبەر رووداو و پێشهاتەکان، لێرەدا ئەو کەسانەش ئەگەر بێیتە سەر راستی گوناحی خۆیان نییە (چونکە کەس بە دۆی خۆی خۆی ناڵی ترشە)، لەو رۆژگارەشدا مەسەلەی رەتکردنەوە نییە و مرۆڤی وا هەیە چ لە کیمیا و چ لە فیزیا و چ لە ئابووریی سیاسی و چ لە ژیانی رێکخستنی حزبی پسپۆڕە ئەگەر تەکلیف بکرێت بۆ وەزارەتی ئەوقاف یاخود کارەبا ناڵێ نا لە کاتێکدا (فڕی بەسەر جمهوورییەتەوە نییە)، بەڵام گوناهەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەرکردایەتیی سیاسی کە بەهیچ شێوەیەك دیراسەتی ئەو جۆرە بابەتانە ناکەن تەنها لەبەرئەوەی (سەر) بە یەکێ لە برادەرانی سەرکردایەتیی یاخود (شەریکە دزە) لە بابەتێك، دەنا نەبووە لە هیچ رۆژگارێك یەکێ بە درێژایی ١٥-٢٠ ساڵ پۆستی حکومی و پەرلەمانی و حزبیی بەیەکەوە هەبووە کە وا لێك دەدرێتەوە لەو حزبە پیاوی تێدا نەمابێ لەو چەند کەسە زیاتر کە لەبەرامبەردا سەدان تێکۆشەر و پسپۆڕ و مولتەزم و رابردووپاك و بەئەمەك بێ ئیشوکار و بێ لێپرسراوێتی دەسوڕێتەوە تەنانەت وایان لێهاتووە منداڵەکانی خۆشیان پێ قەناعەت ناکرێ بۆیە دەبینی زۆربەی کوڕ و کچانی ئەو توێژە شەریفە لەبیرکراوە بە پێچەوانەی قەناعەتی باوکانیان هەڵسوکەوت دەکەن، رۆژێك لە رۆژان لە دانیشتنێکی دوو قۆڵی دا گلەییم لە دۆستێکی پارتیی خاون ئەزموونی (٣٥)ساڵە کرد کە بۆچی کوڕەکەی ١٠٠٪ بە پێچەوانەی باوکی هەڵسوکەوت دەکات و دەڵێی رۆژێك لە رۆژان ئەو باوکە بە هیچ شێویەك دەرسی پارتایەتیی لە ماڵەکەی خۆی نەگوتۆتەوە، دۆستە پارتییەکەم لە وەڵامدا گوتی (کاکی برا من خۆشم ئەم مەسەلەیە ئەزیەتم دەدات، رۆژێك زۆر بە توندی لە کوڕەکەم هاتمە دەنگ و خۆم لێ تووڕە کرد کە بۆچی بەو جۆرە (سەقەتە) بیر دەکاتەوە و هەڵسوکەوت دەکات، دەزانی کوڕەکەم وەڵامی چی بوو؟! (گوتی بابە گیان بیروبۆچوون و هەڵسوکەوتی من لە مەغدورییەتی تۆوە

سەرچاوە هەڵدەگریْ، من رۆژانە تۆ دەبینم بەدەم ئازارە دەروونییەکانتەوە دەتلێیتەوە و خەم سەراپای ژیانی داگرتووی، مەعقولە من نەفرەت و نەعلەت لە سەرچاوەی خەم پەژارەی تۆ نەکەم!).

پاش گەڕانەوەم بۆ هەولێر بەتەواوی خۆم بۆ کاری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان تەرخان کرد چ لە رووی پاراستنی سەربەخۆیی کە بەهیچ لایەکدا نەکەویْ چە لە رووی بەدەستهێنانی دەستکەوتی ماددی بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان کە بریتی بوو لە وەرگرتنی سەدان پارچە زەوی و دابەشکردنی بیْ بەرامبەر بەسەر رۆژنامەنووسان بە جیاوازیی بیروڕاسی سیاسی و نەتەوەیی و ئاینی، یارمەتیی ماددی بەپێی ئیمکانییاتی سەندیکا، بەڵام بۆ هەندێکیانیش لەدەرگای سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانم دەدا بە جیاوازیی سەرۆکی کابینەکان و هەوڵدان بۆ زیادکردنی مووچەی خانەنشینی رۆژنامەنووسان و وەرگرتنی پێناسەی فدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێوەدەوڵەتی IFJ کە تەنانەت بۆ ژمارەیەکی بەرچاوی رۆژنامەنووسانی رۆژهەڵات و باکوور و رۆژئاوای کوردستانیشم بەدەستهێنا بەجۆرێك کە کاری رۆژنامەنووسییان لە هەرێمی کوردستان دەکرد سەرەڕای داکۆکیی راستەوخۆ و راشکاوانە لە ئازادیی رۆژنامەنووسی و چەسپاندنی بە یاسا، ئەم جۆرە کارانەش هەوڵ و تەقەلای زۆری دەویست بۆیە هەموو کاتی خۆمم بۆ سەندیکا تەرخان کردبوو، لە ویژدانیشمەوە هاتبوومە سەر ئەو قەناعەتەی کەوا بڕیارێی راشکاوانە بدەم کە سەرەڕای شانازیم بە مێژووی پارتایەتیم کە نزیکەی (٤٢) ساڵی بە هەموو شێوەیەك پێوەی پابەند بووم کە تەنانەت لە رۆژگارە هەرە ناخۆش و تاڵەکانی دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ی شۆڕشی ئەیلول کە پارتایەتی تا ماوەیەك ناوی لە قوتوی هیچ عەتارێکیش دەست نەدەکەوت و دەتوانم بڵێم لای هەندیْ لە برادەرانی خۆم کە ساڵانێك بوو لەنێوانی ئەم رێبازەدا یەکترمان ناسیبوو لای هەندێکیان پارتایەتی وای لێهاتبوو بە عەیب دادەنرا، بەڵام خودا وەکیلە من بۆ تاکە ساتێکیش ورەم نە رووخابوو بۆ یەك رۆژیش لە رێبازی پارتی دوور

نەکەوتوومەتەوە، وەکو برای بەڕێزم عبدالموجود تەها کە لە ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندیی بە لایەنێکی ناو شۆڕشی کوردستانەوە (یانی لە ڕێگای پارتی دیموکراتی گەلی کوردستانەوە) کردبوو لە دانیشتنێك دا کە لەگەڵ خوالێخۆشبوو شەهید سامی عبدالرحمن سەردانی (ڕاژان)یان کردبوو ڕاشکاوانە بە سەرکردەکانی پارتیی گوتبوو (کە یەکێ لە پارێزەرەکانتان (محامی) فەرهاد عەونییە لە کوردستان). ڕۆژانەش بەدوای هەواڵی پارتی دا دەگەڕام، ئێواران، بەیانیان، هەرچۆنك بووایە دەبووایە گوێ لە ئێزگەی دەنگی کوردستان و دەنگی گەلی کوردستان بگرم، هەر کتێبێك یاخود ڕۆژنامەیەك باسی بارزانیی تێدابایە بەچاك و بە خراپ دەبووایە پەیدای بکەم لەبیرمە لە ساڵانی نێوان ١٩٨٦–١٩٨٩ کە خۆم شاردبۆوە بەهۆی نەچوونم بۆ خزمەتی سەربازی کە ئەوکاتە بە نهێنی لە ماڵی (وریای برام) بووم لە گەڕەکی شۆڕش جاروبار دۆستە نزیکەکانم بە نهێنی منیان بەسەردەکردەوە وە مێوانداریيان دەکردم هەر جارە و لە ماڵێك کە ئەوانەیش بریتی بوون لە خوالێخۆشبووان دڵشادی شێخ نەجیب (عمید دڵشاد)، کریم جەلال خەلیل، جەلال خۆشناو کە تێیدا جارێکیان دۆستی بەڕێز و خۆشەویستم کاکە عیزەتی سلێمان بەگ دانەیەکی لە کتێبی (البارزانی والحرکە التحرریە الکوردیە)ی بەڕێز مەسعود بارزانی بۆ هێنام، لە ڕاستیدا وامزانی دیارییەکی یەگجار بەنرخ و گەورەی پێشکەش کردووم و ئەو ساتە هەموو دنیام بە هی خۆم دەزانی کە تا ماوەیەك پێوەی خەریك بووم و جۆرە حەماسەتێکی زیاتری بۆ درووستکردم، کاتێ کە بەڕێککەوت لەم سەروبەند و بارودۆخەدا (برای بەڕێز و دۆستی دڵسۆز و هاوڕێی خۆشەویستم شەهید دکتۆر محمد باجەلان لە ڕێگای پەروینی هاوسەرمەوە زانی من لە هەولێرم و کە ئەویش بەڕێککەوت لە عیادەکەی سەردانی کردبوو بۆ چارەسەری نەخۆشی کە زانیبووی لەکوێم و خۆم شاردۆتەوە و هەر ئەم شەوە سەردانی کردم و منی بەدزییەوە بۆ چەند شەوێك کە ماڵ و منداڵی بە ڕێککەوت لە بەریتانیا بوون منی بردە لای خۆی و منیش لەو کاتەدا کە کتێبەکەی (البارزانی...) لەبەردەست بوو دەمخوێندەوە لەگەڵ

خۆم بردبوو بۆ ماڵی دکتۆر محمد باجەلان، سەیری پێ هات کە چۆن ئەم کتێبەم پەیدا کردووە، تاکو ئێستاکەش ئەو قسەیەی ئەوم هەر لەبیرە کە بەدەق گوتی (ئیسپاتت کرد کە تۆ هەمان زێڕە عیار ٢٤ەکەی)، وەکو گوتم لەبەر چەندین هۆکار هاتمە ئەو قەناعەتە کە چەند بتوانم لە ژیانی حزبایەتی دووربکەومەوە کە تێیدا بە کرداریش دوورکەوتبوومەوە، بەڵام پاش ئەو ئەزموونەی کە لە کاتی ئەندامێتیم لە پەرلەمانی عیراقدا دیتم کە تێیدا راشکاوانە هەستم بە هیچ جۆرە سێبەرێکی دیسپلینی حزبایەتی نەدەکرد و لە هەموو بارێکەو بڕیاری کۆتاییم لە قەناعەتی ویژدانییەوە دا کە پاشان بوو بە کردار، لێرەدا پێویستە قسەیەکیش بۆ بۆچوونی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەم دەرهەق بە بەندە چونکە ئەوانیش بەتایبەتی لای هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کە ئەوانیش جۆرە (مواسەفات)ێکی دیکەیان دەویست کە پێویستە لە ئەندام بێتە دی بۆئەوەی ببێتە هۆکاری پێشکەوتنی، ئەو چەند ئەندامەی کە باسیان لێوە دەکەم بە حوکی زانیارییان بۆ مێژووی زیاتر لە چل ساڵی پارتایەتیی من دەیانزانی من ئەو پارتییە نیم کە شاهێدی کار و کرداری درۆ بم یاخود نەفەری حازربەدەستی شایەتمان بم، یاخود خۆم لە خەڵکی دیکە بە کەمتر بزانم، یاخود بە کورت و کرمانجی (ببمە پیاوی یەکێك لەوانە و سەڵاوات لە دیداریان بدەم) لە کاتێکدا هەندێك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی کە جۆری پەیوەندییان لەگەڵ خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق سالم پەیوەندییەکی پارتایەتیی راستەقینە و دڵسۆزانە نەبوو دەیانەویست یان وایان لێك دەدایەوە کە مامەڵەی (نەرێنی)یان لەگەڵ من ئەزیەتی کاك جەوهەر نامق دەدات، لێرەشدا بۆ خوا دەیڵێم خواڵخۆشبوو کاك جەوهەر قەتا و قەت لەو ئاستە نزمە نەبوو (پیاو) بۆخۆی بکڕێ و پەیدای بکات، بەڵکو جۆری مامەڵەی لەگەڵ هەڤاڵ و دۆستانی زۆر مەبدەئییانە بوو لە کاتێکدا وەکو گوتم کە ئەو جۆرە لێکدانانەوەیان هەبوو لەسەر پەیوەندی یاخود خزمایەتیی من و ئەو لە کاتێکدا بێ ئاگا بوون لەوەی کە زۆر جار خوالێخۆشبوو و من بۆ چەند مانگێك (قاوە)ی یەکترمان نەدەخواردەوە کە هەندێکیانم لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسی لێوە

کردووە، بۆیە جۆری لێکدانەوەی من و جۆری مامەڵەی هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هۆکاری پەیدابوونی درزی نێوان پارتی و منی گەورەتر کرد، سەرەڕای ئەوەی هەڵبژاردنی کاری سەندیکایی (النقابی) لای من زۆر بەهێزتر بوو بە شێوەیەکی سەربەخۆ و دوور لە هەمو کاریگەرییك، لە راستیشدا وەکو لە پێشەوە نیشانم داوە بەندە زۆر و کەم بە کردار سەرقاڵی کاری رێکخستنی پارتایەتی نەبووم، زیاد لەوەی لای خەڵکیش ئاشکرایە کاری رێکخراوەیی و راگەیاندن ٩٠٪ی تەمەنی منی بردووە هەر لە کاتی کارکردنم لە ریزەکانی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان (١٩٦٤-١٩٧٢)، ئەوجا نوێنەرایەتیی پارتی لە کۆمەڵەی ئابووری ناسانی عیراقی-مەڵبەندی گشتیی (جمعیة الاقتصادیین العراقیین-المرکز العام) (١٩٧٢-١٩٧٤)، بەڕێوەبەری دەزگای رۆژنامەنووسیی التاخی و برایەتی لە ساڵانی (١٩٧٢-١٩٧٤)، بەڕێوەبەری گشتیی لاوان لە ئەمانەتی راگەیاندن و رۆشنبیری و لاوان لە شۆڕشی ئەیلول (١٩٧٤-١٩٧٥)، ئەوجا ماوەی حەوت ساڵ (١٩٩٣-٢٠٠٠) سەرنووسەری رۆژنامەی رۆژانەی برایەتی، ئەندامی (٧) ساڵ مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان (١٩٩٣-٢٠٠٠) و (١٠) ساڵ ئەندامی مەکتەبی دیراسات و بحوث (١٩٩٣-٢٠٠٣)، ئەندامی دەستەی باڵای رێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە کۆنگرەی دووەمەوە لە ساڵی (١٩٩٣) تاوەکو ئێستا، کۆمەڵەی دۆستایەتیی کورد و عەرەب، سەرۆکی دەستەی دامەزرێنەری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان (١٩٩٧-١٩٩٨) پاشان نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان (١٩٩٨-٢٠١١) دواتریش ئەندامی دەستەی باڵای یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان و ئەندامی بۆردی مافی چارەنووسی گەلی کوردستان تاکو نووسنی لاپەڕەی ئەم بیرەوەرییانە (٢٠١٥/١١/٣)، هەر بۆیەش سەرەڕای بەشداری کردم لە کۆنگرەکانی (٨، ١١، ١٢)ی پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو ئەندامی کۆنگرە کە تێیدا لە چەند لیژنەیەك رۆڵی بەرچاوم هەبوو. لە کۆنگرەی (١٣)دا کە لە ٢٠١٠/١٢/١٠ لە هەولێر بەسترا دوو رۆژی پێش بەستنی کۆنگرە برای بەڕێز (خالد محمد أمین) کە ئێستا ئەندامی مەکتەبی ناوەندیی پەیوەندییەکان

هاته لام كارتێكی (بطاقة دعوة) پێبوو و گوتی (ئەمە كارتی بەشداربوونی تۆیە وەكو میوان بۆ رۆژی یەكەمی كۆنگرە)، منیش لە وەڵامدا گوتم (كاك خالد كاكە زۆر سوپاسی جەنابت دەكەم كە ئەم ئەركەت كێشاوە و كارتی دەعوەتی رۆژی یەكەمی كۆنگرەت بۆ من هێناوە وەكو میوان، بەڵام تكام وایە داوەتنامەكە بدەیتەوە دەست ئەو برا بەڕێزەی كە داوەتنامەكەی داوەتە تۆ كە بۆمنی بهێنی تكا دەكەم بە دەق پێی بڵێی (فەرهاد دەڵێ پاش ئەو هەموو تەمەنەی كە هەمە لە ریزی پارتی و رێكخراوەكانیدا، پاش ئەو هەمو دەردەسەرییەی كە خێزانی گەورە و بچووكی لە ئاكامی پارتی بوونی دیویەتی فەرهاد "استنكاف" دەكات بەم جۆرە ئامادەی رۆژی یەكەمی كۆنگرە بێت وەكو میوان)). نە داوەتنامەكەم وەرگرت و نە بەشداریی رۆژی یەكەمی كۆنگرەشم كرد لە كاتێكدا دەشمزانی سەرەڕای رێز و حورمەت و خۆشەویستیم بۆ زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی كۆنگرەی (١٣) كە مرۆڤی زۆر دڵسۆز و بەوەفای پارتیی رەسەنی تێدابوو (دەشمزانی خەڵكانی وا ئەندامی تەواوی كۆنگرە بوون كە ئاستی پارتایەتییان ناگاتە ئەژنۆم) ئەمەیان وەكو دەڵێن (القشة التي قصمت ظهر البعير) لەوكاتەوە نە من و نە پارتی لە یەكترمان نەپێچایەوە، بەڵام دیسان پەیوەندی و رێز و خۆشەویستیم بۆ جەنابی سەرۆكی پارتی و بەڕێز نێچیرڤان بارزانی رۆژێك لە رۆژان كەمتر نەبۆتەوە و زۆر جار لەو كاتەوە پاش كۆنگرەی (١٣) ئەو دوو بەڕێزەم دیوە كە كاتی خۆی بۆ چ مەبەستێك بووە باسی لێوە دەكەم سەرەڕای گلەیی و رەخنەكانم.

## پەیوەندیی نێوان سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان و ئەنجوومەنی صنفیی رۆژنامەگرانی ئێران

ئێمە لە سەندیكا هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووین كە جۆرە پەیوەندییەك لەگەڵ سەندیكا و رێكخراوەكانی رۆژنامەنووسانی وڵاتانی دەوروبەر درووستبكەین، چونكە درووستبوونی پەیوەندی بۆ ئێمەی رۆژنامەنووسانی كوردستان زۆر بەسوود دەگەڕایەوە بەتایبەتیش لەگەڵ ئەو سەندیكا و

ڕێکخراوه ڕۆژنامەنووسییانەی کە لە وڵاتانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، تورکیا، ئوردن، سوریا، میسر، کوێت، ئیمارات هەبوون کە لەگەڵ هەندێکیان سەرکەوتوو بووین و پەیوەندیی گەرم و بەتین دروستبوو، یەکێك لەو ڕێکخراوه بەئەزموونانه (ئەنجوومەنی صنفیی ڕۆژنامەنووسانی ئێران) بوون کە لە دانیشتنێکی دوو قۆڵی لە نێوان بەندە و ڕۆژنامەنووس (ڕەجەب مەزروعی) کە لەئوردن هاتە ئاراوه کە ئێمە و ئەوان و چەند سەندیکا و ڕێکخراوێکی دیکەی ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بانگ کرابووین بۆ کۆنفرانسێك کە فدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی ڕێکیخستبوو، لەوێدا یەکترمان ناسی و لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەی کە پێکەوه بووین بە مرۆڤێکی هێمن و ئارام ئاقڵ و دۆستی گەلی کوردم هاتە بەرچاو بەتایبەتیش ئەوان لە سەردەمی (محمد خاتمی) سەرکۆماری ریفۆڕمخوازی ئێران زیاتر بەدەرکەوتبوون، پاش یەکدی ناسین و شارەزا بوونی بیروڕای یەکتری پاش گەڕانەوەم بە ڕاوێژکردن لەگەڵ جێگری نەقیب کاك مستەفا ساڵح کەریم و سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوه شێرکۆ حەبیب بە ڕەسمی بانگهێشتی ئەوانمان کرد و بە میوانداریيتەوه بۆ کوردستان کە لە بنەڕەتدە دوو هۆکارم لەبەرچاو بوو، کە یەکەمیان وڵاتێکی دراوسێی گەورەی وەکو ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستان کە زۆر شت پێکەوەمان دەبەستێ دەبووایە بیر لە دروستکردنی پەیوەندی بکەینەوه لەنێوان ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس و نووسەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەرێمی کوردستان کە پێشووتر ئەم پەیوەندییە لە چوارچێوەی ڕەسمیی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی کۆماری ئیسلامیدا بوو، بۆ ئەم مەبەستەش چەند جارێك هاتن و چوون لەنێواندا دروستبوو، هۆکاری دووەمیش ئەوەبوو کە ئێمە وەکو سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پێویستیمان بە سەندیکا و ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی دەرەوه هەبوو، بە مەبەستی جێگیرکردن و پتەوکردنی پێگەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەناو ڕێکخراوه نێودەوڵەتییەکان و فدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی، ئەوەبوو لەسەر بانگهێشتی ئێمە شاندێکی ڕۆژنامەنووسانی

ئێران له چوارچێوەی (ئەنجوومەنی صنفیی رۆژنامەنووسانی ئێران) بە سەرۆکایەتیی رۆژنامەنووس رەجەب مەزروعی سەرۆکی ئەنجوومەن و مەسعود رەزەوی سکرتێر و قسەکەری ئەنجوومەنی صنفی و بەدر موفیدی ئەندامی ئەنجوومەن و مینۆ بەدیعی ئەندامی ئەنجوومەن و نەفیسە مەجید زادە لە رۆژنامەی هەمشەهری و ئەسغەر یادیر رۆژنامەنووسی ئازاد و مەنسور جیهانی پەیامنێری ئاژانسی ئینا و بەهرامی وەلەدبەگی لە رۆژنامەی ئاشتی و مەهکامە پەروانە رۆژنامەنووسی ئازاد و محمد باقر سەمیعی و بابەك صدیقی و ماندنا تیشەپار رۆژنامەنووسانی ئازاد و موراد وەیسی لە رۆژنامەی ئیقبال و صادق خامۆشی لە رۆژنامەی سەدای عەدالەت سەرلەئێوارەی رۆژی ٢٠٠٥/٧/١٥ گەیشتنە شاری سلێمانی و لەلایەن رۆژنامەنووس مستەفا ساڵح کەریم جێگری نەقیب و رۆژنامەنووسانی لقی سلێمانیی سەندیکا و هەندێ لە ئەندامانی ئەنجوومەن کە لە سلێمانی بوون لەگەڵ سکرتێری لقی سلێمانیی سەندیکا پێشوازییان لێکرا و پاش پشوودانێکی کورت بەرەو هەولێر بەڕێکەوتن و شەو کاتژمێر (١٠) گەیشتنە هەولێر و من خۆم و چەند ئەندامێکی ئەنجوومەن لە پێشوازییاندا بووین و لە ئوتێل خانزاد میوانداریمان کردن، بۆ رۆژی دوایی کە پێووشتر بەرنامەی بۆ رێکخرابوو لە ئێوارەی رۆژی ٢٠٠٥/٧/١٦ بە سەردانی بارەگای ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەستپێکرد، کە تێیدا بەندە و کاك مستەفا ساڵح کەریم و کاك حامد محمد عەلی و کاك زیرەك کەمال و کاك ئەکەد موارد لە پێشوازییاندا بووین و لە دانیشتنێکی رەسمیی دوو لایەنە باس لە پەیوەندیی هەردوو لا کرا بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە ئەزموونەکانی یەکتری، ئەوەی مایەی سەرنجی رۆژنامەنووسانی میوان بوو نەبوونی هیچ جۆرە سانسۆرێك لە کوردستان لەسەر کاری رۆژنامەنووسی و چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێب، لە بەرامبەردا رۆژنامەنووس و سەرۆکی ئەنجوومەنی صنفیی رۆژنامەگەرانی ئێران گوتی (سوپاسی میوانداریتان دەکەین هەلێکی باشتان بۆ رەخساندنین کە رۆژنامەنووسانی کوردستان بناسین و ئاگاداری رەوشی رۆژنامەگەری لە کوردستان ببین، ئێمە دۆستی

ئێوەین هیوادارین رووی گەشی رۆژنامەگەریی کوردی بەتایبەتی و ئازار و مەینەتییەکانی گەلی کورد باشتر بە گەلی ئێران بناسێنین).

دەربارەی هاتنی شاندەکە من پێشووتر لە رێگای سکرتێر رۆژنامەنووسیی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاك مەسعود بارزانی ئاگادارم کردبوونەوە کەوا شاندێکی رۆژنامەنووسانی ئێران سەردانی کوردستان دەکەن بەو هیوایەی بەڕێز سەرۆکی هەرێم دەرفەتی هەبێت کەوا پێشوازی لە شاندەکە بکات. رۆژی ٢٠٠٥/٧/١٥ لە رێگای تەلەفۆنەوە ئاگادار کرامەوە کە بەڕێز سەرۆکی هەرێم کاتژمێر (٥)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی ٧/١٧ پێشوازی لە شاندەکە دەکات لە کات و ساتی دیاریکراودا شاندەکەی رۆژنامەنووسانی ئێران بە یاوەریی من و رۆژنامەنووس زیرەك کەمال سەردانی بەڕێز سەرۆکی هەرێممان کرد، لەمیانی ئەو دیدارەدا رەجەب مەزروعی سەرۆکی شاند باسی لەوە کرد کە فەرهەنگی گەلی کوردستان و گەلانی ئێران زۆر لێك نزیکن و هیوای خواست ئەم سەردانەیان سەرەتایەك بێت بۆ زیاتر پتەوکردنی ئەم پەیوەندییە، بەڕێز سەرۆکی هەرێمیش سوپاسی ئەم هەڵوێستەی کردن و جەختی لەوەش کردەوە کە پەیوەندیی نێوان هەردوو لا ئایندەیەکی گەش چاوەڕێی دەکات. شاندی میوان لە کۆتاییدا چەند پرسیارێکیان ئاراستەی سەرۆك بارزانی کرد دەربارەی رەوشی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان و عیراق کرد، بەڕێزیشی راشکاوانە وەڵامی پرسیارەکانی دانەوە.

وەکو لە سەرەتادا گوتم چەندین سەردانی جیا جیا بۆ رێکخراو و ناوەندە رۆشنبیرییەکان ئەنجام درا وەك وەزارەتی رۆشنبیری، کۆشکی هونەر، یەکێتیی نووسەران، و رۆژی ٢٠٠٥/٧/١٩ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی پێشوازیی لە شاندی میوان کرد و ماوەی کاتژمێرێك بە پرسیار و وەڵام سەرقاڵ بووین، بۆ نانی نیوەڕۆش میوانداریی کردین.

لە میانی رۆژانی سەردانەکە پێشنیاری ئەوەم بۆ رەجەب مەزروعی سەرۆکی شاندی میوان کرد کەوا بەیاننامەیەکی هاوبەش گەڵاڵە بکەین وە لەلایەن

هەردوو لامانەوە ئیمزای بکەین تاکو وەکو دیکۆمێنتێك بمێنیٚ و بلاٚویبکەینەوە، لە وەلاٚمدا مەزروعی گوتی (ئاغای فەرهاد ئەوەی ئێوە دەتانەویٚ ئێمە لەسەری رازین)، ئەوەبوو سەرلەئێوارەی رۆژی ٢٠٠٥/٧/١٩ هەردوو ئەنجوومەنی رۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەنجوومەنی صنفیی رۆژنامەنووسانی ئێران کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان لە ئوتێل شیراتۆن لە هەولێر ئەنجامدا، کە تێیدا بە تێروتەسەلی گفتوگۆمان سەبارەت بە چەندین تەوەر و بڕگە و بابەتی تایبەت بە چۆنێتیی پتەوکردن و پەیوەندیی پیشەیی لەنێوان هەردوولامان ئاڵوگۆڕ کرا ئەوجا بەندە وەکو نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و رەجەب مەزروعی سەرۆکی ئەنجوومەنی صنفی رۆژنامەگەرانی ئێران بەیاننامەیەکمان ئیمزا کرد کە بۆ مێژوو دەقەکەی لەبەر گرنگیی وەکو خۆی بلاٚودەکەمەوە، چونکە من وای بۆ دەچم بلاٚوکردنەوە و ئەرشیف کردنی ئەو جۆرە بەیاننامانە گرنگیی خۆی هەیە بەتایبەتی بۆ ئێمەی رۆژنامەنووسانی کوردستان.

رۆژی ٧/٢٠ شاندەکە سەردانی پارێزگای دهۆکیان کرد و شەوێکیش لە دهۆك مانەوە کە تێیدا لقی دهۆکی سەندیکا و کاك فەهیم عەبدوڵلاٚ بە ئەرکی میوانداری هەڵسابوون و سەردانی لقی سەندیکا و بارەگای چەند رۆژنامەیەکیان کردبوو، لە راستیدا ئەم سەردانە بووە مایەی پتەوکردنی پەیوەندیی دۆستایەتیی نێوان دوو سەندیکا کە ئەمیشیان بە قازانجی زیاتر گەڕایەوە، سەرۆکی ئەنجوومەنی صنفی و رجب مزروعی لە هەموو کۆنگرە و کۆبوونەوەکان پاڵپشتیی خۆی بۆ ئێمە دووبارە دەکردەوە.

پاش نیوەڕۆی رۆژی ٧/٢١ بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ ئێران بەرەو شاری سلێمانی بەڕێکەوتن، یەکە یەکە ئەندامانی شاندەکە خۆشحاڵیی خۆیان بە سەردانی کوردستان دەربڕی.

## دەقی بەیاننامەی هاوبەشی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەنجوومەنی صنفیی رۆژنامەگەرانی ئێران

**بەیاننامەی هاوبەش**

لەسەر بانگهێشتی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان شاندێکی رۆژنامەنووسیی لە چوارچێوەی ئەنجوومەنی صنفیی رۆژنامەگەرانی ئێران سەرلەئێوارەی رۆژی هەینی رێککەوتی ١٥ی تەموزی ساڵی ٢٠٠٥ گەیشتنە هەرێمی کوردستان، پاش چەندین دیدار و کۆبوونەوە و گفتوگۆ سەبارەت بە چۆنێتیی پتەوکردنی پەیوەندیی پیشەیی نێوان هەردوو لا کرا، هەروەها جەخت لەسەر ئاڵوگۆڕی ئەزموون و پەیوەندییەکان کرایەوە... ئینجا هەردوو لا رێککەوتن لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

**یەکەم**: درێژەدان بە پویەندیی هەردوو لا لە رێگای سەردان و ئاڵوگۆڕکردنی بەهرە و ئەزموونی سەندیکایی.

**دووەم**: هەردوو ئەنجوومەن بە بایەخەوە رۆڵی یەکتریان لە بواری کاری پیشەیی و داکۆکی کردن لە ئازادیی رۆژنامەنووسی نرخاند. جەختیشیان لەسەر زیاتر فراوانکردنی چوارچێوەی ئەو ئازادییە و هەروەها چەسپاندنی لەنێو کایەی واقیع دا لەسەر بنەمای دیموکراسی و مەدەنی بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتی کردەوە کە دیالۆگ و لێك تێگەیشتن هێڵە گشتییەکانی دارِشتبێت.

**سێیەم**: ئەنجوومەنی صنفی رۆژنامەگەرانی ئێران ئامادەیی خۆیان نیشان دا بۆ هاوکاری کردنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە بواری فێرکردن و راهێنانی رۆژنامەنووسانی کوردستان لە دەزگای ئەکادیمی و رۆژنامەوانییەکانی خۆیاندا.

**چوارەم**: هەردوو لا لە چوارچێوەی فدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی IFJ هاوکاری و پشتگیریی یەکتری بکەن وەکو دوو ئەندامی ئەو فدراسیۆنە.

**پێنجەم:** ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان هاوسۆزی و پشتگیریی خۆی بۆ رۆژنامەنووسی ئێرانی (ئەکبەری گەنجی) دەربڕی و بەگەرمیش داوای ئازادکردنی دەکا.

**شەشەم:** هەردوو لا بە توندی هەموو جۆرە کارێکی تیرۆر و توندوتیژییان مەحکوم کرد، بەتایبەتیش تیرۆر و تۆقاندنی رۆژنامەنووسان بۆیە داوای ئەوەیان لە لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد کە زیاتر زەمانەتی پاراستنی گیانی ئەو توێژە دابین بکەن.

**حەوتەم:** هەردوو لا داوا لە سوڵتەی سیاسی دەکەن کە ئازادیی رۆژنامەنووسان و کاری رۆژنامەنووسی وەکو بنەمایەکی بەهێزی دیموکراسییەت و کۆمەڵگەی مەدەنی وەکو پەیامێکی شارستانی سەیر بکەن.

**ئەنجوومەنی صنفی رۆژنامەگەرانی ئێران**

**ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانیکوردستان**

**هەولێر ٢٠٠٥/٧/١٩**

**نقابة صحفيي كردستان تنعي الصحفي والقانوني فكرت عزت**



أثر مرض مفاجئ انتقل إلى جوار ربه صباح يوم الثلاثاء ٢٠٠٥/٧/١٩ بمدينة أربيل الصحفي والمحامي فكرت عزت عضو الهيئة المؤسسة لنقابة صحفيي كردستان والعضو الفعال في هيئة إعداد مشروع قانون تنظيم العمل الصحفي في كردستان. .

وكان المرحوم من الصحفيين القانونيين النشيطين، وكان يعمل بتفان وإخلاص في كل مشروع يصب في مصلحة شعب كردستان عاملاً بنشاط وهمة في مشاريع نقابة صحفيي كردستان.

ومجلس نقابة صحفيي كردستان في الوقت الذي يعلن بحزن وألم بالغين نبأ الرحيل الأبدي للصحفي فكرت عزت يدعو من الله عزوجل أن يسكن روحه الطاهرة فسيح جناته وأن يلهم أهله وذويه الصبر والسلوان.

مجلس نقابة صحفيي كردستان

أربيل ٢٠٠٥/٧/١٩

بەداخەوە سەرلەبەیانیی ئەو رۆژە ٢٠٠٥/٧/١٩ برای ئازیزمان رۆژنامەنووس و پارێزەر (فیکرەت عزەت) ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری سەندیکا و ئەندامی لیژنەی ئامادەکردنی پرۆژەی کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان کۆچی دوایی کرد، کە لە راستیدا بۆ ئێمە و خێزانەکەی خەسارەتێکی گەورە بوو لە خودای گەورە دەپاڕێمەوە کە بەهەشتی بەرینی پێ ببەخشێ.

لەو رۆژگارەدا بە تەواوەتی سەرقاڵ بووم لە لایەکەوە ئەندامێتیم لە کۆمەڵی نیشتمانی عیراقی کە وای پێویست دەکرد لە هەفتەیەکدا چوار رۆژ لە بەغدا بمێنمەوە و لە هەمان کاتیشدا ئیشوکاری سەندیکا و ئامادەبوون لە کۆنگرە و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ناوەوە و دەرەوەی پەیوەندیدار بە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان سەرەڕای ئامادەکردنی بابەت بە زمانی عەرەبی بۆ گۆڤاری الصحفی و چاودێری کردنی لە دوورەوەی گۆڤاری رۆژنامەنووس، کە دەڵێم چاودێری کردنی بەو مانایەی کە یەکەم وەکو خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکە، دووەم وەکو لێپرسراوێتیم کە نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان بووم دەبووایە لە دوورەوە ئاگاداری بابەتەکان بم، خوا هەڵناگریٚ ٩٥٪ی کارەکانی گۆڤاری (رۆژنامەنووس) لە ئەستۆی رۆژنامەنووس کاك (عەبدوللا زەنگەنە)دا بوو، خوا خێری بنووسیٚ کە ناوە ناوە بابەتەکانی نیشان دەدام و هەندیٚ جاریش (مشتومڕ)ێکیش لەنێوانمان دا رووی دەدا، گەرچی هەندیٚ جار گۆشتی یەکتریمان دەخوارد، بەڵام قەتاو قەت ئێسقانی یەکترمان نەدەشکاند و بەڵکو ئەزیەتیشمان نەدەدا، لە لایەکی دیکەشەوە دەبووایە ئامادەی هەندیٚ کۆبوونەوەی گرنگ ببم کە بەناوی شەخسی داوەت دەکرام و بایەخی خۆیی هەبوو بەتایبەتیش ئەو کۆبوونەوانەی (کە ئایدن وایت سکرتێری فدراسیۆنی نێودەوڵەتی ئامادە و سەرپەرشتیی دەکرد)، بەڵام دیسان زۆر کەم بەشداریم بەتەنیا لەو چالاکییانە دەکرد دەبووایە برادەرانی دیکەش بەشداریی تێدا بکەن، لەو سەروبەندەدا لە سەرەتای مانگی تەمووزی ساڵی ٢٠٠٥ ئایدن وایت بە داوەتنامەیەکی تایبەت داوای لێکردبووین کەوا بە شاندێك بەشداریی لە کۆبوونەوەیەکی گرنگ بکەین کە تێیدا فدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی بە بەشداریی رێکخراوی یونسکۆ کۆنگرەیەك لە عەمانی پایتەختی وڵاتی ئوردن رێکدەخەن بە مەبەستی گەلاڵە کردنی (میساقی ماف کۆمەڵایەتی و ئازادی راگەیاندن لە دەستووری عیراق)، ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانیش لە کۆبوونەوەی رۆژی ٢٠٠٥/٧/١٦ بڕیاری

بەشداریکردنی لەم کۆنگرەیە دا بە شاندێك کە پێکهاتبوو لە بەندە و مستەفا سالّح کەریم و زیرەك کەمال و ئەنوەر حسێن و شێرکۆ حەبیب.

رۆژی ٢٠٠٥/٨/١٥ لە هۆلّی (البتراء) لە ئوتێل (ریجنسی پالاس) و کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی کۆنگرەکە دەسیپێکرد کە لەسەرەتادا ئایدن وایت کۆنگرەکەی بە وتەیەك کردەوە کە تێیدا جەختی لەسەر ئازادیی بیروڕا و چەسپاندنی دیموکراتییەت و پاراستنی گیانی رۆژنامەنووسان کرد لە عیراقدا کە وەکو گوتی (پێویستە لە دەستووری تازەی عیراقدا جێگایان بکرێتەوە) چونکە لەوکاتەدا کۆمەلّەی نیشتمانیی عیراقی (پەرلەمان) سەرقالّی ئامادەکردنی دەستووری عیراق بوو، پاشان کەمال ئیبراهیم باسی لە هەولّەکانی رێکخراوی یونسکۆ کرد کە لەهەولّدان دایە بۆ پشتگیری و درووستکردنی توانای بەهێز و بەرەوپێش بردنی و داوای لە رۆژنامەنووسان کرد کە پشتگیریی ئەم هەولاّنە بکەن، پاشان رۆژنامەنووس (سیف الشریفی) کە جێگری سەرنووسەری رۆژنامەی (الدستور) و جێگری سەرۆکی یەکێتیی رۆژنامەنووسانی عەرەبی بوو وتاری خۆی پێشکەش کرد کە نیشانی دا کە ئەوان لە هەولّی یەکخستنی ریزەکانی رۆژنامەنووسانی عیراقین بە هەموو شێوەیەك روونی کردەوە کە ئەو هۆکارانە بوونەتە کۆسپ بەرامبەر یەك ریزیی رۆژنامەنووسانی عیراق (سڕ)کردنی ئەندامێتیی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراقە لە یەکێتیی رۆژنامەنووسانی عەرەب دا، دوای ئەویش موفید الجزائری کە کەسایەتییەکی رۆژنامەنووسی چەپی عیراق بوو کە پێشووتریش وەزیری رۆشنبیری بوو لە بەغدا کە لەوکاتەدا ئەندامی پەرلەمانی عیراقیش بوو تیشکی خستە سەر قۆناغی ئامادەکردنی دەستووری تازەی عیراق کە تێیدا رۆژنامەنووسانی عیراقی داواکارن بە جیاکردنەوەی (فصل) راگەیاندن لە دەولّەت و پاراستنی سەربەخۆیی راگەیاندن، پاشان نۆبە هاتە سەر وتاری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کە تێیدا بەندە وەکو سەرۆکی شاندەکە وتاری سەندیکام پێشکەش کرد کە تێیدا بە درێژی باسم لە چۆنییەتی پێکهاتەی سەندیکا کرد کە هەموو رۆژنامەنووسانی کوردستانی

گرتۆتەوە بە جیاوازیی بیروڕا و ئینتیمای نەتەوەیی لەگەڵ نەبوونی هیچ جۆرە کێشەیەك لە ئیشوکار و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان سەرەڕای بەدەستهێنانی چەندین دەستکەوتی جۆراوجۆر بۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و داکۆکی کردن لە ئازادیی ڕۆژنامەنووسان و چەسپاندنی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی بە یاسا لەگەڵ دابینکردنی ماف و گوزەرانی ڕۆژنامەنووسان کە تێیدا هەموو ئەم کاروچالاکییانە بە داتا و بە بەڵگە نیشان ئامادەبووانم دا، کاتێ وتارەکەم تەواو بوو ئایدن وایت لە موداخەلەیەکیدا دەربارەی کاروچالاکییەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان گوتی (من ڕێز لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان کوردستان دەگرم و بە شانازییەوە هەڵسەنگاندن بۆ کاروچالاکییەکانیان دەکەم کە بە سوودی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان تەواو دەبێت، و داوا لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەم کە پارێزگاری لەو دەستکەوتانە بکات و بەردەوام بێت لە هەوڵ و کۆششی لەم بوارانەدا کە جێگای پێزانین و ڕێزی ئێمەیە لە هەمان کاتیشدا بەرنامەکەیان (مەبەستی بەرنامەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بوو) بەرنامەیەکی نموونەییە کە لەلایەن پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێزی لێ دەگیرێ)، کۆنگرەکە سێ ڕۆژی خایاند کە تێیدا ڕۆڵی ئێمەی شاندی سەندیکا بە بەرز نرخێندرا و ڕۆژنامەنووس سیف الشریفی لە کافتریای باڵەخانەی ڕۆژنامەی الدستور ئێوارەخوانێکی گەورەی بۆ بەشداربووانی کۆنگرە ساز کردبوو، پاشان لە هەمان شوێندا لە دانیشتنێکی تایبەت لەگەڵ ئێمەدا سیف الشریفی وەکو نوێنەرێ یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب قسەی دەکرد و گوتی (من پاش ئەم کۆنگرەیە باش لە ئێوە تێگەیشتم مافی خۆتانە سەندیکایەکی سەربەخۆتان هەبێت و کارەکانتان بەبەرز دەنرخێنم و هیوای سەکەوتنتان بۆ دەکەم). ئێمەش هەر لەم دانیشتنەدا ئارمی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانمان پێشکەش بەو کرد.

لە دوا ڕۆژی مانەوەشمان لە عەمانی پایتەختی ئوردن بە یاوەریی کەسایەتیی کوردی ئوردنی (عبدالودود الكوردی) سەردانی بارەگای کۆمەڵەی

(صلاح الدين الايوبی)ـمان کرد و لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبەری دانیشتنێکی دۆستانەمان ئەنجامدا.

سەندیکا چ لە ناوەوەی کوردستان و چ لە دەرەوەی کوردستان پێگە و قورسایی خۆی دروستکردبوو بەتایبەتیش پاش یەکخستنەوەی ماڵی رۆژنامەنووسانی کوردستان لە یەك سەندیکای سەرتاسەری دا کە لە ٢٠٠٣/١٢/١٣وە لە کۆنگرەی یەکەمی گشتی رۆژنامەنووساندا ئەو یەك ریزییە راگەیەندرا، لە دەرەوەی وڵاتیش هیچ کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینارێك ئەنجام نەدەدرا لە بارەی کاری رۆژنامەنووسییەوە کە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەشداریی تێدا نەکات و زۆر جار لەو بۆنانەدا رۆڵی سەندیکا بە بەرز دەنرخێندرا و لە ناوەوەی کوردستانیش تاکو دوارۆژی مانەوەمان لەم سەندیکایە کە بە کۆنگرەی گشتیی سێیەمی سەندیکا کە لە مانگی ٧ی ٢٠١١ بەسترا کۆتایی بە رۆڵی ئێمە و هەندێ لەبرادەرانی ئەنجوومەن هات، بەتایبەتیش (بەندە و برایان مستەفا ساڵح کەریم و حامد محمد عەلی و زیرەك کەمال)، سەندیکا ئیعتیبارێی گەورەشی پەیداکردبوو کە خۆی لە سەردانی هەندێ لە قونسوڵ و لێپرسراوانی ئەو قونسوڵخانانەی کە لە هەولێر بوون سەرەڕای سەردانی کەسایەتییە سیاسی و نیشتمانپەروەرانی کوردستانی و عیراقی کە بۆ هەندێکیان کۆڕ و سیمیناریشیان بۆ ساز دەکرا و ئەنجامدانی (وۆرك شۆپ)ی تایبەت بە کاری رۆژنامەنووسی کە لەلایەن IFJەوە شارەزای بۆ دانێردرا، لە هەمان کاتیشدا پەیوەندییەکی بەرچاو لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان بە هەموو قۆناغەکانییەوە کە تێیدا بۆ ماوەی چەند ساڵێك توانیمان (٣) پرۆژە یاسا پێشکەش بە پەرلەمان بکەین و بە دەستکارییەوە وەکو یاسا دەرچوو، دیسان لەگەڵ سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانیش لەو ماوەیەدا چ لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی و چ لەگەڵ بەڕێز د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح پەیوەندیی تەندرووست و راستەوخۆمان هەبوو کە زۆر بە رێکوپێکی نامە و داخوازییەکانیان دەخوێندەوە و پێشوازییان لێ دەکردین سەرەڕای بودجەی تایبەتیمان وەکو هەر لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و رێکخراوە مەدەنییەکان

كە بەپێی یاسای پەرلەمان بۆمان تەرخان كرابوو بۆ چوونە دەرەوەی شاندەكانی سەندیكا بە مەبەستی بەشداریكردن لە كۆنگرە و كۆبوونەوە و ووۆرك شۆپی ڕۆژنامەنووسی ئەو دوو بەڕێزە (نێچیرڤان بارزانی و د. بەرهەم) دریغییان نەدەكرد سەرەڕای ئەوەی ئێمە وەكو سەندیكا هیچ كاتێك چاوپۆشیمان لە دامودەزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان نەدەكرد، بەتایبەتیش لە دەزگاكانی پۆلیس و ئاسایش كە هەندێ جار دوور لە یاسا مامەڵەیان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان دەكرد كە تێیدا ئێمەش هەمیشە ڕاستەوخۆ بەرەنگاری ئەو پێشێلكارییانە دەبووینەوە و پاشان لە ڕاپۆرتەكانی لیژنەی داكۆكی لە ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان لە كوردستان بۆ ڕای گشتی بڵاودەكردەوە، كە تێیدا سەرجەم پێشێلكارییەكان (خروقات) تێیدا بە دیقەت تۆمار دەكرا، ڕاپۆرتی یەكەممان (١/١/٢٠٠٨-٣٠/٦/٢٠٠٨) لە ڕۆژی ١/٧/٢٠٠٨ بڵاوكردەوە بەبەرچاوی زیاتر لە (٢٥) كەناڵی تەلەفزیۆنی، ڕادیۆ، ڕۆژنامە، دوا ڕاپۆرتیش كە ڕاپۆرتی شەشەم بوو (١/٧/٢٠١٠-٣١/١٢/٢٠١٠) لە دوا ڕۆژی ئەم ساڵە ڕاگەیەندرا و بڵاوكرایەوە.




لێرەدا دەمەوێ باسی ڕاستییەك بكەم لە یەكێ لە سەردانەكانی كونسوڵخانەی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا بۆ بارەگای ئەنجوومەنی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان پاش دەستخۆشی كردن لە ئامادەكردنی ئەو ڕاپۆرتانە

پێی ڕاگەیاندین ئەگەر ئێمە وەکو سەندیکا ڕەزامەند بین ئەوا وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە ڕاپۆرتی ساڵانەی دەربارەی مافی مرۆڤ سوود لە ڕاپۆرتەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان وەردەگریێ، لە ڕاستیدا ئەم داوایە کە کاتی خۆی لە چەند دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی و ڕۆژنامەنووسی ڕامانگەیاند بۆ ئێمە هێزێکی مەعنەویی زیاتری پێ بەخشین، ئەوەی بۆ ئێمە دەرخست کەوا ڕاپۆرتەکانی سەندیکا جێگای متمانەی دەزگا نێودەوڵەتییەکانە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە هەندێ ڕۆژنامەنووس (کە لە پەنجەی دەست زیاتر نەبوون) بەبێ هۆ هێرشیان دەکردە سەر سەندیکا گوایە ئەم سەندیکایە سەندیکایەکی حزبییە و پارتی و یەکێتی بەڕێوەی دەبەن.

زۆر جاریش لەگەڵ بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیوەندیی ڕاستەوخۆ درووست دەبوو سەرەڕای پەیوەندییە تایبەتییەکانی خۆم کە ئەویش لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی گشتی دا بوو، بەڕێز سەرۆکی هەرێمیش هیچ کاتێك سەندیکا و ڕۆڵی سەندیکای فەرامۆش نەدەکرد بەتایبەتیش لەو ڕووداو و بابەتانەی کە پەیوەندییان بە کار و ئازادیی ڕۆژنامەنووسان هەبوو کە بەپێی ڕووداو باسی لێوە دەکەم.

پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/١٣ بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم لە چوارچێوەی پێشوازییەکانی لە توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی کوردستان پێشوازیی لە کۆمەڵێ ڕۆژنامەنووس و نووسەر و هونەرمەندی کوردستان کرد و لەسەرەتادا توێژەکانی نووسەران، هونەرمەندان، ڕۆژنامەنووسان وتەی تایبەتیی خۆیان پێشکەش کرد و منیش وەکو نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە دەستپێکی وتارەکەمدا گوتم (لە دەستپێکی وتارەکەمدا دەمەوێ ئاماژە بە یاد و بیرەوەرییەك بکەم، ئەویش ئەوەیە بەر لە دوو ساڵ لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆ ٢٠٠٣/١٢/١٣ لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کۆنگرەی گشتیی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەسترا کە تێیدا هەردوو ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسان خۆیان لە ڕێکخراوێکی سەرتاسەریدا کە ئەویش سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕێکخست، بەمەش ئاواتی سەرجەم

رۆژنامەنووسانی کوردستان هاتە دی، دیسان هەر لەم رۆژەدا لەسەر سەکۆی کۆنگرەی گشتیی رۆژنامەنووسانی کوردستان لە کاتژمێر (٢:٣٠)دا هەواڵی دەستگیر کردنی تاوانبار (سەدام حسێن) راگەیەندرا، بەڕێز جەنابی سەرۆك، ئامادەبووانی بەڕێز، پێش دوو رۆژ بەر لە ئێستا برا و دۆستێکی ئازیزی رۆژهەڵاتی کوردستان کە لە شاری مهابادی سەربەرزی پایتەختی کۆماری کوردستان و پێشەوای نەمردا ئامادەی بیرئانینی یادی مەستورەی ئەردەلانی بوو پێی گوتم (حەز دەکەم ئەگەر بۆم بڕەخسیٚ لە رێگای هەرسیٚ کەناڵە تەلەفزیۆنەکانی ئاسمانی کوردستانەوە بەگەلی باشوور بڵێم پێویستە لەسەرتان بە پیر و جەوانەوە، بە ئافرەت و پیاوەوە بە تێکڕایی روو لە سندوقەکانی هەڵبژاردن بکەن و دەنگ بدەن بەو لیستەی کە ئاواتی گەلی کوردستان و نەتەوەی کوردی تێدا بەرجەستە دەبێت ئەوە رۆژی هیممەتە، بە خەبات و یادی شێخ سەعیدی پیران و هاوەڵەکانی، بە خەبات و یادی پێشەوا قازی و سەدر و سەیفی قازی، بە خەبات و یادی شێخی بەردەقارەمان و بارزانی نەمر، بە گیانی پاکی شەهیدانی قامشلۆ و دیاربەکر و دەرسیم و مەهاباد و کرماشان و نەغەدە و کەرکووك و هەڵەبجە و خانەقین و شنگال و هەورامان و سۆران و بادینان سوێندتان دەدەم کە مافی گەلی کوردستان و نەتەوەی کورد فەرامۆش نەکەن، چونکە دەنگی ئێوە بەردی بناغەی سەرەتای ئەو پڕۆژە نەتەوەییە دادەنیٚ کە بە سەدان ساڵە نەوەی ئێستا و نەوەی پێش خۆمان خەونیان پێوە دەبینی)، ئەمە دەقاودەق قسە و هەست و نەست و هیوا و داخوازیی ئەو برادەر و دۆستە ئازیزەی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو ئێمە لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە لە چوارچێوەی یەکگرتوویی سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان رۆژی ٢٠٠٥/١١/١٩ وەکو دەستپێشخەرییەکی نیشتمانی بەیاننامەیەکمان ئاراستەی گەلی کوردستان کرد تاکو رۆژنامەنووسان هاندەر بن بە مەبەستی بەرەو سندووقەکانی هەڵبژاردن بچن چونکە ئەرکێکی نیشتمانییە، بەڵام جێی ئاماژە پێکردنە هەندیٚ لە رۆژنامەکانی کوردستان بەپێی میزاجی شەخسیی لێپرسراوەکانیان

ئەم بەیاننامەیەیان بۆ بڵاونەکریدنەوە، بەڕێز جەنابی سەرۆك هەندێ جار ڕۆژنامەنووسان گلەییان دەبێت لەسەر ڕووی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکانیان بڵاویدەکەنەوە، هەندێ جاریش ڕەخنەی توند دەگیرێ کە دەبێتە هۆکاری تووڕەبوون، بەڵام وەکو کورد دەڵێ (***دۆست ئەوەیە بتگریێنێ)، هیوادارین دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان لێمان قبووڵ بکەن و ڕێگە بە دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش نەدەن وەکو تاوانبار مامەڵەیان لەگەڵ بکەن، چونکە ڕۆژنامەنووسانیش نیشتمانپەروەر و کوڕی ئەم کوردستانەن، بە حوکمی کاری ڕۆژنامەنووسی هەست بە خاڵە لاوازەکان دەکەن و پەنجەی لەسەر دادەنێن، بەڵام سەرەڕای ئەم دیاردەیەش ڕۆژنامەنووسان لە چوارچێوەی یاسایی پیشەکەیان کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە سەری ڕمی بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرە پەلامارێکن کە لێرە و لەوێ ڕوو لە ئەزموونی گەلی کوردستان دەکەن***).

دوای قسەکانی ئێمە ڕێزدار سەرۆکی هەرێم بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کرد و خۆشحاڵیی خۆیی سەبارەت بە دیداری ڕۆژنامەنووسان و هونەرمەندان و نووسەران دەربڕی، جەختیشی لەسەر پاراستنی ئەم دەرفەتە کرد بۆ گەلی کوردستان ڕەخساوە پێویستە بپارێزرێ و لەدەست نەدرێ، لە هەمان کاتیشدا جەختی لەسەر ڕەخنەی بونیادنەر کردەوە لە کرداری نرخاندنی کارەکاندا لایەنی سلبی و ئیجابی ببیندرێ نەك تەنها لایەنە سلبییەکە کە بەرجەستە بکرێ، سەبارەت بە ئازادیی بیروڕاش بەڕێزیان گوتی (من لەگەڵ کاك فەرهادم کە نابێ بە هیچ جۆرێك ڕۆژنامەنووس لەسەر دەربڕینی بیروڕا دەستگیر بکرێت و لە لایەن دەسەڵاتەوە بگرە و بەردەی لەگەڵ ئەنجام بدرێ)، لەو دیدارەدا بەڕێز سەرۆکی هەرێم زۆر سنگ فراوان و ڕاشکاوانە وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی ئامادەبووانی دایەوە.

لە کۆتایی ئەم ساڵەدا (٢٠٠٥) سەرەڕای دەوامی پەرلەمانی بەغدا و کێشەکانی کە ڕووبەڕوومان دەبووەوە لەگەڵ خەڵکانێك کە پێشووتر گوایە وەکو کورد زوڵملێکراو بوون، بەڵام لە ڕاستیدا عەرەب هەر عەرەبە و قەتاو قەت

ناتوانن بە چاوێکی دۆستانە تەماشای کورد بکەن، زۆر جار لەسەر وشەی کوردستان، هەڵەبجە، کەرکووك، لێمان دەبوو بە دەمەقاڵێ چونکە ئەوان دەیانگوت ئێمەتان بەم وشانە بێزار کردوە، ئێمەش خۆمان پێ ڕانەدەگیرا نموونەی (فەلەستین)مان بۆ دەهێنانەوە.

لە کۆتایی ئە ساڵەدا (٢٠٠٥) لە سەندیکا کۆتاییمان بە ڕەشنووسی پرۆژەیاسای کاری ڕۆژنامەنووس هێنا کە لە کۆتاییدا جگە لە خۆم تەنها ئەم بەڕێزانە تاکو کۆتایی لە لیژنەی ئامادەکردن مانەوە کە بریتی بوون لە (تاریق جامباز، د. کەمال سەعدی، خوالێخۆشبو فیکرەت عزەت، مەسعود مستەفا، حسام الدین سەرداری، ئەحمەد عەبدوڵلا، ئەکەد موراد، حامد محمد عەلی) کە ماوەی نزیکە دوو ساڵی خایاند.

# اللجنة المشكلة لمناقشة مسودة مشروع قانون العمل الصحفي تنهي أعمالها


تصوير: جتو فاضل

عقد مجلس نقابة صحفيي كردستان يوم ٢٢/١٠/٢٠٠٥، اجتماعه الخامس مع الصحفيين والقانونيين طارق جامباز، أحمد عبد الله، حسام السرداري، وذلك بمقر النقابة في عاصمة كردستان (أربيل) بغية مواصلة النقاش بصدد صياغة مسودة قانون تنظيم العمل الصحفي في كردستان.

استهل الاجتماع بكلمة للصحفي فرهاد عوني نقيب صحفيي كردستان، الذي رحب بالمشاركين في الاجتماع وأعرب عن حزن وأسى مجلس النقابة والصحفيين الكردستانيين لوفاة الصحفي والقانوني فكرت عزت، الذي كان له دوراً كبيراً في اجتماعات المجلس لإعداد مسودة قانون تنظيم العمل الصحفي إضافة إلى تعاونه المتواصل مع نشاطات النقابة كافة.

وفي الاجتماع السادس أنهت اللجنة المشكلة الخاصة بدراسة إعداد مسودة مشروع قانون تنظيم العمل الصحفي في كردستان، المعدة من قبل زملائنا في اتحاد صحفيي كردستان سابقاً وعدد من القانونيين في مدينة السليمانية، حيث شكلت لجنة من أعضاء مجلس النقابة وسبعة من الزملاء القانونيين الصحفيين (طارق جامباز، د. كمال سعدي، المرحوم فكرت عزت/ مسعود مصطفى، حسام الدين سرداري، أحمد عبد الله وآزاد حمد أمين).

واجتمعت اللجنة في أول جلسة لها بتاريخ ٢٥/٥/٢٠٠٥ وواصلت اجتماعاتها إلى يوم ٦/١١/٢٠٠٥، وتم مراجعة مسودة القانون المتكونة من (٢١) مادة موزعة على خمسة فصول.

وستنشر (الصحفي) والمؤسسات الإعلامية وكذلك موقع النقابة على الإنترنيت نهاية هذا الشهر نص المسودة باللغتين العربية والكردية ليتسنى لجميع الصحفيين والمعنيين بهذا القانون لإبداء ملاحظاتهم ومقترحاتهم لحد ١٥/١/٢٠٠٦.

وبعد ورود المقترحات والملاحظات ستجتمع اللجنة مرة أخرى بهدف تطعيم وإغناء المسودة قبل تقديمها إلى ديوان التدوين القانوني ومن ثم عرضها على برلمان كردستان لمناقشتها والمصادقة عليها.

جريدة الصحفي العدد (١٢)، في ٨/تشرين الثاني/٢٠٠٥

هەر لە کۆتایی ئەم ساڵەدا نوێنەری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی ئەڵمانیا (یۆرگن هوپە) بە یاوەریی ابوبکر سایدام سەرپەرشتیاری ناوەندیی کوردی نێودەوڵەتی بۆ ماف مرۆڤ (IMK) و بەکر شوانی ڕۆژنامەنووس و راوێژکاری کاروباری پەنابەران لەم ناوەندەدا سەرلەئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٥/١١/١٩ سەردانی بارەگای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیان کرد لە هەولێر، لە راستیدا وەکو لەپێشەوە نیشانم داوە جێگە و پێگەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو پێشەوە دەچوو، هاتنی نوێنەری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی ئەڵمانیش هەر لەم چوارچێوەیەدا بوو، بەگەرمی پێشوازیمان لە شاندەکە کرد سەرەڕای کورتە باسێك دەربارەی سەندیکا و کار و چالاکییەکانی، لای خۆشییەوە (یۆرگن هوپە) سڵاو و ڕێزی سەرۆکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی ئەڵمانیای پێ ڕاگەیاندین سەرەڕای داواکردنی دۆستایەتییەکی دوو قۆڵیی پتەو لەنێوان هەردوو لا، لە هەمان کاتیشدا نامەیەکی سەرۆکی سەندیکای ئەڵمانیای پێدااین کە ئاراستەی بەندەی کردبوو کە دەقەکەی ئەمەی خوارەوەیە:

**زۆر بەڕێز فەرهاد عەونی سەرۆکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**
**ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**
**هاوکارانی بەڕێز و هێژا**

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی ئەڵمانیا (DJV) بڕیاری داوە لەداهاتوودا پەیوەندیی دووقۆڵی لەگەڵ سەندیکا ڕۆژنامەنووسییە بیانییەکاندا ببەستێ، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی ئەڵمانیا بێ ئەوەی سازش لەسەر پرنسیپەکانی چەندین ساڵەی خۆی بکات دەخوازێت بە سوود وەرگرتن لە داهاتەکانی فدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی جیهانی IFJ بۆ داهاتی تر بە پشتیوانیی شارەزایان و پسپۆڕەکانی خۆی بە شێوەیەکی چالاك لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کار بکات، لەم سۆنگەیەوە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی ئەڵمانیا خوازیارە لە داهاتوودا لە بواری کاری سەندیکای ڕۆژنامەگەریدا هاوکاری

بكات و لەم ڕێگەیەوە پشتیوانیی خۆی بۆ هاوکارانی ڕۆژنامەنووس لە جیهان نیشان بدات.

ئێمە پێشبینی دەکەین کە ڕاوەستانی سەندیکای ئەڵمانیا بە خۆی و بە (٤٠) هەزار ئەندامییەوە لەپشت ئێوەوە هەنگاوێکی یاریدەدەر دەبێت بۆ سەندیکا تازە دامەزراوەکەی ئێوە بۆ هاوکارانی ڕۆژنامەنووسی ئێوە، بۆیە پێشنیار دەکەین بە خۆمان و بە ئەزموونی چەندین ساڵەمانەوە کۆمەك بە ئێوە بکەین و لە بواری کاری سەندیکایی ڕێکخراوەییدا هاوکارتان ببین، من تکاتان لێ دەکەم ئەم پێشنیارەی ئێمە بخەنە بەردەم دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی سەندیکاکەتان و لەپاشاندا بیروڕای خۆتانم پێ ڕابگەیەنن.

**ئولریش رەمەل**
**سێیەمین سەرۆکی فیدراڵیی**
**سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی ئەڵمانیا**

ئاشکرایە ئەو جۆرە نامانە بە گیانێکی دۆستانە ئاراستە کرابوو، بە هەنگاوێکی ئەرێنیمان نرخاند بە مەبەستی پەیداکردنی سەندیکای دۆست بۆئەوەی زیاتر سەندیکاکەمان بناسرێت لە ناوەندی نێودەوڵەتیدا کە بێگومان سەرەڕای قایمکردنی پێگەی سەندیکا سوودی بۆ دۆزی گەلی کوردستانیش چونکە ئەو جۆرە ڕێکخراوانە کاتێك لە نێوەندێکی نێودەوڵەتیدا دەبێتە ئەندام بەتایبەتیش لە بواری کاری سەندیکای ڕۆژنامەنووسان کاریگەریی بۆ ناسین و پشتگیری دەبێت سەرەڕای پەیداکردنی کۆمەك لە ڕووی زانیاریی کاری سەندیکایی کە ئێمە پێویستیمان پێیەتی سەرەڕای میوانداریییەتێکی گەرموگوڕ، بەندەش لە وەڵامی نامەکەی سەرۆکی سەندیکای ئەڵمانیا بەم نامەیە وەڵامم دایەوە.

**بەڕێز سەندیکای رۆژنامەنووسانی ئەڵمانیا**
**بەڕێز ئۆلریش رەمەل سێیەمین سەرۆکی فیدراڵی**
**سەندیکای رۆژنامەنووسانی ئەڵمانیا**

**هاوکارانی بەڕێز**

**ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان وێڕای سوپاس و پێزانین بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە نامەکەتانی وەرگرت کە لە ٢٠٠٥/١٠/١ ئاراستەی ئێمە کرابوو کە تێیدا راشکاوانە باس لە پەیوەندیی توندوتۆڵی نێوانمان دەکات سەرەڕای خوازیاریتان بۆ هاوکاریی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و هاوکارانی لە رۆژنامەنووسانی کوردستان لە بواری کاری سەندیکایی و رێکخراوەییدا کە ئەمەشیان هاندەرێکی بەتین دەبێت بۆ ئێمەی رۆژنامەنووس کە بە بەردەوامی لە هەوڵ و کۆشش داین لەپێناوی چەسپاندنی ئازادیی رۆژنامەنووسی و دابینکردنی ماف و گوزەرانی رۆژنامەنووسانی کوردستان بە جیاوازیی نەتەوە و بیروڕای سیاسی و ئاین.**

**جارێکی دیکە سوپاس و پێزانینمان لێ قبووڵ بکەن**

**فەرهاد عەونی**
**نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان**

**ساڵی ٢٠٠٥مان بەجێهێشت کە پڕ لە هاتوچۆ و پێشوازیی میوانانی بیانی و دەوامی پەرلەمانی بەغدا و ئامادەکاری بە مەبەستی تەواوکردنی پڕۆژەی یاسای کاری رۆژنامەنووسی کە لای من بە یەکێك لە شاکارەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی دادەنرێ چونکە بۆ یەکەم جارە لە کوردستان یاسایەك کاری رۆژنامەنووسی و چەسپاندنی ئازادیی رۆژنامەنووسی و مافی**

ڕۆژنامەنووسان ڕێکبخات کە لە دوایدا باس لە لەمپەرەکانی بڕیارلێدانی دەکەم لە پەرلەمان.

سەرەتای ساڵی ٢٠٠٦ بە سەردانی لقەکانی سەندیکای لە کەرکووک، سلێمانی، دهۆك، موسڵ، بەغدا، سەرەڕای بەسەرکردنەوەی ڕۆژنامەنووسان لە هەردوو دەڤەری سۆران و گەرمیان، چونکە لای من ئەوە چەسپاوە ئەگەر شەخسی یەکەم لە هەر بوارێکدا کار بکات دەبێت نیوەی کاتی خۆی بۆ بەسەرکردنەوەی ئەو لق و دەزگا و مەڵبەند و نووسینگانە تەرخان بکات چونکە دەمزانی ڕۆژنامەنووسێکی خانەقین یاخود کەلار یا زاخۆ یان ئاکرێ زیاتر پێویستییان بە بەسەرکردنەوە هەیە، ئەو خسڵەتەشم لە ڕۆژانی کارکردنم لە یەکێتیی قوتابییانی کوردستان بۆ ماوەتەوە، چ لەپێش ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ کە بە نهێنی لەگەڵ برایانی ئازیزم هیوا جەلال حەمدی بۆ سلێمانی و فەرەیدون عوسمان و عادل لەیلانی بۆ کەرکووک و موسڵح نەقشبەندی بۆ دهۆك و خوالێخۆشبوو جەلال خۆشناو بۆ هەولێر، پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاریش مانگانە یەك هەفتەم بۆ سەردانی لقەکانی یەکێتیی قوتابییانی کوردسان تەرخان دەکرد لەگەڵ برایانم لە مەکتەبی سکرتارییەت یاخود لیژنەی ڕاپەڕاندن، بۆیە هەموو کاتێك چ لە یەکێتیی قوتابییان و چ لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان هەمیشە ئاگاداری تەواوی کاروچالاکی و وردەکارییەکان بووم بۆ چەند جارێك لە سەردەمی یەکێتیی قوتابییان کاتێ خوالێخۆشبوو کاك سامی عبدالرحمن وەکو لێپرسراوی ئێمە داوای منی دەکرد و بە ڕێککەوت منیش لە دەرەوەی بەغدا دەبووم بۆ بەسەرکردنەوە دەیگوت (فەرهاد بۆتە ماجەلان).

وەکو پێشووتریش باسم لێوەکردووە ئێمە لە سەندیکا هەمیشە خەمخۆری خێزانی شەهیدانی ڕۆژنامەنووسان بووین بە هەر شێوەیەك بووایە لە هەوڵی پەیداکردنی کۆمەکی مەعنەوی و ماددی بووین سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمیشە لەسەرخەت بووین، شێرکۆ حەبیب وەکو سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا کە لە لەندەن جێگیرە دەتوانم

بڵێم ڕۆژانە لەگەڵی لەسەر خەت بووم ئەوجا بە ڕێنمایی بەندە و بە چالاکی و خەمخۆریی خۆی کاری باشی دەهاتە بەرهەم چە بە ئاسانکاریی درووستکردنی پەیوەندی لەگەڵ سەندیکا و ڕێکخراوەکانی دەرەوە چ بە سەردانی بارەگای IFJ لە برۆکسل چ بە ناردن و هێنانی (پێناسەی IFJ) بۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان چ بۆ پەیداکردنی (کۆمەك) بۆ خێزانی شەهیدانی ڕۆژنامەنووس، ئەوەبوو بۆ جاری سێیەم بڕێ پاری دیکە لە ڕێکخراوی (ڕۆڕی پیك ترانست)ی بەریتانی بەدەستهێنا، ڕۆژی ٢٠٠٦/٣/٢٨ بەبەرچاوی کامێرا و ڕۆژنامەنووسان دیسان بڕە پارەکە بەسەر خانەوادەی شەهید و بریندارانی یەکی شوباتی ٢٠٠٤ دابەشکرا، ساڵی ٢٠٠٥یش بۆ دوو جار هەمان ڕێکخراوی بەریتانی بە بڕێ پارە یارمەتیی بۆ ناردین کە ئەویش بە هەمان شێوە دابەشکرا.

سکرتێری لیژنەی ڕاپەڕاندن لە فدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی ئاگاداری کردین کەوا ڕێکخراوەکانی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و عیراق پێویستیان بە (میساقی پیشەیی و کۆمەڵایەتیی ڕۆژنامەنووسان) هەیە کە پشتی پێوە ببەستن لە کاری سەندیکاییدا و داوای لێکردن کەوا بەشداری لەم کۆڕە فراوانەدا بکەین، بەندە ئەوکاتە لە بەغدا بووم کە لە کۆتایی ڕۆژانی خولی پەرلەمانی عیراق دا بوو بە تەلەفۆن ئاگاداری کاك مستەفام کرد مەرجی فدراسیۆن بۆ ئامادەبوون دەبووایە بڕیاردەرە سەرەکییەکانی سەندیکا بن، بۆیە بە نامەیەك لە ڕێگای شێرکۆ حەبیبەوە ئاگاداری IFJ کرد کەوا ئێمە بە شاندێکی (٣) کەسی بەشداری لەم کۆبوونەوەیە دەکەین، بەندە و کاك مستەفا ساڵح کەریم و کاك فریاد ڕەواندزی سکرتێری لقی بەغدای ئەوکاتەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و شێرکۆ حەبیبیش کە لە لەندەنەوە دەهات، ڕۆژی ٢٠٠٦/٢/١٠ لە ڕێگای فڕۆکەخانەی بەغداوە شاندەکەمان لەگەڵ هەردوو ڕۆژنامەنووس (چرۆ شەهاب و سارا قادر) کە ئەوانیش لەسەر بانگهێشتی (یونسکۆ) لە کۆڕەکە بەشدار بوون، بەرەو قاهیرە ناوی خوامان لێهێنا، ئێوارەکەی دونیا تاریك ببوو گەیشتنیتە قاهیرەی پانوبەرین کە

پێشووتر دووجاری دیکە ئەم وڵاتەم دیتبوو، لەم سەفەرە کە لەسەر حیسابی (یونسکۆ) بوو جێگامان لە هوتێل (هیڵتن) بۆ ئامادەکرابوو بۆ ماوەی سێ شەو، ئوتێل هڵتن لەلای رۆژهەڵاتی بەسەر ئاوی زێی (نیل) دەڕوانێ کە بەڕاستی دیمەنێکی سەرنج راکێش دەبەخشێ، دەشڵێن هەرکاتێك (میسرییەکان) دڵتەنگ دەبن لەبەر هەر هۆکارێك بێت روو لە رووباری نیل دەکەن و لە کەناری ئەم رووبارە خەمەکانیان هەڵدەڕێژن و ئاسوودە دەبنەوە، لەو کۆبوونەوەیە کە لە لایەن IFJەوە زۆر گرنگیی پێ درابوو سکرتێری گشتی (ایدان وایت) و جیم بومیلا کە ئەوکاتە راوێژکاری یەکەمی راپەڕاندن و ئەندامی لیژنەی راپەڕاندنی IFJ بوو کە پاشان لە کۆنگرەی هەشتەم کە لە دورگەی (کادیس) لە وڵاتی ئیسپانیا بەسترا لە ٢٥–٢٠١٠/٥/٣٠ بوو بە سەرۆکی IFJ، بۆ مێژوو دەیڵێم ئەو دووانە چ ئایدن وایت چ جیم بومیلا رێزی تایبەتیی ئێمەیان دەگرت و زۆر هاوکارمان بوون.

کاتژمێر (٩)ی رۆژی ٢٠٠٦/٢/١٢ لە هۆڵی (حۆرس) لە هوتێل هیڵتن بە ئامادەبوونی شاندی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراقی و یەکێتیی رۆژنامەنووسانی عیراق و ژمارەیەك لە رۆژنامەنووسان لە هەندێ لە هۆبەکانی راگەیاندنی کوردستانی و عیراقی بەشدار بوون، وەکو ئیشارەتم پێکردووە هۆڵەکە بە عەرەبی و ئینگلیزی بە درووشمێك رازابۆوە کە بریتی بوو لە (من أجل اعتماد میثاق الحقوق الاجتماعیة والمهنیة لصحفیي العراق)، لە سەرەتای کردنەوەی کۆبوونەوەکە (یانی دانیشتنی یەکەم) ایدان وایت بە بەخێرهێنانی ئامادەبووان دەستیپێکرد و جەختی لەسەر گرنگیی بەستنی ئەم جۆرە کۆڕانە دا و گوتی کە بوونی میساقی کۆمەڵایەتی و پیشەیی بۆ رۆژنامەنووسانی عیراق بە کارێکی گرنگی دانا و گوتی (پێویستیی رۆژنامەنووسانی عیراق بە میساقێکی لەم جۆرە هۆکاری بەردەوامبوونمانە لەو گفتوگۆیانەی کە دوو ساڵ پێش ئێستا دەستمان پێکرد، ئەمەش لەپێناو ئایندەیەکی باشتر بۆ رۆژنامەنووسان، هەروەها لەپێناو سەرخستنی پڕۆسەی دیموکراسی و زامنکردنی ئازادی بۆ

**رۆژنامەنووسان و چەسپاندنی ئازادیی رۆژنامەنووسی، داواش لە هەموو لایەك دەكەم لەم گفتوگۆیە بەشدار بن و رێزی پیشەكەیان بگرن و ئازادییەكانیش لە سنووری یاسا بەكاربهێنن و هەوڵی ئەوەش بدەن رەوشی ئاسایی بۆ رۆژنامەنووسان لەپێناو ئەنجامدانی پیشەكەیان بەوپەڕی ئازادییەوە لە عیراقدا برەخسێنن). دواتریش (زهیر الجزائری) رۆژنامەنووسانی چەپی عیراقی تیشكی خستە سەر رەشنووسی میساقەكە و داوای لە ئامادەبووان كرد دەوڵەمەندی بكەن، دواتر نۆبە هاتە سەر ئێمە و بەندە لە وتارەكەمدا دەربارەی بابەتی كۆبوونەوەكە گوتم (پێویستە لەسەر هەموو لایەك كە پابەندی ئەو میساقە بن كە لە دوا كاتدا بڕیاری لەسەر دەدرێ و پەسەند دەكرێ، لە هەمان كاتیشدا گلەیی خۆمان ئاراستەی هەردوو رێكخراوی سەندیكا و یەكێتیی رۆژنامەنووسانی عیراق دەكەین كە ئەو كۆبوونەوەیە بڕیار بوو لە پایزی ساڵی رابردوو لە هەولێری پایتەختی هەرێمی كوردستان ببەسترێ، بەڵام بەداخەوە ئێوەی سەندیكا و یەكێتیی رۆژنامەنووسانی عیراق كەمتەرخەم بوون، خۆزیا دەمانزانی هۆكارەكەی چی بوو چونكە ئێمە لەو قەناعەتەداین كە كێشەكان زیاتر لەناوەوەی وڵات چارەسەری گونجاوی بۆ دەدۆزرێتەوە، بەڵام بەهەرحاڵ ئێمە بە هەموو توانایەكمانەوە لەگەڵ گەڵاڵەكردنی ئەو میساقەداین كە بێگومان لە بەرژەوەندیی ئازادیی رۆژنامەنووسی دایە)، دواتریش برایان مستەفا ساڵح كەریم و فریاد رەواندزی و شێركۆ حەبیب را و سەرنجی خۆیان بەرامبەر رەشنووسی میساقەكە دەربڕی.**

**ئەم رۆژە بەتەواوی لە چوار دانیشتنی تێروپڕدا سەرلەئێوارە كۆتایی بە كارەكانی كۆبوونەوەكە هات كە پێشووتر بڕیار بوو بە دوو رۆژ، بەڵام بەهۆی دواكەوتنی شاندی عیراقی رۆژێك لە كۆبوونەوەكە كە پێشووتر رۆژانی ١١، ٢٠٠٦/٢/١٢ی بۆ تەرخان كرا بە یەك رۆژ تەواوكرا چونكە هەر رێكخراوێك كە خەرجیی ئەو جۆرە كۆڕ و كۆبوونەوانە دەدات كات و ساتی پێشەكی بۆ تەرخان دەكات و چاوپۆشی لە كەمتەرخەمیی هەندێك ناكات، لەنێوان دانیشتنەكانی پێش نیوەڕۆ و پاش نیوەڕۆ (ئایدن وایت) داوای لێكردین كەوا**

دەیەوێ لەگەڵ شاندی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دیدارێك ساز بکات، ئێمەش بە خۆشحاڵییەوە پێشوازیمان لەو داوایە کرد و لە سەرەتای کۆبوونەوەکە ئایدن وایت ستایشی رۆڵی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی کرد کە ئامادەباشیی تەواوی هەیە لەم کۆڕ و کۆبوونەوانەدا لەپێناو پاراستنی رۆژنامەنووسان و پەسەندکردنی میساقی شەرەفی کاری رۆژنامەنووسی و میساقی پیشەیی و مافە کۆمەڵایەتییەکانی رۆژنامەنووسان و هەروەها رۆڵی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە چەسپاندنی ئازادیی رۆژنامەنووسی و زامنکردنی مافی رۆژنامەنووسانی بەرز نرخاند، سەبارەت بە گۆڕینی جۆری ئەندامێتیمان لە بەشدارەوە بۆ کارا کە ئێمە زۆر جەختمان لەسەر دەکرد گوتی (سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان پێش بەستنی کۆنگرەی گشتیی بیست و شەشەمینی فدراسیۆنی نێودەوڵەتی کە بڕیارە لە هاوینی ساڵی داهاتوودا (٢٠٠٧) لە مۆسکۆ دەبەسترێ دەبێتە ئەندامی کارا)، لە راستیدا ئەم موژدەیە ئێمەی زۆر دڵخۆش کرد و سوپاسێکی گەرمی (ئایدن وایت)مان کرد بۆ هەڵوێستی واقعییانەی کە بەرامبەر ئێمەی دەربڕی، لە کۆتایی دانیشتنەکەمان دیاریی سەندیکامان پێشکەش بەو کرد کە بریتی بوو لە (موجەلەدێکی رۆژنامەی (کردستان) یەکەم رۆژنامەی کوردی کە لە ١٨٩٨/٤/٢٢ لە قاهیرە دەرچووە لەگەڵ قوتووە گەزۆریەکی تۆفیقی حەڵواچی کە کاك مستەفا ساڵح کەریم لە سلێمانییەوە بە دیاری هێنابووی)، کاتێ ئایدن وایت لە ناوەڕۆکی قوتووەکەی پرسی کە چیی تێدایە گوتمان ئەمە گەزۆی سرووشتی شاخەکانی کوردستانە کە زێدە شیرینە و لە وەرزی تایبەت کۆدەکرێتەوە و مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ دەبێتە ئەم جۆرە شیرینییە، کاتێ ئایدن وایت ئەم روونکردنەوەیەی بیست زۆر دڵخۆش بوو و گوتی (تاقە کچێکم هەیە زۆر حەز لە شیرینی دەکات، ئەوا من دەستی لێنادەم و بۆ ئەوی دەبەمەوە، زۆر سوپاس بۆ ئەم دیارییە شیرینە).

مرۆڤ کاتێ دەچێتە وڵاتی میسر بیر لە زۆر شت دەکاتەوە، بینینی هەندێ کەسایەتی و شوێنەوار و بەسەرکردنەوەی هەندێ لە کتێبخانە بەناووبانگەکان،

**سەردانی (خان الخلیلی) چونکە میسر وڵاتێکی دەوڵەمەندی پڕ لەو شوێن و شوێنەوارانەی وەکو ناوچەی (الجیزە) کە تێیدا ئەهراماتی بەناووبانگی میسری تێدایە، کە پێویست دەکات کاتێ مرۆڤ ئەگەر بۆ یەك رۆژیش سەردانی قاهیرە بکات دەبێت سەر لەو شوێنە بدات.**

**بە تەواوبوونی بەرنامەی کۆڕەکە ئێمەش تا رادەیەك دەستکراوە بووین، بەڵام بۆ رۆژی دوواتر ئێمەی شاندی کوردستانی و عیراقییەکان هەر لە هەمان هوتێل سەرقاڵی بەدواداچوون بووین بۆ بابەتی کۆڕەکە بکەین کە بۆی هاتبووین، عیراقییەکان زیاتر بەسەر چەند لایەنی سیاسی و تایفی دابەش ببوون، ئاسان نەبوو کە لەسەر بەرنامەیەك کۆك بن، کە بەرنامەی کۆبوونەوەکەی بۆسەر چوار بڕگە دابەش ببوو، ئێمە وەکو شاند و وەکو سەندیکا هیچ کێشەیەکمان نەبوو، بابەتەکان لای ئێمە یەکلا ببۆوە، بۆیە لامان چاوەڕوان نەکراو نەبوو کە جیم بۆمیلا ی راوێژکار و ئەندامی لیژنەی راپەڕاندنی IFJ لەنێوان هەموو شاندەکاندا بڵێ (چاو لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بکەن، بە شاندێکی یەکگرتوو و بە بەرنامەیەکی تۆکمە و بە گیانێکی پڕ لە هەست بە لێپرسراوێتی هاتوون، بە پێچەوانەی ئێوە (مەبەست لە عیراقییەکان بوو) کە نە بەرنامەتان هەیە و نە یەکگرتوون لەکاتێکدا وەکو خۆتان دەڵێن هەمووتان لە خەمی ئازادی و مافی رۆژنامەنووسان کە بە میساقێکی تۆکمە بەرجەستە بکرێت)، وە لەنێوان سەرجەم ئامادەبووواندا داوای کۆبوونەوەیەکی تەنیایی لەگەڵ ئێمە کرد، ئەوەبوو لەدوای نیوەڕۆی رۆژی ٢/١٣ شاندەکەمان پێکەوە لە یەکێ لە کافتریاکانی ئوتێل (هیڵتن) لەگەڵ جیم بۆمیلا دانیشتین کە لەسەرەتادا دەستخۆشیی لە را و بۆچوونەکانی ئێمەی کرد سەرەڕای ئەو یەك دەنگی و ئەو یەك هەڵوێستەی کە بەرامبەر ئامادەبووانی کۆنگرەکە نیشانمان دا پاشان ئەویش وەکو ئایدن وایت بە گرنگییەوە باسی لە گۆڕین و جۆری پلەی ئەندامێتیی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کرد لە بەشدارەوە بۆ ئەندامێتیی کارا. کاتی خۆی من هەر لە سەفەری یەکەمم بۆ لەندەن کە لە کۆتاییساڵی**

٢٠٠٢ كە بۆ یەكەم جار لەگەڵ بۆمیلا دانیشتم بە ئامادەبوونی شێركۆ حەبیب هەڵوێستی زۆر ئەرێنییانە بوو بەرامبەر وەرگرتنی سەندیكا لە IFJ وە لە هەموو كۆڕ و كۆبوونەوە و كۆنگرەكانیشدا ئێمەی بە چاكی هەڵدەسەنگاند لەو دانیشتنەش دیسان ئارم و شیرینیی گەزۆی سلێمانیمان بەویش پێشكەش كرد.

رۆژی دواتر رێككەوتی ٢/١٤ بەپێی بەرنامە ئوتێلمان بەجێهێشت و بەهۆی (أحمد الركابی) رۆژنامەنووس و بەڕێوەبەری رادیۆی (دیجلە) كە ئەویش بەشداری كۆبوونەوەكە بوو گەنجێكی میسری ئاشنای خۆی پێ ناساندین كە ناوی ئەحمەدە و خەڵكی قاهیرە بوو و خاوەن ئۆتۆمبێلێكی جۆری مارسیدس بوو بە مەبەستی چاوساغی و هاتۆچۆ پێكردنمان بەرامبەر بڕێك پارە، هەر ئەو رۆژە شوقەیەكی بۆ گرتین لەسەر رووباری (نیل) پاش ئەوەی لە شوقەكە جێگیر بووین یەكەم وێستگەمان كە بۆی چووین (الاهرامات) بوو كە ماوەیەكی باشی لێ ماینەوە، مرۆڤ سەیری بە هێنانی ئەو بەردە گەورانە دێت كە لەو بیابانە ئەهراماتی پێ درووستكراوە سەیرەكەش لەوەدایە كە ئایا ئەم بەردە گەورانە لەكوێوە هاتووە، بەڵام وەكو رێبەرێكی (دلیل) ئەو ناوچەیە كە لەگەڵمان هاتوچۆی دەكرد زۆر لەسەرخۆ لە وەڵامی ئەم پرسیارە گوتی (وامەزانن ئێستا مرۆڤ گەیشتۆتە لوتكەی شارستانییەت، بەڵكو چەندین قۆناغی شارستانییەت هەبووە و نەماوە (حضارات سادت ثم بادت)) تاكو ئێوارە لەوناوە ماینەوە كە لەملا و ئەولای نزیك لە ئەهرامات چەندین دوكانی فرۆشتنی بابەتی پەیوەند بە الاهرامات–ەوە هەبوو، رۆژی ٢/١٥ بڕیارمان دا سەفەری پارێزگای (الفیوم) بكەین كە چێشتخانەكانی ناو چیمەن و باخەكانی بە چاككردن و برژاندنی ماسی بەناووبانگە بۆیە ئێمەش كاتێ گەیشتینە دەوروبەری فیوم زۆرمان برسی بوو بۆیە هەر زوو لە یەكێ لە چێشتخانەكانی بەرەورۆژ (هەتاو) دانیشتین و داوای ماسیمان كرد، پاش نانخواردنیش سەردانی ناوەندی شاری فەیوممان كرد كە بە جۆرێك هەژاریی پێوە دیاربوو.

سەرلەبەیانیی رۆژی ٢٠٠٦/٢/١٦ سەردانی یانەی بەناووبانگی (الجزیرە)مان کرد کە کەوتۆتە نێوان هەردوو لقی رووباری نیل کە ئەو دورگەیەی (جەزیرە)ی لێ درووستبووە، کە لە راستیدا شوێنێکی دڵڕفێنی زێدە هێمن و جوانی قاهیرەی پایتەختە سەرەڕای فراوانی و پانتایی ئەو دورگەیە کە ئەو یانەیەی لێ درووستکراوە، بەڵام چ یانەیەك مرۆڤ حەز دەکات هەفتەی رۆژێکی بەتەوای بۆ تەرخان بکات، سەرەڕای چێشتخانە و کافتریا و گۆڕەپانی باسکە و ڤۆلیبۆڵ و هۆڵی گەورە کە بۆ کۆبوونەوەی فراوان و بۆنەی کۆمەڵایەتی تەرخان دەکرێت سەرەڕای ئەوەی ئەم دورگەیە هەمووی بە دار و درەخت و گوڵی هەمەجۆر رازاوەتەوە لە هەمووشی سەرنجڕاکێشتر تەرخانکردنی دەیان ژوور بوو کە بۆ ئەو کەسایەتییانەی کە دەیانەوێ نووسینگە لەم شوێنە بکەنەوە و کاتی خۆیانی لێ بەسەربەرن، کاتێ بەهۆی کاك فریاد رەواندوزییەوە کە لە رێگای رۆژنامەنووسێکی میسری داوای دیداری نووسەر و رۆژنامەنووس و سیاسەتمەدار (أحمد حمروش)مان کرد لەگەڵ شاندی ئێمە، (حمروش)یش ئەو رۆژە لە نووسینگەکەی خۆی لە یانەی (الجزیرە) پێشوازیی لێکردین و ماوەیەکی باش لای ماینەوە، هەر بە یاوەریی ئەویشەوە بەناو یانەکەدا گەڕاین، گفتوگۆی نێوان أحمد حمروش و ئێمە بابەتی (دایەلۆگی عەرەبی و کوردی) بوو بە قسەی ئەو رێکخستنی ئەو جۆرە دیدارانە کە دایەلۆگی تێدا لەنێوان کەسایەتیی کورد و عەرەبەوە ئەنجام دەدرێت بە قازانجی هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب دەگەڕێتەوە، بۆیە بەگەرمی پێشنیازی دیدارێکی دیکەی لەم جۆرە کرد، (بەندە) پێشووتر هەندێ بابەتی ئەم نووسەر و سیاسەتمەدارە خوێندۆتەوە، بەڵام کە رووبەڕووی بووینەوە بە هیچ شێوەیەك وەکو عەرەبێکی دەمارگیر نەدەهاتە بەرچاو بەڵکو زۆر کراوە بوو و هەستیشی بەرامبەر کورد زۆر دۆستانە بوو.

لێرەدا جارێکی دیکە دەگەڕێمەوە یانەی (الجزیرە) کە بەڕاستی پێی سەرسامم بۆیە کاتێ لە ساڵانی (٢٠٠٧-٢٠١٢) ئەندامی دەستەی کارگێڕیی (یانەی ئاوێزەی خێزانی بووم لە هەولێر) زۆر جار لە کۆبوونەوەکانی دەستەی

کارگێڕی باسی یانەی (الجزیرە)م بۆ دەکردن و ئاواتەخواز بووم کە ئێمەش بتوانین بە جیاوازیی جێگا و ڕێگا بە جۆرێك لە جۆرەکان بتوانین (یانەی ئاوێزەی خێرانی) بۆ ئەم شێوەیەی یانەی (الجزیرە) بگۆڕین، چونکە لای ئێمە بەداخەوە ئەو یانانەی کە ناویان ناوە (سەنتەری ڕۆشنبیری) تەنها بۆ خواردن و خواردنەوەی (مەی) تەرخان کراوە، بۆیە کاتێ کە نەمتوانی پێشنیارەکەم بەرەوپێشەوە ببەم دەستم لە ئەندامێتی لە دەستەی کارگێڕیی ئاوێزە کێشایەوە.

ئەو ڕۆژانەی کە مەوعیدی تایبەتیمان نەبوو سەردانی باڵەخانەی شوێنەواری میسر (متحف مصر)مان دەکرد، لە چونەژوورەوەدا کە بە پلیت ڕێگات پێدەدرێ بۆ چوونەژوورەوە ئێمە بە پێناسەی فدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی بەبێ پارە فەرموویان لێکردین، باڵەخانەکە باڵەخانەیەکی چەند نهۆمیی پڕ لە ئاسەوارە کە تێیدا شارستانێتیی وڵاتی میسر کە هیچ پەیوەندیی بە عەرەبەوە نییە نیشان دەدات بەتایبەتیش پەیکەر و ئاسەواری (فیرعەونەکان) لە هەموو ژوور و هۆڵەکانیشدا ڕێبەر ڕێنماییت دەکات کە زۆربەیان ئافرەتن و بە زمانێکی شیرین لەگەڵت دەدوێن، لە سەردانێکی (خان الخلیلی) لە دوکانێك لاماندا کە کاتی خۆی ڕۆماننوسی بەناووبانگی میسری (نەجیب مەحفوز) لە یەکێ لە ڕۆمانەکانی باسی لێوە دەکات، خاوەن دوکانەکە وێنەیەکی نەجیب مەحفوزی هەڵواسیوە کە لەناو دوکانەکەدا گیراوە چەند جارێکیش لە گازینۆیەکانی (فیش، چروبی) دانیشتین کە دوو چایخانەی مێژووی شاری قاهیرەن.

بەندە بۆ هەر وڵاتێك لە ماوەی کارکردنم لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕێکمخستووە کە سەردانی بارەگای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی ئەو وڵاتە بکەم، بۆیە ڕۆژی ٢٠٠٦/٢/٢٠ بەپێی بەرنامە سەردانی بارەگای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی (میسر)مان کرد، ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام و پێی سەرسام بووم لەسەرەتادا باڵەخانە و بارەگاکە بوو کە ڕووبەری دەرەوەی بە بەردی مەڕمەڕ داپۆشرابوو و لە هەشت نهۆم پێکهاتبوو کە تێیدا چوار

نهۆمی خوارەوە بۆ خودی کاروباری گشتی و شوێنی دەوامی نەقیب و دەستەی کارگێڕی و لیژنە و سەرۆکەکانیان بوو، چوار نهۆمەکەی دیکەش لەلایەن نووسینگەکانی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بەکرێ درابوو، کە وەکو سەرمایەیەکی بەرهەمهێنەر بۆ سەندیکا دەگەڕایەوە، چوار نهۆمەکەی سەندیکا چەند هۆڵێکی بۆ فێرکردنی زمان و کردنەوەی خولی رۆژنامەنووسی و کاروباری تەکنیکی بۆ ئامێرەکانی کۆمپیوتەر و فۆتۆ تەرخانکرابوو، چەند هۆڵێکی دیکەشی بۆ نمایشکردنی فیلمی سینەمایی و دراما و شانۆگەری بەکاردەهێندران، (د. أحمد سید نجار) کە ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکا بوو و لە هەمان کاتیشدا بەڕێوەبەری سەنتەری رۆژنامەی (الاهرام) بوو بۆ توێژینەوەی سیاسی و ستراتیژی پێی گوتین کەوا رۆژنامەنووس و نووسەری بەناووبانگی میسری (محمد حسنین هیکل) بەنیازە لە ئایندەدا کتێبخانە تایبەتییەکەی خۆی بۆ یەکێك لە نهۆمەکانی بارەگاکە بگوێزێتەوە، جەلال عارف–ی نەقیبی رۆژنامەنووسانی میسر و یحیی قلاش ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکای میسری (کاتی خۆی لە ساڵی ٢٠٠٤ لەگەڵ شاندی IFJ و یەکێتیی رۆژنامەنووسانی عەرەب سەردانی کوردستانی کردووە بە میوانداریێتیی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان) د. احمد سید النجار ئەندامانی ئەنجوومەنی پێشوازییان لێکردین، بەڵام لەراستیدا من پێشوازییەکەم بەدڵ نەبوو، جارێ لەپێشەوە نەقیبی رۆژنامەنووسانی میسر دوور لە هەموو دابونەریت و پرۆتۆکۆڵێك لەو کاتە کە ئێمە چووین لە شوێنی خۆی نەبوو کە دەبووایە بەپێی مەوعید لە شوێنی خۆی پێشوازیی لێ بکردبایەن بۆیە لەسەرەتادا د. احمد سید نجار عوزری هێنایەوە کەوا جلال عارف هەندێ دوادەکەوێ بەپێی مەوعیدێکی دیکە کە پێشتر هەیبووە، بۆیە بە هێمنی بە کاك مستەفا ساڵح کەریمم گوت وا پێدەچێت جلال عارف بە ماندوبوون و کارامەیی خۆی ئەو شوێنەی وەرنەگرتووە، بۆیە پاش گۆڕانی رژێمی حسنی مبارك رۆژنامەنووسانی میسر جەلال عارفیان لەو شوێنە وەکو نەقیب دەرکرد چونکە دەستنیشانکراوی دەسەڵاتی سیاسیی ئەوکاتی میسر بوو.

له سەرەتای دانیشتنەکە بە وتەیەکی کورت باسم لە مێژوو و پێکهاتەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کرد سەرەڕای ئامانجە سەرەکییەکانی، برایانی ئەندامانی شاندەکەشمان لە گفتوگۆکانی دیدارەکە سەبارەت بە فیدراڵییەت و ئایندەی شاری کەرکووك و رۆڵی کورد لە پرۆسەی دیموکراسیی عراقدا بەشدارییەکی سەرنجڕاکێشیان کرد، بەڵام ئەوەی سەرنجم لێدا جەلال عارف و یحیی قلاش قسەکانی ئێمەیان زۆر بەدڵ نەبوو، دیدارەکەمان کاتژمێرێکی خایاند و پاشان لەگەڵ قلاش و النجار بەنێو باڵەخانەکەدا گەڕاین (لێرەدا دەمەوێ شتێك تۆمار بکەم، بە گەڕانەوەمان لەم سەفەرە نامەیەکم بۆ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نارد و داوای تەرخانکردنی (٣٠٠٠م) دووجام کرد بە مەبەستی درووستکردنی باڵەخانەیەك بۆ سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، کاك نێچیرڤان رەزامەندیی نیشاندا تەنانەت هەندێ رێنمایی کردین دەربارەی درووستکردنی باڵەخانەکە، بەڵام تاکو من سەندیکام بەجێهێشت بەکۆتایی کۆنگرەی گشتیی سێیەم کە لە مانگی تەموزی ساڵی ٢٠١١ بەسترا ئەم پرۆژەیە رووناکی نەدیت).

Kurdistan Journalist's Syndicate

نقابة صُحفيي كوردستان

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

ئەنجومەنی سەندیکا

ژمارە: ١٢٢٣

بەروار: ٢٠٠٧/٢/٢٠

**بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی**

**سەرۆکی حکومەتی کوردستان**

**سڵاووڕێز...**

**هیوای تەمەن درێژی و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین..**

پێشنیارکردنی بەڕێزتان دەربارەی دروست کردنی باڵەخانەی (سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان) مایەی سوپاس و پێزانینی رۆژنامەنووسان و سەندیکاکەیانە کە ئەوانیش دەبنە خاوەن باڵەخانەیەکی تایبەت و بە کارێکی شارستانی دادەندرێت، و دیسان لەسەر فەرمانی بەڕێزتان ئەنجوومەنی سەندیکا پێشنیار دەکات کە موافەقەت بفەرموون بە دابین کردنی پارچە زەوییەکی گونجاو بە پانتایی (٣٠٠٠م$^{٢}$)، ئەگەر زیاتریش بێت باشترە، چونکە لە ئایندەدا سوودی لێ وەردەگیرێ.

**لەگەڵ ئەوپەڕی رێزمان**

**فەرهاد عەونی**

**نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان**

یەکێ لە دیدارە گرنگەکانی دیکەی پاش تەواوبوونی کۆبوونەوە رەسمییەکە سەردانی بارەگای رۆژنامەی (الاهرام) بوو کە لەراستیدا ئەوە بۆ جاری دووەم بوو بەندە سەردانی ئەم بارەگا قەشەنگ و دیارە بکەم، جاری یەکەم لەگەڵ هاوڕێم (عادل موراد) کە ئەوکاتە ئەو سەرۆکی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان بوو و بەندەش کە پێشووتر سکرتێری گشتیی ئەو رێکخراوە بووم، بەڵام کاتی سەفەرەکەشمان لەگەڵ کاك عادل ئەوکاتە بەڕێوەبەری رۆژنامەی (التاخی) بووم، ساڵی ١٩٧٣ هەردووکمان لەلایەن خوالێخۆشبووان شەهید سامی عبدالرحمن و شەهید دارا تۆفیق دەستنیشان کراین کەوا نامەیەکی تایبەتیی (بارزانی نەمر) بگەیەنینە وڵاتی جەزائیر کە کۆنگرەی وڵاتە بێ لایەنەکانی (مؤتمر عدم الانحیاز) لێ دەبەسترا لە رێگای میسرەوە سەفەر بکەین، بەڵام باڵیۆزخانەی جەزائیر لە قاهیرە (ڤیزا)یان نەداینێ ئێمەش بە ناچاری لە قاهیرە چەند رۆژێك ماینەوە و نامەکەمان دا بە هەندێ لە ئاژانس و رۆژنامە کە تێیدا بۆ ئەم مەبەستەش سەردانی رۆژنامەی الاهرامان کرد.

باڵەخانەکە لە سەردەمی نووسەر و رۆژنامەنووسی بەناووبانگی میسری (محمد حسنین هیکل) کە نزیك بوو لە سەرۆکی میسری ئەوکاتە (خوالێخۆشبوو جمال عبدالناصر) درووستکراوە و یەکێکە لە شوێنە دیارەکانی قاهیرە، (اسامە السرایا) سەرنووسەری الاهرامی ئەوکاتە لە نووسینگەی خۆی پێشوازییەکی گەرمی لێکردین، هەر زوو پاش قاوە خواردنەوە دەستی بە قسەکردن کرد و گوتی (گەلی کورد رۆڵێکی گرنگی هەبووە لە دەوڵەمەندکردنی شارستانییەت لە ناوچەکەدا، عیراقیش بەبێ چارەسەری کێشەی کورد سەقامگیر نابێت و کێشەکان چارەسەر ناکرێن)، ئەوجا هاتە سەر باسی کاری رۆژنامە و رۆژنامەنووسان لە کوردستان و گوتی (هەندێ زانیاریم هەیە کە لە دۆستانی رۆژنامەنووس پێم گەیشتووە)، ئێمەش بە دوورودرێژی باسی سەندیکا و کاری رۆژنامەنووسی و ئازادیی رۆژنامەنووسی لە کوردستان کە بە هیچ جۆرێك سانسۆر نییە بۆ باسکرد،

سەرەڕای چەند بابەتێکی پەیوەندیدار بە سیاسەتی ئەوکاتە عیراق و بنیادنانی عیراقێکی دیموکراسی. لە دانیشتنەکەدا کە کاتژمێر و نیوێکی خایاند زۆرم بەدڵ بوو بەتایبەتی کاتێ سەرنووسەری الاهرام داوای لە رۆژنامەنووس (محمد سعدنی) کرد کە بە هەموو بەش و کتێبخانە و ئەرشیفی الاهرام بمانگەڕێنێت، ئەوەی کە لێرەدا دەمەوێ بیلێم دەربارەی بارەگاکەی کە پێکهاتەکەی لە سێ بارەگا بە هاوشێوەی سێ هەرەمەکەی میسر پێکهاتووە، لەو دەزگایە ئەوکات ١٧ چاپکراوی لە رۆژنامە و گۆڤار و پاشکۆ تێدا دەردەچوو، اسامە السرایا-ش باسی لە ژمارەی رۆژنامەنووسان و کارمەندانی ئەو دەزگا زەبەلاحە کرد کە تێیدا (١٤٠٠) رۆژنامەنووس و (١٥,٠٠) کارمەند کاری تێدا دەکەن، لێرەدا حەز دەکەم هەڵسەنگاندەکەی سەرنووسەری الاهرامی سەردەمی زیارەتەکەی ئێمە (اسامە السرایا) زۆر بە رێزەوە باسی لە رۆڵی هەرە گەورە و بایەخدراوی گەورەی نووسەر و رۆژنامەنووس محمد حسنین هیکل کرد کە چۆن ئەو باڵەخانەی وا درووستکردووە کە ئەو هەموو چاپەمەنییەی تێدا دەردەچێ و ئەو ژمارە زۆرە لە رۆژنامەنووسان و کارمەندان کاری تێدادەکەن کە یەکێکە لەو دەزگایانەی کە بە گرنگییەکی زۆرەوە لە ناوەوە و دەرەوەی میسر باسی لێوە دەکرێ، نیوەڕۆی ئەو رۆژە لە کافتریای (الاهرام) میوانداری کراین، لە ژمارەی رۆژی (٢٠٠٦/٢/٢٠) رۆژنامەی الاهرام هەواڵی سەردانەکەی ئێمەی بۆ دەزگای رۆژنامەنووسیی الاهرام بڵاوکردەوە، لێرەدا دەمەوێ باس لە بابەتێك بکەم کە پەیوەندیی بەو زیارەتەی ئێمەوە هەبوو بۆ الاهرام، کە لە ساڵ ١٩٧٣ لەگەڵ هاوڕێم عادل موراد سەردانمان کرد  باسم لێوە کردووە، ئەوەی راستی بێت بە شێوەیەکی گەورە سەرسامی باڵەخانەکە و جۆری کارکردن لەو دەزگایە بووم، بۆیە کاتێ سەرنووسەری رۆژنامەی برایەتی بووم لە نێوان ساڵانی (١٩٩٣-٢٠٠٠) پاش رەزامەندیی کاك نێچیرڤان بارزانی بە پێشنیارێکی من هاوڕێی خوالێخۆشبووم ئەندازیار (عماد علی کسرە)م راسپارد کەوا نەخشە و دیزاینی باڵەخانەیەکی چوار نهۆمیی لەگەڵ نهۆمێکی ژێرەوە (ژێرزەمین) بۆ ئەو شوێنەی کە بارەگای دەزگای برایەتی و خەباتی لێبوو بە مەبەستی تێکدان و

درووستکردنەوەی بەپێی ئەو نەخشە و دیزاینە کە خوالێخۆشبوو عماد بۆی ئامادەکردبووین، کە بێگومان بەراورد نەدەکرا لەگەڵ باڵەخانەکەی الاهرام، بەڵام دیسان بۆ ئەوکات و ئێستای کوردستان شتێکی بەرچاو دەبوو، بەڵام وەکو پەندێکی عەرەبی هەیە دەڵێ "الرياح لا تجري بما تشتهي السفن" یانی (با بەو شێوەیە هەڵناکا لەگەڵ ئارەزووی کەشتیوانەکە بێتەدی) بەداخەوە ئاواتەکەم نەهاتە دی چونکە برایەتییان پێ بەجێهێشتم.

دوای نیوەڕۆی رۆژی ٢٠٠٦/٢/١٤ هەرچوارمان بەڕێزان (مستەفا ساڵح کەریم و فریاد رەواندزی و شێرکۆ حەبیب و بەندە) سەردانی (سەنتەری قاهیرە بۆ توێژینەوەکانی مافی مرۆڤ) کە لە یەکێ لە شەقامەکانی گەڕەکی (الزمالك)دا بوو، د. أحمد علوان بەڕێوەبەری سەنتەرەکە و بەڕێز معتز غجیری رێکخەری پرۆگرامەکانی ئەو سەنتەرە پێشوازییەکی گەرمیان لێکردین، قسە و باسەکانمان لەسەرەتادا گشتی بوون، هەردوو لا پێناسەی رێکخراوەکانمان بۆ یەکتری باسکرد، سەرەڕای کاروچالاکییەکانمان، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی ئاستی رۆژنامەنووسانی کوردستان لە بارەی بابەتی مافی مرۆڤەوە داوامان لە د. أحمد علوان کرد کە هاوکاریی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بکات بە کردنەوەی خولی تایبەت بەم بوارە لە کوردستان د. أحمدیش ئامادەیی خۆی دەربڕی بە بەشداری کردنی سەنتەرەکەیان و ئامادەیی خۆی نیشان دا کە سەردانی کوردستان بکات.

سووڕان و گەڕان لە شارێکی گەورەی وەکو قاهیرە کاتێکی زۆری دەوێ، ئێمەش ئەو چەند رۆژەی کە ماینەوە لەپاش کۆتایی کۆبوونەوە فەرمییەکە تەنها بۆ خەوتن دەگەڕاینەوە شوێنی حەوانەوە، بە رێککەوت یەکێ لە شەوەکانی قاهیرەمان بەوە بەسەربرد کە ئامادەی شانۆگەریی (بدیگارد) بووین کە پاڵەوانەکەی ئەکتەری بەناوبانگی میسری (عادل امام) بوو کە بەڕاستی شانۆگەرییەکی پڕ مانا و رەخنە ئامێز بوو. مرۆڤ کاتێ سەردانی قاهیرە دەکات بە تایبەتی لەو وەرزەدا کەشوهەوا زۆر لەبارە و سارد نییە، نەدەکرا شەوێکیان بۆ گەڕان بەناو رووباری نیل تەرخان نەکەین، خوداماڵی خوشکی بەڕێز

(مارینا)ی کچە دیانی کە ئافرەتێکی بەرەگەز خەڵکی سلێمانی بوو کە پێشووتر لە کوردستان ئەفسەری ئاسایش بووە، وەکو کاك مستەفا ساڵح کەریم باسی لە ئازایەتی و جوانمەردی دەکرد ئەو شەوە بە مەبەستی گەشت بەناو رووباری نیل داوەتی کردین و ماوەی دوو کاتژمێر بەناو رووباری نیلدا کە تێیدا تیپی تایبەتیی مۆسیقا و گۆرانیی تایبەتیی کەشتییەکە کە ئاهەنگێکی تایبەتییان تێیدا ئەنجامدا ئەو کچە بەڕێزە (ماریانا) دەتوانم بڵێم زۆربەی کات وەکو چاوساغێك لەگەڵمان بوو ماوەیەك بوو پاش گواستنەوەی لە سلێمانی لە مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە قاهیرە کاری دەکرد، سەرەڕای ئەو رۆژنامەنووسی میسری (علوانی مغیب) کە پەیامنێری رۆژنامەی (الاتحاد)ی ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە قاهیرە کاری دەکرد، کۆتایی گەشتەکەمان بە گەڕانەوە لە قاهیرەوە بۆ بەغدا، بەڵام شێرکۆ گەڕایەوە لەندەن و ئێمەش هەرسێکمان بەرەو بەغدا، بەڵام کاك مستەفا و من پلیتەکەمان وا رێکخستبوو کە کاتژمێر (٣)ی ئێوارە بگەینە بەغدا و کاتژمێر (٥)ی ئێوارەش لە بەغداوە بەرەو سلێمانی بگەڕێینەوە، بەڵام لە کاتی گەیشتنەوەمان بۆ فرۆکەخانەی بەغدا لە کاتژمێر (٣) دا پێیان راگەیاندن تەیارەکەی بەغدا–سلێمانی ئێمە و نزیکەی (٤٠) نەفەری بەجێهێشتووە بێئەوەی حیسابی کات و هاووڵاتیان بکەن، چونکە وەکو یەکێ لە لێپرسراوەکانی فڕۆکەخانەکە گوتی (گوناهی ئێمە نییە لێپرسراوێکی کورد کە ناوەکەی (لای من پارێزراوە) بەپەلە بوو بۆ گەڕانەوە بۆ هەولێر خۆی و چەند نەفەرێکی دیکەی لەگەڵدابوو تەیارەکەیان بەرەو هەولێر برد بێئەوەی رێز لە کات و لە چاوەڕوانیی ئەو هەموو خەڵکە بکات کە بەتەمای گەڕانەوە بوون بۆ سلێمانی)، کاك فریاد رەواندزی کە ئەوکاتە لە بەغدا دەژیا بەم چیرۆکە سەیر و سەمەرەیەی نەزانیبوو، خوداحافیزیی لە ئێمە کرد و گەڕایەوە، بەڵام کاتێ من و کاك مستەفا زانیمان کە تەیارەکەمان رۆیشتووە و بەو مەسەلەیەمان زانی کاك فریاد بەجێیهێشتبووین، بۆیە بە ناچاری هەریەکەمان لەسەر تەختێکی فڕۆکەخانە شەوەکەمان بەسەربرد تاکو بەیانی چاومان نەچووە خەو، لێرەدا

سەیر و سەمەرەکە لەوەدایە کە چۆن ئارەزوو و هەڵسوکەوتی بەرپرسێك کە بە میزاج کات و شوێنی گەڕانەوەی فڕۆکەیەك بگۆڕێ دوور لە هەموو پرەنسیپ و رێز گرتن لە خەڵکی کە گوایە لێپرسراوە و بەپەلەیە لە کاتێکدا دەیان ساڵە بالۆرەی ئەوەی گوێبیست دەبین کە دەبێ لێپرسراو لە خزمەتی خەڵکدا بێت، لەمەش سەیرتر نەبوونی شوێنی حەوانەوەی مرۆڤە لە فڕۆکەخانەیەکی وەکو فڕۆکەخانەی بەغدا کە گوایە نێودەوڵەتییە و سەردەمەکەش گوایە خوا بەزیادی نەکات سەردەمی پاش رووخانی رژێمی سەدام حسێن بوو کە شۆڕگێڕانی ئەو سەردەمە جڵەوی حکومڕانی (عیراقی تازەیان) گرتبووە دەست، جوانترین وتەش کە گوێم لێبوو قسەی ئافرەتێکی عەرەبی خەڵکی بەغدای بە ئاین موسوڵمان و سوننە مەزهەب بوو کە گوتی (مليوصة وراح تتملص أكثر بسايتكم ياعديمو الغيرة)، یانی (شێواوە و زیاتر دەشێوێ لە سایەی ئێوەی بێ غیرەت دا).

لەکاتی گەڕانەوەماندا وەکو رێوڕەسمی هەموو جارێك کە هەر شاندێك لە سەندیکا سەفەری بکردایە یاخود بەشداریی بۆنەیەکی ناوەوە یاخود دەرەوە بووایە دەبووایە راپۆرتێکی تێروتەسەل پێشکەش بە ئەنجوومەنی سەندیکا بکات کە هەرهەموومانی پێوە پابەند بووین، سەرەڕای ئەوەش ئەو جۆرە سەفەر و بەشداریکردنانەش بە تێروتەسەلی لە هەردوو گۆڤاری (رۆژنامەنووس) بە زمانی کوردی و (الصحفي) بە زمانی عەرەبی بڵاودەکرایەوە چونکە بڵاوکردنەوەی چالاکی هەر رێکخراوێك ئەگەر لەکاتی خۆی بڵاونەکرێتەوە بێگومان لە ئایندەدا بزر دەبێت یاخود دەشێوێنرێ.

لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسم لە پەیوەندیی نێوان سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەنجوومەنی صنفیی رۆژنامەگەرانی ئێران کردووە کە بەهۆی ناسینی بەندە و رۆژنامەنووس رەجەبی مەزروعی درووست ببوو کە چەند جارێك لە کۆبوونەوە و چالاکییەکانی IFJ یەکترمان ناسیبوو و وەکو باسم لێوەکردووە کە سەردانی کوردستانیان کرد و بەیاننامەیەکی هاوبەشمان ئیمزاکرد و هەردوولا بە قەناعەتەوە دۆستایەتیی یەکترمان

قبووڵکرد، له سەرەتای مانگی نیسانی ساڵی ٢٠٠٦ ڕۆژنامەنووس ڕەجەب مەزروعی له نامەیەکدا ئاگاداری کردمەوە که ئەوان (یانی ئەنجوومەنی صنفیی ڕۆژنامەنووسانی ئێران) بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی ئازادی ڕۆژنامەگەری بەنیازن بانگهێشتی شاندێکی گەورەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بکەن بەم بۆنەیە که تییدا هاوکات لەگەڵ ڕێزلێنانی ڕۆژنامەنووسی ئێرانیی بەناووبانگ (ئەکبەری گەنجی) و هاوڕێیانی ئەنجام دەدرێت، له ڕاستیدا هەواڵەکەم لا پەسەند بوو لەبەر چەند هۆکارێك، یەکەم شاندێکی سەندیکای کوردستان بە ڕەسمی سەردانی ئێران دەکات بە داوەتی سەندیکایەکی مۆڵەتپێدراوی ڕۆژنامەنووسانی ئێرانی، دووەم بەشداری کردن له ڕۆژی جیهانیی ئازادیی ڕۆژنامەگەری که ڕێککەوتی (٥/٣)ی هەموو ساڵێکە، سێیەم بەشداریکردن له ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان له ڕۆژنامەنووسی بەناووبانگی ئێرانی ئەکبەری گەنجی و هاوڕێیانی که ماوەیەکی زۆر له زیندان بوون له تاران، بۆیە له یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەن داوەتەکەی ئەنجوومەنی صنفی و پێکهاتە و بەرنامەی گەشتەکەمان بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران خستە بەردەم ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا و بەتێکڕای دەنگ بڕیاری سەردان و پێکهاتەی شاندەکەمان پەسەند کرا که بریتی بوون له (فەرهاد عەونی، مستەفا ساڵح کەریم، سۆزان مامە، لەگەڵ ڕۆژنامەنووس عوسمان دەشتی ئەندامی لیژنەی چاودێری و ئیسماعیل بادی سکرتێری لقی دهۆك و عەدنان مزوری له لقی موسڵ و ماجد محمد له لقی بەغدا و هانا شوان له لقی سلێمانی و نەبەز ڕۆستەم له لقی کەرکووك).

کاتژمێر (٥)ی سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٢٠٠٦/٤/٣٠ له هەولێرەوە لەگەڵ برادەرانی هەولێر و دهۆك و کەرکووك بەرەو سلێمانی و له سلێمانییەوە کاك مستەفا ساڵح کەریم و سۆزان مامەمان هەڵگرت بە پاسێکی مامناوەندی بەرەو کەلار و لەوێشەوە بۆ خاڵی (مونزریەی) سەر سنووری نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران، بەڕاستی ناوچەیەکی خۆش و دڵگیرە، بەتایبەتیش کاتێ له (قەسری شیرین) نزیك دەبیتەوە، بە گەیشتنمان بۆ قەسری شیرین له یەکێ

له چێشتخانەكانی ئەوێ بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ لاماندا، بە ڕێككەوت كوڕێكی كوردی ئەوێ لەنزیكمانەوە دانیشتبوو ئەویش بۆ نانخواردن هاتبوو كاتێ كە زانی ئێمە كوردی هەرێمی كوردستانین لێمان نزیك بووەوە و فەرمووومان لێكرد، ئەویش كەوتە قسە لەسەر قەسری شیرین كە خۆشی خەڵكی ئەو شارە بوو باسی لە كاولكردنی ئەو شارە خنجیلانەیە كرد كە چۆن سوپای عیراقی داگیركەر لەسەرەتای شەڕی داسەپاوی ئەو شارەی داگیر كرد و تالآنی كرد كە یەكێ لەوانە ماڵەكەی ئێمە بوو كە شتومەكی زۆر كۆن و بەنرخمان هەبوو كە بەپارە قەرەبوو ناكرێتەوە، بەڵام ئەوەی ئەو كارەساتەمان لەبیر دەباتەوە كەوتنی رژێمی سەدام و سەركەوتنی گەلی كوردستانە لە هەرێمی كوردستان.

له رێگای نێوان قەسری شیرین و شاری گەورەی كوردنشین و كوردستانی كرماشان سەرنج راكێشە رێگاكە بە ئەندازەیەكی رێكوپێك دروستكراوە و دیمەنی جوان لە رێگا دێتە بەردەم، كاتژمێر (٦)ی ئێوارە گەیشتینە شارە گەورەكەی كوردستان (كرماشان)، بە گەیشتنمان برادەرانی رۆژنامەنووسانی رۆژنامەی (غەرب) لە پێشوازیماندا بوون و یەكسەر رووماں لە بارەگاكەی (غەرب) كرد و رۆژنامەنووسان مەهدەوی و ئەردەشێری قەشەنگ لەگەڵ زیاتر لە (١٠) رۆژنامەنووسی كوڕ و كچ لە بارەگاكەیان لەدەورمان كۆبوونەوە، ماوەی كاتژمێرێك بەدەم قسەی هەمەجۆری دڵخۆشكەر كاتمان بەسەربرد، پاشان ئێمەیان بەرەو (تاق بوستان)ی ئاسەواری فەرهادی ئاشقی شیرین برد كە تا رادەیەكی زۆر گۆڕابوو چونكە من لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٥ كە ئەوكات بەڕێوەبەری گشتیی لاوان بووم لە ئەمانەتی گشتیی راگەیاندن و رۆشنبیری و لاوانی سەردەمی قۆناغی (١٩٧٤-١٩٧٥)ی شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ كاك (جمیل محمود بەگ) كە لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەكەی لاوان لێپرسراوی بەشی وەرزش بوو بە جووتە لەگەڵ خێزانمان سەردانی كرماشانمان كرد و شەوێك لە ئوتێل (ئەستێرە ئاسیا)ماینەوە كاتێ بە بەرنامە سەردانی برادەرانی تیپی پێی هەڵبژاردەی كوردستانمان دەكرد لە (ئەندیمەشق) كە نزیك بە شارە گەورەكەی (ئەهوان)ە، ئەوكاتە (تاق بوستان) تەنها لە ئاسەواری شاخی بێستون هیچی

دیکەی لێ درووست نەکرابوو، بەڵام پاش ٣١ ساڵ (نێوان ساڵی ١٩٧٥-٢٠٠٦) زۆر گۆڕابوو و چەندین باخچە و حەوزی ئاو و چایخانە و کافتریای جۆراوجۆری لێبوو کە هەمووی لەو ئێوارە بەهارییەدا بە گڵۆپی ڕەنگاوڕەنگ ڕازابۆوە، لەوناوە تاکو درەنگانێك ماینەوە، ئەوجا بەرەو فڕۆکەخانەی کرماشان بە مەبەستی چوون بۆ تاران کە کاتی فڕینی تەیارەکەمان کاتژمێر (١٠:٣٠)ی شەو بوو، بە (٤٠ دەقە) گەیشتینە تاران، کاتێ لە تەیارەکە دابەزین ڕۆژنامەنووس ڕەجەبی مەزروعی و بارامی وەلدبەگی لەپێشوازیماندا بوون بە ئۆتۆمبێلێکی (مینی پاس) ئێمەیان بەرەو ئوتێلی (بزرك ئیدەم) کە لەسەر گردێکی هەرچوارلای بە درەخت داپۆشرابوو، دیاربوو ئوتێلەکە موڵکی دەوڵەت بوو بۆ پێشوازی لە میوانان، شوێنی ئوتێلەکە دڵگیر بوو، باخچەکەی بەردەمی بە گوڵی جوان و ڕەنگاوڕەنگ ڕازابۆوە، لەولاتریشەوە دوکانێکی گەورەی فەرش فرۆشی لێبوو کە دەتوانم بڵێم جوانترین فەرشم لەو شوێنە بینیوە، لەو گەشتە پەروینی هاوسەرمم لەگەڵ بوو، بەڵام بەشداریی هیچ کۆبوونەوەیەکی ڕەسمیی نەکرد، ئەم شەوە زۆر هیلاك بووین چونکە لە بەیانیی ئەو ڕۆژەوە لە کاتژمێر (٥)ی بەیانییەوە ئێمە لە هەولێرەوە تاکو کرماشان بە ئۆتۆمبێل و لەوێشەوە تاکو تاران بێ پشوو بەڕێگاوە بووین، بۆیە یەکسەر بەرەو ژووری نووستن چووین.

١/٥/٢٠٠٦ ئەمڕۆ ڕۆژی کرێکارانی جیهانە، بەڵام لە تاران هیچ سیمایەکی ئەو بۆنەیەی پێوە دیار نەبوو، کاتژمێر (١٠)ی بەیانی بەپێی بەرنامە بەرەو مەیدانی تەجریش چووین کە لەسەروو تارانە، پاشان لەوێوە کە قەرەباڵغییەکی زۆری لێبوو بەرەو کۆشکی (نیافەران) بە مەبەستی سەردانکردنی ئەم کۆشکەی کە یەکێ لە کۆشکە جوان و دڵڕفێنەکانی حمەرەزا شا بوو پێشووتر وەکو وەرگێڕەکە بۆی باسکردین جێگای نیشتەجێی (ئەحمەد شای قاجار) بوو کە بۆ خێزانی (پەهلەوی) بەجێمابوو و لە دوا ڕۆژی فەرمانڕەوایەتیی محمد ڕەزا شا کردبووی بە نووسینگەی خۆی کە هەر لەم کۆشکەدا نووسەری بەناووبانگی ئێرانی (ئیحسانی نەراغی) دیمانە و گفتوگۆیەکی دوور و درێژی لەگەڵ شا

ئەنجامدابوو کە پاش رووخانی رژێمی شا لە دووتوێی کتێبی (لە کاخەکانی شاوە بۆ زیندانەکانی شۆڕش) بڵاویکردەوە کە ئاواتەخوازم سەرکردە و سیاسەتکارانمان بەوردی دەیانخوێندەوە بۆئەوەی دەرسی لێ وەربگرن، کۆشکی نیافەران سەرەڕای نووسینگەی شا لە هەمان کاتیشدا جێگای ژیانی خێزانیشی بوو کە لە هەرچوار لاوە بە دار و درەختی تەمەن دەیان ساڵە دەورە دراوە و بە چەندین شەقامی لاوەکی هاتوچۆی تێدا رێکخراوە، من زۆر جار وای بۆ دەچم ئەوانەی لەو کەشوهەوا و بەهەشتییە دەژین دەبێت سەرچاوەی هزریان لەو دیمەن و کەشە ئیلهام وەرگرێت و بە راست و درووستی بیر بکاتەوە کە ببێتە هۆکاری راستگۆیی و مامەڵەیەکی درووست لەگەڵ دەوروبەردا چونکە کەشوهەوای لەبار و دیمەنی جوان دڵڕفێن بێگومان دەبێتە سەرچاوەی جۆری مامەڵەیەکی درووست، بەڵام وەکو دەڵێن زۆردار و زاڵم بەپێچەوانەوە مامەڵەی زاڵمانە و غەشیمانە لەگەڵ گەل و وڵاتدا دەکات، بەڵام نازانێ کە رۆژێك دادێت دار و بەردی کۆشکەکانیشیان نەفرەتیان لێ دەکەن. نانی نیوەڕۆی ئەو رۆژەمان لە چێشتخانەی ئوتێلەکە خوارد.

کاتژمێر (٥)ی ئێوارە بەرەو باڵەخانەی ئەنجوومەنی صنفیی رۆژنامەگەرانی ئێران کەوتینە رێگای قەرەباڵغی ناو شاری تاران بەتایبەتیش لەم کات و ساتەدا، باڵەخانەکە پێشووتر خانووی گۆرانیبێژی بەناووبانگی ئێرانی خاتوو (هایدە) بووە کە سەردەمێك لەم خانووەدا ئیلهامی گۆرانییە خۆشەکانی بۆ هاتووە و باوەڕ ناکەم لەم سەدەیەدا ئەم جۆرە دەنگە جارێکی دیکە پەیدابێتەوە کە تێیدا ئەو و خاتوو (مهستی)ی خوشکی بە چڕینی گۆرانییەکانیان خەڵکێکی زۆریان سەرخۆش دەکرد.

بە گەیشتنمان بۆ بارەگای ئەنجوومەنی صنفی رۆژنامەگەران رەجەبی مەزروعی و ماشاء الله شمس الواعضین و خاتوو موفیدی لە پێشوازیماندا بوون لە هۆڵە گەورەکەی خانووەکە کە پێشووتر گۆرانیبێژی بەناووبانگی ئێرانی هایدە پێشوازیی لە میوانەکانی دەکرد، رۆژنامەنووس مەزروعی پاش بەخێرهێنانمان بە دوور و درێژی مێژووی رۆژنامەگەریی ئێرانی بۆ باس

کردین کە تێیدا ڕۆژنامەنووسان ڕۆڵێکی باڵایان دیوە لە قۆناغە جیاجیاکاندا، کە هەمیشە لە ئێران کەرتی تایبەت بەشی شێری هەبووە لە دەرچوون و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار و تیشکی خستە سەر یەکەمین ڕۆژنامەی ئێران کە بە ناوی (کاغەزی ئەخبار) پێش (١٨٠) ساڵ دەرچووە (لە مێژووی سەردانەکەمان کە ساڵی ٢٠٠٦ بوو)، لە ناوەڕاستی سەردەمی قاجارییەکان ڕۆژنامەیەکی زۆر دەرچووە کە ڕۆڵیان هەبووە لە پێکهێنانی رای گشتی و زەمینەیەکی گونجاویشیان خوڵقاند بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی (مەشروتییەت) هەروەها مێژوونووسان لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون کەوا ڕۆژنامەی (قانون) کە ڕۆژنامەنووس (میرزا مەکوم خان) هۆکاری سەرکەوتنی مەشروتییەت بوو کە ئەویش خالێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی ئێراندا بۆ چەسپاندنی دەستوور و سەروەریی یاسا لەو وڵاتەدا، لە درێژەی قسەکانیدا مەزروعی گوتی ئەم سیاسەتە تا سەردەمی (ڕەزا شا) و شۆڕشی (موسەدەق) بەردەوام بوو (٦٠٠) چاپکراو لەم سەردەمەدا دەرچوو، دواتر سەردەمێکی تاریك بۆ ڕۆژنامەگەریی ئێرانی دەستپێکرد، لە تەورێکی دیکەدا باسی لە درووستبوونی ئەنجوومەنی صنفی کرد کە تێیدا ڕۆژنامەنووسانی ریفۆڕمخواز ڕۆڵی باڵایان لە دروستکردنی دا دیتووە تاکو گەیشتۆتە ئەو ڕۆژە و گەشەسەندنەکەش لە سەردەمی (د. محمد خاتەمی) بووە کە ئەویش بە سەرۆکێکی ریفۆڕمخواز ناسرابوو، پاشان خانمی موفیدی دەربارەی ماوەی شەڕی عیراق و ئێران (١٩٨٠-١٩٨٨)دا گوتی هەرچەندە لەو ماوەیەدا ڕۆژنامەیەکی زۆر دەردەچوون و بڵاودەکرانەوە، بەڵام ئازادییەکان و ئازادیی ڕۆژنامەنووسی بەرەو دواوەوە دەکشا، دوای شەڕیش بزووتنەوەی ئاوەدانکردنەوە دەستپێکرد کە بواری ڕۆژنامەگەریشی گرتۆتەوە و هەردوو ڕۆژنامەی (سلام و همشهری) ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕا لەو قۆناغەدا کە بە قۆناقی بەهاری چاپکراوەی ئێرانی ناوزەد دەکرا ژمارەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان گەیشتە (١٣٠٠) چاپکراو، جارێکی دیکە ڕەجەبی مەزروعی هاتە قسە و گوتی (هەر لە ساڵی ١٩٩٩ بەدواوە لە ئاکامی ململانێی نێوان چاکسازیکاران و

موحافزکاران گیروگرفت سەری هەڵدایەوە و چەندین رۆژنامە و گۆڤار داخران و چەندین رۆژنامەنووس لەنێواندا (شمش الواعزین و عەلی ئەکبەر گەنجی) گیران).

بەندە و برادەرانی شاند (شاندی کوردستان) هەریەکە لای خۆیەوە سەرەباسێکی شکاند دەربارەی رۆژنامەگەری لە کوردستان و مێژووی دامەزراندنی سەندیکا، بەڵام ئێمە کەمتر قسەبێژ بووین چونکە لە سەردانی ئەوان لە ساڵی پێشتر بۆ کوردستان هەموو شتێکیان بە دوور و درێژی بۆ باسکرابوو ئەوجا بە یاوەریی خاتو موفیدی بەناو باڵەخانەکەیاندا گەڕاین کە ئەوکاتە ببووە موڵکی خۆیان، پاش چاخواردنەوەیەکی ئێرانییانە کە بریتییە لە چای کاڵی بێ شەکر (دیشلەمە) کە ئەوان شەکری کلۆی لەگەڵ دادەنێن لەگەڵ هەندێ جۆری (قنادی) کە بریتییە لە جۆرێ لە شیرینی و هەویرکاریێ ئەوجا ئەو دیارییانەی کە لەگەڵ خۆمان هێنابوومان پێشکەشمان کردن کە بریتی بوو لە چەندین پاکەتی حەلوای گەزۆی سلێمانی و پاقلاوەی جۆری هەولێری کە تەنها بە گوێز درووستکرابوو لەگەڵ چەند جۆرە کڵاوی کوردیی رەنگاوڕەنگ و رەشوسپی کە بە دەزوو چنرابوو.

لەگەڵ تەوابوونی رێوڕەسمی پێشوازی و چاخواردنەوە کە خەریك بوو دونیا تاریك دەبوو ئەوجا بەرەو رێستورانتی (سوندوباد) کە لە شەقامی (تاڵەقانی) بۆی چووین، کە بەڕاستی رێستورانتێکی بەرچاو و دڵگیر بوو کە تێیدا گۆرانیبێژێك بە زمانی فارسی، کوردی، ئازەری، عەرەبی گۆرانیی دەچڕی کە جۆرە سیمایەکی شارستانییانەی بە رێستورانتەکە دەبەخشی، لەگەڵ کاك مستەفا ساڵح کەریم رێککەوتین کەوا دیارییەکی پێشکەش بکەین چونکە زیاتر لەبەر ئێمە گۆرانیی کوردیی بۆ دەگوتین، ئەوەبوو (١٠,٠٠٠) تومەنمان بۆ خستە ناو کاغەزێکی لول دراو و دامە دەستی، ئەو شەوە بەدەم نانخواردن و گوێگرتن لەو گۆرانییە خۆشانەی هونەرمەند (تەیموری) تاکو کاتژمێر (١١)ی شەو لەو رێستورانتەماینەوە.

٢٠٠٦/٥/٢، کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی لە گەشتێکی ئازاددا بە یاوەریی خانمی قورەیشی (ئەویش رۆژنامەنووسێکی فارس بوو) لەگەڵ هەردوو رۆژنامەنووسی ئێرانی (موهسن و سعدون) بەرەو بازاڕی گەورەی تاران چووین کە یەکێکە لە شوێنە دیار و گرنگەکانی پایتەخت، من پێشووتر ساڵی ١٩٧٥ سەردانی ئەم بازاڕەم بۆ چەند جارێك کردبوو. پاش نیوەڕۆی هەمان رۆژ لە کاتژمێر (٤)دا بە کۆمەڵ و بەپێی بەرنامە سەردانی بارەگای رۆژنامەی (ایران)مان کرد کە یەکێکە لەو رۆژنامانەی زۆرترین ژمارەی لیٚ دەردەچێت و بڵاو دەکرێتەوە و دەفرۆشرێت کە تیراژی رۆژانەی دەگاتە (٣٠٠,٠٠٠) دانە و لەلایەن وەزارەی ئیرشادەوە دەردەچێت، لە بارەگای رۆژنامەی ئێران رۆژنامەنووس (غولام حسین ئیسلام فرد) سەرپەرشتیاری گشتیی رۆژنامەکە و ژمارەیەك لە دەستەی نووسەران کە لەنێوانیاندا هەردوو رۆژنامەنووس (محمد نوری بەرپرسیاری بەشی سیاسی و عەلەوی ئەندامی دەستەی نووسەران) پێشوازیمان لێکرا و کۆبوونەوەیەك ساز کرا، کە تێیدا سەرەڕای بابەتە گشتییەکان باس لە چۆنێتیی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان دەزگاکانی راگەیاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەرێمی کوردستان کرا، ئەو رۆژنامەیە وەکو رۆژنامەنووس غولام حسین ئیسلام باسی لێوە کرد رۆژنامەیەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییە، سەرەڕای هەبوونی لاپەڕەی تایبەت بە لاوان و ئافرەتان و وەرزش و هونەر و ئەدەب و مێژوو، لەلایەن شاندی ئێمەوە هەندیٚ پرسیار ئاراستەی (ئیسلامی فرد) کرا کە لەناویاندا بەندە ئەم پرسیارەم لێکرد کە (چۆن دەتوانن تەوفیق لەنێوان بۆچوونی حکومەت و رای گشتی بکەن؟)، بەڵام رۆژنامەنووس ئیسلامی فرد بە وەڵامێکی لاستیکی گوتی (لەکاتی ئێستادا جیاوازییەکی گەورە لەنێواندا بەدی ناکرێت). دواتر رۆژنامەنووس ئیسلامی هاوڕێیەتیی شاندی کرد بۆ بەسەرکردنەوەی بەشەکانی تری رۆژنامەکە و ئەو بەشەشی کە رۆژنامەی (وفاق)ی عەرەبیی لیٚ دەردەچێت.

له كاتژمێر (٦)دا سەردانی بارەگای ڕۆژنامەی (شرق)مان کرد کە ئەویش یەکێکە لە ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی ئێران کە ڕۆژنامەیەکی ئەهلییە بە مانای وشە و ڕۆژانە (١٠,٠٠٠) دانەی لێ بڵاودەکرێتەوە و ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئێران (مهدی عتریان فر) سەرپەرشتی دەکرد و هەردوو ڕۆژنامەنووسی ئافرەت (بدر السادات مفیدی و فرزانە ڕۆستایی) کە بە یاریدەدەری سەرپەرشتیار دەژمێردرێ کە لەلایەن هەرسێکیانەوە پێشوازییەکی گەرممان لێکرا، ڕۆژنامەنووسی سەرپەشتیار عتریان فر لەسەرەتای قسەکانیدا ئاماژەی بە دۆستایەتیی خۆی لەگەڵ بەڕێز (مام جەلال تاڵەبانی) کرد، ئەوجا هاتە سەر گیروگرفتی ڕۆژنامەگەری لە ئێران و هاوسۆزیی خۆیشی بەرامبەر دۆزی گەلی کوردستان دەربڕی، پاشان ڕۆژنامەنووس فەرزانە ڕۆستایی زۆر وەستایانە سەبارەت بە دۆزە نێودەوڵەتییەکان دوا و باسی ڕووداوەکانی عیراقی کرد و گوتی (ڕووداوەکانی عیراق کۆتاییان بۆ نییە)، ئێستاکە کاتێ ئەو قسەیەی ئەو خانمە ڕۆژنامەنووسەم دێتەوە یاد کە دەربارەی دۆخی عیراق کردی بۆم بەدیار دەکەوێ کە ئەو خانمە ڕۆژنامەنووسە چۆن بە شێوەیەکی زانستیانە و بە پشتبەستن بە مێژوو باسی عیراق و دواڕۆژی عیراقی کرد، بەندەش لەم کەشوهەوایەدا هاتمە قسە و گوتم (بە بەدواداچوون بە قسەکانی خانمی ڕۆژنامەنووس فرزانە ڕۆستاییەوە دەڵێم، ئێمەی گەلی کوردستان لەو ڕۆژەوە کە بە وڵاتی عیراقی عەرەبییەوە لکێنراوین خێر و خۆشیمان نەدیوە و هەمیشە ئەوان لە شەڕ و ئێمە لە بەرگریدا بووین کە بێگومان کاریگەرێتیی لەسەر دواکەوتنی ڕەوشی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریی کوردی کردووە ئەوجا نازانین ڕوو لەکوێ بکەین کە قەرەبووی ئەو هەموو دواکەوتن و دابڕانەمان لە شارستانییەت بکاتەوە کە بێگومان ئێوە وەکو پێویست ناتوانن یارمەتیدەرمان بن چونکە ئەوەی بەدی دەکرێ لە سەرتاسەری ئێران بەپێی زانیاریی من ناوە ناوە لێرە یاخود لەوێ ڕۆژنامەیەك یاخود گۆڤارێکی هەژار بە زمانی کوردی دەردەچێت پاشان لەژێر فشاردا ماددەیەکی یاسایی بۆ دەدۆزنەوە و دادەخرێت، لە کاتێکدا زۆر جار گوێبیستی ئەوە دەبین کە گوایە ئێمە و ئێوە

(یەك نەژادین)). خاتو فرزانەش تەنها سەری بۆ قسەکانم دەلەقاند و لەو بارەیەوە هیچ قسەیەکی دیکەی نەکرد.

٢٠٠٦/٥/٣، سەرلەبەیانیی ئەو رۆژە دیسان بەپێی بەرنامە شاندەکەمان سەردانی کۆمپانیای (ایران خودرەو)ی بۆ دروستکردنی ئۆتۆمبێل کرد کە لەسەر ڕێگار (تاران–کرج)ـە ئەم کۆمپانیایە بە گەورەترین کۆمەڵگای دروستکردنی ئۆتۆمبیل دەژمێردرێ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، رووبەرووی کۆمەڵگایەکە (٤٥٠,٠٠٠ هکتار)ە و (٣٠,٠٠٠) کرێکار کاری تێدا دەکات و (٧) جۆر ئۆتۆمبێل بەرهەم دەهێنێت کە ژمارەیان دەگاتە (٦٠٠,٠٠٠) ئۆتۆمبێل لە ساڵێکدا، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی کۆمپانیاکە (حسین علی ارمند) پێشوازیی لێکردین و فیلمێکی بە زمانی عەرەبی سەبارەت بە چۆنێتیی دروستکردنی ئۆتۆمبیل پیشاندایین، بۆ نانی نیوەڕۆش لە کافتریای کۆمپانیای خود رەو بە خواردنی (چلە و کەباب) داوەتکراین، کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ شاندەکەمان بەرەو بارەگای ئەنجومەنی صنفیی رۆژنامەگەرانی ئێران چووین کە لە بنەڕەتدا ئەم ئامادەبوونەی ئەو رۆژە هۆکاری سەرەکیی سەردانەکەمان بوو بۆ تاران، ئێمە پێش هەموو لایەك ئامادە بووین تەنانەت دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش تاکو ئەوکاتە نەهاتبوون، پاشان دەیان پەیامنێر و وێنەگری رۆژنامەنووسی ئامادەبوون کە لە بنەڕەتدا ئەم گردبوونەوەیە بە مەبەستی ڕێزلێنان بوو لەو پێنج رۆژنامەنووسەی کە تازە لە بەندینخانە ئازاد کرابوون کە پێش ماوەیەك بەهۆی کاری رۆژنامەنووسییەوە کە ئەوان رۆژنامەنووسی ریفیۆڕمخواز بوون زیندانی کرابوون، رۆژنامەنووسە ئازادکراوەکان بریتی بوون لە رۆژنامەنووسان (اکبری گەنجی، محمد بلوریان، لەیلا رستگار، مەسعود مهنود، عمدی نائینی) بە گەیشتنی ئەوان ئامادەبووان تێکڕا کردیانە چەپڵەڕێزان و پێشوازییەکی گەرمیان لێکرا کە لەنێوانیدا نووسەری بەناووبانگی ئێرانی (ئیحسان نراغی خاوەنی کتێبی لە کاخەکانی شاوە بۆ زیندانی شۆڕش) ئامادەبوو، شاندی ئێمە هەندێکمان لە ریزی پێشەوە دانیشتبووین، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج بوو هۆڵەکە بچووك بوو وەکو

پێشووتر نیشانم داوە کە ئەم بارەگایە پێشتر ماڵی گۆرانیبێژی بەناووبانگ (هایدە) بوو و دەبووایە ئەو جۆرە ئاهەنگانە لە ئوتێلێك یاخود لە هۆڵێکی داخراوی ئەم شارە بووایە، بەڵام وا پێدەچێت لێپرسراوانی دەوڵەت ڕێگایان بەو قەرەباڵغییە نەداوە کە لە شوێنێکی گشتی بکرابا، لە سەرەتادا ڕۆژنامەنووس و نووسەری بەناووبانگی ئێرانی ماشاء الله شمس الواعضین وتاری بەخێرهێنانی ئەنجوومەنی صنفیی پێشکەش کرد ئەوجا نوێنەری تایبەتیی ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان وتارێکی کورت و پوختی خوێندەوە کە تێیدا جەختی لەسەر ئازادییە گشتییەکان و ئازادیی ڕۆژنامەگەری کردەوە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران، پاشان ڕۆژنامەنووس ماشاء الله شمس الواعضین منی پێشکەش کرد و گوتی (لە هەرێمی کوردستانی عیراقی ئازاد دا نوێنەرانی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئارەزوومەند بوون کە بەشداری لەو ڕێوڕەسمە بکەن و پاڵپشتیی بەهێزی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی بکەن، چونکە وڵاتەکەی خۆیان پاڵپشتی بەهێزی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و چەسپاندنین، کە ئێستاکە نوێنەری ئەوان کە نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕۆژنامەنووس فەرهاد عەونی-یە بەشداری لەم بۆنە ئازادە دەکات با بفەرمێ)، بەندەش لە شوێنی خۆمەوە هەڵسام و بەرەو مایکرۆفۆنەکە چووم، لەگەڵ من برای ڕۆژنامەنووس (بارامی وەلدبەگی) هەڵسا بەمەبەستی وەرگێڕانی وتارەکەم لە کوردییەوە بۆ فارسی، پاش گەیاندنی سڵاو و ڕێزی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بۆ ڕۆژنامەنووسانی ئازادکراو (ئەکبەری گەنجی و هاوڕێیانی) گوتم (لە یادی ڕۆژی ئازادیی ڕۆژنامەگەری لە جیهاندا کە ئەمڕۆ هەموو ڕۆژنامەنووسانی جیهان ئاهەنگ دەگێڕن، لێرەدا و لەم ڕۆژەدا سڵاو و ڕێزمان دەنێرین بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لەو ساتەدا لە زیندانەکاندا لە سەرتاسەری جیهان بەندن لەسەر ئازادیی را دەبڕین و ئازادیی ڕۆژنامەنووسی، هیوادارین کۆت و زنجیر و زیندانیکردنی ڕۆژنامەنووسان کۆتایی پێ بێ و لە هەمان کاتیشدا خۆشحاڵین بە ئازادکردنی ڕۆژنامەنووس (ئەکبەری گەنجی و هاوڕێیانی) کە پارساڵ شاندی ئەنجوومەنی صنفیی ڕۆژنامەگەرانی ئێران

زیارەتی کوردستانیان کرد و بەیاننامەیەکمان بڵاوکردەوە کە تێیدا یەکێ لە بڕگەکانی داوای ئازادکردنی ڕۆژنامەنووس ئەکبەری گەنجی و هاوڕێیانی بو کە ئێستاکە ئاوات و داواکارییەکەمان هاتە دی هیوادارین چی دیکە ڕۆژنامەنووسان لە هیچ شوێنێك لەسەر ئازادیی بیروڕا و ئازادیی کاری ڕۆژنامەنووسی تووشی ئەشکەنجە و زیندان نەبنەوە لە هەمان کاتیشدا ڕێز و حورمەتی تایبەتیمان بۆ ڕۆژنامەنووسانی ئێرانی کە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەیان بە شێوەیەکی بەرفراوان بڵاوکردەوە و بەدونیایان ناساند کە چ تاوانێك لە سەدەی بیستەم بەرامبەر میللەتی مەزڵومی کورد کراوە)، پاش وتارەکەی من کە دەتوانم بڵێم ناوەڕۆك و جۆری خوێندنەوەی سەرنجی ئامادەبووانی راکێشابوو کە تێیدا چەند جارێك بە چەپڵەلێدان ڕێزیان لێگرتین. پاش وتارەکەی من هەریەك لەو ڕۆژنامەنووسانەی کە ئازادکرابوون و ڕێزیان لێگیرا گوتەیەکیان پێشکەش کرد کە دوا کەسیان ڕۆژنامەنووس (ئەکبەری گەنجی) بوو لە گوتەیەکیدا سڵاوی بۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان نارد و گوتی (لە دەرفەتێك دەگەڕێم بۆئەوەی سەردانی کوردستان بکەم و لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی ڕۆژنامەگەریی و ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بم، سوپاس بۆ ئێوەی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە ئەرکی هاتنە ئێرانتان کێشاوە بەنسبەت ئێمەوە کە ئازادکراوین، چونکە هیچ تۆمەت و گوناهێکمان نییە تەنها لەبەر ئەوە بووە کە ئازادانە بیر دەکەینەوە و ئازادانە بە مەسئولییەتەوە ڕای خۆمان دەردەبڕین، ئێران لەم قۆناغەدا سەبارەت بە ئازادیی ڕۆژنامەگەری بە خراپترین بارودۆخ تێدەپەڕێ، بۆیە لەم ڕۆژانەدا پێویستیمان بە بوێری و خۆڕاگرییە لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانمان، لەم ڕووەشەوە پێویستە حیساب بۆ ژیانمان و بوونمان بکەین، لە ڕاستیشدا سەرم سوڕماوە لە بێدەنگیی دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەرامبەر دۆسییەی ئەتۆمیی ئێران هەروەك ئەم دەزگایانە پشتگیری لەم مەسەلەیەدا بکەن)، بەنسبەت ئەو ڕۆژنامەنووسە (ئەکبەری گەنجی هەڵگری بڕوانامەی ماجستێرە لە بواری کۆمەڵناسیدا و چەندین کتێبی جۆراوجۆری بەچاپ گەیاندووە و لە ساڵی

۲۰۰۰دا بۆ ماوەی (٦) ساڵ حوکم دراوە و لەژێر فشاری ناوخۆ و دەرەوەدا پێش تەواوبوونی حوکمەکەی ئازاد کرا)، لە کۆتایی رێورەسمەکەدا گەنجی و هاوڕێیانی خەڵاتکران و لەلایەن ئێمەشەوە وەکو شاندی کوردستان موجەلەدی یەکەم رۆژنامەی کوردی (کردستان ۱۸۹۸/٤/۲۲)م پێشکەش بە رۆژنامەنووس گەنجی کرد و ئەوی لەسەر سەری خۆیی دانا و سوپاسی کردن، پاشانیش کاك مستەفا ساڵح کەریم (درووشمی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان)ی پێشکەش بە (لیلا رستگار) کرد کە ئەو خانمەش یەکێك بوو لە رۆژنامەنووسە ئازادکراوەکان.

پاش تەواوبوونی رێوڕەسمی رێزلێنانەکە لەگەڵ پەروین بەپێی مەوعید سەردانی دکتۆر (پرویز قابوسی)مان کرد، کە کاتیٚ لە ساڵی ۲۰۰۲دا هەمان ئەو دکتۆرە بوو کە پشکنینی دڵی بۆکردم و بڕیاری نەشتەرگەریی گەورەی دڵی بۆکردم، بەمەبەست لەم سەردانەدا پشکنینێکی دڵ بوو کە هەرجارە رێگام بکەوتبا تاران سەردانیم دەکرد.

۲۰۰٦/٥/٤، وا رێککەوتبوو سەردانی سیانزەمین پێشانگای کتێبی نێودەوڵەتی ئێران بکەین کە لە شوێنێکی پان و بەریندا کە تێیدا دەیان هەزار کتێبی زانستی، هزری، ئەدەبی، سیاسی، بە جۆرەها زمان رێکخرابوو، بەڵام بەداخەوە هیچ کتێبێکی بە زمانی کوردی تێدا نەبوو لەم پێشانگایە زەبەلاحەدا وەکو بڵێی کوردزمان کتێبی نییە، لە راستیدا جێگای پرسیاری ئێمە بوو کە دێمەوە سەری، ئەو رۆژە پاش نیوەڕۆ شاندەکەمان ئازاد بوو لە گەڕان و سووڕان بەناو شاری تاراندا.

۲۰۰٦/٥/٥ ئەو رۆژە رێککەوتی رۆژی هەینییە بڕیارمان دا کە هەرهەموومان کۆك بووین لەسەری سەردانی گۆڕستانی (زهیر دوله) لە باکووری تاران کە گۆڕی شاعیری ناسراوی ئێرانی (فروغی فرغزاد)ی لێیە، گۆڕستانەکە بچووکە و بە دار و درەخت و گوڵ و گوڵزار دەورە دراوە، زۆر جار شیعرەکانی فروغم بە زمانی کوردی خوێندۆتەوە، دیوانەکەیشم بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی هەیە، بەڵام ئەوەی لای من جێگیرە ناووبانگی فروغ زۆر لە شیعرەکانی

گەورەترە، پاش بەجێهێشتنی گۆڕستانەکە بە یاوەریی هەردوو ڕۆژنامەنووس خاتوو قەیسەری و خاتوو شەونم بەرەو هاوینەهەواری دەربەند هەڵکشاین، کە دەکەوێتە نێوان دۆڵەکانی چیای (ئەلبورز) کە شوێنێکی یەگجار خۆش و دڵڕفێنە و پڕە لە جوانی، کاتێ وردە وردە لەناو دەربەندەکەدا بەرەو بەرزایی شاخەکە سەردەکەوتین چەندین دیمەنی جوانی چایخانەی (سوننەتی) و ڕێستورانتی سەرنجڕاکێشمان دەدیت و لە یەکێ لە ڕێستورانتەکان کە بەنێوی (ڕێستورانتی خیام) بوو دانیشتین و نانمان لێ خوارد، لەم گەشتەدا کاک ئازادی قادری کە خەڵکی شاری مهاباد بوو دۆستی ڕۆژنامەنووس کاک عوسمان دەشتی بوو لەگەڵماندا بوو، دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ کە ڕۆژێکی بەهاریی خۆش بوو بە مینی پاسەکەی کە هاتوچۆمان پێدەکرد سەردانی کۆمەڵگەی کۆشکەکانی (سعد اباد)مان کرد، کە ئەویش لە ناوەڕاستی دارستانێکی چڕوپڕە لە شوێنێکی بەرزی تاراندا کە لەسەرەتادا لە ڕێگای کچە شۆخە دەلیلەکە سەردانی ئەو هۆڵەم کرد (هۆڵی ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی سعد اباد) کە تێیدا لە ساڵی ١٩٣٦ ئەم ڕێککەوتننامە بەدناوەی تێدا ئیمزا کراوە لەنێوان هەردوو دەوڵەتی عیراق و ئێران کە بێگومان بەشێکی گەورەی ئەم ڕێککەوتننامەیە دژی دۆزی کورد بوو، ماوەیەکی باش لەنێو ئەو کۆمەڵگایە کۆشکەدا گەڕاین، کاتێ لە کۆتایی سەردانەکەماندا لەبەردەم کۆشکی سەرەکیی سعد اباد بە ڕێککەوت تووشی کۆمەڵێك لە خوێندکارانی شاری (بانە)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتین، کە ئەوانیش بە سەردان هاتبوون، زۆریان پێخۆش بوو کە دیتیان ئێمە بە کوردی و بە شێوازی ئەوان قسە دەکەین، ماوەیەك لەگەڵمان کەوتنە قسە و دواتریش چەند وێنەمان بۆ یادگاری لەگەڵیان گرت.

٢٠٠٦/٥/٦، بەرنامەکەی کە برادەرانی ئەنجوومەنی صنفیی ڕۆژنامەگەرانی ئێران بۆیان ڕێکخستبووین لەگەڵ هەندێ لە دەستکاری کردنی ئێمە بەرنامەیەکی چڕ و پڕی لێ دەرچوو کە تێیدا چەندین سەردانی جیاجیامان کرد لە تاران کە یەکێك لەو شوێنانە بارەگای ئاژانسی (ئینا) بوو کە دەکەوێتە ناوەڕاستی تاران، ئاژانسی ئینا قوتابییانی لەخوار تەمەنی ٢٥ ساڵە بەڕێوەی

دەبەن و بەشەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری لەخۆ دەگرێت، رۆژنامەنووس نادر علی زادە بەڕێوەبەری گشتیی ئاژانس پێشوازیی کردین و گوتی (هەواڵی ئەمڕۆمان سەرلەئێوارە بڵاوکردنەوەی هەواڵی سەردانی شاندی ئێوەیە هیوادارم (رووی قسەی لە من کرد) کە رەزامەندی بفەرمووی کەوا دیمانەیەکی کورتت لەگەڵ ئەنجام بدەین)، منیش یەکسەر رزامەندیم نیشان دا کە پاش بەکۆتا هاتنی سەردانەکە قسەیان بۆ بکەم، لە کۆتاییدا بە ئامادەبوونی شاندی ئێمە و کۆمەڵێك لە خوێندکارانی ئەم ئاژانسەدا گوتم (بە ناوی شاندی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە سوپاستتان دەکەین، ئەوەی ئەمڕۆ لێرەدا دیتمان مایەی گرنگیی بەپێگەیاندنی لاو و قوتابییانە بە کاری رۆژنامەنووسی کە بریتییە لە سەرەتادا بە پەیدابوونی سەلیقەی ئامادەکردنی هەواڵ بەتایبەتیش لەم تەمەنەدا، بەڵام ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە لەم ئاژانسەدا نەبوونی لاپەڕەیەکی کوردییە کەوا پێویستی دەکرد ئەم لاپەڕە هەبووایە کە لەنێو گەلانی ئێران نزیکەی (١٠) ملیۆن کەس قسەی پێ دەکات، هیوادارم ئەم مەسەلەیە بە هەند وەربگیرێ و ئەو چەند ملیۆن کەسە بێبەش نەکرێن لە پەخشی هەواڵەکانتان کە یەکێ لە ئامانجەکانی کۆکردنەوەی زۆرترین گوێگرە لەو هەواڵانەی کە ئێوە پەخشی دەکەن)، کاتێ قسەکانم تەواو بوو رۆژنامەنووسی بەڕێوەبەری ئاژنس نادر عەلی زادە سوپاسی کردم و دەربارەی ئەو سەرنجەم لە نەبوونی زمانی کوردی لە ئاژانسەکەیان گوتی (بەڵێن بێت بە زووترین کات بە هاوکاریی خوێندکارە کوردەکان لاپەڕەیەکی کوردی لە ئاژانسەکەمان بکەینەوە)، ئەوجا نازانم علی زادە پاشووتر بەڵێنەکەی خۆیی بەجێهێنا یان نا!. دوا بە دوای بەکۆتاهاتنی زیارەتی ئاژانسی ئینا سەردانی (ئینستیوتی کوردی)مان کرد کە لەلایەن رۆژنامەنووس بارامی وەلد بەگی بەڕێوەبەرایەتیی دەکرد و بەهاوکاریی رۆژنامەنووس و نووسەر (محمدی کەمانگەر) پێشوازیمان لێکرا و هەردوو لامان کە ئاشنای یەکتری بووین بەدەم گفتوگۆ لە لەمپەرەکانی بەردەم ئەم دەزگایە کەوتینە قسەوباس کە ئەویش مایەی نیگەرانیمان بوو، لێرەدا کاك

بارام باسی له چالاکیی ئەو دەزگایە کرد کە تێیدا گۆڤاری (کوردستان) و رۆژنامەی (ئاشتی) دەردەکرد، (ژمارە ١ی گۆڤاری کوردستان لە کتێبخانەکەم هەیە)، بەڵام هەردووکیان بە بیانووی سەرپێچیکردنی یاسای چاپکراوەکانی ئێران لە دەرچوون وەستێنران، لێرەدا بە کاك بارامی وەلد بەگیم گوت (ئەگەر بۆتۆ ئیحراج نەبێت بەندە ئەم مەسەلەیە دەوروژێنم) ئەویش بابەتەکەی بەدڵ بوو.

کاتژمێر (١)ی هەمان رۆژ بەرەو شوێنی پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێب چووین کە پێشووتر پێمان راگەیەندرابوو کە بۆ نانخواردنی نیوەڕۆی ئەم رۆژە کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕ میوانی بەڕێز (علی رەزا مختار پور) دەبین کە یاریدەدەری وەزیری رۆشنبیری و ئیرشادی ئێران بوو، کە نووسینگەیەکی لە لایەکی ئەم پێشانگایە بۆ تەرخان کرابوو بە مەبەستی سەرپەرشتی کردنی پێشانگایەکە، بە گەیشتنمان بۆ نووسینگەی یاریدەدەری وەزیر فەرمانبەرێك بەناوی (مختار پور) پێشوازیی لێکردین کە وابزانم بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەت بوو، ئەوجا چووینە ژوورە تایبەتییەکەی علی رەزا پور کە ئەویش بەخێرهاتنی کردین و کەوتینە قسە و گفتوگۆ، یاریدەدەری وەزیر لەسەرەتادا گوتی (خۆشحاڵم بە دیتنتان ئێوەی کورد بەشێکن لە میللەتی گەورەی ئێرانی کە یەك نەژاد کۆماندەکاتەوە، ئەم وڵاتە (٥٠٠٠) ساڵە کیانی هەیە و لە شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا پشکی زۆری هەیە و کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش پەیڕەوکاری فەرموودەکانی یەزدانی گەورەیە لە یەکسانی و عەدالەتپەروەریدا، هیوادارم ئێوەی کوردیش سوود لەم بۆچوونە ئیسلامییە وەربگرن و نەهێڵن خراپکاران لەمپەر لە بەرامبەر ئەم بۆچوونەمان دابنێن). لە وەڵامدا پاش ئەوەی کە بەپێی پرۆتۆکۆڵ دەبووایە قسە بکەم هاتمە دەنگ و سوپاسی بەڕێز ئاغای مختار پورم کرد بۆ ئەو پێشوازییەی کە لە ئێمەیان کرد و گوتم (ئێمەی میللەتی کوردیش باش دەزانین یەك نەژادی کە خۆی لە (ماد)ەوە سەرچاوە وەردەگرێ وەکو دوو برا هیوادارین لە رووانگەی ئەو ئایەتە پیرۆزەی قورئاندا کە دەڵێ باسم الله الرحمن الرحیم (یا ایها الناس إنا خلقناکم من ذکر وانثی

وجعلناكم شعوباً وقبائل لتعارفوا إن أكرمكم عند الله أتقاكم) مامەڵە گەڵ ئەم برایەتییە بکرێت، بەڕێزتان باستان لە ٥٠٠٠ ساڵەی شارستانییەت و کیانی وڵاتی ئێرانتان کرد کە مایەی سەربڵندیی ئەم گەلانەی ئێرانە کە هەر لەدێر زەمانەوە پێکەوە دەژین، بەڵام ئەوەی مایەی سەرسوڕمان و نیگەرانییە لەم وڵاتە پانوبەرینەدا کە (٥٠٠٠) ساڵە بەشداری لە شارستانییەتی مرۆڤایەتی دەکات رۆژنامەیەك یاخود گۆڤارێك لەم وڵاتە ناتوانیٚ بە زمانی کوردی بەردەوام بێت، کە لە راستیدا زەرەر بە پەیوەندیی نێوان گەلانی ئێران درووست دەکات، ئەوجا بۆئەوەی خراپکاران سوود وەرنەگرن لە درووستکردنی لەمپەر و ئاستەنگ پێویستە ماوە بە دەرچوونی گۆڤار و رۆژنامەی کوردی بدرێت، کە ئازادانە چاپ و بڵاوبکرێنەوە، لە عیراقدا سەرەڕای ئەو هەموو زوڵم زۆرداریيەی کە لە کورد کراوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە هەموو قۆناغەکاندا نەتوانراوە لەمپەر لە دەرچوونی گۆڤار و رۆژنامەی کوردی بگیریٚ). جێگری وەزیر بە فارسی لەگەڵ مختار پور و بارامی وەلدبەگی هاتە ئاخاوتن دەربارەی راگیرانی گۆڤاری کوردستان و رۆژنامەی ئاشتی، ئەوجا رووی لە بەندە کرد و گوتی (دیارە ئەم دوو چاپکراوە بە بڕیاری حکومەت پێشوو راگیراوە، هەوڵ دەدەین بەپێی یاسای پەیڕەوکراو گرفتەکان نەهێڵین). لە کۆتایی دیدارەکەدا (موجەلەدی رۆژنامەی کردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی لە مێژوودا- ١٨٩٨/٤/٢٢ لەگەڵ ئارمی سەندیکام پێشکەش بە یاریدەدەری وەزیری رۆشنبیری و ئیرشادی ئێرانی کرد، ئەویش لای خۆیەوە ئەنسکلۆبیدیای کوردستانی ئێران و مێژووی ئێرانی پێشکەش بە شاندەکەمان کرد، بەڵام وەکو بڕیار بوو نانی نیوەڕۆ پێکەوە بخۆین عوزرخوایی هێنایەوە کە ناتوانیٚ لەبەر پەیدابوونی کارێکی دیکە کە بۆی هاتۆتە پێش، بەڵام من وام لێکدایەوە کە بە جۆرێك لە قسەکانی من ناڕەحەت بوو، ئەوەبوو لەگەڵ مختار پور لەسەر مێزی نانخواردن موجامەلەی یەکتریمان کرد و پاشان خواحافیزیما لێکرد.

سەرلەئێوارەی هەمان رۆژ بۆ جاری سێیەم سەردانی بارەگای ئەنجوومەنی صنفی-مان کرد، رۆژنامەنوس رەجەبی مەزروعی و دکتۆر رۆستەمی

بەڕێوەبەری پەیمانگای پێگەیاندن و پێشکەوتنی ڕۆژنامەنووسانمان دیت کە سەربە ئەنجوومەنی صنفیی ڕۆژنامەگەرانی ئێرانە کە لە چوار بەش پێکهاتبوو (هەواڵ، وێنەگرتن، پەیوەندییەکان، زمانی ڕۆژنامەگەری) کە (٥٠٠) قوتابیی تیۆری پراکتیکیی تێدا دەخوێنن و مەشقی لەسەر دەکەن، لێرەدا پرسیارێکم ئاراستەی بەڕێوەبەری ئەم دەزگایە کە (ئایا ڕۆژنامەنووسانی کوردستان (مەبەست هەرێمی کوردستان) دەتوانن سوود لەم پەیمانگایە وەبگرن)، لە وەڵامدا بەڕێوەبەر ئامادەباشیی نیشاندا کە هەرجارە چەند ڕۆژنامەنووسێك لە کوردستانەوە بێن و سوود لە وانە و دەرسە پراکتیکییەکان وەربگرن، بەڵام سەرەڕای بڵاوکردنەوەی ئەم هەواڵە بە شێوەیەکی بەرفراوان هیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان ئامادەیی نیشان نەدا کەوا لەسەر حیسابی دەزگاکانیان چەند ڕۆژنامەنووسێك بنێرن بۆ تاران.

بەم سەردانە کۆتاییمان بەم گەشتە چڕوپڕە هێنا کە تێیدا ئەزموونێکی باشمان لە ڕووی پەیوەندی بەدەزگا و کەسایەتییە جیاجیاکان و سەردانی ئەو شوێنانەی کە باسم لێوەکردووە وەرگرت، بەتایبەتیش بۆ وڵاتێکی دراوسێی گەورەی وەکو ئێران، کە وەکو یاریدەدەری وەزیری ئیرشادی ئێرانی گوتی (ئێران ٥٠٠٠ ساڵە کیانە و بەشداری لە شارستانێتیی مرۆڤایەتی دەکات)، بەڵام ئەوەی جێگای داخ بوو هەندێ لەو وەعدانەی کە پێیان داین خۆی لە ئەرزی واقع نەدیتەوە.

لەوانەی خوێنەری بەڕێز گلەیی ئەوەم لێ بکات کە زیاد لەپێویست هاتوومەتە باسی سەندیکا و باسی کارو چالاکی و گەشتەکانی و بەشدابوونی لە کۆنگرە و وۆرك شۆپ و سیمینارە جۆربەجۆرەکانی چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوەی کوردستان، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێم (دامەزراندنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٩٧ەوە پێوەی سەرقاڵ بووین پاشان قۆناغی ڕێکخستنەوەی ماڵی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە یەك ڕێکخراوی سەرتاسەریدا لە کوردستان ئەوجا بە ئەندامبوونی لە فدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی IFJ کە دەکرێت بڵێین یەکەم ڕێکخراوی

کوردستانییە دەبێتە ئەندام لە مەحفەلێکی نێودەوڵەتی، سەرەڕای ئەو هەموو دەستکەوتانەی کە پێشکەش بە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کراوە، سەرەڕای ئامادەکردنی پڕۆژەی سندوقی خانەنیشینی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و گەڵاڵەکردنی پڕۆژەی یاسای ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان و دەیان و سەدان کار و چالاکیی دیکە بۆ من دەبێتە یاخو بووەتە بەشێکی گرنگ لە یەکێ لە قۆناغەکانی ژیان و تەمەنم کە ماوەی نزیك (١٣) ساڵی خایاند کە بێگومان ئەویش قۆناغێکی زێدە گرنگە بۆ من کە توانیومە بەردێك لەسەر بناغەی پڕۆژەی ڕۆشنبیری نەتەوایەتیی کورد دابنێم کە سەراپای ژیانی منی داگیر کردووە کە تا سات و ڕۆژی نووسینەوەی لاپەڕەی ئەم بیرەوەرییانە (کە ڕێککەوتی ٢٠١٥/١١/١٨)ە لەسەر هەمان ڕێبازی کوردایەتی و دوور لە چوارچێوەی تەسك و سەقەتی حزبایەتی بەشداری لە هەر پڕۆژەیەکی نەتەوەیی دەکەم کە میللەتەکەمی پێ سەرفراز بێت، ئەوجا خوێنەری بەڕێز لێم قبووڵ بکە کە هەندێ درێژدادڕیم لە تەمەنی ژیانی سەندیکاییم کردووە.

سەرلەئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٦/٧/١٢ لە بارەگای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە هەولێر کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیمان سازکرد بە مەبەستی ڕاگەیاندنی بڕیاری فدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی دەربارەی گۆڕینی پلەی ئەندامێتیی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە (بەشدارەوە بۆ کارا) کە لەدوا کۆبوونەوەی خۆی لە ٢٠٠٦/٥/٢٨ لە برۆکسلی پایتەختی وڵاتی بەلجیکا IFJ ئەو بڕیارە دڵخۆشکەرەی داینێ.

لە سەرەتای کۆنگرە ڕۆژنامەنووسیەکەدا پیرۆزباییم لە سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کرد کە سەندیکاکەیان بووە بە ئەندامی کارا کە تێکڕا ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی ئەندامانی سەندیکا دەبنە خاوەن پێناسەی IFJ وە ئاشکراشە هەڵگری ئەم پێناسەیە چ هێزێکی مەعنەوی بە ڕۆژنامەنووسان دەبەخشێ سەرەڕای لایەنە بەسوودەکانی دیکە لە وڵاتانی ئەورووپادا.

رۆژی ٢٠٠٦/٧/٢٤ لە ریورەسمێکی شایستەدا بەشداریم لە ناشتنی تەرمی خوالێخۆشبوو رۆژنامەنووس و نووسەر و وەرگێڕی ناوداری کوردستان (جرجیس فتح الله) کرد کە تێیدا نوێنەری بەرێز سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت و ژمارەیەك لە نووسەر و رۆژنامەنووس و رووناکبیرانی کوردستان بەشدارییان تێدا کرد، خوالێخۆشبوو رۆژی ٢٠٠٦/٧/٢٣ لە هاوینەهەواری سەلاحەدین کۆچی دوایی کرد پاش ژیانێکی چڕ و پڕ کە لە ساڵی ١٩٢١ەوە لە شاری موسڵ لەدایکبووە و ساڵی ١٩٤٢ کۆلیژی ماف لە بەغدا تەواوکردووە، بەندە رۆژی ١٩٧٠/٢/٥ لە ناوپردان کە ئەوکاتە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو ناوچەیەدا جێگیر بوون، ئێمەی ئەندامانی مەکتەبی رێکخستنی ناوەندیی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان کە بریتی بوون لە (فەرهاد عەونی، ئەنوەر عبداللە، عبدالقادر حمد أمین، جواد شیروانی، خوالێخۆشبوو جەلال خۆشناو) کە بە گەشتەئەرکێکی نهێنی لەنێوانی پشووی نیوەی ساڵدا گەیشتینە ئەم ناوچە ئازادکراوەدا کە تێیدا وەکو پێشووتر باسم لێوەکردووە جەنابی بارزانی نەمر و مەکتەبی سیاسی و گەورە لێپرسراوانمان دیت، سەرلەئێواری رۆژی ٢٠٠٦/٢/٥ سەردانی رووناکبیری گەورە جرجیس فتح الله-مان کرد لە خانوویێکی قوڕی بچووکدا کە لە خشت و گڵی سادە دروستکرابوو کە بە رێککەوت رۆژنامەنووسێکی ئافرەتی فەرەنسیی لا دانیشتبوو، خوالێخۆشبوو جرجیس فتج الله زۆر دڵشاد بوو بە سەردانەکەی ئێمە، کە تێیدا نوێنەرایەتیی قوتابییانی کوردستانمان دەکرد هەر بەم شێوەیەش ئێمەی بە رۆژنامەنووسە فەرەنسییەکە ناساند و پێشکەشی کردین، ماوەی دوو کاتژمێر لای دانیشتین کە تێیدا بە زمانێکی عەرەبی نیوە موسڵاوی و نیوە بەغدایی قسەی پێ دەکرد، کە تێیدا گوتی (باشترین دەرفەت کە شۆڕش بۆ منی دروستکردووە ئەو رۆژانەیە کە سەرقاڵی وەرگێڕانی هەندێ لەو کتێبانەیەم وەکو (کورد و تورك و عەرەب، مهد البشریە... ئەوانی دیکە) کە لە پاشەڕۆژدا بەچاپی دەگەیەنین. ئەو سەردانەمان سەرەتای یەکترناسینی بەندە بوو لەگەڵ خوالێخۆشبوو جرجیس فتح الله، پاش

ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ش کە سەرۆکایەتی و سەرنووسەری بەکردەوەی ڕۆژنامەی التاخی بوو لە بەغدا کە ئەوکاتە بارەگاکەی لە گەڕەکی (المسبح) بوو، ناوە ناوە بە حوکمی کاری بڵاوکردنەوەی بابەت و دەنگوباسی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان هاتوچۆی مامۆستا جەرجیسم دەکرد، پاش گەڕانەوەی لە ساڵی ٢٠٠٠دا لە سویدەوە بۆ کوردستان کە لەوێ پەنابەر بوو لە هاوینەهەواری سەڵاحەدین خانووێکی ڕێکوپێکی گەشتیاریی بۆ تەرخان کرابوو کە تێیدا ڕۆژانە بەدەم جگەرەکێشانەوە درێژەی بە کارە ڕۆشنبیرییە گەورەکانی خۆیی دەدا و ناوە ناوەش بەهۆی دۆستایەتیی پێشووی لەگەڵ خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق سالم پێکەوە سەردانمان دەکرد، ماوەیەکی باش لای دادەنیشتین، کاتێ بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری دامەزراندنی دەزگایەکی سەر بە مەکتەبی سەرۆکی پارتی دا کە تایبەت بوو دانان و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوە کە تێیدا سەرەڕای کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی دیکۆمێنتەکان بە کاری بڵاوکردنەوەی هەر دانانێك و وەرگێڕانێکی بەسوودی ڕۆشنبیریی گشتی هەڵدەستێ کە خزمەتی ئەو ئامانجە بکات و لەبەر لێهاتویی مامۆستا جەرجیس فتح الله کرایە سەرپەرشتکاری ئەو دەزگایە بە دەسەڵاتی تەواوەوە بەپێی بڕیاری ژمارە ٤٣ی ڕۆژی ٢٠٠٢/١١/١٤ کە لە مەکتەبی سەرۆکی پارتییەوە دەرچووە.

پارتی دیموكراتی كوردستان
سەرۆك

الحزب الديمقراطي الكردستاني
الرئيس

ژمارە: ٤٢
رۆژ: ١٤/ ١١/ ٢٠٠٢

**بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان**

**بڕیـــــار**

بە مەبەستی كۆكردنەوەی دیكۆمێنتی مێژوویی تایبەت بە خەباتی گەلی كوردستان و پاراستنیان لە بزربوون و تێكچوون، بڕیارمان دا :

١) دامەزراندنی دەزگایەكی تایبەت بە دانان و وەرگێڕان و بڵاوكردنەوە.

٢) ئەم دەزگایە سەر بە مەكتەبەكەمانەوە دەبێ و كارەكەشی سەرەرای كۆكردنەوە و بڵاوكردنەوەی دیكۆمێنتەكان بە كاری بڵاوكردنەوەی هەر دانانێك و وەرگێڕانێكی بەسوودی رۆشنبیری گشتی ـەڵدەستێ كە خزمەتی ئەو ئامانجە پیرۆزە بكات كە دەزگاكە لە پێناویدا كار دەكات.

٣) لەبەر توانا و لێهاتوویی مامۆستا جەرجیس فەتحوڵلا و ئەو بڕوایەی كە پێی دراوە، مافی سەرپەرشتی كردنی ئەو دەزگایەمان پێ سپارد و بۆ سەرخستنی كاری دەزگاش دەسەڵاتێكی تەواوی پێ دراوە و گشت كارەكانیش لەژێر چاودێری بەرێزیانەوە ئەنجام دەدرێ.

٤) بۆ رێكخستنی كاروباری دەزگاكە بە شێوەیەكی رێك و پێك و زانستیانە، مامۆستا جەرجیس فەتحوڵلا (پاش راوێژكردن بە مەكتەبەكەمانەوە) بەرپرسیارە لە دانانی پێڕەوی ناوخۆی دەزگاكە.

ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونییەوە كاری پێ دەكرێ.

**مسعود بارزانی**

ـێنەیەك بۆ/

- مەكتەبی سیاسی بەرێز
- سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی بەرێز
- دەزگای پاراستنی گشتی بەرێز
- مەكتەبی رێكخستنی ناوەندی بەرێز
- مەكتەبی ناوەندی بەڕێوەبردن و دارایی بەرێز

بۆ ئاگاداری و ئەوەی پێویست.

- بەڕێوەبەری گشتی دەزگای موكریانی بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە
- بەڕێوەبەری گشتی دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە

بۆ پێشكەش كردنی گشت ئاساناكارییەكی پێویست.

- بەرێز جەرجیس فەتحوڵلا/ بۆ دەست بە كاربوونتان لەگەڵ هیوای سەركەوتن.

پاش ماوەیەك شاخەوان عبدالرحمن و كاك عبدالرزاق... نامەیەكی خوالێخۆشبوو جەرجیس فتح الله-یان بۆ هێنام كە لە رۆژی ٢٠٠٣/١/٢١ بە ئیمزای ئەو نووسرابوو كە تێیدا داوا دەكات كەوا بەندە رەزامەندی لەسەر كاركردن لەم دەزگایە دەرببڕم كە ئەمەش دەقی نامەكەیەتی:

**جرجيس فتح الله**

**عزيزي الاستاذ فرهاد**


**تحيه**

سيأتيك رسولان مني يبحثان معك المستجدات. كنت قد طلبت لقاءك عن طريق الأخ جوهر نامق، إلا إني لم ألتق به إلى حد تأريخه. والإخوان شاخوان وعبدالرزاق سيخبرانك بما يراد منك وعساك تقبل فهو خدمة كبيرة لاسيما للمستقبل.

**المخلص**

**التوقيع**

**٢٠٠٣/١/٢١**


جرجيس فتح الله
GEORGIS FAT-HULLAH
عزيزي الاستاذ فرهاد،
تحية.
سيأتيك رسولان مني. يبحثان معك
المستجدات. كنت قد طلبت لقاءك
عن طريق الأخ جوهر نامق. إلا أني
لم ألتق به الى حد تاريخه. والاخوان
شاخوان وعبدالرزاق سيخبرانك
بما يراد منك وعساك تقبل فهو
خدمة كبيرة لاسيما للمستقبل
المخلص ٢١-١-٢٠٠٣

له راستیدا ئەم بابەتە پێشووتر لە مەکتەبی ناوەندی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە (الدراسات والبحوث) باسی لێوە کرابوو، وە بڕیاریشی پێ وەرگیرا بوو، لەو سەردەمەی کە خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق سالم لێپرسراوی ئەو مەکتەبە بوو کە تێیدا (٣٥) دیراساتی لە شێوەی کتێب تێدا چاپ کرابوو و بڵاوکرایەوە بە زمانی کوردی و عەرەبی، کە هەرهەموویان لە نووسینی ئەندامانی مەکتەبی ناوبراو بوون، بەڵام پاش کاك جەوهەر نامق لەو شوێنەدا نەما زۆربەی ئێمەی ئەندامانی مەکتەب بێئەوەی ئاگادار بکرێین یاخود پێمان رابگەیەندرێ چ بە قسە و چ بە نووسین (بە قودرەتی قادر) ئەندامێتیمان نەما و ئێستاش دکتۆر عبدالفتاح بۆتانی و بەندە کە ئەویش ئەندامی هەمان مەکتەب بوو ناوە ناوە باس لە دەرهاوێشتنی ئەو کۆمەڵە مامۆستا و رۆشنبیرانە دەکەین کە ئەندام بوون لەو مەکتەبەدا و دەرکەنار کران، ئەوجا ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئەو مەکتەبە ناوەندییە پاش رەزامەندیی سەرۆك سەرقاڵی بەرنامەی نووسینەوەی مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لەسەر بنەمایەکی مێژوویی راستەقینە و د. عبدالفتاح بۆتانی بەرنامەی تەواوی نووسینەوەی ئەو مێژووەی داڕشتبوو کە تێیدا هەریەکە لە ئەندامەکانی لایەنێکی ئامادەکردنی ئەم مێژووەیان پێ راسپێردرابوو، بەڵام داخی گرانم کاك جەوهەر نامق لەم مەکتەبە دوورکەوتەوە و ئێمەش ئەندامێتیمان نەما و مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستانیش لەسەر ئەو بنەمایەی کە بۆی دانرابوو تاکو ئێستا نەنووسرایەوە، لێرەدا بابەتێکی دیکە کە پەیوەندیی بەو جۆرە کارە رۆشنبیرییانە هەبوو لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٩ کە بەندە سەرنووسەری رۆژنامەی برایەتی بووم و کاك سەرۆ قادریش سەرنووسەری (گوڵان) بوو و کاك سەلاح بەدرەدینیش سەرۆکی کۆبەندی کاوە بۆ چاندا کوردی بوو رێککەوتین لەسەر پڕۆژەیەکی سەرەتایی بۆ دامەزراندنی مەڵبەندی رۆشنبیریی مستەفا بارزانی وەکو لە خوارەوەی کۆنووسەکە دەریدەخات، بەڵام ئەویش سەری نەگرت و بەدەردی ئەوانی دیکە چوو.



پرۆژەی سەرەتایی بۆ دامەزراندنی مەڵبەندی رۆشنبیریی مستەفا بارزانی

سەرەتا/ بە دامەزراندنی کتێبخانەیەکی هاوچەرخ دەست پێدەکات.

هەنگاوی دووەم / فراوانکردنی کتێبخانەکە بۆ مەڵبەندێکی رۆشنبیریی بەناوی بارزانی نەمر،کە تیایدا ئەم ئامانجانەی خوارەوە دەبێت:

١ـ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی کوردایەتی.

٢ـ بەرهەڵستی کردنی بیروباوەڕی کۆنەپەرستی، ئەوەی لە ئایندەدا مەترسی لەسەر دوا رۆژی وڵاتەکەمان دروست دەکات.

٣ـ کارکردن بۆ رۆشنگەری لە بواری فکرو رۆشنبیریدا بۆ نەوەی نوێ ، لەژێر رۆشنایی کولتوری بازانی نەمر.

٤ـ هاوهەنگاوی و تێکەڵاو بوون لەگەڵ رۆشنبیریی جیهان وکولتوری گەلان.

٥ـ شوێنی پێشنیار کراو؛ باڵاخانەی ئێستای «بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێرە».

٦ـ مەڵبەندی رۆشنبیریی پێکدێت بە هەماهەنگی نێوان رۆژنامەی برایەتی ، دەزگای رۆشنبیریی و راگەیاندنی گوڵان، کۆمبەندی کاوە بۆ چاندا کوردی.

٧ـ هەنگاوەکانی دواتر بە هێنان و ئامادەکردنی کتێب لە دەرەوەی کوردستان دەست پێدەکات.لە دوایی دا کارە رۆشنبیرییەکانی دیکە دەست پێدەکات: کۆڕ و دراسات ولێکۆڵینەوە ...

سەلاح بەدەددین — کۆمبەندی کاوە بۆ چاندا کوردی — S. B

فەرهاد عەونی — رۆژنامەی برایەتی

سەرۆ قادر — دەزگای رۆشنبیریی و راگەیاندی گوڵان

**لە دوامانگەکانی ساڵی ٢٠٠٦دا بەشداری راستەوخۆ یاخود سەرۆکایەتی کردنی چەندین کار و چالاکی و دیداری گرنگ لەگەڵ رۆژنامەنووسان و لێپرسراوانم ئەنجامدا کە ناکرێ بێدەنگیی لێبکرێ و بەسەریدا تێپەڕم، چونکە لەوانەیە لای هەندێك لەو بابەتانە گرنگ نەبێت، بەڵام بۆ نووسینەوەی مێژوو هەموو کاروچالاکی و دیدارەکانی رۆژانی رابردوو گرنگیی تایبەتیی خۆیی هەیە، بەندە کاتێ خۆی بە حوکمی ئەوەی نەقیبی رۆژنامەنووسانی بووم کە تێیدا سەرنووسەری گۆڤارە عەرەبییەکەشی بووم (الصحفی) لە ژمارە (١)ەوە تاکو ژمارە (٨٠)، لە هەمان کاتیشدا خاوەن ئیمتیازی گۆڤارە کوردییەکەشی (رۆژنامەڤانی) تاکو ژمارە (١٢) و(رۆژنامەنووس) ژمارە (٢٤) بووم، کاروچالاکییەکانی سەندیکای بە ورد و درشتی تێدا بڵاوکراوەتەوە.**

**کۆبوونەوەیەکی فراوانی رۆژی ٢٠٠٦/٩/١٦ کە زیاتر لە (١٥٠) رۆژنامەنووس و مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی بواری یاسا و کاری رۆژنامەنووسیی تێدا بەشداربوون کە بەسەر چواردە دانیشتن و حەڤدە لیژنەدا**

که ژمارەی (بەندەکانی پڕۆژەی کاری ڕێکخستنی یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان بوو)، لیژنەی ئامادەکار چواردە کۆبوونەوەی لەنێوان ١٦ مانگدا لە بارەگای ئەنجوومەنی سەندیکا گرێدا پاشانیش بەشداریی ڕاستەوخۆی من و بەڕێزان مستەفا ساڵح کەریم و حامد محمد علی سەرپەرشتیی سەرجەم ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانە کرا کە لە لقەکانی سەندیکای بەغدا و سلێمانی و هەولێر و دهۆك و کەرکووك و هەردوو نووسینگەی سۆران و گەرمیان بە مەبەستی تاوتوێکردن و وەرگرتنی سەرنج و پێشنیارەکانی ڕۆژنامەنووسان بە مەبەستی دەوڵەمەند کردنی پڕۆژەکە، کە دوا کۆبوونەوەش دەربارەی ئەم بابەتە وەکو ئیشارەتم پێداوە لە ٢٠٠٦/٩/١٦ لە هەولێر ئەنجامدرا کە لە ماوەی هەشت کاتژمێردا بە دروور و درێژی لیژنەکان کە بەقەد ژمارەی پڕۆژەی یاساکە بوو تاوتویێ کرا و گەڵاڵەی پڕۆژەکە کۆتایی هات.

ڕۆژی ٢٠٠٦/١٠/١٧ بە ئامادەبوونی برایانم لە ئەنجوومەنی سەندیکا مستەفا ساڵح کەریم، حامد محمد علی، زیرەك کەمال، ئەکەد موراد، خالد بکر أیوب، سەردانی پەرلەمانی کوردستانمان کرد و بەڕێز عدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشوازییەکی گەرمی لێکردین، بەندەش پاش ئاخاوتنێکی کورت پڕۆژەی یاسایەکەم بە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دا و هیوام خواست کە پڕۆژە یاساکە بە زووترین کات بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمان و پەسەند بکرێت، لە ڕاستیدا گەڵاڵە کردنی ئەم پڕۆژە یاسایە زۆری ماندوو کردین، چونکە ئاشکرایە لە وڵاتێکی وەکو کوردستان زۆر کەم بابەتی ئەو سەردەمە بە یاسا ڕێکخراوە کە تێیدا کاری ڕۆژنامەنووسی و ڕێکخستنی بۆ توێژێکی بەربڵاوی وەکو ڕۆژنامەنووسان کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی لایەنە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان و ڕێکخراوە دیموکرات و جەماوەرییەکان کە تاکو ئەوکاتەی پڕۆژەیاساکە گەڵاڵەکرا زیاتر لە (٥٠٠) دەزگای ڕۆژنامەنووسی (تیڤی لۆکاڵ، تیڤی سەتەلایت، ڕادیۆ، ڕۆژنامە، گۆڤار) هەبوو، کە هەریەکەیان لە ئاوازێك دەیخوێند وە بەمیزاجی خۆی و لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی خۆی یاخود لایەنەکەی مامەڵەی لەگەڵ بەند و خاڵ بڕگەکانی

پڕۆژەیاساکە دەکرد، بۆیە ماوەی زیاتر لە ساڵ و نیوێکی خایاند، ڕۆژنامەنووسێك یاخود دەزگایەك نەما کە بەشداریی تێدا نەکردبێت، زیاتر لە چوار جار بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکرایەوە.



# مجلس النقابة يسلم مشروع قانون العمل الصحفي الى رئيس البرلمان الكوردستاني

استقبل السيد عدنان المفتي رئيس البرلمان الكوردستاني يوم ٢٠٠٦/١٠/١٧ أعضاء مجلس نقابة صحفيي كوردستان، حيث قدم فرهاد عوني نقيب صحفيي كوردستان مشروع قانون العمل الصحفي في كوردستان والتعديلات التي أجريت على قانون تقاعد الصحفيين الى سيادته.

وأبدى رئيس البرلمان دعمه لمشروع القانون وأشار الى دور النقابة في مجال توعية المواطنين في هذه المرحلة التي تتطلب وحدة الصف والخطاب السياسي والتنسيق بين جميع الأطراف من أجل حماية مكاسب الشعب.

وأكد سيادته على ضرورة مشاركة الصحفيين في إيصال مضمون مشروع دستور إقليم كوردستان الى أبناء الشعب الكوردستاني كي يعرف كل مواطن حقوقه وواجباته ويدرك أهمية الدستور في تنظيم الحياة.

وطمأن رئيس البرلمان بأن مشروع قانون العمل الصحفي سوف يقدم الى اللجنة القانونية بهدف دراسته ومن ثم طرحه للمناقشة في إحدى جلسات برلمان اللاحقة، بغية المصادقة عليه.


وعن أهمية دور الإعلام أشار السيد رئيس البرلمان الى أن القنوات الإعلامية تتمتع بصلاحيات أكثر من السلطة الرابعة، لكونها باتت جزءاً من السلطات الثلاث الأخرى خصوصا في مجال بناء الرأي العام وتقديم الخدمات الى المواطنين وتثبيت وتطوير الديمقراطية والفدرالية في كوردستان.

وفي حديث لنقيب صحفيي كوردستان في بداية اللقاء، أشار الى أن مشروع قانون العمل الصحفي هو ثالث مشروع قانوني للنقابة يقدم الى البرلمان، متمنيا أن ينال المشروع قريبا مصادقة البرلمان الكوردستاني عليه.

والجدير بالذكر إن مشروع قانون العمل الصحفي أعد من قبل لجنة عليا ضمت أعضاء مجلس النقابة والسادة: حسام الدين سرداري/ قانوني وصحفي، أحمد عبد الله/ قانوني وصحفي، الدكتور كمال سعدي أستاذ القانون في جامعة صلاح الدين، طارق جامباز/ قانوني وصحفي وعضو اللجنة القانونية في برلمان كوردستان، مسعود مصطفى/ قانوني وصحفي ومدير عام في وزارة الثقافة، هذا وشارك أيضا في بداية عمل اللجنة كل من المرحوم فكرت عزت/ قانوني وصحفي وآزاد حمد أمين/ قانوني وصحفي.

وقد عقدت اللجنة المذكورة (١٤) اجتماعا في مقر نقابة صحفيي كوردستان في أربيل عاصمة الإقليم منذ شهر تموز من العام الماضي. وبغية مناقشة مشروع القانون تم عقد كونفرانسات محلية للصحفيين في فروع النقابة في محافظات كوردستان (كركوك، سليمانية، دهوك) بالإضافة الى فرعي النقابة في (بغداد والموصل)، مع عقد اجتماع خاص في العاصمة البريطانية لندن أشرف عليه الزميل شيركو حبيب سكرتير مكتب العلاقات الخارجية وحضره جمع من الصحفيين العراقيين والكوردستانيين، وفي المرحلة النهائية نظم مجلس النقابة كونفرانسا موسعا في السادس عشر من شهر أيلول المنصرم في قاعة المركز الثقافي في جامعة صلاح الدين بمدينة أربيل، حضره ما يقارب (١٥٠) صحفيا من محافظات كوردستان والموصل وبغداد وسكرتير مكتب العلاقات الخارجية، ولقد ألقى فرهاد عوني نقيب الصحفيين كلمة في الكونفرانس (تجدون نصها في الصفحة الثانية)، وتم كذلك مناقشة بنود وفقرات مشروع القانون وابدي الآراء والمقترحات بشأنها بصورة ديمقراطية وبأسلوب شفاف على مدى جلستين، وأخذت اللجنة المعدة للمشرع بالمقترحات التي أفادت المشروع، وعلى ضوئها تم إجراء التغييرات اللازمة.

ئەوجا ناوە ناوە لێرە و لەویٚ پڕۆژە یاساکە دەکەوتە بەر توانج و ڕەخنەی هەندیٚ لە ڕۆژنامەنووسان، تەنها بە مەبەستی (بلیٚ منیش هەم)، تەنانەت یەکیٚ لەو ڕۆژنامەنووسانە لە گردبوونەوەیەکی فراواندا لە کاتی ڕۆژانی کاروچالاکییەکانی پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێب لە هەولێر بە دەق گوتی (خراپترین یاسا ئەو پڕۆژەیەیە کە سەندیکا ئامادەی کردبووە). بەڵام کاتیٚ پرسیاری لێکرا کە ئەو بڕگە و خاڵانە چین کەوا وایان لە جەنابیان کردووە ئە پڕۆژەیە بە خراپترین یاسا دابنێت؟!، لە وەڵامدا هیچی پێنەبوو و حاشای لە قسەکەی خۆیی کرد، (بۆ قۆناغی پەسەندکردنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە کە لەڕاستیدا بەدڵی ئێمە نەبوو هەزوو سەردانی بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانمان کرد).




**ماوەیەك بوو بیرمان لە دیدارێك دەكردەوە لەگەڵ بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان بە مەبەستی لێك تێگەیشتنێكی هاوبەش لەنێوان بەرزترین دەزگای دەسەڵات لە هەرێمی كوردستان و دەسەڵاتی چوارەمدا (رۆژنامە یاخود راگەیاندن بە هەموو لایەنێكەوە)، بە باشمان زانی كە نامەیەك بەناوی ئەنجوومەنی سەندیكا بۆ بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان بنێرین كە تێیدا داوا و بەرنامەی داواكەمان بۆ بەڕێزیان روونبكەینەوە، ئەوەبوو لە ماوەیەكی كورتدا ئاگادار كراینەوە كە بەڕێز سەرۆكی هەرێم رۆژی ٢٠٠٦/١٠/١٢ پێشوازیی لە ئەنجوومەنی سەندیكا و كۆمەڵێكی بەرچاو لە رۆژنامەنووسان و دەزگاكانی راگەیاندن بە بێ جیاوازی دەكات، كات و ساتی**

دیاری کراو بەڕێز سەرۆکی هەرێم لە بارەگای سەرۆکایەتیی هەرێم پێشوازیی لەو ژمارە رۆژنامەنووسان کرد کە ژمارەیان دەگەیشتە (١٥٠) رۆژنامەنووس، سەرەتای رێوڕەسمی دیدار و دانیشتنەکە بەوە دەستییپێکرد کە (بەندە و برایانی بەڕێز جەوهەر کرمانج و سەرۆ قادر) لە تەنیشت بەڕێز سەرۆکی هەرێم لەسەر مێزی هۆڵەکە دابنیشین، رێوڕەسمەکە وای دەخواست کە لە سەرەتادا بەندە وتەیەك پێشکەش بکەم کە تێیدا وێڕای سوپاس و پێزانینی ئەنجوومەنی سەندیکا و رۆژنامەنووسانی کوردستان دەستخۆشی لەم بەدەنگهاتنەی سەرۆکی هەرێم بکەم، سەرەڕای خۆشحاڵیی هەموو لایەکمان بەم دیدارە بە مەبەستی (گفتوگۆکردن سەبارەت بە بابەتەکانی راگەیاندن لە گۆڕەپانی کوردستاندا)، پاشان بەڕێز سەرۆك هەرێم لە وتەیەکدا ئاماژەی بە گرنگیی رۆڵی راگەیاندن لە چەسپاندنی گیانی برایەتی کرد و رۆژنامەنووسانی بە توێژی هەرە گرنگی کۆمەڵگا وەسف کرد و جەختی لەسەر ئازادیی رۆژنامەنووسی و را دەربڕین کرد و گوتی (پێویستە ئازادیی رۆژنامەنووسی لە سنووری پابەندبوون بە لێپرسراوێتیی نەتەوەیی و نیشتمانی رێزی لێ بگیرێت، دەسەڵاتی ئێستای کوردستان بە کودەتای سەربازی نەهاتووە بەڵکو لە ئەنجامی هەڵبژاردن و بەشێوازێکی دیموکراسی کاروباری گرتۆتە دەست، ئێمەش بڕوای بەهێزمان بە دیموکراسییەت هەیە و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانیش درووشمەکەی "دیموکراسی بۆ عیراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بووە") لە تەوەرێکی دیکەی قسەکانیدا گوتی (ئەنجامدانی خۆپیشاندان مافێکی رەوایە، بەڵام بە مەرجێ لە تێکدان و گێرەشێوێنی دوور بکەوێتەوە و بە شێوەیەکی ژیرانە و ئاشتییان ئەنجام بدرێت و ئازادییەکانیش دابین بکرێت بێئەوەی زیان بە بەرژەوەندیی نیشتمان و گەل بگەیەنێت، وە هیوادارم رۆژنامەنووسان لە ناوزڕاندن دووربکەونەوە و رەخنە لە پێناوی رەخنەدا نەبێت، بەڵکو رەخنە لەپێناو بونیادنان بێت و ئومێدەواریشم رۆژنامەنووسان ببنە بەشێك لە پرۆسەی بناتنانەوە و یەك ریزی بپارێزن و هەموو لایەکیش هەڵگری لێپرسراوێتی بن و سوود لەو دەرفەتە ببیندرێت بۆئەوەی بە ئامانجە

رەواکانمان بگەین). لە دوابڕگەدا راشکاوانە وڵامی سەرجەم پرسیاری رۆژنامەنووسانی دایەوە لە کاتی هاتنەخوارەوەمان بەڕێز سەرۆکی هەرێم پرسیاری ئەوەی لێکردین کەوا دانیشتنەکە چۆن هەڵدەسەنگێنین ئێمەش لە وەڵامدا گوتمان دەستخۆشیت لێ دەکەین و هیواداریین چ دەسەڵاتی سیاسی و چ دەزگاکانی راگەیاندن پابەندی ئەو بۆچوونانەی بەڕێزتان بن).

رۆژی ٢٠٠٦/١٢/١٩ لەسەر بانگهێشت کردنی فدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی IFJ و بەئامادەبوونی نوێنەری رێکخراوی (یونسکۆ)ی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان وە بە داوەتی سەندیکای رۆژنامەنووسانی ئوردن و بە ئامادەبوونی یەکێتیی رۆژنامەنووسانی عەرەب ئامادەی ئەم کۆڕبەندە بووین.

سەرلەبەیانیی رۆژی ٢٠٠٦/١٢/١٧ بەندە و برایان مستەفا ساڵح کەریم جێگری نەقیب و حامد محەمەد عەلی ئەندامی ئەنجوومەن و شێرکۆ حەبیب سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا لە رێگای فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێرەوە بەرەو عەمانی پایتەختی ئوردن بەڕێکەوتین، یەکسەر بەپێی بەرنامە پێشەکی لە ئوتێل (هوڵیدەی ان) دابەزین و هەر ئەم رۆژە شاندی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراقی کە پێکهاتبوو لە رۆژنامەنووسان موئەیەد اللامی سکرتێری گشتیی ئەو سەندیکایە و سەعد محسن و سناء النقاش ئەندامانی ئەنجوومەنی شاندی عیراقی و مفید جەزائیریی ئەندامی پەرلەمانی عیراق و روهان جایا سیکیرا و محمد جلید لە مەکتەبی یونسکۆ و ئۆلیڤر مۆنی بەڕێوەبەری پڕۆژەکانی IFJ و راڵف اروبیل لە یەکێتیی نێودەوڵەتیی سەندیکاکانی کرێکاران بە مەبەستی (لەپێناو پشتگیری کردنی رۆژنامەنووسانی عیراق) کە لەلایەن IFJـەوە گرنگییەکی تەواوی پێ دەدرا، هەر بۆیە خودی ئایدن وایت سکرتێری گشتیی IFJ ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بوو کە ماوەی دوو رۆژی خایاند، سەرلەبەیانیی رۆژی ٢٠٠٦/١٢/١٨ و لە کاتژمێر (١٠)ی بەیاندیا و بە گوتەیەکی بەڕێز ئایدن وایت دەستیپێکرد، ئایدن وایت هەمیشە گوتەکانی دووررودرێژ و بە مانا بووە و هەموو لایەکی دەگرتەوە و گوتی (سوپاس بۆ بەشداریکردنتان لەم کۆبوونەوەیە لەپێناو هاوکاری

کردنی رۆژنامەنووسانی عیراق کە لە بارێکی سەخت کارە رۆژنامەوانییەکانیان بەڕێوەدەبەن و ئاگاداری ئەوەشم کەوا رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان UN خەریکی دەرکردنی بەیاننامەیەکە کەوا داوا دەکات حکومەتەکەتان ئەرکی پاراستنی گیانی رۆژنامەنووسان بخاتە ئەستۆ خۆی و ئێمەی لای خۆمانەوە لە ماوەی رابردوودا هەڵساوین بە ئەرکێکی جیهانی بە مەبەستی کۆکردنەوەی کۆمەك و یارمەتی کە لە مانگی حوزەیرانی ئەم ساڵەوە دەستماپێکردووە بە مەبەستی یارمەتیدانی خێزانی شەهیدانی رۆژنامەنووسانی عیراق لە ساڵی ٢٠٠٣وە و بەم هەوڵە بڕە پارەیەکمان پەیداکردووە کە دەگاتە (٣٠,٠٠٠) سی هەزار یۆرۆ کە دەدرێتە سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراقی و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بۆئەوەی بەسەر خێزانی شەهیدانی رۆژنامەنووسان دابەش بکرێت (سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراق (٢٣,٠٠٠) بیست و سیٚ هەزار یۆرۆ لەلایەن موئەیەد اللامی سکرتێری گشتیی سەندیکای عیراقی وەرگیرا و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانیش (٧٠٠٠) حەوت هەزار یۆرۆی وەرگرت کە ئایدن وایت لە دانیشتنێکی تایبەت دا بە ئامادەبوونی شاندی هەردوو سەندیکا رۆژنامەنووسانی عیراق و کوردستانی تەسلیم بە بەندە کرا)، (جۆر و بڕی پارەکە و دابەشکردنی لە کوردستان لەدوای ئەم بابەتە باسی لێوە دەکەم)، ئەوجا پاش تەواوبوونی گوتەکەی ئایدن وایت بەڕێز سەیف شەریفی وتاری یەکێتیی رۆژنامەنووسانی عەرەبی پێشکەش کرد کە تێیدا رۆڵی رۆژنامەنووسانی عیراقی بەبەرز نرخاند لە رووبەڕوو بوونەوەی تیرۆردا و داوای لێکردن کە ئەمانەتی بەرپرسیارێتی و شەرەفی پیشەییان بپارێزن و لە بڕگەیەکی وتارەکەیدا بە دەق گوتی (سڵاو لە نەقیب و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەین کە هەموو کاتێك لەگەڵ هاوکارانیان لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراقی ئامادەبن بۆئەوەی بیسەلمێنن کەوا بە مانای وشە عیراقین و عیراقیان خۆشدەویٚ)، پاشان نوێنەرانی سەندیکای عیراقی و کوردستانی و یونسکۆ هەندیٚ لەو کەسایەتییانەی پەشدار بوون قسەیان لەسەر بابەتەکە کرد، کە لە ماوەی دوو

ڕۆژدا بە چەندین گفتوگۆی هەمەجۆر و ڕاوبۆچوون کۆبوونەوەکە دەوڵەمەند کرا، لە کۆتایی کۆبوونەوە دووڕۆژییەکەشدا ئایدن وایت سوپاسێکی گەرمی ئامادەبووانی کرد و موئەیەد اللامی و مستەفا ساڵح کەریم بەناوی هەردوو سەندیکای عیراقی و کوردستانی سوپاسگوزاریی هەردوو سەندیکا و ڕۆژنامەنووسانی عیراق و کوردستانیان ڕاگەیاند دەربارەی مەبەستی کۆبوونەوەکە کە دوو ڕۆژی خایاند لە ئوتێل (هۆڵیدەی ان) کە تێیدا (٢٨) ڕۆژنامەنووسی لەخۆ گرتبوو.

دەربارەی دابەشکردنی ئەو (٧٠٠٠) حەوت هەزار یۆرۆیەی کە لە فدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەیت وەرگیرا بە مەبەستی یارمەتیدانی خێزانی شەهیدانی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە لە ساڵی ٢٠٠٣وە شەهید ببوون، بۆ ئەو مەبەستەش پاش گەڕانەوەمان لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەندیکا بڕی پارەکە تەسلیم بە بەڕێز ئەکەد موراد ئەندامی ئەنجوومەن و لێپرسراوی دارایی سەندیکا کرا، ئەوجا جۆر و بڕی پارەی هەریەك لەو خێزانانەی کە لەناو تۆمارگای ئەنجوومەن جێگیر کرابوون بڕیاری لێدرا، لە هەمان کاتیشدا کارگێڕیی ئەنجوومەن ئاگادار کران بە پەیوەندیکردنی بەو خێزانانەی کە ژمارەیان (١٧) خێزان بوون و ڕۆژی ٢٠٠٧/٢/١٤ دیاریکرا بۆ ئەنجامدانی دابەشکردنەکە، کاتژمێر (٣)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٠٧/٢/١٤ لە بارەگای ئەنجوومەنی سەندیکا لە هەولێر بە ئامادەبوونی هەر ١٧ خێزان و بەبەرچاوی کامێرای تەلەفزیۆنەکان و ڕۆژنامەنووسان بڕە پارەکە دابەشکرا کە لەسەرەتای ڕێوڕەسمی دابەشکردنەکەدا پاش ڕاوەستان بە دەقیقەیەك بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان ئەوجا لە وتەیەکی کورتدا گوتم (سەریّ ڕێز و نەوازش بۆ گیانی پاکی شەهیدەکانمان و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان، پەیمانمان داوە و دووپاتی دەکەینەوە کە هیچ کاتێك خێزانی شەهیدانی ڕۆژنامەنووسان فەرامۆش نەکەین، هەموو هەوڵێکیش دەخەینە گەڕ بۆئەوەی چەند بتوانریّ خزمەتی ئێوەی پیّ بکەین)، پاشان دەقی ڕیپۆرتاژی ڕێوڕەسمەکەمان کە بە کامێرای

تەلەفزیۆنی ئامادەکرابوو بۆ بارەگای فدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی IFJ لە بەلجیکا نێردرا، پێشووتر باس لەوە کراوە کە چەند جارێك کۆمەك و یارمەتیمان لە ڕێکخراوە ڕۆژنامەنووسە دۆستەکانی وەرگرتووە بۆ خێزانی شەهیدانی ڕۆژنامەنووس کە لە شوێنی خۆی ئیشارەتی پێ دراوە.

دوا بڕگە لە ساڵی ٢٠٠٦دا کە دەمەوێ ئیشارەتی بۆ بکەم دواخستنی کۆنگرەی گشتیی دووەمی سەندیکا بوو کە دەبووایە لە مانگی ١٢ی ٢٠٠٦ ببەسترایە، بەڵام چەند هۆکارێك هەبوون کە پێویستی بە دواکەوتن (تأجيل) هەبوو کە لە کاتی خۆیدا ئەنجوومەنی سەندیکا ڕاگەیەندراوێکی پاش بەکۆتاهاتنی کۆبوونەوەی خۆی لە سلێمانی لە ٢٠٠٦/١٢/٢٧ بڵاوکردەوە کە تێیدا هۆکارەکانی دەستنیشان کردبوو کە ببوونە هۆی دواخستنی کۆنگرەی دووەم بۆ ماوەی یەك ساڵ کە ئەویش لەچوارچێوەی یاسا بەدەر نەبوو.

ساڵی ٢٠٠٧ بەنسبەت ئێمەوە ساڵیکی پڕ لە چالاکی و بەشداریی کۆنفرانس و کۆنگرەی هەمەجۆر بوو لە ناوەوە و لە دەرەوەی کوردستان، ماوەیەك بوو کۆمسیۆنی ڕاگەیاندن و گەیاندنی عیراقی (هيئة الإعلام و الأتصالات العراقية) سەرقاڵی ڕێکخستنی دیدارێکی هەمەلایەنەی عیراقی بوون بە مەبەستی ئەنجامدانی (کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بۆ پرسی ئازادیی ڕادەربڕین و پەرەپێدانی ڕاگەیاندن لە عیراق، المؤتمر الدولي حول حرية التعبير والتنمية الإعلامية في العراق) لەژێر درووشمی "بەرەو ڕاگەیاندنێکی عیراقیی کارا و ئازاد و فرە لایەن" (نحو إعلام عراقي حيوي حر وتعددي) لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا ببەسترێ، داوەتنامەکان بە ناو دەستنیشان کرابوون، لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەندە بەناو دەستنیشان کرابووم لە نێوان (٢٧) ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیەندکار لە کوردستان و (١٠٠) ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیەندکار و کەسایەتیی ئەم بوارە لە عیراق دیاریکرابوون، ڕاپەڕاندنی گشتیی کۆمسیۆنی باڵای ڕاگەیاندن و گەیاندنی عیراقی (سیامەند زەید عوسمان) کوڕە کوردی هەولێری بوو کە ئاسانکاریی باشی بۆکردین چ دەربارەی سەفەر و چ دەربارەی ژمارەی بەشداربووانی کوردستان.

رۆژی ٢٠٠٧/١/٧ لە ڕێگای فڕۆکەخانەی سلێمانییەوە بەرەو پاریس بە فڕۆکەیەکی تایبەتیی فەرەنسی بەڕێکەوتین، کاتژمێر (٤)ی ئێوارە گەیشتنیە پاریس و لە فڕۆکەخانەوە بە پاسێکی گەورە بەرەو ئوتێل (کۆنکۆرد–لافاید) کە ئوتێلێکی (٥) ئەستێرەی گەورەیە و نزیك لە مۆنیۆمێنتی کەوانەی سەرکەوتن (قوس النصر)ی بەناووبانگ کە تێیدا سالآنە لە رۆژی ٧/١٤ نمایشی سەربازیی گەورەی لەژێر تێدەپەڕێ کە هەموو ساڵێك لە یادی سەرکەوتنی شۆڕش و کەوتنی زیندانی باستیل کە نیشانەی جەور و ستەمی پادشایەتیی فەرەنسا بوو، لەم رۆژەدا لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩ شۆڕش سەرکەوت، بۆیە هەموو ساڵێك لەم رۆژەدا وڵاتی فەرەنسا ئەم رۆژە بە جەژنی نیشتمانی فەرەنسا دادەنێ و ئاهەنگ دەگێردرێ، لە ئوتێل کۆنکۆرد ناوی بەشداربووان تۆمار کرابوو، لە نهۆمی پێنجەم ژووری ژمارە (٥٢٠)م بۆ دانرابوو بە گەیشتنمان هەر زوو خۆمان گۆڕی و لەگەڵ چەند برادەرێکی شاندی کوردستانی بەرەو شەقامی (شانزلیزێ) وە لە یەکێ لە چایخانە و کافتریاکانیدا دانیشتین، زۆر دەمێك بوو ئارەزووی دیتنی پاریسم دەکرد کاتێ لە قۆناغی دواناوەندیی کۆیە بووم (١٩٦٤–١٩٦٦) بە شێوەیەکی بەرفراوان سەرقاڵی خوێندەوەی رۆمانە بەناووبانگەکانی (ارنست هیمنگوای، ڤیکتۆر هۆگۆ، تۆڵستۆی، مکسیم گۆرکی، پۆشکین، ستاندال، محمد عبدالحلیم عبدالله، احسان عبدالقدوس، محمد حسین هیکل، جورج اوریل و دەیانی دیکەش)، سەرەڕای خوێندنەوەی مێژووی شۆڕشی فەرەنسا و کۆمۆنەی پاریس و ژیانی ناپلیۆن پۆناپارت و فەرمانڕەوایەتیی (لویس)ـەکان و ئەو رۆمانانەی کە بە ناوی (مغامرات بادلیان) و رۆمانەکانی (اسکندر تۆماس)ـی گەورە کە زیاتر بەلای فەرەنسا و شۆڕشی فەرەنسا و نووسەرە فەرەنسییەکانەوە دەچوون، وە تا رادەیەکی زۆریش فەرەنسا و پایتەختە بەناووبانگەکەی (پاریس)ـم دەهاتە بەرچاو، لە لایەکی دیکەوە دیسان لە ڕێگای خوێندنەوە و قسە و باسی ئەو برادەرانی کە سەردانی فەرەنسایان کردبوو و شتیان لە بارەی دەگێڕایەوە وای لێکردبووم کە دیمەنی (قوس النصر، شەقامی شانزلیزێ، مۆزەخانە لۆڤەر،

بورجی ئیڤڵ، رووباری سین، گەڕەکی سان جێرمان و مەی و مەیخانەکانی پاریس) هەمیشە لەبەرچاوم بوو، بۆیە کاتێ گەیشتینە پاریس لە کات و ساتی بۆشایی کۆنگرەکە ئەوجا ئەگەر شەو با یاخود رۆژ ئەوا فرسەتم وەردەگرت و لەگەڵ یەك دوو برادەری کورد یاخود عەرەب کە لەنێوانیاندا برادەرێکی قۆناغی زانکۆ و کۆلیژ و پۆلەکەی خۆم دیتەوە کە ئەویش خاتوو (شمیران مرۆگی) کە لە ساڵی ١٩٦٧ەوە یەکترمان دەناسی کە ئەو ئەندامی حزبی شیوعیی عیراقی بوو و لە پاش دەرچوونمان لە زانکۆ نەمدیتەوە تاکو ئێوارەی ئەو رۆژە ٢٠٠٧/١/٧ یانی پاش دابڕانی ٤١ ساڵ کاتێ لە شەقامی شانزلیزێ لەگەڵ کۆمەڵێك رۆژنامەنووسی عەرەب کە ئەوانیش بۆ هەمان کۆنگرە هاتبوون کە لەنێوانیاندا (ئەحمەد عبدالمجید) جێگری سەرنووسەری رۆژنامەی (الزمان)ی عیراقی لەگەڵیان بوون، هەر ئەم شەوە لە کاتی گەڕانەوەماندا بەبەردەم ماڵی ڤیکتۆر هۆگۆ تێپەڕین و بڕیارم دا کەوا ئەگەر بۆ چەند خولەکێکیش بێت سەردانی بکەم، ناوە ناوەش شەهیدی خوالێخۆشبوو (شهاب التمیمی) نەقیبی رۆژنامەنووسانی عیراق کە دۆستێکی نزیکم بوو و یەکێك بوو لەو رۆشنبیر و رۆژنامەنووسە عەرەبانەی کە بەدڵ کوردی خۆشدەویست، چونکە وەکو دەیگێڕایەوە لە ساڵی ١٩٤٧ بەدواوە تێکەڵی رێکخستنەکانی حزبی شیوعیی عیراقی بووە و زۆرجاریش باسی یادەوەرەکانی خۆی لە حەپسخانەی موسڵ دەگێڕایەوە کە چۆن کۆمەڵێك پیاوانی کوردی زیندانیکراوی ناسیوە و لە رێگەی ئەوانەوە شارەزایی لە کورد و دۆزی کورد بووە کە زۆر جار لەو سەفەرەدا داوای لێدەکردم کەوا لەگەڵ خۆمی بگێڕم منیش بەپێی کات و توانا بێ دڵیم نەدەکرد.

کاروباری کۆنگرەی (بەرەو راگەیاندنێکی عیراقی ئازاد و فرەلایەن و گەشەسەندوو) لە بارەگای رێکخراوی یونسکۆ لە پاریس بەڕێوەدەچوو، دانیشتنی یەکەمی کۆنگرەکە لە کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانیی رۆژی ٢٠٠٧/١/٨ کە تاکو ئەوکاتەش بەتەواوی دونیا رووناك نەببۆوە بە وتەیەکی کورتی (کۆشێر ماتسۆرا)ی بەڕێوەبەری گشتیی رێکخراوی یونسکۆ

دەستیپێکرد کە تێیدا سەرەڕای بەخێرهێنانی شاندە عیراقییەکان و میوانانی کۆنگرە گوتی (ئومێدەوارم توانیبێتمان کە هەنگاوێك بچینە پێش بەرەو ئەو درووشمەی کە هەمووومانی لێرە کۆکردۆتەوە)، لەدوای ئەویش (موفید الجزائری) کە ئەوکاتە سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندن و گەشتوگوزار بوو لە پەرلەمانی عیراقی سەرەڕای ئەوەی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعیی عیراقی بوو گوتی (پێویستە هەمووومان درك بەوە بکەین کە سەردەمی یەك راگەیاندن یەك بیروباوەڕ یەك حزب کە تەنها لە گۆڕەپانەکەدا هەبێت بەسەرچوو)، پاش ئەویش د. سیامەند زەید عوسمان کە بەڕێوەبەری راپەڕاندنی گشتیی هەیئەتی راگەیاندن و گەیادندنی عیراقی بوو ئەویش جەختی لەسەر لێکحاڵی بوون و بەرنامەی هاوبەش کرد کە پێویستە وەکو ئەو گوتی راگەیاندکاران بە جیاوازیی بیروڕا و ئینتیمای سیاسی پێویستە جەخت لەسەر ئازادیی را دەربڕین و گەشەپێدانی راگەیاندن لە عیراقدا کار بکەن...

لێرەدا ناکرێ باس لە هەرسێ رۆژی کۆنگرەکە بکەم کە تێیدا چەندین کەسایەتیی وەکو (پاولۆ لیمبۆ لە رێکخراویUNDP ، محمد الخمیش یاریدەدەری سکرتێری گشتیی جامیعەی وڵاتە عەرەبییەکان، سیجی کۆندو نوێنەری یابان لە یونسکۆ، ئەنتۆنی بۆردن بەڕێوەبەری راپەڕاندن لە پەیمانگای رۆژنامەگەریی شەڕ و ئاشتی، عباس عیساوی بەڕێوەبەری کەناڵی فرات، لەتیفە دلێمی نووسەر و راگەیندکاری عیراقی، جۆل کامیانا رێکخەری بەرنامەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کۆمەڵی پاراستنی رۆژنامەنووسان، جۆرج مال برونۆ لە رۆژنامەی ڤیگارۆی فەرەنسی، اياد جمال الدين پەرلەمانتاری عیراقی، جۆسیار هۆشمبرگ بەڕێوەبەری راپەڕاندن لە IMS، مایکڵ مینشەر لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا–نووسینگەی مافی مرۆڤ و دیموکراسی و کار، محمد جلید بەڕێوەبەری نووسینگەی یونسکۆ لە عیراق، قەشە سوف تۆما سەرنووسەری گۆڤاری الفكر المسيحي، ئۆلیڤەر مۆنیکیرا لە IFJ، نخله الحاج بەڕێوەبەری هەواڵ و بەرنامە سیاسییەکان لە کەناڵی العربيه، رەند رحیم سەرۆکی پەیمانگای عیراقی، د. سليم الجبوری پەرلەمانتاری عیراقی و دەیان

کەسایەتیی دیکە) کە هەرهەموویان بەشداریی کاریگەریان هەبوو کە تێیدا ڕۆژانە سێ دانیشتن ئەنجام دەدرا کە هەر دانیشتنێك دوو کاتژمێر و نیوی دەخایاند، چەندین بەشداربوو قسەیان تێدا دەکرد و دوابەدوای ئەویش گفتوگۆی گەرم دەهاتە ئاراوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا دەمەوێ بیڵێم کە ئێمەی بەشداربووانی کورد سەرەڕای جیاوازیی بیروڕا بەتایبەتیش لەگەڵ بەشداربووانی بەناو کەناڵە ئەهلییەکان، بەڵام دیسان لە هێڵە گشتییەکان یەك را و سەرنجمان هەبوو کە جیاوازییەکی زۆرمان لەگەڵ بەشداربووانی عەرەبدا هەبوو، لە دانیشتنی یەکەمی ڕۆژی سێیەم ٢٠٠٧/١/١٠ کە تەرخان کرابوو بۆ قسەکردن لەسەر (المعايير المهنية للعمل الإعلامي وبناء القدرات ودور المرأة) کە تێیدا علی الاديب-ی پەرلەمانتاری عیراقیی شیعە سەرۆکایەتیی ئەو دانیشتنەی دەکرد کە تێیدا بەندە و روهان باسکیرا لە INDEX INCENSORSHIP و ئولیڤەر موتیکیرا لە فدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی و خاتوو عەبیر عەوەز لە BBC WORLD SERVICE TRUST و فەیسەڵ الیاسری لە کەناڵی الديار-ی عیراقی و شەهاب التميمی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی عیراقی بەشداریمان کرد، بەندە وتارەکەم بەم شێوەیە دەستپێکرد و گوتم (ڕۆژتان باش، صباح الخير، سڵاوی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانتان پێشکەش دەکەم و هیوادارم ئەم کۆنگرەیە بە بڕیار و ڕاسپاردەی بەسوود کۆتایی بە کارەکانی بهێنێت لەپێناو گەیشتن بە ڕاگەیاندنێکی ئازاد و کاریگەر لە عیراقدا دوور لە گیانی تاکڕەوی و سیاسەتی خۆسەپاندن وەکو لە سەردەمەکانی پێشوودا پەیڕەو دەکرا، دەربارەی بابەتی سەرەکیی کۆنگرەکەمان من لێرەدا باس لە ئەزموونی ڕاگەیاندن دەکەم لە کوردستان لەپاش سەرکەوتنی ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ کە تێیدا ڕاگەیاندن پێی نایە قۆناغێکی تازە کە ئەویش خۆی لەو ئازادییەی دەنوێنێ کە دەیان ڕۆژنامە و گۆڤار و دەیان ڕادیۆ و کەناڵی تەلەفزیۆنی هاتۆتە کایەوە دوور لە دەستی سانسۆر بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، تورکمانی، سریانی و ئینگلیزی بۆ هەموو پێکهاتەکانی گەلی

کوردستان بە جیاوازیی بیروڕای سیاسی، ئاینی، نەتەوەیی کە لە ئاکامدا ژمارەیەکی زۆر لە ڕاگەیاندکار پێگەییون و هاتوونەتە گۆڕەپانی ڕاگەیاندن و ئازادانە کارەکانی خۆیان ڕادەپەڕێنن)، پاشان بە درێژی باسی چۆنێتیی دروستبوونی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانم کرد بەپێی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨ کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە کە ئەویش بۆتە زانمکردنی ئازادیی کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان، ئەوجا هاتمە سەر ئەنجامدانی چەندین سیمینار و وۆرك شۆپ بۆ ژمارەیەك لە ڕۆژنامەنووسانی عیراقی و هێنانی پسپۆڕی نێودەوڵەتی لە ئەورووپاوە بۆ دەوڵەمەند کردنی ئاستی ڕۆژنامەنووسان و چەندی دیکەی وەکو پسپۆڕ ماکی زانگەری مامۆستای بابەتی ڕۆژنامەگەری لە زانکۆی ئەمەریکی لە قاهیرە کە هەمووی لەپێناوی پیادەکردنی درووشمی  سەندیکایە کە دەڵێ (لەپێناو چەسپاندنی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و دابینکردنی ماف و گوزەرانی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان)، ئەوجا بەدووروودرێژی باسی ئەو دەستکەوتانەم کرد کە بۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان هاتۆتە کایەوە، وەکو دابەشکردنی زەوی بەبێ بەرامبەر، یاسای خانەنشینی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ژمارە (٣١)ی ساڵی ٢٠٠٢، هەژمار کردنی خزمەتی ڕۆژنامەنووسی بۆ ڕۆژنامەنووسان، بانگهێشت نەکردنی ڕۆژنامەنووسان لەسەر کاری ڕۆژنامەنووسی بۆ بەردەم پۆلیس و ئاسایش بەبێ بڕیاری دادوەر، کۆمەکی ماددیی ڕۆژنامەنووسان سەرەی گەڵاڵەکردنی پڕۆژەی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان کە تێیدا چەندین بڕگە و خاڵی سوودبەخش بۆ ڕۆژنامەنووسان و چەسپاندنی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی بە یاسا تێیدایە و پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کراوە و بەم نزیکانە بە یاسا دەردەچێت، ئەوجا لە بڕگەیەکی دیکەدا باسم لە ڕۆڵی ئافرەت کرد لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەم بوارەدا هاتۆتە بەردەم کێ تێیدا جۆر و فرە لایەنی هۆکاری چوونە ناو توێژی ئافرەتە لە کاری ڕاگەیاندن دا کە تێیدا ڕۆژنامەنووسی (ئافرەت، ژن، مێینە) ئێستاکە لە کوردستان بوونەتە (سەرنووسەر، لێپرسراوی دەزگا، پەیامنێر، وێنەگر،

ریپۆرتەر، و چەندین کاری دیکە لە بواری راگەیاندن دا) لە هەمان کاتیشدا رۆژنامەگەریی ئافرەتان پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، لە کۆتاییشدا کۆتاییم بە وتارەکەم بەم شێوەیە هێنا، (بەناوی رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە داوا لە سەرجەم رێکخراو و دەستە و دەزگا پەیوەندیدارەکان بە مافی مرۆڤ و ئازادیی بیروڕا و گەشەسەندنی کاری رۆژنامەنووسی دەکەم کەوا یارمەتیی ماددی و مەعنەویمان بکەن لە پێناوی پەرەپێدانی کاری رۆژنامەنووسی و پێگەیاندنی هەستی پیشەیی کە دەبێتە هۆکاری چەسپاندنی بەرەوپێشەوە چوونی ئەزموونی راگەیاندن لە کوردستان کە دەیان ساڵە بێبەشە لە دونیای سەردەم و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە گۆڕەپانی رۆشنبیری و راگەیاندن گوزەر دەکات، لە هەمان کاتیشدا دیسان منیش دەنگم دەخەمە پاڵ ئەو دەنگانەی کە دژ بە پەراوێزخستنی هەردوو سەندیکای کوردستانی عیراقییەوەن، چونکە ئەو دوو سەندیکایە چوارچێوەی سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان و عیراقن وە لە هەمان کاتیشدا سەرسوڕمانیی خۆمان رادەگەیەنم لەو شێواز و دەنگانەی لەناو رێکخەرانی ئەم کۆنگرەیە بەدی دەکرێت کە تێیدا دەیانەوێ بە دەستی ئەنقەست وامان تێبگەیەنن کە (خەڵکی حەبەشە لە خەڵکی مەککە شارەزاترن لە ناسینی دۆڵ و دەروازەکانی مەککە).

لێرەدا پێش کۆتایی هاتن بە دەنگوباسی کۆنگرەکە دەمەوێ باسی ئەو رووداوە بکەم کە لە دانیشتنی کۆتایی روویدا کە تێیدا لیژنەیەك بۆ داڕشتنی بەیاننامەی کۆتایی و ئامادەکردنی راسپاردەکان درووست ببوون لە چەندین رۆژنامە و نوێنەرانی یونسکۆ بەبێ بەشداریکردنی بەندە و نەقیبی رۆژنامەنووسانی عیراقی (شهاب التمیمی) کە بەڕاستی نیگەران و تووڕەی کردم وە لەبەرچاوی هەمووان لە دەنگێکی بەرز گوتم (هەر ئێستاکە بەیاننامەیەك بەناوی هەردوو سەندیکای کوردستان و عیراقی بڵاودەکەمەوە کە تێیدا هۆکاری پەراوێزخستنی ئێمەی هەردوو سەندیکا دەخەمە روو بۆ رای گشتی و سەرەڕای کشانەوەمان رادەگەیەنم)، کاتێ رێکخەرانی کۆنگرەکە زانیان کە هەڵەیان کردووە و فێڵیان لێکراوە هەر زوو سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای

راگەیاندن و گەیاندن هاتە لام و داوای لێبوردنی لێکردم و گوتی (نەمانزانی ئێوە ئەوەندە توورەن، مەسەلەکە لای ئێمە بەهەڵە رێکخراوە و داوای لێبوردنتان لێدەکەم)، ئەوجا لەژێر کاریگەریی هەڕەشەکەی ئێمە (بەندە و شهاب التمیمی و د. دلێر شاویس) بە ئەندامی کاری لیژنەکە دانراین، لێرەدا پێویستە ئیشارەت بەوە بدەم کە من و د. دلێر تووشی گفتوگۆیەکی زێدە توند هاتین لەگەڵ ئەندامانی لیژنەکە سەبارەت بە دانانی وشەی (کوردستان) و ئازادیی رۆژنامەنووسی لە کوردستان و گوتمان ئێمە دیسان لەسەر ئیمزا لەسەر بەیاننامە کۆتاییەکە ناکەین ئەگەر ئەو دوو بابەتەی تێدا نەبێت، دواتر لە ئەنجامی پێداگرییەکەی د. دلێر و بەندە (وشەی کوردستان و پێشخستنی کاری رۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستان لە بڕگەی (٩) ی بەیاننامەکە چەسپێنرا)، پاش بەکۆتاهاتنی کۆنگرە و خوێندنەوەی بەیاننامەکە بەندە و شێرکۆ حەبیبی ئامۆزام کە لەبەرمن لە لەندەنەوە هاتبووە پاریس بەرەو (بورجی ئیڤڵ) چووین لەو شەوە ساردەی پاریس ماوەی دوو کاتژمێرمان لەو شوێنە و دوروبەری بەسەربرد ئەوجا بەسواری تاکسییەك بەرەو گەڕەکی (سان جێرمان) چووین کە ئەویش ناوچەیەکی کۆن و ناوداری پاریسە، وە لە یەکێ لە چێشتخانە کلتوورییەکان کە تەمەنی دەگەڕایەوە بۆ دەیان ساڵ پێش ئێستا (٢٠٠٧) پشوومان لێدا و نانمان لێ خوارد کە تا رادەیەکیش کەلوپەلەکانی بە بابەتی کلتووری و کۆن دەچوون، لە گەڕانەوەماندا بەسەر یەکێ لەو پردانەی کە لەسەر رووباری (سین) دروستکراوە تێپەڕین کاتژمێر (١١)ی شەو بوو بۆ ماوەی چەند خولەکێك لەسەر پردەکەوە تەماشای رووباری (سین)م دەکرد کە تێیدا تریسکەی گڵۆپەکانی باڵەخانەکانی دەوروبەری جۆرە دیمەنێکی دڵڕفێنی پێ دەبەخشی، وەکو مێژوو باسی دەکات ناپلیۆن پۆناپارتی ئیمپراتۆری فەرەنسا بەر لە مردنی کاتێ دەستبەسەر بوو لە دورگەی (ساند هیلانە) لە وەسێتنامەکەیدا دەنووسێ (کاتێ کە دەمرم لەتەنیشت رووباری سین بمنێژن بۆئەوەی هەمیشە لەسەرچاوەی ژیان و جوانیی ئەو شارە نزیك بم) کە بێگومان ناپلیۆن بیری لەوە کردۆتەوە کە رووباری سین سەرەڕای دیمەنی جوانی

رووبارەکە کە هێمنانە بەناو پاریسدا گوزەر دەکات و بە زیندوویی دەمێنێتەوە بۆیە ئەویش بە مەبەستی بەزیندوو راگرتنی ناوی خۆی لە تەنیشت رووباری سین هەڵبژاردووە وەکو دوامەنزڵی.

ڕۆژی دوای کۆنگرەکە ئازاد بووین هەر پاش خواردنی بەیانی بە سواری تەکسییەك بەرەو جوانترین و دەوڵەمەندترین مۆزەخانەی وڵاتی فەرەنسا و ئەوروپا کە تاکو ئەو کاتە دیتبم (کە ئەویش مۆزەخانەی لۆڤەر بوو) کە تێیدا تاکو کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ لەنێویدا هاتوچۆمان بوو، گەڕان و سووڕان لەنێوان هۆڵ و پەناوپێچەکانی ئەم مۆزەخانەیە کە مرۆڤ سەری لەوەی سوڕ دەمێنێ چۆن لە رۆژگاری رابردوودا ئەو کارە گەورانە کراون کە تاکو ئێستاش ئاستی هونەری نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی ئەوکاتەی کە ئەو وێنەی تابلۆیانەی تێدا نەخشێنراون کە لەهەموو لایەکەوە پابەندی رەسەنایەتی و مرۆڤایەتییەوە ببوون، هونەرمەندەکان شاکاری ئەوتۆیان هێناوەتە بەرهەم وەکو تابلۆی (دوا ئێوارەی خوانی خودایی و تابلۆی مۆنالیزای ئەفسوناوی) کە جارێکی دیکە ئەو جۆرە هونەرە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە هونەرمەندانی لۆڤەر و ڤاتیکان تێپەڕیون، ئەو چەند کاتژمێرەی کە لەو مۆزەخانەیە ماینەوە تینوێتیی حەز و ئارەزووی نەشکاندم وە هیوام دەخواست ئەگەر تەمەن بوار بدات جارێکی دیکە سەردانی ئەو شوێنانە بکەم کە بە زیندویی لە هزر و دڵ دا گوزەر دەکات (ئەمڕۆ رێککەوتی ٢٠١٥/١١/٢٥)یە کاتێ گەیشتمە نووسینی ئەم لاپەڕانە، بەڵام ئەوەی جێگای داخە چەند رۆژێك پێش ئێستا چەند دەستێکی رەش و مێشك رەش ویستیان رووی گەشی مۆنالیزا و هێمنیی رووباری سین و وێنەی سومبولی ئاشتی لە مێژوودا کە ئەویش حەزرەتی (مەسیح) بشێوێنن کە لە ئاکامی کرداری چەند تیرۆرستێکی بەڕەگەز عەرەبی ئیسلامی دەیان مرۆڤی بێ گوناه کەوتنە بەر هێرشی نامرۆڤانە کە بە هیچ شێوەیەك پەیوەندییان بە مرۆڤ و مرۆڤایەتییەوە نییە.

لە پەنجەرەی تەیارە فەرەنسییەکە کاتێ بەسەر بووکی ئەوروپا (پاریس) تێدەپەڕین لە کاتی گەڕانەوەماندا بۆ کوردستان وتەیەکی (جنراڵ دیگۆل)ی

سەرۆکی فەرەنسای سالآنی نیوەی شەستەکانم هاتەوە یاد کاتێ رۆژنامەنووسێك لێی دەپرسێ (ئایا بە رای تۆ نێوانی فەرەنسا و بەریتانیا و گەلی فەرەنسا و ئینگلیز چییە؟) لە وەلآمدا جەنەڕاڵ دیگۆلی زێدە باوەڕبەخۆ دەڵێت (تاکو ئەوسەری خۆشەویستی فەرەنسام خۆشدەوێ چونکە وڵاتی منە و جۆرە نۆکەرییەکم لەپێناویدا قبووڵکردووە کاتێ ئەڵمانیای نازی وڵاتەکەمیان داگیر کردبوو لەشەڕی دووەمی جیهانیدا (١٩٣٩-١٩٤٥)وە پەنام بۆ وڵاتی بەریتانیا بردبوو و هەمیشە لە خەمی ئازادکردنیدا بووم تاکو ئازادکرا ئەوجا دەبێت چ خۆشەویستییەك لە دڵی من چەسپابێ وڵاتەکەی خۆم کە فەرەنسایە بە داگیرکراوی و بە ئازادی دیتبێت، بەلآم تا رادەیەك هەندێ رەوشتی هاووڵاتیانی فەرەنسام بەدڵ نییە چونکە بۆ نانخواردنی بەیانی حەوت جۆرە پەنیر لەسەر مێزی نانخواردن دادەنێن کە ئەمەش بەو مانایە دێت کە هاووڵاتییانی فەرەنسا بیر لە ئابووریی وڵاتەکەی خۆیان ناکەنەوە و دەستبلآون، بەپێچەوانەشەوە خۆشەویستیی وڵاتی بەریتانیام لەدڵدا نییە چونکە بەریتانیا دۆستی فەرەنسا نەبووە و جۆرە دوژمنایەتییەکی تەقلیدییان لەنێوان فەرەنسا و بەریتانیا هەیە، بەلآم بە رێزەوە لە هاووڵاتییانی ئینگلیز دەڕوانم چونکە بۆ نانخواردنی بەیانیان تەنها یەك جۆرە پەنیر لەسەر مێزی نانخواردن دادەنێن)، لێرەدا مەبەستم جۆری بیرکردنەوەی جەنەڕاڵ دیگۆلە کە چۆن پەرۆشی بۆ ئابووریی وڵاتەکەی خۆی و خۆشەویستیی بۆ فەرەنسا و هاووڵاتیانی فەرەنسا هەڵدەسەنگێنێ بەو هەموو وردەکارییەوە کە بەدڵی نین خۆزگە سەرکردەکانی ئێمەش بەو جۆرە وردەکارییەوە بیریان لە نیشتمان و هاووڵاتیان کوردستان دەکردەوە!.

بە گەڕانەوەم بۆ کوردستان بەپەلە داوەتنامەیەك و ئاگادارییەکم پێ راگەیەندرا ئەویش ئامادەبوونم لەگەڵ زۆربەی سەرکردە یەکەمەکانی رێکخراو و سەندیکای رۆژنامەنووسییەکانی جیهانی عەرەبی و ئێران چونکە دیدارەکە کە لە وڵاتی جەزائیر بەڕێوە دەچوو لە رۆژانی ٢٦، ٢٧، ٢٠٠٧/١/٢٨دا کە تێیدا ئەوەی دەخواست کە بەندە و شهاب التميمي بە شەخسی ئامادەبین

هەریەکەو رۆژنامەنووسێکی دیکە لەگەڵ خۆمان ببەین، لە سەندیکای عیراقەوە موئەیەد اللامی هاتبوو منیش وام بە چاك زانی کە شێرکۆ لە بەریتانیاوە بێت لەبەرئەوەی لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە و دووەم زمانی ئینگلیزی دەزانێ کە ئەوەشیان یارمەتیی منی دەدا بۆ لێکحاڵی بوون بۆ سەرۆکایەتی IFJ کە هەموویان ئامادە دەبوون، بەڵام بەهۆی پێنەدانی ڤیزا لەلایەن سەفارەتی جەزائیر لە بەریتانیا شێرکۆ نەیتوانی لەو دیدارە ئامادەبێت، لە راستیدا تووشی جۆرە دڵەڕاوکێیەك هاتم، لەوە دەترسام جەزائیرییەکان ڤیزا بە منیش نەدەن بۆیە جەختمان لە IFJ کردەوە کەوا مەسەلەکە بە هەند وەربگرن و ئەوانیش دڵنیایان کردم لە پێدانی ڤیزا، رۆژی ٢٠٠٧/١/٢٤ لە عەممانی پایتەختی ئوردن لە رێگای هێڵی ئاسمانیی ئوردنی کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕ گەیشتمە جەزائیری پایتەخت، وابزانم تەنها تاکەکەس بووم کە بە پاسەپۆرتی عیراقییەوە لە تەیارەکە دابەزیم و بەڕیز لەبەردەم ئەفسەری لێپرسراوەوە راوەستاین، ئەویش زۆر بە ئاسایی کارەکەی ئەنجام دەدا، کاتێ نۆرەی من هات و پاسپۆرتەکەی لێ وەرگرتم بە سەرسوڕمانەوە تەماشایەکی کردم و دەستی دایە تەلەفۆنەکەی بەردەمی و بە ئەسپایی قسەی لەگەڵ یەکێکی دیکە دەکرد کە لێبۆوە ئیشارەتی بۆ من کرد کە نەختێ بچمە ئەولاتر وە لەسەر کورسییەك دابنیشم و پاسەپۆرتەکەشی لای خۆی هێشتەوە، ماوەی زیاتر لە نیو کاتژمێر چاوەڕوانیم کرد و ئەو خەڵکەی کە لەگەڵ من لە تەیارەکە دابەزین هەمویان بەڕێکران منیش لە دڵی خۆمدا سەد و یەك حیسابم بۆ خۆم دەکرد، پاش نیو کاتژمێر تەلەفۆنی شێرکۆم کرد بۆ لەندەن و بارودۆخەکەم تێگەیاند بۆئەوەی ئەویش ئاگاداری IFJ بکاتەوە چونکە ئەوان خاوەنی مەسەلەکەن، پاش چارەکە سەعاتێکی دیکە ئەفسەرەکە بانگی کردم و بە ئەدەبەوە چەند پرسیارێکی لێکردم:-

**ئەفسەری پۆلیس**: تۆ عیراقیت بۆچی هاتوویتە جەزائیر؟

**بەندە**: بەڵێ من هاووڵاتیی کوردی عیراقیم و نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستانم و بەمەبەستی ئامادەبوون لە دیدارێکی بەرفراوانی سەندیکا و

ڕێکخراوەکانی ڕۆژنامەنووسانی جیهانی عەرەب و ئێران کە لە ڕۆژانی ٢٦-١/٢٨ لێرە دەبەسترێ هاتووم و لە سەفارەتی ئێوە لە عەممان بەپێی بوونی ناوم لە داوەتنامەکەدا ڤیزام پێدراوە، بەڵام من لێرەدا سەرم سوڕماوە لە هێشتنەوەی من بەم شێوەیە کەوا خۆی لە یەك کاتژمێر دەدا، وام لێهاتووە کە گومان لەخۆم بکەم کە لەبەر چی و بە چ هۆکارێك مامەڵە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی کوردی عیراقی بە ڤیزایەکی ڕەسمی هاتۆتە ئێرە و بەو شێوەیە مامەڵەی دەکەن، کەسێك لەم ناوە نەماوە تەنها من نەبێت ئەگەر بمزانیبایە بەم جۆرە مامەڵەمان لەگەڵ دەکرێ پێم نەدەنایە ئەم وڵاتە.

**ئەفسەری پۆلیس:** داوای لێبوردنت لێدەکەین، چەند هۆکارێك هەیە کە بەڕێزتانمان دواخست، یەکەم ناوەکەت ناوێکی عەرەبی نییە کە عیراقی پێی ناسراوە، کوردیش حکومەتێکی محەلیی خۆیی هەیە کە لای ئێمە ئیعترافی پێ نەکراوە، دووەم بەڕێزت لە عیراقەوە هاتوویت و بە پاسپۆرتی عیراقی کە ئێمە گومانی لێ دەکەین، مافی خۆمان لە ڕاست و درووستی پاسپۆرتەکەت بکەین، سێیەم کە لە هەمووی کاریگەرترە ڕۆژانە بەبەرچاوی دونیاوە و لە ڕێگای کەناڵەکانی تەلەفزیۆنەوە دەبینین کە چۆن ئێوەی عیراقی دڕندانە مامەڵە لەگەڵ یەکتری دەکەن، ڕۆژانە دەیان کەستان لێ دەکوژرێ یاخود سەردەبڕدرێ دیسان مافی خۆمانە بترسێین لە هەر عیراقییەك کە سەردانی جەزائیر دەکات و دەبێت وردەکاریی لێکۆڵینەوەی هۆکاری هاتنەکەیان بکەین، هەر ئێستاکە لە دەرەوەی ئەم ئۆفیسە (ئۆفیسی فڕۆکەخانە) پۆلیسی چاودێری فڕۆکەخانەکە پێیان ڕاگەیاندین کەوا نوێنەرانی IFJ و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی جەزائیر لە چاوەڕوانیتدان، جارێکی دیکە داوای لێبوردنت لێدەکەین، فەرموو ئەوە پاسپۆرتەکەت.

کاتێ پرسیاری جانتایەکەی خۆمم کرد کە هەموو کەلوپەل و ئەوراقی منی تێدابوو نەمدۆزییەوە، بەڵام پاشان لە ڕێگای ئامێری بێتەل کە ئەویش چارەکە سەعاتێکی پێچوو زانیمان لە کۆگای فڕۆکەخانەکە دانراوە چونکە وەکو گوتیان خاوەنی دیار نەبوو، لە ڕاستیدا ئەم هێشتنەوەم بەم شێوەیە کە بە

ئیهانەم دەزانی وایلێکردم سەد لەعنەت لەو پاسپۆرتە بکەم کە ئێمەی کورد لێی بێبەرین لەو وڵاتەی کە پێی دەگوترێن عیراق و ئێمەی پێوە لکێنراوە و دیسان هەزار لەعنەتیشم لەو جۆرە مامەڵە ناشارستانییە بێ ئسوڵییە کرد کە لە فڕۆکەخانەی جەزائیر بەرامبەرم کرا و هەزاران لەعنەتیشم لە سەرۆکی پێشووی ئەم وڵاتە کرد کە (هواری بومدیان) بوو کە چۆن بێ ئابڕووانە ڕۆڵی (بەربووکی) دیت لەنێوان هەردوو وڵاتی دوژمن بە یەکتری کە لەئاکامدا بە هەوڵ و کۆششی ئەوان و نەیاران ڕێککەوتننامەی ٦ی ئازاری ساڵی ١٩٧٥ ئیمزاکرا.

کاتێ کە جانتاکەم دیتەوە چوومە دەرەوەی فڕۆکەخانەی جەزائیر تووشی سێ لە پێشوازیکەران کە لەچاوەڕوانی مندا بوون هاتم و پێیان ڕاگەیاندم کە چەند جارێك پەیوەندییان بە (کمال عمارنە)ی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی جەزائیر کردووە دەربارەی دواکەوتنەکەی من لەلایەن ئاسایشی فڕۆکەخانەوە کە مایەی نیگەرانیی ئەوانیش بووە، بەڵام من خۆم تێکنەدا و گوتم (ئێمەی کورد هەمیشە دەبێت چاوەڕوانی ئەو جۆرە گەمانە بکەین).

کەشوهەوای پایتەخت باراناوی بوو کاتێ لە فڕۆکەخانەوە بە ئۆتۆمبێلێکی مینی پاس بەرەو ئوتێل دەچووین، بیرم لەو ڕووداوانە دەکردەوە کە پەیوەندییان بە وڵاتی جەزائرەوە هەبووە وەکو فڕاندنی (احمد بن بیلا) و هاوەڵانی لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو کاتێ دەیانەویست لە وڵاتی مەغربییەوە بەو قاهیرە بچن لەلایەن چەند فڕۆکەیەکی جەنگیی فەرەنسا ئەحمد بن بیلایان فڕاند کە پاش سەرکەوتنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی جەزائر هەمان بن بیلا بووە یەکەم سەرۆکی الجزائر لە ساڵی ١٩٦٠ لە ئاکامی سیاسەتی واقع بینانەی جەنەڕاڵ دیگۆل کە ئەویش ئەوکاتە سەرکۆماری فەرەنسا بوو، ئەحمەد بن بیلا هەڵوێستی بەرامبەر کورد ئەرێنی بوو بەتایبەتیش کاتێ لەگەڵ هەندێ کەسایەتیی کورد و عەرەب بەرەو تەوژمی میانڕەوی ئیسلامی دەچوون ئەوجا سەردەمی پاشایەتیی عیراقم هاتەوە یاد کە چۆن لەو ڕۆژگارانەدا وێنەی تێکۆشەری وڵاتی جەزائیر (جمیلە بوحیرد) ببووە سومبولی ئازادیخوازانی دونیا کە تەنانەت گەیشتە شاری کۆیەش، ئەوجا هەڵوێستی خیانەتکارانەی

هواری بومدیان و وەزیری دەرەوەی ئەوسا عبدالعزیز بوتفلیقە ئەو وڵاتەم هاتەوە یاد کە چۆن بە بەشداریی کاریگەری ئەوان شای ئێران و سەدام حسێن ڕێککەوتنی جەزائریان مۆر کرد کە تێیدا کارەساتی نکسۆی شۆڕشی ئەیلولیان (١٩٦١-١٩٧٥) بەدوای خۆی هێنا.

کاتێ ئۆتۆمبێلەکەم گەیشتە بەردەم ئوتێلی (ئەلئەتڵەس)ی پێنج ئەستێرە چاوم بە خوالێخۆشبوو شهاب التمیمی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی عیراق و ڕەجەب مەزروعی سەرۆکی ئەنجوومەنی صنفیی ڕۆژنامەگەرانی ئێران کەوت کە دیاربوو پێش من گەیشتبوونە ئوتێل، شهاب التمیمی هۆکاری دواکەوتنەکەی منی پرسی کە بەتەنیا من لە فڕۆکە بەجێمابووم چونکە لەناو فڕۆکەکەی کە لە عەمانەوە بۆ جەزائیر دەهاتین بە ڕێککەوت لەگەڵ (محمود یوسفی) کە جێگری سکرتێری گشتی و سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بوو لە یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب ئەو بە (شهاب التمیمی) گوتبوو کەوا منی لەناو هەمان تەیارە دیوە کە لە عەمانەوە پێی هاتبووم، منیش لە وەڵامدا بە شهابم گوت (خۆت نازانی مامەڵەی عەرەب چۆن لەگەڵ کورد بەتابەتیش کاتی پاسپۆرتی عیراقیمان لەگیرفاندایە)، ئوتێلی ئەتڵەس ئوتێلێکی گەورەی پایتەخت بوو کە لەسەر شوێنێکی بەرز درووستکرابوو، لە هەندێ لاوە بەدار و درەخت دەورە درابوو، ژوورەکەی کە بۆ من تەرخانکرابوو بەرامبەر شاخی ئەلئەتڵەس بوو، شهاب التمیمی زۆری لێکردم کە ئامادەبم بەڵکو گەشتێك بەناو پایتەختدا بکەین، منیش لەو جۆرە گەشتانەدا بەهیچ شێوەیەك کات بە فیڕۆ نادەم و دەمەوێ زۆربەی کات لە دەرەوەی کۆبوونەوەکان بە گەڕان و سووڕان بەسەربەرم.

خوالێخۆشبوو شهاب التمیمی و موئەیەد اللامیی جێگری و هیفاء الحسینی کچە ڕۆژنامەنووسی عیراقی و بەرەگەز موسڵاوی کە هەمیشە بە (ڕازاوەیی) دەهاتە دەرەوە و بەندە بە سواری تاکسییەك بەرەو ناوەندی پایتەخت و شەقامی (دودش موراد) کە ئەو شەقامە بەناوی یەکێ لە تێکۆشەرەکانی سیاسی بەرەی ڕزگاری جەزائیر بووە و شەهید کراوە،

ماوەیەکی باش لە پایتەختدا گەڕاین، لە یەکێ لە کۆگاکانی فرۆشتنی (سیمکارت)ی جەزائیری ئاگاداریان کردین کە ئاگاداری گیرفان و جانتای دەستمان بین چونکە لە جەزائیر دیاردەی راوروت هەیە.

کاتژمێر (١٠)ی رۆژی ٢٠٠٧/١/٢٦ لە هۆڵی بارەگای (فریدریش ئیبەرد)ی ئەڵمانی لەژێر درووشمی (راگەیاندن لەنێوان خۆجێیی و جیهانیدا یارمەتیی هەرێمایەتی لەگەڵ جیهانی عەرەبی و ئێراندا) بەسەرپەرشتیی فدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی دیدارەکە دەستپێکرد بە ئامادەبوونی (ئایدن وایت سکرتێری گشتیی IFJ و جیم بومیلا لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی بەریتانیا و ئیرلەندا (ئەوکات) و مارتن سیمونیز لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی بەلجیکا و منیە بلعافیە لە فدراسیۆنی نێودەوڵەتی و رەجەب مەزرووعی سەرۆکی ئەنجوومەنی صنفی رۆژنامەگەرانی ئێران و شهاب التمیمی و موئەیەد اللامی و لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراقی و بەندە لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.

لە دانیشتنی یەکەمدا (هاشمی جەیار) وەزیری گەیاندنی جەزائیر و تەیب لوح وەزیری کاری جەزائیری و کەمال عەمارنە نەقیبی رۆژنامەنووسانی جەزائیر لەگەڵ نوێنەرانی سەندیکاکانی رۆژنامەنووسان لە وڵاتانی عەرەبی جگە لە سەندیکاکانی میسر و سوریا و لوبنان ئامادەبوون.

دانیشتنی یەکەم بۆ وتارە گشتییەکان تەرخان کرابوو، بەڵام ئایدن وایت لەسەر هەموو وتارەکارەکان وەستەی دەکرد و راو و سەرنجی خۆیی رووندەکردەوە، دانیشتنی ئێوارەکەی رۆژی یەکەم وەرەقەی دیدارەکە دابەشکرا بۆئەوەی تێبینی و سەرنجەکانی خۆمانی بۆ ئامادە بکەین کە پێشووتریش پێش چەند رۆژێك بە (ئیمەیڵ) بۆمان هاتبوو.

لە دانیشتنی سەرلەبەیانیی رۆژی دووەمدا کە تەرخان کرابوو بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵێك وتار و راپۆرت بەندە بەپێی بەرنامەی کار مافی قسەکردنم هەبوو و ماوەی (١٥) خولەکم بۆ تەرخان کرابوو (لە سەرەتای قسەکانمدا تیشکم خستە سەر واقیعی رۆژنامەنووسی لە کوردستان و رۆڵی

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە بواری دەستەبەرکردنی ئازادی بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان بە برگە و داتا وتارەکەم دەوڵەمەند کردبوو، لە هەمان کاتیشدا ئاماژەم بە پرۆژەی یاسای کاری رۆژنامەنووسی کرد کە دوای گفتوگۆیەکی تێروتەسەل لەلایەن رۆژنامەنووسان و رۆشنبیران و پەیوەندیداران بە بواری راگەیاندن کە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کراوە و جەختم لەسەر سەربەخۆیی سەندیکا و سیما و خسڵەتە پیشەییەکانی سەندیکا کرد کە تێیدا زۆربەی هەر زۆری رۆژنامەنووسانی کوردستان بە جیاوازیی ئینتیمای قەومی و سیاسی و ئاینی لێی کۆبوونەتەوە بە ئامادەبوونیشم راگەیاند کە ئێمە لە هاوینی ئەم ساڵەدا کۆنگرەی گشتیی دووەمی سەندیکا دەبەستین و هیوادارین نوێنەری فدراسیۆنی نێودەوڵەتی و سەندیکا و رێکخراوە رۆژنامەنووسییەکانی عەرەبی و جیهانی بەشداریی کۆنگرەکەمان بکەن).
دیدارەکە بە گفتوگۆی هێمنانە کۆتایی بە کارەکانی هێنا، بەڵام بەندە چەند جارێك لەگەڵ هەردوو نوێنەری رێکخراوی رۆژنامەنووسانی تونس تووشی قسەی توند و ئیستفزازی بووم کە تێیدا ئایدن وایت و جیم بومیلا داکۆکیان لە هەڵوێست و بوونی ئێمە دەکرد تاکو جارێکیان جیم بومیلا بەگوێی چرپاندم (کەوا زۆر گوێ نەدەمە قسەی ئەو کەرانە)، لەکاتی گفتوگۆی بەیانی کۆتایی دیدارەکە کە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیی ئامادەکرابوو ئەوەی تێبینیم کرد کەوا (وەرەقەی تایبەت بە دامەزراندنی مەکتەبی سەلامەتی پیشەیی لە عیراقدا هیچ ئاماژەیەکی بۆ کردنەوەی خولی راهێنان لە کوردستاندا تێدا نەبوو کە ئەمەش بووە مایەی بەرپابوونی گفتوگۆیەکی توندوتیژ لەنێوان بەندە و سکرتێری رۆژنامەنووسانی تونس و جێگری رۆژنامەنووسانی عەرەب، بەڵام لە کۆتاییدا خوالێخۆشبوو شهاب التمیمی هاتە قسە و گوتی (برایان قازی رازییە موفتی بۆ نارازی دەبێت)–(القاضي راضي المفتي ليش يعترض)، کە تێیدا کۆتاییمان بەو برگەیە هێنا کە ئەو شەڕە ساردەی نایەوە بە گۆڕینی برگەکە بۆ (کارکردن لەگەڵ پەیمانگای نێودەوڵەتی بۆ سەلامەتیی رۆژنامەگەری بەهاوکاری لەگەڵ سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراقی و سەندیکای

رۆژنامەنووسانی کوردستان، ئەم نووسینگەیەش لە بەغدا و هەولێر و بەسرە دەکرێتەوە).

دوا شەوی کۆتاییم لەگەڵ (هاشمی جەیار) وەزیری راگەیاندن لە حکومەتی جەزائیردا بوو کە لە ئێوارە خوانێکی بۆ بەشدارانی دیدارەکە رێکخست، بەندە وەکو خسڵەت هەرجارێك بۆ ئەو جۆرە سەفەرانە بچم دیاریی کوردی لەگەڵ خۆم دەبەم کە ئەویش بریتییە لە (گەزۆی سلێمانی) سەرەڕای ئاڕمی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، رێوڕەسمی ئەو ئێوارەیە وا رێکخرابوو (هاشمی جەیار) لە کاتژمێر (٧)ی سەرلەئێوارەدا لە هۆڵی گەورەی چێشتخانەکەی ئوتێل (هیڵتن) پێشوازی لە بەشداربووانی دیدارەکە بکات، خوالێخۆشبوو شهاب التمیمی و بەندە بە (١٥) خولەك گەیشتینە شوێنی مەبەست و لەسەرەتادا خۆمان بە تەماشاکردنی کۆگایەکانی ئوتێلەکە سەرقاڵ کردبوو، شهاب التمیمی و من وا رێککەوتبووین کەوا یارمەتیدەرم بێت کە نەیەڵێ شاندەکانی دیکەی بەشداربوو پەلەم لێ بکەن بۆ تەوقەکردن تاکو بەندە قسەکانی خۆی تەواو دەکەم، شهاب لەپێشەوە تەوقەی لەگەڵ وەزیری گەیاندن (الاتصالات) هاشمی جیار کرد، ئەوجا منی پێشکەشی بە وەزیری ناوبراو کرد و گوتی (ئەمەش فەرهاد عەونییە نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستانە و تێکۆشەرێکی دێرینی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستانە)، ئەوجا من تۆزێکی دیکە لە وەزیر چوومە پێشەوە، بەڵام دەموچاویم بە باشی نەدەهاتە بەرچاو بۆیە یەکسەر هاتمە قسە و گوتم (بەڕێز جەنابی وەزیری گەیاندن خۆشحاڵم بەناوی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەشداری لەو جۆرە کۆبوونەوە و دیدارانە بکەم لێرە و لەوێ دیسان خۆشحاڵم بە بۆنەیەوە دیارییەکتان پێشکەش بکەم، سوپاسی میوانداریتان دەکەم بۆ ئێمە و هاوکارانی ئێمەی رۆژنامەنووس و سەندیکا و رێکخراوەکانی رۆژنامەنووسان دیارییەکەشم بریتییە لە جۆرە شیرینییەك کە لە شاخەکانی کوردستانەوە دێتە بەرهەم کاتێ لە وەرزێکی دیاردا لەسەر گەڵای ئەو درەختانەی ناو کێو و شاخەکانی کوردستان پەیدا دەبێت، ئەو شاخانەی کە هەمیشە ئەو جۆرە

بەرهەمە شیرینانە بەرهەم دێنن و لە دێر زەمانیشەوە تاکو ئێستا لانە و سەنگەری گەلی کوردستان و بزووتنەوە ئازادیخوازییەکەیەتی کە هۆکاری مانەوەی گەلەکەمانە سەرەڕای ئەو ڕێککەوتن و پەیماننامە خیانەتکارانەی کە دەرهەق بە گەلی ئێمە کراوە لە چەندین قۆناغی جیاجیادا لە هەمان کاتیشدا گەلی کوردستان هەمیشە پشتیوانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلان بووە کە تێیدا یەکێ لەو گەلانە هاوسۆزیمان لەگەڵی هەبووە و پاڵپشتی تێکۆشانیانمان کردووە شۆڕشی گەلی جەزائیر بوو دژی ئیستعماری فەڕەنسی)، هاشمی جەیار دوو جار لەسەریەك گوتی سوپاس، سوپاس، حەز دەکەم پاش تەواوبوونی پێشوازی لەگەڵت دابنیشم، منیش یەکسەر خۆشحاڵیی خۆمم بۆ دەربڕی و دیارییەکەم دایە دەستی، پاشان بەندە و خوالێخۆشبوو شهاب التمیمی و کەمال عەمارنە (نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی جەزائیر) لەسەر یەك مێز دانیشتین، پاش نەختێ وەزیری گەیاندن هاشمی جەیار هاتە لامان، دیاربوو دەیەیست گفتوگۆیەکی هێمنانەم لەگەڵ بکات، بۆیە پاش نۆشکردنی پێکی یەکەمی ئەو شەرابە فەڕەنسییەی کە لەسەر مێزەکەمان دانرابوو کەوتە قسە و گوتی (لە قسەکانت ئەوەم بەدیکرد پێشووتریش کورد تۆمەتی بەشداریی وڵاتی جەزائیر و سەرۆکە خوالێخۆشبووەکەی هواری بومدیان لە ڕێککەوتنی نێوان هەردوو وڵاتی عیراق و ئێران لەنێوانیاندا کردووە، ڕاستە ڕێککەوتنەکە لە الجزائر ئیمزا کرا وە خوالێخۆشبوو بومدیان و بوتفلیقە بەشدارییان لە گفتوگۆی نێوان کردن، بەڵام ڕۆڵی ئێمە ناوبژیوانی نەبوو بەڵکو مەسەلەکە کارێکی پرۆتۆکۆڵی بوو، ئێمەش نەباین و کۆبوونەوەی سەرانی ئۆپیك لە هەر وڵاتێکی دیکەبا ئەو ڕێککەوتننامەیە هەر ئیمزا دەکرا چونکە ئەم مەسەلەیە نزیکی ساڵێك بوو عیراق و ئێران بە نهێنی خەریکی گفتوگۆکردن بوون و چەندین لایەن و وڵاتانی دیکە بەشدارییان لە نزیبوونەوەی ئەم دوو وڵاتە کردووە، ئێوە باسی ڕۆڵی وڵاتی میسر و انور السادات ناکەن، کە لەسەرەتادا بەو ناوەندگیرییە هەڵساون).

گفتوگۆی نێوانمان نزیکەی کاتژمێرێکی خایان کە تێیدا هەردوولامان جەختمان لەسەر هەڵوێستی خۆمان دەکردەوە، کاتێ جەنابی وەزیر هاتە ئەو بڕوایەی کەوا قەناعەتم پێ بکات رووی لە شهاب التمیمی کرد و هەڵسایە سەرپێ و گوتی (استاذ شهاب تکایە ئێوە بە رۆڵی خۆتان هەڵسن و راستییەکان بۆ ئەو برادەرە باس بکەن کە ئێمە بەهیچ شێوەیەك ئاگاداری پێشەکیی ئەم رێککەوتننامەیە نەبووین و لێی بێبەرین). لەو سەفەرەدا راستییەکی دیکەم بۆ ساغ بۆوە کە ئەویش هاوسۆزی و خۆشەویستیی (ئامازیغی)یەکانە (کە بە بەربەر ناوزەد دەکرێن) بۆ نەتەوەی کورد، لە رۆژانی دیارەکەدا کاتێ کە رۆژنامەنووس (حسن الامازیغی) زانی کوردم بە درێژایی ئەو رۆژانە لەنزیکم بوو وە یەکێ لە شەوەکان چەند گەنجێکی ئەمازیغیی لەگەڵ خۆی هێنا بۆئەوەی وەکو ئەو گوتی برایەکی خۆیان ببینن، لام سەیر بوو کە بەتەواوی ئاگاداری رەوشی هەرێمی کوردستانن کە وەکو گوتیان لەرێگای ئەو چەند کاتژمێرە پەخشەیە کە لە تەلەفزیۆنەکانی کوردستان بە زمانی عەرەبی پەخش دەکرێت، ئەو شەوە و رۆژانی دیکە چەندین وێنەیان لەگەڵم گرت بۆ یادگاری. لێرەدا جارێکی دیکە خەم ساردیی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانم هاتەوە یاد کە دەتوانن لەپێناوی ململانێنی یەکتریدا چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنی بە زمانی کوردی و بە پارەیەکی خەیاڵی درووستبکەن، بەڵام بەوپەڕی داخەوە نەیانتوانیوە کە بیر لە دامەزراندنی کەناڵێك بە زمانی عەرەبی بهێننە کایەوە کە تێیدا سەدان هەزار هاووڵاتیی وەکو حسن الامازیغی و سیاسەتکاران و سیاسەمەندارانی عەرەب لە رێگای ئەم کەناڵانەوە بزانن کورد چییە و کێیە و چیی دەوێ؟!، (لە کاتی پێداچوونەوە و هەڵەچنکردنی ئەم بیرەوەرییانەم کە رێککەوتی مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٦یە وەکو دەستپێشخەرییەکی کەناڵی NRT کە کەناڵێکی بە زمانی عەرەبی پەخش دەکات کە لە راستیدا کارێکی باشیان کردووە، هیوادارم رووی گەش و مێژوو و جوگرافیا و کاروانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان راشکاوانە، سەربەخۆیانە پێشکەش بکات).

پەیوەندییەکانی سەندیکا تاکو دەهات زیاتر بەرەوپێشەوە دەچوو لە هەموو بارێکەوە، دەتوانم لەو ماوەیەدا بڵێم سەندیکا لە زەمانی زێڕینی دەژیا، چ لە رووی جۆری سەردان و بانگهێشتکردنی بۆ دیدار و کۆبوونەوە چ لەرووی پێشوازیکردنی لە رۆژنامەنووسانی بیانی و نوێنەری رێکخراوە جیهانییەکانی بەتایبەتیش ئەوانەی کار لەسەر ماڤ مرۆڤ و ئازادیی رۆژنامەنووس دەکەن و زۆر جار کونسڵگەران و دیبلۆماسییەکانی بیانی کە لە هەرێمی کوردستان بوون سەردانی بارەگای سەندیکایان دەکرد یاخود داوەتی رەسمیی ئەو کونسڵخانانە دەکران کە ئەمەریکییەکان لە ریزی پێشەوەی ئەو دەستانە بوون کە زۆر گرنگییان بە رۆڵی سەندیکا و راپۆرتەکانی داکۆکیکردن لە ماڤ رۆژنامەنووسانی کوردستان بڵاودەکرایەوە.

رۆژی ٢٠٠٧/٢/٧ شاندێکی سەندیکا کە پێکهاتبوو لە بەندە و رۆژنامەنووسانی ئەندامانی ئەنجوومەن (حامد محمد علی، أکد مراد، خالد بکر أیوب) بە داوەتێکی پێشوەختە و بە رەسمی سەردانی (تیمی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان لە باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە بەغدا)مان کرد لە شارۆچکەی عەنکاوە، لە سەرەتای دیدارەکە (ماریۆ کریڤۆ) ملحقی راگەیاندن و رۆشنبیری لە تیمی ناوبراودا خۆشحاڵیی خۆی بە دیدارەکە دەربڕی و ئاماژەی بەوە کرد کە ماوەیەکی کەمە لە هەرێمی کوردستان دەستبەکار بووە و ئەرکی ئەویش تایبەتن بە هۆبەکانی راگەیاندن و کاروباری رۆشنبیری و پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان، پاش تەواوبوونی قسەکانی بوارم بۆ رەخسا کە منیش لە وەڵامدا هەندێ قسە بکەم، دەشمزانی ئەمەریکییەکان گرنگی بە چ لایەنێك دەدەن، لەسەرەتادا رۆڵی سەندیکا لە داکۆکیکردن لە ئازادیی رۆژنامەنووسیم کرد لە کوردستان چ بە گەڵاڵەکردنی بڕۆژەیاسا و چ بە بڵاوکردنەوەی راپۆرتەکانی دەربارەی داکۆکی لە ماف و ئازادیی رۆژنامەنووسان، سەرەڕای باسکردنی جۆری پێکهاتەی سەندیکا کە هەموو لایەکی نەتەوەیی و ئاینی و سیاسی کوردستانی گرتۆتەوە، گفتوگۆیەکان درێژەی کێشا، وە لە کۆتایی دیدارەکە (کریڤۆ) ئاماژەی بەوەدا

که بەرنامەیەکیان هەیە بۆ راهێنانی رۆژنامەنووسان لە عەمان و ئەمەریکا بە هەماهەنگی لەگەڵ سەندیکادا لە هەمان کاتیشدا پڕۆژەی یاسای کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان کە لەلایەن ئێمەوە گەڵاڵە کرابوو بەبەرزی نرخاند و گوتی (ئەم پڕۆژەیە باشترین دەستپێشخەرییە بۆ چەسپاندنی کاری ئازادیی رۆژنامەنووسی لە کوردستان بە یاسا هیواداریشم کە هەردوولامان ئێوە و ئێمە کاری هاوبەش ئەنجام بدەین)، منیش لە وەڵامی ئەو پێشنیاری کاری هاوبەشییەدا گوتم (هەر پڕۆژەیەك کە لەم بوارەدا ئاراستەی سەندیکا بکرێت ئێمە لە ئەنجوومەنی سەندیکای بە تێروتەسەلی لێی دەکۆڵینەوە و بڕیاری لیٚ دەدەین وە بە رەسمیش رایدەگەیەنین). لەنێواندا چەندین نامە و نامەکاری لەسەر ئەم مەسەلەیە ئاڵوگۆڕ کرا، بەڵام لە ئاکامدا شتێکی عەمەلیمان لێیان نەدیت و هەر قسە بوو.

**Embassy of the United States of America**
Baghdad, Iraq

February 6, 2007

Farhad Awni
Chairman,
Kurdistan Journalists' Syndicate
Erbil

Dear Mr. Awni:

I have just arrived in the Kurdistan Region as the Press and Cultural Attaché for the Regional Reconstruction Team based in Erbil. As the Chairman of the Kurdistan Journalists' Syndicate, I would like to meet you to learn about your organization's work and to discuss issues of mutual interest. I would be pleased to host you for a meeting in my office tomorrow.

You may have your office coordinate with my assistant, Tawar Rasheed, to set the meeting. Do not hesitate to call me if you have any questions at 0750-443-4970.

Sincerely,

Mario Crifo
Press and Cultural Affairs Attaché,
Regional Reconstruction Team

**U.S. EMBASSY – BAGHDAD**

**Regional Reconstruction Team – Kurdistan**

بۆ / بەڕێز فەرهاد عەونی

سوپاس و ڕێزو خۆشحاڵی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان دەکەین بۆ سەردانی نووسینگەی تیمی ئاوەدانکردنەوەی هرێم بۆ کوردستان لە هەولێر.

بەهیوای چاوپێکەوتن و هاوکاری تر لە ئایندەدا.

لەگەڵ ڕێزمان.

Mario Crifo

ماریۆ کریفۆ

پاشکۆی ڕۆشەنبیری و ڕاگەیاندن

تیمی ئاوەدانکردنەوەی هەرێم – کوردستان

باڵیۆزخانەی ئەمریکا – بەغدا

*25 February 2007*

لەو کاتەدا دەبووایە سەردانێکی یەك هەفتەیی شەخسی بۆ عەمانی پایتەختی وڵاتی ئوردن بکەم بەمەبەستی سەردانی دکتۆری شەکرە و غودە کە ناوی (احمد الخیر) بوو کە پێی باش بوو ساڵی دوو جار سەردانی بکەم بە مەبەستی خەواندنم شەوێك لە خەستەخانەی (الخالدیة) کە تێیدا لەژێر چاودێریی ئەو تاقیکردنەوە و پشکنینم بۆ بکرێت کە پێشووتر لە ڕێگای ئیمێڵەوە کاتی بۆ دادەنام، ڕۆژی ٢٠٠٧/٥/٢٧ تاکو ٢٠٠٧/٣/٣ لە ئوردن مامەوە وە چارەسەری پێویستم بۆ کرا، لەو کات بە ڕێککەوت کە لە عەمان بووم جەنابی مام جەلال تاڵەبانیش سەردانی ئوردنی کرد بە مەبەستی پشکنینی تەندرووستی لە (مدینة حسین الطبیة) چەند ڕۆژێك مایەوە و بەندە بە پێویستم زانی کە سەردانی بەڕێزیان بکەم، ڕۆژی ٢٠٠٧/٣/١ کاتژمێر (٩:٣٠)ی سەرلەبەیانی بەرەو خەستەخانەی ناوبراو بەشی (امراض وجراحة القلب) لە نهۆمی سێیەم و چوومە شوێنی مەبەست، لەوێ لە ژووری پێشوازی مەلا بەختیارم دیت و بەگەرمی لە ئەحواڵی بەڕێز مام جەلالم پرسی و نیشانمدا کە ئارەزووی سەردانی بەڕێزیان دەکەم، بەڵام مەلا بەختیار پێی گوتم کە ناکرێ لەم کاتەدا سەردانی جەنابیان بکرێ و سوپاسی کردم، منیش لە دەفتەری پێشوازیدا نامەیەکم بۆ جەنابی مام جەلال نووسی و هیوای چاکبوونەوەم بە زووترین کات بۆ خواست و هاتمە دەرەوە.

سەردانێکی دیکەی گرنگ کە مایەی خۆشحاڵیی ئێمەبوو هاتنی شاندی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور بوو (مراسلون بلا حدود) بۆ هەرێمی کوردستان، سەردانەکەشیان بە داوەتی ڕەسمیی ئێمە بوو بۆئەوەی ئەو ڕێکخراوە بەناووبانگە جیهانییە کە داکۆکی لە ئازادیی ڕۆژنامەنووسی دەکا هاتنە کوردستان کە پێکهاتبوون لە (روبێر مینار سەرۆکی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنوور و لیۆنێل تۆمسۆن ڕۆژنامەنووس لە رادیۆی فەرەنسای نێودەوڵەتی و ئەندرێس ئەلمۆند سەرۆکی بەشی نێودەوڵەتی لە ڕۆژنامەی (تریبیۆ D) و ئۆلۆڤی پاسکال وێنەگر لە هەمان ڕۆژنامە و د. قیس العزاوی سەرۆکی لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ پاریزگاریکرنی ڕۆژنامەنووسان و د. وەساب

سەعدی سەرۆکی سەنتەری توێژینەوەکان سەبارەت بە عیراق و د. حسنی عبیدی بەڕێوەبەری سەنتەری توێژینەوەکان دەربارەی جیهانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) کە تێدا رۆژی ٢٠٠٧/٤/٢ بۆ ئەنجامدانی گەشتێکی هەفتەیی گەیشتنە هەولێر و لەرێگای فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێرەوە.

لە دەستپێکی گەشتەکەیان و بەپێی بەرنامە سەردانی بارەگای سەندیکایان کرد و خۆم و برایانی ئەندامانی ئەنجوومەن لەپێشوازییاندا بووین، پاش بەڕێوەچوونی مەراسیمی بەخێرهێنان چوونە سەر مێزی کۆبوونەوەکان و هەردوولا شاندی پەیامنێرانی بێ سنوور و شاندی سەندیکا کە لە بەندە و زیرەك کەمال و حامد محمد عەلی و ئەکەد موراد و خالد بەکر ئەیوب و شێرکۆ حەبیب پێکهاتبوو، لەسەرەتادابە کورتەیەك لە مێژووی سەندیکا و پێکهاتە ئیئتلافە هەمەلایەنەکە و درووشمە سەرەکییەکە و کاروچالاکییەکانی دستم پێکرد، دواتر ئاماژەم بە پێداویستییەکانی رۆژنامەنووسانی کوردستان لە بواری راهێنان و پێگەیاند دا، سەبارەت بە ئازادیی بیر و را دەربڕین ئاماژەم بەوە دا کە لە کوردستان هیچ جۆرە سانسۆرێك نییە و رۆژنامەنووس ئازادە لە دەربڕینی راوبۆچوونەکانی بە مەرجێك زیان بە ئاسایشی نیشتمانی و نەتەوەیی نەگەیەنێت و بەها ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان بە خراپە ناو نەهێنێت، لەلایەکی دیکەوە هاتمە سەر باسی پڕۆژەی کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان کە لە ٢٠٠٦/١٠/١٧ەوە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کراوە بە مەبەستی پەسەندکردنی و دەرچوونی بە یاسا و جەختیشم لەسەر ئەوە کردەوە ئەگەر هاتو ئەو پڕۆژەیاسایە وەکو خۆی لە پەرلەمان تێپەڕێ ئەوا دەبێتە گەورەترین زامنی ئازادی بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان، لە هەمان کاتیشدا رووبەڕوو بە شاندی میوانم راگەیاند کەوا ئەوان ئازادن لە گەڕان سووڕان و سەردانی بارەگای هەر رۆژنامە و گۆڤارێك کە لە کوردستان دەردەچێت لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك، کاتێ من لە قسەکانم بوومەوە رۆبیر مینار کە هاووڵاتییەکی فەرەنسییە و سەرۆکی ئەو رێکخراوە بەناووبانگەیە هاتە قسە و گوتی (سوپاس بۆ ئەو هەموو پێشوازییە گەرمە، هەر لە دەستپێکی دابەزینمان

له فڕۆکەخانەی هەولێر تاکو پێشوازیی ئەمڕۆ بەیانیتان لەلایەن نەقیب و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکاوە مایەی خۆشحاڵیمانە، بە گرنگییەوە گوێم بۆ قسەکانت شل کردبوو و تێگەیشتم کە لە کوردستان ئەزموونێکی تازە لەئارادایە پاش ئەو هەموو زوڵم و زۆرییەی کە لە گەلی کوردستان کراوە، لە هەمان کاتیشدا بەڕێزەوە تەماشای کاروچالاکییەکانتان دەکەم، وابزانم یەکەم جارە گوێبیستی ئەوە دەبم کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی سێیەم رێکخراوێکی رۆژنامەنووسان چەند پڕۆژەیاسایەك پێشکەش بە پەرلەمانی وڵاتەکەی خۆی بکات بە مەبەستی دابینکردنی مافی رۆژنامەنووسان، چەسپاندنی ئازادیی رۆژنامەنووسی و داکۆکی لە را و بۆچوونی ئازاد، ئەمە لای ئێمە بەبەرز دەنرخێنرێ، ئەگەر توانیمان بە هاوکاری و یارمەتیی ئێوە سەردانی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان بکەین و را و سەرنجی خۆمانیان پێ رادەگەیەنین کە لە کۆتاییدا لە بەرژەوەندیی گەلی کوردستاندایە، من دوێنێ شەو بە وردی و بە زمانی ئینگلیزی پڕۆژەیاساکەتانم خوێندەوە کە ئێوە کارێکی باشتان کردووە وەرتانگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی و عەرەبی، هاتوومەتە سەر ئەو رایە کە ئێوە دڵسۆزانە و خەمخۆرانە کارەکانتان ئەنجام دەدەن و هیوادارم بەردەوام و سەرکەوتوو بن).

لەگەڵ تەوابوونی کۆبوونەوەکە (ئاڕم)ی ئامادەکراوی سەندیکا بۆ میوانانم پێشکەش بە رۆبیر مینار کرد و ئاماژەشم بە ناوەڕۆکی ئارمەکە کرد کە تێیدا سەرەڕای رەنگەکانی ئالای کوردستان ئامارژەم بە جێگیر بوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی کە لە مێژوودا دەرچووە (کردستان ١٨٩٨/٤/٢٢) لە قاهیرە، پاش تەماشاکردنێکی ورد بۆ ئاڕمەکە لەلایەن منیارەوە لەگەڵ شیکردنەوەی ئاڕمەکە لەلایەن بەندەوە هاوکات بوو گوتی (ئێوە دوو سومبولی زۆر بەهادارتان لە ئاڕمەکەدا جێگیر کردووە، یەکەمیان ئالای وڵاتەکەتانە کە لە هەموو وڵاتان بە شتێکی زۆر پیرۆز دەژمێردرێت و دووەمیشیان جێگیرکردنی وێنەی لاپەڕەی یەکەمی یەکەمین رۆژنامەی کوردی لە مێژوودا لە ئاڕمەکەدا کە ئەمەشیان کارێکی سەرسوڕهێنەرە دەستتان خۆش).

دوای نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٠٧/٤/٤ ڕێوڕەسمی دابەشکردنی یارمەتییەکەی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنوور بوو لە بارەگای سەندیکا لە هەولێر بەسەر بنەماڵەی شەهیدانی ڕۆژنامەنووس کە بریتی بوو لە (٥٠٠$) پێنج سەد دۆلار بۆ هەر خێزانێك کە لەلایەن ڕۆبیر مینارەوە دابەشکرا و لە گوتەیەکدا گوتی (هاوخەمیی خۆمانتان بۆ دەردەبڕم، هەست بە شانازی دەکەم کە دەبینم کچی شەهیدێك لەسەر ڕێبازی باوکی دەڕوا و کاری ڕۆژنامەنووسی دەکا و لە هەمان کاتیشدا هەست بە پەژارەیی دەکەم کە دەبینم کچە شەهیدێك کە لە تەمەنی کچەکەمە لەگەڵ دایکیدا بۆ ئەم ڕێوڕەسمە هاتووە، ئەو بڕە پارەیەی کە بۆ ئێوەمان هێناوە شتێکی ئەوتۆ نییە بەرامبەر ئەو قوربانییە گەورەیەی ئەو شەهیدانە داویانە).

پێش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ شاندی میوان لەگەڵ ئێمە سەردانی چەندین بارەگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنمان کرد لە شاری هەولێر کە بریتی بوون لە دەزگاکانی (نووسینگەی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، هەفتەنامەی الاتحاد، تەلەفزیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ڕۆژنامەی جەماوەر، ڕۆژنامەی بهرا، کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کلدان، کە ناڵی ئاسمانیی عەشتار)، لەو سەردانە هەمەلایەنەی شاندی میوان باس لە چۆنێتیی بەڕێوەچوونی کاروبارەکانیان دەکرا سەرەڕای پێویستییەکانی ڕۆژنامەنووسان (لە کردنەوەی خولی ڕاهێنان) دەخرانە ڕوو، پاش تەواوبوونی ئەو سەردانانە لە ڕێگای گەڕانەوەمان کە ڕۆبیر منیار و د. قیس العزاوی کە لە ئۆتۆمبێلەکەی مندا بوون ڕاشکاوانە ڕووی لە من کرد و گوتی (د. قیس العزاوی قسەکانی لە فەرەنسییەوە بۆ عەرەبی وەردەگێڕا) (هەموو خەسڵەتی سەرکردەیەکی سەندیکاییت تێدا دەبینم، هیوادارم تاکو سەر ئاوا سەرکەوتوو بیت).

کاتژمێر (١٠) ی ڕۆژی ٢٠٠٧/٤/٥ بە یاوەریی شاندی میوان لە ڕێگای کۆیەوە بەرەو سلێمانی بەڕێکەوتین، بە درێژایی ڕێگا باس و قسەکانمان لەسەر دۆزی کورد و قۆناغە دژوارەکانی بوو سەرەڕای وردەکاریی کاری

ڕۆژنامەنووسی و ئەو کێشانەی کە دێنە پێش کاتێ کە لە شاخی (هەیبەت سوڵتان) بەسەردەکەوتین هەڵوێستێکی جوامێرانەی (شارل دیگۆل)ی سەرۆکی فەرەنسای ساڵی ١٩٦٥م بۆ باسکرد کە چۆن داواکارییەکانی حکومەتی عیراقی لە سەردەمی عبدالسلام عارف ڕەتکردەوە لە پێدانی چەك و فڕۆکەی سەربازی کە ئەوکاتە دەتوانم بڵێم تاکە سەرکردەی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا بوو کە ئەم جۆرە داوایانە ڕەت بکەنەوە چونکە بەرامبەر داواکاریی چەك فڕۆکە دەبووایە حکومەتی عیراق پارەوپولێکی زۆر لەم بوارەدا سەرف بکات، کە لەبەرژەوەندیی وڵاتی فەرەنسا بوو، بە گەیشتنمان بۆ سلێمانی برایان جەوهەر کرمانج یاریدەدەری سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و مستەفا ساڵح کەریم جێگری نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و سکرتێری لقی سلێمانیی سەندیکا پێشوازییەکی گەرمیان لێکردین، بەپێی بەرنامەی داڕێژراو پاش نانخواردنی نیوەڕۆ لە ئوتێل سلێمانی پالاس لە هۆڵی هەمان ئوتێل ڕێوڕەسمی دابەشکردنی بڕە یارمەتییەکەی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنوور بەسەر خانەوادەی شەهیدانی ڕۆژنامەنووس دابەشکرا کە ئەویش بریتی بو لە (٥٠٠$) پێنج سەد دۆلار بۆ هەر خێزانێك، پاش بەکۆتاهاتنی ڕێوڕەسمەکە شاندی میوان لەگەڵ بەندە سەردانی بارەگای هەردوو ڕۆژنامەی (هاووڵاتی و ئاوێنە)یان کرد و قسەوباسەکانی ئەوێش لە هەمان چوارچێوەی گفتوگۆیەکان بوو دەربارەی ئازادیی کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان، دواسەردانیشمان بۆ بارەگای تەلەفزیۆنی کەناڵی ئاسمانیی (کوردسات) بوو.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٢٠٠٧/٤/٦ هەمووومان پێکەوە سەردانی شاری کیمیابارانکراوی هەڵەبجەی شەهیدمان کرد کە تێیدا مەزاری شەهیدانی ئەم شارە قارەمانە لە پێشەوەی ڕێوڕەسمی زیارەتی ئەم شارە بوو سەرەڕای زیارەتی (مۆنیۆمێنت)ی هەڵەبجە، دیمەنی دڵڕفێنی شاری هەڵەبجە و چواردەوری کە سەوزاییان لەم وەرزە لێ دەبارێ وای لە ڕۆبیر مینار کرد کە بڵێ (ئەو شارە شایانی گوڵبارانکردن بوو نەك کیمیاباران کردن).

پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ بەرەو هەولێر گەڕاینەوە لەبەرئەوەی ماندوو بووین لە بڕینی ئەو هەموو ڕێگایە، شاندەکە پێشنیاریان کرد کەوا بەرەو شوێنی حەوانەوەیان کە ئوتێل چوارچرا بوو بڕۆن و ئیسراحەت بکەن بۆئەوەی ڕۆژی دواتر بتوانن گەشتەکەیان بۆ شاری دهۆك بە ئاسایی ئەنجام بدەن.

لەسەر پێشنیاری شاندی میوان ڕۆژی ٢٠٠٧/٤/٧ لە ڕێگای سپیلك–بارزان بەرەو بارزان بەڕێکەوتین و چونکە حەزیان دەکرد مەزاری ئەو سەرکردە مەزنە نەمرە (بارزانی نەمر) ببینن کە ئەوان ماوەیەکی دوور و درێژە گوێبیستی ناو و شۆڕشەکەی ئەو بوون، لە ڕێگادا هەندێ لایەنی شاراوە باسکرا کەوا بارزانی لەنێوانی ئەو گرێکۆلییە جوگرافییەدا سەرەڕای گریکۆلییە سەربازییەکانی ناوچەکە و بێدەنگیی ئەورووپای داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ لە کاتێکدا لەسەر لێدانی (ڕەش پێستێك) لەلایەن پۆلیسەوە لە ئەمەریکا دونیا خراپ دەبێت و گوایە پێشێلی مافی مرۆڤ دەکریێ ئەوجا بە زوبانی عەرەبی ئەو بەیتە شیعرە عەرەبییەم بۆ د. قیس العزاوی دووبارە کردەوە کە دەڵێ (قتل أمريء في غابة جريمة لا تغتفر–قتل شعب امن مسألة فيها نظر)، کاتێ د. قیس قیس شیعرەکەی بۆ ڕۆبیر مینار بۆ زمانی فەرەنسی وەردەگێڕا ڕۆبیر مینار دووجار لەسەریەك گوتی (براڤۆ.. براڤۆ)، بەندە تاکو بارزان لەگەڵیان بووم و لەوێوە گەڕامەوە بۆ هەولێر چونکە بۆ ئەنجامدانی کارێکی پێویست دەبووایە بۆ ڕۆژی دواتر لە هەولێر بوومایە، بەڵام ئەوەی بە تەلەفۆن موتابەعەم دەکرد بەتایبەتیش لەگەڵ برای بەڕێز (فەهیم عبدالله) کە ئەوکاتە ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بوو بە مەبەستی سەرکەوتنی ڕێوڕەسمی شاندەکە بۆ دهۆك کە تێیدا سکرتێر و ئەندامانی لقی دهۆکی سەندیکا لەگەڵ کاك فەهیم سەرکەوتووانە کارەکەیان بەجێهێنابوو لە هەموو بارێکەوە، بە گەڕانەوەیان ڕۆژی ٢٠٠٧/٤/٨ بۆ شاری هەولێر سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کرد و لەلایەن بەڕێز (عدنان مفتی) سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشوازییەکی گەرمیان لێکرا، لەنێوان گفتوگۆی دۆستانەی سەرۆکی پەرلەمان و شاندی پەیامنێرانی بێ سنوور روبیر مینار

رووبەڕووی کاك عەدنان موفتی گوتی (ئەم پڕۆژە یاسایەی کە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان داویەتە پەرلەمانی کوردستان ئەگەر بێتو پەرلەمانی کوردستان پەسەندی بکات ڕاشکاوانە دەتوانم بڵێم کوردستان بە هەنگاوێك پێش فەرەنسا دەکەوێ). سەرەڕای زیارەتی پەرلەمانی کوردستان شاندی میوانم بردە وەزارەتی خوێندنی باڵا و سەرۆکایەتیی زانکۆی سەلاحەدین کە بەڕێزەوە پێشوازییان لێکرا.

نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٠٧/٤/٩ بەندە و شێرکۆ حەبیب یاوەریی شاندی میوان بووین تاکو ئەوکاتەی سواری فڕۆکە بوون بەرەو پاریسی قەشەنگ دەگەڕانەوە، لە دوا وتەی سوپاسیدا ڕۆبێر مینار ڕووی لە من کرد و گوتی (سەردانی کوردستان یەکێك دەبێت لەو گەشتانەی کە لە یادەوەریمدا دەمێنێتەوە، ئیدارەکردنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لە وڵاتێکی تازەی وەکو ئێوە کە تازە تامی ئازادی دەچێژن و نەچوونەتە چوارچێوەی یاساوە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا کارامەیی سەرکردایەتیی تۆم لە هەموو بارێکەوە بەدی کرد، هیوادارم لەپێناوی چەسپاندنی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و پاراستنی مافی ڕۆژنامەنووسان بەردەوام بیت).

لە مانگی چواری ئەم ساڵەدا بەتایبەتی بۆ ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی و یادی (١٠٩) ساڵەی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان لە قاهیرە (١٨٩٨/٤/٢٢) چەندین چالاکی و سیمینار و کۆڕ و کۆبوونەوەی هەمەلایەنەمان لە بارەگای ئەنجوومەن لە هەولێر و لقەکانی سەندیکای ئەنجامدرا کە تێیدا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ یانی ڕۆژانی (٢١، ٢٢، ٤/٢٣) بەرنامەکانی پڕ لە چالاکی و ڕێکخستنی کۆڕی تایبەت بە کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان، لێرەدا بە پێویستی نازانم وردەکاریی ئەم جۆرە یادکردنەوانە بە درێژی لەسەری بڕۆم ئەگەر شتێکی بەرچاو و گرنگی تێدا نەبێت، چونکە ساڵانە لەسەر ئاستی بەرزی هەمەلایەنە چەندین کۆڕ و چالاکیی تێدا ئەنجان دەدرێت.

لەلایەکی دیکەوە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ببوونە جێگای بایەخی جموجۆڵی کاری

سەندیکایی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەتایبەتیش بۆ رۆژنامەنووسانی عیراق چونکە بارودۆخی ئاسایش لە بەغدا بواری ئەوەی نەدەدا کە ئەو جۆرە چالاکییانەی تێدا ئەنجام بدرێت، یەکێ لە چالاکییانەی کە فدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی IFJ مەبەستی بوو لە هەولێر ئەنجام بدرێت (بەستنی کۆنگرەی نیشتمانی بوو لەپێناو پیادەکردنی ستراتیژییەتی ئەمنی پاراستی رۆژنامەنووسانی عیراق)، کاتێ داوا و بەرنامەکەم بەدەست گەیشت لە رێگای سکرتێری مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا (شێرکۆ حەبیب) بە تێروتەسەلی لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەن باسم لێوە کرد و گوتم (دەبێت هەموومان خۆشحاڵ بین بەوەی سەرەڕای ماندوبوونمان کە سەندیکاکەمان بۆتە جێگای بایەخی IFJ پێویستە هەموو هەوڵێك بەمەبەستی سەرکەوتنی ئەم کۆنگرەیە بدرێت).

کۆنگرکە وەکو ئیشارەتم پێداوە بە دەستپێشخەریی فدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی IFJ و بە هاوکاریی هەردوو سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراق و کوردستان و پشتگیریی رێکخراوی سویدی (LT) و رێکخراوی سەلامەتی هەواڵەکانی (INSI) و بەشداریی نەتەوە یەکگرتووەکان UN، هەفتەیەك پێشووتر ئوتێل و شوێنی حەوانەوە و هۆڵی کۆنگرەکەم لەگەڵ شێرکۆ زامن کرد و باشترین جێگاش لەرووی ئەمنی و پاکوخاوێنی ئەوکاتە ئوتێل چوارچرا بوو، کۆنگرەکەش دوو رۆژی دەخایاند.

سەرلەئێوارەی رۆژی ٩لەسەر٢٠٠٧/٥/١٠ ئایدن وایت خۆی و ستافی لە فدراسیۆن و شاندی رێکخراوە سویدییەکە گەیشتنە هەولێر و بۆ ئوتێلمان بردن شوێنی حەوانەوە و بەستنی کۆنگرەکەمان بە ئایدن وایت نیشاندا و گوتی (زۆرباشە و دەستتان خۆش، ئەوەم لە ئێوە چاوەڕوان دەکرد).

کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانیی رۆژی ٢٠٠٧/٥/١٠ لە هۆڵی کۆنگرەکان کۆنگرەکە بە ئامادەبوونی وەزیری ناوخۆ و وەزیری رۆشنبیری و وەزیری مافی مرۆڤ و سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان و نوێنەری یاسایی سەرۆکایەتیی هەرێم و بەڕێوەبەر و لێپرسراوانی دەزگاکانی راگەیاندن و چەند

رۆژنامەنووسێکی سەربەخۆ دەستپێکرد (ئایدن وایت و خوالێخۆشبوو شەهاب التمیمی و بەندە لەسەر بڵندگۆی هۆڵی کۆنگرە دانیشتبووین وەکو دەستەی سەرۆکایەتیی کۆنگرە سەرەڕای وەرگێڕ و ستاڤ IFJ.

لەسەرەتادا ئایدن وایت کۆنگرەکەی بە وتەیەك کردەوە و گوتی (دوێنێ چوار رۆژنامەنووسی دیکەی عیراقی چوونە لیستی شەهیدانی رۆژنامەنووسان کە لە نێوانی رێگای کەرکووك-بەغدا کوژران، ئەم رووداوە ئەوەمان پێ رادەگەیەنێ کە پێویستیمان بە هەڵوێستەکردارێك هەیە بەمەبەستی بنبڕ کردنی تیرۆری رۆژنامەنووسان، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە هەنگاو بە هەنگاو بەرەو ئەو ئامانجە بچین، جێگای خۆشحاڵیمە کە ئەمڕۆ لە هەولێرم لە هەمان کاتیشدا نیگەران و غەمبارم بەهۆی ئەو کارە تیرۆریستییەی کە دوێنێ لەم شارەدا لەلایەن تیرۆرستانەوە ئەنجامدراوە و نامەیەك ئاراستەی هەموو لایەك دەکەم کە هیوادارم یارمەتیدەرمان بن، هاوکارمان بن لەپێناو یەکخستنی سەرجەم دەزگاکان، دەزگا رۆژنامەنووسییەکان، دەزگا حکومییەکان، وەزارەتەکانی پەیوەندیدار ئەوی لەپێناوی پاراستنی گیانی رۆژنامەنووسان کە پێش لە هەموو توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا (موستەهدەفن))، دواتر ئایدن وایت داوای لەمن کرد کە وتاری خۆم پێشکەش بە کۆنگرە بکەم، بەندەش وتارەکەم بەم شێوەیە دەستپێکرد (پێش ئەوەی دەست بە وتارەکەم بکەم دەمەوێ ئەوەتان پێ رابگەیەنم کە ئەو تاوان و کارە تیرۆرستییەی کە بەیانیی دوێنێ ئەنجامدرا لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان لەلایەن هێزە رەش و کۆنەپەرستەکان کە تێیدا بیست هاووڵاتی شەهید بوون و سەد هاووڵاتیی دیکە بریندار بوون و لە ئاکامی ئەم کارە تیرۆرستییە کە زەرەر و زیانیش بە چەندین ئۆتۆمبێل و باڵەخانە گەیاند وای لە هاووڵاتییانی شارەکە کرد کە بەمەبەستی خوێن بەخشین رژابوونە بەردەم خەستەخانەکان کە تێیدا هەندێ لە رۆژنامەنووسان کە دەیانویست وێنە بگرن و لەگەڵ هاووڵاتییان تێك کراژن و قەرەباڵغییەکی زۆری درووستکردبوو کە وای لە پۆلیس کردبوو لە ئاکامی ئەو بارودۆخە ناسکە کەوا بە مەبەستی رێکخستنی هاتوچۆی هاووڵاتییان داریان

بەکارهێنابوو و هەندێ لەو رۆژنامەنووسانەی کە دەیانەویست وێنە خەڵکەکە بگرن کەوتبوونە بەر راوەشاندنی داری پۆلیسەکان، کاتێ رووداوەکە لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە بە ئێمە راگەیندرا یەکسەر پەیوەندیمان بە لایەنی پەیوەندیدار کردووە و نارەزایەتیی ئەنجوومەنی سەندیکام راگەیاند و ئێستا داوا لە بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەکەم کە لێرە دانیشتووە کەوا رێنمایی پێویست بۆ دەزگاکانی پۆلیس رابگەیەنێت کە بە شێوازێکی شارستانییانە مامەڵە لەگەڵ رۆژنامەنووس بکەن کە ئەوانیش دەیانەوێ هەواڵ و وێنە بۆ خەڵکی کوردستان بڵاوبکەنەوە). ئینجا دەستم کرد بە خوێندنەوەی وتارەکەم کە لەبەر دوور و درێژی تەنها چەند بڕگەیەکی لێرەدا بڵاودەکەمەوە (بەناوی برایانم لە ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەخێرهاتنتان دەکەم و هیوادارم ئەم کۆنفرانسەی کە ئێستاکە لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دەبەستریێ ببێتە مایەی دانانی ستراتیژییەکی پتەو بۆ پاراستنی رۆژنامەنووسان دوور لە تیرۆرکردن و فڕاندن و کوشتنی کوێرانە کە لە ئاکامی ئەو بارودۆخە بە دەیان رۆژنامەنووس بوونەتە قوربانی لە لایەکی دیکەوە چەند رۆژنامەنووسێکیش بوونەتە قوربانی لە ئاکامی دەستدرێژییەکانی هێزەکانی ئەمەریکا لە هەندێ ناوچە کە تێیدا دوو رۆژنامەنووسی کوردی ئەندامی سەندیکا بوونەتە قوربانیی ئەو هێزانە کە یەکێکیان رۆژنامەنووس (ئەحمەد کەریم)ی رۆژنامەنووس لە دەزگای TV کوردستان کە لە موسڵ تیرۆر کرا و دووەمیش رۆژنامەنووس (دلێر عەلی کەرەم) کە لەنێوان رێگای بەغدا و بەعقوبە شەهید کرا، بۆیە لەپێناوی بەربەستکردنی ئەم رووداوە تاڵانە فدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی بەهاوکاریی هەردوو سەندیکای کوردستانی و عیراقی و یارمەتیی رێکخراوی LTی سویدی و بەشداریی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوی سەلامەتیی هەواڵەکان INSI و پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و چەند وەزیرێکی حکومەتی ناوەندی لە بەغدا و چەندین رۆژنامەنووس و دەزگای راگەیاندن لە کوردستان و عیراق بە جیاوازیی بیر و رای سیاسی کە تێیدا هەموومانی

کۆکردۆتەوە بەمەبەستی بنبڕکردنی دیاردەی تیرۆر و کوشتنی رۆژنامەنووسان، لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵ کە ئامادەی کۆبوونەوەکەی جەزائیر بووین لە ئاکامی داواکردنمان بە کردنەوەی سەنتەری سەلامەتی رۆژنامەنووسان لە هەولێر تووشی دەنگەدەنگ هاتین لەگەڵ هەندێ لە رۆژنامەنووسانی تونس کە بەشداریی کۆبوونەوەکە بوون، ئێستاکە ئەو بارودۆخە ئەوە دەسەلمێنێ کە کردنەوەی ئەو سەنتەرە لە هەولێر چەند پێویستە، نەك بۆ کوردستان بەتەنیا بەڵکو بۆ هەموو عیراق کە لە بارودۆخێکی نائارامی تایبەتی دایە و ئێمە لێرەوە جارێکی دیکە رایدەگەیەنین کەوا بە هەموو شێوەیەك هاوکاری رۆژنامەنووسانی عیراقیش بین بۆ ئەم مەبەستە، چونکە ئێستاکە ناتوانرێ ئەم جۆرە سەنتەرە لە بەغدا بکرێتەوە)، پاش تەواوبوونی قسەکانم ئایدن وایت هاتە قسە و گوتی (دەبووایە سەردانی بەغدا بکەم و لەگەڵ سەرۆك وەزیران کۆببمەوە، بەڵام بەداخەوە بۆمان رێك نەکەوت کە سەردانی بەغدا بکەین)، پاش ئەویش نوێنەری سەرۆك وەزیرانی عیراق (زهير الچلبی) وتاری حکومەتی عیراقیی خوێندەوە و گوتی (دەستتان دەگوشم کە لەپێناوی داکۆکی لە نیشتمان و رۆڵەکانی تێدەکۆشن و دەتانەوێ وشەی راگەیاندن بە بەرزی بمێنێتەوە، ئێمە لە ئازاری رۆژنامەنووسی تێدەگەین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا روو بە رووی هەندێ لەو گۆڤار و رۆژنامە و کەناڵە تەلەفزیۆنییانە دەبینەوە کە بانگەشە بۆ کاری تیرۆر دەکەن کە ئەمەیان دژ بە ئازادی و کاری رۆژنامەنووسییە). پاشانیش هەریەك لە بەڕێزان کاروان ئاکرەیی بەڕێوەبەری گشتیی کوردستان TV و خوالێخۆشبوو شهاب التميمی نەقیبی رۆژنامەنووسانی عیراق و کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دانیشتنەکە وتاری خۆیان خوێندەوە کە تێیدا لەنێوان ئایدن وایت و کەریم سنجاری ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا دەربارەی چۆنێتیی سەلامەتیی رۆژنامەنووسان.

لە دانیشتنی دووەمی رۆژی یەکەمدا فیلمێکی دیکۆمێنتاری دەربارەی فڕاندن و تیرۆری رۆژنامەنووسان نیشان درا ئەوجا چەندین نوێنەری دەزگا

**ڕۆژنامەنووسییەکانی عیراق کە لە بەغداوە هاتبوون را و سەرنجی خۆیان ڕاگەیاند، ڕۆژی دووەمیش لە دوو دانیشتندا کە ئێمە میحوەری بابەتەکان بووین ڕاشکاوانە را و بۆچوونەکانی خۆمانمان ڕاگەیاند کە جێگای ڕێز و پێزانینی ئامادەبووان بوو بۆیە لە دوا بڕگەکانی ڕۆژی دووەمی کۆنفرانسەکە ئایدن وایت لە بەندە و خوالێخۆشبوو شهاب التمیمی نزیك بووەوە و گوتی (هیوادارم ئەم برایەتییەتان بەردەوام بێت، فەرهاد درك بە پێویستیی هاوکاریی ڕۆژنامەنووسانی عیراق دەکات وەکو چۆن بۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان هەمیشە لەسەر هێڵی کارکردنە، دەست خۆشیتان لێدەکەم).**

**لە ئاکامدا (٣) سەنتەری سەلامەتیی ڕۆژنامەنووسان لە هەولێر و بەغدا و بەسرە بڕیاری لێدرا و شێرکۆ حەبیب وەکو لێپرسراوی سەنتەری سەلامەتیی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان دەستنیشان کرا. لێرەدا دەمەوێ ئەوە بخەمە ڕوو کە بەستنی ئەو جۆرە کۆنفرانسانە لە کوردستان و بە بەشداریی کاریگەری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕەنگدانەوەیەکی باشی درووست دەکرد چ لە هەڵسەنگاندنی کوردستان وەکو هەرێمێکی ئارام و ڕێزگر لە ئازادی و سەلامەتیی ڕۆژنامەنووسان و چ وەکو بەدیارخستنی ڕۆڵی ئەکتیڤی سەندیکا کە وەکو لایەنێکی سەرەکی حیسابی بۆ دەکرا بۆ هەر جموجۆڵێکی کە لە عیراق ئەنجام دەدرا سەرەڕای بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەم جۆرە کۆنفرانسانە کە لە کوردستان دەبەسترێ، ئایدن وایت پاش تەواوبوونی کارەکان لەگەڵ ستافی IFJ کە بریتی بوون لە (سارە بوشطوب، منیر زعرور، ستیوارت) زۆر بە گەرمییەوە خواحافیزیی لێکردم و بەدەست گوشینێکی گەرمەوە گوتی (بە سوپاس و ڕێزەوە تەماشای ڕۆڵی ئێوە و سەندیکاکەتان دەکەم، نابێت لەمپەرەکان لە کارەکانتان ساردتان بکەنەوە. خواحافیز).**



١



٢



٣



٤



٥



٦



٧




٨



٩



١٠




١١




١٢




١٣




١٤



١٥



١٦



١٧




١٨




١٩



٢٠



٢١


لقـــاء مساندة الصحفيين العراقيين
١٨-١٩ كانون أول ٢٠٠٦
الإتحاد الدولي للصحفيين بالتعاون مع اتحاد الصحفيين العرب و بضيافة نقابة الصحفيين الأردنيين
بدعم من LOTCO
Supporting Iraqi Journalists
18-19 December 2006
ernational Federation of Journalists in Cooperation with the Federation of Arab Journalists
Hosted by Jordan Press Association
Supported by LOTCO
2006 12 18

٢٢



٢٣




٢٤




٢٥




٢٦



٢٧


Fondation Friedrich Ebert
Journalism : From Local to Global
Regional Cooperation in the Arab World and Iran
Journalisme : Du Local au Mondial
Coopération régionale dans le Monde arabe et l'Iran
الصحافة : من المحلي إلى العالمي التعاون الجهوي في العالم العربي و إيران
Alger du 26 au 28 janvier 2007

٢٨


LES HOMMES NAISSENT ET DEMEURENT LIBRES ET EGAUX EN DROITS
Al Lamy
Awni

٢٩


FRIEDRICH EBERT STIFTUNG

٣٠


Fondation Friedrich Ebe
Journalism : From Local to Global
the Arab World and Ira
ocal au Mondia
٣١


٣٢



٣٣




٣٤



٣٥



٣٦



٣٧



٣٨




٣٩



٤٠


IFJ
BISTÅNDSNÄMND
The First National Conference
Adopting Security Strategy for
Iraqi Journalists
Erbil 10-11 May
المؤتمر الوطني الأول
تبنى استراتيجية أمنية لحماية الصحفيين العراقيين
اربيل ١٠-١١ ايار٢٠٠٧
یەکەم کۆنگرەی نیشتیمانی
پیادەکردنی ستراتیژیەتی پاراستنی
ڕۆژنامەنووسانی عێراقی
هەولێر ١٠-١١/٥/٢٠٠٧

٤١

## كۆنفرانسی سەلامەتی رۆژنامەنووسانی عێراقی

### یەکەم کۆنگرەی عێراقی لە پێناو دارشتنی پلانێکی نیشتمانی بۆ سەلامەتی پیشەیی

بەرێز:

**سڵاوێکی گەرم...**

فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی بە هاوکاری سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراقی و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان هەڵدەستێ بە رێکخستنی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی بە مەبەستی دیراسەت کردنی بارودۆخی رۆژنامەنووسانی عێراقی بە بەشداریکردن و ئامادەبوونی چەندین رێکخراوو دەزگای راگەیاندنی پسپۆر و کەسایەتی بەرپرس.

ئامانج لەو کۆنفراسە دارشتنی پلانێکی نیشتمانی سەرتاسەرییە بۆ چاکردنی مەرجەکانی سەلامەتی پیشەیی رۆژنامەنووسانی عێراق، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بە هاوکاری نێوان دەزگاکانی بەرپرس و پێوەندیدار بە ئاسایش و راگرتنی یاسا و مافی مرۆڤە، سەرەرای دەزگاکانی ناوخۆی راگەیاندن هەیە، لە هەمان کاتیشدا کۆنفراسەکە دەخوازێ باس لە بارودۆخی خێزانی شەهیدانی رۆژنامەنووسان بکات وە هەروەها بەردەوام بوون و پێشخستنی میکانزمی کۆمەک کردنیان لەو سەندووقە نێودەوڵەتیەی کە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کراوە.

ئامادەبونتان لەم کۆنفرانسەدا مایەی شانازیمانەو دەبێتە هۆکاری دەوڵەمەندکردنی گفتوگۆیەکان و سەرکەوتنی ئەو بەرنامە نیشتمانیەو سمینارە کە لە هەولێر لە نێوانی ١٠-١١/٥/٢٠٠٧ دەبەسترێ.

| | | |
|---|---|---|
| **شەهاب ئەلتەمیمی** | **فەرهاد عەونی** | **ئایدان وایت** |
| **نەقیبی رۆژنامەنووسانی عێراقی** | **نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان** | **سکرتێری گشتی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان** |

**رۆژ:** ١٠-١١/٥/٢٠٠٧

شوێن: هوتێلی چوارچرا

بەرنامەی رۆژی یەکەم لە کاتژمێر: ٩:٣٠ دەست پێدەکات.

٤٢

اسماء المشاركين في كونفرانس
سلامة الصحفيين العراقين

أربيل ١٠-١١/٢٠٠٧

قائمه نقابه صحفيى كوردستان

**أولاً: مجلس النقابة**

١-فرهاد عوني / نقيب صحفيي كوردستان

٢- مصطفى صالح كريم / نائب نقيب صحفييي كوردستان

٣-شيركو حبيب / مسؤول مكتب العلاقات الخارجية للنقابة

**ثانية: الصحفيين**

٤-جورج حسدو/ رئيس تحرير بهرا

٥- هندرين احمد/ رئيس تحرير ريگاى كوردستان

٦-عبدالكريم احمد / رئيس تحرير يەكگرتوو

٧- د.بدرخان السندي/ رئيس تحرير التآخي

٨-اسماعيل علي/ رئيس تحرير مجلة بارش

٩- كاوه محمد/ رئيس تحرير كوردستاني نوي

١٠- آسوس هردي/ رئيس تحرير اسبوعية ئاوينه

١١-كاروان عقراوي/ مدير عام ستلايت كوردستان

١٢-عارف قورباني/ مدير تلفزيون كركوك

١٣-سونيا صديق/ رئيسة تحرير مجلة تاو

١٤- بهجت هروري/ رئيس تحرير اسبوعية أڤرو

١٥- جنان پولص/ سكرتير تحرير بيث عنكاوا

**ثالثاً: الوزراء في حكومة اقليم كوردستان:-**

١٦- كريم سنجاري/ وزير الداخلية

١٧- فاروق جميل/ وزيري العدل

١٨- ئازاد ملا فندي/وزير عدل سابق

١٩- فلك الدين كاكايي/ وزير الثقافة

٢٠- د. شوان محمد عزيز/ وزيري حقوق الأنسان

**رابعاً: برلمان كوردستان:**

٢١- شيروان حيدري/ رئيس اللجنة القانونية في برلمان كوردستان

٤٣


يه الصحفيين العراقيين اربيل 10-11ايار 2007
ستنى رۆژنامەنووسانى عێراقى هەولێر 2007/5/11-10
The First National Conference
ing Securit
gy For iraqi
nalist
idan White
Farhad Awni

٤٤



٤٥



٤٦



٤٧



٤٨

# سەرەقەڵەمێك دەربارەی وێنەکان

١. بەغدا–کۆشکی کۆنگرەکان، ٢٠٠٥/١٠/٤، ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراقی (پەرلەمان)، لە راستەوە: سیروان کاکەیی، عادل بەرواری، محمود أسعد فتاح اغا هەرکی، نووسەر، عبدالرحمن عەلی کوردە، دڵشاد چاوشلی.

٢. بەغدا–هۆڵی پەرلەمان، ٢٠٠٥/٦/١٤، نووسەر لەکاتی قسەکردندا لەسەر مینبەری پەرلەمان.

٣. هەولێر–ئوتێل شیراتۆن، ٢٠٠٥/٧/١٩، لە راستەوە،: رەجەب مەزروعی، نووسەر، لەکاتی ئیمزاکردنی بەیاننامەی هاوبەش.

٤. هەولێر–ئوتێل شیراتۆن، ٢٠٠٥/٧/١٩، کۆبوونەوەی هەردوو ئەنجوومەنی رۆژنامەنووسانی ئێران و کوردستان.

٥. عەممان–ئوتێل ریجنسی پالاس، ٢٠٠٥/٨/١٥، لە راستەوە: ئایدن وایت، سیف الشریفی، نووسەر.

٦. عەممان–ئوتێل ریجنسی پالاس، ٢٠٠٥/٨/١٥، لە راستەوە: ئەنوەر حسێن، زیرەك کەمال، مستەفا ساڵح کەریم، نووسەر، شێرکۆ حەبیب.

٧. عەممان–ئوتێل ریجنسی پالاس، ٢٠٠٥/٨/١٧، لە راستەوە: شێرکۆ حەبیب، ئەنوەر حسێن، کریس مۆرلی–جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسانی بەریتانیا، نووسەر، ئایدن وایت، مستەفا ساڵح کەریم، زیرەك کەمال.

٨. عەممان–بارەگای کۆمەڵەی سەلاحەدینی ئەیوبی، ٢٠٠٥/٨/١٨، شاندی کوردستان لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵەی سەلاحەدین.

٩. هاوینەهەواری پیرمام–سەری رەش، ٢٠٠٥/١٢/١٣ سەرۆك بارزانی لە کۆبوونەوەی لەگەڵ کۆمەڵێك لە رۆژنامەنووسانی کوردستان.

١٠. هاوینەهەواری پیرمام–سەری رەش، ٢٠٠٥/١٢/١٣، بەشێك لە رۆژنامەنووسانی ئامادەبوو لە کۆبوونەوەکە.

١١. قاهیره–ئوتێل هیڵتن، ٢٠٠٦/٢/١٢، له‌ راسته‌وه‌: فریاد ره‌واندزی، نووسه‌ر، چرۆ شه‌هاب، ئایدن وایت، سارا قادر، مهاباد...، شێرکۆ حه‌بیب، مسته‌فا ساڵح که‌ریم.
١٢. قاهیره–ئوتێل هیڵتن، ٢٠٠٦/٢/١٢، هۆڵی (الحورس)، له‌ راسته‌وه‌: سارا قادر، نووسه‌ر، فریاد ره‌واندزی، مهاباد...، شێرکۆ حه‌بیب.
١٣. قاهیره–یانه‌ی (الجزیره)–نووسینگه‌ی تایبه‌تیی أحمد حمروش، ٢٠٠٦/٢/١٦، له‌ راسته‌وه‌: مسته‌فا ساڵح که‌ریم، فریاد ره‌واندزی، أحمد حمروش، نووسه‌ر.
١٤. تاران–باره‌گای ئه‌نجوومه‌نی صنفی رۆژنامه‌گه‌رانی ئێران، ٢٠٠٦/٥/١، له‌ راسته‌وه‌: ره‌جه‌ب مه‌زروعی، نووسه‌ر، خانم مفیدی، حامد محمد علی.
١٥. تاران– باره‌گای ئه‌نجوومه‌نی صنفی رۆژنامه‌گه‌رانی ئێران، ٢٠٠٦/٥/٣، نووسه‌ر له‌کاتی وته‌ی رێزلێنانی بۆ رۆژنامه‌نووس أکبری گه‌نجی، له‌ ته‌نیشتییه‌وه‌ بارامی وه‌لدبه‌گی که‌ قسه‌کان وه‌رده‌گێڕێ بۆسه‌ر زمانی فارسی.
١٦. تاران– باره‌گای ئه‌نجوومه‌نی صنفی رۆژنامه‌گه‌رانی ئێران، ٢٠٠٦/٥/٣، مه‌راسیمی رێزلێنان، نووسه‌ر له‌کاتی پێشکه‌شکردنی (مجلد)ی (کردستان) بۆ رۆژنامه‌نووس ئه‌که‌به‌ری گه‌نجی.
١٧. تاران–پێشانگای نێوده‌وڵه‌تیی کتێب، ٢٠٠٦/٥/٦، یاریده‌ده‌ری وه‌زیری رۆشنبیری و ئیرشادی ئێرانی له‌گه‌ڵ شاندی رۆژنامه‌نووسانی کوردستان، له‌ راسته‌وه‌: عوسمان ده‌شتی، نووسه‌ر، عه‌لی ره‌زا موختار پوور (یاریده‌ده‌ری وه‌زیر)، بارام وه‌لدبه‌گی، خالد بکر أیوب.
١٨. تاران–کتێبخانه‌ی په‌یمانگای رۆژنامه‌نووسی، ٢٠٠٦/٥/٦، شاندی رۆژنامه‌نووسانی کوردستان له‌ کتێبخانه‌که‌دا.
١٩. هاوینه‌هه‌واری سه‌لاحه‌دین–سه‌ری ره‌ش، ٢٠٠٦/١٠/١٢، سه‌رۆك مه‌سعود بارزانی له‌ دیدارێکی له‌گه‌ڵ رۆژنامه‌نووساندا، له‌ راسته‌وه‌: سه‌رۆك قادر، جه‌وهه‌ر کرمانج، سه‌رۆك مه‌سعود بارزانی، نووسه‌ر.
٢٠. هه‌مان شوێن، به‌شێك له‌ رۆژنامه‌نووسانی ئاماده‌بوو.
٢١. په‌رله‌مانی کوردستان–نووسینگه‌ی سه‌رۆکی په‌رله‌مان، ٢٠٠٦/١٠/١٧، دیداری شاندی ئه‌نجوومه‌نی سه‌ندیکا له‌گه‌ڵ سه‌رۆکی په‌رله‌مانی کوردستان (عه‌دنان موفتی) به‌ مه‌به‌ستی پێشکه‌شکردنی پرۆژه‌ی یاسای کاری رۆژنامه‌نووسی له‌ کوردستان، له‌ راسته‌وه‌: أکد مراد، خالد به‌کر أیوب، مسته‌فا ساڵح که‌ریم، نووسه‌ر، سه‌رۆکی په‌رله‌مانی کوردستان.
٢٢–٢٣. عه‌ممان–ئوتێل هۆڵیده‌ی ئین، ٢٠٠٦/١٢/١٨، کۆنفرانسی هاوکاریی رۆژنامه‌نووسانی عیراقی، له‌ راسته‌وه‌: نووسه‌ر، حامد محمد عه‌لی، مسته‌فا ساڵح که‌ریم، شێرکۆ حه‌بیب.

**٢٤-٢٥. فەرنسا-پاریس-بارگای ڕێکخراوی یونسکۆ، ٢٠٠٧/١/١٠، نووسەر لەسەر مینبەری کۆنگرە.**
**٢٦. هەمان شوێن، ٢٠٠٧/١/١١، بەشێك لە شاندی کوردستان، لە راستەوە: د. ڤیان سەرۆکی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، دلێر حەمە شەریف، د. دلێر شاوەیس، نووسەر.**
**٢٧. هەمان شوێن و بەروار، بەشێك لە رووناکبیران و رۆژنامەنووسانی کوردستان لەگەڵ خوالێخۆشبوو شهاب التمیمی، لە راستەوە: د. دلێر شاوەیس، د. سالار عوسمان، نووسەر، شهاب التمیمی، زیرەك کەمال، دلێر حەمە شەریف، أكد مراد.**
**٢٨. جەزائر-پایتەخت-بارەگای ڕێکخراوی فریدریش ایبرت، کۆنگرەی رۆژنامەگەریی لەسەر ئاستی ناوخۆ بۆ جیهانی، ٢٠٠٧,/١٠/٢٦**
**٢٩. هەمان شوێن و بەروار، شاندی کوردستانی و عیراقی لەو کۆنگرەیەدا، لە راستەوە: خوالێخۆشبوو شهاب التمیمی، نووسەر، موئەیەد اللامی، هیفاء الحسینی.**
**٣٠. هەمان شوێن و بەروار، نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان لەکاتی پێشکەشکردنی وتارەکەی لە کۆنگرەکەدا.**
**٣١. هەمان شوێن، ٢٠٠٧/١٠/٢٨، نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان دیاریی (ئاڕمی سەندیکا) پێشکەش بە ئایدن وایت دەکات، لەنێوانیشیان دا شهاب التمیمی ئامادەیە.**
**٣٢. جەزائر-پایتەخت-بارەگای سەندیکای رۆژنامەنووسانی جەزائری، ٢٠٠٧/١٠/٢٩، نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان ئاڕمی سەندیکا پێشکەش بە کەمال عمارنە نەقیبی رۆژنامەنووسانی جەزائیر دەکات.**
**٣٣. جەزائیر-پایتەخت-ئوتێل شیراتۆن، ٢٠٠٧/١٠/٢٨، دیدارێکی (الهاشمی جیار) وەزیری راگەیاندنی جەزائیر لەگەڵ هەردوو نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و عیراق، لە راستەوە: الهاشمی جیار، محمد الاربانی، نووسەر، خوالێخۆشبوو شهاب التمیمی.**
**٣٤. جەزائیر-شەقامی دۆدۆشی موراد، پاش بەکۆتاهاتنی کۆنگرە گەشتێك بەناو شاردا، لە راستەوە: هیفاء الحسینی، نووسەر، شهاب التمیمی.**
**٣٥. هەولێر-عەنکاوا، بارەگای دەستەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان-ئەمریکی، ٢٠٠٧/٢/٧، لە راستەوە: أكد مراد، حامد محمد علی، ماریۆ کریڤۆ (لێپرسراوی راگەیاندن و رۆشنبیری لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا-دەستەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان)، نووسەر، خالد بکر أیوب.**
**٣٦. هەولێر-بارەگای ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، لە کاتی پێشوازی و کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەندیکا لەگەڵ ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنوور،**

٢٠٠٧/٤/٢، له راسته‌وه: د. قیس العزاوی، رۆبه‌رت مینار، د. حسنی عبیدی، د. وثاب السعدی، لیۆنێل تۆمسن، شێرکۆ حه‌بیب، أکد مراد، نووسه‌ر، حامد محمد علی.

٣٧. هه‌مان شوێن و به‌روار، له راسته‌وه: شێرکۆ حه‌بیب، أکد مراد، نووسه‌ر، زیره‌ك که‌مال، حامد محمد علی.

٣٨. هه‌ولێر-پارکی شه‌هید سامی عبدالرحمن، ٢٠٠٧/٤/٣، شاندی میوان له‌به‌رده‌م په‌یکه‌ری (جواهری)دا، له راسته‌وه: أکد مراد، زیره‌ك که‌مال، د. حسنی عبیدی، روبه‌رت مینار، نووسه‌ر، د. وثاب سعدی السعدی، د. قیس العزاوی، خالد بکر أیوب، شێرکۆ حه‌بیب، حامد محمد علی.

٣٩. باخچه‌ی ئه‌نجوومه‌نی سه‌ندیکای رۆژنامه‌نووسانی کوردستان، ٢٠٠٧/٤/٤، مه‌راسیمی دابه‌شکردنی یارمه‌تی رێکخراوی په‌یامنێرانی بێ سنوور بۆ خێزانی شه‌هیدانی رۆژنامه‌نووسانی کوردستان، له راسته‌وه: نووسه‌ر، رۆبه‌رت مینار، د. قیس العزاوی. د. حسنی عبیدی.

٤٠. هه‌مان شوێن و به‌روار، به‌شێك له ئاماده‌بووانی خێزانی شه‌هیدانی رۆژنامه‌نووسانی کوردستان.

٤١. پۆسته‌ری یه‌که‌م کۆنگره‌ی نیشتمانیی پیاده‌کردنی ستراتیژیی پاراستی رۆژنامه‌نووسانی عیراقی.

٤٢-٤٣. بانگه‌وازی کۆنفرانسی سه‌لامه‌تیی رۆژنامه‌نووسانی عیراقی.

٤٤. هه‌ولێر-ئوتێل چوارچرا، ٢٠٠٧/٥/١٠، ده‌ستپێکی کردنه‌وه‌ی کۆنفراسی سه‌لامه‌تیی رۆژنامه‌نووسانی عراقی، له راسته‌وه: نه‌قیبی رۆژنامه‌نووسانی کوردستان، ئایدن وایت، شهاب التمیمی.

٤٥. هه‌مان شوێن و هه‌مان رۆژ، دیمه‌نێکی ئاماده‌بووانی کۆنفرانسه‌که.

٤٦. هه‌ولێر-ئوتێل چوارچرا، ٢٠٠٧/٥/١١، له راسته‌وه: مسته‌فا ساڵح که‌ریم، نوێنه‌ری وه‌زاره‌تی دادی عیراقی، کاروان ئاکره‌یی.

٤٧. هه‌مان شوێن و هه‌مان رۆژ، لایه‌نێك له ئاماده‌بووانی کۆنفرانس که تێیدا له ده‌سته‌چه‌په‌وه شێرکۆ حه‌بیب و که‌ریم سنجاری وه‌زیری ناوخۆی حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان دیارن.

٤٨. هه‌مان شوێن و هه‌مان رۆژ، کاتی به‌ڕێکردنی میوانان پاش به‌کۆتاهاتنی کۆنفرانسه‌که، له راسته‌وه: فاروق جه‌میل-وه‌زیری داد، نووسه‌ر، شوان محمد عه‌زیز وه‌زیری ماف مرۆۋ له حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان.

پاش بەكۆتاهاتنی ئەم كۆنفرانسە گرنگە كە لە هەولێر بەسترا سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان ئاگاداركرایەوە لەلایەن لیژنەی راپەڕاندنی فدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی بەمەبەستی جۆری بەشداریكردنمان لە كۆنگرەی (٢٦)ـەمینی فدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان كە لە مۆسكۆ دەبەسترا لەنێوان رۆژانی ٢٨/٥-٢/٦/٢٠٠٧ كە تێیدا وەكو رێوڕەسمی فدراسیۆن دەبووایە ئەگەر لەسەر حیسابی فدراسیۆن بووایە بە دوو نوێنەر بەشداریمان بكردایە، بەڵام ئەگەر لە (٢) نوێنەر زیاتر بن ئەوا خەرجییەكانی دەكەوێتە سەر حیسابی خۆمان، لە راستیدا زۆرم بیر لەو مەسەلەیە دەكردەوە چونكە یەكەم جار بوو ئێمە پاش كۆنگرەی (٢٥)ـەمینی فدراسیۆن كە لە ساڵی ٢٠٠٤ لە ئەسینای پایتەختی وڵاتی یۆنان بەسترا كە ئەوكاتە ئێمە ئەندامی بەشدار بووین (عضو مشارك) لە فدراسیۆن، بەڵام لەو كۆنگرەیەدا ئێمە وەكو ئەندامی كارا وەكو هەر سەندیكا و یەكێتییەكی دیكەی رۆژنامەنووسانی سەرتاسەری جیهان بەشداری دەكەین و بەپێی رێژەی ئەندامانی تۆماركراومان لە فدراسیۆن كە ساڵانە تازە دەكرێتەوە و بەرامبەر هەر ئەندامێك دەبێت نزیكەی (٣) دۆلار بە فدراسیۆن بدرێت، سەرەڕای پارەی پێناسەی فدراسیۆن، مافی (٥) دەنگمان هەبوو لە هەڵبژاردنی لیژنەی راپەڕاندنی فدراسیۆن كە بەرزترین دەستەی فدراسیۆنە بۆیە پێشئەوەی ئەم مەسەلەیە بە كەس بڵێم یاخود بیخەمە پێش كۆبوونەوەی ئەنجوومەن نەخشە رێگایەكم بۆ بەشداریكردن لە كۆنگرە (٢٦)ـەمین لەلا گەڵاڵە بوو وەكو باسی لێوە دەكەم چونكە لای من بەشداریكردن لەو كۆنگرەیەدا كە سەندیكاكەمان وەكو ئەندامی كارا بەشداری دەكات بەپێویستم زانی بە قورساییەوە بچێتە ئەو كۆنگرەیە كە تێیدا بۆ یەكەم جار بەشداری لە هەڵبژاردنی سەرۆكی IFJ و لیژنەی راپەڕاندنی ئەم رێكخراوە نێودەوڵەتییە دەكەین، بەڵام وەكو دەڵێن بەشداری كردن بەو ژمارەیەی كە لە مێشكی مندا بوو ئەنجام نەدەدرا ئەگەر هاوكاریی حكومەتی هەرێمی كوردستانی لەگەڵ نەبووایە چونكە ئەگەر لە بودجەی سەندیكا ئەنجام بدرایە لە دوو كەس زیاتر نەدەكرا بەشداریی پێ بكرێت، بەپێی ئەو

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
نووسینگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە

نقابة صحفيي كردستان
العلاقات الخارجية

Kurdistan Journalist's Syndicate- International Relegations

بەرێز نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان

بەرێزان ئەندامانی ئەنجوومەن

سڵاوێـــــکی گــــــەرم

ئەمرۆ 17ی مانگ نامەیەک لە سکرتێری گشتی فیدراسۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان ئاراستەی سەرجەم ئەندامانی فیدراسیۆن کراوە سەبارەت بە کۆنگرەی 26ـە مینی فیدراسیۆن کە لە مۆسکۆی پایتەختی روسیا لە ماوەی نێوان 5/28 – 2007/6/3 دەبەسترێت.

لە نامەکەدا هاتووە کە ئەنجوومەنی جێ بەجێ کردنی فیدراسیۆن لەم هەفتەیەدا لە برۆکسل کۆدەبێتەوە، بۆ دارشتنی ئەجندای کۆنگرە.

نامەکە داوا لە هەموو سەندیکا و یەکێتی یەکانی رۆژنامەنووسان دەکات هەر بۆ چوون و پێشنیارێکیان هەیە سەبارەت بە دەستوری فیدراسیون یا هەر بابەتێکی تر دەتوانن تا 12/28 بینێرن، بەڵام هەر بۆ چوونێک تایبەت بێت بە دەستور دەبێ تا کۆتای ئەم مانگە بکاتە دەستیان.

TEL: 00447932787618 FAX: 00442088981712 e-mail: habeb2@aol.com 1

نەخشەیەی کە ڕێکم خستبوو لەپێشەوە ڕۆژی ٢٠٠٧/٤/٢٤ بە نەخشە ڕێگایەکەم لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەن بۆ برادەران باسکرد کە بریتی بوو لەو خاڵانەی خوارەوە:

**یەکەم**: بەشداریکردن لەم کۆنگرەیەدا بە نەقیب و جێگری نەقیب و سکرتێری سەندیکا و هەر (٦) ئەندامی ئەنجوومەن کە کۆی دەگاتە (٩) ئەندام.

**دووەم**: بەشدارییپێکردنی سکرتێری لقی کەرکووکی سەندیکا و ئەندامێکی لیژنەی چاودێری و سەرنووسەری گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، لە هەمان کاتیشدا پێشنیاری (د. ڕەزوان بادینی)م کرد کە لەگەڵمان بەشداری بکات ئەویش لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان مامۆستای ڕاگەیاندن بوو لە کۆلیژی ئاداب–زانکۆی سەلاحەدین، و دووەم دکتۆراکەی لە لە سۆڤیات (ڕووسیا) وەرگرتووە و زمانی ڕووسی زۆر باش دەزانی کە ئێمە هیچمان ئەم زمانە نازانین و پێویستیمان بە یەکێکە لەو زمان زانە دەبێت چونکە ڕووسیا وەکو وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا نییە کە زمانی لێك تێگەیشتن زمانی ئینگلیزی بێت، لە هەمان کاتیشدا لە بەرنامەمان دابوو کە سەردانی بارەگای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی ڕووسیا بکەین سەرەڕای زیارەتی چەندین دامودەزگای دیکە لە ڕووسیا.

هەندێ لە برادەران جۆرە ناڕەزایەتییەکیان نیشاندا بەرامبەر ژمارە و بەشداریی هەندێك لەوانەی ناوم هێناون، بەڵام لەکۆتاییدا قەناعەتم پێکردن کەوا بەرژەوەندی لەوەدایە بەو ژمارە هەمەجۆرە بچین و لەهەمان کاتیشدا پێم ڕاگەیاندن کەوا مەسروفاتی ئەم سەفەرە بە تێروپڕی دابین دەکەم (چونکە من پێشتر لە دیدارێکدا لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ئەم بابەتەی بەشداریکردن لەم کۆنگرەیەم لەگەڵدا باسکردبوو و بەڕێزیانیش وەعدی هاوکاریی تەواوی پێدابووم)، لە هەمان کاتیشدا مەرجێکم لەسەر برادەران فەرز کرد (لەم مەسەلەیەدا خۆم بە دیکتاتۆر دەهاتە بەرچاو) ئەویش بریتی بوو لە هێنانی جلوبەرگی نەتەوەییمان کە (١١)مان کورد بووین و دووانەکەی دیکەش ئاشوری

**و کلدان بوون چونکە دەمزانی بەشداریکردن بە جلوبەرگی نەتەوەییەوە چۆن سەرنجی بەشدارانی کۆنگرە رادەکێشیَ سەرەڕای ناساندنی شاندی کوردستان بە بەشداربووانی ئەم کۆنگرە جیهانییە، من خۆم لە ساڵی ١٩٧٣ کاتێك بەشداریم لە فیستیڤاڵی قوتابییان و لاوانی جیهانی کرد لە بەرلینی رۆژهەلاَت بە جلی کوردییەوە لەگەڵ زۆربەی ئەندامانی شاندی کوردستان بەشداریمان کرد کە بووە مایەی سەرنج راکێشانی بەشداربووانی ئەم فیستیڤاڵە کە بە هەزاران قوتابی و لاوی دونیا بوون.**

**رۆژی ٢٠٠٧/٤/٢٥ نامەیەکی پوخت و رەختم بۆ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نارد کە لێرەدا دەقی نامەکەم بۆ بەڕێزیان وەکو خۆی بلاَودەکەمەوە.**

Kurdistan Journalist's Syndicate
نقابة صُحفيي كوردستان

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
ئەنجوومەنی سەندیکا

ژمارە:
رۆژ:

**برای بەرێز کاك نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی حکومەتی کوردستان**

**سڵاو و رێز...**

هیوای ساغ و سەلامەتی و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین

لە دوا دیدارمان لە گەڵ بەرێزتان یەکێ لەو خاڵانەی کە باسی لێوەکرا و رەزامەندیتان نیشاندا، ئامادە بوونی شاندی سەندیکایە لە کۆنگرەی (٢٦)ەمینی (فیدراسیونی رۆژنانەنووسانی نێودەولەتی) کە لە رۆژانی ٥/٢٧ – ٢٠٠٧/٦/٣ لە (مۆسکۆ)ی پایتەختی روسیا دەبەسترێ بە ئامادە بوونی (١١٧) سەندیکا لە سەر تاپای جیهان، لێرە بە پێویستی دەزانین ئەم خاڵانەتان بۆ روون بکەینەوە:

**یەکەم**– شاندی ئێمە بریتی یە لە ١٣ ئەندام کە بریتیین لە:–

| | |
|---|---|
| ١– فەرهاد عەونی | نەقیب |
| ٢– مستەفا ساڵح کەریم | جێگری نەقیب |
| ٣– زیرەك کەمال | سکرتێری سەندیکا |
| ٤– ئەکەد موراد | لێپرسراوی دارای سەندیکا |
| ٥– فەهیم عبدالله | ئەندامی ئەنجوومەن |
| ٦– ئەنوەر حسین | ئەندامی ئەنجوومەنی |
| ٧– خالید بکر | ئەندامی ئەنجوومەن |
| ٨– حامد محمد علی | ئەندامی ئەنجوومەن |
| ٩– سۆزان مامە | ئەندامی ئەنجوومەن |
| ١٠– عبدالله زەنگەنە | سەرنووسەری گۆڤاری ( رۆژنامەنووس) |
| ١١– سەدیق ئەحمد کەریم | لێپرسراوی لقی کەرکوك |
| ١٢– نوزاد بولس | ئەندامی لێژنەی چاودێری |
| ١٣ – د.رەزوان قادر علی | مامۆستای راگەیاندن لە کۆلیژی ئەداب/ زانکۆی هەولێر |

**ناونیشان**: هەولێر، شەقامی (٦٠) مەتری، بەرامبەر شوقەکانی زانیاری.
**تەلیفۆن**: (٢٢٩٤٨٠٠)
Email Address:
govar2004@yahoo.com
www.kurdistanjournalists.org

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
ئە نجوومەنی سەندیکا

Kurdistan Journalist's Syndicate
نقابة صُحفيي كوردستان

رۆژ:                                        ژمارە:

**دووەم–** نرخی بلیتی تەیارە ( هەولێر– ڤیەننا – مۆسکۆ) چوون و هاتن بۆ یەك نەفەر (١٥٠٠) دۆلارە و بۆ ١٣ کەس دەکاتە ١٩٥٠٠ دۆلار

**سێیەم–** پارەی ئوتیل پاش داشکاندنی بۆ ئەندامانی کۆنگرە بۆ ماوەی ١٠ شەو و کە سێ شەویان بێ داشکاندنە بۆ هەموان دەکاتە ٣٦٤٠٠ دۆلار

**هاو پێچ/** نامەی IFJ بۆ گشت سەندیکاکانی ئەندام لەجیهان.

**لەگەڵ ئەو پەڕی رێزماندا**

**براتان**
**فەرهاد عەونی**
**نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**هەولێر/ ٢٠٠٧/٤/٢٥**

**ناونیشان:** هەولێر، شەقامی (٦٠) مەتری، بەرامبەر شوقەکانی زانیاری.
**تەلیفۆن:** (٢٢٩٤٨٠٠)

Email Address:
govar2004@yahoo.com
www.kurdistanjournalists.org

**رۆژی ٢٠٠٧/٥/٨ د. نوری عوسمان عبدالرحمن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران پێی ڕاگەیاندم کەوا بەڕێز سەرۆکی حکومەت ڕەزامەندیی لەسەر داواکارییەکانم داوە و ئەمڕۆ و سبەی بە نووسراوی ڕەسمی ئاگادارتان دەکەمەوە.**

**ڕۆژی ٢٠٠٧/٥/٩ دیسان دکتۆر نوری عوسمان بە تەلەفۆن داوای لێکردم کەوا یەکێك بنێرم بۆ دیوانی سەرۆکایەتی بە مەبەستی وەرگرتنی نووسراوی ڕەزامەندی لەسەر داواکارییەکەم کە ژمارەکەی (٥٠٢١) لە ڕۆژی (٢٠٠٧/٥/٩) واژۆ کرابوو.**

**لە ڕێگای شێرکۆ حەبیبەوە هەر ئەوڕۆژە لیستێکم بە ناوی شاندی کوردستان لەگەڵ لاپەڕەی یەکەمی پاسپۆرتەکان بۆ IFJ نارد و بە شێرکۆشم ڕاگەیاند کەوا لە لەندەنەوە سەفەری برۆکسل بکات بە مەبەستی جێ بە جێکردنی کاروباری سەفەر و ڤیزاکان، پێشووتریش لە ڕێگای مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە کە پێشووتر ئاگادار کرابووین ڕا و سەرنجی خۆمان بەرامبەر بە دەستوور و هەندێ شتی دیکە وەکو پێشنیار ناردبوو، ڕۆژانەش لەگەڵ شێرکۆ لە پەیوەندیدا بووم بۆئەوەی هیچ کەموکوڕییەك لەم ئەرکەدا ڕوونەدا، لێرەدا دەگەڕێمەوە سەر هەندێ لایەنی تۆمارکراو لە دەفتەری بیرەوەرییەکانم کە ناکرێ لێرەدا ئەوەی لەو دەفتەرە نووسیومە بڵاوی بکەمەوە.**

**ڕۆژی ٢٠٠٧/٥/٢٣، ئەمڕۆ لە ئامادەباشی دا بووین بۆ سەفەری بەیانی، پارە وەرگیراوە، ڤیزاکان هاتوونەتەوە، پلیتی تەیارەش کڕاوە (هەولێر–عەمان–مۆسکۆ–عەمان–هەولێر).**

**ئەم بابەتی سەفەرە زۆر ماندووی کردم چونکە بەخۆم نەبا نەدەکرا، چونکە مەسەلەکان هەمووی پەیوەندیی بە مەرکەزی بڕیارە، ئێوارە لەگەڵ برادەران دانیشتم هەریەکە پلیت و پارە و پێداویستییەکانم دابەشکرد، جارێکی دیکە جەختم لەسەر لەبیرنەچوونی جلوبەرگی نەتەوایەتی کردەوە.**

کاتژمێر (٨)ی شەویش لەگەڵ پەرویینی هاوسەرم سەردانێکی تایبەتی نەخۆشخانەی رزگاریم کرد چونکە (پورە عاسمە)م لە نەخۆشخانە بوو و نەخۆشییەکی سەختی هەبوو، زۆر بەدیاری ماینەوە، بەڕاستی زۆر نیگەران بووم چونکە ئەم پوورەم بۆ ئێمە هەموو شتێك بوو، بەڕاستی خەمخۆری هەموو لایەکمان بوو، لە دڵەوە حەزم نەدەکرد بەجێیبهێڵم، بەڵام نەشدەکرا سەرۆکایەتیی ئەم سەفەرە نەکەم، بەهەرحاڵ بە ماچکردنی نێوچەوانی خواحافیزیم لێکرد و لە دڵەوە لە خوای گەورە دەپاڕامەوە کە تەمەنی درێژ بێت.

٢٠٠٧/٥/٢٤ کاتژمێر (٣)ی بەرەبەیان بەرەو فڕۆکەخانەی هەولێر چووین، کاتژمێر (٥:١٥) بەرەو ئوردن چووین و کاتژمێر (٦:٤٥) گەیشتینە عەمان، ئێمە چونکە (ترانزێت)بووین بەرەو ئوتێل (عالیە) چووین کە لەناو فڕۆکەخانەیە، بۆ هەر یەکێکمان ژوورێکیان بۆ تەرخان کردین، ئێوارە بە تاکسی چووینە ناو عەممان بۆ ناوچەی (جبل الحسین).

٥/٢٥، کاتژمێر (٩:١٥) ئۆتۆمبێلی فڕۆکە خانە گواستینییەوە و تاکو (١١:٣٠)ی پێش نیوەڕۆ ماینەوە ئەوجا تەیارەکەمان فڕی و کاتژمێر (٤:٢٠)ی ئێوارە گەیشتینە مۆسکۆ، لە پەنجەرەی تەیارەوە کاتێ گەیشتینە ئاسمانی ئەو پایتەختە مەزنە بەتەواوی سەوزایی دەروبەری داپۆشیبوو، کە بەڕاستی دیمەنێکی زێدە جوانی دەبەخشی، کە لە فڕۆکە دابەزین کاك (شۆڕش) کوڕی خوالێخۆشبوو شەهید (دکتۆر خالد سەعید) کە نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لە مۆسکۆ لە پێشوازیماندا بوو و سێ ئۆتۆمبێلیشی لەگەڵ خۆی هێنابوو کە لە راستیدا جێی رێز و پێزانینی شاندەکەمان بوو. ئەو رۆژە رێککەوتی رۆژی هەینی بوو و کاتی ئێوارە بوو و رۆژانی شەممە و یەك شەممەی بەدوادا دەهات کە تێیدا ئەو دوو رۆژە پشووی سەرتاسەرییە لەبەرئەوە ئەو ئێوارەیە رێگاوبان یەکجار قەرەباڵغ بوو، بۆیە لە فڕۆکەخانەوە بە کاتژمێر و نیوێك گەیشتینە ئوتێل کە شوێنی حەوانەوەی شاندەکانی

بەشداربووی کۆنگرەی مۆسکۆ و شوێنی گرێدانی کۆنگرەکە بوو، کە ئەویش ئوتێل (مێژدۆناڕۆتنایا) لە باڵەخانەی زێدە گەورەی سەنتەری بازرگانیی جیهانی (مركز التجارة العالمي) بوو، کە ئوتێلێکی ئەگجار جوان قەشەنگ بوو بەسەر رووباری مۆسکۆی دەڕوانی و لە (٢٤) نهۆم پێکهاتبوو و من ژووری ٣٦٣) لە نهۆمی سێیەمم بۆ تەرخان کرابوو کە دەیڕوانییە باشووری خۆرئاوای مۆسکۆ، کاتێ گەیشتینە ئوتێلیش برای بەڕێز شێخ مەنسوری حەفید لە چاوەڕوانیمان دا بوو (من دەمێکە شێخ مەنسور دەناسم و کوڕێکی باش و کوردپەروەرە، ئەوکاتە ملحق-ی سەربازیی سەفارەتی عیراقی بوو لە مۆسکۆ)، ئێوارە بە کۆمەڵ چووینە سەر کەناری رووباری مۆسکۆ کە لە قەراغی دا شوێنی دانیشتن و پشووی بۆ رێکخرابوو تاکو کاتژمێر (١١)ی شەو بەدەم گفتوگۆ لەم شوێنە کاتمان بەسەربرد.

٥/٢٦، کەشوهەوا بەهاری بوو، یەکەم رۆژی پاش گەیشتنمان لە مۆسکۆ لە چێشتخانەی ئوتێل نانی بەیانیمان خوارد، پاش وەرگرتنی رێنماییەکانی رێوڕەسمی کۆنگرە بەندە و برایان مستەفا ساڵح کەریم و ئەکەد موراد و حامد محمد عەلی بە ئۆتۆمبێلی کاک شۆڕش دکتۆر خالد بەرەو گۆڕەپانی (کرملین) چووین بە مەبەستی زیارەتی مەزاری (ڤلادیمێر ئیلیتش لینین)، ماوەی کاتژمێر و نیوێك لە سەرە لە چاوەڕوانیدا بووین کە بچینە مەزارەکە، بەڵام ئەو رۆژە نەمانتوانی سەردانەکە بکەین لەبەر زۆریی ئەو خەڵکەی کە بۆ هەمان مەبەست هاتبوون، بەڵام پاشان چووینە سەیری گۆڕینی پاسەوانانی لایەکی دیکەی کرملین کە ئەویش مۆنیۆمێنتی (سەربازی ونە) کە رێوڕەسمێکی سەرنجڕاکێشە کە لەلای دیواری باکووری رۆژئاوای کرملینە، نیوەڕۆ کاك شۆڕش ئێمەی لە چێشتخانەیەکی (ئازەربێجانی) بەناوی (شەش بێش) داوەتکرد، کە خواردنی رۆژهەڵاتیی بەتاموچێژیان هەبوو، ئینجا بە پێ لە هەندێ لە شەقام و شوێنە گشتییەکان گەڕاین، کاتژمێر (٨) شەویش شێخ مەنسور حەفید بە ئۆتۆمبێلی دبلۆماسیی خۆی بەندە و کاك مستەفای داوەتی ماڵی خۆی کرد، کە بریتی بوو

له شوقەیەکی جوان و بەرین لەناو باڵەخانەیەکدا کە هەرهەمووی بۆ دبلۆماتکاران تەرخان کرابوو لە ناوچەیەکی پڕ لە دار و درەخت و گوڵ و گوڵزار و تاکو درەنگانێکی شەو لە میوانداریی ئەو جوامێرە ماینەوە، بەڵام لەو یەك دوو رۆژەدا کەشوهەوای مۆسکۆ بەرەو گەرمی دەچوو وەکو دەیانگوت مۆسکۆ لەم وەرزەدا پێشووتر ئەم کەشوهەوایە گەرمەی بەخۆیەوە نەدیوە کە تێیدا پلەی گەرما گەیشتە (٢٨) پلەی سەدی.

٢٠٠٧/٥/٢٧، بەیانیی ئەم رۆژە درەنگ لەخەو هەڵسام کە وابزانم کاتژمێر نزیك (٩)ی بەیانی بوو، وابزانم یەکەم جارە لە ژیانم کە وا درەنگ لەخەو هەڵبستم، ئێمە لەبەرئەوەی بەرنامەمان بە رێکوپێکی لە کوردستانەوە رێکخستبوو بەیانیان بۆ ماوەی کاتژمێرێك لە سەنتەری پشووی نهۆمی یەکەمی ئوتێلەکە کۆدەبووینەوە و بە ئیشوکارەکاندا دەچووینەوە، ئەو رۆژە دیسان کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ جارێکی دیکە بە یاوەریی کاك شۆڕش بەرەو گۆڕەپانی سوور (الساحة الحمراء) چووین، ئەوجارە بەندە و کاك مستەفا ساڵح کەریم و کاك حامد محمد عەلی و کاك ئەکەد موراد بووین، ئەو رۆژە زۆر چاوەڕوانیمان نەکرد، لەنێوان نیو کاتژمێردا گەیشتینە بەردەم مەزاری لینین کە لە باڵەخانەیەکی سەرنجڕاکێشی ئەو گۆڕەپانەیە. جەستەی لینین کە وەکو بڵێی تازە خەوتووە زۆر سەرسوڕهێنەر بوو، زۆر بە رێزەوە بە بێدەنگی پاسەوانیی لیٚ دەکرا لەلایەن چەند سەربازێك، من چاوم کردبووە چوار چاو تاکو چەند بتوانم لەنێو ئەو چەند خولەکە کە هەموو شتێك ببینم باڵەخانەکە رووناکییەکی رەنگ سووری بەسەر لاشەکەدا راکشابوو، ئەندازەی ناوەوەی مەزارەکە و جۆر بێدەنگیی شوێنەکە و جۆری راوەستانی پاسەوانەکان کە وەکو (بت)ێك راوەستابوون کاتیٚ بەلای جەستەکە رەت بووین مێژووی رۆڵی ئەم سەرکردە گەورەیەی رووسیام هاتەوە بیر کە چۆن رۆژێك لە رۆژان دونیای هەژاند و سەدان ملیۆن کەس لە رووسیا و دەرەوەی رووسیا دەروێش و رێبازی ئەو مرۆڤە بوون، پاش تەواوبوونی زیارەتەکە ئەوجا بەرەو

گۆڕستانی گەورە سەرکردەکانی سۆڤییەت چووین کە ئەوانیش هەر لەبن دیوارەکانی پێشەوەی کۆشکی کرملین نێژراون، بۆ نیوەڕۆ داوەتی جەماعەتم کرد لە چێشتخانەی (کشمیش) کە چێشتخانەیەکی (تاجیکستانی) بوو کە ئەویش خواردنی نزیك بە خواردنی کوردەواری دەچوو، دەمەو عەسرەکەشی سەردانی زانکۆی مۆسکۆمان کرد کە ئەویش لە شوێنێکی دڵگیردایە، ئێوارەکەش ئەندامانی شاندەکەمان لەسەر کۆرنیشی رووباری مۆسکۆ بە قسە و دەنگوباسی کۆنگرە تا درەنگانێك ماینەوە.

٢٠٠٧/٥/٢٨، ئەمڕۆ هەرهەمووومان زوو لەخەو هەڵساین، کاتژمێر (٩)ی بەیانی هەمووومان بە جلی نەتەوایەتییەوە (جلی کوردی) بەرەو هۆڵی کۆنگرە چووین، کە لەلایەکی دیکەی هەمان باڵەخانەی سەنتەری بازرگانیی جیهانی بوو، دیمەنی شاندی ئێمە کە لە (١٣) رۆژنامەنووس پێکهاتبوو بەو جلوبەرگە میللیانەمان سەرنجی تەواوی وێنەگرانی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و فۆتۆگرافیی راکێشابوو، لە راستیدا لەو ساتەدا خۆم بە خۆمم دەگوت کە بەڕاستی کارێکی باشم کردووە کە بەو جلوبەرگانەوە هاتووین بۆ کۆنگرەیەکی فدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی لە شاری مۆسکۆ. ئایدن وایت کە لە ریزی پێشەوەی پێشوازیکەران راوەستابوو رێزی تایبەتیی بۆ شاندەکەمان نیشاندا، کە ئەویش بە سەردانەواندن بۆ چەند چرکەیەك سەرەڕای بەرزکردنەوەی هەردوو دەستی، پاشان پێی راگەیاندین کە شاندی کوردستان زۆر دڵگیرانە هاتوونەتە پێش چاو، کاتژمێر (١١) ئاهەنگی مۆسیقا دەستیپێکرد کە ئەویش رێوڕەسمێکی سەرنجڕاکێش بوو، رێوڕەسمەکە وەکو کۆنگرەکانی وڵاتانی رۆژهەڵات تەقلیدی نەبوو کە بە وتار خوێندنەوەی حەماسی دەستپێبکات، لە پشووی پاش ئاهەنگی مۆسیقاکە کەناڵی تەلەفزیۆنیی (روسیا اليوم) دیمانەیەکی لەگەڵ کردم، پرسیارەکان بریتی بوون لەسەر رەوشی رۆژنامەنووسی لە عیراق و کوردستان (بۆ زانینی خوێنەر شاندی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراق بەشداریی ئەو کۆنگرەیەی پێنەکرابوو و شاندی

کوردستان دەنگەکانی ئەوانیشی بەدەستهێنا لە پرۆسەی هەڵبژاردنی لیژنەی راپەڕاندن و سەرۆکی فدراسیۆن چونکە تەخویلی سەندیکای عیراقیمان پێبوو)، ئێوارەی هەمان رۆژ کاتژمێر (٥) سەردانی پێشانگای (داغستان)مان کرد و لەو پێشانگایە سێ کتێبی (رسوڵ حەمزاتۆڤ)یان بە دیاری داینێ، لە وتەیەکی کورتدا لە کاتی پێشوازیدا لەلایەن هەڵسوڕێنەرانی پێشانگاکە گوتم (بەڕێزان خوێندەوارانی کورد دەمێکە نووسەری گەورەی داغستان رەسوڵ حەمزاتۆڤ دەناسن و لە رێگای کتێبە نایابەکەی داغستان وڵاتی منە هاوڕێیەتیمان لەگەڵ گەلی داغستان پەیدا کردووە)، پاشان لەسەر شەرەفی زیارەتەکە لە پەرداغێکی زیویدا کە بەدەست نەخشێنرابوو یەکی پێکێکی مەی-مان نۆشی و بەدیاریش پەرداغە زیوییەکەیان وەکو سەرۆکی شاند بە من بەخشی کە تاکو ئێستاش لە کتێبخانەکەم پارێزراوە. ماوەیەکیش لە هەڵبەڕکێ و گۆرانی گوتن بەشداریمان لە ئاهەنگ بۆنەکەیان کرد کە بەندە تێیدا گۆرانیی کوردیشم بۆ گوتن.

کاتژمێر (٧)ی ئێوارە ئاهەنگی کردنەوەی کۆنگرە دەستیپێکرد کە تەواوکەری ئاهەنگی بەیانی بوو کە تێیدا سەرۆکایەتیی بەڕێوەبردنی کۆنگرە هەڵبژێردرا سەرەڕای خوێندنەوەی وتاری سکرتێری گشتی (ئایدن وایت) کە لە بەرگەیەکدا باسی رۆژانی سەختی رۆژنامەنووسانی عیراقی کرد و زۆر بە بایەخەوە باسی رەوشی رۆژنامەگەریی لە کوردستان کرد کە تێیدا چالاکی و رۆڵی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە بەرز نرخاند بەتایبەتیش باسی ئەو پرۆژەیاسایەی سەندیکای کرد دەربارەی رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان کە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کراوە. ئینجا دەستکرا بە پرۆسەی پاڵاوتنی سەرۆکی فدراسیۆن و یاریدەدەرەکانی و لێپرسراوی دارایی و ئەندامی لیژنەی راپەڕاندن بەپێچەوانەی رێوڕەسمی کۆنگرەکانی لای خۆمان کە لە دوایین رۆژی سەرۆك و سکرتێر و لیژنەی راپەڕاندن هەڵدەبژێردرێن، ئەوجا قسە و گفتوگۆیەکان هاتنە سەر تاوتوێکردنی راپۆرتی گشتی لەلایەن شاندی ئێمەوە کاك مستەفا ساڵح کەریم لە

موداخەلەیەکدا کە تێیدا تیشکی خستە سەر چەند لایەنێکی راپۆرتی گشتی و باسی دەستکەوتەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و بارودۆخی خراپی رۆژنامەنووسانی عیراقی کرد، موفید الجزائری–ش باسی لە موعاناتی رۆژنامەنووسانی عیراق کرد کە تێیدا رۆژنامەنووسان لە بارودۆخێکی یەگجار دژواردا کارەکانیان ئەنجام دەدەن، بەڵام بە هیچ شێوەیەك موفید باسی ئیجابییاتی کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان نەکرد، پێشووتریش دیسان لە وۆرك شۆپێکدا لە عەمان بە هەمان شێوە باسی لە بارودۆخی خراپی رۆژنامەنووسانی عیراق کرد بێئەوەی بەلای لایەنی ئەرێنیی کاری رۆژنامەنووسان لە کوردستان بکات، لەو کاتەدا بە کاك مستەفا ساڵح کەریمم گوت کە لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو بەڵکو سەرنجی موفید بۆ ئەم مەسەلەیە رابکێشیٚ کە تێیدا حەق وایە گەر بە رستەیەکیش بێت باسی بارودۆخی رۆژنامەگەری لە کوردستان بکات، بەڵام سەرەڕای ئاگادارکردنەوەی لەلایەن کاك مستەفاوە کاك موفید بەو لایەنەدا نەچوو.

٥/٣٠، کەشوهەوای مۆسکۆ بەرەو گەرمی دەچێت، لەو رۆژەوە هاتووین دونیا گەرمە، وەکو دەڵێن (١٣٠) ساڵە مۆسکۆ بەم شێوەیە گەرم نەبووە، کاتژمێر (٩:٣٠) چووین هۆڵی کۆنگرە دیسان گفتوگۆ لەسەر بابەتەکانی راپۆرتی گشتی گەرم بوو، چونکە راپۆرتە گشتییەکە سەرجەم کێشەکانی رۆژنامەنووسان و ئازادیی رۆژنامەنووسیی ئەو وڵاتانەی تێدا تۆمار کراوە کە کێشەی رۆژنامەنووسانی تێدا هەیە، ئێمە لەو مەسەلەیەدا رۆژی پێشووتر بیروڕای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانمان دەربڕی، کاتژمێر (١١:٣٠) لەگەڵ د. رەزوان بادینی و د. خۆشەوی مەلا ئیبراهیم کە لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە مۆسکۆ و ئەنوەر حسێن بەرەو باڵەخانەی (سەنتەری رۆژنامەگەریی ئازاد) (المرکز الصحافي المستقل) چووین، بەپێی بەرنامەیەکی پێش وەختە پێدەچوو ئەم سەنتەرە لەلایەن دەزگایەکی رۆشنبیریی ئەمەریکاوە هاوکاری دەکرێت، نزیکەی ٣٠ رۆژنامەنووس لە

وڵاتانی جیاجیا هاتبوون، ئێمە و دوو لە رۆژنامەنووسانی سەر بە PKK لەوێ بووین، رێوڕەسمەکە بریتی بوو لە قسەکردن لە مینبەری ئەم شوێنە دەربارەی کاری رۆژنامەنووسییەوە، چەند رۆژنامەنووسێکیش دیاریکرابوون بۆ قسەکردن. لە سەرەتادا ماوە بە بەندە درا بۆ ماوەی نیو کاتژمێر قسە بکەم و بۆ ماوەی نیو کاتژمێریش وەڵامی پرسیارەکان بدەمەوە کە تێیدا من و رۆژنامەنووسانی بیانی قسەوباس و گفتوگۆیەکانمان لەسەر بارودۆخی رۆژنامەگەری لە عیراق و کوردستان بوو، پێکهاتەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراق و کوردستان و یاسای رۆژنامەگەری و چۆنێتیی مامەڵەکردنی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش و تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسان لە عیراق کۆی گفتوگۆی ئەو کاتژمێرە بوو، پاش تەواوبوونی کۆڕەکە سەرۆکی سەنتەر هاتە قسە و گوتی (سوپاسی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەم کە راشکاوانە، بوێرانە باسەکەی خۆیی پێشکەش کرد و وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە، کە لە راستیدا بارودۆخی رۆژنامەگەری لە کوردستان کە لە راپۆرتە گشتییەکەی سکرتێری گشتی شوێنی هەبوو مایەی رێز و پێزانینە و هیوای سەرکەوتن بۆ ئێوە و گەلی کوردستان دەخوازم)، نیوەڕۆیەکەی د. خۆشەوی ئێمەی لە رێستورانتێکی رۆژهەڵاتی داوەتکرد لەگەڵ دوو برادەری دیکەی کە یەکێکیان کوڕە کوردێکی کوردستانی سوریا بوو و ئەوەی دیکەیان کوڕە کوردێکی بە رەگەز ئێزدیی خەڵکی ئەرمینیا بوو، ئێوارەش لەگەڵ برادەران پیاسەیەکی یەك کاتژمێریمان بۆ گۆڕەپانی ئۆکتۆبەر و دارستانە چڕوپڕەکەی دەوروپشتی کرد، شەویش لەگەڵ کاك مستەفا و ئەندامانی شاندەکەمان لە شوێنی دانیشتنی ئوتێلەکە لەسەر بەرنامە و کارەکانی خۆمان کەوتینە گفتوگۆ چونکە ئێمە هەموو کار و چالاکییەکانمان بە دەستە جەمعی دەگوزەراند.

٢٠٠٧/٥/٣١، ئەمڕۆ هەرهەمموومان کاتژمێر (٩) بەیانی بەرەو هۆڵی کۆنگرە چووین، جیم بومیلا کە بە بەرگەز هاووڵاتییەکی جولەکەی خەڵکی وڵاتی

مەغریب بوو، بەڵام دەمێکە ئەو وڵاتەی بەجێهێشتووە و لە بەریتانیا دەژی و بۆتە هاووڵاتییەکی بەریتانی، پێشووتر راوێژکاری دارایی فدراسیۆن و ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی بەریتانیا بوو، ئێمەی وەکو کورد زۆر خۆشدەویست و کارەکانی ئێمەی هەمیشە بە ئەرێنی باس دەکرد، لەو دانیشتنەی ئەو رۆژەدا هەڵسەنگاندن بۆ راپۆرتی گشتی سکرتێری گشتی و بۆچوونە جیاوازەکان کرد کە تێیدا سەرنج و تێبینیی زۆر جدیی هەبوو، بەڵام سەرەڕای جیاوازیی پێکهاتە و جیاوازیی شاندەکان کە لە (١٢٠) وڵات هاتبوون، گفتوگۆکان راشکاوانە، هێمنانە، شەفافانە بەڕێوەدەچوو، ئەوجا لە دوا بڕگەی دانیشتنی ئەو رۆژە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکی فدراسیۆن و سێ جێگرەکەی و لێپرسراوی دارایی دەسپێکرد (لە فدراسیۆن هەڵبژاردنی لێپرسراوی داراییش لە کۆنگرە ئەنجام دەدرێت و دەبێت بڕ و رێژەیەکی بەرچاو لە دەنگ بەدەست بهێنێ) ئێمە وەکو سەندیکای کوردستان پێشووتر بیرمان لە خۆ پاڵاوتنی نوێنەری سەندیکا بۆ لیژنەی راپەڕاندن نەکردبوو چونکە بۆ یەکەم جار بوو لە کۆنگرەی مۆسکۆ وەکو ئەندامی کارا بەشدار بین و ئەو مافەمان هەبێت بەڵام لە رۆژانەی کۆنگرە بیرۆکەکەمان لا گەڵاڵە بوو چونکە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان مافی (٥) دەنگدەرمان هەبوو سەرەڕای چوار دەنگی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراق کە ئەوانیش لەبەر ئامادەنەبوونی خۆیان ئەو مافەیان بە ئێمە بەخشیبوو، یانی کۆی دەنگەکان (٩) دەنگ بوو کە ئێمە بەکارمان دەهێنا کە ئەویش حیسابی بۆ دەکرا بۆیە لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتیی خۆمان لەو رۆژانەدا بڕیارمان دا شێرکۆ حەبیب تەرشیح بکەین بۆ ئەندامێتیی لیژنەی راپەڕاندنی فدراسیۆن چونکە شێرکۆ لە لەندەن دەژی و دەیتوانی ئامادەی کۆبوونەوە و دیدارەکانی فدراسیۆن ببێت بێئەوەی تووشی گیروگرفتی ڤیزاوەرگرتن بێت، سەرەڕای ئەوەی کە لێپرسراوی مەکتەبی دەرەوەی سەندیکا بوو دەبووایە ئەوەی خۆی دەپاڵێوێ بچێتە سەر مینبەری کۆنگرە ناوی خۆی وڵاتەکەی سەندیکایەکی رابگەیەنێ شێرکۆش ئەو کارەی ئەنجامدا و خۆی پێشکەش بە ئەندامانی کۆنگرە کرد،

لەو یەك دوو رۆژەی پێشووتریش ئێمە هەموومان کەم و زۆر لە هەوڵی جدی دا بووین بە مەبەستی دەنگ کۆکردنەوە کە تێیدا کاك عەبدوللا زەنگەنە وەکو باسی لێوە دەکرد لە هەموومان زیاتر لە هەوڵ و تێکۆشان بووە بۆ بەدەستهێنانی دەنگ بۆ شێرکۆ، پرۆسەکە ئەنجامدرا، هەر لەو دانیشتنەدا (بریماکۆف) سەرۆك وەزیران پێشووی رووسیا کە یەکێکە لە سیاسەتمەدارەکانی ئەو سەردەمە کە لەسەرەتادا لە ناوەندی شەستەکان لە قاهیرەی وڵاتی میسر وەکو پەیامنێری رۆژنامەی (پراڤدا) کاری دەکرد کە پاشان بەرە بەرە گەیشتە لوتکەی دبلۆماسییەت و سەرۆك وەزیرانی وڵاتی خۆی، کاتی خۆشی وەکو لە لاپەرەکانی پێشووتردا باسم کردووە ساڵی ١٩٧٣ سەردانی عیراقی کردووە و ئەوکاتە بەندە بەڕێوەبەری رۆژنامەی (التاخی) بووم لە بەغدا، کە تێیدا بریماکۆڤ سەردانی التاخی کرد لەگەڵ خوالێخۆشبوو شەهید دارا تۆفیق دۆستایەتیی هەبوو. بریماکۆڤ لەو دانیشتنەی کۆنگرەی مۆسکۆ وتەیەکی پێشکەش کردو تێیدا سەبارەت بە رەوشی رۆژنامەگەری دوا ئەوجا وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە، دەربارەی عیراق گوتی (چەند جارێك سەردانی سەدام حسێنم کرد و داوام لێکرد نەرمی بنوێنێ و پەراوێزێك بۆ دیموکراسییەت داببین بکات، بەڵام هیچی جێبەجێ نەکرد، دەربارەی کوردستانیش ئاماژەی بە دیداری بارزانی نەمر کرد و گوتی بارزانی ئەوکاتە داوای ئۆتۆنۆمیی دەکرد و منیش لەگەڵ ئەو داواکارییەی بارزانی هاوڕابووم لەو قۆناغەدا)، لە کاتی دابەزینی بریماکۆڤ لەسەر سەکۆی گوتارەکەدا جێگری نەقیب کاك مستەفا ساڵح کەریم سڵاوی بەڕێز مام جەلال-ی سەرۆك کۆماری عیراقی پێ راگەیاند، بریماکۆڤیش داوای لە کاك مستەفا کرد سڵاوی ئەو بە بەڕێز تاڵەبانی بگەیەنێ، شێرکۆ حبیبیش لەگەڵ بریماکۆڤ کەوتە قسە، کە زانی کوردە بە شێرکۆی گوت رات لەسەر قسەکانم چی بوو شێرکۆش لە وەڵامدا گوتی من لەگەڵ بیروڕای بەڕێزتان نیم چونکە رەوشی ئێستاکە لەگەڵ رەوشی ٣٠ ساڵ پێشتر جیاوازیی هەیە و گەلی کوردستانیش ماڤی خۆیەتی داوای ماڤی چارەنووسی خۆی بکات، ئەوجا بریماکۆڤیش لە وەڵامدا گوتی (منیش لەگەڵ

بیروبۆچوونی گەلی کوردستانم)، پێش بەجێهێشتنی بریماکۆڤ بە کاك مستەفا و شێرکۆی ڕاگەیاند کە ئارەزووی هەیە سەردانی کوردستان بکات، شێرکۆش گوتی ئەم ئارەزووەتان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕادەگەیەنم.

٢٠٠٧/٦/١، ئەمڕۆ ڕۆژی هەڵبژاردن بوو، سەرلەبەیانی کاتژمێر (٩:٣٠) لە هۆڵی کۆنگرە بووین، کارتی هەڵبژاردنمان وەرگرت کە تێیدا ٢٨ ڕۆژنامەنووس خۆیان پاڵاوت بۆ لیژنەی ڕاپەڕاندن بۆ ١٦ پۆست، کاتی جیاکردنەوەی دەنگەکان شێرکۆ ٧٥ دەنگی بەدەستهێنابوو و زنجیرەی ١٨ی لەناو پاڵێوراواندا بوو، دوا براوەش ١٢١ دەنگی هێنابوو، سەرەڕای سەرنەکەوتنمان، بەڵام ئێمە بە سەرکەوتنمان لەقەڵەم دا، ئەوەی لەم پرۆسەیە ڕەچاومان کرد، لە شاندی فەلەستینی زیاتر هیچ شاندێکی عەرەبی، تورکی دەنگی بۆ نەداین، ئەو سەندیکایانەی کە دەنگیان پێ داین، شاندی وڵاتانی ئەوروپی و ئاسیایی بوون، بەهەرحاڵ ئەگەر پێشووتر کاری زیاترمان بکردایە کە لە تواناداا نەبوو لەوانەبوو لە یەکەم پرۆسەی هەڵبژاردندا سەرکەوتنمان بەدەستبهێنابا.

پاش بەکۆتا هاتنی پرۆسەکە دەوروبەری کاتژمێر (١)ی دوای نیوەڕۆ بەرەو باڵەخانەی نۆڤۆسکی یاخود وەکالەتی ڕۆژنامەنووسی (نۆڤۆستی)ی جاران کە تێیدا بەندە و موفید جەزائری بانگهێشت کرابووین بۆ ئەنجامدانی دیمانەیەکی ڕۆژنامەنووسی، موفید قسەی کرد منیش دوابەدوای ئەو کەوتمە قسە و ڕوونکردنەوە، پاشان وڵامی ١٣ پرسیارم دایەوە، بەهەرحاڵ دیمانەکە سەرنجڕاکێش بوو، ڕاشکاوانە ناوی کورد و کوردستان زیاتر لەناوی عیراق دەهات.

پاش نیوەڕۆ لە کاتژمێر ٣دا بەپێی ڕێوڕەسمی کۆنگرە ئامادەی ئاهەنگی کۆتایی کۆنگرە بووین، ئایدن وایت و جیم بومیلا وەکو دوو دۆست دەهاتنە بەرچاو کەیف خۆش بوون، لە هۆڵێکی پان و بەرین و ڕازاوە بە کورسی و مێزی جوان شانۆی ئامادەکراو ئاهەنگەکە دەستپێیکرد، لەگەڵ خواردنەوە و

خواردندا و سەما و هەڵپەڕکێی تیپە جیاجیاکانی رووسی دەستیپێکرد، کە تێیدا دیمەنێکی نیشان دەدا کە لە تابلۆیەکی رازاوەی هونەرمەندێکی گەورەی جیهان دەچوو، ماوەی دوو کاتژمێری خایاند و من پێش تەواوبوونی ئاهەنگەکە من و چەند برادەرێکی دیکە بەپێی داوەتنامەیەك سەردانی (ماڵی کوردان)مان کرد کە تێیدا پارتی کرێکارانی کوردستان PKK رێکخەری بوون، بە ئۆتۆمبێلی لیمۆزین بە ئاڵای کوردسانەوە لە شەقامەکانی مۆسکۆ تێدەپەڕین، برادەرانی ماڵی کورد رێزێکی زۆریان گرتین، بارەگاکەیان لە باڵەخانەیەکی گەورەی دەورەدراو بە داروودرەخت بوو، دیمانەیەکی تیڤیان لەگەڵ من ئەنجامدا بۆ مید تیڤی، ئێوارەش ئێمەیان لە رێستورانتێکی خۆیان داوەت کرد کە لە ناوەڕاستی رێستورانتەکە وێنەیەکی عەبدوللا ئۆجەلان رێبەری PKK هەڵواسرابوو قسە و گفتوگۆیەکانمان زۆر راشکاوانە و دۆستانە بوو.

٢٠٠٧/٦/٢، ئەمڕۆ کەشوهەوا تەواو فێنکە بەپێچەوانەی رۆژانی پێشوو، بەڵام ئەمڕۆ پلەی گەرمان لەنێوان ١٨-٢٠پلە بوو، سەرلەبەیانی بە ئۆتۆمبێلی (ئارام) کە گەنجێکی خەڵکی هەولێر بوو ئەو خێزانەکەی کە کچێکی رووسی بوو لەگەڵ رەجەب مەزروعی سەردانی بازاڕێکی زێدە قەرەباڵغی کلتووریمان کرد. کاتژمێر ١:٣٠ من شێرکۆ و فەهیم عەبدوللا لەگەڵ کاك خۆشەوی مەلا برایم و ئارام لەگەڵ (دیواری) کە کوردێکی رووسیا بوو سەردانی ماڵی هونەرمەندێکی تاجیکستانی-مان کرد کە ئەویش کورد بوو، کە بەڕاستی هونەرمەندێکی گەورە و کاری زۆر نایابی هەبوو، لەوێوە بۆ مۆزەخانەیەکی گەورەی مۆسکۆ چووین کە بەڕاستی لەوێش کاری یەگجار گەورە و نایاب نمایش کرابوو، ئەوجا سەردانی ئەو کەنیسەمان کرد کە تازە درووستکرابۆوە چونکە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەنیی جۆزێف ستالین روخابوو و لەشوێنی ئەو کرابوو بە مەلەوانگە، بەڵام پاش رووخانی سستمی سۆسیالیستی لە روسیا

جارێکی دیکە سەرلەنوێ کەنیسەکە دروستکرابۆوە. بۆ شەویش کاک شۆڕش لە ڕێستورانتێکی زۆر دڵگیر داوەتی کردین و تاکو کاتژمێر ١٢ ماینەوە.

٢٠٠٧/٦/٣، ڕۆژێکی خۆش بوو تاکو کاتژمێر ١٠ لە ئوتێل بووین، پاشان بە ٤ ئۆتۆمبیل بەرەو ڤێلاکەی (کاکە ئەمین) چووین کە ئەویش کوڕە کوردێکی خەڵکی کوردستانی سوریایە و ماوەیەکە لە مۆسکۆ دەژی و ڤێلایەکی قەشەنگی لە دەرەوەی مۆسکۆ لەناو دارستانێك دروستکردووە، شوێنەکە زۆر خۆش و فێنك بوو، مرۆڤ حەزی دەکرد لەو شوێنە کاتی پشوو بەسەربەرێ کاکە ئەمین خواردن و خوردنەوەیەکی زۆری ئامادەکردبوو، تاکو درەنگانێکی ئێوارە ڕۆژێکی خۆشمان رابوارد بە قسە و گفتوگۆی سیاسی، ئێوارە کاتژمێر ٧ گەڕاینەوە، شەویش کاتژمێر ٩ لەگەڵ عەبدوللا زەنگەنە و شێرکۆ بەرەو بازاڕێکی هاوچەرخی مۆسکۆ چووین کە هەمووی مارکە بوو، بەڵام هیچمان نەکڕی چونکە زۆر گران بوو (بە برادەرانم گوت سەردەمێك لەو مۆسکۆیە وەکو قوتابییان و خوێندکارە کوردەکان دەیانگێڕایەوە لەم وڵاتە دەبووایە بۆ پاکەتە پەنیر و کەرەیەك دەبوویاە سەرە بگریت چونکە دەوڵەت خەریکی دروستکردنی چەك و چەکی قورس و ئەتۆمی بوو لەو ململانێیەی کە لەنێوانی رووسیا ئەمەریکا هاتبووە ئاراوە)، بەڵام ئێستاکە کاتێ دەبینری ئەو ململانێیە نەماوە و رووسیا لەجیاتی سۆسیالیستی بازاڕی ئازادی دروستکردووە دەبینین جلوبەرگی مارکە و خواردنی جۆراوجۆر لەو بازاڕە و لە شوێنەکانی تر نمایش کراون.

٢٠٠٧/٦/٤، ڕۆژێکی خۆشە پلە گەرمای ئەمڕۆ ٢٣ ئەمڕۆ شاندەکەمان بە هاوڕێیەتیی برایان شۆڕش و خۆشەوی (نوێنەرانی پارتی و یەکێتی لە مۆسکۆ) بەپێی بەرنامە سەردانی یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی رووسیامان کرد، لەلایەن جێگری سەرۆکەوە لەگەڵ چەند ئەندامێکی دیکەی باڵایان پێشوازیی گەرمیان لێکردین، بەپێی پرۆتۆکۆڵ پاش بەخێرهێنانمان وتەیەکم پێشکەش کرد دەربارەی بارودۆخی کوردستان و کاری ڕۆژنامەنووسی و ڕۆژنامەنووسان

و سەندیکا ئەوجا کاك مستەفا ساڵح کەریم لەسەر رەوشی رۆژنامەگەریی ئازاد لەسەر کوردستان قسەی کرد، شێرکۆش لەنێوان قسەکانی باسی جۆری پەیوەندیی کرد لەگەڵ سەندیکاکانی دەرەوە و بەرپەرچی ئەوەی دایەوە کە پەیوەندیی سەندیکای هەرێمەکان (سنووردار بێت) لەو رێورەسمەدا ئارمی سەندیکام پێشکەش کردن بەڵام ئەوان هیچیان نەبوو پێشکەشمان بکەم، لە راستیدا ئاکامی ئەم سەردانەم بەدڵ نەبوو چونکە دەبووایە بەپێی عورف و پرۆتۆکۆڵ سەرۆکی ئەم سەندیکایە لەو پێشوازییە بوونی هەبووایە، پاش تەوابوونی زیارەتەکە بەندە و کاك مستەفا ساڵح کەریم و خالد بکر ایوب بە هاورێیەتی کاك شۆرش دکتۆر خالید سەعید سەردانی بەشی کوردیی ئەکادیمیای رۆژهەڵاتنا سیمان کرد کە زۆر هەژارانە دەهاتە بەرچاو، تەنانەت مێزەکانی بەشەکە هەمووی مێزە ئاسنە کۆنەکان بوون لەلایەن پرۆفیسۆر (کالاوە) پێشوازیی گەرم کراین، هەردوو لامان بە درێژی باسی رەوشی کوردستان و مێژوو و بارودۆخی کەرکووك کرا، کالا خان و هاورێیانی باسی یادکردنەوەی ١١٠ ساڵەی رۆژنامەی کوردستانی دایکیان کرد (١٨٩٨–٢٠٠٧) لە مۆسکۆ ئەو سەردانەی بەشە کوردییەی ئەکادیمیای رۆژهەڵات زۆر دڵگیری کردم سەرەرای ناووبانگی پێشووتری ئەم بەشە لەلایەن خوێندکارانی پێشووی کورد کە لە مۆسکۆ دەیانخوێند، بەڵام وەکو گوتم شوێن و پێداویستییەکانی زۆر سادە و هەژارانە بوو، شتێکم تێدا بەدی نەکرد کە شتێکی تازە و هاوچەرخ بێت تەنها خۆبەخشیی ئەو زانا و زاتان نەبێت کە لەم شوێنە فەرمانبەرن و کار دەکەن نیگەرانییەکەشم لەوە سەرچاوەی وەردەگرت کە ئێمە بە ملیۆنەها دۆلار لەسەر کار و شوێنی بێ سوود و بێ تام بێ بۆن و بێ رەنگ لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیی کوردستانەوە سەرف دەکرێت بەڵام ئەم شوێنە هەموو ئادگاری هەتیوی و بێکەسیی پێوە دیارە سەرەرای ئەوەی کە بە دەیان پرۆفیسۆر و زانای کوردی تێدا دەرچووە.

به دەرچوونمان لەو بەشەی باڵەخانەیە لەگەڵ کاك مستەفا ساڵح کەریم دەردە دڵەکەمان بۆ یەکتری دەگێڕایەوە و من لە کۆتاییدا لەم رۆژەوە بەو ئەنجامە گەیشتم کە ئێمە هەست بە زوڵمی مێژوو و جوگرافیا دەکەین و لە هەمان کاتیشدا لە بەربەرەکانی یەکتری کردنیشدا (بێ قسورین)، بەڵام بەداخەوە پڕۆژەی نەتەوەییمان نییە (مشروع قومی)، پڕۆژەی نەتەوەییش لە ئاکامی هەست و بیری نەتەوایەتییەوە پەیدا دەبێت کە بەداخەوە بەرەو لاوازی دەچێت.

لێرەدا من ناڵێم کورد هەست و بیری نەتەوایەتی نییە، بەڵکو هێندە لاوازە کە ناتوانی بەرهەمی پڕۆژەی نەتەوەیی دروست بکات، زۆرجار بۆ نمونە باس لە جولەکە و دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل دەکەم لەڕووی کارکردنیان کە لە هیچەوە گەیشتنە کوێ و دونیایان بۆ خۆیان قۆرخ کردووە، ئێمەی کوردیش وەکو بیرمەندێکی کورد دەڵێ (شەڕی ناوخۆی عەشیرەت و هۆزەکانی نزیك بەیەکتری لە سەردەمەکانی پێشوودا پاشانیش شەڕی هێزە سیاسییەکانی (هەڵگرانی بیری نەتەوەیی) لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە تاکو کۆتایی ساڵی (٢٠٠٠) کە پاشوتریش هەمیشە لە (شەڕی سارد)دان و سەرەڕای دروستبوون و گەشەسەندنی دیاردەی (جاشایەتی) کە لە ئاخر و ئۆخری رژێمی سەدام حوسێندا (١٩٧٩ – ١٩٩١) گەیشتە سەدان هەزار کەس ئەوجا هۆکارەکانی هەرچییەك بێت کە هەمووی ئەوە دەسەلمێنێی کە تاکو رۆژانی ئەمڕۆ بیری نەتەوەیی لای کورد بەتەواوی پێنەگەیشتووە) بەو شێوەیەی ببێتە بەرهەمهێنەری پڕۆژەی نەتەوەیی.

٢٠٠٧/٦/٥، رۆژێکی خۆش، پلەی گەرما گەیشتە (٢٣)، کاتژمێر ١٠,٣٠ خولەك تێکڕای برایانی شاندی کوردستان خواحافیزییان لە من و شێرکۆ کرد و بەرەو وڵات گەڕانەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەندە پێشوتر (فیزا)ی بەریتانیام وەرگرتبوو بەتەمای سەفەربووم لەگەڵ شێرکۆ مامەوە، پاش ئۆغرکردنی برادەران من و شێرکۆ و د. رەزوان بادینی بەرەو گۆڕەپانی سوور چووین

بەمەبەستی زیارەتی مەزاری لینین، چونکە شێرکۆ نەیدیتبوو، بەگەیشتنمان د. رەزوان بە زمانە رووسیەکەی (دەلاڵێکی بۆ دۆزینەوە کە بە (٧٥٠ رۆبلْ) کە بیْ سەرە بمانگەیەنێتە بەردەم مەزارەکە و بەئاسانی سەردانی بکەین، بۆ من جاری دووەم بوو (جەستەی لینینی مۆمیاکراوم دیتەوە و لێرەدا ئەمجارەیان شیعرێکی مامۆستا ئەحمەد دلْزاری شاعیرم هاتەوە یاد کە لە دێرزەمانەوە ئەزبەرم کردووە و یەکێکە لە شیعرە شاکارەکانی کە لە کۆپلەیەکیدا دەلْیْ:

*حەوتی یانزەی حەڤدە بوو (١٩١٧/١١/٧) پێش نیوەڕۆ هاوڕیْ لینین*

*لەشکری زەحمەتکێشانی برد بەرەو گوڵزاری ژین*

*قەیسەر و قەیسەریەتی رادایە چاڵی ژێرزەمین*

*مژدەبیْ ئەی کارگەرانی بیر و باوەڕ ئاسنین*

*جەژنی ئازادانە یادی شۆڕش ئۆکتۆبەرە*

*یادی رۆژی وەرگەڕانی تاج و تەختی قەیسەرە*

پاش تەواوبوونی زیارەتی مەزاری لینین جارێکی دیکە بەولا و بەولای گۆڕەپانی سوور سوڕاینەوە، لەوکاتە دیمەنی سەدان کەسم بەدیکرد کە بەرەو لای گۆڕەپانی سوور دەهاتن، دیاربوو بەپێی دروشمە سوورەکانیان کە نیشانەی چەکوچ و داسیان (المنجال والچاکوچ) لەسەر بوو کە ئەوانە شیوعی بوون خۆنیشاندانیان (مظاهرة) رێکخستووە و داخوازییان هەیە، لەڕاستیدا سەرم سوڕما لە روسیا لەپاش نزیکەی ٨٠ سالْ لە رژێمی سۆشیالستی کە حزبی شیوعی سۆفیاتی بە دەیان ملیۆن ئەندام فەرمانڕەوایەتی سیْ بەشی ئەم جیهانەی دەکرد، ئێستاکە گەیشتووەتە ئەم ئاستە کە (١٠٠٠) مرۆڤی لە مۆسکۆ پیْ کۆنەکرێتەوە، لەڕاستیدا ئەم دیمەنە منی نەتەوەخوازی نیگەران کرد، بەلاّم نیگەرانییەکەم هەندیْ رەویەوە کاتیْ لەڕێگای د. رەزاونەوە ئەم پرسیارەم لە خاوەن فرۆشیارێکی کەلوپەلی سەر ئەرزی ئەم ناوەم کرد (ئەمانە

**کێن ئەو خۆپیشاندانە دەکەن و چییان دەوێ؟)، لە وەڵامدا کاکی فرۆشیار گوتی (کۆمەنیستن، داوای ئازادی رۆژنامەگەری دەکەن) منیش زیاترم دواند و گوتم باشە بۆچی ئەگەر کۆمەنیستن لەو وڵاتەی کە نزیکەی (٨٠) ساڵ کۆمەنیستەکان حاکمی ئەم وڵاتە پان و بەرینە بوون تەنانەت لە مۆسکۆ (١٠٠٠) کەسیان پێ کۆناکرێتەوە؟ ئەوجارە فرۆشیارە (روسەکە) سەرێکی بادا و ئەویش بە نیگەرانییەوە گوتی (حزبی گەورە کاتێ لە ژیانی سیاسیدا هەڵەی گەورە دەکات، تووشی دارِمانی گەورە دێت کە دەیبینی)، لە راستیدا ئەم (پەیڤەی ئەم فرۆشیارە بۆ من دەرسێکی گەورە بوو و وەڵامی پرسیارێکی گرنگی بۆ من شیکردەوە)، منیش لە پاداشتی ئەم دەرسە بایی (١٠٠) رۆبڵێکم لە شتەکانی کڕی کە لە نێوانیاندا دوو وێنەی بچووکی رەنگاورەنگی هەردوو سەرکردەی سۆفیاتی کۆچکردوو (لینین و ستالین) لەگەڵ دوو چەرخی جگەرەداگیرساندن کە لە ناو کتێبخانەکەم پارێزراون.**

**لەسەر پێشنیازی بەندە بەرەو وێستگەیەکی چوونە خوارەوەی (میترۆ) چووین تەنها لەپێناوی دیتنی ئەم شاکارە ژێرئەرزە، چەند وێستگەیەك گەڕاین کە لە هەندێ شوێن وەکو د. رەزاون گوتی قوڵایی (١٥٠ م) زیاترە، کاتێ لە وێستگەیەك دادەبەزین وادەزانی لەسەر رووی زەویت لە قەرەباڵغی و دوکانی شتومەك فرۆشتن کە دەتوانم بڵێم شارێکی دیکەی (مۆسکۆ)یە لە ژێر ئەرزدا. بۆ نانی نیوەڕۆ کە دوانان خواردنمان بوو لە مۆسکۆ د. رەزوان لە چێشتخانەیەك داوەتی کردین، کاتژمێر ٤,١٥ خولەکیش کاکە خۆشەوی مەلا ئیبراهیم بە ئۆتۆمبیلی خۆی هەڵیگرتین و بەرەو فڕۆکەخانەی مۆسکۆی بردین، لە فڕۆکەخانە کێشەیەکی بچووکم بۆ دروست بوو بە هۆی پاسەپۆرتە عێراقیەکە کە لەڕاستیدا لە زۆر فڕۆکەخانە بەهۆی ئەم پاسپۆرتە ناشرینە بەگومانەوە سەیرم دەکرا، چونکە هەڵگرانی ئەم پاسپۆرتە کە پاسپۆرتی وڵاتێکە کە هەمووی سەراپا ئاژاوە و کوشتن و فڕاندن و ماڵ کاولکارییە، ئەوانیش (یانی هەڵگرانی) بە گومانەوە سەیر دەکرێن، بەڵام بە هەوڵی لێکتێگەیشتنی کاك**

خۆشەوی کە چوو بۆ لای ئەفسەری لێپرسراو و کێشەکە چارەسەرکرا و سەرکەوتین.

لە پەنجەرەی تەیارەکەوە تەماشای دارستانی گڵۆپی رەنگاوڕەنگی مۆسکۆم دەکرد کە تازە دونیا تاریك ببوو کەوتمە بیرکردنەوە لەو شعرەی (گۆران)ی خوالێخۆشبوو کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٨ بۆ (مۆسکۆ)ی گووتوە و دەڵێ:

*ئەی مۆسکۆ، ئەی ژنی جوانی سپی پۆش*

*هــەروەك: مەمێك زینێك ناکا فــــــەرامۆش*

*هەتا ئـــــەمرێ... منیش، هەتا – هـــەتایە*

*دڵگیری تۆم هــــــــــەرگیز لــــــــــە دڵ دەرنایە*

*بە شــــــــــەو چەمی گەوهەر بەندی پشتێنت*

*لــــــــــێم ئەبێتە ئـــــــــاوێنەی باڵانوێنت*

*لــــــــــەناو ئاوا مــــــۆسکۆیەکی نازدارتر*

*لەنجەی دانس گـــــیان پڕ ئەکا لە ئـــــــاگر!*

*جــــــــــادەی شۆڕاو بریقەی دێ وەك بلوور*

*تیا ئەلــــەرزێ (وێنە)ی ســـــــــەوز و سوور*

*تـــــاکسیم ئەکشێ بە شــــــــــەقامی بێگەردا*

*بەســــــــــەر عەکس وەنـــــەوشەیی، یان زەردا*

*ئەم رەنگانە و ئــــــــــەو پرشنگەی ئـــــاوازە*

*ئــــــــــەیدا لەڕووی پەنجەرەی کۆشکی تازە*

***بێ هەست ئەمکەن بە زاوای بـــەردەمی بووك***

***دەم بۆ ماچت ئەبەم مۆسکۆی ئێسك ســووك***

لەڕاستیدا وەکو گۆران دەڵێ مۆسکۆ ئێسك سووك دەهاتە بەرچاو، سەرەڕای هەندێ کەموکوڕی کە لەم شارە بەدی دەکرا، بەڵام بەهەرحاڵ مۆسکۆ شارێکە لە شارە جوانەکانی دنیا کە تێیدا هونەری تەلارسازی لە زۆر شوێنی ئەم شارە بەدی دەکرێت کە ڕۆژێك لە ڕۆژان قیبلەی کۆمەنیست و چەپ و زەحمەتکێشان و زوڵم لێکراوان بوو و کوردی بەدبەخت کە خەونی بە بەهەشتی سەر دونیا دەدیت و وای دەزانی هەر ئەوانن کورد دەگەیەنە کەناری دەریای ئاسوودە و ئارام کە بەداخەوە بێ ئاگا بوون لەوەی کە کوردی ئەم وڵاتە پان و بەرینە بەسەر ١٥ کۆماری ناو ئەو سنوورەی یەکێتی سۆڤیەت لە زەمانی ستالین لەسەر پێشنیاری باقروف سەرۆکی ئازەربێجان دابەش کراون، مێژووی دروستکردنی مۆسکۆ بۆ ساڵانی (١١٤٧ – ١١٥٦ز) دەگەڕێتەوە و ژمارەی دانیشتوانی لەم کاتەی ئێمەی لێبووین وەکو دەیانگوت دەگەیشتە ١٦,٥ شازدە ملیۆن و نیو کە روسەکان تەنها ٨٥٪ی دانیشتوانی پێکدەهێنن کە تێیدا ئەوانی دیکە بریتین لە (ئازەری، بیلارووس، ئەرمەنی، ئۆزبەکی، تاجیکی، جۆرجی)، شارێکی زێدەقەرەباڵغە کە تێیدا نۆ وێستگەی شەمەندەفەر و میترۆ و چوار فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی تێدایە، (ناوچەی کرملین) کە دەکەوێتە ناوەندی شار بە خشتی سووری دیواری بەرز دەورە دراوە کە تێیدا زۆربەی مۆزەخانە و کڵێسا و شوێنە مێژووییەکان لەوێدان کە لە ناویاندا کڵێسای (ساینت باسل) کە یەکێکە لە جوانترین و کۆنترین کڵێسای ئەم شارە و بە سونبولی روسیاش ناودەبرێ کە چەند جارێك بە دەوریا سوڕاینەوە بەڵام نەماندەتوانی بچینە ژوورەوە.

ئەوەی لێرەدا نیگەرانی کردم نەمانتوانی سەردانی بکەین (ئۆپێرا و شانۆی بۆلشۆی) هەرەبەناوبانگی مۆسکۆ بوو، چونکە وەك کاك خۆشەوی مەلا ئیبراهیم پێی راگەیاندین ماوەیەکە خەریکی (نۆژەنکردنەوە)ی ئەم شوێنەن کە چەند مانگێکی دیکە دەخایەنێ، لەڕاستیدا بیرم لە سەردانی شارە بەناوبانگەکەی دیکەی روسیا دەکردەوە کە لەسەردەمی سۆڤیەت بە (لینینگراد) ناوزەد دەکرا، پاش رووخانی سیستەمی سۆشیالیستی ناوەکەی بۆ ناوە مێژووییەکەی خۆی گەڕایەوە (پترسبۆرگ).


منبر كل الصحفيين

الصحفي

تصدرها نقابة صحفيي كوردستان

نقيب صحفيي كوردستان يلقي محاضرة في مركز الصحافي المستقل في موسكو

في اليوم الثالث من انعقاد المؤتمر الـ(٢٦) للفيدراسيون الدولي للصحفيين (٢٠٠٧/٥/٣٠) استضاف المركز الصحافي المستقل في موسكو الزميل فرهاد عوني نقيب صحفيي كوردستان، حيث ألقى محاضرة عن مجمل الأوضاع في كوردستان والصحافة الكوردستانية في عهدها الجديد والمادة (١٤٠) من الدستور العراقي، وعقب المحاضرة أجاب عن الأسئلة التي وجهت إليه.

العدد (31) حزيران 2007 | 16 صفحة | (250) دينار

نقابة صحفيي كوردستان تشارك في المؤتمر الـ (٢٦) للفيدراسيون الدولي للصحفيين



إعداد - شيركو حبيب/ موسكو في الفترة مابين ٢٨/٥ الى ٢٠٠٧/٦/٢ عقد الفيدراسيون الدولي للصحفيين مؤتمره الـ(٢٦) في العاصمة الروسية موسكو الذي شارك باعضاء من مجلس النقابة وسكرتير مكتب العلاقات الخارجية للنقابة وسكرتير فرع كركوك وعضو لجنة المراقبة ورئيس تحرير مجلة (روزنامة حيث وصل الوفد الكوردستاني الى العاصمة موسكو قادما من عمان، وحل مع الوفود المشاركة في فندق (ميزودونا رودنايا) محل انعقاد المؤتمر، وصلت الوفود الصحافة في روسيا، حيث قتل خلال الاعوام المنصرمة العديد من الصحفيين. وكان حضور الوفد الكوردستاني متميزا حيث حضروا الى قاعة المؤتمر بملابسهم القومية المؤتمر في قاعة المؤتمرات في المركز التجاري العالمي في موسكو، بكلمة السيد ايدان وايت دعا فيها الصحفيين الى بذل المزيد من الجهود والتعاون من اجل مواجهة العراقيين واشار الى عدد القتلى من الاعلاميين والصحفيين في العراق، ودعا المجتمع الدولي الى التعاون ومساعدة الصحفيين العراقيين، وأشار السيد وايت الى اهمية

بەڵام بەداخەوە بۆم نەڕەخسا، کاتژمێر (١٠)ی شەو بە کاتی مۆسکۆ تەیارەکەمان فڕی بەرەو لەندەن کە لەگەڵ شێرکۆ پێکەوە بووین و کاتژمێر ١,٥ گەیشتین، لە فڕۆکەخانەی هیثرۆ-ش سێ چارەکە سەعات دوایانخستن بەهۆی لێکۆڵینەوە، پاشانیش بە تاکسی بەرەو ماڵی شێرکۆ بەڕێکەوتین کە لە ناوچەیەکە پێی دەگوترێ (هونزلو).

٢٠٠٧/٦/٦، کەش و هەوا خۆشە، بەدڵی منە، چونکە هەور بە ئاسمانەوەیە و دونیا تەڕە، لەگەڵ شێرکۆ سەردانێکی کورتی بازاڕی (مارك سپێنەر)مان کرد

بۆ کڕینی هەندێ پێداویستی، لە هەولێرەوە پەروین تەلەفۆنی بۆ شێرکۆ کردبوو (جارێ من سیمکارتی بەریتانیام نەکڕیبوو، کەوا رێکانی کوڕم ئەمڕۆ (٢٠٠٧/٦/٦) خوا کوڕێکی پێداون (نۆبەرە) و ناویان ناوە (پێرس)، ئەم هەواڵە زۆر دڵخۆشی کردم و هیوام خواست کەوا (پێرس)یش بچێتەوە سەر باوکی لە هەموو بارێکەوە.

٦/٨، ئەمڕۆکە کەش و هەوای لەندەن گەرمە، لەگەڵ شێرکۆ سەردانی کتێبخانەی (الساقی)مان کرد کە خاوەنەکەی عەرەبە و کتێبخانەیەکی باشە و لە هەمان کاتیشدا کتێب چاپ و بڵاو دەکەنەوە، بۆ نیوەڕۆ (جۆزێف) برادەری شێرکۆ کە جولەکەیەکی خەڵکی بەغدا بووە و ساڵی ١٩٧١ لە رێگای کوردستانەوە عێراقی بەجێهێشتووە و هەمیشە بە شان و باڵی کورد دەڵێ و کوردی زۆر خۆش دەوێ، بۆ نیوەڕۆ داوەتی خواردنی (ماسی، مەسگوف) کردین.

٦/٩، کەش و هەوا گەرمە، کاتژمێر ١٢,٥ بەرەو ماڵی شیرینی ئامۆزام چووین کە بۆ نانی نیوەڕۆ داوەت کرابووین و تاکو کاتژمێر (٥)ی ئێوارە ماینەوە و سەر لەئێوارەش سەردانی کاک (سلێمان)ی کوڕی مامۆستا (حەسەن)ی قەڵادزێمان کرد و تاکو درەنگانی شەو لای ماینەوە، من پێشووتر لە ساڵی ١٩٦٣ مامۆستا حەسەنی باوکی دەناسم کە پیاوێکی چاکە و ناسراوە.

٦/١٠، ئەمڕۆ کەش و هەوا لە رۆژان گەرمترە، کاتژمێر ١١,٥ بەرەو ماڵی (شەهلا)ی ئامۆزام چووین کە خێزانی کاک قاسم عزیز علاءالدین–ی کوردی خاڵیەتی کە لە دەرەوەی لەندەنە و لە شوێنێکی هێمنی پڕ سەوزاییە، نیوەڕۆ خواردنێکی زۆری کردبوو، (د. دلاوەر عەزیز علاالدین)یش کە کوڕی خاڵی شێرکۆ و شەهلا و شیرینە بەشداری نانی خواردنی کردین، دەمەو ئێوارەکەش

سەردانی ماڵی خوالێخۆشبوو کاك (عەزیز علاالدین)مان کرد کە باوکی کاك قاسمە و ماوەیەکی باشیش لای ئەو دانیشتین.

٦/١٢، کەش و هەوا ئەمڕۆ فێنکە، سیم کارتم لە شێرکۆ وەرگرت و بۆ یەکەم جار تەلەفۆنم بۆ پەروین کرد لە هەولێر، کاتژمێر (٤)ی ئێوارە بەپێ ڕێکەوتن پێشوەختە سەردانی نەخۆشخانەیەکمان کرد کە دکتۆرێکی خەڵکی هەولێر کاری تێدا دەکرد ناوی (د. دلێر حسن خدر) بوو، زۆر بە وردی پشکنینی دڵ و هەناوی بۆ کردم و دەرمانەکانی کە دەمخوارد پیشانم دا، بڕیاری دا پشکنینی (خوێن)یشم بۆ بکات، بەڵام لە پێشەوە گوتی نەخۆشیەکانت (موعەقەد) نین دیارن و چەند ڕۆژێکی دیکە جارێکی دیکە دەتبینمەوە.

سەرلەئێوارەی هەمان ڕۆژ کاتژمێر (٨)ی شەو بەرەو ماڵی (د. کەمال مەزهەر) چووین کە ماوەیەکە لە لەندەنە کە لە سەرەتادا بۆچارەسەری نەخۆشی هاتبووە لەندەن پاشان بە دوای کاری مێژووەوە لە لەندەن مابووەوە و هاتوچۆی (مرکز الوثائق)ی دەکرد و تاکو کاتژمێر ١٠,٣٠ی شەو لایان دانیشتین.

٦/١٣، ئەمڕۆ لە ماڵی شێرکۆ لە چاوەڕوانی (د. محمد کیانی) دابووین کاتژمێر (٣)ی ئێوارە هات ئەویش پشکنینی بۆ کردم بەڵام گوتی چاوەڕوانی (تاقیکردنەوەکانت) دەکەم.

٦/١٤، ئەمڕۆ لە بەیانییەوە وردە وردە باران دەباری، دونیا تەڕوبڕ بووە و بە بەهاری کوردستان دەچوو، پاش نیوەڕۆ لەگەڵ سلێمان پشدەری سەردانی ماڵی کاك (فازڵ ڕەئوف)مان کرد کە بە فازیلی مەلیح ناسراوە کە ئەویش پێشمەرگە و کادیرێکی دێرینی پارتیە و ماوەیەکی باش بە قسە و دەنگوباسی کوردستان کاتمان بەڕێ کرد.

٦/١٥، ئەمڕۆش باران دەباری، کەش و هەوا فێنکە، ئێوارە (د. دلێر حسن خدر) تەلەفۆنی بۆ کردین و پێی ڕاگەیاندین (کەوا کۆی تاقیکردنەوەکان (تحليلات) باشن تەنها (دڵ)ت جارێکی دیکە پێویستی بە پشکنین هەیە).

٦/١٦، ڕۆژێکی خۆش و باراناویە، کاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆ بە ئۆتۆمبێلی شێرکۆ بەڕێکەوتین بەرەو ماڵی (جۆزێف)، لەوێوە بەمەبەستی دیتن و گەڕان بەرەو شاری (سی ئیند) چووین کە قەراغ دەریاییە، لە ڕێگا باران دەباری، دیمەنێکی زۆر جوان دەهاتە بەرچاو، بەندە هەرکاتێك (باران بارین) دەبینم شیعرە بەناوبانگەکەی (بدر شاكر السياب)م دێتەوە یاد کە دەڵێ:

عـــــــيناك غابة نخيل ساعة السحر

أو شــــرفتان ينأى عـــنهما الــــقمر

عيناك حين تبتسمان تورق الـكروم

وتــــــــزهر الاشـــــــــجار اذا أنهر

مطر،            مطر،            مطر

ئەوجا لەو کەش و هەوا تەڕ و بارانیە لە چێشتخانەیەکی بەرامبەر دەریادا دانیشتین و بۆ یەکەم جار خواردنی (فش جبس)م خوارد کە لە وڵاتی بەریتانیا خواردنێکی زۆر بەربڵاوە، سەرلەئێوارە لە گەڕانەوەمان لەسەر داوای جۆزێف سەردانی ماڵەوەیمان کرد و خێزانەکەی کە ئەویش جولەکەیەکی عێراقی بوو بە (چای قۆریە و سەماوەر و کولیچەی بەگوێز) میوانداری کردین.

٦/١٧، ڕۆژێکی خۆش و کەش و هەوایەکی فێنك، ئەمڕۆ لەگەڵ صدرالدين و ئەژی کوڕی شێرکۆ لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانیەوە بەپێی بۆ ماوەی (١٢) کاتژمێر یانی تاکو کاتژمێر (١٠)ی شەو لە گەڕان و سوڕاند بووین کە تێیدا

**کتێبخانەی (الساقی) و شەقامی اجور رود و بیکادلی و شەقامی ئۆکسفۆرد و گۆڕەپانی پیکادلی لای باڵەخانەی پەرلەمان، ئێوارەکەش لەسەر پردەکەی سەر روباری (تایمس) لای سەعاتی بەناووبانگی (بیگ بن) راوەستاین، ئەم رۆژە یەکێ لە رۆژە خۆشەکنی لەندەنم بوو کە ئازادانە ئەو (١٢) کاتژمێرە لەوسەر تاکو ئەوسەر بەپێ ئەم هەموو شوێنەمان دیت لە کەش و هەوایەکی ئارام و فێنك.**

**٦/١٨، تاکو کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ لە ماڵەوە بووین، ماڵی شێرکۆ دەتوانی کاتی لێ بەسەربەری، چونکە لەدواوە باخچەیەکی (١٢٠م) تێدایە کە پڕە لە دار و درەخت و گو ڵ و شوێنێکی دانیشتنی لێ دروست کردووە کە تێیدا (نێرگەلە)ی تێدا دەکێشن، منیش بە دیارییەوە بەدەم قسەی هەمەجۆر کاتمان بەسەر دەبرد، پاش نیوەڕۆ بەپێی مەوعید سەردانی دکتۆر (دلێر)مان کرد بۆ وەرگرتنی ئاکامی تاقیکردنەوەکان کە تێیدا بە شێوەیەکی گشتی باش بوون تەنها کەمێ کێشەم لە (میزڵدان) هەبوو کە ئەویش دەرمانی چارەسەری بۆ نووسیم.**

**٦/٢٠، ئەمڕۆ (کەریم)ی خاڵی منداڵان کە ئەویش ماوەیەکە لەگەڵ ماڵ و منداڵی لە (لەندەن) دەژی هاتە شوێنم بۆ ئەوەی بۆ یەك دوو رۆژ لایان بمێنمەوە، ئەو رۆژەش بە ئۆتۆمبێلی ئەوان شوێنی دیکە زۆر گەڕاین.**

**٦/٢١. کە شو هەوای رۆژێکی خۆش بوو بە پێچەوانەی هەولێر کە بە تەلەفۆن پێیان گوتم گەرمە، ئەمڕۆ کاك دارا یارە کە ئەویش خاڵی منداڵەکانی (کەریم)ە سەردانی کردین و بۆ نیوەڕۆ داوەتی کردین لە چێشتخانەیەك کە (مریشك)یان لەسەر شێوەی مەکسیکی لێنابوو، پاشان سەردانی شەقامی (ئۆکسفۆرد)مان کرد بە ڕێککەوت تووشی دوکانی کوڕێکی کوردی فەیلی بووین کە (ئەنتیکاتی) دەفرۆشت، دیاربوو کاتی خۆی لەساڵی ١٩٨٦وە لە عێراق دەرکرابوو بەرەو ئێران، ئەویش لە ئێرانەوە هاتوەتە لەندەن و لەوێ**

پاش ماوەیەك ئەم دوكانەی پەیداكردووە و ماوەیەك لای دانیشتین كە تێیدا باسی موعاناتی خۆی لە ساڵاتی رابردوو بۆ كردین، یەكێك لەو شتە ئەنتیكانەی كە لە دوكانەكەی هەبوو (تەزبیحێكی لە مس دروستكراو) كە هەر ٩٩ ناوەككەی خوای گەورە (اسماء الله الحسنی)ی لەسەر هەڵكەندرابوو و لە ناو پاكەتێكی لەدار دروستكراو داندرابوو و سەرنجی راكێشام و بە (٢٥٠) پاوەند كە دەكاتە نزیكەی ٣٠٠$ دۆلار لێم كڕی.

٦/٢٢. رۆژێكی خۆش و باراناوی، لەم كەش و هەوایەدا كاتژمێر ١٠,٣٠ خولەك لەگەڵ كەریم بەرەو شاری (وینسەر) چوین كە ماوەی سێ چارەكە سەعاتێك لە لەندەن دوورە، بە گەیشتنمان لە نزیك كۆشكی شاهانەی پادشای بەریتانیا دابەزین كەلەڕاستیدا كۆشكێكی جوان و بەهەیبەتە، بەڕێككەوت لەوكاتەدا تیپی پاسەوانانی كۆشكی شاهەنشاهی لە رێوڕەسمێكی جوان و رێكوپێك لەگەڵ مۆسیقا لە ئیستعرازێكی زێدە سەرنج راكێشدا بوون و خەڵكانێكی زۆریش لەوبەر و ئەوبەری شەقامەكان راوەستابوون و سەیریان دەكرد ئێمەش تاكو بەلاماندا رەت بوون راوەستاین لە شوێنێك كە دەیڕوانیە كۆشكی وینسەر، وەكو كەریم پێی گوتم ئەم كۆشكە بۆ پشوی پادشای بەریتانیایە (كە ئەو كاتە شاژن ئێلیزابێسی دووەم) بوو كە لە رۆژانی پشوودا كاتێ كۆشكی شاهانەی لەندەن بەجێ دەهێڵن.

٦/٢٣. پاش نیوەڕۆی ئەو رۆژە گەڕامەوە ماڵی شێركۆ، كاتژمێر ٨,٥ ئێوارە بەكاتی لەندەن رێكانی كوڕم هەواڵی دڵتەزێنی كۆچی دوایی (عاسمە)ی پورمی پێ راگەیاندم كە بەڕاستی لە ناخەوە بۆی گریام من ئەو پورەم زۆر خۆش دەویست، چونكە لەدڵسۆزیدا بۆ ئێمە بێهاوتا بوو و قەت كەلێنی پڕ نابێتەوە بەڵام لەگەڵ مردن هیچ ناكرێ، رێكانم ئاگادار كردەوە لە جیاتی من لە پرسەكە بە واجب هەڵبستێ، هەر ئەم شەوە (هامون)ی كوڕی كاك مەجید فەقێ ساڵح كە كوڕی (نەرمین)ی كچی پورمە بەم بۆنەیەوە كە خوالێخۆشبوو پوری دایكی ئەویشە هاتە ماڵی شێركۆ و تاكو درەنگانێكی شەو مایەوە.

٦/٢٤، ڕۆژێکی فێنکه، لەبەیانییەوە باران دەباریٚ، ئەمڕۆ زیاتر لە ماڵەوە بووین لە چاوەڕوانی بڕیاری دادگای عێراقی بەسەر تاوانباران (عەلی کیمیاوی) و تاقمەکەی کە (٣)یان فەرمانی خنکاندن و دوانیشیان بۆ هەتا هەتایە حوکم دران، بەڵام (طاهر توفیق العانی) فەرمانی بەرەڵابوونی بۆ دەرچوو، هەواڵەکە بە رادەیەکی گەورە دڵخۆشی کردم و ئەو ڕۆژانەم بیرکەوتەوە کە ئەو تاوانبارە بێ ڕەوشتە چۆن لەسالآنی دوای ناوەندی هەشتاکانی سەدەی رابردوو کاتیٚ لە کەناڵی تەلەفزیۆنی بەغدا دەردەچوو بە شێوەیەك لە مرۆڤ نەدەچوو (دڵ رەق، زۆردار، غرور، بیٚ رەوشت) وایدەزانی ئەم زەمانە گۆڕانی بەسەردا نایەت، چەند جارێکیش لەگەڵ خۆم ئەو ئایەتەی قورئانی پیرۆزم دەهاتەوە یاد کە دەفەرمویٚ: (وتلك الايام نداولها بين الناس)، کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ د. محەمەد کیانی سەردانی کردین لە ماڵەوە کە دووەم جار بوو ماڵی ئاوابێت و دەرمانەکانی بۆ ڕێکخستم کە چۆن لەسەری بڕۆم و نانی نیوەڕۆشیان بە وجودی کاك سلێمان پشدەری لەگەڵ خواردین و تاکو درەنگ مانەوە.

٦/٢٥، ئەمڕۆش باران دەباری و کەش و هەوار ساردە، بەپێی بەرنامە سەردانی بارەگای حکومەتی هەرێمی کوردستانمان کرد کە تێیدا خاتوو (بەیان سامی عبدالرحمن) لە پێشوازیماندا بوو و نیوەڕۆیەکەش لە چێشتخانەیەکی ئێرانی داوەتی کردین، لە نێوانی دانیشتنەکەدا باسی پەیوەندی نێوان خوالێخۆشبوی باوکی و بەندەم بۆ کرد سەرەڕای دۆستایەتیم لەگەڵ خەڵکێکی زۆری سنجار هەر لە شەستەکانی سەدەی رابردوو تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆ، ئێوارەکەش شێرکۆ داوەتی هەریەك لە برایان فازڵی رەئوف و دارایارە و سلێمان پشدەری و ئەندازیار عەتای کرد لە چێشتخانەی (الونك) و ماوەی دوو کاتژمێرمان بە قسە و ئاڵوگۆڕی بیروڕامان بەسەربرد. هەر ئەمڕۆ بە تەلەفۆن شێرکۆ هۆڵی K.C.C حجز کرد بۆ دانانی پرسەی پورە (عاسمە)مان.

٦/٢٦، ڕۆژێکی خۆش و فێنك، پێش نیوەڕۆ دەستم کرد بە نوسینی بابەتێك بە زمانی عەرەبی لەژێر ناوی (وکان لنا حديث اخر في موسكو) کە تێیدا

دەمەویست باس لە مۆسکۆ و رۆژانی مانەوەمان و جۆری بیرکردنەوەی ئێمە وەکو کورد بەرامبەر رووداوەکان، ئێوارەکەش هامون داوەتی نان خواردنی کردین لە ماڵی خۆیان کە تێیدا ئاواتی عەزیز شاڵی و هاوسەرەکەشی داوەت کرابوون، چنارخانی هاوسەری هامون خواردنێکی زۆری کردبوو لە نێوانیشدا کاك ئاوات یادگاری رۆژانی کۆیەی دەگێڕایەوە کە لە ماڵی پورە شەمام-م دەیخوێند.

٦/٢٩، رۆژێکی زێدە باراناوی و بەزستانی لای خۆمان دەچوو، پێش نیوەڕۆ هەندێ لاپەڕەی دیکەم لەو بابەتە عەرەبییەی کە دەستم پێکردبوو (وکان لنا حدیث اخر فی مۆسکۆ)م نووسی. پاش نیوەڕۆ کاتژمێر ٣,٣٠ خولەك لەگەڵ شێرکۆ و هامون و چیای کوڕی شێرکۆ بەرەو هۆڵی مەڵبەندی رۆشنبیری کوردی K. C. C چووین چونکە پێشوتر شێرکۆ حجزی کردبوو بە مەبەستی دانانی پرسەی پورم لە کاتژێمر (٥)ی پاش نیوەڕۆ تاکو (٩)ی شەو دۆست و ناسیاوی ئێمە ئامادەی پرسەکە بوون سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی شەقامەکانی ئەو دەوروبەرە لەلایەن پۆلیسەوە گیرابوو چونکە وەکو لە هەواڵی شەوی رابردوو نیشان درا گوایە دوو ئۆتۆمبیلی بۆمبڕێژکراو دەیانەویست خۆیان بتەقێننەوە.

٦/١، ئەمڕۆ جارێکی دیکە سەردانی کتێبخانەی (الساقیمان کرد و بۆ نیوەڕۆش داوەتی ماڵی کاك رەئوف زێڕینگەر بووین کە ناسیاوی شێرکۆ و دۆستێکی دێرینی منی ساڵی ١٩٦٣ بوو لە قەڵادزێ، رێگامان بە کاتژمێر و نیوێك بڕی، خواردنێکی کوردانەیان کردبوو (کفتەی سلێمانی) لە هەمان کاتیشدا هەر لە ماڵەوە تەندوری نانکردنیشیان هەبوو لەبەر ئێمە ئەو رۆژە خواردنەکەمان بە کولێرەی گەرمی تەندورەوە خوارد.

٢٠٠٧/٦/٣، پێش نیوەڕۆ خەریکی تەواوکردنی بابەتە عەرەبییەکە بووم کە دەمنووسی، سەر لە ئێوارەکەش سەردانی ماڵی (د. کەمال مەزهەر)مان کرد هەم

بۆ ئەحوالْ پرسین هەم بۆ وەرگرتنی چەند بابەتێك بۆ کتێبی (کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیا کە د. کەمال) کە بۆ برای نووسەر و رۆژنامەنووس عەبدوڵڵا زەنگەنەی دەنارد بەمەبەستی تاوتوێکردن و رێکخستنی بۆ چاپ.

٦/٤، رۆژێکی خۆش و باراناوی بوو کە شێرکۆ رقی لیْ بوو، بەڵام من حەزم لەو کەش و هەوا بارانییەی ئێرە دەکرد لەگەڵ باران بارینی (لەندەن) بەم هاوینە وشکەساڵی لای خۆمان (کوردستان) نیگەرانی دەکردم کەوا ماوەیەکە ئەم وشکەساڵیە ناوچەی ئێمەی گرتۆتەوە.

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ بەپێی بەرنامەی پێشوەخت بە سواری شەمەندەفەر بەرەو بارەگای سەندیکای رۆژنامەنووسانی بەریتانیای گەورە چووین ، بارەگاکە لە نهۆمی چوارەمی باڵەخانەیەکە کە لە دوو شوققەی چوار ژووری پێکهاتووە یانی هەموو بارەگاکە بریتیە لە (٨) ژوور و ئەوەی لەویْ بەدیم کرد چوار کارمەند کاریان تێدا دەکرد، بەپێی رێککەوتن (موعد)مان کاتژمێر (١)ی پاش نیوەڕۆ بوو هەر لەگەڵ چوونە ژوورەوەمان کارمەندێکی ئەو سەندیکایە دەرگای لێکردینەوە بەرەو ژووری نەقیبی رۆژنامەنووسانی بەریتانیای بردین، جیم موبیلا کە پێشوتر راوێژکاری دارایی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی و ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکای بەریتانیا بوو پاش کۆنگرەی (٢٦) کە چەند رۆژێك پێش ئەو رۆژە بە سەرۆك هەڵبژێردرا و ئێمە ئەو (٩) دەنگەی کە هەمان بوو لە کۆنگرە بەومان بەخشی، لە بارەگا ئامادەبوو لەگەڵ خاتوو (میشێل) سەرۆکی یەکێتی رۆژنامەنووسانی بەریتانیا پێشوازییەکی گەرمیان لێکردین، لە دانیشتنێکی دۆستانەدا باسمان لە بارودۆخی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و پرۆژەی یاسای کاری رۆژنامەنووسی و هەوڵدان لەپێناو چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی لە کوردستان کرد و لە هەمان کاتیشدا هیوای ئەوەمان خواست کە یەکێتی رۆژنامەنووسانی بەریتانیا هاوکاریمان بکات لەڕووی پیشەییەوە، لەهەمان

**کاتیشدا داوەتی ڕەسمی سەرۆکی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی بەریتانیام کرد کە سەردانی کوردستان بکات، لەسەرەتادا خاتوو میشێل بەخێرهاتنێکی گەرمی کردین و هاوسۆزی خۆی بۆ یارمەتیدانی سەندیکاکەمان دەربڕی و گوتی لەڕێگای هاوکارم جیم مۆبێلا زانیاریم لەسەر ئێوە هەیە، بەڵام بەنسبەت زیارەتی کوردستان گوتی من ناتوانم ئەم سەردانە بکەم چونکە خاوەن منداڵم و پاشانیش من چەند مانگێکم لە سەرۆکایەتی ئەم یەکێتیە ماوە هیوادارم ئەو هاوکارەی پاش من دەبێتە سەرۆك ئەو سەردانی کوردستان بکات (بەبۆنەی یادی ١١٢ ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی کە ڕێککەوتی ساڵی ٢٠١٠ سەرۆکی تازەی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی بەریتانیا (جێمس دوهارتی) سەردانی کوردستانی کرد بە میوانداریەتی ئێمە ماوەی حەفتەیەك مایەوە و بەشدارییەکی گەرمی ئەم یادەی لەگەڵ کردین).**

**لەنێوان پرسیار و وەڵامی هەردوولامان پرسیاری ئەوەم لە خاتوو (میشێل) کرد کەوا یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی بەریتانیا چەند بارەگای لە سەرتاسەری بەریتانیای گەورە هەیە، وەڵامەکەی خاتوو (میشێل) لای من سەرسوڕهێنەر بوو، چونکە گوتی (لە هەموو بەریتانیا دوو بارەگا هەیە یەکێکیان ئەو بارەگایەیە کە ئێوە ئێستا لێی دانیشتوون بارەگای دووەمیشیان لە (سکوتلەندایە) کە ئەویش لەبەر بارودۆخێکی تایبەتی بوونی بارەگا هەیە، ئێمە پێویستیمان بە بارەگای لەوە زیاتر نییە چونکە هەموو ڕۆژنامەنووسانی ئەندام لەو یەکێتیە ژمارەی مۆبایل و ئیمێلی لای ئێمە هەیە و بەپێچەوانەشەوە ژمارەی مۆبایل و ئیمێلی یەکێتیەکەشمان لای هەموو ئەندامان هەیە و لەو ڕێگایەوە پەیوەندی هەمیشەیی لە نێوان ئێمە و ڕۆژنامەنووسانی ئەندام بەڕێوەدەچێت، لە تەوەری قسەکاندا زانیم کە ڕۆژنامەنووسانی ئەندام لەو یەکێتیە مانگانە لە ٢٠٪ موچەکەی دەداتە یەکێتی ڕۆژنامەنووسان بەرامبەر بەوەی کە داکۆکی لێ دەکرێ لەگەڵ پێشکەشکردنی فریاگوزاری تەندروستی و کەمی نرخی هاتوچۆ بە شەمەندەفەری ناوخۆ، لە وەڵامی پرسیارێکی مندا کە**

ئایا چۆن دەتوانی موچەی تەواوی رۆژنامەنووسان بزانن، دیسان خاتو میشێل بە زمانە لەسەرخۆیەکەوە گوتی (لای ئێمە هەر رۆژنامەنووسێکی ئەندام کاتێ لە هەر شوێنێك دادەمەزرێ و کاری تێدا دەکات (کاری رۆژنامەنووسی) بەپێی گرێبەست کە لێرە ئامادەکراوە دەبێت ئەو رۆژنامەنووسە فەرمانی دامەزراندنی لەو دەزگایە لەگەڵ بڕی موچەکەی بۆ ئێرە بهێنێ و ئەو ٢٠٪ی پێدانی موچەکەی لەسەر ئەو بنەمایە لێ وەردەگیرێ، کاتێ رۆژنامەنووسی ئەندام بێکار دەبێت یەکێتی مانگانە قەرەبوی ئەم بێکارییەی بۆ دەکاتەوە بە بڕێك پارە تاکو کاری تازەی دەست دەکەوێ یاخود بۆی دابین دەکرێ، لەکاتی قسەکاندا لایەکی فکرم لای خۆمان بوو کە تێیدا بەپێچەوانەی ئەوان ئێمە لە هەموو پارێزگایەك بارەگا (لق)مان هەیە ولە هەموو شارۆچکەیەك کە (١٥) رۆژنامەنووسی تێدابێت ئەوا نووسینگە هەیە و سالأنەش سەرەڕای ئەو هەموو ئیش و کارەی کە بۆ رۆژنامەنوسانی کوردستان دەکرێ هەر لە پێدانی ئەرزە بەبێ بەرامبەر و سندوقی خانەنشینی رۆژنامەنووسان و ئەژمارکردنی خزمەتی رۆژنامەنووس لەکاتی دامەزراندندا و یارمەتیدانی مادی ئەو رۆژنامەنووسانەی کە پێویستیان بە یارمەتی هەیە لە کاتی نەخۆشی و کاتی پێویست بەلأم ٤٠٪ی رۆژنامەنووسانی ئەندامی سەندیکا تاکو ئەو رۆژەی بەندە نەقیبی رۆژنامەنووسان بووم ئەو (٢٥) هەزاردینارەیان وەکو ئابونەی سالأنە نەدەدا بە سەندیکا، ئەوجا زۆرجار دەگوترا سەندیکا چیمان بۆ دەکات کە بەداخەوە ئەم پرسیارە لەئاکامی تێنەگەیشتنی ئەرك و کاری سەندیکاییە کە سەندیکا و رێکخراوەکانی دیکەی دنیا پەیڕەوی دەکەن کە بۆ نمونە یەکێتی رۆژنامەنووسانی بەریتانیایە کە باسم لێوەکرد.

ئەم شەوە ٣٠٠٧/٦/$\frac{4}{5}$ دوا شەومە لە لەندەن کە تێیدا کامەرانی عەبدولڕەحمانی مەحمود ئاغا (ئاوڕەحمانە شێتە) لە ئوتێلێکی (٥ ئەستێرە) کە لە ناوڕاستی لەندەنە داوەتێکی باشی کردین، لە گەڕانەوەشم بۆ ماڵەوە تاکو درەنگانێك خەریکی خۆئامادەکردن بووم بۆ سەفەری گەڕانەوە.

**٦/٥، ڕۆژێکی باراناوییە، تاکو کاتژمێر (١)ی نیوەڕۆ لە ماڵەوە بووین ئەوجا بە ئۆتۆمبێلی شێرکۆ و هەردوو کوڕی (چیایی و ئەژی) بەرەو فرۆکەخانە (هیثرۆ – گراج ٣) چووین، فەرمانبەرێکی ئافرەتی رەشپێستی ناشرین ویستی کێشەم بۆ دروست بکات بەهۆی قورسایی جانتاکەم، شێرکۆ وابزانم (٥٠٠) پاوەن سزای بۆ دام و دارایارەش جانتایەکی دیکەی بۆ پەیداکردم، کاتژمێر (٧)ی ئێوارە تەیارەکەمان بەرەو (عەممان) فڕی و کاتژمێر (٢)ی نیوەشەو گەیشتمە فرۆکەخانەی عەممان و خوالێخۆشبوو (قاسم الکوردی) کە ناسرابوو بە (ابوأزاد) کە بەڕاستی پیاوێکی کوردپەروەری ئوردنی بو لە چاوەڕوانیمدا بوو بە ئۆتۆمبێلی کۆمپانیای کوردی گروپ (K. G) منی گەیاندە ڤێلاکەی (عبدالودود الکوردی) کە ئەو ماوەیەی سەردانی عەمانم بکردایە لەو (ڤیلا)یەی ئەو دادەبەزیم کە لە تەنیشت بازاڕی گەورەی (مکە مول)ـە بۆ میوانانی خۆیان تەرخانی کردووە، عبدالودود کوڕی عبدالرحیم الکوردی کە ئەویش برای (علی سید و گۆرانی)یە کە کەسایەتێکی کوردی ئودرنی بوو لە چلەکانی سەدەی رابردو کتێبی (لە عەممانەوە بۆ ئامێدی "عمادیە") داناوە کە ئەویش باوکی دکتۆر (اشرف الکوردی)یە کە دکتۆری تایبەتی خوالێخۆشبوو سەرۆکی فەلەستین (یاسر عەرەفات) بوو.**

**ساڵی ٢٠٠٥ عبدالودودم ناسی کە لەوکاتەوە تاکو رۆژانی ئەمڕۆ دۆستایەتیەکەمان بەردەوامە و ناوەناوە سەردنی کوردستان دەکات و ساڵی (٢٠١٠)ش خاتوو کەژاڵ ئەحمەدی شاعیری خواست و ئێستاکە لە عەممان لەگەڵیا دەژی، کاتێ منیش سەردانی عەممان دەکەم لەگەڵ عبدالودودو رۆژانی هەینی لە بەیانیەوە دەچینە ناوچەی (الازرق) کە لە ناوەڕاستی بیابانی ئوردنە و ماوەی ١٠٠کم لە عەمان دوورە و عبدالودود لەم ناوچەیە چەند کێڵگە و باخچەی هەیە کە پڕن لە داری زەیتون و هەنار و میوەی دیکە و لەوێش ڤێلایەکی جوانی تێدا دروست کردووە. چەند رۆژێك لە عەممان مامەوە، چونکە ئەم ماوەیە دەبوایە سەردانی هەردوو دکتۆری بواری نەخۆشی (شەکرە) د.**

ئەحمەد خیر و د. سعدي الخياط—ی دڵ وهەناو کە ناوەناوە سەردانم دەکردن بەمەبەستی نیشاندانی ئاکامی فحوساتی لەندەن. شەوی $\frac{1_1}{1_2}$/٧/٧/٢٠٠٧ گەڕامەوە هەولێر.

بەگەڕانەوەم بۆ کوردستان کە نزیکەی ٤٥ رۆژم پیێ چوو سەرقاڵی کۆبونەوەیەکی ئەنجومەنی سەندیکا بووم چونکە ئەو ماوەیە بە نەبوونی من لە کوردستان کۆبوونەوە نەکرابوو، سەرلەبەیانی رۆژی ٢٠٠٠/٧/٢١ ئەنجومەنی سەندیکا بەئامادەبوونی سەرجەم ئەندامانی کۆبونەوەی خۆی گرێدا کە تێیدا بابەتی سەرەکی هەڵسەنگاندنی بەشداریکردنمان بوو لە کۆنگرەی (٢٦)ی IFJ و سەرەڕای باسی سەردانی بەندە لەگەڵ شێرکۆ بۆ یەکێتی رۆژنامەنووسانی بەریتانیا، ئەوجا بابەتی سەرەکیمان دەربارەی کۆنگرەی گشتی دووەمی سەندیکا بوو کە بڕیاری پێویستی بۆ درا بەمەبەستی ئەنجامدانی لە کات و ساتی دیاریکراودا کە بەلای من مەسەلەی کۆنگرەی دووەمی گشتی و سەرکەوتن تێیدا کە سەرجەم رۆژنامەنووسان لەخۆبگریێ و پاراستنی دوورکەوتنەوەمان لە ئەجێندا حزبییەکان بۆ ئەم مەبەستەش بە گیانێکی لەخۆبوردوانەی سەربەخۆ کەوتمە جموجۆڵ کە تێیدا ناوەناوە سەردانی مەکتەبی سیاسی لاینە سیاسییەکانی سەرگۆڕەپانی کوردستانم کرد کە لەنێواندا هەندێ جار کەسایەتی یەکەمی ئەو لایەنەم دەدیت کە تێیدا جەختم لەسەر سەربەخۆیی سەندیکا دەکردەوە کە نابێت بەهیچ شێوەیەك یەکەم دەستێوەردانی تێدابێت، دووەم ئازادانە هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە ئەنجام بدرێت کە راستەوخۆ ئەنجوومەن ئەوجا خۆم بەشەخسی سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان دەکەم لە هەموو کوردستان، لەهەمان کاتیشدا لە دیمانەیەکی رۆژنامەنووسی کە لە رۆژنامەی (رێبازی ئازادی) لەگەڵی ئەنجام دام ئەوەم راگەیاند کە من وەك رۆژنامەنووسێکی سەربەخۆ و دوور لە ئەجێندای حزبی خۆم بۆ پۆستی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان هەڵدەبژێرم و رۆژنامەنووسانیش ئازادن بە جیاوازی بیروڕا و ئینتیمای سیاسی و نەتەوەیی

و ئایینی کە ئەم ڕێڕەوەم لە ئەنجامی کاری سەندیکا لە دەرەوە و وناوەوەی وڵات هەڵبژاردووە و بەندەی گەیاندۆتە ئەو قەناعەتە کە نوێنەرایەتیکردنی لایەنێکی سیاسی هیچ قورساییەك و کەسایەتیەك ناداتە ئەو ڕێکخراوە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە من بە هیچ شێوەیەك دوو بۆ سێ ساڵ بوو لە دوور و نزیك لە هیچ مەکتەب و ئۆرگانێکی حزبی کارم نەدەکرد و پەیوەندی حیزبیم نەمابوو کە ناچارم بکات لە چوارچێوەی حزبایەتی هەڵسوکەوت بکەم، ئەم بۆچونەشم بە هەموو لایەك ڕاگەیاند، بۆیە ڕۆژێك مامۆستا (محەمەدی مەلا قادر) کە ئەوکاتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوەکردم دەربارەی ئەم مەسەلەیە و پرسیاری لێکردم (ئایا ڕاستە گوتوتە من خۆم وەکو ڕۆژنامەنووسێکی بێلایەن خۆم بۆ نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان هەڵدەبژێرم؟)، لە وەڵامدا گوتم (مامۆستا بەڵێ ڕاشکاوانە ئەوەم ڕاگەیاندووە لە ڕۆژنامەی (ڕێبازی ئازادی) بڵاوبۆتەوە، چونکە من پێم وایە چ بۆ پارتی چ بۆ لایەنە سیاسییەکان چە بۆ بەرژوەندی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان واباشترە کە نەقیبی ڕۆژنامەنووسان نوێنەری تەنها لایەنێك نەبێت چونکە هێز ئەو لەوەدایە کە نوێنەری ڕاستەقینەی سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بێت، دووەم جەنابت ئاگاداری من هیچ جۆرە پەیوەندییەکی حزبیم نەماوە، باشە دەبێت و دەکرێ وەکالەتی لایەنێك بکەم و خۆشم بە نەقیبی هەموو ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بزانم؟! من تاکو ئێستاکە بەم شێوەیە ئەرکەکانم بەجێهێناوە، ڕازین ئەهلەن وەسەهلەن، ڕازیش نین ئەمن مەمنون) پاش گفتۆگیەکی دووروردرێژی تەلەفۆنی مامۆستا محەمەد مەلاقادر گوتی (کاکە لەوەتەی تۆم دیوە هەر بە پارتی ناسیومی و پیاوێکی شایانی ئەو پۆستەی ئەگەر پارتایەتیش نەکەی لێت ڕازی دەبین، چونکە دەزانم ئیشی خوار لە تۆ ناوەشێتەوە)، هەر لەو سەروبەندەدا کە سەرقاڵی خۆئامادەکردن بووین بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەندامان بەپێی نسبەیەکی گونجاو لەکۆتایی مانگی تشرینی یەکەم (جویل کامباحنا) کە سەرۆکی ڕێکخراوی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان بۆ بارگاکەیان لەو ولایەتە

یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێ ڕاگەیاندم کەوا (خۆشحاڵە بە پەیوەندیکردن لەگەڵ بەندەدا وەکو نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و دەیەوێ پێم ڕابگەیەنێ کەوا نامەیەکیش ئاڕاستەکردووم کە تێیدا دەڵێ (لیژنەی پاراستنی ڕۆژنتامەنووسان سەردانی هەولێر و سلێمانی دەکەن لە نێوان ٣-٧/١١/٢٠٠٧ کە تێیدا (کاتی مارتون) ئەندامی لیژنە و (ڕوبرت ماهونی) جێگری سەرۆك و خۆیشی (مەبەست لە جویل)ە مەبەستیشیان لەو زیارەتە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەهەرسێ بەشیەوە (نووسراو و بیستراو و بیندراو)ی حزبی و سەربەخۆ سەرەڕای ئارەزوویان کەوا هەندێ لە لێپرسراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ببینن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری ڕەوشی ئازادی ڕۆژنامەنووسی بن لە کوردستان. لە وەڵامی پەیوەندییە تەلەفۆنەکە و نامەکەیان بەم شێوەیە وەلامم دانەوە:

**هاوکاری بەڕێز جویل کامباجنا:**

**سلاوێکی گەرم**

(لە پێشەوە خۆشحاڵین بەهاتنتان بۆ کوردستان بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ڕەوشی کاری ڕۆژنامەنووسیتان لە هەموو بارێکەوە بۆ شی بکەینەوە، هیوادارم ئێوە پێناسەیەکی خۆتانمان بۆ بکەن کە تێیدا جوغرافیای ئەنجامدانی کارەکانتان، پەیوەندییەکانتان سەرەڕای ئامانجی ڕێکخراوەکەتان و تاچەند دەتوانن کەوا یارمەتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بکەن، بۆ ئەوەی بتوانین بەرنامەیەکی تێروتەسەلتان بۆ ئامادەبکەین کاتێ کە وەڵامی پرسیارەکانمان دەدەنەوە)، لێرەدا دەمەوێ بابەتێك باس بکەم کە بەداخەوە لە ساڵانی پاش ساڵی ٢٠٠٠وە هەندێ ڕۆژنامەنووس لە کوردستان بەمەبەستی خۆ نزیککردنەوە لە هەندێ ڕێکخراوی ئەمریکی و ئەوروپی ڕاستەوخۆ لە ڕێگای ئیمێل و زانیاری کۆمپیوتەر پەیوەندییان بەو ڕێکخراوانەوە دەکرد و هەواڵی گەورەکراویان پێڕادەگەیاندن و وایان دەزانی ئەم شێوازە خزمەتیان دەکات

لەکاتێکدا سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە بەردەوامی شەڕی کارە نائاسایی و نایاسابییەکانی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دەکرد بەتایبەتیش لەگەڵ هەردوو دەزگای پۆلیس و ئاسایش کە زۆرجار لە هەندێ بۆنەدا و لەئاکامی لەیەك ناحاڵێبووندا گرژی دەکەوتە نێوان رۆژنامەنووسان و هەندێ لە پیاوانی پۆلیس و ئاسایش کە زووبەزوو سەندیکا بەقورسایی خۆیەوە لە بەرزترین باڵادا دەکەوتە چارەسەری کێشەکە و رەخنەبارانکردنی دەزگاکانی ناوبراو پاشانیش لە راپۆرتی (٦) مانگی لیژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی بڵاودەکرایەوە و ئاڕاستەی هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی کوردستان دەکرا (سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکایەتی حکومەت)، بەڵام بەداخەوە ئەو چەند رۆژنامەنووسە نەیاندەزانی کە ئەو جۆرە پەیوەندیکردنە بەو رێکخراوانە زیان بە (سومعە)ی کوردستان دەگەیەنێ بێ ئەوەی ئەو رێکخراوانە بتوانن $\frac{1}{100}$ی کاری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بکەن، بەندە ئێستاکەش لەو قەناعەتەم کەوا دەرخستنی کەموکورییەکانمان بۆ بێگانە بە مەبەستی سوودی شەخسی کارێکی سوودمەند نییە و پێویستە کێشەکانمان لە ناوەوە بەدەستی خۆمان چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزینەوە.

بەمەبەستی دوائامادەکارییەکانی کۆنگرەی گشتی دووەم ئەنجوومەنی سەندیکا لە رۆژانی ٢٠-٢١/١٠/٢٠٠٧ کۆبونەوەیەکی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە بە ئامادەبوونی سەرجەم ئەندامانی ئەنجوومەن و سکرتێری مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا و سەرنووسەری گۆڤاری رۆژنامەنووس کە تێیدا (ناو و ژمارەی نوێنەرانی کۆنگرە جێگیرکرا کە راستەوخۆ خۆم و جێگری نەقیب کاك مستەفا ساڵح کەریم و سکرتێری سەندیکا و برایانی ئەنجوومەن بە هاوکاری سکرتێر و ئەندامانی لیژنەی لقەکان و نووسینگەکان بەسەرپەرشتیی پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەمان کرد لە هەموو کوردستان کە تێیدا لە نێوان مانگەکانی ٨، ٩، ١٠/٢٠٠٧ ئەنجامدران وابزانم بە بۆچونی خۆم و

برادەران و هەندێ لە ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆ باشترین و خاوێنترین و شەفافترین هەڵبژاردن بووە لە کوردستان، تەنانەت یەك تاکە ڕەتکردنەوەش رووینەدا) جێگرکرا و سەرەڕای ئامادەباشی بۆ دابینکردنی سەرجەم پێداویستییەکانی کۆنگرە بە رادەیەك بۆ هەریەك لە ئەندامانی کۆنگرە ژمارەی کورسیەکەش بۆ دیاریکرا سەرەڕای کارە گەورەکان لە هەمان کاتیشدا لەم کۆبونەوەیە بڕیاردرا کەوا داوەتی هەریەك لەو بەڕێزانە بکرێت بۆ ئامادەبوون لە کۆنگرەی گشتیی دووەم:

١- جیم بومیلا سەرۆکی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی IFJ

٢- ایدان وایت سکرتێری گشتی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی IFJ

٣- نەقیبی رۆژنامەنووسانی عێراق (شەهاب التمیمی).

٤- نەقیبی رۆژنامەنووسانی ئێران (رەجەب مەزروعی).

٥- سەرۆکی یەکێتی رۆژنامەنووسانی بەریتانیا (جیمس دوهارتی).

٦- سەرۆکی یەکێتی رۆژنامەنووسانی یۆنان.

کارەکان دابەشکران هەریەك لە ئێمە کار و سنوری کارەکەی بۆ دەست نیشان درا.

٢٠٠٧/١١/٢ کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی بەشداریم لە ئاهەنگی رێزلێنان لە کەسایەتی کوردی دانیشتووی وڵاتی مسر خوالێخۆشبوو محەمەد عەلی عەونی کە یەکێ لە کارەکانی وەرگێڕانی (شەرەف نامە)یە بۆ سەر زمانی عەرەبی سەرەڕای رۆڵی بەرچاوی لە خزمەتکردنی قوتابیانی کورد کە لە (الازهر) دەیانخوێند، لەم ئاهەنگی رێزلێنانە وەزیری رۆشنبیری ئەوکاتە خوالێخۆشبوو (فەلەکەدین کاکەیی) و کۆمەڵێك لە رۆشنبیران و نووسەران و

ماموٚستایانی زانکوٚ ئامادەبوون، بوٚ ئەم مەبەستە خوالێخۆشبوو خاتو (دوریە عەونی) کچی خوالێخۆشبوو محەمەد عەلی عەونی بوٚ کوردستان داوەت کرابوو لە ئاهەنگەکە سەرەڕای وتاری کاك فەلەکەدین و ماموٚستای زانکوٚ عیماد عەبدولسەلام و دوریە عەونی منیش وتارێکم خوێندەوە کە تێیدا بە زمانی عەرەبی گوتم:

**السيدة الكاتبة والصحفية دورية كريمة الراحل محمد علي عوني**

**المحترم**

**زملاؤنا الكرام**

محتفل اليوم بمناسبة تكريم إنسان ولد من رحم أمة مجزأة في البقعة التي ألحقت قسراً بالدولة التركية، ولكنه تربى وتثقف بالقرب من الأهرامات في مدينة القاهرة التي شهدت ميلاد أول جريدة كوردية في التاريخ وترعرع في رواق الأزهر الشريف حيث تشرب بعلوم الأزهر وأراد الرجوع إلى بلاده ولكن السلطات التركية أبت عودته وبقى في أرض الكنانة عزيزاً حيث قلد عدة وظائف مهمة في ذلك الوقت إلى أن توفاه الأجل فيها عام ١٩٥٢ عام الثورة التي قضت على الحكم الملكي في مصر وإنه قام بأعمال كبيرة في مجال التأليف والترجمة، حيث قام بإعادة طبع كتاب (الشرفنامة) للبديليسي مع مقدمة وهوامش في غاية من الأهمية وترجمته إلى العربية، ولكن بعد وفاته بست سنوات أي عام ١٩٥٨ طبعت على نفقة وزارة التربية المصرية بالإضافة إلى تعريب كتاب القضية الكوردية لـ(بلج شيركو) وترجمة كتاب تأريخ الكورد وكوردستان للعلامة (محمد أمين زكي) ومشاهير الأكراد للمؤلف نفسه مع مجموعة من الكتابات على الكورد وكوردستان حيث لم تر النور لحد الآن كل هذا قد جرى تأليفه وتعريبه وطبعه في تلك البقعة التي أحبها حيث عاش فيها ومات فيها في تلك البقعة التي كانت منذ زمن صلاح الدين الأيوبي الملاذ الآمن للكورد ومثقفيها اللذين أجبروا على ترك وطنهم كونهم كورداً وكانواً يتطلعون ويعملون لغدٍ أفضل لبلادهم.

وعندما نأكد على عمق العلاقة الثقافية بين مثقفي بلاد مصر والمصريين ومثقفي كورستان نتذكر صدور أول جريدة كوردية في التأريخ في مدينة القاهرة حيث تم طبعها في مطبعة (الهلال) ولخمسة أعداد متتالية وكذلك الطبعة العربية الأولى لأقدم كتاب عن التأريخ الكوردي ونص بأول مطبعة تحمل إسم كوردستان والمطبعة نصبت في القاهرة بجوار الأزهر حيث طبع فيها فرج الله زكي الكوردي كتباً باللغتين العربية والكوردية بالإضافة إلى طبع كتاب (نضال الأكراد) للمرحوم زياد أحمد عثمان بإسم مستعار وهو (محمد شيرزاد) وكانت القاهرة أيظاً مركزاً للنشاطات السياسية والفكرية والأدبية لعدد من مثقفي الكورد كالمرحوم محمد حلمي. وبعد نجاح ثورة يوليو عام ١٩٥٢ أرسى الزعيم الراحل جمال عبدالناصر لبنات جديدة وإضافة إلى تلك العلاقة حيث وافق على تدشين إذاعة كوردية في القاهرة رغم إستنكار واحتجاجات الأتراك وشاه إيران واستقباله للزعيم الكوردي الراحل مصطفى البارزاني وصحبه الأحرار في شهر تشرين الأول عام ١٩٥٨ بعد أنتصار ثورة ١٤ تموز في طريق عودتهم من المنفى إلى الوطن وكذلك أستقباله للأستاذ جلال الطالباني عام ١٩٦٣ عندما كان رئيس الوفد الكوردي المفاوض مع حكومة البعث حيث أبدى تفهمه للقضية الكوردية وطالب بالحل السلمي لها...

پاشانیش بەناوی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان (موجەلەدی رۆژنامەی کوردستان) کە دەزگای رۆژنامەنووس بەدرخان ئامادەی کردووە بەدیاری پێشکەش بە خاتوو (دەوریە)م کرد بەڕوویەکی خۆشەوە گوتی (سوپاس بۆ ئەم دیاریە بەنرخەی کە لە وڵاتێك یەکەم ژمارەی لێ دەرچووە کە باوکم وخێزانی ئێمەی لەباوەش گرتووە سەرەڕای سوپاسی تایبەتیشم بۆ تۆ کە تۆش نازناوی "عەونی"ت هەڵگرتووە وەکو من).

هەمان ئێوارەی ٢٠٠٧/١١/٢ بەرەو سلێمانی کەوتمە ڕێ، بەگەیشتنم هەمیشە لە ئوتێل (اوسکار) دادەبەزیم کە لە شەقامی (سالم)ـە و پاك و خاوێنە، کاتژمێر (٥)ی ئێوارە لەگەڵ کاك مستەفا ساڵح کەریم جێگری نەقیب بەپێی

ڕێککەوتنی پێشخوەتە بەجوتە سەردانی کاك (نەوشێروان مستەفا ئەمین)مان کرد، بەندە کاك نەوشێروان لە دەمێك ساڵەوە دەناسم کاتیٚ لە کۆتایی مانگی (٩)ی ساڵی ١٩٦٦ لە کۆلێژی ئابووری و زانستە سیاسییەکان (الاقتصاد والعلوم السیاسه) وەرگیرام کاك نەوشێروان لە پۆلی سیٚ بەشی زانیاری سیاسی بوو لە هەمان کۆلێژ، سەردانەکەمان لەگەڵ کاك مستەفا یەکەم جار نەبوو بەڵکو جارێك و دوو جاری تریش پاش ئەوەی لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان جیابوەوە و بزوتنەوەی (گۆڕان)ی ڕاگەیاند سەردانمان کردبوو بەمەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا دەربارەی بەشداریکردنیان لە پێکهاتەی سەندیکا سەرەڕای وەرگرتنی بۆچوونی دەربارەی ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستان، من سەرەڕای جیاوازی بیروڕای سیاسیمان لە قۆناغەکانی پێشوودا، بەلام ئەم پیاوەم هەمیشە بە سەرکردەیەکی بەجورئەت و بوێرم هاتۆتە بەرچاو، ڕاشکاوانە تەعبیر لە را و بۆچوونی خۆی دەکات و سیاسەت لە پێناوی سیاسەت ناکات، دانیشتنەکەمان تاکو کاتژمێر (٨) شەوی خایاند.

٢٠٠٧/١١/٣، کاتژمێر (٨)ی بەیانی لای (ئەحەی گوڵە) نانمان خوارد من کاتی ئەگەر لە سلێمانی شەو بمێنمەوە و دەرفەت هەبوو بەیانیەکەی لە (جگەرخانەکەی ئەحەی گوڵە) نانی بەیانی لیٚ دەخۆم، لەڕاستیشدا ئەم عادەتەم لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کاتێك لە زستانی ساڵی ١٩٧٨ لە قەرەداغ لە لیژنەی وەرگرتنی توتن وەکو وردبین (مدقق) داندرابوم بە حوکمی ئەوەی فەرمانبەری کارگەی پوختەکردنی توتن بوم لە کۆیە کە لەگەڵ کارگەی جگەرەی سلێمانی سەر بە کۆمپانیای نیشتمانی گشتی جگەرەی هەولێر بووین (الشرکة العامة للدخان الوطنیة في اربیل) ساڵانە چەندین لیژنە لە پارێزگای هەولێر سلێمانی و دهۆك پێکدەهێندران بەمەبەستی وەرگرتنی بەرهەمی توتن لە جوتیارانی کوردستان کە بە بەشێکی گرنگی ئابوری کوردستان دادەندرا لەو لیژنەی قەرەداغی ئەم ساڵە کە کاك نیهاد فوئاد ڕەشید سەرۆکی لیژنە بوو و خوالێخۆشبوو (کامل ئەمین سامسون) نوسەری لیژنە و بەندەش وردبینی

لیژنەکە بووم، شەوانە دەهاتینە سلێمانی کە من زۆربەی جار لە ماڵی کاکەی خوالێخۆشبوو کامل و کاکە فازڵی برام دەمامەوە و بەیانیان پێش ئەوەی بە ئۆتۆمبێلەکەی من کە جۆری (ڤۆڵکس واگن مۆدێل ١٩٧٦) بوو بکەوینە ڕێگا لەگەڵ کامل لای (ئەحەی گوڵە) نانمان دەخوارد و هەندێ جاریش لە دوکانەکەی حەسەنی موسا (سەروپێ)مان دەخوارد، ئەو ڕۆژە لەگەڵ کاك مستەفا ساڵح کەریم کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە فڕۆکەخانەی سلێمانییەوە بەرەو عەممان دەچووین، بە گەیشتنمان بۆ عەممان لە فڕۆکەخانەدا ئەو دیارییانەی کە من و کاك مستەفا هێنابومان بۆ خانەخوێیمان (عبدالودود الکوردی) کە بریتی بوو لە (گوێز و هەنگوین و گەزۆی سلێمانی) هەموویان لێ ستاندین گوایە لەبەر هەبوونی نەخۆشی کولێرا گوایە ئەم جۆرە خواردنانە قەدەغەن، بەڕاستی زۆرمان پێ ناخۆش بوو کە تێیدا (حاکم رزگار)یش یارمەتیدەرمان بوو بەڵام سەرینەگرت چونکە خۆیان چاویان تێبڕی بوو، ئەم سەفەرەی بەندە و کاك مستەفا بەمەبەستی بەشداریکردن بوو لە (وەرشەی کاری کارایی ئامرازەکانی راگەیاندنی عێراقی – ورشە عمل تنمیە وسائل الاعلام العراقیە) کە دەستەی راگەیاندن و گەیاندن لە عێراق بۆ ماوەی چوار ڕۆژی ڕێکیخستبوو ئەوجارە من وەکو نەقیبی ڕۆژنامەنووسان و کاك مستەفا ساڵح کەریمیش وەکو ڕۆژنامەنووس و فریاد رەواندزی وەکو سەرنووسەری ڕۆژنامەی (الاتحاد)ی ئۆرگانی یەکێتی بە زمانی عەرەبی بوو و تێیدا لەگەڵ چەندین ڕۆژنامەنووسی دیکەی دەرەوەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە ئوتێلی (الانترکوتینیتال)مان بۆ تەرخان کرابوو بەشداریمان کرد.

١١/٤، کۆبونەوەکە کاتژمێر (٨)ی بەیانی دەستیپێکرد کە لە هۆڵی دووەمی ئوتێلەکە بوو، وتاری سەرۆکی لەلایەن (د. درین اکرم شاکر) کە سەرۆکی پەیوەندییە گشتییەکانی ئەو دەستە عێراقیە بوو، پاشان هێڵە سەرەکییەکانی دەربارەی پەخشکردنی راگەیاندن (البث الاعلامی) بوو کە تێیدا منیش چەند جارێك هاتمە قسە و دەربارەی جۆری و یاسای پەخشی راگەیاندن لە

کوردستان، کۆبونەوەکەی ئەم رۆژە تاکو (٥)ی ئێوارەی خایاند کە تێیدا ٦٥ رۆژنامەنووسی کوردستانی و عێراقی بەشدارییان تێدا کرد، بۆ دانیشتنی شەوی یەکەم رۆژنامەنووس (کوردە حەسەن جەلال) وەکو بەڕێوەبەری رادیۆی (نەوا) بەشداربوو لە ریستۆرانتی (البستان) لەگەڵ رۆژنامەنووس توانا عوسمان و رۆژنامەنووس (حازم بیضین) داوەتی کردین.

٢٠٠٧/١١/٥، رۆژێکی خۆش، عەمانی پایتەخت لە کەش و هەوایەکی بەهاراوی دەژیا، سەرلەبەیانی کاتژمێر (٨) کۆبونەوەکە دەستیپێکرد، لە ناو ئەندامانی بەشداربوو دووگروپ پێکهێندرا، من و کاك مستەفا و توانا عوسمان و کوردە حەسەن جەلال و فریاد رەواندزی کەوتینە یەك گروپ، رۆژنامەنووس فریاد رەواندزی سەرۆکایەتی ئەو لیژنەیەی ئێمەی کرد کە من تێیدا وتارێکم هەبوو دەربارەی راگەیاندن لە کوردستان، دانیشتنەکەمان تاکو ئێوارەی خایاند، هەندێ بۆچونی جیاواز لە نێوان ئێمە و هەندێ رۆژنامەنووسە عەرەبە عێراقییەکان روویدا کە دژایەتی چەپەکانیشیان دەکرد، بەڵام دیسان هەر ئێمە قسەمان سوار بوو، شەوەکەی بەندە و کاك مستەفا کاتمان لە چێشتخانەی (دبلومات) بەسەربرد کە لە خوار ئوتێلەکەمانەوە بوو.

١١/٦، رۆژێکی خۆش، بەڵام تاکو ئێستا وەکو فەرمانبەرێکی ئوتێلەکە گوتی (باران نەباریوە ئەم ساڵ)، دیارە ئێرەش وەکو کوردستان وشکەساڵی روویتێکردووە. لە دانیشتنی یەکەمی ئەو رۆژە وتارێکم هەبوو دەربارەی رێکخستنی خودی رۆژنامەنووسان و کاك مستەفاش بە موداخەلەیەکی درێژی لەسەر هەمان بابەت هاتە قسە و داکۆکی لە ئەزمونی ئازادی رۆژنامەگەری کرد لە کوردستان، بە چوار دانیشتنی ئەم رۆژە تاکو (٥)ی ئێوارەی خایاند کە تێیدا دەنگی ئێمە هەمیشە دلێر و بیستراو بوو، پاش تەواوبوونی دانیشتنەکان (د. اسامە مهدی) دیمانەیەکی بۆ سایتی ایلاف لەگەڵ کردم.

١١/٧، کەش و هەوا مامناوەندییە، کاتژمێر (٦)ی بەیانی لەخەو هەڵسام خۆم بە خوێندنەوەی بیرەوەرییەکانی (احمد بن بیلا)ی یەکەم سەرۆک کۆماری جەزائیر سەرقاڵ کرد، کاتژمێر (٩)ی بەیانی کۆبونەوەکانی ئەم رۆژە دەستی پێکرد و کاتژمێر ١,٥ تەواو بوو لیژنەیەك دروست کرا بە مەبەستی گەڵاڵەکردنی بڕیار و راسپاردەکان و من و کاك مستەفا خۆمان لەو لیژنەیەش ناونووس کرد بەمەبەستی ئاگاداربوون لە حەساسیەتی بڕیار و راسپاردەکان نەوەك خوانەخواستە بڕگەیەك لە بەرژوەندی ئێمەدا نەبێت کە تاکو کاتژمێر (٥)ی خایاند و بڕیاری کۆتایی لێدرا، کاك فریاد رەواندزی پێشنیاری پیاسەیەکی ناوبازاڕی بۆ کردین، کە سێ قۆڵی من و کاك مستەفا و کاك فریاد کاتمان تێدا گوزەراند، کاتژمێر (٨)ی شەویش بەداوەتی (د. ولید الزبیدی) چوینە ریستۆرانتی (البستان) کە تا رادەیەکی زۆر (الزبیدی) لەگەڵمان هاوڕابوو بۆیە تاکو کاتژمێر (١)ی شەو بە قسە و گفتوگۆ لەسەر بارودۆخی عێراق کاتمان بردە سەر. رۆژی ٢٠٠٧/١١/٩یش لە عەمانەوە بەرەو سلێمانی گەڕاینەوە.

لە ماوەیەدا تاکو کۆنگرەی دووەی گشتی کاتمان لەبەردەست بوو بۆ جاری دووەم و سێیەم بە وردەکارییەکانی کۆنگرەدا دەچوومەوە چونکە هەندێ جار کەمتەرخیم لە هەندێ برادەران دەدیت، تەنها دوو بابەت مابوو کە تاکو ئەوکاتە کۆتاییان پێنەهاتبوو، یەکەمیان تەئمینکردنی خەرجی کۆنگرەی گشتی بوو کە ٣٦٠ نوێنەر بەشدارییان تێدا دەکرد کە پێویستی بە پارە دەکرد لە ئیمکانیاتی خودی بودجەی سەندیکا نەبوو، دووەم بابەت کە ئێمەی باش ماندوو کربوو پڕۆژەی کاری رۆژنامەنووسی کە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کرابوو بەڵام سەرەڕای دەرکردنی بەیاننامەیەك کە تێیدا داوامان لە پەرلەمان کردبوو کە پەلە لە تاوتوێکردنی بکرێت، بەلام لەبەر پڕی کاری پەرلەمان پڕۆژەکەی ئێمە (سرە)ی نەهاتبوو، بۆ تەواوکردنی هەردوو مەسەلەکە دیسان سەردانی برای بەڕێز (عەدنان موفتی) سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانم کرد کە تێیدا

داوای پەلەکردن لە تێپەڕاندنی پڕۆژەکەمانم کرد، ئەویش جوامێرانە گوتی (بەنسبەت منەوە حەز دەکەم هەر ئەمڕۆ تەواو بوایە چونکە خۆشم رۆژنامەنووس و ئەندامی سەندیکام، بەڵام خۆت دەزانی هەموو پڕۆژەیەك دەبێت بە چەند لیژنەدا بڕوات، انشاء الله بەم زوانە تەواو دەبێت).

بۆ بابەتی خەرجی کۆنگرە لەسەرەتای مانگی (١٢)دا نامەیەکم بۆ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نووسی کە تێیدا داوای دیتنی بەڕێزیانم کردبوو، بۆ ئەم مەبەستەش لە نامەکەدا نووسیبووم (هیوادارم دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن کە بریتین لە (بەندە وەکو نەقیب و برایان مستەفا ساڵح کەریم وەکو جێگری نەقیب و زیرەك کەمال وەکو سکرتێری سەندیکا کە تێیدا دەمەویست ئەوانیش لە نزیکەوە ئاگاداربن، چونکە دیدارەکە پەیوەندی بە پێداویستی خەرجی کۆنگرە و داواکاری رۆژنامەنووسانەوە هەبوو.

کاتژێمر ٤,٣٠ی رۆژی چوارشەممە رێککەوتی ٢٠٠٧/١٢/٥ کاك نێچیرڤان بارزانی لە تەلاری ئەنجومەنی وەزیران پێشوازییەکی گەرمی لێکردین و لەسەرەتادا بەبایەخەوە باسی رۆڵی سەندیکای کرد کە بە یەکگرتووی کارەکان و بەرنامەکانی خۆی ئەنجام دەدات و گوتی (لەڕێگای راگەیاندن و نامەکانی فەرهاد ئاگاداری کارەکانتانم، دەستخۆشیتان لێ دەکەم، فەرموو چە دەخوازن)، ئێمەش بە درێژی بەپێی ئەو خشتەیەی کە ئامادەمان کردبوو بە داتای تەواوەوە دەربارەی کۆنگرە و خەرجییەکانی بۆمان روون کردەوە، سەرەڕای هەندێ لە داخوازی دیکە وەکو پێدانی وەجبەیەکی دیکەی (ئەرزە) بۆ سەندیکا تاکو سەندیکاش بەپێی رێنماییە یاساییەکان دابەشی بکات، لە هەمان کاتیشدا داوام لێکرد کە لە رۆژی یەکەمی کۆنگرە ئامادەبێت و وتاری خۆی هەبێت و بە بەڕێزیشیانم راگەیاند کە سەردانی سەرۆکی پەرلەمان بەڕێز (عەدنان موفتی)یشم کردووە بۆ هەمان مەبەست، کاك نێچیرڤان بارزانی دەربارەی خەرجی کۆنگرە بەو بڕەی کە لە خشتەکەدا هاتبوو رەزامەندی

لەسەرکرد و گوتی لە کۆنگرەی گشتی دووەمیشتان ئامادە دەبم و وتاری خۆشم دەبێت، دەربارەی وەجبەیەکی دیکەی پێدانی پارچەزەوی بۆ رۆژنامەنووسان گوتی لە پلانماندایە لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی کەوا بەم زوانە رێ و شوێنی دیکە بگرینە بەر و انشاءالله بەشی ئێوەش دەدەین.

دەربارەی بابەتی پرۆژەی یاسای کاری رۆژنامەنووسی کە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کرابوو و چەند جارێك لە لیژنەی یاسایی تاوتوێ کرابوو و لە دوو دانیشتنی پەرلەمان گفتوگۆی گەرمی لەسەرکرابوو رۆژی ٢٠٠٧/١٢/١١ پەرلەمانی کوردستان بە گۆڕینی هەندێ بڕگە و مادەی پرۆژەکەی سەندیکا کە لە هێزی پرۆژەکەی سەندیکای کەم کردەوە دەرچوو، ئێمە هەر ئەو رۆژە بەیاننامەیەکمان بلاوکردەوە کە تێیدا رەخنە لە گۆڕینی ئەو بڕگە و مادانە دەگرین و داوامان لە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان (مەسعود بارزانی) کرد کەوا ئیمزا لەسەر یاساکە نەکات و بیگەڕێنێتەوە پەرلەمان بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بەچاوخشاندن بە بڕگە و خاڵەکانی سەندیکا بە یاساکەدا بچێتەوە، لە هەمان کاتیشدا رۆژی ٢٠٠٧/١٢/١٣ شاندێکی ئەنجومەنی سەندیکا سەردانی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی کرد بەمەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی و داوای دیدارێکمان لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی هەرێم کرد بۆ هەمان مەبەست، تەنها سێ رۆژ دواتر کاتژمێر ٤,٣٠ی رۆژی یەکشەممە رێککەوتی ٢٠٠٧/١٢/١٦ بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا داوای رونکردنەوەی هەندێ لەو بڕگە و بابەتانە کرد کە ئێمەی ناڕازی کردبوو، منیش لە وەڵامدا سەرەڕای سوپاسگوزاری بۆ بەڕێزیان کە بەتەنگ داواکارییەکەی سەندیکاوە هات خاڵ و بڕگەکانم بۆ شیکردەوە کە لەگەڵ دەقی پرۆژەکەی ئێمە جیاوازی هەیە و لە هەمان کاتیشدا بەڕێزیان گوتی (سبەی رێککەوتی ١٢/١٧/ تاوتوێ ئەو بڕگە و خاڵانە دەکەین کە ئێوە ئیعترازتان لەسەریەتی).

سەرلەبەیانی رۆژی دووشەممە رێککەوتی ٢٠٠٧/١٢/١٧ ئەو ئەندامانەی ئەنجوومەنی سەندیکا کە دەستم پێیان گەیشتبوو و لە هەولێر بوون کە ئێوارەی رۆژی پێشوو هەواڵی دیداری سەرۆکی هەرێمی کوردستانم پێ راگەیاندبوون کە بریتین لە رۆژنامەنووسان (زیرەك کەمال، حامد محەمەد عەلی، ئەکەد موراد، خالید بەکر ئەیوب) بەرەو هاوینەهەواری پیرمام (سەلاحەدین) چووین، لەکاتژمێر (١٠)ی بەیانیدا بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاك مەسعود بارزانی پێشوازییەکی گەرمی لێکردین لەگەڵ هیواخوازی سەرکەوتنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی کرد لە پێناو خزمەتکردنی رۆژنامەنووسان و چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی لە کوردستان، ئەوجا من بە درێژی باسم لە پڕۆژەی یاسای کاری رۆژنامەنووسی کرد، هەر لە سەرەتاوە تا دواقۆناغی کە بەپێی یاسا لە رێگای سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەش بە پەرلەمان کراوە و چەند جارێکیش لەگەڵ لیژنەی یاسایی پەرلەمان دانیشتووین کە تێیدا لە ماوەی ئامادەکردنی کۆتاییدا دەیان وۆرك شۆپ و کۆبوونەوە لەگەڵ زۆربەی هەرەزۆری رۆژنامەنووسان و وەرگرتنی را و بۆچونەکان کە لە کۆتاییدا ئەم پڕۆژەیاسایەی لێهاتە کایەوە کە پێشکەش بە پەرلەمان کرا، بەلاّم لە پەرلەمان بە شێوەیەك ئەم یاسایە دەرچووە کە لە پێشەوە ناڕەزایی ئەنجوومەنی سەندیکای لێکەوتەوە ئەوجا ناڕەزایی رۆژنامەنووسان بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە هەندێ بڕگە و خاڵدا کراوە، برادەرانی ئەندامانی ئەنجوومەنیش هەریەکە بە بەشێك لە قسەکانیان بەشدارییان لە گفتوگۆیەکەدا کرد.

پاش ئەوەی بەڕێز سەرۆکی هەرێم بە وردی ئاگاداری ئەو بڕگە و خالاّنە بوو کە لەلایەن ئێمەوە ناڕەزایی دروستکردووە هاتە قسە و گوتی (سوپاستان دەکەم کە ئەوەندە بەتەنگ چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسین لە کوردستان کە بێگومان (سومعە)ی کوردستان لەم بارەیەوە بەرز دەکاتەوە کە هیوا و ئاواتی هەر هەموو تاکێکی ئەم کوردستانەیە و من لێرەدا رایدەگەیەنم (کەوا ئیمزا

لەسەر هیچ یاسایەك ناكەم كە گۆڕەپانی ئازادی رۆژنامەنووسی لە كوردستان تەسك بكاتەوە و جارێكی دیكە بەپێی دەسەڵاتی خۆم یاساكە بۆ پەرلەمانی كوردستان دەنێرمەوە، هیوادارم خۆتان و پەرلەمان بگەنە ئاكامێك كە لە خزمەتی ئازادی رۆژنامەنووسیدا بێت).

بەڕێز كاك مەسعود بارزانی بەهەمان شێوە گەرمەكەی كە پێشوازی كردین وێنەیەكمان لەگەڵ بەڕێزی گرت و بەڕێیكردین. پاش گەڕانەوەمان ئێمەش كۆبونەوەیەكمان ئەنجام دا و راگەیاندراوێكمان بڵاوكردەوە دەربارەی ئەو وردەكارییانەی كە لەگەڵ بەڕێز سەرۆكی هەرێم گفتوگۆمان لەسەر كردبوو لە هەمان كاتیشدا بە تەلەفۆن برای بەڕێزم مستەفا ساڵح كەریم جێگری نەقیب ئاگادارکردەوە، پاشان بەڕێز سەرۆكی هەرێم ئیمزای لەسەر یاساكە نەكرد و یاساكە جارێكی دیكە گەڕاندەوە پەرلەمان، بەپێی یاسای پەرلەمانیش دەبێت پەرلەمان جارێكی دیكە لەسەر رۆشنایی ئعترازەكان گفتوگۆ لەسەر بڕگە و خاڵەكان بكات، لەڕاستیدا ئیمزانەكردنی سەرۆكی هەرێم لەسەر یاساكە سەركەوتنێكی گەورە بوو بۆ سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان كە تێیدا ئیسپات بوو بۆ هەموو لایەك كە سەندیكا داكۆكیكەر و پشتیوانی رۆژنامەنووسان و چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسیە لە كوردستان بەپێچەوانەی چەند دەنگێكی نەشاز كە تەنیا دەیانەویست لە گۆمی لێڵدا مەلە بكەن و ئێمەش هەندێكمان دەمانزانی ئەم چەند دەنگە لە چە روانگەیەكەوە دەنگیان هەڵدەبڕی، زۆرجاریش قسەكەی (روبیر مینار) سەرۆكی رێكخراوی پەیامنێرانی بێ سنوور بەبیر ئەو چەند خاوەن دەنگە دەهێنایەوە كە بە حزوری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان گوتی (ئەگەر ئەو پرۆژەیەی سەندیكا بە یاسا لە پەرلەمان دەربچێت ئەوا كوردستان لەم بوارە بە هەنگاوێك پێش فەرەنسا دەكەوێ، باشە ئەوە قسەی سەرۆكی رێكخراوێكی پەیامنێرانی بێ سنوورە كە هەموو كارەكیانیان چاودێری رەوشی ئازادی رۆژنامەنووسییە لەسەرتاسەری جیهان دەكەن و دەنگیان دەگاتە هەموو شوێنێك و رێز لە بۆچونەكانیان

دەگیرێ، بۆ دەبێت ئەم چەند دەنگە نەشازە ئەگەر (لغرض في نفس یعقوب) نەبێت بۆ دەبێت خۆیان وا نیشان بدەن کە ئەوان لە خەڵکی دیکە و سەندیکا و پەیامنێرانی بێ سنوور بە پەرۆشترین بۆ چەسپاندنی ئازادیی رۆژنامەنووس لە کوردستان. بەهەرحاڵ جارێکی دیکە بیرمان لە پلانی داهاتوو دەکردەوە کە چۆن قەناعەت بە پەرلەمانتارانی لیژنەی یاسایی و لیژنە پەیوەندیدارەکان بکەین بە خاڵ و بڕگەکانی ئێمە قەناعەت بهێنن، بەڵام چونکە کۆنگرەی گشتی دووەم لە دەرگای دەداین ئەم بابەتەمان دواخست بۆ ئەنجوومەنی تازەی دوای کۆنگرە کە هەڵدەبژێردرێ.

پێشبەستنی کۆنگرە برایانی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان داوایان لێکردم (بەندە لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە پەیوەندیم بە مەکتەبی راگەیاندنەوە نەما  کە لەلاپەڕەکانی پێشوو هۆکارەکەم باس لێوەکردووە)، کەوا لەگەڵ نوێنەرەکانی هەڵبژێردراوی رۆژنامەنووسانی دەزگاکانی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دابنیشم بەمەبەستی لێکتێگەیشتنێکی هەمەلایەنە لەسەر کۆنگرەی گشتیی دووەم ئەوەبوو پێش کۆنگرە بەچەند رۆژێك بەئامادەبوونی زۆربەی هەرەزۆری رۆژنامەنووسانی دەزگاکانی راگەیاندنی پارتی کە ئەندامی کۆنگرەی دووەمی گشتی بوون کە تێیدا برایان (کاروان ئاکرەیی بەڕێوەبەری گشتی کوردستان T.V و ئاسۆ کەریم لێپرسراوی دەزگای موکریان کە هەردوکیان ئەندامی مەکتەبی راگەیاندن بوون لەگەڵ کاك سەرۆ قادر کە لێپرسراوی مەکتەبی راگەیاندن بوو لە پارتی لە هۆڵی سەرەوەی باڵەخانەی مەکتەب دانیشتنەکە رێکخرا، لەسەرەتا بەکورتی باسم لە کۆنگرە و هەنگاوەکانی ئەنجامدانی کرد ئەوجا هاتمە سەر ئەو پێکهاتەیەی کە لە ئاکامی جوهدی شەخسیم لەگەڵ سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان هاتۆتە رێککەوتن بە دووروودرێژی بۆم باسکردن پاشان هەریەك لە برایان سەرۆ، کاروان، ئاسۆ قسەی خۆیان کرد و ستایشی رۆڵی منیان کرد، بەڵام چەند دەندێك کە ئەوەی لەبیرم ماوە (٣ دەنگ بوون کە

ناوەکانیان لای من لەبیرنەکراوە کەوتنە بۆڵەبۆڵکردن کە گوایە بەندە ئیش بۆ رۆژنامەنووسانی پارتی ناکات و باشترە بیر لە رۆژنامەنووسێکی دیکە بکرێتەوە بۆ پۆستی نەقیب)، کاک کاروان ئاکرەیی قسەکانی پێبڕین و داوای لە من کرد کە لە وەڵامدا لەسەرخۆ بم چونکە زانی ئەم قسانە نیگەرانی کردم، ئەوجا منیش لە ئاخاوتنەکەمدا گوتم (وەکو هەموو لایەك ئاگادارە بەندە هەر لەسەرەتاوە کە دەستەی یەکەم بۆ دامەزراندنی سەندیکا هاتە کایەوە لەساڵی ۱۹۹۷ من وەکو سەرۆکی دەستەی دامەزرێنەر هەڵبژێردرام تاکو رۆژانی ئەمڕۆ بێ جیاوازی کارم بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان و چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسان لە کوردستان کردووە، ئەمە چوارەمین کۆنگرەیە کە دەبەسترێ دووانی پێش ئەو کە ئەوکاتە یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان دانەمەزرابوو پاش دامەزراندنیش لە سلێمانی هەرزوو بە هیمەتی دڵسۆزان هەردوولامان لە ناو سەندیکایەکی سەرتاسەری لە کوردستان ئەرکەکان جێبەجێ دەکەین، ئەوەی دووەمین کۆنگرەی گشتیشە کە بەڕێوەدەچێ من هەر لە رۆژی یەکەمەوە خۆم بە نەقیبی هەموو رۆژنامەنووسانی کوردستان دەزانم نەك بە نەقیبی رۆژنامەنووسانی پارتی دیموکراتی کوردستان، کارەکانم دیارە بەبێ هیچ جیاوازییەك تەماشای هەموو رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەم و لەخزمەتیاندا دەبم، لە هەمان کاتیشدا ئێوە ئازادن لە هەڵبژاردنی رۆژنامەنووسێکی دیکە بەو مواسەفاتانەی ئێوە دەتانەوێ بۆ نەقیبی رۆژنامەنووسان، من نەم شاردوەتەوە کەوا وەکو رۆژنامەنووسێکی سەربەخۆ خۆم بۆ ئەم پۆستە هەڵدەبژێرم و ئێوەش ئارەزووی خۆتانە).

کاك کاروان ئاکرەیی کە لە تەتیشتمەوە دانیشتبوو دەتوانم بڵێم لە قسەکانم مورتاح نەبوو بۆیە پێیگوتم (لەبەر چەند دەنگێکی نەشاز نەدەبوایە ئەوانی دیکە بێ منەت بکەی)، منیش زۆر لەسەرخۆ و هێمنی بە کاك کاروانم گوت (بانگی محەمەد بە ئاشکرا خۆشە).

چەند ڕۆژێك پێش کۆنگرە (جانتای کۆنگرە)ەمان بەسەر هەموو لق و نووسینگەکان دابەشکرد بۆ ئەوەی پێش کۆنگرە ئەندامانی کۆنگرە ئاگاداری سەرجەم کار و چالاکی و ڕاپۆرتی گشتی و ڕاپۆرتی دارایی سەندیکا بن.

ناوەڕۆکی جانتای کۆنگرە بریتی بوو لە:

١- ڕاپۆرتی گشتی ئەنجومەنی سەندیکا لەگەڵ پوختەی ڕاپۆرتی دارایی لە نێوان دوو کۆنگرەدا.

٢- یاسای سەنیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

٣- لیستی ناوی ڕۆژنامەنووسانی شەهید.

٤- پەیماننامەی شەرەف فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان.

٥- ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی گشتی یەکەمی سەندیکا.

٦- گۆڤاری ڕۆژنامەنووس ژمارە (١٢).

٧- گۆڤاری (الصحفی) ژمارەکانی ٣٣، ٣٤ لەگەڵ ئەو چەند دێرەی خوارەوە کە لەسەر کاغەزێکی A٤ نووسرابوو کە دەڵێ:

**بەڕێز ئەندامانی کۆنگرەی دووەم**

هیوادارین بەر لە دەستپێکردنی کۆنگرە ڕاپۆرتی گشتی ئەنجومەنت بە وردی خوێندبێتەوە بە (پوختەی ڕاپۆرتی دارایی)یشەوە تاکو پێشوەخت ئاگاداری ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە ببیت، کە بێگومان دەبێتە هۆکاری بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ڕۆژانی کۆنگرە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمان.

**ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**

**هەولێر/ کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧**

له رۆژانی ٢٧-٢٨-٢٠٠٧/١٢/٢٩ کۆنگرەی دووەمی گشتی دووەمی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەژێر دروشمی (لەپێناو چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی و دەستەبەرکردنی ماڤی رۆژنامەنووسان له کوردستان) به چاودێری بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەئامادەبوونی بەڕێز (عەدنان موفتی) سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و ژمارەیەك له ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرەکانی حکومەتی هەرێم و بەشداری (٣٦٣) نوێنەر له هۆڵی رۆشنبیری له هەولێری پایتەخت بەسترا، له دانیشتنی یەکەمی رۆژی یەکەم (دانیشتنی کردنەوەی کۆنگرە سەرەتا بەوەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستن و رۆژنامەنووسان دەستی پێکرد، ئەوجا نامەی بەڕێز مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراقی فیدرال لەلایەن کاك (جەوهەر کرمانج)ی رۆژنامەنووس و شاعیر خوێندرایەوە که تێیدا دەڵێ (سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازم و هیوادارم رۆژنامەنووسانی کوردستان له چوارچێوەی یاسایەکی کاری رۆژنامەنووسی مۆدێرن و خەمخۆردا تا پەیامی بەرزری خۆیان بگەیەنن و دڵنیشام که جەنابی کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پشتیوانییەکی دڵسۆزتان دەبێت له هێنانه کایەی ئەو یاسا هاوچەرخەدا بێته دی و خواست و ئامانجه بەرزەکانی رۆژنامەنووسانی کوردستان و عێراق له عێراقێکی دیموکرات و فیدراڵ و پێشکەوتوی سەربەخۆدا)، بەدوای وتارەکەی سەرۆك مام جەلال پەیامەکەی بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایه خوالێخۆشبوو فەلەکەدین کاکەیی وەزیری رۆشنبیری خوێندرایەوە که له برگەیەکیدا دەڵێ: (هەڵبەته رۆژنامەنووسانی کرودستان رۆڵێکی گرنگ و گەورەیان هەیه له پەرەپێدان و پەرەسەندنی هەر کۆمەڵگایەکی مەدەنی، هەرێمی ئێمەش بەتایبەتی لەم کات و ساتەدا پێویستی به هاوکاری ئێوەی بەڕێز هەیه بۆ پێشختنی کۆمەڵگای

کوردستان و چاکترکردنی ئەدای ڕۆژنامەنووس بە شێوەیەکی شارستانی ئەنجام بدەن دوور لە ناوزڕاندن و بەدوای ڕاستییەکان بگەڕێن و بەئەمانەتەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ زانیارییەکان بکەن و ڕۆڵی بەرچاوی خۆتان لە دروستکردنی رای گشتی ببینن).

پاش راگەیاندنی پەیامەکانی سەرۆك کۆماری عێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەوجا بەڕێزان عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و نێچیرڤان بارزانی وتاری خۆیان پێشکەش بە ئامادەبووانی کۆنگرە کرد کە لەڕاستیدا دوو وتاری بەپێز و پڕمانا بوون، ئەوجا خوالێخۆشبوو (شهاب التمیمی) نەقیبی رۆژنامەنووسانی عێراق کە لەسەر داوەتی ئێمە ئامادەی کۆنگرەکەمان بوو وتارێکی رێکوپێکی خوێندەوە کەتێیدا ئەوەی سەلماند کە (رۆژنامەنووسانی کوردستان مافێکی سروشتی خۆیانە سەندیکایەکی سەربەخۆی خۆیان هەبێت). ئەوجا نامەی سەرۆکی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی IFJ (جیم موبیلا) و نامەی سکرتێری گشتی لیژنەی راپەڕاندنی فیدراسیۆن (ئایدان وایت) خوێندرانەوە، پاشانیش نامەی هەریەك لە ئەنجومەنی صنفی رۆژنامەنووسانی ئێران و (سیف الشریفی) جێگری سەرۆکی یەکێتی رۆژنامەنووسانی عەرەب خوێندرایەوە. دوابەدوای ئەوانیش دوایین وتار کە وتاری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەلایەن (بەندە)وە خوێندرایەوە کە بریتی بوو لە هێڵە سەرەکییەکانی کار و چالاکی و بۆچوون و رایەکانمان دەربارەی ئازادی رۆژنامەنووسی لە کوردستان و ماف و گوزەرانی رۆژنامەنووسان، لە کۆتاییشدا بەم ئایەتە پیرۆزەی قورئانی وتارەکەم کۆتایی پێ هێنا (قل أعلموا فسیری الله عملکم ورسوله والمؤمنون)، لە دانیشتنی دووەم ئەو رۆژە دەستەی سەرۆکایەتی و لیژنەکانی (یاسای کاری رۆژنامەنووسی، هەموارکردنی یاسای سەندیکا، راپۆرتی گشتی و دارایی، سکالا، داکۆکی لە ماڤ رۆژنامەنووسان کە لە نێوان پاش نیوەڕۆی رۆژی یەکەم و تەواوی رۆژی دووەم ٢/٢٨/ لیژنەکان سەرقاڵی کارەکانیان بوون، لە

دانیشتنی یەکەمی ڕۆژی سێیەمیش کە ماوەی (٤) کاتژمێر بوو کاری لیژنەکان لەلایەن کۆنگرەوە پاش گفتوگۆی تێروتەسەل بە سەرکەوتوی گەڵاڵەکران، دانیشتنی دووەمی ڕۆژی سێیەمیش بەسەرپەرشتی دادوەر (دارا محەمەد) و نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ پرۆسەی هەڵبژاردنی نەقیب و ئەنجوومەن و هەردوو لیژنەی چاودێری و بەرزەفتکردن بەڕێوەچوو کە تێیدا بە لیستێك بەناوی (لیستی چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان) لەلایەن بەندەوە ڕاگەیاندرا کە پێشوتریش دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرە بەئەندامانی کۆنگرەیان ڕاگەیاند کە ڕۆژنامەنووسان ئازادن بەهەر شێوازێك کە خۆیان بڕیاری لەسەر دەدەن کە تێیدا دوو شێوازی هەڵبژاردن خرانە ڕوو کە بریتی بوون لە شێوازی لیست و تاك کە لە ئاکامدا زۆرینەی هەرەزۆری ئەندامانی کۆنگرە شێوازی هەڵبژاردنیان بە لیست پەسەند کرد. لیستەکەی من کە ئیشارەتم پێداوە بە زۆرینەی هەرە زۆری ئەندامانی کۆنگرە سەرکەوتنی بەدەستهێنا کە بەم شێوەی خوارەوە بۆوو (نەقیب فەرهاد عەونی، ئەندامانی ئەنجوومەن، مستەفا ساڵح کەریم، بەهجەت هروری، شوان داودی، حامد محەمەد عەلی، زیرەك کەمال، ئەکەد موراد، ئەنوەر حوسێن، جەمال حوسێن) ئەندامانی یەدەگیش بریتی بوون لە شوان هەورامی، ئومێد خەلیفە، جنان پۆلص، لیژنەی چاودێریش بریتی بوون لەو ڕۆژنامەنووسانە: قاسم شێروانی، غەریب شێخ ڕەوف، حەیدەر جەمیل محەمەد ساڵح، سۆزان یوحەنا بە یەدەگ، لیژنەی بەرزەفتیش لە ڕۆژنامەنووسان (ئاکۆ محەمەد، هیوا مستەفا، ئانو جەوهەر عەبدولسەمیع و موزەفەر عەبدولوەهاب، وەك ئەندامی یەدەگ هەڵبژێردران، ئەوەی لێرەدا دەمەوێ بیڵێم کۆنگرەی گشتی دووەم یەکێکە لە کۆنگرە سەرکەوتووەکانی سەندیکا کە تێیدا هەموو لایەنێکی کاری سەندیکا: یاسایی، جۆری هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرە، ڕێکوپێکی جۆری خەرجی لە هەموو لایەکەوە کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆی دابینکردین، کە ڕۆژنامەنووسانی دەرەوەی سەنتەری هەولێر بە زیادەوە خەرجییان بۆ دابین کرابوو سەرەڕای خوێندنەوەی پەیامی هەردوو

بەڕێزان سەرۆك كۆماری عێراق و سەرۆكی هەرێمی كوردستان لەگەڵ نامەی پیرۆزبایی سەرۆك و سكرتێری گشتی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی IFJ و بەشداری نەقیبی رۆژنامەنووسانی عێراق و نامە و پەیامەكانی ئەنجوومەنی صنفی رۆژنامەگەرانی ئێران و یەكێتی رۆژنامەنووسانی عەرەب و میشیل ستانستریت سەرۆكی یەكێتی نەتەوەی رۆژنامەنووسانی بەریتانیا و ئێرلەندا، لە هەمان كاتیشدا ئەو گفتوگۆ ئازادانە سێ رۆژەی كۆنگرە كە هەموو ئەندامێكی كۆنگرە چی بە خەیاڵدا بهاتایە قسەی لەبارەیەوە دەكرد و ئەوەی سانسۆر و بوونی سانسۆر بهاتایە لەم كۆنگرەیە بەدی نەدەكرا سەرەڕای ئەوەی رۆژنامەنووسانی دەزگاكانی راگەیاندنی سەرجەم حزب و لایەنە سیاسیەكانی سەر گۆڕەپانی كوردستان لە چەپەوە تاكو راست، لە دیموكرات و عەلمانییەكانەوە بۆ ئیسلامی میانگیر و توندڕەو، رۆژنامەنووسانی سەربەخۆ كە هەر هەموو تێكڕا تاكو دواكاتی هەڵبژاردن بەشداری كاریگەرییان تێدا كرد.

دوابڕگەی راگەیاندراوی لیستی چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی لە كوردستان كە دەڵێ (بەڵێنی ئەوە دەدەین كە سەرجەم ئیش و كارەكانی سەندیكا لە چوارچێوەی پیشەیی و بێ لایەنیدا دەرنەچێت و بەو مەبەستەی تەنیا لە خزمەتی ئازادی رۆژنامەگەریی و سەربەخۆیی رۆژنامەنووسان بێت.

لە یەكەم رۆژی دوای كۆنگرە رێككەوتی ٢٠٠٧/١٢/٣٠ بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان پێشوازی لە خوالێخۆشبوو (شەهاب التمیمی) نەقیبی رۆژنامەنووسانی عێراق و بەندە كرد كە تێیدا سەرەڕای خۆشحاڵی بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان بە بەشداری (التمیمی) لە كۆنگرەی رۆژنامەنووسانی كوردستان خوالێخۆشبوو شەهابیش لەسەرەتای قسەكانی خۆشحاڵی خۆی بە هاتنی بۆ كوردستان دەربڕی كە تێیدا (بەشداری لەو كۆنگرەیە رێكوپێكە سەركەوتوەی رۆژنامەنووسانی كوردستان كرد)، پاشان كەوەتە باسی رووداوەكانی ساڵانی كۆتاییەكانی چلەكانی سەدەی

رابردوو کاتێ لە بەندیخانەی موسڵ لەگەڵ هەندێ لە زیندانیە بارزانییەکان ناسیونی و گوتی (ئەو بارودۆخە کە ئێستاکە لە کوردستان هاتۆتە بەرهەم بێگومان لە ئاکامی خەبات و تێکۆشانی بارزانی نەمرە)، لە هەمان کاتیشدا نیگەرانی خۆی بەرامبەر لە هەندێ بۆچونی سیاسەت و کارەکانی ئەوکاتەی پاش روخانی رژێمی سەدام حوسێن پەیوەند بە عیراق دەربڕی و گوتی پێویستە کورد ئاگادار و هۆشیار بیت، بەوپەڕی داخەوە زۆری پێ نەچوو پاش گەڕانەوەی بۆ بەغدا رۆژی ٢٠٠٨/٢/٢٣ لە کارێکی تیرۆرستیدا لە ناوچەی (وەزیریە) شەهیدکرا، پێش کۆچی دوایی کە زۆر بە سەختی بریندار بوو بوو بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوەکردم زۆر بە گەرمییەوە پێی راگەیاندم کەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەی تەواوی هەموو جۆرە یارمەتیدانێکە چە لە ناوەوە چە لە دەرەوەی عێراق بەمەبەستی چارەسەری خێرای، منیش هەر لەسەرەتای بیستنی هەواڵەکە لە یەکەم ساتدا پەیوەندیم بە (مؤید اللامی) سکرتێری گشتی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراقەوە کرد و زۆر بەتوندی ئیدانەی ئەم کارە تیرۆرستییەم کرد و ئامادەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانیشم پێ راگەیاند بۆهێنانی بۆ کوردستان، جارێکی دیکەش پاش پەیوەندییە تەلەفۆنەکەی کاك نێچیرڤان بارزانی پەیوەندیم بە (مؤید اللامی)وە کرد و دەستپێشخەرییەکەی بەڕێز سەۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانم پێڕاگەیاند و جەختم لەوە کردەوە کە کاك نێچیرڤان بارزانی پەرۆشیەتی کەوا (شهاب المتمی) بگەیەنرێتە هەولێر بۆۆ ئەوەی لە هەولێرەوە مشوری ناردنە دەرەوەی بۆ بکرێت، بەڵام ئەوەی جێی داخ و کەسەرێکی زۆر بوو (التمیمی) رۆژی ٢٠٠٧/٢/٢٧ کۆچی دوایی کرد، بەم بۆنەیەوە رۆژی تەقەلێکردنەکەی (٢٠٠٨/٢/٢٣) و رۆژی کۆچی دوایی (٢٠٠٨/٢/٢٨) ئەنجوومەنی سەندیکا دوو بەیاننامەی توندی دژی ئەو کارە تیرۆرستی و قێزەونە کرد، هەروەها سەرۆك و سکرتێری گشتی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی لە دوو بەیاننامەی جیاوازدا ئەو کارە تیرۆرستییەکان رسوا و مەحکوم کرد، رۆژی

٢٠٠٨/٢/٢٨ هەردوو بەڕێزان مام جەلال تاڵەبانی سەرۆك كۆماری عێراقی فیدراڵ و مەسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان لە دوو پرسەنامەی جیاوازی بەپەرۆشدا تیرۆركردنی (شەهاب المتمیمی)یان بە كارێكی دژ بە مرۆڤایەتی و ئازادی رۆژنامەنووس لە عێراق وەسف كرد. لەڕاستیدا بەنسبەت منەوە دۆستێكی بەوەفادار و راستگۆی عێراقیم لەدەست دا كە بەڕاستی كوردی خۆش دەویست و هەمیشە لە كۆنگرە و كۆبونەوە و وۆرك شۆپەكانی دەرەوە و ناوەوەی عێراق داكۆكی گەرمی لە هەڵوێستی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان دەكردەوە، بەشانازییەوە باس لە دۆستایەتی خۆی لەگەڵ كوردا دەكرد و راشكاوانە دەیگوت كەركووك كوردستانە و رژێمی عێراق تەعریبی كردووە، پێویستە ئەم واقیعە بگۆڕدرێ و هەر لە چلەكانی سەدەی رابردووەوە دەستیپێكردووە و كارێكی شۆڤێنییانەی دوژمناكارانەیە لە ژمارەی (٣٩)ی گۆڤاری (الصحفی) بابەتێكی چەند لاپەڕەم بە زمانی عەرەبی لەژێرناونیشانی (یستبدل عكازه بالاجنحة.. شهاب التميمي في الجهة الاخرى في المرآة) نووسی لە خودای گەورە دەپاڕێمەوە كەوا بە بەهەشتی بەرینی شاد بكات.

دەگەڕێمەوە بۆ دواڕۆژانی بەكۆتاهاتنی كۆنگرەی دووەم كە لە یەكەم دانیشتنی كۆبونەوەی ئەنجومەنی تازەی سەندیكا پۆستەكانی سەندیكا بەم شێوەیە دابەشكرا كە تێیدا برایان مستەفا ساڵح كەریم بۆ پۆستی جێگری نەقی و حامد محەمەد عەلی بۆ سكرتێری سەندیكا و زیرەك كەمال لێپرسراوی لیژنەی داكۆكی لە رۆژنامەنووسان و ئەكەد موراد لێپرسراوی دارایی و جەمال حوسێن بۆ لێپرسراوی لیژنەی رۆشنبیری و ئەنوەر حوسێن و شوان داودی و بەهجەت هوری و شوان هەورامی كە ئەندامی یەدەگ بوو بۆ بۆ ئەندامیەتی لیژنەی داكۆكی هەڵبژێردران هەروەها هەردوو رۆژنامەنووس جنان پۆڵص و ئومێد خەلیفە هەڵبژێردران بۆ ئەندامیەتی لیژنەی رۆشنبیری، لە هەمان كاتیشدا بۆ رۆڵی كارامەی شێركۆ حەبیب بە سكرتێری نوسینگەی

پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا هەڵبژێردرا. بەمە کۆتایی بە کۆنگرە و جێبەجێکردنی ئەرکەکان و دابەشکردنیی پۆستەکان کۆتایی هات، ئەنجامدانی کۆنفرانسی لقەکان و نووسینگەکانی لە کەرکووك، دهۆك، سلێمانی، هەولێر و هەردوو نووسینگەی سۆران و گەرمیان کە لە نێوان مانگی ٢، ٢٠٠٨/٣ بەڕێکوپێکی لەسەر بنەمای نەخشەی کۆنگرەی دووەمی گشتی جێبەجێ کرا.

لە یادی (١١٠) ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی کە ڕێککەوتی ٢٠٠٨/٤/٢٢ چونکە وەکو ئاشکرایە ڕۆژنامەی کوردستان لە ١٨٩٨/٤/٢٢ لە قاهیرە یەکەم ژمارەی دەرچوو، لێرەدا بەپێویستی دەزانم کە بڵێم نابێ ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیرانی کورد هەوڵ و کۆشش و ماندوبوونی ئەو دوو زاتەیان لەبیر بچێت کە بریتین لە خوالێخۆشبوان (د. مارف خەزنەدار و د. کەمال فوئاد) کە یەکەمیان لە ساڵی ١٩٦٨ بۆ یەکەم جار لە ڕۆژنامەی (التآخی) باس لەو ڕۆژە مێژوویيە دەکات کە ئەو ڕۆژنامە نۆبەرەی تێدا دەرچوو و دووەمیشیان خوالێخۆشبوو د. کەمال فوئاد لە پاشکۆی گۆڤاری (ڕووناکی) بابەتێکی لەسەر هەمان ڕۆژنامەی کوردستان نووسی پاشان بوو بە پێشەکی ئەو (٢٦) ژمارەی کوردستان کە لە دووتوێی چاپکراویدا بڵاوی کردەوە لە ساڵی ١٩٧٣دا.

لەوانەیە خوێنەر سەیری بە درێژدادڕیمدا بێت دەربارەی چالاکییەکانی سەندیکا و وردەکارییەکانی بەڵام قوربان ئەم مێژووە مێژووی ڕێکخراوێکی کوردستانییە کە تێیدا (بەندە) بە هاوکاری ئەو برادەرانەی کە پێشووتر ناوم هێناون تێکڕا بەشداریمان لە دروستکردنی کردووە، بەڵام وابزانم ئەگەر بە هەڵە نەڕۆیشتبم (بەندە) داڕێژەری سەرەکی پلان و نەخشەڕێگای سەرپەرشتی جێبەجێکردنی بووم، کەم و زۆریش باسی هەموو ئەو برالدەرانە کراوە بە ئەمانەتەوە کە بەشدارییان لە دروستکردنی ئەم مێژووە کردووە، ڕۆژنامەگەریی کوردی و ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیرانی کوردستان بەتایبەتی و گەلی کوردیش بەگشتی قەرزاری پاڵەوانانی ئەو خێزانەن کە بە هەوڵ و کۆششی خۆیان لە بارودۆخێکی زێدە دژواردا دوور لە وڵاتی کوردان بەردی بناغەی پڕۆژەیەکی

نەتەوەیی دابنێن بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردا ئەویش جێبەجێکردنی دانانی نەخشەڕێگا و ئامادەکردن و بڵاوکردنەوە و چاپکردنی ڕۆژنامەی (کوردستان) لە ١٨٩٨/٤/٢٢ لە قاهیرە کە ئەو دوو پێشەوایەش جوتەبرا (میقداد بەگ بەدرخان و عەبدوڵڵا بەگی بەدرخان)ە کە لە بنەماڵەی بەدرخانیانی سەربەرزن کە (عەونی) شاعیری خوالێخۆشبوو لە مەدح و سەنایاندا لە ژمارە ٢٢ی ساڵی ١٩٣٣ لە گۆڤاری (هاوار) کە کۆرپەیەکی[١] نازداری بەدرخانییەکانە، کە جەلادەت بەدرخان لە ماوەی ١١ ساڵدا لە ١٥ی مایسی ساڵی ١٩٣٢ تاکو ١٥ی ئابی ساڵی ١٩٤٣ پەنجا و حەوت ژمارەی لە شام لێ چاپ و بڵاوکردەوە، بڵاوکردنەوەی ئەم شیعرە تەخمیسە (عەونی)یە لە سەر شیعرێکی مامەند کەرکووکی کە کۆی هەمووی ١١٠ بەیتە شیعرە کە (٦٦) سێ بەیتی یەکەمی هی (عەونی) و (٤٤) دوا دوبەیتەکەشی هی مامەند کەرکووکیە کاتی خۆشی دەربارەی ئەم شیعرەی بۆ (خاوەنی هاوار) بابەتێکم لە ژمارە (٥)ی زستانی ساڵی ٢٠٠٠ لە گۆڤاری هەولێر بڵاوکردۆتەوە لە ژێر ناونیشانی (سەرەقەڵەمێك دەربارەی پێنج خشتەیەکی "عەونی" لەسەر شیعرێکی مامەند کەرکووکی) پاشانیش لە چاپی دووەمی دیوانی عەونی لە ساڵی ٢٠١١ چاپکراوە و جێگیرکراوە.

لە یادی (١١٠) ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی کە واپێویست دەکات هەموو ساڵێ وەکو بۆنەیەکی پیرۆز بەو ئەرکە پیرۆزە هەڵبستین، چونکە لەڕاستیدا ئەم بۆنەیە موستەحەقی هەموو ڕێزلێنانێکە، بۆیە هەر لەسەرەتادا لە کۆبونەوەی ئاسایی مانگانەی ئەنجوومەنی سەندیکا کە لە کۆتایی مانگی ئاداری ئەو ساڵە بەسترا پاش تاوتوێکردنی پێشنیارەکان لەلایەن برایانی ئەنجوومەنەوە بڕیاردرا کەوا بەرنامەیەکی تێروتەسەل بۆ ئەم بۆنەیە دابندرێ کە لە سەرەتادا بە بەیاننامەیەکی ئەنجوومەنی سەندیکا کە لە ڕۆژی ٢٠٠٨/٤/٢١ بڵاوکرایەوە کە لە هەمان کاتیشدا هاوکات بوو لەگەڵ هەردوو نامە پیرۆزباییەکەی مام

[١] د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، گۆڤاری هاوار و کوردی عێراق– گۆڤاری بەیان، ژمارە (١٨٣)ی ساڵی ١٩٩٩

جەلال تاڵەبانی و کاك مەسعود بارزانی، لە هەمان ئێوارەشدا (٢٢) خێزانی شەهیدانی رۆژنامەنووس رێزیان لێگیرا کە (١٥)یان لە هەولێر بوون و ئەوانی دیکەش لە سلێمانی و کەرکووك و گەرمیان بوون.

رۆژی ٤/٢٢یش هەر هەموومان لە پێشوازی میوانانی سەندیکا بووین کە بە خۆیان و چەپکە گوڵەوە جەژنەپیرۆزەیان لێ دەکردین، هەروەها برادەرانی ئەنجومەنی سەندیکا (کاك حامد محەمەد عەلی لە بەشی راگەیاندنی پەیمانگای هونەری لە هەولێر و کاك زیرەك کەمال لە سۆران و دیسان کاك حامد رۆژی ٢٣ لە گەرمیان و بەندەش رۆژی ٤/٢٤ لە بەشی راگەیاندنی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین بەشداریمان لە پیرۆزراگرتنی ئەم بۆنەیە کرد، لەلایەکی دیکەشەوە سەرجەم لقەکانی سەندیکا و نووسینگەکان بەم بۆنەیەوە ئاهەنگ و جموجۆڵی بەرچاویان گێرا.

لە سەرەتای مانگی (٥)ی ئەم ساڵە شێرکۆ ئاگاداری کردم کەوا داوەتنامەیەکی بەناو پێگەیشتووە بەو ئیعتیبارەی کە سکرتێری مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکایە بۆ بەشداریکردن لەو بەیەکگەیشتنە ناوچەییەی کە بۆ رێکخراوەکانی رۆژنامەنووسان لە جیهانی عەرەبی و ئێرانی (اللقاء الاقليمي لأتحادات الصحفيين في العالم العربي وايران)، لە شاری کازابلانکا (الدار البيضاء) لە رۆژانی ١٩-٢٠٠٨/٥/٢١ ئەنجام دەدرێ، بە وەرگرتنی نامەکە بە تەلەفۆن بە شێرکۆم راگەیاند کەوا تاکو ئەو رۆژە وڵاتی مەغریب سەفارەتی لە عێراق نەکردۆتەوە و چۆن دەتوانم و لە کوێ فیزای ئەو وڵاتە وەربگرم، شێرکۆ پاشوتر پێی راگەیاندم کە داوەتنامەکە لە فیدراسیۆنەوە بۆ قونسڵیەی مەغریب لە عەممان نێردراوە، پێویستە پێش ٥/١٥ سەردانی عەممان بکەم و فیزاکەم وەرگرم و لەوێوە سەفەری مەغریب بکەم، رۆژی ٢٠٠٨/٥/١٣ لە رێگای فڕۆکەخانەی هەولێرەوە بەرەو عەممان چووم، عبدالودود الکوردی کە پێشوتر ئاگادارم کردبو لە فڕۆکەخانەی عەممان چاوەڕوانی دەکردم لە رێگای نێوانی فڕۆکەخانە و عەممان باسم لە گەشتەکەم

کرد بۆ کازابلانکا و پێشم ڕاگەیاند کەوا شێرکۆش لە لەندەنەوە دێت و بەشداری دەکات، عبدالودودیش هەر لە ڕێگادا بڕیاری دا ئەویش لەگەڵ ئێمە و لەسەر حیسابی خۆی ئەم سەفەرەمان لەگەڵ بکات وەکو خۆی گوتی (منیش وڵاتی مەغریبم نەدیتوە و ماوەیەکە حەز دەکەم سەردانی بکەم، ئێوە خۆتان ئەو (٣) ڕۆژە سەرقاڵی کۆبونەوەکان بن پاشان چەند ڕۆژێکی دیکە زیاتر بۆ خۆمان دەمێنینەوە و سەردانی پایتەختیش (الرباط) دەکەین، ئێمەی هاوڵاتیانی ئوردنی پێویستمان بە فیزا نییە بۆ مەغریب)، لەڕاستیدا پێم خۆش بوو عبدالودود بۆ ئەم سەفەرە لەگەڵمان بێت چونکە پیاوێکی کراوە و قسەخۆشە و لەلایەنی کوردایەتیشەوە بێ قسورە، ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/١٤ لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاکە قاسم الکوردی (أبوازاد) کە پێشوتر باسم لە ڕەوشت بەرزی و کوردبوونی ئەم پیاوە کردووە کە هەمیشە پریشکی کوردایەتی لێ دەدرەوشایەوە لەگەڵ (هیلدای کچە فەرمانبەری زمانزان کە لە (کوردش گروب) لەگەڵ (عبدالودود الکوردی) ئیش دەکات سەردانی قونسڵیەی مەغریبمان کرد، کابرای قونسڵ کە ناوی (عبدالکریم شدیاق) بوو زۆر بەڕێزەوە پێشوازی لێکردم کاتێ پێش بینین بە هۆی فەرمانبەری لێپسراوەوە پاسپۆرتەکەم پێشکەش کردن زۆری پێ نەچوو فەرمانبەرێکی ڕێکوپێکی بەژن مامناوەندی کە لە تەمەنی پەنجا ساڵاندا بوو زۆر بە گەرمی هاتە هۆڵی چاوەڕوانی و فەرمووی لێکردم، لەڕاستیدا لای خۆم سەیرم بەم پێشوازییە هات، چونکە وەکو عادەت وایە داوکاری فیزا لە وڵاتان دەبێت لە هۆڵێکی تەرخانکراو چاوەڕوانی فیزا بکەیت، کە چوینە ژوورەوە کەوتینە بەرامبەر سێ وێنەی گەورە (مەلیک محەمەدی پێنجەم، مەلیک حەسەنی دووەم، مەلیک محەمەدی شەشەم) کە ئەوکاتە و تا ئێستا پادشای ئەو وڵاتەیە کە زۆر ژیرانە لەگەڵ گۆڕانکاریە ناوچەییەکان مامەڵە دەکات و خۆی لە توندوتیژی دوورخستووەتەوە، قونسڵ (عبدالکریم شدیاق) لەسەر هەڵبژاردنی خۆمان داوای دوو کوپ چای مەغریبی بۆ کردین، چای مەغریبیش بریتیە لە چا و لەتەگەڵایەکی (نەعناع) کە تام و چێژێکی زیاتر دەداتە چایەکە و حەز لە خواردنەوەی دەکەی، بەندە لەوکاتەوە تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆ لێم بوەتە عادەت،

لەجیاتی بەکارهێنانی شەکر چەند گەڵایەکی ئەو ڕووەکە (نەعناع) دەخەمە کوپی چایەکەی کە دەیخۆمەوە، بەدەم چا خواردنەکە (عبدالکریم شدیاق)ی قونسڵ گوتی (من ماوەیەك پێش ئێستا بەپێی داوەتێکی ڕەسمی بەشداریم لە کۆبونەوەیەکی دبلۆماتکارانی عەرەب کە من بە نوێنەرایەتی پەرلەمانی مەغریب بەشداریم کرد لە هەولێر، چونکە تاکو ئێستاکە لە بەغدا سەفارەتمان نەگەڕاوەتەوە لە هەولێر و لە فڕۆکەخانەکەی پێشوازییەکی زۆر گەرم و بەئوسوڵیان کردین، هەولێر شارێکی جوانە، کوردیش سەرەڕای ئەوەی میللەتێکی ئازان خەڵکانی زۆر بەڕێزن، پاش کۆبونەوەکەمان سەردانی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانیمان کرد و ئەویش زۆر بەڕێزەوە پێشوازی لێکردین و زۆر بە گرنگییەوە باسی لە دۆستایەتی کورد و عەرەب و کورد و فارس و کورد و تورك دەکرد، بەڵام هەستم دەکرد کە هاوسۆزی لەگەڵ عەرەب زیاترە و نانی نیوەڕۆمان لەسەر خوانی ئەو خوارد لە هاوینەهەواری (سەڵاحەدین)، ئێوەی کورد غەدرلێکراون و پێویستە مرۆڤایەتی قەرەبووی ئێوە بکاتەوە، لەڕاستیدا وەکو رای شەخسی ئومێدم بە سیاسەتی ئێستای حکومەتی عێراق نییە، تایفەگەری بەئاشکرا پێوەدیارە، زۆر بەخێربێن، ئومێد دەکەم لەم گەشتەدا بۆ بوڵاتی مەغریب ئاسودەبن)، ئەوجا بە وردی تەماشای لاپەڕەکانی پاسپۆرتەکەی دەکرد و لەلاپەڕێکی گونجاو بێ سێ و دوو مۆری فیزای لێدا و ئیمزای کرد و گوتی فەرموو ئەگەر خزمەتێکی دیکەتان گەرەکە من ئامادەم، منیش سوپاسێکی گەرمی قونسڵم کرد و هاتینە دەر، کاتێ چووینە ناو ئۆتۆمبێلەکە (ابوازاد) لە خۆشیانا هەر پێدەکەنی و دەیگوت (نەمردم بە چاوی خۆم ئەم دیمەنە و ئەو پێشوازیی و ئەو جۆرە قسانەم گوێ لێ بوو لە دبلۆماتکارێکی عەرەب بەرامبەر کورد و کاك مەسعود بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان).

سەرلەبەیانی رۆژی ٢٠٠٨/٥/١٧ لە فڕۆکەخانەی عەمانەوە بەرەو کازابلانکا (دار البیضاء) فڕین، پێش نیوەڕۆی ئەو رۆژە رێك کاتژمێر (١٠)ی

سەرلەبەیانی بوو گەیشتینە ئەو شارە بەناوبانگەی کە لەسەر کەناری دەریای (ئەتڵەس) کە لە رۆژئاوای وڵاتی مەغریب هەڵکەوتووە و عەرەبەکان بەناو (الدار البیضاء) ناوزەدی دەکەن و بە ٨٠ کم لە (رباط)ی پایتەختی مەغریب دەورە رۆژی گەیشتنمان یەکجار رۆژێکی خۆشی تەڕوبڕ بوو، پێشوتر ناوی ئوتێلەکەم وەرگرتبوو یەکسەر بە شوفێری تاکسیەکەم راگەیاند، ناوی ئوتێلەکەش (سویس) بوو کە نزیکەی نیوکاتژمێر لە فڕۆکەخانەوە دوربوو، شوفێرەکەش زوو پێناسەی خۆی بۆمان ئاشکرا کرد کە لە نەتەوەی ئەمازیقی کە (بەربەریان پێ دەڵێن) و ئاگاداری تاڕادەیەك لە بارودۆخی نالەباری عێراق بوو، بۆیە کە زانی ئێمە کوردی عێراقین هەر زوو گوتی (خۆتان بەدەستەوە نەدەن عەرەب بێ رەحمن)، عبدالودود لەگەڵ من لە هەمان ئوتێل نەهاتە خوار بەڵکو لە ئوتێلێکی دیکە کە ١٥٠ مەترێك لە ئوتێلەکەی ئێمە دووربوو، بۆ ئێوارەش رۆژنامەنووس (رەجەب مەوزوعی) سەرۆکی ئەنجوومەنی صنفی رۆژنامەگەرانی ئێران لەگەڵ برادەرێکی دیکەی ئەنجوومەنی صنفی بەناوی (بهروز جبرانیا یهفاغن) کە لە هەمان ئوتێل جێگایان بۆ حجز کرابوو، بەشداربووانی کۆبونەوەکە بۆ ئەم مەبەستە بانگرابوون بریتی بوون لەو رێکخراوانە: (سەندیکای نیشتمانی رۆژنامەنووسانی جەزائیر، کۆمەڵی رۆژنامەنووسانی بەحرەین، کۆمەڵی رۆژنامەنووسانی ئێرانی، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، کۆمەڵی رۆژنامەنووسانی کوێت، سەندیکای نیشتمانی رۆژنامەگەری مەغریبی، سەندیکای رۆژنامەنووسانی فەلەستینی، یەکێتی گشتی رۆژنامەنووسانی سودان، سەندیکای نیشتمانی رۆژنامەنووسانی تونس، کۆمەڵی رۆژنامەنووسانی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو، سەندیکای رۆژنامەنووسانی یەمەن، یەکێتی نیشتمانی رۆژنامەنووسانی سۆماڵ، یەکگرتووی رۆژنامەنووسانی لیبیا، یەکێتی رۆژنامەنووسانی ئەڵمانیان، یەکگرتووی رۆژنامەنووسانی ئەڵمان، یەکێتی رۆژنامەنووسانی بەریتانیا و ئێرلەندا.

سەرلەبەیانی رۆژی ٥/١٨ چونکە جارێ هەموو شاندەکان نەگەیشتبوون لەگەڵ شێرکۆ و ئەژی کوڕی کە ئەویش لەسەر خەرجی خۆی لەگەڵ باوکی لە لەندەنەوە هاتبوو و عبدالودود الکوردی سەردانی مزگەوتە هەرەبەناوبانگەکەی کازابلانکا و وڵاتی مەغریبمان کرد کە لە کەناری دەریای ئەتڵەسی لە کازابلانکا لەساڵی ١٩٨٧ەوە دەست بە دروستکردنی کراوە و ساڵی ١٩٩٣ تەواوبوو و بەرزایی منارەکەی دەگاتە ٢١٠ مەترە کە بە بەرزترین باڵەخانەی ئایینی لە دنیادا دادەندرێ کە لە زەمانی مەلیك حەسەنی دووەم دروستکراوە کە نیوەی باڵەخانەکە لە ناو دەریاییە و جێگای ٢٥ هەزار نوێژکەرە لە هۆڵە گەورەکەی و لە دەرەوەش جێگای ٨٠,٠٠٠ نوێژکەر دەبێتەوە، ئەو ئەندازیارەی نەخشەسازی دروستکردنی کردووە بە رەگەز خەڵکی فەڕەنسایە و ناوی (میشال بینسو) بووە کە تێیدا ٢٥٠٠ تا ٥٠,٠٠٠ کرێکار کاریان تێدا کردووە لەسەر شێوازی ئەندازەی ئەندەلوسی مەغریبی، بەندە و عبدالودود و شێرکۆ و ئەژی بۆ ماوەی دوو کاتژمێر لەو مزگەوتەماینەوە، کاتێ کە لە ژوورەوە تەماشای دار و دیواری هۆڵە گەورەکەم دەکرد کە لە جوانترین بەردی مەڕمەڕ و گرانێتی ئیتالی دروستکراوە، لەوە تێگەیشتم کە خەڵکی لای خۆمان باسی (سەقفی مەغریبی دەکەن، تێگەیشتم کە لە بنەڕەتدا سەقفی مەغریبی چییە، کاتێ عبدالودود نوێژی نیوەڕۆی لێکرد ئەوجا بەپێ بەرەو چێشتخانە و کافتریاکانی کەناری دەریا چووین کە خۆیان بۆ ئێوارە و شەو ئامادە دەکرد.

سەندیکای نیشتمانی مەغریبی بەهاوکاری دارایی دەزگای (فردریش ئیبرت)ی ئەڵمانی ئیدارەی کۆبونەوەکەی دەکرد کە تێیدا سەرەڕای بەشداری کەسایەتی یەکەمی ئەو رێکخراوە و ئەو رۆژنامەنووسانەی لە پێشەوە ناوم هێناو و جیم مۆبێلای سەرۆکی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان IFJ و ئەندامانی لیژنەی راپەڕاندن و چەند راگەیاندنکارێکی پسپۆڕی ئەڵمانی و دانیمارکی تێدا بەشداربوون کە لە ماوەی سێ رۆژدا ئامادەبوان لە (٦) دانیشتنی چڕوپڕدا گفتوگۆ لەسەر کاری رۆژنامەنووسی و رۆژنامەنووسان لە

ناوچەکەدا کرا لەگەڵ ئەو ئاستەنگانەی کە لەمپەر لە بەردەم ئەم ئەرکە دروست دەکات و جۆری چارەسەرکردنی بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی و میساقی شەرەڤ فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی، لە تەوەرێکی سەرەکی دیکەدا ئیدانەی ئەو هێرش و کارە نائاساییانەی کەوا رووبەڕووی رۆژنامەنووسان دەکران کە وەکو گوترا لە عێراق و هەندێ شوێنی دیکە لە جیهانی عەرەب وەکو دیاردەی لێهاتووە و بەجدی و بەناو داوا لەو حکومەتانە کرا کە دەبێت بەهەموو شێوەیەك گیانی رۆژنامەنووسان بپارێزرێ لەگەڵ زامنکردنی مەرجەکانی سەلامەتی رۆژنامەنووسان، لەو نێوەدا من باسم لە بارودۆخی رۆژنامەنووسان کرد لە کوردستان لەگەڵ باسی ئەو پڕۆژە یاساییەی کە لەلایەن سەندیکاوە گەڵاڵە کراوە و خەریکە بەیاسا دەردەچێ کە بە هەموو شێوەیەك گیانی رۆژنامەنووسان و ئازادی رۆژنامەنووسی لە کوردستان زامن دەکات. لێرەدا کە ئەم قسانەم دەکرد لە ئاکامی گفتوگۆیەکانی ئەو دانیشتنەی کە تەرخان کرابوو بۆ بابەتی (ئازادی سەندیکاکان و مافە کۆمەڵایەتییەکان) رۆژنامەنووس (یونس موجاهد) کە سەرۆکی رێکخراوی نیشتمانی رۆژنامەنووسانی مەغریب بوو گوتی (بەرێزەوە تەماشای ئیش و کاری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەم کەوا چەندین جارە گوێم لە بۆچوونەکانی (تروحاتی) ئەوان دەبێت لە کۆبونەوە و گونگرەکان کەوا خەریکی گەڵاڵەکردنی چەندین پڕۆژەیاسان کە دەدرێتە پەرلەمانە ناوچەییەکەی خۆیان بۆ رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی لەو هەرێمەی تێیدا دەژین لەکاتێکدا نەمانبیستووە سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق بەهیچ جۆرێك بەم کارانە هەڵسابێت و هەموو لایەکیش ئاگادارن کە نەقیبی رۆژنامەنووسانی عێراق خوالێخۆشبوو (شهاب التمیمی) کاتێ لە ناو کۆبونەوەی ئەنجوومەنی سەندیکایەکەی دەبێت بانگ دەکرێت و لە رێگا تیرۆر دەکرێت و لاشم سەیرە کە ئەوان سەرەڕای بانگکردنیان لەلایەن فیدراسیۆنەوە بەڵام نەهاتوون گوایە بەکاری جدیتر خەریکن، جارێکی دیکە دەستخۆشی لە برایانی کورد دەکەم).

بابەتەکانی ئەو (٦) دانیشتنە سێ ڕۆژییە بریتی بوون لەو بابەتانە: (هاریکاری لەکاتی دروستبوونی کێشەکان، شکاندنی تەوق و چاکسازی یاسایی، سەربەخۆیی نووسین و هۆشیاری لە راگەیاندندا، ئازادی سەندیکاکان و مافە کۆمەڵایەتییەکان، یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی)، ئاشکرایە لەو جۆرە کۆبونەوە و کۆڕبەندانەدا چەندین را و بۆچونی جیاواز دەردەبڕدرێ، بەندە و شێرکۆ وا ڕێککەوتین کە شاندی ئێمە تێکەڵ بە کێشەی ناوخۆی ڕێکخراوەکانی وڵاتی عەرەب نەبین و لە کۆبوەنەوەکانیش بە هیچ جۆرێك دوانەکەوین بۆ ئەوەی ئەگەر هەر شتێك هاتە بواری گفتوگۆکردن لەسەری ئێمە زانیارییەکانیان بۆ راست بکەینەوە، لە هەمان کاتیشدا من خۆم پێشوتریش هەمیشە بوارێکم دەڕەخساند کەوا رستەی کوردستانی ئازاد یاخود سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان یان پەرلەمانی کوردستان بەکاربهێنم کە تێیدا مەبەستم بوو دەوروبەر بەناوی کوردستان رابهێنم، لە نێوان گفتوگۆیەکانی ئەو چەند رۆژە من و شێرکۆ چەند جارێك کەوتینە گفتوگۆی هێمن لەگەڵ هەندێ لە ئامادەبوانی عەرەب، بۆ نمونە لە کاتی گفتوگۆ لەسەر بابەتی شکاندنی تەوق (کسر القيود) موداخەلەیەکی تێروپڕم کرد دەربارەی ئەم بابەتە، لە هەمان کاتیشدا داوام لە نووسەری کۆنووسی دانیشتنەکە کرد دەستەواژەی (شمال العراق) بە کوردستان بگۆڕێ کە پێش من رۆژنامەنووسێکی تونس بەکاریهێنابوو، لە هەمان کاتیشدا شێرکۆش لە بابەتی کار و ئامانجەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دوا و جەختی لەسەر رۆڵی رۆژنامەنووسان کرد لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بە ڕاستییەکان، لە هەمان کۆبونەوەشدا سکرتێری مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا (شێرکۆ حەبیب) بە نوێنەرایەتی سەندیکاکەمان بە ئەندامی لیژنەی داڕشتنی رەشنوسی میساقی رەوشتی رۆژنامەگەریی (لجنة صياغة مسودة ميثاق الصحافة الاخلاقية) هەڵبژێردرا کە دەبوایە لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی ئەم ساڵە (٢٠٠٨) لە وڵاتی بەحرەین ببەسترێ بەمەبەستی تاوتوێکردنی ئەو رەشنووسە بۆ ئەو کۆبونەوەی کە لە دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی دەبەسترێ لە

مانگی تشرینی دووەمی ئەم ساڵە (٢٠٠٨) کە دیسان بۆ هەمان مەبەست بەندە و شێرکۆ ئامادەی بووین و خەرجیەکەی لەسەر رێکخراوی رۆژنامەنووسانی ئیماراتی بوو.

لەکۆتایی دوادانیشتنندا شێرکۆ جارێکی دیکە بێ ئاگایی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان نیشان دا لە کردنەوەی سەنتەری سەلامەتی رۆژنامەنووسان لە بەغدا، چونکە وەکو شێرکۆ بۆی روونکردنەوە کە بڕیاری کردنەوەی (٣) سەنتەر لە هەولێر و بەغدا و بەسرە لە کۆبونەوەی هەولێری ساڵی ٢٠٠٧ دراوە کە تێیدا (ایدان وایت) سەرۆکایەتی کۆبونەوەکەی دەکرد.

دوای نیوەڕۆی رۆژی ٢٠٠٨/٥/٢١ کۆبونەوەکان کە بەڕاستی چڕوپڕ و ماندوکەر بوون تەواو بوون، ئێمە حزوری خۆمان بە تەواوی چەسپاندبوو، بابەت نەبوو موداخەلەی تێدا نەکەین و ناوی کوردستان نەهێنین، پاش تەواوبوونی دانیشتنەکان (بەندە و شێرکۆ و عبدالودود و رەجەب مەوزوعی) گەڕانێکی ئازادمان بۆ بازاڕی (کازابلانکا) کرد کە تاکو ئێوارە لە دوو گازینۆی نێوشاردا دانیشتین و چای مەغریبیمان دەخواردەوە، وەکو گوتم لەڕاستیدا حەزم لەو چایە کرد بۆیە کاتێ رۆژی دوایی ٥/٢٢ سەردانی شاری (الرباط)ی پایتەختمان کرد و لە بازاڕی ئەم شارەدا (دوو قۆریەی مسی مەغریبیم) کڕی و ناوەناوەی چای لەگەڵ نەعناعی پێ دەخۆمەوە.

سەرلەبەیانی رۆژی ٥/٢٢ (بەندە و عبدالودود الکوردی و شێرکۆ و ئەژی کوڕی) بە ئۆتۆمبیلێکی (مینی پاس) بەرەو پایتەخت چووین کە (٨٠) کم لە کازابلاناك دوورە، ئێمە بە زیاتر لە کاتژمێرێك گەیشتین، چونکە سەرەڕای رێکوپێکی شەقامی نێوان هەردوو شار داوام لە شۆفێرەکە کرد کە لەسەرخۆ لێخوڕێ تاکو بە تێری سەیری دیمەنی ئەو رێگاوبانە سەرنج راکێشانە بکەین کە لە هەندێ شوێن تێکەڵ بە دەریای بێ سنوور دەبێت، لە شوێنێك وابزانم ناوەندی رێگا بوو شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە هەندێ لە خێرایی پاسەکەی کەم

کردەوە و رووی لە من کرد کە لە پێشەوە دانیشتبوم و ئیشارەتی بۆ لای دەستەچەپی کرد و گوتی ئەمە (کۆشکی الصخیرات پادشاییە لەم شوێنە بوو کە جەنراڵ ئوفقیر ویستی کودەتا لەسەر مەلیك حسن الثاني بکات)، کاتێ گوێم لەو قسانە بوو یەکسەر سەردەمی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوم بەبیر هاتەوە کاتێ ناوی تێکۆشەرێکی مەغریبی دەهات کە سەرقاڵی بەرهەڵستکارانەی هێمنانەی رژێمی پادشایەتی مەغریب لەسەردەمی (الحسن الثاني) و پاشان لەو سەردەمە (لەناکاو ون دەبێت و لەناو دەچێت کە تاکو ئێستاکەش ئاسەواری نەدۆزراوەتەوە کە تێیدا ناوی وەزیری ناوخۆ و بەرگری ئەوکاتەی مەغریب جەنراڵ (اوفقیر) دەهات کە بەهاوکاری هەندێ دەزگای ئاسایشی فەرەنسا (مهدی بن بەرکەیان) لەناوبردەوە بەڵام کاتێ جەنراڵ اوفقیر لە١٠ی مانگی تەموزی ساڵی ١٩٧١ کە لەوکاتەی پادشای مەغریب (حسن الثاني) ئاهەنگی لەدایکبوونی (٤٢) ساڵەیدا لە کۆشکی (الصخیرات) دەگیرێ یەکێ لە ئەفسەرە پلەبەرزەکانی سوپای مەغریب بەناوی (عەقید محمد أبابو) کۆشکی ناوبراو دەداتە بەر دەستڕێژی گوللە وچەند نارنجۆکی دەستی فڕێدەدا کە تێیدا (٦٠) کەس لە ئامادەبوانی ئاهەنگەکە دەکوژرێن و لەوکاتەدا جەنراڵ ئوفقیر کە جێگای متمانی تەواوی مەلیك دەبێت لە یەکێ لە مەلەوانگەکانی کۆشك مەلە دەکات، کاتێ گوێی لە تەقە دەبێت بەرەو حەمامەکانی مەلەوانگەکە لەگەڵ (حسن الثاني) خۆیان دەشارنەوە و ناکەونە بەردەستی کودەتاچییەکان و رزگاریان دەبێت، ئەوجا هێرشی ئەوان دەست پێدەکات و کودەتاچییەکان دەگیرێن و پاش ئازار و ئەشکەنجەیەکی بێ حیساب مەلیك ئەمر بە ئوفقیر دەکات کودەتاچییەکان گوللەباران بکرێن، ئەم رووداوە تا رادەیەکی زۆر لەڕووی دەروونییەوە ئوفقیری گۆڕی کە تا رادەیەکی گەورە ئەویش بیری وەکو ژنەکەی (فاطمة اوفقیر) دەڵێ لە کودەتا نەکردەوە بەڵکو دەیویست چاکسازی لە سیستەمی پادشایەتی لە مەغریب بکات. ئەو لە ئاکامی ئەو هێرشەی کە لە رۆژی ١٩٧٢/٨/١٦ کرایە سەر (تەیارەکەی مەلیك حەسەنی دووەم) کە دەیەویست بچێتە فەڕەنسا، بەڵام ئەو جارەش حەسەنی دووەم رزگاری بوو،

بەڵام جەنراڵ ئۆفقیر سەری پێوەبوو کە گوایە ئەو بزوێنەری سەرەکی کودەتایەکەی دووەم بووە، بۆیە هەر زوو گوللەباران کرا، کاتێ لەگەڵ شوفێرەکە کەوتینە قسە کە تێیدا منیش هەندێ زانیاریم دەربارەی ئەم بابەتەم بۆی باس دەکرد، لێی پرسیم ئەو زانیارییانەت چۆن دەسکەوتووە؟ لە وەڵامدا گوتم (ساڵی ٢٠٠٢ لە گەشتێکمدا بۆ سوریا لە کتێبخانەی ئوتێلی شام (فندق الشام) چاوم بە کتێبێك کەوت بەناوی (صديقنا الملك) کە بە وێنەیەکی گەورەی مەلیك حەسەنی دووەم رازابووەوە و نووسەرەکەش نوسەرێکی فەرەنسی بوو بەناوی (جيل بيرو) پاش خوێندنەوەی کتێبەکە کە زۆر سەرنج راکێش بوو کەوتمە عەوداڵی پەیداکردنی ئەو بابەتانەی کە لەم بارەوە نووسراون، جارێکی دیکە و لە گەشتێکی دیکەدا لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر نامیق سالم بەڕێککەوت کە ئەو سەفەری دەرەوەی دەکرد لە ئوتێلی شام دابەزی و منیش لە ئوتێلی (الفردوس) نزیك بە ئوتێل شام، ئێوارەیەك پێش سەفەری سەردانی کتێبخانەکەی کە لە پێشەوەی لایەکی ئوتێلەکە (ئوتێلی شام) شوێنی بۆ تەرخان کرابوو و هەندێ جاریش ئەگەر یەکێکی بناسیبایە کتێبی قەدەغەکراوی هەبوو، ئەو ئێوارە بەڕێککەوت کاك غازی زێباریش هاتبوو سەردانی کاك جەوهەر نامیق، بۆیە کاتێ سەردانی کتێبخانەکەمان کرد (دوو کتێبم بەناوی (حدائق الملك – الجنرال اوفقير و الحسن الثاني ونحن" شهادە ومذكرات لە نووسینی فاطمة اوفقير (کە هاوسەری اوفقير) بوو و کتێبی دووەمیش (السجينه) لە نووسینی (مليكه اوفقير) کچی گەورەی اوفقیرە کە بە یارمەتی نووسەری فەرەنسی (میشیل فیتوس) نووسیویەتی کە تێیدا تراجیدیای خێزانێك دەگێڕێتەوە کە ئەویش خێزانی جەنراڵ ئۆفقیری جێی متمانەی مەلیك حەسەنی دووەم بوو (کە بریتی بوون لە هاوسەری ئۆفقیر و سێ کچ و کوڕێك) کە چۆن لەپڕ بێ پرسیار و وەڵام پاش ئیعدامکردنی ئۆفقیر بە شێوازێکی پۆلیسیانەی دڵڕەقانە ئەم خێزانە بۆ ماوەی نزیکەی (١٩) ساڵ لە حەپسخانەیەکی دوورەدەستی ئادەمیزاد لە بیابانی گەورەدا) ژیانیان بەسەربردووە، پاشانیش لە قۆناغێکی دیکەدا بیرەوەرییەکانی کوڕ و کچەکەی

دیکەش کە بەناوونیشانی( الحیاة بین یدی – طفولة في سجون الحسن الثاني – سکینة اوفقیر) و کتێبی دووەم (الضیوف – عشرون عاما في سجون الحسن الثاني) لە نووسینی کوڕە تاقانەکەی ئوفقیر کە ناوی (رؤوف)ـە جۆری نووسین و ڕووداوەکان قێزەونی شەهوەتی دەسەڵاتی نیشان دەدا کە نە وەفا، نە سۆز نە دۆستایەتی و هەڤاڵیەتی، هیچ شتێك لەمانە ناناسرێ کاتێ بەرژەوەندی دەسەڵات دەکەوێتە سەروی هەموو بەها مرۆییەکان، بۆیە کاتێ مزگەوتی (حەسەنی دووەم)م لە کازابلانکا دیت لەگەڵ ئەو هەموو جوانی و گەورەیی و خەرجییەی کە تێیدا مەلیك حەسەنی دووەم فەرمانی دروستکردنی داوە بۆ ئەوەی ساڵی چەند جارێك نوێژی تێدا بکات و ئیسلامەتی خۆی نیشان خەڵکی بدات و وەکو خەلیفەی موسڵمانان بەدیار بکەوێت تاوانی زیندانیکردنی (٢٠) ساڵەی ئەو خێزانەم بەبیر دەهاتەوە کە ئەوان هیچ گوناهێکیان لە تاوانی باوکیان نەبووە، بۆیە نەدەبوو چە لە ڕووی یاسایی و مرۆڤایەتی ئەم تاوانەی بکردایە کە لەلایەکی دیواری مزگەوتە زێدە قەشەنگە سەرسوڕهێنەرەکە نووسراوە: (ولا تزر وازرة وزر اخرى)

من تاکو گەیشتینە پایتەخت بیرم لای کۆشکی (الصخیرات) و مەلیك حەسەنی دووەم و جەنراڵ ئۆفقیر و تراجیدیای زیندانیکردنی (٢٠) ساڵەی ئەو خێزانەم لە مێشك دەخولایەوە. بە گەیشتنمان بۆ پایتەخت شۆفێری ئۆتۆمبێلەکەمان دیاربوو مرۆڤێکی دونیادیتەی سەردەمی خۆی بوو، لە وڵاتان عادەت وایە ئەو خەڵکانەی کە لە بواری گەشتوگوزار کار دەکەن دەبێت شارەزایی لە هەندێ بابەتی مێژوویی و ڕۆشنبیری هەبێت، چونکە زۆرجار دەبنە سەرچاوە بۆ گەشتیاران و لە هەندێ وڵاتیش کە بە گەشتوگوزار بەناوبانگە دەبێت ئەو جۆرە کەسانە دەرچووی پەیمانگای گەشتوگوزار بن و زمانی بێگانە بزانن بەتایبەتی ئینگلیزی، ئێمە لەگەڵ ئەو نووسینگەی کە ئۆتۆمبێلەکەمان لێ بەکرێ گرتبوو بەمەرجی سوڕان و گەڕان لەناو شاری (الرباط) و سەردانی بازاڕی میللی و شورەی شار و هەندێ شوێنی تر کە

هەمووی (٢٥٠ $)یان لیّ داواکردین، (حەسەنی شۆفێر) وای بەباش زانی لەسەرەتادا سەردانی مەزاری (مەلیك محەمەدی پێنجەم و مەلیك حەسەنی دووەم) بکەین، چونکە وەکو ئەو گوتی (بینینی بەسودە بۆ گەشتیار)، دیاربوو عبدالودود الکوردی لە ئێمەی پێخۆشتربوو بۆیە بە شۆفێرەکەیان گوت بۆ ئەم شوێنەمان ببات. خودی پایتەخت (رباط) لەسەر کەناری ئۆقیانوسی ئەتڵەسی هەڵکەوتووە و دانیشتوانی ئەوکاتە دەگەیشتە ملیۆن و نیوێك و بەم شێوەی ئێستای لە سەدەی نۆزدەمەوە دروستکراوە و ساڵی ١٩١٢ فەڕەنسییەکان کە داگیرکەری ئەم وڵاتەبوون کردویان بە پایتەخت بەهۆی شوێنە ستراتیجیەکەی کە لەسەر کەناری دەریایە، شارێکی جوان و خاوێن دەهاتە بەرچاو، کاتیّ بە ناو شەقامەکان رەت دەبوین دەمدیت خەڵك چۆن رێز لە سیستەمی ترافیك لایت دەگرن سەرەڕای جلوبەرگی ئەوروپی (دشداشە لەبەریش) بەزۆری دەبیندران فێسێکی سور (جۆرە کڵاوێکی مەغریبیە)یان لەسەر بوو کاتیّ گەیشتینە بەرزاییەك کە بەڕاستی لە سوکە قەڵایەك دەچوو کە هەرچوارلای بە چیمەنی سەوز و دارودرەخت داپۆشرابوو و دەیڕوانیە دەریا لەو ناوچەیەی پایتەخت و شاری (سلا) لێك جیاواز دەکاتەوە، ساڵی ١٩٦١ مەلیکی ئەوکاتەی مەغریب (حەسەنی دووەم) فەرمانی دا کە ئەو بەرزاییە بکرێتە (مەزار) بۆ باوکی (مەلیك محەمەدی پێنجەم) چونکە وەکو حەسەنی دووەم ئەوکاتە رایگەیاند کە باوکی پاش (٣٢) ساڵ ئاوارەیی لە دورگەی (مەدەغەشقەر) بەسەربردووە کە لەلایەن داگیرکەرانی ئیستعماری فەڕەنسی دورخراوەتەوە، کاتیّ پاش ئەو ٣٢ ساڵە کاتیّ کە لە ساڵی ١٩٥٥ گەڕاوەتەوە مەغریب سەربەخۆیی بەدەست هێناوە، بۆ یەکەم جار لەم (شوێنە یەکەم نوێژی رۆژی هەینی) کردووە بۆیە حەسەنی دووەم کە پاش باوکی جێگری ئەوی گرتوەتەوە ئەو شوێنەی بۆ باوکی کردۆتە مەزار کە رۆژانە ٥٠٠ تاکو ٦٠٠ کەس و لە رۆژانی پشوودا دە هەزار کەس سەردانی دەکەن سەرەڕای سەردانی پڕۆتۆکۆلی شاندە رەسمییەکان کە زیارەتی پایتەخت دەکەن، پاشان عبدلای براشی هەرلەویّ نێژراوە، پاشان چەند ساڵێك بە دوای دروستکردنی ئەم مەزارە مەلیك (حەسەنی دووەم)یش

لەوێ نێژراوە، کاتێ لەلای ڕۆژهەڵاتەوە بەڕێگای تایبەتی بەسەرکەوتین شۆفێرەکەمان ئێمەی بردە ئەم شوێنەی کە لەسەرەوە دەیڕوانیە خوارەوە قەبرەکان دیارن لە قوڵی (١٥) مەترە و بە ئەندازەیەکی جوانی سەرنج ڕاکێش و خوێندنی ئایاتی قورئانی پیرۆز کە ڕۆژانە هەر لەبەیانییەوە تاکو درەنگانی شەو ڕێگا بە خەڵك دەدرێت سەردانی ئەم شوێنە بکات، چاك یان خراپ، ڕاست یان دروست پێویستە خەڵکی ڕێز لە مێژوو و کەسایەتییەکانی مێژوو بگرن، مەرج نییە ئەو کەسایەتیە بەدڵی سەد لە سەدی هاوڵاتیان بن، بەڵام بێگومان ئەگەر لاپەڕەی مێژوو بەویژدانەوە هەڵبدرێتەوە بێگومان لایەنی ئەرێنی تەنانەت لە پیاو و سەرکردە دکتاتۆرەکانیش هەبووە، بۆیە قەت من لەو ڕا و بۆچونانە نیم کە دەست لە گۆڕینی مێژوو بدرێت، با ئاسەوار بۆ خۆی وەکو خۆی بمێنێ و نەشێوێنندرێ. لەو ڕوانگەوە کە مەلیك محەمەدی پێنجەم لە پێناو وڵاتەکەی (٣٢) ساڵ لە وڵاتەکەی دوورخراوەتەوە کە بێگومان داوای سەربەخۆیی وڵاتەکەی دەکرد لە داگیرکەرانی فەڕەنسا کە بێگومان ئەم پیاوە دەبێ مەغریبییەکان ڕێز لێ بگرن، بەڵام کاتێ حەسەنی دووەمی کوڕی کە پاش باوکی بوو بە مەلیك بە خیلافی شەرع و قورئان و مافی مرۆڤ و دوور لە هەموو داب و نەریتێك (خێزانی جەنراڵ ئۆفقیر)ی بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ لە بیابان بێ سەروشوێن کرد نابێ ببێتە مایەی هەڵتەکاندنی گۆڕەکەی و ناونەهێنانی کە بێگومان لایەنی ئەرێنی هەبوو لە ژیانی پادشایەتیەکەیدا کە دەبێت لەو ڕوانگەیەوە هەڵسەنگاندن بۆ لایەنی چاك و خراپی بکرێت کە لێرەدا تاوانی گوللەبارانکردنی خوالێخۆشبوو پاڵەوانی شۆڕشی (١٤)ی تەموز (عبدالکریم قاسم)م دێتەوە یاد کە پاش گوللەبارانکردنی خۆی و هاوڕێکانی لە ڕۆژی ١٩٦٣/٢/٩ پاشان لاشەکەشیان فڕێدایە ناو ڕووباری دیجلە و دەرخواردی ماسییە گۆشتخۆرەکانی ئەو ناوەیان دا، ئەوجا لێرەدا چ بێویژدانییەك لە ئەخلاقیاتی کودەتاچیانی بەعسی ساڵی ١٩٦٣ دەردەکەوێ کە بە چ شێوەیەك مامەڵەیان لەگەڵ نەیارەکانیان کرد، بەڵام بهاتایە کودەتاچییەکان دادگایەکی عادیلانەی عبدالکریم و هاوڕێیانیان بکردبایە بێگومان ئەوانیش (یانی

بەعسییەکان) تووشی ئەو دەردەسەریە و ئەو چارەنووسەر رەشە نەدەبوون کە ناتوانن پاش مانگی نیسانی ساڵی ٢٠٠٣ خاوەنیەتی شەرەف و ناموسیشیان بکەن.

بەتەواوبونی سەردانی مەزاری پادشایانی مەغریب کاکەحەسەنی شۆفێر ئێمەی بۆ بازاڕی میللی پایتەخت برد کە لەو شوێنەی ئێمەی بۆ برد قەرەباڵغ و پڕ شتومەك بوو، پاش سوڕان و گەڕانێکی دوو کاتژمێری من کراسێکی مەغریبی و پێڵاوێکی چەرمی ناوماڵ و دوو قۆریەی (چا)لێنانی جۆری (مس)م کڕی، سەردانی ئەو جۆرە بازاڕانە لای من خۆشیەکم پیێ دەبەخشیێ کاتیێ دیمەن یاخود کەلوپەلێکیی نامۆ دەبینم، هەر لەم شوێنە سەردانی مزگەوتێکی ئەم ناوەمان کرد کە لەبەر دەرگایەکەی (ئەنتیك فرۆش)ێکی لێبوو کە جۆرە تەزبیح و کڵاوی جۆری فیس سووری هەبوو لەولاشیەوە دوو قۆریە چای لەسەر (مۆم)دانێك دانابوو کە چای لەگەڵ شیرینی مەغریبی دەفرۆشت، منیش کاتیێ لێی چومە پێشەوە داوای چایەکی نەعناعم لێکرد، گوتی (خواردنەوەی ئەم چایە بەبیێ ئەو شیرینیە نابێت)، کاتیێ لێم پرسی ئەم شیرینیەی کە دایناوە چییە؟ لە وەڵامدا بۆی باسکردم کەوا لە زەعفەران و گوێزی هیندی و شیلاوی خورما دروست دەکرێت پێی دەگوتریێ (لەبزین، منیش چونکە ناوەکەی لە (لەبزینە)ی لای خۆمان دەچوو کە بە منداڵی لەگەڵ (مەعجون) دەمانخوارد داوای پارچەیەکم لێکرد و لێی پرسیم چۆنە؟ گوتم خۆشە، ناوەکەی و شیرینیەکەی بە شتێکی لەم جۆرەی لای ئێمە دەچێت گوتی تۆ چیت؟، گوتم کوردم لە کوردستان هاتووم، کابرا دەمی لێك کردەوە و لەتەنیش خۆی داینام و گوتی (کوردم خۆش دەویێ، چونکو وەکو ئێمەی بەربەر (ئەمازیغی) غەدریان لێکراوە لەلایەن عەرەبەوە)، گوتم بەڵام وەکو دەڵێن ئێوە ئێستا خۆتان بە عەرەب دەزانن، کابرا دەموچاوی هەندیێ گرژبوو گوتی (ئێوەی کورد سەرەڕای ئەو هەموو زوڵمە لێتان کراوە بونەتە عەرەب؟!)، گوتم نەخێر چۆن دەبینە عەرەب، کابرای ئەنتیکەفرۆش.. جا نەختیێ گرژییەکەی دەموچاوی رەویەوە و گوتی

(مادام کوردی، پارەت لێ وەرناگرم، تۆ داوەتی پیاوێکی ئەمازیغیت کە قەتاوقەت نابینە عەرەب وەکو ئێوە)، پاش سوڕان و گەڕانێکی زۆر بەناو پایتەختی مەغریبدا لەگەڵ تاریکبوونی دنیا حەسەنی شۆفێر بەلێدانی چەند کاسێتێکی گۆرانی مەغریبی ئێمەی گەیاندەوە کازابلانکا کە بۆ رۆژی دوایی من و عبدالودود بەرەو عەمان و شێرکۆ و ئەژی-ش کە بۆ لەندەن دەگەڕانەوە لە فڕۆکەخانەی کازابلانکا خواحافیزیمان لە یەکتری کرد و ئێمە بەرەو عەمان گەڕاینەوە، بەڵام چونکە رێگاکە زۆری دەخایاند بۆیە رۆژی ٥/٢٣ لە گەڕانەوەماندا تەیارەکەمان لە دەوحەی پایتەختی قەتەر نیشت و ماوەی یەك کاتژمێر لە فڕۆکەخانە دوایانخستین، ئەوجا بەرەو ئوتێلێکی زێدەبەرچاوی (٥) ئەستێرەییان بردین کە دەتوانم بڵێم هەر ژورەی خۆی لە خۆیدا شوقەیەکی پڕکراوە بە هەموو بابەتێکی ژیان، ئەو شەوە بەندە و عبدالودود ماوەیەك چوینە یەکێك چێشتخانەکانی نهۆمی حەوتەم بۆ نانخواردنی ئێوارە کە لە سەرەتادا یەکێ قاپێك لە خورمای تێکەڵ بە کونجییان پێشکەش کردین، کاتێ تەماشای لیستی خواردنمان کرد کە بە عەرەبی و ئینگلیزی نووسرابوو (٤٥) جۆری خواردنی تێدا تۆمارکرابوو و ئێمە هەردووکمان (گەس)ی گۆشتی حوشترمان هەڵبژارد کە لە گۆشتی دیکە خۆشتر و بەتامتر بوو.

سەرلەبیانی رۆژی ٥/٢٤ ویستمان بەپێی خۆمان ئەو چەند کاتژمێرەی کە لەبەردەستدایە گەڕانێك بەناو (دەوحە)دا بکەین بەڵام کاتێ لە دەرگای ئوتێل هاتینە دەرەوە خودا وەکیلە وامانزانی فڕێدراینە ناو گڕە ئاگرێك بۆیە هەر زوو گەڕاینەوە ناو ئوتێل و داوای ئۆتۆمبێلێکی سەر بە ئوتێلەکەمان کرد کە ئەویش کاتژمێری بە ٥٠$ بوو بۆئەوەی بەناو (دەوحە)دا بمانگەڕێنێ، چونکە چەند کاتژمێرێکمان لەبەردەستدا بوو، وابوو کاتێ بەناو (دەوحە)دا دەگەڕاین لە هەموو لایەك وات دەهاتە بەرچاو کە ئەم شارە یەك پارچە نۆژەن دەکرێتەوە لەکاتێکدا (دەوحە) بە شارێکی رێکخراو دەهاتە بەرچاو و (دەوحە)ش وەکو

زۆربەی شارەکانی دیکەی کەنداو دیاردەی کاری کرێکاری وڵاتانی ئاسیای تێدایە کە بەو گەرمایە کاریان دەکرد.

کاتژمێر (١)ی پاش نیوەڕۆ بەرەو فڕۆکەخانە چووین و بەرەو عەمان کەوتینە رێ و کاتژمێر (٣,٥٥) خولەك گەیشتینە عەمان و یەکسەر بەرەو ماڵی عبدالودود کە لە ناوچەی (مرج الحمام) بوو چوین و نانی ئێوارەمان لەوێ خوارد پاشان شەو بۆ ڤێلاکەی مەککە مۆل گەڕامەوە. رۆژی ٥/٢٥ بۆ پشکنینی شەکرە و شەبەکەی چاو سەردانی دکتۆرە تایبەتییەکانی خۆم کرد و دەرمانی پێویستم کڕی، چونکە دەرمان لە ئوردن ئەگەر مۆری سەندیکای دەرمانسازانی ئوردنی پێوە نەبێت بە (قاچاغ و ساختە لە قەڵەم دەدرێ)، رۆژی ٥/٢٦ لەگەڵ خوالێخۆشبوو باوکی ئازاد بەرەو یەکێ لە شوێنەوارەکانی ئوردن چووین کە ئەویش لەم ساڵانەدا بە شوێنەوارێکی جیهانی تۆمارکرا کە ئەویش (دۆڵی بەترا – وادی البتراء)یە کە لەڕاستیدا شوێنێکی سەرنج راکێشە کە لە هەندێ شوێنی دۆڵەکە تەنها رێگای تاکە کەسێکە کە زۆر شوێنی لە بەرد داتاشراوە کە لە بنەڕەتدا جێگا و شوێنی نەبتیەکان (النبطية) بووە کە ئەوانیش میللەتێکی بەهێز و خاوەن شارستانی بوون، ماوەی (٤) کاتژمێرێك لەو شوێنەماینەوە کە ئەوێش پڕ بوو لە گەشتیاری ئەوروپی. رۆژی ٥/٢٧ لەگەڵ باوکی حذيفة (عومەر) کە کوڕی پوری عبدالودود بوو بە ئۆتۆمبێلی ئەو پیاسەیەکی شاری (سلط)مان کرد کە وەکو عبدالودود باسی لێوەدەکرد ئەم شارە جێگای نیشتەجێی کوردەکانی ئوردن بووە و منیش حەزم دەکرد کە ببینم کە تاکو ئێستاکەش دۆڵە سەرەکیەکەی بە دۆڵی کوردان (وادی الاكراد) ناوزەد دەکرێت، دیمەنی شاری (سلط) زۆر بەشاری جوانی (ئاکرێ) دەچێت لەڕووی هەڵکەوتە و جۆری جوغرافیایی و ئەو ساڵە (٢٠٠٨) بە شاری رۆشنبیری داندرا لە ئوردن وەکو باوکی حذيفة بۆی باسکردم کاتی خۆی لە چلەکان و پەنجاکانی سەدەی رابردوو خوالێخۆشبوو (علی سیدو گۆرانی) خاوەنی کتێبی (لە عەمانەوە بۆ عمادیە) و باوکی دکتۆر ئەشرەف کوردی

ماوەیەکی زۆر پێش ئەوەی بچێتە عەمانی پایتەخت و پۆست وەربگرێ ماوەی چەندین ساڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەی سانەوی (سلط) بووە، بۆ نانی ئێوارەش کە ئەم شارە بە کەباب بەناوبانگە چوینە کەبابخانەیەك کە خاوەنەکەی ئەویش کوردی ئوردن بوو، کاتێ کە باوکی حذیفة منی بە خاوەن کەبابخانەکە ناساند کە کوردی هەرێمی کوردستانم سوێندی خوارد کە پارەمان لێ وەرنەگرێ و داوەتی کردین، منیش بەڕێککەوت (ئالأیەکی کوردستانم) کە ئەوەی بەیەخەوە دەکرێ پێم بوو پێشکەشم کرد و ئەویش چەند جارێك ماچی کرد و گوتی (ئەمە بەرەکەتی رزقە و خۆشیم بۆ دێنێ، زۆر سوپاس).

ڕۆژی دواتر لەگەڵ برادەرێکی خەڵکی دهۆك کە ناوی (رەمەزان مزوری) بوو کە ئەویش ماوەیەك بوو لە ڤێلاکەی عبدالودود میوان بوو پێکەوە بە هێڵی ئاسمانی عالیە ئوردنی گەڕاینەوە هەولێر و لە ژمارە (٤١)ی گۆڤاری الصحفی بابەتێکم دەربارەی گەشتەکەی (کازابلانکا) نووسی بە زمانی عەرەبی لەژێر ناوی (من جبال کوردستان الی شواطئ  الاطلس)، لەگەڵ چەند وێنەیەك کە بە خۆم یان بە کامیرایەکی من گیرابوو کە لەڕاستیدا من حەزم لە نووسین و خوێندنەوەی (ادب الرحلات) دەکەم. بە گەڕانەوەم و لە یەکەمین کۆبونەوەی فراوانی سەندیکا کە تێیدا سەرەڕای ئەندامانی ئەنجوومەن و ئەندامانی یەدەگ و هەردوو لیژنەی بەرزەفت و چاودێری و ئەندام و سکرتێری نووسینگەکان کە ساڵی دوو جار ئەنجامامان دەدا وەکو (پلونێوم)ێك خۆی نیشان دەدا کۆبونەوەی یەکەمی ئەم ساڵەمان لە ٢٠٠٨/٦/٢٦ ئەنجام دا لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی، ئەم رۆژە لە هۆڵی سەنتەری رۆشنبیری زانکۆی سەلاحەدین کە تێیدا (٥) کاتژمێری خایاند، کە دوابڕگەی کۆبونەوەکەدا بێ ئەوەی کەسێك لە ئامادەبوان باسی لێوە بکات هاتمە سەر باسی گەشتەکەی کازابلانکا و گوتم (براینە بابەتێك هەیە کە من دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم ئەویش بابەتی بەشداریکردنمانە لەو کۆبونەوە و کۆنگرانەی کە لەلایەن فیدراسیۆنەوە ئەنجام دەدرێ) جارێ لە پێشەوە بەشداریکردنمان و هەبوونی ئێمە ئەوە نیشان دەدات

**که  ئێستاکە لە ماوەی سێ ساڵی رابردودا سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بۆتە یەکێ لە سەندیکا بەهێز و باوەڕپێکراوەکانی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی و رێکخراو و سەندیکاکانی ئەندام لەم فیدراسیۆنە کە ئەمەش لە کۆتایی بە قازانجی دۆزی کورد تەواو دەبێت و دووەم زۆربەی ئەو گەشتانە بەناو (تەحدید) دەکرێت، چونکە ئەو بابەتانەی کە تێیدا باسی لێوە دەکرێت کە پێویستی بە بوونی شەخسی ژمارە (١) یاخود ژمارە (١ + ٢ + سکرتێری مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا)یە و تاکو ئێستاکە ئەو گەشتانەش کە ئەنجام دراون چونکە لەسەر خەرجی فیدراسیۆن بووە یاخود لەسەر بودجەی دەزگای (فریدریش ایبرت)ی ئەڵمانی بووە، بۆ زانینی ئێوەش ئەوە دوو جارە چە کۆبونەوەکەی (الجزائر) چ کۆبونەوەکەی کازابلانکا لە خەرجی ئەم دەزگا ئەڵمانیە بوو کە بەیەکێ لە کۆنترین دەزگای سیاسی دادەنرێت لە ئەڵمانیا کە لە ساڵی ١٩٢٥ دامەزراوە کە بریتیە لە دەزگایەکی سەربەخۆ بۆ قازانجی گشتی کاردەکات وەکو میراتگرەوەی (فریدریش أيبرت) کە یەکەم سەرۆکی ئەو دەزگایە بوو راستەوخۆ لە کەش و هەوایەکی دیموکراسیانەدا هەڵبژێردرا و بەردی بناغەی ئەو دەزگا خێرخوازییەی لە سێ جومگە کۆکردەوە کە بریتین لە (ئازادی، یەکسانی، هاریکاری) کە ١٠٠٪ پێوەی پابەندە)، کە بە هیچ شێوەیەك لەسەر خەرجی سەندیکا نەبووە تەنانەت مەسروفاتی باغەڵیش بەنسبەت بەندەوە لەسەر خەرجی خۆم بووە، خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە تاکو پێم کرابێت بۆ وۆرك شۆپ و دەوراتی رۆژنامەوانی رۆژنامەنووسانی دەرەوەی ئەنجومەن بەشدارییان تێداکردووە و ئەگەر بۆ کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتیش لە جیاتی (١) کەس وەکو کۆنگرەی مۆسکۆ (١٢) کەسم لەگەڵ خۆم بردووە کە دیسان یەك تاکە دۆلاریش لەسەر بودجەی سەندیکا نەبووە و لە سەرۆکایەتی حکومەت بەهۆی پەیوەندیم لەگەڵ بەڕێزان سەرۆکی حکومەت و یاریدەدرانی توانیتم نەك خەرجی ئەم جۆرە گەشتانە دابین بکەم بەڵکو میوانداری چەندین شاند و کۆبونەوەی جۆراوجۆری عێراقییەکان و ئەوروپییەکانیش بکەم، لەلایەکی دیکەشەوە بە شەڕەقسەش**

داكۆكیمان نەك هەر لە سەندیكا و ئازادی رۆژنامەنووسی لە كوردستان بەڵكو هەمیشە خۆشم وا نیشان داوە لە دەرەوە كە دەمڕاست و گوتبێژی كوردستان و دۆزی كوردم، ئەوجا ئەگەر برادەرێك تێبینی یاخود سەرنجێكی هەیە پێم خۆشە راستەوخۆ ئاڕاستەم بكات بەڵام پێش ئەوەی هیچ شتێكم ئاڕاستە بكەن دەمەوێ پێتانی رابگەیەنم كەوا هەڵسەنگاندنی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان لە راپۆرتی شكاندنی كەلەپچەكان (كسر القيود) زۆر راشكاوانە و بەتەنیا ناوی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستانی بەم شێوەیە هێناوە كە دەڵێ (سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان لە هەرێمی كوردستان كە بارودۆخی ئەوێ زیاتر جێگیرە دەتوانی كار بە شێوەیەكی ئارامتر لەگەڵ رۆژنامەنووسان بكات و هەروەها دەتوانی كاریگەری خۆی بچەسپێنێ لەسەر یاساكانی پەیوەند بە راگەیاندن، سەندیكا پڕۆژەیەكی دەربارەی یاسای رۆژنامەگەریی پێشكەش بە پەرلەمانی كوردستان بكات، بەڵام پەرلەمان كاتێ پڕۆژەكەی وەكو یاسا پەسەندكرد كە تێیدا گۆڕانكارییەكی لەلایەكی لە بەندەكانی كردبوو كە ماف بە دەسەڵات دەدات رۆژنامەنووس حەپس بكرێت، بەڵام سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان توانی سەركەوتن بەدەستبهێنێ بەوەی كە توانی (ڤیتۆ)ی سەرۆكایەتی هەرێم بەدەستبهێنێ دژ بە بڕگە گۆڕدراوەكە. لە مانگی كانوونی دووەمی ئەم ساڵە كە وا لە پەرلەمانی كوردستان كرد جارێكی دیكە بە پڕۆژەكەی سەندیكادا بچێتەوە)، بەتەواوبوونی قسەكانم برای بەڕێزم كاك محەمەد نوری تۆفیق كە ئەوكاتە سكرتێری لقی سلێمانی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان بوو هاتە قسە و گوتی (كاك فەرهاد ئێمە لە نزیكەوە كار و چالاكییەكانت دەبیستینەوە و هەندێكیش لە راپۆرتەكان دەخوێنمەوە، بەڕاستی قسورت نەكردووە، زۆر كوردانە و بوێرانە بۆ مەسەلەكان دەچیت، لە قەوارەی خۆت زیاترت كردووە و شایانی رێزلێگرتنی، سەندیكا نەك هەر لە چوارچێوەی كۆڕ و كۆبونەوەكان قورسایی خۆی دەرخستبوو بەڵكو لە نێوەندەكانی دیكەی دبلۆماسیشدا حیسابی بۆ كراوە كە یەكە یەكە لە شوێنی خۆی ئیشارەتی پێدراوە.

ئەوەبوو رۆژی ٢٠٠٨/٧/٢٦ بە داوەتی فەرمی قونسڵخانەی بەریتانی داوەتی کردین کەوا سەردانێکیان بکەین لە ئوتێل خانزاد لە رێگای هەولێر – پیرمام، ئەوەبوو خۆم و رۆژنامەنووس حامد عەلی سکرتێری سەندیکا لەگەڵ (رۆبەرت وێڵسن) قونلسڵی گشتی بەریتانیا بۆ ماوەی کاتژمێرێك لە ئۆفیسی ئوتێل باسی سەندیکا و کاری رۆژنامەنووس و ئازادی رۆژنامەنووسی لە کوردستان کرا کە تێیدا بەندە باسیشم لە پڕۆژەیاسای کاری رۆژنامەنووسی کرد کە ئەوکاتە لە پەرلەمان بوو، سەرەڕای راپۆرتە (٦) مانگییەکانی لیژنەی داکۆکی، قونسڵ زۆر بە وردی گوێی بۆ قسەکانمان هەڵخستبوو و چەند جارێکیش دەستخۆشی لێکردین، پاش تەواوبوونی قسەکانم هاتە ئاخافتن و گوتی: (خۆشحاڵم بە دیدارتان، کارەکانتان بە ئەرێنی سەیر دەکرێت لە بارودۆخی ئێستای کوردستان، باشە ئێوە کێشەیەکی ئەوتۆتان نیە، بەڵام رۆژنامەنووسانی عێراق بارودۆخیان باش نییە، حەزم کرد لە نزیکەوە چاوم پێتان بکەوێت تاکو پێتان رابگەیەنم کەوا بیرۆکەیەك لەلای ئێمە گەڵاڵەبووە کە (بریتیە لە دامەزراندنی وەرشەیەکی کار – ورشە عمل– بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان و عێراق و دەوڵەتانی دەوروپشت، کاتێ بیرکەکە گەڵاڵەکرا ئەوا بەتەواوی پێتانی رادەگەیەنم لە رۆژانی داهاتودا)، بەڵام لەڕاستیدا ئەم بیرۆکەیەی کە کونسڵی بەریتانیا باسی لێوەکرد لەگەڵ ئێمە وەکو پاشان بەدیارکەوت ئەوەی ئەوانیش تەنها قسە بوو وەکو کە پێشوتر ئەمریکییەکان وەعدیان پێدابن نەچووە گیرفانەوە.

لەڕێگای گەڕانەوەماندا بە کاك (حامد محەمەد عەلی) سکرتێری سەندیکا کە لەم دیدارە لەگەڵمدا بوو گوتم (چۆن دەزانم خودا حەقە، ئەوا دەزانم ئەمانە شتێك ناکەن کە بە ئاشکرا تێیدا سەندیکا لایەنێك بێت لە پڕۆژەکانیان، ئێستاش هەمیشە بە رێبازی نهێنی و موخابەراتی کارەکانیان ئەنجام دەدەن و لە ئاییندەدا دەبینین چەند کەسێك دەدۆزنەوە و رێکخراوێك دروست دەکەن بەو

شێوەیەی خۆیان دەیانەویٚ نەك ئەوەی مەبەستمانە بۆ خێری رۆژنامەنووسان و چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووس)، کە لە ئاکامدا هەرواش دەرچوو.

ماوەیەك لە رێگای خاتوو (ئەڵماس) کە خێزانی کاك (نیهاد مستەفا)ی هاوڕێمە و بەڕێوەبەری جموجۆڵی دیدەوانی بوو لە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەهۆی هاتوچۆی خێزانیمانەوە بیرۆکەی چادرگایەك (مخیم)ی هاوبەشی خستە بەردەستم کە تێدا بە هاوکاری سەندیکا و وەزارەتی رۆشنبیری لە رێگای ئەوەوە رێکبخرێت لە دەربەندیخان کە خەرجی لەسەر ئەوان و هەڵبژاردنی رۆژنامەنووسانیش لای ئێمەوە بێت، بیرۆکەکەم لا پەسەند بوو، چونکە لای من هەر بابەتێك کە سوودی رۆژنامەنووسانی کوردستانی تێدابایە سیٚ و دووم لیٚ نەدەکرد، لەگەڵ خاتوو ئەڵماس لە پەیوەندیدا بووم تاکو بەتەواوی رێکخرا، رۆژی ٧/٢٧ کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی بەندە و کاك مستەفا ساڵح کەریم و ئەنوەر حوسێن و شوان داودی کە لە سلێمانییەوە چاوەڕوانیان دەکردین، لە وەزارەتی رۆشنبیریش خاتوو ئەڵماس و چەند فەرمانبەرێکی وەزارەت لەگەڵ (٦٠) رۆژنامەنووس و راگەیاندنکار کە لە لق و نووسینگە و پارێزگاکانی کوردستان هەڵمانبژاردبوون، لە هەولێرەوە بەرەو سلێمانی بەڕێکەوتین و لە چێشتخانەی (شکار) پشویەکمان دا و نانی نیوەڕۆمان لیٚ خوارد و برادەرانی دیکەش لە سلێمانی کەوتنە گەڵمان و بەرەو دەربەندیخان، هەندیٚ لایان سەیر بوو کە من بەم تەمەن و وەزعەوە بەشداری لەو جۆرە جموجۆڵانە دەکەم، بەڵام وەڵامی من ئەوەبوو کە کاك مستەفا ساڵح کەریم و بەندە لە هیچ جموجۆڵێك کە سوودی رۆژنامەنووسانی تێدا بێت خۆمان دەرکەنار ناکەین ئەگەر ماندووشمان بکات.

لە رۆژانی ٢٧، ٢٨، ٢٩، ٧/٣٠ سەرجەم بەو بەرنامانەی رێکخرابوون بە وتنەوەی وانە و موحازەرەی هەموو جۆر کە تێیدا بەندە و کاك مستەفا و ئەنوەر حوسێن هەر رۆژەو یەکێکمان موحازەرەکانمان پێشکەش دەکرد بۆ ئامادەبوان کە سەرجەمیان دەربارەی کاری رۆژنامەنووسی و ئازادی

ڕۆژنامەنووسی بوو، شەوانەش وەکو بەرنامەی خێوەتگای دێدەوانی بە بەرنامەی هەمەجۆری قسە و گۆرانی و گێڕانەوەی بیرەوەری کاتمان بەسەردەبرد، من و کاك مستەفاش لەم خێوەتگایەدا چەندین هونەرمەند و ڕۆژنامەنووسمان خەڵات کرد، ڕۆژی ٧/٣٠یش لە بەیانییەوە بە چەند ئۆتۆمبیلێك بە ڕێگایەك لەلای چەپی ڕێگای کەلار بەرەو هاوینەهەواری سەرتك چووین کە ئەویش لە بناری شاخی بەمۆیە، بەڕاستی من پێشوتر تەنها ناوی ئەم شوێنەم (سەرتك) بیستبوو، بەڵام نەمدەزانی لەم شوێنە ئەو هاوینەهەوارە هەیە کە لەڕاستیدا ئەگەر دەستی خزمەتگوزاری بگاتێ بێگومان سەرنجی خەڵکی رادەکێشێ، ماوەی چەند کاتژمێرێك ماینەوە و نانی نیوەڕۆمان لەوێ خوارد، بۆ ئێوارەکەشی پاش پشودان ڕێوڕەسمی دابەشکردنی کارتی بەشداربوو لە خێوەتگای دێدەوانی ڕۆژنامەنووسان و ئاهەنگی ڕێزلێنان لە ڕێوڕەسمێکی هەمەجۆردا دابەشکرا و تاکو کاتژمێر (١٢)ی شەوی خایاند، ڕۆژی ٢٠٠٨/٧/٣١ پاش تەواوبوونی خێوەتگایەکە من و کاك مستەفا و کاك ئەنوەر بەرەو کەلار چووین بە مەبەستی کردنەوەی نووسینگەی کەلار کە ماوەیەك بوو بڕیاری لێدرابوو لەگەڵ بڕیاری نووسینگەی سۆران کە دوو ناوچەی پڕ لە دەزگای ڕۆژنامەنووسی بوون، بەڵام هەندێ هەڵوێستەمان لەسەر کردنەوەی کەلار کردبوو بەناوی نووسینگەی گەرمیان، چونکە ئێمە حیسابی هەستی ڕۆژنامەنووسانی خانەقینمان کردبوو، چونکە ئاشکرایە کە خانەقین شارێکی زێدەگرنگی کوردستانە کە ئەویش بەشێوەیەکی فاشیستانە تووشی هەڵمەتی تەعریب و تەرحیل ببوو، وەکو شارێکی دێرین و خاوەن مێژوویەکی پرشنگدار ئاسان نەبوو کەوا لە رووی دەروونییەوە خانەقین بخرێتە سەر کەلار، بەڵام بۆ چارەسەری ئەم ئەشکالە بڕیاری نووسینگەیەکیشمان بۆ خانەقین دەرکرد. پێشوتریش چەند جارێك لاپەڕەکانی بیرەوەرییەکانمدا باسی ڕۆڵی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانم کردووە لە کارئاسانی کردن بۆ هەموو ڕۆژنامەنووسانی عێراق لە ڕێگای ئەو پڕۆژانەی کە لەلایەن فیدراسیۆنی نیودەوڵەتییەوە IFJ پێشنیار دەکرا کوردستان و سەندیکاکەی ببونە هۆی

ئەنجامدانی پڕۆژەکان، چونکە بەغدا نە بارودۆخی سیاسی و ئاسایش و نە لێ رادیتنی سەندیکای عێراقی کە بتوانێ ئەم جۆرە چالاکییانە ئەنجام بدات، ئەوەبوو دیسان لەسەر پێشنیاری IFJ پڕۆژەیەك هاتە پێشنیارکردن دەربارەی سەلامەتی رۆژنامەنووسان و مافی رۆژنامەنووسان لە عێراق، رۆژی ٢٠٠٨/٨/١٣ لە ئوتێلی چوارچرا بەئامادەبوونی (مونیر زەعرور) رێکخەری کاروباری رۆژهەڵاتی ناوڕاست لە IFJ و (سارە بوشتوب) بەرپرسی پڕۆژەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا کە لە بارەگای فیدراسیۆنەوە هاتبوون لە بەلجیکا و لە رۆژانی ١٣-٢٠٠٨/٨/١٥ و بە ئامادەبوونی ئێمەی ئەنجوومەنی سەندیکا و رۆژنامەنووسانی عێراق کۆبوونەوە فراوانەکە بەڕێوەچوو کە تێیدا وەکو قسەکەری یەکەمی کۆبونەوەکە گوتم (بەخێرهاتنی گەرمتان دەکەم لە پایتەختی هەرێمی کوردستان، ئاواتەخوازم بەپاڵپشتی فیدراسیۆن و هاوکاری نێوان ئێمە وسەندیکای عێراقی بتوانین کەوا بە پڕۆژە و یاسا و کار و چالاکییەکانمان مافی رۆژنامەنووس دابین بکەین، لە پێشەوەش بە چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووس بە یاسا جێگیر بکەین لە هەمان کاتیشدا سەرقاڵی دامەزراندنی لیژنەیەکی تایبەت بە رۆژنامەنووسانی ئافرەتین کە تێدا بتوانین ژنە رۆژنامەنووسەکان لەم لیژنەیە کۆبکەینەوە لەژێر چەتری سەندیکادا بۆ ئەوەی کەسایەتی رۆژنامەنووسانی مێینە بپارێزین)، دواتر (مونیر زەعرور) ئامارەژەی بە چالاکییەکانی ئێمە کرد و گوتی هیوادارین سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراقیش بتوانن بە هەمان رێڕەو کارەکانیان ئەنجام بدەن کە خۆیان لە تەوەرەکانی (رۆژنامەگەری ئەخلاقی، سەربەخۆیی نووسین، یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی، ئاسایشی رۆژنامەنووسان، مەشقی سەلامەتی و داڵدەدان و دەربازبوونی بکوژان لە سزادان) دەبینێتەوە.

لە ماوەی ئەو سێ رۆژەدا پڕۆژەکانی ئێمە و عێراقییەکان و فیدراسیۆن گفتوگۆی تێروتەسەلی لەسەر کرا کە تێیدا ٥٤ رۆژنامەنووس لە کۆی ٧٥

ڕۆژنامەنووس بە موداخەلاتەکانیان بەرنامەکەیان دەوڵەمەندتر کرد و لە کۆتایشدا بەلاغی کۆتایی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکرایەوە.

ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/١٦ پاش تەواوبوونی کۆبونەوە سێ ڕۆژییەکە لەگەڵ شێرکۆ (مونیر زەعدور و سارە بوشتوب)مان بە گەشتێك بەرەو شەقڵاوە و گەلی عەلی بەگ و ڕەواندزم بردن بەمەبەستی دیتنی ئەو شوێنانە کە تێیدا بە دوور و درێژی ڕێگا لەگەڵ شێرکۆ باسی دۆزی کورد و دڕندەیی حکومەتەکانی عێراقیمان بۆ کردن کە چۆن بە ئاگر و ئاسن و کیمیاباران و ئەنفال مامەڵەیان لەگەڵ ئەم گەلەی ئێمە دەکرد، مونیر زەعدور کە بە ڕەگەز فەلەستینیە و سارە بەڕەگەز جەزائیری، بۆ یەکەم جار بوو کەوا جۆری مامەڵەی حکومەتەکانی عێراقی لەگەڵ گەلی کورد دا ببیستن کە لەڕاستیدا وەکو مونیر گوتی ئەم نەبوونی زانیارییەمان دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی ئێوەی کورد کە کەناڵێك بە زمانی عەرەبی کاریگەرتان نییە کە بتوانێ ڕاستییەکان بۆ خەڵکانی عەرەب ڕوون بکاتەوە، دەردی ئێمە تەنها لەگەڵ عەرەب و نوخبەی ڕۆشنبیری عەرەب نەبوو بەتەنها کە لەڕاستیدا چەندین جار بەندە لەگەڵ لێپرسراو و کەسایەتییە باڵاکانی کوردستان ئەم بابەتەم باسکردووە کە نابێت کردنەوەی کەناڵێکی عەرەبی پرۆفیشناڵ فەرامۆش بکرێت، چونکە قولایی ئێمە وەکو کورد لەگەڵ دوو وڵاتی وەکو عێراق و سوریا کە عەرەبن و کێشەی گەورەمان لەگەڵ ئەو دوو وڵاتە هەیە کە تاکو ئێستاکە ئەم بابەتە (دۆزی کورد) لای تەنانەت ڕۆشنبیرانیشیان نەگەییوە، لەهەمان کاتیشدا ئێمەی ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیش لە قۆناغەکانی دوای ڕاپەڕین نەمانتوانیوە لەڕاستی و دروستی کێشە و دۆزی کوردیان تێبگەیەنین وەکو ڕوویدەدا، لەو کات و ساتەدا جۆرە (فەوزایەك) لە نێوەندی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان سەری هەڵدابوو کە جۆرەها تەفسیری بۆ دەکرا، بۆیە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان (مەسعود بارزانی) لە ڕۆژی ٢٠٠٨/٩/٢٨ لە بارەگای تایبەتی خۆی لە هاوینەهەواری پیرمام پێشوازی لە بەرپرسانی نووسینگەکانی ڕاگەیاندنی

لایەنە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان و بەڕێوەبەری رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان و شاندێکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کرد، لەسەرەتادا بەڕێز سەرۆکی هەرێم پاش سڵاو و بەخێرهێنان گوتی (خوازیارم رۆژنامەنووسان بەبیروڕا جیاکانیانەوە بەگیانێکی پیشەیی و راستگۆیانە کاربکەن و لەکاتێکدا سەبارەت بە ئیش و کاری دەزگاکانی حکومەت دەنووسن، بابەتیانە مەسەلەکان بخەنە روو و لایەنە سلبییەکان و ئیجابییەکان بە وردی دیاری بکەن و لای ئێمەشەوە نیاز وایە لیژنەیەکی تایبەت بە دەرخستنی راستییەکان دەربارەی ئیش و کاری دامەزراوە حکومییەکان پێکبهێنرێت و لایەنە لاوازەکان دەستنیشان بکرێن و رێڕەوە چەوتەکان راست بکرێنەوە. لێرەدا بەپێویستی دەزانم کە پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان بکەم بە بۆنەی پەسەندکردنی (یاسای رۆژنامەگەریی لە کوردستان، ژمارە ٣٥ لە ساڵی ٢٠٠٧) و هیوادارم کەوا راگەیاندن لە کوردستاندا رۆڵی کاریگەری خۆی بۆ هێنانەدی ئاییندەیەکی پرشنگدار بۆ کوردستان ببینێت). (لێرەدا جێی خۆیەتی باس لەو بڕگەیە بکەم کە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە نێوانی قسەکانیدا پیرۆزبایی لە رۆژنامەنووسانی کوردستان کرد بە بۆنەی دەرچوونی یاسای رۆژنامەگەریی لە کوردستان، چونکە لەڕاستیدا ئەو یاسایە وەکو لە زۆر جێگا نیشانم داوە لە بنەڕەتدا پڕۆژەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بوو کە لە (٢٧) قۆناغدا کە رۆژی یەکەم کۆبونەوەمان (لیژنەی ئامادەکار) کە لە رۆژی ٢٠٠٥/٥/٢٠ لە بارەگای سەندیکا دەستی پێکرد و لە قۆناغی (١٩)دا پەرلەمانی کوردستان پاش سێ دانیشتنی چڕوپڕ لە ٢٠٠٧/١٢/١١ بەیاسای ژمارە (٣٥)ی راگەیاند کە بووە هۆی ناڕازیبوونی ئەنجومەنی سەندیکا. ئەوەبوو لە قۆناغی (٢٠)دا کە رێککەوتی رۆژی ٢٠٠٧/١٢/١٧ لەسەر داوای ئێمە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان (مەسعود بارزانی) پێشوازی لە ئێمەی شاندی سەندیکا کرد و خاڵە لاوازەکانمان بۆ بەڕێزیان شیکردەوە، بەڕێزیشیان پاش روونکردنەوەکانی ئێمە گوتی (من ئیمزا لەسەر هیچ یاسایەك ناکەم کەوا

پانتایی ئازادی رۆژنامەنووسی تەسك بكاتەوە) و جارێكی دیكە یاسایەكەی بۆ پەرلەمان گەڕاندەوە و ئێمەش لە ئەنجوومەنی سەندیكا لە هەوڵ و كۆششی هەمەلایەنەی خۆمان درێخیمان نەكرد تاكو لە قۆناغی كۆتاییدا یاسایەكە رۆی ٢٠٠٨/٩/٢٢ پاش گفتوگۆیەكی درێژ و چڕوپڕ یاسایەكە وەكو ئێمە دەمانویست پەسەندكرا، ئەنجوومەنی سەندیكاش رۆژی ٢٠٠٨/٩/٢٣ لە ئاكامی كۆبونەوەیەكی نائاسایی (غیر اعتیادی) بەیاننامەیەكیان راگەیاند كە تێیدا (یاسای كاری رۆژنامەنووسی ژمارە (٣٥)مان بە دەستكەوێكی نیشتمانی و مێژوویی ناساند) لە هەمان كاتیشدا سوپاسی گەرمی بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستانمان كرد بۆ ئەو هەڵوێستە كاریگەرەی نواندنی كە بووە مایەی گەڕانەوەی یاساكە بۆ پەرلەمان و پێداچوونەوەی، لە هەمان كاتیشدا سوپاسی بێ پایانی پەرلەمانی كوردستانمان كرد بۆ دەرچوونی بڕیار لەسەر لێدانی یاساكە بەو وردە گۆڕانكارییانەی كە ئێمە پێشنیارمان كردبوو).

دەرچوونی یاسای ژمارە (٣٥) بووە مایەی دەستخۆشی لێكردنی (فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی I. F. J)، رێكخراوی پەیامنێرانی بێسنوور، لەگەڵ پیرۆزبایی گەرمی سەندیكای عێراقی و ئێرانی، ئەم بابەتە كاتێكی زۆری ئێمەی ئەندامانی لیژنەی ئامادەكار برد كە تێیدا بەندە سەرۆكایەتیم دەكرد هەروەها برادەرانی ئەنجوومەن بە جێگری نەقیب و سكرتێری سەندیكا و ئەندامانی ئەنجوومەن و سكرتێری مەكتەبی پەیوەندییەكانی دەرەوە هەر لە رۆژی دەستبەكاربوونمان لە (٢٠٠٥/٥/٢٠ تاكو رۆژی بڕیارلێدانی لە پەرلەمانی كوردستان لە ٢٠٠٨/٩/٢٢ كە دەتوانم بڵێم هیچ یاسایەك ئەوەندەی نەخایاندووە لە پەرلەمان، ئەوجا سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵ و كۆششە هەندێ دەنگی نەشاز لەنێو رۆژنامەنووسان كە ژمارەیان لە پەنجەی دەست تێپەڕی نەدەكرد كەوتنە توانج لێدان و رەخنەی بێ بنەما تەنها بۆ خۆ دەرخستن و نارەزایی دەربڕین ئەوجا بۆ ئەو مەبەستەی كە خۆیان (دەیانویست)، پاش دەرچوونی یاساكە و پیادەكردنی لە گۆڕەپانی عەمەلیدا و

پاش تێپەڕبوونی ئەو چەند ساڵە (کاتی بە نووسینی ئەم چەند دێڕە سەرقاڵم کە ڕێککەوتی ڕۆژی دووشەممە ڕێککەوتی ٢٠١٥/١٢/١٤) هەست بە نائارامی دەکەم و هەندێ جاریش ویژدانم ئەزیەتم دەدات، چونکە پاش ئەو ماوەیە و چاودێریکردنی کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان بەو هەموو سەقەتییەوە دەڵێم جارێ کاتی ئەو جۆرە یاسایە نەبوو لە کوردستان یاخود بە رستەیەکی دیکە جارێ ئێستا بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کاری ڕۆژنامەنووسی نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە ئەو یاسا تێروتەسەل و پێشکەوتنخوازەی بۆ بڕەخسێ، ڕاستە لە سەردانی سکرتێری ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنوور (روبیر مینار) لە بەرامبەر سەرۆکی پەرلەمان کە منیش لەگەڵیا بووم گوتی (ئەگەر ئەم پڕۆژەیاسایە وەکو یاسا لە پەرلەمان کوردستان دەربچێت ئەوا کوردستان بە هەنگاوێك پێش فەڕەنسادەکەوێت)، بەڵام روبیرمیناری میوان و بەندە دەرکمان بەوە نەکردبوو کە کوردستان لە هیچ ڕوویەکەوە نەگەیشتۆتە ئاستی وڵاتێکی وەکو فەڕەنسا کە بە سەدان (ناڵێم هەزاران) هەنگاو لە پێش کوردستانەوەن، قسەیەکی پەرلەمانتارێکی بەڕێزی ئەم خولەم دێتەوە یاد کاتێ خۆشحاڵی خۆمان بۆ ئەم یاسایە دەربڕی بەگوێیدا چرپاندم (میوەکەتان بەکاڵی رنی، جارێ وەرزی پێگەیشتنی زۆری ماوە!).لەو دانیشتنەی ڕۆژی ٢٠٠٨/٩/٢٨ لە بارەگای سەرۆکی هەرێم ئەنجام درا خوالێخۆشبوو فلك الدين کاکەییش ئامادەبوو، پێش ئەوەی کۆبونەوەکە دەست پێبکات ڕاشکاوانە پێی گوتم (سەرکەوتنێکی گەورەتان وەکو سەندیکا بەدەست هێنا، (هەستم دەکرد زۆری پێ موهیم بێ)، هیوادارم ڕۆژنامەنووسانی ئێمە لە ئاستی یاساکەدا بن.) هەمان ئێوارەی ڕۆژی ٩/٢٨/ لە کاتژمێر (٩)دا بەڕێز مەسعود بارزانی بە تەلەفۆن پەیوەندیی پێوەکردم کە تێیدا دەربارەی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی و دیدارەکەی ئەو ڕۆژە بوو کە بە دەق گوتی (هیوادارم ڕۆژنامەنووسان و لایەنە پێوەندیدارەکان بەم یاسایە لە ئاستی لێپرسراوەتیدا بن، ئێوەش وەکو خاوەنی پڕۆژەکە کە ئێستا بووەتە یاسا دەبێت لێپرسراویەتی چاودێریکردنی یاساکە

و پیادەکردنی لە هەموو لایەکەوە لە ئەستۆی ئێوەدا بێت و ماوە مەدەن هیچ لایەك تەجاوزی سەروەری یاسا بكات).

لە وەڵامدا بەندەش سەرەڕای سوپاسگوزاریی خۆم و سەندیکا بۆ بەڕێزیان کە بە پیر دەنگمانەوە هات دوپاتم کردەوە ئێمە لە راپۆرتە (٦) مانگیەکانمان راستییەکان وەکو خۆی دەخەینە روو.).

پاش ئەوەی (فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی– I. F. J)مان لە دەرچوونی یاساکە و لەگەڵ خاڵ و بڕگەکانی کە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی لەلایەن (شێرکۆ)وە وەرگێڕا ئاگادارکرد (ایدان وایت) هەر زوو وێڕای خۆشحاڵی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی بۆ دەرچوونی ئەم یاسایە دەربڕی و لە نامەیەکدا کە ئاڕاستەی بەندەی کردبوو دەڵێ: (ئەم یاسایە یەکلاکەرەوەیە و ئیعتراف بە پێوەرە ئەخلاقییەکانی جیهانی و رۆژنامەگەریی سەربەخۆ دەکات، هەروەها دەرفەتی سەرەتایەکی تازە بۆ رۆژنامەنووسان دەڕەخسێنێت، بەڵام ئەوەی جێگای نیگەرانییە کە هەرچەندە نیەتی پاکی لەدواوەیە بە خراپی بەکاربهێندرێت)، بەکۆتاهاتنی ساڵی ٢٠٠٨ لەدواڕۆژەکانیدا وەکو پیشەی ساڵای رابردوو لەسەرەتای ساڵاندا هەموو جارێك بەرنامەی تازە و نەخشەڕێگای ئەو ساڵەمان تاوتوێ دەکرد بەمەبەستی رێکخستنی بەرنامەی ساڵانە و لەدواڕۆژەکانی هەموو ساڵێکیش بە تەواوی ئەنجومەن و لیژنە و ستاڤ لقەکان و نووسینگەکان کۆدەبوینەوە بەمەبەستی تاوتوێکردنی بەرنامەی کارەکانمان، ئەوەبوو رۆژی ٢٠٠٨/١٢/٢٨ بە ئامادەبوونی سەرجەم دەستەکانی سەندیکای سەرتاسەری کوردستان کۆبونەوەی فراوانی سەندیکا بەڕێوەچوو کە تێیدا پاش پێداچوونەوەی کار و چالاکییەکان بۆمان بەدیارکەوت کەوا ئەنجوومەنی سەندیکا سەرباری ئەوەی بەرنامەی کارەکانی جێبەجێ کردووە سەرەڕای دروستکردنی (لیژنەی رۆژنامەنووسانی مێینە،

لیژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی) کە دوو لیژنەی پێویست و دوولایەنەی کاری سەندیکایی بوون، ئەوجا لە پێشەکی وتارەکەم گوتم (تەبایی ئەنجوومەن، هەڵبژاردنی لق و نووسینگەکان، رێنماییەکانی I. F. J، راپۆتی (٦) مانگی لیژنەی داکۆکی، دەرچوونی یاسای رۆژنامەگەریی لە کوردستان) سەندیکای بردە قۆناغێکی دیکە کە دەتوانم بڵێم لە پێشەوەی هەموو یەکێتی و سەندیکا و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای کوردستانە.

ساڵی تازەی ٢٠٠٩مان بە گەشتێك بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران دەستپێکرد بە داوەتی رەسمی لایەنێکی رۆشنبیری ئیسلامی، کە تێیدا پێشوتر لەسەری رێککەوتبووین کە چۆن و کەی ئەم سەفەرە بکەین، بەڵام بەندە جەختم لەسەر دوو خاڵ کردەوە، یەکەمیان ژمارەی شاندەکەمان لە (١٥) کەس کەمتر نەبێت، دووەم گەشتەکە تەنها بۆ تاران نەبێت بەڵکو داوای سەردانی شاری (ئەسفەهان)یشمان کردبوو چونکە هەر لە ساڵی ١٩٧٤وە لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولەوە سەردانی ئێرانم کردووە و پاش راپەڕین چەند جارێکیش بە داوەتی رەسمی لە بۆنەکاندا و سەرەڕای ئەوەی ئەنجامدانی نەشتەرگەری دڵم هەر لە تاران بۆ کراوە، بۆیە دەمەویست گەشتی ئەوجارەمان لە چوارچێوەی تاران دەربچێت، لێپرسراوانی کۆماری ئیسلامی بەرنامەکەیان بە سەردانی ئەسفەهانەوە بۆ رێکخستین.

ئەوەبوو رۆژی ٢٠٠٩/١/١٨ لەگەڵ رۆژنامەنووسان (زیرەك کەمال، جەمال حوسێن، بەهجەت هروری ئەندامانی ئەنجوومەن لەگەڵ رۆژنامەنووسان غەسان جاسم سکرتێری لقی موسڵ و ئیسماعیل تاهیر سکرتێری لقی دهۆك و حەسیبە بابۆلی سکرتێری لیژنەی رۆژنامەنووسانی مێینە، حەیدەر جەمیل سەرۆکی لیژنەی (بەرزەفتکردن) بەرەو سلێمانی بەڕێکەوتین، پاش گەیشتنمان بۆ سلێمانی کاك مستەفا ساڵح کەریم جێگری نەقیب و ئەنوەر حوسێن و شوان داودی ئەندامانی ئەنجومەن و لەتیف فاتیح فەرەج سکرتێری لقی کەرکووکمان هەڵگرت بەرەو پێنجوێن و لە دەروازەی باشماخ کاك بەختیار کە نوێنەری

حزبی سۆسیالستی کوردستان بوو لە مەریوان لەگەڵ (ئاغای میرزایی نوێنەری قەرارگا) ئۆتۆمبیلێکی گەورەیان بۆ ئامادەکردبووین لە ڕێگای مەریوانەوە بەرەو (سنە) چووین، پاش پشودانێکی یەك کاتژمێری لە سنەوە بەرەو تاران کە بەڕاستی ڕێگایەکە بەترس بوو بەهۆی بەفر و باران بارینەوە، کاتژمێر (٥)ی بەیانی گەیشتینە تاران، ئێمەیان بردە ئوتێلێك بەناوی (هویزە) کە لە شەقامی (نجات الله)یە، پاش پشودانێکی چەند کاتژمێری، کاتژمێر (٣)ی ئێوارە چووینە زیارەتی (بەهەشتی زەهرا) کە تێیدا سەرەڕای زیارەتی مەزاری ئیمام خومەینی سەردانی گۆڕستانی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجەی بێ کەسوکارمان کرد کە هەندێکیان ناویان هەبوو و هەندێکیشیان بێ ناو بوون. ئێوارە درەنگانێك گەڕاینەوە، ڕۆژی دووەمی گەشتەکەمان ٢٠٠٩/١/٢٠ لە نێواندا سەردانی کۆشکی (سەعد ئاباد)مان کرد، جارێکی دیکەش سەردانی ئەم شوێنەم کردووە بۆیە باسی جوانی و دڵڕفێنی ناکەم، بەڵام لەکاتی گەڕان بەناو کۆشك و سەرای سەعدئاباد بە برادەرانم گوت (خۆزگە ئێمەش لە کوردستان کۆشکەکانی (سەدام حوسێن)مان دەپاراست کە لە چەند شوێنێکی کوردستان دروستی کردبوو کە تێیدا تەنها لە کوردستان ئاسەواریان نەهێشت، تەنانەت لە بەغدا و تکریت و عوجە و خواروی عێراق هەموو کۆشکەکان پارێزراون و بۆ گەشتوگوزار بەکاردەهێنرێن و زۆربەشیان لە بەغدا و شوێنی دیکەی عێرقا بەرپرسە شیعەکانی عێراق داگیریان کردوون).

بەپێی بەرنامەمان ڕۆژی ٢٠٠٩/١/٢١ کە پلەی گەرما لە نێوان ٨ – ١٠° بوو، سەردانی (لانەی جاسوسی) (سەفارەتی پێشووی ئەمریکا) کە کاتی خۆی قوتابیانی (خەتی ئیمام) دەستیان بەسەردا گرتبوو لەگەڵ وەرگێڕێك بە ژوور و هۆڵەکانی گەڕاندیانین، وێنە و ئامێری ئیشوکاری ڕۆژانەیان کە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکاری ڕۆژانە بەکارهاتووە، بەڵام دیسان ئەو شتە نەبوو کە چاوەڕوانم دەکرد، چونکە کاتی خۆی سەفارەتی ئەمریکا لە تاران یەکێك لە باڵەخانە هەرە

**گەورە و سەرنج ڕاکێشەکان بوو، بۆیە من چاوەڕوانی دیتنی کەلوپەلی گرنگتر بووم، پاشان بەرەو مۆزەخانەی (شەهید) چووین، ئافرەتێکی خاتوون بە زمانێکی شیرین باسی ئەو شوێنەی بۆ کردین لەگەڵ نیشاندانی فیلمێك لەسەر بەرەکانی شەڕی نێوان عێراق و ئێران کە چە کارەساتی بەدوای خۆیەوە هێنابوو، پاش نیوەڕۆش کاتژمێر ٥:٢٥ خولەك لە ڕێگای (قوم)ەوە بەرەو ئەسفەهان بەڕێکەوتن، لە قوم نانی ئێوارەیان لە چێشتخانەیەك بۆ ئامادەکردبووین، کاتژمێر ١٢ی شەو گەیشتینە ئەسفەهان و لە ئوتێلی (زەهرا) دابەزین، یەکسەر هەریەکەمان بەرەو ژووری تەرخانکراو چووین، چونکە شەو درەنگ و هیلاك بووین، ڕۆژی پێنج شەممە ڕێککەوتی ١/٢٢ بەرەو کۆشکی (عەلی قاپو) کە کاتی خۆی (شاە ئیسماعیلی یەکەم ئەم کۆشکەی بونیات ناوە) پاش ئەوەی پایتەختی وڵاتی ئێرانی لە قەزوینەوە بۆ ئەسفەهان گوێزاوەتەوە، کۆشکەکە شتێکی زێدە سەرنج ڕاکێش بوو لە جۆری دروستکردنی، خشتەکانی ئەندازەی وەکو دەڵێن (دۆم کلاش بۆ خۆی دروست بکات).**

**پاش گەڕان و سوڕانێکی زۆر ئەوجا بەرەو مزگەوتی (لطف الله خان) چووین کە ئەویش لە زەمانی هەمان شاە لە هەمان سەردەم دروستکراوە، سەردانی بازاڕی گەورە و سەرنجڕاکێش ئەم شارە منی بردە دونیایەکی دیکەوە کە تێیدا شتێك نییە لەم شارە نەبێت بەتایبەتی ئیشی دەستی وەکو ئێرانییەکان دەڵێن (صەنایعی دەستی) کە وابزانم من زۆر وڵات گەڕاوم بەڵام بازاڕی لەم جۆرەم نەدیوە، مرۆڤ حەز ناکات لێی بێتە دەر، لەوێ تابلۆیەکی دەستی (لە مەعدەنی مس)م کڕی کە خاوەن و وەستای دروستکەری پیاوێکی تەمەن (٧٥) ساڵە بوو، بەزەحمەت پێی فرۆشتم، چونکە وەکو ئەو گوتی ئەم تابلۆیە تەمەنی (٥٠) ساڵە و لەسەردەمی باوکیەوە درووستکراوە بەماوەی (٦) مانگ دروستی کردووە، بەڵام کاتێ کە پێم گوت بەندە (عاشقی کاری سەنایعی دەستم و لای من دەپارێزرێ و چەند دەخوازێ دەیدەمێ) لەگەڵ ڕەزامەندیش**

وێنەیەکم لەگەڵی گرت بۆ یادگاری هێشتوومەتەوە، بەرنامەی دەمەو ئێوارەی ئەم رۆژە گەشتێکی بەپێ رۆیشتن بۆ سەر ئەو دوو پردەی کە بە شێوازێکی زۆر جوان و قەشەنگ دروستکراون کە بە (س پله) ناوزەد دەکرێن شوێنێکی قەرەباڵغ تەنها بەپێ هاتوچۆی لەسەرە، هەزاران کەس لەمسەر و ئەوسەری هاتوچۆ دەکەن و لەولاشەوە تاقی کەوانەیی بۆ دروست کراوە بەشێوەیەك ئاویان بۆ هێناوە، چونکە خۆی لەسەر روبار نییە، بەڵام واپێدەچێت کە لەسەر روبارێکی پونگاو دروستکراوە. رۆژی ١/٢٣ بەفر ئەسفەهانی داپۆشیبوو، دیاربوو لە دوێنێ شەوەوە باریبو، پاش نان خواردنی بەیانی بەرەو باشوری ئەفسەهان بەمەبەستی سەردانی شوێنەواری زەردەشتییەکان چووین کە پێی دەڵێن (زەردەشتیەت) کە قەڵایەکی بەرزە و دەبێ بەپێ سەربکەوی، گردەکە بە بەفر داپۆشرابوو و دنیاش سارد بوو، بەڵام سەرکەوتنی ئەم گردە و دیتنی ئاسەواری زەردەشتییەکان لای من بەهێزتر بوو بۆیە منیش لەگەڵ برادەران بە ماندووبوونێکی زۆر بەسەرکەوتین کە بریتییە لە شوێنەواری خانوو و لانێك کە کاتی خۆی گوایە زەردەشتی پێغەمبەر لەم شوێنە خواپەرستی کردووە، لە خوارووی ئەم گردە چەند چایخانەیەکی خۆشی لێ بوو کە لەسەر شێوازی سەکۆ بە فەرش داپۆشراوە کە لە چواردەوری (سۆبەیەکی بەدار) رازابوەوە، ماندووبونی ئێمە و کەش و هەوای سارد و گەرمی چایخانەی (ئارام) و دیمەنی سەماوەری ئاڵتونی و زیوی و قۆریەی سور و شینی عەجەم جۆرە رۆمانسیەتێکی زۆر هێمن و سەرنجڕاکێشی دروستکردبوو، بۆیە پێشنیارم بۆ برادەران کرد کەوا لەم چایخانەیە کە نانی گەرم و رۆنەکەرەی سروشتی بە چای دیشلەمەی ئەو شوێنە لەم کەش و هەوایەدا باشترین شوێنە بۆ پشودان و نانخواردن، ئەوانیش رازی بوون، کاتێ خاوەنی چایخانەکە زانی لای ئەو دەمێنینەوە گوتی دەچم لەوێ لە چێشتخانەی تەنیشتمان (کەبابی کوبیدە)تان بۆ دەهێنم (بێ ئێوە ناخۆش پشویەکی باشمان دا بە کەرە و کەبابی کوبیدە و نانی گەرم و چای بەقەندشیرین کراو) نیوەڕۆیەکەمان لەوێ بەسەربرد، بۆ ئێوارەش جارێکی دی بەرەو شار (قوم) گەڕاینەوە، بەگەیشتنمان چوینە

ئوتێلی (حرم) و تاکو درەنگانی شەو بەناو ئەم شارەدا گەڕاین و سوڕاینەوە. ڕۆژی ١/٢٤ کە ڕۆژێکی ساردبوو، سەرلەبەیانی ئێمەیان لە هۆڵێکی ئەم جێگایە کۆکردەوە کە نزیکەی شوێنی ١٥٠ کەسێك دەبوو، بە کورسی پڕکرابوو، هەر هێندەمان زانی ئاخوندەیەکی شیعە مەزهەب بەناوی (حسين النوری) هاتە لامان بێ ئەوەی بزانین مەسەلە چییە بە زمانی عەرەبی کەوتە قسە، موحازەرەیەکی لەسەر (التلمود البابلی، الصهیونیە، الیهود) بۆ شیکردینەوە، لەڕاستیدا سەرم سوڕما، بەڵام چونکە من لەگەڵ ئەو لەسەر مێزی بەرامبەر برادەران دانیشتبووم، نەمتوانی هیچیان لەگەڵ باس بکەم، چونکە ئەم قسانە هیچ پێوەندیەکیان بە ئێمە و گەشتی ئێمەوە نەبوو، پاش تەواوبوونی قسەکانی منیش هەر بە زمانی عەرەبی سوپاسی هاتنی بەڕێزیانم کرد و گوتم (ئێمەی کوردی زوڵملێکراو و بەشخوراو هیچ کاتێك کێشەی ئایینمان نەبووە، موسڵمان و مەسیحی کورد لە کوردستان هەمان کێشەی هاوبەشیان هەبوو کە ئەویش زوڵمی حکومەتەکانی عێراقە، سەرەڕای ئەو ئایەتە پیرۆزەی قورئان (یاإیهاالناس انا خلقناکم من ذکر وانثی وجعلناکم شعوباً وقبائل لتعارفوا ان اکرمکم عند الله اتقاکم)، بەڵام بەداخەوە هیچ کام لەو وڵاتە ئیسلامییانەی کە کوردی تێدایە ئەم ئایەتە پەیڕەو ناکات، باشە جارێکی دیکە ئەو ئایەتە پێویستی بە جەختکردنەوە هەیە تاکو پەیڕەو بکرێت!؟)، کابرای ئاخوندە عەبایەکەی سەرشانی ڕێکخست و بێ خواحافیزی بەجێیهێشتین، ئێوارە کاتژمێر (٤) لەگەڵ بەهجەت هروری و ئیسماعیل تاهیر جیهانگیر بە ئۆتۆمبێلی کوڕێکی عێراقی (ابوحیدر) گەڕاینەوە تەهران و برادەرانیش بەرەو کوردستان گەڕانەوە و ئێمەش هەرسێکمان کاتژمێر (٧)ی ئێوارە بەهۆی قەرەباڵغی ڕێگا درەنگ گەیشتینەوە تاران و یەکسەر چووینە ئوتێل (تەهران درسا) کە لە گۆڕەپانی (فیردەوس) بوو بۆ دوو ڕۆژێکی دیکە ماینەوە، من بۆ هاتوچۆی دکتۆر و ئەوانیش بە هەمان شێوە، تاکو ڕۆژی ١/٢٧ی مانگ و ڕۆژی ٢٠٠٩/١/٢٨ پاش ئەوەی شەوێك لە ورمێ بووین بە ئۆتۆمبێل لە ڕێگای خانە و حاجی ئۆمەرانەوە گەڕاینەوە کوردستان.


MEZHDUNARODNAYA-I

١


СОЮЗ
ЖУРНАЛИСТОВ
РОССИИ
IFJ
WORLD
CONGRESS
Moscow • 2007
НОВОСТИ ДЛЯ ДЕМОКРАТИИ • ДОСТОЙНЫЕ УСЛОВИЯ ТРУДА • ДОВЕРИЕ К ЖУРНАЛИСТИКЕ
MAKING NEWS FOR DEMOCRACY • DECENT CONDITIONS OF WORK FOR JOURNALISTS • BUILDING TRUST IN JOURNALISM

٢



٣



٤



٥




٦



٧



٨


РОССИЙСКОЕ
ИНФОРМАЦИОННОЕ
АГЕНТСТВО
Фархат
АУНИ
Муфид
аль-ДЖАЗАИР

٩



١٠



١١



١٢



١٣




١٤



١٥




١٦



١٧



١٨



١٩


کۆنگرەی دووەمی
سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
هەولێر 2007/12/29-27

٢٠



٢١




٢٢




٢٣




٢٤



٢٥




٢٦



٢٧



٢٨

# سەرەقەڵەمێك دەربارەی وێنەكان

١. مۆسكۆ-ئوتێل (مێژدۆنا رۆدنایا) شوێنی حەوانەوە و كۆنگرەی ٢٦ـەمینی IFJ.

٢. درووشمی فدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی IFJ لە كۆنگرەی ٢٦ـەمینی مۆسكۆ دا.

٣. مۆسكۆ، ٢٠٠٧/٥/٢٦، بەردەم ئوتێلی حەوانەوە، شاندی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان، لە راستەوە: خالد بكر أيوب، حامد محمد علی، فهيم عبدالله، شێخ سدیق، عبدالله زەنگەنە، أكد مراد، زیرەك كەمال، شێركۆ حەبیب. دانیشتووان لە راستەوە: نووسەر، نەوزاد پۆڵص.

٤. مۆسكۆ، ٢٠٠٧/٥/٢٧، هۆڵی پێشەوەی ئوتێل.. دانیشتنی بەیانیان بۆ راوێژ و ئاڵوگۆڕكردنی را و سەرنجەكان، لە راستەوە: شێركۆ حەبیب، خالد بكر أيوب، نەوزاد پۆڵص، حامد محمد علی، عبدالله زەنگەنە، نووسەر، زیرەك كەمال، شێخ سدیق، ئەنوەر حسێن.

٥. مۆسكۆ، ٢٠٠٧/٥/٢٨، هۆڵی كۆنگرە.. رۆژی یەكەم، بەشێك لە ئەندامانی شاندی سەندیكا بە جلی نەتەوایەتییەوە، لە راستەوە: ئەنوەر حسێن، خالد بكر أيوب، أكد مراد، حامد محمد علی، مستەفا ساڵح كەریم، نووسەر، شێركۆ حەبیب.

٦. مۆسكۆ، ٢٠٠٧/٥/٣٠، بارەگای سەنتەری رۆژنامەگەریی ئازاد، لە راستەوە: د. رەزوان بادینی، خۆشەوی مەلا ئیبراهیم، نووسەر، فهيم عبدالله.

٧. مۆسکۆ، ٢٠٠٧/٦/١، لەکاتی دەنگدانی ئەندامانی شاندی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان. لە راستەوە: مستەفا ساڵح کەریم، نووسەر، شێرکۆ حەبیب، زیرەك کەمال، أکد مراد.

٨. مۆسکۆ، ٢٠٠٧/٦/٤، بەشی کوردی–ئەکادیمیای رۆژهەڵاتناسی. لە راستەوە: شۆڕش خالد سەعید، (نەناسراو)، پڕۆفیسۆر کالاوا، نووسەر، مستەفا ساڵح کەریم.

٩. مۆسکۆ، پاش نیوەڕۆی رۆژی ٢٠٠٧/٦/١، باڵەخانەی وەکالەتی (نۆڤۆسکی). لە راستەوە: موفید الجزائری، نووسەر.

١٠. مۆسکۆ، بارەگای یەکێتیی رۆژنامەنووسانی رووسیا، نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان ئارمی سەندیکا پێشکەش بە جێگری سەرۆکی یەکێتی رۆژنامەنووسانی رووسیا دەکات.

١١. مۆسکۆ، هەمان بارەگا، جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان دیاری پێشکەش بە جێگری سەرۆکی یەکێتیی رۆژنامەنووسانی رووسیا دەکات.

١٢. مۆسکۆ، دیمانەیەکی رۆژنامەنووسی لەگەڵ نووسەر.

١٣. مۆسکۆ–چێشتخانەیەکی ئازەربایجانی.

١٤. مۆسکۆ، نووسەر لەکاتی دانانی چەپکە گوڵ وەکو رێزێك بۆ شەهیدانی رۆژنامەنووسی رووسیا.

١٥. لەندەن، لەکاتی سەردانی نووسەر و شێرکۆ حەبیب بۆ لای بەڕێز د. کەمال مەزهەر.

١٦. لەندەن، ٢٠٠٧/٦/٤، بارەگای یەکێتیی رۆژنامەنووسانی بەریتانیا، لە راستەوە: جیم بومیلا–سەرۆکی فدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی، خاتو میشێل–سەرۆکی یەکێتیی رۆژنامەنووسانی بەریتانیا، نووسەر، شێرکۆ حەبیب.

١٧. لەندەن، ٢٠٠٧/٦/٢٤، چێشتخانەی (ئەلۆنگ)، لە راستەوە: ئەندازیار عەتا، فازڵ رەئوف، نووسەر، سلێمان حەسەن پشدەری، دارا یارا، شێرکۆ حەبیب.

١٨–١٩. هاوینەهەواری پیرمام–سەری رەش، سەرۆك مەسعود بارزانی پێشوازیی لە شاندی رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکات کە بریتی بوون لە: حامد محمد علی، أکد مراد، نووسەر، زیرەك کەمال، خالد بکر أیوب.

٢٠. هەولێر–کۆنگرەی دووەمی گشتیی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ٢٧–٢٠٠٧/١٢/٢٩، دەستەی سەرۆکایەتیی کۆنگرە، لە راستەوە: شێرکۆ حەبیب، کاروان عبداللە، فریاد رەواندزی، تارق جامباز، حەمە شەریف.

٢١. هەولێر ٢٠٠٧/١٢/٢٧ یەکەم دەستپێکی کۆنگرە، دانیشتووانی ریزی پێشەوە لە راستەوە: نووسەر، نێچیرڤان بارزانی–سەرۆکی حکومەتی هەرێم، نەوزاد هادی–پارێزگاری هەولێر، خوالێخۆشبووان شهاب التمیمی و فائق بطي.

٢٢. هەولێر، ٢٠٠٧/١٢/٢٧، ساتەکانی دەستپێکی کۆنگرە، لە راستەوە: عدنان موفتی–سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، فەرهاد عەونی–نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی–سەرۆکی حکومەتی هەرێم.

٢٣. سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتی پێشکەش کردنی وتاری خۆی.

٢٤. هەولێر، ٢٠٠٧/١٢/٢٨، لایەنێکی ئامادەبووانی ئەندامانی کۆنگرە، لە راستەوە: خوالێخۆشبوو محمد نوری تۆفیق–سکرتێری لقی سلێمانیی سەندیکا، محمد شێخ عبدالکریم سۆڵەیی.

٢٥. هەولێر، ٢٠٠٧/١٢/٢٩، کۆدەنگیی ئەندامانی کۆنگرە لەسەر لیستی ئازادیی رۆژنامەگەری لە کوردستان.

٢٦. هەولێر، ٢٠٠٧/١٢/٢٩، ئەنجوومەنی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی گشتیی دووەم، راوەستاوان لە راستەوە: بەهجەت هوروی، زیرەك کەمال، شوان هەورامی–یەدەگ، جمال حسێن، جنان بولص–یەدەگ، ئەنوەر حسێن. دانیشتووان لە راستەوە: شوان داوودی، حامد محمد علی، نووسەر، مستەفا ساڵح کەریم، أکد مراد.

٢٧. هاوینەهەواری پیرمام–سەری رەش، ٢٠٠٧/١٢/٣٠، سەرۆك مەسعود بارزانی پێشوازی لە نەقیبی رۆژنامەنووسانی عیراق خوالێخۆشبوو شهاب التمیمی و نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان–نووسەر.

٢٨. دەربەندیخان–خێوەتگای هاوبەشی سەندیکا و وەزارەتی رۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٨/٧/٣٠، تێکڕای بەشداربووانی خێوەتگایەکە.

فدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی بە هاوکاری سەندیکا و رێکخراوە ناوچەییەکانی رۆژهەلآت و رۆژهەتی ناوەڕاست کە زۆرترین کێشەی بۆ رۆژنامەنووسان تێدابوو، بۆ تەواوکەری بابەتی رۆژنامەگەریی ئەخلاقی لە کۆبونەوەکانی عەمان، جەزائیر و کازابلانکا گفتوگۆی زۆر لەسەرکرابوو، لە دواکۆبونەوەی فیدراسیۆن کە لە ناوەڕاستی مانگی (١)ی ساڵی ٢٠٠٩ لە برۆکسل ئەنجام درابوو، بڕیاردرابوو کەوا دواکۆبونەوە دەربارەی بابەتی رۆژنامەگەریی ئەخلاقی لە (دوبەی) پایتەختی دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی ببەسترێت، پاش ئەوەی (کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی ئیماراتی رەزامەندی لەسەر میوانداریەتی و لەباوەشگرتنی ئەم گردبونەوەیەی دابوو، لە کۆتایی مانگی (١)ی ئەم ساڵە بەناو داوەتنامەکەم پێگەیشت کە ئەویش بەناو ئاڕاستەکرابوو، ئەوکاتە وەرگرتنی فیزا بۆ ئیمارات وەکو ئێستا ئاسان نەبوو، بەلآم من چونکە داوەتنامەی رەسمیم هەبوو بە چەند رۆژێك فیزام بۆ دابین کرا بەمەبەستی بەشداربوون لە کۆنگرەی (دوبەی بۆ دەستپێشخەری ئەخلاقی).

IFJ FIP FIJ

جمعية الصحفيين
JOURNALISTS ASSOCIATION

**International Federation of Journalists**
**الاتحاد الدولي للصحفيين**

**Journalists Association – U.A.E**
**جمعية الصحفيين - الإمارات**

**<u>الموضوع</u>** مؤتمر مبادرة الصحافة الأخلاقية
من ٨-٩ فبراير ٢٠٠٩ ، دبي ، الإمارات العربية المتحدة
١٩ كانون الثاني / يناير ، دبي

**الزملاء الأعزاء المشاركين في المؤتمر ،**
الاستاذ فرهاد عوني/ نقيب صحفيي كردستان المحترم اربيل- العراق
الاستاذ شيركو حبيب/ مسؤول العلاقات الخارجية المحترم لندن - المملكة المتحدة

تنظم جمعية الصحفيين بدولة الإمارات العربية المتحدة وبالتعاون مع لاتحاد الدولي للصحفيين مؤتمراً دولياً حول " مبادرة الصحافة الأخلاقية" في العالم العربي وعليه ندعوكم يشرفنا نرحب بمشاركتكم في هذا الحدث.

كما أعلنا مؤخرا لكم ، ان المؤتمر سيعقد في دبي في ٨-٩ شباط / فبراير ٢٠٠٩. بمشاركة وحضور كوكبة من الصحفيين و روؤساء وممثلي النقابات والمنظمات الإعلامية المتخصصة من المنطقة كما سيشارك صحفيين واعلاميين يمثلون اكبر المؤسسات الاعلامية من جميع العالم.

**<u>معلومات هامة</u>**
يسعدنا ويشرفنا مشاركتكم معنا في هذا الحدث الهام برجاء تأكيد ردكم سريعا .
بخصوص السفر : مطلوب من جميع المشاركين إرسال الاسم الكامل كما هو مدون على جواز السفر وأسم المطار والمدينة التي سينطلق منها الى دبي حتى نستطيع حجز تذاكر السفر بشكل منظم وسريع علماً أن موعد وصولكم الى دبي سيكون يوم السبت الموافق ٧ فبراير ٢٠٠٩ والمغادرة ستكون يوم الثلاثاء الموافق ١٠ فبراير ٢٠٠٩ .
**<u>التأشيرات</u>** : المشاركين من الاتحاد الأوروبي ، وكندا ، والولايات المتحدة لا يحتاجون الى تأشيرات
**<u>أما بالنسبة للمشاركين من باقي دول العالم سنحتاج منهم الأتي :</u>**
١- صورة من جواز السفر الخاص بكم على أن يكون صالح للاستخدام .
٢- صورة شخصية ذات خلفية بيضاء مقاس ٤×٦ سم .
على ان يتم ارسال هذه المستندات عبر البريد الالكتروني الى ايميل جمعية الصحفيين المدون اسفل الصفحة علماً أن هذه المستندات ضرورية جداً
وبخصوص تكاليف السفر والاقامة والانتقالات الداخلية ستتحملها جمعية الصحفيين بالامارات العربية المتحدة .
اما بالنسبة للفندق الذي سيتم فيه عقد المؤتمر مع اقاماتكم ستحدد قريباً .
للمتابعة الاتصال بالسيد / إيهاب مبروك - سكرتير الجمعية
يرجى إرسال التفاصيل المطلوبة على العنوان التالي : journalsuae@hotmail.com.
هاتف ٩٧١٤٣٥٣٩٤٤٤+

**اتطلع الى رؤيتكم في دبي قريباً ،**

**مع أطيب التحيات ،**

**محمد يوسف ،**
**رئيس جمعية الصحافيين في الإمارات**

IFJ International Federation of Journalists
الاتحاد الدولي للصحفيين

جمعية الصحفيين
JOURNALISTS ASSOCIATION

# برنامج

# مؤتمر دبي
# لإطلاق مبادرة الصحافة الأخلاقية

٨ – ٩ فبراير ٢٠٠٩، دبي، الإمارات العربية المتحدة

## PROGRAMME

# Dubai Conference for Launching the Initiative of Ethical Journalism

8–9 February 2009, Dubai, UAE

الراعي الرسمي

Government of Dubai حكومة دبي
DEPARTMENT OF TOURISM AND COMMERCE MARKETING دائرة السياحة والتسويق التجاري

الشريك الإعلامي

نادي دبي للصحافة
Dubai Press Club

**لێرەدا دیسان دەگەڕێمەوە بۆ دەفتەری بیرەوەرییەکانم:**

٢٠٠٩/٢/٧، ڕۆژێکی هەوراوی سارد، کاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆ بەرەو فڕۆکەخانەی هەولێر چووم، تەیارەکەمان کاتژمێر (١١) فڕی و کاتژمێر (٣,٣٠ گەیشتینە دوبەی و یەکسەر بە تاکسیەك بەرەو ئوتێلی (ڕۆتانا) چووم و ناوم لەسەر ژووری (٢٤٢) تۆمارکرابوو، پاش پشودانێکی کورت بەرەو هۆڵە سەرەکیەکەی ئوتێل لە نهۆمی یەکەم چووم، لەویٚ (ایدان وایت) سکرتێری گشتی I. F. J و ڕەجەب مەزروعی (ئێران) و موئەیەد لامی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی عێراقم دیت، ماوەیەك دانیشتین و پرۆگرامی کۆبونەوەکەم وەرگرت، کاتژمێر (٧)ی ئێوارە تەلەفۆنی کاك (ئیسماعیل جەباری)م کرد کە هاوەڵ زاوامە و مێردی شیرینی خوشکی پەروینی هاوسەرمە کە ماوەی (٢٠) ساڵێکە لە دوبەی دەژی و چارتەری لە موحاسەبە هەیە و ماوەی زیاترە لە (١٠) ساڵ جێگری بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی تەئمینی دوبەی بوو، ماڵەکەیان نزیك بوو لە ئوتێلەکەمان (روتانا – البستان)، تاکو درەنگانی شەو لای ئەوان مامەوە.

٢/٨، شێرکۆ لە فیدراسیۆنەوە بانگهێشت کرابوو، شەوی پێشوتر لە لەندەنەوە گەیشت بوو، کۆنگرە کاتژمێر ٩,٣٠ دەستی پێکرد کە تێیدا ١٦ ڕێکخراوی ڕۆژنامەوانی لە وڵاتانی عەرەبی و ڕۆژئاوای ئاسیا و کیشوەری ئەفریقا سەرەڕای چەندین پسپۆڕ لە بواری ڕاگەیاندن و سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووس ئامادەبوون، (شێرکۆ حەبیب)یش وەکو ڕێکخەری فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان ئامادەبوو. لە دوو دانیشتنی دوور و درێژدا ئایدان وایت لەگەڵ پسپۆڕانی ڕێکخراوەکان باسی لە خاڵەکانی ڕۆژنامەگەری ئەخلاقی کرد لەسەر بنەمای ڕاستگۆیی و بێلایەنی و پابەندبوون بە ئەتەکێتی ڕۆژنامەوانی کە لە میساقی شەرەفی ڕۆژنامەنووسان کە لەلایەن I. F. J گەڵاڵە کراوە کە لە کوردستان جیا لە هەموو سەندیکا و ڕێکخراوەکانی ئەندام کە

**ژمارەیان (١٢٠) ڕێکخراوە و ٦٠٠,٠٠٠ ئەندامی هەیە لە یاسای ژمارە (٣٥)ی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان بووەتە پاشکۆی یاسای ناوبراو.**

**بابەتەکانی پەیوەندیدار بەم بابەتە کە ئەم ناونیشانانەی لەخۆگرتبوو(گفتوگۆ لەسەر ئازادی نووسین، لێپرسراویەتی ڕاگەیاندن، جێگیربوونی دیموکراتیەت لە نێوان ڕاستگۆیی و فرەلایەنی، ڕەوشتی ڕۆژنامەنووسان لە کاتی شەڕ و ئاشتی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و دانانی بنەماکانی ڕاگەیاندن)، کۆبونەوەکانی ئەو ڕۆژە زۆر ماندووی کردین، ڕاستە بابەتەکان سیاسی نەبوون، بەڵام دیسان بە ئاگادارییەوە من و شێرکۆ لە دانیشتنەکان بەشداری گفتوگۆیەکانمان دەکرد تاکو کاتژمێر (٤)ی ئێوارەی خایاند، کاتژمێر (٦,٣٠) بەپێی بەرنامە بە (بەلەمێکی گەورە) کە بە عەرەبی (عبارە)یان پێدەگوت بۆ گەشتێکی ناو ئاوی دوبەی کە پێیان دەگوت (خوردبی)یان بردین کە تێیدا سەرەڕای گەشتێکی سێ کاتژمێری و خواردنی نانی ئێوارە هەر لە ناو بەلەمەکەدا کە لەڕاستیدا دیمەنێکی زێدەجوانی دەبەخشی بەتایبەتی کاتێ تیشکی گڵۆپەکانی قەراغ دەریاکە لەناو ئاوەکە ڕەنگی دەدایەوە.**

**لەو گەشتەدا خانمێکی ڕۆژنامەنووسی ئەفغانستانی کە بە ڕەگەز (تاجیك)ی بوو کاتێ زانی من و شێرکۆ کوردین لێمان نزیك بووەوە و یەکترمان نسی و ماوەیەکی باش پێکەوە دانیشتین ،چونکە زۆر شتی لە بارەی کوردەوە دەزانی. کاتژمێر ١٠,٣٠ خولەك گەشتەکەمان کۆتایی هات بەرەو ئوتێل گەڕاینەوە.**

**٢٠٠٩/٢/٩، ڕۆژی دووەمی کۆنگرەیە کە تاکو کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆی خایاند، لە دوا دانیشتندا ئێمە کە بریتی بووین لە نەقیب و سەرۆکی ڕێکخراوەکانی ڕۆژنامەنووسانی ئامادەی کۆبونەوەکە بانگکراین بۆ سەر شانۆ**

که ژمارەمان (١٦) نەقیب و سەرۆك بوو، که تێکڕا (بانگەشەی دەستپێشخەری ڕۆژنامەگەریی ئەخلاقی)ـمان ڕاگەیاند.

بانگکردنی ئێمە بۆ سەر شانۆ لەگەڵ ڕاگەیاندنی دەستپێشخەرییەکە بەو مانایە هات کە ئێمە هەر هەموومان (بەشداربوان) پابەندی تەواوی دەستپێشخەرییەکەی فیدراسیۆنین، سەرۆکی کۆمەڵی ڕۆژماگەریی ئیماراتی (یوسف محەمەد) بە مرۆڤێکی باشم هاتە بەرچاو و دەیەویست ڕێزی تایبەتی خۆیمان نیشان بدات، نوێنەری ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی کوێت (حوسێن) کە بە (أبوعلی) بانگ دەکرا بۆ شەو من و شێرکۆی بردە (شاری جومیرە) کە بەڕاستی وەکو شاری (ڤینیسیا)ی ئیتالی دەهاتە بەرچاو کە تێیدا مرۆڤ سەری دەسوڕمێ لە ئیدارەی ئەو وڵاتە کە چۆن وڵاتەکەیان کردۆتە شتێك کە هەموو دنیا چاوی لێیەتی، بۆیە خەڵکی دوبەی زۆر بە شانازییەوە باسی کەسایەتی و سیاسەتی شێخ زاید دەکەن کە چۆن ئەو بیابانەی کردۆتە وڵاتێك کە بەمانای وشە جوان و دڵگیر و جێگەی ئاڵوگۆڕی بازرگای نێوان وڵاتانی ئەم جیهانە.

دواکاتی ئەو شەوەمان بە سەردانی (دورگەی دارخورما – جزیره النخیل) کە لەناو ئاوە، کە بووەتە شارێکی گەشتیاری جوان، لەناوید سەردانی ئوتێلی (اتلنتس)مان کرد کە مرۆڤ توشی سەرسوڕمان دەکات.

٢/١٠، ڕۆژێکی خۆش وەکو بەهاری مانگی چواری لای ئێمە بوو، ئەندامانی شاندەان هەریەکە بەلایەکدا ڕۆیشتبوون، چونکە ئازادبووین لە هاتوچۆ، لەگەڵ (ابوعلی) کویتی سەردانی مۆڵی (لێت اوت)مان کرد کە لە دەرەوەی شاری دوبەیە، بەڵام نرخی کەلوپەلەکانی زۆر گران بوو کە تاکو ئێوارەی خایاند، شەویش کاك ئیسماعیل جەباری هاوەڵ زاوام بە شوێنما هات و لەگەڵ شێرکۆ سەردانی ماڵیانمان کرد کە تاکو درەنگانێکی شەو ماینەوە.

ڕۆژانی ٢/١١ تاکو ٢/٢١ ئوتێلم بەجێهێشت و شێرکۆ سەفەری گەڕانەوەی بۆ لندن کرد و منیش چوومە ماڵی کاك ئیسماعیل و شیرین کە تێیدا ئەو (١٠)

ڕۆژەی مامەوە سەردانی بازاڕی هیندییەکان و دوبەی کۆن و مۆڵە هەرە گەورەکانی ئەم شارەم کرد کە لەڕاستید من ئەو جۆرە (مۆڵ)انەم لە ئەورووپاش نەدیوە، ڕۆژانە ئەوجا چە لەگەڵ کاك ئیسماعیل و شیرین چە لەگەڵ شوان قادری پورزای ڕێکانی کوڕم و خێزانی لەماڵ دەردەچووین بەمەبەستی گەڕان و سوڕان و نانخواردن لە دەرەوە، سەردانی شاریقە و عەجمان و دوو ڕۆژیش لەگەڵ کاك ئەمیر ڕەئوف حاجی فەرەج کە دۆستایەتی و برادەرایەتیمان بەهێزە و کاك پۆلای موحسین ئاغای حەوێزی کە برادەر و هاوتەمەنی خۆمە کە لە منداڵییەوە لە یەك گەڕەك و قوتابخانە دراوسێ و هاوپۆل بووین چەند شوێن گەڕاین و میواندارییان کردم، دوبەی لەڕووی باڵەخانە و مۆڵ و شەقام و پۆلیسی هاتوچۆ و ئیدارەی وڵات و جوانی چەندی باس بکەی هەر کەمە، بەڵام دەبێت سەفەر کۆتایی پێ بێ، ئەوەبوو ڕۆژی ٢/٢١ کاك ئیسماعیل جەباری بە ئۆتۆمبێلی خۆی منی گەیاندە فڕۆکەخانە، ڕێوڕەسمی هاتن و بەڕێکردن زۆر ئاسایی و ئاسان بوو، کاتژمێر (١١) تەیارەم فڕی و کاتژمێر (١,٣٠) گەیشتمەوە هەولێر.

بەگەڕانەوەم بۆ ڕۆژی دوایی کۆبونەوەی ئەنجوومەنی سەندیکام کرد وەکو نەریتێکی مانگانە هەم بۆ پێداچوونەوە هەم بۆ ئاگاداربوون سەرەڕای داڕشتنی بەرنامەی کار، چونکە هەر لە سەرەتای دروستبوونی سەندیکا ئەم نەریتە بە بەردەوامی پەیڕەوکراوە، ڕۆژی ٢٠٠٩/٢/٢٥ (١٣)یەمین کۆبونەوەی ئەنجوومەن بە ئامادەبوونی تەواوی ئەندامان و یەدەگەکانی، لەسەرەتادا باسم لە هەردوو سەردانی برادەرانی ئەنجوومەن و لقەکانی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران لە مانگی کانوونی دووەمی ڕابردوو و بەشداریکردنم لە کۆبونەوەی (دوبەی) بۆ کردن کە تێیدا سەبارەت بە دەستپێشخەری ڕۆژنامەگەریی ئەخلاقی کە پێویستە ببێتە بەرنامەی کاری ئاییندەمان و بڵاوکردنەوەی دەقی دەستپێشخەرییەکە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، چونکە ئەم بابەتە تا ڕادەیەکی گەورە لەگەڵ

خاڵ و بڕگەکانی یاسای ڕۆژنامەنووسی ژمارە (٣٥) دەگونجێ، دیسان هەر لەو کۆبونەوەیە باسی کار و چالاکییەکانی خۆمانم بۆ کردن.

لەبەرئەوەی سەندیکا تارادەیەکی باش ببو بە خاڵی دیاری کوردستان لە نێو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بۆیە هەمیشە سەرقاڵی پێشوازی میوانانی دەرەوە و ناوەوە بووین کە بریتی بوون لە ڕۆژنامەنووسانی بیانی، کەسایەتیە ڕۆشنبیرەکان، دبلۆماتکارانی قونسڵخانەکانی وڵاتان، بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئیشارەت بە هەندێکیان بکەم، ڕۆژی ٢٠٠٩/٢/٢٨ (پیتر موغنی) وەزیری ڕۆشنبیری کانتۆنی ژنێف لە سویسرا سەردانی کردین بە یاوەری خاتوو توێژر و شاعیر (نەزەند بەگی خانی) و جەودەت سۆڤ وەرگێڕ کە لە سویسراوە لەگەڵی هاتبوو، چونکە کاك جەودەت ماوەیەکی زۆرە لە سویسرا دەژی و ژنی لەوێ هێناوە و خەڵکی کۆیەیە، پێش هاتنیان خوالێخۆشبوو فلك الدین کاکەیی وەزیری ڕۆشنبیری ئەوکاتە هاتە بارەگای سەندیکا بەمەبەستی هاوبەشیکردنی پێشوازی لە پیتر موغنی، بە هاتنی پاش بەخێرهێنانێکی گەرم بەکورتی باسی سەندیکام بۆ کرد لە هەموو بارێکەوە، کار و چالاکییەکانی، پێکهاتەکانی، پرۆژەیاساکانی کە پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانی کردووە، راپۆرتی (٦) مانگی لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و خاڵەکانی دەستکەوت، وەزیری ڕۆشنبیری (جنیف)یش خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەم پێشوازی و رونکردنەوانە دەربڕی و گوتی (ئێوە قۆناغی باشتان بڕیوە، ئێمە لە ئەوروپاش بە چەندین قۆناغی هەمەجۆر تێپەڕبووین تاکو گەیشتوینەتە ئێرە و هیوادارم ئێوەش لەسەر ئەم ڕێڕەوەی خۆتان بەردەوام بن کە بێگومان دەگەنە ئاستێکی پێشکەوتوو، لەکۆتایشدا وەکو ڕێزلێنانێك (ئارم)ی سەندیکام پێشکەش کرد کە تایبەت بۆ میوانانی بیانی ئامادەکرابوو، لەبەرامبەریشدا ئەویش دوو قەڵەمی جۆری سویسری بەدیاری بە کاك فلك الدین کاکەیی و بەندە بەخشی و گوتی (هیوادارم ئێوەش میوانداریمان لە سویسرا قبوڵ بکەن)، کە لەلاپەڕەکانی دیکەدا باسی ئەو گەشتەی سویسرا دەکەم، ڕۆژی ٢٠٠٩/٣/٥

به مەبەستی تاوتوێکردنی ئازادی ڕۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستان دیدارێکم بۆ ڕێکخرا لە ئوتێلی چوارچرا لەگەڵ بەڕێزان (ستیفی ئەسکام) سکرتێری دووەم لە نووسینگەی باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە هەولێر و (ریتشارد پیرس هنغان) ڕێکخەری دەوڵەتی عێراق لە نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی بەریتانیا (کومنویلث) لە لەندەن، دەستپێشخەرییەکە لای ئەوانەبوو کە دەیانەویست لە نزیکەوە گرفتی ڕۆژنامەنووسان و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان لە عێراق و کوردستان بین.

لەمیانی گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە کە ماوەی کاتژمێر و نیوێکی خایاند بە دوور و درێژی گرفت و چارەسەرییەکانم بۆ باسکردن هەر لەسەرەتای قۆناغی دوای ڕاپەڕین تاکو ئەم ڕۆژەی کە یاسای ژمارە (٣٥) دەرچووە کە گرفت و چارەسەر و ئازادی ڕۆژنامەنووسی بە یاسا ڕێکخستووە، لە هەمان کاتیشدا بۆم باسکردن کە ئەم یاسایە پڕۆژەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بوو لە ماوەی نزیك بە دوو ساڵ را و بۆچوونی سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی بۆ وەرگیراوە، ئەوجا باسی قۆناغەکانی دیکەم بۆ کردن تاکو بوو بە یاسا، سەرەڕای ئەوەی چەندین پرسیاری هەمەجۆری دیکەیان لێکردم، بەڵام بەنسبەت عێراقەوە گوتم (ئێمە لەسەر ڕۆشنایی ئەندامیەتیمان لە I. F. J بەپێی ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی ئەوان سەرەڕای پەیوەندی مێژوویمان لە عێراق هەمیشە دەرگامان بە ڕووی ڕۆژنامەنووسانی عێراق و سەندیکاکەیان والآیە و تاکو ئێستاکە چەندین کۆڕ و کۆبونەوە و وۆرك شۆپی هاوبەشمان ئەنجام داوە. هەردوو دبلۆماتکار بەجیا خۆشحاڵی خۆیان بۆ دانیشتنەکە و ڕونکردنەوەکان دەربڕی، ئەوانیش جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە گۆڕەپانی سیاسی لە کوردستان زەمینەی لەبارترە بۆ یارمەتیدانی ڕۆژنامەنووسانی عێرقا، لەدوایشدا وێنەیەکی یادگاریمان بەیەکەوە گرت.

بەمەبەستی سوودوەرگرتن لە بۆنە ڕۆژنامەوانیەکاندا دەمەویست (موبادەرە) بەدەست سەندیکاوە بێت، چونکە سەندیکا تاقەسوار یاخود

(شۆڕەسوار)ی ئەم بوارە بوو، بەندە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووم کەوا سەندیکا لە ناوچەیەتیەوە بەرەو دنیایەکی فراوانتر ببەم، بۆیە هەمیشە وابزانم برادەرانیش ئەم شایەدیەم بۆ دەدەن کە چۆن لەو خەمەدا بووم کە تەنها لە بازنەیەکی داخراو نەخولێینەوە، چونکە من لام وایە دەرچوون لە بازگەی تەسکی ناوچەیەتی لە کۆتاییدا سوودی بۆ دۆزی گەلی کورد تێدایە، کاتێ برایانم لە ئەنجوومەنی سەندیکا ئاگادارکردەوە کەوا پێویستە لە کۆنگرەکانی I. F. J بەشداری بکەین، پێویستە جل و بەرگی نەتەوایەتیمان بپۆشین چونکە بێگومان تاکو ئێستاکەش هەندێ نازانن کورد چییە و چی دەوێ، باشترین دەرفەتیش بۆ ئێمە رۆژی رۆژنامەگەریی کوردی کە رێککەوتی ٢٢ی نیسانە لە هەموو ساڵێك و کۆنگرەکانی I. F. J، بۆ پیادەکردنی ئەم بۆچوونە لە یادی (١١١)ی ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی کە رێککەوتی ٢٠٠٩/٤/٢٢ دەکات بۆیە رۆژی ٢٠٠٩/٤/١٠ سەرۆکایەتی کۆبونەوەیەکی تایبەتی ئەنجومەنی سەندیکام کرد چونکە پێشوتر بڕیار لەسەر هەندێ بڕگەی درابوو وەکو داوەتکردنی میوانانی بیان و بەرنامەی رۆژانی یادەکە، بەڵام کۆبونەوەی رۆژی ٤/١٠ تەنها بۆ پێداچوونەوە و جێبەجێکردنی وردەکارییەکان بوو، ئاهەنگی ئە ساڵە بۆ ئەم یادە و وەرگەڕانێکی بەرچاوی پێوەدیاربوو یەکەم بانگهێشتکردن و هاتنی کۆمەڵێك میوانانی بیانی کە بریتی بوون لە (جیمس دوهارت)ی نەقیبی رۆژنامەنووسانی بەریتانیا و ئیرلەندا، رەجەب مەزروعی سەرۆکی ئەنجومەنی سنفی رۆژنامەگەرانی ئێران و هاوسەرەکەی، ماشاء الله شمس الواعظین رۆژنامەنووس و شرۆڤەکاری گەورەی ئێرانی و محەمەد حەسەن نەجاڕ جێگری سەرنووسەری رۆژنامەی (الاخبار)ی میسری و رەجائی فاید شرۆڤەکار و رۆژنامەنووسی میسری کە دۆستی کوردە لە رۆژانی ٢٠٠٩/٤/١٧ ئاهەنگەکان بەم بۆنەیەوە لە باخچەکەی ئەنجومەنی سەندیکاوە دەستی پێکرد کە ئەویش بە رێزلێنانی خانەوادەی شەهیدانی رۆژنامەنووسی کوردستان کە تێیدا میوانانی بیانی ئەوانیشمان راسپارد کەوا رێزلێنانەکە بەسەر خانەوادەی شەهیدان دابەش بکەن، هەر لەو رۆژەوە تاکو ئێوارەی رۆژی ٢٠٠٩/٤/٢٤ لە

هەولێر و سلێمانتی و کەرکووك و دهۆك بەیاوەری میوانانی بیانی سەرەڕای چەند شوێنێکی دیکەی وەکو هەڵەبجەی شەهید و شاری سۆران کە ماوەی هەشت رۆژی خایاند وای لە (جیمس دوهارتی) بەریتانی کرد کە بڵێ (رۆژانی کوردستانم بیرناچێت، رۆژنامەنووسان و سەندیکاکەیان رۆڵی بەرچاو دەگێڕن و نەقیبەکەیان زۆر بە سادە و ساکارییەوە مامەڵە لەگەڵ هاوکارانی دەکات، کوردستان وڵاتێکی خۆش و سەرنج راکێشە، کاتێ لەو شوێنەی پێی دەگوترێ (دەربەندی کۆڕێ) فەرهاد باسی ئەو چەند تانکە(دەبابە)ی بۆ کردم کەوا لە لەشکری (سەدام حوسێن)یان ستاندوە و هێرشە بەدناوەکەیان راگرتووە خۆم پێڕانەگیرا و داوام لێکردن ئەگەر ئیجازەم پێبدەن وێنەیان لەگەڵ بگرم کە نیشانەی ئازایەتی میللەتی کوردە ئەگەر بۆم بڕەخسێ ساڵێکی دیکەش سەردانی کوردستان دەکەم.)

میوانەکانی دیکەش هەریەکە بە شێوازی خۆی سەرسوڕمانی خۆیان بە کوردستان و سەندیکا و کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان نیشان دا، (محمد حسن النجار)یش سێ وتاری لەژێر ناوی (أيامي في كوردستان) لە رۆژنامەکەی خۆی لە قاهیرە بڵاوکردەوە و ئێمەش لە گۆڤاری (الصحفي) وەکو خۆی بڵاومان کردەوە، ئەم کورتە بەسەرکردنەوەی ئەو جۆرە چالاکیانە بری هەندێ خوێنەر ناشکێنێ، بەڵام چونکە خوێنەوارانی ئەم بیرەوەرییانە زۆربەیان دوورن لە کاری رۆژنامەنووسی، بۆیە تەنها ئەم چەند دێڕەی سەرەوەم لەسەر نووسی، بەڵام ئەگەر خوێنەر بیەوێ بەتەواوی ئاگاداری رەوش و کار و چالاکییەکانی ئەو سەردەمی سەندیکا بێت ئەوا باشترین سەرچاوە هەردوو گۆڤاری (رۆژنامەنووس) بە زمانی کوردی و گۆڤاری (الصحفي) بە زمانی عەرەبی کە بەتەواوی وردەکارییەکانی تێدا بۆ مێژوو تۆمارکراوە.

لە کۆتایی رۆژی هەفتەی رۆژنامەگەریی کوردی کەوتینە سەر هێڵی کاری رۆژانەمان کە رۆژانە دوو دەوامی چڕوپڕمان دەکرد، تەنانەت شەوانیش تاکو درەنگانێك دەبوایە وەڵامی تەلەفۆناتی رۆژنامەنووسان بدەینەوە، چونکە

هەندێکیان وایان حەزدەکرد درەنگانی شەو قسەم لەگەڵ بکەم و خەوم لێ تاڵ بکەن، بەهەرحاڵ ئەمە زەریبەی کارە و دەبێت چاوەڕوانی بی، هاتنی دبلۆماتکارانی بیانیش بەردەوام بوو بەتایبەتیش ئەمریکی و بەریتانییەکان کە هەمیشە بەدوای وردەکاری ڕووداوەکانەوە بوون، ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٣٠ (ئارمادیسون کونسۆلی) سەرۆکی بەشی دبلۆماسی گشتی تیمی ئەمریکی بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان سەردانی کردین کە پێش دوو ڕۆژ لە هاتنی ئاگاداریان کردم و لە ماوەی ئاگاداری و هاتنیان دوو جار تیمی پشکنینی هەواڵگری سەردانی سەندیکایان کرد بەمەبەستی شارەزابوون و دڵنیابوون لە شوێنی کۆبوونەوە، منیش پێشوتر سکرتێر و ئەندامانی ئەنجومەنم لە هەولێر ئاگادارکردەوە، چونکە قەت حەزم نەدەکرد بەتەنها لەگەڵ دبلۆماتکارانی بێگانە دابنیشم، هاتنی ئەم دبلۆماتکارە ئەمریکیەکە بەخۆی و وەرگێڕی باوەڕپێکراوی خۆیان بەمەبەستی ئاگاداربوون لە ڕەوشی ڕۆژنامەگەریی کوردی و یاسای ژمارە (٣٥)، سەرەڕای باسکردنی پلانی تیمی ئەمریکی بۆ ئاوەدانکردنەوە لە کوردستان کە پەیوەست بووە بە پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان لە بوارە جیاجیاکاندا، ئێمەش سەرەڕای خۆشحاڵیمان بە هاتنیان و دەرخستنی ڕۆڵی تیمەکەیان لە کوردستان، جەختمان لەسەر ڕۆڵی سەندیکا کرد لە چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان.

پاش چەند ڕۆژێك (مادیسون کونسوڵی) نامەیەکی سوپاسگوزاری بۆ ناردم کە ئەمە دەقەکەیەتی:

**Embassy of the United States of America**
**Baghdad, Iraq**

بۆ بەڕێز فەرهاد عەونی
نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان
هەولێر / عێراق

بەڕێز کاک فەرهاد عەونی

ڕێگەم پێبدە ئەم هەلە بقۆزمەوە و لە ڕێگەی ئەم نامەیەوە سوپاستان بکەم بۆ ئەو میوانداریە گەرمە و ڕێزەی لەچەند هەفتەی ڕابردوو لەپێشوازی من و هاوکارەکەم سەرباز حاتەم نواندتان.

لە سەر بنەمای کۆبوونەوەکانمان، دەمەوێ پێشنیازی ئەوەتان بۆبکەم کەوا ئێمە دەتوانین هاوکاری ئەندامانی سەندیکا بکەین لە ڕێگەی خولی ڕاهێنانی توانای تەکنیکی. بۆ ئەوەی خولی بە سوود و باش پێش کەش بکرێ، هەبوونی کەل وپەل و پێداویستی ستاندار ئامرازێکی گرنگە کە سەندیکا دەتوانێ بەهۆیانەوە سوودی گرنگ بە ئەندامەکانی بگەیەنێت.

ئەگەر تۆ و ئەنجومەنی سەندیکا ڕازیبن، من پێشنیاز دەکەم هاوڕێکانم لەبەشی پەرەپێدانی تواناکان کۆببنەوە لەگەڵ سەندیکا و تیمی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی بۆ ئەوەی تاو و تۆێی ئەو ئامراز و کەلوپەلانە بکەین کە پێویستتانە.

چاوەڕێی وەڵامم لە بەڕێزتان.

زۆر سوپاس

مادیسۆن کۆنۆلی
بەرپرسی بەشی دیپلۆماسی گشتی
باڵیۆزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا
تیمی ئاوەدانکردنەوەی هەرێم

**هەروەها سەرلەبەیانی رۆژی ٢٠٠٩/٨/٣ "پیڤرلی سمپسون" جێگری قونسڵی گشتی بەریتانیا بۆ هەرێمی کوردستان و باکوری عێراق سەردانی کردین قسە و باس و گفتوگۆی نێوانمان ئەویش لەچوارچێوەی ئازادی و رۆژنامەنووس و رۆڵی سەندیکا لەم بارەیەوە بۆ کەسەندیکا پێی هەڵدەستێ لە بەرامبەریشدا (پێڤرلی) ئامادەی خۆیان نیشان دا بۆ هەماهەنگی لەگەڵ سەندیکا بۆ جێبەجێکردنی پلانی سەندیکا لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی رۆژنامەنووسان و داوای لێکردم و داخوازی و پێشنیارەکانیان بۆ بنێرم تاکو دیراسەتی بکەن بۆ جێبەجێکردنی لە رێگای دەزگا پەیوەندیدارەکان، لێرەدا دەمەوێ ئەوە بۆ خوێندەوارانی بەڕێز روونبکەمەوە کە ئێمە هەمیشە دژی داوای هاوکاری مادی یاخود کەلوپەلی تایبەتی یاخود**

هەر بابەتێك كە بۆنی یارمەتی لێ بێت و هەمیشە ئەوم بۆ ئەو باڵیۆز و دبلۆماتكارانە دەخستە روو كە سەندیكا لەسایەی بڕیاری پەرلەمانی كوردستانی كە حكومەتی هەرێمی كوردستانی پابەندكردووە بەبڕینەوەی بودجەی مانگانە بۆ سەرجەم لایەنە سیاسییەكان و رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی لە كوردستان هیچ پێویستی بەیارمەتی و هاریكاری مادی نییە، ئەوەی ئێمە لە بواری سەندیكایی و رۆژنامەنووس پێویستمان پێی هەیە هێنانی پسپۆڕ و شارەزایانی ئەم بوارەن بۆ كردنەوەی خولی راهێنان و مەشقكردن كە تێیدا ئێمە میوانداریشیان دەكەین.

لەسەرەتای مانگی ئەیلوولدا داوەتنامەیەكم لە پەیمانگای ئاشتی ئەمریكی پێگەیشت بەمەبەستی ئامادەبوونم لە كۆنگرەیەكی تایبەت بە (قەدەغەكردنی هاندان لە رۆژنامەگەریی عێراقیدا) كە لە ئەستەنبوڵ لە نێوان رۆژانی ٢٥-٢٠٠٩/٩/٢٦ دەبەسترا كە تێیدا سەرەڕای من رۆژنامەنووسان (فریاد رەواندزی سەرنووسەری رۆژنامەی الاتحاد و شوان محەمەد سەرنووسەری رۆژنامەی ئاوێنە و كوردە حەسەن جەلال بەڕێوەبەری گشتی رادیۆی (نەوا) و سروە عبدالواحید پەیامنێری كەناڵی ئاسمانی (الحرە) و هەڵگورد عبدالوهاب بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی رۆشنبیری كە هەموومان سەرەڕای جیاوازی را و بۆچونمان بەڵام وەكو (گروپی راگەیاندنی كوردستان) بەشداربووین.

كاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ بە تاكسی تەلەفۆنی بەرەو فڕۆكەخانە چووم، لەوێ رۆژنامەنووس (كیفاح سنجاری)یشم دیت كە ئەویش بۆ هەمان كۆنگرە بانگهێشت كرابوو، كاتژمێر (٤)ی ئیوارە گەیشتینە ئەستەنبوڵ و بە تاكسی بەرەو ئوتێلی شیراتۆن چووین، ژوورەكەی من ژمارە (٣٠٧) بوو، پاش پشودانێكی دووكاتژمێری هاتمە هۆڵی پێشوازی، لەوێ لەگەڵ فریاد رەواندزی یەكمانگرتەوە پاشان كیفاح و كامەرانیش هاتن، بڕیارماندا بەرەو گۆڕەپانی (تقسیم) و شەقامی (الاستقلال) بچین، شوێنەكە قەرەباڵغ و سەرنج راكێش بوو، تاكو نزیك كاتژمێر (١٢)ی شەو ماینەوە.

رۆژی پێنج شەممە ڕێککەوتی ٩/٢٤ کاتژمێر ٩,٣٠ دیسان هەرچوارمان بە دوو تاکسی بەرەو بازاڕی (گرانت بازاڕ) چووین و ماوەیەکی باش لە بازاڕە کەلتوری و سەرنج ڕاکێشەکە گەڕاین، بەڕێککەوت تووشی دوکانێکی (تەزبیح) فرۆش بووم کە تەزبیحی نایابی هەبوو، منیش وەکو حەزکردن بە کۆکردنەوەیان کە دەمێکە حەز لە بەکارهێنان و کۆکردنەوەیان دەکەم، دوو دانەی (کارەبا، عاج)م کڕی، پاشان لەوێوە بەرەو کەناری دەریا هەنگاومان نا، لەوێ سواری پاپۆڕێکی گەشتیاری بەرەو (خەلیجی بوسفور) چووین، دیمەنی ئەولا و ئەولا مرۆڤ توشی سەرسوڕمان دەکرد، ئەو وڵاتە یەزدانی گەورە چە جوانییەکی سەوزایی ئاوداری پێ بەخشیوە، بیرم لە کوردستان دەکردەوە کە چەند بێ دەریاین و سەرچاوەی ئاوەکانیشمان بەشی زۆری لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانە، ئێوارە کاتژمێر (٤) گەڕاینەوە، چونکە دەبوایە کاتژمێر ٧,٥ لە ئوتێل بین بەمەبەستی بەشداربوون لە کۆبوونەوە پێشەکیەکە کە هەمیشە بۆ خۆئامادەکرن بۆ ڕۆژی کۆنگرە ڕێکدەخرێ کە تێیدا باج و بەرنامەی کار دابەش دەکرێ.

هەینی، ٢٠٠٩/٩/٢٥، هۆڵی شیراتۆن، کاتژمێر ٨,٣٠ بەیانی کارەکانی کۆنگرە دەستیپێکرد لە سەرەتادا ڕێکخستنی کۆنگرەم باش نەدەهاتە بەرچاو، چونکە هەندێ لە ڕۆژنامەنووسە عەرەبەکان پێی هەڵسابوون، زۆرم لا سەیر بوو کە دەستەواژەی (ئەمریکا)یان بە هێزی داگیرکەر (قوات الاحتلال) بەکاردەهێنان و لەو جۆرە کۆنگرانەشدا خۆیان بە خاوەنی کۆنگرەکە دەزانی زیاتر لە ئەمریکییەکان، ئامادەبوان بەسەر پێنج گروپ دابەش بووین کە بریتی بوون لەگروپی (دەستەی گەیاندن و ڕاگەیاندن، گروپی ڕۆژنامەگەریی چاپکراو، گروپی ڕۆژنامەگەریی بینراو، گروپی تایبەت بە کاروباری حکومەت و پەرلەمان، گروپی ڕاگەیاندنی کوردستان)، لە دانیشتنی یەکەمدا خاتوو (زینب صالح شکر) کە جێگری بەڕێوەبەری پەیمانگایەکە بوو لە وتەیەکیدا هیوای خواست ڕۆژنامەنووسە عێراقییەکان بە هەموو پێکهاتەکانیەوە سوود لە

بەرنامەی پەیمانگای ئاشتی ئەمریکا وەربگرن بەمەبەستی (قەدەغەکردنی هاندان لە ڕۆژنامەگەریی عێراقیدا)، بابەتەکان زیاتر پەیوەندی بە عێراقییەکانەوە هەبوو وەکو خاتو (زەینەب) گوتی (دەتوانم بڵێم ئەم دیاردەیە لە کوردستان هەستی پێ ناکرێ)، بەڵام لە نێوان هەر چوار دانیشتنی ئەو دوو ڕۆژەدا بەشداری بەرچاومان هەبوو ڕۆژنامەنووسان فریاد ڕەواندزی و کیفاح مەحمود لە دوو گرووپی جیادا ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو، منیش پێشووتر (بابەتێکی دوو A٤)م ئامادەکردبوو بە زمانی عەرەبی لە ژێر ناوونیشانی (صحافة التحريض في العراق – غياب الافق الوطني والانساني – ڕۆژنامەگەریی هاندەر لە عێراق – نەبوونی ئاسۆی نیشتمانی و مرۆڤایەتی)، بەڵام چونکە کات بۆ خوێندنەوەی تەواوی نەبوو ناچاربووم بە چەند خولەکێك بابەتەکە کورت بکەمەوە و ڕایبگەیەنم پاشانیش (٥٠) دانەم کۆپی کرد و بەسەر ئامادەبوان دابەشمکرد لە پاش گەڕانەوەشمان لە گۆڤاری (الصحفي) ژمارە (٥٧) دەقەکەم بڵاوکردەوە.

لە ئێوارەی ڕۆژی یەکەمدا ٩/٢٥/ کاتژمێر ٧,٣٠ی ئێوارە هەموو گرووپە بەشداربووەکاان بە یەختێکی گەورەی گەشتیاری بەرەو کەناڵی بسفۆر بۆ ماوەی دوو کاتژمێر کە تێیدا لە ناو یەختەکە خواردن و خواردنەوە ئامادەکرابوو سەرەڕای مۆسیقاژەنین و گۆرانی گوتن، بەڵام گۆرانییەکان سەراپای (تورکی) بوون، بۆیە بەندە و فریاد ڕەواندزی ڕێککەوتین کە هەندێ پارەیان بدەینێ بۆ ئەوەی یەك دوو گۆرانی کوردیشمان بۆ بڵێن، ئەوەبوو پاش کەمێك گۆرانییەکی شوان پەروەر (جانێ، جانێ) لەگەڵ گۆرانییە دێرینەکەی ساڵانی حەفتا (یا موستەفا یا موستەفا) یان بۆ گوتین.

شەممە، ٩/٢٦، کاتژمێر ٩ لە هۆڵی کۆبونەوە ئامادەبووین، ڕاپۆرتەکان تەواوبوو بوون، بەڵام لێپرسراوی (اریکس) هەندێ پرسیاری ئاڕاستەی من کرد تێگەیشتم کە جۆرە هاندانێك بوو لەلایەن ڕۆژنامەنووسێکی عێراقی بەڵام من ڕاستەوخۆ کەوتمە قسە و هەڵەکانم بۆ ڕاستکردەوە و لە هەمان کاتیشدا پێم

راگەیاند کە هەر بە گەڕانەوەمان بۆ کوردستان (ئامادەم میوانداری ئەو و ئەو برادەری کە ئەو زانیارە شێواوەی داوەتی لە کوردستان بکەم بۆ ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیع بابەتەکانی بۆ روون ببێتەوە و خۆش ئازاد بێت لە گەڕان و سوڕان لە کوردستاندا)، کاتێ لێپرسراوی رێکخراوی (اریکس) زانی قسەکانم جدی و بەڵگە ئامێزن، داوای لێبوردی کرد و گوتی بە سەردان زیارەتی کوردستان دەکەم. دواشەویش لەگەڵ برایان فریاد رەواندوزی و کیفاح مەحمود جارێکی دیکە سەردانی (تەقسیم و جادەی ئیستقلال)مان کردوە لە یەکێ کافتریاکانی ئەم ناوچە قەرەباڵغە تاکو کاتژمێر (١١)ی شەو ماینەوە.

ماوەیەك بوو چۆکم ئازاری دەدام بەتایبەتی لە کاتی رۆیشتن و هاتنە خوارەوەی ئۆتۆمبیل، زۆرجار دەبوایە دەرمانی هێورکردنەوە(مسکن) بخۆم، بۆیە بڕیارمدا سەفەری ئوردن بکەم بۆ چارەسەری بەلام بۆ (ئوردن)م هەڵبژارد؟ دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار، یەکەمیان زمانی ئەم وڵاتە عەرەبیە و باش لێی حاڵی دەبم، دووەم عبدالودود الکوردی دۆستم کەسایەتیەکی ناسراو و شارەزایە، بۆیە کاتێ تەلەفۆنم بۆ کرد و گوتی (زوو وەرە دکتۆرێکی زۆر باش هەیە کە دکتۆری خێزانی ئێمەیە و دەرچووی وڵاتی ئەڵمانیایە و نەشتەرگەری چۆك و ئێسقانە، ئەوەبوو رۆژی ٢٠٠٩/١٠/٥ چومە عەمان و عبدالودود لە فڕۆکەخانە لە چاوەڕوانم بوو و گوتی هەر ئەمڕۆ ئێوارە دەچینە لای دکتۆر (محمد ابوحمادە)، بۆ ئێوارەکەی لەگەڵ ابوازاد سەردانی دکتۆر محمدمان کرد پاش وەرگرتنی وێنەی شوعاعی رەش و سپی و رەنگاوڕەنگ گوتی (چۆکت پێویستی بە نەشتەرگەری هەیە و نەشتەرگەریەکەش ئاسانە، هەر ئەو رۆژە کاك مستەفا ساڵح کەریم جێگری نەقیب و خەرامان محەمەد سکرتێری لیژنەی رۆژنامەنووسانی مێینە لە لقی سلێمانی سەندیکا و شێرکۆ حەبیبیش لە لەندەنەوە هاتبونە عەمان بەمەبەستی بەشداریکردن لە کۆنگرەیەکی هەرێمایەتی رێکخراوەکانی رۆژنامەنووسان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبی کە ئەویش لە رۆژانی ٥-٢٠٠٩/١٠/٧ لە عەمان دەبەسترا، ئەوان بە

حوكمی بەشداربووی کۆنگرەکە بوون لە ئوتێل دابەزیبون، بەڵام چونکە من بۆ کاری تایبەتی خۆم هاتبووم لە ڤێلاکەی عبدالودود الکوردی میوانداری کردم، بۆ ئێوارەکەش بەمەبەستی بەشداریکردن و دڵدانەوەی عبدالودود کە پێش (١٠) رۆژ لەم کاتە کوڕێکی بەناوی (عەلی) لە رووداوی ئۆتۆمبیل کۆچی دوایی کردبوو هەرسێکمان (بەندە و کاك مستەفا و شێرکۆ) رێککەوتین بۆ سەردانی ماڵی عبدالودود الکوردی کە لە ناوچەی (مرج الحمام)، لە دانیشتنەکەدا عبدالودود قەناعەتی پێهێنام کە عەمەلیاتەکە بکەم، زۆریش باسی لێهاتووی دکتۆرەکەی کرد، بەڵام دیسان من تەلەفۆنی پەروین و رێکانی کوڕم کرد تاکو بزانم رای ئەوان چییە لەسەر عەمەلیاتەکە، دیاربوو ئەوانیش رازی بوون پاش ئەو من را و بۆچوونی عبدالودوم پێ ڕاگەیاندن.

٢٠٠٩/١٠/٦، کاتژمێر ٩,٣٠ سەرلەبەیانی لەگەڵ هاوڕێم عبدالودود چوینە خەستەخانەی (القعوار)، چونکە دکتۆر محمد ابوحمادە شەوی رابردوو لەگەڵ عبدالودود رێککەوتبوو لەسەر شوێن و کاتی نەشتەرگەریەکە، کاتژمێر (١١) چومە ژووری نەشتەرگەری پاش دووکاتژمێر بەئاگاهاتمەوە چونکە بەنجی گشتی بۆ کردبووم عبدالودو منی گەیاندە ڤێلاکەی، منیش ئەو رۆژە لە ماڵەوە لێی راکشام و خۆم سەرقاڵی خوێندنەوە و تەماشاکردنی T. V کرد.

٢٠٠٩/١٠/٧ ئەو رۆژەش تاکو ئێوارە هەر لە ماڵەوە بووم، شێرکۆش شەو سەردانی کردم.

١٠/٨، رۆژێکی خۆش، کاتژمێر ٨,٣٠ عبدالودود خواردنی بەیانی بۆهێنابووم و پاش نان خواردن گوتی خۆت ئامادەبکە ئەمڕۆ گەشتێکی باکوری رۆژهەڵات دەکەین و لە دکتۆر أبو حمادەم پرسیوە کەوا دەتوانم لەسەری بڕۆم ئاساییە، بەڵام بۆ ئیحتیات زۆر بەپێ نەڕوا گۆچان بەکاربێنێ، تەلەفۆنی شێرکۆمان کرد ئەویش حەزی دەکرد وسێ قۆڵی بەرەو (جەرەش، عجلون) پاشان سەردانی قەڵای (ربط)مان کرد، عەجلون ناوچەیەکی دڵگیرە و پڕە لە دار

و درەخت و بەرزاییە، قەڵای (ربط) کە ئەویش هەر لەم شوێنەیە لەزەمانی فەرمانڕەوایەتی سەلاحەدین ئەیوبی ساڵی ١٢٨٠ی زایینی دروستکراوە، پاشان بەرەو شاری (اربد) چووین کە دووەم شاری ئوردنە، بە دیتنی (ئەربد) بابەتێکم بیرکەوتەوە کاتێ لە ساڵی ١٩٧٠ قوتابی قۆناغی چوارەمی زانکۆ بووم پەیوەندیمان وەکو یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی فەلەستینی زۆر بەهێز بوو، ئەوجا کاتێ لە نێوان فەلەستیینەکان و حکومەتی ئوردن بووە شەڕ و پێکدادان کە بە ئەیلوولی ڕەش (ایلول الاسود) ناسراوە، دیاربوو فەلەستینیەکان لە دەوروبەری شاری (ئەربد) تاکو سنوری ئیسرائیلیان بەدەستەوە بوو لەوکاتە یەکێ لە دروشمەکانیان (تحویل اربد إلى سوفیتات اربد) یانی گۆڕینی سیستەمی فەرمانڕەوای ئەربد بۆ شێوەی سۆفیەتات، یانی فەرمانڕەوایەکی لەسەر شێوازی سۆفیەتی (چەپ)، بۆیە کاتێ ئەم شارە بەربلاوەی (ئەربد)م دیت کە ئەم ناوچەیە سەدان هەزار فەلەستینی لەو ناوە دەژین و نزیك بە سنووری دەوڵەتی ئیسرائیلە. پاشان بەرەو (غور الاردن) چووین کە لە هەندێ شوێن سنووری نێوان ئوردن و ئیسرائیلە، کاتێ لە بەرزاییەکان بەرەو غور دەهاتینە خوارەوە هاتوچۆی ئۆتۆمبیل و جوتیارانی بەری ئیسرائیلمان لێوەدیاربوو، من لەگەڵ عبدالودود لە پێشەوە دانیشتبووم، شێرکۆش لە پشتەوە، کاتێ عبدالودود بە دەست ئیشارەتی بۆ ئەوبەر کرد کە ئەوبەر ئیسرائیلە، شێرکۆش کامیرای پێ بوو ویستی وێنە بگرێت، بەلام من ڕازی نەبووم وێنە بگرێت، چونکە لە بازگەکەی سەرەوەی ڕێگاکە بە کامێرای ورد چاودێری دەکرا، کاتێ گەیشتینە دوابازگەی نێوان لەلای ئوردنەوە بازگەکە ڕایانگرتین و کەوتنە پرسیار و وەلام (بۆ کوێ دەچن عێراقی قەدەغەیە بۆ ئەم ناوە بێت، وێنەتان گرتووە؟..........هتد)، ماوەی کاتژمێرێك ئێمەیان ڕاگرت، پێمان ڕاگەیاندن کە ئێمە وێنەمان نەگرتووە و کامیراکانمان خستە بەردەستیان، بەلام خوا هێنای لەم کاتە جێبێکی سەربازی جۆری ئەمریکی کە سێ ئەفسەری تێدابوو بە ڕێککەوت یەکێکیان عبدالودودی دەناسی و هاتنە خوار و ئێمەشی وەکو کورد بەوان ناساند، ئەوجا بەڕێزەوە ئێمەیان بەڕێکرد،

هەر بەناو غور کە دۆڵێکی کۆنی رووباری ئوردنە و ئیسرائیلەکان روویان گۆڕیوە، بەڵام ئوردنیەکان لەبەرئەوەی ئاوی هەیە یەکپارچە بووەتە ناوچەیەکی کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی میوەی هەمەجۆر، ئێوارەکەش لە ناوچەی (بحر المیت) لە ماڵی برای عبدالودود کە ناوی (ذیب الکوردی)یە لامان دا و نانمان لەوێ خوارد، کاتژمێر (١١)ی شەویش عبدالودود بەرەو فڕۆکەخانەی بردم، چونکە هەر ئەو شەوە گەڕامەوە هەولێر، کاتژمێر ٣,٥٠ خولەك گەیشتمەوە هەولێر.

دەبوایە پاش دوو مانگ جارێکی دیکە سەردانی ئوردن بکەمەوە بۆ لای دکتۆرەکانم، دکتۆر محمد ابوحمادە و دکتۆر محمد الارناؤطي کە دکتۆرێکی پسپۆڕی بواری شەکرە و غودەیە. بۆیە بە پێویستم زانی رێکانی کوڕیشم لەگەڵ خۆم ببەم کە ئەوکاتە (قوتابی بۆرد) بوو لە مێشك و دەمارەکان (الجملە العصبیە)، رۆژی ٢٠٠٩/١٢/٥ لەگەڵ رێکان بە هێڵی ئاسمانی بەرەو عەمان چووین، کاتژمێر (٧)ی بەیانی ئێمە گەیشتین، خوالێخۆشبوو قاسم الکوردی ابوئازاد لە فڕۆکەخانە لە چاوەڕوانیماندا بوو، دیسان لە هەمان ڤێلاکەی سەربەمەکەمول دابەزین نانی بەیانیمان لەگەڵ عبدالودود و ابوئازاد خوارد، پاشان کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ بۆ لای عیادەی (د. الارناؤطي) چووین کە پسپۆڕی شەکر و غودەیە و لەگەڵ رێکان کەوتنە پرسیار و وەڵام دەربارەی ئاستی نەخۆشییەکانی من و هەندێ دەرمانی بۆ گۆڕیم، سەرلەئێوارەی هەمان رۆژ سەردانی دکتۆری دووەم (د. محمد ابوحمادە)مان کرد ئەویش پاش پشکنینی سۆنار رێنمایی تازەی کردم، بەڵام دیسان من لە ئاکامی نەشتەرگەرییەکە زۆر رازی نەبووم کە تاکو رۆژانی نووسینی ئەم بیرەوەرییانە (٢٠١٥/١٢/٢٠) کێشەم لەگەڵی هەیە و چارەسەری کۆتاییش (گۆڕینی جومگە)یە لە دەرەوەی وڵات بەتایبەتی لە وڵاتی ئەڵمانیا کە چەندین دۆست و ناسیاو نەشتەرگەری گۆڕینی جومگەیان کردووە، بۆ شەویش عبدالودود الکوردی لە ماڵی خۆیان کۆمەڵێك برایانی کوردی ئوردنی لەبەر ئێمە داوەت

کردبوو کە تێیدا ئەو خواردنە ئوردنیانەیان دروستکردبوو کە پێی دەڵێن (مەنسەف) کە بریتیە لە تێکەڵاوی برنج و مریشك و باوی و کشمیش کە بە نانی تیری ئامادەکراوە، رۆژانی ٧ و ٨ بە گەڕان و سوڕان کە تێیدا سەردانی کتێبخانەکانی عەمان و زانکۆی ئوردنمان کرد، چونکە ڕێکانیش پێویستیی بە کڕینی چەند کتێبێکی پزیشکی هەبوو.

رۆژی ٢٠٠٩/١٢/٨ جارێکی دیکە سەردانی د. ابوحمادە کردەوە بەمەبەستی دەرزی لێدانی چۆك و شانم، رۆژانی دواییش بەهەمان شێوە سەردانی هەندێ شوێنی تازەمان کرد و شەوی ٢٠٠٩/١٢/$\frac{11}{12}$ گەڕاینەوە هەولێر.

لەو سەروبەندەدا چەندین شاند و کەسایەتی سەردانیان کردین لەوانە شاندێکی پارتی چەپی سویدی و ڕێکخەری ڕێکخراوی شیلتەر و نوێنەری پەیمانگای جەنگ و ئاشتی (iwpr) و برای رۆشنبیر (جەودەت سۆفی) کە چەند مانگێك پێش ئێستا بە یاوەری وەزیری رۆشنبیری کانتۆنی جنێف سەردانی کردین، رۆژی ٢٠٠٩/١٢/٣٠ خۆی و خاتوو ژنە سویسریەکەی لە ماڵی ئێمە میوانداریمان کردن و کاتێکی خۆشمان پێکەوە بەسەربرد.

دواشەو و دواکاتی ساڵی (٢٠٠٩)مان لە یانەی خێزانی ئاوێزە بەسەربرد (ئەوکاتە ئەندامی دەستەی باڵا بووم لەو یانە خێزانیە) لەگەڵ برا و خێزانەکانی بەڕێزان (سامان شالی، جەمیل مەحمود بگ، نهاد مستەفا) لەسەریەك مێز خواحافیزیمان لە ساڵی ٢٠٠٩ کرد و پێشوازیمان لە ساڵی ٢٠١٠ کرد بەو هیوایەی ئاشتی و ئارامی زیاتر باڵ بەسەر کوردستاندا بکێشێت.

لەسەرەتای ساڵی تازەدا وەکو نەریتی ساڵانە لەگەڵ سکرتێری سەندیکا رۆژنامەنووس حامد محەمەد عەلی کە زۆر تەبا و هاوڕابووین دەربارەی سەندیکا و پاراستنی بێلایەنی و ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکانی رۆژانە سەرەڕای

چاودێری و سەردانی لقەکان و نووسینگەکانی سەندیکا کە هەمیشە ڕۆژانە زیاتر لە چەند سەعاتێك پێکەوە لەسەر مێزی کارکردن لە ژورەکەی من سەرقاڵی ڕێکخستن و جێبەجێکردنی کار و بەرنامەکانمان بووین و من زۆر لە کاك حامد ڕازی بووم، چونکە هەمیشە ئەویش وەکو من بیری دەکردەوە و خەمخۆری ڕۆژنامەنووسان و پێشکەوتنی سەندیکا بوو، ئەویش وەکو من ڕۆژێك گوێم لێ نەبوو لایەنگیری لایەنێك یاخود ڕۆژنامەنووسێك بکات لەسەر حیسابی حەق و عەدالەت، بۆیە چونکە ئەویش هەمیشە لە هەوڵێر بوو بڕوای تەواوم بە ڕاستگۆیی و شەفافیەتی کارەکانی هەبوو کە تێیدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووس ئەکەد موراد سێکوچکەی ڕاپەڕاندن و بەڕێکردنی کارەکان بوین بۆ ویژدانیش دەڵێم لەسەرەتای دەستبەکاربوونی کاك ئەکەد کە پاش برای بەڕێزمان یونان هوزیا بوو بە ئەندامی ئەنجوومەن و لەبەر بڕوای تەواوم پێی پێشنیاری ئەوەم کرد کەوا ببێتە لێپرسراوی دارایی سەندیکا، هەمیشە لەبارەی سوعبەتەوە دەمگوت برایانی جولەکە و مەسیحی لە مێژووی عێراق و کوردستان ڕۆڵی دەستپاکیان دیوە کاتێ کە دەبونە لێپرسراو و وەزیری دارایی هەمیشە نمونەی (حسقیل ساسون) وەزیری دارایی عێراقی زەمانی مەلیك فەیسەڵی یەکەم و کەریم عەلەکەی وەزیری دارایی حکومەتی شێخ مەحمودی حەفیدم بەبیر دەهێنانەوە، بەرنامەی کاری (٦) مانگی یەکەمی سەندیکا سەرەڕای سەردان و بەشداری کۆڕ و کۆبونەوە و ۆرکشۆپ و پێشوازی بریتی بوو لە ئامادەکردنی بەڵگەنامەی (میساق)ی شەرەفی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ئامادەکاری بۆ بەرزڕاگرانی یادی (١١٢) ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە بەرگ و ڕەنگێکی جیاوازدا، هەندێ وردەکاری کاری ڕۆژنامەمان کە پێویستە بۆ مێژوو تۆماری بکەم، گرنگترینیان ئەمانەن:

یەکەم: پێشوازیکردن بەپێی بەرنامەی پێشوەخت (کە دەڵێم پێشوەخت هەمیشە جەختم لەسەر ڕێزگرتن لە کات و ساتدا گرتوە و بەبێ ڕێککەوتن و بەرنامە ئامادەنەبوومە نە سەردان بکەم نە پێشوازی لە شاند و گروپی بێگانە

بکەم، سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠١٠/١/٦ پێشوازیمان لە شاندێکی پەرلەمانی بەریتانی کرد کە بریتی بوون لە خاتوو (مارگرێت مەن) ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا و سەرۆکی گروپی پشتیوانی لە هەرێمی کوردستان و (کاری کیت) ڕاوێژکاری پەرلەمانی بەریتانیا و خاتوو بەیانی سامی عبدالرحمن نوێنەری حکومەتی هەرێم لەبەریتانیا گفتوگۆیەکان خۆی لەبازنەی ڕۆڵی سەندیکا لە چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان لەسەر ڕۆشنایی یاساکانی پەرلەمان، لەسەرەتادا خاتوو (مارگویت مەن) پرسیاری جۆری پێکهاتەی سەندیکای کرد کە ئایا تا چەند لایەنە سیاسییەکان کاریگەرییان لەسەر ڕێڕەوی سەندیکا هەیە، لە وەڵامدا گوتم (خاتونی بەڕێز ئەو قۆناغەی کوردستان پێیدا تێدەپەڕێ جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ بارودۆخی بەریتانیای گەورە هەیە، ئێمە چەند ساڵێکە بارودۆخی ئازادیمان بۆ هاتۆتە بەرهەم کە تێیدا لایەنە سیاسییەکانی سەر گۆڕەبانی کوردستان لە چەپ و ڕاست و دیموکرات عیلمانی و ئیسلامی هەموویان کۆکن لەسەر پاراستنی، بەنسبەت ڕاگەیاندنیش ٩٨٪ ڕۆنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان لایەنە سیاسییەکان و خاوەنداری دەکەن، بەڵام مەرج نییە ڕۆژنامەنووسان هەموویان هەڵگری بیروباوەڕی ئەم کەناڵانە بن، ئێمە لە سەندیکا مامەڵە لەگەڵ خودی ڕۆژنامەنووس دەکەین نەك بیروباوەڕی، پێکهاتەی سەندیکایش لە واقیعەوە هەڵقوڵاوە کە نوێنەرایەتی ئەو کەناڵانە دەکەن نەك بیروباوەڕی سیاسی ئەو کەناڵانە سەرەڕای ئەوەش چەند نەتەوە و ئایینی دیکە غەیری کورد و ئیسلام لە کوردستان هەیە، بۆ نموونە تورکمان، سریان، عەرەب، ئەمە لەڕووی نەتەوەییەوە، بەڵام لەڕووی ئاینییەوە (ئیسلام، مەسیحی، ئێزیدی، کاکەیی)، کۆکردنەوەی ئەو هەموو جیاوازییانە لەسەندیکا بەرجەستە بووە بۆیە ئەگەر سەندیکا بەرهەلایەکدا بکەوێ باڵانسەکە تێك دەچێ لەبەرئەوە ئێمە هەر هەموومان بەپێی دەستوور و یاسای سەندیکا کار دەکەین کە بەیاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨ لە پەرلەمان دەرچووە بۆیە بۆ مێژوو دەیڵێم هیچ لایەنێك تاکو ئەو ساتە نە لە نزیك نە لە دوور نزیکی کار و چالاکییەکانی سەندیکا

نەکەوتوون و لە راپۆرتە (٦) مانگییەکانیشماندا رەحم بە هیچ لایەنێك ناکەین بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، سەرەڕای ئەوەش لەناو سەندیکادا بەدەیان ئەندامی سەربەخۆ و بیٚ لایەنمان هەیە، کاتیٚ شاندی میوان بەهەستیارییەوە گوێیان لە قسەکانم بوو پەرلەمانتار (کاری گیبت)ی راوێژکار گوتی (زۆر سوپاس موحازەرەیەکی پوخت و پڕ و کورت و پڕبایەخت پێشکەش کردین، پێشوتریش خاڵی ئەرێنیمان لەسەر سەندیکایەکەتان بیستبوو ویستمان لە نزیکەوە بتانناسین ئێوە بە حەق بەشداری لە چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی دەکەن لە کوردستان، ئومێدەوارین بەردەوام بن لە کار و چالاکیەکانتان)، خاتوو بەیان سامی عبدالرحمن لەکاتی خوداحافیزی پێی گوتم (قسەکانت و شێوازی قسەکردنت کاریگەربوون).

پاش نیوەڕۆی هەمان رۆژ ٢٠١٠/١/٦ بەتەنیا و بەپێی مەوعید سەردانی تەلاری ئەنجومەنی وەزیرانم کرد بەمەبەستی دیداری بەڕێز (د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوکاتەدا رۆژنامەنووس زیرەك کەمال سەرەڕای ئەوەی ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکابوو بە راوێژکاریش لە سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم دامەزرابوو، کە لەو دیدارەدا ئامادەبوو ئەمە یەکەم سەردانم نەبوو بۆیە بە سوپاسگوزارییەکی زۆرەوە رۆڵی ئەرێنی ئەوەم (د. بەرهەم) هەڵسەنگاند و ئەم داواکارییانەشەم خستە بەردەمی:

١- قیرتاوکردنی رێگای نێوان شەقامی گشتی (سلێمانی – دوکان) و بەستنەوەی لەگەڵ بناری شاخی سورداش لەو شوێنەی ئەشکەوتی (جاسەنە) لەخۆدەگرێت، چونکە سەندیکا بەنیازە وەکو بەبەڕێزیانم راگەیاند کەوا ساڵیادی ١١٢ ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی لە ئەشکەوتی جاسەنەوە دەست پێبکات، چونکە لەو ئەشکەوتە مێژووییە کاتیٚ شێخ مەحمودی حەفید لە سلێمانییەوە پاشەکشەی کرد (انسحاب) لە ئاکامی شەڕی قارەمانانەی لەگەڵ ئینگلیز لە ساڵی ( ١٩٢٣) رووی لەم ئەشکەوتە کرد و رۆژنامەی (بانگی

حەق)ی لێ دەرکرد کە لای رۆژنامنووسان مانایەکی گرنگی خۆی هەیە چونکە یەکە رۆژنامەیە کە لە شاخ دەرچووە.

٢- ئامادەبوونی خۆی یانی بەڕێز دکتۆر بەرهەم و وەزیرە پەیوەندیدارەکان لە رۆژی ٢٠١٠/٤/٢٢ لە ئەشکەوتی جاسەنە چونکە رێوڕەسمەکە لەو ئەشکەوتەوە دەست پێدەکات، دکتۆر بەرهەم زۆر بەڕێزەوە پێشنیارەکەمی قبوڵکرد و هەر لەبەرچاوی من تەلەفۆنی بۆ بەڕێز وەزیری رێگاوبان (کاك کامەران ئەحمەد) کرد کە تاکو پێش ٢٠١٠/٤/٢٢ ئەم کارە تەواو بکرێت و ئامادەیی خۆیشی بۆ ئامادەبوون لە ئەشکەوتی جاسەنە لە کات و ساتی خۆیدا دەربڕی. کاتێ دکتۆر بەرهەم زانی بەم نزیکانە سەفەری (ئوردن)م لەپێشە پێشنیاری جدی بۆ کردم کەوا لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە (یارمەتی دارایی) بکرێم وەکو ئەو گوتی بۆ تۆ پێویستە و موستەحەقی، بەڵام من لە وەڵامدا گوتم (سوپاسی هەستت دەکەم پێویستم بە یارمەتیی دارایی نییە چونکە من مووچەی خانەنشینی پەرلەمانی عێراق وەردەگرم)، بەڵام هەر لەم کاتەدا داوای یارمەتیم بۆ رۆژنامەنووسێك کرد کە پێویستی بە نەشتەرگەری (کلیە) هەبوو لە دەرەوەی وڵات، جوامێرانە (٥٠٠٠) دۆلاری بۆ ئەم رۆژنامەنووسە سەرف کرد.

بۆ رۆژی ٢٠١٠/٤/١٣ داوام لە ئەندامانی ئەنجوومەن کرد کەوا کۆبونەوەیەکی نائاسایی ببەستین بە مەبەستی رێکخستنی بەرنامەی یادی (١١٢) ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی و بڕگە گرنگەکانی دی کە لە ئەجێندای رۆژانەی من و کاك حامد تۆمارمان کردبوو.

ئەوەبوو سەرلەبەیانی رۆژی ٢٠١٠/١/١٢ بەئامادەبوونی سەرجەم ئەندامانی ئەنجوومەن و یەدەگەکانی کۆبونەوەکە ئەنجام درا کە تێیدا وردەکاری بەرنامەی یادەکە و لەسەر رۆشنایی دیدارم لەگەڵ د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح کە تێیدا لەم کۆبونەوەیە باس لە بیرۆکەی کڕینی شوێنی مانەوە و کارکردنی حوسێن

حوزنی له ڕەواندوز لەگەڵ جێبەجێکردنی قیرتاوکردنی ڕێگای ئەشکەوتی جاسەنە لەلایەن د. بەرهەمەوە سەرەڕای خاڵ و بڕگەکانی بەرنامەی کار کە یەکێکیان بەناوی ئەنجوومەنەوە (داوامان لە سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کرد کە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا پابەندبن بە یاسای کاری ڕۆژنامەگەریی و ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و پرەنسیبەکانی ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسی کە زامنی پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان و سەرخستنی پرۆسەکەیە.)

لەسەرەتای مانگی (٢)دا سەردانی لقی سەندیکای کەرکووك و موسڵم کرد کرد کە بارەگاکەیان لە (بەعشیقە)یە لە ئیشوکارەکانیان زۆر ڕازیم، چونکە لەتیف فاتیح فەرەج سکرتێری لقی کەرکووك و غسان سالم سکرتێری لقی موسڵ زۆر ڕێك و پێك ئیش و کارەکانی خۆیان بە ئاسایی ئەنجام دەدا.

ڕۆژی ٢٠١٠/٢/١٥یش لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی نووسینگەی (سۆران) کۆبونەوەیەکم ئەنجام دا کە تێیدا سەرەڕای خاڵ و بڕگە پەیوەندیدارەکان بە کاری ڕۆژانەی خۆیان دوو بابەتی دیکەم لەگەڵ باسکردن، یەکەمیان بیرۆکەی کڕینی ئەو شوێنەی کە خوالێخۆشبوو بەهەشتی (حسین حوزنی موکریانی) لە ڕەواندز لێی ژیاوە و کاری تێدا کردووە بەمەبەستی ئامادەکردنی گۆڤاری (زاری کرمانجی)، چونکە لەڕاستیدا من دەمێکە بیر لە شەونخونی و ماندوبوونی ئەم دوو زاتە دەکەمەوە خوالێخۆشبووان (گیوی موکریانی و حسین حوزنی) کە بەڕاستی مەغدورن، بۆ ئەم مەسەلەیەش ڕۆژنامەنووس (محمد حاجی کەریم) کە لێپرسراوی نووسینگەکە بوو بەمانای وشەش لێپرسراوێکی لێهاتوو و ڕەوشت بەرز بوو و تاکو بڵێی بە دیسپلین و گوێڕایەڵی بڕیارەکان بوو زۆریشم ئومێد پێ بوو بۆیە ئەوم ڕاسپارد کە ئەو بە خودی خۆی مەسەلەی دۆزینەوەی (جێی نەزرگەی) حوسێن حوزنی بگرێتە ئەستۆ تاکو بەزوترین کات سەندیکا بیکڕێ و شوێنەکە ون نەبێت.

کاك محەمەد حاجی کەریم کارەکەی جێبەجێکرد و ئەو شوێنەی بۆ دۆزینەوە و لەگەڵ خاوەن موڵکەکەش قسەی کردبوو و ئەو بابەتەم لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەندیکا کە لە ٢٠١٠/١/١٣ ئەنجام درابوو رەزامەندی ئەنجومەنم پێ وەرگرتبوو، بەڵام بابەتەکە مایەوە تاکو رۆژنامەنووس محەمەد حاجی کەریم پوختەی بابەتەکە (خانوەکە، پانتایی، خاوەنی ئێستای، نرخی) بۆ ساغ کردمەوە، ئەوجا لەسەر رۆشنایی رەزامەندی ئەنجومەن و هەوڵەکانی رۆژنامەنووس محەمەد حاجی کەریم (رۆژی ٢٠١٠/٣/٢٤) بە فەرمانی کارگێڕی ١٣٣٨ بڕیاری کڕینی ئەو پارچە زەویەم جێگیرکرد کە پانتاییەکەی ٤٤٥م٢ لە گەڕەکی گوڵان لە رەواندز، ئێمە پێشوتر بڕی ئەو پارەی نرخی شوێنەکەمان هەبوو لە سندوقی سەندیکا و هەر زوو پارەکەم بۆ کاك محەمەد نارد تاکو کارەکە بەپێی ئوسوڵی و لە رێگای نووسینگەیەکی خانووبەرەوە بەپێی گرێبەست یەکلایی بکاتەوە، هەر لە هەمان رۆژیش ٢٠١٠/٣/٢٤ نامەیەکم بە نووسراوی ژمارە ١٣٤١ بۆ بەڕێز (د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح نارد بەمەبەستی سەرفکردنی بڕە پارەکەی کە کۆی (٣٥) هەزار دۆلار بوو لەگەڵ تێکڕای کۆنوس و نەخشە و پسولەی کڕینی زەویەکە، سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران رەزامەندی لەسەر خەرجکردنی ئەو بڕە پارەیەی تێچووی کڕینی زەویەکە لە رۆژانی ٢٠١٠/٨/١٦ بە نووسراوی ژمارە ٩٠٣٨ بۆمانیان جێبەجێ کرد. لێرەدا بۆ مێژوو دەیڵێم بەندە رۆژی شەممە رێککەوتی ٢٠١٠/٦/١٢ دیدارێکم لەگەڵ کاك نێچیرڤان بارزانی هەبوو ئەوکاتە ئەو وەکو جێگری سەرۆکی پارتی کوردستان ئیشوکارەکانی رادەپەڕاند، هەر جارێك بەندە کاك نێچیرڤان بارزانیم بدیتایە پێشەکی خۆم بۆ ئامادە دەکرد کە لەسەرەتادا داواکارییەکانی سەندیکا ئەوجا پێداویستییەکانی رۆژنامەنووسان بەکۆ و بەتاك، دواشتیت بابەتە تایبەتییەکانی خۆم، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەوەی پێویستی بکردایە نووسراوی رەسمیم بۆ ئامادەکردبوو تاکو پاش گفتوگۆ لەسەر بابەتەکە پێ ئیمزا بکەم بۆ ئەوەی بۆ کاتێکی دیکەی بەجێنەهێڵم، لەو دیدارەدا باسی مەغدوریەتی (حسین حوزنی)م بۆ کرد، هێندە لەسەری رۆیشتم لەپڕ قسەکانی

پێ بڕیم و گوتی (بەسەرچاو، چیت دەوێ بۆ خوالێخۆشبوو حوزنی دەیکەم)، بەبەڕێزیشیانم راگەیاند کەوا بەڕێز د. بەرهەم ئەحمەد سالح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕە پارەی کڕینەکەی کە (٣٥) هەزار دۆلارە بۆ خەرج کردین، بەلام لێرەدا بەدەق بە کاك نێچیرڤانم گوت (د. بەرهەم پارەی کڕینی ئەرزەکەی بۆ خەرج کردین ئەوەی لە بەڕێزتانم دەوێ بونیادنانی باڵەخانەیەکی چوارنهۆمی شایستە بە ناو و ناووبانگ و ماندوبوونی (حوسێن حوزنی موکریانی) بێت و شاری مەغدوری رەواندزیش پێی جوان و ئاوەدان بکرێتەوە کە بۆ بەڕێزتان بێگومان مێژوو تۆماری دەکات و دەمێنێ و حاجی قادری کۆیی رەحمەتیش فەرمویەتی:

***مـەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە***

***ئەوی باقی بمێنێ هەر نـــــــــــاوە***

ئەوجا جارێکی دیکەش گوتی (باشە، بەسەرچاو خۆت کۆمپانیایەکی دیزاینەر بدۆزەرەوە و چیت دەوێ جێگیری بکە پاشان بەندەی لێ ئاگاداربکەوە بە ئومێدی خودا جێبەجێی دەکەین)، پاش ئەو دیدارە کەوتمە خۆ بە پرسین و لێکۆڵینەوە، ناوی چەند کۆمپانیای ئەندازەی تەلارسازیمان دۆزییەوە کە یەکێکیان خاوەنەکەی دکتۆر (ئەندازیار وریا مەعروف)ـە و دەرچووی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو، ئەوجا چەند جارێك لەگەڵ برایان عبداللە زەنگەنە سەرنووسەری گۆڤاری سەندیکا (رۆژنامەنووس) و یوسف مەولود قەساب

بەڕێوەبەری کارگێڕی سەندیکا لە بازاڕی نیشتمان سەردانی د. وریامان کرد و بە دوور  و درێژی باسی بابەتەکەمان بۆ کرد، ئەویش گوتی دەبێت شوێنەکە ببینم ئەوجا قسەی لیٚ دەکەین، وابزانم لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلوول بوو ٢٠١٠/٩/١٦ لە رۆژێکی زێدە گەرمدا چوارقوڵی بەرەو رەواندزی پاشای گەورە ناوی خوامان لیٚ هێنا، لەوێش کاك محەمەدی حاجی کەریممان بەگەڵ کەوت و چوینە سەر شوێنی مەبەست کە لە لەلایەن سەندیکا کڕابوو، د. وریا کاتژمێرێك ئێمەی بە رۆژهەڵات و رۆژئاوا و شوێنی ئەرزەکە و دوور و نزیکی لە شەقام مەشغوڵ کرد ئەوجا زانیارییەکانی لای خۆی تۆمار کرد و گوتی (دەبێت بە نووسراوی رەسمی داوا لە کۆمپانیاکەمان بکرێت تاکو هەموو شتەکان رەسمی بێت)، بە نووسراوی ژمارە ١٦٥٧ لە رۆژی ٩/٢٢/ ٢٠١٠ نامەیەکم ئاڕاستەی کۆمپانیای (APCS) بۆ دیزاین و راوێژکاری دەربارەی خودی بابەتەکە کرد پاش تەواوبوونی دیزاینی باڵەخانەکە و خەرجی خەملێنراوی لەلایەن کۆمپانیای (APCS) نامەیەکم هاوپێچ بە هەموو بەڵگە و نەخشەی پێویست لە رۆژی ٢٠١٠/١٠/٥ بۆ بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی نارد کە دەقەکەی وەکو خۆی بڵاودەکەمەوە، ئەم لاپەڕانەی دوایی دۆسییەی تەواوی بابەتی ماڵی بەهەشتی (حوسێن حوزنی موکریانی)یە تا ئەو رۆژەی لە سەندیکا دەرچووم.

Kurdistan Journalist's Syndicate

نقابة صُحفيي كوردستان

مجلس النقابة

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

ئە نجوومە نی سە ندیکا

ژمارە: ١٢٣٨

رۆژ: ٢٠١٠/٢/٢٤

---

**فەرمانی کارگێڕی**

لەکۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان رۆژی ٢٠١٠/١/١٣ بەبۆنەی یادی (١١٢) ساڵەی رۆژنامەگەری کوردی بڕیاردرا بە کڕینی ئەو پارچە زەوییەی کە تایبەت بوو بەو چاپخانەی کە رۆژنامەی (زاری کرمانجی) لێ دەردەچوو لەلایەن (**حوسێن حوزنی موکریانی**) کە رووبەرەکەی (٤٤٥)م² لەگەڕەکی گوڵان لەشاری رواندز.

**فەرهاد عەونی**

**نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان**

**وێنەیەك بۆ:/**

جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان، بۆ ئاگاداریتان.

بەرپرسی دارایی، بۆ پێکهێنانی لیژنەی کڕین.

دۆسیەی تایبەت.

---

Email Address
govar111@yahoo.com
www.kurdistanjournalists.com

**تەلەفۆن**: (بگۆڕی سەندیکا ٠٠ ٤٨ ٢٢٩ ٠٦٦) - (کارگێڕی ٧٥ ١٨ ٢٢٢ ٠٦٦)

**ناونیشان**: هەولێر، شەقامی (٦٠) مەتری، بەرامبەر شوقەکانی زانیاری.

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
ئەنجوومەنی سەندیکا
ژمارە: ١٢٤ -
رۆژ: ٢٠١٠/٣/٢٤

Kurdistan Journalist's Syndicate
نقابة صُحفيي كوردستان
مجلس النقابة

## فەرمانی کارگێری

دوا بەدوای فەرمانی کارگێریمان ژمارە ١٣٣٨ لە ٢٠١٠/٣/٢٤ بریاردرا بە پێك هێنانی لیژنەی کرینی پارچە زەوی کە رووبەرەکەی (٤٤٥ مەتر دووجایە) لەگەرەکی گوڵان لەشاری رواندوز کەتایبەت بوو بە چاپخانەو ماڵ و شوێنی دەرچوونی رۆژنامەی(زاری کرمانجی) لەلایەن رۆناکبیری خوالێخۆشبوو **"حوسێن حوزنی موکریانی"**

لیژنەکە پێك دێت:-

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەکەد موراد | بەرپرسی دارایی | سەرۆکی لیژنە |
| ٢ | یوسف مەلود قەساب | بەرێوەبەری کارگێری ئەنجوومەن | ئەندام |
| ٣ | محەمەد حاجی کەریم | سکرتێری نووسینگەی سۆران | ئەندام |

**فەرهاد عەونی**
**نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان**

**وێنەیەك بۆ بەرێز:/**
- جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان بۆ ئاگاداری تکایە
- بەرپرسی دارایی بۆ ئاگاداری تکایە
- بەرێوەبەری کارگێری/ ئەندامی لیژنە بۆ ئاگاداری تکایە
- سکرتێری نووسینگەی سۆران بۆ ئاگاداری تکایە

تەلەفۆن: (بگۆڕی سەندیکا ٠٠ ٤٨ ٢٢٩ ٠٦٦) – (کارگێری ٧٥ ١٨ ٢٢٢ ٠٦٦)
ناونیشان: هەولێر، شەقامی (٦٠) مەتری، بەرامبەر شوقەکانی زانیاری.
Email Address
govar111@yahoo.com
www.kurdistanjournalists.com

Kurdistan Journalist's Syndicate

نقابة صُحفيي كوردستان

مجلس النقابة

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

ئەنجوومەنی سەندیکا

ژمارە: ١٤٤١

رۆژ: ٢٤/٢/٢٠١٠

**بەڕێز/ د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح**

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

سڵاوو رێز..

ئەنجوومەنی سەندیکا لەرێگای نووسینگەی سۆرانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەکۆبوونەوەی رۆژی ٢٠١٠/١/١٣ بڕیاری کڕینی ئەو پارچە زەوییەی کە رووبەرەکەی (٤٤٥)م[٢] لەگەڕەکی گوڵان (**رواندز**) کە تایبەت بوو بەو چاپخانەو ماڵ و شوێنی دەرچوونی رۆژنامەی (**زاری کرمانجی**) لەلایەن خوالێخۆشبوو رووناکبیر (**حوسێن حوزنی موکریانی**) لەشاری رواندوز ساڵی ١٩٢٥ دەردەچوو.

ئەنجوومەنی سەندیکا خوازیارە کە بەڕێزتان رەزامەندی بفەرموون لەسەر خەرجکردنی بڕی پارەی کڕینەکە کە بریتییە لە (٣٥,٠٠٠ $) سی و پێنج هەزار دۆلاربەپێی گرێبەستی هاوپێچ کە لەیادی (١١٢) ساڵەی رۆژنامەگەری کوردی بەسوپاسەوە ئەو بەخشەی بەڕێزتان لەگەڵ قیرتاوکردنی رێگای ئەشکەوتی جاسەنە لەرێورەسمی یادەکە رادەگەیەنرێ.

**لەگەڵ ئەوپەڕی رێزو سوپاسدا..**

**<u>هاوپێچ:/</u>**

گرێبەستی کڕین.

نەخشەی پارچە زەوییەکە.

پسوولەی کڕینی زەوییەکە.

کۆنووسی بڕیاری ئەنجوومەنی سەندیکا.

فەرمانی کارگێڕی.

**فەرهاد عەونی**

**نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان**

**<u>وێنەیەك بۆ بەڕێزان:/</u>**

جێگری نەقیب، بۆ ئاگاداریتان تکایە.

بەرپرسی دارایی سەندیکا، بۆ بەدواداچوون و کاری پێویست.

دۆسیەی تایبەت.

Email Address
govar111@yahoo.com
www.kurdistanjournalists.com

**تەلەفۆن:** (بگۆڕی سەندیکا ٠٠ ٤٨ ٢٢٩ ٠٦٦) – (کارگێڕی ٧٥ ١٨ ٢٢٢ ٠٦٦)

**ناونیشان:** هەولێر، شەقامی (٦٠) مەتری، بەرامبەر شوقەکانی زانیاری.

| هەرێمی کوردستان ـ عێراق | | اقليم كوردستان ـ العراق |
| --- | --- | --- |
| سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران | Kurdistan Regional Government | رئاسة مجلس الوزراء |
| سەرۆکایەتی دیوان | Council of Ministers | رئاسة الديوان |
| فەرمانگەی کاروباری کارگێری ودارایی | | دائرة الشؤون الإدارية والمالية |
| بەرێوەبەرایەتی ژمێریاری | | مديرية الحسابات |

ژمـاره: ٩٠٣٨ No:

ڕێکەوت: ٢٥/ خەرمانان/ ٢٧١٠ ی کوردی Date: ٢٠١٠/٨/١٦

**بۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەرێم**

**ب/ ڕەزامەندی**

ڕەزامەندی درا لەسەر خەرج کردنی بڕی (٣٥٠٠٠)(تەنها سی و پێنج هەزار دۆلاری ئەمریکی) بۆ کڕینی پارچە زەوییەک بە ڕووبەری (٤٤٥) م٢ لە گەڕەکی گولان (ڕواندوز) کە تایبەت بوو بە چاپخانە و ماڵ و شوێنی دەرچوونی ڕۆژنامەی (زاری کرمانجی) کە لەلایەن خوالێخۆشبوو ڕووناکبیر (حوسێن حوزنی موکریانی) لە شاری ئەواندز لە ساڵی ١٩٢٥ دەردەچوو بۆ جێبەجێ کردنی کاری پێویست.

*لەگەڵ ڕێزدا...*

**د. نوری عثمان عبدالرحمن**

**سەرۆکـــی دیـــــوان**

وێنەیەک بۆ:

- سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان/ ئەنجومەنی سەندیکا/ نوسراوتان ژمارە (١٣٤١) لە ٢٠١٠/٣/٢٤ بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا...
- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری.

Kurdistan Region - Erbil
Phone: +964 (066) 2220210 - 2230247 - 2230248
E- mail: council_of_ministers@krg.org
هەرێمی کوردستان - هەولێر
تەلەفون: ٢٢٢٠٢١٠ - ٢٢٣٠٢٤٧ — ٢٢٣٠٢٤٨ (٠٦٦) ٩٦٤+
منفى ٢٠١٠/٠٨/٠٩

Kurdistan Journalist's Syndicate

نقابة صُحفيي كوردستان

مجلس النقابة

**سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**

**ئه نجوومه نی سه ندیکا**

ژماره: ١٦٥٧

ڕۆژ: ٢٢/٩/٢٠١٠

**بەڕێز/ کۆمپانیای( APCS ) بۆ دیزاین و راوێژکاری بینا سازی**

سڵاوڕێز...

بەمەبەستی دانانی دیزاین و نەخشەکێشان بۆ ئەو پارچە زەوییەی کە ڕووبەرەکەی(٣٧٥م٢) لە گەرەکی گوڵان لە شاری ڕەواندز کە تایبەت بوو بە چاپخانەو ماڵ و شوێنی دەرچوونی ڕۆژنامەی زاری کرمانجی لە لایەن خوالێخۆشبوو روناکبیر(حوسێن حوزنی مۆکریانی) تکایە کاری پێویست ئەنجام بدەن لەگەڵ دیاری کردنی کۆی پارەی تێچووی بۆ ئەوەی ئاگاداری لایەنی پەیوەندیدار بکەینەوە بۆ ڕەزامەندی.

لەگەڵ ڕێزماندا

**فەرهاد عەونی**

**نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**

**وێنەیەك بۆ بەڕێزان:./**

- سکرتێری سەندیکا
- بەرپرسی دارایی
- دۆسیەی تایبەت


Email Address
govar111@yahoo.com
www.kurdistanjournalists.com

تەلەفۆن: (بگۆڕی سەندیکا ٠٠ ٤٨ ٢٢٩ ٦٦ ٠٦٦) – (کارگێڕی ٧٥ ١٨ ٢٢٢ ٠٦٦)

ناونیشان: هەولێر، شەقامی (٦٠) مەتری، بەرامبەر شوقەکانی زانیاری.

Kurdistan Journalist's Syndicate

نقابة صُحفيي كوردستان

مجلس النقابة

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

ئە نجوومەنی سەندیکا

ژمارە: ١٧١٥

ڕۆژ: ٢٠١٠/١٠/١٤

**بەڕێز/ بەڕێوەبەرایەتی گە نجینەی هەرێم**

**ب/ نوێنەر**

بەپێی نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران سەرۆکایەتی دیوان ژمارە ٩٠٣٨ لە ٢٠١٠/٨/١٦ ڕەزامەندی درا لەسەر خەرج کردنی بری(٣٥,٠٠٠ $) تەنها سی وپێنج هەزار دۆلاری ئەمەریکی لەبری کرینی پارچە زەوی بەرووبەری (٤٤٥م٢) لە گەرەکی کولان/رواندوز کە تایبەت بوو بە چاپخانەو ماڵ و شوێنی دەرچوونی ڕۆژنامەی زاری کرمانجی وەسەندیکا لەرێگای نووسینگەی بێخاڵ ئەو پارچە زەوی کری بە پیێ ی گرێبەستی هاوپێچ وە هەموو پارەکەی داوە بۆیە داواکارین لە بەرێزتان ئەو برە پارەیە سەرف بکەن.

وەئێمە لەلایەن سەندیکا(چەتۆ فازڵ) دەست نیشان دەکەین بۆ وەرگرتنی ئەو برە پارەیە تکایە کار ئاسانی بۆ بکەن.

لەگەڵ ڕێزمان

**هاوپێچ:**/.

گرێبەستی کرین

**فەرهاد عەونی**

**نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**

**وێنەیەك بۆ بەرێزان:**/.

سکرتێری سەندیکا

دۆسیەی تایبەت

Email Address
govar111@yahoo.com
www.kurdistanjournalists.com

تەلەفۆن: (بگۆڕی سەندیکا ٠٠ ٤٨ ٢٢٩ ٠٦٦) – (کارگێڕی ٧٥ ١٨ ٢٢٢ ٠٦٦)

ناونیشان: هەولێر، شەقامی (٦٠) مەتری، بەرامبەر شوقەکانی زانیاری.

**Kurdistan Journalist's Syndicate**

**نقابة صُحفيي كوردستان**

**مجلس النقابة**

**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**

**ئه نجوومەنی سەندیکا**

ژمارە:

رۆژ:

**برای بەرێزو خۆشەویست کاکە نێچیرڤان بارزانی**

سڵاو ورێز...

هیوای لەشساغی و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

لەدوادیداری بەڕێزتان بەندە پڕۆژەی بونیادنانی ماڵی خوالێخۆشبوو(حوسێن حوزنی موکریانی) لە ڕواندوزم بۆ پێشنیار کردن لە شوێنی ماڵە کۆنەکەی کەکاتی خۆی چاپخانەی لێداناوەو گۆڤاری(زاری کرمانجی)ی دەرکردوە.(ئەرزەکە بە ٣٥,٠٠٠ هەزار دۆلار سەندیکا کڕی و د.بەرهەم پارەکەی داینەوە)

لەسەر بڕیاری بەڕێزتان(بیرۆکەکەو نەخشەی ئەرزەکەم دایە کۆمپایای(APCS) هەندەسی کەوا هاوپێچ لەگەڵ ئەم نووسراوەمدا بۆتانی پێش کەش دەکەم لەگەڵ نەخشەی تەلار سازیەکەی کەبریتیە لەچوار نەهۆم خەرجییەکەش بریتیە لە ٨١٤,٥٠٠ هەزار دۆلار.

برای بەرێز

دوابڕیار بۆ بەڕێزتانە، هیوادارم پاش تاوتوێکردنی پڕۆژەکە لەگەڵ پسپۆڕانی ئەم بوارە کە بەرێزتان موتمانەت پێیان هەیە قسە بکرێ بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گونجاو بڕیاری لێبدرێت، پاشانیش هیوادارین کە ئێمەی لێ ئاگادار بکرێتەوە تاکو لە دۆسیە و راپۆرتی گشتی کۆنگرەی سێیەمی سەندیکا کە لە ٢٠١١/٢/٢٢ لە هەولێر دەبەسترێ تۆماربکرێت. کە ئەمەشیان دەبێتە جێگای ڕێزێکی تایبەتی بۆ مێژووتان

لەگەڵ ڕێزمان

**دڵسۆزتان**

**فەرهاد عەونی**

**٢٠١٠/١٠/٥**

تەلەفۆن: (بگۆڕی سەندیکا 00 48 229 066) – (کارگێڕی 75 18 222 066)

ناونیشان: هەولێر، شەقامی (60) مەتری، بەرامبەر شوقەکانی زانیاری.

Email Address
govar111@yahoo.com
www.kurdistanjournalists.com

| | | |
|---|---|---|
| **هەرێمی کوردستان – عێراق**<br>**ئەنجومەنی وەزیران**<br>**وەزارەتی داد**<br>**بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە**<br>**بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی سۆران** | **Kurdistan Regional Government**<br>Council of Ministers<br>Ministry of Justice | **اقليم كوردستان – العراق**<br>**مجلس الوزراء**<br>**وزارة العدل**<br>**مديرية التسجيل العقاري العامة**<br>**مديرية التسجيل العقاري سوران** |

ژمارە/ ٢٢٥
ڕێکەوت: ١٩/ ١٠/ ٢٠١٠ ... ٢٧ ی کوردی

No:
Date: / /2010


**بۆ /بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی/گە نجینەی هەولێر**

**ب/ پشتگیری**

ئاگاداری بەڕێزتان دەکەینەوە کەوا موڵکی زنجیرە ٤٧٣/٣ گەڕەکی قەڵای ڕواندز بەڕووبەری (٣٧٥)مەتر ڕەگەزەکەی بریتی‌یە لە(خانوو و زەویە) مامەڵەی فرۆشتن لەسەر ئەنجامدراوە لەلای ئێمە بەناوی (**سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان**) بەقەیدی ژمارە(٤٣ تشرینی یەکەم٢٠١٠ بەرگی ١٦٥) تۆمارکراوە،لەبەر ئەوەی لەم مانگەدا تۆمارکراوە بەپێی ڕێنماییەکەمان دەبێت مامەڵەکەی پەسند بکرێت لەلایەن دەستەی لێوردبوونەوەی نامەڵبەندی سۆران بۆیە ناتوانین وێنەی تۆماری پێ بدرێت بۆیە ئەو پشتگیریەمان بۆ کرد ... لەگەڵ ڕێزدا .

**خسرۆ إسماعیل سعید**
**بەڕێوەبەری تۆمارکردنی خانووبەرەی سۆران**
/ ١٠ / ٢٠١٠

**وێنەیەك بۆ/**
دۆسیەی موڵکی سەرەوە.




| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| HUSNI MUKRYANI s MUSEUM BUILDING -RAWNDUZ | | SECOND FLOOR | SCALE: 1/100 | APCS COMPANY<br>0750 455 85 31 - 0750 448 78 52 |
| DESIGN | DR. WIRYA NURI | CHECKED BY | DR. WIRYA NURI | |
| SKETCH | DLOVAN AHMED | DRAWING BY | DLOVAN AHMED | |

بەڵام سەد حەیف و مەخابن کە بەختی نووستووی بەهەشتی حوسێن حوزنی موکریانی و دەرچوونی بەندە لە سەندیکا لە هاوینی ٢٠١١ لە پاش تەواوبوونی کۆنگرەی سێیەمی گشتی سەندیکا ئەرکەکە کەمتەرخەمی تێداکرا، چونکە بەتەبیعەت خەمخۆر کەمن بۆیە کارەکان لە بازنەی خۆی خولانەوە ئەوەی کرا پاش دەرچوونی من لە سەندیکا تەنها دانانی بەردی بناغەی ئەو باڵەخانەیە بوو کە بە ئەرکی بەندە و برادەرانی هاتبووە بەرهەم، بەڵام سەد حەیف و مەخابنە کە نەقیب و ئەنجوومەنی دوای ئێمە تەنانەت بە بیریاندا نەهات کە لە ئاهەنگی دانانی بەردی بناغەکەش داوەتمان بکەن، ئەوجا خوێنەوارانی بەڕێز بزانن کە بێ ئەمەکی و بێ وەفاییش گەیشتووەتە چە ئاستێك!؟ لێرەدا بەداوای لێبوردنەوە ئەم بابەتەی حوسێن حوزنی موکریانی ئێمەی تاکو ئێرە راکێشا، ئێستا جارێکی دیکە دەگەڕێمەوە سەر بیرەوەرییەکانم بەپێی مێژووی رۆژانی خۆی.

دوو ئەرکی هەرەگەورەی ئەو رۆژانە کە لە بەرنامەی کارەکانماندا ئەولەویەتی بۆ داندرابوو بریتی بوون لە دوو بابەت، یەکەمیان یادی ١١٢ ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی کە جیاوازی لەگەڵ ساڵانی پێشوتری هەبوو کە دێمەوە سەری، دووەمیان خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرەی (٢٧)مینی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی کە ئەو ساڵە لە دورگەی (کادیز) لە وڵاتی ئسپانیا ئەنجام دەدرێ، بەنسبەت خاڵی یەکەم دەگەڕێمەوە سەر لاپەڕەی دەفتەری بیرەوەرییەکانم کە بەم شێوەیە تۆمارم کردوون:

٢٠١٠/٤/١٩، ماوەی چەند رۆژێکە لەگەڵ برادەرانی ئەنجوومەنی سەندیکا کە لە هەولێرن و بە پەیوەندی لەگەڵ کاك مستەفا ساڵح کەریم لە سلێمان و کاك بەهجەت هروری لە دهۆك سەرەڕای پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ سکرتێری لق و نووسینگەکانی سەندیکا لە کوردستان و بەغدا سەرقاڵی رتوشی کۆتایی بەرنامەی یادی (١١٢) ساڵە بووم چونکە بەرنامەی ئەم ساڵەمان بەرنامەیەکی پڕوچڕ بوو کە ئێستاکە باسی لێوەدەکەم:

٢٠١٠/٤/٢٠، ڕۆژێكی خۆش و بەهاراویە، ئامادەكارییەكان بەتەواوی ڕێكخراوە، ئەمڕۆ میوانە ئەوروپییەكان كە هەندێكیانمان بانگهێشت كردبوو لەگەڵ سەرۆك و سكرتێری فیدراسیۆنی IFJ بەڵام بەداخەوە پێیان ڕاگەیاندین كەوا بەهۆی بارودۆخی كارەساتە سروشتییەكەی (ئیرلەندا) كە تەوژمی بوركانەكە نایەوە نایەڵێ فڕۆكە هەڵبستێ بۆیە ناتوانن سەفەر بكەن و لەكاتی پێویست بگەنە كوردستان، بەڵام شاندی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی عێراق گەیشتن و ئێوارە كاتژمێر (٤) لە دانیشتنێكی دوولایەنیدا كۆبونەوەیەكمان ئەنجام دا بەمەبەستی پتەوكردنی پەیوەندی دووقۆڵی.

٢٠١٠/٤/٢١، ئەمڕۆ جگە لە سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی عێراقی ڕۆژنامەنووسانی بانگهێشتكراو بریتی بوون لە (یاسین النصیر، عبدالمنعم الاعسم، جمال العتابی) كە ئەوەی دواییان بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری كوردی بوو لە بەغدا، ئێوارە هەر هەمووومان بەرەو پاركی شەهید سامی عبدالرحمن بەڕێكەوتین چونكە دەستپێكی ئاهەنگی ئەو ساڵەی ڕۆژنامەگەریی كوردی بە مەراسمی ڕێزلێنان لە خانەوادەی شەهیدانی ڕۆژنامەنووس دەستی پێكرد كە لە ژێر دیواربەندی شەهیدان (نصب الشهيد) ڕێوڕەسمی ڕێزلێنانەكە دەستی پێكرد كە لەسەرەتادا بەندە و مۆید اللامی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی عێراق بە دانانی تاجەگوڵینە لەسەر دیواربەندەكە. ئەوجا پاشان ڕێزلێنانەكە دابەشكرا و نوێنەری خێزانانی ڕۆژنامەنووسانی شەهید لە وتەیەكدا سوپاسگوزاری خۆیان بۆ سەندیكا ڕاگەیاند، پاشان كاك نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر و بەندە وتارمان بەم بۆنەیەوە پێشكەش كرد ئەوجا وتاری IFJ پێشكەش كرا.

٢٠١٠/٤/٢٢، كاتژمێر (٥)ی بەیانی لە خەو هەڵسام لەگەڵ كاك زیرەك كەمال بەرەو سورداش– ئەشكەوتی جاسەنە بەڕێكەوتین، باران دەباری و كەش

و هەواش ساردبو، لە ئەشکەوتی جاسەنە هەموو ئامادەکارییەکان تەواو جێگیر بوو، پەیتا پەیتا رۆژنامەنووسان و میوانان دەهاتن، برایانی ئەنجوومەن لە هەولێر لەگەڵ شاندی سەندیکای عێراقی و میوانە عەرەبەکان بەیەکەوە گەیشتن، کاتژمێر ١٠,٣٠ د. بەرهەم احمد ساڵح سەرۆك وەزیران و کامەران وەزیری رێگاوبان و خوالێخۆشبوان د. کەمال فوئاد، شێرکۆ بێکەس و حەمەنوری تۆفیق و بەڕێز سەلاحی موهتەدی و کاك مستەفا ساڵح کەریم لەگەڵ ئەندامانی لقی سلێمانی و شوان داودی و ئەنوەر حوسێن ئامادەبوون، رێوڕەسمی ئاهەنگەکە بە سەردانی ئەو ئەشکەوتەی جاسەنە دەستی پێکرد بەیادی ئەو رۆژەی کە پێش (٨٧) ساڵ شێخ مەحمودی حەفید لەکاتی کشانەوەی بۆ شاخ رۆژنامەی (بانگی حەق)ی تێدا دەرکرد، کاتێ مرۆڤ تەماشای سروشتی ئەم ناو شاخە بەردینە دەکات سەری دەسوڕمێ چۆن پێش ئەوەندە ساڵە تواندراوە لەم بارودۆخ و لەم سروشتەدا رۆژنامە دەربچێ، بەڵام ئەوە هەر لە شێخ مەحمود و لەو نوخبە رۆشنبیرییەی دەوروبەری شێخ مەحمود دەوەشێتەوە کە سەرەڕای هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی هێزی ئینگلیزەکان بیر لە دەرچوونی (بانگی حەق)یش بکرێتەو، خوالێخۆشبوو ساڵح دیلانی شاعیر چاکی گوتووە کە دەڵێ:

*کورد شۆڕەسوری وەك شێخی بووبێ*

*ســـــەر نەوی نـــــاکا لە بۆ بێگانە*

ئەرکی رازاندنەوە و رێکخستنی ناو ئەشکەوتەکە بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری سلێمانی پێی هەڵسابوو، پاش بەسەرکردنەوەی ئەشکەوتەکە لە خوارەوە بەچەند مەترێك خێوەتێکی گەورە بۆ میوانان هەڵدرابوو لەگەڵ باران بارینی بەلێزمە رێوڕەسمەکە بە شێوەیەکی رێکوپێك بەڕێوەدەچوو.

کاك مستەفا ساڵح کەریم جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسان وتاری ئەنجوومەنی سەندیکای پێشکەش کرد پاشان د. بەرهەم احمد ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وتارەکەی بەناوهێنانی من (خۆشەویستم فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان) دەستپێکرد کە نیشانەی تێگەیشتن و بەهەندوەرگرتنی جێگە و پێگەی نەقیب و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بوو کە تێیدا سەرەڕای باسکردنی شکۆمەندی یادە پیرۆزەکە و بەرز نرخاندنی رۆڵی سەندیکا لە خزمەتی رۆژنامەنووسان و چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسان لە کوردستان باس لە گرنگی یاسای ژمارە (٣٥)ی کاری رۆژنامەنووسی کرد کە سەندیکا پرۆژەکەی گەڵاڵە کردبوو، مؤید اللامیش وتاری سەندیکای رۆژنامەنوسانی عێراقی خوێندەوە، پاشانیش مەلا عەبدوڵڵا مەلای گوندی جاسەنە وتارێکی بەم بۆنەیەوە پێشکەشکرد، لە دوابڕگەی وتارەکانیشدا خاتوو مەهابادی شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی نەمر وتارێکی بەپێزی خوێندەوە وێڕای باس لە رۆژانی سەختی دەرچوونی (بانگی حەق) کرد کە لەو رۆژگارەدا پێش ٨٧ ساڵ لەناو ریزبەندی دوڵ و ئەشکەوتی بەردینەی سورداش لەدایکبووە، خوالێخۆشبوو حەمەنوری تۆفیقیش کە سکرتێری لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بوو وتارێکی رێکوپێکی پێشکەس کرد کە لە بیریشی نەچوبوو داواکارییەکانی رۆژنامەنووسانی لقی سلێمانی بەگوێی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دووپات بکاتەوە، کەشوهەوای ئەم رۆژەم بیرناچێتەوە، بۆ نێوەڕۆکەش خاتوو (مەهابادی حەفیدزادە) خواردنی بۆ (٢٠٠) کەس ئامادەکردبوو لە یەکێ لە ئوتێلەکانی دوکان و لە هۆڵێکی گەورەدا خواردنە کوردەوارییەکان خوران. پاش تەواوبوونی مەراسیمی ئەو رۆژە هەرکەسە بۆ شوێنی خۆی گەڕایەوە، بەڵام من و کاك مستەفا ساڵح کەریم بەرەو چەمچەماڵ رۆیشتین بۆ کردنەوەی (افتتاح)ی چاپخانەکەی رۆژنامەنووس شوان داودی، پاش رێوڕەسمی کردنەوەی چاپخانەکە کە تێیدا وتەیەکم پێشکەش کرد وتم (پێش چەند ساڵێك ئێرە گۆڕەپانی مەرگەساتی ئەنفال و قڕکردنی کوردان بوو،

بەڵام لە سایەی بارودۆخی دوای راپەڕین بووەتە شوێنی دانانی ئامێری چاپی وشەی کوردی کە پێویستە بە یەکڕیزی هەمووومان بیپارێزین))، شەوەکەشی لەگەڵ کاك مستەفا گەڕاینەوە هەولێر.

هەینی، ٤/٢٣، بەپێی بەرنامە لە هۆڵی سەرەوەی ئوتێل سای گول لە هەولێر سیمینارێکی فراوان رێکخرابوو کە تێیدا (١٢٠) رۆژنامەنوس لەگەڵ میوانەکانی سەندیکای عێراقی و رۆژنامەنووسە عەرەبەکان ئامادەبوون کە خۆی لە دوو دانیشتنی پێش نیوەڕۆ دەدیتەوە کە تەرخان کرابوو بۆ شێرکۆ حەبیب کە تێیدا دەربارەی (یاسا و رۆژنامەگەریی) قسەی کرد پاش ئەویش رۆژنامەنووس (ستران عبدالله) سەرنووسەری رۆژنامەی کوردستانی نوێ دەربارەی (کارێك کە پێی دەگوترێ رۆژنامەگەریی) قسەی کرد، هەردوو موحازەرەکەی رۆژنامەنووسان شێرکۆ و ستران چەندین گفتوگۆی بەدوای خۆیەوە هێنا، لە دانیشتنی ئێوارەشدا کە تەرخان کرابوو بۆ گفتوگۆ دەربارەی میساقی شەرەفی رۆژنامەنووسانی کوردستان کە ئەویش گفتوگۆیەکی زۆری هەڵگرت.

شەممە، ٤/٢٤، رۆژی دووەمی سیمینارەکانی هەولێر تەرخان کرابوو بۆ رۆژنامەنووسانی ئافرەت کە تێیدا رۆژنامەنووس (لیدیا بابا) موحازەرەیەکی دەربارەی (یەکسانی کۆمەڵایەتی لە راگەیاندن) پێشکەش کرد و دوابەداوی ئەویش رۆژنامەنووسی عێراقی (عبدالمنعم الاعسم) کە ئەویش دەربارەی (جەندەر) را و بۆچوونی خۆی لە موحازەرەیەکدا پێشکەش کرد. دانیشتنی دووەمی ئێوارەی هەمان رۆژ تەرخان کرابوو بۆ رێزلێنان لە رۆژنامەنووسانی خانەنشین کە یاسای سندوقی خانەنشینی رۆژنامەنووسانی کوردستان لەخۆیگرتبوون.

یەك شەممە، ٤/٢٥، کاتژمێر (٧)ی بەیانی بە دوو ئۆتۆمبیل لەگەڵ میوانان بەرەو رەواندوز بەڕێکەوتین، کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ رێوڕەسمەکە لە

ماڵەکەی خوالێخۆشبوو (حوسێن حوزنی موکریانی) (ئەو خانوەی کە لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسم لە کڕینەکەی کردووە) دەستی پێکرد بە کردنەوەی پێشانگای مامۆستا (زرار)ی ڕەواندزی کە بریتی بوو لە چەندین وێنەی ئەم شارە دێرینە و کەسایەتییەکانی، پاشان لە هۆڵی ناوچەی گەشتیاری (پانك) مەراسیمەکە درێژەی کێشا، کە تێیدا وتارێکم بەناوی (لە ئەشکەوتی جاسەنەوە لە شاخی سورداش کە بانگی حەقی تێدا لەدایکبوو بۆ ڕەواندزی پایتەختی میرنشینی سۆران کە لەسەردەستی حوسێن حوزنی شەونخوونی زاری کرمانجی لەدایکبوو).

ئەوجا ڕۆژنامەنووسان مومتاز حەیدەری و شادمان مەلاحەسەن هەریەکە بابەتێکیان بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرد، نیوەڕۆیەکەش وامان ڕێکخستبوو کە نووسینگەی سۆرانی سەندیکا و ڕۆژنامەی زاری کرمانجی داوەتی نانخواردنی نیوەڕۆی ئامادەبوان بکەن کە تێیدا بەڕێزان سیروان سیرینی قائیمقامی ئەوکاتەی ڕەواندز و ڕۆژنامەنووسان فەرحان جەوهەر سەرۆکی دەزگای زاری کرمانجی و محەمەدی حاجی کەریم و ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسانی ئەو دەڤەرە ئامادەبوون. ئێوارەکەش پاش گەڕانەوەمان ئەنجوومەنی سەندیکا کۆبونەوەیەکی تایبەتی بە هەڵسەنگاندنی ئەم یادە ئەنجام دا و ڕاگەیاندراوێکمان لەم بارەیەوە بڵاوکردەوە، لەسەرەتای کۆبونەوەکە بە برایانی ئەندامانی ئەنجوومەنم گوت (وابزانم یەکەم جارە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی یادێکی وا فراوان و چڕوپڕ و هەمەلایەن بکرێتەوە کە ئەمەش لە ئاکامی ماندووبوونێکی زۆر هاتووەتە کایەوە، هیوادارم هەموو ساڵێك بتواندرێ ئەم یادە بەم شکۆدارییە بکرێتەوە.

بۆ ڕۆژی دواتریش لەگەڵ برایان سکرتێری سەندیکا و لێپرسراوی دارایی تەسویەی خەرجییەکانی ڤیستیڤاڵەکەمان کرد و کاك ئەکەد موراد لێپرسراوی دارایی ڕاسپێردرا کەوا ڕاپۆرتێکی پوخت و تێروتەسەل ئامادەبکات دەربارەی خەرجییەکان بۆ کۆبونەوەی داهاتووی ئەنجوومەن.

**لەسەرەتای مانگی ئایاری ئەم ساڵە ٢٠١٠ سەرقاڵی خۆئامادەکردن بووین بۆ بەشداریکردن بۆ کۆنگرەی (٢٧)ەمینی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی IFJ کە لە ئسپانیا ئەنجام دەدرا دەبوایە ئێمە یان لە رێگای لوبنانەوە داوای فیزا و سەفەر بکەین، چونکە ئەوکاتە وابزانم سەفارەتی ئسپانیا لە عێراق نەکرابوەوە.**

17

**من لە رێگای ئوردنەوە چونکە ئەوکاتە (إقامە)م هەبوو، شەوی ٢٠١٠/٥/18 سەفەری ئوردنم کرد و سەرلەبەیانی رۆژی ٥/١٨ کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ سەردانی قونسڵیەی ئسپانیام کرد، پاش ئەوەی داوەتنامەکەم پیشان دان و داوای پارەی فیزایان لێکردم کە (٥٠) دیناری ئوردنی بوو گوتیان سبەی سەرمان لێ بدەوە، بۆ ئێوارەش کاک مستەفا لە سلێمانیەوە گەیشت و یەکترمان دیتەوە.**

**٢٠١٠/٥/١٩، لەگەڵ کاک مستەفا ساڵح کەریم باوکی ئازاد بەرەو قونسڵیەی ئسپانیا چوین، جۆری مامەڵەی ئسپانیەکانم شارستانیانە نەدەهاتە پێش چاو، ئەو رۆژە لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانیەوە لە چاوەڕوانیدا بووین، تاکو کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ وەکو بڵێ (خێر) بە مرۆڤ بکەن، لێرەدا بڕیارم دا لە کۆنگرە ئەگەر فیزایان پێدام گلەیی و گازندە ئاڕاستەی لیژنەی راپەڕاندنی IFJ بکەم کە دەبوایە بە لیست ناوەکانیان پێشوتر بە قونسڵخانەکانی ئسپانیا بدابایە بۆ ئەوەی کارئاسانی بۆ بەشدارانی کۆنگرە بکرێت، بەهەرحاڵ گوتیان سبەی سەر بدەنەوە، لەڕاستیدا زۆر ئومێدم نەبوو، کاک حامد محەمەد عەلیش لە دیمەشقەوە تەلەفۆنی بۆ کردم کە لەوێش هەمان قسەیان پێ گوتوون، چونکە کاک زیرەك و کاک حامد و کاک بەهجەت هروری و کاک شوان داودی و کاک ئەنوەر حوسێن لە دیمەشقەوە بەنیازی هاتن بوون گوایە لە رێگای سوریاوە کارئاسانی زیاتر دەکرێ، بەڵام واپێدەچێت هەمووی یەك بڕیارە بەنسبەت**

هەڵگرانی پاسپۆرتی عێراقی، ئێوارە تاکو درەنگانێك لەگەڵ کاك مستەفا لە کافتریای (ڤێرنیاردو) کاتمان بەسەربرد.

پێنج شەممە، ٥/٢٠، رۆژێکی خۆش و فێنك ، ئەوە بۆ رۆژی سێیەم سەردانی قونسڵیەی ئسپانیا دەکەم، کاتژێر (١٢)ی نیوەڕۆ من و کاك مستەفایان بردە ئەودیوی کوریدوری پێشوازی پاش (١٠) خولەك قونسڵ داوای منی کرد، دەربارەی فیزا بۆ عێراقییەکان گوتی (ئێمە لێرە فیزا بەعێراقیەکان نادەین، تەنها لە دیمەشق دەدرێ، بەڵام چونکە تو موافەقەتی فیزا (شنگن) لە سەفارەتی سویسرا بۆ دەرچووە ئەوا بۆ ماوەی (١٠) رۆژ فیزای ئسپانیات پێ دەدەین) من لە سەفەری پێشووم بۆ ئوردن لەبەرئەوەی داوەتنامەی وەزیری رۆشنبیری کانتۆنی (جنێف)ی سویسرام هەبوو و داوای فیزام کردبوو بۆ سویسرا، کە ئەو رۆژە زانیم موافەقەتم بۆ کراوە کە پاشان باسی ئەم سەفەرەی سویسراشتان بۆ دەکەم، بەڵام بۆ کاك مستەفا سەرەڕای باسی هەمان هۆکاری سەردانی ئیسپانیامان کرد بەڵام بێ سوود بوو، لەڕاستیدا زۆرم پێ ناخۆش بوو، چونکە تو کاتێ لەگەڵ هاوڕێکەت بەنیەتی سەفەرێکی هاوبەشی کاتێ بۆ یەکێکتان مەیسەر بوو بێگومان بۆ ئەوی دیکە و بۆتۆ ناخۆشە بەتایبەتیش بۆ بەندە و کاك مستەفا بۆ سەفەرێك کە هەردووکمانی پێوە پابەندە، من فیزام وەرگرت کە هاتینە دەرەوە یەکسەر تەلەفۆنی شێرکۆ حەبیبم کرد لە لەندەن بەجدی داوام لێکرد کە دواهەوڵی خۆی لەگەڵ سکرتاریەتی IFJ بخاتە گەڕ بەمەبەستی پێدانی فیزا بۆ کاك مستەفا، لەهەمان کاتیشدا کاك جەمال حوسێن ئەندامی ئەنجوومەن کە ئەویش لەڕێگای سوریاوە دەیەویست لەگەڵ برادەران فیزا وەربگرێ تەلەفۆنی بۆ کردم کەوا ئەو و شوان داودی و ئەنوەر حوسێن فیزایان پێنەدراوە، لەڕاستیدا غەمەکەم بووە دوو غەم، چونکە سێ ئەندام لە دیمەشق و کاك مستەفاش لە عەممان لە سەفەرەکە بێبەش دەبوون، بۆ من زۆر ناخۆش بوو، پێشوتریش بڕی پارەی

تەواوم بۆ هەر هەموومان لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران (کابینەی د. بەرهەم) دابین کرابوو و پارەکەشیان پێدرابوو، چونکە من بەپێی بەرنامەکە نەخشەم وا داڕیشتبوو کە دیسان هەر (٩) ئەندامی ئەنجوومەن لەگەڵ شێرکۆ وەکو کۆنگرەی مۆسکۆ بەجلی کوردییەوە بەشداری لە کۆنگرەی ئسپانیاش بکەین سەرەڕای ئەوە کە پێشوتر شوان داودی و جەمال حوسێن لەو جۆرە کۆنگرە نێودەوڵەتییە بەشدارییان نەکردووە، بەڵام چی دیکە کارەکە لەدەستی تۆدا نییە و وڵاتێکە ڕێسا و یاسای تایبەتی خۆی هەیە.

ڕۆژی ٢١ و ٢٢ لەگەڵ کاك مستەفا بە گەڕان و سوڕان بەناو عەماندا کاتمان بردە سەر، چونکە من ڕۆژی ٥/٢٣ بڕیارە بەپێی پلیتی تەیارە سەفەری ئسپانیا بکەم.

یەك شەممە، ٢٠١٠/٥/٢٣، کاتژمێر (٥)ی سەرلەبەیانی بەتاکسی بەرەو فڕۆکەخانەی عەمان چوم، کاتژمێر ٧,٥٥ دەقیقە تەیارەکەمان فڕی، کاتژمێر ١,١٥ دەقیقە گەیشتمە (مەدرید)، فڕۆکەخانەی مەدرید زۆر گەورە و فراوانە، دەبوایە تاکو کاتژمێر (٥)ی ئێوارە لە چاوەڕوانیدا بم، بەڵام خودا هێنای کوڕێکی عێراقیم لێ پەیدابوو کە ناوی بەکر بوو و ماوەی (١٠) ساڵە دانیشتووی ئەم وڵاتەیە، کاتێ زانی یەکەم جارمە مەدرید دەبینم (چونکە لە تەیارە لە تەنیشتم دانیشتبوو و یەکترمان ناسی)، پێشنیاری بۆ کردم کەوا ئامادەیە ئەم ماوەیەم (٣) کاتژمێر لە مەدرید بە تاکسی بمگەڕێنێ و پاشان بمهێنێتەوە فڕۆکەخانە، من لەو شتانە هەمیشە توشی قەلەقی دەبم، بەڵام وەکو لێکم دایەوە تازە من لە مەدریدم تەنانەت ئەگەر تەیارەش بەجێی هێشتم بە تەیارەی دووەم دەڕۆم، جارێ کات ماوە پاشانیش مەدرید ئەوە دێنێ مرۆڤ ئەو موجازەفەیەی بۆ بکات، بۆیە لەگەڵ کاك بەکر بە تاکسی تاکو کاتژمێر ٤,٣٠ سەرتاسەری مەدرید گەڕاین، زۆر شوێنی پیشان دام، نانێکی سوکیشمان لە چێشتخانەیەکی بچکۆلانە خوارد، کاتژمێر (٥)ی تەواو لە شوێنی مەبەست بووم لەفڕۆکەخانە، ٥,٣٠ تەیارەکەم بە هێڵی ناوخۆی ئسپانیا (ئیبریا) بەرەو

شاری (خارین) کە تاکە کاتژمێرێکی خایاند لە خاریز لە فڕۆکەخانە (ایدان وایت و کریستیان دینن) کە هەردوکیان سکرتێری گشتی و سکرتێری لیژنەی راپەڕاندن بوون بەدیم کردن)، ایدان وایت  زۆر بەڕێزەوە هاتە ئاخاوتن لەگەڵم تەنانەت جانتاکەمی هەڵگرت بۆ بەردەم هێڵی بەڕێکردن (شحن)، لە خاریزیش دابەزین کە فڕۆکەخانەیەکی بچکۆلانەی تێدابوو، ئەوجا لەگەڵ ایدان و کریستیان هاتینە دەرەوە، دیاربوو ئۆتۆمبیلێکی جۆری (مینی پاس)یان بۆ ئامادەکرابوو، منیش لەگەڵ ئەوان سوار بووم، ئەوجا بە رێگایەکی پڕ لە دار و درەخت بەرەو دورگەی (کادین) بەڕێکەوتین، رێگایەکە نیوکاتژمێری پێ چوو، کادیز دورگەیەکە لەسەر ئۆقیانووسی (الاطلسي) هەڵکەوتووە، جەماعەت منیان لە ئوتێلی (Trp) دابەزاند چونکە ناوم لەسەر ژوری (٤١١) تۆمارکرابوو، لێرەش وەکو مۆسکۆ تاکو کاتژمێر (٩)ی شەو هەر دونیا رووناك بوو، لە هۆڵی پێشوازی هەردوو رۆژنامەنووس (عبدالناصر)ی سەرۆکی سەندیکای فەلەستینی و (نبهان)ی هەڤاڵیم ناسی و ئاشنای یەکتربووین لەسەر پێشنیاری ئەوان تاکو درەنگانێکی شەو لەقەراغ ئۆقیانووس (الاطلس) پیاسەمان کرد، کاتێ تەماشای ئەو ئاوە بێ سنوورەم دەکرد غەمم بۆ جوگرافیای کوردستان دەخوارد کە چەند وڵاتێکی بێ بەشە لە دەریا و ئەگەر دەریچەیەکی بچکۆلانەی دەریاشمان هەبوایە لەوانەیە بارودۆخمان بە شێوەیەکی باشتر دەگوزەرا.

٥/٢٤، یەکەم رۆژم لە کادیز بە خۆهەڵسانێکی درنگ دەستی پێکرد، من قەت بەیانیان لە خەوهەڵسان دواناکەوم لە چێشتخانەی ئوتێل لەگەڵ عبدالناصر و نبهان نانی بەیانیمان خوارد پاشان بەپێ بۆ چەند کاتژمێرێك بەناو شەقامەکانی ئەو دورگە (جزیرە) پیاسەمان کرد، شێرکۆ تەلەفۆنی بۆ کردم گوتی هەوڵی جدی لەئارادایە بۆ کاك مستەفا ساڵح کەریم، برایان زیرەك و بەهجەت و حامید و ئەکەدیش گەیشتن، ماوەیەکی لەسەر کورسییە دارەکانی قەراغ دەریا دانیشتین کە تێیدا لەسەر کۆنگرە و رۆڵی سەندیکا قسەمان کرد، ئێوارەکەش کاتژمێر (١٠)ی شەو لەگەڵ (رەجەب مەزروعی) ئەنجومەنی

صنفی رۆژنامەگەرانی ئێران یەکمان گرت، بەڵام ئەو لەڕووی دەروونییەوە ئارام نەبوو، چونکە ئەنجوومەنی صنفی رۆژنامەگەران لە ئێران تووشی کێشە هاتوون و بارەگاەیان داخراوە و قەدەغە کراون لەکار، ئەوجا عبدالحسین (أبو علی) و خاتوو فاطمە لە یەکیەتی رۆژنامەنووسانی کوێت هاتنە لامان، هەموومان تێکڕا لە نێوان گفتوگۆی دۆستانەدا نانی ئێوارەمان خوارد کە بریتی بوو لە (ماسی برژاوی بەحری) کە بە دۆشاوی (خەردەل) رەزابووە.

سێیەم، ٥/٢٥، کاتژمێر ٨,٣٠ خولەك بە جلی کوردی لە ژورەکەی خۆم چومە خوارەوە، برادەرانی دیکەش (حامد محەمەد عەلی، بەهجەت هروری و شێرکۆ حەبیب) ئەوانیش جلوبەرگی کوردییان پۆشیبوو بەڵام نە (زیرەك کەمال نە ئەکەد موراد) جلی کوردی و ئاشوری خۆیان لەبەر نەبوو، بەڕاستی لەناخەوە لێیان توڕە بووم، بەڵام چی دەکەی خۆ منداڵ نین بەسەریاندا هاوار بکەین، ئێمە پێشوتر لە کۆبونەوەی ئەنجومەن ئەو بڕیارەمان هەبوو کە بە جلی نەتەوایەتی ئامادەی ئەم جۆرە کۆنگرە نێودەوڵەتییانە بین، چونکە هەم پێناسەی گەلەکەی خۆتە و هەم بڕیاری دەستەجەمعی خۆمانە کە ئەو دوو برادەرە ڕێزیان لێ نەگرتبوو، بەهەرحاڵ حاڵەتە نەرێنییەکەم قوت دا، ئەوجا کاتژمێر (٩)ی بەیانی بە ئۆتۆمبیلی پاسی گەورە بەرەو (سان فرناند) بەڕێکەوتین کە شوێنی کۆبونەوەی کۆنگرە بوو، هەڵبژاردنی ئەم شوێنە بڕیارێکی سەرپێی نەبوو بەڵکو هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەم هەرێمەوە (هەرێمی ئەندەلوس) ساڵی ١٨١٠ کۆبونەوەیەك کراوە کە بریتی بوون لە ١٥٠ ئەندام پەرلەمان بەمەبەستی پیادەکردنی ئازادی بیروڕا (حریە التعبیر) پاشان لە ساڵی ١٩١٢ بابەتی ئازادی بیروڕا لەم هەرێمە لە دەستورەکەیان جێگیر کراوە کە لەم رۆژانەی کۆنگرە یادی سەد ساڵەی جێگیربوونی ئازادی بیروڕا لە دەستوری هەرێمی ئەندەلوس کە کادیز پایتەختیەتی یادی دەکرێتەوە، هاوکات لەگەڵ بەستنی رۆژانی کۆنگرەی IFJ کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی دانیشتنی پرۆتۆکۆلی یەکەم دەستی پێکرد کە

هەندێ نارێکی پێوەدیاربوو ئەوجا وتاری سەرۆك و جێگری سەرۆك وەزیرانی ئسپانیا و پارێزگاری شاری سان فرناندۆ و وتاری سەرۆکی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی کادیز خوێندرایەوە، باج و کارنامەی کۆنگرە دابەشکرا، کەناڵەکانی T.V لێمان نزیك دەبونەوە و هەندێکیش پرسیاری ڕەگەزیان لێ دەکردین، لە گەڕانەوەماندا توشی موفاجەئەیەکی دڵخۆشکەر هاتین ئەویش پەیدابوونی کاك مستەفا بوو لە ئوتێل، دیاربوو ئەویش ڕۆژی دواتر فیزایان پێدابوو، پاش بەخێرهێنانی لێم پرسی جلی کوردیت هێناوە؟ لە وەڵامدا گوتی (بەڵێ هێناومە هەر ئەمڕۆ لەبەری ئەکەم.) لە دانیشتنی کاتژمێر (٥)ی ئێوارە لەسەرەتادا (عومدەی شار) کە وەکو سەرۆکی شارەوانی لای ئێمەیە، بەڵام لە ئەورووپا زۆر بەڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ و بە هەڵبژاردن ئەو شوێنە پڕ دەکاتەوە وتارێکی کورت و پوختی پێشکەش کرد کە تێیدا یادی جێگیربوونی ئازادی بیروڕای لە دەستووری هەرێمەکەی پێش سەد ساڵ لەگەڵ بەستنی کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسانی جیهانی پێکەوە گرێدا کە لەژێر دروشمی (ڕۆژنامەگەریی هاوتەریبە لەگەڵ ئاییندەدا – الصحافه فی تماس مع المستقبل) ئەوجا جیم موبیلا سەرۆکی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی IFJ وتارێکی بە زمانی ئینگلیزی کە تەرجومە دەکرا پێشکەش کرد کە سەراپای بریتی بوو لە چالاکییەکانی IFJ لە ماوەی سێ ساڵی رابردودا کە لەم ڕاپۆرتە گشتیەکەش تۆمارکرابوو سەرەڕای جەختکردن لەسەر کاری هاوبەش لەپێناوی ئازادی کاری ڕۆژنامەنووس و میساقی شەرەفی ڕۆژنامەنووسان و مافی مرۆڤ بۆ نانی ئێوارە داوەتی پارێزگاری ئەم شارە بووین کە لە شوێنێکی دڵڕفێن داوەتەکەیان سازدابوو.

٢٠١٠/٥/٢٦، ڕۆژی دووەمی کۆنگرەیە، دیسان هەر هەر هەموو ئەوانەی جلوبەرگی کوردیمان لەبەردابوو بە پاسی تایبەت بەرەو شوێنی کۆنگرە چووین، لە ڕێگادا لە تەنیشتمەوە ڕۆژنامەنووسێکی (سودان)ی دانیشتبوو، ناوەناوە سەیری جلوبەرگەکەی دەکردم پاشان خۆی پێ ڕانەگیرا و کەوتە قسە

و گوتی (ئێوەش وەکو باشوری سودان داوای جیابونەوە دەکەن!؟) لە وەڵامدا گوتم نەخێر ئێمە بەشێك نین لە خاکی عێراق تاکو داوای جیابوونەوە بکەین، ئێمە کوردین، نەتەوەی ژمارە چوارین لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام بەسەر تورکیا و ئێران و سوریا و عێراقدا دابەشکراوین. ئێمە داوای سەربەخۆیی دەکەین، چونکە مافێکی یاسایی و ئاسایی ئێمەیە، دونیا گۆڕاوە بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستاکەش نەك سیاسەتمەدار و فەرمانڕەوایەکانی عەرەب بەڵکو رۆشنبیران و روناکبیرانی عەرەبیش ماڤ گەلی ئێمە بەڕەوا نابینن.

دەسپێکی دانیشتنی رۆژی دووەم بە راپۆرتی گشتی ایدان وایت دەستی پێکرد کە ماوەی نیوکاتژمێری خایاند کە تێیدا باسی زۆربەی رووداو و کارە گرنگەکانی ١٠٠ سەندیکا و رێکخراوی رۆژنامەنووسانی گرتبوە خۆ، بەتەواوبوونی وتارەکە منیش دەستم هەڵبڕی و داوای قسەکردنم کرد، لەکاتێ کە نۆبەی قسەکردنم هات لە سەر راپۆرتەکە گوتم (پێش من چەندین رۆژنامەنووس بەنوێنەرایەتی رێکخراوەکانیان باسیان لەو کێشانە کرد کە بونەتە لەمپەر لەبەردەم ئازادی رۆژنامەنووسی لە وڵاتەکانیان، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجدانە راپۆرتە گشتییەکە بەهیچ شێوەیەك باسی ئەو ئەزمونە پێشەنگەی هەرێمی کوردستانی عێراقی نەکرد کە تێیدا رۆژنامەنووسان دوور لە سانسۆر کارە رۆژنامەییەکانی خۆیان ئازادانە ئەنجام دەدەن، لێرەدا دەمەوێ باسی ئەو ئەزمونەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بکەم کە تاکو ئێستاکە لە ماوەی (١٠) ساڵەی دروستبوونی سێ پڕۆژە یاسای پێشکەش بە پەرلەمانی وڵاتەکەی خۆی (کوردستان) کردووە، کە پاشان هەرسێکیان بەیاسا دەرچوون و کاریان پێدەکرێ، کە دوایاسا یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ کە یاسای رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسییە لە کوردستان، باوەڕناکەم هیچ رێکخراوێك وەکو ئێمە لە هەوڵ و کۆشش بێت لە پێناوی چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی، ئاواتەخوازبووم کەوا راپۆرتەکەی سکرتێری گشتی ئەو ئەزموونەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی لەخۆگرتبا کە وابزانم لەو

ئاسته وێنەی نییه.)، پاشان دەستکرا بە هەڵبژاردنی (٦) ڕۆژنامەنووس بۆ سەرۆکایەتی کۆنگرە و (٦) ڕۆژنامەنووس بۆ چاودێری و سەرپەرشتی هەڵبژاردن کە یەکێك لەوانە شێرکۆ حەبیبی لێپرسراوی نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بوو کە ئەمەش نیشانەی سەنگی سەندیکایەکەمان بوو لەو نێوەدا.

پێنج شەممە، ٢٠١٠/٥/٢٧، ڕۆژی سێیەمی کۆنگرەیە، گفتوگۆ گەرم بوو لەسەر ڕاپۆرتەکەی دوێنێ، پاشان بابەتی (جەندەر)یش حزوری خۆی لەم ڕۆژەدا هەبوو، لەوێش بە دوو ڕستە باسی دروستبوونی لیژنەی باڵای ڕۆژنامەنووسانی مێینەم کرد، پاشان پڕۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکی فیدراسیۆن و جێگرەکەی دەستی پێکرد کە تێیدا (جیم بومیلا) بە سەرۆك و (یونس موجاهد)ی ڕۆژنامەنووس و نەقیبی مەغریبی بە جێگری سەرۆك هەڵبژێردران لەگەڵ سێ ئەندامی دیکە، گفتوگۆ بەردەوام بوون، ئەوەی جێگەی سەرنج بوو شاندە ئەوروپییەکان زۆر بێدەنگ بوون و کەمتر دەهاتنە نێو گفتوگۆ گەرمەکان، شاندە عەرەبییەکان لە جموجۆڵێکی بەرچاودا بوون، بۆ ئەم مەبەستە (ئیبراهیم نافع) سەرۆکی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب هاتبوو لە دەرەوە چاودێری کۆنگرەکەی دەکرد ولە شاندی سەندیکای عێراقی نزیك بوو لە هەوڵی ئەوەدابوون مۆید اللامی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی عێراق بگەیەننە لیژنی ڕاپەڕاندنی IFJ، شاندە عەرەبییەکان لەناوخۆ ناکۆك بوون، بەڵام بۆ ئەم مەسەلەیە ناکۆکی خۆیان بیرچووبووەوە و بۆ مۆید اللامی لەهەوڵدا بوون، ئێوارە سێ قۆڵی لەگەڵ کاك مستەفا و شێرکۆ پیاسەیەکی ناو کادیزمان کرد، شەویش تاکو کاتژمێر (١١) لام دانیشتن.

هەینی، ٢٠١٠/٥/٢٨، دواڕۆژی کۆنگرەیە، بێ سەروبەری پێوەدیاربوو، بەپێچەوانەی کۆنگرەکانی پێشوتری IGJ لە یۆنان و ڕوسیا کە نیشانەی ڕێکوپێکی بوون، پاش مشتومڕێك و گفتوگۆیەکی زۆر (٢٦) ڕۆژنامەنووس خۆیان بۆ پۆستی (١٦) ئەندامی لیژنەی ڕاپەڕاندن هەڵبژارد لە ئاکامدا لە

عەرەبەکان مۆید اللامی عێراقی و عبدالناصری فەلەستینی دەرچوون، لەڕاستیدا لەو کات و ساتەدا هەستم بەلاوازی و غوربەت دەکرد کە ئێمە جارێ نەگەیشتوینەتە ئەو ئاستە کە بتوانین نوێنەرمان هەبێت، سەندیکای عێراقی پاش ئێمە بووەتە ئەندام لە IFJ بەڵام چونکە عەرەبەکان بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە لەپشتەوەی دەرچوونی بوون دەرچوو، بەڵام کوردی کڵۆڵ هەمیشە قوربانی ناکۆکی و ناتەباییەکانی خۆیەتی، چیمان لەدەست دێت، وەکو دەڵێن (دەردە کوردە)، بەڵام ئەگەر راستە دەردە کوردە، باشە کورد (حەکیم)ێکی لێ هەڵنەکەوتووە چارەی ئەو دەردە کوشندەیە بکات! تاکو بە یەکگرتویی ریزەکانمان لە دەرەوەی وڵات رەنگدانەوەی هەبێت و خەریکی بەپێشەوە چوونی دۆزی کورد بین و (شەریف پاشای خەندان)ئاسا قۆڵی لێ هەڵماڵین.

کاتژمێر (١١)ی پاش نیوەڕۆ ئەمیر (فلیپ)ی جێنشینی (ولی العهد)ی کوڕی مەلیکی ئسپانیا کە تەنیا دوو خوشکی هەیە و لەدایکبووی ٣٠ مانگی کاتوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٨ـە ساڵی ٢٠٠٤ ژنی هێناوە کە ناوی (لیبتیزیا اورتین) کە پێشوتر کاری رۆژنامەنووسی دەکرد لە T.V ئەوکاتە کە ئەمیر فلیپ ئێمەی داوەت کرد ئەمیری هەرێمی (استوریاس) بوو لە باکوری رۆژئاوای ئسپانیا بەڵام پاش ئەوەی باوکی بەهۆی نەخۆشی و تەمەنەوە وازی لە تەختی پاشایەتی هێنا لە ٢٠١٤/٦/١٤ لە مەراسیمێکی یەکجار قەشەنگ و سادە بە مەلیکی ئسپانیا هەڵبژێردرا، ئەو رۆژەی کە میوانداری ئێمەی کرد قاتە جلێکی شینی تۆخی لەبەردابوو، گەنجێکی باڵادرێژی سپی، بەلام پێدەچوو کە زۆر شەرمن بێت، لەسەر داوای یاوەرانی من و کاك مستەفا و حوسێن ابوعلی کوێتییان بردە پێشەوە بۆ وێنەگرتن بەتایبەتی چونکە من و ابوعلی هەریەکە جلی نەتەوایەتیمان لەبەردابوو، تاکو کاتژمێر (٤)ی ئێوارەماینەوە، بۆ ئێوارەکەشی ئێمەیان لە ناو باڵەخانەیەکی دەورەدراو بە باخ و باخات لە کادیزی کۆن داوەت کرد کە تێیدا سەرجەم شاندەکان ئامادەبوون، ئێمە لەگەڵ

چەندین شاند تەعاروفمان کرد و کارتمان گۆڕییەوە و وێنەمان گرت، لەو کات و ساتانەدا رۆژنامەنووسێکی تەمەن (٤٠) ساڵە لێمان نزیک دەبوەوە و دەیەویست قسەمان لەگەڵ بکات، چونکە من جل و بەرگی کوردیم لەبەربوو، کاتێ هاتە پێشەوە بی زمانی ئینگلیزی لێی پرسیم (تۆ کوردی؟) منیش گوتم بەڵێ کوردم، ئەوجا زیاتر هاتە پێشەوە و گوتی (بە جل و بەرگەکانت زانیم کوردی چونکە من دایکم کوردە جولەکەی خەڵکی شاری زاخۆیە، چەند وێنەیەکی براکانی کە کاتی خۆی بەم جلوبەرگە گرتویانە لە زاخۆ هەڵیواسیون لەماڵەوە لە ئیسرائیل، هەمیشە باسی زاخۆ و کوردستان دەکات و دڵی لای ئەوانە، ساڵی ١٩٩١ کە کوردی عێراق تووشی (راونان) ببوون لەلایەن سوپای عێراقەووە دایکم ئێمەشی بەشداری ئەو خۆپیشاندانانە کرد کە بۆ پشتگیری لە کورد (لە تەلئەبیب) رێکخرابوو، داوای لێبوردنت لێ دەکەم دەمەوێ ئێستا بە مۆبایل قسە لەگەڵ دایکم بکەم لە ئیسرائیل و پێی دەڵێم ئەوا لەگەڵ خزمەکانت لە ئاهەنگێکی رۆژنامەنووسیدا گفتوگۆ دەکەین، کاتێ مۆبایلی لێدا بە زمانی عیبری قسەی لەگەڵ دایکی کرد و باسی ئێمەی بۆ دەکرد کە بە جلی کوردییەوە لە ئسپانیا بەشداری کۆنگرەی رۆژنامەنووسان دەکەین، دیاربوو دایکی بەتەمەن بوو چەند جارێك وەکو کوڕەکەی کە ناوی (داود) بوو پێی راگەیاندین دایکی پێی گوتبوو لەجیاتی من ماچیان بکە و لە خوا دەپاڕێتەوە کورد بپارێزێ لەو گورگانە) و چەند وێنەیەکیشمان بۆ یادگاری گرت.

شەممە، ٢٠١٠/٥/٢٩، دوێنێ کۆنگرەی (٢٧)یەمینی IFJ کۆتایی هات، ئێمە ئازادبووین، بەندە و کاك مستەفا و شێرکۆ و ئەژی کوڕی بەتاکسی بەرەو ناوەندی کۆنی کادیز چوین، باڵەخانەکانیان تەلارسازی شێوازی کۆنی پێوەدیاربوو، زۆربەی تارمە و چخمەی وەکو لای خۆمانی هەبوو، دوکان و باڕی زۆری تێدابوون ناوەناوە لە یەکێکیان دادەنیشتین بۆ پشوو، نیوەڕۆکەش لە چێشتخانەیەکی فۆلکلۆری نانمان خوارد، خواردنەکە خواردنی جۆری ئەم دورگەیە بوو کەبریتی بوو لە (سپاکیتی تێکەڵاو بە وردە ماسی بێ ئێسك وبە

بیبەری تیژەوە)، تاکو ئێوارە کاتمان بەسەربرد، هەندێ کەلوپەلی تایبەت بەم شارەم کڕی کە یەکێکیان قاپێکی شوشەی وێنەی کادیزی بە ئاوەزێڕ نەخشکرابوو، زۆربەی شاندەکان کادیزیان بەجێهێشتبوو، بەڵام ئێمە پلیتی تەیارەمان بۆ سبەینێ دیاریکراوە.

یەك شەممە، ٥/٣٠، کاتژمێر (٤)ی بەیانی لە خەوڵ هەڵساین، برادەرانم بەخەبەر هێنا، لە کاتژمێر ٤,٣٠ دەقیقە لە چاوەڕوانی تاکسیدا بووین، بەڵام لەبەرئەوەی لە دوێنی شەوەوە خەڵکی لە پشودان بوون تازە بەم بەیانیە لە باڕ و دیسکۆیەکان دەگەڕانەوە، تاکسی بەدەست نەدەکەوت، چونکە لای ئەوان ڕۆژی یەکشەممە و پشو بەفیڕۆ نادەن، ناچاربووین پەنا بۆ پۆلیسی هاتوچۆ ببەین کە لەم ناوەبوون بە تەلەفۆن دوو تاکسیان بۆ پەیداکردین، یەکی بە ٦٥ یۆرۆ و من و کك مستەفا بە تاکسیەك و شێرکۆ و ئەژی کوڕی بە تاکسیەك بەرەو فڕۆکەخانە چووین (برادەرانی دیکەمان دوێنی شەو بە شەمەندەفەر بەرەو مەدرید گەڕابوونەوە، بەلام چونکە ئێمە پێشوەخت پلیتی تەیارەمان بڕیبوو دەبوایە بە تەیارە بگەڕێینەوە)، کاتژمێر (٧)ی بەیانی سواری تەیار بووین، کاتژمیر (٨)ی بەیانی گەیشتین، من و کاك مستەفا ماینەوە لە مەدرید تاکو کاتژمێر (١٢,٤٥) دەقیقە خۆمان بە سوڕان و گەڕان لەناو ئەم فڕۆکەخانە گەورەیە سەرقاڵ کرد، کاتژمێر (١,١٠) دەقیقە تەیارەی هێڵی (العالیە)ی ئوردنی جوڵا و کاتژمێر (٧,١٥) دەقیقە گەیشتین، ئەو شەوە زۆر ماندوو و هیلاك بووین بۆیە زوو نووستین.

دوو شەممە، ٥/٣١، ئەمڕۆ لەگەڵ ابوئازاد سەردانی سەفارەتی سویسرام کرد، پاسپۆرتیان لێ وەرگرتم و گوتیان بەیانی سەردانمان بکە، سەرلەئێوارە لەگەڵ کاك مستەفا لە گازینۆیەکی مەکەمۆل تاکو درەنگانێکی شەو دانیشتین. بۆ ڕۆژی دوایی ٦/١ دیسان لەگەڵ أبوئازاد چوینەوە سەفارەتی سویسرا و لە ماوەی ٥ خولەکەدا پاسپۆرتەکەیان بە ڤیزالێدراوی (شنگن) دامەوە، کە

ماوەکەی بۆ یەك مانگ بوو لە ٢٠١٠/٦/١٩ – ٢٠١٠/٧/١٩ کە لە لاپەڕەکانی دیکە باسی چۆنیەتی ئەم گەشتە و ڕۆژانی دەکەم.

کاتژمێر (١٠)ی شەو بەرەو فڕۆکەخانە بەمەبەستی گەڕانەوە بۆ هەولێر کاك مستەفاش بەیانییەکەی ئەویش دەگەڕێتەوە سلێمانی.

پاش گەڕانەوەم لەم سەفەرە لە ڕۆژی ٢٠١٠/٦/٣ تاکو ڕۆژی ٢٠١٠/٦/٢٢ سەرقاڵی سەردانی لق و نووسینگەکانم کرد، تەنها لقی سلێمانیم بۆ کاك مستەفا ساڵح کەریم بەجێهێشت، چونکە ئەویش بەشداری کۆنگرەی (٢٧)یەمینی کردبوو بەمەبەستی باسکردنی ڕووداو و بەشداری ئێمە لەو کۆنگرەیە، سەرەڕای ڕاپەڕاندنی ئیشوکاری ڕۆژانە کە زیاتر لەگەڵ سکرتێری سەندیکا کاك حامد محەمەد عەلی سەرقاڵی جێبەجێکردنیان بووین کە کۆتایی نەدەهات، چونکە ڕۆژنامەنووسان بە هەموو جیاوازییەکانەوە ڕوویان لە سەندیکا کردبوو، چونکە دەیانزانی سەندیکا بە ڕاست و دروستی کاریان بۆ دەکات، لە هەوڵی جیدی دایە بۆ پیادەکردنی دروشمەکەی کە بریتیە لە دوو بڕگەی سەرەکی، یەکەمیان چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی و دووەمیان دابینکردنی مافی گوزەرانی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان، ئەوجا ئەوەی ڕاپۆرتە (٦) مانگیەکانی لیژنەی داکۆکی لە سەندیکا و ڕاپۆرتە گشتیەیکانی کۆنگرەکانی سەندیکا و لاپەڕەکانی هەردوو گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس) بە کوردی و (الصحفی) بە عەرەبی بە وردی بخوێنێتەوە بە بەڵگەوە دەزانێ کە سەندیکا لە هەموو ڕوویەکەوە چی بۆ چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووس و دابینکردنی ماف و گوزەرانی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کردووە بە (تەحەداوە) دەڵێم لە نێو سەرجەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەریی و دیموکراتیەکاندا هیچ ڕێکخراوێك بەقەدەر سەندیکا کاری نەکردووە لە پێناو مافی مەدەنی و مەعنەوەی بۆ ڕۆژنامەنووسان (لێرەدا تەنها بۆ نمونە باس لە جۆرە ڕووداوێك دەکەم کە زۆرجار لە شەقام یاخود لە بازاڕ یا لە بۆنەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی تووشی خەڵکانێك دەبم، بێ ئەوەی بیانناسم

لێم دێنە پێش و سوسپاگوزاری خۆیان بۆ من دەردەبڕن، چونکە کارم بۆ کردوون و داخوازیم بۆ جێبەجێ کردوون کە ئەوەش بەلای من گەورەترین سەروەت و سامانە)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند کەسێکی بێ وەفا و بێ ئەمەگ و درۆزن و دووڕوو و بودەڵە کە لە پەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکەن هەمیشە لە روانگەی بێ رەوشتی و کاڵفامی و بێویژدانی و خۆفرۆشی لە هەوڵی ئەوەدابوون کە لەمپەر و ئاستەنگم بۆ دروست بکەن و خەریکی نانەوەی پیلان و ئاژەوەی بێبنەما بوون (کە ناوەکانیان لای من پارێزراوە، تەنانەت تێیداندا هەیە کە کاری ناڕەوا و ئابڕووبەری کردووە، بەڵام من هەمیشە لەگەڵ داپۆشینی ئەم کارە ئابڕووبەرانە بووم کە لای بەندە داپۆشینی (ستر) بۆتە عادەتی هەمیشەیی) لە هەمان کاتیشدا بەندە قەت رۆژێك لە رۆژان بەبێ قەناعاتی ویژدانی و سیاسی هیچ کارێکم نەکردووە، کاتێ کە کارێکیش زانیومە سوودی گشتی تێدایە قەتاوقەت دەستم لێ هەڵنەگرتووە و شلگێرانە ملم لەپێناویا داوەتێ و تاکو سەر بردوومەتە سەر، بەتایبەتیش بۆ کاری سوودمەند بۆ نیشتمان و کورد و کوردستان بەبێ هیچ راوەستان و سڵمینەوەیەك و بەردیشم لە کەس نەگرتووە ئەگەر بەردیان تێنەگرتبم، هەمیشە ئەو شیعرەی (عەونی) باوکم لە هزرمدا دەخولێتەوە کە لە شیعرەکەیدا بەناوی (دوژمنی بەدکار)دا دەڵێ:

***هەرچی پێت دەکرێ لەگەڵ من بیکە هیچ سوودی نییە***

***ئەم پڕۆژەی خۆم مەبەستمە دەستی لێ هەڵناگرم***

***دژ بە کەس ناوەستم و با کەس نەوەستێ دژ بە من***

***من کە بارم شوشە بێ بەردیش لە خەڵکی ناگرم***

***وەك هەلولانەم لە کێوێکی بڵند هەڵبەستووە***

***چەندی بەردم تێگرن تازە بە کەس هەڵنافڕم***

بەڵام دیسان لەگەڵ ئەوەشدا ئەزیەت دراوم و ئەزیەتیشم خواردووە، بەڵام وەکو گوتم بێ قەناعەتی تەواو هیچ کارێکم نەکردووە، ئەگەر بە شیاوی بزانم هەندێ لەو نامە و وتانە بڵاو دەکەمەوە کە خەڵکانێك دوور لە بەرژەوەندی منیان لە قۆناغە جیا جیاکاندا هەڵسەنگاندووە.

وەکو لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسم لە هاتنی (پیترموغنی) وەزیری رۆشنبیری کانتۆنی (جنێف)ی سویسرا کرد کە سەردانی کوردستانی کرد و لەلای ئێمەوە رێزێکی تایبەتی لێ گیرا و ئارمی سەندیکامان پێشکەش کرد و دووجاریش لەکاتی مانەوەی میوانداریمان کرد، لە هاتنەکەی زۆر دڵخۆش بوو و دەیگوت من کورد و کوردستانم بەم شێوەیە نەناسیوە و زانیاریەکانمان بەهۆی وتار و رێپۆرتاژانەوە بوون کە لەسەر ترژایدیای میللەتی کورد نووسراوە، هەندێ جاریش چەند رۆشنبیرێکی کوردم دیوە لە سویسرا باسی کێشەی خۆیانیان بۆ کردووین.

ئەوجا کە گەڕایەوە لە دوو نامەی جیاوازدا خوالێخۆشبوو فەلەکەدین کاکەیی کە ئەوکاتە وەزیری رۆشنبیری بوو و بەندەی داوەت کرد بۆ سویسرا، نازانم هۆکارەکەی چی بوو کاك فلك الدین عوزرخوایی هێنایەوە کە ناتوانێ ئەم سەفەرە بکات، نامەی یەکەمی لە رۆژی ٢٠٠٩/١١/٩ بوو لە وەڵامدا من ئامادەیی خۆم بە سوپاسەوە بۆ دەربڕی، بەڵام کاتەکە بۆ من ئەوکاتە لەبار نەبوو بۆیە لە ٢٠٠٩/١٢/٢١ داوەتنامەی رەسمی بۆ ناردمەوە، لێرەدا نابێت رۆڵی کاکە (جودت سۆفی) لەبیر بکەم لەم بوارەدا کە تێیدا یارمەتیدەری ئەنجامدانی ئەم سەفەرەم بوو، لەکۆتاییدا وا رێککەوتین کەوا سەفەرەکەم بۆ سویسرا لە ٢٠١٠/٦/٢٢ دەستپێبکات و ئەوجا سەفەری عەمانم کرد بۆ وەرگرتنی فیزا وەکو لەلاپەڕەکانی پێشوو باسم لێوەکردووە.

٢٠٠٩/١٢/٢١
٢٠٠٩/١١/١٧

DEPARTEMENT ... CULTURE

LE CONSEILLER ADMINISTRATIF

VILLE DE GENÈVE

Mr. Farhad O.Awni Habib
Secretary-general
Kurdistan Union of Journalists
Street 60
Erbil
Irak

Geneva, December 21, 2009

Dear Mr. Habib,

Following my letter from November 16, it is my pleasure to provide you with more details about the organisation of your forthcoming visit in Switzerland.

We have made a reservation for you at Hotel Silva, Geneva, from January 21st to January 31st.

As planned, I will personally meet you on January 25th.

Mr. Jean-Bernard Mottet, Head of information for the Department of Culture, and Mr. Giawdat Sofi, film director, are presently working on the schedule of your meetings in Geneva with representatives of the Swiss press and reporters associations, namely Mrs. Carole Vann, from *Media Nord-Sud*, Mr. Alain Maillard, from the RSR (Swiss Broadcasting Company), Mr. Guy Mettan, Chairman of the *Club suisse de la presse*, Mrs. Thérèse Obrecht, Chairwoman of *Reporters sans frontières*, and a few others.

Encounters are also planned in Bern with Mr. Ueli Leuenberger, State Councillor, and other Members of Parliament, as well as in Lugano, with local journalists and political personalities.

As a matter of course, the Department of Culture vouches for your visa application from January 21st to February 14th 2010.

The City of Geneva is looking forward to welcoming you.

Yours sincerely,

P-M

Patrice Mugny

ROUTE DE MALAGNOU 19
CASE POSTALE 9, CH-1211 GENEVE 17
T +41(0)22 418 65 00
F +41(0)22 418 65 15

www.ville-ge.ch – www.geneva-city.ch
**TPG** BUS 1-8 (ARRÊT TRANCHÉES)
BUS 20-27 (ARRÊT MUSÉUM)
TRAMS 12-16 (ARRÊT CHEMIN-DE-ROCHES)
**PARKING** VILLEREUSE

وەکو لە پێشەوە باسم لێوەکردووە ڕێڕەوی نووسینی بیرەوەرییەکانم کە هەندێکیان پشت بە دەفتەری بیرەوەرییەکانم دەبەستم کە بۆ ئەم گەشتە لەبەر گرنگی دەگەڕێمەوە بۆ لاپەڕەکانی ئەم دەفتەرە:

سێ شەممە، ٢٠١٠/٦/٢٢، ئەمڕۆ رادەبەدەر سەرقاڵ بووم، برای بەڕێز کاک ئازاد عزالدین مەلافەندی کە لە دیوانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان راوێژکاری یاساییە لە بارەگای سەندیکا سەردانی کردین دەربارەی بەدواداچوون لەسەر راپۆرتی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسان چونکە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاک مەسعود بارزانی کاک ئازاد عزالدین و کاک کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆی راسپاردبوو کە بە وردی لە خاڵەکانی راپۆرتەکەی سەندیکا بکۆڵنەوە و چارەسەری گونجاوی بۆ بکەن، لەگەڵ کاک ئازادی پاش دانیشتنێکی کاتژمێر و نیوی خاڵە گرنگەکانمان تۆمارکرد، هەمان ئێوارە کاتژمێر ٥,٣٠ لەگەڵ کاک کەریم سنجاری دانیشتین پاش ئەوەی یەکە یەکە لە خاڵەکانمان کۆڵیەوە کاک کەریم سنجاری گوتی (ئێمە بەدواداچوونی ورد دەکەین بۆ راپۆرتەکەتان و بە نووسراوی رەسمی وەڵامتان دەدەینەوە.) لە هەمان کاتیشدا گوتی ئێمە تەعمیم دەردەکەین بۆ کارمەندانی پۆلیس و ئاسایس کەوا بەگوێرەی یاسا مامەڵە لەگەڵ رۆژنامەنووسان بکرێت، شەو خەریکی خۆئامادەکردن بووم، کاتژمێر ١,٣٠ ئۆتۆمبیلی (تاکسی تەلەفۆنی) بەدوامدا هات، کاتژمێر (٤)ی بەیانی تەیارەکەمان فڕی، ٢٠١٠/٦/٢٣ کاتژمێر ٥,٣٠ گەیشتینە عەمان، ماوەیەك لە بەشی ترانزێت چاوەڕێم کرد، دیسان بە هێڵی (الملکیە الاردنیە) بەرەو جنێف فڕین، کاتژمێر ٩,٤٥ دەقیقە گەیشتین، لە ئاسمانەوە سویسرام زۆر بەجوانی هاتە پێش چاو، هەندێ لە شاخەکانی بەفر لەم وەرزەدا داپۆشیبوون، سەوزایی تاکە رەنگی دەشت و شاخەکانی بوو، فڕۆکەخانەکەی کە بەشێکی لە ناو خاکی فەڕەنسایە بچوك و رێك و پێك و خاوێن بوو، رێوڕەسمی دەرچوون و مۆری پاسپۆرت زۆر ئاسایی بوو، کاتێ گەیشتمە دەرەوە هەریەکە لە کاک جەودەت سۆفی و ئازاد گولەیی کە کاتێ لە

زەمانی بەندە لێپرسراوی نووسینگەی برایەتی و خەبات بوو لە دهۆك و ڕۆژنامەنووسێکی چالاك و وریا بوو، سێیەمیان نزار عبدالله سعیدی ژنبرام یانی خاڵی ڕێکان و لانە بوو، کە هەرسێکیان ئاگاداری کات و ساتی سەفەرەکەم بوون، ئەوجا بەرەو ئوتێلی دیاریکراو لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری کانتۆن بەڕێکەوتم کە ناوی (Silve) بوو، دیاربوو وەزارەتی ڕۆشنبیری میوانەکانی خۆی لەم شوێنە میوانداری دەکات کە پاك و خاوێن و ١٢ ژووری تێدابوو، هەڵکەوتەکەشی لە شەقامێکی لاوەکی هێمن بوو، پاش دانانی جانتا و قاوەخواردنەوە لەسەر داوای کاك جەودەت بەرەو ماڵی ئەوان بەڕێکەوتین (چونکە خێزانی کاك جەودەت خاتوو ئەستیل کە خەڵکی سویسرایە، بەڵام وەکو ئافرەتێکی کوردی هۆشیار ڕەفتاری دەکرد خواردنێکی کوردەواری بۆ لێنابووین، پاش پشودانێکی کورت سەردانی ناوچەی (جنێف)ی کۆنمان کرد، لەیەکێ لە چایخانە کەلتوورییەکانی ئەو قەڵایە (شوێنەکە بەرز) بوو دانیشتین، لە چاوەڕوانی کاتژمێر (٦) چونکە دەبوایە بەپێی بەرنامە بەشداری لەو سیمینارە بکەم کە ڕێکخراوی (دژ بە ئەشکەنجە) کە ڕێکخراوێکی سویسرایە و ماوەی ٢٥ ساڵە دروست بووە و هەڵمەتی گەورەی ساڵانە لە دژی ئەشکەنجەدان بەرپا دەکات، لە کۆشکی (هیبنار) کە ئەم کۆشکەش پانتاییەکەی بە باغچە و دەوروپشتیەوە ١٠,٠٠٠ م٢، کۆشکێکی کلاسیکی ڕازاوە لە ناو چیمەن و سەوزاییەکی زێدە جوان و ڕازاوە کە کاتی خۆی خاوەنی ئەم کۆشکە لە ژیانی خۆیدا بەخشیویەتی بە سەرۆکایەتی شارەوانی جنێف، شارەوانی (جنێف)یش ئیدارەی ئەم کۆشکە لە هەموو ڕوویەکەوە دەکات و بۆ بەستن و ئەنجامدانی کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنگرە و سیمیناری جۆراوجۆر بەکاردەهێندرێن کە سیمینارەکەی ئەو ڕۆژە لەم کۆشکە شکۆمەندە بەسترا.

سیمینارەکە دوو کاتژمێری پێ چوو بە دروشمی (نا بۆ هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەك کە مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەخاتە ژێر پرسیارەوە)، بە وتاری سەرۆکی ڕێکخراوەکە (پیتراوست) دەستی پێکرد، ئەوجا سەرۆکی پێشوی

کانتۆنی جنێف پاش ئەو وتارەی سەرەکی لەلایەن (کۆفی ئەنان) کە بەخێرهێنانی ئامادەبوان دەستی پێکرد کە تێیدا باسی لەو رووداوانە کرد کە زۆربەی وڵاتانی جیهانی گرتۆتەوە کە تێیدا وەکو ئەو گوتی ١,٢٠٠,٠٠٠ یەك ملیۆن و دووسەد هەزار کەس لە ژێر ئەشکەنجەدا بوونە و تەنانەت رەخنەی لە وڵاتانی ئەوروپاش گرت کە زۆرجار پەناهەندەکان دەنێرنەوە وڵاتی خۆیان و دەکەونە ژێر ئەشکەنجە، پاش وتارەکەی ئەو (بریك) یانی پشوی چا خواردنەوە و کێك خواردن دەستی پێکرد، لەو کاتەدا لەگەڵ کۆفی ئەنان سکرتێری گشتی پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان تەعاروفم کرد و یەکسەر گوتم (من رۆژنامەنووسێکی کوردم لە کوردستانی عێراقەوە هاتووم بەشداری ئەم کۆنفرانسە دەکەم)، ئەویش یەکسەر بە روویەکی خۆشەوە گوتی (بەخێربێن، کوردستان ئێستا چۆنە؟ هێمنە؟ راپۆرتەکان وای نیشان دەدەن کە زۆر لە جاران باشترە و کێشەکانتان کەم بونەتەوە، منیش بە بەڵێ وەڵامم دایەوە و سوپاسم کرد، کاتەکە لە سێ چوار خولەك زیاتر نەبوو، چونکە خەڵکانی دیکە لە چاوەڕوانیدا بوون و پاش تەواوبوونی سیمینارەکە کاتژمێر ٩,٥ لەگەڵ کاك جەودەت سۆفی گەڕاینەوە ئوتێل منی دانا و ئەویش بەرەو ماڵی خۆیان گەڕایەوە.

٦/٢٤، رۆژێکی خۆش بوو، کاتژمێر (٨)ی بەیانی بەپێی پرۆگرامی گەشتەکەم سەردانی رادیۆی سەرتاسەری سویسرام کرد لەگەڵ کاك جەودەت بەمەبەستی ئەنجامدانی دیمانەیەك کە رادیۆیەکە بە زمانی فەڕەنسی پەخش دەکرد، پێشکەشکاری بەرنامەکە رۆژنامەنووسێکی سویسری بەناوبانگ کە ناوی (الان مایە) بوو کە ئەویش خۆی بە دۆستی کورد دەزانی و ساڵی ١٩٩١ هاتوەتە کوردستان و سەردانی مەزاری نەمرانی لە بارزان کردبوو، ئەو بە زمانی فەڕەنسی دیمانەکەی لەگەڵم ئەنجام دا کە کاك جەودەت رۆڵی وەرگێڕی دەگێڕا لە فەڕەنسییەوە بۆ کوردی ئەوجا بە پێچەوانەشەوە.

دیمانەکە کاتژمێرێکی پێ چوو، دەربارەی دۆزی کورد، خەونی کوردان، سەربەخۆیی کاری رۆژنامەنووسیی، سەندیکا لەخۆگرتبوو، دیمانەکە راستەوخۆ بوو، بۆ دوو رۆژ لەسەریەك بڵاوکرایەوە، پاشان ئالاان لە کافتریایەکی نزیك داوەتی چا و قاوە خواردنەوەی کردین، کاتیێ (الان مایە)مان بەجێهێشت بە پێشنیاری کاك جەودەت سەردانی کۆگای (هیمانی سورچی)مان کرد کە لە جێنف و لە شوێنێکی بەرچاو کۆگایەکی کەلوپەلی دیاری سویسری رازاوەی هەیە، هەندێ لای دانیشتین و هەندێ کەلوپەلی سوکم لێ کڕی، بۆ نیوەڕۆ لەگەڵ کاك جەودەت لە چێشتخانەیەکی (لوبنانی) نانی نیوەڕۆمان خوارد، ئێوارەکەی لەگەڵ کاك جەودەت و ئازاد گولەیی چوینە لای دکتۆری شەکرە و غودە کە پێشوتر کاك جەودەت بۆی حجز کردبووم، منیش هەموو فەحس و تاقیکردنەوەکان و سۆناری غودەم لە عەممانەوە لای دکتۆرەکانی ئوردن لەگەڵ خۆما هێنابوو، لەبەردەم دکتۆر دامنا، دکتۆر پاش فەحسێکی دوور و درێژ و بەتەماشاکردنی ئەوراقەکان گوتی (دڵت باشە و شەکرەکەت تا رادەیەك کۆنترۆڵە، بەڵام غودەکەت زێدە سستە، دەبێ دەرمانی ئەو زۆرتر بکەین، بەڵام دەبێت و پێویستە کێشت ببەیتە خوارەوە و پاسکیل لێبخوڕە، بەتەواوبوونی دکتۆر ئازاد بە ئۆتۆمبیلی ئەو بەرەو دەریاچە بەناوبانگەکەی جنێف کە پێشی دەڵێن (دەریاچەی لیمان) چووین، بەڕاستی دەمێك بوو ئومێدی ئەوەم دەخواست کە رۆژێك لە رۆژان ئەم دەریاچە ببینم، بەڕاستی دڵگیرە ئاوەکەی تا بڵێی شین و جوانە، مرۆڤ حەز دەکات رۆژانە بەدیارییەوە دابنیشێت.

ئێوارە درەنگانێك بەرەوماڵی کاك ئازاد گولی چووین، نزاریشمان لەگەڵدا بوو، بۆ نانی ئێوارە کە خاتوونی خێزانی ئەویش خواردنێکی هەمەجۆری دروست کردبوو، ماڵەکەی ئەویش لەسەر سنووری فەڕەنسا بوو، وام دەزانی سنووری وڵاتانی ئەورووپاش وەکو سنووری وڵاتانی ئێمە مرۆڤ ناتوانێ لێی نزیك بێتەوە، لێرە مرۆڤ هەست بە بوونی سنوور ناکات، بەڕاستی خۆشە،

ئافەرین میللەتانی هۆشمەند و هۆشیار کە چۆن بەو خەسڵەتانەتان گەیشتونەتە ئەم ئاستە بەرزە لە پێشکەوتن.

هەینی، ٢٠١٠/٦/٢٥، کەش و هەوای جنێف گەرمە، پلەی گەرما (٢٣) پلە بوو، کاتژمێر (٨)ی بەیانی نزار بە شوێنم هات لە ئوتێلەوە بە پاس بۆ لای دکتۆری دڵ و هەناو چووین، فەحسێکی زۆر وردی بۆ کردم بۆ پێوانی فشاری خوێن و لێدانی دڵ، لە ئاکامدا گوتی (تەندروستیت باشە، بەڵام بەگوێرەی تاقیگەکان هەندێ چەوری زیانبەخش L. D. L زۆرە و رێنمایی کردم و حەبێکی تازەی بۆ کەمکردنەوەی چەوری بۆ نووسیم، بۆ نیوەڕۆ چوینەماڵی نزار، خێزانەکەی ئافرەتێکی خەڵکی سویسرایە و رێکوپێکە، زۆر بە گەرمی بەخێرهێنانی کردم و گوتی نەمزانیوە نەخۆشی شەکرەت هەیە دەنا خواردنی پەتاتە و برنجم بۆ نەدەکردی، تکایە هەر مریشك و زەڵاتەکە بخۆ، لێرەدا تەماشای جۆری لێکدانەوەی ئافرەتی ئەوروپی بکە کە چەند وردەکارە و بە گرنگییەوە لە تەندروستی بەرامبەر دەڕوانێ. کاتژمێر (٤)ی ئێوارە لەگەڵ سایتی رۆژنامەنووسانی ماف مرۆڤ دیمانەیەکی یەك کاتژمێر و نیویم هەبوو، راشکاوانە پرسیار و وەڵامەکان یەك بە دوای یەکدا دەهاتن، ئێوارە درەنگانێك بە ئۆتۆمبیلی نزار پیاسەی شارێکی قەدپاڵی شاخێکی پڕ لە دار و درەختی فەڕەنسامان کرد کە لەگەڵ جنێف سنووریان هاوبەشە، شارەکە ناوی (ئەنمان) بوو، تاکو بڵێی دڵگیرە، هێمنە، روویەکی پان و بەرینی ئەم شاخە لە رۆژهەڵاتەوە لە دیمەنی شاری جنێف دەڕوانێ، برادەرێکی نزار کە ناوی مەحمودە بەحرانی بوو کە خەڵکی (بەحرەین)ی ڤێلایەکی زێدەجوانی هەیە کە ساڵی جارێك بە سەردان لەگەڵ خێزانی سەردانی دەکات لە شوێنێك کە دوو وڵاتی زێدەجوان و قەشەنگی ئەوروپا بەیەك دەبەستێتەوە، رۆژانە کە لە جنێفەوە هاتوچۆی (انمان)ی فەڕەنسیمان دەکرد وەکو پەڕینەوەم لە شەقامی (٦٠) مەتریی هەولێر دەهاتە بەرچاو، نە پۆلیس و نە چاودێری و نە دیسپلینی

پەڕینەوە لە سنوورێکەوە بۆ سنوورێکی دیکە نابیندرێ (ئای لە بەخت رەشی خۆمان).

شەممە، ٦/٢٦، رۆژێکی خۆش و بەهاراوی، لە پەنجەرەی ژوری ئوتێلەکەم تەماشای باخچەی پشتی ژوورەکەم دەکرد کە لە ناوڕاستیدا بە ریزە گوڵێکی رەنگاوڕەنگی جۆری (پایلوت) رازاوەتەوە بەشێوەیەك رێکخراوە دەڵێی ئەندازیارێکی کشتوکاڵی بەتوانا و بەزەوق چاودێری دەکات، کاتێ بەیانیان پەنجەرەکەم دەکردەوە گوێت لە چەندین ئاوازی باڵندەی جۆراوجۆر دەبوو کە لەگەڵ دەنگی نافورەی ئاوی ناوڕاستی باخەکە تێکەڵ دەبوو، کاتژمێر (١٠)ی بەیانی کاك جەودەت سۆڤ هات بە شوێنم، چونکە وا رێککەوتوین کە ئەمڕۆ بەرەو شاری (لۆزان) بچین، رێگای نێوانی جنێف – لۆزان لە جوانیا وەسف ناکرێت، لەلای راستی دەریاچەی لیمان لەگەڵت دەڕوا، لای چەپی رێگایەکەش باخ و باخات و دارمێو چاندراوە کە هەموو بە دارەوە سەری بۆ سەرەوە رۆیشتووە وەکو لای ئێمە کەپری بۆ نەکراوە، بەڵکو بەشێوەیەکی هەندەسی رێکخراوە و ناوەناوە کۆشك وباڵەخانەی جوان و کارگەی دروستکردنی مەی (شەراب) کە لەناوەڕاستی (دارمێوەکان) راستبۆتەوە.

(لۆزان) شارێکی دڵگیرە، ئەویش هەڵکەوتەی لەسەر دەریاچەی (لیمان)ە، ئۆتۆمبیلەکەمان لە نزیك کۆشکی (أوش) راگرت بەو مەبەستەی سەردانی ئەو کۆشکە بکەین کە رۆژێك لە رۆژان چارەنووسی گەلی کورد تێیدا زیندەبەچاڵ کراوە کە تێیدا پەیمانی لۆزان لە نێوان ١٩٢٢/١١/١٥ – ١٩٢٣/٧/٢٨ مۆرکراوە، کاتێ چوینە ژوورەوە زانیمان کۆشکەکە ئێستا بۆتە کافتریا و چێشتخانەیەکی مۆدێرن، بەڵام مێژوو و زانیاری کۆشکەکە لە تابلۆیەکی زێڕین بە دیواری هۆڵە سەرەکیەکەوە بوو، لە بەرامبەر کۆشکی (أوش) ئوتێلی (بوریفاج) راستبوەتەوە کە کاتی خۆی میوانەکانی پەیماننامەی (لۆزان)ی لەخۆگرتووە بەدرێژای ماوەی رێککەوتن لەسەر پەیماننامەکە.

کاتێ لە چیمەنی دەرەوەی کۆشکەکە دانیشتین کە سەر بە کافتریای چێشتخانەی کۆشکی (اوش)ە بەنیازی پشوو و قاوەخواردنەوەیەك، تەماشای ئەولا و ئەولای کۆشکەکە و ئوتێلی (ابوریفاج)م دەکرد بەخەیاڵی فیلمی هاتوچۆی نێوان ئوتێلەکە و کۆشکی (ئوش)یم دەهاتە بەرچاو کە چۆن سیاسەتمەدارانی وڵاتان ئیمزا لەسەر پەیماننامەکە بە شەوق و زەوقەوە کارێکیان ئەنجام دەدا لەبەرژەوەندی خۆیان و لەچاڵنانی خەونی میللەتێکی دابەشکراو بووە، بەهەرحاڵ دیمەنی جوان و دڵڕفێنی ئەو شارەی کە ئاوی شین و پاکی دەریاچەی لیمان دەستبازی لەگەڵ دەکات ئەو خەمەی نەڕەواندمەوە کە هەمیشە وەکو سێبەر لەگەڵمدایە و ناتوانم بیری لێ نەکەمەوە، پاش پشوودانێکی نیوکاتژمێری بەرەو شاری قەشەنگی (خفێ) چووین کە لێرەدا سنووری دەریاچەی لیمان تەواو دەبێت، کاتێ بەناو شەقامە سەرەکیەکەی قەراغ ئاوەکە دەگەڕاین پەیکەری ئەکتەری بەناوبانگی جیهانی (شارلی شاپلن)م دیت کە ماوەیەك لەم شارە ژیاوە کاتێ ئەمریکای بەجێهێشتوە بەهۆی بیروباوەڕی چەپی و پەنای بۆ ئەم شارە هێناوە نەك بە تەنها شارلی شاپلن بەڵکو چەندین کەسایەتی ناوداری دیکەی وەکو (گوگول، میخائیل، ئیمنوسکوی شاعیریش لەم شارە سەردەمێك ژیاون، تاکو عەسرێکی درەنگ ماینەوە پاشان بەرەو (جنێف) ئەوجا بۆ لای خاڵی هەرەجوانی دەریاچەی لیمان کە لە ناوڕاستیدا نافورەیەکی سەرنجڕاکێشی لێ دروستکراوە و بووەتە سونبولی شاری جنێف کە لە نێوان قەراغی دەریاچەکە و شەقامە سەرەکیەکەی بە دەیان چایخانە و کافتریا و چێشتخانەی تێدایە کە هەمیشە خەڵکانێکی زۆر لێی دانیشتوون.

یەك شەممە، ٦/٢٧، کەش و هەوا گەرمە، پلەی گەرمی گەیشتووەتە (٢٨)، کاتژمێر (٨)ی بەیانی رۆژنامەنووسی دێرین ئازاد گولەیی بە شوێنمدا هات بەمەبەستی سەردانی شاری (ئیفون) و دیتنی بازاڕی میللی، رۆژی یەك شەممەی بازاڕی ئەوروپا دیاردەیەکی سەرنج راکێشە، خەڵکی شتی

جۆراوجۆری کۆن و ئەنتیکات دەفرۆشن، بە نسبەت منەوە زۆر حەز لەو شوێنانە دەکەم و بە هەر وڵاتێك چوبم سەرێکی ئەو جۆرە بازاڕانەم داوە و شتێکم لێ کڕیوە بۆ یادگاری لە (ئیفون) پارچە قوماشێکی ١٢٠سم × ٨٠سم کە بە چنین ئیشی دەست بۆ کڕیم کە وەك دیوارێکی کتێبخانەی پڕ لە کتێب خۆی نیشان دەدا کە ئێستاکە بەخۆی و چوارچێوەیەکی دار شوێنی خۆی لە کتێبخانەکەم گرتووە.

بۆ نیوەڕۆ گەڕاینەوە چونکە بۆ نانی نیوەڕۆ خەزوری نزار کە هاوڵاتییەکی خەڵکی سویسرایە لە چێشتخانەیەکی (تایلەندی) داوەتی کردم کە سەرەڕای خۆی و هاوسەرەکەی نزار و هاوسەری و کچەکەشی هاتبوون، چێشتخانەکە جۆرەها خواردنی لە (مینیو)دا هەبوو، بەڵام بەندە شۆربای (ماش) و مریشکی برژاوی سەر خەڵوزم هەڵبژارد، کاتژمێر (٤)ی ئێوارە (کەریم) کە ئەویش خاڵی رێکانە لە لەندەنەوە بۆ لای من هات و چەند رۆژێك لامان مایەوە، شەوەکەی لەگەڵ جوتەبرا (نزار و کەریم) چوینە شاری قەدپاڵی شاخ (انماز)ی فەڕەنسی چونکە وەکو لە پێشەوە باسم لێوەکردووە برادەرێکی نزار کە ناوی (مەحمود)ە و خەڵکی بەحرەینە ڤێلایەکی جوانی لە ئەنماز کڕیوە ساڵانە جارێك بەخۆی و خێزانی لە وەرزی هاویندا سەردانی دەکەن، (ڤێلا)کە سێ نهۆمە، هەموو کەلوپەلێکی ژیانی تێدایە، باڵکۆنەکەی حەز دەکەی هەمیشە لێی دانیشی، ئەو شەوە بۆ نانی ئێوارە من خواردنم ئامادە کرد کە بریتی بوو لە پڵاو و شلەی لۆبیا، تاکو درەنگانی شەو نەنووستین، من و کەریم و نزار شەویش لەوێ نووستین.

دوو شەممە، ٦/٢٨، رۆژێکی خۆشە، جارێ هیچ ئیلتزامێکمان نییە، بە پێشنیاری نزار و بە ئۆتۆمبیلی ئەو کاتژمێر (١١)ی بەیانی بەرەو شاری (ایڤیان)ی فەڕەنسی دەرچووین کە ٧٠ کم لە جنێف دوورە، ئەو شارە لە ساڵی ١٩٦٠ رێککەوتننامەی نێوان بەرەی نیشتمانی جەزائیری و دەوڵەتی فەڕەنسای لێ ئیمزا کرا کە تێیدا وڵاتی جەزائیر سەربەخۆیی خۆی وەرگرت، شاری

(ایڤیان) شارێکی بچووك و خنجیلانەیە کە لەلایەك (رۆژهەلاتی) لەسەر دەریاچەی (لیمان)ە و باشور و رۆژئاواشی بە شاخ دەورە دراوە، نانی نیوەڕۆمان لە یەکێ لە چێشتخانەکانی ایڤیان خوارد، پاشان (بەهای وی) بەرەو جنێف گەڕاینەوە، شەویش وەکو شەوی پێشوو لە (انماز) ماینەوە بە قسە و یادگاری رۆژانی بەغداد و کوردستان کاتمان بەسەربرد.

سێ شەممە، ٦/٢٩، کەش و هەوای ئەمڕۆ خۆشترە بەهۆی بارینی نەختێ باران، کاتژمێر (٦)ی ئێوارە لەگەڵ کاك جەودەت بەرەو هۆڵی سیمیناری انماز چوین کە هۆڵێکی گەورەی باڵەخانەیەکی گەورەیە کە تێیدا بەشی وەرزش و کافتریا و هۆڵی کۆبونەوە و هۆڵی سینەمای تێدایە و سەر بە شارەوانی (انمازە)ی فەڕەنسایە، چوونی من بەپێی بەرنامەیەك کە تێیدا کۆمەڵەی یارمەتی کورد ئامادەی کردبوو بۆ قسەکردن لەلایەن بەندەوە لەسەر کوردستان وئازادی رۆژنامەنووسی کە جگە لە من جێگری پارێزگار و نوێنەری رێکخراوی ماڤ مرۆڤ و سەرۆکی کۆمەڵەی یارمەتی کرود لەگەڵ (١٥) کەسایەتی ئەم شارە ئامادەبووین.

لەسەرەتادا نوێنەری رێکخراوی ماڤ مرۆڤ خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەوەی لە شوێنێکی دوورەوە هاتووم قسە لەسەر وڵاتەکەم بۆ ئامادەبوان بکەم پاشان جێگری پارێزگاریش (مادام اندای لیخسا) بە هەمان شێوە، کاتێ منیش هاتمە قسە و ئالآیەکی کوردستانم لای خۆمەوە دانا و لەسەرەتادا سوپاسی کۆمەڵەی یارمەتی کوردم کرد کە سەرۆکی (ادریان زولیر)ە سەرەڕای کە رۆژی پێشوتر دایکی کۆچی دوایی کردبوو ئامادەی ئەم سیمینارە بوو، پاشان هاتمە سەر بارودۆخی کوردستان و ئەو ستەمەی لە کورد کراوە لە مێژوودا، هاتمە سەر پەیماننامەی لۆزان و گوتم (یەك دوو رۆژ پێش ئێستا سەردنی کۆشکی (اوش)م کرد لە لۆزان کە چۆن لەوێ لە ساڵی ١٩٢٣ خەون و ماڤی کوردی زیندەبەچاڵ کرا، ئەوجا وەکو نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان باسم لە رەوشی رۆژنامەنووسی کرد لە کوردستان (لەبەرئەوەی انماز شارێکی

فەڕەنسییە) باسی هاتنی (روبیرمینار)ی سەرۆکی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنورم بۆ کردن کە چی دەربارەی ئازادی رۆژنامەنووسی لە کوردستان گوتوە، ئەوجا پرۆفیسۆر (ئەدریان زوللیر) کە ئەویش کەسایەتیەکی سیاسی و کۆمەلآیەتی (جنێف) بوو کاتێ لە رۆژی یەکەم لەکۆشکی (هینبار) بەهۆی کاك جەودەتەوە یەکترمان ناسی و خۆی بە دۆستی کورد دەزانی و لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوەکان سەردانی کوردستانی کردووە، کاتێ زانی کە لە انماز سیمیناریکم بۆ ڕێکدەخرێ ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ قسەکردن لەم سیمینارەدا، ئەوەبوو پاش من کەوتە قسە و گوتی (فەرهادم چەند رۆژێکە ناسیوە و ئیحساسم وایە کە بەدڵەوە دەیەوێ خزمەتی گەل و وڵاتی خۆی بکات، ئەو رۆژەی کە ناسیم ماوەی نیوکاتژمێر لە باڵکۆنی کۆکشی (هینبار) قسەی بۆ کردم و روناکی خستە سەر هەندێ بابەت کە لای من روون نەبو، کورد میللەتێکە ماف خوراوە، دەبێ گەلانی ئازاد و وڵاتانی دیموکراتی پاڵپشتی داخوازییەکانیان بن)، بەتەواوبوونی قسەکانی دیاریم پێشکەش بە هەرچوار ریز کرد کە لەسەر مینبەری ئەو باڵەخانەیە ئامادەبوون و وتاریان پێشکەش کرد، دیارییەکانیش بریتی بوون لە ئاڵای کوردستان، تابلۆی هەڵپەڕکێی کوردی، ئارمی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.

چوارشەممە، ٦/٣٠، ئەمڕۆ کەش و هەوا گەرمە و شێدارە، شەوی پێشوتر لە کۆشکەکەی مەحمود بەحرینی لە انماز کاتمان بەسەربرد و لەوێ ماینەوە، نیوەڕۆیەکەی لە ماڵی نزار لەگەڵ خەزور و خەسوی نانی نیوەڕۆمان خوارد، کاتژمێر (٤)ی ئێوارە سەردانی (مۆزەخانەی سروشتی مێژووی – متحف التأريخ الطبيعي) جنێفمان کرد، بۆ ئێوارەکەشی سەردانی کۆش و باغی (جۆزفین)ی خۆشەویستی ناپلیۆن پۆناپارت-مان کرد کە بریتیە لە کۆشکی گەورە و جوان و دڵگیر لە ناو باخ و دارستانێکی پڕ لە گوڵ و گوڵزار، کاتی خۆی ناپلیۆن بەدیاری پێشکەشی ئەو ئافرەتەی کردووە وەکو مێژوو دەڵێ کە جوزوفین هۆکاری سەرکەوتنی ناپلیۆن بووە کە بووەتە ئیمپراتۆر.

پێنج شەممە، ٧/١، ئەمڕۆ پیترموغنی لە ڕێگای کاك جەودەتەوە تەلەفۆنی بۆ کردم جاریٚ لەپێشەوە گوتی ئاسودەیٚ؟ شوێنی حەسانەوەت چۆنە؟ بەرنامەی زیارەتەکەت بەدڵە؟ ئەگەر شتێکت بەدڵ نیە ئاگادارم بکە، لە ڕێگای بەڕێوەبەری وەزارەت ئاگاداری هەندیٚ لە جموجۆڵەکانتم، داوای لێبوردن دەکەم ئەم چەند ڕۆژە لە دەرەوەی سویسرا بووم، پێشوتر بەرنامەی بۆ داندرابوو، حەزیشم کرد ئەو ماوەیە خۆت ئازادانە جنێڤ و دەرەوەی جنێڤ ببینی، کە هاتمە کوردستان زانیم ڕۆژانە سەرقاڵی کۆبونەوە و ڕێکخستنی ئیشوکاری ڕۆژنامەنووسانی کە کۆتایی نایە، بۆیە حەزم کرد کاتی گەڕان و سوڕانت زیاتر هەبێت، ئێمە بەپێی بەرنامە بەیانی یەکتر دەبینین و کاتمان هەیە و داوای خۆشیت بۆ دەکەم، کاتژمێر چواری ئێوارەش لە گازینۆیەکی سەر شۆستە (ڕەسیف) کە بەرامبەر شاخی (مون بلو) بوو کە ئەویش وەکو شاخی (قەندیل) هەمیشە بەفری پێوەیە لەگەڵ برایان جەودەت سۆڤ و ئازاد گولەیی و کاردۆ دانیشتین، زیاتر بە مەبەستی چاوپێکەوتن لەگەڵ پەیامنێری ڕێکخراوی پەیامنێرانی بیٚ سنوور لە سویسرا کە ٥٠٠ ئەندامیان هەیە، بەلام ئەوان وەکو ئێمە خەریکی دانیشتن نین لە پشت مێز لە بارەگادا، ئەوان بیٚ بارەگان، چونکە وەکو (دانی) گوتی ئێمە (ئیمێل و تەلەفۆن) جێگای مێز و بارەگامان بۆ دەگرێتەوە و گوتی (سایت)ەکەمان بارەگای ئەندام و ڕۆژنامەنووسانە کە بە سیٚ زمان بلاودەکاتەوە (فەڕەنسی، ئەڵمانی، ئیتالی)، لە هەمان کاتیشدا گوتی (ئێمەش کێشەی ڕۆژنامەنووسانمان هەیە و یاسایەك نیە بەناوی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی بەڵکو یاسایەك هەیە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری کاری پێدەکریٚ (لێرەدا لە جانتایەکەم یاسای ژمارە ٣٥ی یاسای ڕۆژنامەگەریی لە کوردستان کە بە زمانی ئینگلیزی وەرمان گێڕابوو) پێشکەشیم کرد، کاتیٚ کە سەرپێی هەندێکی لیٚ وردبوەوە گوتی (وەکو سەرەتایەك یاسایەکی باشتان هەیە لە پەرلەمانی ولاتەکەتان دەرچووە، ئیمشەو دیراسەتی دەکەم پاشان لە سایتەکەمان بە زمانی فەڕەنسی وتارێکی لەسەر دەنووسم).

کاتژمێر (٦)ی ئێوارە لەگەڵ جەودەت سۆفی بەرەو (کەنیسە)یەکی لای ڕۆژهەڵاتی جنێف چووین بەمەبەستی بەشداریکردن لە پرسە و بەڕێکردنی جەنازەی دایکی پرۆفیسۆر (ئەدریان زولیر) کە چەند ڕۆژێك پێشوتر کۆچی دوایی کردبوو، بەڵام پرسەکەی دواخراوە چونکە دەبوایە ڕۆژی بەڕێکردنی بسوتێندرێ بەپێی وەسییەتنامەی کۆچکردوو، هۆڵی کەنیسەکە زیاتر لە (١٠٠) کەسی لێ بوو، جەنازەکە لەلایەکی هۆڵەکە لە ناو (کەژاوەیەکی عەربانە) داندرابوو، لە ناوەڕاستی هۆڵەکەش مێزێکی (٥٠) مەتر درێژ کە سەری بە چەندین جۆرە (شەراب) و پسکویت ڕازابوەوە، زیللەر لەبەر دەرگا پێشوازی لێ کردین و یەکترمان ماچ کرد، زۆری پێ خۆش بوو کە منی دیت بەشداری پرسەکەی دەکەم، لە ژوورەوە قەشەیەك بە زمانی فەڕەنسی قسەی دەکرد، پاش تەواوبوونی فەرمویان لێکردین بۆ خواردنەوەی (مەی) و پسکویت خواردن کە ماوەکەی (١٠) خولەکی خایاند، ئەوجا چوار گەنج کە قاتی ڕەشیان لەبەردابوو بە قیافەتی تەواوەوە عەرەبانەکەیان پاڵ دا بۆ دەرەوە، ئێمەش بەدوایدا ڕۆیشتین، لە دەرەوەش ئۆتۆمبیلێکی تایبەت بە ڕاکێشانی عەرەبانە ڕاوەستابوو، عەرەبانەکەیان لە ئۆتۆمبێلەکە بەست و بە دەست بەرزکردنەوە بەڕێکرا بەرەو ئەو شوێنەیان برد کە پێی دەڵێن کوورە (محرقة) بەمەبەستی سوتاندنی لەسەر (وەسیەتی) خۆی وەکو زوللیر گوتی، بە هیچ شێوەیەك گوێم لە گریان و ڕۆڕۆ نەبوو، دەتگوت خەڵکەکە بۆ داوەت هاتوون زوولێری کوڕی کۆچکردوو زۆر ئاسایی خواحافیزی لێکردین و بەرەو ماڵی خۆیان گەڕایەوە.

هەینی، ٢٠١٠/٧/٢، ڕۆژێکی مەیلەو گەرمە، من زۆر بە گەرمای شێدار ناڕەحەت دەبووم، بەڵام چونکە ئەمڕۆ لەگەڵ (پیترموغنی) وەزیری ڕۆشنبیری دیتن و داوەتی نان خواردنم هەیە وام بەباش زانی وەکو لای خۆمان دەبێت بە قیافەتی تەواوەوە ئامادەی دیتن و داوەتەکە بم، کاتژمێر (١١)ی سەرلەبەیانی کاك جەودەت بەدوامدا هات بۆ ئوتێل پاشان بەرەو ماڵی پرۆفیسۆر ئەدریان زولیر چوین چونکە ئەویش بانگکرابوو، پاش نەختێ گەڕان بەناو شاری

قەشەنگی (جنێف)دا ئەوجا بەرەو پارك و باخچەی هەرەڕازاوەی شاری جنێف چووین کە ناوی (فیفیس) بوو، کاتێ لە دەرگای گەورە ئاسنینەکە چوینە ژوورەوە یەکسەر بۆنی عەتری گوڵ و گوڵزار مەستی دەکردی، جوانترین و رازاوەترین پارك و باخچە کە لەم شارە دیبوم (فیفیس)ـە لە هەموویان جوانتر بوو، بە سەدان داری چنار و گوێز و بەڕو و ئرز و چەندین جۆری دیکە کە ناویانم نەدەزانی، ئەوجا دەتوانم بڵێم جوانترین گوڵیش لەم پارکە بە شێوازێکی ئەندازەیی زۆر جوان رواون، رووی رۆژئاوای پارکەکەش لەسەر دەریاچەی (لیمان)ی ئەفسوناویە، پارکەکە لە تەنیشت پارکی (جوزوفین)ـە بەڵام زۆر لە جوزوفین جوانتر و رازاوەتر و دڵگیرترە، لەلایەکی پارکەکە باڵەخانەیەکی گەورە و سەرنج راکێش دەبینی کە ئەویش بریتیە لە چێشتخانەیەکی مۆدێرنی پێنج ئەستێرە، لەگەڵ چونە ژورەوەمان (کابتن)ی چێشتخانەکە لێمان هاتە پێشەوە و گوتی (فەرمون حجزتان هەیە)، کاك جەودەتیش گوتی بڵێ (ئێمە میوانی پیترموغنی)ین کابتن ئەوجارە بەپێشمان کەوت بۆ ژێر دارێك کە مێزێکی (٦) کورسی لە دەور داندرابوو کە دوو کەس لێی دانیشتبوو کە ئێمەیان دیت هەڵسانە سەرپێ و ئەوجارە زوللیر هاتە قسە و باس، ئەوجا ئەوانی پێشکەش بە ئێمە کرد کە هەردووکیان بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتی رۆشنبیری بوون و گوتیان وەزیر لە دەوامە و ئێستا بەڕێگاوەیە دێت بۆ لامان، لەڕاستیشدا من سەرەڕای گۆڕینەوەی قسە لەگەڵ ئەو دوو بەڕێوەبەرە ناوەناوەش تەماشای دەوروبەرم دەکرد بۆ ئەوەی هیچ لەم شوێنەدا لەبیر نەکەم، لەوکاتەدا دیتم کەسێك بە تیشێرتەوە بە سواری پاسکیل بەرەو لای ئێمە دێ، کاتێ لە ئێمە نزیك بووەوە زانیم (پیترموغنی) وەزیری رۆشنبیری جنێف خۆیەتی وەکو گوتم بە پانتۆڵ و کراسێکی نیوقۆڵی رەنگ شینی ئاسمانی و سەندەڵی لەپێ دایە، لەڕاستیدا لەوکاتە وەزیر و پەرلەمانتار و کاربەدەستانی خۆمانم هاتەوە بیر بە خۆشمەوە کە ناتوانین وەکو ئەو خەڵکانە بە سادەیی بژین، نە بە ئۆتۆمبیلی دوامۆدیل و نە پاسەوان و نە و نە و شتی دیکە، کە ئێمە وا فێربووین ئەگەر بەرپرسیاریەتی کەشخە و فەخفەخەی لەگەڵ نەبێت حیسابی بۆ ناکرێت،

پاسکیلەکەی کە پێی هاتبوو لە شوێنی تایبەتی خۆی دانا و لێمان نزیك بووەوە و سڵاوی کرد و یەکەیەکە دەستی گوشین ئەوجا بەرامبەر بەندە دانیشت و یەکسەر پرسیاری بەرنامەی رۆژانی پێشووی لێکردم کە تا چەند لەگەڵ ئارەزووەکانیمن رێکبوون و پاساوی ئەوەشی بۆ هێنامەوە کە سەرەڕای سەرقاڵی ئەو لە رۆژانی رابردوو کە (١٠) رۆژی خایاند تاکو منیش بتوانم دیمانە رۆژنامەنووسییەکان و تەلەفزیۆنەکان و سەردانی رێکخراوەکانی رۆژنامەنووس و گەڕان بەناو شاری جنێف ئەنجام بدەم بۆ ئەوەی وەکو گوتی بتوانین ئەم نان خواردنەی ئەمڕۆ نیوەڕۆ بکەینە (مێزی گفتوگۆ و خواردن — مأدبة غداء وعمل)، دانیشتنەکەمان دوو کاتژمێر و نیوی خایاند کە تێیدا بە درێژی باسەکانمان کە لە کوردستان لە کاتی سەردانیدا گفتوگۆمان لەسەر کردبوو و زیاتر چوینە ناو باسەکان، منیش لەسەرەتادا گوتم (سویسرا وڵاتێکی زێدە جوان و پڕ ئاو و دار و درەختە و سنوور لێرە بوونی بۆ نییە، من زۆرجارە دەچمە انماز و تەنانەت پۆلیسیش نابینم، وڵاتەکەتان دەمێکە لە هزری ئێمە وجودی هەیە چونکە یەکەمین رۆژنامەی کوردی (کوردستان) کە یەکەم ژمارەی لە ١٨٩٨/٤/٢٢ لە قاهیرە دەرچووە بەڵام ژمارەکانی (٦، ١٩، ٣٠، ٣١) لێرە لە جنێف لە چاپخانەیەك دەرچووە کە ناوی چاپخانەی (انتقام) بووە، هیوادارم لەگەڵ ئاواتی سەرجەم رۆشنبیران و رۆژنامەنووسانی کوردستان زانیاری دەربارەی ئەم چاپخانەیە بزانم و ژمارە (١٩)ی کوردستان کە تاکو ئێستاکە نەدۆزراوەتەوە لای ئێوە پەیدابێت (لێرەدا وەزیری رۆشنبیری بە داوای لێبوردنەوە قسەکانی پێ بڕیم لەگەڵ یەکێ لە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت کە لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو پێی گوت کە بە جدی بەدوی ئەو مەسەلەیەدا بگەڕێ و ئەگەر هەر زانیارییەکی دەستکەوت بە زوترین کات بەمنی رابگەیەنێ)، لەگەڵ نان خواردندا قسە وباسەکان هەمووی بە ئێمەوە پەیوەندبوو، دیاربوو هاتنی بۆ کوردستان هۆکاری گرنگیدان بوو بە دۆزی ئێمە و گوتی (جوغرافیەکەتان زۆر نالەبارە، دراوسێکانتان دراوسێی چاك نین، ئێمە لە ئەوروپا دەبینی سنوور چۆن مامەڵە دەکرێت، خودی سویسرا (٢٦) کانتۆنە،

به زمانەکانی فەڕەنسی، ئەڵمانی، ئیتالی، قسە دەکەین، هەر کانتۆنە پەرلەمان و حکومەتی خۆی هەیە، دەستور کە ئێمە هەموومان لەسەر رێککەوتووین هەموو شتی دیاریکردووە، ئێوە زۆرتان ماوە، بەڵام ئەوەی جێگای ئومێدە ئێوە میللەتێکن سەرەڕای هەموو ئەو کێشە و لەمپەرانەی کە هاتونەتە بەردەمتان نازانن ماندوبوون چیە، مکوڕن لەسەر داواکارییەکانتان.

ماوەیەکی باشمان بەسەر برد، (مسیو زوللیر)یش ناوەناوە ناوبڕی دەکرد و باسی کۆمەڵەی یارمەتی کوردی بۆ کرد، لەگەڵ چا و شیرینی خواردندا هەندێ دیاری کوردەواری کە بریتی بوون لە تابلۆی فەرشی فۆلکلۆری و جانتای ژنانەی چنراو و گەزۆی سلێمانیم پێشکەشی وەزیر کرد ئەویش کە هەموویانی خستە ناو ئەو سەبەتە تێلەی کە لە پشتی پاسکیلەکەوە قایمکرابوو، دوو جار گوتی شەرمەندەم کە ئەو هەموو دیارییەت بۆ هێناوم، ئەوجا سواری پاسکیلەکەی بوو و بە دەستی راستی چەند جارێك خواحافیزی لێکردم.

شەممە، ٧/٣، ئەمڕۆ لە رۆژانی دیکە گەرمتر بوو، پلەی گەرما گەیشتە (٣٠) پلە کە بۆ ئەم شارە و ئەم وڵاتە زۆرە، چونکە ئاو و دەریاچەش دەوری داوە، شێ زیاتر دەکات کە جۆری گەرمیاەکە مرۆڤ بێتاقەت دەکات، لەگەڵ ئازاد گولەیی سەردانی بازاڕی رۆژی (شەممە)مان کرد کە زۆر جوان رێکخرابوو، بۆ نیوەڕۆش کاك (هیمان سورچی) لە چێشتخانەیەکی ئێرانی داوەتی کردین کە بریتی بووین لە (بەندە و شێخ سالای حەقید و جەودەت سۆفی، ئازاد گولەیی، کاکە کاردۆ) تا درەنگانێك کەش و هەوای کوردستانمان هێنابووە جنێف، پاشان من بەرەو ئوتێلەکەی خۆم گەڕامەوە کە لەوکاتە یاری تۆپی پێی ئەڵمانیا و ئەرجەنتین هەبوو کە لە ئاکامدا ئەڵمانیا بردیەوە، ئێوارەکەشی کاتژمێر (٨) لەگەڵ کاردۆ و شێخ سالار تاکو درەنگانێکی شەو لە کۆڕنیشی سەر دەریاچەی لیمان پیاسەم دەکرد چونکە ئێوارەکەی پاش باران بارینێك فێنکی کردبوو.

یەك شەممە، ٢٠١٠/٧/٤، کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی لەگەڵ ئازاد گولەیی و خێزانەکەی بەرەو لۆزان چووین، پاشان بەرەو شاری (لوتسرین)، بەڕاستی یەزدانی گەورە جوانی هەموو دونیای بەم وڵاتە بەخشیوە، ئەم شارەش (لوتسرین) لایەکی شاخە و راوی تێدا دەکرێ و لایەکی دەریاچەیە و بە سەدان بەلەم و پاپۆڕی گەشتیاری تێیدا دەخولێنەوە، سەردانی ماڵی خزمێکی خێزانی ئازادمان کرد کە ناوی کاك سدقی و خەڵکی دهۆك بوو، لە گەڕانەوە لە شاری (زیوریخ) لامان دا کە لە رێگای تەلەفۆنەوە ئازاد ئاگاداری لیژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردبوو، برادەران هەمویان لە ریستۆرانتێکی زیورخ لە چاوەڕوانیماندا بوون (کە لە نێوانیان برایان سەعید عبداللە و سەربەست نێروەیی)م ناسی، ماوەی کاتژمێرێك باس و خواسی کوردستانمان کرد، خەڵکی دڵسۆز و تێگەیشتوو بوون، پاشان کاك سەربەست ئێمەی لە چێشتخانەیەکی کوردی داوەت کرد کە دوو گەنجی کوردی باکور خاوەنیەتیان دەکرد. ئەوجا بە هەمان رێگا گەڕاینەوە، لە گەڕانەوە ئازاد پێشنیاری بۆ کردم کەوا ئوتێلەکەم لاچەپە و بەتەنیام، لەوانەیە وەکو ئەو گوتی بێزاربووبی، بەڵام وەکو ئەو گوتی تۆ مرۆڤێکی بەسەبری و تەحەمولت زۆرە، برادەرێکی خەڵکی دهۆکمان شوقەیەکی هەیە و بە تەنها دەژی، ئەویش لە رێگای تەلەفزیۆنەوە تۆی دیوە و دەتناسێ، حەز دەکات بچیتە لای و ئەو چەند رۆژەی لێرە ماوتە شوقەکەش لەسەر روباری سازگاری (رون)ـە، حەز دەکەی شوقەکەی بۆت بەجێدەهێڵێ، منیش گوتم لەڕاستیدا من لە ئوتێل بێزار بووم، چونکە ئوتێلێکی زۆر چۆڵە و کەس نابینم، تەلەفزیۆنی ژورەکەشم هەموو کەناڵەکانی ئەوروپین، منیش پێم خۆشە ئەگەر قورسایی لەسەر ئەو برادەرە دروست ناکەم بچمە لای، بەڵام دەبێت نامەیەك بنوسم بۆ وەزارەتی رۆشنبیری کە من ئەو ئوتێلە بەجێ دەهێڵم و ئەدرەسی (لقمان)یان بۆ بنووسین.

دووشەممە، ٢٠١٠/٧/٥، بەیانی کاتژمێر (٨) ئازاد هاتە هوتێل، نامەمان بۆ وەزارەت نووسی و جانتام هەڵگرت و بەرەو شوقەی لوقمان چوین، کاکە لوقمان

گەنجێکی خەڵکی دهۆکە و ماوەی چەند ساڵە لەم شارە دەژی، بەڵام نەیتوانیوە خێزانی بێنێ بۆ سویسرا، هەستم کرد ئەویش بێزارە لە تەنیایی، کە ئازاد رۆیشت ئەوجا نزارم ئاگادار کرد لە جێگا گۆڕینەکەم، پاش نەختێ هاتە لامان و پێشنیاری بۆ کردین بە گەشتێك بچینە شاخێکی نزیك بۆ نان خواردن، ئێوارە کاتژمێر (٤) بەپێی مەوعید سەردانی دکتۆری چاوم کرد کە پرۆفیسۆرێکی بەناوبانگە و زیاتر لە ١٥ رۆژە حجزم کردبوو، چونکە ناوەناوە ئەوەی شەکرەی هەبێت دەبێت چاویشی فەحس بکات، کە چومە لای دکتۆر کاتژمێر (٤)ی تەواوبوو، لە جەرەسمان دا دەرگا کرایەوە، ئافرەتێك فەرموی لێکردین، ئەوجا بەرەو ژوری دکتۆر، ئەوەی لەو عیادەیە بەدیم کرد تەنها من بووم، عیادەیەکی بێدەنگ، ئەوەی کە زانیم دکتۆر رۆژانە (١٠) نەخۆش دەبینێ (٥) بەیانی و (٥) پاش نیوەڕۆ، بەڵام هەر نەخۆشەی نیوکاتژمێری دەوێ، هەموو جۆرە ئامێرێکی چاوی لایە، هەر شتێکی دەکرد یەکسەر لە کۆمپیوتەرەکەی تۆماری دەکرد، ئاکامەکەی باش بوو، بەتایبەتی شەبەکیە و فشاری چاو، تەنها یەك قەترەی شەوانەی بۆ نووسیم، لە هەمووی سەیرتر کاتێ هاتینە دەرەوە لەگەڵ نزار ئافرەتە سکرتێرەکە فاتورەکەی بەچاپکراوی دایە دەستم کە کۆی (٢٧٠) یۆرۆ بوو.

پێنج شەممە، ٢٠١٠/٧/٦، کاتژمێر (١٠)ی بەیانی بە ئۆتۆمبیلەکەی کاك جەودەت سۆڤی بەرەو (بیرن)ی پایتەختی سویسرا هەنگاومان هەڵێنا، بەمەبەستی زیارەتی برادەری دێرینمان (د. پیرۆت ئەحمەد) کە ماوەیەکە بووەتە سەفیری دەوڵەتی عێراقی تازە لە سویسرا کە بەر کورد کەوتووە، نێوان جنێف و بێرن ١٩٠ کیلۆمەترە، رێگای نێوان ئەو دوو شارە هەمووی ئەویش رەز و دارستان و سەوزاییە کە تێیدا بە سەدان ڤێلا و کۆشکی جوانی تێدایە لە ئەمبەر و ئەوبەری شەقامە سەرەکیەکە بڵاوبووەتەوە.

کاتێ گەیشتینە بێرن ئەویش دیمەنەکانی سەرنج راکێش بوون، سروشتی شارەکە بەرزی و نزمی تێدایە و روبارێکی زۆری بەخوڕیش نێوەندی شارەکەی

بڕیوە لە یەکێ لە شەقامە هێمنەکانی ئەو شارە کە زۆربەی سەفارەتەکانی وڵاتانی تێدایە ئاڵای عێراقمان بەدی کرد و یەکسەر بێ ترس و لەرز لە دەرگا سەرەکیەکە چوینە ژوورەوە، چونکە لە زەمانی رژێمی سەدام حوسێن سەفارەتەکانی عێراقیش لە سەرتاسەری دونیا وەکو دائیرەی ئەمن و موخابەراتی وابوو، بەڵام ئێستاکە جۆرێکی دیکەیە، کاتێ چوینە ژووری سەفیر لە جیاتی وێنەی سەرۆکی پێشووی عێراق (سەدام حوسێن) وێنەی (مام جەلال)مان دیت کە لە دیواری ناوەڕاست هەڵواسرابوو، د. پیرۆت ئەحمەد پێشوازییەکی گەرمی لێکردین و کەوتینە، قسە و باس زۆری پێ نەچوو دکتۆر فەوزی قەدور نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سویسرا لێمان هاتە ژوورەوە، لەگەڵ ئەویش دکتۆر پیرۆت بەیەکتری ناساندین، د. فەوزی قەدور کوردێکی خەڵکی رۆژئاوای کوردستانە و ماوەیەکە لەم وڵاتە دەژی و دکتۆری ددانە، ژنێکی خەڵکی سویسرای هێناوە و بۆتە هاوسەری کە هەمیشە پێکەنین بە دەم و چاویەتی، رێککەوتین ئێوارە داوەتی د. فەوزی بین، بەڵام تاکو ئەوکاتە لەگەڵ د. پیرۆت چوینە ریستۆرانتێکی کە هەر چوارلای چەم و ئاو بوو، دانیشتین تەنها زەڵاتەیەکی پەنیرمان خوارد، چونکە برسی نەبووین و ئێوارەش داوەت بووین، پاشان بەپێ ماوەیەکی باش لە بێرن گەڕاین و ماندوبووین، ئەوجا بەرەو باڵەخانەی نوێنەرایەتی (سەفارەت)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان چوین، باڵەخانەیەکی سەرنج راکێش وەکو لە د. فەوزیم گوێ لێ بوو باڵەخانەکە حکومەتی هەرێم کڕیویەتی و بووەتە موڵکی حکومەتی هەرێم، جوانترین وێنە کە لەم شارەم دیت (شەکانەوەی ئاڵای کوردستان بوو لەسەر دیواری دەرەوەی باڵەخانەکە)، ئای کە دیمەنێکی جوانە لەو شارە جوانە، خۆم بە خۆمم دەگوت راستە ئێمەی کورد نمایندە (سفارەت)مان هەیە؟ دەیان وێنە و چیرۆکم هاتەوە یاد کە لە ناو دەریای خەیاڵویدا نقوم بووبووم، تاکو د. فەوزی لێمان بەدیارکەوت و بەرەو پیرمانەوە هات، باڵەخانەکە لەناو باخچەیەکی جوان هەڵکەوتووە و لایەکی ماڵی د. فەوزیە و بەشە سەرەکیەکەش ئۆفیسی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، هاوسەری دکتۆر فەوزی

قاوەیەکی بەتامی لەگەڵ نەستەلەیەکی سویسری پێشکەش کردین، ئەگەر شەرمم نەکردبا داوای دووبارەکردنەوەی قاوەکەم لێ دەکرد، ماوەیەك دانیشتین کە هاتینە دەرەوە بەرەو ئێوارە دەچوین، پێش ئەوەی سواری ئۆتۆمبیل بین لە نزیك ئاڵای کوردستان سەرم بۆ ئاسمان بەرز کردەوە و داوام لە یەزدانی مەزن کرد کە ئەو ئاڵایە هەردەم بە شەکاوەیی بهێڵێتەوە و کورد ببێتە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی و لەو گورگانە رزگارمان بێت، د. فەوزی لە چێشتخانەیەکی لوبنانی داوەتی کردین، خواردنەوەکان هەمەجۆربوون، بەقسە و بە خواردن سەرقاڵ بووین تاکو کاتژمێر (٩)ی شەو، کاتێ خواحافیزیمان لە د. پیرۆت و د. فەوزی و هاوسەرەکەی کرد شەقامەکانی ئەو شارە چۆڵ و هۆڵ بوون، چونکە یەکێ لە یارییە گرنگەکانی (کاسی جیهانی – كأس العالم) لەوکاتە لە تەلەفزیۆنەکانەوە پەخش دەکرا، کاتژمێر ١١,٣٠ گەیشتینەوە جنێف، یەکسەر لای شوقەکەی کاکە لوقمان دابەزیم.

چوارشەممە، ٢٠١٠/٧/٧، ئەمڕۆش هەر گەرمە، کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ کاك جەودەت سۆڤ بەدوامدا هات بەمەبەستی دیداری خاتوو (زیریس أوبرج هودلیر سکرتێرەی لیژنەی راپەڕاندنی رێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنوور کە پێشوتر لە بەرنامەکەدا رێکخرابوو، کاتژمێر (١٢)ی تەواو ئێمە گەیشتینە باڵەخانەی ئێزگە و تەلەفزیۆنی سویسرا کە زۆر گەورە و بەربڵاو دەهاتە بەرچاو، لە ژورێکی بەلاوەی نهۆمی دووەم خاتوو (زیریس) پێشوازی لێکردین و یەکسەر بە ئامێرێکی کارەبایی خەریکی ئامادەکردنی (قاوە) لێنان بوو لە ئۆفیسەکەی خۆی کە لە ژورێکی ٣م × ٤م زیاتر نەبوو، بەدەم قاوە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی گوتی (چەند رۆژێك پێشوتر هاوکارێکی ئێمەت دیوە، ئەو باسی تۆی بۆ کردم کە سەرۆکی رێکخراوێکی گەورەی رۆژنامەنووسانی کوردستانی و باسی یاسا و کاری رۆژنامەگەریی وڵاتەکەی خۆت بۆ کردبوو، پێشوتریش لە ماوەی رابردودا دەنگوباسی سەردانی (روبیرمینار)ی سەرۆکی رێکخراوی بێ سنورم خوێندۆتەوە، ئێوە بەنسبەت ئێمەوە (نامۆ) نین، هیوای

سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم، رێکخراوی ئێمە (٥٠٠) ئەندامی هەیە، ئێمە لێرە یاسایەکی تایبەتیمان بە رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی نیە، بەڵام یاسای دەستکەوتنی زانیاریمان هەیە و لە هەمان کاتیشدا ئەنجومەنی رۆژنامەنووسانمان هەیە کە پێکهاتووە لە رۆژنامەنووسە بە ئەزمونەکان کە لە رووی پیشەوە خانەنشینن، ئەگەر هاتوو کێشەیەك روویدا ئەوان لەگەڵ ئەنجومەنی سەندیکاکان کۆدەبنەوە بۆ چارەسەرکردنی، دیدارەکەمان کاتژمێرێکی خایاند، لەکۆتاییدا دیاری خۆمم پێشکەش کرد کە زۆر بەدڵی بوو و سوپاسێکی زۆر گەرمیشی کردم و گوتی (دەستتان خۆش، هیوادارم لە کارەکانتا ماندو نەبیت و نەفەستان درێژ بێت لە پێناوی پەرەپێدانی کاری رۆژنامەنووسی لە وڵاتەکەتدا).

پێنج شەممە، ٢٠١٠/٧/٨، یەکێ لە دیدارە گرنگەکان کە ئەنجامم دا لە سویسرا دیداری (یانەی رۆژنامەگەریی سویسرا – نادی الصحافه السویسریه) بوو، لەسەرەتادا ناوونیشانەکەمان لا روون نەبوو، بەڵام پاش تەلەفۆنی کاك جەودەت شوێنەکەمان دیتەوە کە بەرامبەر باڵەخانەی ئوتێلی (انترکوتنتال) بوو لە ناو دارستانێکی چڕوپڕ کە کاری نۆژەنکردنەوەی بۆ دەکرا (جەی میتان – Guy Mettan)) کە سەرۆکی ئەم یانەیە بوو لە هەمان کاتیشدا سەرۆکی خولی ئەو ساڵەی پەرلەمانی کانتۆنی جنێف بوو، لە هۆڵی ناوەندی پێش ئۆفیسەکەی لە چاوەڕوانی و پێشوازیماندا بوو، بەڕێزەوە بەرەو ئۆفیسەکەی بردین و سەرپشکی کردین لە نێوان چا خواردنەوە یان قاوە خواردنەوەدا و لە نێوەدا بەپێکەنینەوە پرسیاری ئەوەی لێکردم (ئایا ئەم جۆرە یانەی رۆژنامەنووسان لە کوردستان هەیە؟) لە وەڵامدا گوتم نەخێر ئێمە لە کوردستان (١٠) ساڵێکە توانیومانە سەندیکایەك دروست بکەین کە لەگەڵ مێژووی دروستبوونی رێکخراوەی هەمەجۆری لەگەڵ وڵاتی سویسرا بەراورد ناکرێت، ئەوجا ئەو پرسیارە دەرگای ئەوەی بۆ کردمەوە کە بۆ ماوەی نیوکاتژمێر باسی کوردستان و دۆزی کورد و سەندیکا و کاری رۆژنامەنووسان لە کوردستان

بکەم، ئەویش بەڕاستی گوێگرێکی باش و هەندێ سەرقەڵەمی لای خۆی تۆمار دەکرد، ئەوجا یاسای ڕۆژنامەگەریی لە کوردستان ژمارە (٣٥) بە زوبانی ئینگلیزیم پێشکەش کرد، کاتێ کە سەروبنی کرد و تەماشایەکی بەرگ و ناوەڕۆکەکەی کرد گوتی (سوپاست دەکەم، نەمدەزانی لەم ئاستەدان، ئێوە هەنگاوی باشتان بڕیوە، لام سەیر لە ماوەی ١٠ ساڵدا وەکو گوتت ئەم کارانەتان ئەنجام داوە، خودی ئەم یاسایەی کە لە پەرلەمانی هەرێمەکەتان دەرچووە جێگای بایەخە، پرسیارێك لێرە دێتە پێشەوە، ڕۆژنامەنووسانتان پیادەی ئەم یاسایەیان لا زەحمەت نییە بەتایبەتی کە تۆ بە منت ڕاگەیاند کەوا لە کوردستان (سانسۆر) نییە و دەشڵێیت لەم یاسەیە مەسەلەی نەبونی سانسۆر جێگیر کراوە؟!) لە وەڵامدا گوتم (پیادەکردنی ئەم یاسایە هەمووی لە بەرژەوەندی ڕۆژنامەنووساندایە، نزیکەی دوو ساڵ ئێمە خەریکی بووین، ٩٥٪ی ڕۆژنامەنووسان لایان پەسەندە و بەشێوەیەك لە شێوەکان بەشدارییان لە گەڵاڵەکردنی کردووە، یاساکەش تازەیە، لەگەڵ هەموو لایەنەکانیش لە پەیوەندی بەردەوام داین و لە ڕاپۆرتە (٦) مانگیەکانیشمان هەموو پێشێلکارییەکان بڵاو دەکەینەوە. لە کۆتایی دیدارەکە کە زۆر دۆستانە و ڕاشکاوانە بوو دیاری ئارمی سەندیکا و گەزۆی سلێمانیم پێشکەش کرد و ئەویش (سێتێکی قەڵەم و ئارمی یانەی ڕۆژنامەنووسانی بە دیاری پێشکەش کردم و لە هەمان کاتیشدا بە ڕەسمی داوەتی کۆنگرەی سێیەمی گشتی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانم کرد کە لە هاوینی ٢٠١١ ئەنجام دەدرێن لە وەڵامدا لەگەڵ سوپاس و خۆشحاڵی بەو دیدارە ئومێدی خواست ئەگەر بۆی بکرێت ئامادەی کۆنگرەکەمان دەبێت، لەوکاتەدا دیاربوو شتێکی بەبیر هاتەوە و بە پێکەنینەوە گوتی ئەگەر ماوەت هەبێت چەند خولەکێکی دیکە دواتدەخەم ئەویش بەهۆی ئەوەی بابەتێکی گرنگی دیکەم هەیە دەمەوێ بۆتی باس بکەم، منیش خۆشحاڵی خۆم بۆ گوێگرتن دەربڕی و دانیشتینەوە، ئەوجا هاتە قسە و گوتی (تۆ زۆر بە جوانی بونی یەك سەندیکات کرد کە لە کوردستان هەیە کە تێیدا هەموو ڕۆژنامەنووسان چە خاوەن ئیمتیاز و

سەرنوسەر و رۆژنامەنووسان لە یەك سەندیکا کۆدەکاتەو، نازانم تا چە رادەیەك دەتوانن تەوفیق لە نێوان دوو بەرەدا بکەن، بەرەی رۆژنامەنووسان و بەرەی خاوەن دەزگاکان (خاوەنی ئیمتیازی لای ئێمە)، ئەمە کارێکی ئاسان نییە، وا پێدەچێت ئەو کارە تۆ و برادەرەکانی دیکەتی زۆر ماندوو کردبێت، لێرە سەرەڕای کەمی کێشەکان دوو سەندیکامان هەیە، سەندیکایەك تایبەت بە خاوەن دەزگاکانی راگەیاندن و بەڕێوەبەرەکانیان، سەندیکای دووەمیش بۆ سەرجەم ئەو رۆژنامەنووسانەی کە لەو دەزگا رۆژنامەنووسییانە کار دەکەن، دیارە ئێوە توانیوتانە بەسەر ئەو ناکۆکیانە زاڵ بن کە لە نێوانی ئەو دوو بەرەدا هەیە، سەرەڕای ئەوەش کە دوو سەندیکا هەیە لە هەمان کاتیشدا لایەنی سێیەمیش هەیە کە پێی دەگوترێ (ئەنجومەنی رۆژنامەنووسان) کە پێکهاتەکەی لە رۆژنامەنووسانی خانەنشینی بەئەزمونن کە هەر سێ ساڵ جارێك ئەنجومەنەکەیان هەڵدەبژێردرێ.

کاری ئەو ئەنجوومەنەش راوێژکارییە کە بە هەردوو سەندیکایەکەی دەدات، لە هەمان کاتیشدا دادگاکانیش راوێژیان پێ دەکەن و را و بۆچونەکانیان تا رادەیەکی گەورە سەرکەوتوو دەبێت و لە هەموو لایەکەوە قبوڵ دەکرێت، دیسان بە سوپاسەوە پێم راگەیاند کە من سوودی زۆرم لەم روونکردنەوە وەرگرت، کاتێ دەگەڕێمەوە کوردستان ئەم بابەتە بۆ برادەرانم باس دەکەم. (پاش گەڕانەوەم بۆ کوردستان ئەم بابەتەم بۆ برادەرانی ئەنجوومەن باس کرد، کاك مستەفا ساڵح کەریم و کاك حامد محەمەد عەلی و بەندە پرۆژەیەکی سەرەتاییمان گەڵاڵە کرد بەناوی (ئەنجومەنی باڵای رۆژنامەگەریی – المجلس الاعلی للصحافە) و لە یەکێ لە دیدارەکانم لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان (مەسعود بارزانی) باسی ئەم بابەتەم کرد و بەڕێزیشیان بیرۆکەکەی لا پەسەند بوو. بەڵام هۆکاری رووناکی نەبینینی ئەم بیرۆکەیە دورکەوتنەوەی ئێمە (مستەفا ساڵح کەریم و حامد محەمەد عەلی و بەندە) بوو لە پاش کۆنگرەی سێیەمی گشتی سەندیکا سەرەڕای چەند هۆکارێکی دیکە کە

واپێدەچێت جاریٚ ئەم بیرۆکەیە لە کۆمەڵگای کاری رۆژنامەگەریی لە کوردستان پێنەگەیبیٚ.

هەینی، ٢٠١٠/٧/٩، رۆژێکی گەرم، کاتژمێر (١٠)ی بەیانی بە تەکلیفی یەکیٚ لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنی کاك جەودەت دیمانەیەکی بۆ زوللیەر و بەندە رێکخست کە تێیدا بەندە و زوللیەر لەسەر دۆزی کورد و مافی مرۆڤ و کاری رۆژنامەنووسی و ئەزموونی خۆم کە یەك کاتژمێری بۆ تەرخان کرابوو، لە نێوان قسە و گفتوگۆیەکاندا قسەیەکی زوللیرم لە مێشك چەسپی کە زۆرجار دەیگێڕمەوە (وەکو لەپێشەوە باسم کرد ئەدریان زوللیر پڕۆفیسۆرە و سەرۆکی رێکخراوی یارمەتی کوردە) لە بەرامبەر را و بۆچونەکانی مندا گوتی (خۆشحاڵم کە بەرامبەر مرۆڤێك دانیشتوم کە وڵاتەکەی خۆی "کوردستان" زۆر خۆشدەوێت بەڵام من "زوللیر" دیاردەیەکی پێچەوانەم لە کوردستان بەدی کرد کاتیٚ لە ساڵانی نەوەدەکان سەردانی کوردستانم کرد لە زاخۆوە تاکو هەڵەبجە ئەوەی سەرنجی راکێشام دەوروبەری رێگایەکانی کوردستان تەنرابوو بە کیسەی عەلاگەی رەش وبوتڵی ئاوی بەتاڵ، وابزانم ئەگەر یەکێك وڵاتی خۆی خۆش بوێت پوێستە چۆن لە ماڵە بچکۆلانەکەی خۆی هەڵسوکەوت دەکات بەهەمان شێوەش لە دەرەوەی ماڵە بچکۆلانەکەی کە وڵاتەکەیەتی بەهەمان شێوە هەڵسوکەوت بکات، وادیارە ئێوەی کورد ناڵێم هەمووتان بەڵام زۆربەتان تەنها ماڵە بچکۆلانەکانی خۆتان خۆش دەویٚ زیاتر لە ماڵە گەورەکەتان)، لەڕاستیدا بەرپەرچی ئەم دیاردەیەم پیٚ نەدرایەوە، خۆم بە خۆمم دەگوت (لەخوابەزیاد بێت کە زولیر هەندیٚ لەو شۆفێر و خەڵکانەی نەدیوە کە لە ناوەڕاستی شەقامی شارەکان بە شێوەی ئاشکرا بوتڵی ئاوی بەتاڵ و کلێنکس لە پەنجەرەی ئۆتۆمبیلەکانیانەوە بێباکانە بەملا و بەولادا فڕێدەدەن)، ئەو رۆژە (٧/٩) لەگەڵ رووداوێکی دیکە دەژیام ئەویش دیداری مرۆڤێك بوو کە (٤٥) ساڵم لە ساڵی (١٩٦٥ – ٢٠١٠) لە هزر و هۆشم جێگای تایبەتی خۆی هەیە و هەر لە یەکەم رۆژی گەیشتنم بۆ سویسرا لەگەڵ کاك جەودەت پەرۆشی دیتنی

ئەم مرۆڤەم پێ ڕاگەیاند، کاك جەودەتیش درێخی نەکرد و چەند جارێك تەلەفۆنی بۆخۆی و بۆ هاوسەرەکەی کرد تاکو توانی دیداری ئەم ڕۆژە دابین بکات، دیداری کێ؟ دیداری مرۆڤێك کە ناوی (عیسمەت شەریف وانلی)یە، سەردەمێك و ڕۆژێ لە ڕۆژان نوێنەری شۆڕشی ئەیلوولی مەزن و سەرۆکە نەمرەکە (مستەفا بارزانی) بوو کە هەردەمە لە وڵاتێك و لە بۆنەی جیاجیادا دەنگی شۆڕشی کوردی بە دونیا دەگەیاند (لێرەدا تەنها باسی چون و دیدارەکە دەکەم، چونکە بە دوور و درێژی بابەتێکم بە زمانی عەرەبی لە ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٠ی گۆڤاری K٢١ کە برای بەڕێز ڕۆژنامەنووس مومتاز حەیدەری سەرنوسەریەتی بڵاوکردووەتەوە لەژێرناوی (لەنزیك کۆشکی "اوش" لە لۆزان).

بۆیە لێرەدا هەر باس لە چون و ڕوی دەرەوەی دیدارەکە دەکەم، ئەو ڕۆژە کاتژمێر (٣)ی دوای نیوەڕۆ (لە لۆزان) بوین، بەئاسانی ئەو باڵەخانەمان دۆزییەوە کە عیسمەت شەریف لە یەکێ لە شوقەکانی ژیان بەسەردەبات. لەو باڵەخانەیەی کە شوقەکەی ئەوانی تێدایە لە نێوەندی کۆمەڵێك باڵەخانەی دیکەی هاوشێوەی ئەوان بوو لە بەرزایی و ڕەنگی دەرەوەی باڵەخانەکان، پارکێکی ئۆتۆمبیلی هاوبەش لە نێواندا هەبوو، کاك جەودەت ئۆتۆمبیلەکەی لەلایەك ڕاگرت، ئێمەش بەخۆمان و دیارییەکی بچکۆلانە بە (مەسعەد) بۆ نهۆمی حەوتەم چوین، لە کاتژمێر (٤)دا زەنگمان لێدا، یەکسەر خانمێکی بەژن مامناوەندی تەمەن لەسەروی (٦٠) ساڵی ڕێکوپێك و قژ داهاتوو بە شێوەیەکی جوان دەرگای لێکردینەوە، خاتونەکە (کارمن)ی هاوسەری د. عیسمەت شەریف بوو، ئێمەی بەرەو هۆڵە خنجیلانە مام ناوەدییەکە برد کە کاك عیسمەت بە ڕوویەکی خۆشەوە بەرەو ڕوومان دەهات بە قیافەتێکی سادە کە ئەویش بریتی بوو لە کراسێکی قۆڵ درێژی شینی کاڵ و پانتۆڵێکی هاوینەی ڕەنگ (بێجی).

جەودەت منی پێشکەش کرد، یەکسەر کەوتمە قسە، لەسەرەتادا لە تەندروستیم پرسی، ئەوجا باسی ناسینی ئەوم کرد کە من لە ساڵی ١٩٦٥وە

گوێبیستی ناوی درەوشاوەی ئەو بووم کاتێ لە یەکێ لە ئێزگەکانی دەرەوەی وڵاتانی عەرەبی وەکو نوێنەری شۆڕشی کورد و بارزانی ناوی دەهات، ناوەناوە کارمن بەدیارمانەوە دادەنیشت کە تێیدا کاک جەودەت قسەکانی ئەو و بەندەی بە فەڕەنسی بۆ وەردەگێڕا، چەند جارێکیش هەڵدەستا تاکو ئاو و قاوە و چا و شیرینیمان بۆ بێنێ، سەرەڕای ئەوەی کە گوتم نەخۆشی (شەکرەم) هەیە، بەڵام کاک عیسمەت گوتی منیش شەکر ناخۆم بەڵام ئەمڕۆ بەم بۆنەیە با هەردوکمان ئەو پارێزە بشکێنین، قسە و باسەکانمان دوور و درێژ بوون، زۆری پێ خۆش بوو کە ئاگاداری هەندێ رەوش و مێژووی ژیانی سیاسی ئەو بووم، باسی هاتنی بەغدای ساڵی ١٩٦٠ی کرد بەمەبەستی ئامادەبوون لە کۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی جیهانی کە تێیدا بۆ یەکەم جار چاوی بە بارزانی نەمر دەکەوێ، چیرۆکی ئەو دوو کاتژمێرە لێرە ئاوی زۆری دەوێ، بەڵام چونکە بابەتێکی دوور و درێژم بڵاوکردووەتەوە وەکو لەپێشەوە باسم لێوەکردووە دووەم جاریش لە کتێبی یەکەمم کە بە زمانی عەرەبی ساڵی ٢٠١١ بڵاوکردووەتەوە ئەو بابەتەم لەوێشدا جێگیر کردووە، چونکە بابەتێکە وەکو بابەتەکانی دی شانازی پێوە دەکەم و وێنەیەکی زۆرمان گرت، ژووری ئەرشیف و کتێبخانەکەیم بەسەرکردەوە، بەڵام هەژارانە بوو، بەڵام ئەو هۆکاری هەژارانەکەی بۆ باسکردم کە لە تێکڕای کتێب و نامە و ئەرشیف و بەڵگەنامەکانی بەدیاری پێشکەش بە کتێبخانەی شاری (لۆزان) کردووە کە تێیدا بەندە گلەییەکی زەقم لەم بارەیەوە لێ کرد کە چۆن دڵی هاتووە رۆشنبیران و سیاسەتکارانی کوردستان لەم سامانە بێ بەش بکات، بەڵام ئەویش باسی لە هۆکاری بەخشینی بۆ کتێبخانەی (لۆزان) کرد، بەهەرحاڵ خۆشەویستیم بۆ ئەو مرۆڤە لە هەڵکشان بوو کە لە ماوەی تەمەنی تەنها بۆ کورد ژیاوە و لە پێناوی کورد و کوردستاندا دەرەدەسەری زۆری دیتوە، لە دوا ساتەکان لە دڵەوە پێی ناخۆش بوو کە بەجێی دەهێڵین، بەڵام وەکو دەڵێن دیدار و سەردان یاسا و رێسای خۆی هەیە، ویستمان خوداحافیزی لێ بکەین لە ژوورەوە، بەڵام ئەو مکوڕ بوو کەوا تا خوارەوە لەگەڵمان بێت، دیسان لە پارکی باڵەخانەکان چەند خولەکێکی دیکە

راوەستاین، لە دواساتدا هەلم بۆ ڕێککەوت لە پڕ دەستیم ماچ کرد، ویستی دەستی دوور بخاتەوە لە دەمم بەڵام نەیتوانی، بۆیە ئەویش پەنای بۆ سەرم برد و ماڤ دەست ماچکردنەکەی دامەوە بە سەر ماچ کردنم، تاکو لە چاوانی ئاوابووین بە دەست بەرزکردنەوە راوەستابوو، لە رێگا تاکو گەیشتینەوە جنێف بەتەواوی لەبیری ئەوەدابووم کە سیاسەت چەند بێ وەفایە، عیسمەت شەریفێك کە رۆژێك لە رۆژان نوێنەری درێژترین شۆڕشی کورد و سەرۆکە ئەفسانەکەی بووە و لە سەرەتای لاویەتیەوە تاکو دواڕۆژی ژیانی لە هەوڵ و تێکۆشان بەردەوام بوو، بەڵام ئێستاکە بەتەنیا دوور لە هەست و سۆزی کوردان و دوور لە (سیامەند)ی کوڕی لە شوقەیەك لەگەڵ (کارمن)ی هاوسەری رۆژان و شەوانی شاری (لۆزان) بەڕێ دەکات کە هەمیشە بە کردەوە و بە نووسین بیر لە سڕینەوەی (ئاسەواری پەیماننامەی لۆزان) دەکاتەوە، بۆزانینی خوێنەری خوالێخۆشبوو د. عیسمەت شەریف وانلی لە ١٩٢١/١١/٢١ لە شاری دیمەشق لەدایکبووە و لە تەمەنی ٨٧ ساڵی لە ٢٠١١/١١/٩ لە شاری لۆزان کۆچی دوایی کرد، دیسان بۆ زانینی خوێنەر کاتێ بە نوێنەرایەتی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان خۆبەخشانە لەگەڵ برایانی بەڕێز مام رەشاد و سەردار هەرکی سەردانی شاری لێقەوماوی (وان)مان کرد لە ٢٠١١/١١/٢٩ بەمەبەستی گەیاندنی بڕی ٧٠,٠٠٠ حەفتا هەزار دۆلار یارمەتی، یەکێتی پەرلەمانتاری کوردستان بۆ ئەو شارە کوردستانیەی کە بومەلەرزە زەرەر و زیانێکی زۆری پێگەیاندبوو، لەم سەفەرە کاتێ بەرەو شاری لێقەوماوی (وان) دەچوین خۆشیەکم لە دڵدابوو کە زیارەتی ئەم شارە دەکەین کە عیسمەت شەریف وانلی لێ لەدایك بووە، کاتێ گەیشتین یەکەم پرسیارم لە برادەرانی کوردی ئەم شارە کرد کەوا شوێنی لەدایکبوونی ئەم کەڵەپیاوەم نیشان بدەن، ئەوەبوو بۆ ئەو گوندەیان بردین کە ناوی (زیوکە) ئێستا کەوتۆتە ناو سنوری شارەوانی وان، لەوێ چەند وێنەیەکی یادگاری ئەم گوندەم گرت کە رۆژێك لە رۆژان باوکی لەم گوندە بەرەو سوریا ئەوجا بۆ گەڕەکی کوردان چووە لە شام کە عیسمەتی لێ لەدایك بووە.

شەممە، ٧/١٠، ئەمڕۆ ڕۆژێکی گەرم بوو، پلەی گەرما گەیشتبووە (٣٢) پلە، کاتژمێر (١٠)ی بەیانی لەگەڵ کاك لوقمان چوینە بازاڕی پشوی حەفتە، لەوێ پەیکەرێکی ئازادی ئەمریکام کڕی کە لە مس دروستکراوە، پاشان سەردانی کتێبخانەیەکی عەرەبیمان کرد و لەوێ بیرەوەرییەکانی (محەمەد مەزالی)م کڕی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان سەرۆك وەزیرانی وڵاتی تونس بووە لە سەردەمی خوالێخۆشبوو (عبدالحبیب بورقیە، بۆ نیوەڕۆ چوینە چێشتخانەی (لوبنان) کە خاوەنەکەی دوو گەنجی کورد بوون بەناوی (فازڵ ئەحمەد هروری و ئەحمەد ئامێدی)، بەڵام بەداخەوە خواردنی کوردەوارییان نەبوو، ناچاربووین فەلافل بە تێکەڵاوی گۆشت و کونجی بخۆین، چەند ڕۆژێك پێش ئەو ڕۆژە لەگەڵ کاك جەودەت باسی سەفەری ئیتالیام بۆ کرد کە حەز دەکەم سەردانی ئەو وڵاتە بکەم بەمەبەستی دیتنی ڕۆمای پایتەخت و شاری (فاتیکان)ی قیبلەی مەسیحییەکانی دونیا و لەگەڵ سەردانی شاری ئەفسوناوی (ڤینیسیا)، کاك جەودەت سۆڤ ماڵی ئاوابێت گوتی (بەسەرچاو بەختی تۆ لەوەدایە کە ئێستاکە من لە پشوی ساڵانەی کارەکەمدام)، هەر سبەینێ ناوی خوای لێ دەهێنین.

یەك شەممە، ٧/١١، ڕۆژێکی گەرم بوو، کاتژمێر ٢,٤٥ دەقیقە کاك جەودەت و خاتوو (ئەستیلی) هاوسەری بە شوێنمدا هاتن، کاك جەودەت پێش نیوەڕۆ شوێنی لە تەیارە بۆ حجز کردبووین لەگەڵ دابینکردنی شوێن لە ئوتیل، کاتژمێر ٤,٣٠ دەقیقە فڕۆکەکەمان فڕی و بە یەك سەعات گەیشتینە (ڕۆما)، کاتێ کە لە فڕۆکەخانە دابەزین دەبوایە بە شەمەندەفەر بچینە ناو ڕۆما کە ماوەی نیو کاتژمێری خایاند، کاتێ گەیشتین بە ناوەندی سەنتەری ڕۆما بەپێ بە (٥) خولەك گەیشتینە ئوتێلی (شیکاغۆ) کە لە شەقامێکی لاوەکی سەنتەری ڕۆما بوو، یارییەکانی تۆپی کاسی جیهانی گەرم بوو، بۆیە بەڕێوەبەری کارگێڕی ئۆفیسی ئوتێلەکە ماوەی چەند خولەکێك وەڵامی ئێمەی نەدایەوە، بەڵام کە یارییەکە تەواوبوو بەداوای لێبوردنەوە پێشمان کەوت و ژوورەکەی

خۆمانی نیشان داین، ژوورەکەمان پاك و خاوێن و ڕێکوپێك بوو، ژورەکە ٣م ×٣م بوو، باش بوو ئەو ژوورەشمان دەست کەوتبوو، چونکە لەو کاتەدا رۆما زۆر قەرەباڵغ بوو، چونکە وەرزی گەشتیاری بوو، بەڵام دیسان ژورەکە سەلاجە و تەلەفزیۆن و حەمام و تەوالێتی مۆدێرنی تێدابوو، پاش خۆشوشتن و پشوو ئێوارە کاتژمێر (٨) بەپێ تاکو کاتژمێر (١١) بە شەقام و گۆڕەپانەکاندا لە گەڕاندا بووین، گەرچی کاتەکەی شەو بوو، بەڵام ئەندازەی باڵەخانە و ئەو هەموو پەیکەر و نافورەی ئاو کە سیمای ئە وشارە بوو مرۆڤی سەرخۆش دەکرد، لەسەر پێشنیاری من سەردانی چێشتخانەیەکی تایبەت بە (پیتزا)مان کرد و داوای پیتزا بە گۆشتی مریشك و سەوزەم کرد، بەڵام هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆم نەدیت لە نێوانی ئەو پیتزایەی ئێرە و ئەوەی لە کوردستان دروست دەکرێ، بەکاك جەودەتم گوت (پێم باوەڕبکە لای من کولێرە بەڕۆنەکەی کۆیە کە ئێمە پێی دەڵێین (ئەستوك) کە بە رۆن و کونجی و گۆشت و پەنیریش دروست دەکرێ زۆر خۆشترە لەو پیتزایەی کە ئەو هەموو دەهۆڵەی بۆ لێدەدرێ.

دووشەممە، ٧/١٢، رۆژێکی خۆش، کاتژمێر ٨،٤٥ خولەك پێکەوە لەگەڵ کاك جەودەت چوینە دەرەوە و سواری پاسی ژمارە ٤٠ بوین بەرەو فاتیکان، ڕێگا یەك پارچە کۆشك و باڵەخانە و پەیکەر بوو، بەڵام رۆمام زۆر خاوێن وەکو سویسرا نەهاتە بەرچاو، زیاتر رەنگ و ڕوویان بە رۆژهەڵاتی دەچن، کاتێ گەیشتینە فاتیکان بە سەدان خەڵك لە پێش ئێمەوە سرەیان گرتبوو بۆ چوونە ژوورەوە، گۆڕەپانێکی گەورەی هەر چوار لای بە کۆشك و باڵەخانە بە (مەڕمەڕ) داپۆشرابوو، مرۆڤ سەری سوڕ دەمێنێ لەو ئەندازە و هەیبەتەی کە ئەم ناوە هەیەتی، لە دوو لاوە بە دلانێکی (مەمەڕ) پان و بەرین بەرەو ژوورەوە دەچیت کە هەمووی دینگەی بەردی درێژە و ماوەی ٣،٣٠ خولەك لە ژوورەوەماینەوە کە تێیدا شوێنێکم نەدی بە پەیکەر و تابلۆ پڕ نەکرابێتەوە، بەڕاستی سەرسوڕهێنەرە جوانی پەیکەرەکان، تابلۆیەکان، فاترینەی کەلوپەلە تایبەتەکان، ئەرزی بە مەڕمەڕی ئیتالی داپۆشرابوو کە هەمیشە شەوق

دەداتەوە، مۆزەخانەی وێنەی پاپایەکان و وێنە و پەیکەری حەزرەتی مەسیح (درودی خوای لیٚ بیٚت)، شوێنێکم نەدی رازاوە نەبێت، لێرەدا ناتوانم بەم چەند دێڕە باسی جوانی و سەرنج راکێشی ئەم شوێنە بکەم، لە هەندیٚ لە دوکانەکانی کە هەمووی کەلوپەلی پەیوەندیدار بە فاتیکان و حەزرەتی مەسیح دەفرۆشن چەند شتێکم کڕی، گەڕان و سوڕانەکە ماندوی کردین، بۆیە کە بە تەواوی لێی تێر نەبووین هاتینە دەرەوە، کە تێیدا خەڵکانێکی بیٚ شوماری دیکە لە چاوەڕوانی چوونە ژوورەوەدا بوون، لە نزیك فاتیکان لاماندایە چێشتخانەیەك چە بۆ پشوو چە بۆ خواردن، ئەوجا بەرەو قەڵای (کاستیل دی سانت انجلو) کە سەردەمێك حەپسخانەیەکی زاڵمانە بووە، بەڵام ئێستا کراوەتە مۆزەخانەیەك کە تێیدا مێژووی کەلتووری رۆما دەگێڕێتەوە، ئەوجا بە قسەکردنەوە لەسەر کۆرنیشی روباری (تڤێری) ماوەی کاتژمێرێکی دیکەمان بەڕێکرد.

سیٚ شەممە، ٧/١٣، رۆژێکی گەرمە، ئێرە زۆر لە سویسرا گەرمترە، سەرلەبەیانی کاتژمێر (٩) بە سواری پاس بەرەو ئاسەواری سەرسوڕهێنەری (کولسوی) چوین کە زۆر جار ئەم دیمەنە لە شاشەی تەلەفزیۆنەکان بەدی دەکریٚ، ماوەی دوو کاتژمێر و نیو تێیدا سوڕاینەوە، بە سەدان کەس بە چوار دەوریدا بە تەماشاکردن و وێنەگرتن سەرقاڵ بوون، پاشان لە گەڕانەوەماندا بەناو شاری رۆما گەڕاین بەو پاسە دوو نهۆمیە سەردانەپۆشراوەکان کە بە (١٠) یۆرۆ بۆ ماوەی ١,٣٠ خولەك دەتسوڕێنێتەوە، بە هەموو ئەو شوێنە بەرچاوانەی کە گەشتیار حەزی لیٚ دەکات، ئێوارەش لە کاتژمێر (٨)ەوە تاکو نیوەشەو لە دەرەوە بووین، دواکاتیش لە ریستۆرانتێکی نزیك بە ئوتێلەکەمان پیتزا و قوتوە بیرەیەکی ئیتالیمان خواردەوە، ئەوجا بەرەو ئوتێل.

چوارشەممە، ٧/١٤، کاتژمێر (٥)ی بەیانی لە خەو هەڵساین و بەرەو شوێنی سواربوونی (شەمەندەفەر) کە لە فارگۆنێکی چوارکەسی خۆمان دیتەوە لەگەڵ کوڕ و گەنجێکی ئەمریکای لاتینی لەگەڵمان لە هەمان فارگۆندا بوون،

بەداخەوە هیچیان لەسەر کورد نەدەزانی، من و کاك جەودەت چیرۆکی خۆمانمان بۆ گێڕانەوە، بەدرێژایی ڕێگا سیمای کشتوکاڵی پێوە دیارە، کاتژمێر ١٠,٣٠ خولەك گەیشتینە (ڤینیسیا)، باوەڕ بکەن لە ساڵی ١٩٥٨ەوە خولیای دیتنی ئەم شارەم دەکرد، پاش شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی ١٩٥٨ باوکم لەگەڵ شاندی شارەکانی کوردستان سەردانی بەغدای پایتەختیان کرد بۆ پیرۆزبایی کردن لە سەرکردەکانی ئەو شۆڕشە لە گەڕانەوەدا دوو فەرشە تابلۆی درووستکراو بە مەکینە لەگەڵ خۆی هێنابوو کە تێیدا یەکێکیان وێنەی ئەو پردە دێرینەی شاری ڤینیسا بوو، زۆر جار تەماشام دەکرد و لێی ورد دەبوومەوە و خۆزگەی ئەوەم دەخواست کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەم شوێنە ببینم، بۆیە کاتێ پاش ٥٢ ساڵ بەسەر ئەم پردە تێدەپەڕیم چیرۆکەکەم بۆ کاك جەودەت گێڕایەوە، بۆیە کاتێ گوێی لە قسەکەم بوو گوتی ڕاوەستە با وێنەیەکت لەسەر ئەم پردە کۆنە بگرم، ماوەی چوار سەعات لەم سەری ڤینیسیا تاکو ئەوسەری بوکی ڕازاوەی ئیتالیا بەپێ گەڕاین، لە دواقۆناغدا بەسواری (بەلەمێکی گەشتیاری) لەو سەروە گەڕاینەوە بۆ بەردەم کلێسا و گۆڕەپانی (ساینت مارکس باسلیکا) کە یەکجار قەرەباڵغ بوو، بە سەدان کۆتری ڕەش و سپی لە گۆڕەپانەکە لە ناو ئەو حەشاماتە زۆرە خەریکی دانەوێڵە خواردن بوون کە خەڵکی بۆی ڕوودەکردن، ماوەی کاتژمێرێك لە یەکێ لە کافتریاکانی قەراغ دەریا خواردن و خواردنەوەمان نۆش کرد، پاشان بۆ کاتی گەڕانەوەی شەمەندەفەری ڕۆما هەنگاومان نا، لە کاتژمێر (٧)ی ئێوارە ڤینیسیامان بەجێهێشت و کاتژمێر ١٠,٣٠ خولەك بە ماندوبوونێکی زۆرەوە کە دەیهێنا گەیشتینەوە ڕۆما، ئەوجا بەرەو ئوتێلی شیکاغۆ و نوستنێکی قووڵ کە تاکو بەیانی کاتژمێر (٨) جوڵەمان نەکرد.

پێنج شەممە ٧/١٥، ڕۆژێکی گەرم، ئەو ڕۆژە تاکو کاتژمێر ٥,٣٠ ئێوارە لە ڕۆما دەگەڕاین و بازرمان بەسەردەکردەوە کە تێیدا دوو تابلۆی چینینی دەستیم کڕی کە لە تابلۆی هونەرمەندە گەورەکان لاسایی دەکرانەوە (تقلید)، ئێوارە لە

ئوتێل دەرچوین بەرەو شەمەندەفەری روو لە فرۆکەخانە، بە گەیشتنمان بۆ فرۆکەخانە ماوەیەکی باش چاوەڕوانی فڕینی تەیارەمان دەکرد، چونکە فڕینەکە دواکەوتبوو، کاتژمێر ١٠,١٥ خولەك تەیار فڕی و کاتژمێر (١٢)ی شەو گەیشتینەوە جنێف، لەو هەموو چوون و هاتنەم بۆ انمازی فەڕەنسی و وڵاتی ئیتالیا یەکێك داوای پاسپۆرتی لیٚ نەکردم، ئافەرین ئەرووپا کە گەیشتۆتە ئەو ئاستە (ئەگەر مێشك رەش و دڵ رەش دوور لە مرۆڤ و مرۆڤایەتی لێتانی تێك نەدەن).

هەینی، ٧/١٦، رۆژێکی تەواو گەرم بوون کاتژمێر ٢,٥ خولەك کاکە کاردۆ هاتە شوێنم، چونکە بەپێی بەرنامە دەبوایە سەردانی کۆشکی گەلان ( قصر الامم) کە بارەگای رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئەوروپا بکەم کە تێیدا دەرگای دەکرێتەوە بۆ ئەوانەی دەیانەویٚ سەردانی ئەم شوێنە بکەن، لە کاتژمێر ١٠ –١٢ی بەیانی و لە ٢–٤ی ئێوارە لە سەرەتای مانگی نیسانەوە تاکو مانگی تشرینی یەکەم، لە دەرەوەی باڵەخانەکە بە درێژایی رووبەری پێشەوەی بە ئاڵای وڵاتانی ئەندام لە رێکخراوی U.N هەڵواسرابوون، بەڵام بەداخەوە لە نێویانا ئاڵای کوردستان نییە، لە ژوورەوەش پێویستمان بە وەرگێڕ نەبوو چونکە کاکە کوردۆ ئەو رۆڵەی دەگێڕا، باڵەخانەیەکی گەورە و چەندین هۆڵی کۆبونەوە و سیمیناری زێدە پۆشتە و پەرداخی تێدایە، ماوەی دوو کاتژمێر تێیدا خولاینەوە کە لەڕاستیدا مرۆڤ هەست دەکات دیکۆر و کەلوپەل و تابلۆ و پەیکەرەکانی لە کارەکانی زیاترە.

رۆژانی ١٧، ٧/١٨ هەموو کاتەکەمان لەگەڵ برایان لوقمان و کاردۆ و جەودەت بەسەربرد کە تێیدا ئێوارە کاتی درەنگ دەچوینە سەر دەریاچەی لیمان بەرامبەر نافورە بەناوبانگەکەی کە بووەتە سونبولی ئەم شارە، لە یەکیٚ لە کافتریاکانی دادەنیشتین، بە دەم خەیاڵەوە بەو دونیا جەنجاڵەی دەوروپشتیمان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە ماوەی نزیك سەد ساڵە لە مێژووی تازەی مرۆڤایەتیدا ئارامی بەخۆیەوە نەبینیوە بە پێچەوانەی ئەو وڵاتەی کە من

لێی میوانم (سویسرا) کە تەنانەت گوێت لە دەنگێکی نەشازیش نابێت، هەر بۆیەش وای لە بەچکەشێرانی بەدرخانیان کردووە کە چەند ژمارەیەك لە رۆژنامەی "کوردستان"ی نۆبەرە لەم شارە دەربکەن کە بەداخەوە نەمتوانی هیچ زانیاریەکم تێدا دەستکەوێ کە دیرۆکی ئەم رۆژانەی ئەم بەچکە شێرانەی تێدا دەرکەوێ.

دووشەممە، ٧/١٩، کاتژمێر ٦,٣٠ لە خەو هەڵسام، شەوی پێشوتر خۆم ئامادەکردبوو سەرەڕای دوعاخوازیم لە کاك جەودەت و ئەستێلای هاوسەری، کاك جەودەت ئەو رۆژە چوبووە سەر کاری خۆی بۆیە پێی نەکرا ئەو رۆژە حزوری لە بەڕێکردنم هەبێت، لێرەدا هەرگیزا و هەرگیز جوامێری و پیاوەتی ئەو برا بەڕێزانەم (کاکە جەودەت سۆفی، ئەستێلای خێزانی، کاکە کوردۆ و ئازاد گولەیی و کاك لوقمانی خاوەن ماڵ و نزاری خاڵی رێکان و هاوسەری) لەبیر بکەم کە لە خۆشترین و بەسوودترین گەشتم لە ژیانا یارمەتیدەرم بوون، ئەگەر ئەوان نەبوونایە بێگومان میوانداریيەکەی (پیتر موغنی) وەزیری رۆشنبیری کانتۆنی جنێف کە بە داوەتی سەردانی ئەم بەهەشتەم کرد ئەو ئاکامەی نەدەبوو کە بەڕێزتان لە لاپەڕەکانی پێشوو خوێندتانەوە، لە کۆتایشدا نابێت ئاسانکاری کچە ناسکە کەرکوکیەکە کوردەکە (لانە جەودەت)م لەبیر بچێت کە لە فڕۆکەخانەی جنێف جانتایەکانی بێ کێشە رەوانەی بەشی ئاواکردن (شحن) کرد، تاکو دواساتیش کاکە کوردۆ کە خۆی کارمەندی بەشێکی ئەم فڕۆکەخانە بوو تاکو ناو تەیارەکەم لەگەڵمدا بوو، ئەوجا کاتێ تەیارەکە لەسەر جنێف دەسوڕایەوە و بەسەر شاخە بەفراویەکان گوزەری دەکرد فیلمی رۆژانی رابردوی جنێفم دەهاتەوە بیر و بەرچاو و ئومێدی ئەوەم دەخواست بەپێچەوانەی سەرجەم گەشتەکانی دیکەم لە ژیانا کە قەت بیری دووبارەکردنەوەی هیچ گەشتێکم نەکردووە بۆ ئەو وڵاتەی کە سەردانیم کردووە کە بۆ جاری دووەم بۆی بگەڕێمەوە، تەنها بۆ ئەم وڵاتە نەبێت کە بەمانای وشە ئارام و جوان، سەوز، ئاودار کە وەکو دەڵێن بەهەشتێکی سەر زەمینە.

رۆژانی دوای گەڕانەوەم بۆ کوردستان لە کۆبونەوەی ئاسایی ئەنجومەندا بە درێژی باسی گەشتەکەی سویسرام بۆ کردن کە تێیدا جەختم لەسەر پتەوکردنی پەیوەندییەکانی سەندیکا کرد لەگەڵ دونیای دەرەوەدا، چونکە هەرچۆنێك سوودی بۆ ناسینی کورد ودۆزی کورد هەیە سەرەڕای شارەزابوون لە کار و پڕۆگرامی رێکخراوەکانی هاوشێوە کە تێیدا باسی (یانەی رۆژنامەنووسانی سویسرا)م کرد کە لەڕاستیدا ئەزمونێکی دەوڵەمەندە و بیرۆکەی (ئەنجومەنی باڵای رۆژنامەگەریی لە کوردستان)ی بۆ دروست کردین.

کار و چالاکییەکانمان وەکو خۆی لە جاران بەگوڕتر بەردەوام بوو، لەو ماوەدا چەندین شاندی بیانی رۆژنامەنووس و پەرلەمانتار سەردانی ئێمەیان کرد و بە گرنگییەوە لە ئەرك و کارەکانمان دەدوان سەرەڕای سەردانی لق و نووسینگەکانی سەندیکا.

لەگەڵ تێپەڕبوونی وەرزی هاوینی ساڵی (٢٠١٠) کەوتمە بیرکردنەوە لە خۆئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی کۆنگرەی سێیەمی سەندیکا کە بەنسبەت منەوە دوابەشداریمە وەکو نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان بەپێی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨، لەڕاستیدا خۆشم زۆرر ماندوو بووم، چونکە لە بارودۆخێکی سەیروسەمەرە و ماندوکەر دەژیام، بەهەرچۆنێك با دەمەویست پارێزگاری لە کیانی سەندیکا، لە سەربەخۆیی، پاراستنی لە کاریگەری سیاسیەتی لایەنەکان و هەوڵی جدیم بەدوورخستنەوەی سەندیکا لە تۆمەتی (حیزبیەتی سەندیکا) لەلایەن هەندێکەوە کە فڕی بەسەر راستییەوە نەبوو، رۆژی ٤/١٠/٢٠١٠ بانگەوازێکمان بڵاوکردەوە کە تێیدا وادەی کۆنگرەمان بۆ ٢٢-٢٤/٢/٢٠١١ راگەیاندبوو و داوامان لە سەرجەم ئەندامانی سەندیکا کردبوو کە ئیلتیزاماتی خۆیان بەرامبەر سەندیکا جێبەجێ بکەن، تاکو بەشداری کارا لەو کۆنگرەیە بکەن کە لە لاپەڕەکانی دیکە بەوردی لە هەموو لایەنێکی ئامادەباشی و بابەتە پەیوەندیدارانەی بە سەندیکا و کۆنگرەی سێیەمی هەبووە رۆژی ١٤/١١/٢٠١٠ش بە ئامادەبوونی رۆژنامەنووسان حامد محەمەد عەلی

سكرتێری سەندیکا و ئەکەد موراد لێپرسراوی دارایی سەندیکا لەگەڵ هەردوو لیژنەی چاودێری و بەرزەفت کۆبومەوە کە تێیدا دەربارەی کۆنگرەی سێیەم و ئامادەکارییەکانی و هاوکاری هەردوو لیژنە و سەرجەم ئۆرگانەکانی سەندیکا لەگەڵ ئەنجوومەنی سەندیکا بەمەبەستی سەرخستنی کۆنگرە و پاراستنی ئەو بنکە فراوانەی کە سیمای سەندیکای رۆژنامەنووسان لە کوردستان کە خاڵێکی گرنگ بووە لە سەرکەوتنی سەندیکا و نوێنەرایەتیکردنی رۆژنامەنووسان بەڕاست و دروست هەمان رۆژیش نامەیەکی پیرۆزبایم بۆ بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی نارد بەبۆنەی هەڵبژاردنەوەی بۆ سەرۆك کۆماری عێراقی فیدرال کە لێرەدا بەپێویستی دەزانم دەقەکەی بڵاوبکەمەوە:

**رێزدار مام جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ**

بەناوی خۆم و ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، ئەو سەندیکایەی کە هەموو رۆژنامەنووسانی کوردستانی بەجیاوازی بیروڕای سیاسی و نەتەوەیی و ئایینی کۆکردۆتەوە پیرۆزبایی لە بەڕێزتان و لە خۆمان دەکەین بەبۆنەی هەڵبژاردنەوەتان بۆ جاری دووەم وەك سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ، ئەمەش بەڵگەی متمانەدانی رۆڵەکانی گەلی عێراقە بە بەڕێزتان لە رێگای نوێنەرانیان لە پەرلەمانی عێراقدا لە چوار ساڵی رابردودا، بەڕێزتان ئەوەتان سەلماندا کە ئێوە شیاوترین کەسایەتین بۆ هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیارەتیە گەورەیە لەپێناو بنیاتنانی عێراقێکی دیموکراتی و فرەیی و فیدرالی، لەگەڵ هیوای تەندروستیەکی باش و تەمەنێکی درێژ.

**فەرهاد عەونی**

**نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان**

**٢٠١٠/١١/١٤**

دوا کار و چالاکیەکانمان لە ساڵی (٢٠١٠)دا بریتی بوون لە ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەی سێیەمی گشتی کە یاسا و ڕێسای تایبەتی بۆ داندرا کە بە هەموو شێوەیەك بەوپەڕی ئازادی بەڕێوەبچێت لە زۆربەی قۆناغ و وێستگەکان خۆم و برادەرانی ئەنجوومەن حزورمان هەبوو لە زاخۆوە تاکو خانەقین کە لە ئاکامدا (٢٩٦) نوێنەر لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی ئەندامی سەندیکا هەڵبژێردران، لە هەمان کاتیشدا بە هەموو شێوەیەك لە هەوڵ و کۆششی جدیدا بووم کەوا هەیکەل و پێکهاتەی سەندیکا بپارێزم و لەسەر هەمان ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی بەردەوام بێت کە لە ماوەی (١٢) ساڵی ڕابردودا پەیڕەو دەکرا و بە هیچ شێوەیەك سەربەخۆیی سەندیکا دەستی بۆ درێژ دەکرا، لەلایەکی دیکەشەوە لە هەوڵی ڕاستەوخۆی ئەوەدا بووم کە بتوانم نەقیب و ئەنجوومەنی سەندیکا و لیژنەکانی بە شێوازێکی هەڵبژاردنی ڕۆژنامەنووسانی کارامەی کاری ڕێکخراوی (نقابی) بەهێز کە لە ئایندەدا (دەستەمۆ) نەکرێ، بۆ ئەم مەبەستە پێش بەستنی کۆنگرە ڕاستەوخۆ سەردانی بەڕێز سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان (مەسعود بارزانی) و مەکتەبی سیاسی پارتیم کرد کە تێیدا ڕا و سەرنج و پێشنیارەکانی خۆم پێ ڕاگەیاندن، بۆ ئەم مەبەستە (سەرۆك مەسعود بارزانی) و مەکتەبی سیاسی لەگەڵ بۆچوونەکانی بەندە (هاوڕابوون)، لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ هەردوو بەڕێزان د. بەرهەم ساڵح جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی و عەدنان موفتی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ڕا و بۆچونمان گۆڕییەوە، پاشان وام بە باش زانی سەردانی بەڕێز (خەسرەو گوڵ محەمەد) ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بکەم، ئەوەبوو کاتێك تەرخان کرا کە یەکتری ببینین، ئەوەبوو کاتێ سەردانی سلێمانیم کرد هەر زوو داوەتێکی نان خواردن لە چێشتخانەی (ئوتێل دیلان) ڕێکخرا کە تێیدا برایانی بەڕێز کاك جەلالی عومەری سام ئاغای برا و دۆست و کاکە لاهوری شێخ جەنگی کوڕی هەڵکەوتوی یەکێتی و شاری (کۆیە) کە تێیدا بە تەنها لەگەڵ کاك خەسرەو گوڵ محەمەد و بەندە ڕا و بۆچونەکانمان ئاڵوگۆڕکرد و هاوڕابوین، لە هەمان

کاتیشدا سەردانی برای بەڕێز کاك (نەوشیروان مستەفا)مان لە ماڵەکەی خۆی لە گردی عەلی ناجی بەمەبەستی قەناعەت پێهێنانی کاك نەوشێروان بۆ بەشداریکردنی رۆژنامەنووسانی بزوتنەوەی (گۆڕان) لە ئەنجوومەنی سەندیکا، چونکە رۆژنامەنووسانی دەزگاکانی راگەیاندنی گۆڕان زۆربەیان ئەندامی سەندیکا بوون تەنانەت کاك مستەفا ساڵح کەریم و بەندە لە (گردی زەرگەتە) ئیشراف پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی رۆژنامەنووسانی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ کۆنگرەی سێیەمی گشتی سەندیکامان کرد کە تێیدا چەند نوێنەرێکیان هەڵبژێردران بۆ کۆنگرە، پاش گفتوگۆیەکی راشکاوانە کە برای بەڕێز (ئاواتی شێخ جەناب)یش لە دانیشتنەکە ئامادەبوو نەمتوانی قەناعەت بە کاك نەوشێروان مستەفا بهێنم بۆ بەشداریکردنی نوێنەریان لە ئەنجومەنی سەندیکا کە دەبێتە مایەی بەهێزکردن و بێلایەنکردنی زیاتری سەندیکا کە بە هاتنی ئەوان بالانسەکە سەقامگیرتر دەبێت، لەدواقسەیدا کاك نەوشێروان گوتی (رۆژنامەنووسانمان بەشداری لە سەندیکا و کۆنگرەکانی دەکەن بیٚ تەحەفوز، بەڵام جاریٚ زووە بۆ بەشداریکردن لە ئەنجومەنی باڵای سەندیکا، لەنیەت پاکی و بێلایەنی تۆ دەگەم، بەڵام با ئەو بابەتە بۆ کاتێکی دیکە بمێنیٚ)، بۆ هەمان مەبەست سەردانی مامۆستا سەلاح بەهادین رابەری یەکگرتوی ئیسلامی کە ئەندامەکانیان و لەسەروی هەمووشیانەوە کاك حامد محەمەد عەلی کە لەپاش دواکۆنگرەی گشتی دووەم بە سکرتێری سەندیکا هەڵبژێردرا بەڕێز سەلاحەدین بهاء الدین پشتیوانی خۆیانی بۆ سەندیکایەکی یەکگرتوو دووپاتکردەوە کە بە دەق گوتی (ئەگەر جەنابت یان پیاوێکی وەکو تۆ رێبەرایەتی سەندیکا بکات ئێمە بەردەوام بەشداری دەکەین، چونکە ئێوە ئیسپاتتان کرد کە بێلایەنانە و راستگۆیانە سەندیکا بەڕێوەدەبەن)، برادەرانی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان کە ئەو رۆژەی سەردانی بەڕێز کەمال شاکر سکرتێری حزبی شیوعی کوردستانم لە بارەگای مەکتەبی سیسای کرد ئەوانیش بەڕێزەوە پشتیوانی خۆیان بۆ بەرەو پێشەوە چون و یەکگرتووی سەندیکا دوپات کردەوە، لە دواقسەیەدا بەڕێز کەمال شاکر گوتی (ناکرێت بۆ

ئەم دەورەی دیکەش بمێنیتەوە؟ موجامەلەت ناکەم سەندیکا بە تۆ و بەو برادەرانەی کە لەگەڵتدان جوانە)، هاوکات سەردانی برایانی بەڕێزی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی بە حزوری مامۆستای بەڕێز عەلی باپیر و حزبی زەحمەتکێشان و برایانی بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری و کۆمەڵی رۆشنبیرانی کلدانی و حزبی نیشتمانی ئاشوری کە بۆ هەندێکیان سەردانی شاری دهۆکیشم کرد و هیچ لایەنێکم فەرامۆش نەکرد لە کوردستان لە پێناو مانەوەی سەندیکایەکی یەکگرتووی پتەو، چونکە هەموو مەبەستم ئەوەبوو کە پاش نەمانی من لە سەندیکا سەندیکایەکی تۆکمە بەجێ بهێڵم و لەسەر هەمان رێڕەوی سەربەخۆی خۆی بمێنێتەوە کە پاشان لە لاپەڕەکانی دیکە باسی لێوە دەکەم، چونکە بەپێی رووداوی رۆژ بیرەوەرییەکانم دەنووسم، بابەتی بەستنی کۆنگرە و ئەنجامەکانی بۆ لاپەڕەکانی دوایی دەهێڵمەوە و باسی لێوە دەکەم.

لە ناوەندی مانگی (١٢)ی ئەم ساڵەدا لە (برۆکسل)ەوە نامەی دەستلەکارکێشانەوەی (ایدان وایت)مان پێگەیشت کە لە یەك کاتدا بۆ سەرجەم سەندیکا و یەکێتیەکانی ئەندامی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی ناردبوو کە ژمارەیان (١٣٠) رێکخراو بوو، کە تێید بە دوور و درێژی باسی لە (٢٤) ساڵی کاری لە فیدراسیۆن دەکات کە تێیدا بەوپەڕی لێهاتووی و کارامەی رۆڵی سکرتێری گشتی فیدراسیۆنی پڕکردبوەوە، بەڵام ئێمە هەر لە کۆنگرەی (٢٧)ەمین کە لە دورگەی کادیز لە ئسپانیا بەسترا هەستمان بە دژایەتیکردنی ئەم جوامێرە کرد کە لەلایەن (پاکۆ)ی سەرۆکی رۆژنامەنووسانی ئسپانیا سەرکردایەتی دەکرا، بەڵام لەو کۆنگرەیەدا ئێمە راشکاوانە لایەنی (ایدان وایت)مان گرت، چونکە لەڕاستیدا رۆژنامەنووسانی کوردستان و سەندیکایەکەی قەرزاری ئەو سەرکردە نەقابیەن کە چەند جارێك سەردانی کوردستانی کردووە و بۆ بەشداریکردن لە کار و چالاکیەکانمان کە لەگەڵ سەندیکا و رۆژنامەنووسانی عێراقی ئەنجاممان دەدا، سەرەڕی پشتگیریکردن و هەوڵدانی لە پێناو بەئەندامبوونی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە

IFJ، له كۆتایی نامەكەشیدا دەڵێ (له سالانی داهاتوو هەوڵەكانی خۆم له كاری دیكه چڕ دەكەمەوە، بەڵام فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی هەمیشه له خوێن و هزرم دەمێنێتەوە، دەمەوێ سوپاستان بكەم، سوپاسی ئەندامەكانتان بكەم كه پشتیوانیتان لێ كردووم لەگەڵ داوای لێبوردن له هەڵەكانی كه كردوومه).

له رۆژانی ١٦-٢٠١٠/١٢/١٨ به چاودێری فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی IFJ و بەشداری سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان و سەندیكای رۆژنامەنووسانی عێراق كۆنگرەیەكی بەرفراوانمان لەژێر ناوونیشانی (لەپێناو دواڕۆژی رۆژنامەگەریی له عێراقدا -من اجل مستقبل الصحافه العراقیه) سازكرد كه تێیدا له ماوەی (٣) رۆژی چڕوپڕ له نێوان (٧) دانیشتن (جلسه) به ئامادەبوونی دەیان رۆژنامەنووسی كورد و عەرەب و توركمان و سریان كه له هۆڵی ئوتێلی (سیاكۆ) بەسترا كه تێیدا چەندین شاندی ئەوروپی و رۆژنامەنووسی به ئەزمون ئامادەبوون كه له دانیشتنی یەكەمی كردنەوەی كۆنگرەكه وتارێكم پێشكەش كرد كه تێیدا گوتم (ئێمەی رۆژنامەنووسان له رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا له بارودۆخێكی دژواری پڕ له كێشەی هەمەجۆری كۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی دەژین كه تێیدا دووفاقی هەڵسەنگاندن و هەژاری هەڵسەنگاندنی پیشەیی بووەته هۆكاری تێكەڵبوونی معیاره سیاسی و كۆمەڵایەتییەكان كاتێ هەڵسەنگاندن بۆ كێشەیەك دەكەین كه ئەمەشیان دیاردەیەكی خەتەرناكه لەم ناوچەیه.

مۆید اللامی نەقیبی رۆژنامەنووسانی عێراق كه سوپاسی بەنده و سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستانی كرد كه ئەركی ئامادەكردنی ئەم كۆنگرەیان لەئەستۆ گرتووه و (مونیر زەعرور)یش كه رێكخەری پڕۆژەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو له IFJ ئەویش له وتارەكەیدا رۆڵی سەندیكای ئێمەی بەرز نرخاند و هیوای خواست كه ئەم كۆنگرەیه بتوانێ دواڕۆژێكی باشتر بۆ كاری رۆژنامەگەریی له عێراق بەدی بهێنێ، ئەوجا له ماوەی ئەو سێ

ڕۆژەدا ڕۆژنامەنووس (أرنی کونبیح)ی دانیمارکی و (شیبیل هانس) ئەندامی ئەنجوومەنی یونسکۆ و (ساره بوشطوب) لە IFJ و (جاکی ساتن) بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ایرێکس لە عێراق و لە کوردستانیش سەرەڕای بەندە و کاك مستەفا ساڵح کەریم و شێرکۆ حەبیب و جەنان پۆڵس و حسامەدین سەرداری و هەردوو ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا ئەکەد موراد و حامد محەمەد عەلی و محەمەد عەقراوی و لەلایەن ڕۆژنامەنووسە عێراقییەکان و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراقی ڕۆژنامەنووسانی (جمعة الحلفي وسناء النقاش) د. یحیی رشاوی و فاطمه سلوحی و د. هاشم حسن و د. سعد مطشر و د. سعد لطیف محەمەد و ماجد فاضل و علاء محسن و هدی عباس و حسن عبودی و حارث محمد فرج و سعدي سبع و چەنین بەڕێوەبەری دەزگای ڕاگەیاندن لە کوردستان و عێراق کە تێیدا لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژەدا جوانترین شێوازی بەڕێوەبردنی کۆنگرە بە ناوەڕۆکێکی زێدە دەوڵەمەند ڕێکخرا کە لە کۆتایشدا بە چەندین تێڕوانینی بەسوود کۆتای هات و بڕیاردرا کە ناوەڕۆکی ئەم کۆنگرەیە بۆ ڕۆژنامەنووسان بڵاوبکرێتەوە، ئێمە لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان سەرەڕای بڵاوکردنەوەی دەقی ناوەڕۆکی کۆنگرەکە بە زمانی کوردی و عەرەبی لە هەردوو گۆڤارەکەی سەندیکا لە هەمان کاتیشدا بە کۆبونەوەی چڕوپڕ لەگەڵ لقەکان و نووسینگەکانی سەندیکا بەدرێژی تاوتوێ کرا، لە کۆتایی کۆنگرەکە (مونیر زەعرور) ڕێکخەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە IFJ دەربارەی ڕۆڵ و هێڵی گۆڤارە عەرەبیەکەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان گوتی (سەرم سوڕ دەمێنێ کاتێ لەسەر مێزی نووسینگەکەم لە برۆکسل گۆڤاری "الصحفی" دەبینم کە ئەمەشیان موفاجەئەیەکی دڵخۆشکەرە، بەڵام ئەوەی کە زیاتر دڵم خۆش دەکات لەو گۆڤارە کە یەکێکە لەو گۆڤارە تاقانانەی کە لە سەندیکایەکی ئەندامی فیدراسیۆن دەردەچێت کە تێیدا بە تەواوی لەگەڵ هێڵی فیدراسیۆن هاوتەریبە بەتایبەتیش لە بابەتی "بەربڵاوکردنەوەی بابەتی ڕۆژنامەگەریی ئەخلاقی" کە ئەمەشیان کارێکی سوودمەندە و جارێکی دیکەش دڵخۆشم بەوەی ئەم گۆڤارە کە دەنگی سەندیکایەکە بە تەواوی لەگەڵ خەتیIFJ

دەڕوات، لێرەدا دەمەوێ ئەو ڕاستیە ببێژم کەوا سەرجەم کۆنگرە و کار و چالاکیەکانی IFJ لە هەولێر و بە پاڵپشتی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەکرا کە ئەمەشیان مانا و ئەبعادی خۆی هەبوو).

ساڵی (٢٠١٠)شمان بەڕێکرد مایەوە ساڵی ٢٠١١ کە تێیدا لەسەرەتاوە چەند چالاکیەکی تێدا هاتە کایەوە، سەرەڕای هەندێ بابەتی چارەنووسساز و هەواڵی جەرگبڕی کۆچی دوایی خۆشەویستان و دواکۆنگرە کە وەکو نەقیبی ڕۆژنامەنووسان بەشداری تێدا دەکەم.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٢٠١١/١/٥ لە هاوینەهەواری سەلاحەدین ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی بەندە و جێگری نەقیب کاك مستەفا ساڵح کەریم، پێشوازی لە شاندێکی باڵای ڕاگەیاندنی وڵاتی کوێت کرد بە سەرۆکایەتی عەدنان خەلیفە ڕاشد ئیبراهیم و ئەندامیەتی ئەحمەد یوسف بەهبەهانی سەرۆکی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی کوێتی و جێگری سەرۆکی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب و فەریق عەلی محەمەد باڵیۆزی دەوڵەتی کوێت لە عێراق و ژمارەیەك لە سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووسانی (الوان، الدار، الوطن، الانباء، الجزیرة، القبس، النهار) کە تێید بەڕێز سەرۆکی هەرێم جەختی لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێو کوردستان و دەوڵەتی کوێت کردەوە و ئاماژەی بۆ کرد کە ویستێکی بەهێز لە لایەن سەرکردایەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە بە مەبەستی گەشەپێدانی دووقۆڵیەکان لە نێوان کوردستان و کوێت، پاشان یەکێك لە ڕۆژنامەنووسەکان گوتی (من وەکو عەرەبێك داوای لێبوردن لە گەلی کوردستان دەکەم بەرامبەر ئەو تاوانانەی ڕژێمی دیکتاتۆری دەرهەق بە گەلی کوردی کردووە)، پاش تەواوبوونی کۆبوونەوەکە لەو ڕۆژنامەنووسە نزیك بوومەوە کە لە ڕۆژنامەی (النهار) کاری دەکرد و لێم پرسی (ناترسی هەندێ لە ڕۆژنامەنووسانی عەرەب بەرپەرچی ئەم قسانەت بدەنەوە کە بەناوی عەرەبەوە داوای لێبوردن لە کورد دەکەی؟)، لە وەڵامدا گوتی (شەرمە بۆ ڕۆشنبیرانی عەرەب تێکڕا کە ژمارەیەکی

زۆر کەمیان نەبێت کە لە پەنجەی دەست تێپەڕ ناکەن بێهەڵوێست بوون بەرامبەر ئەو تاوانە گەورانەی کە رژێمی عێراق بەرامبەر میللەتی کورد کردی).

پاش نیوەڕۆی رۆژی ٢٠١١/١/٨ من و برای بەڕێز کاك مستەفا ساڵح کەریم بەشداری کۆبونەوەیەکی فراوانی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان کك مەسعود بارزنیمان کرد کە تێیدا سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرانی داد و ناوخۆ و ئەوقاف و سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەری و سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان و سەرۆك و نوێنەرانی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان و راوێژکاری یاسایی سەرۆکی کوردستان ئامادەبوون کە تێیدا سەرۆکی هەرێم گوتی (ئەوەی هەموومان شانازی پێوە دەکەین یەکڕیزی ماڵی کوردستانیانە کە ئەمڕۆ هەست دەکەم خەریکە درزێکی تیا بکەوی کە ئەویش خۆی لە ئیرهابی فکری دەبینێتەوە بۆیە ویستم لە نزیکەوە بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا پێکەوە باسی ئەم رەوشەی خۆمان بکەین و گوێ لە بیر و بۆچونەکانتان بگرم).

ئەوجا با بێمە سەر ئامادەکارییەکانی بەستنی کۆنگرەی سێیەمی گشتی کە لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی سەندیکا لە کۆبونەوەی مانگانەی ئاسایی خۆیدا کە لە ٢٠١٠/١٠/٢٩ بەسترا لەسەر رۆشنایی یاسای سەندیکا و پەیڕەوی ناوخۆی بڕیاردرا کە کۆنگرەی سێیەم لە ٢٢-٢٠١١/٢/٢٤ لە هەولێر ببەسترێ، خۆی دەبوایە لە رۆژانی دوایی مانگی ٢٠١٠/١٢ ببەسترایە چونکە سێ ساڵی رەبەق تەواو دەبوو، بەڵام هۆی دواخستنی لە مانگی ٢٠١٠/١٢ بۆ ٢٠١٠/٢/٢٢ دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارێکی حیسابی کە پەیوەندی بە راپۆرتی دارایی و راپۆرتی گشتییەوە هەبوو کە پێویستە هەردوو راپۆرتەکە (گشتی و دارایی) سێ ساڵی تەمەنی نێوان دوو کۆنگرە لەخۆی بگرێت، ەڵام چونکە تەسویەکردنی حیساباتی مانگی ٢٠١٠/١٢ بەپێی رێنماییەکانی وەزارەتی دارایی دەکەوێتە مانگی دواتر بۆیە ئەم چەند هەفتەیە کۆنگرە دواخرا و کاتی خۆشی بەپێی

بڕیارەکانی هەمان کۆبونەوە هەموو ئامادەکارییەکان بۆ بەستنی کۆنگرە تەواو بووبوو تەنانەت بڕیار وابوو کە ڕۆژی ٢٠١١/٢/١٨ تێکڕای پێداویستییەکانی کۆنگرە (باج، پێناسەی ئەندامی کۆنگرە، ڕاپۆرتەکانی گشتی و دارایی، هەر شەش ڕاپۆرتی لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی، یاسای سەندیکا بە هەردوو زمان، پەیڕەوی ناوخۆ، میساقی شەرەفی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، هەمووی لە ناو جانتایەکی تایبەت ڕێکخرابوو و داوا لە سکرتێری لقەکان و نووسینگەکان کرابوو کە لە بارەگای ئەنجومەنی سەندیکا ئامادەبن بۆ وەرگرتن و دابەشکردنی، بۆ ئەم مەبەستەش بڵاوکراوەیەکمان بڵاوکردەوە کە تێیدا داوامان لە ئەندامانی کۆنگرە کردبوو کە ڕاپۆرتەکانی گشتی و دارایی بە وردی دیراسەت بکەن بۆ ئەوەی لە کۆنگرە مەسەلەکان ڕوون و ئاشکرا و شەفاف بێت، بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەو ڕۆژە کە تێیدا لە کۆبونەوەیەکی هاوبەش لە بارەگای مەکتەبی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر ئامادەکرابوو کە تێیدا برایان ئازاد جوندیانی لێپرسراوی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و سەرۆ قادر لێپرسراوی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و من و کاك مستەفا ساڵح کەریم وەکو نەقیب و جێگری نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەمەبەستی دوپاتکردنەوەی پاڵپشتی بۆ سەرکەوتنی کۆنگرەی سێیەم دوور لە هەموو دەستتێوەردانێك کە ببێتە مایەی لێکترازانی ڕیزەکانی پێکهاتەی سەندیکا کە تێیدا بەندە ڕاشکاوانە ڕا و بۆچوونی تایبەتی خۆم پێ ڕاگەیاندن و بە دەق گوتم (من دواڕۆژی مانەوەم لە سەندیکا بەسەردەبەم، بەڵام لای من بە مەسەلەیەکی ئەخلاقی و پیشەیی و سیاسی دەزانم کە پێتانی ڕابگەیەنم لەبەر هەر هۆکارێك بێت پاڵپشتی خەڵکانێك مەکەن کە پیشەیی و سەندیکایی (نقابی) نین، چونکە لە ئاکامدا خراپ دەشکێتەوە وەکو ڕەحمەتی حاجی قادری کۆیی دەڵێ:

*حـاجی کەسێکە بێکەس بۆ ئێوە قوڕ دەپێوێ*

*بە قـــــسەم دەکەن زەریفە دەنا بـــەڵا لە خۆتان*

ئێمە ئامادەبوانی کۆبونەوەکە لە گەرمەی گفتوگۆیەکاندا بووین لەپڕ تەلەفۆنێك بۆ کاك سەرۆ قادر کرا، بە دەم و چاویەوە دیاربوو کە هەواڵەکەی پێیان راگەیاند دڵخۆشکەر نەبوو، بۆیە ئەویش یەکسەر دەستی بۆ کۆنترۆڵی تەلەفزیۆنەکە برد و گوتی لە سلێمانی خۆپیشاندان و پەشێویە با بزانین چی روویداوە، کاتێ تەلەفزیۆن پێکرا دیمەنی شەقامی مەولەوی نیشان دەدا کە خۆپیشاندەران بە دەم هوتاف لێدانەوە بەرەو لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان دەهاتن کە پاش گەیتشن بۆ بارەگای چوار ئاشکرایە کە چی روویدا، لێرەدا دێمەوە سەر دەفتەری بیرەوەرییەکانم کە لە کۆتایی لاپەڕەی ئەم رۆژەدا ٢٠١١/٢/١٧ نووسیومە (مرۆڤ هەست بە نیگەرانی ، شەرمەزاری، بێئومێدی، دەکات لە کوردستان کاتێ ئەم بارودۆخە نالەبارە دەبینێ کە پاش ئەو هەموو کارەساتە جەرگبڕانە بارودۆخی کوردستان و ئەزمونەکەی بەم شێوە بڕوات و بەم جۆرە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت)، کۆبونەوەکە بەناکامی تەواوبوو، هەرکەسە بۆ شوێنی خۆی گەڕایەوە، من بە ئومێد بووم کە ئەم رووداوە هەر ئەو رۆژە تەواو بێت، بەڵام رۆژانی ٢/١٨/ و ٢/١٩ و ٢/٢٠ش وەکو خۆی مایەوە و پاشانیش پەڕیەوە بۆ رانیە و هەڵەبجە کە بەداخەوە بووە هۆکاری کوژران و برینداربوونی هەندێ هاوڵاتی کورد.

بۆ رۆژی ١٨-٢/١٩ کەوتمە پەیوەندیکردن بە برادەرانی ئەنجومەن و سکرتێری و ئەندامانی هەردوو لیژنەی چاودێری و بەرزەفت و سکرتێری لق و نووسینگەکانی سەندیکا، پاش ئەوەی لەگەڵ کاك مستەفا ساڵح کەریم و کاك حامد محەمەد عەلی جێگر و سکرتێری سەندیکا راوێژم پێکردن هەمووڵایەك گەیشتینە ئەو ئاکامەی کەوا کۆنگرە بۆ ماوەیەکی دیکە دوابخرێ، چونکە

**ناکرێ لەم بارودۆخە نائارامە کۆنگرە ببەسترێت، لە دەفتەری بیرەوەریەکانی ڕۆژی ٢٠١١/٢/٢٣ لە دوادێڕیدا نووسیومە: (لە یەزدانی گەورە دەپاڕێمەوە کە کوردستان سەلامەت بکات و هەموو لایەکمان درك بەوە بکەین کە کورد دوژمنی زۆرە...!)**

**ڕۆژی چوارشەممە ڕێککەوتی ٢٠١١/٣/٩ پاش هێوربوونەوەی بارودۆخەکە ئەنجوومەنی سەندیکا لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی تاکو لە کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ کۆبونەوەیەکی گشتی لەگەڵ سەرجەم سکرتێری لق و نووسینگەکانی سەندیکا کرا بەمەبەستی تاوتوێکردنی بابەتی بەستنی کۆنگرە کە تێیدا باسم لە دوو خاڵ کرد وەکو پێشنیار کە پاش گفتوگۆ هەر هەموومان بڕیارێکی دەستەجەمعیمان دا کە بریتی بوو لە دوو خاڵ، یەکەمیان دواخستنی کۆنگرەی گشتی سێیەم بوو بۆ کاتێکی دیکە کە بە هیچ شێوەیەك لە ناوەڕاستی مانگی (٢٠١١/٥) تێنەپەڕێ، دووەمیان ڕاگەیاندنی بەیاننامەیەك کە چەند خاڵێك لەخۆبگرێت بەمەبەستی هێورکردنەوەی بارودۆخەکە، دواخستنەکە چاری بێ چارە بوو لە پێناو سەلامەتی ڕۆژنامەنووسان و کۆنگرەکەیان.**


تحت شعار:-
" من أجل ترسيخ حرية الصحافة وضمان حقوق الصحفيين في كوردستان "
نقابة صحفيي كوردستان تقيم مهرجان الذكري (١١٢) لعيد الصحافة الكوردية.
جاسەنە
٢٠١٠/٤/٢٢
هەولێر
رواندز
Kurdistan Journalists Syndicate

١



٢


صحفيي كوردستان
الأسرة الصحفية الكوردستانية
لعيد الصحافة الكوردية

٣


نقابة صحفيي كوردستان
الأسرة الصحفية الكوردستاني
بذكرى
لعيد الصحافة الكو

٤



٥



٦


٧


٨




٩



١٠



١١



١٢




١٣



١٤



١٥




١٦




١٧




١٨



١٩



٢٠


CONGRESO
PERIODISMO: EN CONTACTO CON EL FUTURO
MUNDIAL DE
JOURNALISM: IN CONTACT WITH THE FUTURE
PERIODISMO
JOURNALISME: EN CONTACT AVEC L'AVENIR
LA PEPA 2012
25/30 MAYO 2010
SAN FERNANDO
CÁDIZ ESPAÑA


٢١



٢٢



٢٣




٢٤




٢٥





٢٦




٢٧




٢٨




٢٩




٣٠




٣١




٣٢




٣٣



٣٤



٣٥



٣٦



٣٧




٣٨



٣٩



٤٠




٤١

## سەرەقەڵەمێك دەربارەی وێنەكان

١. هەولێر، درووشمی یادی ١١٢ ساڵەی رۆژنامەگەریی كوردی، كە لە ٢١-٢٠١٠/٤/٢٥ بەردەوام بوو، لە هەولێرەوە بۆ جاسەنە بۆ رەواندن.

٢. هەولێر، ٢٠١٠/٤/٢١، بارەگای سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان، كۆبوونەوەی دوو قۆڵیی نێوان هەردوو ئەنجوومەنی سەندیكای كوردستان و عیراق.

٣. هەولێر-پاركی شەهید سامی عبدالرحمن، ٢٠١٠/٤/٢١، دانانی تاجەگوڵینە لەسەر مەزاری شەهیدانی ١ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٤ لەلایەن هەردوو نەقیبی رۆژنامەنووسانی كوردستان و عیراقی.

٤. هەولێر-پاركی شەهید سامی عبدالرحمن، نەقیبی رۆژنامەنووسانی كوردستان (نووسەر) لەكاتی رێزلێنانی خوالێخۆشبوو محمد صالح صدیق باوكی هەردوو رۆژنامەنووسی شەهید (غەریب و ئەیوب).

٥. هەولێر-پاركی شەهید سامی عبدالرحمن، ٢٠١٠/٤/٢١، میوانانی بەشداربووی عیراقی عەرەب لەبۆنەكەدا.

٦. سورداش-بەردەم ئەشكەوتی جاسەنە، پێش نیوەڕۆی رۆژی ٢٠١٠/٤/٢٢، ئامادەبووانی یادەكە لە راستەوە: نووسەر، كامەران محمد، وەزیری ئاوەدانكردنەوە، د. بەرهەم ئەحمەد سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان، خوالێخۆشبوو د. كەمال فوئاد، سەلاحی موهتەدی، خوالێخۆشبوو شێركۆ بێكەس.

٧. هەمان شوێن و بەروار، سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان د. بەرهەم ئەحمەد لەكاتی خوێندنەوەی وتارەكەیدا.

٨. هەمان شوێن و بەروار، ئەنجوومەنی سەندیكای رۆژنامەنووسانی عیراقی لەگەڵ نەقیب و جێگری نەقیب و ئەندامانی ئەنجوومەن لەكاتی ئامادەبوونیان لە یادەكە.

٩. چەمچەماڵ-چاپخانەی دەزگای رۆژنامەی هەواڵ، ئێوارەی ٢٠١٠/٤/٢٢، نەقیبی رۆژنامەنووسانی كوردستان چاپخانەكە دەكاتەوە.

١٠. هەولێر-ئوتێل سیاكۆ، ٢٠١٠/٤/٢٣، وۆرك شۆپی تایبەت بە كاری رۆژنامەگەری، لە راستەوە: شێركۆ حەبیب، زیرەك كەمال، مستەفا ساڵح كەریم.

١١. هەمان شوێن و بەروار، سیمیناری رۆژنامەگەری، لە راستەوە: ستران عبداللە- سەرنووسەری رۆژنامەی كوردستانی نوێ، لە كاتی پێشكەشكردنی بابەتەكەی، زیرەك كەمال، مستەفا ساڵح كەریم.

١٢. هەمان شوێن، ٢٠١٠/٤/٢٤، بەڕێوەبردنی وۆرك شۆپی ڕۆژنامەگەری لەلایەن نەقیب و سکرتێری سەندیکا و جێگری نەقیب.

١٣. ڕەواندز–بەردەم ماڵەکەی حوسێن حوزنی موکریانی، ٢٠١٠/٤/٢٥، لەکاتی کردنەوەی پێشانگای فۆتۆگرافی مامۆستا زرار.

١٤. هەمان شوێن و بەروار، ئامادەبووانی کردنەوەی پێشانگایەکە، لە ڕاستەوە: نووسەر، سیروان سیرینی–قایمقامی ڕەواندز، دکتۆرە کوردستان موکریانی، جێگری نەقیب، مامۆستا زرار.

١٥. ڕەواندز–کۆمەڵگای گەشتیاریی پانك، ٢٠١٠/٤/٢٥، نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان وتارێك دەربارەی حوسێن حوزنی و گۆڤاری زاری کرمانجی پێشکەش دەکات.

١٦. وێنەیەکی دورگەی کادیز لە وڵاتی ئیسپانیا.

١٧. ئیسپانیا–دورگەی کادیز–سان فرناند، ٢٠١٠/٥/٢٥، دیمەنێکی گشتیی ڕۆژی یەکەمی کۆنگرەی ٢٧ـەمینی فدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی.

١٨. هەمان کات و بەروار، بەشێك لە دیمەنی ڕۆژی یەکەمی کۆنگرە، ریزی دووەم لە ڕاستەوە: أکد مراد، بەهجەت هروری، حامد محمد علی، شێرکۆ حەبیب، نووسەر.

١٩. هەمان شوێن و بەروار، بەردەم هۆڵی کۆنگرە، نووسەر لەگەڵ نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی فەلەستین (عبدالناصر).

٢٠. هەمان شوێن، ٢٠١٠/٥/٢٦، ڕۆژی دووەمی کۆنگرە، نووسەر لەکاتی قسەکردنی لە هۆڵی کۆنگرە، لەپشتیشییەوە ڕۆژنامەنووسێکی هندی و سەرۆکی ئەنجوومەنی صنفیی ڕۆژنامەگەرانی ئێرن ڕەجەب مەرزعی دەردەکەون.

٢١. هەمان شوێن، ٢٠١٠/٥/٢٧، شاندی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەبەردەم درووشمی کۆنگرەدا، لە ڕاستەوە: زیرەك کەمال، أکد مراد، نووسەر، حامد محمد علی، بەهجەت هروری، شێرکۆ حەبیب، مستەفا ساڵح کەریم.

٢٢. سویسرا–جنێف–کۆشکی هینار، ئێوارەی ڕۆژی ٢٠١٠/٦/٢٣، چەند خولەکێك کۆفی ئەنان سکرتێری گشتیی پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان.

٢٣. جنێف–ستۆدیۆی ڕادیۆی سەرتاسەری سویسرا (RSR)، ٢٠١٠/٦/٢٤، دیمانەیەك (ئالان مایە).

٢٤. سویسرا–بازاڕی میللی دیڤون، نووسەر لەگەڵ ڕۆژنامەنووس ئازاد گوڵەیی.

٢٥. فەرەنسا–أنماز، ٢٠١٠/٦/٢٩، لە کاتی بەخشینی ئاڵای کوردستان بە دیاری بە خاتوو (ئەندای لیخسا) جێگری پارێزگاری ئەنماز.

٢٦. هەمان شوێن و بەروار، نووسەر ئاڵای کوردستان وەکو دیاری پێشکەش بە پڕۆفیسۆر زۆلێر دەکات.

٢٧. جنێف، ٢٠١٠/٧/١، نووسەر لەگەڵ خاتوو دانی پەیامنێری ڕێکخراوەکانی ماڤ مرۆڤ لە سویسرا.

٢٨. جنێف-پارکی چێشتخانەی ڤیڤس، ٢٠١٠/٧/٢، داوەتی وەزیری ڕۆشنبیریی کانتۆنی جنێف، لە راستەوە: جەودەت سۆڤ، پیتەر مۆگنی وەزیری ڕۆشنبیری، پڕۆفیسۆر زۆلێر. دەستە چەپ: نووسەر، هەردوو بەڕێوەبەری گشتیی وەزارەتی ڕۆشنبیریی کانتۆنی جنێف.

٢٩-٣٠. هەمان شوێن و بەروار، نووسەر دیاریی (موجەلەدی ڕۆژنامەی کوردستانی دایك) لەگەڵ تابلۆیەکی فەرشی هەڵپەڕکێی کوردی پێشکەش بە پیتەر موگنی دەکات.

٣١. جنێف-چێشتخانەیەکی ئێرانی، ٢٠١٠/٧/٣، لە راستەوە: جەودەت سۆڤ، هەیمان حسن ئاغا سورچی (خاوەن داوەت)، ئازاد گوڵەیی، کاردۆ محمد، شێخ سالا حەفید، نووسەر.

٣٢. سویسرا-زیوریخ-ڕێستورانتێکی ناوەندی شار، ٢٠١٠/٧/٤، نووسەر لەنێوان برایانی لیژنەی ناوچەی زیوریخی پارتی دیموکراتی کوردستان.

٣٣. سویسرا-بیرن-بارەگای باڵیۆزخانەی عیراقی، ٢٠١٠/٧/٦، لە راستەوە: نووسەر، دکتۆر پیرۆد احمد باڵیۆزی عیراقی لە سویسرا، دکتۆر فەوزی قەدور نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سویسرا.

٣٤. جنێف، ٢٠١٠/٧/٧، یانەی ڕۆژنامەگەریی سویسرا، نووسەر ئارمی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان پێشکەش بە جەی میتان سەرۆکی یانە دەکات.

٣٥. لۆزان-ماڵی کەسایەتیی ناسراوی کورد خوالێخۆشبوو (عیسمەت شەریف وانلی)، ٢٠١٠/٧/٩، نووسەر لەنێوان عیسمەت شەریف و خاتوو کارمن-ی هاوسەری.

٣٦-٣٧. هەمان شوێن و بەروار، گفتوگۆی ڕۆژنامەنووسیی نێوان خوالێخۆشبوو عیسمەت شەریف وانلی و نووسەر.

٣٨. جنێف-ماڵی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەحمەد شێربەگی، لە راستەوە: خێزانی شێربەگی، جەودەت سۆڤ، نووسەر، ئەحمەد شێربەگی، خاتوو ئەستێل خێزانی جەودەت، میدیا.

٣٩. ئیتاڵیا-ڕۆما-بەردەم ڤاتیکان، نووسەر لە چاوەڕوانیی چوونە ژوورەوەی ڤاتیکان.

٤٠. ئیتاڵیا-ئاسەواری بەناووبانگی کۆڵسۆی، ٢٠١٠/٧/١٣، نووسەر لەگەڵ جەودەت سۆڤ.

٤١. ئیتاڵیا-ڤینیسیا، ٢٠١٠/٧/١٤، نووسەر لەسەر پردە دێرینەکەی ڤینیسیا.

وەرزی بەهار لە نزیك بوونەوەدا بوو، خەڵكی بە ئومێدی بەهارێكی ئارام و باراناوی بوون، سەرلەئێوارەیەكی لەو رۆژانە سەردانی خوالێخۆشبوو كاك (جەوهەر نامق سالم)م كرد لە ماڵەكەی خۆی لە هاوینەهەواری سەلاحەدین، پاش ئەوەی زانیم نەخۆشە لە پێشەوە تەلەفۆنم بۆ كرد و گوتی (مەیە لام، چونكە دكتۆر جەمال عبدالحمید دەڵێ زەردویتە، خۆپاراستن باشە، نەوەك بیگریتەوە)، منیش لە وەڵامدا گوتم (مەناعەم بەهێزە و زەردویش جێگای ترس نیە)، كاتێ گەیشتمە لای كاك جەوهەر بەئاساییم نەدیت، رەنگی سپی هەڵگەڕاو و لاوازی پێوە دیاربوو، بەڵام چونكە پیاوێكی زێدە بەغیرەت و بەهێز و پڕ لە مەعنەویات بوو نەیدەویست خۆی وەكو نەخۆش نیشان بدات، وەكو عاداتی خۆم لە دانیشتنەكەدا تەزبیحێكی زەردم لە گیرفان دەرهێنا و ویستم خۆمی پێ بخلافێنم، پرسیاری جۆری تەزبیحەكەی لێ كردم، منیش گوتم كارەبایە و خوا هێنای كە ئەو رۆژە ئەم تەزبیحە زەردەم لە گیرفان بوو، بۆیە یەكسەر تەزبیحەكەم دایە دەستی و گوتم (ئەم تەزبیحە هەم كارەبایە و هەم زەرد، تەماشاكردنی رەنگی زەرد ئەوجا چ ماسی زەرد، چ تەسبیحی زەرد زەردویی دەڕەوێنێ بالات بێت)، لەڕاستیدا لەوكاتە منیش بە خەیاڵمدا نەدەهات كە نەخۆشییەكەی زەردوویی نەبێت و پاش ماوەیەك بەجێم هێشت.

پاش چەند رۆژێك زانیم بەبێ ئەوەی ئاگاداربم كاك جەوهەر سەفەری كردووە، كاتێ لە كاك یاوەری برایم پرسی گوتی دكتۆر وای بە باش زانیوە سەفەر بكات بۆ سوید، چونكە وەكو دكتۆر گوتویەتی بێگومان سوید لە كوردستان لەپێشترە بۆ چارەسەری، هەر ئەو رۆژە كاتێ تەلەفۆنەكەم لە كاك یاوەر و كاك خالد محەمەد ئەمین كە ئەویش سەرەڕای خزمایەتی وەكو سكرتێری وابوو وەرگرت و تەلەفۆنم بۆ كرد، گفتوگۆیەكان بەم شێوەیە بوو:

بەندە: هالاو، كاك جەوهەر چۆنی، چاكی، (طمننا) یانی (دڵنیامان) بكەرەوەو.

خوالێخۆشبوو كاك جەوهەر: سەلامەت بن، باشم الحمدالله، خەریكی فحوساتم.

**بەندە**: پێم ناخۆش بوو بۆ سەفەرەکەت ئاگادارت نەکردمەوە، حەز دەکەم ئێستا بێمە لات، بەڵام خۆت دەزانی مەسەلەی فیزا کاتی زۆری دەوێت.

**خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر**: زۆر سوپاس، پێویست بە هاتن ناکا، برادەران بەتایبەتی کاکە حەمۆ لێرەیە و بە زیاد واجب هەڵدەستێ و (نێرگز)یش (خێزانی کە خوشکی منە) لێرەیە زۆر سوپاس.

**بەندە**: کاك جەوهەر نەختێکم پارە هەیە، حاڵی حازر هیچ ئیشێکم پێی نیە، ئەمر بکە تاکو چۆنت دەوێ بۆت رەوان بکەم، بە گۆڕی بابم حەز دەکەم بۆتی بنێرم.

**خوالێخۆشبوو جەوهەر**: فەرهاد پێویستت بە تاقیکردنەوە نییە، مەردایەتی تۆ لای من دەمێکە ئاشکرایە، ئەگەر پێویست بوو بە نێرگز دەڵێم تەلەفۆنت بۆ بکا.

پاش ئەویش تەلەفۆنەکەی دا بە نێرگز لەگەڵ ئەویش هەمان گفتوگۆم دووبارە کردەوە، بەڵام دیسان بە هیچ شێوەیەك هەستم بەوە نەکرد لە قسەکانیان کەوا نەخۆشیەکەی خەتەرناك بێت، بەهەرحاڵ ناوەناوە تەلەفۆنم بۆ دەکردن کە زیاتر لەگەڵ نێرگزی خوشکم قسەم دەکرد پاش ئەوەی کە کاك یاوەری براشی چوو بۆ سوید ناوەناوە قسەمان دەکرد، تێگەیشتم کە نەخۆشیەکەی سووك نییە، بەڵام هەرگیز پێشبینی ئەوەم نەدەکرد کە تەندروستییەکەی بەرەو داکشان بچێت بەم شێوەیە.

رۆژی ٢٠١١/٣/٢٠ ئێمەش وەکو ئەو خەڵکە کە لە رۆژانی چەند رۆژ پێش نەورۆز دەچنە دەرەوەی شارەکان ئێمەش خۆمان ئەو رۆژە بەرەو رەواندوز بەمەبەستی مانەوە و چەند رۆژێك دوورکەوتنەوە لە قەرەباڵغی رۆژانی نەورۆز چوین کە مەبەستی مانەوە لە کەمپی گەشتیاری (پانك) کە چەند ساڵێکە ئەم شوێنە لە بەرزاییەکانی نێوان رەواندز و بێخاڵ کراوەتە شوێنێکی گەشتیاری، عەسرەکەی گەیشتین، کەمێ باران باری، کەش و هەوایەکی زۆر خۆش بوو، منیش لە تارمەی پێشەوە بەرامبەر شاخەکانی هەندرێن و زۆزك یادی رۆژانی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ بیرکەوتەوە کە چەند جارێك لەگەڵ برادەران و

جارێك لەگەڵ شەهید دارا تۆفیق سەردانی ڕەواندزمان کرد، چونکە ئوتێلە گەشتیارەکەی کە لە ڕەواندز دروستکرابوو رادەستی ئەمانەتی راگەیاندن و رۆشنبیری و لاوان کرا بۆ سوود لێوەرگرتنی بۆ ئەو رۆژنامەنووسە بیانیانەی کە سەردانی کوردستان دەکەن، هەمان شەو تەلەفۆنی (سوید)م کرد لەگەڵ کاك جەوهەر نامیق بۆ ماوەی دوو خولەکێك قسەمان کرد بەڵام دیاربوو بێ هێز بوو.

٢٠١١/٣/٢١، رۆژێکی بەهاری زۆر خۆش، لەبەیانییەوە زنجیرەی ئۆتۆمبیل بەرەو دۆڵی ئاکۆیان دەچون، بێخاڵ پڕبووبوو بەڵام ئێمە هەر لەو خانوە گەشتیاریەداماینەوە، چونکە بە تەبیعەت حەز لە قەرەباڵغی و راوەستان و گیرخواردن ناکەم، پەروین و منداڵەکانیش بە هەمان شێوە وەکو منن، زیاتر بە تەماشای تەلەفزیۆنەوە خەریك بووین، سەرەڕای نەورۆز و کەش و هەوای ئەو رۆژە خۆشە (دڵم هەر لە سوید و لای کاك جەوهەر بوو)، دەمەو ئێوارە تەلەفۆنی سویدم کرد نێرگز بە قوڵپی گریانەوە هەواڵی بێهۆشبوون (غیبوبە)ی کاك جەوهەری پێ راگەیاندم، دڵم بە قسەکانی نێرگز ئاوی نەخواردەوە بۆیە داوای کاك یاوەرم کرد، ئەویش بێئومێدی خۆی نەشاردەوە و گوتی (خوا رەحم بکات)، لەڕاستیدا خەم و خەفەت دایگرتم، تاکو درەنگانی شەو دیمەنە جوان و سەرنج راکێشەکانی ئەو رۆژە کە ئاهەنگی گەلی کوردستان بە جەژنی نەورۆز لە تەلەفزیۆنەکان نیشان دەدرا خەمی نەڕەواندمەوە، هاتمە ئەم قەناعەتە کە ئەو پیاوە نەترس و بەجەرگ و ئازایە کە لە رۆژە زێدە سەختەکانی پاش نسکۆی ئەیلوول کە بێئومێدی باڵی بەسەر خەڵکی کوردستان کێشابوو بەڵام ئەو مرۆڤە و چەند تێکۆشەرێکی دیکە توانیان لە دەسپێکی قۆناغێکی تازەی شۆڕشدا ئومێد بۆ خەڵکی کوردستان دروست بکەنەوە، بەڵام نەخۆشی (شێرپەنجە)ی نامەرد توانی ئەو کەڵەپیاوە بێ دەنگ و بێ رەنگ بکات.

٢٠١١/٣/٢٢ زۆر زوو کاتژمێر ٦,٣٠ خولەك لە خەو هەڵسام بەرەو لای بەرزاییەکانی پانك هەنگاوم دەنا بەمەبەستی ئەنجامدانی وەرزشی رۆژانە کە تاکو کاتژمێر (٨)ی بەیانی خایاند، هیوام دەخواست ئەم رۆژە مۆبایلەکەم لە زەنگ بکەوتایە تاکو گوێم لە هەواڵێکی ناخۆش نەبێت، کاتژمێر ٨,١٥ دەقیقە

که یاوەر بە قوڵپی گریانەوە هەواڵی جەرگبڕی مەرگی کاکە جەوهەری برا و هەڤاڵ و برادەری راستگۆی پێ راگەیاندم کە وەکو گوتی کاتژمێر ٢,٤٥ دەقیقەی بەرەبەیان بە کاتی کوردستان گیانی سپاردووە، لەگەڵ نێرگزیش قسەم کرد، بەڵام کار لە کار ترازابوو، بەڕاستی هەواڵێکی ناخۆش و زێدە گران بوو، هەر زوو خۆمان کۆکردەوە و بەرەو هەولێر گەڕاینەوە، لە رێگادا نازانم ئەو دۆست و برادەرانە چۆنیان زانی، دەیان تەلەفۆنم بۆ کرا و داوای پشتڕاستکردنەوەی ئەو هەواڵە ناخۆشەیان لێ دەکردم، بە گەیشتنمان بۆ هەولێر سەردانی ماڵی سنەوبەری خوشکم کرد کە (سیروان و ئاران و ساهی) منداڵانی کاك جەوهەر لەوێ بوون کە لەڕاستیدا نەمتوانی رووبەڕوویان ببمەوە کە ئەوانیش خۆیان لە ژوورەوە لە تەوژمی گریان و باوك لەدەستچون هۆشی لێ سەندبوون، لەبەردەمی ماڵی کاك یاوەر کە خێوەتێك هەڵدرابوو چەند کاتژمێرێك لە پێشوازی هاوخەمانی لەدەستچوونی کاك جەوهەر بووین لەگەڵ کەسوکار و خزماندا.

٣/٢٣، هەواڵی مەرگی ناکاوی کاك جەوهەر وێردی سەرزمانی دەزگاکانی راگەیاندنی کوردستان بوو کە هەر هەموویان بە پیاوێکی ئازا و رەوشت پاك و راستگۆ و مەبدەئی ناویان دەبرد، ئەمڕۆش هەر لەبەردەم خێوەتەکە پێشوازیمان لە دۆست و هاوخەمان دەکرد.

٣/٢٤، رۆژێکی ناخۆش، کاتژمێر ٢,٣٠ی پاش نیوەڕۆ لەگەڵ شێرکۆی ئامۆزام لە فڕۆکەخانە بووین بۆ پێشوازی لە جەنازەی کاك جەوهەر، ساتەوەختێکی ناخۆش بوو، بەگەیشتنی رێوڕەسمێکی شایستەی بۆ کرا، سەرکردایەتی پارتی لە پێشەوەیان بەڕێز کاك مەسعود بارزانی و کاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی پەرلەمان و پەرلەمانتاران و لێپرسراوانی حزبی و حکومی و خەڵکێکی زۆر لە هەڤاڵان و دۆستانی، بە مارشی سەربازی پێشوازی لێکرا، ئەوجا بەرەو پەرلەمانی کوردستان برا، کاك نێچیرڤان بارزانی وتارێکی پڕ بە ژیانی کاك جەوهەری خوێندەوە، سیروانی کوڕە گەورەی بەو تەمەنەوە لە

ئاستی رووداوه دڵتەزێنەکە بوو، وتارێکی سوپاسگوزاری پوخت و کورتی خوێندەوە، ئێوارەکەی لە ماڵی کاک یاوەر بووین.

٣/٢٥، کاتژمێر (٥)ی بەیانی لەگەڵ کاک بارزانی مەلا خالید و شێرکۆ بە ئۆتۆمبیلێك لە ڕێگای کەرکووك – سلێمانی، دەربەندیخان بەرەو بەرلوت بەڕێکەوتین، کاتژمێر (٩) گەیشتین، خەڵکێکی زۆر بە ژن و پیاوەوە لە چاوەڕوانی کەژاوەی جەنازەکە بوون تاکو کاتژمێر (١٢,٣٠) لەگەڵ کاک بارزان و مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین و شێرکۆ لە نزیك گۆڕە هەڵکەنراوەکە لەسەر تەپۆڵکەیەك دانیشتبووین، پاشان تەرمی کاکە جەوهەر نێژرا لە قەبرستانی خۆیان لە دامێنی گوندی بەرلوت، کەمال کەرکوکی وەکو سەرۆکی پەرلەمان و فازڵ میرانی وەکو سکرتێری پارتی و عەدنان عوسمان وەکو گۆڕان وتاریان بەم بۆنەیەوە خوێندەوە، لەکۆتایشدا کاکە سیروانی کوڕە گەورەی کاك جەوهەر بە وتارێك کە جێگای سەرنجی هەموولایەك بوو سوپاسی بێپایانی ئامادەبوانی کرد و رایگەیاند کە (ئەوانیش لەسەر رێبازی کاکە جەوهەر بەردەوام دەبن)، ئەو رۆژە تاکو درەنگانێك لە پرسەکە ماینەوە، بەڵام چونکە تەندروستی من خراپ بوو ناچار گەڕاینەوە هەولێر.

٣/٢٦، ئەمڕۆ لە هەولێریش پرسەکە بۆ ماوەی دوو رۆژ بەردەوام لە مزگەوتی خوالێخۆشبوو (جەلیل خەیات) کە تێیدا بە درێژایی کاتەکە ئاپۆرای خەڵك بۆ هاتنی پرسەکە بەردەوام بوو، شەویش دیسان تاکو درەنگانێك لە ماڵی کاك یاوەر بووین، کە تاکو رۆژی ٢٠١١/٣/٣١ بەردەوام بووین، لە دوالاپەڕەی دەفتەری بیرەوەرییەکانم رۆژی ٣/٣١ نووسیومە (ئەمڕۆ خێوەتەکەی بەردەمی ماڵی کاك یاوەر هەڵگیرا، کاك جەوهەر چوو.... و لە گۆڕێ هەڵگیرا، بیر لە نووسینی بابەتێك دەکەمەوە، بەڵام جارێ نەگەیوە، بە ئومێد خودا لە ئایندە بابەتێکی پەیوەندیدار بەو دەنووسم)، ئەمڕۆ کە ئەم بیرەوەرییانە دەنووسم رێککەوتی ٢٠١٥/١٢/٣٠یە کە تازە دەگەمە رووداوی کۆچی دوایی کاك جەوهەر پاش تێپەڕبوونی چوار ساڵ و نۆ مانگ و هەشت رۆژ ئەم چەند لاپەڕە لەسەر خوالێخۆشبوو جەوهەر نامیق سالم دەنووسم بێ

کەم و زیاد رووداوەکان وەکو خۆی دەگێڕمەوە کە قسە و باسی زۆر لەسەرکراوە چونکە خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر نامق پیاوێکی ئاسایی نەبوو کە قسە و باسی لەسەر نەکرێت، بەڵام ئەوەی بەلای منەوە گرنگە دوور لە سۆز و خزمایەتی و هاوڕێیەتی.. دەربڕینی راستییەکانە کە لە هەندێ بارەوە تەمومژاوین و تاکو ئێستاکە پەردەی لەسەر هەڵنەدراوەتەوە، بەڵام رۆژێك دادێت کە نامەی ماجستێر و دکتۆراشی لەسەر ئامادە بکرێت چونکە مێژوونوسان ولێکۆڵەوەران لە سایەی یەزدانی گەورە هێندە زۆر بوون کە سەر بە هەموو بابەتێك دا دەکەن، نەخاسمە بابەتی رۆڵی کەسایەتییەك کە رۆژێك لە رۆژان یەکێك لەو قارەمانانە بووە کە جارێکی دیکە لە رۆژە هەرە دژوار و تاریك و سەختەکاندا توانی لەگەڵ هاوڕێکانی لە دەڤەری بادینان ئاگری شۆڕشی قۆناغێك دیکەی شۆڕی ئەیلول لە ئاکامی خیانەتنامەکەی جەزائیر کە لە ١٩٧٥/٣/٦ لە جەزائیری پایتەختی وڵاتی جەزائیر لەنێوان سەدام حسێن و شای ئێران مۆرکرا کە تێیدا ئەو (یانی خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر) سەرەڕای ئەوەی پێشووتر کە ئەو نە ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی بوو، بەڵام چونکە دەمارەکانی جەستەی پڕ بوو لە غیرەتی کوردایەتی، ئازایەتی، لە دڵسۆزی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکە نەمرەکە بارزانی بە حەماسەتێکی بێ هاوتا (کوردستانی کردە گۆڕەپانی راستەقینەی خەبات-کوردستان الساحە الحقیقیە للقتال)ی هەڵبژارد و ملی رێی هات و نەهاتی هەڵبژارد دوور لە چاوی کامێر و دوور لە بیرکردنەوە لە دەوڵەمەندبوون، دوور لە کۆشك و تەلار، دوور لە خزم و کەس، بەڵام نزیك لە مردن لە پێناوی کورد و کوردستاندا.

رۆژی ناسینم لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر نامق دەگەڕێتەوە بۆ بەرەبەیانی رۆژی هەینی رێککەوتی ١٩٧٠/٣/١٥ کە تێیدا من و هاوڕێم عبدالموجود تەها لە ئوتێل (دونیا) کە لەسەر شەقامی دەستەڕاستی شەقامی رشید کە لە مەیدانەوە دێتە خوار لەگەڵ شەقامی دەستەڕاستدا (شەقامی سرای) بەرابەر چایخانەی (الزهاوی) بوو کە لە ساڵی خوێندنی ١٩٦٩-١٩٧٠ قوتابیی قۆناغی چواری کۆلێژی (ئابووری و زانستە سیاسییەکان-الاقتصاد

والعلوم السياسية) بووین و ژووری ژماره (١٢)مان لەم ئوتێلە بەکرێ گرتبوو مانگانە بە (١٢) دینار کە لەو سەروبەندەدا ئەم ژوورەی ئێمە لە ئوتێل بە نهێنی وەکو (ماڵی نهێنی)ی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان بوو کە تێیدا هەڤاڵان (خوالێخۆشبوو جەلال خۆشناو، عادل لەیلانی، رەنج نوری شاوەیس، جەواد شێروانی، عبدالقادر حمد أمین، فەرەیدون عوسمان کە ئەندامی رێکخستنی یەکێتیی قوتابییان) سەرەڕای هەندێ خیلافاتی نێوان ئەندامانی، بەڵام کاك ئەنوەر عبداللە ئەوکاتە لە زانکۆی موسڵ بوو کەمتر سەردانی بەغدای دەکرد، لە دەرەوەی ئەم هەڤاڵانەش بەشێکی دیکەش لە لێپرسراوان و ئەندامانی لیژنەی کۆلیژەکانی زانکۆی بەغدا کە بریتی بوون لە (خوالێخۆشبوو شەهید د. محمد باجەلان، عوسمان خۆشناو، نوری کەریم خان، سیروان عبداللە سعید، شەهید زاهیر حەمەد تەها، جەبار سابیر، حمید ئاکرەیی، تاریق قادر-کەرکووك، محمد سلمان امین-دهۆك، چیا عەباس، هیوا جەلال حەمدی، هاوار عبدالکریم حەمە مەلا، یعقوب ابراهیم، خوالێخۆشبووان عەبدوللا حەداد، محمود زامدار، نجم الدین عزیز کریم-کەکووك، هاتوچۆیان دەکردین بە حوکمی لێپرسراوێتییان لە جومگەکانی رێکخستن لە یەکێتیی قوتابییانی کوردستان. لەگەڵ داوای لێبوردن لەو هەڤاڵ و دۆستە ئازیزانەی کە ناویان لێرەدا نەهاتووە و لەبیرم نەماون)، لە بەرەبەیانی ئەو رۆژە (١٩٧٠/٣/١٥) لە دەرگای ژوورەکەمان درا.. یەکسەر هەڵسام چونکە وامزانی شتێکی نا ئاسایی هەیە چونکە بەم رۆژی هەینییە و لەو بەیانییە کەس نایەتە لات ئەگەر کارێکی گرنگ لەئارا نەبووبێت، کاتێ دەرگام کردەوە رووبەڕووی گەنجێکی بەژن درێژی سووروسپی کە هەندێ لاوازیی جەستەی پێوە دیاربوو بە جلێکی ئەفەندییانەی پۆشتەوە، بەیانی باشی لێکردم و یەکسەر هاتە قسە و گوتی:

**خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق:** بەیانیت باش کاك فەرهاد ببوورە بەم بەیانییە لە خەو هەڵمساندی، بەڵام گوتم تۆ کارت زۆرە نەوەك زوو بچیتە دەرەوە بۆیە بەم کاتە هاتوومەتە لات.

**بەندە:** بەیانیت باش بەخێربێی فەرموو وەرە ژوورەوە.

**خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق**: جارێکی دیکەش داوای لێبوردن دەکەم نایەمە ژوورەوە دیارە ئەو برادەرەی دیکەت لەخەو هەڵنەساوە، با بە دەنگی ئێمە هەڵنەسێت، تەنیا بۆ مەبەستێك هاتووم، ئارەزووم هەیە بێمە ناو رێکخستنەکانی یەکێتیی قوتابییان و وەکو ئەندام کاری تێدا بکەم.

**بەندە**: بەخێر بێی، بەڵام ئێرە بارەگا نییە پێویستە لە رێگای رێکخستنەکانەوە لەو کۆلیژەی تێیدا دەخوێنی پەیوەندی بە لێپرسراوی کۆلیژ بکەیت، جەنابت لە چ کۆلیژێکی تاکو ناوەکەتیان پیٚ بدەم.

**خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق**: من لە کۆلیژی (الادارة والاقتصاد)م لە پۆلی (٣)ی زانکۆی (المستنصرية).

**بەندە**: برا گیان ان شاء الله بەم زووانە پەیوەندیت پێوە دەکەن.

کاتیٚ خواحافیزیی کرد و دەرگای ژوورەکەم داخستەوە.. دیاربوو عبدالموجود خەبەری ببۆوە، بەڵام هەر لەناو جێگای خۆی بوو.. سەری نەختیٚ بەرزکردەوە گوتی (بەو رۆژی جومعەیەش وازت لیٚ ناهێنن)، بەڵام وام لێکدایەوە کە ئەم گەنجە لە خۆشەویستی و دڵسۆزیی بۆ یەکێتیی قوتابییانی کوردستان و رۆڵی بەرچاوی ئەو چەند رۆژ و شەوەی ئێمە کە لەپاش خوێندنەوەی رێککەوتننامەی شەوی ١١ لەسەر ١٩٧٠/٣/١٢ کە یەکێتیی قوتابییانی کوردستان هەر لە یەکەم ساتەوە کە رۆژان و ساڵانی پێشووتر رێکخستنی تۆکمە و جەماوەریی هەبوو بە پشت بەستن بەم مێژووە و سەرەڕای (ئەکتیڤییەتی) رێکخستنەکانی یەکێتیی قوتابییان لە هەموو لایەکەوە وا دەهاتە بەرچاو کە چەند رێکخراوێکی جەماوەریی بە ئەزموونە و سەرنجی کۆمەڵانی خەڵکی رادەکێشا لە لاپەڕەکانی پێشووی ئەم بیرەوەرییانە باسم لێوە کردووە کە ئەم رێکخراوە چ رۆڵێکی ریشەیی و بەرچاوی دەگێڕا و تەنانەت لە سەرەتادا و لە چەند مانگی یەکەمی پاش راگەیاندنی رێککەوتننامەکە یەکێتیی قوتابییانی کوردستان رۆڵی پێشڕەوایەتیی دەبینی لە هەموو ئەو بۆنانەی کە لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا رێکدەخران لە هەموو بارێکەوە، بۆیە کاتیٚ خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق سالم وەکو نموونە لەو بەیانییەدا لە دەرگای

یەکێ لە سەرکردەکانی ئەم ڕێکخراوە دەدا ئەو قسانەی من دەسەلمێنێ کە ئەو ڕێکخراوە تا چەند کاریگەر بوو، چونکە وەکو پاشان زانیم خوالێخۆشبوو جەوهەر لە یەکێ لە شانەکانی ڕێکخستنی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان ( ڕێکخراوی بلێسە) ئەندام بووە، بەڵام دڵی بەوە ئاوی نەخواردۆتەوە کە تەنها لە ریزی ڕێکخستنەکانی پارتی کار بکات چونکە لە ئاست و خواستی (طموح)ی ئەو نەبووە، بۆیە هەوڵی هاتنە ناو ریزەکانی یەکێتیی قوتابییانی کوردستانی دەدا. لە ماوەی ئەو دوو ساڵەی پاش ڕێککەوتنی ١٩٧٠/٣/١١ تاکو کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی قوتابییانی کوردستان کە لە سلێمانی لەنێوان ٣٠/٣-٢/٤/١٩٧٢ بەسترا چەند جارێك خوالێخۆشبوو کاك جەوهەرم دەدیت، بەتایبەتیش لەگەڵ خوالێخۆشبوو محمد باجەلان و کاك عوسمان خۆشناو کە دۆستی نزیکی بوون و بە گەرمی پشتیوانیی لەو هێڵەی ئێمە دەکرد کە بەهۆی هەندێ ناکۆکی نێوخۆ لەوکاتەدا لەئارادابوو.

ساڵی ١٩٧٠ کە کاك جەوهەر وەکو فەرمانبەر لە فەرمانگەیەکی میری (أمانة العاصمة) دامەزرابوو بە ناوونیشانی (کاتب طابعة) منیش ئەوکاتە بەڕێوەبەری (دار التاخی) بووم (١٩٧٢-١٩٧٤) بیستم چەند ئەندامێکی چالاکی یەکێتی قوتابییانی کوردستان پەیوەندییان بە شۆڕشی ئەیلول کردووە و لە مەکتەبی سیاسی پارتی کاریان پێ ڕاسپێردراوە کە یەکێکیان خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر بوو کە لە سەرەتادا لە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی لە ناوپردان کاری کارگێڕیی پێدرابوو، کاتێ لە ڕۆژانی پێش ١٩٧٤/٣/١١ من پەیوەندیم بە شۆڕشەوەکرد لەگەڵ برایانی ڕۆژنامەی التاخی و برایەتی لە دووەم شەوی گەیشتنمان خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر بەندە و خوالێخۆشبوو جەلال خۆشناو و کاك حەمە ڕەزا و کاك عارف تەیفوری لە ژوورەکەی خۆی لە ناوپردان میوانداریی کردین و تا درەنگانێکی شەو کاتمان بەسەربرد، بەڵام لە ڕۆژانی دوواییدا بەهۆی بارودۆخی ناوچەکە و سەرقاڵیی ئەو و بەندە هەرکەسەو بە ئیشی خۆیەوە کەمتر یەکترمان دەدیت تاکو نسکۆی پاش ڕێککەوتننامەی ٦ی

ئازاری ساڵی ١٩٧٠ کە هەرهەمووومان وەکو "ئاردی ناو دڕکان"مان لێهات و هەرکەسەو بە لایەك و کەسیش ئاگای لە کەسێکی دیکە نەما، ساڵانی دوای نسکۆش بە ماوەیەك لە ڕێگای هەندێ لە برادەرانی ئازیز و دۆستەوە چ لە سلێمانی و چ لە هەولێر و چ لە بەغدا گوێبیستی دەنگوباسی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش دەبووم کە زیاتر دەنگۆی درووستبوونی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوە دەهاتە گۆڕێ، پاشانیش سەرهەڵدانەوەی قۆناغێکی دیکە لە شۆڕشی ئەیلول کە ناونرابوو (شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتووخوان) کە تێیدا سەرکردایەتییەکی کاتی لە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێبەرایەتیی دەکرد، بەڵام دەنگوباسەکانی ئەوان یانی (سەرکردایەتیی کاتی) کەمتر دەبیسترا لە دەڤەری سۆران و لە سەرەتادا لێرەدا کاری من نییە بچمە نێوان باسی کێ لەپێشتر سەنگەری شۆڕشی تازەی ئاوەدان کردۆتەوە بەڵکو گرنگ ئەوەیە خەونی بەعس و دوژمنانی کورد و کوردستان پووچەڵکردەوە.

شێرکۆ حەبیب-ی ئامۆزام کە پاش دەرچوونی لە پەیمانگای مامۆستایان بە مامۆستا لە گوندی (بوسەل) دامەزرا، ناوە ناوە کە دەهاتەوە دەنگوباس و بڕێکی کەم لە ئەدەبیاتی سەرکردایەتیی کاتی بۆ دەهێنام، پاش ماوەیەکیش زانیم کەوا ئەندامانی سەرکردایەتیی کاتی کێن کە یەکێك لەوانە (جەوهەر نامق سالم) بوو، چیرۆکەکان دوور و درێژن لە ڕۆڵی ئەم پیاوە چ لەپاش نسکۆ و چ لەدوای ڕاپەڕینەوە کە بە بەدەوامی وەکو دەروێشێکی پارتی دیموکراتی کوردستان کارەکانی ئەنجام دا تاکو ڕۆژی (دابڕانی لە پارتی دیموکراتی کوردستان) کە مێژووەکەی لای من لە ٢٠٠٣/٤/١٩وە دەستپێدەکات کە تێیدا ناوە ناوە چ بەتەنیا یاخود لەگەڵماڵەوە یا هەندێ جار لەگەڵ هەندێ لە برادەرانی نزیك کە ئارەزووی سەردانکردنیان هەبوو بە درێژایی ئەو ماوەیەش لە ٢٠٠٣/٤/١٩ تاکو ڕۆژی ٢٠١١/٢/١٥ کە سەفەری کۆتایی بۆ وڵاتی سوید کرد بەهۆی ئەو نەخۆشییە کوشندەیەی کە دووچاری ببوو لە هەندێ قۆناغی کەم نەبێت بەهۆی سەرقاڵی من و سەفەری ئەو چ بە سەردان و چ بە تەلەفۆن ئاگاداری ڕەوشی گشتیی خواڵخۆشبوو کاك جەوهەر بووم کە هەندێ جار

نووسینه ڕەخنەئامێزەکانی نیگەرانی دەکردم کە لە هەندێ لاوە بە شێوەیەکی دیکە دەقۆزرایەوە کە بێگومان ئەو (یانی کاك جەوهەر) لە ڕوانگەی دڵسۆزییەوە بۆ ئەزموون و دواڕۆژی گەلی کوردستان دەریدەبڕێ و هەندێ جاریش دەنگۆی زیاتری تێدا پەرشوبڵاو دەبوو کە تێیدا جۆرە دابڕانێکی یەکجارەکیی لە پارتییەوە نیشان دەدا وەکو بڵێی هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی وەکو دەڵێن (بەدڵم بێت نەك بە دەستم) حەزیان لە گەڕانەوەی کاك جەوهەر بۆ شوێنی خۆی لە مەکتەبی سیاسی نەدەکرد، ئاشکراشە بۆ هەریەکەیان بۆچوون و هەڵوێستی خۆی هەبوو کە دەتوانم بڵێم یەك تاکە هەڵوێستیش بەرامبەر کاك جەوهەر لە برادەرانی خۆی لە (م.س) هەڵوێستی (هەڤاڵانە و مەبدەئیانە) نەبوو چونکە بە حوکمی پەیوەندیی برادەرایەتی و خزمایەتیم لەگەڵ ئەو برادەرە ئاگام لە ورد و درشتی مەسەلەکە هەبوو، ڕۆژێك بە ڕێککەوت پاش چەند مانگێك لە دوورکەوتنەوەی کاك جەوهەر لە سەردانێکم بە ئیشی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە بارەگای مەکتەبی سیاسیی پارتی تووشی کاك ئازاد بەرواری ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی بووم.. پاش چاك و چۆنی بە سەری زمانەوە گوتی (ئەخباری جەوهەر چییە؟)، لە ڕاستیدا منیش جۆری پرسیارەکەم لا سەیر و سەمەرە بوو چونکە ماڵی کاك جەوهەر لە هاوینەهەواری پیرمام (مەسیف سەلاحەدین) بوو کە ماڵ و شوێنی کاك ئازادیش هەر لەو شارۆچکەیە و چەند مەترێك لێك دوورن و ساڵانێکە هەردووکیان ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانن ئەوجا بە جۆرە (سڕ و ساردییەکەوە) لە هەڤاڵێکی دڵسۆزی حزبەکەی خۆی بەم جۆرە بپرسێ جێگای سەرسوڕمان بوو بۆیە منیش لەو کاتە ئەوەم بۆ هات بە گاڵتەوە بڵێم (پەشیمانە!) ئەویش یەکسەر (واتە ئازاد بەرواری) ئەوجارە بە گوڕتر هاتە قسە وەکو بڵێی لە زۆرانبازییەك سەرکەوتوو بووە گوتی (پێی بڵێ با بێتەوە دەوامی خۆی بکات، ئەوجارە قسەکانیم لا سەیرتر بوو چونکە جۆری قسەکەی "پێی بڵێ با بێتەوە دەوامی خۆی بکات" بە قسەی (ئاغایەك دەچوو کە ئەمر بە مسکێن)ێکی خۆی بکات کە زیاتر لووت بەرزیی (تەشەڤ) پێوە دیاربوو.

له ڕێگای گەڕانەوەم بۆ هەولێر کاتێ بۆ چەندین جار ئەو گفتوگۆ کورت و خێرایەی کاك ئازاد و بەندەم لێك دەدایەوە لەلایەك زۆری نیگەران دەکردم چونکە من پێم وایە تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆش کە دوورم لە هەموو پەیوەندییەکی سیاسی (دەبێت پەیوەندیی هەڤاڵانەی یەك حزب نەخاسمە پەیوەندیی نێوان ئەندامانی لوتکەی مەکتەبی سیاسی زۆر برایانە و هەڤاڵانە و دۆستایەتیی راستەقینە بێت بە جۆرێك کە "موویان بە بەینا نەچێت") چونکە جۆری پەیوەندیی ئەندامانی لوتکە لەگەڵ یەکتری ئەو هێزە بە لایەنە ئەرێنییەکەی بەرەو تۆکمەیی و توندوتۆڵی و یەك پارچەیی دەبات، بەڵام کاتێك پەیوەندییەکان نائاسایی و نا هەڤاڵانە و نا دۆستانە بێ بێگومان ئەو هێزە زوو یا درەنگ ئەگەر فریای خۆی نەکەوێت بەرەو هەڵدێر دەبات، چونکە ئەوەی تاکو ئێستاکە زانیومە و خوێندوومەتەوە لە مێژووی کۆن و تازەدا هەمیشە خلافاتی نێوان فەرمانڕەوایەتیی ئیماراتەکانی کورد هۆکاری لەناوچوون بوون، ئەوجا ناکۆکیی نێوان ئەندامانی لوتکەی سەرکردایەتیی یەك حزب لە ئاکامدا چارەنووسێکی نادیار چاوەڕوانی دواڕۆژی ئەم حزبە دەکات.

تاك و تەرا ناوە ناوە هەندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان سەردانی کاك جەوهەر نامق-یان دەکرد لەماڵەوە، بەڵام هەندێ کادر و هەڤاڵانی سەریان لێ نەدەبڕی سەرەڕای ئەوەی هەندێ لەوانە ئاگادار کرابوونەوە بەجۆرێك لە جۆرەکان (کەوا سەردانی جەوهەر نەکەن) سامحهم الله. دوو جار ئەم بابەتەم لەو دیدارانەی کە لەگەڵ کاك نێچیرڤان بارزانی ڕێك دەکەوت بیبینم باسم لێوە دەکرد کە بۆ ئەو (یانی کاك نێچیرڤان) هەوڵێکی دوو لایەنە نادات بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو پەیوەندییە، ئەویش خوا هەڵناگرێ زۆر خەمی گەڕانەوەی کاك جەوهەر بوو و هەوڵی جدیشی دەدا، بەڵام وەکو ئەو لە دوا دیداردا گوتی (فەرهاد بزانە پەیوەندیی نێوان کاك مەسعود و جەوهەر پەیوەندیی مام و برازایە، ئێمە با تێکەڵی نەبین، ڕۆژێك دێت چاك ببنەوە)، جارێکیان لەو نێوەدا کاك نێچیرڤان بارزانی توانیبووی قەناعەت بە کاك جەوهەر بهێنێ کە ئامادەی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی

کوردستان ببێت، کە لەسەرەتادا وەکو کاك جەوهەر بۆی گێڕامەوە پێداگریی زۆری کردبوو (یانی کاك نێچیرڤان) کە ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە ببێت، کە لە کۆتاییدا پێداگریی کاك نێچیرڤان و ڕێز و خۆشەویستیی کاك جەوهەر بۆ ئەو ناچار دەبێت ئامادەی ئەو (نیوە کۆبوونەوەیە) ببێت کە لەسەرەتاشدا بەدڵی نەبووە، کاتێ ئامادەی کۆبوونەوەکە دەبێت دیسان وەکو خۆی (یانی وەکو کاك جەوهەر بۆی گێڕامەوە) (بەڕێز مەسعود بارزانی کە سەرۆکی پارتییە و سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەکە دەکات بە شێوەیەکی گشتی سڵاو و بەخێرهێنانی تێکڕای ئامادەبووان دەکات، بێئەوەی ئاوڕێکی تایبەتی لە کاك جەوهەر بداتەوە یاخود لە ئەحواڵی بپرسێ کە ماوەی چەندین مانگ بووە (وابزانم لە ساڵێکیش زیاتر بووبێت) یەکترییان نەدیوە، یاخود پەیوەندییەکی تەلەفۆنییان لەنێواندا نەکراوە). بۆیە کاك جەوهەر ئاوڕلێنەدانەوەکەی سەرۆك مەسعود بارزانیی بە ئیشارەتێکی نەرێنی (سلبی) لێك دەداتەوە و هەر لە ساتەوە بڕیاری بایکۆتکردنی کۆبوونەوەکە دەدات، ئەوەبوو لە یەکەم پشووی نێوان کۆبوونەوەکە دانیشتنەکەی جێهێشت و بۆی نەگەڕاوە، بابەتی دووەم یاخود خاڵی دووەم کە کاك جەوهەری نیگەران کرد مەسەلەی دانانی بەڕێز فازڵ میرانی بوو بە سکرتێری مەکتەبی سیاسی (نەك لەبەر کاك فازڵ بەڵکو لەبەر سەرۆکی پارتی) بێئەوەی دیسان بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی هەوڵی ئاشتکردنەوەی سکرتێری دڵشکاو بدات، چونکە پاش دابڕانی کاك جەوهەر خوالێخۆشبوو کاك سامی عبدالرحمن وەکو لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی ئیشوکاری مەکتەبی سیاسیی هەڵدەسوڕاند (بێئەوەی دەرگای ژوورەکەی کاك جەوهەر بکاتەوە تاکو دواییش هەر نەیکردەوە)، بەڵام پاش ئەو دەرگای ژوورەکەی کاك جەوهەر کرایەوە. پاش دابڕانی کاك جەوهەر لە پارتی زۆر کەس پرسیاری ئەو دابڕانەی لێدەکردم، بەڵام من بەهیچ شێوەیەکی تێکەڵی ئەو بابەتە نەدەبووم، بەڵام زۆر جاریش لەگەڵ کاك جەوهەر دوو قۆڵی یاخود بە سێ قۆڵی لەگەڵ کاك یاوەری برای و چەند جارێکیش لەگەڵ کاك بارزانی مەلا خالدیش ئەم بابەتەمان لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر

دەورووژاند ئێمە سەرەڕای رەخنە و گلەییەکانمان لە ئەدای سەرکردایەتیی پارتی لە زۆر لایەنەوە، بەلاّم هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووین کە کاك جەوهەر هەنگاوی نەرێنی نەنێت و لە پارتی دوورنەکەوێتەوە، سەرەڕای بەجێهێشتنی پۆستی سکرتێری مەکتەبی سیاسی، نایشارمەوە زۆرێك لە هەڤالآن و دڵسۆزانی راستەقینە و مەبدەئی لە خەمی دوورکەوتنەوەی کاك جەوهەردا بوون لە پارتی چونکە لە نزیکەوە هەندێکیان کاریان لەگەڵدا کردبوو و هەندێکیشیان لە ئاکامی جۆری مامەڵەی کاك جەوهەر لە کاتی رێکخستنی پارتی دا مەعدەنی کاك جەوهەریان ناسیبوو، دیسان بە پێویستی دەزانم پەرۆشیی چەند برادەرێکی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بخەمە روو لەو بارەیەوە، کە راستەوخۆ ئەم بابەتەیان لەگەڵ سەرۆك مەسعود بارزانی لە بارەی دوورکەوتنەوەی کاك جەوهەر لەگەڵی دواون و هۆکاری دوورکەوتنەوەکەیان لیّ پرسیوە، لەو بەینەدا رۆژێك برای بەڕێز کاك کۆسرەت رەسوڵ کە ئێستاکە جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتییە و جێگری سەرۆکی هەرێمیشە (رۆژی نووسینی ئەم لاپەڕانە ٢٠١٦/٢/٢٢) لە یەکیّ لە سەفەرەکانم بۆ سلێمانی بە ئیشوکاری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کە تێیدا بەڕێزیان داوەتی ماڵەوەی خۆیانی کردم لەگەڵ برای بەڕێز مستەفا ساڵح کەریم کە جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسان بوو، لە نێوانی قسەوباسەکاندا هەواڵی کاك جەوهەری لیّ پرسیم و بە پەرۆشەوە نیگەرانیی خۆیی نیشان دا لە دوورکەوتنەوەی کاك جەوهەر لە سەرکردایەتیی پارتی و لە درێژەی قسەکانیدا کاك کۆسرەت باسی رووداوێکی بۆکردم و گوتی (رۆژێك لەدوای کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی بە حزووری هەردوو بەڕێزان مام جەلال و کاك مەسعود لە سەری رەش لە کاتی گەڕانەوەمان بۆ سلێمانی لە رێگای هیرانەوە کاك مەسعود وەکو رێز بۆ مام جەلال و ئێمە لەگەڵ ئێمە لە گەڕانەوەدا تاکو بەشێکی رێگا لەگەڵمان بوو، کە تێیدا کاك مەسعود و من لە یەك ئۆتۆمبیل دا پێکەوە بووین و لە رێگا هەواڵی کاك جەوهەرم لێپرسی کە بۆچی دابڕاوە، کاك مەسعودیش لە وەلاّمدا گوتی (ماندووە و لە پشوو دایە)،

بەڵام من (یانی کاک کۆسرەت) قەناعەتم بەو قسەیە نەهات، منیش گوتم زۆر جار لەسەر ئیشوکار لە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جەنابی مام جەلال لێمان تووڕە دەبوو و زۆر بە توندی رەخنەی لێ دەگرتین، کە هەندێ جار دەبووە هۆکاری لێك عاجز بوون، بەڵام پاش رۆژێك و دووان یان تەلەفۆنی بۆ دەکردین یاخود سەردانی دەکردین بە مەبەستی ئاشت بوونەوە و زۆر جاریش هەر زوو بە مەبەستی ئاشتکردنەوەمان داوەتی نانخواردنی دەکردین، یاخود ئەو دەهاتە لای ئێمە بۆ ماڵەوە بۆ نانخواردن، جەنابیشت بۆ کاک جەوهەر بە شێوازێك ئاشت ناکەیتەوە؟!). برای بەڕێز کاک عەدنان موفتیش کە دۆستێکی من و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە هەمان را و سۆزی خۆی بۆ کاك جەوهەر دەربڕیوە کاتێ رۆژێك لە رۆژان بە هەمان شێوەی کاك کۆسرەت رەسوڵ پرسیاری ئەو دابڕانەی کاك جەوهەر نامقی لە بەڕێز کاك مەسعود بارزانی کردووە و وەڵامەکەی کاك مەسعودیش هەمان وەڵامەکەی پێشوو بووە کە گوایە کاك جەوهەر لە ئیجازەیە. دیسان لێرەشدا نابێت رۆڵی جوامێرانەی بەڕێز مام جەلال لەبیر بکرێت کە زۆر بە جدییەوە کاك ئەحمەد بامەڕنیی ئاگادار کردووە (کە ئەوکاتە بامەڕنی سەفیری عیراق بووە لە سوید لەسەر پشکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) (کە ئەوەی لە توانادا هەیە بۆ کاك جەوهەری بکات کاتێ کاك جەوهەر لە نەخۆشخانە بووە لە ستۆکهۆڵم چارەسەری نەخۆشییەکەی دەکرا)، دیسان کاك بورهان نامق سالمی برا بچووکی کاك جەوهەر کە ئەوکاتە سەفیری عیراق بووە لە یۆنان کە تێیدا لە سەردانێکی بەڕێز مام جەلال بۆ وڵاتی یۆنان بە مەبەستی ئامادەبوونی لە کۆنگرەی سۆشیال دیموکراتەکان کە ئەوکاتە بەڕێز مام جەلال جێگری سەرۆك بووە و گوتی (مام جەلال پێی راگەیاندم کەوا ئامادەیە کاك جەوهەر بنێرێ بۆ باشترین نەخۆشخانە لە ئەمەریکا و بە زووترین کات بە مەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی).

پاش تێپەڕبوونی شەش ساڵ بەسەر بایکۆت و دابڕانی کاك جەوهەر نامق رۆژی شەممە رێککەوتی ٢٠٠٩/٤/٤ لە رێگای سکرتێری رۆژنامەنووسیی

سەرۆك مەسعود بارزانی کە ئەوکاتە کاك (فەیسەڵ دەباغ) بوو داوای دیدارێکی سەرۆك مەسعود بارزانیم کرد بۆ هەندێ ئیشوکار کە پەیوەندییان بە فەزای کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان هەبوو، ئەوەبوو رۆژی ٢٠٠٩/٤/٥ کاك فەیسەڵ دەباغ پێی راگەیاندم کە رۆژی دواتر کاتم بۆ تەرخان کراوە.

**کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانیی رۆژی دوو شەممە رێککەوتی ٢٠٠٩/٤/٦ لە هەولێرەوە بەرەو سەری رەش لە هاوینەهەواری پیرمام بەرێکەوتم، کاتژمێر (١١) بەڕێز مەسعود بارزانی پێشوازییەکی گەرمی لێکردم وەکو هەموو جارەکانی پێشوو، پاش ئەحواڵ پرسین یەکسەر چوومە نێو باس و ئەو بابەتانەی کە بۆی هاتبووم کە تێیدا را و سەرنجی خۆمم لە بارەیانەوە تێدا باسکرد، بەلام لە دوا بڕگەدا کە خۆم بۆ ئامادە نەکردبوو دەبێك بوو بیرم لێ دەکردەوە و زۆر بە گرنگم دەزانی باسی لێوە بکەم مەسەلەی دوورکەوتنەوە و دابڕانی کاك جەوهەر بوو لە پارتی کە یەکەم جار بوو ئەم بابەتە لەگەڵ کاك مەسعود باس بکەم کە تێیدا زیاتر لە نیو کاتژمێری خایاند کە لێرەدا وەکو خۆی باسی لێوە دەکەم بێ ئەوەی حەرفێکی لێ زیاد یان کەم بکەم کە لە سەرەتادا بەم شێوەیە گفتوگۆیەکەمان ئاڵوگۆڕ کرد:**

**بەندە: جەنابی سەرۆك ئێستا ئەگەر رێگام پێ بدەن باسی بابەتێك دەکەم کە بێگومان لای من زۆر گرنگە و ماوەیەکە بیری لێدەکەمەوە کە وابزانم لە بەرژەوەندیی پارتی نییە کە بەم شێوەیە بێ چارەسەر بمێنێتەوە.**

**سەرۆك مەسعود بارزانی: فەرموو کاتمان هەیە.**

**بەندە: کاتێ مرۆڤ لێکدانەوەیەك بۆ بارودۆخی ساڵی ١٩٦١ و هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول دەکات کۆمەڵێك هۆکاری بەرچاو و زیندووی دێتەوە یاد کە بوونە هۆکاری بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلول و سەرکەوتنی، کە یەکەمیان دوورکەوتنەوەی سەرۆکی ئەوکاتەی عیراق عبدالكريم قاسم بوو لە رووحییەتی خاڵی سێیەمی دەستووری کاتیی ئەو کاتەی عیراق کە تێیدا دان بە هاوبەشیی هەردوو گەلی کورد و عەرەب دێنێ لە نیشتمانی عیراقدا کە بووە مایەی تووڕەبوونی گەلی کورد لە حکومەتی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨**

جەنابیشت (سید العارفین)ی لە مەسەلەیەدا. هۆکاری دووەم وجودی سەرۆك و سەرکردەیەکی لێهاتوو و خاوەن مێژوویێکی دوور و درێژ لە بزووتنەوە رزگاریخوازی گەلی کوردستان هەر لە سەرەتای سییەکانی سەدەی رابردووەوە کە ئەویش (سەرۆك بارزانی نەمر بوو) بەو قورساییە ئەفسوناوییەی کە هەیبوو. هۆکاری سێیەم قورسایی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لەناو چین و توێژەکانی گەلی کوردستان کە تێیدا مەکتەبێکی سیاسیی توندوتۆڵ و لێهاتوو و کارامە بە رادەیەك سەرەڕای قوڵایی رێکخستنەکانی لەناو چین و توێژەکانی خەڵکدا تا رادەیەکی باشیش رێکخستنەکان چوبوونە قوڵایی هێزەکانی پۆلیس و سوپا، کە ئەم هۆکارانە لەگەڵ هەندێ رووداوی دیکە زەمینەی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلولی ئاسان و لەبار کرد، شۆڕش هەڵگیرسا و تاکو گەیشتە قۆناغی بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی لە رێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ کە تێیدا گەلی کوردستان بۆ یەکەم جار بە وەسیقەیەکی رەسمی لەلایەن دەوڵەتی عیراقەوە دانی پێدانرا. بەڵام جەنابی سەرۆك کاتێ شۆڕشی ئەیلول لە ئاکامی خیانەتنامەی ٦ی ئازاری ساڵی ١٩٧٥ تووشی نسکۆ بوو کە لە ئاکامدا کورد و شۆڕش و پارتی تووشی چارەنووسێکی رەش و سەخت و دژوار هاتن، پێم باوڕ بکە هەندێ جار لە رۆژانی پاش نسکۆ مرۆڤ نەیدەتوانی راستەوخۆ و بە ئاشکرا داکۆکی لە سیاسەتی پارتی بکات کە لە چەندین لاوە رەخنەی توندی لێ دەگیرا و هێرشی دەکرایە سەر سەرەڕای سیاسەتی دوژمنکارانەی حکومەتی رەفتا فاشیی بەغدا بەرامبەر بزووتنەوەی کورد و سەرۆك بارزانی، لەم بارودۆخە زێدە سەخت و دژوارەدا کە جەنابت لە هەموو کەس زیاتر ئاگاداری ورد و درشتی رووداوەکانی، کە تێیدا چەند تێکۆشەرێك لە سەرەتادا کە لە پەنجەی دەستان تێپەڕ ناکات کە ئەوکاتە کادری زۆر پێشکەوتوو و دیاری ناو پارتیش نەبوون، بەڵام پاش ئەوەی زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەنی بەملاو ئەولادا کەوتن، ئەو چەند کادرە لەو بارودۆخە هەستیارەدا کە هەردوو دەوڵەتی عیراقی سەدام حسێن و ئێرانی شای گۆڕبەگۆڕ لەگەڵ دوژمنایەتیی ئاشکرای دەوڵەتی تورکیا

**لە دژی هەر جووڵانەوەیەکی گەلی کورد درێغییان نەدەکرد و هاوڕا بوون، بەڵام ئەو چەند کادرە کە تێیاندا هەبوو بە گۆپاڵێك یان بە دەمانچەیەکی ژەنگاوی بە هەزار دەردەسەری و خۆ شاردنەوە توانیان لەنێوان سنوورە دەستکردەکاندا خۆیان بگەیەننەوە دۆڵ و شاخەکانی کوردستان (مەبەست کوردستان عیراقە) بە مەبەستی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش و گەڕانەوەی پێگە و ناو و سومعەی پارتی و بارزانی نەمر کە یەکێك لەو تێکۆشەرانە کاك جەوهەر نامق بوو کە جەنابت لە هەموو کەس زیاتر ئاگاداری رۆڵی ئەم پیاوەی لە رۆژانی ئەم کاروانە سەختەدا کە ماوەی شەش ساڵە لە ماڵەوە گۆشەگیرە و جەنابیشت بە تەلەفۆنێکیش بەسەرت نەکردۆتوە، جەنابی سەرۆك قەدەر و چارەنووسی کورد تا رادەیەکی گەورە لە ئەستۆی بەڕێزت و مام جەلال دایە، دەبێت دڵی بەڕێز مەسعود بارزانی بە سەدان و هەزاران جار لە دڵی جەوهەر و فەرهاد گەورەتر بێت چونکە تۆ سەرۆك و سەرکردەی ئەم پارتییە و گەلی کوردستانی و لێپرسینەوە لە کادران لە ئەستۆی بەڕێزتان دایە دەبێت جەنابت دەستپێشخەر بیت، رەوا نییە ئەم پەیوەندییە بەم شێوەیە بمێنێتەوە کە بێگومان بە بەرژەوەندیی پارتی تەواو نابێت.. پیرەمێردی شاعیری نەمر دەڵێت:**

***ئەبێ بەخشندە مل کەچ کا لە راستی مووچەخۆری خۆی***
***ســــــوراحی ســەر فرۆدێنێ بۆ پیاڵە کە تێکا بــــــۆی***

**سەرۆك مەسعود بارزانی: دەزانی ئەسبابی تووڕەبوونەکەی جەوهەر لەسەر چییە؟**

**بەندە: بەڵێ لە هەمووی ئاگادارم سەرەڕای ئەوەی کە زۆر جار لەو قۆناغانەدا لەگەڵ کاك جەوهەر (قاوەی یەکتریمان نەخواردۆتەوە)، بەڵام دیسان پەرۆشیم بۆ بارودۆخەکەی پارتی و کاك جەوهەر ماوەیەکە بڕیارم داوە کە ئەم بابەتە راستەوخۆ لەگەڵ بەڕێزت باسی لێوە بکەم.**

**سەرۆك مەسعود بارزانی: بۆ چەند ساتێك داما و جووڵەی بەقەڵەمەی ناو دەستی دەكرد، پاش كەمێ بیركردنەوە تەماشایەكی كردم و گوتی (فەرهاد ئەم مەسەلەیە بۆ من بەجێبهێڵە و ئیشەڵلا چارەسەری دەكەم و هیوادارم بەدڵی هەموو لایەك بێت).**

**لە كۆتاییدا سوپاسێكی بێ پایانم كرد و بە دڵێكی خۆشەوە خواحافیزیم لێكرد، ئەوجا بەرەو خوار شۆڕ بوومەوە بۆ ماڵی كاك جەوهەر كە ئەوكاتە لە مەسیف سەلاحەدین بوو.**

كە لە دەرگا چوومە ژوورەوە كاك جەوهەر بەتەنها خەریكی خوێندنەوەی كتێبی (التيارات السياسية في كردستان العراق-قراءة في ملفات الحركات والأحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦-٢٠٠١) لە نووسینی صلاح الخرسان بوو، كە لە راستیدا لەلایەن بەندەوە درابوو بە خوالێخۆشبوو كە لە راستیدا كتێبێكی پڕ لە زانیاریی وردە دەربارەی لایەنە سیاسییەكانی سەر گۆڕەپانی كوردستان، كە من پێشووتر خوێندبوومەوە، پاش هەندێ گفتوگۆ رووم لە كاك جەوهەر كرد و گوتم (برای دەلال ئێستاكە من لە سەری رەشەوە یەكسەر هاتوومەتە لات كە لە دیدارێكی سەرۆك مەسعود بارزانی بووم دەربارەی جەنابت، لەگەڵ بەڕێزیان قسەیەكی زۆر كرا (بە درێژی گفتوگۆیەكەم كە لەنێوان كاك مەسعود و بەندە كە هاتبووە ئاراوە بەدەقی بۆم گێڕایەوە)، ئەوەی هەستم پێكرد لە كاك مەسعود لەنێوان قسەكانیدا سلبی نەبوو بەڵكو تێدا گوتی (فەرهاد ئەم مەسەلەیە بۆ من جێبهێڵە و چارەسەری دەكەم...)، هەستم كرد ئەویش حەزی بەو دووركەوتنەوەیەی تۆی نەكردووە، بەڵام دەبێت تۆش حیسابی ئەوە بكەیت كە مەسعود بارزانی كێیە و چییە و رۆژانێك كە ئێمە گلەیی و گازاندەمان لێدەكرد تۆ بە هەموو شێوەیەك بەرپەرچت دەدایەوە، شتێكی ئاساییشە كە مرۆڤ لەناو حزبەكەی خۆی گلەیی و رەخنەی هەبێت، دەتوانێ رەخنەكانی خۆشی ئاراستە بكات و رای خۆشی لەسەر دەربڕێ، بەڵام نەبێتە هۆكاری دابڕان، تۆ زۆر بەم حزبەوە ماندوو بوویت و رۆژانێك لە رۆژە هەرە سەختەكان رێگای بەرخودانت لە رێگای ئەو حزبە هەڵبژارد كە مەسعود

بارزانی لێپرسراوتان بوو، دونیاتان لەنێوان بۆچوون و هەڵسوکەوتی ئەو هەڵدەسەنگاند، ئەزیبەتی زۆرتان دیت، کە لە راستیدا بە یەکێ لە قۆناغە هەرە سەخت و چارەنووسسازەکانی مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان دەژمێردرێ.

خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر زۆر بە هێمنی گوێی بۆ قسەکانم شل کردبوو و ناوە ناوەش بە بزەیەکەوە تەماشای دەکردم، ئەوجا بانگی (نێرگز)ی خوشکم کە خێزانی کاك جەوهەرە کرد، کاتێك نێرگز هات کاك جەوهەر و من بابەتەکەمان گێڕایەوە ئەوجا جارێکی دیکە کاك جەوهەر هاتە قسە و گوتی:

**خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر:** کاکە فەرهاد کاتێ ڕۆژی کۆبوونەوەکەی مەکتەبی سیاسی لە ٢٠٠٣/٤/١٩ گرێدرا من لێپرسراوی مەلەڤی بەغدا بووم و ئیشراڤ هێڵەکانی ڕێکخستنی بەغدام دەکرد، کە زۆر بڕوام بە هەندێ لایەنی نەبوو، خۆت (مەبەستی بەندە بوو) لەو لیژنەیە بوویت کە چەند مانگێك پێش رووخانی حکومەتی سەدام حسێن کاری بۆ دەکرا، من زۆر باش دەزانم هەندێ لە هەڤاڵانی پارتی لە هێلێی ڕێکخستنەکانی پارتی لە سنووری لقی پێنج (بەغدا) کە لێرە لە مەسیف و لە هەولێر دانیشتوون، بەداخەوە نەخشەی راستەقینەی ڕێکخستنەکانی بەغدایان پێ نەدەگوتین و هەندێ ناو و هێڵی (وەهمی)یان دروستکردبوو، لە راستیدا من هیوای تەواو راستەقینەم بە ئێوە بوو، کە بریتی بوون لە (عارف تەیفور، فەرهاد عەونی، یاوەر نامق سالم، حسن ساڵح ئاغا، ئەبو شیرین، جلیل کاکی)، کە بە زووترین کات پاش رووخانی رژێم بگەنە بەغدا، چونکە دەمزانی ئێمە چ وەکو پارتی و تەنانەت لایەنەکانی دیکەی کوردستانیش شتێکی ئەوتۆمان نییە، بەڵام بێگومان ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئێمە لەپێشتر و باشتر بوون، کاکی خۆم من شینم بۆ پارتی دەکرد کە لە بەغدا جێگە و پێگەی جارانی دروستبکاتەوە، جێگە و پێگەی ساڵانی شەستەکان و حەفتاکان دەمەوێت چەند زووترە ئێوە (ئەو لیژنەیەی کە دروستکرابوو بۆ بەغدا) بگەنە بەغدا و پێداگریم دەکرد چونکە دەمزانی شتێکی ئەوتۆ تاکو ئەوکاتە نەکراوە، بەڵام کاتێ بەم شێوەیە

بابەتەکەم شیدەکردەوە و هەڵسەنگاندنی خۆمم رادەگەیاند لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی لەجیاتیی ئەوەی پاڵپشتی بۆچوون و رایەکانی من بێت یەکسەر روو لە من دەکات و دەڵێ (ئێوە بۆ هێندە ئەنانینە، ئەگەر شتێك لە رێگای ئێوەوە نەکرێت وا دەزانن هیچ نەکراوە).

لێرەدا قسەکانم بە کاك جەوهەر بڕی و گوتم برا گیان کاك مەسعود باسی ئەو رستەیەی کرد و گوتی کە مەبەستی (هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بووە نەك بەتەنها تۆ)، بەڵام ئەوجارە کاك جەوهەر تۆزێك بە جدیتر هاتە قسە و گوتی:

**خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر:** ئێستا بە یەقینەوە پێت دەڵێم کە تەنها مەبەستی من بووە، چونکە گفتوگۆیەکە لەسەر رێکخستنەکانی بەغدا لەنێوان ئەو و من بوو، برادەرانی دیکەی مەکتەبی سیاسی کەم و زۆر پەیوەندییان بە رێکخستنی بەغداوە نەبوو، بەندە وەکو سکرتێری مەکتەبی سیاسی راستەوخۆ دۆسییەکەی بەغدا لای من بوو کە تێیدا کاك مەسعود ساڵەیی کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لێپرسراوی مەکتەبی رێکخستن بوو یارمەتیدەرم بوو، باشە بە رای تۆ بە مەعقولی دەزانی سەرۆك وشەی یاخود رستەی (ئەنانی) بۆ سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بەکار بهێنێت، کاك مەسعود بارزانی سەرۆکە و لەسەر سەرم، کاك مەسعود کوڕی بازانی نەمرە کە تاکو ئێستاکەش ناو و ژیان و تێکۆشانی بە پیرۆزی لای من ماوەتەوە، کاك مەسعود رۆڵی لە بزووتنەوەی ئازادی خوازی کوردستان رۆڵێکی سەرەکییە و دیسان سەر سەرم، بەڵام کاکە فەرهاد ئێمە کە هەمووومان بە رۆڵ و پێگە و سیاسەت و سەرۆکایەتیی کاك مەسعود بازانیمان قبووڵە کە بێگومان بە قەناعەتەوەیە، بەڵام ئەوە نابەخشێ کە هەموو شت قبووڵ بکرێ، منیش کوڕی باوکی خۆمم پێویستیش ناکات مێژووی خۆمت بۆ بگێڕمەوە، تۆ ماشەڵا ئاگاداری ورد و درشتی بابەتەکانی، بەڵام هەموو کەسێك عیزەتی نەفس و خاوەن شەرەف و کبریا و کەسایەتیی خۆیەتی، من خێرم پێ نەکراوە کاتێ کە بوومەتە یەکەم سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، دیسان خێرم پێ نەکراوە کە بوومەتە

سكرتێری مەکتەبی سیاسی و کەسیشم لە خۆم بە دڵسۆزتر نەزانیوە بۆ پارتی و کاك مەسعود و ڕێبازی بارزانی نەمر (لێرەدا جارێکی دیکە قسەکانم بە خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر بڕی) گوتم:

**بەندە:** کاك جەوهەر لەنێوان گفتوگۆی سەرۆك مەسعود بازانی و بەندە دا کاك مەسعود بە دەق گوتی (من زۆر شتم بۆ جەوهەر کردووە تەنانەت هەندێ جاریش لەسەر جەوهەر ئەندامانی مەکتەبی سیاسیشم تووڕە کردووە) کە ئەمەش نیشانەی ڕێز و حورمەتی کاك مەسعودە بۆ تۆ.

**خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر** : فەرهاد بەسەری خۆم ئەوجا بەسەری تۆ کاك مەسعود زۆر باش دەزانێ کە ئێمەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی چینە و چی دەکەین و چۆن بیر دەکەینەوە و چۆن هەڵسوکەوت دەکەین و تواناشمان چەندە و چەند ئەملا و ئەولاشمان هەیە، کاتێ کە گوتویەتی زۆر شتم بۆ جەوهەر کردووە و لەسەر من ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی تووڕە کردووە قەتاو قەت نکوڵی لەو ڕاستییە ناکەم، بەڵام تۆ و هەڤاڵانی دیکەش دەزانن کە ڕێز و حورمەتی کاك مەسعود بۆ من لەبەر خاتریی چاوی رەشی من نەبووە و باشیش دەزانێ لە هەموو کەس زیاتر کە مەعدەنی جەوهەر چییە و چۆن کار دەکات و لە هەموو کەسیش باشتر دەزانێ کە جەوهەر چەند دەروێشی ڕێبازی بارزانی بووە لە هەمان کاتیشدا دەشزانێ خەڵکانی دیکە چی دەکەن..! بۆیە من ئەو تەقدیرەی کاك مەسعود بارزانی بۆ من بە (امتیاز)ی نازانم بەڵکو لە ئاکامی هەڵسەنگاندن و ئاگادارییی جەنابییەتی لە رەوشت وکردار و دڵسۆزی و ڕاستگۆیی منەوە هاتووە چونکە بە هیچ پێوەرێك مەعقول نییە من لە خۆڕا ئەو ڕێز و حورمەتەم پەیدا کردبێت، بەهەرحاڵ زۆر سوپاسی بەڕێزیان دەکەم کە پاش شەش ساڵ منی بیرکەوتەوە، من وام تەسەور دەکرد جەنابی وەکو سەرۆکی پارتی لە ڕۆژانی یەکەمی تووڕبوونەکەم ئەو لێی بپرسیباماوە چونکە ئەو سەرۆکی پارتی و منە کە هەمیشە عورف و عادەت وایە کە دەبێت سەرۆك (موبادر) بێت ڕاستە چەند جارێك هەندێ لە برادەرانی مەکتەبی سیاسی یەك دوو جار لە ماوەی ئەم شەش ساڵە سەردانیان کردووم، من قەناعەتی تەواوم

هەیە کە جەنابی ئاگاداری هاتنەکەیان بووە یاخود راستەوخۆ بە ئیعازی ئەو بووە، بەڵام شتێك بۆ مێژوو دەڵێم لەو سەردانانەی برادەران بە هیچ شێوەیەك هەستم بە جدییەتی و خەمخۆری و دڵسۆزیی ئەو برادەرانە نەکردووە بۆ گەڕانەوەی من و بەدەمیاندا نەهاتووە کە بڵێن سەرۆك مەسعود بارزانی ئێمەی ناردووە چونکە کاتێ خەڵکانێك لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی دێنە لات دەبێ گفتوگۆیەکی جدی بێتە ئاراوە نەك تەنها قسەی سەر پێیبێت، خۆ من منداڵێك نەبووم زیز بووبم و بە دوو قسە قەناعەتم بێت لێرەدا شتێکی دیکەشت بۆ باس دەکەم جارێ با هەر بۆخۆت بێت، هەندێ لەو برا و هەڤاڵانەی کە دێنە لام وەکو لە یەکێکیانم گوێلێبوو ئاگادار کراونەتەوە کە سەردانم نەکەن چونکە بۆیان باش نییە، باشە بە ویژدانت ئەمە چۆن تەفسیر دەکەی لە سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان کە خەڵکی وا هەبێت بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ جەوهەر نامق بکات ئەمە چەندی بە چەند!، من دەیزانم هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بە ژمارە چەندن، بەڵام بێگومان دەزانم لە دوو سێ ئەندام تێپەڕ ناکات گوتویانە ئەگەر جەهەر نامق وەکو سکرتێری مەکتەبی سیاسی بگەڕێتەوە ئێمە هەڵوێستمان دەبێت و قبووڵی ناکەین. لە حزبێك ئەمە هەڵوێست و بۆچوونی هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بێت دەبێت چ خۆشییەکت بە گەڕانەوە دڵخۆش بێت، من جارێکی دیکە سوپاسی کاك مەسعود دەکەم کە ماوەی پێداوی بەو راشکاوییە قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەی کە دەبووایە (بە پێکەنینەوە هەڤاڵانم لە مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەی باسیان لێ کردبا)، سوپاسی هەستی برایانەی تۆ دەکەم سەرەڕای ئەو غەدرەی کە لە تۆش کرا بە لابردنت لە پۆستی (سەرنووسەری رۆژنامەی برایەتی و لێپرسراوی دەزگای رۆژنامەنووسیی خەبات برایەتی) کە خودا وەکیلە منی لێ ئاگادار نەبووم سەرەڕای لابردنێکی بێ هۆی تۆ و هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی دیراسات و توێژینەوەی ناوەندی کە نازانم چۆن تەفسیری بکەم پاش ١٠ ساڵ لە ئەندام بوونتان لەم مەکتەبە کە هەرهەمووتان بەرهەم و رۆڵ و پێگە و جێگەی

شیاوتان هەبوو. لێرەدا جارێکی دیکە دەربارەی ئەم بابەتە قسەکانم بە کاک جەوهەر بڕی و گوتم:

**بەندە:** لام سەیرە سکرتێری مەکتەبی سیاسی کە ئەوکاتە تۆ بووی دەڵێی ئاگام لەو بڕیارە نەبووە، خوالێخۆشبوو شەهید سامی عبدالرحمن-یش لە کاتی کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی عیراقی (مؤتمر المعارضة العراقية) کە لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٢دا کە لە لەندەن بەسترا لە گفتوگۆیەکی گلەیی ئامێزدا لەنێوان ئەو و من دا راشکاوانە پێی گوتم کە ئەو ئاگاداری بڕیاری لابردنم نەبووە، باشە پرسیارەکە ئەوەیە تۆ و کاک سامی ئاگاداری ئەم بڕیارە نەبن باشە چۆن لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی ئەم بڕیارە و هۆکاری دەرکەنارکردنەکەی منتان نەوروژاند، کە خیلافی پەیڕەوی ناوخۆی پارتییە (لە بواری دانان و لابردنی سەرنووسەری ئۆرگانی پارتی).

**خوالێخۆشبوو کاک جەوهەر:** بڕیارەکە بڕیاری خودی کاک مەسعود بوو، بەڵام پاش دەکردنی بڕیارەکە کە لە مەکتەبی سیاسی باسی لەو گۆڕانکارییانە کرد کە لە مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندن کراوە.

**بەندە:** باشە بۆ پرسیاری هۆکاری ئەو بڕیارەتان نەکرد؟! چاك یان خراپ بەتایبەتیش من پیاوێکی نامۆ نەبووم لەناو پارتی و بە هەڵەپاسی بۆ پارە و بەرژەوەندی خۆم فرۆشتبیٚ، لە زۆر لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەناو پارتی کۆنترم وەکو خۆت دەیزانی، پاش ئەو هەموو شەڕەی کە بە منیان کرد لە کاتێکدا رۆژنامەی برایەتیی پارتیم بە قەرزوقۆڵە لە قۆناغی داگیرکردنی هەولێر و چوونمان بۆ سەلاحەدین دەرچوواند لە کاتێکدا دەرگا نەما لەو حزبە کە لێی نەدەم بۆ چەند هەزار دینارێك کە برایەتی و خەباتی پیٚ دەرچووێنم، ئەوجا بەبیٚ ئاگادارییی پێش وەختە بڕیاری لابردنم پیٚ رادەگەیەنن، بەڵام کاک جەوهەر لەوەش سەیرتر بێدەنگیی ئێوەی سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بوو لە راست و درووستی ئەم بڕیارە کە پاشتریش هەمان بڕیار (کە لای من یەگجار هەڵەیەکی گەورە بوو) کە تێیدا سەری رۆژنامەی برایەتیشی خوارد، لەکاتێکدا دەبووایە سەرکردایەتیی پارتی تاکو پارتی دەمێنیٚ رۆژنامەی برایەتیش بمایە،

چونکە (برایەتی یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی بوو لە مێژوودا)، نازانم چۆن بڕیاربەدەستان لە پارتی ئەوەی (لە ناحەزانی برایەتی) قبووڵ کرد کە بەم شێوەیە تەخت و بەختی (ڕۆژنامەی برایەتی و ڕۆڵەکانی کە بریتی بوون لە گۆڤاری سەنتەری برایەتی، برایەتیی ئەدەب و هونەر، گۆڤاری وەرزشی برایەتی، هەفتەنامەی برایەتیی وەرزش، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ١٣ کتێبی برایەتی کە تاکو من لەویٚ بووم تەفروتونا بکەن).

گفتوگۆ و گلەیی و گازاندەکان تاکو کاتژمێر ١٠ی شەوی ٦ لەسەر ٢٠٠٩/٤/٧ لەنێوان خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر و بەندە خایاند بێئەوەی هەست بە گەشبینی بکەم لە هەوڵەکانم، بەڵام ئەوەی کە کردم سەرەڕای دابڕانم لە ڕێکخستنەکانی پارتی (کە سەردەمێك لەنێوان ١٩٩٣-٢٠٠٠ ئەندانی مەکتەبی ناوەندیی ڕاگەیاندن و لە ١٩٩٣-٢٠٠٣ ئەندامی مەکتەبی ناوەندیی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە بووم)، حەزم نەدەکرد مێژووی کاك جەوهەر لە پارتی بپچڕێ کە هەندێ لە هەڤاڵانی سەرکردایەتی حەزیان بە پچڕاندنی دەکرد، لێرەدا دەڵێم گوناحە مرۆڤێك لە ڕۆژە هەرە سەخت و دژوارەکاندا بە ناوی (سەلیم سۆرانی لەگەڵ چەند هەڤاڵێك کوردستان بکاتە گۆڕەپانی ڕاستەقینەی تێکۆشان)، بەڵام لە ڕۆژە خۆشەکاندا کە ڕوویدا بەم شێوەیە نیگەران بکرێت کە تەنانەت وای لێهات مووچەی مانگانەی ئەندامێتیی لە مەکتەبی سیاسی لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠٠٣وە تاکو ڕۆژی کۆچی دوایی ڕەت بکاتەوە (تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆش لەلایەن خانەوادەکەیەوە)، سەرەڕای هەوڵێکی زۆری هەندێ لە هەڤاڵانی خۆشەویستی وەکو بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بێ سوود بوو، بەڵام چەند جارێك دەربارەی ئەم مەسەلەیە کاك جەوهەر بە منی ڕادەگەیاند (کەوا مادام لە پۆستی سکرتێری مەکتەبی سیاسی و ئەندامێتیی مەکتەبی سیاسی نەماوە خۆی بە موستەحەقی وەرگرتنی ئەم مووچەیە نابینیٚ).

ڕۆژی شەممە ڕێککەوتی ٢٠٠٩/٤/٩ بە مەبەستی سەردانی لقی کەرکووکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە هەولێرەوە بەرەو کەرکووك دەچووم کاتژمێر ١ی دوای نیوەڕۆ گەیشتمە سەر پردەکەی دەروازەی کەرکووك کە

شەقامەکەی بەرەو گەڕەکی رەحیماوە و ناو کەرکووك دەچێت، زەنگی مۆبایلەکەم لێیدا کاتێ هەڵمگرت برادەری داواکار دیاربوو وەکو گوتی (لە مەکتەبی سەرۆك مەسعود بارزانی تەلەفۆن دەکات و لێی پرسیم ئایا شوێنەکەم گونجاوە چونکە جەنابی سەرۆك دەیەوێ قسەت لەگەڵدا بکات)، منیش یەکسەر گوتم بەڵێ شوێنەکەم باشە و بە شوفێری ئۆتۆمبێلەکەم راگەیاند کەوا لە رۆخ شەقامەکە ئۆتۆمبیلەکە راگرێ، پاش چاك و چۆنی لەگەڵ بەڕێز مەسعود بارزانی بەم شێوەیە دوا و گوتی:

**سەرۆك مەسعود بارزانی**: پاش سەردانەکەی رۆژانی پێشووترت بۆ لای من کە تێیدا دەربارەی جەوهەر دواین دوێنێ شەو (مەسرور و فازڵ و محمدی مەلا قادرم ناردە لای جەوهەر بە مەبەستی ئاشتکردنەوەی، ئومێدەوارم کۆتایی بەم دابڕانە بێت.

بەندە: زۆر سوپاس خودا پایەدارت بکات ئەم هەنگاوە بۆ گەورەیی جەنابت دەگرێتەوە و منیش هیوادارم ئەم مەسەلەیە کۆتایی پێ بێت.

پاشان ئەوەی کە لە کاك جەوهەرم زانی بەڕێزان مسرور بارزانی و فازڵ میرانی و محمدی مەلا قادر بە ناوی سەرۆك مەسعود بارزانی سەردانیان کردووە بە مەبەستی توانەوەی سەهۆڵبەندییەکە لە کەشوهەوایەکی دۆستانە و برایانەدا دوای چەند رۆژێکیش کاك مەسرور بارزانی سەردانی کاك جەوهەر کردۆتەوە ئەوجا هەردووکیان بەرەو نووسینگەی سەرۆك مەسعود بارزانی لە سەری رەش بۆ ماوەی زیاتر لە کاتژمێرێك بە حزووری کاك مەسرور گفتوگۆیەکی گەرم کە هەندێ لایەنی گلەیی و رەخنە ئامێز بووە لەنێوان سەرۆك مەسعود بارزانی و کاك جەوهەر کە هەریەکەیان لە روانگەی خۆیانەوە باسیان لە کێشەکە کردووە، پاشان کاك مەسعود بە کاك جەوهەری راگەیاندووە کە پاش چەند رۆژێکی دیکە دیداریان دەبێت بە مەبەستی یەکلاکردنەوەی کێشەکان، بەڵام کاك جەوهەر بە سەرۆك مەسعود بارزانیی راگەیاندوو کەوا لە چەند رۆژی داهاتوو سەفەری وڵاتی سوید دەکات بە مەبەستی چارەسەری قاچە شکاوە کۆنەکەی کاتێ سەرۆك مەسعود بارزانی لێی دەپرسێ کە ئایا

ناتوانێ سەفەرەکەی دوابخات بۆ ماوەیەکی دیکە لە وەڵامدا کاك جەوهەر بە نەخێر وەڵامی داوەتەوە چونکە وەکو باسی لێوە کردووە مەوعدی لەگەڵ دکتۆری سوید بۆ وەرگیراوە. ئەم دیدارە دوا دیداری نێوان سەرۆك مەسعود بارزانی و سکرتێری پێشووی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، پاش ئەو سەفەرەی کاك جەوهەر کە ماوەیەکی پێ چوو نە سەرۆك مەسعود بارزانی لێی پێچایەوە و نە کاك جەوهەریش هەوڵی دیتنی جەنابیانی دا کە بووە هۆکاری ئەو دابڕانەی کە تێیدا خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر لە پارتی و پاشانیش لە ٢٠١١/٣/٢٢ بە یەکجارەکی لە ژیان دابڕا و چووە بە دلۆڤانی یەزدانی مەزن.

زۆر جار لێرە و لەوێ خزمان، دۆستان، هەڤالانی کۆنم لە پارتی و دۆستە نزیکەکانم لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەندێ لایەنی تر باس لەو (کێشە بابەتە) کراوە لە راستیدا بێ زیاد و کەم ئەم بابەتەم لە چوارچێوەیەکی زۆر تەسك گێڕاوەتەوە، بەڵام بەنسبەت بۆچوونی خۆمەوە کە پاش رووداوەکان و ئەندامێتیم لە پارتی لە ساڵانی پێشووتر دا و دۆستایەتی و خزمایەتی لەگەڵ خوالێخۆشبوو جەوهەردا سەرەڕای لێپرسراوێتیم لە هەندێ شوێن لە راگەیاندن و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستادا ئاگاداری ورد و درشتی پەیوەندیی کاك جەوهەرم لەگەڵ سەرۆك و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی و جۆری کارکردنی کە زۆر شەفافانە دەیگوزەراند کە بێگومان هەندێکی نیگەران دەکرد و هەڵوێستی نەرێنییان بەرامبەری دەنوواند کە تا رادەیەك کاریگەریی لەسەر خودی بەڕێز بڕیاردەر یاخود بڕیاربەدەستی پارتی دیموکراتی کوردستان هەبووە کە بەداخەوە (شۆڕەسواریکیان) لە کیس پارتی دا، کە وابزانم لە بەرژەوەندیی باڵای پارتی و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردایەتی نەبوو، لێرەدا ناتوانم وەکو خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق بۆ باسکردووم (پەردە لەسەر هەندێ لەو کێشانە لابدەم کە دەهاتنە رێگای لەلایەن هەڤالانی خۆیەوە بە مەبەستی دوورخستنەوە و ناشرینکردنی...)، لە ئاکامدا پاش شیکردنەوەی بابەتەکە

هاتمە سەر ئەو قەناعەتە كە بە چەند دێڕێك را و بۆچوونی خۆمی تێدا دەربڕم كە بریتییە لە:

**یەكەم**: بارودۆخی ناوخۆی ناو مەكتەبی سیاسی لە بەرژەوەندیی خودی خوالێخۆشبوو كاك جەوهەر نامق نەبوو، ئەم هەڵوێستە مەبدەئییە توند و عینادەی كە لەناو كۆبوونەوەی مەكتەبی سیاسی دەریبڕیبوو بەتایبەتیش بەرامبەر خودی سەرۆكی پارتی كە تاكو ئەو رۆژە پەیوەندییەكی هەڤاڵانە و برایانە و دۆستایەتییان لەنێواندا هەبوو (سەرەڕای هەوڵی هەندێك بۆ شێواندن و لێڵكردنی ئاوی گۆمەكە)، لێرەدا دەڵێم كاك جەوهەر وەكو ئێرانییەكان دەڵێن تووشی (اشتباه)ێكی گەورە بوو كە نەیتوانی خۆی لە رووبەروو بوونەوە لەگەڵ بەڕێز سەرۆكی پارتی بپارێزێ لەبەر چەندین هۆكار كە لێرەدا جێگای باسكردن نییە، كاك جەوهەر لەو كۆبوونەوەیەی مەكتەبی سیاسی كە ئەو كێشەیەی بۆ درووست ببوو هەڵوێستی راست و درووستی نواندووە و شەفافانە باسی لە هەڵوێست و بۆچوونەكانی خۆی كردووە كە زۆر راستگۆیانە و مەبدەئییانە بوو، بەڵام بەداخەوە دەیتوانی ئەو رستەیە قووت بدات كە سەرۆك مەسعود بارزانی گوتوویەتی (ئێوەن چەند ئەنانین...) لێرەدا دەبووایە خوالێخۆشبوو كاك جەوهەر ئەم رستە رەخنەیەی لە سەرۆك قبووڵ بكردایە كە بێگومان كاك مەسعود ئاگاداری شتی زیاتر بووە لە بەغدا، بەڵام كاتێ ئەو بابەتەم لەگەڵ كاك جەوهەر باس كرد كە ئایا راستتر و باشتر نەبوو ئەم رستەیەی وا بە قورسی وەرنەگرتبا، كاك جەوهەر لە وەڵامدا پێی گوتم (ئەگەر ئەم رستە بریندارەكەرەم لەبەرچاوی برادەرانی مەكتەبی سیاسی بەسەر نواندن قبووڵ بكردایە كە بە ئیهانەیەكی گەورەم لەقەڵەم دا دەبووایە زۆر شتی دیكەشم قبووڵ بكردایە كە لەگەڵ مێژوو و خەسڵەتی كەسایەتیی من ناگونجێ كە دەبووایە بەڕێز مەسعود بارزانی بە رستەیەكی دیكە وەڵامی بدامایەوە...).

**دووەم**: لام وایە (بەندە) وەكو لە دیدارەكەم لەگەڵ جەنابی سەرۆك بارزانی باسم لێوەكرد كە لەنێوان قسەكانمدا گوتم (دەبێت دڵی بەڕێز مەسعود بارزانی لە دڵی جەوهەر و فەرهاد و خەڵی دیكە زۆر گەورەتر بێت چونكە رۆڵی ئەو لە

چارەنووسی گەلی کورد و مێژووی خۆی بنەماڵە و سەرۆکایەتیی پارتی ئەوەی بەسەردا دەسەپێنیٚ کە هەندیٚ شت لە هەڤالانی خوار خۆی قبوڵ بکات دیسان وەکو پیرەمێردی شاعیر دەلێت (ئەبێت بەخشندە مل کەچ کا لە راستی مووچە خۆری خۆی)، لێرەدا راشکاوانەش دەڵێم سکرتێری مەکتەبی سیاسی مووچەخۆری پارتی نەبوو بەڵکو هەڤاڵێکی دێرینی سەرسەختی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو کە دەکرا بەڕێز مەسعود بارزانی بە رستەیەکی دیکە لەجیاتی (ئێوە چەند ئەنانین..) رستەی (ئێوە بیٚ ئاگان یاخود ئێوە ئاگاداری هەندیٚ وردەکاریی رێکخستنەکان نین) بەکاربهێنایە بەتایبەتیش لەگەڵ سکرتێری حزب و کەسایەتییەکی وەکو خوالێخۆشبوو جەوهەر کە قەت ناهەقیی پیٚ قبووڵ نەدەکرا.

**سێیەم:** هەندیٚ زانیاریم لایە کە هەندێکیانم لە خودی خوالێخۆشبوو کاك جەوهەر بیستووە و هەندێکیشم لە دۆست و برادەرانی ناو پارتی گویٚ لێبووە کە هەندیٚ لە برادەرانی مەکتەبی سیاسی راستەوخۆ و نا راستەوخۆ لە هەوڵی لەباربردنی رۆڵی کاك جەوهەر بوون چ لە پەرلەمان کە سەرۆکی بوو چ لە کاتی ئەوەی سکرتێری مەکتەبی سیاسی بوو (ئاشکراشە لای گەورە و بچووك و دۆست و نەیار کە خوالێخۆشبوو جەوهەر نە بازرگان، نە خاوەن کۆمپانیا، نە خاوەن بەرژەوەندیی تاکی خۆی بووە)، بۆیە هەر خیلافاتێکی لەگەڵ خودی بەڕێز سەرۆکی حزب و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەیبووبێت لە روانگەی بەرژەوەندیی بالاٚی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە بە قەناعەتی تەواوی خۆی کە هەندیٚ لە برادەرانی لە مەکتەبی سیاسی بە رووێکی دیکەدا دەیانسوڕاند کە هەندی (پریشك)ی ئەو ناکۆکییانە دەگەیشتە منیش بێئەوەی رۆژێك لە رۆژان ئەوەم لەسەر خۆم قبووڵ کردبێت کەوا بەلایەك دا بیشکێنم لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی بالاٚی پارتی ئەوجا ئەگەر ئەو لایە یاخود ئەو کەسەش قارەمانێکی وەکو خوالێخۆشبوو جەوهەر نامقیش بووبێت.

لام سەیرە لە هیچ کۆبوونەوەکی فراوانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی یەکێك نەبووە ئەم بابەتە بوروژێنیٚ لەگەڵ بەڕێز سەرۆك پارتی. باشە یەکیٚ بەخەیاڵیدا

نەهات کە پرسیارێك ئاراستە بکات لە هۆکاری غیابی سکرتێری مەکتەبی سیاسی لە کۆبوونەوەی فراوانی کۆمیتەی ناوەندی (کە بێگومان خاوەن دەسەڵاتێکی گەورەیە) چییە لە کاتێکدا چ بە عورف چ بە دیسەپلین دەبیّ (بە حزووری سەرۆك حزب سکرتێری مەکتەبی سیاسی دۆسیە و بەرنامەی کاری کۆمیتەی ناوەندی رابگەیەنیّ)، باشە رەوایە، راستە کە ئەم بابەتە حزووری لە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی نەبووبیّ، دیسان باشە کاری مەکتەبی سیاسی چی بووە کە ئەو کارە لای ئەندامانی گرنگ نەبووبێت؟! لەلایەکی دیکەشەوە کۆنگرەی ١٣ـەمینی پارتی بە ئامادەبوونی نزیکەی ١٥٠٠ ئەندام کە لە ١٠-١٨/١٢/٢٠١٠ لە هەولێر بەستراوە و چەند رۆژێکی پێچوو باشە لەو ١٥٠٠ ئەندامە لەگەڵ رێزی زۆرم بۆ هەرهەموویان ئەندامێك نەبوو باسی لە نەبوون و هۆکاری دابڕانی سکرتێری پێشووی مەکتەبی سیاسیی حزبەکەیان بکات لەکاتێکدا دەبووایە لە کۆنگرەی ١٣ـەمینی پارتی ئەم بابەتە بوروژێندرایە، باشە هۆکاری گرێدانی کۆنگرە بۆ چییە کاتیّ یەکێك نەتوانیّ باس لە دابڕانی کەسی دووەم یاخود سێیەمی ئەو پارتە بکات، چونکە وەکو ئاشکرایە کۆنگرەی گشتی دەبێت ورد و درشتی کێشەکان بهێنێتە بەردەم کۆنگرە و باسی لێوە بکرێت و موناقەشەی جدیی لەسەر بکرێت تاکو بڕیاری گونجاوی لەسەر بدرێت کە بێگومان بۆ پارتی و دواڕۆژی لە کات بەسەربردن بە خوێندنەوە و گوێگرتنی چەند پارچە شعرێك بەسوودتر دەبوو و ئەو کەلێنەش لە مێژووی پارتی چەند لاپەڕەکی نەخوازراوی پڕ نەدەکردەوە، بەهەرحاڵ و بەوپەڕی داخەوە ئەم لاپەڕەیەش کەوتە ناو لاپەڕەکانی مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو چەندین لاپەڕەی دیکە کە تاکو ئێستاکە بە ناکامڵی ماوەتەوە و تاکو ئێستاکەش وەڵامی راست و درووستی ئەم بابەتە نەدراوەتەوە کە هەمیشە (تەفسیر و تەئویلی) جیاجیای بۆ دەکرێت، بەڵام لە ئاکامدا بە لەکیسچوونی رۆڵەیەکی بە ئەمەکی ئەم پارتیە کۆتایی هات کە ئەویش ناوی کەوتە ناو ئەو لیستەی کە دەیان و سەدان وزیاتر کە لە ساڵانی رێڕەوی پارتی دابڕان، فەرامۆشکران، لەبیرکران، کە لە کۆتاییدا نازانم کەی

ئەگەر وا بڕوات ئەم پارتییە گەورە و خاوەن ئەو هەموو مێژووە لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا (خوانەخواستە) لە ڕێڕەوی ڕاستەقینەی دادەبڕی کە بێگومان زەرەر بە بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان دێنێ (ئەوجا نازانم هەڤالانی تەنها بە ناو هەڤاڵ لە مەکتەبی سیاسیی پارتی) ئەو کاتە چ بە مێژوو دەڵێن ئەگەر ئەوانیش مێژوو و ئایندەی کوردیان مەبەست بێت.

لەوکاتەی کەوا بەهۆی بارودۆخەوە کۆنگرەی سێیەمی گشتی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دواخرا، بەڵام بە هۆکاری جیاجیا کە پەیوەندیی بە بارودۆخەکە و سەفەری دوو لە برادەرانی ئەنجوومەن هەبوو بۆ دەرەوەی وڵات کۆنگرەی سێیەم دواخرا کە بۆ دواجار درۆژی ١٩-٢٠١١/٧/٢١ دەستنیشان کرا، بەڵام سەرەڕای ئەم دواخستنە ئێمە لەسەر چالاکی و خزمەتکردنی ڕۆژنامەنووسان و چەسپاندنی ئازادیی ڕۆژنامەنووسان بەردەوام بووین.

بەنسبەت خۆمەوە ماوەیەك بوو سەرقاڵی ئامادەکردنی چاپی دووەمی دیوانی (عەونی)ی باوکم بووم چونکە سەرەڕای دەستکەوتنی هەندێ شعری تازە دیتراوەی کە لە چاپی یەکەمی دیوانەکەی نەبوو، بەڵام لای هەندێ برادەر و ئەدەب دۆست دەستمکەوتن بەتایبەتیش ئەو (قەسیدە تەخمیسە) کە لە ساڵی ١٩٣٣ لە گۆڤاری (هاوار)ی شام بڵاوکراوەتەوە لەژێر ناوی (بۆ خاوەنی هاوار) کە بریتییە لە (١١٠ دێڕە شعر) و هەندێ پارچە شعری دەگمەنی دیکەی لە هەمان کاتیشدا جارێکی دیکە ئەو بابەتانەی کە بە زنجیرە لە گۆڤاری (گوڵان العربی) بڵاومدەکردەوە لەژێر ناوی (من الذاكرة) سەرەڕای هەندێ بابەتی دیکە کە بریتی بوون لە دیمانەی هەندێ کەسایەتیی سیاسی و مێژوویی لەگەڵ چەند بابەتێکی هاوشێوەی ئەوان کە جارێکی دیکە تایپ کرایەوە ئەوجا بە وێنە دیکۆمێنتەوە جارێکی دیکە لە دووتوێی کتێبێکی (٧١٧) لەپەڕە لەژێر ناوی (ذاكرة الأيام) لەگەڵ کۆکردنەوەی زنجیرە ئەڵقەکانی (ئەزموونی ڕۆژنامەگەریم) لە لەکاتی خۆی بە زنجیرە لە گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس) بڵاومدەکردەوە و ئەویش جارێکی دیکەم ڕێکخستەوە و بە وێنە و دیکۆمێنتەوە لە دووتوێی کتێبێکی

(٣٩٠) لاپەڕەدا بە هەمان ناو ئامادەکرا لەگەڵ دووبارەکردنەوەی کتێبی (المنظمات الجاهيرية الكوردستانية من التأسيس عام ١٩٥٣ إلى ١٩٩١) کاتێ لە ساڵی ١٩٩٨ مەکتەبی دیراسات و توێژینەوەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان کە خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق سالم لێی بەرپرسیار بوو چاپکرا و بڵاوکرایەوە، بەڵام چونکە (٥٠٠) دانەی لێ چاپکرابوو و بەسەر رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دابەشکرا هیچ دانەیەکی لێ نەمایەوە، بۆیە خۆم جارێکی دیکە لەگەڵ پێداچوونەوە و نووسینی پێشەکییەکی دیکە ئەویشم دواتر بە چاپ گەیاند. سەرەڕای ئامادەکردنی ئەو بابەتانەی کە بە ناوی (من حقيبتي) کە لە گۆڤاری (الصحفي) بە زمانی عەرەبی بڵاوم دەکردەوە کە بۆ (٨٠) ژمارە من سەرنووسەری بووم کە هەموو بابەتەکانیشی بابەتی، سیاسی، مێژووی، رەخنەئامێز ئەویش لەژێر ناوی (من حقيبتي) لەگەڵ دیوانەکەی باوکم بوو بە چوار کتێب ئەوکاتە، کە تێکڕای خەرجییەکانی لەسەر گیرفانی خۆم بووە بێئەوەی کەسێك یاخود لایەنێك یاخود دەزگایەك یارمەتیی دابم، کاتێ کتێبەکان چاپکران لە چاپخانەی رۆژهەڵات ئێوارەی رۆژی چوارشەممە رێککەوتی ٢٠١١/٥/٢٥ لە ئاهەنگێکی ئیمزاکردنی کتێبەکانم لە هۆڵی یانەی (ئاوێزە)ی کۆمەڵایەتی کە ئەویش بڕی (٢٥٠٠$) دوو هەزار و پێنج سەد دۆلاری تێچوو کە تێیدا (٨٠) کەسم لە کەسایەتیی رۆشنبیری و سیاسی و رۆژنامەنووسی داوەتی ئەو ئاهەنگە کردبوو بە مەبەستی دابەشکردنی کتێبەکان بە ئیمزا و بەبێ بەرامبەر کە وابزانم تاکو ئەوکاتە ئاهەنگی ئیمزاکردنی کتێب و دابەشکردنی بەبێ بەرامبەر لە هەولێر پەیڕەو نەکرابوو ئەو رێوڕەسمی کتێب دابەشکردنەم تاکو ئێستاکە لای من بەردەوامە کە ناوە ناوە لە شارەکانی هەولێر، دهۆك، رانیە، خانەقین، هەڵەبجە، ئامێدی، کۆیە، ئاکرێ، رەواندز، کفری، چۆمان، ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر، کە تێیدا بە هاوکاریی یەکێتیی نووسەران و کتێبخانە گشتییەکان و مەڵبەند و دەزگا رۆشنبیرییەکان لەم شارانە کۆڕم بۆ رێکخراوە و لەسەر زۆر بابەتی سیاسی و رێکخراوەیی و رۆژنامەوانیش قسەم تێدا کردووە سەرەڕای

دابەشکردنی کتێبەکانم بەسەر ئامادەبووان کە تێیدا بە سەدان کەس ئامادە دەبوون و ڕێزی زۆریشم لەو شوێنانە لێ گیراوە. تاکو ڕۆژانی نووسینی لاپەڕەی ئەو بیرەوەرییانە کە ڕێککەوتی (٢٠١٥/١٢/٣١)یە لەو ڕێڕەوە بەردەوامم کە تاکو ئێستاکە نزیکەی (٤٠٠٠) کتێبم دابەشکردووە سەرەڕای ناردنی بۆ کتێبخانەکانە گشتییەکان و زانکۆکانی کوردستان.

جارێکی دیکە دێمەوە سەر باس و خواسی کۆنگرەی سێیەمی گشتی سەندیکا کە زۆری پێوە سەرقاڵ بووم وەکو لە پێشەوە نیشانم داوە، پێش کۆنگرە بە مانگێك سەرجەم ڕاپۆرت و دیکۆمێنتەکانی کۆنگرەمان بڵاوکردەوە بۆ هەموو لق و نووسینگەکانی سەندیکا کە لە ڕێگای ئەوانیشەوە بەسەر ئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆنگرە دابەش بکرێت بۆئەوەی هیچ بابەتێکی سەندیکا (نا شافاف و شاراوە نەبێت) و کۆنگرەی سێیەم وەکو کۆنگرەکانی دیکە شەفافانە لە هەموو ڕوویێکەوە بەڕێوەبچێت وابزانم ئەگەر بە ویژدان هەڵسەنگاندن بۆ کۆنگرەکانی ڕێکخراوەکانی کوردستان و تەنانەت لایەنە سیاسییەکانیش بکرێت بە شێوەیەکی زانستیانە باوەڕ ناکەم هیچ کۆنگرەیەك لەم کوردستانە لەپاش ڕاپەڕینەوە بە شێوەی کۆنگرەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەڕێوەچووبێت، جارێ لەپێشەوە هەڵبژاردن لە سەرتاسەری دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان ئەنجامدرا و دوور لە هەموو دەستێوەردانێك، ئەوجا ئەگەر ڕۆژنامەنووسێکی حزبی ئامۆژگاریی لە حزبەکەی خۆیەوە بوۆ هاتبێت بەڵام دیسان لەسەر سندوقی هەڵبژاردن ئازاد بووە و بە نهێنی ئەنجامی دراوە، بۆیە زۆر جار بەدی دەکرا ڕۆژنامەنووسێکی ئاسایی دەنگی لە ڕۆژنامەنووسێکی کادری لایەنێکی سیاسیی بردۆتەوە، خاڵی دووەمی هێزی کۆنگرەکانی سەندیکا دابەشکردنی سەرجەم ڕاپۆرت و دیکۆمێنتەکان (بە ڕاپۆرتی داراییەوە) سەرەڕای یاسای سەندیکا بە هەردوو زمان و پەیڕەوی ناوخۆ و یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی بە مەبەستی ئاگاداربوونی ڕۆژنامەنووسان لە سەراپای کار و چالاکی و ڕاپۆرت و هەواڵ و کۆڕ و کۆبوونەوە و دەستکەوتەکان و خەرجیی ساڵانە لەگەڵ پەسەندکردنی

دیوانی چاودێریی دارایی (دیوان الرقابە المالیە) و رۆژنامەنووسان لە رۆژانی کۆنگرە ئازاد بوون لە هەر لیژنەیەك بەشداری بکەن و ئازادانە لەسەر رۆشنایی راپۆرتی گشتی و دارایی و گفتوگۆی تێروتەسەل بکەن بیٚ ئەوەی حیساب بۆ هیچ کەسێك بکرێت، خاڵی بەهێزی سێیەمی سەندیکا و کۆنگرەکانی کۆکردنەوەی رۆژنامەنووسانی سەرجەم دەزگاکانی راگەیاندنی لایەنە سیاسییەکان بە لایەنی موعارەزە و رۆژنامە سەربەخۆکانیشەوە کە تێیدا سەرجەم پێکهاتە نەتەوەییەکانی کوردستانی لەخۆگرتبوو (کورد، تورکمان، کلد و ئاشور، عەرەب) پاشانیش درووستکردنی لیژنەی داکۆکی لە ئازادیی رۆژنامەنووسی کە ساڵانە دوو راپۆرتی تێروتەسەلی لەسەر رەوشی رۆژنامەگەری لە کوردستان بڵاودەکردەوە بێئەوەی **چاوپۆشی لە هیچ لایەن و رووداو و دیاردەیەکی نەرێنی و تیرۆری رۆژنامەنووسان کە لە هەندیٚ شوێنی ئەم کوردستانە روویدەدا کە بەوپەڕی توندی و راشکاوانە ئەنجوومەنی سەندیکا و لیژنەی داکۆکی ئیدانە و ریسوا و مەحکومی دەکرد**، ئەوجا سەرەڕای ئەوانەش ئەندامانی کۆنگرە دەرماڵەی تەواویان پێش بەکۆتاهاتنی رۆژانی کۆنگرە وەردەگرت کە لیژنەی تایبەتی بۆ پێکدەهات و خاڵی کۆتایی کۆنگرەش بە چاودێریی راستەوخۆی دادوەر و نوێنەری پارێزگا پڕۆسەی هەڵبژاردن بەڕێوەدەچوو ك تێیدا دادوەر لە مینبەری کۆنگرەوە لەسەرەتادا رۆژنامەنووسانی سەرپشك دەکرد لە هەڵبژاردنی شێوازی هەڵبژاردن (تاك یان بە لیست) ئەوجا بە زۆرینەی دەنگ جۆری هەڵبژاردن پەسەند دەکرا و هەڵبژاردن ئەنجام دەدرا، لێرەدا قسە زۆرە، بەڵام ئەوەندە بەسە با سەری خوێنەر زیاتر نەئێشێنم کۆنگرەی گشتیی سێیەمیش بەم شێوەیە بە هەمان ریٚ و شوێن بەڕێوەچوو، رۆژی ٢٠١١/٧/١٨ ئەندامانی کۆنگرە کە ژمارەیان (٢٩٦) نوێنەر بوو بەرەو هەولێر دەهاتن کە تێیدا خۆیان سەرپشك کرابوون لە هەڵبژاردنی شوێنی حەوانەوەیان کارەکان تەواو بوو، پێداویستییەکان ئامادەکرابوون و هۆڵ و کارەبا و ئەمنییەتی کۆنگرە ئامادەکرابوو، بەڵام مەسەلەی هەڵبژاردنی نەقیب قسە و باسی زۆر لەسەر دەکرا، چونکە بە پێی

ژماره و ڕێککەوتن دەبووایە نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەنێو ڕۆژنامەنووسەکانی دەزگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەنێو خۆیان هەڵبژێرن، لە ڕاستیدا من شێرکۆ حەبیب (ئامۆزام) تا ڕادەیەکی زۆر حەزم دەکرد پاش من ئەو ببێتە نەقیبی ڕۆژنامەنووسان، لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی، یەکەمیان لە ڕۆژی سەرەتاوە کە بیر لە دامەزراندنی سەندیکا کرایەوە شێرکۆم لەگەڵ بوو و ئاگای لە هەموو کار و چالاکییەکان هەبوو و لە زۆربەیان بەشداریی تێدا دەکرد، خاڵی دووەم بریتی بوو لەوەی کە شێرکۆ لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا بوو کە تا ڕادەیەکی زۆر ڕۆڵی بە ئەندامبوونی سەندیکا لە IFJ گێڕا و چەند جارێك سەردانی بارەگای IFJی کردبوو لەسەر خەرجیی خۆی، هەر ئەویش بوو ساڵی ٢٠٠٢ کاتێ بەشداریم لە کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی عیراقی کرد لە لەندەن (مؤتمر المعارضة العراقية) دیدارێکی لەگەڵ جیم بومیلا کە ئەوکاتە ڕاوێژکار و لێپرسراوی دارایی IFJ بوو کە ئەمەش بووە مایەی لێك تێگەیشتنێکی زیاتر لەنێواندا و بووە هۆکاری وەرگرتنمان بە ئەندام لەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە، سەرەڕای ئەمانەش شێرکۆ نوێنەرایەتیی IFJی دەکرد لە کوردستان و مامۆستای بابەتی (السلامة المهنية للصحفيين) کە تێیدا لە زۆربەی لق و نووسینگەکانی سەندیکا سیمینار و وۆرك شۆپی ئامادە دەکرد بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی ڕۆژنامەنووسان بە زانیاریی سەلامەتی پیشەیی، لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆژانە لەگەڵ من ئاگاداری ورد و درشتی کارەکانی سەندیکا بوو، سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆژنامەنووسێکی کارا و زمانزان بوو، دەیتوانی ڕۆڵی نەقیب ببینێ سەرەڕای هەندێ کەموکورتی و هەڵە (کە هەر یەزدانی گەورە لێی بێ بەشە)، بۆ ئەم مەبەستەش چەند ڕۆژێك پێش بەستنی کۆنگرە بە جووتە سەردانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێز (فازڵ میرانی)مان کرد کاتێ کە بابەتەکەم بۆ کاك فازڵ شیکردەوە گوتم من ئێستاکە شێرکۆ بە باشترین مەوجودی دادەنێم سەرەڕای هەندێ کەموکوڕیی شێرکۆ لە جۆری مامەڵەکردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان، ئەوجا کاك فازڵ میرانی هاتە قسە و گوتی (منیش شێرکۆ بە

باشترین هەڵبژاردەی خۆمانی دەزانم و ئێمە وەکو پارتی شێرکۆ دەستنیشان دەکەین بۆ پۆستی نەقیبی رۆژنامەنووسان و وخیر خلف لخیر سلف)، ئەوجا هەر لەبەرچاوی ئێمە تەلەفۆنی بۆ بەڕێز (د. ئیبراهیم سمۆ)کرد کە وابزانم ئەوکاتە لە راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لقی (١) رۆڵی لێپرسراوی دەبینی و پێیگوت (بزانە شێرکۆ حەبیب هەڵبژاردەی ئێمەیە بۆ پۆستی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان)، بەڵام پاش ئەو دیدارە کۆبوونەوەیەکی فراوان بۆ رۆژنامەنووسانی دەزگاکانی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان کە نوێنەری کۆنگرەبوون ئەنجامدرا لە هۆڵی بارەگای مەکتەبی سیاسیی پارتی لە هاوینەهەواری سەلاحەدین بە ئامادەبوونی بەڕێزان محمود محمد و رێبوار یەڵدا کە هەردووکیان ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی بوون کە تێیدا ٨٠ رۆژنامەنووس ئامادەبوون، ئەوەی لەو کۆبوونەوەیە بەدیم کرد پێشخانیشی هەبوو (گەلەکۆمەکی)یەك هاتە ئاراوە کە تێیدا برادەرانی ئەندامانی حزبی شیوعیی عیراقی پێشوو کە پاش هاتنیان بۆ ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کە تێیدا رۆڵی لێپرسراوێتییان هەبوو لە هەندێ لە دەزگاکانی راگەیاندن یاخود لە هەندێ شوێنی دیکە، بە حوکمی لێپرسراوێتییان توانییان کاریگەرییان هەبێت لەسەر بەشێکی زۆری رۆژنامەنووسانی دەزگاکانی راگەیاندن و وایانکرد کە شێرکۆ پاڵێوراوی رەسمی مەکتەبی سیاسیی پارتی بوو (کە لەلایەن سکرتێری مەکتەبی سیاسی بەڕێز فازڵ میرانی بە وجودی من دەستنیشانی شێرکۆی کرد) کە وایکرد شێرکۆ ٢٥ دەنگ بهێنێ بەرامبەر بەڕێز ئازاد حمد أمین کە ٥٠ دەنگی هێنا وە بەهۆی ئەو گەلەکۆمەکییە کە لەلایەن برادەرانەوە بۆی دروستکرا بوو. پاش ئەوەی ئاکامی هەڵبژاردنەکە تەوابوو کە بە قازانجی کاك ئازاد حمد أمین هاتە کایەوە لەوکاتەدا کە کاك محمود محمد و رێبواری یەڵدا کە منیش لەتەکیان بووم لەسەر مێزی بەرامبەری رۆژنامەنووسەکان هاتمە قسە و گوتم (پیرۆزباییەکی گەرم لە کاك ئازاد حمد أمین دەکەم کە ئەو دەنگانەی بەدەست هێنا، بەڵام من حەزم دەکرد شێرکۆ حەبیب هەڵبببژێردرێ، بەڵام ئاخیری خێر

بێت وابزانم سەندیکا لەمەولا بەرەو هەڵدێر دەچێت!).. یەك دوو رۆژنامەنووس لە ئامادەبووان ناڕەزایەتییان بەرامبەر بە قسەکانم نیشان دا و زۆر بە گەرمی دەیانەویست بەرپەرچم بدەنەوە، بەڵام کاك محمود محمد قسەی پێ بڕین و کۆتایی بە دانیشتنەکە هێنا. لە راستیدا ئاکامی هەڵبژاردنەکەم بەدڵ نەبوو چونکە دەمزانی را و بۆچوونی راستەقینەی زۆربەی رۆژنامەنووسان نەبوو، بەڵام لە هەمووی سەیروسەمەرەتر رۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لەم بوارەدا کە لەبەرچاوی من بەڕێز سکرتێری مەکتەبی سیاسی رایگەیاند کە شێرکۆ هەڵبژاردەی پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئەوجا نازانم کاك فازڵ میرانی پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە چ هەڵوێستێکی لەسەر هۆکاری دۆڕاندنەکەی هەڵبژاردەی پارتی نواند بەرامبەر ئەو برادەرانەی کە هەرهەموویان ئەندامی مەکتەبی راگەیاندن و لێپرسراوی دەزگا گرنگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، لێرەدا بابەتێك وەکوی دەگێرمەوە لەسەر زاری برای بەڕێز نووسەر و رۆژنامەنووس کاك (ممتاز حەیدەری)، کە سەرلەبەیانیی رۆژێکی مانگی حوزەیرانی ئەم ساڵە (٢٠١٦) کاتێ بە مەبەستی سەردانی نووسینگەی رۆژنامەنووسیی ئەم برادەرە (ممتاز حەیدەری) بووم کە لە هەمان کاتیشدا برای بەڕێز (د. جمشید حەیدەری) دانیشتبوو، کاك ممتاز و بەندە کەوتینە گفتوگۆ دەبارەی سەندیکا و رۆڵی لاوازی بەتایبەتیش پاش کۆنگرەی IFJ کە لە پاریس لە مانگی پێشووتردا بەسترا، لێرەدا کاتێ کەوتینە ناو درێژایی باسەکە کاك ممتاز حەیدەری بابەتێکی بۆگێڕامەوە کە لێرەدا وەکو خۆی دەیگێڕمەوە کە تێیدا گوتی (**پێش بەستنی کۆنگرەی سێیەمی گشتی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە مانگی (٧)ی ساڵی ٢٠١١دا کە لە هەولێر بەسترا چەند رۆژێك پێشتر لە بارەگای لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بانگهێشتکرام لەگەڵ چەندین رۆژنامەنووسی دیکەی ناو دەزگاکانی راگەیاندنی پارتی، بانگهێشتکردنەکەش پەیوەندیی بە کۆنگرەی سێیەمی سەندیکاوە هەبوو، زۆربەی هەرە زۆری کادیرانی راگەیاندنی پ.د.ك و لێپرسراوەکانیان ئامادەبوون، پاش ماوەیەك بۆم بەدیارکەوت کە کۆبوونەوەکە**

**تەنها تەرخانکراوە بۆ جەختکردن لەسەر کاندید کردنی ڕۆژنامەنووس کاك (ازاد حمد امین) بۆ پۆستی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە کۆنگرەی سێیەمدا کە تێیدا ڕاشکاوانە کاك (پشتیوان صادق) ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی کەوتە قسە و کاك ئازاد حمد أمین-ی وەکو پاڵێوراوی پارتی بۆ ئەم پۆستە کاندید کرد، پاشانیش کاك ئازاد حمد أمین هاتە قسە و سوپاسی پارتی و کاك پشتیوان و ئامادەبووانی کرد بۆ ئەو متمانەیەی کە ئەویان بەخشی لەم کۆبوونەویە و بووە پاڵێوراوی پارتی و بە چەپڵەڕێزان کۆتایی بە کۆبوونەوەکە هات)**.

بەڕاستی سەیرە! پاش نزیکەی پێنج ساڵ بەندە بەم شانۆگەرییەی زانی لە کاتێکدا کە ئەو کۆبوونەوەیە گرێدرابوو من نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بووم، دەبووایە ئاگاداری وردەکارییەکانی بم و نەدەبوو کاك پشتیوان صادق بۆ بەرژەوەندیی سەندیکا و پارتی ئەم بابەتەی لە من بشاردایەتەوە، دەکرا ڕا و بۆچوونی منیش وەربگرێ چونکە لە ڕۆژانی سەرەتای دامەزراندنییەوە تاکو ئەو ڕۆژە من شەخسی یەکەمی ئەو سەندیکایە بووم، لەو کاتەی کە کاك پشتیوان صادق ئەم کۆبوونەوەیەی ڕێکخستبوو بەندە وەکو لێپرسراوێتییەکی سیاسی.. سەندیکایی.. ئەخلاقی سەرقاڵی پەیوەندیکردن بووم لەگەڵ تێکڕای لایەنە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان، لە سەرووی هەمووشیانەوە بەڕێز مەسعود بارزانی بوو کە ئاگاداری وردەکارییەکانی کۆنگرەی سێیەمم کردبوو وەکو سەرۆکی پ.د.ك لەگەڵ دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان (کاك نەوشیروان مستەفا) و سەرکردایەتیی سەرجەم لایەنەکان کە تێکڕا بە مەبەستی پاراستنی یەك ریزی و تۆکمەیی مانەوەی سەندیکا بوو، سەرەڕای پەیوەندیکردنم بە حزووری شێرکۆ حەبیب بە بەڕێز کاك فازڵ میرانی سکرتێری پ.د.ك کە ئەویش ڕاستەوخۆ وەکو لە لاپەڕەکانی ئەم بیرەوەرییانەی پێشوو باسم کردووە ڕاشکاوانە گوتی (شێرکۆ پاڵێوراوی پارتییە بۆ پۆستی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان)، لێرەدا پرسیارێك خۆی قوت دەکاتەوە کە ئایا

بەڕێز میرانی وەکو سکرتێری پارتی ئەم بابەتەی بە مەکتەبی ناوەندیی ڕاگەیاندنی پارتی ڕانەگەیاندبوو کە ئەوان بە پێچەوانەی بڕیارەکەی کاک فازڵ میرانی هەڵسوکەوتیان دەکرد و بە سەرۆکایەتیی ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی لەو ئاهەنگە دژەبۆچوونەی مەکتەبی سیاسی ڕۆڵی بەرچاوی دەگێڕا، لێرەدا دیسان بێ ئاگایی و دابڕان و پەرتەوازەیی پەیوەندییەکانی نێوان مەکتەبی سیاسی و لقەکان و مەکتەبە ناوەندییەکان و لێپرسراوەکانیان دەگەڕێتەوە کە هەمووی بە پێچەوانەی تێگەیشتنی ڕاستەقینەی حزبایەتییە کە تێیدا بەوپەڕی داخەوە قوربانییەکەی ڕێکخراوێکی سەرتاسەریی یەکگرتووی ئەم کوردستانە و ئەندامی کارای IFJ و خاوەن (٣) پڕۆژەی یاسایی کە پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانی کردبوو کە پاشان هەمووی بوون بە یاسا و لەگەڵ بەدیهێنانی دەیان دەستکەوتی ماددی و مەعنەوی کە لە لاپەڕەکانی مێژووی ئەم سەندیکایە تۆمار کراوە، پاشان بەو دەردە چوو کە چوو، من لێرەدا بۆ مێژوو قسەکانم ڕووبەڕووی کاک ئازاد حمد أمین نییە و گلەییش لەو ناکەم بەڵکو ڕووی گلەیی و گازاندەم لەو برادەرانەیە کە لەو سەردەمە بەو شێوە (سەقەتە) بابەت و ڕووداو و کەسایەتیی تێکۆشەران هەڵدەسەنگێنن کە بێگومان ئەگەر ئەم ڕێچکەیە بەردەوام بێ باڵەخانەکەمان تووشی داڕمان دەبێ، بەڵام دیسان پاش ئەو ڕووداوەش کە ئاکامەکەشیم بەدڵ نەبوو بە هەموو شێوەیەك لە هەوڵی سەرکەوتنی کۆنگرە و هەڵبژاردەی ڕۆژنامەنووسان بووم و بۆ یەك ساتیش لە کاروباری کۆنگرە درێغیم نەکرد و لە هەوڵی جدی دا بووم کەوا کۆنگرە سەرکەوتووانە تەواو بێت، کە تەواویش بوو، بەڵام ئەوەی جێگای داخە برایانی ڕۆژنامەنووس لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بایکۆتی دوا دانیشتنی ڕۆژی سێیەمی کۆنگرەیان کرد و بەشدارییان لە ئەنجوومەنی سەندیکا و لیژنەکانی نەکرد کە لەڕاستیدا جێگای نیگەرانیی من بوو چونکە سەرەڕای جیاوازیی بیر و باوەڕ و بۆچوونی من وەکو مرۆڤێکی مەدەنی لەگەڵ ڕەوتی ئیسلامی سیاسی کە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی، بەڵام دەتوانم بڵێم ڕۆژنامەنووسانی

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە هەموو ڕۆژنامەنووسەکانی ئەندامانی دیکەی سەندیکا مولتەزمتر و بێ کێشەتر بوون و هەمیشە هاوکاری تەبایی و لە خێری سەندیکا بوون، ڕۆژنامەنووسە نوێنەرەکانیان لە جومگەکانی سەندیکا لەسەرووی هەمووشیانەوە برای بەڕێز حامد محمد عەلی کە لە ئاکامی کۆنگرەی گشتیی دووەم بە سکرتێری سەندیکا هەڵبژێردرا کە تێیدا بەوپەڕی جدییەت و سەلیقەیەکی زیندووەوە ڕۆژانە کارەکانی سەندیکای لەگەڵ من ئەنجام دەدا بەبێ ماندوبوون و گلەیی کردن.

هەرسێ ڕۆژی کۆنگرە بە ئامادەبوونی شاندی ڕۆژنامەنووسانی فەلەستینی و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عیراقی کە تێیدا لە دانیشتنی ڕۆژی یەکەم د. کەمال کەرکووکی وەکو سەرۆکی پەرلەمان وتاری خۆیی پێشکەش کرد و کاک کاوە محمودیش کە ئەوکاتە وەزیری ڕۆشنبیری بوو لەجیاتی د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح کە ئەوکاتە لە کوردستان نەبوو وتارەکەی خۆیی خوێندەوە، ئەوجا وتاری شاندی فەلەستینی و عیراقیش پێشکەش کرا و دوا وتاریش وتاری من بوو کە لە چوارچێوەی کار و چالاکی و ئامانج و پەیوەندییەکان سەندیکا دەخولایەوە و هەر لەو دانیشتنەدا ڕێوڕەسمی خەڵاتکردنی (د. فائق بطي) کە ڕۆژنامەنووسێکی بەئەزموونی عیراقیی بەناووبانگە سەرەڕای ئامادەکردنی ئینسکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەریی کوردی لەلایەن ئەوەوە و کاک جەمال خەزنەدار لەسەر هەمان بابەت و کاک عەبدوڵڵا زەنگەنەش لەسەر ڕۆڵ و ماندوبوونی لە کاری ئەرشیفی و بەدواداچوونی بە قووڵیی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی کە تێیدا لەم بارەوە بەهەرمی بەچاوی هەیە ڕێزیان لێگیرا و دیارییان پێشکەش کرا کە لەڕاستیدا ئەم ڕێوڕەسمەش لە داهێنانی خودی خۆم بوو.

ڕۆژی دووەم و سێیەمیش کاروچالاکییەکان بە تاوتوێکردنی ڕاپۆرتەکان بەردەوام بوو، بەڵام بەداخەوە ئاستی ئەم کۆنگرەیەم بەدڵ نەبوو سەرەڕای ئەو هەموو خۆ ماندووکردنە لە کۆتایی دانیشتنی دووەمی ڕۆژی سێیەم بە

ئامادەبوونی دادوەر و نوێنەری پارێزگا لیستی ئازادیی رۆژنامەنووسی راگەیەندرا کە بەزۆربەی هەرە زۆری دەنگی نوێنەران هەڵبژێردران.

ئێوارەی هەمان رۆژ پاش بەکۆتاهاتنی کارەکانی کۆنگرە و هەڵبژاردنی نەقیب و ئەنجوومەنی سەندیکا و لیژنەکانی وەکو رێزلێنانێك شاندی رۆژنامەنووسانی فەلەستینی و عیراقیم لە رێستورانتی هەولێر داوەتکرد، لەکاتی دانیشتنەکەدا کاك ئازاد حمد أمین نەقیبی تازەی هەڵبژێردراو تەلەفۆنێکی بۆکردم و گوتی (زۆر سوپاس بۆ ئەو رۆڵە بەرچاوەی کە گێڕات بە مەبەستی سەرکەوتنی کۆنگرەی سێیەم، بەڕاستی ئیسپاتت کرد کە تۆ پیاوێکی گەورەی و هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم).

بەکۆتایی هێنان بە رۆڵی بەندە لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کە لە ١٩٩٧/١/٧ خەریکی دامەزراندن و نەقیبی هەڵبژێردراوی رۆژنامەنووسان بووم بە قەناعەتی تەواو و بە ویژدانێکی ئاسوودە و بە رۆڵێکی پاکی بێگەرد بە خزمەتکردنی رۆژنامەنووسان و چەسپاندنی ئازادیی رۆژنامەنووسان لە کوردستان و پیادەکردنی یاسای سەندیکا و پەیڕەوی ناوخۆی سەندیکا کە رۆڵی من تاکو ئێرەبوو و سەندیکام بەجێهێشت، پاشئەوەی لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆن و تازە رۆژی دوو شەممە رێککەوتی ٢٠١١/٧/٢٦ پڕۆسەی (دەور و تەسلیم)مان ئەنجامدا کە هەمووی بە لیست و داتا ئامادەکرابوو لەگەڵ ئەو بڕە پارەیەی کە لە سندوقی سەندیکا بوو کە تێیدا رۆژنامەنووس کاك ئەکەد موراد کە پێشووتر لێپرسراوی دارایی بوو بۆ ئەم خولەش بە لێپرسراوی دارایی مایەوە، بەو کۆمپیوتەرەی کە کاتی خۆی بۆم کڕابوو لەگەڵ سویچی ئۆتۆمبێلەکەی سەندیکا کە جۆری (نیسان–پاترۆل) بوو تەسلیم بە برایانی نەقیب و ئەنجوومەنی تازە کرا و هەمووشمان کۆنووسی ئەم دانیشتنەمان ئیمزا کرد و خواحافیزیم لە برادەران کرد و بارەگای سەندیکام بەجێهێشت بەرەو ماڵەوە و خۆ ئامادەکردن بۆ قۆناغێکی تازەی دیکە دوور لە ئیلتزاماتی حزبی (کە دەمێك بوو لێی دابڕابووم) و سەندیکایی کە تێیدا پێویستیم بە پشوو هەبوو.

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

ئە نجوومەنی سە ندیکا

Kurdistan Journalist's Syndicate

نقابة صُحفيي كوردستان

مجلس النقابة

ژمارە:

رۆژ:

**کۆنووسی کۆبوونەوەی( پێدان و وەرگرتن )**

**محضر اجتماع( تسليم وتسلم )**

ئەمرۆ ٢٠١١/٧/٢٦ هەردوو ئەنجوومەنی سەندیکای پێشوو ئێستا بەیەکەوە دانیشتن هەموو ئەو کەلو پەلانەی تایبەتە بەئەنجوومەن و لق و نووسینگەکان تەسلیم بە ئەنجوومەنی تازە کرا کە هاوپێچە بۆیە هەردوولا لەخوارەوە ئیمزایان کرد.

فەرهاد عەونی    حامد محەمەد عەلی    ئەکەد موراد

ئازاد حەمەد ئەمین    شوان داودی    هەندرێن ئەحمەد

**هەولێر لە**

**٢٠١١/٧/٢٦**

تەلەفۆن: (بگۆڕی سەندیکا ٠٠ ٤٨ ٢٢٩ ٦٦٠) - (کارگێڕی ٧٥ ١٨ ٢٢٢ ٦٦٠)
ناونیشان: هەولێر، شەقامی (٦٠) مەتری، بەرامبەر شوقەکانی زانیاری.

Email Address
govar111@yahoo.com
www.kurdistanjournalists.com

ماوەیەك بوو هاوڕێ و برادەری دێرینم جەلال خۆشناو کە تووشی نەخۆشیی شێرپەنجەی پرۆستات ببوو ئێواران سەردانیم دەکرد لە نەخۆشخانەی (سۆران)ی تایبەت و ماوەیەك بەدیارییەوە دادەنیشتن بێئەوەی باسی نەخۆشییەکەی لەگەڵ بکەم، قسە و گفتوگۆیەکانمان لە چوارچێوەی رووداوەکانی رۆژانی رابردوو کە ئێمە هەردووکمان لە کۆتایی پایزی ساڵی ١٩٦٦ـەوە لە زانکۆی بەغدا لە چوارچێوەی کارکرنمان لە ریزەکانی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان لەو رۆژەوە تاکو رۆژی کۆچکردنی بۆ بەردەم دلۆڤانی مەزن ئێمە وەکو برا و برادەر و هەڤاڵ ماینەوە و ساڵانێکیش (١٩٧٠-١٩٧٣) لە یەك خانوو لە گەڕەکی (السباق القدیم) کە بەتەنیشت یانەی وەرزشیی ئاشوری بوو پێکەوە لەگەڵ ماڵێکی ئاشوری دەژیاین و لە رۆژانی قۆناغی شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ و گەڕانەوەمان پاشتر بۆ عیراق کە ئەو لە هەولێر لە کارگەی جگەرەی هەولێر دامەزرا و بەندەش لە کۆیە لە ماڵی باوکم گیرسامەوە، پاش ساڵێك لە دانیشتن لە کارگەی پوختەکردنی توتن دامەزرام، بەڵام هەموو سەردانێکی هەولێرم برایان جەلال خۆشناو و عبدالموجود تەهام فەرامۆش نەدەکرد و زۆر جاریش شەو لایان لەماڵەوە دەمامەوە، چیرۆك و رووداوەکانی ئەو رۆژانە تاکو رۆژانی راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و دوای راپەڕینیش یەگجار زۆرن کە ئەویش پێویستی بە دەیان لاپەڕەی ئەم بیرەوەرییانە هەیە، بەڵام ناکرێ ئەو لاپەڕانە لێرەدا جێگای بکرێتەوە، ئەو چەند رۆژەی کە بە کۆنگرەی سێیەم سەرقاڵ بووم (١٨-٢٠١١/٧/٢٢) لە هاتوچۆی جەلال بۆ نەخۆشخانە دانەدەبڕام، بەڵام رۆژانی بەدواوەوە ئێواران لە نەخۆشخانەی سۆران-ژین، ماڵەوەیان سەردانم دەکرد، رۆژی ٢٠١١/٨/٧ کاتێ لە خەستەخانەی ژین سەردانم دەکرد تەندروستیی بەتەواوی بەرەو خراپی چوبوو خۆزگە قەت بەم شێوەیە نەمدیبا کە دوا ساتەکانی رۆژانی ژیانی بوو، رۆژی ٢٠١١/٨/٨ کاتژمێر ١ی پاش نیوەڕۆ لەگەڵ بەڕێزان کاکە رەش نەقشبەندی و مام رەشاد و نەجات یاسین سەردانی خەستەخانەی ژینی تایبەتمان کرد کە تێیدا دیمەنێکم دیت قەت لە هزری من دەرناچێ جەلال بە

گیاندانەوە بوو ماوەی نیو کاتژمێر لەگەڵ خاووخێزانی بەدیارییەوە فرمێسکم دەڕشت و فلیمی ڕۆژانی ٤٥ ساڵەی برایەتیمان دەهاتەوە بەرچاو، بەڵام کارێکی نەگۆڕە کە هیچ لەگەڵ مردن ناکرێت کە ئەمەش قەدەری هەموو مرۆڤێکە و کەسی لێ ڕزگار نابێت، جەلالی خوالێخۆشبوو کاتژمێر ٣:١٥ گیانی سپارد ئەوجا لە مزگەوتی شێخ مستەفاوە بەرەو گۆڕستانی شەقڵاوە کاتژمێر ٧:٠٠ ئێوارە لە ئاخی باوك و باپیری بەخاك سپێردرا، ڕۆژانی ٩، ٢٠١١/٧/١٠ لە پرسەکەی لە مزگەوتی خوالێخۆشبوو جەلیل خەیات دادەنیشتم و دوا ئێوارەی پرسەکەش لە ماڵی دایکی لەگەڵ برا و خزمانی خواحافیزیم لێکردن و لە ڕۆژی چلەکەشی کە ژمارەیەك لە دۆست و برادەر و خزمانی لەسەر گۆڕەکەی لە قەبرستانی شەقڵاوە کۆبووینەوە و دەرفەتم پێ درا کە بۆ ماوەی چارەکە سەعاتێك چیرۆکی دۆستایەتی و ڕۆژە خۆش و ناخۆشەکانم لەگەڵ جەلالی خوالێخۆشبوو گێڕایەوە.

ماوەیەك بوو وەکو پەرلەمانتارێك سەردانی بارەگای یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستانم دەکرد بەتایبەتیش پاش دەرچوونم لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان چونکە لە سەرەتاوە پاش دامەزراندنی ئەم یەکێتییە ئەندامێتیی خۆمم تێدا تۆمار کردبوو کە ناوە ناوە لەگەڵ خوالێخۆشبوو جەلال خۆشناو یەکتریمان دەگرتەوە و برادەرانی دیکەمان لەوێ دەدیت، پاش وەفاتی ئەو و خوالێخۆشبوو حەمە عەلی تۆفیق کە هەردووکیان ڕۆژێك لە ڕۆژان سەرۆك و جێگری سەرۆکی یەکێتیی پەرلەمانتاران بوون برادەرانی دەستەی باڵا بەجدی داوایان لێکردم کەوا بەشداری لە دەستەی باڵا بکەم چونکە بۆشاییەکی گەورە لەو دەستەیە پەیدابووە، لە ڕاستیدا پاش دەرچوونم لە سەندیکا بە هیچ شێوەیەك حەزم نەدەکرد کە جارێکی دیکە تێکەڵاوی کاری ڕێکخراوەیی ببم و بڕیارم دابوو کە ئەوەندە تەمەنەی کە ماوە بۆخۆم بژیم و ئەو خۆزگەیەی کە تاکو ئەم ساتە نەمتوانیبوو لەبەر سەرقاڵیم لەپاش ڕاپەڕینەوە بەو کارانەی کە لە لاپەڕەکانی پێشووتر باسم لێوە کردوون کە ئەویش بریتی بوو لە (خۆزەگە)ی دامەزراندن و ڕێکخستنەوەی کتێبخانە

تایبەتییەکەم بە شێوەی سالۆنێکی رۆشنبیری کە تێیدا پەرتووك و ئەو وێنانەی کە ماومن لەم شوێنە کۆیان بکەمەوە و دۆست و برادەران و خۆشەیستانی لیٚ پێشوازی بکەم چونکە سالانێك بوو ئاواتەخوازی جێبەجیٚ کردنی بووم بەلام ئاشکرایە کە مرۆڤ ناتوانیٚ هەموو ئاواتەکانی خۆی بهێنێتە دی، بەهەرحاڵ برادەرانی یەکێتیی پەرلەمانتاران تێکرا ئەو تەکلیفەیان لێکردم و قەناعەتیشم هات کە ئەندامێتیی دەستەی بالای یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان بەهیچ شێوەیەك سەرقالم ناکات و پێوەی مەشغوڵ نابم، بۆیە منیش تەکلیفەکەم رەت نەکردەوە و قبوڵم کرد و لە کۆبوونەوەکانی دەستەی بالا ئامادەییم هەبوو.

هەرێمی کوردستان – عێراق
یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان
اتحاد برلمانيي كوردستان

IRAQI KURDISTAN REGION
KURDISTAN PARLIAMENTARIANS UNION
K.P.U

ژمارە : ١٢٨
بەروار : ١٠ / ٦ / ٢٠١٣

## بڕیار
## ب/ ڕاوێژکار

ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی دەستەی باڵا لە ڕۆژی ٢٠١٣/٦/٥ پاڵپشت بە دەسەڵاتەکانی دەستەی باڵا بە گوێرەی بڕگەکانی (١٠،٥) لە ماددەی (١٤) ی پەیڕەوی ناوخۆ بە مەبەستی جێ بەجێ کردنی ئامانجەکانی یەکێتیەکەمان بە پێ ی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٣)ی یاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان بڕیارماندا بە دانانی دوو ڕاوێژکار بۆ یەکێتیەکەمان کە لەگەڵ دەستەی باڵا بەشدار دەبن لە ئەرك و بڕیارەکان .
لەم بەڕێزانەی خوارەوە :-

١. فرهاد عونی
٢. برهان علی جاف

لەگەڵ ڕێزدا ...

نعمت عبدالله
سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

**وێنەیەك بۆ**

- لقەکان (سلێمانی، دهۆك، کەرکوك)/ لەگەڵ ڕێزدا .
- لیژنەکان/ لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێزان/ لەگەڵ ڕێزدا .
- کارگێری .

E-mail:kpu_kurdistan@yahoo.com
www.kurdpu.org
محمد : ٢٠١٣/٦/١١

له دەوروبەری رۆژانی ناوەندی مانگی تشرینی دووەمی ئەم ساڵە (٢٠١١) بوومەلەرزەیەکی قایم ناوچەیەکی فراوانی باکووری کوردستانی گرتەوە. کە تێیدا شارەکانی وان، تەجریش و دەوروبەری و بە سەدان کەس بوونە قوربانی و بە سەدان باڵەخانە و خانوو رووخان و خەڵکێکی زۆریش ماڵوحاڵیان وێران بوو، لەو وەرزە سارد و بەفراوییەدا لەژێر خێوەتی شڕودڕ ژیانێکی ناخۆش و دژواریان بەسەردەبرد، لەم سەروبەندەدا لە یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان بیرۆکەیەك درووست بوو کەوا لە بودجەی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان و یارمەتیی ئەندامانی یەکێتیی پەرلەمانتاران بڕە پارەیەك بۆ لێقەوماوانی ئەم کارەساتە کۆبکرێتەوە و بگەیەندرێتە شوێنی مەبەست لە باکووری کوردستان، ئەو پارەیەی کە کۆکرایەوە بریتی بوو لە (٧٠,٠٠٠$) حەفتا هەزار دۆلار، کاتێك باس لە چۆنێتیی بردنی کرا بەندە پێشنیاری ئەوەم کرد کە ئەوەی دەچێت با خۆبەخشانە کارەکە ئەنجام بدا نەك لەسەر گیرفانی یەکێتیی پەرلەمانتاران، ئەوەبوو (مام رەشاد ئەحمەد ئیبراهیم و سەردار هەرکی و بەندە) ئەم ئەرکەمان خستە ئەستۆی خۆمان و ناوی خوامان لێهێنا، بەڵام من پێشووتر پاش راوێژکردن بە یەك دوو برادەر دەستنیشانی کاك (سەربەست زاخۆیی)ـان بۆکردم، یەکەمیان لەبەر شارەزایی لەو ناوچەیەی باکووری کوردستان کە لە سەردەمی شۆڕشی گوڵان کاری نهێنیی تێدا کردووە، دووەمیشیان خۆی خەڵکی زاخۆیە و بە شێوەی کرمانجی سەروو قسە دەکات کە بە هەمان شێوازی کوردی باکووری کوردستان قسەی پێ دەکەن و سەرەڕای زانینی زمانی تورکی ئەستەنبوڵی کە ئەویش یارمەتیدەر بوو بۆ کارئاسانی و جێ بە جێ کردنی ئەم ئەرکە نیشتمانییە، لێرەدا دەگەڕێمەوە دەفتەری رۆژانەی بیرەوەرییەکانم وەکو نووسیومە.

٢٠١١/١١/٢٨، ئەمڕۆ رۆژی لەدایکبوونمە (١٩٤٦/١١/٢٨-کۆیە)، کاتژمێر (٥)ی بەیانی لەخەو هەڵسام، کاتژمێر (٧) لەگەڵ برایان مام رەشاد ئەحمەد کەریم و کاك سەردار هەرکی بەڕێکەوتین، کاتژمێر (١١) گەیشتینە زاخۆ و یەکسەر چووینە ماڵی کاك سەربەست زاخۆیی، ئەوجا بە ئۆتۆمبێلەکەی ئەو کە

جۆری (تۆیۆتا-لاندکروزەر) بوو لە ڕێگای ئیبراهیم خەلیلەوە بەرەو تورکیا بەڕێکەوتین و لە شارۆچکەی سلۆپی نانی نیوەڕۆمان خوارد، ئەوجا لەوێوە لە ڕێگای (حسن کیف-تبلیس) بە ڕێگایەکی پان و بەرین و قیرتاوکراودا بەرەو شوێنی مەبەست چووین، کاتژمێر (٧)ی ئێوارە گەیشتینە (تەتوان) و یەکسەر بەرەو ئوتێل چووین کە کاك سەربەست بە تەلەفۆن بۆمانی حجز کردبوو، ئوتێلەکەش ناوی (تاتوان قریلان)ی سێ ئەستێرە بوو، کەشوهەوا یەگجار ساردبوو دیاربوو ڕۆژانی پێشووتر بەفرێکی زۆر باریبوو، ئێمەش حیسابی هەموو شتێکمان کردبوو بۆ بەرگری لە سەرما، کاتژمێر (٨:٣٠)ی شەو برادەرانی ئەنجوومەنی شارەوانیی ئەم شارە و ڕاوێژکاری کە پێشووتر سەرۆکی شارەوانیی ئەم شارە بووە و ماوەیەك حەپس کراوە ئەوجا لەسەر کار لابراوە، بەڵام ئێستاکە لەبەر لێهاتویی کراوەتە ڕاوێژکاری شارەوانیی تەتوان، وەکو لەسەرەوە ئیشارەتم پێکردووە سەربەست زاخۆیی لە ڕێگای تەلەفۆنەوە کارەکانی ڕێکخستبوو، پاش گفتوگۆیەکی کورت برادەرانی ئەنجوومەنی شارەوانی ئێمەیان داوەتی نانخواردنی ئێوارە کرد لە ڕێستورانتی (تەتوان سا) کە لە نهۆمی دووەمی باڵەخانەیەکی گەورەی ئەم شارە بوو، کە باڵەخانەکەش موڵکی شارەوانی بوو، گفتوگۆیەکانمان لەپێش و لەنێوان ناخواردن دا لە کەشوهەوایەکی زێدە کوردانەدا دەگوزەرا و ئەوەی لەو دانیشتنە بەدیمکرد برادەرانی باکوور بە (لێبوردنەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان) دڵخۆش نەبوون کە کاتی خۆی لە ساڵانی بیست و سییەکانی سەدەی ڕابردوو حکومەتی تورکیا کە حزبی میللی کۆماریی مستەفا کەمال ئەتاتورك ڕابەرایەتیی دەکرد بەرامبەر ئەو کۆمەڵکوژییەی کە بەرامبەر گەلی کورد کرابوو لە شاری (دەرسیم) کە تورکەکان تەنانەت ناوەکەشیان گۆڕیوە بۆ (تۆنجەلی) لەنێوان قسەکانی کاکی ڕاوێژکار ئەوەی دووپاتکردەوە کە (ئایا ئەم جۆرە لێبوردنانە خەمی کورد سوك دەکات!). دەڵێم نەخێر ئەوەی کە خەمی ئێمە سووك دەکات قەرەبووکردنەوەی گشتییە چ لە بواری سیاسی و چ لە بواری ماددی و چ لە بواری کۆمەڵایەتی کە ئەویش لە چوارچێوەی بنەڕەتیی چاکسازیی دەستووری دا دێتە دی کە

سەرلەبەر یاسای بنەڕەتی بگۆڕدرێ کە تێیدا کوردیش وەکو گەلێکی ئەم وڵاتە ئیعترافی پێ بکرێت، شەوەکەمان بەدەم نانخواردن و گفتوگۆی کوردانە تاکو کاتژمێر (١١)ی خایاند ئەوجا بەرەو ئوتێلیان بردینەوە.

سێ شەممە ٢٠١١/١١/٢٩، پاش نانخواردنی بەیانی کاك عەبدوڵڵای سەرۆکی شارەوانی لەگەڵ پاریزەری شارەوانی و ئەنجوومەنی شارەوانی هاتنە لامان و زۆر بەڕێزەوە سوپاسیان کردین بۆ ئەو ئەرکە نیشتمانییەی کە لەئەستۆمان گرتووە. لە کەشوهەوایەکی سارد کە هەور پڕاوپڕی ئاسمانی داپۆشیبوو لە ڕێگایەکی پانوبەریندا بە کەناری دەریاچەی (وان) کە پاشان لەنێوان ڕێگاوبانی ناوچەیەکی شاخاوی تێدەپەڕین کە سەراپای بەفر داپیپۆشیبوو، بەڵام تا بڵێی ناوچەیەکی جوان و سەرجڕاکێشە، کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ گەیشتینە شاری وان و بە گەیشتنمان بۆناو شار لای پەیکەری (پشیلە چاو دوو ڕەنگەکە کە یەکێکیان شین و ئەوەی دیکەشیان سەوزە) کە بۆتە سومبولی شاری وان و لە دەروازەی وان پەیکەرێکی جوای بۆ درووستکراوە، بەپێی بەرنامە کە لە ئاکامی پەیوەندییەکانمان ڕێکخرابوو یەکەسەر بەرەو سەرۆکایەتیی شارەوانیی وان چووین، کە ئەوکاتە سەرۆکی شارەوانی لە شوێنێکی دیکەی دەرەوەی باڵەخانەی شارەوانی پێشوازیی لێکردین چونکە باڵەخانەکەی شارەوانی بەهۆی بوومەلەرزەکەوە زۆر زەرەرمەند ببوو، بۆیە (بەڕێز بەکر قایا) سەرۆکی شارەوانیی وان پێشوازیی لێکردین ئەوجا بە ئامادەبوونی چەندین ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانیی وان پاش ئەوەی ئێمە هۆکاری سەردانەکەمان پێ ڕاگەیاندن و بەبەرچاوی کامێراوە (٧٠,٠٠٠$) حەفتا هەزار دۆلارەکەمان تەسلیم بە بەکر قایا کرد و بە نووسراوی ڕەسمیش سوپاسی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستانیان کرد، ماوەی سێ چارەکە سەعات لایان ماینەوە، ئینجا لەگەڵ هەندێ لە برادەرانی شارەوانی بەرەو ناوشار بەڕێکەوتین بە مەبەستی دیتنی ئاسەواری خراپکارانەی بوومەلەرزەکە، پاشان بەرەو خێوەتگای کاتیی لێقەوماوانی بوومەلەرزەکە چووین و سەردانی چەند خێوەتێکی خەڵکە زەرەرمەندەکانمان کرد و لەگەڵ کارگێڕی

خێوەتگایەکە دانیشتین و باسی کۆمەکییەکەمان بۆکردن، ئەوجا هەموومان پێکەوە سەدرانی قوتابخانەیەکی منداڵانی کەمپەکەمان کرد کە تێیدا منداڵەکان بە درووشمی "بژی سەرۆك ئاپۆ" پێشوازییان لێکردین، پاش تەواوبوونی رێوڕەسمەکە داوام لە برادەرانی شارەوانی کرد کەوا گوندی (زێوکە)م پیشان بدەن کە شوێنی لەدایکبوونی باوك و باپیرانی خوالێخۆشبوو (عیسمەت شەریف وانلی) بووە برادەرانیش بە خۆشحاڵییەوە بەرەو ئەو شوێنەیان بردین کە کاتی خۆی گوندێکی نزیك بە شاری وان بووە و ئێستاکە کەوتۆتە ناو سنووری شارەوانیی وان و ئاسەواری گوندەکەی جارانی نەماوە، ئێوارەکەشی هەر لە شوێنی کاتیی شارەوانیی وان (عوسمان دەمیرتاش) پێشوازیی لێکردین و ماوەی نیو کاتژمێر پێکەوە دانیشتین، بە سوپاس و پێزانینەوە ئەو دەستپێشخەرییەی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان بە بەرز نرخاند، لەبەر کەشوهەوای زێدە ساردی ئەم شەوە کە هەر سەرلەئێوارەوە بوو (سفر) بەرەو ئوتێل (ئۆڕاڕتا) کە خاوەنەکەی پیاوێکی ئەرمەنیی دانیشتووی ئەمەریکایە، بەڵام ستاڤ ئوتێلەکە هەمووی کورد بوون و لە نهۆمی دووەم و سێیەم شوێنیان بۆ دابینکردین.

چوار شەممە ٢٠١١/١١/٣٠، برادەرانی شارەوانی ئاگاداریان کردینەوە کە لەوانەیە ئەم شەوەش بوومەلەرزە رووبدات، بۆیە کاتێ ئێمە شەوی رابردوو لە پرخەی خەودا بووین کاتژمێر (٢:٤٥) بوومەلەرزەیەکی قایم روویدا، من تاکو ئێستاکە لە ژیانی خۆم بوومەلەرزەی وام نەدیوە کە هەر چوار دیواری ژووری خەوتنەکەم دەنگێکی ترسناکی لێ دەهاتە دەر، پلەی بوومەلەرزەکە وەکو لە کارگێڕی ئوتێلەکەمان زانی (٥,٤) بوو بە پلەی رێختەر، بە هەڵەوداوان لە ژوورەکانمان دەرپەڕین و بەرەوخوار هەموو مسافرانی ئوتێلەکە بە پاڵتۆ و بەتانییەوە لە هۆڵەکەی خوارەوە دانیشتن چونکە لەبەر سەرما نەدەکرا ناو ئوتێلەکە بەجێبهێڵین، بۆ جاری دووەمیش کاتژمێر (٣:٣٠) جارێکی دیکە بوومەلەرزەیەکی دیکە روویدا و بۆ جاری سێیەمیش کاتژمێر (٦:١٢) سێبارە بووەوە کە شاری وانی هەژاند، چارمان ناچار بوو کە لەخوارەوە چاوەڕوانی

**ڕۆژهەڵاتن بکەین، کاتژمێر (٨:١٥) شاری وانمان بەجێهێشت و بەرەو تەجریش بەڕێکەوتین، کاتێ گەیشتینە تەجریش کە (٥٠کم) لە وان دوور بوو ئاسەواری وێرانکاریی بوومەلەرزەکەمان دیت کە چیی بەسەر ئەم شارە هێناوە، کە لە کۆی (٦٤٤) مرۆڤ کە بوونە قوربانی لە پارێزگای وان (٤٩٠) مرۆڤ بەرەو ئەم شارە کەوتبوون و یەکسەر روومان لە شارەوانی کرد کە تێیدا سەرۆکی شارەوانی (کاك وەیس) پێشوازیی لێکردین و ئامانجی سەردانەکەشمان بۆ ئەویش باسکرد و ئەویش خۆشحاڵیی خۆی بۆ ئەو هەماهەنگییەی نێوان کوردانی باشوور و باکوور کرد کە دەبێتە هۆکاری زیاتر لێك تێگەیشتن و لێك نزیکبوونەوەی نێوان کوردان، ئەوجا لەگەڵ ئەو سەردانی خێوەتگایەکی ئەوێشمان کرد و خەڵکە لێقەوماوەکانمان بەسەرکردەوە.**

**کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ بەرەو شاری (بەدلیس) بەڕێکەوتین کە لە رێگادا بەلای چیای (سیپان)دا تێپەڕین کە ئەویش وەکو گومەزێکی سپیی بەبەفر داپۆشراوبوو، لە بەدلیس ئەوش شارەی کە بە ناوی شەرەفخانەوە زیاتر ناوی دێ لاماندا، چونکە دیتن و گەڕان و سووڕان بەم شارە مێژووییە وەکو ئەرکێك خۆی فەرز دەکات و ماوەیەکی باش تێیدا سووڕاینەوە، ئەوجا سەردانی مزگەوتی (شەرەفخانی بەدلیسیمان)کرد کە لەژێر نۆژەنکردنەوە دا بوو و چەند وێنەیەکی یادگاریمان لە مزگەوتەکە گرت و لەچێشتخانەیەکی بەدلیس نانمان خوارد، پاش بەجێهێشتنی بەدلیس بەرەو (ئامەد–دیاربەکرد) وەکو دوا قۆناغ کەوتینە رێ و کاتژمێر (٥)ی ئێوارە گەیشتینە ئامەد، کاك سەردار هەرکی بەرەو ئەستەنبوڵ ئۆغری کرد کە پێشتر پلانی بۆ دانابوو و ئێمەش مام رەشاد و سەربەر زاخۆیی و بەندە روومان لە ئوتێل (کاروان سەرای) کرد کە وەکو دەڵێن مسافرخانەیەکی زۆر کۆنە و ئێستا نۆژەنکراوەتەوە و بۆ وەرزی هاوینیش زۆر خۆشە، من پێشووتر لە وەرزی هاوین لەم شوێنە میوان بووم کە لە حەوشەکەی نێوان باڵەخانەکە بە مۆسیقا و گۆرانی تاکو شەوێکی درەنگ لێی ماینەوە.**

پێنج شەممە ٢٠١١/١٢/١، ڕۆژێکی خۆش بوو لێرە چونکە کەشوهەوای ئامەد لە وان گەرمتر بوو، سەرلەبەیانی لەگەڵ مام ڕەشاد سەردانی کتێبخانەیەك و دەزگایەکی پەخش و بڵاوکردنەوەی کوردیمان کرد کە تێیدا چاومان بە چەند گەنجێکی کوردی خەڵکی ئامەد کەوت، کە زانیان کوردی باشووری کوردستانین پێشوازییەکی گەرمیان لێکردین کە تێیدا باس لە زۆر بابەت کرا بەتایبەتی چاپکردنی کتێبی کوردی، بەڵام گوتیان (کەم فرۆشە)، دوو کتێبم لە کتێبخانەکە کڕی کە یەکیکیان (مەم و زینەکەی ئەحمەدی خانی) بوو کە بە پیتی لاتینی نووسرابوو، دووەمیان کتێبێك بوو کە تایبەتە بە بابەتی ڕێزمان کە ئەویش هەر بە لاتینی نووسرابوو، ئێوارەکەشی سەردانی یەکێتیی نووسەرانی کوردمان کرد کە تێیدا نووسەر (شێخموس)مان دیت کە سەرۆك یەکێتییەکەیە، بە گفتوگۆیەکی برایانەی نێوان دەربارەی دۆزی کورد و ئەزموونی باشووری کوردستان کاتمان بەسەربرد و بۆ ئێوارەکەشی بەنێو شەقامەکانی ئەم شارە دڵگیرە گەڕاین.

هەینی ٢٠١١/١٢/٢، ئەمڕۆ کاتژمێر ٩ی بەیانی لەلایەکەوە بەسەر شوورەی دێرین و مێژوویی شاری ئامەد کەوتین، ماوەیەك لە بەرزانیی ئەم شوورە تەماشای ڕووباری دیجلەمان دەکرد کە لە دامێنی ئەم شارە بەرەو باشووری کورستان شۆڕ دەبێتەوە و دیمەنێکی زێدە جوانی هەیە، ئەوجا لە ڕێگای ماردین، نسێبین کە تێیدا لە نسێبین سەردانی سنووری دەستکردنی نێوان کوردستانمان کرد کە لە ڕێککەوتننامەی سایك–بیکۆ ئەو نەخشە گڵاوەی بۆ ریکخراوە، ئەوجا بەرەو جزیرە و سلۆپی و زاخۆ گەڕاینەوە.

IRAQI KURDISTAN REGION

KURDISTAN PARLIAMENTARIANS UNION

*K.P.U*

**هەرێمی کوردستان – عێراق**

**یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان**

**اتحاد برلمانيي كوردستان**

بەروار : ٨ / ١٢ / ٢٠١١

**بۆ بەڕێزان / ڕشاد احمد ابراهیم**

**فەرهاد عەونی**

**سەردار هەرکی**

**بابەت / سوپاس و پێزانین**

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان ڕێز و سوپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی بەڕێزتان دەکات کە خۆبەخشانە ئەو پەڕی هەست و سۆزی مرۆڤایەتی ی و نەتەوەیتان نیشاندا بۆ گەیاندنی هاوکارییەکانی ئەندامانی یەکێتیەکەمان بۆ پارێزگای وان هەڵوێستێکی شیاو و بایەخدارتان تۆمارکرد خوای گەورە پاداشتی هیمەتی بەڕێزتان بداتەوە کە بوون بە نموونەی جوامێریی و دەستپێشخەری ، بووە جێگەی شانازی بۆ یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان ، دووبارە ڕێز و تەقدیرمان .

**نعمت عبدالله**

**سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان**

**وێنەیەك بۆ**

- لقەکانی ( سلێمانی ، کەرکوك ، دهۆك ) لەگەڵ ڕێزدا .
- لێژنەکان (ماڤی مرۆڤ ، کاروباری گشتی ، یاسایی ، بەشی پەیوەندییەکان ، ڕاگەیاندن ) لەگەڵ ڕێزدا .
- کارگێڕی .
- فایلی گشتی .

E-mail:kpu_kurdistan@yahoo.com

www.kurdpu.org

ئەندامێتیم لە دەستەی باڵای یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان نەبووە هۆکاری پێشکەوتنێکی ئەوتۆ لە بەرەوپێشەوەچوونی ئەو ڕێکخراوە، جارێ لەپێشەوە هەموو پەرلەمانتارەکانی خولەکانی پێشوو و ئێستاکە چ لە کوردستان و چ لە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە پەرلەمانی بەغدا ئەندام نین و لە ڕۆژی دەسبەکاربوونیان لە پەرلەمانی کوردستان و بەغدا ئەندامێتیی خۆیان لەو یەکێتییە تۆمار نەکردووە، بەڕێوەبردنیشی لەو چوارچێوەیەی کە پیادە دەکرێ لە ڕۆژی درووستبوونییەوە بەم شێوەیە ماوەتەوە و هاتۆچۆ و تێکەڵبوونی ئەندامان لەگەڵ کاروچالاکییەکان لەسەر شانی پەرلەمانتارە خانەنشینەکانە و بە کرداریش لەبەر چەند هۆیەك ئەم یەکێتییە نەبۆتە دەستەیەکی ڕاوێژکاریی فعلی بۆ پەرلەمانی کوردستان یاخود بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی بەغدا، سەرەڕای ئەوەی کە پەرلەمانتارێکی بە ژمارە زۆر لە هەموو بەشەکانی ژیان (سیاسی، یاسایی، ڕۆشنبیری، زانستی، ویژەیی) ئەندامی ئەم یەکێتییەن، بەڵام تاکو ئێستاکە ئەم یەکێتییە نەیتوانیوە ببێتە مەرجەع، وەڵامەکەی بۆ خودی ئەندامانی بەڕێزی ئەم یەکێتییە بەجیدەهێڵم و هیوادارم ئەندامانی لە کۆنگرە داهاتوودا بیر لە پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە بکەنەوە.

ماوەیەکیشە بۆ سێ ساڵ زیاتر دەچێت هەر لە ڕێگای یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستانەوە تێکەڵی پڕۆژەی گەڵاڵەکردنی مەلەفی (مافی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان) بووم لەگەڵ ڕێکخراوی ستاندراد کە بەڕێز (مسعود عبدالخالق) سەرۆکایەتیی دەکات کە لەسەرەتادا ئەوان لەلایەك خەریکی پیادەکردنی بیرۆکەکە بوون کە بەرەو گەڵاڵەکردنی پڕۆژەیەك بوون لەم بارەیەوە و یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستانیش لیژنەی تایبەتیی بۆ مافی چارەنووس پێکهێنابوو کە بووە هۆکاری تێکەڵ بوونی ئیرادەی هەردوو لا و بنەمای بڕۆژەکە بەرەوپێشەوە چوو، کە پاش چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمیناری فراوان دەستەیەك هەڵبژێردران بەناوی (بۆرد)ی مافی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان کە پێکهاتبوو لەو بەڕێزانە (مسعود عبدالخالق، د. عبدالباری

**عبدالمجيد، د. حسين موفتی، د. خامۆش عومەر، نعمت عبدالله، خلیل ئیبراهیم، نەجات یاسین، شێخ سالار حەفید، فەرهاد عەونی) کە لە قۆناغەکانی پاشتردا بە مەبەستی بە میللی کردنی پڕۆژەکە بۆردی ناوبراو چەندین سیمیناری لە زانکۆکانی کۆیە و هەولێر و لە بارەگای یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان ئەنجامدا و چەندین نێوەندی نێودەوڵەتیش لەو بابەتە نەتەوەییە ئاگادارکرانەوە و پڕۆژەکە بە زمانی کوردی و عەرەبی چاپ و بڵاوکرایەوە کە ناوەڕۆکەکەی لەگەڵ بۆچوون و ئیرادەی ۹۸٪ی خەڵکی کوردستان تێکەڵ بە یەکتر بوون کە لەگەڵ هەڵبژاردنی ساڵی ۲۰۰۵ بۆ پەرلەمانی عیراق هاوکات ئەم مەسەلەیە لە ڕێگای دەنگدانەوە کە پیادەکرا دەنگی گەلی کوردستانی بەدەستهێنا.**

**خوێنەری خۆشەویست..**

**دوا وێستگەی کاری بەندە کە لە تەمەنی چواردە ساڵیمەوە تێکەڵی ژیانی سیاسی بووم وەکو لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسم لێوەکردووە تاکو ڕۆژانی ئەمڕۆ (۲۰۱۵/۱۲/۳۰) یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستانە کە ئەویش تاکو بەستنی کۆنگرەی سێیەمی لە دەستەی باڵای دەمێنمەوە و ئێستاکە تەمەنم گەیشتووەتە حەفتا ساڵ (۱۹٤٦/۱۱/۲۸-۲۰۱٦) کە تێیدا زیاتر پەنجا ساڵی تەمەنم لە کاری حزبی و ڕێکخراوەیی و سەندیکایی و ڕۆژنامەنووسی تێیدا بەسەربردووە و لە هەموو قۆناغەکانیش بەوپەڕی دڵسۆزی و ڕاستگۆیی خۆلەبیرکردن (نکران الذات) کارەکانم ئەنجام داون و ئەو دۆست و برادەر و هەڤاڵ و هاوڕێیانەی کە لە قۆناغە جیاکاندا کە لێپرسراوم بوونە یاخود لێپرسراوی ئەو دەزگایانەی کە لێپرسراوی بووم کە دەیان و سەدان کەس کە کاریان تێدا کردووە یاخود ئەندام بوون، تێیدا زۆربەی هەرە زۆریان کاتێ لە بۆنە جیاجیاکاندا بە درێژایی ئەو قۆناغانە هاوسۆزیی خۆیان بۆ ئەو ڕۆژانە دەردەبڕن کە ئیشم لەگەڵ کردوون یاخود ئیشیان لەگەڵ کردووم و هەندێکیشیان بە سەردەمی قۆناغی زێڕینی ناو دەبەن، بەڵام دیسان منیش لە**

**هەڵە بەدەر نەبووم، چونکە کارم کردووە و دیاریشە ئەوەی کار بکات بێگومان هەڵە دەهات، بەڵام بە پیرۆزیی ئەم نیشتمانە بە کۆنەقین شەڕم لەگەڵ کەس نەکردووە و بە عەمدی کە س ئەزیەتی لە دەستم نەدیوە و رۆژێك لە رۆژانیش (خێرم) بەتەنها بۆ خۆم نەویستووە، برادەرانیشم هەمیشە ئەو درووشمەی منیان لەبیرە کە بە کردەوە پیادەم دەکرد کە ئەویش بریتی بوو (با بۆ هەمووومان بێت و کەس لێی بێبەش نەبێت)، لە ژیانی حزبایەتیشدا کە (١٠) ساڵە لێی دوورم (لە ساڵی ٢٠٠٥)ـەوە هیچ کاتێك کوردایەتیم نەکردۆتە قوربانی حزبایەتی و هەمیشە بە کراوەیی کارم کردووە و دوژمنایەتیی هیچ لایەنێکی سیاسی و نیشتمانی و کوردایەتیم نەکردووە و هەمیشە لەگەڵ تەبایی و یەك ریزیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بووم، بەڵام مانای ئەوە نییە کە باجی ئەم رێرەوەم نەدابێ چ لەلایەن (موخالیفان)ـی سیاسیم کە لێرەدا بە پێویستی نازانم رووداوەکان دووبارە بکەمەوە چونکە لە لاپەڕەی بیرەوەرییەکانم راستگۆیانە باسم لە هەندێکی کردووە، بەڵام زۆریشم فەرامۆش کردووە و بە بەرژەوەندیم نەزانیوە کە باسی هەموو شتێ بکەم و دۆستایەتیی هەموو لایەکم کردووە لەگەڵ زۆربەی سەرکردە سیاسییەکانیان ناسیاوی و دۆستایەتیم هەبووە و لەلای نەیارانی گەلی کوردستان و خەڵکانی غەیرە کورد هەمیشە سەرکردەکانی گەلی کوردستانم بە پێشەوا و رابەری خۆم باسم کردوون و داکۆکیم لێ کردووەن. (من وا لە سیاسەت دەگەم کە هەموو راستییەکان بەتەنها لای لایەنێك نییە و دەمارگیری بە هەموو شێوەیەك بەکاری زەرەرمەند دەبینم)، ئەوجا مەرج نییە ئەم بیر و بۆچوونەی من لای هەندێ چ لێرە و چ لەوێ جێی رەزامەندی بێت بەقەدەر موخالیفانی رێڕەوی سیاسیم زەرەر و زیانم لە هەندێ برادەر و هەڤاڵانم کردووە کە دەتوانم بڵێم لە رووی مەعنەوی و زۆر زیاتر بوون لە موخالیفانی بیروباوەڕی سیاسیم ئەوجا لە چەند ئاستدا کە تێیدا هەندێ لەو دۆست و برادەرانەی کە کاریان لەگەڵ کردووم کە منیان بە ئاستەنگ و لەمپەر زانیوە بۆ جێبەجێ کردن و پیادەکردنی ئەو ئاوات و تموحانەی کە هەیانبووە نەیانتوانیوە منیش بکەنە (کڕیار و موشتەریی ئەو**

بازاڕە کە ئەوان کاڵاکانیان تێدا دەفرۆشن)، بەڵام سەرەڕای ئەو راستیەش بە هیچ شێوەیەك رکابەریم پەیڕەو نەکردووە و زۆر جاریش خۆم لە (گێلی) داوە بۆئەوەی هەر هیچ نەبێت لەو بۆچوون و کردارانەیان پەشیمان بکەمەوە و وا نەبیت کە لە کار و کردەوەکانیان بێئاگا بووبم، بەڵام وەکو ئەو فەرموودەیەی دەڵێت "خۆتان گەورە دەکەن کاتێ بێئاگایی نیشان دەدەن"-"عظموا أنفسکم بالتغافل"، کە گوتم لە چەند ئاستێکدا سەرئێشەیان بۆ درووست دەکردم کە باسی بەشێکیانم کردووە و بەشەکەی تریش هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون کە بە ئاشکرا و لەپشت پەردەوە ئاستەنگ و لەمپەریان بۆ درووست دەکردم، لە شوێنێکی ئەم بیرەوەرییانە باسی رووداوێکم کرد کە تێیدا لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کە هەم جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانە و هەم لە هەمان کاتیشدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە روویدا کاتێ باسی بابەتێکی لەگەڵ کردم لە رۆژانی پێش کۆنگرەی دووەمی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بوو کە تێیدا لە ئاکامی تەکلیفێکی ئەودا بۆ کارێك کە بیگرمە ئەستۆ گوتم (لەوانەیە لەو کارە سەرکەوتوو نەبم چونکە لە مەکتەبی سیاسی دۆستم کەمە)، لە وەڵامدا کاك نێچیرڤانیش بە پێکەنینەوە گوتی (نەك دۆستت کەمە بەڵکو دۆستت لە مەکتەبی سیاسی هەر نییە)، لێرەدا منیش مافی خۆمە ئەو پرسیارەیان ئاراستە بکەم (مامۆستا محەمەد مەلا قادری لێ دەربچێ کە لەمن بەتەمەنتر و کۆنترە کامیان لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەمن کۆنترن، کامیان لە رۆژە هەرە سەختەکانی پاش لێکترازانی ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٤ بەتایبەتیش لە ساڵانی ١٩٦٦-١٩٧٠، کامیان وەکو من لە ریزەکانی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان شانیان دایە بەر کۆکردنەوەی هەوادار و قوتابییانی رێبازی بارزانی... کێ بوون؟!) ئەوجا بە درێژایی ساڵانی پاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ لەو بارودۆخە زێدە دژوارەدا وەکو پارێزەرێکی بێ بەرامبەر داکۆکیم لەو رێبازە دەکرد کە لەسەرەتادا لە نێوەندی رۆشنبیری دا لە هەندێ شار و شوێن لە پەنجەی دەستان زیاتر نەبوون کە تێیدا ئەگەر

هەڵسوکەوتی ژیرانەی خۆم نەبووایە لەوانەبوو تیرۆر بکریێم، رۆژانی (٧)ساڵەی لێپرسراوێتیم لە دەزگای برایەتی و خەبات و پۆستی سەرنووسەریم لە رۆژنامەی برایەتی رۆژانی بەرچاو و تۆمارن کە چۆن ئەو رۆژنامە و دەزگایەم کردە دەزگایەکی رۆژنامەنووسیی گەورە لە کوردستاندا کە تێیدا رۆژنامەی خەبات، رۆژنامەی برایەتی، هەفتەنامەی وەرزشی برایەتی، گۆڤاری برایەتیی وەرزش، هەفتەنامەی برایەتیی ئەدەب و هونەر، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، چاپکردنی (١٣) کتێب، ئەوجا ئاشکرایە کە پاش من چی لەو دەزگایە و چی لەو رۆژنامە و گۆڤار و هەفتەنامانە هات، ئەوەی کە ماوەتەوە تەنها (رۆژنامەی خەبات)ە کە چەند سەد دانەیەکی لیٚ دەردەچێت لەکاتێکدا کە ئەوەی جێگای سەیروسەمەرە و سەرسوڕمانە (یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی کوردی بوو لە مێژوودا کە یەکەم ژمارەی لە ١٩٦٧/٥/٦ دەرچووە، پاش چەند قۆناغ لە ١٩٧٤/١/١ ژمارە (٠)ی لیٚ دەرچوو و لە ١٩٧٤/١/٨ یەکەم ژمارەی رۆژانەی لیٚ دەرچوو، پاشان لە ئاکامی بارودۆخی سیاسەتی شەڕانگێزانەی حزبی بەعس و حکومەتی عیراقی پاش ٢٧ ژمارەی رۆژانە (برایەتی) بە بڕیارێکی قەرەقوشی راگیرا)، بەعس و حکومەتی عیراق لێیان ناگیریٚ و لۆمە ناکرێن لەسەر سیاسەتی دژایەتی کردنیان بەرامبەر بە گەلی کوردستان، بەڵام پرسیارێك ئاراستەی ئەو ئەندام مەکتەب سیاسیانە دەکەم کە بوونە هۆکاری درووستبوونی بڕیارێکی هەڵە و کوشندە بەرامبەر مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی بەگشتی و مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی، ئەویش بە هەر بیانووێك بوو بۆ زیندەبەچاڵ کردنی یەکەم رۆژنامەی رۆژانەی کوردی لە مێژوودا کە یەکەم ژمارەی (٠) لە ١٩٧٤/١/١ دوا ژمارەش (٢٦) لە رۆژی پێنج شەممە ١٩٩٧٤/١١/٧، کە تێیدا چەندین ژمارەیان لەگەڵ (التاخی و خەبات) ئاڵوگۆڕکرد وەکو کورد دەڵیٚ (کڵاوی جەلویان لەسەر عەلو دانا) کە بەم کارەش سەریان لە توێژەر و لێکۆڵەوەران شێوان کاتیٚ ئەگەر بیانەویٚ لێکۆڵینەوە یاخود بابەتێکی مێژویی وەکو نامەیەکی ماجستێر یاخود دکتۆرا لەسەر ئەم رۆژنامە (مەغدورە) بنووسن، سەرەڕای ئەوەش کاتیٚ سەرنووسەری ئەم

ڕۆژنامەیە و بەرپرسی ئەو دەزگایە بووم هەر دوو مانگ جارێك (٣٠) دانەم لێ (تجلید) دەکرد و لەگەڵ سەدان ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکەی (تجلید) کراودا لەگەڵ هەزاران دۆسییەی کەسایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردستان و جیهان وێنەکانیان لە گەورەترین هۆڵی دەزگای برایەتی و خەبات کە پانتایی لە ١٠٠ مەتر دووجا زیاتر بوو بە شێوەیەکی زانستی پارێزراوبوون و (٤) فەرمانبەریشی بۆ دابینکرابوو کە ڕۆژانە تاکو شەوانی درەنگ یەکێکیان دەمایەوە، بەڵام کاتێ بەندە لەو دەزگا و لێپرسراوێتییە (دەرکەنار) کرام بۆ شوێنێکی دیکە لە هەیئەتی ڕاگەیاندنی پارتی کە گوایە (تەرفع)م پێکراوە بە ڕۆژی ڕووناك لێپرسراوانی پاش من مەوجوداتی ئەرشیفی ئەو دەزگایەیان وەکو (ئاردی ناو دڕکانیان) لێکرد و کەوتنە بە شینەوەی بە حوجەتی ئەوەی گوایە (ڕۆژنامە پێویستی بە ئەرشیف نییە)، من نازانم ئەمە چ ئەقڵییەتێکە کە بە ناوی داهێنانی ئامێری تازەی وەکو کۆمپیوتەر جێگرەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارە کۆنەکانە بۆیە کاتێ ساڵی (٢٠٠٥) سەردانی باڵەخانەی ڕۆژنامەی بەناووبانگی میسری و عەرەبی (الاهرام)مان کرد کە تێیدا بە چاوی خۆم و برادەرانم دیتمان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەرشیفی کاغەز و کۆمپیوتەر دەکەن، ئەو ڕۆشنبیرە گەورانەی خۆمانم هاتەوە یاد کە بەهیچ شێوەیەك ڕێز لە شتە کۆن و مێژوییەکان ناگرن (کاتێ لە هاوینی ئەم ساڵەی ئێستا ٢٠١٥) بە تکاوە داوام لە هەندێ برادەرانی ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی (خەبات) کرد کە تێیدا داوای چەند ژمارەیەکی ڕۆژنامەی برایەتیی پاش قۆناغی خۆم کرد، برادەرێکی لێپرسراوی ئەو ڕۆژنامەیە پاش چەند ڕۆژێك وەڵامی دامەوە و بە شەرمەوە گوتی (مامۆستا وادەزانی سەردەمی خۆتە کە چۆن مامەڵەت لەگەڵ بەشە جیاکان و ڕۆژنامەنووس و کارمەندان دەکرد، بەسەری تۆ تاکە ژمارەیەکیشمان نەماوە و لێی مەگەڕێ کێ خەمی ئەو شتانەیەتی؟!). سەد حەیف و مخابنە دەزگایەکی ڕۆژنامەنووسیی حزبێکی تەمەن (٧٠ ساڵە) نە ئەرشیفی هەبێت و نە ژمارەی ڕۆژنامەکانی پێشووتری پاراستبێ (بۆ زانینی خوێنەری بەڕێز لە ساڵی ١٩٩٧-١٩٩٨، هەزاران دینارم لە ڕێگای سکرتێری نووسین کاك (ئاسۆ

کەریم)ـەوە سەرف کرد بە مەبەستی هێنانی ژمارەکانی ڕۆژنامەی ڕەسمیی عیراقی (الوقائع العراقیه) لە ژمارەی یەکەمی کە وابزانم لەسەرەتای ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردوو دەردەچوو تاکو ژمارەکانی ساڵانی نەوەتەکان بە مەبەستی سوود لێوەرگرتن و دەوڵەمەندکردنی ئەرئیفی دەزگا کە بەداخەوە ئەوانیش وەکو بابەتەکانی دیکە (بەربا)دران جێگای داخە ساڵانی وجودم وەکو نەقیبی ڕۆژنامەنووسان لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کتێبخانەیەکی خنجیلانەم بۆ سەندیکا دامەزراندبوو کە تێیدا بە دەیان کتێبی کاری ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندنی بۆ پەیداکرابوو، بەڵام بەداخەوە چارەنووسی ئەم کتێبخانەیەش وەکو چارەنووسی ئەرشیف و کتێبخانەکەی دەزگای برایەتی و خەباتی لێهات و ئاسەواری نەما، تەنانەت کتێبخانەکە کە کارمەندێکی بە مووچەی مانگانە بە (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار دامەزرابوو کە ئەویش (نەژاد)ی برام بوو، ئەویش بە هەمان شێوەی دەرکردنی (دلێر)ی برام بوو کە لە دەزگای برایەتی و خەبات پاش بەجێهێشتنی بەندە کە بە شاهێدی سەرجەم ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی دەزگای برایەتی و خەبات ڕێکخەر و پارێزەری ئەم بەشە خزمەتگوزارییە بوو کە ئەویش بە بڕیارێکی (پارتییانەی عیار ٢٤) لە دەزگا دەرکرا لەکاتێکدا دلێر پێش شەڕی ناوخۆی برایان ئەندامی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە کۆیە و لەگەڵ بەرپابوونی شەڕی برایان بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێك لە حەپسخانەی (برایان) زیندانی کرا و پاشان ئەویش لە کۆیە دەرکرا و برادەرانی لێپرسراوی دەزگای برایەتی و خەباتی عیار ٢٤ی پاش من ئەویشیان (نان بڕاو کرد)، لێرەدا پرسیارێك خۆی قوت دەکاتەوە (ئایا سەرکردایەتیی پارتی ئەوەندە بێ خەبەر و بێ مەعلوماتە کە ئاگای لەو جۆرە کردەوە و کردارە عیار ٢٤ـە نەبێت؟!) ئەگەر ئاگادار بن وەکو دەڵێن (موسیبەتە) ئەگەر ئاگاداریش نەبن (فالمصیبة أعظم) کە بێگومان ئەم کار و کردەوانەی هەندێك کەس پارتی بەرەو هەڵدێر دەبەن کە هیچ کاتێك ئەو چارەنووسە بۆ پارتی و بۆ هیچ لایەنێکی کوردستانی نەتەوەیی بەهیچ جۆرێك ناخوازم بەڵکو لە یەزدانی مەزن دەپاڕێمەوە کە

بەخۆیاندا بچنەوە چونکە وەکو ئەو مرۆڤە رووسیە لە مۆسکۆ کە لە گۆڕەپانی سوور (الساحة الحمراء) بینیم لە وەڵامی پرسیارێکی مندا گوتی (حزبی گەورە ئەگەر هەڵەی گەورەی کرد بێگومان تووشی داڕمانی گەورە دەبێت!!).

لە کۆتایی ئەم بیرەوەرییانە کە دیسان لە هەندێ بابەت دەستم پاراستووە و هەموو شتێکم نەگوتووە کە تێیدا هۆکارەکان زۆرن، بەڵام بەندە لێرەدا ئەو چەند وشانەی سەرکردە و باوکی سەربەخۆیی وڵاتی هیندستان (مەهاتما گاندی) لێردا تۆمار دەکەم، کە بە رای من: خزم و دۆستانم، هەڤاڵ و برادەرانم، ناحەز و نەیارانم، راستگۆ و درۆزنەکان، دڵسۆزانی رێگای ئازادیخوازی گەلی کوردستان و چەواشەکاران و هەڵپەرستان، کە هەریەك لەوانە لە شوێنێکدا خۆی تێدا دەبینێتەوە، بێ ئەوەی ناوی کەسێکم هێنابێ تێیدا.

لەگەڵ مەهاتما گاندی کە دەفەرموێ و منیش دووبارەی دەکەمەوە:

(**پەشمان نیم لە هەرکەسێك کە لە قۆناغەکانی رابردوودا تێکەڵی ژیانم بووە و ماڵئاوایی کردووە. دڵسۆزان خۆشحاڵیان کردووم، پیاوخراپ ئەزموونێکی فێرکردووم، خراپترینیان دەرسێك بووە بۆ من، بەڵام هەرە چاکەکەیان هەرگیزا و هەرگیز بەجێم ناهێڵێت**).

کە دەقە عەرەبییەکەی بەم شێوەیە هاتووە: (**لن أندم على أي شخص دخل على حياتي في مراحل مختلفة ورحل، فالمخلص أسعدني والسيء منحني التجربة والأسوأ كان درساً لي، أما الأفضل فلن يتركني أبداً**)

**٢٠١٦/٢/٢٣**

**هەولێر**

– ئەمە دەقی ئەو دوو بەیاننامەیەیە کە خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق سالم سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کە لە رۆژی ١٩٩٦/٨/٣١ بڵاویکردنەوە دەربارەی ٣١ی ئاب، کە تێیدا بەندە دەقەکانی لە رۆژنامەی برایەتی بڵاونەکردەوە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە لە کتێبی ئەزموونی رۆژنامەوانیم باسی لێوەکراوە، بەڵام لێرەدا بۆ مێژوو وەکو خۆی بڵاویان دەکەمەوە.

المجلس
الوطني لكردستان العراق

كردستان - اربيل

ايتها الجماهير الكوردستانية المناضلة

اذا كان پرلمان كردستان العراق ، قاعدة الديمقراطية ومصدر الشرعية ، ذلك الصرح الذى كان مبعث الفخر والاعتزاز لشعبنا ، قد تعرض للتعطيل والاحتلال والكثير من اعضائه الى التشرد وممتلكاتهم الى النهب والسلب على يد ميليشيات الاتحاد الوطني الكردستاني خلال الجولتين السابقتين للاقتتال الداخلي دون الاخذ بنظر الاعتبار لحرمته ومكانته وحصانة اعضائه ، مما قمنا بشجب ذلك وادانته .

الا ان ما يؤسف له هو ان ياخذ منحى الصراع الدائر بين الحزبين المتقاتلين في الجولة الثالثة ، ابعادا داخلية واقليمية وافرازات دولية لا يحمد عقباه ، وكان من نتائج ذلك ان دفع نظام بغداد للتدخل العسكري ووصول قواته الى مدينة اربيل يوم ٣١ / ٨ / ١٩٩٦ وتعسكر جنوده و الياته حول المدينة وخرقها لحرمة پرلمان كردستان واحتلاله واتخاذه نقطة عسكرية لها .

ففي الوقت الذي نستنكر وندين هذا الاحتلال ونطالب بانسحاب هذه القوات فورا ، فاننا ندعو كل ما يمكن عمله لانقاذ ما يمكن انقاذه من هذه التجربة البائسة .

والله من وراء القصد

جوهر نامق سالم
رئيس المجلس الوطني لكردستان العراق

صلا ح الدين ١٩٩٦/٨/٣١

# المجلس الوطني لكردستان العراق

الى جماهير كردستان المناضلة
يا ابناء امتنا الميامين
ايتها القوى والاحزاب الكردستانية والعراقية المناضلة

اذا كان لكل شعب رموز ومقدسات وقيم ، وان اختلفت من شعب الى اخر ، الا انها جميعا تتوحد في ان لبرلماناتها مكانة سامية وحرمة وحصانة دستورية تقيها من المس والانتهاك ، كما لأعضائها حصانتهم البرلمانية ، بصرف النظر عن انتماءاتهم الحزبية والكتلوية ومواقفهم السياسية .

واذا كان برلمان كردستان العراق ، قاعدة الديمقراطية ومصدر الشرعية ، ذلك الصرح الذي كان مبعث الفخر والاعتزاز لشعبنا ، قد تعرض خلال لسنتين الماضيتين الى التعطيل والاحتلال والكثير من اعضائه الى التشرد والملاحقة ومتلكاتهم الى النهب والسلب على يد ميلشيات الاتحاد الوطني الكردستاني ، خلال الجولتين الاخيرتين للاقتتال الداخلي ، دون الاخذ بنظر الاعتباز حرمة ومكانة هذا البرلمان وحصانة اعضائه ، فان ما يؤسف له حقا ان يتطور هذا الصراع بين الحزبين المتحاربين ليتخذ مسارا ادق وإخطر ، بابعاده الداخلية والاقليمية بشكل خاص ، وأفرازاتها المختلفة على الصعيد الدولي ، لدرجة التنسيق ومطالبة الاتحاد الوطني الكردستاني تدخل ايران المادى والعسكرى وكانت نتائجها احتلال مناطق مهمة على جانبي طريق هاملتون بالقرب من الحدود العراقية الأيرانية ومحاولتهم المشتركة في منطقة سيدكان في المثلث الحدودى بين العراق وايران وتركيا ، ومقابل هذا يناشد الحزب الديمقراطي الكردستاني الحكومة العراقية للتدخل الى حد دفع النظام بقواته العسكرية للتدخل في كردستان العراق والوصول الى مدينة اربيل يوم ٣١/٨/ ١٩٩٦ وتعسكر جنوده وآلياته حول اربيل وخرقه لحرمة برلمان كردستان واتخاذها نقطة عسكرية لها

لقد سبق وان قمنا بادانة كل تدخل في شؤون الاقليم الداخلية من قبل الدول الاقليمية وبالذات التدخلات الايرانية الاخيرة ، وكذلك قمنا بفضح وادانة كل عرقلة واحتلال لبرلمان كردستان وانتهاك حرمته والتي قامت بها ميليشيات الاتحاد الوطني الكردستاني خلال جولتي القتال السابقة . ونؤكد من جديد ادانتنا لهذا التدخل السافر للجيش العراقي في شؤون الاقليم واحتلاله لبرلمان كردستان العراق ، ونطالب القوي السياسية وفي مقدمتها قيادة الحزب الديمقراطي الكردستاني اتخاذ ما يلزم من مواقف واجراءات بانسحاب القوات العراقية المعتدية ووضع حد لهذا الفوضى وايجاد مخرج للأزمة القائمة واتقاذ ما يمنكن انقاذه من هذه التجربة البائسة ، واناشد زملائي اعضاء البرلمان كافة الوقوف صفا واحدا في هذا الظرف الدقيق من حياة شعبنا الكوردي .

والله من وراء القصد

جوهر نامق سالم
رئيس المجلس الوطني لكردستان العراق

صلاح الدين ٣١/٨/ ١٩٩٦



لەراستەوە وەستاون : ئەبو عەنتەر ـ سامی عەبدولڕەحمان ـ جەوهەر نامیق (سەلیم) ـ
مولازم یونس ـ د. سەباح ـ وریا ساعاتی
لەراستەوە دانیشتوون : عەبدولڕەحمان بیداوی ـ ئازاد بەرواری ـ
دارەوان ـ کەریم سنجاری (1978)

١



٢



٣



٤



٥


٦


٧




٨




٩



١٠



١١



١٢



١٣



لە پێناو چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی و دەستەبەرکردنی ماف و گوزەرانی رۆژنامەنووسان لە کوردستان
کونگرەی گشتی سێیەمی
سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
هەولێر
من اجل ترسيخ حرية الصحافة وضمان حقوق الصحفيين في كوردستان
المؤتمر العام الثالث لنقابة صحفيي كوردستان
اربيل
25-22-23-7-2011
كوردستانده غەزەتە چیلارن حەقلەرینی قورماق وە ئوزگورلیكەرین ئوتشماسی یۆلندە موجادەلە ئیدیيوروز
In order to guarantee freedom of the press and
the rights of journalists in Kurdistan
The 3rd Conference
of the Kurdistan Journalists Syndicate
Erbil 2011
Jhanger Gardi
4492539


١٤



Jhanger Gardi


١٥



١٦



١٧




١٨




١٩




٢٠





٢١




٢٢




٢٣



٢٤




٢٥



٢٦



٢٧

## سەرەقەڵەمێك دەربارەی وێنەكان

.١

٢-٣. هەولێر، ١٩٩٨/٤/٢٢، باڵەخانەی پەرلەمانی كوردستان، دیداری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان (جەوهەر نامق سالم) لەگەڵ سەرۆك و ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان بەبۆنەی دەرچوونی یاسای سەندیكا (ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٩٨). وێنەی یەكەم لە راستەوە: ممتاز حەیدەری، تحسین محمد خلیل، نووسەر، جەوهەر نامق سالم، عدنان نقشبندی. وێنەی دووەم لە راستەوە: حامد محمد علی، ئازاد عبدالواحد، محمد خدر مولود، ئازا حسیب قرداغی.

٤. هەولێر، ١٩٩٨/١٢/٢٧، رۆژی یەكەمی كۆنگرەی یەكەمی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان، لە راستەوە: فازڵ میرانی، جەوهەر نامق سالم، نووسەر.

٥. رێگای نێوان بلێ-بارزان، بەهاری ساڵی ١٩٩٩، خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق لەنێوان یاوەر نامق سالم و نووسەردا.

٦. هەولێر-فڕۆكەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی، ٢٠١١/٢/١٦، دوایین سەفەری خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق سالم بەرەو سوید بۆ چارەسەری نەخۆشییەكەی.

٧. سوید-ستۆكهۆڵم-نەخۆشخانەی كارۆلینیسكا، ٢٠١١/٢/١٨، دوایین وێنەی خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق سالم.

٨. هەولێر–فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی، ٢٠١١/٣/٢٤، گەیشتنی تەرمی خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق سالم.

٩. هەولێر–باڵەخانەی پەرلەمانی کوردستان، ٢٠١١/٣/٢٤، تەرمی خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق سالم لە پەرلەمانی کوردستان کە تێیدا خۆی یەکەم سەرۆکی بوو.

١٠. هەولێر–پەرلەمانی کوردستان، ٢٠١١/٣/٢٤، سیروان کوڕی گەورەی خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق سالم لە کاتی خوێندنەوەی وتاری ماڵئاوایی باوکی.

١١–١٢. کەلار–گوندی بەرلوت، ٢٠١١/٤/٢٥، ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی خوالێخۆشبوو جەوهەر نامق لەنێو ئاپۆرای جەماوەردا.

١٣. .....................

١٤. هەولێر–هۆڵی پێشەوا، ٢٠١١/٧/٢١، درووشمی سێیەمین کۆنگرەی گشتیی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان (٢١–٢٠١١/٧/٢٣) کە تێیدا درووشمی کۆنگرە بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، سریانی، تورکمانی، ئینگلیزی نووسراوە.

١٥. هەولێر–هۆڵی پێشەوا، ٢٠١١/٧/٢١، کردنەوەی کۆنگرەی گشتیی سێیەم، لە ڕاستەوە: سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کەمال کەرکووکی، نووسەر، د. کاوە محمود وەزیری ڕۆشنبیری و نوێنەری سەرۆکی حکومەت، ئاسۆس نەجیب وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێ، خوالێخۆشبوو د. فائق بطي.

١٦. هەمان شوێن، ٢٠١١/٧/٢١، دیمەنێکی گشتیی هۆڵی کۆنگرە.

١٧. هەمان شوێن و بەروار، خوێندنەوەی ڕاپۆرتی گشتیی لەلایەن نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان (نووسەر).

١٨. هەمان شوێن و بەروار، نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان (نووسەر) لەکاتی ڕێزلێنانی لە د. فائق بطي.

١٩. هەمان شوێن و بەروار، حامد محمد علی سکرتێری سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لە کاتی ڕێزلێنانی لە نووسەر و ڕۆژنامەنووس جەمال خەزنەدار.

٢٠. هەمان و شوێن و بەروار، أكد مراد ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لە کاتی ڕێزلێنانی لە نووسەر و ڕۆژنامەنووس عبدالله زەنگەنە.

٢١–٢٢. هەمان شوێن، ٢٠١١/٧/٢٢، ئەندامانی کۆنگرە لەنێوانی گفتوگۆ و بەڵی و نەخێردا.

٢٣. هەمان شوێن، ٢٠١١/٧/٢٢، کات و ساتی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پێشووی سەندیکا لە لایەن نەقیبی ڕۆژنامەنووسانەوە بە ئامادەبوونی زیرەك کەمال ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکا و حامد محمد علی سکرتێری سەندیکا.

٢٤. هەولێر–بارەگای ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، ٢٠١١/٧/٢٦، دەور و تەسلیمی نێوان نەقیبی پێشووی رۆژنامەنووسان (فەرهاد عەونی) لەگەڵ نەقیبی هەڵبژێردراو (ئازاد حمد أمین).

٢٥. باکووری کوردستان–شاری وان، ٢٠١١/١١/٢٩، دیمەنی لایەنێکی خێوەتگای وان کە بۆ هاوولاتیانی زەرەرمەندی بوومەلەرزەکە ئامادەکرابوو.

٢٦. شاری وان–بارەگای شارەوانیی وان، ٢٠١١/١١/٢٩، کاتی تەسلیم کردنی کۆمەکی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان بە (بەکر قایە) سەرۆکی شارەوانیی وان بە ئامادەبوونی ئەندامانی شاند و ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی.

٢٧. شاری وان، ٢٠١١/١١/٢٩، سەردانی شاندی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان بۆ خێوەتگای سەرپەرشتیارانی، لە راستەوە: رەشاد ئەحمەد کەریم، سەردار هەرکی، ئەندامی لیژنەی سەرپەرشتیاری خێوەتگاکە، نووسەر، سەربەست زاخۆیی.

٢٨. هەولێر–بارەگای یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان، زستانی ساڵی ٢٠١٤، سەرۆك و جێگر و ئەندام و راوێژکارانی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان، دانیشتووان لە راستەوە: نەهلە سعداللە، کریم بحری، فەرهاد عەونی، خلیل ابراهیم. راوەستاوان لە راستەوە: دڵشاد چاوشلی، زانا رۆستایی، نعمت عبداللە–سەرۆك، نجات یاسین–جێگری سەرۆك، برهان جاف.

# پاشـــــكۆ

**خوێنەری بەڕێز..**

دوا بەشی (وێستگەکانی ژیانم) بۆ هەندێ لەو دیکۆمێنتانەم تەرخان کردووە کە نەدەکرا لە لاپەڕەکانی پێشوودا جێگایان بۆ بکەمەوە و بە پێویستم زانی بەم شێوەیە بوونی هەبێت، بۆیە دەمەوێ بە دوو خاڵ تیشک بخەمە سەر هۆکاری بڵاوکردنەوەیان لێرەدا:

١. بە را و بۆچوونی من هەر مرۆڤێك لە هەر ئاستێکدا بێت کاتێ بیرەوەرییەکانی لە دووتوێی کتێبێك بڵاودەکاتەوە پێویستە لە چوارچێوەی سنووری تایبەتیدا ئەو دیکۆمێنتانەی کە یادەوەرییەکانی پێوە پابەندە لەگەڵ چەندان وێنەی پێویست لە قۆناغە جیاجیاکاندا بڵاوبکرێتەوە بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی بابەتەکان و خستەڕووی راستییەکان بۆئەوەی نەبێتە جێگای مشتومڕی خوێنەر دەربارەی راستگۆیی بیرەوەرییەکان.

٢. لێرەدا دەمەوێ راستگۆیانە جەخت لەسەر مەسەلەیەك بکەم کە ئەویش بریتییە لەوەی کە بەندە بە هیچ شێوەیەك بڵاوکردنەوەی هەندێ لەو دیکۆمێنتانە کە چ لەلای بەندەوە ئاراستەکراوە چ ئەوانەی کە ئاراستەم کراون، مەبەستم (تانە بریندار)کردن نییە بەڵکو دیکۆمێنتی رۆژانێکن کە هەندێکیان (٢٠ ساڵ)یان بەسەردا تێپەڕیوە و هەندێکیشیان زیاتر لە (١٠ ساڵ) کە بە هەموو شێوەیەك تاکو ئێستا پاراستوومن، هیوادارم خوێنەر و لایەنە بەڕێز و نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان کە هەرهەموویان (ئێستا) بە یەك چاو تەماشا دەکەم دڵیان لێم نەڕەنجێ لە بڵاوکردنەوەیان و وای لێکنەدەنەوە (کا)ی کۆن بەبا دەکەم یاخود خۆمی پێ هەڵدەکێشم بەڵکو بڵاوکردنەوەی بە گوێرەی رۆژانی رابردوو تەنها بە مەبەستی دەرخستنی راست و دروستی لاپەڕەکانی بیرەوەرییەکانمن... (خودای گەورەی شاهیدە) و ویژدانیشم ئاسوودەیە.

وزارة الصناعات الخفيفة
المؤسسة العامة للصناعات الغذائية
المنشأة العامة للدخان الوطني

الرقم : ١ / سرى/١٥
التاريخ : / ١١ / ٩٨٦

معمل تنقيح التبغ في كويسنجق

القسم : ذاتية الموظفين

" سرى للغاية "

الى / المنشأة العامة للدخان الوطنية في اربيل

م / ايقاف صرف راتب

اعلمنا مقر اللواء الاول بموجب كتابه المرقم ٧٥٤ في ٥ / ١١/٩٨٦ (سرى للغاية وعلى الفور) بان ج م ح فرهاد عثمان عونى حبيب قد هرب من الخدمة العسكرية بتأريخ ٩٨٦/٩/٢٢ للتفضل بالامر باتخاذ اجراء اللازم مع الشكر .

مدير المعمل

نسخة منه الى /

اضبارة السريات / مع الاوليات

العنوان البرقي : أرسيك
رقم التلكس : ٢١٨٥٠٦
ص. ب : ٦ محافظة اربيل

العنوان : اربيل – طريق مصيف صلاح الدين
هاتف : ٢١٥٠٥ بدالة ذات ثلاث خطوط

١

**وزارة الصناعات الخفيفة**

المؤسسة العامة للصناعات الغذائية

المنشأة العامة للدخان الوطنية

في اربيل

الرقم: ٦٦٧٤٤/ ذ م / ٤/ ٤/ ٦

التاريخ: ٢ / ١٢ / ١٩٨٦

القسم: الذاتية والارشيف

**الى: ـ السيد فرهاد عثمان عوني حبيب ـ رئيس ملاحظين**
**الساكن في قضاء كويسنجق / محلة القلعة رقم الدار ٥٧١**

**م: ـ اخطار**

**استنادا الى كتاب مقر اللواء الاول الخاص / الادارة المرقم آ / ١٨/ ٧٥٤ في ٥ / ١١/ ٩٨٦ والمتضمن ارتكابك جريمة الهروب من خدمة الاحتياط اعتبارا من ٢٢/ ٩/ ١٩٨٦ فعليه ..**

**نخطرك بالالتحاق بالخدمة المذكورة اعلاه خلال سبعة ايام اعتبارا من تاريخه اعلاه وبعكسه تعتبر مستقيلا من الوظيفة وتتخذ كافة الاجراءات القانونية الاخرى بحقك.**

المدير العام
انور صالح ابراهيم

صورة منه الى / ـ
ـ معمل تنقيح التبغ في كويسنجق/ كتابكم المرقم س/ ١٦ في ١/ ١٢/ ٩٨٦ للعلم رجاء.
ـ الذاتية والارشيف/ مع الاوليات ـ للمتابعة
ـ الاضبارة الشخصية
ـ الاضبارة الدوارة

/ / سماحة/ ٣/ ١٢/ /

العنوان البرقي: **أرسيك**
رقم التلكس: ٢١٨٥٠٦
ص. ب: ٦ محافظة اربيل

العنوان: اربيل ـ طريق مصيف صلاح الدين
هاتف: ٢١٥٠٥ بدالة ذات ثلاث خطوط

٢

# الى منظمة حقوق الانسان في كوردستان

**الى منظمة حقوق الانسان في كوردستان**

لايخفى عليكم بان مسكني الذي يجاور مبنى(**برايەتی و خەبات**)والذي يعود الى رئاسة جامعة صلاح الدين قد تعرض ليلة رأس السنة(١٩٩٥)الى عملية نهب من قبل مسلحي الاتحاد الوطني الكوردستاني التي تعتبر تجاوزا على حقوق الانسان.

اتمنى ان تدان هذه الفعلة النكراء بشدة من قبل المجلس الاعلى لمنظمة حقوق الانسان ومفاتحة المكتب السياسي اللاتحاد الوطني برسالة بهذا الخصوصي والحق برسالتي هذه قائمة بالمتلكات المنهوبة من قبل مسلحي الاتحاد الوطني املا لكم الموفقية من اجل حماية حقوق الانسان في كوردستان.

فرهاد عوني

عضو المجلس العام

لمنظمة حقوق الانسان في كوردستان

١٩٩٥/١/١٧

٣

## بەرێز/ لیژنەی باڵای ئاشتی

**سلاوێکی گەرم**

پاش بەرەوپێشەوە چوونی هەنگاوەکانی پرۆسەی ئاشتی، رۆژی هەینی رێکەوتی ٢٠٠١/١٢/٢١ دایکم و دلێری برام سەردانی شاری کۆیەیان کرد بۆ وەرگرتنەوەی ئەو (٣) خانووەی کە لە ئاکامی شەڕی ناوەخۆ داگیرکرابوو، وەبەپێی بریارەکانی لیژنەی باڵای ئاشتی و لیژنە فەرعیەکان دەبوایە چۆل بکرایە بەلاّم تاکو ئەمرۆ چۆل نەکراوە وابریارە کە رۆژی ٢٠٠١/١٢/٢٨ چۆل بکرێت و بۆ زانین هەندێ راستی هەیە دەمەوێ بیخەمە پێش چاوی ئێوەی بەرێز، بۆ ئەوەی لە ئایندەدا فەرامۆش نەکرێ کە بریتییە لەم راستییانەی خوارەوە:

قەبارەی ئەو زەرەرەو زیانانەی کە لە خانوەکان کەوتووە زۆر لەوە زیاترە کە ئێمە بتوانین بیگەرێنینەوە دۆخی جارانی، بۆیە وەکو مافێکی رەوای خۆمان داوا لەبەرێزتان دەکەم کەوا ئەمر بفەرموون بە دەستنیشان کردنی لیژنەیەک بۆ ئەوەی تەقدیری ئەو زەرەرەو زیانانە تۆمار بکات کەوا بە خانوەکان کەوتووە لەماوەی شەش ساڵی پێشوو کە بەهەموو پێوەرێک حەقی قەرەبوو کردنەوەی هەیە.

لێرەدا کە دەڵێم ئێمە وەک(وەرثەی خوالێخۆشبوو عثمان عونی حبیب) ناتوانین تەعمیری خانوەکانمان بکەینەوە چونکە لەگەڵ دەست پێکردنی جولەی دووەمی شەڕ لە مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٩٥دا:

أ- سەرجەم دوکانەکانی ئێمە کە کۆی (٣٠)دوکانە لەگەڵ (٤)شوقەو خانوویەکی بە کرێ دراو کە کرێی هەمویان مانگانە (٦)هەزار دینارە کە کۆی گشتی ئەم شەش ساڵا دەگاتە ٤٣٢ هەزار دینار کە تاکو ٢٠٠١/٥/١ لە لایەن ئیدارەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە کۆیە وەرگیراوە.

ب - داگیر کردنی ئەو (٣) خانووەی کە خۆمانی تێدابووین کەوا بریارە لە ٢٠٠١/١٢/٢٨ چۆل بکرێت کە زەرەرەو زیانێکی زۆری پێکەوتووە.

ج - دەست بەسەرداگرتنی (٢٧٠٠٠)هەزار دینار لەلایەن مەلبەندی سێی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە یارمەتی پارێزەر ئیبراهیم رەشید مام یحیی کە وەکیلی رەسمی ئێمە بوو بە پێچەوانەی عورف و یاسا چونکە ئەم برە پارەیە (٢٧٠٠٠)هەزار دینارە لای (الحارس القضائي)بوو لە دادگای کۆیەو موڵکی وەرەثەیە.

د- گلدانەوەی بری (٢٥٠٠٠) دینار لە کۆیە لە ئیجاری باڵەخانەی بانقی کۆیە کە ئەویش موڵکی ئێمەیە بەناوی زەریبە لەلایەن ئیدارەی کۆیە.

ه - دەست بەسەردا گرتنی ئۆتۆمۆبیلی جۆری لادا مودیلی ١٩٨٠ بە ژمارە سەنەوەی (٣٣٦١ هەولێر) کە بەناوی خوالێخۆشبوو باوکمەوە بوو، هەروەها ئۆتۆمۆبیلی جۆری بەرازیلی مودیلی ١٩٨٧ بەژمارەی سەنەوی (١٩٧٤٤ هەولێر) کە بەناوی خۆمەوە بوو.

و- تالان کردنی سەرجەم کەلوپەل و مەوجوداتی ماڵی من لە هەولێر لە شەوی ١٩٩٥/٣٠/٣٠ کە بایی چەند سەد هەزار دینارێک بوو.

ز- مانەوەی مەبلەغی نزیکەی (٦٠٠٠٠)شەست هەزار دیناری کە بەناوی باوکمەوە لە بانقی کۆیە لە (حسابات التوفیر) کە تاکو ئەمرۆکە نەمان توانیوە وەریبگرینەوە.

**بەڕێزان:**

خستنە پێش چاوی ئەو هەموو زەرەرەو و زیانە گەورانەی کە پێمان کەوتووە باجاریٚ لەویٚ بوەستیٚ چونکە خانوادەی ئێمە ئەوە جاری یەکەم نییە کە تووشی زەرەرەو زیانی گەورە دەبێت پێشووتریش لە سالآنی ١٩٦٣، ١٩٧٤ لە ئاکامی پابەندبوونمان بە ڕێبازی کوردایەتی تووشی هەمان زەرەرەو زیان بووین، بیٚ ئەوەی داوای قەرەبۆ لە هیچ لایەن و کەسێک بکەین بەلآم ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئاوردانەوەیەکە بەرامبەر بەچاکردنەوەی ئەو (٣) خانوەیەیە، کە ئێستاکە بە هیچ شێوەیەک ناتواندریٚ خەلٚکی تێدا دابنیشێت، وەکو روونیشم کردەوە پاش ئەو هەموو زەرەرەو زیانە و نەمانی دەرامەت لە ئاکامی شەڕی ناوخۆ ئێمە ئیمکاناتی ئەوەمان نەماوە بتوانین خۆمان چاکی بکەینەوە دەنا ئەوەشمان دەکردە قوربانی کوردایەتی.

**لەگەلٚ ئەوپەڕی ڕێزم**

**براتان**

**فەرهاد عونی**

**نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی**

**کوردستان و ئەندامی**

**ئەنجوومەنی بالآی ڕێکخراوی**

**مافی مرۆڤ لە کوردستان**

**٢٠٠١/١٢/٢٥**

**وێنەیەک:**

١ـ بەڕێز/ مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی تێکۆشەر

٢ـ بەڕێز/ مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی تێکۆشەر

**بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێز**

**برای بەڕێز مام جەلال**

**سڵاوێکی گەرم**

هیوای بەختەوەری و سەلامەتیتان بۆ دەخوازم ڕێگام پێ بدەن لەم کاتانەدا وێنەیەکی ئەو نامەیەتان بۆ بنێرم کە ئاراستەی لیژنەی باڵای ئاشتیم کردووە دەربارەی هەندێ لەو تەجاوزاتانەی کە کراوەتە سەر خێزانی ئێمە لە کۆیە لە ماوەی پێشوودا کە بە گومانم لەوەی بەڕێزتان ئاگاداری بن و لێرەدا مەبەستی ئێمە تەنها زانیاری بەڕێزتانە.

**لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزم**

**براتان**

**فەرهاد عەونی**

**هەولێر ـ ٢٠٠١/١٢/٢٧**

٦

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
سکرتێری گشتی

سالی نوێتان پیرۆز بێت

**الاتحاد الوطني الكردستاني**
**الامين العام**

*Patriotic Union of Kurdistan*
**Secretary General**

برای بەڕێز کاک فەرهاد عەونی

سڵاوێکی گەرم

شادی و خۆشیتانم ئاواتە.

نامەکەتان گەیشت زۆر سوپاس.

بێگومان خۆتان دەزانن کە لە هەر دوولا زۆر جاریش بەداخەوە تەجاوزات کراوە. من لەسەر داواکەتان نووسراوێکم کرد کە دەست بەجێ هەموو تەجاوزاتی سەر ماڵی خوالێخۆشبوو کاک عەونی لا ببرێت. تکایە وەکیلێک دابنێن بۆ وەرگرتنەوەی ئەو ماڵەی لەبەردەستدایە. خۆشم مامۆستا جەوهەر کرمانجم ڕاسپاردووە بۆ چاودێری جێبەجێ کردنی بڕیارەکەم لەسەر داواکەتان.

هەر خۆش بن بۆ
برای دڵسۆزتان
مام جلال

٣/١/٢٠٠٢

**پارتی دیموکراتی کوردستان**
**مەکتەبی سیاسی**
مەکتەبی ناوەندیی دیراسات و تۆژینەوە

ژمارە: ١٢
رۆژ: ٢٤/ ٢/ ١٩٩٨

## بڕیار

لە پێناو دیراسەت کردنی پێشنیارو تێبینییەکان لەسەر پەیڕەوی ناوخۆی پارتیمان و گونجاندن و ڕێکخستنی لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆماندا، بڕیارماندا بە پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ ئەم مەبەستە بە سەرپەرشتی بەرێز بەرپرسی مەکتەب و ئەندامێتی هەر یەک لە بەرێزان:

١ـ د.سەعدی بەرزنجی ئەندام
٢ـ فەرهاد عەونی ئەندام
٣ـ زاهیر رۆژبەیانی ئەندام

وێنەیەک بۆ/
هەر یەک لە ئەندامانی لیژنەکە.

«بەرپرسی سەرکەوتوو ئاوا دەبێ»

«نەبەزی ئەحمەد بچکۆڵ»

لەدێر زەمانەوە تاکو ئێستاشی لەگەڵدابێت، لە هەموو دام و دەزگایەکدا، حزبی بووبێ یان ئیداری، یەکێک بەگوێرەی توانا و شارەزایی متمانەی پێ دراوە تاکو ببێ بە بەرپرسی یەکێک لە دەزگاکان وەیان سەرپەرشتیاری، تاکو ئەو کارەی پێی سپێردراوە سەرکەوتووبێ و بەرەوپێشەوەی ببات...

دیارە سەرکەوتنیش وەک ئیشکی خۆر وایە لە هەر بوارێکدا بێت درەوشانەوەی خۆی هەیە، بەتایبەتی لە بواری ڕۆژنامەگەریدا...

منیش وەک خوێنەرێکی ڕۆژنامەی برایەتی ئازیز، هەروەها وەک نووسەرێکیش کە زیاتر لە بواری شیعر و لەپەخشاندا دەنووسم هەمیشە لە دوور و نزیکەوە سەردانی دەزگای ڕۆژنامەی برایەتیم کردووە، جگە لەو هەموو کادر و ڕۆژنامەنووسە دڵسۆز و پێشکەوتووانەی کە دێنە پێر هەموو مرۆڤ و نووسەرێکی دڵسۆزەوە تا دەگەیتە بەردەم بەرزترین دەسەڵاتی لە ڕۆژنامەی برایەتیدا کە بەڕێز (فەرهاد عەونی) بوو، ڕێزێکی وای لە گەورە و بچووک دەنا، ئەو نووسەرە هەرچی ماندووبوونێک و موعاناتێکی هەبووایە، هەمووی لە شیرینی زمانی و ڕووی کاک فەرهاد لەبیر دەچووەوە، ئەو فەرموودەیەی بارزانی نەمری دەهاتەوە یاد (ئێمە هەموو پێشمەرگەین پێشمەرگەش خزمەتکاری میللەتەکەی خۆیەتی)...

ئەوەی ئێمە ئاشنا بووین پێی، ئەم بەرپرسە ڕۆژنامەنووسە لێهاتووە، جگە لە خاوەنی خۆی و بیر و باوەڕی کوردایەتی کە هەمیشە پێشمەرگەیەکی خامە بەدەست بوو لە ڕێبازی بارزانی نەمردا، ڕۆژنامەی برایەتی لە هەموو شتێ

٩

لە ٧ خۆشەویستتر و ~~پیرۆزتر~~ پیرۆزتر بوو ...

کاتێک ئاوارە بووین لە شەقلاوە بۆ دیدەنی سەردانی ماڵەکەیان کرد کە وەک ئێمە لە ناو خەڵکەکەدا دەژیا، کاتێک باسی سووتاندنی ڕۆژنامەی (برایەتی ئازیز)ی بۆ دەکردین کە بەهۆی شەڕی ناوخۆوە سووتابوو، فرمێسک لە چاویدا تنۆک تنۆک دەهاتە خوارێ ...

ئێستاش پاش شەش ساڵ و زیاتریش کە بەرپرسێتی لەو دەزگا سەرەتاوتۆخۆڕاگرەدا بێ سپێنەر درابوو، جێی پەنجەی خامە ڕەنگینەکانی خۆی و هاوکارانی دڵسۆزی دەدرەوشێتەوە، ئێستا بەهۆی کارێکی تری پیرۆزەوە لە دوا ماڵئاواییدا لەگەڵ سەرجەم کارمەندەکانیدا، جگە لەوەی کە خۆی فرمێسکی لە چاو تکاوە، ئەتوانم بڵێم سەرجەم کارمەندانی برایەتی بە وەفاوە فرمێسکی ماڵئاواییان بۆ بارانەوە، بۆ بە ~~[illegible]~~ بەڕێزیشی دڵی نەهاتە ڕستەی (خوا حافیزی بەکاربێنێ) و ئەمەی نووسی (برایەتی خۆشەویست بەخێر بمێنێ) ...

ئێمەش وەک خوێنەرانی ڕۆژنامەی برایەتی بۆ ئەو وتە و ماڵئاواییە هەمان سۆز و وەفاو فرمێسک لە چاوماندا قەتیس ماوە ...

بێگومانم لەوەی کە زۆربەی ئەم دەزگا بەڕێزە پەروەردەی دەستی کاک (فەرهاد عەونی)ن، لە هەمان ڕێبازی ڕەسەندا ئەسپی خامەیان تاوداوە و بەردەوامن ...

خۆزگە هەموو بەرپرسێ کە دەزگاکەی بەجێ دێڵێ بۆ ڕاسپاردن لە کارێکی تر کە پێی دەسپێردرێ وەک کاک (فەرهاد عەونی) دڵسۆز و پاک و بێگەرد بووایە و، کارمەندەکانیشی ئاوا دڵسۆزانە بە فرمێسک و وەفای خۆیان بیبارانایە ...

خۆزگە هەردوو گۆشەی بەڕێزی بە ئیجازەی خوێنەری کاک (ئاسۆ کەریم)و ....
ئەمڕۆی کاک (فەرهاد عەونی) بەردەوام دە بوو،

١٠

## المعهد الوطني للانتخابات

***National Institute for Election***
***Arbil – Iraq Kurdistan***

**مقدمة:**

تمثل الانتخابات البرلمانية في أقليم كوردستان العراق عام ١٩٩٢ حدثا نوعياً فريداً على الساحة السياسية العراقية و الكردية حيث و لاول مرة انتخب مواطنو الإقليم ممثلين لهم في المجلس الوطني الكوردستاني و شرع المجلس فيما بعد قوانين تؤكد على النظام الديمقراطي للإقليم و الاعتماد على الانتخابات في اختيار قادة الاتحادات و المنظمات النقابية و المهنية و الطلابية و النسائية حيث اشتركت فيها الأحزاب السياسية بمختلف أيديولوجياتها. و على الرغم من أن آثار الخلاف الكوردي الداخلي منذ عام ١٩٩٥ قد أثر و بوضوح على استمرار أجراء الانتخابات على المستوى السياسي الا أن هناك احتمالات كثيرة للمصالحة الوطنية في كوردستان و الاتفاق على أجراء انتخابات برلمانية لذا فان توعية الجماهير بمفهوم و عملية الانتخابات و تأثيراتها و كذلك مراقبة الانتخابات و تقييمها أصبحت ضرورة من ضرورات العملية الانتخابية ذاتها لذلك فان تأسيس ( المعهد الوطني للانتخابات) في كوردستان العراق يغير خطوة رئيسية و هامة لملئ الفراغ النظري و العملي حول الانتخابات.

**هيئة الإدارة:**

شكلت الهيئة الإدارية من صفوة الأستاذة و المثقفين من مدينة اربيل و خارجه؛ و هم:

د. شفيق قزاز وزير الشؤون الإنسانية في حكومة KDP ، اربيل

د. صلاح عزيز أكاديمي و رئيس الجمعية الأمريكية للكورد ، فلوريدا

د. شيرزاد النجار، استاذ جامعي / جامعة صلاح الدين ، اربيل

أ. فرهاد عوني نقيب الصحفيين ، اربيل

المحامية آمنة محمود مشرفة مركز بدليسي الثقافي، السليمانية

**مدير المعهد:**

د. شيرزاد النجار الاتصال

سەنتەری هەولێر Tel: 001 212 896 3306

Fax: 001 212 896 3307

الرقم الداخلي (Tel: 4162 or 22855)

**هدف المعهد:** تشجيع و زيادة الوعي بأهمية الانتخابات في النظام الديمقراطي.

**نشاطات المعهد:** يعمل المعهد لتحقيق هدفه بالوسائل التعليمية المختلفة ؛ فمثلا يقوم المعهد بـ:

١.نشر كراسات حول الانتخابات و كيفية أجرائها و طرقها؛

٢.عقد ندوات و حلقات دراسية حول أهمية اشتراك المواطنين في الانتخابات لممارسة حقهم؛

٣.افتتاح دورات نظرية و تطبيقية للنقابات و الجمعيات حول الانتخابات؛

٤.الاشتراك في حث و تقييم الانتخابات في الإقليم.

١١

**نشاطات المعهد ضمن المشروع المقدم ( ١ / ١٠ / ٢٠٠٠ الى ٣٠ / ٩ / ٢٠٠١ ):**

١. اختيار الدراسات الأكاديمية ( المنشورة باللغات الأجنبية و الملائمة مع واقع كوردستان و ترجمنها إلى اللغتين العربية و الكوردية، من هذه الدراسات:

أ. مدخل الى الانتخابات من النواحي التاريخية ، السياسية و القانونية

ب. طرق الانتخابات

ج. آلية إجراء الانتخابات

د. مراقبة و تقييم الانتخابات

ه. تحليل و تقييم الانتخابات في كوردستان العراق

٢. نشر الكتيبات للموضوعات المطروحة في ( ١- أ، ب ، ج ، د ، ه )

٣. دورات تطبيقية لقيادات و النقابات و الجمعيات

دعوة قيادات و الجمعيات المهنية لمدة أربعة أيام لشرح نصوص الكتيبات.

٤. في حالة اجراء أية انتخابات عامة ينظم المعهد حلقات دراسية لتحليل آراء و اتجاهات للانتخابات المشتركة و دعوة المرشحين بإعطاء آراءهم حول مواقفهم في القضايا المطروحة.

١٢

بەڕێز/ هەڤاڵ فەرهاد عەونی

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

بە مەبەستی بەرز کردنەوەی ئاستی زانستی گۆڤاری (کادیر) و، گۆڕانکاری چۆنایەتی بە سەردیاو، بلاوکردنەوەی بە هێزترین و بە کەڵکترین و نوێنترین باس و بابەتی سەردەمانە بۆ پەروەردەو گۆشکردنی فیکری و پراکتیکی کادیران و پتەو کردنی ڕێکخستنی ناوخۆ و دەرەوەی پارتیمان... جەنابتان دەستنیشان کراون، بە شێوەیەکی هەمیشەیی هاوبەشی نووسینی بابەتێکی حزبی بۆ گۆڤاری کادیر بکەن.

چاوەڕوانی زادەی بیرو بۆچوون و خامەی ڕەنگینتانین

**ئیتر بۆ پێشەوە**

**م.ن.د. پێگەیاندنی حزبی**
**٢٠٠٠/٥/١**

**تێبینی:**
١ـ تکایە یەکەم بەرهەمتان تا ٢٠٠٠/٦/١٥ بە گۆڤارەکەمان بگات.
٢ـ تکایە نووسینەکە چڕوپڕ و کورت بێت و لە (١٥) لاپەڕە تێنەپەڕێت.
٣ـ ناونیشان: م.ن.د. پێگەیاندنی حزبی ـ گۆڤاری کادیر ـ هەولێر ـ تەنیشت کتێبخانەی مەرکەزی زانکۆی سەلاحەدین.

١

بلاغ

عن اعمال المؤتمر التأسيسي

لجمعية الصداقة الكردية – العربية

في صبيحة الحادي عشر من آذار وحسب الموعد المقرر افتتحت في قاعة ميديا بمدينة اربيل عاصمة اقليم كوردستان العراق اعمال الجلسة الافتتاحية للمؤتمر التأسيسي لجمعية الصداقة الكردية العربية برعاية الرئيس مسعود البارزاني ومشاركة واسعة من ممثلي الهيئات الثقافية والجمعيات والمنظمات غير الحكومية وقادة الاحزاب السياسية ، ورئيس واعضاء المجلس الوطني لكردستان واعضاء الحكومة وعدد من الاخوة العرب المتواجدين في كوردستان وذلك تحت شعارات معبرة زينت القاعة مثل : عاشت الصداقة الكردية العربية ومن عرين صلاح الدين نمد يد الصداقة والسلام ، وعلى انغام اغنية " هەربژی كورد و عرب رمز النضال " .

بدأت الجلسة بتلاوة آية من الذكر الحكيم والوقوف دقيقة حداد مع النشيد القومي على ارواح شهداء حركة التحرر في كل مكان ثم تقدم السيد محافظ اربيل ليرحب بالحضور ويعلن عن استعداد ادارة المحافظة لتقديم كافة اوجه الدعم والمساندة لجمعية الصداقة الكردية العربية .

وقدم السيد صلاح بدر الدين كلمة اللجنة التحضيرية حيث رحب بالسيد البارزاني وشكره على رعايته لاول جمعية صداقة كردية عربية ، وسرد بايجاز ما قامت به اللجنة التحضيرية منذ عدة سنوات وعلاقاتها الاخوية مع جمعيات الصداقة في البلدان العربية وخاصة جمعية الصداقة الفلسطينية – الكردية والجمعية العربية للأخاء الاردني – الكردي كما حيا الاصدقاء العرب الذين بادروا في اعلان جمعياتهم والذين يعملون الان على اقامة مثل هذه الجمعيات في بلدان اخرى وخص بالذكر صديق الشعب الكردي الرئيس ياسر عرفات وجلالة ملك الاردن لموقفيهما المساندين لهذه المبادرات الكريمة .

وأكد السيد بدر الدين على ان هذه الجمعية غير حكومية ومستقلة وتعبر عن ارادة كافة ابناء الكرد في كل مكان وهي تشجع على اقامة جمعيات صداقة اخرى مع الشعوب الايرانية والتركية ، كما طرح اهداف الجمعية التي تتركز على اقامة علاقات الحوار والتضامن والعمل المشترك مع العرب وعلى اساس الاعتراف المتبادل في العيش بحرية وحق تقرير المصير والسلام والوئام .

وكانت كلمة الختام لراعي المؤتمر السيد الرئيس مسعود البارزاني الذي حيا اللجنة التحضيرية وبارك المؤتمر وهو يعقد في يوم تاريخي يوم اعلان اتفاقية ١١ آذار بين الكورد والعرب في العراق ، واكد على حرصه اللامحدود على العلاقات الكردية – العربية وتمسكه بمبادئ التآخي القومي ، ودعمه لجمعية الصداقة الكردية – العربية ، وقد كانت لكلمة سيادته وقع مؤثر خاصة على العاملين في هذا

١٤

المجال ومن شأنها أن تضاعف من اهتمامات الجميع للمضي قدماً في تحقيق الانجازات علـــى طريــق الصداقة والتعاون بين الشعبين .

هذا وقد تلقى المؤتمر مجموعة من رسائل التحية وعلى رأسها رسالة من الرئيس الفلسطيني الســـيد ياسر عرفات الذي حيا المؤتمر وأعلن عن دعمه ومساندته لنهج التآخي والصداقة بين الشعبين وتمسكه بمبادئ العلاقات الاخوية بين الامتين وقد قوبلت رسالة سيادته بالتقدير والاحترام كما تلقـــى المؤتمـــر رسائل تحية من جمعية الصداقة الفلسطينية – الكردية ، والجمعية العربية للاخاء الاردني – الكـــردي ، والمفكر العربي الدكتور عبد الحسين شعبان ، والكاتب والمفكر سعد البزاز ومن اللجنة العربية لحقـــوق الانسان ومن شخصيات عربية من مصر والمغرب .

وبسبب حلول الاعياد تم استئناف اعمال المؤتمر في الساعة العاشرة من يوم الجمعــــة ٢٤ / ٣ . بحضور / ١٠٤ / اعضاء من الهيئة العمومية حيث افتتـــح الجلســة رئيـس اللجنــة التحضيريــة صلاح بدر الدين الذي رحب بالحضور واكد مرة اخرى على عدد من المبادئ والمسلمات التي ســـتقوم عليها الجمعية وهي الانطلاق بخصوص العلاقات الكردية العربية من نهج رمز الامة الكردية مصطفـى البارزاني الذي دشن قاعدة راسخة في الصداقة والاعتراف المتبادل والتآخي القومي والتعايش والسلام ، وان الجمعية لا تقتصر على جزء او منطقة او جهة كردياً وعربياً بل تشمل العلاقـــات بيـــن الامتيـــن الكردية والعربية في كل مكان وهذا سيتحقق بالمستقبل القريب . والجمعية ليست حكومية ومســـتقلة ولا تقوم على اساس التمثيل الحزبي ، والهدف الاساسي من اقامتها هو تعريف قضية الشعب الكردي العادلة امام الرأي العام العربي وتعزيز العلاقات بين الشعبين والتضامن والمساواة . كما اكد على ضـــرورة ان تقوم المرأة الكردية بدورها في عمل هذه الجمعية وتحقيق اهدافها . وبعد ان قدم الشكر لكل من ســـاهم في قيام ونجاح الجمعية اعلن عن انتهاء دور اللجنة التحضيرية وطلب بانتخـــاب هيئـــة ثلاثيـــة لادارة اعمال الجلسة التي استمرت بمناقشة البنود الواردة في جدول الاعمال وخاصة مناقشة واقـــرار النظـــام الاساسي وانتخاب الهيئة الادارية بشكل ديمقراطي وحسب الاقتراع السري التي تشكلت من ١١ عضـــواً وثلاثة احتياط وهم :

١- صلاح بدر الدين . ٢- كـــاروان آكريـــي . ٣- شـــيرين ئـــاميدي . ٤- فـــوزي الاتروشـــي .
٥- د . شـــكرية رســـول . ٦- علـــي ســـنجاري . ٧- فرهـــاد عونـــي . ٨- امـــير فنــــــدي
٩- عبد الخالق زنكنة . ١٠- سرو قادر . ١١- احمد سالار .

والاحتياط : ١- عز الدين باقسري . ٢- غفور مخموري . ٣- معصوم مائي .

اربيل – كردستان العراق

الهيئة الادارية
لجمعية الصداقة الكردية – العربية

١٥

**بۆ بەڕێز و هێژا** ......کاک فەرهاد عەونی......

**( سڵاوی گەرمی کوردانە )**

**دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس و سەدام، هەلومەرجێکی مێژوویی تازە پەیدابوو. ئاسۆیەکی گەشتر ڕووی لە کورد کرد، بۆئەوەی هەوڵبدات خۆی لە چوارچێوەی دەوڵەتی بە ساختە دروستبووی عێراق دەرباز بکا و بە ڕۆژی سەربەخۆیی خۆی بگات بەڵام بە داخەوە ئەمە ئامانج و ستراتیجی دەسەڵاتە سیاسییە گەورەکانی کوردستان نەبوو. بۆئەوەی هەر لە ڕێگەی ڕیفراندۆم و ڕاپرسییەوە و بە سەرپەرشتی هاوپەیمانان و UN و یەکێتی ئەوروپا داوای ئەو ئیستیفتا گشتییە بکەن، تا گەلی کورد بە ئازادی چارەنووسی خۆی دیاری بکات. هەروەکو چۆن بۆ نموونە لە تەیمووری خۆرهەڵاتدا ڕوویدا. بەڵام تا ئێستەیش ئەو دەرفەتە نەچووە بچێ، بۆیە ئێمە وەك کۆمەڵێك لە ڕووناکبیرانی کورد لە شاری سلێمانی لە چەند ڕۆژ لەمەوبەرەوە بۆ ئەم ئامانجە کەوتووینە جووڵە و دەستمان بە چالاکی خۆمان کردووە و یەکەمین کۆبوونەوەمان لەگەڵ خەڵکیدا سازدا و ئەوانیش کۆمیتەیەکیان لەناو خۆیاندا هەڵبژارد بۆئەوەی لەژێر دروشمی "بەرەو ڕیفراندۆم" درێژە بەو هەوڵە بدەن و خەڵکی هوشیار بکەنەوە و هەزاران هەزار ئیمزا کۆبکەنەوە و لە دواییشدا خۆپیشاندانی ئاشتیخوازانە لە هەموو لایەکەوە بەرپا بکەن و بە ئەمریکا و U.N و یەکێتی ئەوروپا و دنیا بڵێن "وەرن لە گەلی کورد خۆی بپرسن چی ئەوێ؟" ئایا ئەیەوێ بە فیدراڵ لەگەڵ عێراقدا بمێنێتەوە یان سەربەخۆیی خۆی بەدەست بێنێ؟.. ئەم ئامانج و جووڵەیە پێویستە هەموو شار و شارۆچکە و گوندێکی کوردستان بگرێتەوە. بۆیە ئێمە داوا لە گشت ڕووناکبیرانی کورد ئەکەین کە لە گشت لایەکەوە ببنە سەرقافڵەی ئەم داوا ڕەوایە و لەژێر ئاڵای کوردستاندا دەنگی بەرەو ڕیفراندۆم زوڵاڵتر بدەن بە گوێی دنیادا.**

تێبینی: دەقی ئەم نامەیە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە ڕووناکبیرانی شارەکانی کوردستان ڕەوانە کراوە.

**کۆمەڵێك لە ڕووناکبیرانی کورد**

**سلێمانی** 2003/7/14

١٦

## راگەیاندنی کوتایی

## بزوتنەوەی را پرسی ( ریفراندۆم ) لە کوردستان

رۆژی هەینی، رێکەوتی ٢٠٠٣/١٠/١٧، لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، کۆمەڵێك روناکبیری شارەکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکووك و دهۆك و شارۆچکەکانی تری کوردستان و کۆبوونەوەیەکی فراوانیان سازکرد بۆ باسکردنی شێوازەکانی رای گشتی و بنیاتنانی بزاڤێکی راپرسیی سەرانسەری لە کوردستاندا. پاش گفتوگۆیەکی هێمنانەو تێروتەسەل، بە گیانێکی لەخۆبوردووانەو هەست بەگیانی بەرپرسیی نەتەوەییەوە، بەشداربووان هەموو ئەو هەوڵ و کۆششانەی پێشتر ئەنجامدراون دەربارەی راپرسی (ریفراندۆم) تا سازکردنی ئەم کۆبوونەوەیەی بەرز نرخاند و داوای لە هەموولایەك کرد و دەکات کە پشتگیری و کۆمەکی تەواوی بزووتنەوەی راپرسی (ریفراندۆم) لە کوردستان بکەن، کە بزووتنەوەیەکی کوردستانیی سەربەخۆیەو هەموو نەتەوەو ئایین و بیرورا جۆربەجۆرەکان دەگرێتەخۆو کاردەکات لە پێناوی:

١. ئەنجامدانی راپرسی گشتی (ریفراندۆم). لەلایەن پەرلەمانی کوردستان، یان دامودەزگا نێودەوڵەتییەکانەوە بۆ وەرگرتنی رای گەلی کوردستان لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆی.
٢. چەسپاندن و گەشەپێدانی ئەزموونی دیموکراسیی کوردستان و جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی بەهیچ شێوەیەك جێگرەوە (ئەڵتەرناتیڤ)ی پەرلەمان و حکومەت و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان نییە.
٣. گوزارشت لە راوبۆچوونی گەلی کوردستان دەکات لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان.
٤. بەپێی هەلومەرجی پێویست، رووبەڕووبوونەوەی هەر گۆڕانکارییەکی نادروست و ترسناك کە کاریگەریی خراپی بۆ چارەنووسی گەلی کوردستان هەبێت.
٥. بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی جەماوەری کوردستان، بە مەبەستی ئاگاداری و بەشداربوونی کاریگەرانەی لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا.
٦. چەسپاندنی رۆشنایی (شەفافییەت) لەناو بزووتنەوەی سیاسیی کوردستاندا.
٧. روونکردنەوەی دۆزی رەوای گەلەکەمان، بە دیالۆگ لەگەڵ گەلانی جیهاندا.

١. ئاسۆ کەریم
٢.بەکر رەحیم
٣. تاریق کارێزی
٤. حنا عبدالاحد رەفو
٥. حسن سلیڤانی
٦. جەمال عەبدول

٨. جەليل كاكەوەيس

٩. د. دلشاد عەلی

١٠. دلێر محەمەد شەریف

١١. د. مارف عومەر گوڵ

١٢.د.موەفەق دەرگەڵەیی

١٣. ڕێبوار محەمەد حەمە ئەمین

١٤. ڕێبوار یەڵدا

١٥. زیرەك کەمال

١٦. سەمەد ئەحمەد

١٧. سنەوبەر سابیر

١٨. شەماڵ حەوێزی

١٩. شێرکۆ عومەر محەمەد عەلی

٢٠. سەلاح حەمەئەمین

٢١. فەتاح خەلیل زاخۆیی

٢٢. فەرهاد عەونی

٢٣. کاروان عەبدوڵڵا

٢٤. کنێر عەبدوڵڵا

٢٥.م. ئارام عومەر محێدین

٢٦. مەجید ساڵح

٢٧.موحسین قوچان

٢٨. نامیق عەلی قادر

٢٩.هەڤاڵ ئەبوبەکر

٣٠. هەڵکەوت عەبدوڵڵا

## بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی
## سەرۆکی حکومەتی کوردستان

**سلاووڕێز**

بە ئومێدی لەشساغی و سەرکەوتنتانین

**برای بەڕێز**

دەربارەی ئەو کۆبوونەوەی کە رۆژی ٢٠٠٣/١٠/١٧ لەلایەن رۆشنبیرانی کوردستان لە هەولێر ئەنجام درا بەم خاڵانەی خوارەوە بۆ بەڕێزتانی روون دەکەمەوە:

یەکەم: پاش دیداری بەڕێزتان لەگەڵ ئەو کۆمەڵە رۆشنبیرەی کە لە مانگی رابوردوو ئەنجامدرا، کە تێدا دوو جۆرە بۆچوون هەبوو دەربارەی مەسەلەی (ریفراندۆم)، زۆربەی ئامادەبوان بابەتەکەیان بەو ئاقارە شی کردەوە کەوا پێویست دەکات (ئێمەی پارتی) ئەو مەسەلەیە بەهەند هەڵبگرین و لێی دوورەپەرێز نەبین، بەڵکو زەرووڕەت وایە کە پۆزەتیڤانە مامەڵەی لەگەڵ بکەین، ئەوەبوو بەڕێزتان بە ئامادەبووانتان راگەیاند کەوا لیژنەیەك دروست بکەین، بەڵام وەزیر و بریکاری رۆشنبیری تێدانەبێت لەبەر هۆکاری خۆی، بەڵام دەکرێ لە پشت پەردەوە هاوکاریان بکەن و ئێمەش یانی ئەو برایانەی کە لە خوارەوە ناویان هاتووە:

١- ئاسۆکەریم ٢- شەماڵ حەویزی ٣- کاروان عبداللە ٤- زیرەك کەمال ٥- فەهاد عەونی هەڵساین بە پەیوەندی کردن بە کاك (هەڵکەوت عبداللە) کە رۆشنبیرێکی ناسراو و پیاوێکی هێمن و لەسەرخۆیەو لە سلێمانی دادەنیشێ چونکە ئەو پێشووتر هاتە هەولێر و پەیوەندی بە ئێمە یانی بەو برادەرانەی کە لە پێشەوە ناویان هاتووەکرد، لە ئاکامدا رێکەوتین کە کۆبوونەوەیەکی فراوان لە هەولێر ئەنجام بدەین و بریتی بێت لە ئامادەبوونی (١٠) رۆشنبیر لە هەریەك لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك و کەرکوك بۆ تاوتوێ کردنی ئەو بابەتەی کەلە ئارادایە.

دووەم: لەرێگای بەڕێز کاك مەحمود محمد وەزیری رۆشنبیری (١٥) پانزدە هەزار دینارمان وەرگرت کە تەرخان کراوە بۆ میوانداریبەتی ئەو رۆشنبیرانەی کە لە سلێمانی و دهۆك و کەرکووکەوە دێن بۆ هەولێر.

سێیەم: پاش دواخستنی چەند جارێکی کۆبوونەوەکە دواتر رێکەوتین کە رۆژی هەینی رێکەوتی ٢٠٠٣/١٠/١٧ کۆبوونەوەکە ئەنجام بدرێت. ئەوەبوو برادەرانی کەرکوك و سلێمانی رۆژی پێشووتر هاتنە هەولێر و لە هوتێلی (تاوەری هەولێر) میوانداریمان کردن و برادەرانی دهۆکیش سەرلەبەیانی رۆژی ١٠/١٧ لە دهۆکەوە هاتن.

سێیەم: سەعات(١٠)ی سەرلەبەیانی رۆژی ١٠/١٧ بە ئامادەبوونی ٣٠ رۆشنبیر کۆبوونەوە فراوانەکە ئەنجام درا کە ئەم سیمایانەی بەخۆیەوە گرتبوو:-

١- دوور لەگیانی حیزبایەتی تەسك

٢- پەیڕەوکردنی بارودۆخی سیاسی لە کوردستان

٣- رێزگرتن لە راوبۆچوونەکانی یەکتری

٤- خوێندنەوەیەکی بابەتیانەی مەسەلەی (ریفراندۆم). دوو کۆبوونەوە ئەنجام درا یەکەمیان لە سەعات (١٠-٥ر١)نیوەڕۆ و دووەمیان لە سەعات (٥ر٢-٥)ی ئێوارە لە ئاکامدا گەیشتنە بڵاوکردنەوەی ئەو (راگەیاندنە کۆتایی)یەی کە لەگەڵ ئەم نامەیەم بۆ بەرێزتانی دەنێرم.

چوارەم: برایانی هەولێر بریتی بوون لە:

١- حنا عبدالاحد رۆفۆ

٢- رێبوار یلدا

٣- ئاسۆ کەریم

٤- شەماڵ حەوێزی

٥- کاروان عبدالله

٦- زیرەك کەمال

٧- د. رەشاد میران

٨- فەرهاد عەونی

~~٩- شێروان حەیدەری (سەرەڕای تەبلیغ کردنی ئامادەنەبوو)~~

پێنجەم:

لەبرایانی کەرکوك ئەم بەرێزانە ئامادەبوون:

١- جەلیل کاکەوەیس

٢- تاریق کارێزی

٣- سنەوبەر صابر

٤- دلێر حەمە شەریف

٥- د. شێرکۆ بابان (بەهۆی سەفەرکردنەوە لە هەولێر نەبوو)

شەشەم: لە دهۆك تەنیا ئەو دوو برایە ئامادەبوون: (هۆکاری ئامادەنەبوونی برایـانی دیکـە نازانین)

١- حەسەن سلیفانی

٢- موحسن قوچان.

حەوتەم: لە سلێمانی و کەرکوك ئەو بەڕێزانە ئامادەبوون.

١- هەڵکەوت عبداللە

٢- جەمال عەبدول

٣- موەفەق دەرگەڵەیی

٤- سەلاح حەسەن

٥-بەکر رەحیم

٦- کنێر عبداللە

٧- مەجید صالح

٨- د. دڵشاد عەلی

٩- د. مارف عومەر گوڵ

١٠- فەتاح زاخویی

١١- مجید صابر

١٢- حمد احمد

١٣- هەڤاڵ ابوبکر

١٤-ئارام محێدین

١٥- ڕێبوار محمد امین

هەشتەم: وەکو لە راگەیاندنی کۆتایی دا هاتووە مەسەلەکە بەوشـێوەیە کۆتـایی هـات کـە لیژنەیەکی ئامادەکار لە (١٠)کەس دروست بوو بۆ بەدواداچوون و درێژەدان بەکارەکانی کـە پێکهاتووە لەو بەڕێزانە:-

١- هەڵکەوت عبداللە/سلێمانی

٢- ئاسۆ کەریم/هەولێر

٣- زیرەك کەمال/هەولێر

٤- فەتاح زاخویی

٥- عادل حەسەن/دهۆك

٦- خەیری بوزانی/دهۆك

٨- عەباس عبدالرزاق/سلێمانی

٩- بەکر رەحیم/کەرکوك

١٠- صلاح محمد أمین/خانەقین

نۆیەم: بڕیاردرا لە ماوەی ٢٠ رۆژی داهاتوودا لیژنەی شارەکان لە هەولێر، سلێمانی دهۆك، کەرکووك، موسڵ، خانەقین، لە کۆبوونەوەی فراوانی رۆشنبیرانی هەریەك لەوشارانە پێکبهێندرێت، دواتر ئەو لیژنانە لە هەولێر کۆنفرانسێکی گشتی دەبەستین و لیژنەی باڵا هەڵبژێردرێ.

برای بەڕێز

برایانی بەشداربووی هەولێر داوا لە بەڕێزتان دەکەن کەوا موافەقەت بفەرموون کە ئیعازێك بدرێت بە دەزگاکانی راگەیاندن بۆ بڵاوکردنەوەو گرنگی دان بەم مەسەلەیە بە تایبەتی (سەتەلایتی کوردستان و رۆژنامەی خەبات) چونکە برادەرانی سلێمانیش لەلای خۆیانەوە ئەم وەعدەیان داوە.

**لەگەڵ رێزم**

**براتان**

**فەرهاد عەونی**

١٥/١٠/٢٠٠٤

٢٢

پارتی دیموکراتی کوردستان
مەکتەبی سیاسی
مەکتەبی ناوەندیی دیراسات و پێگەیاندنی حزبی

ژمارە: ١٩٨
بەروار: ٢٢/٨/٢٠٠٠

بۆ/ م.س. بەرێز

سلاوێکی شۆڕشگێرانە

بە پێی رێنمـایی بـەرێزتان لیژنـەی تاقیکردنـەوەی وانـەکانی خـولی دوانـزەی پـەیمانگای کـادیران بـەمجۆرەی خوارەوەیە:

١- هەڤاڵ حمید گەردی بەرپرس
٢- هەڤاڵ هیوا گەیلانی
٣- هەڤاڵ دکتۆر ئازاد نەقشبەندی
٤- هەڤاڵ فەرهاد عەونی
٥- هەڤاڵ خەسرەو گۆران
٦- هەڤاڵ دکتۆر سەلام حەسەن
٧- هەڤاڵ علی جوکل

بۆ ئاگاداری بەرێزتان
ئیتر بۆ پێشەوە...

وێنەیەک بۆ/
- دۆسیەی تایبەت.
- هەموو ئەندامانی لیژنە.

م.ن. دیراسات و پێگەیاندنی حزبی

**پارتی دیموکراتی کوردستان**
**مەکتەبی سیاسی**
**مەکتەبی ناوەندی دیراسات وپیگەیاندنی حزب**

ژمارە :
بەروار :

ر النظـــام

بۆ/ هەڤالی بەڕێز کاک [illegible]

لەگەڵ نوسراوماندا پرۆژەی (نظام المكتب المركزي للدراسات والاعداد الحزبي)تان بۆ رەوانە ئەکەین هیواداریین لە لایەن بەرێزتانەوە دەوڵەمەند بکرێت بە بیرورا وتێبینی یەکانتان و لــە ماوەی (٣)رۆژدا بۆمان رەوانە بکەنەوە .
لــــــە گەڵ رێزمـــاندا .

ي الحقـــول
ضاله.

هاوپێچ /
-------
وینەیەك لە پرۆژەکە .

مناسبة لــهم
تدخل ضمـــن
كوردستان او

م.ن.د. پێ گەیاندنی حزبی

**حقوق الاعضاء:**
**يتمتع اعضاء المكتب:**
أ-المتفرغون بكافة الحقوق المادية والحزبية المقررة لاعضاء المكاتب المركزية الاخرى للحزب.
ب-الغير المتفرغين بالحقوق التي يقررها المكتب.

**المادة الخامسة:**
**ميزانية المكتب:**
يقوم المكتب باعداد ميزانية سنوية عند بداية كل سنة تقويمية تتناسب مع خطط وبرامج المكتب لتمويـــل انشطته المختلفة ويعرض على المكتب السياسي للموافقة عليها وله عند الحاجة طلب تخصيــــص مبـــالغ اضافية لتغطية نفقات الانشطة الاضافية التي يقترحها المكتب او التي يكلف بها من قبل قيادة الحزب.

٢٤

**پارتی دیموکراتی کوردستان**

**مەکتەبی سیاسی**

**مەکتەبی ناوەندیی دیراسات و پێگەیاندنی حزبی**

ژمارە: ٢١١

بەروار: ٥/١١/٢٠٠١

هەڤاڵی بەڕێز کاك فەرهاد عەونی

سلاّوێکی شۆڕشگێڕانە

به مەبەستی زیاتر پێشخستن و پەرە پێدانی کار و چالاکی و ئەنجامی بەجێی مەکتەبەکەمان ((م.ن. دیراسات و پێگەیاندنی حزبی)) .. داواکارین لەبارەی جۆری بەرەو پێشبردن و چۆنیەتی گەشەسەندنی کاری مەکتەب بە گشتی و یەکەیەکەی بەشەکانی مەکتەب بە تایبەت کە بریتین لە ((پەیمانگای کادیران، گۆڤاری کادیر، بەشی دیراسات، خولی ڕۆشنبیری لقەکان، بەڕێوەبردن و دارایی)). چ بۆ چوونێکی نوێی و بیر و ڕایەکی تایبەت و پێشنیارێکی بە سوودتان هەیە، لەگەڵ دارشتنی پرۆسەی نوێی هەیکەلی سەرجەم بەڕێوەبردندا، لە ماوەی دوو هەفتەدا بۆمان ڕەوانە بکەن.

هاریکاریتان مایەی شانازیمانە

ئیتر بۆ پێشەوە...

م.ن. دیراسات و پێگەیاندنی حزبی

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە

هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی ..........................

ژمارە: ١/ ٧/ ١٠٣٦
ڕێکەوت: ٢٠٠٩/١٠/١٥
بەداله: ٤٠٢٤

فەرمانی وەزاری

بریار درا بە پێك هێنانی لیژنەیەك لەم بەرێزانەی خوارەوە بۆ سەرپەرشتی و بەرێوەبردنی فیستیڤالی (( هەژار موکریانی )) کە وەزارەتمان پێی ی هەڵدەستێ.

١. بارزان مەلا خالید سەرۆك
٢. شوکر مصطفی ئەندام
٣. فەرهاد عەونی ئەندام
٤. مهدی خۆشناو ئەندام
٥. سەرۆ قادر ئەندام
٦. أمجد أرشد حەویزی ئەندام

محمود محمد محمود
وەزیری رۆشنبیری

وێنەبۆ/
- نوسینگەی وەزیر
- نوسینگەی بریکار
- یەکێتی نووسەرانی کورد } بۆ کاری پێویست لەگەڵ رێزدا
- کۆری زانیاری کورد }
- ب. گشتی رۆشنبیری و هونەر/ بۆ ئاگاداریتان تکایە
- خۆیەتی ـــ ژمێریاری ـــ ووردکاری
- دۆسیەی تایبەت/ لەگەڵ هاو پێچ
- سوڕاو

٢٦

www.kurdistannet.org
2-4-2003 2:52

# فەرهاد عەونی جوان (الجزیرە) ی پێکا. . .

**سیروان بابان / ئەڵمانیا**
baban5@msn.com

سەرلەبەیانی ٢٩. ٠٣. ٠٣ لەهەولێرەوە پەیامنێری کەناڵی الجزیرەی عەرەبی ( وزاح خنفر) دیدارێکی کورتی لەگەڵبەرێزفەرهاد`عەونی نەقیبی رۆژنامەوانانی کوردوستاندا سازکردکەلەوەڵامی ئەوپرسیارەی کەبۆچی کوردەکان گلەیی وسکاڵایان لەدژی کەناڵەکەیان زیاد بووە و بەشێوەیەکی خراپ لەوکەناڵە دەنوارن.

فەرهادعەونی ووتی . لەبەرئەوەی کەناڵەکەتان لەگەڵ دەست پێکردنی ئۆپەراسیۆنی رزگاری عێراقدا بوەتە دەمڕاستی ڕژێمی بەغدا وراستیەکان دەشێوێنێت بەشێوەیەك کە تەنها لە بەررژەوەندی ڕژێمداکاردەکات. . . ئایابۆباس لەوهەموتاوانانەی بەعس ناکەن کەلەدژی میللەتی کورد ئەنجامی داوەبۆلەئاست قوربانیانی گەلی کوردبێدەنگن؟کەناڵی جەزیرەباس لەکیمیایی بارانی هەڵبجە ناکات باس لەئەنفال وکاول کردنی گوندەکانی کوردستان ناکات بۆلەئاست ڕاستیەکاندا بێدەنگەو تەنها لایەنی ڕژێمی عێراقی دەگرێت؟ بەم شێوەیەئەو بەڕێزە وەڵامیدایەوە.

وە لەبەرامبەردا پەیامنێری کەناڵەکە بەڵێنی دا کەلەمەودوابەدڵی ئێوەدەبین کەئەمەخۆی لەخۆیدادانپیانان بوو بەوڕاستیانەی کەکاك فەرهاد باسی کردن.

دیارەگەلی کورد ئەوڕاستیانەباش دەزانێت. . . وەئەوهۆکارانەی ئەوبەڕێزەئاماژەی پێکردن پرسیارن لەمێشکی هەریەکێکماندا کەبوەتەجێگە نیگەرانی سەرجەم هاوڵاتیانی کورد جابۆیەجێی خۆیەتی لەئێستاوە*مەڵمەتێك بەرپابکرێت بۆنارەزایی دەربڕین بەرامبەر*یەو پێشێلکاریانەی

ئەو کەناڵەو زۆربەی کەناڵەعەرەبیەکانی دی کە لەڕاگەیاندنەکانیاندا رۆڵی چەواشەکاری وشێواندنی ڕاستیەکان لەبەرژەوەندی ڕژێمی دیکتاتۆردا دەبینن کەئەمەش زۆر دوورە لەرەوشتی رۆژنامەگەری وڕاگەیاندنەوە. بۆیە لێرەوە منیش ئەم چەندوێنەیە دەکەمە دیاری بۆکەناڵی ناوبراووزۆربەی کەناڵە عەرەبیەکان بەوهیوایەی بزانن کەناتوانن تاسەر بینەرچەواشە بکەن. و گەر ئەوانیش ڕاستیەکان بشارنەوەیان بیشێوێنن ئەوابەری خۆر بەبێژنگی شۆفێنیەکان ناگیرێت وە هەواڵە دروستەکان بەدووی چاوی بینەردا دەگەرێن وچەواشەکاران ڕسوادەبن. . .

ئەی کەناڵە بەڕێزەکان ئەی ئەوانەی دەهۆڵی ئازادی بیروڕادەربڕینتان لێدەدا. . . ئەی ئەوانەی دروشمی کەناڵەکەتان ( الرأی والرأی الاخر) بوو ئایا ئەم وێنانەتان نەدیوە گەردیوتانە بۆلەکەناڵەکەتاندا جێی نەبووەتەوە؟ کوا ئازادی بەرامبەرتان ؟. . . . . .

پەیمانەبێت منیش تابتوانم وێنەی لەم چەشنەتان بۆبنێرم تا دان بەڕاستیەکاندا دەنێن یان هەرنەبێت بێلایەن بن لەڕاگەیندنتاندا. . . .

.

ا زۆرنزیکین لەمەرگی دیکتاتۆرەکەی بەغد لەسایەی ئاشتی وئازادیدا ئارام دەژین کێ دوژمنە؟

ئێمە ئەتانپارێزین. . . . پێویست بەچەك ناکات دوای نەمانی سەدام کێ سەربازێکی بەعسی دی هەستی تۆ بەرەوقوتابخانەدەچیت نەك شەڕ مرۆڤانەی هەبێت . .

گەرڕژێم برسی کردون وائازاددەبن. . . هەموودیکتاتۆرێك ترسنۆکە. . . بەنەمانی سەدام ترسی تۆش تەواو سەدام پلان بۆڕاکردن دادەنێت. . دەبێت. .

*ئەم بابەتەم بەزمانی عەرەبی بەئیمەیل بۆخودی کەناڵی جەزیرەش ناردوە.

٢٧

IFJ FIJ FIP

# الاتحاد الدولي للصحفيين

فرع المشاريع

**لعناية الأستاذ:** **فرحاد عوني**
نقيب صحفيين الكردستان

**الموضوع:**
دعوة للمشاركة في ندوة تتمحور حول **اشكاليات الأمن و التنمية النقابية للصحفيين في العراق** والتي تعقد ما بين **٠٤/١٢/٢١ و ٠٤/١٢/٢٢** بعمان (فندق القدس الدولي)

الأستاذ الفاضل فرحاد عوني المحترم

تحية طيبة و سلام حار من العاصمة البلجيكية بروكسل و بعد،

أتوجه الى حضرتكم الموقرة بدعوة للمشاركة في ندوة ينظمها الاتحاد الدولي للصحفيين خلال الفترة من ٢١-٢٢ ديسمبر/ كانون الأول ٢٠٠٤م و التي ستقام بالعاصمة الأردنية عمان وغايتها ستتجلى في بحث و مناقشة مسائل الأمن و السلامة للصحفيين الذين يمارسون مهنتهم الاخبارية في مناطق النزاعات المسلحة بشكل عام و في العراق بشكل خاص، بالاضافة الى الاطلاع على امكانيات نسج شبكة للتضامن النقابي في الأوساط الاعلامية الدولية و العربية على حد سواء. كما يسعى الاتحاد الدولي للصحفيين من خلال هذه الندوة الى اقامة برامج عملية تجمع كل الأطراف المعنية لتعمل من أجل توفير مناخ أمين و نزيه للزملاء العراقيين قيد عملهم الاعلامي.

و لذلك يطيب لي و باسم الاتحاد الدولي للصحفيين دعوتكم للمشاركة في هذه الفعالية تعزيزا لتعاونكم معنا و حرصنا الشديد على تقديم مساهمة و لو متواضعة في سبيل تفعيل اعلام مستقل وأمين في العراق.

ستعقد الندوة في فندق القدس الدولي بالعاصمة الأردنية عمان و دعوني أحيطكم علما أن كل المصاريف المتعلقة بالسفر و الاقامة سيتحملها الاتحاد الدولي للصحفيين.

أرجو التكريم بابلاغي بمشاركتكم في الندوة في أقرب وقت، سواء عن طريق البريد الالكتروني أو الفاكس.

و لمزيد من المعلومات يمكنكم الاتصال بي مباشرة على رقم الهاتف الآتي
0032 2 235 22 11

و الى الملتقى قريبا في عمان ان شاء الله، تقبلوا منا فائق التقدير والاحترام و أطيب التحيات

حياة زغيش
فرع المشاريع/ العالم العربي و ايران
الاتحاد الدولي للصحفيين
مكتب: 0032 2235 22 11
البريد الالكتوني:
hayet.zeghiche@ifj.org

٢٨

الاعلام من اجل الديمقراطية في العراق
المفاوضات الجماعية
١٥-١٦ كانون الاول ٢٠٠٩
اربيل – العراق

المفاوضات الجماعية، الاتصال بالاعضاء، العلاقات العامة، تهنية اصحاب العمل للمفاوضات، الامور الاخرى.
١٥:٣٠-١٦:٠٠ الاستراحة
تكملة اعمال الجلسة السابقة اعتمادا على عمل الفرق.
اليوم الثاني ١٦ كانون الاول ٢٠٠٩
٩:٣٠-١١:٠٠ الجلسة الخامسة: علم النفس و عملية التفاوض
المتحث: اوفه اوستربك
تقسم الحضور الى اربع مجاميع اعرف نفسك ومقابلك ، الاستعداد للتفاوض مع اصحاب العمل
١١:٠٠-١١:٣٠ استراحة
١١:٣٠-١٣:٠٠ الجلسة الخامسة تكملة الجلسة السابقة
١٣:٠٠-١٤:٠٠ الغداء
النتائج والتخطيط من اجل التقدم
الاعمال التي يمكن القيام بها من قبل النقابة قبل الشروع بالمفاوضات، وضع النقاط
كيف يمكن للفدرالية الدولية للصحفيين المساعدة في هذه الحملة؟

## مؤتمر من أجل مستقبل الصحافة العراقية

### اربيل، 16-18 كانون اول/ديسمبر 2010

**الخميس، 16 كانون اول 2010**

**اليوم الاول: مبادرة الصحافة الاخلاقية والتنظيم الذاتي**

| | |
|---|---|
| 09.30-10.30 | **الافتتاح**<br>**فرهاد عوني**- نقيب صحفيي كردستان<br>**مؤيد اللامي**- نقيب الصحفيين العراقيين<br>**يونس مجاهد** – الكاتب العام للنقابة الوطنية للصحافة المغربية/نائب رئيس الاتحاد الدولي للصحفيين<br>**أرني كونيج**- رئيس اللجنة التوجيهية - الاتحاد الأوروبي للصحفيين<br>**منير زعرور**- منسق الشرق الأوسط والعالم العربي - الاتحاد الدولي للصحفيين |
| 11:00-10:30 | استراحة |
| 13:30-11:00 | **الجلسة الأولى**<br>12.30-11.30 ماهية التحديات الأخلاقية التي تواجهها الصحافة العراقية اليوم؟<br>جنان بولص رئيسة تحرير جريدة بيث عنكاوا<br>متحدث من بغداد<br>**نقاش**<br>13.30-12.30 كيف تساعد النقابات أعضائها للتعامل مع القضايا الاخلاقية المهنية التي يوجهونها اثناء العمل؟<br>يونس مجاهد<br>ارني كونيج<br>متحدث من نقابة صحفيي كردستان (مصطفى صالح كريم نائب رئيس تحرير صحيفة الاتحاد )<br>متحدث من نقابة الصحفيين العراقيين<br><br>ادارة الجلسة: منير زعرور<br>**نقاش** |
| 13:30-14:30 | استراحة الغداء |
| 14:30-17:30 | **الجلسة الثانية**<br>16.30-14.30 هل يمكن لنقابات الصحفيين وحدها التعامل مع التعقيدات الاخلاقية التي تواجهها |

**From:** hacen ouali
**To:** govar2004@yahoo.com
**Date:** Wednesday, January 31, 2007 1:33:56 PM
**Subject:** سلام من
الجزائر

من حسان الامازيغي الى فارهاد الكوردي
صباح الخير صديقي
كنت أتمنى ان نلتقي قبل مغادرتك للجزائر لنقوم بجولة بالعاصمة و تزور
.مقر الجريدة لكن للاسف لم يحصل ذلك. أتمنى ان تكون لنا فرصة اخرى للالتقاء
معرفتي بك كان شرف لي ان اتعرف
على صحفي مناضل و مواطن من الكردستان الحرة و التي اتمنى لها
الستقلال.اتمنى ان تكون زيارتك الى الجزائ مفيدة على الصعيد المهني و الشخصي. لنبقى
.على اتصال

---

Découvrez une nouvelle façon d'obtenir des réponses à toutes vos questions ! Profitez des connaissances, des opinions et des expériences des internautes sur Yahoo! Questions/Réponses.

٣١

KURDISTAN.TV

کوردستان تی ڤی

بەڕێوەبەری گشتی

No: ٣١
Date: ٦/١/2011

**بەڕێز/ کاك فەرهاد عەونی**

**ب/ سوپاسنامە**

سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان دەکەین بۆ ڕۆڵ و بەشداربوونتان لە بەرنامەکانی کوردستان تی ڤی کە بەردەوام هاوکارمان بوونە لە شرۆڤەکردن و شی کردنەوەی ئەو تەوەر و بابەتانەی لە بەرنامە سیاسیەکانی کەناڵەکەمان دەخرێنە ڕوو، بەتایبەتی لە ( تەوەری دەنگوباسەکان و کۆتایی هەفتە و بەرنامەی ئەمڕۆ ). هاوکاری و دڵسۆزی بەڕێزتان لەم بارەیەوە جێگای تەقدیرە.

لەگەڵ ڕێزماندا

کاروان ئاکرەیی
بەڕێوەبەری گشتی

وێنەیەك بۆ/

- هەڵگرتن.

Tel: 2423273 – 2423547
Tel: 00447028644001 - 4002
Tel: 0032484454001 - 4002
Fax: 00448701311642
Email: ktv - info@kurdistantv.net

له /فیدراسیونی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان - نووسینگەی سەرۆك

بۆ/ فەرهاد عەونی- نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان

٢٠١١/١/٢٠

ئازیزم فەرهاد

بەناوی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان، و ١٣٠ سەندیکای ئەندام کە نوێنەرایەتی شەش صەد هەزار رۆژنامەنووس لە سەرتاپای جیهان دەکەن، پیرۆزبایتان ئاراستە دەکەین بە بۆنەی گرێدانی کۆنگرە، داوای لێبوردن دەکەم کە نەمتوانی سەردانی هەولێر بکەم لەم کاتەدا بۆ ئەوەی لەگەڵ ئێوە بەشداری بم لەو بۆنە گرنگە، تکایە اعتزارم قەبوڵ بکەن.

ئاگادارم کە ئەمە دوا کۆنگرەیە بەشداری تێدا دەکەیت، لێرەدا دەمەوێت ئاماژە به کار و ماندووبونتان بکەم کە سالانێکە لە هەوڵی بونیادنانی سەندیکایەکی بە هێز و بەتینی بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان، لەو ساتەی بریارتان دا بەشداری بکەن لە خێزانی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان، من دڵ نیا بووم لە قەوارە و هێزی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بۆ پشتگیری و پێشکەوتنی ئەندامەکانی.

سەرجەم یەکێتیەکانی رۆژنامەنووسان لە سەر تاپای جیهان، رۆڵی رۆژنامەنووسانی کورد بە بەرز و وئیجابی دەنرخێنن بۆ هاوکاری کردنی بەتین و پشتگیری یان لە رۆژنامەنووسان لە ساڵە تاریك و دژوارەکان، کە سەرجەم رۆژنامەنووسان لە ئێراق بوو بوون بە ئامانجی بکوژانی دڵ رەق، کە لە ئاکامدا چەندین میدیاکار گیانیان لە دەست دا ئەمەش لە مێژووی نوێدا بێ وێنە یە.

ئێوە هەردەم بە گیانێکی بوێر ونەترس رەفتار و بەرەنگاری ئەو هەرەشە و گەف و هێرشانەتان کردوە کە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دووجاری هاتووە، لەگەڵ ئەو هێرشانەی دەرهەق بە میدیای ئازاد کراوە، هەروەها هەوڵی بەرچاوتان هەیە لە بونیاد نانی هەڵمەتی بەرگریکردن لە سەلامەتی و دابین کردنی مافە کۆمەڵایەتی یەکانی ئەندامەکانتان، لە راستی مایەی شەرەفە بۆمن کە لە گەڵ تۆ کارم کردووە.

من دڵنیام کە بەشداری و رۆڵی ئێوە لە مێژووی سەندیکاکەتان بەرچاوە و ئاماژەی پێدەکرێت، من دەتوانم دووپاتی ئەوە بکەمەو کە بەردەوام دەبین شان بە شان لەگەڵ سەندیکاکەتان لە تێکۆشانی لە پێناو ئاشتی، لێبوردەی، و رەخساندنی کەلتوری میدیای دیموکراسی لە ولاًتەکەتان.

تکایە رێزی تایبەتم و هیوای سەرکەوتن بگەینە سەرجەم رۆژنامەنووسانی کۆنگرەکەتان.

جیم بومیلا

سەرۆک

***International Federation of Journalists***
***From the President***

Farhad Awni
General Secretary
Kurdistan Journalists' Union

20 January 2011

Dear Farhad,

Congratulations on behalf of the International Federation of Journalists and our 130 member unions representing 600,000 journalists around the world, on the occasion of your Congress. Please accept my apologies for not being able to travel to Erbil to be with you on this important occasion.

I am well aware that this is your last Congress and I want to pay tribute to the enormous work you have done over the years to build the KUJ into a force to be reckoned with. From the time you decided to join the international family journalist, I had no doubt about the capacity of the KUJ to defend and advance its members.

Unions of journalists all over the world are grateful to all Kurdish journalists for the solidarity and compassion they have shown during the dark years where journalists everywhere in Iraq were targeted by ruthless killers in a conflict that has claimed more media lives than any other in modern history.

You have shown an indomitable spirit in standing up against the intimidations, threats, targeting of Kurdish journalists and attacks against press freedom, and in building the tremendous campaigns do defend the safety and social rights of your members. I am truly honoured to have worked with you.

I'm sure that your remarkable personal contribution will be inscribed in the history of your union. I can assure you that we will continue to stand shoulder to shoulder with your union in its fight for peace, tolerance and the creation of a democratic media culture in your country

Please convey my personal greetings and good wishes to all the journalists at your Congress.

Yours in solidarity

JIM BOUMELHA
President

٣٤

IRAQI KURDISTAN REGION

KURDISTAN PARLIAMENTARIANS UNION

K.P.U

هەرێمی کوردستان – عێراق

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

اتحاد برلمانیي کوردستان

بۆردی مافی چارەنووس

ژمارە : ١٥١

بەروار : ١١ / ١١ / ٢٠١٤

## بڕیاری کۆبوونەوەی بۆردی مافی چارەنووس

پاڵپشت بە ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆنفراسی مافی چارەنووسی کوردستان/عێراق کە لە ڕۆژی ٢٠١٤/٦/٧ لە شاری هەولێر ئەنجام درابوو دوابەدوای فەرمانمان ژمارە ١٢٧ لە ٢٠١١/٧/٢١ کە تایبەتە بە پێکهێنانی لێژنەی مافی چارەنووس و لەسەر بڕیاری کۆبوونەوەی بۆرد ڕۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٧ ڕێکخستنی کارەکانی بۆرد لەم بەڕێزانەی خوارەوە پێك دێت :-

**یەکەم:**

| | |
|---|---|
| ١. نعمت عبدالله پیرداود | سکرتێری بۆرد |
| ٢. شێخ سالار محمد حسن الحفید | ئەندام |
| ٣. فەرهاد عەونی حبیب | ئەندام |
| ٤. مسعود عبدالخالق حمدامین | ئەندام |
| ٥. خلیل ابراهیم محمد | ئەندام |
| ٦. نجاة یاسین النجار | ئەندام-بەرپرسی دارایی |
| ٧. د. عبدالباری مجید المدرس | ئەندام |
| ٨. عبدالرحمان صدیق | ئەندام |
| ٩. د. حسن المفتی | ئەندام |
| ١٠. د. خامۆش عمر | ئەندام |

**دووەم :**

دیاریکردنی ئەم بەڕێزانەی خوارەوە بە ڕاوێژکار لە بۆرد :-

١. د. جبار قادر

٢. د. موسی کڤال

٣. د. دلاوەر علاءالدین

**سێیەم :**

**سکرتاریەی بۆرد لەم بەڕێزانە پێك دێت :-**

١. نعمت عبدالله پیرداود

٢. عبدالرحمان صدیق

٣. د. عبدالباری مجید المدرس

**چوارەم :**

**لێژنەكان بەم شێوەیە رێك دەخرێت :-**

**١. لێژنەی پەیوەندیەكانی ناوخۆ :**

أ- بەڕێز خلیل ابراهیم

ب- بەڕێز د. حسن المفتی

ج- بەڕێز د. خامۆش عمر

**٢. لێژنەی پەیوەندیەكانی دەرەوە :**

أ- بەڕێز شێخ سالار محمد حسن الحفید

ب- بەڕێز عبدالباری مجید المدرس

ج- بەڕێز نعمت عبدالله پیرداود

**٣. لێژنەی راگەیاندن و هەماهەنگی :**

أ- بەڕێز فەرهاد عەونی حبیب

ب- بەڕێز مسعود عبدالخالق حمدامین

ج- بەڕێز د. خامۆش عمر

**پێنجەم :**

**ناوی بۆرد**

بۆردی مافی چارەنووسی كوردستان/ عێراق

**لەگەڵ رێزدا .**

**نعمت عبدالله**

**سەرۆكی یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان**

**سكرتێری بۆرد**

**وێنەیەك بۆ**

- **دەستەی بالأی یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان بۆ ئاگادریتان/ لەگەڵ رێزدا .**
- **كارگێری/ بۆ كردنەوەی دۆسیەی تایبەت بە بۆردی ناوبراو .**
- **دارایی/ بۆ كاروباری پێویست سەبارەت بەوەی كە بۆرد بەشێكە لە ئامانج و كاروباری یەكێتیەكەمان .**
- **دەزگای ستاندەر/ بۆ زانین لەگەڵ رێزدا .**
- **بەڕێزان/ بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ رێزدا .**
- **دۆسیەی بۆرد .**

E-mail:kpu_kurdistan@yahoo.com www.kurdpu.org

محمد : ٢٠١٤/١١/١١

**Kurdistan Democratic Party**
**KDP – IRAN**

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**

بەڕێز:

ماموستا فەرهاد عەونی

دەگەڵ ڕیزو سڵاو

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەرنامەیدایە لە نیوەی دووەمی ژانویەی ٢٠١٦دا شازدەهەمین کۆنگرەی ئاسایی خۆی بەڕێوە بەرێ. دەزانین کە ئەم کۆنگرەیە لە یەکێک لە ناسکترینو پڕکارەساتترین قۆناغەکانی مێژووی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا دەگیرێو بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئاڵوگۆڕە پێشبینیکراوو پێشبینینەکراوەکانی کوردستانو ئێرانو ناوچەکە دەبێ بەرنامە بۆ کارو تێکۆشانی چوار ساڵی ئایندەی حیزبەکەمان دابنێ.


بۆیە کۆنگرەکەمان پێویستیی بە تێبینیو ڕێنوێنییەکانی ئێوەو هەموو دۆستانی حیزب و پشتیوانانی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان هەیە تابتوانێ بە بەرچاوڕوونیو واقیعبینییەوە بەرنامە بۆ دوارۆژی خەباتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دابڕێژێ. هیوادارین لەئێستاوە تا ٢٥ی ژانویەی ٢٠١٦ ڕێنوێنیو تێبینییەکانی ئێوەمان بەدەست بگا.

تکایە پەیامی خۆتان بە ئادرەسی دەفتەری سیاسیو نوێنەرایەتییەکانی حیزب لە وڵاتانی جۆراوجۆردا یان بە ئادرەسمایلی خوارەوە بۆ ئێمە ڕەوانە بکەن.

Email: kdpsecretariat@gmail.com

دەفتەری سیاسی
حیزبی دێموکڕاتی کوردستان
٢٠١٦/١/١٤

**Secretariat Of Kurdistan Democratic Party KDP –IRAN**
Email: kdpsecretariat@gmail.com Tel: 009647710232544, 009647503159064


ژمارە
40
ک.دووەم 2016
کەکۆن
KAKON MAGAZINE
هەڵیکەی بەیرەقی کوردی لە دەوران
لە مابەینی کەکۆن و هەیبە سوڵتان
شەش کوچکەکەی کۆیە و فەرهاد عەونی
خۆشکە فریشتە و مامۆستا جەواد حەمەد بەگ.. ماڵئاواییان لێ کردین
جەلیل گادانی « کۆیەم چۆن ناسی؟»
خەڵاتەکەی فازیل شەورۆ لە (١٩)مین فێستیڤاڵی گەلاوێژ
گوندی حاجی قەڵا

# خرچان



ڕەهبەر سەید برایم

# شەش کوچکەی کۆیەو فەرهاد عەونی

گەر سلێمانی بە نالی و سالم و کوردی، سێ کوچکەی بابان بێ، لە ئاسمانی ئەدەبی کوردی وەك مانگی تابان بێ، گەر دەشتی هەولێر، کانگاو جەرگەی گەنجینەی حەیران بێ، لاوك هەڵقوڵاوی کوورەی دەروونی ئێزیدیان بێ، هۆرە و سیاچەمانە لە هەورامان بێ، ئەوە کۆیە ئەو شارە گچکەیە، پێچکەی لەسەر شەش کوچکەیە، بەبێ پێدا هەڵگوتن و زیادەڕۆیی . کوچکەی ئەدەبی شیعری نیشتمانی حەزرەتی حاجی قادری کۆیی، خۆی حەزرەتی حاجی بۆتە کوچکەی هەوێنی بیری نیشتمانی و کوردایەتی، بە بەردی بناغەی دامەزراندن و بیری ڕامیاری و هەستی نەتەوایەتی، ئەوجا کوچکەی زانست و زانیاری و فەلسەفە و خوێندن لەو سەردەم و دەورە، بناغەیان بنەماڵەی جەلیزادەیە، بەکاکی جەلی و مەلا عەبدوڵلای جەلی زادە و مەلای گەورە، حەزرەتی نالی و کەیفی جوانڕۆیی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و قانع و مەلا محەمەدی چروستانی و مەلا مستەفای سەفوەت و شێخ تەهای ڕەهبەرو زانای مەزن د.مستەفا زەڵمی و مەلا محەمەدی شێروانی و مەلا عەبدولحەمید عەسکەر و مەلا محەمەدی نورو جگە لە ڕاجی و عاسی و مەلا مەعسوم و دلاوەر و مەلا خدری هەورامی .... تاد،

لەزانکۆی حوجرەی فەقێیان لە کۆیە خوێندوویانە، ئوستانەی ئەرجومەندی، کۆیە مەڵبەندی هۆشمەندی، دووربینی و بیر قووڵی و ڕەهەندی، زانایی مەسعود محەمەدی،

**تاجی شانازی و بەرزە قەڵامان**
**ئەساسیان دانا حاجی و مەلامان**
**لەکۆیە فێربوون خەبات بێ درێخ**
**شاگردی حاجین قازی و مەلا و شێخ**
**پارت و ڕێکخراوی بیری داهێنا**
**کوردی بەگیانی باوەڕ ڕاهێنا**


کوچکەی ئاوازی ڕەسەنی کوردی لەمەشخەڵانی سرود و مقامات و بواری هونەر، ئوستاد و شارەزا و مەقامزان ئەمین ئاغای ئەختەر، گۆرانی و ئاوازی گەیاندە لوتکە، مایەی شانازییە چونکە:

**شلە و خانانی ئەمیناغەیە**
**حاجی بەکراغا بەردی بناغەیە**
**یانەی ئەدەبی قاسد و ئەختەر**
**پڕ نەشئەی نەشئەت دیوەخانی تەڕ**
**سلاو لە کاکی پێشمەرگەوسەنگەر**
**من کە ڕۆڵەی کورد وجۆشی (ئاسنگەر)**
**مارش و سرودی سیاسی و کوردی**
**ئەی شەهیدانی عەونی یان وردی**
**پێشمەرگەین (دلێر) ئەی ڕەقیب (دڵدار)**
**(سامی) قەلبی من کارگەرین (دڵزار)**

پێچکەی کوچکەی پێنجەم خانەدانی و مێوان نەوازی، دەروازەی کراوەبوو بۆ ڕێز و پێشوازی، بەخشندەی وەك حەماغای گەورە، تاك و دەگمەن بووە لەو دەورە، نموونەی نەبووە لە خانەدانی!

**(کەسێ کەدانێ پیاوە وەك حەماغا**
**لەبۆ ئەبنایی جینسی نان و خوانی**
**موسافیر پەروەر و یاری غەریبێ**
**ئەوانن وا لەهەر عەیبێ بەری بن)**
**ئاغامان ناودار لەخانەی مەردان**
**حەماغای کۆیە گەورە و خانەدان**

کوچکەی شەشەم بواری ڕۆژنامەوانیی، حەزرەتی حاجی قەڵەمدانی کالانی، بایەخی بەبواری ڕۆژنامەوانی داوە، چوار جار لە شیعرەکانی ناوی جەریدە و ڕۆژنامەی هێناوە، بەر لە دەرچوونی یەکەم



**له ڕاستەوە، بەڕێزان: عەبدوڵڵای حەسەنزادە، جەلیل گادانی، فەرهاد عەونی، سەلاح ڕەواندوزی، حوسین حاجی قادر، حوسێن کاکە، عەبدوڵڵا زەنگەنە، ڕەهبەر سەید برایم، چاپووك سەید عومەر، ئۆمێد تۆفیق**

ڕۆژنامەی کوردستان، لە شیعری خاکی جەزیرە و بۆتان، یەعنی وڵاتی کوردان

**سەد قائیمە و قەسیدە کەس نایکڕێ بە پوولێ**
**ڕۆژنـامـەو جەریـــدە کەوتۆتە قیمـەت و شان**

حەزرەتی حاجی خۆی سێ کوچکەیە لە ئەدەب و ڕامیاری و ڕۆژنامەوانی، گەر لێی بکۆڵدرێتەوە ڕۆبچینە بنج و بنەوانی، هۆ و هەوێن بووە لە کوردستان بەگشتی، لە کۆیە بەتایبەتی، شاگردی زۆرن، وەجاخی ڕوونە لەبواری ڕۆژنامەوانی و بیری نەتەوایەتی، ماڵێك لە کۆیە هەتابن ساپیتە و دیوار، هەڵچنرابوو بە کاغەز و دەستنووس و پەڕە شیعرو کتێب و ڕۆژنامەو گۆڤار، لەتاق و ڕەفتە و دۆڵابی کتێبی تێدا هەڵچنی بوو، ئەو ماڵە ماڵی عوسمان عەونی بوو، ساڵی ١٩٣٣ بەتەمەنی ١٨ ساڵی شیعرێکی بۆ گۆڤاری خاوەنی هاوار داناوە، تەخمیسی شیعرێکی مامەند کەرکوکی کـردووە، بەسەر میر جەلادەت بەگیان هەڵداوە، پڕە لە ستایش و پیاهەڵدان، لەسەر بنەماڵەی بەرزی بەدرخانیەکان،

**لە میرتان تاکو ئێستا کە دەگاتە پیر و پاشاتان،**
**نیە مامەندی ئەم شاهەفیدای بن سـەروەت و جاتان،**
**سەلاحەدین کەدونیای گرت ئەمەش بورهانی حاشاتان**
**لەناو تەئریخی میللەت قارەمان جەدی ئـەعلاتان**
**ئەوەنـدە مەشـــهورو مەعـلومە نیـە حاجەت بە ئیعلانی**
**کە کوردستان چیاکانی هـەمـووی ئاسـاری سـاسـانە،**
**وەکو مەعلوم و مەشـــهورە ئەوەش گۆڕێـکی کـوردانە**
**بەڵێ کـــورد زۆر قەدیمـــە ســـاحێبی مەردانی مەیـدانە،**
**ســـەلاحەدین و حـــاجی قادر و شــــیخ ئەحمەدی خانی**

*********

عەونی قوتابی خوێندنگەی حەزرەتی حاجی و خانی یە، فەرهاد کوڕی ئەو بابەیە و هەڵقوڵاوی ئەوسەرچاوە و کانی یە، فەرهاد عەونی لە ژینگە و کـەش و هەوایەکی ئـەدەبـی و نیشتمانی و ڕۆژنامەوانی گۆشکراوە، بۆیە بۆتە ئەو کەسایەتی یەو ئەو زات و مرۆڤـ و پیاوە، ساڵی١٩٥٧ هاتوچۆی کتێبخانەی گشتی کۆیەی کردووە، ئەودەم، مامۆستا زەکی هەناری بەڕێوەبەر بووە، کتێبخانەی گشتی کۆیە گەڕاوە و پشکنیوە، یەکەم جار گۆڤاری (پەیام) ی لـەوێ بینیوە، لەگۆڤاری پەیام لە سەفارەتی ئەمریکا لە بەغدا دەرچووە، بەکر دلێری نەمر ڕۆڵی بنچینەیی لەو گۆڤارە هەبووە، ئێستاش ژمارەکانی گۆڤاری پەیام مـاوە، لە کتێبخانەی گشتی کۆیە پارێزراوە، فەرهاد عەونی لەماڵی باوکی و کتێبخانەی گشتی کۆیە ئاشناو ئەشقی خوێندنەوە بووە، ئەوجا بەشیعرو نوسین دەستی پێکردووە، لە پەخشنامەی دیوار و هەفتەنامەی (پێشکەوتن) شیعر و نوسینی بڵاوکردۆتەوە، هەوڵی داوە بە هیمەت و کۆشش، یەکەم بابەتی نوسیوە دەربـارەی سودی وەرزش، شیعرێکی بە ١٣ ساڵی بڵاوکردۆتەوە، وردی نەمر کورتە پێشەکی یەکی بۆ نوسیوە، چونکە لەنزیکەوە

ئه ژداد و ئابادی ناسیوه، پێشه کییەکی دارشتوه به و جۆره : (ئه و شعره ی خوارەوه هی کاك فه رهاد عەونیه که تەمەنی ١٣ ساڵانه، بەڵێ کورد، بلیمەتی زۆره، ! شعرەکه بەناوی خاکی کوردستانه :

**خاکی کوردستان دیمەنی جوانه**
**لوتکه ی شاخانی روو لەئاسمانه**
**هەوارگەی خۆش و هەوای خاوێنه**
**دەڵێ ی به هەشتی پاکی یه زدانه**
**هەرد و بەراوی تا بڵێی زۆره**
**تا چاو بڕ ئەکا خەڵه و خەرمانه**
**نابێ زۆر دار و بیگانه ی خونخوار**
**له مەولا بیخوا ئەم گشت سامانه**
**کورد پاسی ئەکا نیشتمانی خۆی**
**هەر یەکێ لەوان شێری مەیدانه**
**ئەڵێن فەرهادی، ئه ی کوا شیرینت؟**
**ئەڵێم شیرینم خاکی کوردانه**
**ڕۆژی ئازادی سەری دەر هێنا**
**ئەگەین به ئاوات هەر به م زووانه**

شیعرێکی جوانه، سەیره فەرهاد عەونی ڕۆژنامەوان و ڕەوشەنبیر، خووی نەداوەته شیعرو خۆی نەکردۆته شاعیر، قوتابی پۆلی یەکەمی ناوەندی کۆیه بووه، له نامیلکەی یەکێتی قوتابیان شیعرێکی بڵاوکردۆتەوه و بەناوی (کۆتری ئاشتی)، چونکه بەهرەو سرۆشانی شیعری تێدابووه بەسرووشتی،

**ئەی کۆتری ئاشتی باڵندەی جوان**
**تۆی هیوای گەلان، لابەری پەستی**
**گەرچی بچووکی، نەرم و نیانی**
**خۆشی ژیانی، زۆر ئێسك سووکی**
**گەلان له دواتن، هەر دەتپارێزن**
**راستی ئەبێژن، شووره و قەڵاتن**
**گەلان بەیەك دەنگ، هاتوونه مەیدان**
**بۆ ئاشتی جیهان، بۆ دووربوونی جەنگ**
**بۆ ئاشتی جیهان بۆ دووربوونی جەنگ**

هەر له هەفتەنامەی (پێشکەوتن) شیعرێکی بەناوی (کوردم) بڵاوکردۆتەوه دژ به دوژمن، ساڵی ١٩٦٠ به چوارده ساڵی بۆته پاڵێوراوی حزبی شوعی بەکاریگەری ئەحمەد دڵزاری، سەرسام بووه به شیعر و بیروباوەرو زانیاری و رەفتاری، ساڵی ١٩٦٣ دەبێ به پارتی دیموکراتی کوردستان، دەبێ به نوسەر لەدادگای باڵای شۆڕش، لەساڵی (١٩٦٤) ەوه له ریزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کاری کردووه، له دواناوەندی کۆیەو له زانکۆی بەغدا لەکۆلیژی ئابووری و سیاسی یەکان ریزی قوتابیانیان بەرەو پێشەوه بردووه، ساڵی ١٩٧٠ به سکرتێری گشتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەڵبژێردراوه، پاشان بەڕێوەبەری گشتی کاروباری لاوانی پێ سپێردراوه، سەرەنجام له یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنی ڕۆژنامەنوسانی کوردستان وەك نەقیبی ڕۆژنامەنوسان ناسێندراوه، چونکه شارەزاو لێزان و لێ هاتوو بووه له بواری ڕۆژنامەوانی، ئەزموون و زەمینەی لەباری هەبووه پێ ی دەکرا و دەیتوانی، (لەساڵی١٩٦٢ کاری ڕۆژنامەگەری کردووه، خاوەن ئیمتیازو سەرنوسەر و بەرپرسی راگەیاندن بووه، هەر لەته ئاخی و برایەتی و صحفی و خەبات و ڕۆژنامەڤانی و ڕۆژنامەنوس وکوردستان یوم و ژینۆ و خەباتی قوتابیان و ....بەراستی شاگردی حاجی قادری کۆیی و ڕۆڵەی بەدرخان بووه، ڕۆڵی بنچینەی بینیوه، تا پرۆژەی یاسایی ڕۆژنامەگەری له پەرلەمانی کوردستان کەدەرچووه، وەك ڕۆژنامەوانێکی گەوره ڕۆڵی بینیوه، ئیتیکی ڕۆژنامەنووسی به زانستی و ئەکادیمی زانیوه، هێمن و میانرەو، بیرو باوەڕی پتەو، بەکوردایەتی، بەنەتەوایەتی، له ڕاستیدا فەرهاد عەونی، ئاوات و هیواو خەونی، یەکرێزی نیشتمانی بووه، ئەوه قەناعەت و ویژدانی بووه، بەلایەن پارتی و بارزانی بووه، کاری رامیاری و ڕۆژنامەوانی بووه، به قوڵینگی خامه، بەعەشقی ڕۆژنامه، وشەی پێ شیرین بووه، کێو هەڵکەنی زەمان و فەرهادی دڵ برین بووه، تەماشای ئەو شیعرەی عەونی باوکی بکەن که بۆ خۆشەویستی و یاده :

حەکایەتی من و یارم وەك شیرین و فەرهاده!

((ئەم بابەته له ١٥ ی کانونی یەکەمی ٢٠١٥ له سیمیناری (ئەزمونی ڕۆژنامەوانی فەرهاد عەونی) له کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی خوێندرایەوه.))


سەرچاوه :

- سێ کوچکەی ئەدەب و هونەرو سیاسەت بیرۆکەی مامۆستا مودریك ژاڵی یه.
- دیوانی حاجی قادری کۆیی .
- دیوانی عەونی .
- ئەزموونی ڕۆژنامەنوسیم (فەرهاد عەونی).

لیستی ناوەکانی خاوەن داوای ( مۆڵەتی کردنەوەی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان )

| زنجیرە | نـــاو | شوێن و ساڵی لەدایکبون | پیشـــە | ناونیشـــان | مـۆر |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ــ | جمال عبدول محمد | سلێمانی ١٩٣٩ | مامۆستای ئامادەیی | سلێمانی | |
| ٢ــ | د. دارا محمد أمین جاف | سلێمانی ١٩٥٢ | مامۆستای زانکۆ | هەولێر | |
| ٣ــ | نوری حسن محمد | ١٩٥٣ | مامۆستای ئامادەیی | | |
| ٤ــ | فارس عبد الله حسو | ١٩٤٦ | مامۆستای ئامادەیی | | |
| ٥ــ | فلاح حسن سیلی | ١٩٦٨ | پارێزەر | | |
| ٦ــ | محمد عزیز اسماعیل | ١٩٤٩ | پارێزەر | | |
| ٧ــ | نوال احمد محمود | ١٩٦٥ | پارێزەر | | |
| ٨ــ | د. عونی فتاح عبد الرزاق عقراوی | ١٩٤٦ | مامۆستای زانکۆ | | |
| ٩ــ | احمد علي احمد | ١٩٣٠ | کاسب | | |
| ١٠ | فرهاد عونی حبیب | ١٩٤٦ | ڕۆژنامەنووس | هەولێر | |
| ١١ | رؤوف رشید عبد الرحمن | سلێمانی ١٩٤١ | پارێزەر | سلێمانی | |
| ١٢ | جمال صالح عبد الرحمن | ١٩٤٦ | پزیشکی پسپۆڕی | سلێمانی | |
| ١٣ | کاوس عزیز فرج | | مامۆستای زانکۆ | | |
| ١٤ | حمه صالح حمه أمین | سلێمانی ١٩٤٣ | مامۆستای ئامادەیی | سلێمانی | |
| ١٥ | د. فوئاد احمد بابان | هەڵەبجە [illegible] | پزیشکی پسپۆڕی | سلێمانی | |
| ١٦ | مصطفی صفوت رشید صدقی | سلێمانی ١٩٤٠ | پارێزەر | سلێمانی | |
| ١٧ | هوشیار طاهر بابان | سلێمانی ١٩٣٨ | ئەندازیار | سلێمانی | |
| ١٨ | پەری مصطفی خوشناو | سلێمانی [illegible] | [illegible] | سلێمانی | |
| ١٩ | فاطمه احمد عثمان | سلێمانی ١٩٥٧ | توێژیاری کۆمەڵایەتی | سلێمانی | |
| ٢٠ | شەونم محمد غریب | سلێمانی ١٩٥٥ | ئەندازیار | سلێمانی | |


٤٢


| زنجیره | نـــاو | شوێن وساڵی لەدایک بوون | پیشـە | ناونیشان | مــۆر |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢١ | ئەبـە ز مجید امین | | قوتابی دکتۆرا | | |
| ٢٢ | د٠ ادریس هادی صالح | هەولیر ١٩٥٢ | مامۆستای زانکۆ | هەولیر | |
| ٢٣ | عبد الخالق محمد زەنگەنە | کرکوك/ ١٩٤١ | ئەندامی پەرلەمان | هەولیر | |
| ٢٤ | حسـین عـارف | سلیمانی ١٩٣٦ | پاریزەر ( ئەندامی پەرلەمان ) ( ئەندامی پەرلەمان ) | سلیمانی | |
| ٢٥ | د٠ ناجی محمد علی | | مامۆستای زانکۆ | | |
| ٢٦ | رشاد محمد بالتـە | | پسپۆری کشتوکاڵ | | |
| ٢٧ | عیدو بابا شـیخ | | پاریـزەر (ئەندامی پەرلەمان ) | | |
| ٢٨ | کمـال غـەمبـار | کۆیە ١٩٢٢ | رۆژنـامە نووس | هەولیر/ شۆڕش | |
| ٢٩ | فائق رشید احمد | سلیمانی ١٩٤٢ | پاریـزەر | گەڕەکی بەختیاری | |
| ٣٠ | عبد الحمید فلامـرز | خانەقین ١٩٤١ | پزیشـك | هەولیر | |
| ٣١ | دیار حسن محمد | سلیمانی ١٩٥٧ | یاریدەدەری عەمیدی ئامۆژگای تکنولوجی سلێمانی | مامۆستایان | |
| ٣٢ | نجم الدین رشید قادر | سلیمانی ١٩٤٠ | بازرگان | سلیمانی | |
| ٣٣ | علی محمد عبدالله | سلیمانی ١٩٤٢ | بەڕیوەبەری بانك | سلیمانی/ شۆڕش | |
| ٣٤ | عبدالله کریم میرزا | سلیمانی ١٩٢٤ | امامی مزگەوت | سلیمانی سلیمانی | |
| ٣٥ | ندیم داود علکە | سلیمانی - ١٩٤٤ | زمیاریاری بانکی پیشەسازی | ٣٣/ چنار | |
| ٣٦ـ | یوسـف رحیم رشـید | هـەولیر ـ ١٩٦٢ | باریزەر | هـەولیـر | |
| ٣٧ـ | خـوشیمان طاهر محمود | هەولیر ـ ١٩٥٩ | ماموستا | هـەولیـر | |
| ٣٨ـ | عمـر شیـخ اللـه | هـەولیرـ ١٩٤١ | ماموستا | هـەولیـر | |
| ٣٩ـ | شـیرین فرهاد شاکر | هـەولیرـ ١٩٦٨ | فـەرمانبـەر | هـەولیـر | |
| ٤٠ـ | اسـو عبداللـه | کرکوك ـ ١٩٦٧ | بزیشـك | هـەولیـر | |
| ٤١ـ | هیوا فاریق حسـن | هـەولیرـ ١٩٦٢ | باریزەر | هـەولیر | |
| ٤٢ـ | سـعید اسماعیل مصـطفی | هـەولیرـ ١٩٦٠ | باریزەر | هـەولیـر | |


KHRO
١٩٩٢
کۆنگرەی دووەمی ڕێکخراوی
مافی مرۆڤ لە کوردستان
٩٩٣/٢/١٥ ـ ٩٩٣/٢/١٨
سلێمانی


ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان
(K. H. R. O.)
ناو : فرهاد عثمان عونی
ساڵی لە دایک بوون : ١٩٤٦ کویە
ژمارەی پێناس : (( ١٤٨ ))
مێژووی پێناس : ٢٨ /٦ /٩٩٢
سکرتێری ڕێکخراو
د ٠ محمد علی عبدالله

٤٤


پارتی دیموکراتی کوردستان
ناو:
ژمارە:
٥٨٩
ناونیشان:
11
کۆنگرەی
یەکگرتن


ئاشتی ئازادی دیموکراتی
K.D.P
کۆنگرەی 12
ناو :
لە دایک بووی :
١٩٤٦
حەوزەی :
ژمارە :
١٢٢٨
رێکەوتی :
١٩٩٩/١٠/٦

٤٥

**دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی گوڵان**

**گۆڤاری ڕامان**

ژمارە:

بەروار: /٨/٢٠٠٠

بەڕێز/ فەرهاد عەونی
نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

بەناوی گۆڤاری (ڕامان)ەوە، بە گەرمی سوپاسی ئەو هاوکارییە دڵسۆزەتان دەکەین کە لە ڕۆژانی بەڕێوەچوونی سیمیناری گۆڤارەکەماندا، لە سەرۆکایەتی و بەڕێوەبردنی کۆڕەکاندا نواندتان. هیوادارین وێنەتان زۆربێ و..
دووبارە سوپاسێکی گەرم.. هەربژین

وێنەیەک بۆ/
دۆسیەی تایبەت

**سەرۆ قادر**
**بەڕیرسی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی گوڵان**

٤٦

**مؤتمر المثقفين العراقيين**

**من اجل الديمقراطية والمجتمع المدني**

**لندن ٢٠-٢١-٢٢ ديسمبر ٢٠٠٢**

السيد فرهاد عوني نقيب صحفيي كردستان

يسر نا توجيه الدعوة اليكم لحضور افتتاح مؤتمر المثقفين العراقيين من اجل الديمقراطية والمجتمع المدني الذي يعقد في لندن ايام ٢٠،٢١،٢٢ كانون الأول / ديسمبر ٢٠٠٢ .

سيكون الافتتاح في الساعة (18.30) السادسة والنصف مساء على العنوان التالي:

Ealing Town Hall

New Broadway , Ealing.London W5 2BY

يوم الجمعة ٢٠/١٢

اللجنة التنظيمية

للاتصال Tel& Fax 0207 5654484

٤٧

## نزار

# تەشریفات..
# موزەکەرات!

بیرەوەرییەکانی کاک فەرهاد عەونی لەسەر ژیانی رۆژنامەوانیی خۆی بە هەستێکی پاکو دۆستانە نووسراوە. تەنانەت لەو کاتانەی باسی دژواری ناخۆشییەکانی شەڕی ناوخۆی کوردستانیش دەکات. چەند لەگەڵی نەبینو بیرەوەرییەکانی بە بیرەوەری بەرەی بەرامبەری رۆژگاری شەڕ بزانین ناتوانین رێز لە گێڕانەوەکانی نەگرین، ئەوەشی لە گێڕانەوەی کاک فەرهاد ناڕازییە دەتوانێ خۆشی بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوەو حوکمی کۆتایی بۆ مێژوو بەجێبێڵێت.

بەڵام ئەوەی لە بیرەوەرییەکانی کاک فەرهاد سەرنجی منی راکێشا موعاناتی هاوبەشی هەموو میدیای حزبییە بە دەستی هەواڵو نووسینو راپۆرتی تەشریفاتییەوە. رێک وەک ئەوەی لای خۆمانو لای خۆتانو لای خۆیان وایە، خەبەری تەشریفاتی رۆژنامەو کەناڵی میدیای حزبی دادەڕزێنێو تەنانەت ئەرکی حزبیانەی رۆژنامە حزبییەکەش پەک دەخات، چ جای ئەرکی رۆژنامەوانیش.

تومەز دەردەکە هاوبەشەو کەلتوورەکە هی کوردە حەیاتەکەیە جا حزبەکەمان هەر رێبازێکی هەبێ. ئەوەی لە کتێبەکەی کاک فەرهاد دەیخوێنیتەوە لەسەر گلەییو گازەندەی مەسئولەکان لەمو هی ئەویش لەوان چیرۆکێکی دووبارەیە لە هەموو میدیای کوردیدا. رەسمەکەمو لێدوانەکەمو... کێشە ئەوەیە کەس ئیعتراف بەم گوشار و فشارە ناکات و حەتمەن برا حزبیەکانیشمان لە یاداشتەکانی خۆیاندا ئەم گوشارانە باس ناکەن، چونکە عادەتەن یاداشتی ژیانی کەسایەتییە گشتییەکان هەڵمەتی پەیوەندییە گشتییەکانو لاپەڕەکانی بەشی باسکردنی کەموکوڕییەکان ناکات!

دەستخۆشی لە کاک فەرهاد عەونی و نوخشە بێت لەو فەرهادانەی تری بیستوونی رۆژنامەگەری کوردی تا ئەوانیش داستانی عەشقی خۆیان بنووسنەوە و گێڕانەوەی موعاناتی تەشریفاتی تەواو بکەن کە لە سەدەی بیستەم دەستی پێکردووەو وا خەریکە دوو دەیەی سەدەی بیستویەکیش بە خۆیەوە ئاڵودە دەکات.

**ستران عەبدوڵڵا**

بۆ- رۆژنامەی برایەتی — خەبات- گەنالی ئاسمانی کوردستان
لە- شێرکۆ حەبیب - لەندەن ٢٨/١٢/٢٠٠٠

سلاو وڕێز

ئێوارە کۆڕێك بۆ نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە لەندەن

بە مەبەستی تیشك خستنە سەر بزاڤی رۆژنامەگەری لە کوردستان و ئەو بوارو دۆخە ئازادیەی کە لە ئارادایە سەبارەت بە کاری رۆژنامەڤانی و بە مەبەستی سود وەرگرتن لەو بوارەدا بۆ ئایندەی رۆژنامەگەری لە عێراق دا، بنکەی کەربەلا بۆ لێکۆڵیەوە و تۆژینەوە ئێوارەی شەممە 28ی ئەم مانگە بە ئامادە بوونی کۆمەڵێك لە رۆشنبیرو رۆژنامەنووسی عێراقی، ئێوارە کۆڕێکی بۆ بەڕێز ( فەرهاد عەونی ) نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان ساز کرد.
سەرەتا نەقیبی رۆژنامەنووسان ئامارەی بە مێژووی رۆژنامەگەری کورد لە قۆناغە جیاجاکانی هەر لە دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی لە قاهیرە لە لایەن مقداد مدحت بەدرخان ساڵی 1898 ، تا سالانی حەفتاکان و تا دەکاتە ئەم قۆناغەی ئەمرۆی رۆژنامەگەری کوردی، لەم بارەیەوە ئامارەی بە یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسان کرد کە لە لایەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دەرچوو و، دامەزراندنی سەندیکایەکی تایبەت بە رۆژنامەنووسانی کوردستان کە زۆربەی رۆژنامەنووسانی کوردستان بە جیاوازی بۆچوونی سیاسی و رەگەزی و ئاینی بە خۆوە کرتووە ، و هەروەها ئامارەی بە هەردوو کۆنفرانسی سەندیکا کرد کە لە ژێر دروشمی ( لە پێناوی چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی و دابین کردنی ماڤی رۆژنامەنووسان لە کوردستان دا ) سازکرا.
ئەمە و لە تەوەرێکی دیکەدا بەرێز فەرهاد عەونی باسی لە ئازادی کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان کردو ئامارەی بەوە کرد کە گشت لایەنێك ئازادە لە رادەربڕین و هیچ جۆرە سانسۆرێك لەسەر کاری روژنامەگەری نی یە و رۆژنامەنووس ئازادە لە نووسین و رادەربڕین، تەنها ئەو کارانە نەبێت کە دەبنە هۆکاری دووبەرەکی یا دژایەتی ئاین و کەسایتی نیشتمان پەروەرو، ئەوەشی باس کرد کە گشت لایەنەکانی کوردستان بە جیاوازی بیرو بۆچۆن خاوەنی رۆژنامە و گۆڤار و ویستگەی رادیۆ و تەلەفزیۆنن کە بێ سانسۆر بەخشەکانیان بلاودەکەنەوە.
لە لایەکی دیکەوە ئامارەی بە رۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد لە پشتگیری رۆژنامەنووسانی کوردستان و یارمەتی دانیانن.
ئەمە و کۆڕەکە کە لە لایەن رۆژنامەنووس( حمید ئەلکەفائی ) بەرێوە چوو ودووکاتژمێری خایاند چەندین پرسیار ئاراستیەی بەرێز نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان کرا ،کە بە تێرو تەسەڵ وەلامی دانەوەو وبووە جێگای خۆشحالی ئامادە بووان.

٤٩

# سەرەقەڵەمێك دەربارەی دیكۆمێنتەكان

١. نووسراوی كارگەی پوختەكردنی تووتن لە كۆیە لە (١٩٨٦/١١/١) بۆ دامەزراوەی گشتیی جگەرە لە هەولێر دەربارەی فیراركردنی نووسەر لە خزمەتی سوپا.

٢. نووسراوی دامەزراوەی گشتیی جگەرەی هەولێر كە ئاراستەی (نووسەر) كراوە لە ١٩٨٦/١٢/٢ دەربارەی بڕینی مووچە و فەسڵ كردنی ئەگەر نەگەڕێتەوە سوپا.

٣. یاداشتی نووسەر بۆ رێكخراوی مافی مرۆڤ لە كوردستان لە ١٩٩٥/١/١٧، دەربارەی ماڵ تاڵانكردنەكەی لە هەولێر لە شەوی سەری ساڵی ١٩٩٥ لەكاتی شەڕی ناوخۆ، هاوپێچ بە لیستێكی كەلوپەلەكان.

٤-٥. دەقی یاداشتنامەی نووسەر لە ٢٠٠١/١٢/٢٥ بۆ (لیژنەی باڵای ئاشتی) كە لەسەر ئاستی هەردوو مەكتەبی سیاسی (پ.د.ك) و (ی.ن.ك) درووستكرابوو بە مەبەستی سڕینەوەی ئاسەواری شەڕی ناوخۆ.

٦. دەقی نامەی نووسەر بۆ جەنابی (مام جەلال) دەربارەی یاداشتنامەكەی نووسەر كە ئاراستەی لیژنەی باڵای ئاشتیی هەردوو مەكتەبی سیاسیی پارتی و یەكێتی كرابوو بە مەبەستی ئاگاداركردنی بەڕێزیان لە ناوەڕۆكی یاداشتنامەكە.

٧. وەڵامی بەڕێز (مام جەلال) سكرتێری گشتیی ی.ن.ك بۆ نووسەر كە تێیدا نیشانی داوە كە ئەمری كردووە بە هەڵگرتنی (تجاوزات) لەسەر موڵك و ماڵی عەونی.

تێبینی: بەڵام بە هیچ شێوەیەك مەكتەبی سیاسیی پ.د.ك وەڵامی یاداشتنامەكەی نووسەری نەداوەتەوە تاكو ئەمڕۆش.

٨. بڕیاری مەکتەبی ناوەندیی دیراسات و توێژینەوە بە پێکهێنانی لیژنەیەك لە ١٩٩٨/٣/٢٤ لە (٣) ئەندامی مەکتەب بە مەبەستی دیراستەکردنی ئەو کۆمەڵە پێشنیارانەی کە ژمارەیان لە دەیان ژمارە زیاترە دەربارەی پەیڕەوی ناوخۆی پارتی.

٩-١٠. نامەیەکی شاعیر و نووسەر برای بەڕێز (نەبەزی ئەحە بچکۆڵ) کە لە روانگەی هەستی خۆی نووسیویەتی بۆ سەرنووسەری رۆژنامەی برایەتیی ئەوکاتە (بەندە) لە کۆتایی مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٠ پاش بەجێهێشتنی نووسەر لە لێپرسراوێتیی رۆژنامەی برایەتی.

١١-١٢. نووسراوی پەیمانگای نیشتمانیی هەڵبژاردن بە پێکهێنانی دەستەی بەڕێوەبردنی پەیمانگایەکە لە (٥) کەسایەتی.

١٣. نووسراوی ئاراستەکراوی مەکتەبی ناوەندیی دیراسات و پێگەیاندنی حزبی لە ٢٠٠٠/٥/١ بۆ نووسەر کە تێیدا دەستنیشانی نووسەری کردووە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی گۆڤاری (کادر).

١٤-١٥. راگەیەندراوی کۆتایی کۆنگرەی دامەزراندنی (کۆمەڵەی دۆستایەتیی کورد و عەرەب) لە ساڵی ١٩٩٨ کە تێیدا ناوی ئەندامانی دەستەی کارگێڕی هەڵبژاردنی نیشانداوە کە نووسەر یەکێکە لەو (١١) کەسە.

١٦. نامەی کۆمەڵێك لە رووناکبیرانی کورد لە سلێمانی کە لە ٢٠٠٣/٧/١٤ ئاراستەی نووسەر کراوە بە مەبەستی بەشداریکردن لە هەڵمەتی (بەرەو ریفراندۆم).

١٧-١٨. راگەیاندنی کۆتایی بزووتنەوەی راپرسی (ریفراندۆم) لە کوردستان کە لە ئاکامی کۆبوونەوەی رۆژی ٢٠٠٣/١٠/١٧ لە هەولێر ئەنجامدرا بە ئامادەبوونی کۆمەڵێك لە رووناکبیرانی شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك.

١٩-٢٢. نامەی نووسەر بۆ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٣/١٠/١٩ دەربارەی ئاکامی کۆبوونەوە گشتییەکەی هەولێر کە لە ٢٠٠٣/١/١٧ ئەنجامدرابوو بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی بەڕێزیان، چونکە ئەو لە نزیکەوە ئاگاداری هەڵمەت و جموجۆڵییەکان بوو.

٢٣. نووسراوی ژمارە (١٩٨)ی ٢٠٠١/١٠/٢٢ی مەکتەبی ناوەندیی دیراسات و پێگەیاندنی حزبی دەربارەی پێکهێنانی لیژنەی تاقیکردنەوەی وانەکانی خولی (١٢)ی پەیمانگای کادیران.

٢٤. نامەی ئاراستەکراوی مەکتەبی دیراسات و پێگەیاندنی حزبی بۆ نووسەر دەربارەی دەوڵەمەندکردنی پەیڕەوی ناوخۆی مەکتەبی ناوبراو.

٢٥. نامەی ئاراستەکراوی مەکتەبی ناوەندیی دیراسات و پێگەیاندنی حزبی بۆ نووسەر بە مەبەستی بەشداریکردن لە بەرەوپێش بردن و گەشەسەندنی کاری مەکتەبی ناوبراو.
٢٦. فەرمانی وەزاریی وەزارەتی رۆشنبیری لە ٢٠٠٢/١٠/١٥ دەربارەی پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ سەرپەرشتیی فیستیڤاڵی هەژاری موکریانی.
٢٧. نامەیەکی (ئیمەیڵ) کاك سیروان بابان لە ئەڵمانیا دەربارەی ئەو دیمانەیەی کەناڵی (الجزیرە) کە لەگەڵ نووسەر ئەنجامی دابوو لە ٢٠٠٢/٢/٢٩.
٢٨. داوەتنامەی تایبەتیی فدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی IFJ کە بۆ نووسەر ئاراستەکراوە دەربارەی بەشداریکردن لە کۆڕی (ئاسایش و بەرەوپێشەوەچوونی سەندیکاکانی رۆژنامەنووسان) کە لە ٢٠٠٤/١٢/٢١ لە عەممان بەڕێوە دەچوو.
.٢٩
٣٠. بەشداریکردنی نووسەر لە کۆنگرەی (لەپێناو دواڕۆژی رۆژنامەگەری عیراقی) کە لە رۆژانی ١٦-١٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٠ لە هەولێر بەسترا.
٣١. نامەی (ئیمەیڵ) هاوولاتییەکی (ئەمازیغی) جەزائیریە کە لە رۆژانی بەشداریکردنی نووسەر لە دیداری الجزائر کە لە جەزائیر بەسترا کە تێیدا کۆمەڵێك لە رۆشنبیرانی ئەمازیغی ناسی.
٣٢. سوپاسنامەیەکی بەڕێوەبەری گشتیی کەناڵی (کوردستان تی ڤی) کە ئاراستەی نووسەر کراوە دەربارەی بەشداری کردنی نووسەر لە بەرنامەکانی کوردستان تی ڤی و بەردەوامیی لە هاوکارییان.
٣٣-٣٤. دەقی نامەی سەرۆکی فدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسانی IFJ (جیم بومیلا) کە ئاراستەی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان (نووسەر) کراوە لە ٢٠/شوبات/٢٠١١ کە دوایین کۆنگرەی مانەوەی نووسەر بوو لە پۆستی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان.
٣٥-٣٦. بڕیاری کۆبوونەوەی بۆردی مافی چارەنووس لە یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان دەربارەی پێکهێنانی بۆرد و لیژنەکانی لە ٢٠١٤/١١/١١.
٣٧. نامەی ئاراستەکراوی دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستان بۆ نووسەر لە ٢٠١٦/١/١٤ بۆ نووسەر دەربارەی بەشداریکردنی نووسەر بە تێبینی و رێنوێنییەکانی بۆ کۆنگرەی (١٦)ـەمینی حزبی ناوبراو.
٣٨-٤١. دەقی وتارێکی برای بەڕێز (رەهبەر سەید ئیبراهیم)ـە لەژێر ناوونیشانی (شەش کوچکەکەی کۆیە و فەرهاد عەونی) کە لە گۆڤاری (کەکۆن)ی ژمارە (٤٠)ی کە لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٦ بڵاوکراوەتەوە.

٤٢-٤٣. لیستی ناوەکانی خاوەن داوای (مۆڵەتی دامەزراندنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان) ساڵی ١٩٩٢ کە ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە.

٤٤. ئارمی کۆنگرەی دووەمی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان کە لە ڕۆژانی ١٥-١٩٩٣/٢/١٨ لە سلێمانی بەسترا کە نووسەر یەکێك بوو لە بەشداربووانی. لەگەڵ پێناسەی ئەندامێتیی نووسەر لە ڕێکخراوی ناوبراو.

٤٥. پێناسەکانی نووسەر لە ئەندامێتیی کۆنگرەی (١١ و ١٢)ی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ساڵانی (١٩٩٣ و ١٩٩٩) بەستران.

٤٦. سوپاسنامەیەکی برای بەڕێز (سەرۆ قادر) بەرپرسی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی (گوڵان) کە ئاراستەی نووسەر کراوە لە ڕۆژانی بەڕێوەچوونی سیمیناری گۆڤاری (رامان) لە سەرۆکایەتی و بەڕێوەبردنی کۆڕەکەدا.

٤٧. داوەتنامەی (کۆنگرەی ڕۆشنبیرانی عیراقی لەپێناو دیموکراتییەت و کۆمەڵگای مەدەنی) کە لە ڕۆژانی ٢٠-٢٠٠٢/١٢/٢٢ لە لەندەن بەسترا.

٤٨. نووسینێکی برای بەڕێز (ستران عبداللە) بەناوی (تەشریفات و موزەکەرات) کە لە ژمارە (٦٩٨٢)ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)ی ڕۆژی ٢٠١٦/٥/٢٧ دەربارەی کتێبی (ئەزموونی ڕۆژنامەوانیم)ی نووسەر.

٤٩. ڕاپۆرتی پەیامنێری دەزگای ڕۆژنامەنووسیی برایەتی و خەبات لە لەندەن دەربارەی کۆڕەکەی نووسەر لە بنکەی کەربەلا لە لەندەن کە بۆ هەردوو ڕۆژنامەی برایەتی و خەباتی ناردبوو لە هەمان ڕۆژ (٢٠٠٢/١٢/٢٨)، بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە هەردوو ڕۆژنامەی ناوبراو دوور و نزیك هەواڵەکەیان بڵاونەکردەوە.

# نووسەر لە چەند دێڕێكدا

* لە ١٩٤٦/١١/٢٨ لە گەڕەكی بەفری قەندی لە شاری كۆیە لەدایك بووە و لە ساڵی ١٩٥٣ و لە تەمەنی حەفت ساڵیدا لە پۆلی یەكەمی قوتابخانەی (مدرسة الابتدائیة الاولی) وەرگیراوە و ساڵی ١٩٥٨ بۆتە قوتابی پۆلی یەكەمی ناوەندی و ساڵی ١٩٦٦ دواناوەندی هەر لە كۆیە تەواو كردووە و لە پایزی هەمان ساڵ لە كۆلێژی (ئابووری و زانستە سیاسییەكان) (كلیة الاقتصاد والعلوم السیاسیة) وەرگیراوە لە زانكۆی بەغدا وە ساڵی ١٩٧٠ كۆلێژی تەواوكردووە

* بەهۆی هەبوونی كتێبخانە لە ماڵەكەیان و سەرەڕای باوكێكی خوێندەوار و شاعیر لە پۆلی چواری سەرەتاییەوە خولیای خوێندنەوە بووە و یەكەم كتێبیشی كە لەسەرەتای ژیانی خوێندوویەتییەوە (چیرۆكی زادج) بووە كە لە كتێبخانەكەی ماڵەوەیان هەبووە وە یەكەم كتێبی بە زمانی عەرەبیش خوێندۆتەوە كە كتێبەكەی (مەم و زین)ی محەمەد سەعید ڕەمەزان بۆتانی بووە كە ئەویش لە پۆلی یەكەمی ناوەندی بووە.

* لەژێر كاریگەریی شاعیرییەتیی (عەونی) باوكی دەستی بە شیعر نووسین كردووە و پاش شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ تاكو ساڵی ١٩٦٠ سێ پارچە شیعری لە ڕۆژنامەی پێشكەوتنی خوالێخۆشبوو محەمەد بریڤكانی كە لە بەغدا دەردەچوو بە هەردوو زمانی كوردی و عەرەبی و گۆڤاری دەنگی قوتابیان كە لە هەولێر دەردەچوو

سێیەم شیعریشی لە ڕۆژنامەی ژین بڵاوکردۆتەوە بەڵام لەم بوارە بەردەوام نەبووە و بەهۆی چوونی بۆ ناو ڕیزی خەباتی سیاسییەوە.

* ساڵی ١٩٦٠ وە لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا بووەتە ئەندام لە حزبی شیوعی عیراقی بۆ ماوەی نزیك سێ ساڵ لەم حزبە ماوەتەوە، پاشان لەژێر کاریگەرییەتی باوکی و مامی (خوالێخۆشبوو عمر حبیب) و پەرەسەندنی تەوژمی کوردایەتی و چاوپێکەوتنی بە بارزانی نەمر لە ساڵی ١٩٦٣ لە ماڵی کاکە زیاد ئاغای غەفووری لە کۆیە هۆکاری چوونە ڕیزی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان بووە و کە هەر لەم ساڵەدا و لە وەرزی هاوین چووەتە ڕیزی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان وەکو پێشمەرگەیەك (لە دادگای بەرزی شۆڕش لە ماوەت بووەتە نووسەر).

* لە پایزی ساڵی ١٩٦٤ چووەتە ڕیزی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ساڵ دوای ساڵ ڕۆڵی زیاتری لە یەکێتیی قوتابیان بینیوە و تاکو لە ساڵی ١٩٦٩ بووەتە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستنی ناوەندی لە یەکێتیی قوتابیان و لێپرسراوی ناوچەی بەغدا و دەوروبەری.

* پاش ڕێککەوتننامەی (١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠) لە کۆنگرەی شەشەمی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بە سکرتێری گشتیی ئەم یەکێتییە هەڵبژێردراوە تاکو کۆنگرەی حەوتەم کە لە ١٩٧٢/٤/٢٨ کە لە سلێمانی بەسترا لەم پۆستە ماوەتەوە پاشان لەسەر ئارەزووی خۆی لەم بوارە دەستی کێشاوەتەوە.

* لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٢ بووەتە (بەڕێوەبەری کارگێڕیی ڕۆژنامەی التآخي و برایەتی) لە بەغدا کە پارتی دیموکراتی کوردستان دەریدەکرد سەرەڕای سەرپەرشتیکردنی بابەتەکانی ڕۆژنامەی برایەتی.

* ساڵی ١٩٧٤ جارێکی دیکە بووەتە پێشمەرگە و لە (ئەمانەتی گشتیی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و لاوان پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی لاوانی وەرگرتووە) کە هەر لەم ساڵەدا (تیپی تۆپی پێی هەڵبژاردەی کوردستانی پێکهێناوە) و (دوو ژمارەشی لە گۆڤاری دیاریی لاوان دەرکردووە) لەگەڵ خوالێخۆشبوو دارای شێخ نووری شێخ ساڵح کە پۆستی جێگری بەڕێوەبەری گشتیی لاوان بوو.

★ پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە کوردستان و لە ساڵی ١٩٧٧ لە دائیرە ئینحیساری تووتن بە (معاون ملاحظ نقل) دامەزراوە تاکو ساڵی ١٩٨٦ وە بەهۆی دواکەوتنی لە خزمەتی سەربازی لە هەمان ساڵ (فەسڵ) کراوە تا پاش راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ئەوسا گەڕاوەتەوە وەزیفە.

★ پاش راپەڕین سەرەڕای چەندین جار لەملا و لەولا تەکلیفی پۆستی جۆراوجۆری لێکراوە بەڵام بەهۆی مانەوەی لە کۆیە کە نەیویستووە باوکی (عەونی) پیر و نەخۆشی بەجێ بهێڵێت ئەو پۆستانەی رەت کردۆتەوە بەڵام پاش مردنی باوکی بە ساڵێك لە ١٩٩٣/١٠/٢٦ بووە سەرنووسەری رۆژنامەی رۆژانەی (برایەتی) سەرەڕای لێپرسراوییەتیی کارگێڕیی دەزگای (برایەتی و خەبات) تاکو ٢٠٠٠/٢/٢٠ لەم پۆستەدا ماوەتەوە لە هەمان کاتدا سەرنووسەری گۆڤاری (سەنتەری برایەتی و حەفتەنامەی برایەتی ئەدەب و هونەر و رۆژنامەی وەرزشی برایەتی و گۆڤاری برایەتی وەرزش بووە).

★ لە ساڵی ١٩٩٧ بووەتە سەرۆکی دەستەی دامەزرێنەری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کە لەیەکەم کۆنگرەی ئەم سەندیکایەدا کە لە (٢٨-١٩٩٨/١٢/٣٠) لە هەولێر بەسترا وەکو نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان هەڵبژێردرا پاشانیش لە کۆنگرەی دووەمیشدا هەر بەنەقیبی رۆژنامەنووسان هەڵبژێردرایەوە.

★ رۆڵێکی سەرەکی و بەرچاوی هەبووە لە یەکگرتنەوەی هەردوو رێکخراوی رۆژنامەنووسان کە بریتیبوون لە (سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و یەکێتیی رۆژنامەنووسانی کوردستان) لە رێکخراوێکی سەرتاسەریدا بە ناوی (سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان) وە لە کۆنگرەی گشتیی یەکەم و دووەمی ئەم ریکخراوە سەرتاسەرییە بە زۆرینەی دەنگ هەڵبژێردرایەوە بە نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان تاکو کۆنگرەی سێیەم کە لە هاوینی ٢٠١١ بەسترا.

★ لەم سەندیکایە خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری (رۆژنامەنووس) و سەرنووسەری گۆڤاری (الصحفي) بووە کە بەزمانی عەرەبی دەردەچوو.

★ **له بواری کاری رۆژنامەنووسیدا بەشداری و لێپرسراوییەتیی دەرچوونی ئەم رۆژنامەو گۆڤارانە بووە:**

١- گۆڤاری (نضال الطلبة/ ١٩٧٠-١٩٧٢) چوار ژمارە.

٢- (التآخي و برایەتی) ساڵانی ١٩٧٢-,١٩٧٤

٣- گۆڤاری (دیاریی لاوان) ساڵی ١٩٧٤ له ناو شۆڕش.

٤- گۆڤاری (ژینۆ) که له لەندەن دەردەچوو له گەڵ شێرکۆ حەبیب ی ئامۆزای.

٥- رۆژنامەی (کوردستان الیوم) دیسان لەگەڵ شێرکۆ که له هەولێر دەریاندەچواند.

★ **لەم رێکخراوانەی خوارەوە کاری تێداکردوون و پۆستی دیاری تێدا هەبووە:**

١- یەکێتیی قوتابیانی کوردستان له ساڵانی نێوان ١٩٦٤-,١٩٧٢

٢- نوێنەرایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان له (جمعية الاقتصاديين العراقيين/ المركز العام) که ئەندامی دەستەی باڵا بووە له نێوان ساڵانی ١٩٧٢-,١٩٧٤

٣- رێکخراوی مافی مرۆڤ له کوردستان له نێوان سالانی ١٩٧١ تاکو رۆژانی ئەمڕۆ که له کۆنگرەی دووەمی ئەم رێکخراوە که لەساڵی ١٩٩٣ له سلێمانی بەسترا به ئەندامی لیژنەی باڵا هەڵبژێردراوە.

٤- کۆمەڵەی دۆستایەتیی کورد و فەلەستینی له ساڵی ,١٩٩٨

٥- بۆ ماوەی ١٠ ساڵ ئەندامی هەردوو مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندن و مەکتەبی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە بووە له (پ.د.ك).

٧- ئەندامی فدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی (IFJ) له ساڵی ٢٠٠٣ تاوەکو ئەمڕۆ.

٨- ئەندامی پەرلەمانی عیراق بووە (خولی کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراقی، الجمعية الوطنية العراقية) لەسەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستان له ساڵی (٢٠٠٥-٢٠٠٦).

٩- راوێژکار له یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان.

★ بەرهەمە بڵاوکراوەکانی بریتین لە:

١- نامیلکەیەك بەناوی (پێشەکییەك لە مێژووی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٥٣-١٩٩٢) بەزمانی عەرەبی (١٩٩٩).

٢- (ذاكرة الأيام) بە زمانی عەرەبی ,٢٠١١

٣- کتێبی (من حقيبتي) هەر بەزمانی عەرەبی چاپی یەکەم ٢٠١١ و چاپی دووەم ٢٠١٥.

٤- کتێبی (ئەزموونی ڕۆژنامەوانیم) بە زمانی کوردی ,٢٠١١

٥- تجربتي الصحفية، بە زمانی عەرەبی، وەرگێڕانی مامۆستا عبدالكريم شێخانی ٢٠١٥,

٦- کتێبی (المنظمات الجماهيرية الكوردستانية ١٩٥٣–١٩٩١) چاپی دووەم ٢٠١٥.

★ ئەو بەرهەمانەی کە لەسەر ئەرکی ئەو چاپکراون و پێشەکیی بۆ نووسیون:

١- لەسەر ئەرکی خۆی دووجار (دیوانی عەونی)ی چاپکردووە لەگەڵ پیاداچوونەوە و نووسینی پێشەکی (١٩٩٧ و ٢٠١١).

٢- بەچاپ گەیاندنی (چوارینەکانی خەییام) کە لە لایەن عەونییەوە لە فارسییەوە بۆ کوردی وەرگێڕدراوە، کە نووسەر و وەرگێڕ جەلال زەنگابادی ئامادەی کردووە.

٣- بەچاپ گەیاندنی کتێبی (ژیان و بەرهەمی عەونیی شاعیر) کە نامەیەکی ماجستێرە لەلایەن قوتابی ئومێد عەزیز مستەفا، (٢٠١٤).

★ ساڵی ١٩٧٤ ژنی هێناوە و ئێستا کوڕ و کچێکی هەیە بە ناوی (ڕێکان) کە ئێستا پزیشکە و بۆردی ئەورووپیی لە دەمار و مێشك (الجملة العصبية)، (لانە)ی کچیشی دەرچووی کۆلێژی یاسایە و ئێستا فەرمانبەرە لە بەشی یاسایی وەزارەتی خوێندنی باڵا.

# كۆتایی

پەشیمان نیم لە هەر کەسێ کە لە قۆناغەکانی رابردوودا تێکەڵی ژیانم بووە و ماڵئاوایی کردووە، دڵسۆزان خۆشحاڵیان کردووم، پیاوخراپ ئەزموونێکی فێرکردووم، خراپترینیان دەرسێك بووە بۆ من، بەڵام هەرە چاکەکەیان هەرگیزاو هەرگیز بەجێم ناهێڵن.

لن أندم على أی شخص دخل على حیاتی فی مراحل مختلفة ورحل،
فالمخلص أسعدنی والسیء منحنی التجربة والأسوأ كان درسا لی،
أما الأفضل فلن یترکنی أبدا.

ماهاتما گاندی